عوزر بە جەهل لە ژێر ڕۆشنایی قورئان وسوننەت و وتەی زانایان

لەگەڵ وەڵامدانەوەی
گومانەکان و قاعیدە گومڕاکەرەکان

نووسینی
أَبو مُسْلِم الكُردِي

بسم الله الرحمن الرحيم

إن الحمد لله نحمده ونستعينه ونستغفره، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا وسيئات أعمالنا، من يهده الله فلا مضل له ومن يضلل فلا هادي له، وأشهد أن لا إله الله وحده لا شريك له، وأشهد أن محمدا عبده ورسوله.

(يا أيها الذين آمنوا اتقوا الله حق تقاته ولا تموتن إلا وأنتم مسلمون)
[آل عمران: 102]
(يا أيها الناس اتقوا ربكم الذي خلقكم من نفس واحدة وخلق منها زوجها وبث منهما رجالا كثيرا ونساء واتقوا الله الذي تساءلون به والأرحام إن الله كان عليكم رقيبا)[النساء: 1].
(يا أيها الذين آمنوا اتقوا الله وقولوا قولا سديدا * يصلح لكم أعمالكم ويغفر لكم ذنوبكم ومن يطع الله ورسوله فقد فاز فوزا عظيماً)[الأحزاب: 70 و71].

أما بعد:

فإن أصدق الحديث كتاب الله، وأحسن الهدي هدي محمد صلى الله عليه وسلم، وشر الأمور محدثاتها، وكل محدثة بدعة، وكل بدعة ضلالة، وكل ضلالة في النار.

لەژێر ڕۆشنایی ئەم ئایەتە پیرۆزەی خوای گەورە کەدەفەرمێت(ٱدْعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِٱلْحِكْمَةِ وَٱلْمَوْعِظَةِ ٱلْحَسَنَةِ ۖ وَجَٰدِلْهُم بِٱلَّتِى هِىَ أَحْسَنُ ۚ إِنَّ رَبَّكَ

هُوَ أَعْلَمُ بِمَن ضَلَّ عَن سَبِيلِهِۦ وَهُوَ أَعْلَمُ بِٱلْمُهْتَدِينَ)النحل-125 **وه** دەفەرمێت(وَلْتَكُن مِّنكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى ٱلْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِٱلْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ ٱلْمُنكَرِ ۚ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ)**ال عمران 104** وەپێغەمبەریش صلى الله عليه وسلم دەفەرموورێ :[يحمِلُ هذا العلمَ من كلِّ خلَفٍ عدولُه ينفونَ عنهُ تحريفَ الغالينَ وانتحالَ المبطلينَ وتأويلَ الجاهلينَ]صححه ابن عبدالبر

لەم روانگەیەوە پێویست بوو لەسەرمان بابەتێك بنوسین دەربارەی حەقیقەتی عوذر بەجەهل و ڕچاونەکردنی وەکو بیانوویەك و ڕێگرێك لەبابەتەکانی تەکفیر وە بەهەند وەرنەگرتنی یان بەرتەسکردنەوەی تەنها لەوبابەتانەی شاراوەن لەرووی بەڵگەکەکانیان، پاشان ترسناکی وکاریگەری خەتەرناکی زیادەڕۆیی کردن لەم بابەتە وەرنەگرتنی بەشێوەیەکی زانستی دروست دەرهاویشتەی زۆر مەترسیداری دروست کردوە و دروست ئەکات لەوانە تەکفیرکردنی موسڵمان بەناحەق و حەڵاڵ کردنی خوێن وماڵ ناموسی وکافرکردنی کۆمەڵگای موسڵمانان و پەرتەوازەکردنیان وناشرین کردنی دینی خواو سەماحەتی ئیسلام ونەهێشتنی متمانە بەزانایان وپێشەوایان، چەندین دەرهاویشتەی ترسناکی تر ،ئەوەش بەهۆی ڕەچاونەکردنی موانیعەکانی تەکفیر بەتایبەتی مانعی جەهل، هەربۆیە لەڕوانگەی بەرپرسیاریێتیمان لەسەر ئەم واقیعە تاڵە هەستام بەگەڕان و توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی ورد و بنچینەیی دەربارەی حەقیقەتی عوزر بەجەهل لەشیرکی گەورە دوایی خوێندنەوەی دەیان کتێب وسەرچاوە لەو

بواره و تۆژنەوە لەوتەی زانایان و تەفسیرەکانی قورئان وماندووبونێکی زۆر گەیشتمە قەناعەتی سەد لەسەد کە بەڵێ عوزڕ بەجەهل هەیە بۆموسڵمان لەشیرکی گەورە پێش گەیشتنی عیلم بەو کەسە لەوبابەتانەی کەهەموو خەڵکی نایزانن کە شیرکە لای زۆربەی عەوامی خەڵك ئاشکرا نیە یان تەئویلی هەڵە هەڵدەگرێت یان لەو شیرکانەی کە نازیلەیە حەقیقەتەکەی لای زۆربەی خەڵکی ئاشکرانیە، جا کە ئەڵێین عوزر بەجەهل هەیە بەموتڵەقی و ڕەهایی نادڵێین هەیە ، بەڵکو بۆ کەسێك هەیە کەموسڵمانە و شایەدمان دێنێ وپابەندە بە ئەرکانەکانی ئیسلام و باوەڕی وایە تەنها عیبادەت دەبێت بۆ اللە بکرێت و بەریە لەهەموو دینێ لەغەیری ئیسلام بەڵام دەبینی لەجۆرێك لەشیرك تێکەوتوە و نازانێ کە شیرکە کەس پێی نەوتوە یان تەئویلی بۆ کراوە یان بانگەوازی تەوحید و حەقی بەگوێدا نەدراوە وە ئەم کەسە کەمتەرخەم نەبووە و پشتی نەکردوە لەعیلم بەڵکو هەوڵی داوە و هەر ئەوەندەی زانیوە، یان لەلایەن مەلاکانەوە تەئویلی هەڵەی بۆکراوە بۆیە ئەڵێین ئەم کەسە تەکفیر ناکرێت هەتا بۆی ڕوون نەکرێتەوە، نەوەك کەسانێك کە دژایەتی خواو پێغەمبەر صلی اللە علیه وسلم و ئیسلام بکەن و چوبنە پاڵ یەهود و نەصاری و بەکارێگیراوبن و خزمەت بەکوفر بکەن، غەیری ئیسلامیان کردبێت بەڕێیازی ژیانیان یان شەڕ بەرامبەر ئیسلام و موسڵمانان بکەن یاسادانەری کوفربن، فەسادی و کوفربڵاوبکەنەوە و کوفر و کافران بپارێزن و

شەرعی خوا پەکبخەن ولەجێگای شەرعی خوا شەرعی شەیطان پەیڕەو بکەن جنێوبدەن بەخوا یان بەپێغەمبەرصلی الله علیه وسلم ئەمانە بەهیچ شێوەیەك عوذر بەجەهل نایانگرێتەوە و چونکە کوفرەکانیان ئاشکرایە لای هەموو لایەك، وە پشت هەڵکردون لەدین و لەفێربوون، ئاگادارین ئێمە هیچ کات ئەمە بۆ ئەوە ناکەین دیفاع بکەین لەگۆڕپەرستەکان حاشا وە کلا بەڵکو ئەمەی دەیڵێین دینە و دینیش ئەمانەتە ئەبێ وەکو خۆی بەیان بکرێت، وە ئەو گروپ ولایەنانەی هەڵگری فیکری غولاتن زۆرجار پشت بەستوون بەووتە ونوسراوی کەسەکان خۆیان بۆیە ئێمە لەم توێژینەوەیەماندا هەوڵماندوە فیکری ئەوکەسانە لەڕێگای بیرمەند و متمانەپێکراوەکانی خۆیانەوە هەڵبوەشێنینەوە جا لەوکەسانەیان کەوا کاریگەریەکی زۆری هەیە لەسەر سەرکردە و گەنجان ولایەنگرانی ئەو تاقم گروپانە عبدالقادر عبدالعزیزە کە لە بابی شەشەم لە کتیبی جامع فی طلب علم الشریف خۆی دەڵێت "مەسەلەی عوذربەجەهل یەکێکە لەو مەسەلانەی زۆرترین خیلاف و کێشە و ناکۆکی لەسەر دروستکراوە لەناو صەحوەی ئیسلامی هاوچەرخ ئەم بابەتەش پەیوەندیەکی راستەوخۆی بەتەکفیر و زەوابیتەکانی تەکفیر هەیە، قسەکردنیش دەربارەی تەکفیر لەم سەردەمە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای بلاوبونەوەی کتێبەکانی شەهید سەید قوتب رەحمەتی خوای لێبێت، هەروەها نوسراوەکانی زانایانی دەعوەی نەجدی، جا کەسانێ کە خاوەن بنەمایەکی عیلمی تۆکمە و

دامەزراو نەبوون لەم بوارە بەو شێوە حاڵی بوو بون لە وتەکانی زانایانی دەعوە و سەید قوتب کە ئەو ووتانە گشتین و هەموو کەسەکان دەگرنەوە کە دەکەونە ناو کوفر و شیرك بەبێ ڕەچاوکردنی هیچ زەوابیتێکی تەکفیر، لەبەرامبەردا دەستەی دووەم باوەڕیان وابوو کەدەبێ ڕچاوی ئەو مەرج و ڕێگریانە بکرێت کە لەوانە ڕێگری جەهلە لە تەکفیر نەکردنی کەسی دیاریکراو جا هەریەك لەم کۆمەڵانە دەستی کرد بەنوسین و توێژینەوەی شەرعی بۆ چەسپاندنی بۆ چونەکانی بەپشت بەستن بەدەقە شەرعیەکانی کیتاب و سونەت بەپێێ وتەی ئەو زانایانەی پشتیوانی بۆچونەکانیان ئەکەن، بۆیە زۆرێك لەو توێژینەوانە بەشێوەیەك کراوە کەتەواو پێچەوانە و دژە لەگەل یەکتر، زۆرجار هەردوولا وتەی یەك زانا نەقل ئەکەن کە دژی وتەکانی تریێتی، هۆکاری سەرەکی تێکگیرانی ئەم توێژینەوانەی کراوە لەسەر مەسەلەی عوذر بەجەهل دەگەرێتەوە بۆ خراپی بەڵگەهێنانەوە بەدەقە شەرعیەکان و ئاراستەکردنی وتەی زانایانیش بەشێوەیەکی ناراست لەکاتێکدا دەکرێت جەمع بکرێ لەنێوان وتەکانیان بەلام کەنەکراوە سەری کێشاوە بۆ ئەوەی وێنەیەکی ناشرین بدرێتە پاڵ سەلەف و زانایانی ئەم ئومەتە مانای ئەوە دەگەیەنێ کە ئەم بابەتەیان باس نەکردبێ و نەیان بڕاندبێتەوە، وە گرنگترین هۆکاریش بۆ زۆر ڕۆچونی خەڵکانێ لەتەکفیر کردن بۆ ئەوە دەگەرێتەوە لەم سەردەمە کە خەڵکانێ زۆر لە ئەهلی ئیسلام توشی کوفری گەورە بون و توشی ریدە

هاتوون بەبێ ئەوەی کەسێك هەبێ بیانگێڕێتەوە یان سزایان بدات ئەمەش بەهۆی غیابی حوکمی ئیسلامیە و هۆکاری حوکم کردنە بەیاسا دەستکردەکان کە هەڵگەڕانەوە لەدین قەدەغەناکات و سزای لەسەر نادات بۆیە ڕێدە لەناو موسڵمانان بڵاوئەبێتەوە بۆیە ئەو زانایانەی اللە تەعالی فەزڵی خۆی لەگەل کردن هەستاون بە رونکردنەوەی ئەو بابەتە و دیارکردنی هۆکارەکانی کافربون، لەگەڵ باسکردنی گرنگی تێروانین لە ڕێگریەکانی تەکفیرکردن لەوانە عوذر بەجەهل بەم هۆیەشەوە خیلاف هاتەکایەوە دەربارەی عوذر بەجەهل، بەلام لەسەردەمی سەلەف ئەم خیلافە نەبوو چونکە حوکمی ئیسلام و داری ئیسلام هەبوو کەسە دیاریکراوەکان ڕەوانەی مەحکەمەی شەرعی ئەکران و روانین لە مەرج و ریگریەکان لە ماف و اجتهادی قازی شرعی بوو کە سەیری ئەکرد و تەحقیقی ئەکرد ئایا فلان کەسی دیاریکراو جەهل ئەبێتە مانع لەتەکفیرنەکردنی یان نا ، بۆکەسی عەوام نەبوو خۆی هەڵبقورتێنێ لەم بابەتانە"

نەخشەی ئەم باسەی کردومانە لەم کتێبەدا پێکهاتووە لەم بابەتانەی خوارەوە:

ناوەڕۆك

بەرگی یەکەم

بەشی یەکەم باسی یەکەم:ترسناکی پەلەکردن لەتەکفیر.....15

باسی دووەم ڕێکارەکانی عوذر بەجەهل.....30

باسی سێیەم ئایا فەهمی حوجە مەرجە.....44

باسی چوارەم بنەماکانی تێگەیشتن لەوتەی زانایان.....63

باسی پێنجەم هۆکاری دروستبونی خیلاف لەعوذر بەجەهل.....69

ئایا تەکفیری ڕەها و گشتی و تەکفیر معین ودیارکراو دەگرێتەوە.....69

باسی شەشەم سوودەکانی عوذربەجەهل.....91

باسی حەوتەم چەند قاعیدەیەك سەبارەت بەناوو حوکمەکان.....94

باسی هەشتەم مانای العبرة بعموم اللفظ ولیس بخصوص السبب.....128

باسی نۆیەم جیاوازی کردن لەنێوان موسڵمان وکافرلەبابەتی عوذر.....138

باسی دەیەم کێ بۆی هەیە حوکمی تەکفیر دەربکات.....162

بەشی دووەم باسی یەکەم بەڵگە لەقورئانی پیرۆز لەبارەی عوذر بەجەهل175

بەڵگەی یەکەم(وماکنا معذبین حتی نبعث رسولا).....175

بەڵگەی دووەم(لتبین للناس ما نزل إلیهم).....183

بەڵگەی سێیەم(رسل مبشرين ومنذرين لئلا..).....183
بەڵگەی چوارەم(لتبيننه لناس ولا تكتمونه).....185
بەڵگەی پێنجەم(وما كان ليضل قوما حتى يبين لهم..).....188
بەڵگەی شەشەم(ومن يشاقق الرسول من بعد ما تبين له الهدى).....194
بەڵگەی حەوتەم(وما أرسلنا من رسول إلا بلسان قومه).....199
بەڵگەی هەشتەم(إن الذين إرتدوا على ادبارهم من بعد ما تبين لهم)....200
بەڵگەی نۆیەم(وأحى إلى هذا القران لأنذركم به ومن بلغ).....201
بەڵگەی دەیەم(وقال الشيطن لما قضى الامر إن الله وعدكم).....203
بەڵگەی یانزەیەم(قالوا بلى قد جاءنا نذير فكذبنا).....204
بەڵگەی دوانزەیەم(ربنا لاتؤخذنا إن نسينا أو أخطئنا).....205
بەڵگەی ساینزەیەم(وجاوزنا ببنى إسرائيل البحر فأتوا على قوم).....209
بەڵگەی چواردەیەم(إذ قال الحواريون يا عيسى...).....233
بەڵگەی پانزەهەم(واتبعوا ماتتلوا الشيطين على ملك سليمان).....244
بەڵگەی شانزەیەم(ولئن اتبعت أهوائهم من بعد ما جاءك من العلم)....246
بەڵگەی حەڤدەیەم(ولن ترضى عنك اليهود..بعدالذى جاءك من العلم)..251
بەڵگەی هەژدەیەم(فمن حاجك فيه من بعد ماجاءك من العلم).....253
بەڵگەی نۆزدەیەم(وأضله الله على علم...).....254

باسی دووەم بەڵگە لەسوونەت سەبارەت بەبونی عوذر بەجەهل.....256
بەڵگەی یەکەم حەدیسی(یدرس الإسلام کما یدرس وشی الثوب).....256
بەڵگەی دووەم(قال رجل لم یعمل خیرا قط فإذا مات فحرقوه).....259
بەڵگەی سێیەم حەدیسی(إن الله تجاوز عن أمتی الخطأ والنسیان).....269
بەڵگەی چوارەم حەدیسی(ذات أنواط).....273
بەڵگەی پێنجەم حەدیسی(راویة الخمر).....275
بەڵگەی شەشەم حەدیسی(أن أعرابیا بال فی المسجد).....277
بەڵگەی حەوتەم(تحلیل الخمر فی حادثة قدامة بن مضعون وأصحابه)...279
بەڵگەی هەشتەم(اللهم إنا نعوذ بك أن نشرك بك شیئا نعلمه..).....282
بەڵگەی نۆیەم.....286
بەڵگەی دەیەم(من حلف بغیر فقد أشرك).....292
بەڵگەی یانزەیەم.....294
بەڵگەی دوانزەیەم(سجود معاذ بن جبل للنبی).....296
باسی سێیەم سەلماندنی مەزهەبی ابن تیمیه لەعوذر بەجەهل.....302
باسی چوارەم سەلماندنی مەزهەبی ابن القیم لەعوذربەجەهل.....402
باسی پێنجەم سەلماندنی مەزهەبی محمد بن عبدالوهاب و زانایانی نەجد..414
باسی شەشەم: عوذر بەجەهل لای زانایانی ئەهلی سوونه.....481

بەشی سێیەم:ئایا ناوی شیرك دەچەسپێت پێش ئیقامەی حوجە.....541
باسی دووەم: عوذر بەجەهل و پەیوەندی بەعەقیدەی ئیرجاء 584
باسی سێیەم ئەو بابەتانەی زانایانی نەجدی لەباسی تەکفیر ناکۆکن تیای..598
باسی چوارەم ئیجماعی زانایان لەسەر بونی عوذر بەجەهل لەهەموودین..611
بەشی چوارەم:باسی یەکەم وەلامدانەوەی گومان وپرسیارەکان.....629
گومانی 1 فەرمودەی إرجع فصلی فإنك لم تصلی.....630
گومانی 2 ئایەتی (إنهم اتخذوا الشیطین أولیاء ویحسبون أنهم مهتدون)...632
گومانی 3 بەڵگە هێنانەوە بەوتەیەکی عومەری کوری خەتتاب.....641
گومانی 4 بەڵگە هێنانەوە بەوتەیەکی ئیمامی شافیعی.....643
گومانی 5 بەڵگە هێنانەوە بەوتەیەکی ابن عباس:فلما نسی العلم عبدت....644
گومانی 6 قەدەریە لەرۆژی قیامەت دەڵێن واللە ئێمە موشریك نەبوین...645
گومانی 7 بەڵگە هێنانەوە بەوتەیکی ئیمامی زوهری.....646
گومانی 8 بەڵگە هێنانەوە بەوتەیەکی ئیمامی ابو حەنیفە.....647
گومانی 9 بەڵگە هێنانەوە بەوتەیەیکی ابو الوفاء ابن عقیل.....648
گومانی 10 حەدیسی (إن اللە یقبض العلم...فاضلوا وأضلوا).....649
گومانی 11 بەڵگە هێنانەوە بەئایەتەکانی فیترەت و میساق.....654
گومانی 12 قورەیش پێغەمبەری بۆنەچووبوو کەچی عوزریان نەبوو.....679

گومانی 13 مەسەلەی زاهیر و خەفی بەپێی بەڵگە و دەلیلەکانە.....686
گومانی 14 ئەڵێن ئێوە دەڵێن بەڕەهایی عوذر هەیە بەجەهل.....690
گومانی 15 ئایەتی(من كفر بالله بعد إيمانه الا من أكره).....693
گومانی 16 ئایەتی(ولقد بعثنا فی كل أمة رسولا ات اعبدوالله...).....698
گومانی 17 حەدیسی(لو مت وهی عليك ما أفلحت ابدا)..... 700
گومانی 18 ئەڵێن ئیجماع هەیە لەسەر ئەوەی عوذر بەجەهل نیە.....702
گومانی 19 ئەڵێن سەعد سوێندی خوارد بەغەیری خوا 708
گومانی 20 بەڵگە هێنانەوە بەچەند ئایەتێ لەسەر نەبونی عوذر بەجەهل..718
گومانی 21 بەڵگە هێنانەوە بەوتەیەکی ئیمامی المروزی.....762
گومانی 22 دەڵێن ئیمان لای ئێوە تەنها دەڕینە بەزمان.....765
گومانی 23 دەڵێن پێغەمبەر دەفەرمێت دادوەرەکان سیانن.....767
گومانی 24 بیانوو هێنانەوە بەوتەیەکی ابن تیمیە.....769
گومانی 25 بەڵگە هێناوە(ليتق احدكم ان يكون يهوديا وهو لايشعر).....770
گومانی 26 دەڵێن کەسی دزی بکات پێی دەوترێ دز کوفریش بکا.....774
گومانی 27 ابن القيم دەڵی(المعرض عن التوحيد مشرك شاء أم ابى).....778
گومانی 28 هەڵوەشانەوەی گومانەکانی مەبەست کاژاوی.....781
گومانی 29 عوذر بەجەهل بیدعەی متأخرینە و چەن ئایەتێ دێننەوە....790

گومانی 30 موعەتریلە و جاحظ عوذر بەجەهل دائەنێن.....810
گومانی 31 عوذر نیە لەئوسوڵی دین و تەنها لە فروعی دین هەیە.....819
پرسیار1: عەقیدەی ابن جرجیس چی یە.....826
پرسیار2: تەوەسول و جۆرەکانی چین بەکێ ئەوترێ قەبرپەرست.....831
پرسیار3: رونکردنەوەتان چی یە دەڵێن نەزانین لەتەوحید نیە.....837
پرسیار4: راستە ئەو زانایانەی کە ئەشعەرین دەڵێن عوزربەجەهل نیە...839
پرسیار5: راستە صەحابە ئیجماعیان هەبووە لەتەکفیرکردنی زەکات نەدەر.878
پرسیار6: چۆن تێبگەین لەقاعیدەی(من لم یکفر الکافر فهو کافر).....887
پرسیار7: پەیوەست بوونی رواڵەت و پەنهان چی یە و چۆنە.....897
پرسیار8: ئایا کوفرکردن بەتاغووت بەمانای تەکفیرکردنی تاغووت دێت...901

بەرگی دووەم

باسی دووەم: وەڵامدانەوەی قاعیدە و بنچینە گومڕاکەرەکان.....929
خولاصەی توێژینەوەکەمان سەبارەت بەبابەتی عوذر بەجەهل.....1636
باسی سێیەم: خستنەڕووی سەرچاو ووانە و کتێبەکان لەم بوارە.....1700

بەشی یەکەم

باسی یەکەم

[ترسناکی پەلەکردن لە کافرکردنی بەناحەق]

بزانە ڕەحمەتی اللە تعالی ت لێ بێت، حوکمدان بەکافربون بەسەر کەسێکدا کە لە بنچینەدا موسڵمانە و یەقین هەیە کەموسڵمان بوە ترسناکی وگوێ پێنەدان و پەلەکردن لەتەکفیرکردنی ئەم جۆرە کەسە تاوانێکی مەترسیدارە لای اللە تعالی ، چەندین دەقی ڕوون و ئاشکرا هاتوون دەربارەی تەکفیرکردنی موسڵمانان بەناحەق، چونکە بابەتی تەکفیر لەبابەتی ناو و حوکمەکانە کە بەهۆی چەندین حوکم و بڕیار دێتەکایەوە لەدونیا و قیامەت، هەربۆیە کەسێك تەواوزانستی نەبێت بەوردەکاری ئەوبابەتە واجبە خۆی تێ هەڵنەقورتێنێ.

شێخی ئیسلام ابن تەیمیە دەفەرمێت" إعلم أن مسائل التكفير والتفسيق هي من المسائل الأسماء والأحكام التي يتعلق بها الوعد والوعيد في دار الأخرة ويتعلق بها الموالاة والمعاداة والقتل والعصمة وغير ذلك في دار الدنيا ."مجموع الفتاوى (12/468).

دەڵێ: بزانە بابەتەکانی کافرکردن و فاسق کردن لەبابەتەکانی ناو و حوکمەکانە کەبابەتەکانی موژدە پێدان و هەڕەشەکردنی پێوە بەستراوە لە ڕۆژی قیامەت هەروەها دۆستایەتی کردن و دوژمنایەتی کوشتن و پارێزراوی غەیری ئەوانەش لەحوکمەکانی دونیا"

هەروەها شێخی ئیسلام ابن تەیمیە دەڵێت" من عیوب أهل البدع تكفير بعضهم بعضا، ومن ممادح أهل العلم أنهم يخطئون ولا يكفرون"منهاج السنة(5/251).

دەڵێ : لەعەیبەکانی ئەهلی بیدەع ئەوەیە یەکتری تەکفیر دەکەن، وە لەسیفەت و چاکیەکانی ئەهلی عیلم یش ئەوەیە پۆزشی هەڵە بۆ بەرامبەرەکەیان ئەهێننەوە و ئەڵێن هەڵەی کردوە و تەکفیری ناکەن"

هەربۆیە هەڵەکردن لەتەکفیرکردنی موسڵمانێك زۆر گەورەترە لەتەکفیرکردنی موسڵمانێ کەوتبێتە ناو کوفرێکەوە لێکۆلینەوەت لەشروط و موانیعەکانی نەکردبێ ئەمەش لەچەن ڕوویەکەوە:-

یەکەم: بەکافردانانی موسڵمان بەدرۆ دانانە خوا وپێغەمبەرەکەی و ڕەت کردنەوەی دەقەکانی قورئان و سوننەتە، چونکە خوا و پێغەمبەر وەسفیان کردوە بەموسڵمان بەڵام کەسی کافرکەر ئەڵێ نەخێر ئیلا کافرە ئەمانە وەك ئەو کەسانە وان کە دژایەتی خوا ئەکەن لەحوکمەکانی کەحەڵاڵی خوا حەرام ئەکەن و حەرامی خوا حەڵاڵ ئەکەن بۆ سەرخستنی مەزهەب و هەواو ئارەزوویان، ئەمەش کوفرە.

اللە تعالى دەفەرمێت(يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا ضَرَبۡتُمۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ فَتَبَيَّنُواْ وَلَا تَقُولُواْ لِمَنۡ أَلۡقَىٰٓ إِلَيۡكُمُ ٱلسَّلَٰمَ لَسۡتَ مُؤۡمِنا تَبۡتَغُونَ عَرَضَ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا فَعِندَ ٱللَّهِ

مَغَانِمُ كَثِيرَة كَذَٰلِكَ كُنتُم مِّن قَبۡلُ فَمَنَّ ٱللَّهُ عَلَيۡكُمۡ فَتَبَيَّنُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِمَا تَعۡمَلُونَ خَبِيرا)[سورة النساء 94].

دەفەرمێت: ئەی کەسانێک کەبڕواتان هێناوە کاتێک دەرچوون (بۆ جیهاد کردن) لەڕێگەی خوادا هەموو شتێک ڕوون بکەنەوە, وە نەڵێن بەو کەسانەی کە سڵاوی (موسڵمانانە) تان لێدەکەن تۆ بڕوادار نیت؟ بەدوای شتوومەک و سامانی دونیاییدا بگەڕێن ئەوە لای خوا دەسکەوتی زۆر هەیە ئێوەش لەمەو پێش هەروەها بوون (ئیمانەکەتان دەشاردەوە) ئەمجا خوا منەتی نا بەسەرتاندا (بە هێز و زاڵی کردن) دەی کەواتە هەموو شتێک ڕوون بکەنەوە بەڕاستی خوا هەمیشە ئاگادارە بەوەی ئێوە دەیکەن.

[ئەم ڕوونکردنەوەیە بۆ کەسانێ بێ کە زاهیرەن کافری ئەصلی و بتپەرست بوبن بەڵام نیشانەی ئیسلامیان پێوە دیاربێت دەبێت پەلە نەکەیت لەکوشتنیان چ جای کافر کردنیان، ئەمە بۆ موسڵمانی مونتسیب کە هاتۆتە ناو ئیسلامەوە بەیەقینی ناکرێت تۆ ڕاستەوخۆ تەکفیری بکەیت و هیچ تبین و لێکۆڵینەوەیەك نەکەی دەربارەی.]

لەصحیحین هاتووە لەعەبدوڵای کوڕی عومەرەوە، کەوا پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەفەرمێت : "لا يرمي رجل رجلا بالفسوق ولا يرميه بالكفر إلا ارتدت عليه إن لم يكن صاحبه كذلك" [البخاري: 6045].

واته: هەرکەسێك موسڵمانێك تۆمەتبار بکات بەفاسق بون یان بەکافربون ئەوا ئیلا ئەو تۆمەت بۆخۆی ئەگەڕێتەوە ئەگەر وانەبێت."
هەروەها پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەفەرمێت: " : أيما رجل قال لأخيه: يا كافر فقد باء بها أحدهما [رواه البخاري: 6104، ومسلم: 60].
دەفەرمێت: " هەرکەسێك بەبرایەکی موسڵمانی بڵێت ئەی کافر ئەوا کافربوونە یەکێکیان ئەگڕێتەوە"

هەروەها پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ:" من دعا رجلاً بالكفر ، أو قال : عدوالله ، وليس كذلك إلا حار عليه" أخرجه مسلم(1/80)
واته: هەرکەسێك بەبەکەسێك بڵێ هەی کافر یان بڵێ هەی دوژمنی خوا وە ئەو کەسەش وانەبێت ئیلا ئەو تۆمەتە بۆخۆی ئەگەڕێتەوە"

جا الحافظ ابن حجر - رحمه الله - لەشەرحی ئەم فەرموودەیە دەڵێ: " والتحقيق أن الحديث سيق لزجر المسلم عن أن يقول ذلك لأخيه المسلم...وقيل: معناه رجعت عليه نقيصته لأخيه و معصية تكفيره، وهذا لا بأس به.وقيل: يخشى عليه أن يؤول به ذلك إلى الكفر ، كما قيل: المعاصي بريد الكفر ، فيخاف على من أدامها وأصر عليها سوء الخاتمة. وأرجح من الجميع أن

يقال : من قال ذلك لمن لايعرف منه إلا الإسلام ولم يقم له شبهة في زعمه أنه كافر ، فإنه يكفر بذلك ، كما سيأتي تقريره، فمعنى الحديث: قد رجع عليه تكفيره. فالراجح التكفير لا الكفر، فكأنه كفر نفسه؛ لكونه كفر من هو مثله، ومن يكفره إلا كافر يعتقد بطلان دين الإسلام "فتح الباري(10/466).

دەڵێ: لەڕاستیدا ئەم فەرموودەیە هاتووە بۆ گێڕانەوە وترساندنی موسڵمان لەوەی بەبرایەکی بڵێ کافر، وە دەوترێ ماناکەی : ئەوەیە ئەو بەکەم دانانەی کە ئەنجامی داوە بەرامبەر براکەی و تاوانی ئەو تەکفیرکردنەی بەناحەق بۆخۆی دەگەڕێتەوە. ئەم وتەیەش کێشەی نیە، هەروەها وتراوە مانای ئەوەیە کە ڕەنگە ئەو تەکفیرکردنەی بەناحەق بیبات بەرەو کافربوون، هەروەها وتراوە تاوانەکان پۆستەی کوفرن و ئەوکەسەی بەردەوامە ووازناهێنێ لەسەر تەکفیرکردن بەناحەق مەترسی ئەوەی لێ دەکرێ عاقیبەت شەڕبێت، لەهەموان پەسەندتر ئەوەیە بوترێ هەرکەسێ بەناحەق کەسێ تەکفیربکات لەکاتێکدا تەنها ئیسلامەتی لەو کەسە بینیوە و هیچ شوبهەیەکی نەبوە لەکافربونی ئەوا لەم حاڵەتەدا کافر ئەبێت، هەروەك دواتڕ باسی ئەکەین، هەربۆیە مانای فەرمودەکە ئەوەیە: کافرکردنەکەی بۆخۆی ئەگەڕێتەوە چونکە وەك ئەوە وایە خۆی کافر کردبێ چونکە کەسێکی کافر کردوە کەوەك خۆیەتی، کەسێکیش تەکفیری کەسێ ناکات ئاوا ئیلا کەسێ نەبێ کەباوەڕی وابێ دینی ئیسلام پوچەڵە"

ئیمامی شەوکانی دەڵێ" ففي هذه الأحاديث وما ورد موردها أعظم زاجر، وأكبر واعظ عن التسرع في التكفير. "سيل الجرار(4/578)
دەڵێ: لەم فەرموودانە گەرورەترین قەدەغەکردن هەیە وە گەورەترین ئاموژگاری هەیە لە پەلەنەکردن لەکافرکردن"

چونکە پێکهاتووە لەگەورەترین هەڕەشە سەبارەت بەهەدەردانی خوێنی موسڵمان کەموسڵمانێتی جێگیربووە بەیەقین هەربۆیە مەترسیدارە پەلەکردن لەکافرکردن بەبێ جێگیربونی کافربوونەکەی بەیەقین
هەربۆیە دەبێ ئەو ڕێگریانە ڕەچاو بکرێ کەتوشی ئینسان ئەبێت پەلەنەکرێت لەکافرکردنی تاکو نەزانی شروط و موانیعەکانی تێدایە یان نا.
توخوا خوشك و برایان ئێمە ئەم حەدیسانەم ئاوا باس کردوە توخوا بابەتەکە ئەوەنە خەتەربێ ئێمە قەت بووە ئەوەنە حیسابمان بۆ ئەو حەدیسانە کردبێ ؟ توخوا قەت بووە تۆزێ ترسابین ؟ توخوا ئەوەنەی هەڕەشەی گەورە لەبەکافرکردنی بەناحەق هاتوە ئەوەنە هەڕەشە هاتووە لە بە موسڵمان دانانی بەهەڵە ؟ کەسی واهەیە خۆی موەحیدی دەرەجە یەك ئەزانێ بەهەشتی بۆخۆی تاپۆ کردوە بەڵام کاتێ باسی ئەو حەدیسانەی بۆ ئەکەی خەریکە بچێتە ناو چاوتەوە خەریکە شەق ببات لەڕقا ، توخوا ئاوایە خۆشەویستی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم ؟ ئاوایە شوێنکەوتنی رسول الله ؟ یان

ئەوە ڕِقایەتی دڵگوشرانە بەرامبەر فەرمودەکانی پێشەوای پێغەمبەران صلى الله عليه وسلم ؟ برایان خوشکان با بگەڕێینەوە بۆ لای الله تعالى سبەی ئەمرین کەس بەکەڵکمان نایات والله‌هی الله تعالى لێپرسیەوەی هەموو ئەمانەمان لەگەڵ دەکات .

وە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێت: لعن المؤمن قتله، ومن رمى مؤمنا بكفر فهو كقتله[رواه البخاري: 6047].

دەفەرمووێت:" لەعنەت کردن لەئیمانداریٚك وەکو کوشتنی وایە، هەرکەسێك بەئیمانداریٚ بڵێ کافر وەك ئەوە کوشتبێتی"

ئەم فەرمودەیە ئاشکرای دەکات تاوانی تەکفیرکردنی بڕوادارێك، کوشتنی ئیمانداریش تاوانێکی مەزنە، چونکە لەناوچونی هەموو دونیا ئاسانترە لای خوا لەکوشتنی موسڵمانێ بەناحەق چونکە تۆ کەپەلەت کرد لەکافرکردنی موسڵمانێ بێگومان خوێن و ماڵ و ناموسیت حەڵاڵ کردوە هەروەك الله تعالى دەفەرمێت وَمَنْ يَقْتُلْ مُؤْمِنًا مُتَعَمِّدًا فَجَزَاؤُهُ جَهَنَّمُ خَالِدًا فِيهَا وَغَضِبَ اللَّهُ عَلَيْهِ وَلَعَنَهُ [النساء: 93]

شيخى الإسلام بن تيمية -رحمه الله- دەڵێت : "وإذا كان تكفير المعين على سبيل الشتم كقتله"، يعني: يريد أن يشتمه فقال: يا كافر، وهذه تحدث ترى في المشادات، في المضاربات، في احتدام الخصومات.

قال شيخ الإسلام: "وإذا كان تكفير المعين على سبيل الشتم كقتله، فكيف يكون تكفيره على سبيل الاعتقاد؟ فإن ذلك أعظم من قتله" [الاستقامة لابن تيمية:165/1]،

دەڵێت: ئەگەر تەکفیرکردنی کەسێکی دیاریکراو وەکو جنێودان وەکو کوشتنی وابێت، واتە دەیەوێ جنێوی پێ بدات دەڵێ هەی کافر ئەمە لەشەڕ و پێکداگژانەکان ڕوو ئەدات، ئەی ئەبێ تەکفیرکردنی بەعەقیدە و بیروباوەڕەوە بێت ؟ ئەمە زۆر گەورەترە لەکوشتنی"

وەلەبەر گەورەیی و مەترسیداری ئەم کارە ابن عبد البر -رحمه الله تعالى- دەڵێ: "فالواجب في النظر ألا يكفر إلا من اتفق الجميع على تكفيره، أو قام على تكفيره دليل لا مدفع له من كتاب أو سنة" [التمهيد: 22/17].

دەڵێت:" واجبە هیچ کەسێکی موسڵمان تەکفیر نەکرێت ئیلا کاتێك نەبێت هەموان کۆك بن لەسەر تەکفیرکردنی، یان بەڵگەیەکی وەها هەبێت لەکیتاب و سوننەت لەسەر کافربوونی کەهیچ بەرهەڵستیەکی تێدا نەمابێت."

وە ئیمامی الشوكاني -رحمه الله-دەڵێت: "اعلم أن الحكم على الرجل المسلم بخروجه من دين الإسلام ودخوله في الكفر لا ينبغي لمسلم يؤمن بالله واليوم الآخر أن يقدم عليه إلا ببرهان أوضح من شمس النهار" انتهى [السيل الجرار: 578/4].

دەڵێت: بزانە مەسەلەی حوکمدان بەسەر موسڵمانێك بەدەرچوونی لەدینی ئیسلام و چوونە ناو کوفر نابێت هیچ موسڵمانێك بەکاری ئاوا هەستێت کە ئیمانی هەبێت بە اللە وبەڕۆژی دوایی تەنها کاتێك نەبێت بەڵگەیەکی وای هەبێت ڕۆشنتربێت لەڕۆژی ڕوناك"

هەروەها إبن دقيق العيد -رحمه الله- لەشەرحی العمدة - دەڵێت:" هذا وعيد عظيم لمن أكفر أحد من المسلمين وليس كذلك وهي ورطة عظيمة وقع فيها خلق كثير من المتكلمين ومن المنسوبين إلى السنة وأهل الحديث لما أختلفوا في العقائد فغلظوا على مخالفيهم وحكموا على كفرهم"إحكام الأحكام (4/76).

دەڵێت: ئەمە هەڕەشەیەکی زۆرگەورەیە لەکەسێك موسڵمانێ کافربکات و واش نەبێت، بەڕاستی ئەمە بەڵایەکی گەورەیە زۆرێك تێکەوتون لەموتەکەلیمین و لەوانەی خۆیان داوەتە پاڵ سوونە و ئەهلی حەدیث ، کاتێك لەعەقیدە لەگەڵیان پێچەوانە بوون هەستان بەکافرکردنی پێچەوانەکانیان و حوکمدان بەکافربونیان."

هەروەها ئیمام شەریف بن الوزير اليمانى دەڵێت زۆرێك لەفەرموودە هاتووە دەربارەی نەهی کردن لەکافرکردنی موسڵمان جا دەڵێت:"

في مجموع ذلك ما يشهد لشدة التغليظ في تكفير المؤمن وإخراجه من الإسلام مع شهادته بالتوحيد والنبوات، خاصة مع قيامه بأركان الإسلام وتجنبه

الكبائر وظهور علامات صدقه في تصديقه لأجل غلط في بدعة لعل المكفر له لايسلم من مثلها أو قريب منها، فإن العصمة مرتفعة، وحسن الظن بالإنسان بنفسه لايستلزم سلامة من ذلك عقلا ولاشرعا."الإيثار 425

دەڵێت: لەکۆی ئەو فەموودانە شایەدی ئەدەن لەسەر زۆر خەتەرناکی تەکفیرکردنی ئیماندار و دەرکردنی لە ئیسلام لەکاتێکدا شەیەتمان دێنێ بەخوا و بەپێغەمبەرەکان بەتایبەت کە پابەندیشە بەڕوکنەکانی ئیسلامەوە و خۆی دوورگرتوە لەتاوانە گەورەکان و نیشانەکانی ڕاستگو بونیشی بکرێتە ژێر پرسیارەوە بەهۆی بیدعەیەکەوەکە کەتوشی بوە ڕەنگە ئەوکەسەی تەکفیری ئەکا خۆشی هاوشێوەی ئەوە یان نزیك لەوەی توش بوبێ، چونکە کەس نیە مەعصوم بێت، و گومان بردنی باشی ئینسان بەخۆی مانای ئەوە نادات خۆتیش توش نەبیت لەڕووی عەقڵ و شەرعەوە."

وە دەڵێت:" وقد عوقبت الخوارج أشد العقوبة، وذمت أقبح الذم على تكفيرهم لعصاة المسلمين مع تعظيمهم في ذلك لمعاصي الله تعالى، وتعظيمهم الله بتكفير عاصيه ، فلا يأمن مكفر أن يقع في مثل ذنبهم، وهذا خطر في الدين جليل ، فينبغي شدة إحتراز فيه من كل حليم نبيل "نفس المصدر

دەڵێت:" خەواریج ئەوپەڕی سزادان سزادران بەهۆی ئەوەی موسڵمانی خاوەن تاوانیان تەکفیر دەکرد لەگەڵ ئەوەی سەرپێچی خوایان زۆر بەگەورە دەزانی هەربۆیە لەبەر گەورەیی خوا خاوەن تاوانیان تەکفیرکردبوو، هەربۆیە

کەسی کافرکەر ئەمین نەبێت کەخۆشی توشی هەمان تاوانی ئەوان ببێت، بەڕاستی تەکفیرکردنە زۆر خەتەرناکە لەدین دەبێت کەسی عاقڵ و دانا زۆر خۆی لێ بپارێزێ."

دووەم: تەکفیرکردنی موسڵمان داخوازی ئەوە دەکات ئیسلام بەکوفر دابنەیت و ئیمان بە ئیلحاد بزانی، چونکە کاتێ موسڵمانێکت بەکافر داناوە شەرع بەئیسلام وئیمانداری داناوە.

سێیەم : هەڵەکردن لەتەنەکفیرکردنی کافرێك بەهەڵەکردن لەمافی اللە دادەنرێت نەك لەمافی بەندە، بەڵام هەڵەکردن لەتەکفیرکردنی موسڵمانێك هەڵەکردن لەمافی بەندە، هەربویە هەڵەکردن لەمافی خوا لەشتێ کەلەنێوان خوا و بەندەکەی دایە لێی خۆش ئەبێ ئەگەر ئیجتیهاد و مەرجەکانی اجتیهادی تێدابوبێت، بەڵام مافی خەڵکی خوا لێی خۆش نابێت هەتا خاوەنەکەی لێت خۆش نەبێت، هەرلەم ڕوانگەیەوە زانایان زۆر احتیاطیان کردوە لەدابەزاندنی حوکمی کوفر بەسەر موسڵمانێکی دیاریکراو دەبینی ئەگەر موسڵمانێ لە نەوەتو نۆ ڕوەوە قسەکەی احتیمالی کوفری هەبێ بەڵام لەیەك ڕوەوە احتمالی کوفری نەبێ ئەو یەك احتیمالەیان ڕەچاوکردوە ئەبینی تەکفیریان نەکردوە وەك احتیاطێ بۆ دینەکەیان بۆ حورمەتی ئەو کەسە موسڵمانە.

لە"فتاوى الهندية" هاتوە دەڵێت: إذا كان في المسألة وجوه توجب الكفر و وجه واحد يمنع ، فلعلى المفتي أن يميل إلى ذلك الوجه إلا إذا صرح بإرادة توجب الكفر فلا ينفعه التأويل حينئذ"إكفار الملحدين ص95
دەڵێت: ئەگەر لەمەسەلەیەکدا چەن ڕوویەك هەبێت کافربون واجب بکات بەڵام یەك ڕووی هەبێت کافربونی ڕەت بکاتەوە ئەوا پێویستە لەسەر موفتی ئەو یەك ڕوەی ڕەچاو بکات تەنها لەحاڵێکدا کابرا بەئیرادەی خۆی بیسەلمێنێ ئەوکاتە تەئویل هیچ سوودێکی نامێنێ لەحەق."
هەروەها ئیمام ابو حامیدی غەزالی دەڵێت: لاينبغي أن يظن أن تكفير ونفيه ينبغي أن يدرك قطعا في كل مقام ، بل تكفير حكم شرعي يرجع إلى إباحة المال وسفك الدم والحكم بالخلود في النار، فمأخذه كمأخذ سائر الأحكام الشرعية، فتارة يدرك بيقين وتارة بظن غالب، وتارة بتردد فيه ومهما حصل تردد فالوقف فيه عن التكفير أولى "نفس المصدر.

دەڵێت: واگومان نەبەن تەکفیرکردن یان تەکفیرنەکردن لەهەموو شوێنێ بتوانن بیپێکن، چونکە تەکفیر حوکمێکی شەرعیە دەگەڕێتەوە بۆ حەڵاڵ کردنی خوێن و ماڵ حوکمدان بەمانەوە لەئاگر بەهەتاهەتایی، بۆیە سەرچاوەکەی هەروەک سەرچاوەی حوکمە شەرعیەکانی تر، هەندێ جار بەدڵنیاییەوە دەپێکیت

هەندێ جار بەزۆری گومان و دوو دڵی بۆیە هەرکاتێ دوو دڵ بوی تیای وەستان باشترە لەتەکفیرکردن."

وە لەفەتوای ئیمام الحافظ احمد بن محمد المقري التلمساني هاتووە کەدەڵێت:" ويرحم الله علماء الأندلس أواخر المائة الخامسة حيث أفتوا بخلع المعتمد بن عباد حيث أعطى بعض المعاقل للكفار أهل الزيغ والعناد، بل أفتى جمهورهم بقتله والإراحة منه فهو من أعظم المهمات، وأخذ ابن تاشفين بفتوى الأقل بصون دمه، فخلعه ونقله إلى غمات"

دەڵێت : ڕەحمەتی خوا لەزانایانی ئەندەلوس لەساڵەکانی کۆتایی سەدەی پێنجەم کاتێ فەتوایان دا بەلادانی موعتەمیدی کوری عیباد کاتێ هەندێ لەسەنگەرەکانی موسڵمانی تەسلیمی کافران کرد، جەماوەری زانایان فەتوایان دا بەکوشتنی موعتەمید و ڕزگاربون لێی بەگەورەترین کاریان دانا بەڵام ابن تاشفین فەتوای کەمینەی لەزانایان هەڵبژارد و لایبرد لەسەر دەسەڵات و نەیکوشت گواستیەوە بۆ غەمات"

ئیمام شەریف ابو المواهب جعفر إدريس الكتاني ت 1323 لەکتیبی"الدواهی المدهية للفرق المحمية" دەڵێ: قلت: وإنما أخذ يوسف بن تاشفين بقول الأقل لأن تكفير صعب" ص١١٤

دەڵێ: منیش دەڵێم ابن تاشفین بۆیە بەحوکمی کەمینەی هەڵبژارد چونکە تەکفیرکردن حوکمێکی قورسە"

هەروەها لە " النوازل الشريف العلمي" قبيل الجامع هاتووە:

" سأل ابو عبدالله محمد بن الحسن بن عرضون الفقيه ابا العباس احمد بن البعل عن الحاكم قال كلمة شنيعة في جانب النبي صلى الله عليه وسلم في سؤال طويل فأجاب: هذه النازلة لست ممن يتصدى لها ولا إلى الفتوى فيها، لعدم الأهلية قال تعالى (ولاتقف ما ليس لك به علم) والخطأ في إراقة الدماء أعظم بكثير من الخطأ في الأموال، فالواجب رفعها إلى شيوخنا، إذ هم أقعد بها ، وعلى الوقوف على النازلة بعينها ، وإلا فهم أهدى للصواب في إجرائها على نظائرها وعلى كل حال ، إذا تعذر الوقوف على النص فيها بعينها فالأخذ بالإحتياط أولى"نفس المصدر .

دەڵێ: " ابو عبدالله محمدى كورى حەسەن پرسيارى كرد لەفەقيه و شەرعزان ابو عەباس احمدى كورى بەعل دەربارەى ئەو حاكمەى وشەيەكى نابەجێى بە جەنابى پێغەمبەر ووتبوو پرسيارێكى درێژيان لێ كرد لەو بارەيەوە ئەويش ووتى: من هى ئەم پێشهات و نازيلەيە نيم وناتوانم قسەى تيابكەم و فەتواى تيابدەم چونكە خۆم بەشايەنى ئەوە نابينم و الله تعالى دەفەرميت[مەوەستە لەسەرشتێ كەعيلمت لەسەرى نەبێت] هەربۆيە هەڵەكردن لەڕشتنى خوێنێ زۆر گەورەترە لەهەڵەكردن بەهەدەردانى ماڵ وسامان بۆيە واجبە ئەم پرسيارە لە مامۆستاكانمان بكرێ ئەوان باشترن بۆ تێگەيشتن لەحەق و ڕاستى و

پێکانی جا کاتێ لەبابەتێ دەقت بەدەستەوە نەبوو احتیاطکردن ئەولاتر و لەپێشترە."

هەروەها پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەفەرمێت " لزوال الدنيا بأجمعها أهون عند الله من قتل مؤمن بغير الحق "رواه ابن ماجه (2619). دەفەرموێ: بەڕاستی لەناوچوونی هەموو دونیا ئاسانترە لای اللە لەکوشتنی بڕوادارێ بەناحەق"

بەڵام دەبینی سەرەڕای بونی ئەو هەموو حەدیس ئایەت و ووتانەی زانایان لەسەر مەترسیداری تەکفیرکردن بەناحەق دەبینین ئەو برایانەمان هەرباسی ناکەن وەك ئەوەی هەر نەبێت وەک ئەوەی گوناهیش نەبێت وەك ئەوەی باوەڕیان پێی نەبێت بەڵکو زۆر دڵیشیان پێی توند ئەبێت کاتێ بۆیان باس ئەکرێت ؟! لەبەرامبەردا دەبینی زۆر زۆر پەلە و خێران لەتەکفیرکردنی موسڵمانێ کە ڕەنگە کوفریشی نەکردبێ ئەوەنەی دڵیان بەکافر بونی موسڵمانێ ئیسراحەت ئەکات ئەوەنە دڵیان بەوە خۆش نابێ کە بۆیان بسەلمێنێ کە ئەو موسڵمانە کافر نەبوە ئەمەش واقعێکە خۆمان بینیومانە، بۆیە لەبەرترسناکی ئەم بابەتە هەستاین بەنوسینی ئەم نوسراوە بەڵکو ببێتە هۆکاری هیدایەتی ئێمە ئەوانیش سەرەتا وەڵامی شوبهەکانیان ئەدەینەوە کەدەڵێن عوزر نیە بەنەزانی هەرکەس کوفر بکا ڕاستەوخۆ کافرە، وە ان شاء اللە لەداهاتوودا کتێبێکی گەورە لەوبارەیەوە بڵاوئەکەینەوە.

باسی دووەم

رێکارەکانی عوذر بەجەهل

[پێناسەی جەهل و رونکردنەوەی شوێنەواری جەهل لەسەر کەسی موکەلەف]

ئەمەش پێکهاتووە لەپێنج مەسائیل

1- پێناسەی جەهل 2- پێناسەی عوذر

3- کاریگەری جەهل لەسەر موکەلەف بونی ئینسان

4- جەهل وەك ریگرێك لە جێگیربونی حوکمە شەرعیەکان

5- جەهل وەك ریگرێك لە ریگریەکانی تەکفیر.

1- پێناسەی جەهل: بریتیە لەنەبونی عیلم و زانیاری دەربارەی شتێك کە دەبوو بیزانیت.

جەهل یش لەم بابەتەی ئێمە مەبەست لێی ئەوەیە عیلمت نەبێت بەحوکمە شەرعیەکان جا حوکمێکی ئوصولی بێت یان فروع بێت، یاخود نەزانیت هەبێت بەهۆکارەکانیان.

جەهل دوو جۆرە:

أ- جهلی بسیط: بریتیە لەوەی لەبنچینەدا عیلمت نەبێت بەهیچ وەك ئەوەی کەسێك لە بنچینەدا هەر نەزانی و عیلمی هەر نەبێت بەوەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم نێردراوە.

ب_ جەهلی مرکب: بریتیە لەوەی عیلمت بەشتێك هەبێت بەلام بەپێچەوانەی ئەو حەقیقەتەی کە لەسەریێتی. وەك ئەوەی بڵی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم درۆزنە، یان پێی بڵێی جەنگی بەدر کەی رووێداوە بڵێت ساڵی 3ی کۆچی رێداوە بەلام خۆی لەساڵی دووی کۆچی رێداوە بەلام ئەم کەسە نازانێ کە ئەو ساڵە رویداوە وادەزانێ لەساڵی 3ی کۆچی بوە بۆیە ئەم کەسە لەراستیدا نەزانە بەلام نازانێ کەنەزانە.

ابن تیمیه رحمه الله دەڵێت: لفظ الجهل: یعبر به عن عدم العلم, ویعبر به عن عدم العلم بموجب العلم."مجموع الفتاوی935/7

واتە: لەفزی جەهل بریتیە لە نەزانین لە بنەرەتەوە، وە نەزانین بەحەقیقەتی عیلم وەکو خۆی.

2- پێناسەی العذر

عوذر: واتە ئەو حوجەیەی کە دەیکەیتە بەبیانوو دەیهێنیتەوە. واعتذر: واتە پاڵپشتی بیانوەکەی کرد. اعتذر عن فعله: واتە بەڵگە و بیانووی هێنایەوە بۆخۆی. وأعذره وعذره: قبل عذره واتە بیانوەکەی قبول کرد.

3- کاریگەری جەهل لەسەر ئەهلیەتی موکەلەف

موکەلەف : بریتیە لەوکەسەی کە خطابی شارع واتە خوا و پیغەمبەر ئاراستەی کردەوەکانی کراوە.

مەرجەکانی دروست بونی تەکلیف: بریتیە لەوەی ئەو کەسە توانای هەبێت بۆ تێگەیشتن لە خطابی خوا و پیغەمبەرصلی الله علیه وسلم کە ئاراستەی کراوە، ئەم توانایەش بەبونی عەقڵ دەبێت جا چونکە توانای عەقڵ ئاسان نیە دیاری بکرێت لەبری ئەوە خوای گەورە واتە شارع، بالغ بونی دیاری کردوە لەشوێنی عەقڵ بۆ ئەوەی تەکلیفە شەرعیەکان لەسەر کەسەکان جێگیربێت، کەواتە مەناطی تەکلیف ئەوەیە ئینسان بالغ ببێت و خاوەن عەقل بێت.

ئەهلیەت چی یە: بریتیە لە شیاوبوون کە دوو بەشە:

أ- أهلية الأداء: ئەوەیە ئەو کەسە شیاوبێ تاکو ووتە و کردەوەکانی بەهەند وەربگێرێت لەروی شەرعەوە واتە موکەلەف بێت

مەرجەکانی صحەتی ئەهلیەت :

1- درك کردن(ئەمەش بەباڵغ بون و عەقڵ و عیلم بون بە خطابی خوای گەورە دەزانرێ.

2- الإختیار (واتە بەهەڵبژاردەی خۆت بێت و بەزۆرنەبێت)

ب- أهلية الوجوب: ئەوەیە ئەو کەسە صەلاحیەتی ئەوەی هەبێت کە بەپێی شەرع ببێتە خاوەن و ماف و ئەرکەکان بچێتەسەری ئەم ئەهلیەتەش بە بونی ژیان جێگیرئەبێت.

عوارض الأهلية: بریتیە لەو شتانەی توشی ئەهلیەتی ئەداء ئەبێتەوە واتە ئەو شتانەیە کە دەبێتەبەربەست لەبەردەم کەسی موکەلەف وای لێ ئەکات کە تەکلیفی لەسەر نەمێنێت یان تەکلیفی لەسەر لاواز بکات، وای لێ دەکات ووتەکانی یان کردەوەکانی بەهەندوەرنەگیرێ لەرووی شەرعەوە سزا نەدرێت و شوێنەواری شەرعیەکانی لەسەر نەچەسپێت لەو بابەتانەی پەیوەستە بەمافی خواوە نەك مافی بەندەکان.

[أقسام عوارض الأهلية بەشەکانی بەرەبەستەکانی نەمانی شیاوبوون بۆ ئەوەی موکەلەف بیت.]

أ- عوارض سماوية، ڕێگرە ئاسمانیەکان: واتە ئەو ڕێگرانەی بەهۆی قەدەری خواوەیە و هیچ دەسەلاّتێکی بەندەی تیانیە، دەدرێتە پاڵ ئاسمان چونکە لە دەسەلاتی ئینسان نیە. لەوانە : تەمەن بچووکی، شێت بون، لەبیرچوونەوە، خەولێکەوتن، لەهۆشخۆچوون، نەخۆشکەوتن، مردن.

ب_ عوارض مکتسبة: بریتیە لەو بەربەستانەی دروست بونی ویست و هەڵبژاردەی بەندەی تێدایە بەهۆی خۆیەوە یان بەهۆی غەیری خۆیەوە لە ئینسانەکان. وەك : نەزانی و هەڵە و سەرخۆشکردن، و زۆرلێکردن.

وە بزانە ئەصل لەئینساندا جەهەل و نەزانیە بەلام لەسەرێتی ئەو جەهلە لەسەر خۆی لابدات بەفێربوونی ئەو شتانەی کە پێویستن لەسەری بیانزانی کە خوای گەورە هۆکارەکانی فێربونی پێداوی وەکو بیستن و بینین و عەقل جا ئەگەر بەکاری هێنا و کەمتەرخەمی نەکرد لە بەکارهینانیان ئەوا ئەوا شوکری ئەو ئەندامانەی کردوە و ئەو ئەرکەی لەسەری بوە ئەنجامی داوە بەڵام ئەگەر پشتگوێی خست ئەوا هۆکاری خۆیەتی لە کەسب و هەڵبژاردەی خۆیەتی.

بروانە الإحكام فی أصول الأحكام لإبن حزم 65- 68 موجەلەدی 1

[سیفەتی حوجەی ریسالە]

باسی ئەوەمان کرد تەکلیفی اللە بۆ خەلکی کە بەهۆیەوە سزا و پاداشت دروست ببێت بە بەڵگەی ریسالە دەبێت بەڵگەی ریسالەش بریتیە لەو ئەو دینە و عیلمەی پێغەمبەرانی پێنێردراوە ئەو پەیامەشی پێغەمبەرەکەی ئێمە پێی نێردراوە بریتیە لە قورئان و سونەت و ئیجماع و قیاسی صەحیح.

[سیفەتی ئەو کەسەی کە ئیقامەی حوجە دەکات]

ئەصڵ ئەوەیە یغەمبەر خۆی صلی اللە علیە وسلم ئەوکارە دەکات پاشان لە ژیانی خۆیدا یان لەدوای وەفات کردنی ئەو حوجە و پەیامە ئەشێت تاکە کەسێك ئەو پەیامە بگەیەنێت کە زانا بێت و دادپەروەر بێت و ناسراوبێت مەرج نیە خاوەن دەسەلات بێت تەنها کاتێك نەبێت کە لەداری ئیسلام بێت و ئەو ئیقامە حوجەیە بریتی بێت لە جێ بەجێ کردنی سزا و حوکمە شەرعیەکان لەسەری.

[سیفەتی ئەو کەسەی کە ئیقامەی حوجە دەکات]

1- مەرجی یەکەم ئەوەیە ئەو بەڵگە و پەیام و حوجەیە بگەیەنرێ بەکەسی دوێنراو (مخاطب) بەزمانی خۆی یان بەتەرجەمەکردن بۆیە ئەگەرپێویستی کرد ئەوا واجبە

بەڵگەی ئایەتی اللە تعالی دەفەرمێت (وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن رَّسُولٍ إِلَّا بِلِسَانِ قَوۡمِهِۦ لِيُبَيِّنَ لَهُمۡۖ فَيُضِلُّ ٱللَّهُ مَن يَشَآءُ وَيَهۡدِي مَن يَشَآءُۚ وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ)[سورة إبراهيم 4].

ئیمام ئیبن و کثیر لەتەفسیری ئەم ئایەتە پیرۆزەدا دەڵێت:- " هَذَا مِنْ لُطْفِهِ تَعَالَى بِخَلْقِهِ: أَنَّهُ يُرْسِلُ إِلَيْهِمْ رُسُلًا مِنْهُمْ بِلُغَاتِهِمْ لِيَفْهَمُوا عَنْهُمْ مَا يُرِيدُونَ وَمَا أُرْسِلُوا بِهِ إِلَيْهِمْ".

واتە: ئەمە لەلوطفی اللە تعالی یە بەدروستکراوەکانی کە پێغەمبەرانیان بۆ دەنێرێت لەخۆیان بەزمانیان تاکو تێبگەن لە پێغەمبەرەکانیان بۆچی هاتوون."

کەواتە هەتا مەرجە تێگەیشتن لەخطاب و پەیامەکە نەك تەنها بوونی پەیامەکە بەبێ زانینی ماناکەی.

ئیمامی بوخاری لەکیتابی عیلم لەجەموڕەوە بۆمان دەگێڕێتەوە کەدەڵێت: أَبِي جَمْرَةَ ، قَالَ : "كُنْتُ أُتَرْجِمُ بَيْنَ ابْنِ عَبَّاسٍ وَبَيْنَ النَّاسِ" رواه البخارى 87 دەڵێت:" من تەرجومەم دەکرد لەنێوان عەبدوڵای کوڕی عەباس و لەنێوان خەڵکی"

*هەروەها بوخاری ڕیوایەتی دەکات لەکیتابی سەرەتای دەستپێکردنی وەحی لەابن عباس ەوە کەفەرمودەکەی هیرەقڵە کاتێك پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم نامەکەی بۆ دەنێرێت و بانگی دەکات بۆ ئیسلام تیایدا هاتووە کە (فَدَعَاهُمْ فِي مَجْلِسِهِ وَحَوْلَهُ عُظَمَاءُ الرُّومِ، ثُمَّ دَعَاهُمْ، وَدَعَا بِتَرْجُمَانِهِ) بانگی کردن بۆ مەجلیسەکەی کە گەورە پیاوانی ڕوم دانیشتبوون بانگی کردن بانگی وەرگێڕەکەشی کرد.رواه البخارى 51

وقال الشيخ سليمان بن سحمان: (قال شيخنا الشيخ عبد اللطيف رحمه الله: وينبغي أن يُعلم الفرق بين قيام الحجة وفهم الحجة، فإن من بلغته دعوة الرسل فقد قامت عليه الحجة إذا كان على وجه يمكن معه العلم، ولا يُشترط في قيام الحجة أن يفهم عن الله ورسوله ما يفهمه أهل الإيمان والقبول والانقياد لما جاء به الرسول، فأفهم هذا يكشف عنك شبهات كثيرة في مسألة قيام الحجة، قال الله تعالى: {أم تحسب أن أكثرهم يسمعون أو يعقلون إن هم إلاَّ كالأنعام بل هم

أضل سبيلا} [الفرقان/44]، وقال تعالى: {ختم الله على قلوبهم وعلى سمعهم وعلى أبصارهم غِشاوة ولهم عذابٌ عظيم} [البقرة/7]، انتهى.

قلت: ومعنى قوله رحمه الله تعالى: إذا كان على وجه يمكن معه العلم، فمعناه: أن لا يكون عديم العقل والتمييز كالصغير والمجنون، أو يكون ممن لا يفهم الخطاب، ولم يحضر ترجمان يُترجم له، ونحو هؤلاء. فمن بلغته رسالة محمد صلى الله عليه وسلم، وبلغه القرآن فقد قامت عليه الحُجة) كشف الشبهتين ص91

شێخ سولەیمان بن سحمان دەڵێت: " شێخەکەمان شێخ عبداللطیف رحمه الله دەڵێت" پێویستە جیاوازی بکرێت لەنێوان ئیقامەی حوجه و فەهمی حوجه، چونکه هەرکەسێك بانگەوازی پێغەمبەرانی پێگەیشتبێت ئەوا ئیقامەی حوجەکراوە ئەگەر بەجۆرێك بێت کە عیلمی بەو بانگەوازە هەبێت مەرج نیە لە ئیقامەی حوجه کابرا وەکو ئەهلی ئیمان و ملکەچی تێبگات کەئەمەت زانی زۆر شوبهەت لەسەر لائەچێ ، خوای گەورە فەرمویەتی ئایا وەدەزانی ئەوانە عەقڵیان هەیە و دەبیستن ئەوانە وەکو ئاژەڵ وان و خراپتریشن، هەروەها فەرمویەتی مۆری ناوە بەدڵ و گوێ و چاوەکانیان و سزایەکی مەزنیان هەیە. شێخ سولیمانی کوڕی سەحمان لەماناکردنی ئەم وتەیەی شێخ عبداللطیف [إذا كان على وجه يمكن معه العلم] دەڵێت مانای ئەوەیە: کاتێ ئیقامه حوجەی کەسێ دەکەی دەبێت ئەوکەسە بێ عەقڵ نەبێت وەکو منداڵ و شێت یان لەو کەسانە نەبێت کە لەمانای ئایەتەکان تێناگەن یان وەرگێڕ ئامادەنەبوبێ

مانای ئایەتەکانی بۆ تەرجومە بکات،جا هەرکەسێ ئەو سیفەتانەی تێدا نەبێت ڕسالەی موحەمەد صلى الله عليه و سلم وقورئانی پێگەیشتبێت ئەوا ئیقامە حوجەکراوە.

شێخی ئیسلام ابن تیمیە دەڵێت: " ومعلوم أن الأمة مأمورة بتبليغ القرآن لفظه ومعناه، وكما أمر بذلك الرسول، ولايكون تبليغ رسالة إلا كذلك، وأن تبليغه إلى العجم قد يحتاج إلى ترجمة لهم"مجموع فتاوى4/116
واتە: ئومەت فەرمانی پێکراوە بەگەیاندنی قورئان بەگەیاندنی لەفز و مەعنای، بەهەمان شێوەش فەرمانکراوە بەپێغەمبەر، گەیاندنی دین تەنها بەم شێوەیەیە، هەروەها گەیاندنی دینیش بەغەیری عەرەبیش پێویست بەوە ئەکات بۆیان وەربگێردرێ و تەرجومە بکرێت بۆیان."

2- مەرجی دووەم ئەوەیە ئەو حوجە و بەڵگەیە بە تەفصیلی ورونکراوە وەلامی شوبهەکانی تێدابێت و بیانووبڕێت :

شێخی ئیسلام ابن تیمیه رحمه الله دەربارەی ئەم ئایەتەی خوای تعالی (فأجره حتى يسمع كلام الله) دەفەرمێت: قد علم أن المراد أنه يسمعه سمعاً يتمكن معه من فهم معناه ، إذ المقصود لا يقوم بمجرد سماع لفظ ولايتمكن معه من فهم المعنى، فلو كان غير عربي لوجب أن يترجم له ما تقوم به عليه الحجة ، ولو كان عربياً وفي القرآن ألفاظ غريبة ليست من لغته أن نبين له معناها، ولو سمع اللفظ كما يسمعه كثير من الناس ولم يفقه المعنى وطلب منا أن نفسره له ونبين له معناها فعلينا ذلك وإن سألنا عن سؤال يقدح في القرآن أجبناه ، كما كان النبي صلى الله عليه وسلم إذا أورد عليه بعض المشركين آو أهل الكتاب أو المسلمين سؤالاً يوردونه على القرآن، فإنه كان يجيبهم"الجواب الصحيح 1/221

واتە: زانراوە مەبەست لەم ئایەتە ئەوەیە بەشێوەیە بیبیستێ توانای تێگەیشتنی ماناکەی هەبێ، چونکە مەبەست بەتەنها بیستن بەبێ تێگەیشتن لەماناکەی نایاتەدی، بۆیە ئەگەر کەسەکە عەرەب نەبێ ئەوا پێویستە بۆی تەرجومە بکرێ بەشێوەیەک کە ببێتە هۆی ئیقامە حوجەی، هەروەها ئەگەر عەرەبیش بوو بەڵام لە لەفزەکانی قورئان چەن لەفزێکی تیابوو نامۆ بوو

بەزمانەکەی بۆ ئەمیش واجبە ماناکەی ڕوون بکەینەوە، هەروەها ئەگەر لەفزەکەی قورئانی بیست هەروەکو زۆربەی خەڵک دەیبیستن و ماناکەی نەزانی و؟داوای لێمان کرد بۆی ڕون بکەینەوە ئەوا واجبە لەسەرمان ، وە ئەگەر پرسیاری لێکردین دەربارەی تانەدان لەقورئان دەبێ وەڵامی بدەینەوە هەروەک چون پێغەمبەر ص وەڵامی موشریکان و ئەهلی کیتاب و موسڵمانانی ئەدایەوە."

ابن حزم دەلێت: قال علی: وكل ما قلنا فيه إنه يفسق فاعله أو يكفر بعد قيام الحجة عليه، فهو ما لم تقم عليه الحجة معذور مأجور وإن كان مخطأ وصفة القيام الحجة عليه هو أن تبلغه فلا يكون عنده شيء يقاومها وبالله تعالى التوفيق) الإحكام فى أصول الأحكام 73- 74ج1.

دەڵێ: هەرکەسێ کە وتبێتمان خاوەنەکەی فاسق ئەبێت یان کافر ئەبێت دوای ئیقامە حوجەکردن لەسەری، بەڵام کاتێ ئیقامەحوجەی لەسەر نەکرابێ ئەوا عوذری هەیە و ئەجری هەیە ئەگەر هەڵەشی کردبێت، وە سیفەتی ئیقامەکردنی حوجەش لەسەری بریتیە لەوەی بەڵگەکەی پێ بگەیەنی و هیچ بەرهەڵستیەکی لەلا نەمێنێ بەرهەڵستی پێ بکات، بەیارمەتی الله تعالی.)

باسی سێیەم

[ئایا فەهمی حوجە مەرجە لە کاتی گەیشتنی حوجە و بەڵگە ؟]

وە اللە تعالی ئەفەرموویێت :

[وَأُوحِيَ إِلَيَّ هَٰذَا الْقُرْآنُ لِأُنذِرَكُم بِهِ وَمَن بَلَغَ ۚ] الأنعَام (١٩)

بۆیە ئەم قورئانەشم وەحی بۆکراوە، کە ئێوە و هەرکەسێکی تریش دەنگی ئەم قورئانەی ئەگاتێ، پێ بترسێنم و ئاگادار کەمەوە .

ئەم ئایەتە پیرۆزە ئەفەرمێت: ئەی موحەمەد بڵێ من ئەم قورئانەم بەوەحی بۆ ڕەوانەکراوە تاکو بەم قورئانە بتانترسێنم وە هەرکەسێکیش کە ئەم قورئانەی پێ ئەگات، ئەم ئایەتە باس لە ترساندن و بنچینەی ئیقامەکردنی حوجە دەکات بەقورئان واتە باس لەچۆنێتی ئیقامە حوجەکە ناکات بەڵکو تەنها باس لەبنچینەکەی ئەکات کە بەو قورئانە ئەنجام ئەدرێت، جا ڕێکارەکانی ئەنجامدانی لەئایەتەکانی تردا باسکردوە بەڵام لێرەدا باسی پێغەمبەر صلی اللە علیه وسلم دەکات کە ئیشی إنذارە واتە ئاگادارتان بکەمەوە ، ئایا پێغەمبەر بەزمانی خۆیان گەلەکەی ئاگادار کردوە یان بەزمانێکی تر ؟ بێگومان بەزمانی خۆیان قسەی لەگەڵ کردون هەر لەخۆیان بوو هەروەك خوای گەورە دەفەرمێت: (وَلَوْ جَعَلْنَٰهُ قُرْءَانًا أَعْجَمِى لَّقَالُواْ لَوْلَا فُصِّلَتْ ءَايَٰتُهُۥٓ ءَأَعْجَمِى وَعَرَبِى)[سورة فصلت 44].

واته: ئەگەر ئەم قورئانەمان بەزمانێکی تر جگە لەعەرەبی بنارداید بێ باوەڕان دەیانووت بۆچی ئایەتەکانی بەڕوونی شینەکراونەتەوە (چۆن دەبێت) قورئانی عەجەمی و پێغەمبەری عەرەبی"

کەواتە بیانووبڕین و ئیقامەکردنی حوجە بەپێی ئەم ئایەتە بەوە ئەبێ کە بەزمانی ئەو خەڵکەبێ و خەڵکەکە لێی تێبگەن بزانن چی دەڵێ، کەواتە خوای گەورە بەکافرەکانی قورەیش دەفەرمێت کە ئێوە عەرەبن ئێمە قورئانمان بەعەرەبی ناردوە تاکو نەڵێن بۆچی بەزمانێکی تربوو و لێی حاڵی نابین کەواتە مەرجە فەهمی خطاب و زانینی ماناکەی، بۆیە بەلاغ و گەیشتنی قورئان تەنها بە خوێندنەوە و دەقەکانی نابێت بەڵکو دەبێت ماناکانیشی بەزمانی گەل و نەتەوەکان بگات.

هەروەها شێخ عبداللطیف بن عبدالرحمن بن حسن بن محمد بن عبدالوهاب- رحمه الله- دەڵێت:- " من بلغته دعوة الرسل إلى توحيد الله ، ووجوب الإسلام له، وفَقِهَ أن الرسل جاءت بهذا، لم يكن له عذر في مخالفتهم وترك عبادة الله، وهذا الذي يجزم بتكفيره إذا عبد غير الله ، وجعل معه الأنداد والألهة والشيخ وغيره من المسلمين لا يتوقفون في هذا ، وشيخنا رحمه الله توقف في تكفير الجاهل من عباد القبور إذا لم يتيسر له ما ينبهه، وهذا هو المراد بقول الشيخ ابن تيمية رحمه الله تعالى:" حتى يتبين لهم ماجاء به الرسول صلى الله عليه وسلم فإذا حصل البيان الذي يفهمه المحاسب ويعقله

فقد تبين له" وليس بين "بين" و "تبين"فرق بهذا الإعتبار لأن كل ما جاء به الرسول، وأصر وعاند ، فهو غير مستجيب، والشبهة قائمة عليه سواء كان عن إصراره لشبهة عرضت، كما وقع للنصارى وبعض المشركين من العرب، أو كان ذلك عن عناد وجحود واستكبار كما جرى لفرعون وقومه ، وكثير من مشركي العرب ، فالصنفان يحكم بكفرهم إذا قامت الحجة التي يجب اتباعها، ولايلزم أن يعرف الحق في نفس الأمر كما عرفته اليهود وأمثالهم، بل يكفي في التكفير رد الحجة ، وعدم قبول ما جاءت به الرسل"مصباح الظلام 1/206

واته: هەرکەسێ بانگەوازی پێغەمبەرانی پێبگات بۆ تەوحید وە بۆ وواجب بونی تەسلیم بوون بۆ خوا هەروەها تێگەیشت کە پێغەمبەران بەمە هاتوون، ئەوا کاتە هیچ عوزرێکی نابێ لە پێچەوانە کردنیان و تەرک کردنی عیبادەتی اللە، ئائەم کەسەیە کە جەخت ئەکرێتەوە لەتەکفیرکردنی کاتێ غەیری خوای پەرست و هاوبەشی بۆ بڕیاردا وە شێخ محمد و موسڵمانان لەم جۆرە کەسە ناوەستن وە مامۆستامان شێخ محمد دانی ناوە بەمەدا وە ڕوونی کردۆتەوە هاوشێوەی زانایانی ئومەت و ئیقتیداکردنیش بەوان وە کەسیشی تەکفیرنەکردوە پێش ئیقامەی حوجە و دەلیل، تەنانەت شێخمان تەوقوفی کردوە لەتەکفیرکردنی نەزانە گۆڕپەرستەکان ئەگەر کەس نەبوبێ ئاگاداریان بکاتەوە، ئەمەشە مەبەستی شێخی ئیسلام ابن تیمیە کەدەڵێ" تاکو ئەو دینەی پێغەمبەریان بۆ ڕوون دەکرێتەوە جا کاتێ ڕوون کرایەوە بەو جۆرەی دوێنراو

تێبگات ئەوکاتە بۆی ڕوونکراوەتەوە" وە بەم اعتیبارە هیچ جیاوازیەک نیە لەنێوان تبین و بین چونکە هەرکەسێ ئەو دینەی پێغەمبەری بۆ ڕونکرایەوە و کەلەڕەقی کرد و سووربوو لەسەر کارەکانی ئەوا ئیقامە حوجە کراوە جا ئەگەر پێداگریەکەی بەهۆی شوبهەش بێت هەروەکو شوبهە بۆ نەصارا و هەندێ لە موشریکانی عەرەب دروست بووبوو یاخود بەهۆی کەلەڕەقی ئینکاری و خۆبەزلزانی بێ وەک فیرعەون و قەومەکەی و زۆرێ لەموشریکانی عەرەب هەردوو ئەم صنفە حوکمی کافربونیان هەیە کاتێ ئیقامە حوجە کرابن وە مەرجیش نیە حەق بناسن وەکو جولەکە دەیننناسی بەڵکو ڕەتکردنەوەی حوجە کافیە بۆ کافرکردنیان"

وە شێخ محمد رشید رضا باسی ئەوە دەکات کەوا زۆرێ لەزانایانی نەجد جیاواز و ناکۆك بوون لەباسی فەهمی حوجە دەڵێت:" من لم يفهم الدعوة لم تقم عليه الحجة... وهذه المسألة قد اختلف فيها كبار أئمة نجد المعاصرين في مجلس عبدالعزيز آل سعود بمكة المكرمة، فكانت الحجة للشيخ ابن بليهد بأن العبرة بفهم الحجة لا بمجرد بلوغها، وأورد لهم نصاً صريحاً من كلام المحقق ابن القيم فقنعوا "مجموعة الرسائل النجدية 5/638

هەرکەسێ لەبانگەوازەکە حاڵی نەبوبێ ئیقامە حوجە نەکراوە ئەم بابەتەش گەورە پێشەوایانی نەجد خیلافیان تێدا هەبوە دەبینین هاوچەرخەکانیان

لەدانیشتنی مەلیك عبدولعەزیز ال سعود لەمەکەی موکەرەمە بەڵگە قسەی یەکلاکەرەوە لەو دانیشتنە بەدەست ابن بلیهد بوو کەبۆیانی سەلماند کە عیبرەت بەفەهمی حوجەیە نەك تەنها گەیاندنی وە دەقێکی صەریحی لەوتەکانی لێکۆڵەر ابن القیم بۆ هێنانەوە و هەمویان قەناعەتیان کرد."

هەروەها ئیمامی شافیعی دەڵێت "لله أسماء وصفات لا يسع أحدا ردُّها، ومن خالف بعد ثبوت الحجة عليه فقد كفَر، وأما قبل قيام الحجة فإنه يُعذَر بالجهل"فتح الباري لابن حجر (13/ 407).

دەڵێ: الله نەوتو نۆ ناو و سیفاتی هەیە، بۆهیچ کەسێك نیە رەتی بکاتەوە، هەرکەسێك پێچەوانەی بکات دوای کردنی ئیقامەی حوجە لەسەری ئەوا کافر ئەبێت بەڵام پێش ئیقامەی حوجە ئەوا عوذری هەیە بەجەهل.

کورانی شیخ محمد بن عبدالوهاب له رونکردنەوەی مەنهەجی شێخ دەڵێن: "ونحن لا نكفِّر إلا رجلًا عرف الحقَّ وأنكره بعدما قامت عليه الحجة، ودُعي إليه فلم يقبل، وتمرد وعاند، وما ذكر عنَّا من أنَّا نكفِّر غير من هذا حاله فهو كذب علينا"([6])،

ئێمە تەکفیری کەسێ ناکەین تەنها کەسێ نەبێ حەقی ناسیبێ پاشان ئینکاری لێ کردبێ و ئیقامەی حوجەی لەسەرکرابێ وەدەعوەی کرابێ و قبولی نەکات سەرکەشی بکات هەرشتێ لەغەیری ئەمە لەبارەی ئێمەوە بوترێت درۆیە."

پاشان دەڵێن : "فتأمل كونه رحمه الله أطلق على هذا القول أنَّه كفر ولم يتعرض لتكفير قائله، فافهم الفرق؛ لأن إطلاق الكفر على المعينالذي لم تقم عليه الحجة لا يجوز"[7].

بروانە شێخ محمد بەرەهایی بەم گوتەیەی ووت کوفرە بەبێ ئەوەی هیچ بەخاوەنەکەی بڵێ، تێبگە لەجیاوازیەکە چونکە تەکفیرکردن بەرەهایی بەسەر کەسانی دیاریکراو کاتێ ئیقامە حوجە نەکرابن جائیز نیە."

لێرەدا شیخ محمد دەڵێ تەکفیرکردنی کەسی دیاریکراو دوای ئیقامە حوجە دەبێت و وتەیەکی شێخی ئیسلام نەقل دەکات لەوبارەیەوە و ئیقراری لەسەر دەکات کەدەڵێ، : أنا من أعظم الناس نهيًا عن أن ينسب معيّن إلى تكفير، أو تبديع، أو تفسيق، أو معصية، إلا إذا علم أنه قد قامت عليه الحجة الرساليَّة التي من خالفها كان كافرًا تارة، وفاسقًا أخرى، وعاصيًا أخرى، انتهى كلامه. وهذا صفة كلامه في المسألة في كل موضع وقفنا عليه من كلامه، لا يذكر عدم تكفير المعين إلا ويصله بما يزيل الإشكال أنَّ المراد بالتوقف عن

تكفيره قبل أن تبلغه الحجة، وأما إذا بلغته الحجة حكم عليه بما تقتضيه تلك المسألة من تكفير أو تفسيق أو معصية"[8].

پاشان شيخ محمد رونی ئەکاتەوە کە هیچ کەسێ تەکفیر نەکات هەتا ئیقامە حوجەی لەسەر نەکرێ و بۆی روون نەکرێتەوە پاشان لەسەر کارەکەی بەردەوام بێ: "كذلك تمويهه على الطغام بأن ابن عبد الوهاب يقول: الذي ما يدخل تحت طاعتي كافر، ونقول: سبحانك هذا بهتانٌ عظيم! بل نشهد الله على ما يعلمه من قلوبنا بأن من عمل بالتوحيد، وتبرأ من الشرك وأهله، فهو المسلم في أي زمان، وأي مكان. وإنَّما نكفِّر من أشرك بالله في إلهيته بعدما نبين له الحجة على بطلان الشرك، وكذلك نكفر من حسنه للناس، أو أقام الشبه الباطلة على إباحته، وكذلك

من قام بسيفه دون هذه المشاهد التي يشرك بالله عندها وقاتل من أنكرها وسعى في إزالتها، والله المستعان، والسلام"[9].

دەڵێ: خەڵکێ چەواشەدەکەن گوایە شیخ محمد دەڵێ هەرکەسێ نەیاتە ژیر طاعەتی منەوە کافرە دەڵێم ئەوە پاك و بێگەردی بۆتۆ خوایە لەو بوهتانە گەورەیە بەلکو خوایە شایەدە لەناو دلمەوە ئەڵێم هەرکەسێ کاربکات بەتەوحید و تەبەرای کردبێ لەشیرك و ئەهلی شیرك ئەوە موسلمانە لەهەرشوێنێ بێت، هەروەها ئەوکەسەش تەکفیر ئەکەین کەهاوبەش بۆ الله بریاربدات لەپەرستنی

دوای ئەوەی بەڵگەی بۆ ڕوون بکەینەوە لەسەر بەتاڵی شیرك، بەهەمان شێوە ئەوکەسەشی شیرك بۆ خەڵکی برازێنێتەوە یان شوبهەی بەتاڵ بێنێەوە لەسەر حەڵاڵکردنی یان کەسێ بە سیلاحەکەی بەرگری بکات لەشیرك و شەڕ بکات لەگەل هەرکەسێ کە ئینکاری شیرك و لابردنی شیرك بکات، خوا یارمەتیمان بدات والسلام."

هەروەها شێخ محمد تەکفیرکردن پەیوەست ئەکات بەزانینەوە کەسی دیاریکراو تەکفیر ناکات تەنها دوای ناسینی حەق نەبێت هەروەك دەڵێ: "بسم الله الرحمن الرحيم، من محمد بن عبد الوهاب إلى من يصل إليه من المسلمين؛ سلام عليكم ورحمة الله وبركاته، وبعد: ما ذكر لكم عني أني أُكفِّر بالعموم، فهذا من بهتان الأعداء. وكذلك قولهم: إني أقول: من تبع دين الله ورسوله وهو ساكن في بلده أنه ما يكفيه حتى يجيء عندي، فهذا أيضًا من البهتان. إنما المراد: اتباع دين الله ورسوله في أي أرض كانت. ولكن نكفر من أقر بدين الله ورسوله ثم عاداه وصد الناس عنه، وكذلك من عبد الأوثان بعدما عرف أنها دين للمشركين وزينة للناس، فهذا الذي أُكفِّره، وكل عالم على وجه الأرض يكفّر هؤلاء، إلا رجلًا معاندًا أو جاهلًا، والله أعلم. والسلام"([10]).

لەنامەیەکی دا دەڵێ: بسم الله الرحمن الرحیم له محمدی کوری عبدالوهاب هوه بۆ هەموو ئەوانەی دەگاتە دەستیان لەموسلمانان: سلام علیکم ورحمة الله وبرکاته: باسکراوە گوایە من تەکفیری عموم ئەکەم ئەمە لەبوهتانی دوژمنانە یان گوایە من دەڵێم هەرکەسێ لە ولاتەکەی دانیشتبێ شوێنی دینی خوا و پێغەمبەر کەوتبێ هەر ئەبێ بێت بۆلای من ئەمەش بوهتانە، وە ئێمە ئەو کەسانە کافر ئەکەین کە دانیان ناوە بەدینی خوا و پێغەمبەر پاشان دوژمنایەتیان کردبێ و خەڵکیان لێ دورخستبێتەوە، هەروەها ئەوانەی بتیان پەرستبێ دوای ئەوەی زانیان ئەوە دینی موشریکانە و بچێ بیرازێنێتەوە بۆ خەڵکی ئا ئەم جۆرە کەسانەیە تەکفیری ئەکەم هەموو زانایەکیش لەسەر زەوی ئەم کەسانە تەکفیرئەکات ئیلا کەسێ نەبێ سەرکەش بێ یان نەزان بێ، والله اعلم."

هەروەها عەبدوڵای کوری محمد بن عبدالوهاب چەن وتەیەکی هەیە وتەکانی باوکی تێدا شیدەکاتەوە و پرسیاری لێ دەکەن دەربارەی کەسێ کوفرێکی لێ بەدیارکەوتبێ بەبێ مەبەستی کافربوون بەڵکو نەزان بوبێت ئایا عوذری هەیە ئەگەر ووتەبێ یان کردەوە یان تەوسول لەوەلامدا دەڵێ : "إذا فعل الإنسان الذي يؤمن بالله ورسوله ما يكون فعله كفرًا أو اعتقاده كفرًا جهلًا منه بما بعث الله به رسوله صلى الله عليه وسلم، فهذا لا يكون عندنا كافرًا، ولا نحكم عليه

بالكفر حتى تقوم عليه الحجة الرسالية التي يكفر من خالفها، فإذا قامت عليه الحجة، وبيّن له ما جاء به الرسول صلى الله عليه وسلم، وأصرَّ على فعل ذلك بعد قيام الحجة عليه، فهذا هو الذي يكفر"[11].

دەڵێ: ئینسانێ ئەگەر ئیمانی بەخوا و بەپێغەمبەرەکەی بێ کارێ بکات یان باوەرێکی هەبێ کوفربێ نەزان بێ بەو دینەی خوا، ئەم کەسە لای ئێمە کافر ناکرێ، حوکمی کوفریشی بەسەرنادەین تاکو حوجەی ریسالەی لەسەر بەرپانەکەین جا ئەگەر ئیقامەی حوجەی لەسەرکرا وە دینی پێغەمبەری بۆ روون کرایەوە و هەر سووربوو لەسەر شیرکەکەی دوای کردنی ئیقامە حوجە لەسەری ئائەم کەسەیە کە کەوا کافرئەکرێت."

بڕوانە لەم وتە روون ئاشکرایەی عبدالله ی کوری شیخ محمد کە دەڵێ دەبێ تەبلیغ و گەیاندنەکە گەیاندنێکی روون ئاشکرابێ و ئەو ئینسانە بزانێ ئەو کارەی ئەنجامی ئەدات شیرکە بەمەش ئیقامە حوجەی لەسەر دەکرێ، دەڵێ : "في أزمنة الفترات وغلبة الجهل لا يكفر الشخص المعين بذلك، حتى تقوم عليه الحجة بالرسالة، ويبيّن له، ويعرف أن هذا هو الشرك الأكبر الذي حرمه الله ورسوله؛ فإذا بلغته الحجة، وتليت عليه الآيات القرآنية والأحاديث النبوية، ثم أصر على شركه فهو كافر، بخلاف من فعل ذلك جهالة منه، ولم ينبّه على ذلك؛ فالجاهل فعله كفر، ولكن لا يحكم بكفره إلا بعد بلوغ الحجّة

إليه، فإذا قامت عليه الحجة ثم أصرَّ على شركه فقد كفر، ولو كان يشهد أن لا إله إلا الله وأن محمدا رسول الله، ويصلي ويزكي، ويؤمن بالأصول الستة"([12]).

دەڵێ: لەکاتەکانی فەترە وکاتەکانی زاڵ بونی نەزانی کەسی دیاریکراو تەکفیرناکرێت تاکو ئیقامە حوجەی ریسالەی بۆ روون نەکرێتەوە وە تێبگەیەنرێ کە ئەمە شیرکی گەورەیە و خوا و پێغەمبەر حەرامیان کردوە جا ئەگەر حوجەی پێگەیشت قورئان و فەرمودەی بۆ خوێنرایەوە پاشان هەر سووربوو لەسەر شیرکەکەی ئەوا کافرە بەپێچەوانەی کەسێ ئەو کارە شیرکەی کردبێ بەنەزانی و کەس پێی نەگوتبێ، کەسی نەزان کارەکەی کوفرە بەلام تەکفیرناکرێ ئیلا دوای ئیقامەی حوجە نەبێ جا کاتێ ئیقامەی حوجەی لەسەرکرا پاشان هەر سووربوو لەسەر شیرکەکەی ئەوا کافرئەبێ ئەگەر شایەدمانیش بێنێ و نوێژبکات و زەکات بدات و ئیمانی بە شەش ئەرکانەکەی ئیمان هەبێ."

([6]) الدرر السنية في الأجوبة النجدية (3/ 20-23).

([7]) الدرر السنية في الأجوبة النجدية (ص: 23).

([8]) الدرر السنية في الأجوبة النجدية (9/ 405).

([9]) الدرر السنية في الأجوبة النجدية (10/ 128).

([10]) الرسائل الشخصية -ضمن مؤلفات الشيخ محمد بن عبد الوهاب- (6/ 58).

([11]) الدرر السنية في الأجوبة النجدية (10/ 239).

([12]) الدرر السنية في الأجوبة النجدية (10/ 274).

هەروەها شێخ محمدی کوری عەبدولوەهاب رحمه الله دەڵێت: "فإذا كان المعيَّن يكفر إذا قامت عليه الحجة، فمن المعلوم أن قيامها ليس معناه أن يفهم كلام الله ورسوله مثل فهم أبي بكر رضي الله عنه، بل إذا بلغه كلام الله ورسوله، وخلا من شيء يعذر به، فهو كافر، كما كان الكفار كلهم تقوم عليهم الحجة بالقرآن مع قول الله: {وَجَعَلْنَا عَلَى قُلُوبِهِمْ أَكِنَّةً أَنْ يَفْقَهُوهُ وَفِي آذَانِهِمْ وَقْرًا وَإِذَا ذَكَرْتَ رَبَّكَ فِي الْقُرْآنِ وَحْدَهُ وَلَّوْا عَلَى أَدْبَارِهِمْ نُفُورًا} [الإسراء: 46]"الرسائل الشخصية -ضمن مؤلفات الشيخ محمد بن عبد الوهاب- (6/ 220).

دەڵێ: کەسی دیاریکراو تەکفیر ئەکرێت ئەگەر ئیقامەی حوجەی لەسەر بکرێت، وە زانراویشە ئیقامە کردنی حوجە لەسەری مەرج نیە بەو شێوەیە تێبگات لە کەلامی خوا و پێغەمبەر وەکو چۆن ئەبو بەکر رەزای خوای لێ بێت تێگەیشتوە، بەڵکو ئەگەر کەلامی خوا و پێغەمبەری پێگەیشت و هیچ شتێك نەما بیانووی بهێڵێ، ئەوا کافر ئەبێت، هەروەکو چۆن کافرەکان ئیقامە

حوجەئەکران بەقورئان لەگەل ئەوەشدا اللە تعالى لە حەقیان دەیفەرموو {وَجَعَلْنَا عَلَى قُلُوبِهِمْ أَكِنَّةً أَنْ يَفْقَهُوهُ وَفِي آذَانِهِمْ وَقْرًا وَإِذَا ذَكَرْتَ رَبَّكَ فِي الْقُرْآنِ وَحْدَهُ وَلَّوْا عَلَى أَدْبَارِهِمْ نُفُورًا} [الإسراء: 46]"

(کەواتە شێخ محمد بن عبدالوهاب تێگەیشتن و فەهمێ بەمەرج داننانات کە تێگەیشتنێ بێ وەکو ئەو ئیماندارانەی قەناعەتیان کردوە و وای لێکردون ملکەچ ببن نمونەی ئەبو بەکری صدیق، بەڵکو تێگەیشتنی خیطاب و مەبەستی ئایەتەکان و ماناکانیان بەمەرج دەزانێ بۆ ئیقامەی حوجە)

[فەهم دوو جۆرە:]

1- فەهمی مانای دەق و بەڵگەکان کە ئەمە مەرجە بۆ ئیقامەی حوجە چونکە اللە تعالى رونی کردۆتەوە کەوا کافران تێگەیشتوون لەبانگەوازی پێغەمبەران کە بانگەوازیان کردوە بۆ تەوحید و دوورکەوتنەوە لەشیرك وەك لێرەدا دەفەرمیت دەربارەی قەومی عاد کاتێ بەهودی پێغەمبەریان دەڵێن (قَالُوا أَجِئْتَنَا لِنَعْبُدَ اللَّهَ وَحْدَهُ وَنَذَرَ مَا كَانَ يَعْبُدُ آبَاؤُنَا ۖ فَأْتِنَا بِمَا تَعِدُنَا إِن كُنتَ مِنَ الصَّادِقِينَ) الأعراف: 70

هەروەها اللە تعالى دەربارەى كافرەكانى قوريشيش دەفەرمێت (أَجَعَلَ الْآلِهَةَ إِلَـٰهًا وَاحِدًا ۖ إِنَّ هَـٰذَا لَشَيْءٌ عُجَابٌ) ص : 5 هەروەها دەفەرمێت (إِنَّهُمْ كَانُوا إِذَا قِيلَ لَهُمْ لَا إِلَـٰهَ إِلَّا اللَّهُ يَسْتَكْبِرُونَ (35)وَيَقُولُونَ أَئِنَّا لَتَارِكُو آلِهَتِنَا لِشَاعِرٍ مَّجْنُونٍ) سورة صافات 35- 36

2- فەهمى ئەهلى ئيمان و قەبول كە ئەمە مەرج نيە

[بەهەمان شێوە السمع بيستن يش دوو جۆرە] :

1- بيستنى درك كردن: اللە تعالى ئەم جۆرە بيستنەى جێگيركردوە بۆ كافران وەك دەفەرمێت (وَإِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ آيَاتُنَا قَالُوا قَدْ سَمِعْنَا لَوْ نَشَاءُ لَقُلْنَا مِثْلَ هَـٰذَا ۙ إِنْ هَـٰذَا إِلَّا أَسَاطِيرُ الْأَوَّلِينَ) الانفال : 31

2- بيستنى قبوڵ كردن و وەڵام دانەوە: ئەم جۆرە بيستنەيە كە اللە تعالى نەفى كردوە لەكافران وەك دەفەرميت: (وَلَوْ عَلِمَ اللَّهُ فِيهِمْ خَيْرًا لَّأَسْمَعَهُمْ ۖ وَلَوْ أَسْمَعَهُمْ لَتَوَلَّوا وَّهُم مُّعْرِضُونَ) الانفال : 23.

[بەهەمان شێوە عەقڵ یش دوو جۆرە :]

1- ئەو عەقڵەوە کە بریتیە لە مناطی تەکلیف کەوا کەسی موکەلەف بەهۆیەوە دەتوانێ لەماناکان تێبگات ئەم جۆرە عەقڵە اللە تعالی جێگیری کردوە بۆ کافران وەك دەفەرمێت: ﴿ أَفَتَطْمَعُونَ أَن يُؤْمِنُوا لَكُمْ وَقَدْ كَانَ فَرِيقٌ مِّنْهُمْ يَسْمَعُونَ كَلَامَ اللَّهِ ثُمَّ يُحَرِّفُونَهُ مِن بَعْدِ مَا عَقَلُوهُ وَهُمْ يَعْلَمُونَ) سورة البقرة: 75

2- عەقڵێ کە وات لێ بکات ملکەچت بکات بۆ حەق و وەلامی بانگەوازی اللە بدەیتەوە، ئەم جۆرە عەقڵەیە اللە تعالی نەفی کردوە لەکافران وەك دەفەرمێت: (وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن ذُكِّرَ بِآيَاتِ رَبِّهِ فَأَعْرَضَ عَنْهَا وَنَسِيَ مَا قَدَّمَتْ يَدَاهُ ۚ إِنَّا جَعَلْنَا عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ أَكِنَّةً أَن يَفْقَهُوهُ وَفِي آذَانِهِمْ وَقْرًا ۖ وَإِن تَدْعُهُمْ إِلَى الْهُدَىٰ فَلَن يَهْتَدُوا إِذًا أَبَدًا) سورة الكهف: 57

[وە هیدایەتیش دوو جۆرە :]

1- هیدایەتی ڕێنمایی کردن: ئەم جۆرە هیدایەتە اللە تعالی جێگیری کردوە بۆ کافران وەك دەفەرمێت: (وَأَمَّا ثَمُودُ فَهَدَيْنَاهُمْ فَاسْتَحَبُّوا الْعَمَىٰ عَلَى الْهُدَىٰ فَأَخَذَتْهُمْ صَاعِقَةُ الْعَذَابِ الْهُونِ بِمَا كَانُوا يَكْسِبُونَ)سورة الفصلت: 17

2- هیدایەتی قبوڵ کردن و وەڵامدانەوە: ئەم جۆرە هیدایەتە اللە تعالی نەفی کردوە لەکافران وەك دەفەرمیت: (إِنَّكَ لَا تَهْدِي مَنْ أَحْبَبْتَ وَلَٰكِنَّ اللَّهَ يَهْدِي مَن يَشَاءُ ۚ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ) القصص: 56

بەرپابوونی بەڵگە لەسەر داوا لێکراوان (المکلفین):

ئەمەش بەوە ئەبێت ئەو موکەلەفە توانای فێربون و تێگەیشتنی هەبێت لە بەڵگە و پەیامی خوا.

چۆنێتی بوونی توانا بۆ فێربوونی عیلم :-

توانای بونی دوو مەرجی هەیە

1- لەروی کەسی موکەلەفەوە: مەرجە ئالەتەکانی سەلامەت بێت کە بەهۆیەوە لە خطاب تێدەگات وەك عەقل و بیستن، وە بەمەرج گیراوە بۆ گەیشتن بە خطابی شەرع توانای هەبێت بۆ گەیشتن پێی وەکو توانای سەفەرکردنی هەبێ ئەگەر لەشارەکەی خۆی عیلم نەبێت.

2- لەرووی حوجەی ریسالەوە: واتە توانای بەدەست هێنانی عیلمی شەرعی هەبێ و ئاسان بێ و بونی هەبێ کەسی موکەلەف بتوانی خۆی پێ بگەیەنێ.

حاڵەتەکانی ئەوکەسەی توانای هەیە لە داواکاردنی عیلم و زانست و فێربوون:-

1- هەوڵ بدات لەداواکردنی عیلمی واجب و پێی بگات. ئەم کەسە واجبی سەرشانی ئەنجام داوە کە بیکات.

2- هەوڵ نەدات لەداواکردنی عیلمی واجب لەسەری: ئەم کەسە کەمتەرخەمە پشتکردوە لەحەق و عوذری نیە بەجەهل.

3- هەوڵ بدات بۆ فێربونی عیلمی واجب بەڵام دوای هەوڵدانی تەنها هەندێك عیلم بەدەست بێنێ دوای گەڕان و هەوڵدان کەسی دەست نەکەوێ ئەوەی نایزانێ فێری بکات ئەوا دوو حاڵەتی هەیە:

حالەتی یەکەم: هەوڵ بدات بەڵام تەنها ئەو کەسانە پەیدابکات کە بەباطل فەتوای بۆ بدەن: لەم حالەتە عوذری هەیە و گوناحی ناگات هەروەك ابن حزم دەڵێت بڕوانە الإحكام 1/65

حاڵەتی دووەم: هەوڵی دا بەلام تەنها هەندێ لەحەقی دەست کەوت ئەم کەسەش رزگاربووە ئەوەی لەسەرێتی ئەنجامی داوە بەپێی حەدیسەکەی حوذیفەی کوڕی یەمان.

ئەو بارودۆخانەی زانایان فەرمویانە لەو شوێنانە عوذر بەجەهل تیایدا قبوڵ ناکرێ:

1- ئەو کەسەی لەداری ئیسلام و تەوحید دەژێت

2- ئەوکەسەی نەزانی هەیە لەشتێ کە هەموو خەڵکی زانا و نەزانی ئەو شوێنە لەزانینی ئەو حوکمە یەکسانن و دەیزانن وەکو زۆربەی ئەو شتانەی معلوم بالدین بالضرورة ن

ئەو بارودۆخانەی کە عوذر بەنەزانی تیایدا وەردەگیرێت:

1- کەسێك لەداری حەرب موسڵمان بوبێ کەس نەبێت فێری دینەکەی بکات

2- کەسێك تازە موسلمان بوبێ

3- کەسێ لە شوێنێکی چۆڵاوانی و دوور لەخەڵکی گەورە بوبێ

4- لەبابەتە شاراوەکان کە زیاتر زانایان دەیزانن

5- لەشوێنێ کە زانایانی گومرایی و شیرك زاڵ بەسەریدا بەپێی گومرایی فەتوا بۆ خەڵکی بدەن.

بۆ زانیاری زیاتر و سەیرکردنی زیاتری بەڵگەکانی ئەوانەی باسمان کرد بڕوانە کتێبی جامع فی طلب علم الشریف عبدالقادر عبدالعزیز بابی شەشەم لاپەرە 344 بۆ 394.

بەڵام قەولی صەحیح هەروەك شێخی ئیسلام دەڵێت عوذر بەجەهل وتەئویل قبوڵە ئەگەر لەداری ئیسلام بێت یان داری کوفر ئەگەر لەشوێنێ بێت زانایانی باوڕپێکراوی لێ بێت یان شوێنێ بێت زانایانی لێ نەبێت.

باسی چوارەم

[بنەماکانی تێگەیشتن لە ووتەکانی زانایان و بڕیاردان لەسەر کەس و ڕوداوەکان]

ئەوانەی بەنەزانی بەناوکەوتون و دوو کەلیمە لێرەولەوێ ئەبینن کە موافقی بیدعەکەیان بێت بەپەلە ئەچن بڵاوی ئەکەنەوە وئەیکەن بەدین و موخالیفەکانیانی پێ تەکفیر وتفسیق و تبدیع ئەکەن بەبێ ئەوەی شارەزای عورف و ئوصول و مەنهەجی زانایان بن و جەمعی وتەکانیان کردبێت، هەروەك ابن القيم رحمه الله دەڵێت:" ومن أفتى الناس بمجرد المنقول في الكتب ؛ على اختلاف عرفهم وعوائدهم ، وأزمنتهم وأمكنتهم وأحوالهم و قرائن أحوالهم ، فقد ضلَّ وأضل.."إعلام الموقعين(3/370).

دەڵێ:" هەرکەسێك فەتوا بدات بۆ خەڵکی تەنها بەپێی ئەوەی لەکتێبەکاندا نەقڵ کراوە، لەگەڵ بونی جیاوازی لەنێوان عورف و عادات و کات و شوێن و بارودۆخی ئەو فەتوا و قسانەی تیایدا کراوە بەبێ ڕەچاوکردنی ئەوشتانە و قیاس کردنی بەهەمان بارودۆخ ئەوا هەم خۆت گومڕا دەکەیت و هەم خەڵکیش گومڕا دەکەیت."

شێخی ئیسلام ابن تەیمیە دەڵێت:" وأخذ مذاهب الفقهاء من الإطلاقات من غير مراجعة لما فسروا به كلامهم وما تقتضيه أصولهم يجر إلى مذاهب قبيحة "الصارم المسلول ص280

دەڵێ:" وەرگرتنی مەزهەبی شەرعزانان لە ووتە گشتیەکانیانەوە بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەو وتانەی وتە گشتیەکانیان لێ ڕوون کردۆتەوە هەروەها بەبێ گەڕانەوە بۆ بنچینەکانیان سەردەکێشێت دروست بونی چەندین مەزهەبی ناشرین و قەبیح."

هەروەها دەڵێت " وحمل كلامه على خلاف المعنى الذي قد عرف أنه يريده بذلك اللفظ يجعل كلامه متناقضاً، ويترك كلامه على ما يناسب سائر كلامه ، كان ذلك تحريفاً لكلامه عن موضعه وتبديلاً لمقاصده وكذباً عليه"الجواب الصحيح (4/44).

دەڵێ: تەفسیرکردنی وتەی زانایەك بەپێچەوانەی ئەو مانایەی کەزانراوە کەمەبەستیەتی لەو لەفزە ئەمە وادەکات وتەکانی دژ بەیەک دەربکەوێ ئائەم کارە بەتەحریف دادەنرێت لەوتەی ئەو زانایە وە گۆڕینی مەبەستەکەیەتی و درۆکردنە بەدەمیەوە."

چۆنیتی ناسینەوەی موحکەم و موتەشابیە لەوتەی زانایان ؟

موحەکەم : ئەوەیە کە تەنها یەك مانا ئەدات، بەڵگەش لەسەر ئەمە بەوە ئەبێ زاناکە خۆی بڵێت ئەمە مەزهەبی منە یاخود بەوەی بیکاتە بنچینەیەك اقراری لەسەر بکات و بڵێ ئەمە بنیاتنراوە لەسەر فلاّنە بنچینە و فلاّنە بنچینە، یاخود بەوە زۆرینەی وتەکانی لەسەر هەمان مەبەست کە لەچەندین شوێنی جیاواز

هاتبێ و مانای هەمویان یەك مانا بێ، یان باسی ئیجماع بكات لەسەری جا نەقڵی ئیجماعەكەی ڕاست بێ یان نا، یاخود قوتابیەكانی نەقڵی وتەكانی بكەن و بڵێن ئەمە مەزهەبی مامۆستاكەمان بوە.

موتشابیە : بریتیە لەو وتەیەی زیاتر لەیەك مانا دەبەخشێت بەڵگەش بۆ ناسینەوەی ئەوە، وتەكانی لەسەر مصطلح ێ بسوڕێتەوە لەكتێبە جیاوازەكانی ئەو زانایە بەمانای جیاواز هاتبێ و لەمیانەی سیاقی وتەكانیدا هیچ قەرینەیەك نەبێ تەرجیحی هیچیان بكرێ بەسەر هیچیانەوە یان بەموخالەفەكردنی موحكەمێكی سابت كە بەو بەڵگانەی موحكەمەكان سەلما كە موحكەمە نەك بەهەوەس و ئارەزوو.

بەهیچ شێوەیەك ناشێت وتەی هیچ زانایەك لەسەر مانایەكی دیاریكراو دابنەی وبڵێی ئەوە لەوتە موحكەمەكانێتی لەكاتێكدا هەمان زانا تەبەڕا بكات لەو مانایە لەشوێنێكی تر یاخود قوتابیەكانی تەبڕابكەن كەلەسەر ئەوشتە بوبێ.

شێخی ئیسلام ابن تەیمیە بۆمان ڕون ئەكاتەوە و دەڵێ هۆكاری پێكداگیرانی خەڵكی سەبارەت بەوتەكانی سەلەف دەگەڕێتەوە بۆ پێداگیرانی خەڵكی لەتێگەیشتنیان بۆ دەقە شەرعیەكان هەروەك دەڵێ:" وحقيقة الأمر أنهم أصابهم في ألفاظ العموم في كلام الأئمة ما أصاب الأولين في ألفاظ العموم في نصوص الشارع. "(12/487)

هەروەها دەڵێت: قد قررته أيضاً في أصل التكفير والتفسيق المبني على أصل الوعيد أو هو من الوعيد فإن نصوص الوعيد التي في الكتاب والسنة ونصوص الأئمة بالتكفير وتفسيق ونحو ذلك لا يستلزم ثبوت موجبها في حق المعين إلا إذا وجدت الشروط وانتفت الموانع ، لافرق في ذلك بين الأصول و الفروع . هذا في عذاب الأخرة فإن المستحق للوعيد من عذاب الله ولعنته وغضبه في دار الأخرة خالد في النار أو غير خالد ، وأسماء هذا ضرب من الكفر والفسق يدخل في هذا القاعدة سواء كان بسبب بدعة اعتقادية أو عبادية أو بسبب فجور في الدنيا وهو الفسق بالأعمال، فأما أحكام الدنيا فكذلك أيضاً فإن جهاد الكفار يجب أن يكون مسبوقاً بدعوتهم إذ لا عذاب إلا على من بلغته الرسالة وكذلك عقوبة الفساق لا تثبت إلا بعد قيام الحجة"مجموع الفتاوى(10/372).

دەڵێ: سەلماندومە كە بنچینەی تەكفیر و تەفسیق بنایتناوە لەسەر بنچینەی هەڕەشەكان، چونكە دەقەكانی ئەو هەڕەشەكردنانەی لە قورئان و سونەت هاتوون هەروەها ئەو دەقانەی لە وتەكانی پێشەوایان سەبارەت بەكافركردن و فاسق كردن هاوشێوەكانی مانای وانیە ڕاستەوخۆ جێگیربێت لەسەر كەسانی دیاریكراو تەنها كاتێ نەبێت مەرجەكانی هەبن و ڕێگریەكانی نەمابن هیچ جیاوازیش نیە لەمەدا ئوصول و له فروع .

ئەما لەسزای قیامەت ئەوانەی شایستەی هەڕەشەی خوابن لەسزا و لە لەعنەت و لەغەزەب گرتن لەڕۆژی دوایی جا بەنەمری لەئاگر بمێننەوە یان نا ، ناوی ئەم بنچینەیەش داخلی ئەم قاعیدەیە دەبێت جا بەهۆی بیدعەیەکی عەقیدەیی بێ یان عیبادەتی یان بەهۆی فوسق و فجور بێت، هەروەها حوکمەکانی دونیاش هەروایە، بۆ نموونە جیهادی کافران دەبێ سەرەتا دەعوەیان کرابێ چونکە سزا بۆ هیچ کەسێ نیە تەنها کەسێ نەبێ کە ڕیسالەی پێگەیشتبێ بەهەمان شێوە کەسانی فاسقیش سزا نادرێن تاکو حوجەیان پێ نەگات."

باسی پێنجەم

هۆکاری دروست بوونی خیلاف لەنێوان زانایان دەربارەی عوذر بەجەهل وە ئایا تەکفیری گشتی و عام تەکفیری معین و دیاریکراو ئەگرێتەوە

شێخی ئیسلام ابن تەیمیە -رحمە اللە- وەڵامان ئەداتەوە و دەڵێت :

أن دلالة العام لا تستلزم العموم في الأحوال خلافاً لجمهور متكلمة الأصوليين وأنه ينسب ذلك للسلف وينفي وجود خلافه في لسان العرب.

دەڵێ: بەڵگە گشتیەکان گشتی بوونی تاك بەتاکی کەسەکان ناگرێتەوە و نایخوازێت، ئەمەش وتەی سەلەفە و موافقی زمانی عەرەبە، بەپێچەوانەی جەماوەری موتەکلیمین ی ئوصولیەکان کە دەڵێن بەڵگە و دیلالەتە گشتییەکان گشتی بونی هەموو کەسەکان دەگرێتەوە واتە تاك بەتاکی کەسانی دیاریکراو" کەواتە لەم ڕوەوەیە کە دەقە گشتیەکانی تەکفیر لەنصوصە شەرعیەکان هاتوون، دەیلکێنن بەسەر ئەنجامدەرانی کوفر بەشێوەی دیاریکراو، و قاعیدەی ئەم دابەزاندن و لکاندنە دەگەڕێتەوە بۆ جمهوری متکلمینی ئوصولیەکان کەپێچەوانەی بنچینەی سەلەف و پێشەوایانی ئومەتە وە لەزمانی عەرەب بەم شێوەیە بەکارنەهاتووە، هەروەك شێخی ئیسلام ڕوونی دەکاتەوە لە "گەیلانیە"

دەڵێت "دەقەکانی هەڕەشە و تەکفیرکردن لەقورئان و سونەت هەروەها لەدەقەکانی هەڕەشە و تەکفیرکردن لەوتەی سەلەفی ئومەت پێویستە بەشێوەیە گشتیەکەی موطلەق بونەکەی جێ بەجێ بکرێ، هەروەك الله تعالى دەفەرمێت و هەڕەشە دەکات لەبارەی ئەوانەی ((مالّی هەتیوان دەخۆن بەناحەق لەڕاستیدا ئاگر دەخۆن و دەخرێنە ئاگرەوە))ئەم دەقانە لەسەر اطلاق و عمومەکەیەتی و گشتیە، هەروەها ئەوانەی بەهەڵەداچوون لەگێڕانەوەی مەزهەب و وتەی پێشەوایان: لەوتە گشتیەکانیان بەهەڵەداچوونە، وەکو چۆن فیرقە گومڕاکانی سەرەتای ئیسلام لەوتە گشتیەکانی قورئان و سونەت بەهەڵەداچوون، هەروەها شێخی ئیسلام دەربارەی ئەو کەسانەی ئیمام ئەحمەد بەدیاری کراوەیی تەکفیریانی نەکردوە دەڵێت، بەهۆی ئەوەیە کە ئەو کەسانە مەرجەکانیان لەسەر جێبەجێ نەبوە و ڕێگریەکانیان لەسەر لانەچووە، لەگەڵ ئەوەشدا تەکفیرکردنیان بەشێوەی گشتی فەرمووە و بەکارهێناوە، وەکو حوکمێکی ڕەها، پاشان دەڵێت" تەکفیری عام و گشتی وەکو هەڕەشە گشتیەکان وایە پێویستە بەڕەهایی و بەگشتێتی بەکاربهێنرێ

هەروەك شێخی ئیسلام له منهاج السنة 154/5 دەڵێت:

"وثبت عنه في الصحيح أن رجلا كان يشرب الخمر وكان النبي صلى الله عليه وسلم كلما أتي به إليه جلده الحد فأتي به إليه مرة فلعنه رجل وقال: ما أكثر ما يؤتى به، النبيَّ صلى الله عليه وسلم فقال : "لا تلعنه فإنه يحب الله

ورسوله"، فنهى عن لعن هذا المعين المدمن الذي يشرب الخمر وشهد له بأنه يحب الله ورسوله مع لعنة شارب الخمر عموما، فعلم الفرق بين العام المطلق والخاص المعين

دەڵێ: پیاوێك عارەقی دەخوارد هەركاتێ بهێنرایە بۆ لای پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم جەلدی لێ ئەدرا جارێكیان هێنایان، پیاوێك لەعنەتی لێكرد وتی ئەمە چیە ئەوەنە ئەیهێنن، پێغەمبەریش فەرموی: لەعنەتی لێ مەكە چونكە خوا و پێغەمبەری خۆش ئەوێ، نەهی لێكرد ئەم كەسە دیاریكراوە كە عارەقی خواردوە لەعنەتی لێ بكرێ و لەبەرامبەردا شایەدی بۆ دا كە خوا و پێغەمبەری خۆش ئەوێ لەگەڵ ئەوەشی لەعنەت كراوە لەعارەق خۆر بەشێوەیە گشتی، بەوەدا زانیمان جیاوازی كردن لەنێوان "عامی موطلق"و "خاصی معین" گشتی ڕەها و كەسی دیاریكراوی تایبەت."

هەروەها دەڵێت منهاج السنة 179/4:

"وقد بسط الكلام على ذلك في مواضع، وبين أن ما دل عليه ظاهر القرآن حق وأنه ليس بعام مخصوص، فإنه ليس هناك عموم لفظي وإنما هو مطلق كقوله تعالى (فاقتلوا المشركين) فإنه عام في الأعيان مطلق في الأحوال، وقوله (يوصيكم الله في أولادكم) عام في الأولاد مطلق في الأحوال، ولفظ الظاهر يراد به ما قد يظهر للإنسان، وقد يراد به ما يدل عليه اللفظ، فالأول يكون

بحسب فهوم الناس، وفي القرآن مما يخالف الفهم الفاسد شيء كثير، وأما الثاني فالكلام فيه" اهـ

كلامه، ويوجد أيضا في مجموع الفتاوى 165/20-166.

دەڵێ: دەربارەی ئەم باسە بەدرێژی باسکراوە لەچەندین، کە ئەوەی ڕوانّەتی قورئان دەیخوازێت حەقە، بەڵام عامی مخصوص نیە بەدیاریکراوەیی نیە، چونکە لەقورئاندا عمومی لەفزی نیە، بەڵکو موطلق و ڕەهایە دەربارەی کەسەکان، الله تعالى دەفەرمێت(يوصيكم الله في أولادكم) ئەمە بۆ منانّەنە بەگشتی موطلق و ڕەهایە دەربارەی کەسەکان واتە بەدیاریکراوەیی نیە، لەفزی زاهیر مەبەست لێی ئەوەیە کە دەردەکەوێت بۆ ئینسان، هەندێ جاریش مەبەست لێی ئەوەیە کە لەفزەکە دەیخوازێت، یەکەمیان بەپێی تێگەیشتنەکانی خەڵکیە خەڵك وەکو یەك نین لەتێگەیشتنی، لەقورئاندا ئەوەی پێچەوانەی تێگیشتنی فاسید هاتووە زۆرن..."

هەروەها دەڵێت المنهاج 218/4-220:

"الوجه الثامن أن يقال هب أن لفظ الآية عام فإنه خص منها الولد الكافر والعبد والقاتل بأدلة هي أضعف من الدليل الذي دل على خروج النبي صلى الله عليه وسلم منها فإن الصحابة الذين نقلوا عنه أنه لا يورث أكثر وأجل من الذين نقلوا عنه أن المسلم لا يرث الكافر وأنه ليس لقاتل ميراث وأن من باع عبدا وله مال فماله للبائع إلا أن يشترطه المبتاع..."،

دەڵێ: ڕوی هەشتەم وادابێ لەفزی ئایەتەکە عام بێت، بەڵام ئەوەتا تایبەت کراوە بەمناڵی کافر و کۆیلە و قاتیل، بەبەڵگەی لاوازتر لەو بەڵگانەی کە دەلالەت دەکەن لەسەر ئەوەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لێی دەرچووە چونکە ئەو صەحابانەی کە لە رسول الله هوە نەقلیان کردوە کەوا کافر میراتی لێ ناگیرێ زۆر زیاترە لەو نەقلانەی کە دەڵێ موسڵمان کافر میراتی لێ نابات وە هەروەها ئەو دەقانەی کە دەڵێ بۆ پیاوکوژ میرات نیە، وە هەرکەسێ بەندەیەك بفرۆشێ و ماڵی هەبێ ماڵەکەی بۆ فرۆشیارەکەیە تەنها ئەگەر بەمەرجیان دانابێ کە بۆ کریارەکە بێت.

پاشان دەڵێت :

"... والتخصيص بالنص المستفيض والإجماع متفق عليه ومن سلك هذا المسلك يقول: ظاهر الآية العموم لكنه عموم مخصوص، ومن سلك المسلك الأول لم يسلم ظهور العموم إلا فيمن علم أن هؤلاء يرثونه، ولا يقال إن ظاهرها متروك بل نقول لم يقصد بها إلا بيان نصيب الوارث لا بيان الحال التي يثبت فيها الإرث، فالآية عامة في الأولاد والموتى مطلقة في الموروثين، وأما شروط الإرث فلم تتعرض له الآية بل هي مطلقة فيه لا تدل عليه بنفي ولا إثبات، كما في قوله تعالى (فاقتلوا المشركين حيث وجدتموهم) عام في الأشخاص مطلق في المكان والأحوال.

دەڵێت: تایبەت کردن بەدەق زۆر و ئیجماع ئیتیفاقی لەسەرە، هەرکەسێك ئەم ڕێچکەیە بگرێت دەڵێت: زاهیری ئایەتەکە گشتیە بەلام گشتیەکی تایبەتکراو، بەڵام ئەوانەی ڕێچکەی یەکەم بگرن زاهیربونی گشتیەکەیان بۆ ناسەلمێت تەنها مەگەر بزانن ئەو کەسانە میرات نابەن،

ناوتڕ ڕواڵەتەکەی وازلێهێنراوە بەڵکو دەڵێین مەبەست لێی ئەوەیە میرات بەرەکان رونبکاتەوە نەك ئەو حاڵەتانەی میراتبردنی پێ دەچەسپێت، ئایەتەکە گشتیە بۆ منالان و مردوە تەڵاقدراوەکان لە میراتەکانیان، بەلام مەرجەکانی میرات لێ گرتن ئایەتەکە باسی لێ نەکردوە بەڵکو ڕەهایە و باسی نەکردوە نە بەنەفی و نەبە جیگیرکردن، هەروەك ئەم ئایەتە(فاتلوا المشرکین حیث وجدتموهم) موشریکان بکوژن لەهەرکوێ دەستگیرتان کردن، ئەم ئایەتە عامە دەربارەی کەسەکان بەڵام بەڕەهایی هاتوە سەبارەت بە شوێن و حاڵەتەکان.

هەروەها لە مجموع الفتاوی 231-230/3 دەڵێت: "وَكُنْت أُبَيِّنُ لَهُمْ أَنَّمَا نُقِلَ لَهُمْ عَن السَّلَفِ وَالْأَئِمَّةِ مِنْ إطْلَاقِ الْقَوْلِ بِتَكْفِيرِ مَنْ يَقُولُ كَذَا وَكَذَا فَهُوَ أَيْضًا حَقٌّ، لَكِنْ يَجِبُ التَّفْرِيقُ بَيْنَ الْإِطْلَاقِ وَالتَّعْيِينِ. وَهَذِهِ أَوَّلُ مَسْأَلَةٍ تَنَازَعَتْ فِيهَا الْأُمَّةُ مِنْ مَسَائِلِ الْأُصُولِ الْكِبَارِ وَهِيَ مَسْأَلَةُ الْوَعِيدِ، فَإِنَّ نُصُوصَ الْقُرْآنِ فِي الْوَعِيدِ مُطْلَقَةٌ كَقَوْلِهِ (إنَّ الَّذِينَ يَأْكُلُونَ أَمْوَالَ الْيَتَامَى ظُلْمًا) الْآيَةَ وَكَذَلِكَ سَائِرُ مَا وَرَدَ: مَنْ فَعَلَ كَذَا فَلَهُ كَذَا. فَإِنَّ هَذِهِ مُطْلَقَةٌ عَامَّةٌ. وَهِيَ بِمَنْزِلَةِ قَوْلِ مَنْ قَالَ

مِن السَّلَفِ مَنْ قَالَ كَذَا: فَهُوَ كَذَا. ثُمَّ الشَّخْصُ الْمُعَيَّنُ يلتغي حُكْمُ الْوَعِيدِ فِيهِ: بِتَوْبَةٍ أَوْ حَسَنَاتٍ مَاحِيَةٍ أَوْ مَصَائِبَ مُكَفِّرَةٍ أَوْ شَفَاعَةٍ مَقْبُولَةٍ، وَالتَّكْفِيرُ هُوَ مِن الْوَعِيدِ" اهـ.

دەڵێت: من بۆم رون ئەکردنەوە ئەو نەقڵانەی هاتووە لەسەلەفەوە دەربارەی ئیطلاقی وتنی کافرکردن کە هەرکەسێ ئاوا بڵێ و ئاوا بڵێ کافرە ئەمە حەقە، بەڵام پێویستە جیاوازی بکرێت لەنێوان تەکفیرکردنی رەها و دیارکراو، ئەم بابەتەش یەکەم بابەت بوو کە ئومەت ناکۆکیان لەسەر دروست کرد لەبابەتە گەورەکان ئەمەش بابەتی هەڕەشەکانە، چونکە نەصەکانی قورئان لە هەرەشەکان ڕەهایە وەك دەفەرمیت(ئەوانەی مالّی یەتیمان دەخۆن بە ستەم)، هەموو ئەوانەی بەم شێوە هاتوون، هەرکەسێ ئاوا بکات ئەوە ئاوایە ، ئەم دەربینانە موتەڵەق و عامن، وەك ئەو وتانەی سەلەفە کە دەڵێن، هەرکەسێ وابڵێ ئەوە ئاوایە، بەڵام کەسی دیاریکراو ئەو هەرەشەیە لەسەری هەڵدەوەشێتەوە بەتەوبە یان بەو چاکانەی گوناحەکان دەسڕنەوە یان بەو بەڵاو ناخۆشیانەی دێنە سەری یان بەشەفاعەتی شەفاعەتکاران،وە کافرکردیش لەهەرەشەکانە.

هەروەها دەڵێت لە مجموع الفتاوى 60/6: "فإن القول الصدق إذا قيل فإن صفته الثبوتية اللازمة: أن يكون مطابقًا للخبر ، أما كونه عند المستمع معلومًا، أو مظنونًا، أو مجهولاً، أو قطعيًّا، أو ظنيًّا، أو يجب قبوله، أو يحرم، أو يكفر جاحده، أو لا يكفر؛ فهذه أحكام عملية تختلف باختلاف الأشخاص والأحوال؛ فإذا رأيت إمامًا قد غلظ على قائل مقالته، أو كفَّره فيها، فلا يعتبر هذا حكمًا عامًّا في كلِّ مَن قالها، إلاّ إذا حصل فيه الشرط الذي يستحق به التغليظ عليه والتكفير له؛ فإنّ مَن جحد شيئًا من الشرائع الظاهرةوكان حديث العهد بالإسلام، أو ناشئًا ببلد جهل لا يكفّر حتى تبلغه الحجة النبوية.

دەڵێت: قەولی راست کاتێ بوترێت سیفەتێکی جێگیری پەیوەست بوی هەیە: هاوشێوەی هەواڵ پێدانەکەیە، بەڵام ئەو قەولە ئایا لای بیسەر زانراوە یان جێگای گومانە یان نەزانراوە یان زەنیە یان پێویستە قبوڵ کردنی یان حەرامە قبول کردنی، یان نکۆڵی کار لێی کافرئەبێ یان کافر نابێ ئەمانە ئەحکامی کردەوەیین لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر ئەگۆرێ لەبارودۆخێ بۆ بارودوخێکی تر ئەگۆرێ، جا ئەگەر ئیمامێ ببینی لەسەر خاوەن قسەیەك بەتوندی قسە بکات یان تەکفیری بکات ئەمە مانای ئەوەنیە ئەوە حوکمێکی گشتی بێ بۆ هەرکەسێ کە ئەو قسەیە بکات، تەنها لەحاڵەتێکدا مەرجەکان تێدابێ کە شایستەبێت قسەی توندی لەسەر بکرێت و تەکفیربکرێت، وە

ئەگەر نکۆڵی کرد لە حوکمە ئاشکرا و دیارەکانی ئیسلام و تازە موسڵمان بووبوو یان لەوڵاتی جەهل گەورەبووبوو، ئەوا کافر ناکرێت تاکو حوجەی ریسالەی پێ نەگەیەنرێ.

کەواتە شێخی ئیسلام لەم ووتانە روونی کردەوە وسەلماندی

شێوازەکانی گشتی و عموم بریتیە لە عمومی مطلق و رەها نەك عمومی لەفزی، ئەصلەن عمومی لەفزی نیە لە دەلالەتی لەفزەکان بەو مانایەی عموم مانای ئەوەبێ هەموو کەسە دیاریکراوەکان و حاڵەتەکان پێکەوە بگرێتەوە، شێخی ئیسلام بوونی عمومی ئەحوال رەت ئەکاتەوە و دەڵێت شێوازەکانی عموم مطلەقن لەحاڵەتەکان، حاڵەتەکانیش بریتین لە مەرجەکان و رێگریەکان، واتە گشتی دەقەکان لەکەسە دیاریکراوەکان ناچەسپێ تەنها دوای جێ بەجێ بونی مەرجەکان و لابردنی رێگریەکان نەبێت، چونکە ئەو رێگریانە بەنەصی تر چەسپاوە و بۆتە رونکراوە بۆ ئەو نەصە گشتیە، نەك دژی ئەو نەصە گشتیە بێت یان حوکمەکەی لابردبێ، هەروەك لەمەسەلەی خاص هەیە لەگەل عام لەدیاریکراوەکان، کەواتە عام گشتی بوون ناخوازێت لە ئەحوال.

وەشێخی ئیسلام ابن تەیمیە دەڵێت " وحقيقة الأمر أنهم أصابهم في ألفاظ العموم في كلام الأئمة ما أصاب الأولين في ألفاظ العموم في نصوص الشارع كلما رأوهم قالوا: من قال كذا فهو كافر، إعتقد المستمع أن هذا اللفظ شامل لكل

من قاله ولم يتدبروا أن التكفير له شروط و موانع قد تنتفي في حق المعين، وأن التكفير المطلق لا يستلزم تكفير المعين إلا إذا وجدت الشروط وانتفت الموانع" الفتاوى ج١٢ (٤٨٧- ٤٨٨).

هەروەها ئەوانەی بەهەڵەداچوون لەگێڕانەوەی مەزهەب و وتەی پێشەوایان: لەوتە گشتیەکانیان بەهەڵەداچوونە، وەکو چۆن فیرقە گومڕاکانی سەرەتای ئیسلام(خەوارج) لەوتە گشتیەکانی قورئان و سونەت بەهەڵەداچوون، هەر ئایەت و حەدیسێکیان بەدیبایە بڵێت هەرکەسێك ئاوا بڵێت ئەوە کافرە ئەو خەوارجانە وایان ئەزانی ئەم لەفزە هەموو کەسێك ئەگرێتەوە ئەگەر ئەو قسەیە بکات، بیریان لەوە نەئەکردەوە کە تەکفیرکردن مەرج و ڕێگری هەیە، ئەشێت لەکەسێکی دیاریکراو ڕێگریەکان نەبن، بەڵام لەکەسێکی تر هەبن، وە بیریان نەکردۆتەوە لەوەی کە تەکفیری موتڵەق و ڕەها مانای تەکفیرکردنی کەسانی دیاریکراو نیە ، تەنها کاتێك نەبێت ئەو کەسە دیاریکراوانە مەرجەکانیان تێدا هاتبێتەدی و کۆسپەکانیان لەسەر نەمابێت."

ابنُ أبي العِزِّ دەڵێت : (اعلَمْ -رحمك اللهُ وإيَّانا- أنَّ بابَ التكفيرِ وعَدَمِ التكفيرِ: بابٌ عَظُمَت الفتنةُ والمحنةُ فيه، وكَثُر فيه الافتراقُ، وتشَتَّتَت فيه الأهواءُ والآراءُ، وتعارضت فيه دلائِلُهم؛ فالنَّاسُ فيه في جنسِ تكفيرِ أهلِ المقالاتِ والعقائِدِ الفاسِدةِ المخالِفةِ للحَقِّ الذي بعَث اللهُ به رسولَه في نفسِ الأمرِ، أو

المخالِفةِ لذلك في اعتقادِهم؛ على طَرَفينِ ووَسَطٍ، مِن جِنسِ الاختلافِ في تكفيرِ أهلِ الكبائِرِ العَمَليَّةِ... إذا كان القَولُ في نَفْسِه كُفرًا، قيل: إنَّه كُفرٌ، والقائِلُ له يَكفُرُ بشُروطٍ وانتفاءِ موانِعَ،)يُنظر: ((شرح الطحاوية)) (2/ 432-437).

دەلێت: بزانە اللە رەحم بەتۆ و ئێمە بکات_ بابەتی تەکفیرکردن و تەکفیرنەکردن: بابەتێکە فیتنەی گەورە و بەڵای گەورەی دروست کردوە، بەهۆیەوە چەندین فیرقە دروست بووە بەهۆیەوە چەندین بیربۆچوونی جیاواز هاتۆتە ئاراوە کەبەڵگەکان تێکگیراون...جا ئەگەر قسەیەك لەخودی خۆیدا کوفر بێت، دەوترێ کوفرە بەڵام خاوەن قسەکە کافرنابێت تەنها بەمەرجەکان و لابردنی رێگریەکان نەبێت.

ابنُ الهمام دەڵێت : (اعلَمْ أنَّ الحُكمَ بكُفرِ مَن ذَكَرْنا من أهلِ الأهواءِ مع ما ثبت عن أبي حنيفةَ والشَّافعيِّ -رَحِمَهم اللهُ- من عدمِ تكفيرِ أهلِ القِبلةِ مِن المبتَدِعةِ كُلِّهم: مَحمَلُه أنَّ ذلك المعتَقَدَ نَفْسَه كُفرٌ، فالقائِلُ به قائِلٌ بما هو كُفرٌ، وإن لم يَكفُرْ بناءً على كَونِ قَولِه ذلك عن استفراغِ وُسْعِه، مُجتَهِدًا في طَلَبِ الحَقِّ) يُنظر: ((فتح القدير)) (351/1).

دەڵێت: بزانە حوکمدان دەربارەی ئەوانەی باسمانکرد لە ئەهلی ئەهواء لەگەل ئەوەی جێگیربوە لە ئەبو حەنیفە و شافیعی ڕەحمەتی خوایان لێ بێ کە تەکفیر هیچ یەکێ لە ئەهلی بیدەع ناکەن، مەبەستیان ئەوەیە و بەو شێوەیە لێك ئەدرێتەوە ئەو عەقیدانە کوفرن ئەوکەسەشی ئەو قسانەی کردوە کوفری گوتوە، ئەگەرچی تەکفیریش نەکرێ بەهۆی قسەکەی مادام هەرئەوەنەی لەتوانابووە بیزانێ و هەولیدابێ لەداواکردنی حەق.

هەروەها شێخ مُحَمَّدُ بنُ عبدِ الوَهَّابِ - رحمه الله- دەڵێت: (مسألةُ تكفيرِ المُعَيَّنِ مسألةٌ معروفةٌ، إذا قال قولًا يكونُ القَوْلُ به كُفرًا، فيقال: من قال بهذا القَوْلِ، فهو كافِرٌ، لكِنَّ الشَّخصَ المُعَيَّنَ إذا قال ذلك، لا يُحكَمُ بكُفرِهِ حتى تقومَ عليه الحُجَّةُ التي يَكفُرُ تارِكُها)يُنظر: ((الدرر السنية)) (432/10).

دەڵێت: بابەتی تەکفیرکردنی کەسی دیاریکراوە بابەتێکی زانراوە، ئەگەر کەسێ قسەیە بکات کوفربێت، دەوترێ هەرکەسێ ئەم قسەیە بکات ئەوا کافرە، بەلام کەسی دیاریکراو ئەگەر ئەو قسە کوفریە بڵێت، حوکم نادرێت بەکافربونی تاکو ئیقامەی حوجەی لەسەر نەکرێت.

الأصبهانيُّ دەڵێت: (مشايخُ أهلِ الحديثِ قد أطلقوا القولَ بتكفيرِ القَدَريَّةِ، وكَفَّروا من قال بخَلقِ القُرآنِ، وقال جماعةٌ من العُلَماءِ: قد نُطلِقُ الكَلِمةَ على الشَّيءِ لنوعٍ من التمثيلِ، ولا يُحكَمُ بحقيقتِها عند التفصيلِ)يُنظر: ((الحجة على تارك المحجة)) (552/2).

دەڵێت: زانایانی ئەهلی حەدیس بەگشتی تەکفیری قەدەریەکانیان کردوە، وە بەگشتی تەکفیری هەرکەسێکیان کردوە کە بڵێ قورئان مەخلوقە، کۆمەڵێ لەزانایان دەڵێن: قسەیەك بەگشتی بەسەر شتێکدا دەدەین وەکو نمونە هێنانەوە نەك مەبەستی راستیەکەی لەکاتی تەفصیل دا.

شيخ الإسلام ابن تيميَّة رحمه الله دەڵێت: "إنَّ التكفير له شروط وموانعُ، قد تنتفي في حقِّ المعيَّن، وإن تكفير المطلَق لا يستلزم تكفيرَ المُعَيَّن، إلاَّ إذا وُجِدَتِ الشروط، وانتفتِ الموانع، يُبَيِّن هذا أنَّ الإمام أحمدَ وعامَّة الأئمة الذين أطلقوا هذه العمومات - أي: مَن قال أو فعل كذا، فقد كفر - لم يُكَفِّروا أكثر مَن تَكَلَّم بهذا الكلام بعينِه. فإنَّ الإمام أحمد مثلاً قد باشَرَ الجهميَّة الذين دعَوه إلى خَلْق القرآن، ونفْيِ الصفات، وامتحنوه وسائرَ علماء وقته، وفتنوا المؤمنينَ والمؤمنات الذين لم يوافقوهم على التَّجَهُّم بالضرب، والحبس، والقتل، والعزل عنِ الولايات، وقَطْع الأرزاق، ورَدِّ الشهادة، وترك تخليصهم من أيدي العدو،

بحيث كان كثيرٌ مِن أولي الأمر إذ ذاك منَ الجهميَّة - مِنَ الولاة والقضاة وغيرهم - يُكَفِّرُون كلَّ مَن لم يكنْ جَهْمِيًّا موافقًا لهم على نَفْيِ الصفات، مثل القول بِخلْق القرآن، ويحكمون فيه بِحُكْمِهم في الكافر. ثم إنَّ الإمام أحمد دعا للخليفة وغيره ممن ضَرَبَه وحبسه، واستغفرَ لهم، وحَلَّلهم مما فعلوه به من الظلمِ والدعاءِ إلى القول الذي هو كُفر، ولو كانوا مرتدينَ عنِ الإسلام، لم يَجُز الاستغفار لهم، فإنَّ الاستغفار للكُفَّار لا يجوز بالكتاب والسُّنَّة والإجماع، وهذه الأقوال والأعمالُ منه ومِن غيره منَ الأئمة صريحةٌ في أنهم لم يُكَفِّروا المُعَيَّنينَ مِنَ الجَهْميَّة الذين كانوا يقولون: إنَّ القرآن مخلوقٌ، وإنَّ الله لا يُرَى في الآخرة، وقد نُقِل عن أحمد ما يدلُّ على أنه كَفَّر به -أي: بقول الجهميَّة وعقيدتهم- قومًا مُعَيَّنِين. فيُحمَل الأمر على التفصيل؛ فيقال: مَن كُفِّر بعينه، فَلِقِيام الدليل على أنَّه وُجِدَتْ فيه شروط التكفير، وانتفتْ موانعه، ومَن لم يُكَفَّر بعينه فَلانْتِفاء ذلك في حقِّه، هذا مع إطلاق قوله بالتكفير على سبيل العُمُوم. والدَّليل على هذا الأصل: الكتاب، والسُّنَّةُ، والإجماع، والاعتبار، فالتكفير العامُّ كالوعيد العامِّ؛ يجب القول بإطلاقه وعمومه، وأما الحكم على المُعَيَّن بأنه كافر، أو مشهود له بالنار، فهذا يقف على الدليل المُعين، فإنَّ الحكم يقف على ثُبُوت شروطه، وانتفاء موانعه"؛ انتهى كلام شيخ الإسلام رحمه الله "مجموع الفتاوى" 12/ 487، 489، 498.

دەڵێ: کافرکردن مەرج و ڕێگری هەیە ئەشێت ئەو مەرج و ڕێگریانە هەندێ جار ئەو مەرج و ڕێگریانە لەسەرکەسی دیاریکراو نامێنێت، وە تەکفیرکردنی موتەڵەق و ڕەها تەکفیرکردنی موعەین ودیاریکراو ناخوازێت، تەنها کاتێك نەبێت مەرجەکانی کافربوون هەبێت لەسەر ئەو کەسە و ڕێگریەکانی کافربونیشی نەمابێت، نموونەش لەسەر ئەمە ئیمام ئەحمەد هەموو پێشەواکان کاتێ بە گشتی حوکمی تەکفیریان داوەتە سەر کەسێ کەوا کارێکی دیاریکراو ئەکات، وەکو ئەوەی ئەڵێن هەرکەسێ ئاوا بکات یان ئاوا بڵێ کافرە بەم شێوەیە گشتیە فەرمویانە بەڵام زۆربەی ئەو کەسە دیاریکراوانەی ئەو کارانەیان کردوە تەکفیریان نەکردوە، چونکە ئیمام ئەحمەد خۆی ڕاستەوخۆ جەهمیەکانی بینیوە کە بانگیان ئەکرد بڵێ قورئان مەخلوقە و ئینکاری بکات لە سیفەتەکانی خوا ئیمام ئەحمەد زانایانی سەردەمی ئیمام ئەحمەدیان تاقیدەکردوە لەسەر ئەو عەقیدەیە هەر باوەڕدارێکی ژن پیاو موافەقەیانی نەکردبێت لەسەر بوون بەجەهمی لێیان ئەدا ئەزێت سجنیان ئەکردن و ئەیانکوشتن و دەریان ئەکرد لەسەر وەزیفە و نان بڕاویان ئەکرد و شایەدیان لێ وەرناگرت و بەهانایەوە ناچوون ئەگەر بکەوتایەتە دەست دوژمن، بەجۆرێك زۆربەی ولاتی ئەمر ئەوکاتە جەهمی بوون لە والی و قازیەکان و غەیری ئەوانیش هەرکەسێ باوەڕی وەکو ئەوان نەبوایە لە نەفی کردنی سیفات و ووتنی قورئان

مەخلوقە وەکو کافر حوکمیان ئەدا بەسەری، لەسەر ئەوەشەوە ئیمام ئەحمەد دوعای ئەکرد بۆ خەلیفە غەیری خلیفەش کەلە ئیمام ئەحمەدیان دابوو و سجنیان کردبوو، داوای لێخۆشبوونی بۆ ئەکردن لای خوا و گەردنیانی ئازاکردبوو لەو ستەمکردنەی لێیان کرد لەسەر ئەوەی داوایان لێ کرد بڵێ قورئان مەخلوقە و ئەو جۆرە قسە کوفریانە، ئەگەر ئەو وەلی ئەمرانە مورِتەدبونایە جائیز نابوو داوای لێخۆشبونیان بۆ بکات، چونکە دوعا کردن بۆ کافران جائیز نیە بەبەڵگەی قورئان و سونەت و ئیجماع، ئەم قسانەی ئیمام ئەحمەد و ئەئیمە ڕوون ئاشکرا و ڕاشکاوە کە جەهمیەکانیان بەدیاریکراوەیی تەکفیر نەکردوە کە دەیانوت خوا نابینرێ لە دواڕۆژ و قورئان مەخلوقە، وە ئەو کەسانەشی لە جەهمیەکان کە ئیمام ئەحمەد تەکفیری کردون بە دیاریکراوەیی وەڵامەکەی ئەوەیە ئەو کەسانە مەرجەکانی کافربونیان تێدا بەجێ هاتووە و ڕێگریەکان لە کافربونیان نەماوە، ئەوانەشی بەدیاریکراوەیی تەکفیرنەکراون ئەوا بەهۆی نەبوونی مەرجەکان و بونی ڕێگریەکانی کافربوون بووە لەحەقیان، هەرچەن بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەوترێ هەرکەسێ شتی ئاوا بڵێ یان کاری ئاوا بکات کافرە، بەڵگەش بۆ ئەم ئەصڵ ە قورئان و سونەت و ئیجماع و ئیعتیبارە، چونکە تەکفیری عام وەکو هەڕەشە گشتیەکانە، ئەبێت بەگشتی حوکمەکەی بوترێت، بەڵام حوکمدان لەسەر کەسی دیاریکراو بەکافربوون یان

بەوەی لەئاگردایە ئەوە پێویست بەبەڵگەی دیاریکراو ئەکات، چونکە حوکمی کافرکردن دەوەستێ لەسەر بوونی مەرجەکان و نەمانی ڕێگریەکان."

هەروەها شێخی ئیسلام ابن تەیمیە دەربارەی ئەوکەسانەی هەندێ لە قسە کوفریەکانی باطنیەکان دەڵێن لەبارەی ئەوکەسانە دەڵێت: "فهذه المقالات هي كُفر؛ لكن ثبوت التكفير في حقِّ الشخص المعيَّن، موقوفٌ على قيام الحجة التي يَكْفُر تاركها، وإن أطلق القول بتكفير مَن يقول ذلك، فهو مثل إطلاق القول بنُصُوص الوعيد، مع أنَّ ثُبُوت حكم الوعيد في حقِّ الشخص المعيَّن، موقوفٌ على ثبوت شروطه، وانتفاء موانعه؛ ولهذا أطلق الأئمة القول بالتَّكفير، مع أنهم لم يحكموا في عين كلِّ قائلٍ بِحُكم الكفار.

بغية المرتاد في الرَّد على المتفلسفة والقرامطة والباطنية"؛ لشيخ الإسلام ابن تيميَّة ص 353، 354،

دەڵێ: ئەو قسانە کوفرە، بەڵام جێگیربونی کافربونی کەسێکی دیارکراو وەستاوە لەسەر ئیقامەی حوجە، ئەگەرچی بەڕەهایی بوترێت هەرکەسێ فلانە قسەیە بکات کافر ئەبێ، ئەمەش وەك ووتنی هەڕەشەکانە لەسەر ئەو دەقانەی هاتووە لەسەر هەڕەشەکردن، چونکە حوکمی ئەو هەڕەشەکردنانە لەسەرکەسی دیاریکراو وەستاوە لەسەر جێگیربوونی مەرجەکان و نەمانی ڕێگریەکان، هەرئاوایە کە ئەئیمەکان بەڕەهایی تەکفیریان بەکارهێناوە، ئەگەرچیش

هەرکەسێك ئەو قسە کوفریانەی وتبێ بەدیاریکراوەیی حوکمی کافریان نەداوە بەسەریان

وە الشيخ عبدالله بن عبداللطيف، وبراکەی الشيخ إبراهيم بن عبداللطيف، والشيخ سليمان بن سحمان رحمهم الله تعالى ئەڵێن : "ومسألة تَكْفِيرِ المُعَيَّن مسألة معروفة، إذا قال قولاً يكون القول به كفرًا، فيقال: مَن قال بهذا القول فهو كافِر؛ ولكن الشخص المُعَيَّن إذا قال ذلك لا يُحْكَم بكفره، حتى تقومَ عليه الحجة التي يكفر تاركُها"الدُّرر السنية" 10/ 432، 433.

دەڵێن:بابەتی تەکفیرکردنی کەسی دیارکراو بابەتێکی ناسراوە، ئەگەر قسەیەکی کرد کوفربوو دەوترێ هەرکەسێ قسەی ئاوا بکات کافرە، بەڵام کەسێکی دیاریکراو ئەگەر ئەو کوفرە بکات کافرناکرێت تاکو ئیقامە حوجە نەکرێت."

وە الشيخ سليمان بن ناصر العلوان لەکۆتایی کتێبی (التبيان شرح نواقِض الإسلام) دەڵێت: "إذا عُلِمَ ما تَقَدَّمَ مِنَ النواقض التي تُحبِط الأعمال، وتجعل صاحبها منَ الخالدين في النار، فَلْيُعْلَم أنَّ المسلم قد يقول قولاً، أو يفعل فعلاً قد دَلَّ الكتاب والسنة وإجماع سلف الأمة على أنَّه كُفْر ورِدَّة عنِ الإسلام؛ ولكن لا تلازُم عند أهل العلم بين القول بأنَّ هذا كُفْر، وبين تكفير الرَّجُل بعينه.

فليس كلُّ مَن فعل مُكَفِّرًا حُكِمَ بِكُفْره؛ إذِ القول أوِ الفعل قد يكون كفرًا؛ لكن لا يُطْلَق الكفر على القائل أو الفاعل إلاَّ بشرطه؛ لأنه لا بُدَّ أن تثبتَ في حقِّه

شروط التكفير، وتَنْتفي موانِعُه؛ فالمرءُ قد يكون حديث عهد بإسلام، وقد يفعل مُكَفِّرًا، ولا يعلم أنه مُكَفِّر [8]، فإذا بُيِّنَ له رَجَع، وقد ينكر شيئًا متأولاً أخطأ بتأويله، وغير ذلك منَ الموانع التي تَمْنَعُ منَ التكفير.

وهذا أصلٌ عظيم يجب تفهُّمه والاعتناء به؛ لأنَّ التكفير ليس حقًّا للمخلوق، يُكفِّر مَن يشاء على وَفْق هواه؛ بل يجب الرُّجوع في ذلك إلى الكتاب والسُّنَّة على فَهْم السَّلَف الصالح، فَمَن كَفَّرَهُ الله ورسوله، وقامتْ عليه الحجة، فهو كافر، ومَن لا، فلا".

ثم ذَكَر الحديث المتَّفق عليه في قِصَّة الرَّجُل الذي أَمَرَ أولاده إذا مات أن يُحَرِّقُوه، ويذرُّوه في الرِّيح؛ لِئلاَّ يبعثه الله، ثم نَقَل عن شيخ الإسلام ابن تيميَّة أنَّ الله تعالى عَذَر هذا الرجل؛ لجهله، وخَوْفه مِن ربه، ثم قال: "والحاصِلُ أنَّ مذهب أهل التحقيق التَّفريقُ بين تكفير الفعل، وبين تكفير الفاعل، وكذلك الأمر في التَّبْديع، هناك فرقٌ بين تبديع القول أو الفعل، وبين تبديع القائل أو الفاعل، فليسَ كُلُّ مَن فعل بدعة صار مبتدعًا.

ومَن نظر في سيرة السَّلَف عَرَفَ حقيقة هذا القول، وعلم أنَّ هذا مذهبهم، وهذه طريقتهم، ورأى ما هم عليه منَ العدل، والإنصاف، وقول الحق، والحِرْص على هداية الخَلْق؛ لِمَا خَصَّهمُ الله به منَ العلم النافع، والعمل الصالح، وهذا هو الواجب على جميع الخَلْق، أن يكونَ قصدهم بيانَ الحق، وإزهاق الباطل، مع العدل والإنصاف؛ ليكونَ الدِّين كلُّه لله، والحمد لله رب العالمين"؛

انتهى كلام الشيخ سليمان العلوان التبيان نواقض الإسلام" (الطبعة السادسة: الملحق ص 75 - 76)، وكان الشيخ قد قال في مقدمة هذه الطبعة ص 3: "كتبتُ ملحقًا آخِر الشرح في التفريق بين تكفير الفعل وتكفير الفاعل؛ لأن بعض الناس يخلط بين الأمرين، فيرى التلازُم بينهما، وهذا غلط كما ستراه موضحًا في الملحق".

دەڵێ :ئەو هەڵوەشێنەرەوانەی پێشتر باسمانکرد کەوا کردەوەکان پوچەڵ دەکەنەوە و خاوەنەکەی ئەخەنە ئاگرەوە بەهەمیشەیی، بەڵام پێویستە بزانرێ هەندێ جار موسڵمان قسەیەك یان کردوەیەك ئەکات کە بەبەڵگەی قورئان و سونەت و ئیجماعی سەلەفی ئومەت کوفر و هەڵگەڕانەوەیە لەئیسلام، بەڵام لای ئەهلی عیلم پەیوەست بوون نیە لەنێوان ئەوەی کە ئەڵێن هەرکەسێ ئاوا بکا و ئاوا بڵێ کافرە کەسی دیاریکراو کافر ببێت، هەرکەسێ کارێکی کوفری ئەنجام بدات کافر نابێت ، قسەکە یان کردەوەکە ئەشێ کوفربێت بەڵام خاوەنەکەی کافر ناکرێت تەنها کاتێ نەبێت کە بزانرێ مەرجەکانی کافربونی تێدایە و ڕێگریەکانی کافرنەبوونی لەسەر نەماوە، ئینسان جاری وایە تازە موسڵمان بوە یان کردەوەیەکی کوفری ئەنجام ئەدات و نازانێ کوفرە، کە بۆی ڕونکرایەوە ئەگەڕێتەوە، یان ئینکاری شتێ ئەکا بەتەئویل هەڵەدەکات لە تەئویلەکەی لەغەیری ئەم ڕێگریانە کە ڕێگرن لەکافرکردن.

ئەمە بنەمایەکی گەورەیە پێویستە باش تێبیگەی و گرنگی پێ بدەی چونکە کافرکردن مافی خەڵکی نیە بەکەیفی هەواو ئارەزویان خەڵکی کافربکەن، بەڵکو لەتەکفیرکردن دەبێت بگەڕێنەوە بۆ کیتاب و سونەت لەسەر فەهمی سەلەفی صاڵح هەرکەسێ خوا و پێغەمبەر کافری بکەن و ئیقامە حوجەی لەسەرکرابێت ئەوا کافرە ئەگەرنا کافر نیە.

پاشان فەرموودەی ئەو پیاوە دێنێتەوە کە فەرمانی کرد بەکەسوکارەکەی بیسوتێنن و خۆڵەمێشەکەی بدەن بەدەم بایا تاکو خوا زیندووی نەکاتەوە، پاشان نەقڵ دەکات لەشێخی ئیسلام ابن تیمیە کە دەڵێ ئەم پیاوە بەهۆی نەزانی عوزری پێدرا و لەخوا ئەترسا پاشان دەڵێ : والحاصل مەزهەبی ئەهلی تەحقیق ئەوەیە جیاوازی بکرێ لەنێوان فعل و فاعل کار و بکەر لەنێوان کوفر و کافرکردن، هەروەها لەبیدعەش هەروایە جیاوازی هەیە لەنێوان بیدعە بوونی قەول و فیعلێ لەگەڵ تەبدیع کردنی خاوەنەکەی بەهۆی ئەو وتەو کردەوەیە، هەرکەسێ بیدعەیە بکا نابێت بەبیدعەچی.

هەرکەسێ بڕوانێ لەسیرەی سەلەف ڕاستی ئەم قسانەی ئێمەی بۆ دەرەکەوێ و دەزانێ ئەمە مەذهەب و ڕێیازیان بووە ئەو بۆچوونە دادپەروەرو ئینصاف و حەقەیە بووە کەلەسەری بوون، زۆر سووربونە لەسەر ئەوەی خەڵکی هیدایەت وەربگرن بەهۆی ئەو عیلمە نافیعە عەمەلە صالیحەی

که خوا پێی بەخشیبوون، ئەمەش واجبە لەسەر هەموو خەڵکی کەبەمەبەستیان ڕونکردنەوەی حەق و بەتاڵکردنەوەی باتڵ بێت لەگەڵ بونی عەدل و انصاف تاکو دین هەمووی بۆ خوا بێت والحمدلله رب العالمین.

باسی شەشەم

سـوودەکانی عەقیدەی عوذر بەجەهل
و ئـەنجـامدانی ئیقامـەی حـوجـە

کەباوەڕت هەبوو کە اللە تعالی بیانووی داوە بەنەزان و پێویستی کردوە لەسەرت دینی خوا بۆ خەڵکی ڕوون بکەیتەوە و ئیقامە حوجەیان لەسەر بکەیت بۆ ئەوەیە اللە تعالی هەم لەدونیا و هەم لەقیامەت بیانوو بڕیان بکات و لێپرسینەوە و سزایان لەسەر جێ بەجێ بکات، جا چەن سوودێکی ئەم کارە مەزنە لەم خاڵانەی خوارەوە دەردەکەوێت :-

1- هاتنی سەرکەوتن بۆ موسڵمانان و شکست و سزایی خوایی بۆ کافر و مورتەدان.

اللە تعالی دەفەرمێت (مَّنِ ٱهۡتَدَىٰ فَإِنَّمَا يَهۡتَدِي لِنَفۡسِهِۦۖ وَمَن ضَلَّ فَإِنَّمَا يَضِلُّ عَلَيۡهَاۚ وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٞ وِزۡرَ أُخۡرَىٰۗ وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّىٰ نَبۡعَثَ رَسُولٗ(15) وَإِذَآ أَرَدۡنَآ أَن نُّهۡلِكَ قَرۡيَةً أَمَرۡنَا مُتۡرَفِيهَا فَفَسَقُواْ فِيهَا فَحَقَّ عَلَيۡهَا ٱلۡقَوۡلُ فَدَمَّرۡنَٰهَا تَدۡمِيرٗ)[سورة الإسراء 15-16]

واتە: هەرکەس ڕێنمونی و هیدایەتی وەرگرتبێت ئەوە بێگومان ڕێنمونی و هیدایەتەکەی (سوود و قازانجەکەی) هەر بۆ خۆی دەبێت و هەرکەسیش گومڕا بووبێت ئەوە بێگومان (زیان و سزاکەی) هەر بۆ خۆی دەبێت وە هیچ کەسێکی گوناهکار گوناهی هیچ کەسێکی تر هەڵناگرێت ئێمە هەرگیز

سزای (بەندەکان) نادەین هەتا پێغەمبەر نەنێرین (بۆیان) وە کاتێک بمانەوێت (دانیشتوانی) شار و گوندێک و کەسانێك لەناو ببەین فەرمان دەدەین (بە گوێڕایەڵی و ملکەچ بوون بۆ دینی حەق و ئیقامە حوجەی دەوڵەمەندە خراپەکارو زۆردارەکانی ئەکەین کەچی ئەوان یاخی دەبن و لە فەرمان دەردەچن جا بڕیاری (سزادان) پێویست دەبێت بۆ (دانیشتوانی) ئەو شار و کەسانە جا ئەوسا وێرانیان دەکەین بە وێران کردنێکی تەواو.

2- بەهۆی سەلماندنی عەقیدەی عوذر بەجەهل دەبێتە هۆی بنبڕکردن و ووشك کردنی بیری نەزۆکی خەواربج و زیادەڕەوی کردن بەتەواوی .

3- پاراستنی قەوارەی دەوڵەت و قەوارەی موسڵمانان لە فیتنە و دووبەرەکی و دابەش بوون، کەبەهۆی تەکفیرکردنی نارەوا دێتەکایەوە.

4- پارێستنی خوێن و ماڵ و ناموسی موسڵمانان. کەبەهۆی زیادەڕەوی کردن لەتەکفیر دروست ئەبێت.

5- پاراستنی زانایانی ئیسلام و گێڕانەوەی ڕێز و شکۆ بۆیان، کاتێك زیادەڕەوەکان دەیانشکێنن و تەکفیریان دەکەن.

6- پارێستنی دینی خوا لە تەحریف کردنی گومڕاکان و گومڕاکردنی گومڕاکەرەکان.

باسی حەوتەم

چەن قاعیدەیەك سەبارەت بە ناوەكان و حوكەمەكان الأسماء والأحكام

قاعیدەی(1)

"لای ئەهلی سوونە تەكلیف نیە پێش عیلم بەپێچەوانەی متكلیمین و فەلاسیفە و شوێنكەوتەكانیان "

ئیمامی بوخاری بابێكی داناوە بەناونیشانی بابی عیلم لەپێش گوتن و كردەوە كردن، هەروەك دەڵێت : باب العلم قبل القول والعمل.

وە دەڵێت بەبەڵگەی ئایەتی قورئان : (فَٱعْلَمْ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ) الله تعالى بەعیلم دەستی پێكرد .

ئەصل لای ئەهلی سوونە ئەوەیە لەڕێگای عەقڵەوە هیچ تەكلیفێك لەسەر بەندەكان نیە كە بەهۆی سزا پاداشت پەیوەست ببێت، جا كەسی موكەلەف ئەگەر واجب بوونی تەوحید و حەرام بونی شیركی نەزانی و شیركی ئەنجام دا یان كوفر ئەوا خوا نایگرێت و شایستەی سزا نابێت تەنها دوای ئیقامەی حوجە نەبێت بەهاتن و دەعوەی پێغەمبەران .

السجزي له الرد على من أنكر الحرف والصوت -(1/7) دەڵێت:

سەلەف موتەفیقن كەوا ناسینی خوا لەڕێگای عەقڵ مومكینە بەڵام واجب نیە، چونكە واجب بوون لەڕێگای سەمع هوە دبێت كە هاتنی وەحیە، چونكە هەڕەشەكردن پەیوەستە بەهاتنی حوجەوە، الله تعالى دەفەرمێت [وماكنا

معذبين حتى نبعث رسولا] جا كەزانيمان بەبوونى عەقڵ پێش ناردنى پێغەمبەران و زانيمان كە سزادان لێپێش ناردنى پێغەمبەران لابراوە لەسەر خاوەنەكانيان، لەبەرامبەريشدا زانيومانە هەركەسێك پێچەوانەى پێغەمبەران و دەقەكان بكات شايستەى سزايە، وە ڕوونمان كردەوە حوجە بريتيە لەوەى بە وەحى هاتبێت نەك بە عەقڵ و شتى تر "..

ئيمام ابن تەيميە لە مجموع الفتاوى(19/66) دەڵێت:

فصلٌ: ئيكتيفاء كردن بە ريسالە و بەپێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لەوەى شوێنى شتێكى تر بكەويت بەگشتى، چونكە ألله حوجەى لەسەر دروست كراوەكانى بەپێغەمبەرەكانى كردوە، وەك الله تعالى دەفەرمێت : (۞ إِنَّآ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ كَمَآ أَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰ نُوحٖ وَٱلنَّبِيِّـۧنَ) وە دەفەرمێت (لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى ٱللَّهِ حُجَّةُۢ بَعۡدَ ٱلرُّسُلِۚ) ئەم ئايەتانە بەڵگەن لەسەر ئەوەى دواى هاتنى پێغەمبەران هيچ بەڵگەيەكيان نيە بەڵام لەپێش هاتنى پێغەمبەران ئەشێت بەڵگە و حونەيان هەبێت، جايەكەم قەولى ئەوانە بەتاڵ ئەكاتەوە كە خەڵكى پێويست دەكەن بەغەيرى پێغەمبەران بەشێوەيەكى گشتى وەكو ئيمامەكان، دووەم قەولى ئەوانە بەتاڵ دەكاتەوە كە ئيقامەى حوجە بەسەر خەڵكيدا دەچسپێنن پێش هاتنى پێغەمبەران، وەك موتەكەليمين و فەيلەسوفەكان".

قاعیدەی(2)

"تەکلیف لای ئەهلی سوونە بەحوجەی ڕیسالەیە بەڵام عەقڵ هۆکارە بۆ تێگەیشتنی شەرع "

السجزي له الرد على من أنكر الحرف والصوت -(1/6) دەڵێت : دەڵێت حوجەی قاطع بریتیە لە "السمع" واتە نەصی شەرع نەك شتی تر، عەقڵیش تەنها ئالەتێکە بۆ جیاوازی کردن، الله تعالى دەفەرمێت بەپێغەمبەرەکەی صلى الله عليه وسلم (قُلۡ إِنَّمَآ أَنَا۠ بَشَر مِّثۡلُكُمۡ يُوحَىٰٓ إِلَيَّ أَنَّمَآ إِلَٰهُكُمۡ إِلَٰه وَٰحِد) الله جل جلاله ئەمر دەکات بەپێغەمبەرەکەی بۆ ئیسپات کردنی تەوحیدو یەکانەیی خۆی بەوەحی ئیسپاتی بکات،دەفەرمێت)وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِيٓ إِلَيۡهِ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱعۡبُدُونِ) الله تعالى ڕونی کردۆتەوە کەوا پێغەمبەرانی پێشوو بەڵگەیان ئەهێنایەوە لەسەر کافران سەبارەت بە تەوحید بەوەحی بەڵگەیان ئەهێنایەوە، تەنها بەوەش فەرمانیان پێکرابوو ".

ئیمامی اللالكائي له شەرحی ئیعتیقادی ئەهلی سونە و جەماعە:(193/1)

سیاقی ئایەتەکانی الله عزوجل و فەرموودەکانی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ئەوە دەگەیەنێت واجب بوونی ناسینی خوا و سیفەتەکانی بە نەص و وەحی دەبێت نەك بەعەقڵ، هەروەك ئیبراهیم عليه السلام بەڵگەی وەحدانیەتی

خوای بەکارە ڕێکوپێکەکانی خوا وەکو هەڵاتنی خۆر و ئاوابوونی و هەڵاتنی مانگ و ئاوابونی وە درکەوتنی ئەستێرەکان و ئاوابونیان هێنایەوە پاشان فەرمووی

(لَئِن لَّمۡ يَهۡدِنِي رَبِّي لَأَكُونَنَّ مِنَ ٱلۡقَوۡمِ ٱلضَّآلِّينَ) کەواتە زانرا هیدایەت بەوەحی دەبێت "...

شێخی ئیسلام ابن تەیمیە لەفتاوی الکبری -(2/19) دەڵێت : دواندن و خیطابی شەرع ناچەسپێت تەنها دوای گەیشتنی شەرع نەبێت، لەبەرئەوەی اللە تعالی دەفەرمێت : (لِأُنذِرَكُم بِهِۦ وَمَنۢ بَلَغَۚ) وە لەبەرئەوەی دەفەرمێت (وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّىٰ نَبۡعَثَ رَسُولا) وە لەبەرئەوەی دەفەرمێت : (لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى ٱللَّهِ حُجَّةُۢ بَعۡدَ ٱلرُّسُلِۚ) هاوشێوەی ئەم ئایەتانە لەقورئان زۆرن، کە اللە تعالی ڕونی کردۆتەوە سزای هیچ کەسێك نادات تاکو ئەو دینەی بۆ پێغەمبەرانی ڕەوانەکردوە پێی نەگەیەنێت، جا هەرکەسێك بزانێت محمد پێغەمبەری خوایە و باوەڕی پێ بێنێت، بەڵام نەزان بێت بەزۆربەی ئەو دینەی خوا کە بۆ پێغەمبەری ڕەوانەکردوە ئەوا خوا سزای نادات لەسەر ئەوانەی کە پێینەگەیشتوە، جا ئەگەر لەسەر تەرك کردنی ئیمان دوای گەیشتن سزای نەدات ئەوا لەسەر هەندێك لەمەرجەکانی لەپێشترە کەوا سزای نەدات، جا وێنەی ئەم حاڵەتانە لەسونەتی پێغەمبەر صلی اللە علیە وسلم زۆرو زەبەندە"...

"تەنها بە خطابی شەرعی نەبێت هیچ حەرام بوون و واجب بوونێك نیە سزا و پاداشتی لەسەر بچەسپێت "

ئیمام ابن حزم لە "الإحكام" (7/478) دەڵێت :

"ابو محمد دەڵێت درۆیان کرد بەڵکو ئیمەین بەڵگەکانی عەقڵ جێگیردەکەین بەڕاستی، هەرئەوانیش بەڵگەکانی عەقڵیان بەڕاستی پوچەڵ کردۆتەوە، چونکە عەقڵ شایەدی ئەدات بەبێ اللە تعالی هیچ شتێك حەرام ناکرێت و واجب ناکرێت، وە بەهۆی عەقڵ دینی خوا و خطابی خوا فەهم دەکرێت لەلایەن خەڵکی ".

أبو البقاء لە "كوكب المنير "(1/121) دەڵێت: ابن قاضي الجبل دەڵێت: مامۆستاکەمان ابن تەیمیە و غەیری ئەویش دەڵێن: جوانی و ناشرینی بەعەقڵ چەسپاوە، واجب بون و حەڕام بوونیش بەخیطابی شەرع دەبێت، وە سزادانیش لەسەر ناردنی پێغەمبەران وەستاوە ".

ئیمام ابن تەیمیە لە "جامع المسائل" (3/235) دەڵێت:

اللە تعالی سوێندی خواردوە دۆزەخ پڕبکات لە ئیبلیس و شوێنکەوتەکانی، شوێنکەوتەکانی سەرپێچیکارانن، سەرپێچی کردنیش نایاتە کایەوە تەنها دوای تەکلیف نەبێت، ئەگەر منداڵ و شێت بچێتە دۆزەخەوە ئاوا کەسانێ چۆتە دۆزەخەوە کە لەغەیری شوێنکەوتەی ئیبلیسن، بۆیە دۆزەخ پڕ ناکرێت لەوان، اللە تعالی فەرمویەتی (وماكنا معذبين حتى نبعث رسولا) وەفەرمویەتی

(لئلا يكون للناس حجة بعد الرسل) وه هەروەها فەرمویەتی (تَكَادُ تَمَيَّزُ مِنَ ٱلْغَيْظِۖ كُلَّمَآ أُلْقِىَ فِيهَا فَوْجٌ سَأَلَهُمْ خَزَنَتُهَآ أَلَمْ يَأْتِكُمْ نَذِيرٌ(٨) (قَالُواْ بَلَىٰ قَدْ جَآءَنَا نَذِيرٌ) لەغەیری ئەم دەقانەش کە بەڵگەن کەوا خوا سزای هیچ کەسێك نادات تاکو ئاگادارکەرەوە و نێردراوی بۆ نەنێرێت ".

هەروەها ئیمام ابن القیم لە "مدارج السالیکن" (1/231)دەڵێت : ئەو حەقەی هیچ دژیەکیەکی تێدانیە، ئەوەیە کردەوەکان لەخودی خۆیاندا جوانی و ناشرینیان هەیە، وە سوود و زیانیان هەیە جیاوازی لەنێوانیان وەك جیاوازی کردن وانیە لەنێوان خواردنەکان و بۆنەکان و بینراوەکان، بەڵام هیچ پاداشت و سزایەکیان لەسەر دروست نابێت تەنها بەئەمر و نەهی شەرع نەبێت، بەڵام پێش ئەمر کردن و نەهی کردنی شەرع ئەو کارانەی ناشرینن نابنە هۆی سزادان ئەگەرچی لەخودی خۆیدا ناشرین بێت یان لەوپەری ناشرینی بێت، چونکە ألله سزا نادات تەنها دوای ناردنی پێغەمبەران نەبێت".

قاعیدەی(3)

"قەولی ئەهلی سوونە دەربارەی ئەهلی فەترە"

عبدالرزاق لەتەفسیرەکەیدا دەڵێت:

لە مەعمەرەوە ئەویش لە ابن طاووسەوە ئەویش لەباوکیەوە ئەویش لە ئەبو هورِیرەوە دەڵێت: لەڕۆژی قیامەت خوای گەورە ئەهلی فەترە و گێل و نابیست و لاڵ و پەککەوتەکان ئەوانەی نەگەیشتوون بە دینی ئیسلام کۆیان دەکاتەوە، و نێردراوێکیان بۆ دەنێرێت و پێیان دەڵێت بچنە ئاگرەوە، ئەوانیش دەڵێن چۆن بچینە ناو ئاگرەوە لەکاتێکدا هیچ پێغەمبەرێکمان لەدونیا بۆ نەهاتووە ؟ سوێند بەخوا ئەگەر چوبانایە ناوی ئەو ئاگرە سارد و سەلامەت ئەبوو لەسەریان، پاشان نێردراویان بۆ ئەنێردرێت گوێڕایەڵ بن جا ئەوانەی بیانەوێ گوێڕایەڵ بن گوێڕایەڵ دەبن، پاشان ئەبو هورِیرە دەڵێت ئەگەر ویستتان ئەم ئایەتە بخوێننەوە (وماکنا معذبین حتی نبعث رسولا.)

ابن جەریر لەتەفسیرەکەیدا دەڵێت :

"الله تعالى دەفەرمێت: "وما كنا مهلكي قوم" ئێمە سزای هیچ کەس و گەلێك نادەین هەتاکو بیانووبڕیان نەکەین بەناردنی پێغەمبەر و ئەنجامدانی حوجە بەو ئایەتانەی کە بیانوویان دەبڕێت، هەروەك بشر پێی وتوین دەڵێت یەزید پێی وتوین دەڵێت سەعید پێی وتوین لە قەتادەوە، ئایەتی خوای

گەورە)وماكنا معذبين حتى نبعث رسولا) مانای ئەوەیە اللە تعالى سزای هیچ كەسێك نادات تاكو پێشتر لەلایەن خۆیەوە هەواڵی بۆ نەنێرێت یان لەلایەن خۆیەوە بەڵگەیەكی بۆ بنێرێت، وە سزای هیچ كەسێك نادات تەنها بەگوناحی خۆی نەبێت...اهـ

ئیمام ابن القیم لە "أحكام أهل اذمة" (3/184) دەڵێت :

لەشوێنی وەڵامدانەوەی بۆ ابن عبدالبر دەڵێت وەڵامەكەی لەچەند ڕوویەكەوەیە: ئەو ئەهلی فەترانە حوكم نادرێت بەسەریان بەكافر و ئیماندار، چونكە كوفر بریتیە لە ئینكاری كردنی ئەو دینەی كە پێغەمبەر پێی هاتووە مەرجی ئەمەش گەیشتنی ڕیسالەیە، ئیمانیش بریتیە لەباوەڕهێنان بەو دینەی پێغەمبەر پێی ڕەوانەكراوە وە بەقسەكردنی لەو فەرمانانەی فەرمانی كردوە، ئەمەش بەهەمان شێوە گەیشتنی ڕیسالەی بۆ بەمەرج دانراوە، واناخوازێت یەكێكیان نەبێت ئەوی تریان بونی هەبێت ئیلا دوای بوونی هۆكارەكەی نەبێت، جا مادام ئەم ئەهلی فەترانە لەدونیا نەكافر بن نە ئیماندار ئەوا لەڕۆژی قیامەت حوكمێكی جیاوازیان هەیە لەحوكمی كوفر و ئیمان، ئەگەر بوترێت ئێوە بۆ ئەو ئەهلی فەترانە لەدونیا حوكم دەدەن بەحوكمی كافران لە بابەتی میرات و سەرپەرشتی كردن و ژن و ژنخوازی، دەوترێت: حوكم دەدەین بەسەر ئەوانە لە حوكمەكانی دونیا نەك لە حوكمی سزا و پاداشت هەروەك پێشتر ڕوونكرایەوە، ڕووی دووەم : وا دابنێین ئەوانە كافرن، بەڵام لاچوونی

سزا لەسەریان بەهۆی نەبوونی مەرجەکەیەتی کە بریتیە لە کردنی ئیقامەی حوجە لەسەریان، چونکە اللە تعالی سزای کەسێك نادات تەنها کەسێك نەبێت ئیقامەی حوجە کرابێت".

قاعیدەی(4)

"ئەهلی سوونە حوکمی موسڵمان ئەدەن بۆ هەرکەسێك دانبنێت بە شایەتمان "

بوخاری لە کیتابی التوحید دەڵێت: باب ، ئەو بەڵگانەی کەهاتووە لە پێغەمبەرەوە کاتێك ئومەتەکەی بانگ کردوە بۆ تەوحیدی اللە تبارك وتعالی . عەبدوڵای کوڕی عەباس دەڵێت کاتێ پێغەمبەر صلی اللە علیه وسلم موعاذی نارد بەرەو یەمەن پێی فەرموو: "تۆ دەچیت بۆ لای گەلێك کە ئەهلی کیتاب با یەکەم شت کە بانگیان بکەی بۆی بانگردنیان بێت بۆ ئەوەی اللە بەتەنها دابنێن، لە ڕیوایەتێکدا بانگیان بکە بۆ شەهادەی لا الە الا اللە و من پێغەمبەری خوام ".

ئیمام ابن تەیمیة (17/308) دەڵێت:...ئەهلی هیدایەت و فەلاح ئەوکەسانەن کە شوێنی پێغەمبەران کەوتون و ئەوکەسانەن کە موسڵمانن و ئیماندارن لەهەموو شوێن و کاتێك، وە ئەهلی سزا و گومڕایی ئەوانەن کە بانگەوازی پێغەمبەرانیان بەدرۆ داناوە، ئەوەی ماوەتەوە ئەو کەسانەن کە ئەهلی

جاهیلین و بانگەوازی پێغەمبەرانیان پێنەگەیشتوە.. ئەمانە لەگومڕایی و جەهل و شیرك و خراپەدان بەڵام الله تعالی دەفەرمێت (وماكنا معذبين حتى نبعث رسولا) وە دەفەرمێت (رسلا مبشرين ومنذرين لئلا يكون للناس على الله حجة بعد الرسل) وە دەفەرمێت (وَمَا كَانَ رَبُّكَ مُهْلِكَ ٱلْقُرَىٰ حَتَّىٰ يَبْعَثَ فِىٓ أُمِّهَا رَسُولا يَتْلُواْ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتِنَآ وَمَا كُنَّا مُهْلِكِى ٱلْقُرَىٰٓ إِلَّا وَأَهْلُهَا ظَٰلِمُونَ)

ئەم جۆرە كەسانە خوای گەورە لەناویان نابات و سزایان نادات تاكو پێغەمبەریان بۆ دەنێرێت، چونكە بەڕاستی چەندین فەرموودە هاتووە دەربارەی ئەو كەسانەی لەدونیا ڕیسالەیان بۆ نەهاتووە ئەوا لەڕۆژی قیامەت نێردراویان بۆ دەنێردرێت ".

ابن رجب له "جامع العلوم والحكم" (1/25) دەڵێت:

هەركەسێك دان بنێت بەهەردوو شایەتمانەكە موسڵمانە لەحوكی دونیا جا كە بەوە داخلی ئیسلام بوو ئەوا لەسەری پێویست دەكرێت پابەندبێت بە ئەركانەكانی تری ئیسلام، هەركەسێكیش واز لەشایەدمان بێنێ ئەوا دەرچووە لە ئیسلام..اهـ

ابن الحجر له "الفتح" (13/353) دەڵێت: لەحەدیسەكەی ئوسامەی كوڕی زەید كاتێ پیاوەكەی كوشت كە ووتی لا اله الا الله و پێغەمبەریش ئینكاری لێ كرد هەروەها لەحەدیسەكەی میقداد كە پێشتر باسمان كرد لەكیتابی دیات و نامەكانی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بۆ هیرەقل و كیسرا و غەیری ئەوان

لەپاشاکان کە بانگی دەکردن بۆ تەوحید لەغەیری ئەم هەواڵە زۆرانەی هاتووە لە پێغەمبەرەوە کە تەنها بانگی ئەوەی کردوە لەموشریکان بەتەنها باوەڕ بێنن بەاللە و باوەڕبێنن بەو دینەی خوا پێی ناردوە جا هەرکەسێك ئەوەنەی ئەنجام دابێت لێی قبوڵ کردووە جا یەکسانە ئەو قبوڵ کردنە لە ئەنجامی تێڕوانینی بوبێت یان نا"..

قاعیدەی(5)

"موسڵمان کاتێك توشی شیرك دەبێت دوای کردنی ئیقامەی حوجە لەسەری پێی دەوترێت موشریك، بەڵام کەسێك ئەگەر موسڵمان نەبوبێت ئەوا کافری ئەصڵیە"

کافری ئەصڵی : بریتیە لەو کەسەی داخلی ئیسلام نەبووە، ئەگەر کافربونەکەی بەهۆی نەزانی بوبێت و ئیقامەی حوجەی لەسەر نەکرابێت ئەوا اللە تعالی نەفی کردوە لەسەری سزادان تاکو ئیقامە حوجەی لەسەر دەکرێت، وە پێشی ناوترێت موسڵمان چونکە خوای نەناسیوە و ملکەچ نەبووە بەدڵی و دانی نەناوە بەشایەتمان بەزمانی .

ئیمام ابن القیم لە "طریق الهجرتین:(1 /610-611)"

واجبە لەسەر بەندە باوەڕی وابێت هەرکەسێك پابەندبێت بەدینێك لەغەیری دینی ئیسلام ئەوا کافرە، وە اللە سبحانە وتعالی سزای هیچ کەسێك نادات

هەتا ئیقامە حوجەی نەکات بەپێغەمبەر ئەمە بەشێوەیەکی گشتی، بەڵام دیاری کردنی کەسەکان لەڕووی پاداشت دان وسزادانەوە تایبەتە بەعیلمی خوا و هەواڵەی خوا ئەکرێت، بەڵام حوکمەکانی دونیا لەسەر ڕواڵەتی حاڵیان ئەدرێت، منافڵ و شێتەکانی کافران کافرن لەحوکمی دونیا و حوکمی گەورەکانیان هەیە...بنچینەی دووەم سزا شایستە دەبێت بەدوو هۆکار، یەکەمیان پشت کردن لە حوجە و نەویستنی و کارپێ نەکردنی، دووەم عینادی کردنە کاتێ حوجەت لەسەر بەرپاکرا عینادی بکەیت و وەری نەگریت، جا یەکەم کوفری پشتکردنە و دووەمیش کوفری عینادە، بەڵام کوفری جەهل ئەوەیە کە ئیقامە حوجەی لەسەر نەکرابێت لەگەڵ نەبوونی توانای زانینی حوجەی خوا، ئائەم جۆرە خوا سزادانی نەفی کردوە لەسەر خاوەنەکەی هەتا ئیقامە حوجەی پێغەمبەرانی لەسەر دەکرێت ".

موشریکان پێش هاتنی پێغەمبەر توشی فەسادی عەقیدەیی بووبون خەلەلی زۆربەیان لەکردەوەی دڵیان بوو و پابەند نەبوون بەعیبادەتی خوا بەتاك و تەنها، بەڵکو باوەڕیان بەچەندین خوا هەبوو بۆیە ناونران بەموشریك چونکە لەدڵیانەوە ملکەچی نەبوو بۆ خوا و بۆ پەرستنی خوا بەتاك و تەنها ئەمەش هۆکاری سەرهەڵدانی پەرستن و هاوبەشدانانیان بوو بۆ غەیری خوا لەبەر پەیوەست بوون زاهیر و باطن .

ئەمما وەڵامی ئەوەی چۆن بەموشریك ناونرابوون کەنەزان بوون و هێشتا پێغەمبەریان بۆ نەهاتبوو ؟

وەڵامەکەی ئەوەیە : بەموسڵمان دانەنرابوون چونکە دانیان نەهێنابوو بەئیسلام و وە حوجەی ڕیسالەیان لەسەر بەرپانەکرابوو بۆیە حوکمی چوونە ئاگریان نەبوو لەدواڕۆژ، بەڵام حوکمی کوفر و ناوی کوفریان هەبوو لەدونیا .

بەڵام ئەگەر کەسێك بەندی ئیسلامەتی لەسەر جێگیربوو ناودەنرێت بە موسڵمان، بەهۆی بوونی ئیقراری زاهیر، ناو و حوکمی موسڵمان بوونی لەسەر لاناچێت تەنها دوای ئەنجامدانی ئیقامە حوجە نەبێت، کە بەهۆیەوە ڕوون ببێتەوە هەڵوەشانەوەی جێگیربوونی موسڵمانێتیەکەی و ئەصڵی ئیمانەکەی، بەهەمان شێوە ئەگەر کەسێك زۆری لێ بکرێت لەسەر زینا یان زینا بکات و نەزانێت حەرامە یان بچێتە لای ژنێك و وابزانێت خێزانی خۆیەتی بەهەڵە، ئەوا پێی ناوترێت زیناکەر و هیچ شوێنەوارێ نایاتەکایەوە لەسەر ئەو کارەی، چونکە کارەکەی بەهۆی لاوازی ملکەچ بوونی دڵیەوە نەبووە یان بەهۆی پابەندنەبونی نەبووە بە دوورکەوتنەوە لە قەدەغەکراوەکانی خوا "

قاعیدەی (6)

"ئەصڵی ئیمان کۆنابێتەوە لەگەڵ کوفری ئەکبەر، نەمانی ناوی ئیسلام ئەصڵی ئیمان لەدڵدا ناهێڵێت "

لای ئەهلی سوونە بوونی ئەصڵی ئیمان نەمانی کوفری ئەکبەر دەخوازێت، بەهۆی پەیوەست بوونی زاهیر لەگەڵ باطن، ئەشێت لەگەڵ ئەصڵی ئیمان چەن لقێکی کوفری ئەصغەر بونی هەبێت بەهۆیەوە ئیمان کەم بکات هەروەك لەکاتی ئەنجامدانی گوناح و تاوانەکان، بەهەمان شێوە دەرخستنی کوفری گەورە نەمانی ئەصڵی ئیمان دەخوازێت ئەگەر مانیعێك نەبێت، وە ئەشێت کوفری گەورە هەبێت لەگەڵ ئەوەشدا چەن لقێکی ئیمان لەکەسەکەدا بوونی هەبێت هەروەك حاڵی کەسانی منافق، هەروەها وتەی ئەهلی سوونە دەربارەی عوذر بەجەهل و تەئویلی موعتەبەر نابێتە هۆکاری هەڵوەشاندنەوەی ئەم ئەصڵە، چونکە ئینسانی موسڵمان کاتێ شیرکێ یان کوفرێ ئەنجام ئەدات جاهیلە بەو کوفر و شیرکە ئەصڵی ئیمانی لەسەر لاناچێت چونکە مەبەستی موخالەفەکردنی نیە بۆ شەرع، بەهەمان شێوە کەسی زۆرلێکراو و لەبیرچوو و بەهەڵەداچوو، باوەڕەکەی و ناسینەکەی و ملکەچیەکەی و تەسلیم بونەکەی و پابەندبونەکەی دڵی بەتەوحیدی اللە سابتە و لاناچێت بەهۆی بوونی ئەو مانیعەی کەهەیە.

ئیمام ابن تەیمیە لە مجموع الفتاوی(7/643) دەڵێت:

ئەصڵی ئیمان لەدڵدایە، کە بریتیە لە قەولی دڵ و عەمەلی دڵ، ئەمیش بریتیە لە دان هێنان بەباوەڕ وە خۆشەویستی و ملکەچی، ئەو ئیمانەی لەدڵە پێویستە داخوازیەکانی دەرکەوێ لەسەر ئەندامەکانی لاشە، جا ئەگەر هیچ

شوێنەواریٚك لەسەر لاشەی دەرنەکەوت ئەوا دەلالەت ئەکات لەسەر نەبونی ئیمانی دڵی یان لاوازی ئیمان لەنێو دڵی،هەربۆیە ئیمانی زاهیر لە پێویستیەکانی ئیمانی ناو دڵ و داخوازیەکانێتی ".

هەروەها ئیمام ابن تەیمیە لە مجموع الفتاوی (14/116) دەڵێت:" دڵ پاشایە، لەپاشاکەوە ئەقوال و ئەفعالەکان دەرئەچێت، جا ئەگەر کەسێك قسەیەك بکات ونەزانێ چی دەڵێت، ئەوا بەڵگەیە لەسەر ئەوەی لەدڵەوە دەرنەچووە، و ئەچێتە بواری قسەی سەر زارەکی و لەغوو، خوای گەورەش تەنها ئەوەی لە دڵەوە دەربچێت حیسابی دەکات لە ئەقوال و لە ئەفعالی زاهیر "

هەربۆیە ئەو موسڵمانەی کە بەشێوەیەکی گشتی پابەندە بەپەرستنی خوا بەتاك و تەنها بەڵام جاروبار شتانێك دەکات کار دەکاتە سەر تەوحیدەکەی، بەو شتانە نابێت بەموشریك، تەنها دوای ئیقامەی حوجە نەبێت کە بۆ ڕوون ببێتەوە کە پابەندبونەکەی نەماوە بەکەلیمەی تەوحید لەم کاتەدا پێی دەوترێت بە مورتەد .

هەروەها ئیمام ابن تەیمیە لە فتاوی الکبری (3/550)دەڵێت :" جێگیرە لەسونەتدا کەوا سزای کەسی مورتەد توندترە لەچەندین ڕوەوە لەسزای کافری ئەصڵی ".

قاعیدەی(7)

"مانای ئەم قسەیەی ئیمامی المروزي چیە کە دەڵێت جەهل بەاللە کوفر پێش هاتنی دین و دوای هاتنی دین، لێرەدا مەبەستی لە داخل نەبوونە بەئیسلام و نەهێنانی شایەتمانە"

ئیمامی المروزي لە کتێبی "تعظیم قدر الصلاة" باس لە تائیفەیەك دەکات لە ئەهلی حەدیث کەوا تەکفیری کەسانێ ناکەن کە دانیان هێنابێ بەئیسلام بەڵام کردەوەی لاشەیان نەبێت، جا هەندێك لەخەڵکی لەم عیبارەتە بەو شێوەیە گومان دەبەن هەرکەسێك خوا نەناسێ بەعەقڵی ئەوا کافرە، جا ئیمامی المروزي لێردا مەبەستی ئەو تائیفەیە ڕوون دەکاتەوە لەو قسەیەیان و دەڵێت: ...ابو عبداللە دەڵێت تائیفەیەکی تر لە ئەهلی حەدیث دەڵێن بەهەمان شێوەی قسەکەی ئەوان بەڵام بە بەموسڵمان ناویان بردوە چونکە دەرچووە لەمیلەتانی کوفر و ئیقڕاری کردوە بەخوا و بەو شایەتمانەی هێناوێتی بەڵام نایڵێن ئیماندارە، ئەگەرچی بەموسڵمان ناوی بێنن بەڵام کافریشە کافر بەو مانایە نا کەوا کافر بێت بەخوا بەڵکو کافرە لەڕووی عەمەلەوە کە دەرهێنەر نیە لەبازنەی ئیسلام، دەڵێن کە عیلم بەاللە ئیمان بێت و جەهلیش بە اللە کوفربێت هەروەها کار کردنیش بەفەڕیزەتەکان ئیمانە وە جەهلیش بەفەڕیزەتەکان پێش دابەزینیان کوفرنیە هەروەها دوای دابەزینیشی هەر کوفر نیە چونکە ئەصحابی موحەمەد صلی اللە علیە وسلم کە سەرەتا پێغەمبەریان بۆ هات تەنها دانیان بەاللە

هێنابوو وه کاریان بەو فەڕزانە نەکردبوو کە فەڕزکرابوو لەسەریان، پاشان ئەو جەهلەیان کوفر نەبوو، پاشان خوا فەڕیزەتەکانی بۆسەر دابەزاندن دانیان پێدانا و کاریان پێکرد ، ئەم دان پێدانان و کارکردنەیان ئیمان بوو، ئەوەشی کافر دەبێت لەبەر ئەوەیە کە ئینکاری لێ بکات کە دەبێتە بەدرۆ دانانی هەواڵی اللە، جا ئەگەر هەواڵی خوایان بۆ نەهاتبێ سەبارەت بە فەڕزەکان بەنەزانیان بەو فەڕزانە کافر نابن، هەروەها دوای هاتنی هەواڵی خواش بەو فەڕزانە ئەو موسڵمانانەی ئەو هەواڵەیان بۆ نەچووبێ و جەهلیان پێی هەبێت کافر نابن، جەهل بەخوا لەهەموو بارێکدا کوفرە لە پێش هەواڵی خوا و لەدوای هەواڵی خوا ، دەڵێن پاشان دەڵێین تەرك کردنی باوەڕهێنان بە اللە کوفرە بە اللە، بەڵام ئەگەر تەرکی فەڕزەکان بکات لەگەڵ باوەڕهێنانی بەوەی اللە واجبی کردوە ئەمەش هەر کوفرە بەڵام ئەو کوفرە نیە بە اللە بەڵکو کوفرە لە ڕووی تەرك کردنی حەق، هەروەك کابرا دەڵێت کوفری حەقەکەی من و نیعمەتەکەی منت کرد، بەو مانایەی مافی حەق و سوپاسکردنی چاکەکانمت پشتگوێ خست، دەڵێن لەمەشدا پشت ئەستورین بەو ڕیوایەتانەی هاتووە لە هاوەڵانی پێغەمبەرەوە صلی اللە علیەوسلم کە کوفریان کردوە بەچەندین لق وپۆپەوە کە ئەو لقانە خاوەنەکەی لەبازنەی ئیسلام دەرناهێنێت، بەهەمان شێوەش ئیمان لەڕووی کردەوەوە چەندین لق و پۆپە لەسەر ئەصڵەکەی بەتەرك کردنی لقەکانی دەرناچیت لەبازنەی ئیسلام نموونەی ئەمەش ووتەکەی ابن عباس ه

دەربارەی ئایەتی [ومن لم يحكم بما أنزل الله فأولئك هم الكافرون]...) کەواتە قسەکەیان مانای ئەوەیە ئەو کەسەی شایەتمان دێنێ لە لەبازنەی کوفر و کافران دەردەچێت بۆ ناو بازنەی ئیسلام و ناوی موسڵمانی لەسەر جێگیردەبێت، بەڵام پێی ناوترێت ئیماندار ئەگەر کەمتەرخەم بێت لەئەنجامدانی کردەوەکان کە لە کەمالی ئیمانی واجبە، بۆیە ئیقرارِ نەکردن بە دوو شایەتمانەکە بریتیە لە جەهل بە اللە کەوا کوفرە پێش دابەزینی فەرزەکان و دوای دابەزینی فەرزەکانیش".

قاعیدەی)

"ئەصڵ لە ئینساندا ئەوەیە جاهیل و نەزانە بۆیە پێویستی بە عیلمێکی وردەکاری هەیە جەهلەکەی پێ لەسەر خۆ لابەرێت "

اللە تعالی دەفەرمێت (وَٱللَّهُ أَخۡرَجَكُم مِّنۢ بُطُونِ أُمَّهَٰتِكُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ شَيۡـٔٗا وَجَعَلَ لَكُمُ ٱلسَّمۡعَ وَٱلۡأَبۡصَٰرَ وَٱلۡأَفۡـِٔدَةَ لَعَلَّكُمۡ تَشۡكُرُونَ)[سورة النحل 78].

واتە: خوا ئەو خوایە یە کە ئێوەی لە سکی دایکتان دەرهێناوە کە هیچتان نەدەزانی وە (خوا) گوێ و چاو و دڵی پێدان بۆ ئەوەی سوپاسی (خوا) بکەن .

ئیمام ابن تەیمیە لە مجموع الفتاوی(14/38) دەڵێت:
ئینسان وا دروست کراوە ستەمکارە و نەزانە، ئەصڵ تیایدا نەبوونی عیلمە و مەیل کردنیەتی بۆ لای ئارەزووی خراپ، بۆیە هەموو کات پێویستی بە عیلمێکی ورد هەیە نەزانیەکەی لەسەر لابەرێت ".
جەهل بەچەند مانایەکی جیاواز دێت لەوانە خاڵی بوونی دەرون لەزانست، هەروەها باوەڕبون بەشتێك بەپێچەوانەی حەقیقەتەکەی، وە یان ئەنجامدانی کارێك بەپێچەوانەی ئەوەی کەدەبوو بەشێوەیەکی تر ئەنجامی بدەیت .
ئیمام ابن تەیمیە لە مجموع الفتاوی (7/539) دەڵێت:
بەهەمان شێوە لەفزی "عەقڵ"، مەبەست پێی ئەو غەریزەیەیە کە بەهۆی دەزانیت، وە مەبەست پێی جۆرەکانی عیلمە، هەروەها مەبەست پێی کارکردنە بەپێی ئەو عیلمە، بەهەمان شێوە لەفزی "جەهل" مەبەست پێی نەبوونی عیلمە وە مەبەست پێی کارنەکردنە بەپێی ئەو عیلمە ".

جەهل دابەش دەبێت بۆ چەن جۆرێك

جەهلی بەسیط: بریتیە لەوەی کە هیچ لەبارەی شتەکەوە نەزانیت، بەڵام جەهلی مورەکەب: ئەوەیە شتەکە بەپێچەوانەی حەقیقەتی خۆی بزانیت. هەروەها جەهل ناودەبرێت بەکارنەکردنیش بەعیلم .
ئیمام ابن تەیمیە لە "إقتضاء صراط المستقیم"(1/257) دەڵێت : هەرکەسێك کارێك بکات بەپێچەوانەی حەق ئەوا جاهیلە ئەگەرچی بشزانێت کە

موخالەفەی حەقی کردوە، هەروەك اللە سبحانە وتعالی دەفەرمێت (إِنَّمَا ٱلتَّوۡبَةُ عَلَى ٱللَّهِ لِلَّذِينَ يَعۡمَلُونَ ٱلسُّوٓءَ بِجَهَٰلَةٖ) هاوەڵانی موحەممەد صلی اللە علیە وسلم دەفەرموون هەرکەسێك تاوانێك بکات ئەوا جاهیلە، هۆکاری ئەوەش ئەوەیە عیلمی حەقیقی کە لەدڵدا جێگیربوو ڕێگری دەکات لەوەی سەرپێچی شەرعیت لێ ڕوو بدات لە قەول و لەعەمەل، جا هەرکاتێك سەرپێچیەکت ئەنجامدا مانای وایە دڵەکەت بێ ئاگایە لەو سەرپێچیە یان نیشانەی ئەوەیە عیلمی دڵت لاوازە لەڕوبەڕوبونەوەی ئەو سەرپێچیە، ئەم حاڵەتانەش پێچەوانەی حەقیقەتی عیلمە، بەم ئیعتیبارەیە جەهل و نەزانی ".

قاعیدەی(9)

"ئەهلی سوونە عوذر بەجەهل و تەئویل بۆ تەکفیرکردنی کەسی دیاریکراو پەیوەست ئەکەن بەعوزرێکی بەجەهلێکی بەهەند وەرگیراو-معتبر"-

ئەهلی سوونە عوذر بەجەهل بەمەرج دەگرن کە ئەو نەزانیە بەهۆی پشت کردن یان عینادی یان لوتبەرزی نەبێت، واتە معتەبەڕ بێت، کابرا کاتێ جەهلی هەیە بەحوکمی شەرعی کارێك کاتێك ئەو کارە دەکات مەبەستی موخالەفەکردنی شەرعی نیە، هەربۆیە لەپێش عیلم تەکلیف نیە، هەرکەسێکیش ئەهلیەتی تەکلیفی نەبێت ووتە کردارەکانی بەهەند وەرناگیرێت لەشەرعدا .

ئیمام ابن تەیمیە لە "مجموع الفتاوى" (3/288) دەڵێت:
صەحیح لە دەلالەتی ئەم ئایەتانەی خوای گەورە وماكنا معذبين حتى نبعث رسولا) وە دەفەرمێت (رسلا مبشرين ومنذرين لئلا يكون للناس على الله حجة بعد الرسل) هەروەها لەبوخاری و موسلیم هاتووە لەپێغەمبەرەوە كە دەفەرموێت" ما أحد أحب إليه العذر من الله من أجل ذلك أرسل الرسل مبشرين ومنذرين " هەربۆیە كەسی خاوەن تەئویل و جاهیل مەعزورە حوكمی وەك كەسێك نیە كە موعانید بێت و فاجیربێت، بەڵكو خوا بۆ هەموو شتێك ئەندازەی خۆی بۆ داناوە ".

ئیمام ابن تەیمیە لە " مجموع الفتاوى" (11/406)دەڵێت: هەیە لەخەڵكی جاهیلە بەهەندێك لەم حوكمانە بەجۆرێك كە بیانووی پێ دەدرێت، هەربۆیە بڕیارنادرێت بەكافربوونی هیچ كەسێك تاكو ئیقامەی حوجەی لەسەر نەكرێت، لەڕووی گەیاندنی ڕیسالە، هەربۆیە ئەگەر پیاوێك موسڵمان ببێت و نەزانێت نوێژ لەسەر واجبە یان نەزانێت عارەق لەسەر حەرام كراوە ئەوا كافر نابێت ئەگەر باوەڕی بەواجب بوونی نوێژ نەبێت یان باوەڕی بەحەرام بونی عارەق نەبێت، بەڵكو سزاش نادرێت تاكو بەڵگەی پێغەمبەرایەتی پێ دەگەینرێت ".

هەروەها ئیمام ابن تەیمیە لە شەرحی "العمدة" (4/441) دەڵێت: نەهی كردن جێگیر نابێت لەسەر كەسێك كە قەدەغەكراوە لەسەری ئەنجامدانی كارێك،

تاکو ئەو کەسە دەزانێت ئەو نەهیە کراوە لەسەری، بۆیە کەسێک نەزانێت هەروەك لەبیرچوو وایە بەڵکو لەپێشتریشە "...

ابن کەثیر دەڵێت :"بێگومان خوا وەعدی داوە پێیان بەوەڵامدانەوە هەروەك چۆن فێریکردون و ڕێنمایی کردون بڵێن "ربنا لاتؤخذنا إن نسينا" إن نسينا: واتە ئەگەر فەرزێکمان تەرك کرد بەهۆی لەبیرچوون یان حەرامێکمان ئەنجام دا ، بەهەمان شێوە "أو أخطأنا" واتە لێمان خۆشبە لە پێکان لەکردەوەدا، بەو مانایەی نەزان بین بەڕووە شەرعیەکەی، هەروەك لەصەحیحی موسلم لەفەرمودەکەی ابو هوریرە، خوای گەورە فەرمووی : بەڵێ، هەروەها لەفەرموودەکەی ان عباس، الله تعالى فەرموی: ئەوە ئەنجامم دا .

ئیمامی بەغەوی دەڵێت:" زۆربە دەربارەی "خطأ" دەڵێن بریتیە لە جەهل و لەبیرکردن، چونکە هەر گوناحێ بەعەمدی بوو ئەوا عەفوو نایگرێتەوە و لەژێر مەشیئەتی خوایە، بەڵام خطأ عەفوو کراوە".

قاعیدەی(10)

"حوکمی نەزانین چی یە بەچەند ناو و سیفەتێکی خوا لای ئەهلی سوونە و جەماعە"

ئیمامی نەوەوی -رحمه الله- لەشەرحی موسلیم دەڵێت:

بێگومان زانایان جیاوازن دەربارەی تەکفیرکردنی کەسی نەزان بە سیفەتی خوا، قاضي عياض دەڵێت: ئەوانەی ئەوانەی تەکفیری کەسی نەزانیان کردوە بەسیفەتی خوا ابن جەریری تەبەرِیە، هەروەها قەولی سەرەتای ئەبو حەسەنی ئەشعەریە، بەڵام زانایانی تر وتویانە کەسی نەزان بەسیفەتی خوا کافر نابێت، و لەناوی ئیمان دەرناچێت بەپێچەوانەی کەسێك کە ئینکاری لێ بکات، ئەبو حەسەنی ئەشعەری لەکۆتاییدا بۆ ئەم قەولە گەرِاوەتەوە و لەسەری جێگیربووە "..

ابن حاتم لە "مناقب الشافعي"دەڵێت ئیمامی شافعی وتویەتی:" خوای گەورە خاوەن چەندین و ناو و سیفاتە هەروەك لەکیتابەکەیدا هاتووە و پێغەمبەرەکەی هەواڵی پێداوە بەئومەتەکەی، بۆ هیچ کەسێك نیە کە ئیقامەی حوجەی لەسەرکرابێت رِەتی بکاتەوە، چونکە لەقورئان دابەزێنراوە، وە بەصەحیحیش لەپێغەمبەرەوە هاتووە صلى الله عليه وسلم، جا ئەگەر حوجەی لەسەر جێگیرکرا و پێچەوانەی کرد ئەوا کافرە، بەڵام پێش جێگیربوونی حوجە خاوەنی عوذری هەیە بەجەهل، چونکە عیلمی ناو و

سیفەتەکانی خوا بەعەقڵ و بیرکردنەوە و فیکر نازانرێت، کەس بەهۆی نەزانی بەناو وسیفەتەکانی خوا تەکفیر ناکەین، هەتا ناو وسیفەتەکانی پێ ڕانەگەینرێت، وە ئێمە ناو وسیفەتەکانی خوای گەورە سابت دەکەین وە وێکچواندنیشی لێ نەفی دەکەین هەروەك چۆن خۆی نەفی تەشبیهی کردوە لەسەر خۆی وفەرمویەتی [ليس كمثله شيء وهو السميع البصير] " .

سیاقی وتەکەی ئیمامی شافیعی -رحمه الله- دەربارەی عوذر بەجەهل پەیوەستە بەبابەتی تەوحیدەوە کەواجب بوونی سابت کردنی ناو و سیفەتەکانی خوای گەورەیە کە لەقورئان وسونەت جێگیربووە کە بەعەقڵ نازانرێت، نەك هەر ئەوەندە بەڵکو بەهیچ شێوەیەك لە ئیمامی شافیعی و هیچ ئیمامێکی ئەهلی سوونەوە نەهاتووە کە بڵێن عوذر بەجەهل نیە لەشتانێك کە بەعەقڵ بزانرێت .

ئیمام ابن تەیمیە لە " مجموع الفتاوى" (3/328) دەڵێت: تاقمێك لە ئەهلی کەلام دەڵێن سیفەتەکانی خوا بەعەقڵ چەسپاوە و پێویستە دانی پێدا بنرێت هەرکەسێك پێچەوانەی بکات کافرە، بەپێچەوانەی ئەو سیفەتانەی بە وەحی چەسپابێت، لەم حاڵەتەدا هەندێ جار نەفی دەکەن یان تەئویلی دەکەن یان تەفویزی ماناکەی ئەکەن، وە هەندێ جاریش سابتی دەکەن، بەڵام ئەو سیفەتانەی کە بەعەقڵ دەزانرێت دەیبەستنەوە بە ئیمان و کوفر، ئا ئەم شتەش بەڕاستی هیچ بنەمایەکی نیە لەلایەن سەلەف و پێشەوایانی سەلەفی

ئومەت، چونکە ئیمان و کوفر کۆمەڵێك ئەحکامن بەڕیساله سابت بووه و بەبەڵگەی شەرعی دەتوانرێت جیاوازی بکرێت لەنێوان ئیماندار و کافر، نەك بەتەنها بەبەڵگەی عەقڵی" .

قاعیدەی(11)

"له بنەماکانی ئەهلی سونه لەبابەتی تەکفیر جیاوازی کردنه لەنێوان جۆر و دیاریکراو

"

ئیمام ابن تەیمیه له "مجموع الفتاوی - (12/497) دەڵێت:

ئەم قسەیه داڕێژەری دوو بنچینەی گەورەیه: "یەکەمیان" ئەوەیه عیلم و ئیمان و هیدایەت ئەوەیه که پێغەمبەر پێی هاتووه، پێچەوانەی ئەمەش کوفره بەشێوەیەکی گشتی، نەفی کردنی صیفات کوفره، باوەڕنەبوون بەوەی خوا دەبینرێ لەڕۆژی دوایی یان بەوەی لەسەر عەرشه یان بەوەی قورئان کەلامی خوایه یان بەوەی خوای گەوره لەگەڵ موسا دواوه یان بەوەی خوای گەوره ئیبراهیمی کردوه بەخەلیلی خۆی ئەمانه و هاوشێوەکانی لەمانادا کوفرن، ئەمەش وتەی ئەهلی سوونه و ئەهلی حەدیثه، بنچینەی دووەم: تەکفیری گشتی هەروەکو- هەڕەشه گشتیەکانه- دەبێت به موتڵەق و گشتی بەکارهێنرێت، بەڵام بڕیاردان لەسەر کەسی دیاریکراو بەوەی بڵێیت کافره یان

شایەدی ئاگری بۆدراوە، ئەمە وەستاوە لەسەر بەڵگەی دیاریکراو چونکە حوکم و بڕیار دەوەستێت لەسەر چەسپانی مەرجەکان و نەبوونی بەربەستەکانی ".

هەروەها ئیمام ابن تەیمیە هەروەك لەمستدرك ی مجموع الفتاوی (1/120) هاتووە دەڵێت: " هەموو جەهلێك بەو هەواڵانەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم داوێتی کوفر نیە، هەر بۆیە سەلەف دەڵێن هەرکەسێك بڵێت قورئان مەخلوقە کافرە، وە هەرکەسێك بڵێت خوای گەورە لە ڕۆژی دوایی نابینرێت کافرە، بەڵام سەلەف کەسی دیاریکراو کە ئەم قسانە دەکات تەکفیری ناکەن؛ لەبەرئەوەی حوکمی تەکفیرکردنی کەسی دیاریکراو پەیوەستە لەسەر لێکۆڵینەوە لەسەر هاتنەدی مەرجەکان و نەبوونی بەربەستەکان لەسەری، هەربۆیە بڕیاری کافربوون نادرێت لەسەر کەسی دیاریکراو تەنها کاتێك نەبێت کەبزانرێت مونافقە و ئیقامە حوجەی پێغەمبەری لەسەربکرێت کە پێچەوانەکردنی و قبوڵ نەکردنی کافر ببێت، بەڵام قسەی ئەو موعتەزیلانە و هاوشێوەکانیان بێگومان کوفر و گومڕاییە "..

هەروەها ئیمام ابن تەیمیە لە "الإیمان الأوسط" لاپەڕە 65 دەڵێت :

ووتەی ڕاست لەم بابەتەدا ئەوەیە: زۆرجار قسەیەك کوفرە وەکو قسەی جەهمیەکان کەدەڵێن: خوا قسە ناکات و خوا لەڕۆژی دوایی نابینرێت، بەڵام ئەشێت ئەم کوفرانە لای هەندێك لەخەڵکی شاراوەبێت کە کوفرە بۆیە حوکم

بەگشتی بڕیاری کافربوونی هەرکەسێك دەدرێت کە ئەم قسانە دەکات، هەروەك سەلەف وتویانە: هەرکەسێ بڵێ قورئان مەخلوقە کافرە هەرکەسێ بڵێ خوا نابینرێ لەڕۆژی دوایی کافرە، بەڵام کەسی دیاریکراو تەکفیرناکرێت هەتا ئیقامە حوجەی لەسەر نەکرێت".

قاعیدەی(12)

"وتنی قورئان مەخلوقە کوفرە لای ئەهلی سوونە، بەڵام کەسێکی دیاریکراو بڵێت قورئان مەخلوقە تەکفیرناکرێت تاکو ئیقامە حوجەی لەسەر دەکرێت"

تەکفیری موتڵەق لای ئەهلی سوونە مانای تەکفیرکردنی موعەین ناگەیەنێت، هەربۆیە ئەگەر کەسێك لەموسڵمانان وتبێتی قورئان مەخلوقە تەکفیریان نەکردوە تەنها دوای کردنی ئیقامەی حوجەی لەسەری.

الالكائي له شەرحی "أصول إعتقاد أهل السنة والجماعة"

لاپەرە 312 دەڵێت:" زیاتر له پێنج سەد و پەنجا کەس له تابیعین و تابیعی تابیعین و پێشەوایان جگە لەصەحابە بەڕێزەکان هەر هەمویان ئەڵێن قورئان کەلامی خوایە و هەرکەسێك بڵێت مەخلوقە کافرە، ئەمە تەنانەت نزیکەی سەد ئیمامی باوەڕپێکراو ئەوانەی خەڵکی دەستگرتوون بەمەذهەبەکانیان لەهەموو سەردەم و ساڵە جیاوازەکان سەدە لەدوای سەدە لێیانەوە نەقڵم

کردوه هەرهەمویان وا دەڵێن، تەنانەت ئەگەر ناوی زانایانی حەدیس باسبکەم ئەوا ژمارەیان ئەگاتە هەزاران کەس ، بەڵام لێرەدا بەکورتی هێناومە هەر هەمویان ئەڵێن قورئان کەلامی خوایە و هەرکەسێ بڵێ مەخلوقە کافرە، وە هەرکەسێکیش ئینکاری لەمە بکات داوای تەوبەی لێ دەکەن ئەگەر نا فەرمانیان کردوە بەکوشتنی یان بە دوورخستنەوەی یان بە لەخاچدانی، خیلافی تێدا نیە لەنێوان پێشەوایان کەوا یەکەم کەس کەووتی قورئان مەخلوقە جەعدی کوڕی درهەم بوو لەساڵەکانی 120کۆچی، پاشان جەهمی کوڕی صەفوان بوو، جەعدی کوری درهەم خالدی کوڕی قەسری کوشتی، پاشان دوای ئەو جەهم کوژرا لە مەرو لەخلافەتی هیشامی کوڕی عبدالملك، دواتر بەسەرهاتەکانیان باسدەکەم و باسی ئەو سنورانەش دەکەم کەئەهلی عیلم دایان ناوە لەسەر ئەو کەسانە وەکو هەجرکردن و دوورکەوتنەوە لێیان تاکو موسڵمانان چاو لەزانایان بکەن بکەن بیانکەن بەپێشەنگی خۆیان ".

ابن تەیمیە دەڵێت هەروەك لە "المستدرك على الفتاوى ابن تيمية " هاتووە -: (120/1):

مەرج نیە هەرکەسێك جەهلی هەبێت بەو دینەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم هەواڵی پێداوە کافر ببێت، هەربۆیە سەلەف فەرموویانە هەرکەسێك بڵێت قورئان مەخلوقە یان خوای گەورە لەڕۆژی دوایی نابینرێت کافرە بەڵام کەسی دیاریکراو کە ئەم قسەیە دەکات تەکفیری ناکەن چونکە سابت بوونی

حوکمی تەکفیر لەسەر کەسی دیاریکراو پێویستی بەبوونی مەرجەکان و نەمانی بەربەستەکان هەیە، هەربۆیە حوکم نادرێت بەسەرکەسی دیاریکراو بەوەی کافرە، تەنها ئەگەر بزانرێت مونافقە یان ئیقامەی حوجەی لەسەرکرابێت کە مخالەفەکردنی کافربێت و قبوڵی نەکردبێت، بەڵام وتەی ئەو موعتەزیلانە و هاوشێوەکانیان بەبێ گومان کوفر و گومڕاییە..اهـ

قاعیدەی(13)

"یەکێك لەبنچینەکانی موعتەزیلە ئەوەیە دەڵێن بوونی عەقڵ کافیە لەبەرپابوونی ئیقامەی حوجـــە لە تەوحید دا"

الأصبهاني له الحجة في بيان المحجة -(٣٤٧/ ١)دەڵێت:

أبو المظفر السمعاني دەڵێ : جیاوازی لەنێوان ئیمە و موبتەدیعەکان بریتیە لە بابەتی عەقڵ ئەوان دینەکەیان لەسەر عەقڵ دامەزراندوە، شوێنکەوتن و شوێنەواریان خستۆتە دوای عەقڵەوە، بەڵام ئەهلی سوونە دەڵێن: ئەصڵ لەدین شوێن کەوتنە عەقڵیش بەدوای دەکەوێت، چونکە ئەگەر بنچینەی دین لەسەر عەقڵ بوایە ئەوا خەڵکی پێویستیان بە وەحی و بەپێغەمبەران نەئەبوو، هیچ مانایەکی ئەمر و نەهی نەدەما و هەرکەسە بەویستی خۆی

قسەی ئەکرد، هەربۆیە ئەگەر دین لەسەر بنچینەی عەقڵ بوایە ئەوا جائیز بوو هەر شتێك عەقڵت بڕی نەکات ڕەتی بکەیتەوە "..

القاضي عبدالجبار لەشەڕحی الأصول الخمسة بەشێکی داناوە بەناونیشانی " کەسی موکەلەف بەعەقڵی ئەوەی ئەمری پێکراوە دەیزانێ نەك بەوەحی" دەڵێت :

"ئەوەی زەڕوڕە کەسی عاقڵ بیزانێت پێویستی بەوە نیە بەوەحی بیزانێ، وەکو زانینی ناشرینی ستەمکردن

و کوفرکردنی نیعمەت و پێویستی ئینصاف و سوپاسکردن، هەروەها پێویستمان بەوەحی نیە لەو شتانەی بەڵگەی زانراوی عەقڵی هەیە لەسەری چونکە بۆخۆی ئەتوانێت بڕوانێتە بەڵگەکان لەسەر بوونی بەڵگە لەسەر".

زەمەخشەری لە کەشاف دەڵێ: ئەگەر بەڵگەی عەقڵی پشتیوانی کردن بوون لەگەڵ بەڵگەی وەحی، بەڵام بەڵگەی وەحی بەهێزترە بۆ پوچەڵکردنەوەی مەذهبەکانیان، ئەگەرچی بەتەنها بەڵگەی عەقڵی کافیە " .

حاکم جەشمی شێخی موعتەزیلە لەتەفسیرەکەیدا دەڵێ: "عەقڵ کۆمەڵە زانستێکی زەڕوڕیە ئەگەر لە ئینساندا هەبوو ئەوا دەبێت بەموکەلەف ، کۆتا عیلمی عەقڵ بریتیە لە درك کردن بەعیلمی واجیباتە عەقڵیەکان وە شتە باش و ناشرینەکان بەعەقڵ ناونراوە بەعەقڵ وەکو لاسایی کردنەوەیەك بۆ عوقال کە

ئەو گوریسەیە ئاژەڵی پێ دەبەستێتەوە، عەقڵیش گوریسێکە ڕێگریت لێ دەکات لە ئەنجامدانی شتە ناشرینەکان " .

هەروەها لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا (فَإِن زَلَلْتُم مِّنۢ بَعْدِ مَا جَآءَتْكُمُ ٱلْبَيِّنَٰتُ فَٱعْلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ)

ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی سزادان لەسەر پێ خلیسکان و لادان دوای ئیقامە حوجە دەبێت ئەمەش لەدوو ڕووەوەیە: شەریعەتەکان لەڕێگای پێغەمبەران و وەحیەوە دەزانرێ، بەڵام زانینی تەوحید بەبەڵگەی عەقڵی دەزانرێت، بەڵام بەتەرك کردنی شەرائیع کەس تەکفیر ناکرێت تاکو بەڵگەی وەحی پێ دەگەیەنرێت "..

کەواتە تێگەیشتن ئەوانەی ئەڵێن هەر کەسێ بکەوێتە ناو شیرک و کوفرێکەوە کافرە و موشریکە ئەگەرچی بەڵگەی بۆ ڕوون نەکرابێتەوە و ئیقامەی حوجەش نەکرابێت، ئەم پیسیە لە پیسیەکانی موعتەزیلەوە هاتووەتە ناو ئەهلی سوونە و کەسانێکی نەزان ئەمڕۆ تەبەنای ئەکەن.

قاعیدەی(14)

"ئوصوڵی دین کە پێچەوانەکارانی تەکفیر ئەکرێت لای موعتەزیلە بەعەقڵ و فیترەت دەزانرێت"

ئیمام ئیبن و تەیمیە لە درء التعارض بین العقل والنقل (1/140) دەڵێ:

لەشتە سەیرەکانە ئەوانەی ئەهلی کەلامن دەڵێن: ئەو ئصوڵی دینەی پێچەوانەکارەکانی کافر دەبن کە بریتیە لە عیلمی کەلام کە تەنها عەقڵ دەزانرێت، بەڵام ئەو بابەتانەی بەعەقڵ نازانرێت ئەوە شتە شەرعیەکانە لایان، ئەمەش ڕێگای موعتەزیلە و جەهمیەکانە و هاوپێڕەکانیانە هاوشێوەی شوێنکەوتوانی خاوەنی الارشاد، بۆیە پێیان ئەڵێین ئەم قسەیەتان پێك دێت لەدوو شت : یەکەمیان: ئوسوڵی دین تەنها بەعەقڵ دەزانرێ بەڵام شەرعیەکان بەعەقڵ نازانرێت. دووەم: ئەوانەی موخالیفی ئوسوڵی دینن کافرن، جا ئەم پێشەکیە ئەگەرچی باطڵە کۆکردنەوەش لەیەکگیرانە ".

هەر لەسەر ئەم بنەما باتڵەیە ئەو سولەیمانی صۆمالێی هاوپێڕەکانی موسڵمانان تەکفیر ئەکەن بەهۆی ئەنجەمدانی شیرك و کوفری گەورە پێش گەیشتنی حوجە و ڕوونکردنەوە، کەواتە زانیمان ئەمانە ئەم عەقیدە بۆگەنەیان لەکێ وە وەرگرتوە ، ئەمە بەسبێ کەپێی ببن بەموبتدیع و دەرچونیان لە ڕێیازی ئەهلی سوونە .

هەروەها شێخی ئیسلام ابن تەیمیە لە مجموع الفتاوی (19/207) دەڵێ : جمهوری هەردوو تاقمەکەی ئەهلی کەلام و ڕەئی ئینکاری دەکەن لەو قسەیەی عوبەیدوڵا کە دەڵێ کەسی بەهەڵەداچوو لە ئوسوڵی دین یان لەفروعی دین مادام بەهەڵەداچوبێت گوناحبار نابێت، بەڵام لەغەیری ئەهلی کەلام واتە ئەهلی سوونە دەڵێن: هەرکەسێك بەهەڵەداچێت لەئوسوڵی دین

بێت یان لەفروعی دین ئەوا هیچی لەسەر نیە ئەمەش قەولی سەلەف و پێشەوایانی فەتوایە لە ئەبو حەنیفە و شافیعی و ثەوری و داودی کوڕی عەلی هەروەك ابن حەزم و غەیری ئەویش گێڕاویەتیەوە لێیان، هەربۆیە ئەبو حەنیفە و شافیعی و غەیری ئەوانیش شایەدیان وەردەگرت لەئەهلی ئەهواو بیدەع و نوێژیان دەکرد لەپشتیانەوە تەنها خەتتابیەکان نەبێت، وە گومانیشی تێدانیە کافر نوێژی لەپشت ناکرێ و شایەدی لەسەر موسڵمانان لێ وەرناگیرێت، هەربۆیە عوذر هێنانەوە بۆ کەسی بەهەڵەداچوو لە ئوسوڵی دین بێت یان لەفروع ڕێیازی صەحابە و تابیعین و پێشەوایانی دینە کە هیچ کەسێ بەکافر و بەفاسق و بەگوناحبار دانانێن لەو کەسانەی کۆشش بکەن بۆ فێربوونی عیلم بەڵام بەهەڵەدا بچن جا ئەگەر هەڵەکەیان لەبابەتی عەقیدەیی بێت یان لەبابەتی کردەیی، وە وتویانە جیاوازی کردن لەنێوان بابەتەکانی ئوسوڵ و فروع لە ئەقوالەکانی ئەهلی بیدەعە لە ئەهلی کەلام و موعتەزیلە و جەهمیەکان ئەوانەی ڕێگای ئەوانەیان گرتوە، جا ئەم قسەیە گوێزراوەتەوە بۆ کەسانێ کە لە ئوسوڵی فیقە دواون تێکەڵی ئەو عیلمەیان کردوە بەم ڕاستیەیان نەزانیوە، هەربۆیە جیاوازی کردن لەنێوان ئوسوڵی دین و فروعی دین بابەتێکی داهێنراوە لە ئیسلام و هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نیە لە قورئان و لەسونەت و ئیجماع و هیچ یەکێ لەسەلەف و لەپێشەوایان بەکاریان نەهێناوە، هەربۆیە ئەو جیاوازی کردنە باطڵ ە لەڕووی عەقڵیشەوە".

باسی هەشتەم

تێگەیشتن لە زاراوەی (العبرة بعموم اللفظ وليس بخصوص السبب)

یەکێك لەسوودەکانی أسباب النزول بۆ ئەوەیە بزانی ئەم ئایەتە بۆ چ کەسانێ دابەزیوە وسیفەت و عیلەتی نازل بونی ئەو حوکمە چی بووە و لەچ کەش و هەڵومەرجێکدا دابەزیوە ئەوکاتە هەرکەسێ ئەو سیفەت و عیلەتانەی تێدابوو و هەمان هەڵومەرجی هەبوو ئەوا ئەو حوکم و بڕیارە ئەیگرێتەوە تا ڕۆژی قیامەت بەردەوامە، بۆ نموونە ئایەتێ باس لەکافران ئەکات کە ئیقامە حوجە کراون ئەو ئایەتە شوملی هەموو کەسێ ئەکات ئیقامە حوجەکرابێت یان مەرجەکانی کافربونی تێدابێت و ڕێگریەکانی کافربونی لەسەر نەمابێت. با دوو نموونە بهێنینەوە . نموونەی یەکەم /

خوای گەورە و میهرەبان دەفەرمێت (قُلۡ هَلۡ نُنَبِّئُكُم بِٱلۡأَخۡسَرِينَ أَعۡمَٰلًا 103 ٱلَّذِينَ ضَلَّ سَعۡيُهُمۡ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَهُمۡ يَحۡسَبُونَ أَنَّهُمۡ يُحۡسِنُونَ صُنۡعًا 104 أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِـَٔايَٰتِ رَبِّهِمۡ وَلِقَآئِهِۦ فَحَبِطَتۡ أَعۡمَٰلُهُمۡ فَلَا نُقِيمُ لَهُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ وَزۡنا 105 ذَٰلِكَ جَزَآؤُهُمۡ جَهَنَّمُ بِمَا كَفَرُواْ وَٱتَّخَذُوٓاْ ءَايَٰتِي وَرُسُلِي هُزُوًا) سورة الكهف 106

واتە: بڵێ ئایا هەواڵتان بدەینێ بە خەسارۆمەندترین (کەس) لەکاروکردەوەکانیاندا 103 ئەوانە ئەو کەسانەن کە کردەوە و کۆششیان بەفیڕۆ چوو لەژیانی دونیادا واشیان گومان دەبرد بەڕاستی ئەوان کارێکی زۆر چاک

دەکەن 104 ئەوانە کەسانێکن بێ باوەڕ بوون بەئایەتەکانی پەروەردگاریان و گەیشتن بەخزمەتی (لەدواڕۆژدا) لەبەر ئەوە کردەوەکانیان پوچەڵ و بێ پاداشت دەرچوو کەواتە لەڕۆژی دواییدا هیچ نرخ و ڕێزێکیان بۆ دانانێین 105 ئەوە تۆڵە و سزایان دۆزەخە لەبەر ئەوە بێ باوەڕبوون و گاڵتەیان دەکرد بەنیشانەکان و پێغەمبەرانی ئێمە .

ئەم ئایەتە باس لەکەسانێ کافر ئەکات کە ئەمە سیفەتیانە

1- کافربوون بەئایەتەکانی خوا
2- کافربوون بە قیامەت
3- گاڵتەیان ئەکرد بەئایەتەکانی خوا
4- گاڵتەیان ئەکرد بە پێغەمبەرەکانی خوا

جا هەرکەسێ لەکافران ئەم سیفەتانەی یان یەکێ لەو سیفەتانەی تێدابێت ئەوا کافر ئەبێت باسی کۆمەڵێ لەسیفەت ئەکات کە عوذری نەزانی تیانیە چونکە دژایەتی کردنی ئاشکرای دینە و ڕەتکردنەوەی بێ پەردەی ئایەتەکانی خوایە کاتێ بۆی دێت جا هەرکەسێك ئەمە سیفەتی بێت ئەوا ئەشێت ئەم ئایەتانە لەحەقیدا بەکاربێنین .

نموونەی دووەم/

خوای گەورە و میهرەبان باسی کافرەکانی قوڕەیش ئەکات لە دۆزەخ ئەوانەی شوێنی گەورەکانیان کەوتبوون لەبری پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم شوێنی گەورە و سادەکانیان کەوتبوون (وَقَالُواْ رَبَّنَآ إِنَّآ أَطَعۡنَا سَادَتَنَا وَكُبَرَآءَنَا فَأَضَلُّونَا ٱلسَّبِيلَاْ)[سورة الأحزاب 67]

دەڵێن: ئەی پەروەردگارمان بەڕاستی ئێمە بەگوێی سەران و گەورەکانمان کرد ئیتر لەڕێگای ڕاست گومڕایان کردین. ئەوانە عوزریان نەبوو چونکە حەقیان پێ گەیشتبوو و بۆیان ڕوون کرابووە بەڵام بەهۆی بەقسەکردنی گەورەکانیان شوێنی نەکەوتن . هەربۆیە هەرکەسێ حەقی پێ بگات و بۆی ڕوون بکرێتەوە ئاوا عوزری نابێت کاتێ شوێنی کوفر بکەوێ و کوفر بکات.

جمهوری زانایان دەڵێن عیبرەت بەگشتێتی لەفزەکەیە نەك بەتایبەتکردنی هۆکارەکە، واتە ئەو حوکمە گشتیە لەو لەفزە گشتیە وەردەگیرێت لەو وێنەی کەبەهۆی دابەزیوە دەچێت ئەو وێنانەی کە وەکو ئەو وێنە و حاڵەتەیە کە بەهۆیەوە دابەزیوە، بۆ نموونە ئایەتی لیعان سەبارەت بە هیلال بن أمیە دابەزی کە تۆمەتی زینای بۆ هاوسەرەکەی دروست کرد، ئایەتی لیعان بەهۆیەوە دابەزی جا ئەو حوکمە هەموو ئەو کەسانە ئەگرێتەوە کە وەکو هیلالی کوڕی ئومەیە بن و تۆمەتی زینا بدەنە پاڵ خێزانەکانیان. بڕوانە[علوم القرآن- مناع القطان- لاپەڕە 76]

پێشەوا شێخی ئیسلام ابن تەیمیە دەڵێت :" قد يجيء كثيرا من هذا الباب قولهم هذه الآية نزلت فى كذا لا سيما ان كان المذكور شخصا كأسباب النزول المذكورة فى التفسير كقولهم ان آية الظهار نزلت فى امرأة أوس بن الصامت وان آية اللعان نزلت فى عويمر العجلانى أو هلال بن أمية وأن آية الكلالة نزلت فى جابر بن عبدالله وأن قوله وان أحكم بينهم بما أنزل الله نزلت فى بنى قريظة والنضير وان قوله ومن يولهم يومئذ دبره نزلت فى بدر وان قوله شهادة بينكم اذا حضر أحدكم الموت نزلت فى قضية تميم الدارى وعدى بن بداء وقول أبى ايوب ان قوله ولا تلقوا بأيديكم الى التهلكة نزلت فينا معشر الأنصار الحديث ونظائر هذا كثير مما يذكرون أنه نزل فى قوم من المشركين بمكة أو فى قوم من أهل الكتاب اليهود والنصارى أو فى قوم من المؤمنين

فالذين قالوا ذلك لم يقصدوا أن حكم الآية مختص بأولئك الاعيان دون غيرهم فان هذا لا يقوله مسلم ولا عاقل على الاطلاق والناس وان تنازعوا فى اللفظ العام الوارد على سبب هل يختص بسببه أم لا فلم يقل أحد من علماء المسلمين ان عمومات الكتاب والسنة تختص بالشخص المعين وانما غاية ما يقال أنها تختص بنوع ذلك الشخص فيعم ما يشبهه ولا يكون العموم فيها بحسب اللفظ والآية التى لها سبب معين ان كانت أمرا ونهيا فهى متناولة لذلك الشخص ولغيره ممن كان بمنزلته وان كانت خبرا بمدح أو ذم فهى متناولة لذلك الشخص وغيره ممن كان بمنزلته" مقدمة التفسير لشيخ الإسلام ابن تيميَّة.

دەڵێت:" لەم شێوازەمان زۆرە کە دەوترێ ئەم ئایەتە دابەزیوە لەبارەی فلاّنە شت، بەتایبەت ئەگەر دابەزیبێت لەبارەی کەسێك، وەك دەڵێن ئایەتی زیهار سەبارەت بە خێزانەکەی ئەوسی کوری صامت دابەزیوە

، یان ئایەتی کەلالە دەربارەی جابیری کوڕی عبدالله دابەزیوە و ئایەتی (وآن احکم بینهم بما أنزل الله) سەبارەت بە بەنی قوڕەیزە و نەضیر دابەزیوە، هاوشێوەی ئەم حاڵەتانە، یان دەڵێن ئەم ئایەتانە دەربارەی موشریکانی ئەهلی مەککە دابەزیوە، یان لەبارەی یەهود و نەصاری دابەزیوە، یان دەربارەی قەومی باوەڕداران دابەزیوە، جا ئەوانەی ئەم قسانەیان کردوە نااڵێن حوکمی ئەم ئایەتانە تایبەتە بەو کەسە دیاریکراوانە و کەسی تر ناگرێتەوە، هیچ کەسێکی موسڵمان و عاقڵ قسەی ئاوا ناکات بەهیچ شێوەیەك، خەڵکی ئەگەرچی ناکۆك بن لەلەفزی گشتی کەوارد بووە بەهۆی هۆکارێ ئایا تایبەتە بەهۆکارەکەی، بەڵام هیچ کەسێك نەیوتوە گشتیەکانی قورئان و سونەت تایبەتە بەو کەسە دیاریکراوانە، بەڵکو دەوترێ تایبەتە بەجۆری ئەو کەسە دیاریکراوە و هەموو کەسێك دەگرێتەوە کە هاوشێوەی ئەو کەسە بێت، گشتی بوون لەئایەتەکە بەپێی لەفزەکە نابێت، ئایەتێك کە هۆکارێکی دیاریکراو هەبێت لە دابەزینی لە ئەمرکردن یان لەنەهی کردن بۆ کەسێکی دیاریکراو ئەوا ئەو ئەمر و نەهی کردنە ئەو کەسە و غەیری ئەو کەسەش ئەگرێتەوە کە لە پلەی ئەودان، یاخود ئەگەر ئەو ئایەتە هەواڵێك بێت یان

زەم کردن بێت بۆ کەسێکی دیاریکراو ئەوا ئەو کەسە و هەموو ئەو کەسانە ئەگرێتەوە کە لەمەنزیلەتی ئەودان".

هەروەها شێخی ئیسلام دەربارەی مەنهەجی ئەهلی بیدەع سەبارەت بەتەفسیرکردنی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز دەڵێت: " والأولون صنفان تارة يسلبون لفظ القرآن ما دل عليه وأريد به وتارة يحملونه على ما لم يدل عليه ولم يرد به وفى كلا الأمرين قد يكون ما قصدوا نفيه أو اثباته من المعنى باطلا فيكون خطؤهم فى الدليل والمدلول وقد يكون حقا فيكون خطؤهم فى الدليل لا فى المدلول

وهذا كما أنه وقع فى تفسير القرآن فانه وقع أيضا فى تفسير الحديث فالذين أخطأوا فى الدليل والمدلول مثل طوائف من أهل البدع اعتقدوا مذهبا يخالف الحق الذى عليه الأمة الوسط الذين لا يجتمعون على ضلالة كسلف الأمة وأئمتها وعمدوا الى القرآن فتأولوه على آرائهم تارة يستدلون بآيات على مذهبهم ولا دلالة فيها وتارة يتأولون ما يخالف مذهبهم بما يحرفون به الكلم عن مواضعه، ومن هؤلاء الفرق الخوارج والروافض والجهمية والمعتزلة والقدرية والمرجئة وغيرهم " .

دەڵێت: ئەهلی بیدەع دەربارەی تەفسیری قورئان دوو بەشن، بەشێکیان ئەوەی لەفزی قورئان دەیخوازێت لەبەڵگە و مەبەستەکانی لایدەبەن، هەندێ جاریش تەفسیری دەکەن بەشێوەیە کە دەلالەت ناکات لەسەری، لەهەردوو

حاڵەتەکە کە ئیسپاتی بکەن یان نەفی شتێ بکەن باطڵە ئەوکاتە لە بەڵگەکە و لە مەبەستەکەی دەکەونە هەڵەوە یان ئەشێت حەق بێت بەڵام لەبەڵگە بوونی هەڵەبکەن نەك لەمەبەستی ئایەتەکە ئەمەش لەتەفسیری قورئان و فەرموودەش ڕوێداوە، جا ئەوانەی لەبەڵگەی ئایەتەکان و مەبەستی ئایەتەکان هەڵەیان کردوە نمونەی تائیفەکانی ئەهلی بیدەعن کەسەرەتا باوەڕیان بەمەذهەبێ هێناوە کە پێچەوانەی ئەو حەقەیە کە ئومەتی مامناوەند لەسەرین کە هەرگیز کۆنابنەوە لەسەر گومڕایی وەکو سەلەف و پێشەوایانی ئومەت، بۆیە ئەو موبتەدیعانە هەڵدەستن بەتەفسیرکردن و بەڵگە هێنانەوە بە ئایەتەکانی قورئان بەپێی مەزهەبەکەی خۆیان کە کە لەڕاستیدا بەڵگە نیە ئەو ئایەتانەی ئەوان بەکاری دێنن بۆ مەزهەبەکەیان، هەندێ جاریش ئەگەر ئایەتێ پێچەوانەی مەزهەبەکەی ئەوان نەبێت تەئویلی ئەکەن ئەم تەحریف کردنی ماناکانی قورئانە لەمانا ڕاستەقینەکانی خۆی، جا نموونەی ئەمانەش وەکو فرقەی خەوارج و ڕافیزە و جەهمیە و موعتەزیلە و قەدەریە و مورجیئەکان و غەیری ئەوانیشن" .

شێخ سلێمان بن سحان دەربارەی ئەم ئایەتە پیرۆزە (وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن رَّسُولٍ إِلَّا لِيُطَاعَ بِإِذۡنِ ٱللَّهِۚ وَلَوۡ أَنَّهُمۡ إِذ ظَّلَمُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ جَآءُوكَ فَٱسۡتَغۡفَرُواْ ٱللَّهَ وَٱسۡتَغۡفَرَ لَهُمُ ٱلرَّسُولُ لَوَجَدُواْ ٱللَّهَ تَوَّابا رَّحِيما)

]سورة النساء 64] دەڵێت:" الآية وردت في قوم معينين من أهل النفاق يدل عليه قوله تعالى (وَإِذَا قِيلَ لَهُمۡ تَعَالَوۡاْ إِلَىٰ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ وَإِلَى ٱلرَّسُولِ رَأَيۡتَ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ يَصُدُّونَ عَنكَ صُدُودا)[سورة النساء 61]

فهي تعم ما وردت فيه، وما كان مثله، فهي عامة في حق كل من ظلم نفسه من كل منافق قيل له تعال إلى ما أنزل الله وإلى الرسول، فصد عن الرسول صدودا وتحاكم إلى الطاغوت ثم جاء الرسول في حياته فاستغفر الله واستغفر له الرسول في حياته، وأما المؤمن الذي عصى وظلم نفسه فجاء قبر الرسول صلى الله عليه وسلم فاستغفر الله فليس مثله، لما تقدم بيانه" . ضياء الشارق ٣٦٢

دەڵێت: ئەم ئایەتە (وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن رَّسُولٍ إِلَّا لِيُطَاعَ بِإِذۡنِ ٱللَّهِۚ وَلَوۡ أَنَّهُمۡ إِذ ظَّلَمُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ جَآءُوكَ فَٱسۡتَغۡفَرُواْ ٱللَّهَ وَٱسۡتَغۡفَرَ لَهُمُ ٱلرَّسُولُ لَوَجَدُواْ ٱللَّهَ تَوَّابا رَّحِيما) دەربارەی کەسانێکی دیاریکراو لە مونافقەکان دابەزیوە بەڵگەش بۆ ئەمە ئەم ئایەتەی پێشووترە کە دەفەرمێت (وَإِذَا قِيلَ لَهُمۡ تَعَالَوۡاْ إِلَىٰ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ وَإِلَى ٱلرَّسُولِ رَأَيۡتَ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ يَصُدُّونَ عَنكَ صُدُودٗا)[سورة النساء 61] هەربۆیە ئەم ئایەتە هەموو مونافقێ ئەگرێتەوە کە هاوشێوەی ئەو مونافقانە

بێت، گشتیه بۆ هەموو مونافقێك كه ستەمی لەخۆی كردبێت كاتێ پێ بوترێت وەرە بۆ لای ئەو دینەی خوا دایبەزاندوه و ناردویەتی بۆ پێغەمبەر كەچی پشت بكات لەو دینەی پێغەمبەر و تحاكم بكات بۆ لای تاغووت پاشان ئەم كەسه مونافقه بێت بێت بۆ لای پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لەژیانی داوای لێخۆشبون بكات لەخوا و پێغەمبەریش لەكاتی ژیانیدا داوای لێخۆشبونی بۆ بكات، بەڵام ئەگەر باوەڕداری ستەم لەخۆی بكات و بێت بۆ لای گۆڕی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم و داوای لێخۆشبوون لەخوا بكات ئەوا هاوشێوەی ئەم حاڵەته نیه و نابێت بەم شێوەیه لەئایەتەكه تێبگەین چونكه وەك یەك نین شێوەی دابەزینیان".

ئەم وتەیەی شێخی پایەبەرزیش بەڵگەیه لەسەر ئەوەی دەبێت لەژێر ڕۆشنایی سیاقی ئایەتەكان و هۆكاری دابەزینی ئایەتەكان مانای ئایەتەكان بكەین و فێربین پاشان لەسەر هاوشێوەی ئەو ڕوداوانەی دابەزیوه كه ڕوئەدات لەژیانی ڕۆژانەمان ئەو ئایەتانه جێ بەجێ بكەین.

باسی نۆیەم

جیاوازی کردن لەنێوان و موسڵمان و کافری ئەصڵی لە عوذردا

جیاوازی کردن لەنێوان موسڵمانێك کاتێك توشی کوفر وشیرکێك دەبێت لەگەڵ کافرێکی ئەصڵی لەبابەتی عوذردا -:

کافری ئەصڵی : کە لەبنچینەوە داخلی ئیسلام نەبووە کافرە لەڕووی ناو و حوکمەوە هۆکارەکەشی ئەوەیە کە داخلی ئیسلام نەبووە لەحوکم وبڕیاری شەرعی دونیا ڕەچاوی نەزانی یان تەئویل ناکرێت بۆیان جاهیل بن یان جاهیل نەبن کافرن و ناوی کوفریان لەسەر چەسپاوە .

موسڵمانێك کاتێك توشی شیرکێك ئەبێت: جیاوازە بەحوکمی ئەوەی سەرەتا هاتۆتە ناو ئیسلامەوە و ئێمەش قاعیدەیەکی شەرعیمان هەیە دەڵێت " من ثبت إسلامه بيقين لايزول عنه إلا باليقين " دەڵێت" هەرکەسێك موسڵمان بوونی بچەسپێت بەیەقین ودڵنیایی ئەوا لێشی دەرناچێت تەنها بەیەقین و دڵنیایی نەبێت" جا ڕێگرانەی قورئان وسونەت ڕەچاویان کردوە سەبارەت بەموسڵمانێك کاتێ توشی کوفرێك دەبێت و پێی کافر نابێت بریتیە لە ڕێگری نەزانی و تەئویل و هەڵە و زۆرلێکردن جا هەرکاتێك ئەو ڕێگرانە لەو کەسە نەما ئەوکاتە بەیەقینەوە حوکمی کافربونەکەی لەسەر دەچەسپێت .

ابن حزم دەربارەی ئەو کەسانەی ڕازی نەبوون بەو بەشەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بۆی دیاریکردبوون و ئینکاریان لێ کرد پێغەمبەریش بنلى الله

علیه وسلم هیچی پێ نەوتن و سزای نەدان . ڕوداوەکەش بەڕوداوی فەرموودەی لەیثیەکان ناسراوە و فەرمودەکەش لەصحیحی ابو داود هاتووە بەژمارە 4534.

جا ابن حزم دەڵێت: ":(وفي هذا الخبر عذر الجاهل، وأنه لا يخرج من الإسلام بما لو فعله العالم الذي قامت عليه الحجة لكان كافراً، لأن هؤلاء الليثيين كذّبوا النبي - صلى الله عليه وسلم -، وتكذيبه كفر مجرد بلا خلاف، لكنهم بجهلهم وأعرابيتهم عذروا بالجهالة، فلم يكفروا) المحلى - 10/ 410) 411).

دەڵێت : لەم ڕوداوەدا بەڵگەی عوذر بەجەهل هەیە و ئەم کەسە بەو کوفرە لە ئیسلام دەرناچێت بەڵام ئەگەر کەسێك ئەنجامی بدات ئیقامەی حوجەی لەسەرکرابێت ئەوا کافر دەبوو، چونکە ئەم لەیثیانە پێغەمبەریان صلی الله علیه وسلم بەدرۆکردەوە بەدرۆ دانانیشی کوفرێکی ڕووتە بەبێ خیلاف بەڵام بەهۆی ئەوەی جاهیل بوون و دەشتەکی بوون عوذر بەجەهلیان پێدرا و کافر نەکران .

"

پاشان جیاوازی کردن لەنێوان تەکفیرکردنی جۆر و کەسی دیاریکراوی ئەهلی قیبلە کاتێ دەکەوێتە کوفرە جیاوازی کردن لەنێوان دینی پێغەمبەرصلی الله علیه وسلم و هاوەڵە بەڕێزەکان و ڕێیازی سەلەفە، کە تەکفیری جۆر دەکەن و بەفراوانی و بەگشتی تەکفیری عام باس دەکەن بەڵام دابەزاندنی ئەو تەکفیرە

بەسەر کەسی دیاریکراو ئەوا پێویستە ڕەچاوکردنی بوونی مەرجەکان و نەمانی ڕێگریەکان بکرێت ئەوکاتە حوجە بەرپا دەبێت و کەسی دیاریکراو تەکفیر ئەکرێت.

شێخی ئیسلام ابن تەیمیە ئەم ڕاستیەی ڕوون کردۆتەوە و چەندین نمونەشی لەسەلەف هێناوەتەوە.

شێخی ئیسلام دەڵێت ":

أن دلالة العام لا تستلزم العموم في الأحوال خلافاً لجمهور متكلمة الأصوليين، وأنه ينسب ذلك للسلف وينفي وجود خلافه في لسان العرب .

دەڵێ: بەڵگە گشتیەکان گشتی بوونی تاك بەتاکی کەسەکان ناگرێتەوە و ناێخوازێت، ئەمەش وتەی سەلەفە و موافقی زمانی عەرەبە، بەپێچەوانەی جەماوەری موتەکلیمین ی ئوصولیەکان کە دەڵێن بەڵگە و دیلالەتە گشتییەکان گشتی بونی هەموو کەسەکان دەگرێتەوە واتە تاك بەتاکی کەسانی دیاریکراو " کەواتە لەم ڕوەوەیە کە دەقە گشتیەکانی تەکفیر لەنصوصە شەرعیەکان هاتوون، دەیلکێنن بەسەر ئەنجامدەرانی کوفر بەشێوەی دیاریکراو، و قاعیدەی ئەم دابەزاندن و لکاندنە دەگەڕێتەوە بۆ جمهوری متکلمینی ئوصولیەکان کەپێچەوانەی بنچینەی سەلەف و پێشەوایانی ئومەتە وە لەزمانی عەرەب بەم شێوەیە بەکارنەهاتووە، هەروەك شێخی ئیسلام ڕوونی دەکاتەوە لە "گەیلانیە "

هەروەك شێخی ئیسلام له منهاج السنة 154/5 دەڵێت :

"وثبت عنه في الصحيح أن رجلا كان يشرب الخمر وكان النبي صلى الله عليه وسلم كلما أتي به إليه جلده الحد فأتي به إليه مرة فلعنه رجل وقال: ما أكثر ما يؤتى به، النبيَّ صلى الله عليه وسلم فقال " :لا تلعنه فإنه يحب الله ورسوله"، فنهى عن لعن هذا المعين المدمن الذي يشرب الخمر وشهد له بأنه يحب الله ورسوله مع لعنة شارب الخمر عموما، فعلم الفرق بين العام المطلق والخاص المعين

دەڵێ: پیاوێك عارەقی دەخوارد هەركاتێ بهێنرایه بۆ لای پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم جەلدی لێ ئەدرا جارێكیان هێنایان، پیاوێك لەعنەتی لێكرد وتی ئەمە چیە ئەوەنە ئەیهێنن، پێغەمبەریش فەرموی: لەعنەتی لێ مەكە چونكە خوا و پێغەمبەری خۆش ئەوێ، نەهی لێكرد ئەم كەسە دیاریكراوە كە عارەقی خواردوە لەعنەتی لێ بكرێ و لەبەرامبەردا شایەدی بۆ دا كە خوا و پێغەمبەری خۆش ئەوێ لەگەڵ ئەوەشی لەعنەت كراوە لەعارەق خۆر بەشێوەیە گشتی، بەوەدا زانیمان جیاوازی كردن لەنێوان "عامی موطلق"و "خاصی معین" گشتی ڕەها و كەسی دیاریكراوی تایبەت ".

هەروەها له مجموع الفتاوى 231-230/3 دەڵێت: "وَكُنْت أُبَيِّنُ لَهُمْ أَنَّمَا نُقِلَ لَهُمْ عَن السَّلَفِ وَالْأَئِمَّةِ مِنْ إطْلَاقِ الْقَوْلِ بِتَكْفِيرِ مَنْ يَقُولُ كَذَا وَكَذَا فَهُوَ أَيْضًا حَقٌّ، لَكِنْ يَجِبُ التَّفْرِيقُ بَيْنَ الْإِطْلَاقِ وَالتَّعْيِينِ. وَهَذِهِ أَوَّلُ مَسْأَلَةٍ تَنَازَعَتْ فِيهَا

الْأُمَّةُ مِنْ مَسَائِلِ الْأُصُولِ الْكِبَارِ وَهِيَ مَسْأَلَةُ الْوَعِيدِ، فَإِنَّ نُصُوصَ الْقُرْآنِ فِي الْوَعِيدِ مُطْلَقَةٌ كَقَوْلِهِ (إِنَّ الَّذِينَ يَأْكُلُونَ أَمْوَالَ الْيَتَامَى ظُلْمًا) الْآيَةَ وَكَذَلِكَ سَائِرُ مَا وَرَدَ: مَنْ فَعَلَ كَذَا فَلَهُ كَذَا. فَإِنَّ هَذِهِ مُطْلَقَةٌ عَامَّةٌ. وَهِيَ بِمَنْزِلَةِ قَوْلِ مَنْ قَالَ مِن السَّلَفِ مَنْ قَالَ كَذَا: فَهُوَ كَذَا. ثُمَّ الشَّخْصُ الْمُعَيَّنُ يلتغي حُكْمُ الْوَعِيدِ فِيهِ: بِتَوْبَةٍ أَوْ حَسَنَاتٍ مَاحِيَةٍ أَوْ مَصَائِبَ مُكَفِّرَةٍ أَوْ شَفَاعَةٍ مَقْبُولَةٍ، وَالتَّكْفِيرُ هُوَ مِن الْوَعِيدِ" اهـ .

دەڵێت: من بۆم رون ئەکردنەوە ئەو نەقڵانەی هاتووە لەسەلەفەوە دەربارەی ئیطلاقی وتنی کافرکردن کە هەرکەسێ ئاوا بڵێ و ئاوا بڵێ کافرە ئەمە حەقە، بەڵام پێویستە جیاوازی بکرێت لەنێوان تەکفیرکردنی رەها و دیارکراو، ئەم بابەتەش یەکەم بابەت بوو کە ئومەت ناکۆکیان لەسەر دروست کرد لەبابەتە گەورەکان ئەمەش بابەتی هەڕەشەکانە، چونکە نەصەکانی قورئان لە هەرەشەکان ڕەهایە وەك دەفەرمیت(ئەوانەی مالّی یەتیمان دەخۆن بە ستەم)، هەموو ئەوانەی بەم شێوە هاتوون، هەرکەسێ ئاوا بکات ئەوە ئاوایە ، ئەم دەربینانە موتەڵەق و عامن، وەك ئەو وتانەی سەلەفە کە دەڵێن، هەرکەسێ وابڵێ ئەوە ئاوایە، بەڵام کەسی دیاریکراو ئەو هەرەشەیە لەسەری هەڵدەوەشێتەوە بەتەوبە یان بەو چاکانەی گوناحەکان دەسڕنەوە یان بەو بەڵاو ناخۆشیانەی دێنە سەری یان بەشەفاعەتی شەفاعەتکاران، وە کافرکردیش لەهەرەشەکانە .

وەشێخی ئیسلام ابن تەیمیە دەڵێت " وحقيقة الأمر أنهم أصابهم في ألفاظ العموم في كلام الأئمة ما أصاب الأولين في ألفاظ العموم في نصوص الشارع كلما رأوهم قالوا: من قال كذا فهو كافر، إعتقد المستمع أن هذا اللفظ شامل لكل من قاله ولم يتدبروا أن التكفير له شروط و موانع قد تنتفي في حق المعين، وأن التكفير المطلق لا يستلزم تكفير المعين إلا إذا وجدت الشروط وانتفت الموانع" الفتاوى ج١٢ (٤٨٧- ٤٨٨) .

هەروەها ئەوانەی بەهەڵەداچوون لەگێڕانەوەی مەزهەب و وتەی پێشەوایان: لەوتە گشتیەکانیان بەهەڵەداچوونە، وەکو چۆن فیرقە گومڕاکانی سەرەتای ئیسلام(خەوارج) لەوتە گشتیەکانی قورئان و سونەت بەهەڵەداچوون، هەر ئایەت و حەدیسێکیان بەدیبایە بڵێت هەرکەسێك ئاوا بڵێت ئەوە کافرە ئەو خەوارجانە وایان ئەزانی ئەم لەفزە هەموو کەسێك ئەگرێتەوە ئەگەر ئەو قسەیە بکات، بیریان لەوە نەئەکردەوە کە تەکفیرکردن مەرج و ڕێگری هەیە، ئەشێت لەکەسێکی دیاریکراو ڕێگریەکان نەبن، بەڵام لەکەسێکی تر هەبن، وە بیریان نەکردۆتەوە لەوەی کە تەکفیری موتڵەق و ڕەها مانای تەکفیرکردنی کەسانی دیاریکراو نیە ، تەنها کاتێك نەبێت ئەو کەسە دیاریکراوانە مەرجەکانیان تێدا هاتبێتەدی و کۆسپەکانیان لەسەر نەمابێت".

شيخ الإسلام ابن تيميَّة رحمه الله دەڵێت: "إنَّ التكفير له شروط وموانعُ، قد تنتفي في حقِّ المعيَّن، وإن تكفير المطلَق لا يستلزم تكفيرَ المُعَيَّن، إلاَّ إذا

وُجِدَتِ الشروط، وانتفتِ الموانع، يُبَيِّن هذا أنَّ الإمام أحمدَ وعامَّة الأئمة الذين أطلقوا هذه العمومات - أي: مَن قال أو فعل كذا، فقد كفر - لم يُكَفِّروا أكثر مَن تَكَلَّم بهذا الكلام بعينِه. فإنَّ الإمام أحمد مثلاً قد باشَرَ الجهميَّة الذين دعَوه إلى خَلْق القرآن، ونفْيِ الصفات، وامتحنوه وسائرَ علماء وقته، وفتنوا المؤمنينَ والمؤمنات الذين لم يوافقوهم على التَّجَهُّم بالضرب، والحبس، والقتل، والعزل عنِ الولايات، وقَطْع الأرزاق، ورَدِّ الشهادة، وترك تخليصهم من أيدي العدو، بحيث كان كثيرٌ مِن أولي الأمر إذ ذاك منَ الجهميَّة - مِنَ الولاة والقضاة وغيرهم - يُكَفِّرُون كلَّ مَن لم يكنْ جَهْمِيًّا موافقًا لهم على نَفْيِ الصفات، مثل القول بِخلْق القرآن، ويحكمون فيه بِحُكْمِهم في الكافر. ثم إنَّ الإمام أحمد دعا للخليفة وغيره ممن ضَرَبَه وحبسه، واستغفرَ لهم، وحَللهم مما فعلوه به من الظلمِ والدعاءِ إلى القول الذي هو كُفر، ولو كانوا مرتدينَ عنِ الإسلام، لم يَجُز الاستغفار لهم، فإنَّ الاستغفار للكُفَّار لا يجوز بالكتاب والسُّنَّة والإجماع، وهذه الأقوال والأعمالُ منه ومِن غيره منَ الأئمة صريحةٌ في أنهم لم يُكَفِّروا المُعَيَّنينَ مِنَ الجَهْميَّة الذين كانوا يقولون: إنَّ القرآن مخلوقٌ، وإنَّ الله لا يُرَى في الآخرة، وقد نُقِل عن أحمد ما يدلُّ على أنه كَفَّر به -أي: بقول الجهميَّة وعقيدتهم- قومًا مُعَيَّنِين. فيُحمَل الأمر على التفصيل؛ فيقال: مَن كُفِّر بعينه، فَلِقِيام الدليل على أنَّه وُجِدَتْ فيه شروط التكفير، وانتفتْ موانعه، ومَن لم يُكَفَّر بعينه فَلانْتِفاء ذلك في حقِّه، هذا مع إطلاق قوله بالتكفير على سبيل

العُمُوم. والدَّليل على هذا الأصل: الكتاب، والسُّنَّةُ، والإجماع، والاعتبار، فالتكفير العامُّ كالوعيد العامِّ؛ يجب القول بإطلاقه وعمومه، وأما الحكم على المُعَيَّن بأنه كافر، أو مشهود له بالنار، فهذا يقف على الدليل المُعين، فإنَّ الحكم يقف على ثُبُوت شروطه، وانتفاء موانعه"؛ انتهى كلام شيخ الإسلام رحمه الله

"مجموع الفتاوى" 12/ 487، 489، 498 .

دەڵێ: کافرکردن مەرج و ڕێگری هەیە ئەشێت ئەو مەرج و ڕێگریانە هەندێ جار ئەو مەرج و ڕێگریانە لەسەرکەسی دیاریکراو نامێنێت، وە تەکفیرکردنی موتەڵەق و ڕەها تەکفیرکردنی موعەین ودیاریکراو ناخوازێت، تەنها کاتێك نەبێت مەرجەکانی کافربوون هەبێت لەسەر ئەو کەسە و ڕێگریەکانی کافربونیشی نەمابێت، نموونەش لەسەر ئەمە ئیمام ئەحمەد هەموو پێشەواکان کاتێ بە گشتی حوکمی تەکفیریان داوەتە سەر کەسێ کەوا کارێکی دیاریکراو ئەکات، وەکو ئەوەی ئەڵێن هەرکەسێ ئاوا بکات یان ئاوا بڵێ کافرە بەم شێوەیە گشتیە فەرمویانە بەڵام زۆربەی ئەو کەسە دیاریکراوانەی ئەو کارانەیان کردوە تەکفیریان نەکردوە، چونکە ئیمام ئەحمەد خۆی ڕاستەوخۆ جەهمیەکانی بینیوە کە بانگیان ئەکرد بڵێ قورئان مەخلوقە و ئینکاری بکات لە سیفەتەکانی خوا ئیمام ئەحمەد زانایانی سەردەمی ئیمام ئەحمەدیان تاقیدەکردوە لەسەر ئەو عەقیدەیە هەر باوەڕدارێکی ژن پیاو موافەقەیانی نەکردبێت لەسەر

بوون بەجەهمی لێیان ئەدا ئەزێت سجنیان ئەکردن و ئەیانکوشتن و دەریان ئەکرد لەسەر وەزیفە و نان بڕاویان ئەکرد و شایەدیان لێ وەرناگرت و بەهانایەوە ناچوون ئەگەر بکەوتایەتە دەست دوژمن، بەجۆرێك زۆربەی ولاتی ئەمر ئەوکاتە جەهمی بوون لە والی و قازیەکان و غەیری ئەوانیش هەرکەسێ باوەڕی وەکو ئەوان نەبوایە لە نەفی کردنی سیفات و ووتنی قورئان مەخلوقە وەکو کافر حوکمیان ئەدا بەسەری، لەسەر ئەوەشەوە ئیمام ئەحمەد دوعای ئەکرد بۆ خەلیفە غەیری خلیفەش کەلە ئیمام ئەحمەدیان دابوو و سجنیان کردبوو، داوای لێخۆشبوونی بۆ ئەکردن لای خوا و گەردنیانی ئازاکردبوو لەو ستەمکردنەی لێیان کرد لەسەر ئەوەی داوایان لێ کرد بڵێ قورئان مەخلوقە و ئەو جۆرە قسە کوفریانە، ئەگەر ئەو وەلی ئەمرانە مورتەدبونایە جائیز نابوو داوای لێخۆشبونیان بۆ بکات، چونکە دوعا کردن بۆ کافران جائیز نیە بەبەڵگەی قورئان و سونەت و ئیجماع، ئەم قسانەی ئیمام ئەحمەد و ئەئیمە ڕوون ئاشکرا و ڕاشکاوە کە جەهمیەکانیان بەدیاریکراوەیی تەکفیر نەکردوە کە دەیانوت خوا نابینرێ لە دواڕۆژ و قورئان مەخلوقە، وە ئەو کەسانەشی لە جەهمیەکان کە ئیمام ئەحمەد تەکفیری کردون بە دیاریکراوەیی وەڵامەکەی ئەوەیە ئەو کەسانە مەرجەکانی کافربونیان تێدا بەجێ هاتووە و ڕێگریەکان لە کافربونیان نەماوە، ئەوانەشی بەدیاریکراوەیی تەکفیرنەکراون ئەوا بەهۆی نەبوونی مەرجەکان و بونی ڕێگریەکانی کافربوون بووە لەحەقیان،

هەرچەن بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەوترێ هەرکەسێ شتی ئاوا بڵێ یان کاری ئاوا بکات کافرە، بەڵگەش بۆ ئەم ئەصڵ ە قورئان و سونەت و ئیجماع و ئیعتیبارە، چونکە تەکفیری عام وەکو هەڕەشە گشتیەکانە، ئەبێت بەگشتی حوکمەکەی بوترێت، بەڵام حوکمدان لەسەر کەسی دیاریکراو بەکافربوون یان بەوەی لەئاگردایە ئەوە پێویست بەبەڵگەی دیاریکراو ئەکات، چونکە حوکمی کافرکردن دەوەستێ لەسەر بوونی مەرجەکان و نەمانی ڕێگریەکان ".

هەروەها شێخی ئیسلام ابن تەیمیە دەربارەی ئەوکەسانەی هەندێ لە قسە کوفریەکانی باطنیەکان دەڵێن لەبارەی ئەوکەسانە دەڵێت: "فهذه المقالات هي كُفر؛ لكن ثبوت التكفير في حقِّ الشخص المعيَّن، موقوفٌ على قيام الحجة التي يَكْفُر تاركها، وإن أطلق القول بتكفير مَن يقول ذلك، فهو مثل إطلاق القول بنُصُوص الوعيد، مع أنَّ ثُبُوت حكم الوعيد في حقِّ الشخص المعيَّن، موقوفٌ على ثبوت شروطه، وانتفاء موانعه؛ ولهذا أطلق الأئمة القول بالتَّكفير، مع أنهم لم يحكموا في عين كلِّ قائلٍ بِحُكم الكفار " .

بغية المرتاد في الرَّد على المتفلسفة والقرامطة والباطنية"؛ لشيخ الإسلام ابن تيميَّة ص 353، 354،

دەڵێ: ئەو قسانە کوفرە، بەڵام جێگیربونی کافربونی کەسێکی دیارکراو وەستاوە لەسەر ئیقامەی حوجە، ئەگەرچی بەڕەهایی بوترێت هەرکەسێ فلانە قسەیە بکات کافر ئەبێ، ئەمەش وەك ووتنی هەڕەشەکانە لەسەر ئەو دەقانەی

هاتووه لەسەر هەڕەشەکردن، چونکە حوکمی ئەو هەڕەشەکردنانە لەسەرکەسی دیاریکراو وەستاوە لەسەر جێگیربوونی مەرجەکان و نەمانی ڕێگریەکان، هەرئاوایە کە ئەیمەکان بەڕەهایی تەکفیریان بەکارهێناوە، ئەگەرچیش هەرکەسێك ئەو قسە کوفریانەی وتبێ بەدیاریکراوەیی حوکمی کافریان نەداوە بەسەریان

بەڵگەش لەسەر ئەم ئەصلە لە قورئان وسونەت و ئیعتیبار دا هەیە -:

بەڵگەی قورئان : خوای گەورە دەفەرمێت : { وليس عليكم جناح فيما أخطأتم به } واتە: هیچ گوناحتان لەسەر نیە لەهەرشتێك کە هەڵەبکەن تیایدا .وە دەفەرمێت { ربنا لا تؤاخذنا إن نسينا أو أخطأنا } واتە: پەروەردگارا سزامان مەدە لەسەر شتێك کە لەبیرمان کرد یان هەڵەمان کرد. کاتێك پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بەم شێوەیە دوعایان کرد خوای گەورە فەرمووی ئەوە من دوعاکەتانم گیراکرد، هەروەك لەصەحیحی مسلم هاتووە. هەروەها پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ : (إِنَّ اللَّهَ قَدْ تَجَاوَزَ عَنْ أُمَّتِي الْخَطَأَ، وَالنِّسْيَانَ، وَمَا اسْتُكْرِهُوا عَلَيْهِ) رواه ابن ماجه . (2043)

ئەمە دەقێکی ئاشکرایە کە دەلالەت ئەکات لەسەر ئەوەی هەرکەسێکی موسڵمان موخالەفەی هەر کارێکی شەرعی بکات کەداوای لێکراوە بەلەبیرچونەوە یان بەنەزانی ئەوا لێی بوراوە، کەسی "مخطئ"خاوەن هەڵە کەسی جاهیلیش دەگرێتەوە، چونکە کەسی خاوەن هەڵە ئەو کەسەیە

پێچەوانەی حەق دەکات بەبێ ئەوەی مەبەستی ئەوەی هەبێت پێچەوانەی حەق بکات، هەر لەم روانگەیەوە شێخی ئیسلام بنچینەکانی داناوە لەسەر بونی عوذر بەجەهل ئەم حەدیسەش یەکێکە لەو بەڵگانەی کە إستلالی پێدەکات، ئەمەش یەکێکە لەتایبەتمەندیەکانی ئومەتی ئیسلام کە بەئومەتانی پێشوو نەدرابوو.

هەروەها بەبەڵگەی فەرموودەی ئەو پیاوەی وەسێتی کرد کە مرد بیسوتێنن وەک ئەبو هورەیرە دەیگێڕێتەوە.

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ، أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ : " قَالَ رَجُلٌ لَمْ يَعْمَلْ خَيْرًا قَطُّ : فَإِذَا مَاتَ فَحَرِّقُوهُ، وَاذْرُوا نِصْفَهُ فِي الْبَرِّ، وَنِصْفَهُ فِي الْبَحْرِ، فَوَاللَّهِ لَئِنْ قَدَرَ اللَّهُ عَلَيْهِ لَيُعَذِّبَنَّهُ عَذَابًا لَا يُعَذِّبُهُ أَحَدًا مِنَ الْعَالَمِينَ. فَأَمَرَ اللَّهُ الْبَحْرَ، فَجَمَعَ مَا فِيهِ، وَأَمَرَ الْبَرَّ فَجَمَعَ مَا فِيهِ، ثُمَّ قَالَ : لِمَ فَعَلْتَ ؟ قَالَ : مِنْ خَشْيَتِكَ، وَأَنْتَ أَعْلَمُ. فَغَفَرَ لَهُ ". متفق عليه

لەئەبو هورێرەوە، پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمویەتی : پیاوێك كەهیچ كردەوەیەكی چاكی نەكردبوو بەكەسوكارەكەی ووت ئەگەر مردم بمسوتێنن، پاشان خۆڵەمێشەكەم نیوەی لەوشكانیدا بڵاوبكەنەوە و نیوەكەی تریشی لە بیدەنە دەم بەحرا، چونكە وەڵاهی ئەگەر خوا زیندووم بكاتەوە سزایەك سزام ئەدات كەسی ئاوا سزا نەدابێت، جا كاتێك پیاوەكە مرد وەسێتەكەیان جێبەجێكرد، خواش ئەمری كرد بەووشكانی هەرچی خۆڵەمێشەكەیەتی

کۆبکرێتەوە هەروەها فەرمانیشی کرد بەدەریا هەرچی خۆڵەمێشەکەیەتی کۆبکرێتەوە پاشان زیندووی کردەوە و لێی پرسی بۆچی ئەم کارەت کرد ؟ پیاوەکە ووتی : لەترسی تۆ ئەی پەروەردگارم خۆتیش زاناتری، خواش لێی خۆشبوو ".

زۆر بەڕوونی لەم حەدیسە دیارە ئەم پیاوە هیچ کردەوەیەکی چاکەی نەبووە و باوڕیشی وابوە ئەگەر بکرێت بەخۆڵەمێش خوا ناتوانێ زیندووی بکاتەوە کەئەمەش کوفرە نەزانینە بەتواناو دەسەڵاتی خوا بەڵام خوا بەهۆی نەزانیەکەی لێی نەگرت و لێی خۆشبوو هەر ئەوەنەی خوا ناسیوە کە ئەگەر زیندووی بکاتەوە زۆر سزایەکی بەئێشی ئەدات و زۆر ترساوە لەگوناحەکانی بەڵام لەزانا نەبووە لەتوانا و دەسەڵاتی خوا بۆیە باکەس نەیات بڵێ ئەم پیاوە زانابوە پێویست بەتەحریف و خۆ تەنگاوکردن ناکات شتەکە وازحە لەچ شتێ زانا بووە لەعەزابی خوا زانابووە.

هەروەها فەرموودەی ئەو کەسانەی لەدۆزەخ دەردەهێنرێن و هیچ چاکە و کردەوەیەکیان نەکردوە یان مسقاڵە زەرەیەك ئیمان لەدڵیان هەبووە، لەم بارەیەوە ئایەت و فەرموودە زۆرن لەکتێبەکانی ئەهلی عیلم باسکراون وەك لەم کتێبە پێشتر ئاماژەمان پێدا.

هەروەها سەلەف لەزۆر بابەت خیلاف و ناکۆکیان هەبووە لەسەر ئەو خیلافانەش یەکتریان تەکفیر نەکردوە وەکو ئەوەی هەندێ لەهاوەڵان ئینکاریان

دەکرد لەوەی مردوو ئاگای لەزیندوو هەبێت یان ئینکاریان ئەکرد لەوەی شەو ڕەوی کردن بەلاشە و ئاگایی بوبێت یان ئینکاریان دەکرد لەوەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم خوای پەروەردگاری بینیبێت، ناکۆکیان لەسەر خیلافەت یان خیلافیان لەقیتالکردنی یەکتر و لەعنەت کردن و کافرکردنی کەسانێ کەهەموو ئەمانە مەعلومە و ئاشکرایە کەچی سەرەڕای ئەم خیلافانە قەت یەکتریان تەکفیرنەکردوە.

تەنانەت قاضی شریح ئینکاری خوێندنەوەی ئایەتی {بل عجبت} دەکرد و دەیوت چۆن خوا تەعوجوب دەیگرێ. بە ئیبراهیمی نەخەعیان وت شورەیح ئاوا دەڵێ لەوڵامدا ووتی شورەیح شاعیرە عیلمەکەی سەرسامی کردوە، بەڵام عبدالله شارەزاتربوو لەو بۆیە ئەم شورەیحە ئینکاری خوێندنەوەی قورئان و سیفەتێکی خوای کرد بەڵگەی قورئان وسونەت و ئیجماعی سەلەفی لەسەرە، لەگەڵ ئەوەشدا سەلەف متفیقن کە شورەیح ئیمام بووە، هەروەها سەلەف هەبووە ئینکاری پیتەکانی ئەم ئایەتەیان ئەکرد { أفلم ييأس الذين آمنوا } دەیانوت بەڵکو ئاوایە أو لم يتبي] وەهەندێ لە هەوەڵان ئینکاری سەرەتای ئەم ئایەتەیان ئەکرد

}:وقضى ربك ألا تعبدوا إلا إياه {دەیانوت بەڵکو بریتیە لە [وصى ربك] وە هەندێ لە هاوەڵان سورەتی معوذتینیان لابردبوو و نەیان ئەزانی قورئانە، ئەم

هەڵانەش زانراوە بەئیجماع و نەقڵی متواتر کە هەڵەیە لەگەڵ ئەوەشدا یەکتریان بەهۆیەوە تەکفیرنەکردوە .

هەروەها بەڵگەی زۆری تر لە قورئان و سونەت هاتووە کەوا خوای گەورە سزای هیچ کەسێ نادات تاکو حوجەی پێ دەگات و بۆی ڕوون ئەکرێتەوە وێنەی ئەم ئایەتانە کە دەفەرمێت { لئلا یکون للناس علی اللہ حجة بعد الرسل } وقوله : { یا معشر الجن والإنس ألم یأتکم رسل منکم یقصون علیکم آیاتي } الآیة . وقوله : { أولم نعمرکم ما یتذکر فیه من تذکر وجاءکم النذیر } وقوله : { وقال لهم خزنتها ألم یأتکم رسل منکم یتلون علیکم آیات ربکم } الآیة . وقوله : { وما کنا معذبین حتی نبعث رسولا } وقوله : { وما کان ربك مهلك القری حتی یبعث في أمها رسولا یتلو علیهم آیاتنا } وقوله : { کلما ألقي فیها فوج سألهم خزنتها ألم یأتکم نذیر } { قالوا بلی قد جاءنا نذیر فکذبنا وقلنا ما نزل اللہ من شيء } وقوله : { ولو أنا أهلکناهم بعذاب من قبله لقالوا ربنا لولا أرسلت إلینا رسولا فنتبع آیاتك من قبل أن نذل ونخزی } وقوله " { ولولا أن تصیبهم مصیبة بما قدمت أیدیهم فیقولوا ربنا لولا أرسلت إلینا رسولا فنتبع آیاتك ونکون من المؤمنین } ئایەتەکان زۆر زۆرن ئەمانە تەنها نموونەن.

شێخی ئیسلام ابن تەیمیە دەڵێت: " هذه الأمور المتعلقة من الحدود والحقوق والعبادات هي التي یجب أن یکون المسلم المتأول أحسن حالاً فیها من الکافر

المتأول وأولى ، فالتوبة تجب ما قبلها والمسلم المتأول معذورٌ ومعه الإسلام الذي تغفر معه الخطايا، "

دەڵێت:" ئەو کاروبارانەی کە پەیوەستن بە حدود و ماف و پەرستشەکان کەتێ بکەوی تیایدا، کە واجبە موسڵمانی خاوەن تەئویل حوکمەکەی زۆرباشتربێت لەکافرێکی خاوەن تەئویل و لەپێشتربێت. تەوبە گوناحی پێشوو لادەبات، بەڵام موسڵمانی خاوەن تەئویل عوزری هەیە و ئەو ئیسلامەی هەیە کە بەهۆیەوە لەگوناحەکانی ببوردرێت ".

هەروەها جیاوازی کردن لەنێوان کافری ئەسڵی و موسڵمانێك لەعوزردا ئەوەیە کە-:

-1زاهیری ئایەتەکان بەڵگەن لەسەر جیاوازی موسڵمان و کافر وەك دەفەرمێت: (أَفَنَجۡعَلُ ٱلۡمُسۡلِمِينَ كَٱلۡمُجۡرِمِينَ 35 مَا لَكُمۡ كَيۡفَ تَحۡكُمُونَ)[سورة القلم 35-36]

ئەمەش ئاشکرایە لەجیاوازی کردن لەنێوانیان .

ئیمام ابن حزم دوای باسکردنی ئەم ئایەتە له المحلی دەڵێت:" فوجب يقيناً أن المسلم ليس كالكافر في شيءٍ أصلاً، ولا يساويه في شيء، فإذا هو كذلك فباطل أن يكافئ دمه بدمه، أو عضوه بعضوه، أو بشرته ببشرته، فبطل أن يستقاد للكافر من المؤمن أو يقتص له منه فيما دون نفس إذ لا مساواة بينهما أصلاً ." المحلى بالآثار(١٠/٢٢٧)

دەڵێ: واجبە بەیەقینەوە کەوا موسڵمان وەکو کافر نیە لەهیچ شتێکدا بەهیچ شێوەیەك لەهیچ شتێکدا یەکسانی نیە، جا کەوابێ باتڵە خوێنی موسڵمان بکرێتە هاوشانی خوێنی کافر یان ئەندامێکی بکرێتە هاوشانی ئەندامی یان پێستی بکرێتە هاوشانی پێستی، وە باطڵە تۆڵەی کافر بکرێتەوە لەبڕوادارێ یان تۆڵەی بۆ بکرێتەوە لەخوار لەجگە لەگیان، چونکە بەهیچ شێوەیەك یەکسانیان تێدا نیە لەگەڵ یەکتر ".

هەروەها خوای گەورە دەفەرمێت (أَمۡ نَجۡعَلُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ كَٱلۡمُفۡسِدِينَ فِي ٱلۡأَرۡضِ أَمۡ نَجۡعَلُ ٱلۡمُتَّقِينَ كَٱلۡفُجَّارِ)[سورة ص 28]

واتە: ئایا ئەوانەی باوەڕیان هێناوەو کردەوە چاکەکانیان کردووە لەگەڵ کافران لە زەویدا وەك یەکیان دانێین (لە دوا رۆژدا، نەخێر وانیە) یان پارێزکاران ولەخواترسان وەك بەدکرداران لێ بکەین؟!

هەروەها خوای گەورە دەفەرمێت (أَمۡ حَسِبَ ٱلَّذِينَ ٱجۡتَرَحُواْ ٱلسَّيِّـَٔاتِ أَن نَّجۡعَلَهُمۡ كَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ سَوَآء مَّحۡيَاهُمۡ وَمَمَاتُهُمۡۚ سَآءَ مَا يَحۡكُمُونَ( ]سورة الجاثية 21[

واتە: ئایا ئەوانەی کە خراپەکانیان کردووە وا گومان دەبەن ئێمە ئەوانە وەکو کەسانێك دادەنێین کەبڕوایان هێناوە وچاکەکانیان کردووە وەکو یەك بێت ژیانیان ومردنیان، ئای چەند خراپ دادوەری دەکەن.

بۆیە ئینسانی موسڵمان کاتێ توشی موخالەفەیەك دەبێت مانای وانیە لەو کەسانە نەبوبێت کە باوەڕیان هێناوە و کردەوەی چاکانیان ئەنجام داوە، وە هیچ ڕێگریەك نیە کە لەکەسانی لەخواترس بێت چونکە گومانی تیانیە هیچ کەسێ بەدوور نیە لەهەڵەکردن، هەربۆیە کاتێ تانەدەرێ لەعەدالەتی موسڵمانێك لەخزمەت پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم پێغەمبەری خوا پێیان دەفەرمێ بەڵکو نوێژ بکات، یان ئەوکەسەی عارەقی دەخواردەوە پێی دفەرموو ئەو کەسە خوا و پێغەمبەرەکەی خۆش ئەوێ خوای گەورەش فەرمویەتی (إن الحسنات يذهبن السيئات) .

-2موسڵمانی خاوەن هەڵە و تاوان هەرچیەك بێت هەڵە و تاوانەکەی نالکێنرێت بەکافرەوە، هەروەك زنایانی سەلەف تانەیان ئەدا لەخەوارج کە دەچوون ئەو دەقانەی سەبارەت بەکافران دابەزیبوو بەسەر موسڵمانانداو دەیانچەسپاند لەڕووی ئەوەی ئەیانوت موسڵمان و کافر یەکسانن ئەگەر تاوان و کوفر بکەن بەبێ ئەوەی ڕەچاوی هیچ شروط و موانیعێ بکەن.

بەهۆی ئەم سەرلێشێوانەی بوو توشی ئەو هەموو کارەسات و شوبوهاتە هاتن.

هەروەك ابن سيرين لە زەمی خەوارج دەڵێت :

إنهم عمدوا إلى آيات الوعيد النازلة في المشركين فوضعوها على المسلمين فجاءوا ببدعة القول بالتكفير بالذنب.

دەڵێ: ئەو خەوارجانە ئەو ئایەتانەی هەڕەشەیان تێدابوو و لەبارەی موشریکانەوە دابەزیبوو چوون بەسەر موسڵمانانداو جێ بەجێیان ئەکرد، بیدعەی تەکفیرکردن بەهۆی تاوانەوە داهێنا .

ابن حزم له "الفِصل في الملل والأهواء والنحل" لاپەڕە 298 دەڵێت : "وقال قائلهم أيضاً فإذا عذرتم المجتهدين إذا أخطأوا فاعذروا اليهود والنصارى والمجوس وسائر الملل فإنهم أيضاً مجتهدون قاصدون الخير فجوابنا وبالله تعالى التوفيق: أننا لم نعذر من عذرنا بآرائنا ولا كفرنا من كفرنا بظننا وهوانا وهذه خطة لم يؤتها الله عز وجل أحداً دونه ولا يدخل الجنة والنار أحد بل الله تعالى يدخلها من شاء فنحن لا نسمي بالإيمان إلا من سماه الله تعالى به كل ذلك على لسان رسول الله صلى الله عليه وسلم ولا يختلف اثنان من أهل الأرض لا نقول من المسلمين بل من كل ملة في أن رسول الله صلى الله عليه وسلم قطع بالكفر على أهل كل ملة غير الإسلام الذين تبرأ أهله من كل ملة حاشى التي أتاهم بها عليه السلام فقط، فوقفنا عند ذلك ولا يختلف أيضاً اثنان في أنه عليه السلام قطع باسم الإيمان على كل من اتبعه وصدق بكل ما جاء به وتبرأ من كل دين سوى ذلك، فوقفنا أيضاً عند ذلك ولا مزيد، فمن جاء نص في إخراجه عن الإسلام بعد حصول اسم الإسلام له أخرجناه منه سواء أجمع على خروجه منه أو لم يجمع، وكذلك من أجمع من أهل الإسلام على خروجه عن الإسلام فوجب اتباع الإجماع في ذلك، وأما من لا نص في خروجه عن

الإسلام بعد حصول الإسلام ولا إجماع في خروجه أيضاً عنه فلا يجوز إخراجه عما قد صح يقيناً حصوله فيه ..”

دەڵێ: یەکێ لەوانە دەڵێت، ئەگەر ئێوە عوذر ئەهێننەوە بۆ موجتەهیدەکان کاتێ هەڵەی کوفری دەکەن، کەواتە عوذر بۆ یەهود و نەصارا و هەموو میلەتانی تر بهێننەوە چونکە ئەوانیش هەڵەیان کردوە و موجتەهیدن و مەبەستیان خێرە، بەیارمەتی خوا لەوەڵامدا ئەڵێین: ئێمە کە عوذرمان بۆ کەسانێ هێناوەتەوە یان کەسانێکمان تەکفیرکردوە بەبۆچون و گومان و هەواو ئارەزووی خۆمان ئەو کارەمان نەکردوە، خوای گەورە مافی تەکفیر و عوذر پێدان و چونە بەهەشت و ئاگری نەداوەتە دەست کەس، بۆیە ئێمەش ناوی ئیمان لەکەس نانێن کە خوا ناوی ئیمانی لەنەنابێ هەموو ئەمانەش لەسەر زمانی پێغەمبەرەکەیەتی صلى الله عليه وسلم نەك هەر ئێمە بەڵکو هەموو موسڵمانێ لەسەر زەوی دەزانێ پێغەمبەری خوا حوکمی کوفری بڕیوەتەوە بۆ هەموو میلەتانی غەیری ئیسلام وە تەبەرای کردوە لەهەموو میلەتانی غەیری ئیسلام، ئێمەش لەسەر ئەمە وەستاوین، وە هیچ دووکەسێکیش نیە خیلافی هەبێ کە پێغەمبەری خوا ناوی ئیمانی بڕیوەتەوە بۆ هەرکەسێ شوێنی کەوتبێ و باوەڕی بەهەموو ئەو دینە هێنابێ کە لەلایەن خواوە بۆی هێناون و تەبەرای کردبێ لەهەموو دینێ لەغەیری دینەکەی محمد، لەمەشدا بەبێ زیاد و کەم وەکو خۆی وەستاوین، وەهەرکەسێکیش دەق هەبێ لەبارەیەوە کە دەرچووبێ لە

ئیسلام دوای ئەوەی ناوی موسڵمان بونی بەدەست هێنابێ ئێمەش دەرمان هێناوە لە ئیسلام جا ئیجماع هەبێ لەسەر دەرچونی لە ئیسلام یان نەبێ، بەهەمان شێوە ئەگەر ئەهلی ئیسلام ئیجماعیان هەبێ لەسەر دەرچونی کەسێ لە ئیسلام واجبە شوێن کەوتنی ئەو ئیجماعە، بەڵام ئەگەر دەق نەبێت لەسەر دەرچونی لە ئیسلام یان ئیجماع نەبێت لەسەر دەرچونی ئەوا جائیز نیە دەربێنی لەئیسلام لەکاتێکدا بەیەقینی جێگیربوە موسڵمان بونی.

پاشان دەڵێ لەلاپەڕە 301-302: "قال أبو محمد رضي الله عنه: فصح بما قلنا أن كل من كان على غير الإسلام وقد بلغه أمر الإسلام فهو كافر ومن تأول من أهل الإسلام فأخطأ فإن كان لم تقم عليه الحجة ولا تبين له الحق فهو معذور مأجور أجراً واحداً لطلبه الحق وقصده إليه مغفور له خطؤه إذ لم يتعمده لقول الله تعالى: (وليس عليكم جُناح فيما أخطأتم به ولكن ما تعمدت قلوبكم)، وإن كان مصيباً فله أجران أجر لإصابته وأجر آخر لطلبه إياه وإن كان قد قامت الحجة عليه وتبين له الحق فعَنَد عن الحق غير معارض له تعالى ولا لرسوله صلى الله عليه وسلم فهو فاسق لجرأته على الله تعالى بإصراره على الأمر الحرام فإن عَنَد عن الحق معارضاً لله تعالى ولرسوله صلى الله عليه وسلم فهو كافر مرتد حلال الدم والمال لا فرق في هذه الأحكام بين الخطأ في الاعتقاد في أي شيء كان من الشريعة وبين الخطأ في الفتيا في أي شيء كان على ما بينا قبل. قال أبو محمد رضي الله عنه: ونحن نختصر هاهنا إن شاء الله

تعالى ونوضح كل ماأطلنا فيه قال تعالى: (وما كنا معذبين حتى نبعث رسولا)، وقال تعالى: (لأنذركم به ومن بلغ)، وقال تعالى: (فلا وربك لا يؤمنون حتى يحكموك فيما شجر بينهم ثم لا يجدوا في أنفسهم رججا مما قضيت ويسلموا تسليما)، فهذه الآيات فيها بيان جميع هذا الباب فصح أنه لا يكفر أحد حتى يبلغه أمر النبي صلى الله عليه وسلم فمن بلغه فلم يؤمن به فهو كافر "

دەڵێ: هەركەسێ لەسەر غەیری ئیسلام بێت و دینی ئیسلام پێگەیشتبێت ئەوا کافرە، هەرکەسێکیش لە موسڵمانان تەئویل بکات و هەڵەبکات لەتەئویلەکەی ئەگەر ئیقامە حوجەی لەسەر نەکرابێ و بۆی رون نەکرابێتەوە ئەوا عوذری هەیە و ئەجرێکی هەیە بەهۆی داواکردنی حەق و مەبەست بونی حەق وە لێخۆشبون هەیە بۆ هەڵەکەی مادام بەئەنقەست نەبوبێ چونکە اللە تعالى دەفەرمێت(گوناحتان ناگات لەوەی هەڵەتان کردوە تەنها ئەوە نەبێت بەئەنقەست و مەبەستی دڵتان کردوە) جا ئەگەر ئەو کەسە پێکابی ئەوا دوو پاداشتی هەیە بەهۆی پێکانی و هەوڵدانیو بەڵام ئەگەر حەقی بۆ رونکرایەوە بەڵام هەر سوور لەسەر ناحەق بەڵام بەبێ ئەوەی مەبەستی ئەوەی هەبێ دژایەتی بەرهەلستی خوا و پێغەمبەرەکەی بکات ئەوا فاسقە چونکە نەترساوە و سوربوە لەسەر کاری حەرام، بەلام ئەگەر عینادی کرد لە دژی کردنیەوە بۆ خوا و پێغەمبەر ئەوا کافرە و مورتەدە و خوێن و مالی حەڵاڵە ئەم حوکمانەش هیچ جیاوازیان نیە لە عەقیدە یان لەفەتوا هەروەك

پێشتر رونمانکردەوە، وەلێرەدا کورتی ئەکەینەوە ئەوەی دریژمان پێدابوو ، الله تعالى دەفەرمێت (وما كنا معذبين حتى نبعث رسولا)، وقال تعالى: (لأنذركم به ومن بلغ)، وقال تعالى: (فلا وربك لا يؤمنون حتى يحكموك فيما شجر بينهم ثم لا يجدوا في أنفسهم رجا مما قضيت ويسلموا تسليما)، ئەم ئایەتانە رونکردنەوەی هەموو بابەتەکانی تیایە و چەسپاندویەتی کە هیچ کەسێ کافرنابێت تا فەرمانی پێغەمبەری پێنەگات جاکاتێ پێیگەیشت و باوەرێ پێنەهێنا ئەوا کافرە.

باسی دەیەم

کێ بۆی هەیە حوکمی تەکفیر دەربکات

ئەوەی پێویستە بەکورتی لێرە باسی بکەین ئەوەیە دەڵێین تەکفیرکردنی موسڵمانێك کاتێك شیرکێك یان کوفرێك ئەنجام ئەدات تایبەتە بەزانایان وە کەسێك کە زانا بێت، ئەم قسەیە مانای ئەوە نیە ئەو کەسە لە هەموو زانستە شەرعیەکان پسپۆڕ و زانا بێت، بەڵکو بەو مانایە دێت کەوا زانابێت بابەتەکانی عەقیدە و کوفر و ئیمان، بزانێت چی کوفرە و چی کوفر نیە و چی شیرکە و چی شیرك نیە بەبەڵگەوە ، پاشان شارەزایی تەواوی هەبێت لە مەرجەکانی کافربوون و ڕێگری وبەربەستەکانی بەردەم تەکفیرنەکردن وەکو جەهل و خطأ و تەئویل و ئیکراە وە چۆنێتی دابەزاندنی ئەو حوکمانە لەسەر کەسە دیاریکراوەکان، وە شارەزابوون لەڕەواندنەوەی گومان و شوبهەکان بەبەڵگەی شەرعی لەکاتی پێویستی ئیقامەی حوجە.

شێخ سلێمان بن سحمان دەڵێت : "الذي يظهر لي - والله أعلم - أنها لا تقوم الحجة إلا بمن يحسن إقامتها، وأما من لا يحسن إقامتها كالجاهل الذي لا يعرف أحكام دينه ولا ما ذكره العلماء في ذلك، فإنه لا تقوم به الحجة". منهاج الحق والاتباع.(68)

دەڵێت: واللە اعلم ئەوەی بۆم دەرکەوتوە ئەوەیە ئیقامەی حوجە بەکەسێك ناکرێت کە نەزانێت بەچاکی ئەنجامی بدات، وێنەی کەسێکی نەزان کە نەزان

بێت بەحوکمەکانی دینەکەی و بەو ووتانەی کە زانایان لەو بارەیەوە فەرموویانە، بۆیە کەسێك عیلمی تەواوی نەبێت بەمانە ناتوانێت ئیقامەی حوجە بکات".

شێخی ئیسلام ئیبن تەیمیە - رحمه الله - دەڵێت : إن التكفير له شروط، وموانع قد تنتفي في حق المعين، وإن تكفير المطلق لا يستلزم تكفير المعين، إلا إذا وجدت الشروط، وانتفت الموانع.

دەڵێت:" کافرکردن مەرجی هەیە و ڕێگری هەیە، ئەشێت ئەو مەرجانە لەسەر کەسێکی دیاریکراو نەبێت یان کەسێکی دیاریکراو ڕێگریەك لەڕێگریەکانی کافربوون هەبێت لەکافرکردنی، وە تەکفیرکردنی ڕەهاش مانای تەکفیرکردنی کەسی دیاریکراو ناگەیەنێت تەنها لەکاتێکدا مەرجەکان بونیان هەبێت و ڕێگریەکان نەمابێت".

وەدەڵێت : ومن ثبت إسلامه بقين لم يزل ذلك عنه بالشك، بل لا يزول إلا بعد إقامة الحجة، وإزالة الشبهة.

دەڵێت:" هەر کەسێك موسڵمان بوونی چەسپابێت بەیەقین و دڵنیایی، ئەوا ئەو موسڵمان بونەی هەڵناوەشێتەوە بەگومان بەڵکو لەدوای ئەنجامدانی ئیقامەی حوجە لەسەری و ڕەواندنەوەی گومانەکانی کافر دەکرێت".

کەواتە بەرپاکردنی و ڕوونکردنەوەی بەڵگە و شەرح کردنی بۆ کەسێکی موسڵمان کەتوشی کوفر و شیرك ئەبێت پاشان ڕەواندنەوەی گومانەکانی ئایا ئەم کارە بەکەسێکی عەوامی ناشارەزا ئەکرێت یان بەکەسێکی زانا و دانا و شارەزا لەبابەتەکانی ئیمان و کوفر و عەقیدە و شارەزا بەواقیع و زمان و عورفی خەڵکی؟ بێگومان بەکەسێکی زانا و شارەزا لەو بوارە، ئەمەش ڕاستیەکە ئەوەنە ڕوونە هیچ کەسێك گومانی تیایدا نیە تەنها کەسێکی کەلەڕەق و جاهیل و چەواشەکار و بەکارهێنراو نەبێت.

ئیمام ابن حزم دەڵێت: (وصفة قيام الحجة عليه أن تبلغه فلا يكون عنده شيء يقاومها).

دەڵێت: سیفەتی ئیقامەی حوجە بەوە دەبێت بەڵگەی پێبگەیەنرێت بەجۆرێك هیچ بەرهەڵستیکردنێکی نەمێنێت بەرامبەر ئەو بەڵگەیە.

هەروەها ابن العربی المالکی دەڵێت: (حتى تبين له الحجة التي يكفر تاركها بياناً واضحاً لا يلتبس على مثله).

دەڵێت: تاکو حوجەی بۆ ڕوون ئەکرێتەوە سەبارەت بەکافربوونی ئەنجام نەدەر، بەجۆرێکی وەها ڕوون بکرێتەوە کە ئاشکرا و دیاربێت لەسەر ئەو کەسە و هاوشێوەکانی تێکەڵ نەبێت.

هەروەها شێخی ئیسلام ابن تەیمیە – رەحمەتی خوای لێبێت – دەڵێت:

(..حتى تقوم عليه الحجة التي يكفر تاركها ممن يعرف الحكم الشرعي من سلطان أو أمير مطاع).بڕوانە صارم المسلول

دەڵێت: کاری ئیقامەی حوجە سەبارەت بەکافربوونی کەسی ئەنجامدەری کوفر لەلایەن کەسی دەسەلاتدار یان فەرماندەیەکی گوێڕایەڵکراو ئەنجام ئەدرێت کە حوکمە شەرعیەکان دەزانن.

شێخ عطية الله الليبي لەچەند وتەیەکیدا دەربارەی ئەوەی کێ بۆی هەیە حوکمی تەکفیر بدات دەڵێت -:

وتەی یەکەمی:

(شَرْطِ الْمُتَصَدِّي لِلتَّكْفِيرِ)

مەرجی ئەو کەسەی دەردەچێت بۆ تەکفیرکردن

ئەم پرسیارە لە شێخ کراوە:

دەقی پرسیارەکە:

زانایان چەند مەرج و ڕێگرێکیان داناوە بۆ کافرکردنی کەسێکی دیاریکراو ، جا ئایا ئەم مەرجانە پێویستە بێنەجێ و ڕێگرەکانیش نەمێنن لە کەسێکی دیاریکراودا ، بە لێپرسینی ڕاستەوخۆ لە کەسەکە یاخود حاڵی گشتی بەسە ، بۆ نموونە لە بیلادولحەرەمەین ئەوانەی لە زنجیرە و ئەڵقەکاندا گاڵتە بە ئایین

دەکەن ، لەکاتێکدا ئەوان تەوحیدیان خوێندووە و دەزانن کە گاڵتەکردن بە ئایین کوفرە ، بۆیە من واگومان نابەم کە ئەوانە شارەزای حوکمەکە و جگە لەویش نەبن ، ئینجا ئایا بەگوێرەی حاڵەتە گشتییەکە حوکمیان لەسەر دەدرێ یان پێویستی بە لێکۆلینەوە هەیە ؟

دەقی وەڵامی شێخ:

کەسی دیاریکراو حوکمی کوفری بەسەردا نادرێ ئیللا ئەگەر زانیمان مەرجەکانی جێبەجێبوونی حوکمدان لەسەری بوونی هەیە و ڕێگرەکانیش نەماوون ، وە ئەمەش زانایان دەیزانن ، بەڵام عامەی خەڵك و ئەوەش لە زانستدا بەشێکی نییە ، قەدەغە دەکرێن لە قسەکردن و ڕۆچوون لە کافرکردنی یەکێك لەوانەی کافرکردنەکەیان ئیجتیهادی و ئیستیدلالییە (واتە: پێویستی بە ئیجتیهادو بەڵگە هێنانەوەیە) ، بەڵکو ئەمە ئیشی زانایانە ، وە عامی ناشارەزا لە زانست دەڵێت : نازانم پرسیار لە زانایان بکەن ، ئەمە واجبی سەر شانی ئەوە ، لەگەڵ ئیمانێکی ئیجمالی بە خوای گەورە و ئایین و پێغەمبەرەکەی ... تا کۆتایی هەروەها کوفرکردنێکی ئیجمالی بە تاغووت ، بەڵام هێندیك کوفری کافرەکان هەیە کە عامی لەگەڵ زانادا لە زانینیدا یەکسانن ، وەکو کوفری کافرە ئەسڵییەکان کە بریتیین لەوانەی هەر لە بنچینەدا نەدراونەتە پاڵ ئیسلام و، سەر بە ئیسلام نیین ، هەروەها وەکو: هەڵگەڕاوەیەکی ڕوون وئاشکرا ئەوەی دەرچوون و جیابوونەوەی خۆی لە ئیسلام ڕاگەیاندووە پەنا بە خوا ،

هاوۆینەی ئەمە ، هەرلەم جۆرە : ئەوەی جوێن بە خوای گەورە و پێغەمبەر و ئایینەکەی دەدات و گاڵتە بە خوای پەروەردگار و ئایین و ئایەتەکان و نێردراوەکەی دەکات ، بەڵام بەمەرجێك دەبێت جوێندان یا گاڵتەکردنەکە ڕوون و ئاشکرا بێت خیلافی تێدا نەبێت ، بەڵام ئەوەی هەڵگری چەند واتایەك بێت ، بەشێوەیەك بگوترێت: ئایا ئەمە جوێندان و گاڵتەکردنە یاخود نا ؟ ئائەم جۆرە وازی لێدەهێندرێت بۆ زانایان ، بەشێوەیەکی گشتی خۆپاراستن وئاگاداربوون لەم بابەتەدا زۆر جەختی لەسەر کراوەتەوە ، بەڵکو واجبە ، ئەگەرنا ئینسان تیادەچێت ، داوا لە خوا دەکەین سەلامەت و پارێزراومان بکات ، ئەمە دەرگای ترسناکییە ، بەردەوام زانایانی ئیسلام لێی ترساوون و وریاییان داوە لە ڕۆچوون تێدا بەبێ زانست وهێزێکی پاڵپێوەنەر و پێویست .. کەواتە ئەوانەی پرسیاریان دەربارەکراوە لەوانەی گوتت لە بیلادولحەرەمەین لە ئەڵقەکاندا گاڵتە بە ئایین دەکەن ، ئەوە بۆ لێکۆڵینەوەی ئەمە کارەکە دەگەڕێندرێتەوە بۆ ئەو کەسەی ئاگاداری حاڵیانە و کارەکەیان دەزانێت لە زانایانی ئەوێ ، یارمەتیدانیش هەر لە خواوەیە.

وتەی دووەمی:

(توجيه لشباب الحركة الجهادية في موضوع التكفير)

ڕێنماییەك بۆ گەنجەکانی بزووتنەوەی جیهادی لە بابەتی تەکفیر

بەشێوەیەکی گشتی بابەتی تەکفیر لە زۆرترین و سەختترین ئەو بابەتانەیە کەوا ئێمە بەردەوام ئاگاداری لێدەکەین و، گەنجە جیهادییەکان لە ترسناکییەکەی وریا دەکەینەوە و، پێیان دەڵێین : ئەم بابەتە وازلێبێنن بۆ زانا متمانە پێکراوەکانتان ، وە ڕێگا مەدەن بەهەرکەسێك بێت و بچێت قسە لەم بابەتەدا بکات و ڕۆبچێت تێیدا ، چونکە ئەم بابەتە ترسناکییەکی گەورەیە و شوێنی خلیسکان وهەڵەکردنە ، زانا وپێشەوا گەورەکان لێی ترساون و دوودڵبوونە لە زۆرێك لە وێنە واقیعییەکانی ، وە بەردەوام داوای ڕێگەی سەلامەتییانکردووە و، دەڵێن: هیچ شتێك بە سەلامەتی ناگۆڕینەوە!

هەروەها گەنجێك لە گەنجە عامییەکانی ئێمە لە زانستدا ئەوەندەی بەسە کە باوەڕێکی کورتی (الإیمان الإجمالی) بە خوای پەروەردگار و، ئەوەش کە پێغەمبەرەکەی - صلی الله علیه وسلم - پێی هاتووە ، بێنێت ، وە بەکورتی کوفر بە تاغووت بکات ، بەڵام دریژەپێدان و لەسەر ڕۆیشتن و لەوانە حوکمدان لەسەر فلانە کەس و فلانە کۆمەڵ کە ئایا کافر بوونە یاخود نا ؟ ئایا بەو کردەوەیەیان لە ڕێیازی ئیسلام دەرچوونە یان نا ؟ هەروەها هاوشێوەی ئەمانەش لە فەرعییاتەکان .. ئەوە بە گوێرەی زانستە ، چونکە ئەم بابەتانە فەتوا و قەزا و ئەحکامی شەرعییە ، کەواتە ئەوەی نەیزانی با بڵێت نایزانم ، وەئەمەش زەرەر لە دیین و ئیمانەکەی نادات ، بەڵکو ئەمە ئیمانێکی ئاشکراو ڕوونە.

هەروەها نەزان بۆی نییە قسە لەم بابەتانەدا بکات و حوکمی تێدا دەربکات و قسەیەك وەربگرێت و هەڵبژێرێت ، مەگەر بەشێوەی شوێنکەوتن و تەقلیدی زانایان بێت ، بەڵکو دەڵێت نازانم و پرسیار لە زانایان بکەن ، جا ئەگەر دوای ئەوە زانایان قسەیان تێدا کرد ئەوە بۆی هەیە تەقلید بکات یاخود شوێن یەکێك بکەوێت کە متمانەی پێیەتی لە زانایانی ناسراو بە زانست.

وتەی سێیەمی:

حوکمی تەکفیر حوکمێکی شەرعییە ، پلەکانی ڕوونی وجێگیربوونی جیاوازە:

*ئەو بەشەی کە زۆر ڕوون وئاشکرایە لە تەکفیر ، موسڵمانان هەموویان یان زۆربەیان ومامناوەندەکەیان ، وە لەوانەیە زانا و عامی لە نەزانینییدا یەکسان بن ، وەکو هێندێك لەو نموونانەی کە لە سەرەوە ڕوونمان کردەوە (نموونەکان: کوفری جوولەکە وگاورەکان وبتپەرستەکان و،هیندۆسە چێڵ پەرستەکان و، بووزییەکان ، وە هەموو ئەوانەی خاوەن ئایینێکن جگە لە ئایینی ئیسلام ، یا ئەوانەی هیچ کاتێك نەهاتوونەتە ناو ئیسلام ، یا وەکو ئەو هەڵگەڕاوەیەی کە بە ڕاشکاوی ڕایگەیاندووە کە چۆتە سەر ڕێبازێکی تر جگە لە ئیسلام ، وەکو ئەوانەی دەبن بە گاور و ، ئەوەی شوێن کەسێك دەکەوێت کە بانگەشەی پێغەمبەرایەتی دەکات) ، هەروەها وەکو ئەو کەسەی جوێن بە خوای گەورە و ، ئایینەکەی دەدات و، گاڵتەی پێ دەکات بە شێوەیەکی ڕاشکاو وئاشکرا کە هیچ گومان ونادیارییەکی تێدا نییە ، بەتایبەتی لەگەڵ

دووبارە بوونەوەی ، بێگومان ئەمە پێویستی بەوە نییە کە زانایەك فەتوای تێدا بدات ، چونکە هەموو خەڵکی شارەزان بەوەی کە ئەم کردەوەیە کوفرێکی گەورەیە خاوەنەکەی لە ڕێیازی ئیسلام دەردەکات ، بۆیە هەرکەسێك دیتی کەسێك ئەم کوفرە ئەنجامدەدات و زۆرلێکراو وشێت نەبوو ، ئەوە حوکمی کوفری بەسەر دادەدات.

*بەڵام ئەوەی کە زۆر ڕوون وئاشکرا نییە ، لەو جۆرە کردەوانەی کە لە نێوانی زانایان جیاوازی تێدا دروست دەبێت ئایا کوفرە یان نا ، یاخود جیاوازی ودوودڵییەکە لە کافرکردنی بکەرەکەی ڕووەدات ، بەگوێرەی ئەوەی: ئایا بیانووی هەیە یاخود نا ، واتە: ئایا مەرجەکان لەو کەسەدا هاتۆتەجێ و ڕێگرەکانیش نەماوون بۆ حوکمدان لەسەری بە کوفر یان نا.

ئائەمە پێویستە وازی لێبهێندرێ بۆ زانایان و ئەوەی کە ئەهلی عیلم نەبێت قسەی تێدا نەکات ، چونکە جێگای هەڵەکردنە و، هەڵەکردنیش بەتایبەتی لەم بابەتەدا ترسناك وقورسە ، لەبەر ئەوەی لە شەریعەتدا وریاکردنەوە وهەڕەشە هاتووە دەربارەی چوونە پێش و دەستپێشخەریکردن بۆ کافرکردنی موسڵمان بە ناحەق ، بۆیە ئەو باوەڕدارەی کە سووڕە لەسەر دینەکەی و ڕزگاربوونی لە دواڕۆژی ئەترسێ لەوەی کەسێك کافر بکات کە شیاوی کافرکردن نییە ، بەهۆیەوە بە هەڕەشەیەکی تووندەوە بگەڕێتەوە.

خواش زاناترە.

داوا له خوای گەورە دەکەین کە ڕێنمایی وصەواب لە وتە وکردەوەدا بە ئێمە وبراکانمان ببەخشێ.

لەژێر ڕۆشنایی ئەوەی کە پێشوو باسمکرد ، بێگومان لەسەر برایان بە گشتی پێویستە کە پرسیار لە زانایان بکەن وپەلە نەکەن لە کافرکردنی خەڵکی ، بەتەنها بەوەندەی دەیخوێننەوە وتێیدەگەن لە دەستەواژە و وتەی دانەرەکان لە پەرتووکەکان ، لەبەر ئەوەی ئەمە یەکێکە لە هۆکارەکانی هەڵەی ناقۆڵا ، چونکە برای عامی ئەوەی کە تێیدەگات لەو پەرتووکانە جێبەجێی دەکات ، ئینجا لەوانەیە لە تێگەیشتن هەڵە بکات و، لەوانەیە لە جێبەجێکردن هەڵە بکات ، لەوانەشە لەهەردووکیاندا هەڵە بکات ، بەمەش خراپەیەکی گەورە ڕووەدات!

بۆیە دووبارەی دەکەینەوە وئامۆژگاری دەکەین بەوەی بابەتەکانی تەکفیر وازلێبهێندرێ بۆ زانایان و، پێویستیشە لەسەر گەنجەکان کەوا بزانن بابەتەکانی تەکفیر – زۆربەیان – بابەتی ئیجتیهادین ، جیاوازی تێیدا دروستە ، بۆیە با هیچ کەسێك دەمارگیری بۆ وتەیەك یا شێخێك یا کۆمەڵێك نەبێت ، هەروەها با دووژمنایەتی یەکتری نەکەن بە هۆی جیاوازی لە کافرکردنی کەسێك یا خەڵکانێك یاخود کۆمەڵێك ، لەوانەی ڕێگای کافرکردنەکەیان ئیجتیهادییە ، بەڵکو ئەو کەسە زانستخوازەی بە تێڕوانین و لێکۆڵینەوەی خۆی ڕاستی بۆ ڕوون بوەوە و دڵنیاش بوو لێی ئەوە با کاری پێبکات ، ئەو

کەسەشی ڕاستی بۆ ڕوون نەبوەوە ئەوە با خۆی بپارێزێت و وریابێت ، وە با بیانوو بێنێتەوە بۆ هەرکەسێك کە پێچەوانەی ئەو دەکات لە شتێك لەمەدا. ئەمە بریتییە لە ڕێگەی ڕاست ودروست ، ئەگەرنا (جگە لەمە) نە چاکەکارییە و نە چاککردنە ، وە جاری وایە گەنجەکان خراپەکاریی دەکەن وخەڵك لە دین دوورەخەنەوە و دەبنە بەربەست لەبەردەم ڕێیازی خوا لەهەمان کاتیشدا وادەزانن کارێکی چاك دەکەن وئایینی خوا سەردەخەن ، بەم کارەشیان خۆیان تووشی هەڕەشەیەکی تووند دەکەن . خوای بەرز وبڵند دەفەرمووێ: بە سوێند وپەیمانەکانتان فڕوفێڵ وناپاکی لەگەڵ یەکتردا مەکەن ، نەکا بەو کارە پێ بخلیسکێ و لە ڕێیازی باوەڕ بترازێت ، پاش جێگیربوونی ، وە نەوەك بەهۆی ڕێگریتانەوە لە ڕێگەی خوا سزای سەخت بچێژن و لە دوا ڕۆژیشدا سزایەکی گەورەتان بۆ هەیە.

ئینجا ئەگەر ئەم ڕێگەگرتنە لە ڕێیازی خوا و ئەم هەڕەشە تووندە لەسەری بەهۆی گەمە وگاڵتەکردن بە سوێندەکان و کردنی بە هۆکارێك بۆ فڕوفێڵ بێتەجێ ، ئەوە بێگومان ئەوەی ڕوودەدات لە خەڵك دوورخستنەوە لە دینی خوا و ڕێگرییکردن لێی بەهۆی گاڵتەکردن بە حوکمەکانی تەکفیر و ڕەفتارکردن تێیدا بە نەزانین و زیادەڕەوی و دەمارگیریی و پەلەکردنەوە ، زۆر لەوە زیاترە ، ئەمەش شتێکی زاندراوە ، بۆیە با گەنجە موجاهیدەکان و ئەوانەی خەڵك

بانگ دەکەن بۆ لای خوا لەم کارە وریا بن و زۆریش وریا بن . واللە ولی التەفیق.

وتەی پێنجەمی:

من چەند شتێکم تاقیکردۆتەوە و،بەویستی خوا ڕێنماییتان دەکەم بۆ هێندێك لەو شتە بەسوودانە ، کە بریتییە لە:

پەروەردەکردنی براکانمان لەسەر تەرکیزخستنە سەر کەم وکوڕییەکانی نەفس و سەرقاڵبوون بە چاککردنیان و پاککردنەوەی دەروون و، دووربوون لە سەیرکردنی کەم وکوڕییەکانی خەڵکی و، پەروەردەکردنیان لەسەر داواکردنی لەشساغی وسەلامەتبوون لە دیندا، هەروەها بەگەورەدانانی ترسناکی فەتوادان لە دین بەبێ زانست ، لەهەمووشی ترسناکتر کافرکردنی موسڵمانێکە بەبێ زانستێکی گونجاو بۆ ئەم کارە وبەبێ پێویستی ، وە با ئەم کارە (کافرکردن) بدەنە دەست ئەو زانا فەقیهانەی کە شیاو و ناسراون بە چاکی دین ولەخواترسان ، بۆیە عەوامەکان (جگە لە زانایان) بە شێوەیەکی گشتی قەدەغەدەکرێن لە ڕۆچوون لەم بابەتانەدا ، هەروەها پێویستیشە لەسەر ئەمیرەکان کە تووڕەبن ئەگەر گوێیان لە عەوامی موجاهیدەکان بوو کەوا قسەدەکەن دەربارەی کافرکردنی فلاّن کەس وفلاّن کەس ، لەوانەی کافرکردنەکەیان ئیجتیهادییە ، وە قەدەغەیان بکەن لە قسەکردن تێیدا ."کۆتایی وتەکانی

بەشی دووەم

باسی یەکەم

[چەن بەڵگەیەك لە قورئانی پیرۆز سەبارەت بەبونی عوذر بەجەهل]

[بەڵگەی یەکەم]

1- الله تعالى دەفەرمێت (وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّىٰ نَبْعَثَ رَسُولا)[سورة الإسراء 15]

ئەوانەی کەوا ئەڵێن بیانوو بەنەزانی نیە دەڵێن ئەم ئایەتە باس لەنەفی سزادان ئەکات لەکافرانی ئەهلی فەترە کەدینیان پێ نەگەیشتوە دەڵێن ئەمانە سزایان لەسەرنیە و باسی کافرانی غیر معذب دەکات، ئەصلەن بەهیچ شێوەیەك بەڵگە لەسەر تەکفیرکردنی هەر تیانیە ،ئێستاش ئێمە باسەیربکەن داخۆ ئاوایە مانای ئایەتەکە یان شتێکی تر ە

سەرەتا بازانین ئایەتەکە چی دەفەرمێت ؟ دەفەرمێت ئێمە سزای هیچ کەسێك نادەین تاکو پێغەمبەر و نێردراوێکی بۆ نەنێرین، پێغەمبەرانیش ئەرکیان ڕونکردنەوەی پەیامی خوایە دوای خۆشیان ئەو ئەرکەیان تەسلیمی زانایان کردوە لەسەرشانی ئەوانە، جا هەرکەسێ بۆی ڕونەکرابێتەوە و تەنها گەیشتنی دین کافی نیە کە لە فهمی خطاب حاڵی نەبێ و کەس نەبێ فێری بکات ئەوا عوذری هەیە، هەروەك لە بڕگەکانی تری ئەم باسەمان ئەوە دەسەلمێنین هەروەها تێکڕای زانایانیش ئەم ئایەتە لەباسی تەکفیرنەکردنی ئەو موسڵمانانە دەهێننەوە کاتێك دەکەونە کوفر و شیرکێکەوە و نەزانن یان دینیان پێ

نەگەیشتوە بەو شێوەیەی لێی تێبگەن گومانیشی تێدانیە مەسەلەی تەکفیر هەر کەلیمەیەکی ڕووت نیە بوترێت بەڵکو کۆمەڵێ ئەحکامی دونیایی و قیامەتی پێوە بەندە یەك لەوانە کوشتن و سزادانی دونیایە بۆیە کە تەکفیرت کرد دەبێ سزاشی بدەی بۆیە ئایەتەکە کە نەفی سزا دەکات نەفی تتکفیریش دەخوازێ چونکە تەکفیر سزای پێوە پەیوەستە و کەلیمەیەکی بەتاڵ و بێ ناوەڕۆك نیە.

ئەوەتا ابن عاشوور لەتەفسیرەکەیدا بزانین چی دەڵێت:

ولِهَذا اقْتَصَرَ عَلى قَوْلِهِ وما كُنّا مُعَذِّبِينَ دُونَ أنْ يُقالَ: ولا مُثِيبِينَ؛ لِأنَّ المَقامَ مَقامُ إعْذارٍ وقَطْعُ حُجَّةٍ، ولَيْسَ مَقامَ امْتِنانٍ بِالإرْشادِ.

والعَذابُ هُنا عَذابُ الدُّنْيا بِقَرِينَةِ السِّياقِ، وقَرِينَةُ عَطْفِ ﴿وإذا أرَدْنا أنْ نُهْلِكَ قَرْيَةً أمَرْنا مُتْرَفِيها﴾ [الإسراء: ١٦] الآيَةَ، ودَلَّتْ عَلى ذَلِكَ آياتٌ كَثِيرَةٌ، قالَ اللَّهُ (p-٥٢)تَعالى ﴿وما أهْلَكْنا مِن قَرْيَةٍ إلّا لَها مُنْذِرُونَ ذِكْرى وما كُنّا ظالِمِينَ﴾ [الشعراء: ٢٠٨]، وقالَ ﴿فَإذا جاءَ رَسُولُهم قُضِيَ بَيْنَهم بِالقِسْطِ وهم لا يُظْلَمُونَ﴾ [يونس: ٤٧] عَلى أنَّ مَعْنى (حَتّى) يُؤْذِنُ بِأنَّ بَعْثَةَ الرَّسُولِ مُتَّصِلَةٌ بِالعَذابِ شَأْنَ الغايَةِ، وهَذا اتِّصالٌ عُرْفِيٌّ بِحَسَبِ ما تَقْتَضِيهِ البَعْثَةُ مِن مُدَّةٍ لِلتَّبْلِيغِ، والِاسْتِمْرارِ عَلى تَكْذِيبِهِمُ الرَّسُولَ، والإمْهالِ لِلْمُكَذِّبِينَ، ولِذَلِكَ يَظْهَرُ أنْ يَكُونَ العَذابُ هُنا عَذابَ الدُّنْيا، وكَما يَقْتَضِيهِ الِانْتِقالُ إلى الآيَةِ بَعْدَها.

عَلى أنَّنا إذا اعْتَبَرْنا التَّوَسُّعَ في الغايَةِ صَحَّ حَمْلُ التَّعْذِيبِ عَلى ما يَعُمُّ عَذابَ الدُّنْيا والآخِرَةِ.

ووُقُوعُ فِعْلِ مُعَذِّبِينَ في سِياقِ النَّفْيِ يُفِيدُ العُمُومَ، فَبِعْثَةُ الرُّسُلِ؛ لِتَفْصِيلِ ما يُرِيدُهُ اللَّهُ مِنَ الأُمَّةِ مِنَ الأعْمالِ.

ودَلَّتِ الآيَةُ عَلى أنَّ اللَّهَ لا يُؤاخِذُ النّاسَ إلّا بَعْدَ أنْ يُرْشِدَهم رَحْمَةً مِنهُ لَهم، وهي دَلِيلٌ بَيِّنٌ عَلى انْتِفاءِ مُؤاخَذَةِ أحَدٍ ما لَمْ تَبْلُغْهُ دَعْوَةُ رَسُولٍ مِنَ اللَّهِ إلى قَوْمِهِ،

واتە: شوێنەکە شوێنی بیانوو پێدان و بڕینی حوجەیە نەك منەتکردن و ڕێنمایی کردن وە سزاکەش لێرە سزای دونیایە بەقەرینەی سیاقی ئایەتەکە ئایەتی تریش لەسەر ئەم مانایە زۆرن، هەروەها ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە اللە خەڵکی بەسزا ناگرێت هەتاکو بەبەزەیی خۆی ڕێنماییان نەکات، بەڵگەشە لەسەر نەگرتنی هیچ کەسێك بەسزا مادام بانگەوازی نێردراوی خوا بۆ قەومەکەی نەهاتبێت.]

ابن جرير لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێت :

" وما كنا مهلكي قوم إلا بعد الإعذار إليهم بالرسل، وإقامة الحجة عليهم بالآيات التي تقطع عذرهم"

واتە: ئێمە هیچ گەلێ لەناونابەین تەنها دوای بیانووبڕانیان ناردنی پێغەمبەران و ئیقامەکردنی حوجە لەسەریان بەو بەڵگانەی بیانویان ئەبڕێت."

بەغەوی لەتەفسیرەکەیدا بۆ ئەم ئایەتە دەڵێت:

"إِقَامَةً لِلْحُجَّةِ وَقَطْعًا لِلْعُذْرِ، وَفِيهِ دَلِيلٌ عَلَى أَنَّ مَا وَجَبَ وَجَبَ بِالسَّمْعِ لَا بِالْعَقْلِ."

واتە: ناردنی پێغەمبەران بۆ ئیقامەی حوجە بڕینی بیانوو، بەڵگەی ئەوەی تێدایە ئەوەی واجبە بەناردنی وەحی واجب ئەبێت نەك بەعەقڵ."

گومانیشی تێدانیە کەوا کەسێك کافربێت ئەصڵ سزادانێتی کەواتە ئەم ئایەتە زیاتر نەفی تەکفیر ئەکات نەك ئیسپات کردنی مادام پێغەمبەر و ڕوونکردنەوە و دینی بەتەواوی پێ نەگەیشتبێت ئەمە دەرحەق بە منتسب بۆ ئیسلام بەڵام تەکفیرکردنی کەس و گەلانی ناموسڵمان یان بەموسڵمان دانانیان هیچ پەیوەندیەکی بەم ئایەتەوە نیە، بەڵکو ئایەتی ((وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ ٱلْإِسْلَٰمِ دِينٗا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي ٱلْأٓخِرَةِ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ)[سورة آل عمران 85] ئەم ئایەتانە و هاوشێوەکانیان تەکفیر هەموو ئەوانە دەکەن کە غەیرمنتسبن بۆ ئیسلام.

پاشان با بێینەوە سەر مانای ئایەتەکە کە دەفەرمێت ئێمە سزانادەین تاکو پێغەمبەر نەنێرین.

باشە بابزانین ئەو پێغەمبەرە کەنێردرا کاری چی دەبێت بڕوانە بەڵگەی دووەم **شێخ صادق الهاشمي لەکۆمەڵەی وانەی" العذر بالجهل في ميزان السلف "**

دەڵێت: یان دەڵێن ئەم ئایەتە (وما كنا معذبين حتى نبعث رسولا) ئەگەر

پرسیار لەو زیادەڕەوانە بکەیت بۆچی خوای گەورە سزایان نادات تەنها ئەم وەڵامە ئەدەنەوە و دەڵێن لەبەرئەوەی پێغەمبەریان بۆ نەچووە و حوجەیان پێ نەگەیشتوە، بەو مانایەی جاهیل بوونە و جەهلێکی موعتەبەریان هەبووە لای خوا و خواش عوذری ئەو نەزانیەی پێداون، پاشان بەوانە ئەڵێین چۆن وا بیردەکەنەوە کەخوا عوذر بەجەهل بدات بە خەڵکانێکی کافری ئەصڵی کە دینیان پێ نەگەیشتوە و ئەو بیانووەی کەدەڵێن (ماجاءنا من بشیر) هیچ موژدەدەرێکمان لەدونیا بۆ نەهاتووە خوا لێیان قبول ئەکات لە ساحەی مەحشەر، کەواتە ئیتر بۆ ئەم جەهلەش بۆ ئەحکامەکانی ژیانی دونیاش نابێت بەعوذر بۆ خەڵکانێ کە موسڵمان بوونە وداخلی ئیسلام بوونە پرسیاریان دەربارەی دینەکەیان کردوە تاکو فێربین بەڵام سەرەنجام چەن بابەتێکی عەقیدەیان لێ شاراوە بوبێ وکەوتبێتنە ناو شیرکەوە، ئایا توخوا ئەم موسڵمانانە لەپێشتر نین عوزریان هەبێت لەو کافرە ئەصڵیانە، لەکاتێکدا کافری ئەصڵی بەڕاشکاوی کوفر و شیرك و پەرستنی غەیری أللّٰەی ڕاگەیاندوە لەگەڵ ئەوەشدا خوا عوذری پێ ئەدات کەدەڵێ پێغەمبەرمان بۆ نەهاتووە، ئەی چۆن کەسێك شەهادەی تەوحیدی هێنابێ کە بەوەندە عیلمەی هەیەتی کاری کردبێ و بەدوای حەق گەڕابێ و حەقی خۆشویستبێ پشتکردوو و موعانید نەبوبێت بەڵام توشی خەلەلێ بوبێ لەتەوحیدەکەی جا لەئوسولی

تەوحید بێ یان لەفروع ئایا خوای گەورە لێی قبوڵ ناکات بڵێ خوایە بەڵگەم پێ نەگەیشت وکەس پێی نەوتم ؟! بیربکەوە

نموونەیەکی یەکلاکەرەوە لەسەر ئەمە تاکو زیاتر ئەم بابەتە ڕوون ببێتەوە، ئێمە کوفرەکانی ئەهلی کیتاب ئەزانین، کەوا کافربونیان بەهۆی چەندین کوفری قەولی فیعلیە کە ئەنجامیان داوە هەر لە بەخوا کردنی خوا پەرست و زاناکانیان تاکو باوەڕبونیان بەسێ خوا و حەڵاڵ کردنی ماڵی خەڵکی و ڕەخنەگرتن لەشەرعی خوا پێشختنی قسەی خۆیان بەسەریدا وە قسەی زۆر ناشرین هەڵبەستان بۆ خوا و بۆ پێغەمبەرەکانی، جا تۆ کە بتەوێ دەعوەی کەسێکی نەصرانی بکەی گومانی تیانیە دەبێ لەگەورەترین شتەوە لەگەڵی دەست پێبکەی کە مەسەلەی باوەڕبونیانە بەسێ خوا بە ئعتیباری ئەوەی ئەگەر ئەمە چارەسەر بکەی ئەوا کوفرەکانی تریان خۆیان بەدوایدا چارەسەر ئەبن و ئاسانتر ئەبێت تۆ ئەتەوێ ئەم کابرایە بکەی موسڵمان سەرەتا موجدەلەی لەگەڵ دەکەی زۆر بەنەرمی وچاکی و بەردەوام دەبی تا نیوەی شەو و ئەم کابرا نەصرانیە قەناعەتی کرد بە ئیسلام و شایەتمانی هێنا پاشان خەوت و بەتەمابوون بەیانی دریژەی باسەکەتان تەواوبکەن پاشان ئەم کابرا نەصرانیەی کەشایەتمانی هێنا لەخەو هەڵنەسایەوە و مرد و هێشتا کوفری نەکردبوو بەتەواوی بەهەموو تاغووتەکان ئایا ئەم کابرایە پێی دەڵێین موسڵمان یان کافر

؟ بێگومان موسڵمانە و داخلی ئیسلام بوە چونکە شایەتمانی هێنا وئامادەیی تەواوی تێدابوو هەرچی ئەو ئیسلام وشایەتمانە داوای ئەکات قبوڵی بکا.

ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئینسان سەرەتا وشەی شایەتمانی لێ قبوڵ ئەکرێ وبەوەش داخلی ئیسلام دەبێت و پێی دەوترێ موسڵمان، ئەگەرچی هێشتا هەموو هەڵوشێنەرەوەکانی ئەو شایەتمانە و داواکاریەکانی فێرنەبوبێ، وە ئەگەرچی کوفری نەکردبێت بەهەموو تاغووتەکان لەکاتێکدا جەهلی هەیە پێیان بۆیە عوزری هەیە تاکو دەیانناسێ و فێردەکرێت.

هەربۆیە لە لەسەردەمی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم هەروەك لەبوخاری و موسلم هاتووە ئوسامەی کوری زەید پێغەمبەری خوا ناردی بۆ غەزایەك لەو غەزایەدا کافرێ شایەتمانی هێنا و ئوسامە کووشتی پاشان هەواڵ گەیشتەوە بە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم کەوا ئوسامە کارێکی ئاوای کردوە و پرسیاری لێ کرد چۆن کوشتت کە ووتی لااله الا الله ؟ ئوسامەووتی ئاخر لەترسا وای ووت، پێغەمەریش صلى الله عليه وسلم فەرموی ئایا دڵیت شەق کرد تاکو بزانی لەترسا وای ووتوە یان نا ؟!

هەربۆیە سەلەف دوو دڵ نەبوونە لە ئیسپات کردنی عوزر بۆ ئوسوڵی دین و فروعی دین لەسەرەتادا مادام کابرا پشتکردوو و معاند نەبوبێت.

هەروەها ابن الجوزى لەتەفسیرەکەیدا دەڵێت:

قال القاضي أبو يعلى: في هذا دليل على أن معرفة الله لاتجب عقلاً, إنما تجب بالشرع, وهو بعثة الرسل, وأنه لو مات الإنسان قبل ذلك لم يقطع عليه بالنار, قال وقيل معناه: أنه لايعذب فيما طريقه السمع إلا بقيام الحجة والسمع من جهة الرسول, ولهذا قالوا لو أسلم بعض أهل الحرب في دار الحرب لم يسمع بالصلاة والزكاة ونحوها, لم يلزمه قضاء شيء منها..."(زاد المسير في علم التفسير 807)

دەڵێ : قاضى أبو يعلى دەڵێت: ئەم ئایەتە بەڵگەی ئەوەی تێدایە کەناسینی خوا واجب نابێت بەعەقڵ، بەهاتنی شەرع واجب ئەبێت کە بریتیە لەناردنی پێغەمبەران، هەربۆیە ئەگەر ئینسانێ بمرێ پێش هاتنی پێغەمبەر بریاری چونە ئاگری بۆ نابڕێتەوە، هەروەها ئەوترێ لەماناکەی: لەوشتانە سزانادرێت کە ڕێگاکەی بیستنە ئەوەشی ڕێگاکەی بیستن و وەحی بێت ئەوا پێویستی بە ئیقامەی حوجە و بیستن هەیە لەلایەن پێغەمبەرەوە، هەربۆیە وتراوە ئەگەر هەندێ لەئەهلی حەڕب لەداری حەڕب موسڵمان ببن نەزان پێویستی نوێژ و زەکات و هاوشێوەکانی لەسەریان ئەوا داوایان لێ ناکرێ قەزای بکەنەوە کاتێ زانییان.)

[بەڵگەی دووەم]

2- اللە تعالی دەفەرمێت (وَأَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ ٱلذِّكۡرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيۡهِمۡ)[سورة النحل 44].

ئێمە ئەم قورئانەمان بۆدابەزاندوی تاکو بۆ خەڵکی ڕوون بکەیتەوە. کەواتە مەرجە کەوا پێغەمبەر ئەو قورئانە ڕوون بکاتەوە وە ئەو ڕوونکراوەیە بگاتە گەل نەتەوەکان بەزمانەکانی خۆیان لێی تێبگەن ئەوە پێی دەوترێت بەلاغی موبین و ئیقامەی حوجە، گەیشتن و ڕوونکردنەوەی وتێگەیشتن لە خیطابەکە لەپەیامەکە.

[بەڵگەی سێیەم]

3- هەروەها اللە تعالی دەفەرمێت (رُّسُلٗ مُّبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى ٱللَّهِ حُجَّةُۢ بَعۡدَ ٱلرُّسُلِۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمٗا)[سورة النساء 165] واتە: پێغەمبەرانێك کەموژدەبەخش و ئاگادارکەرەوەن تاکو خەڵکی بیانوو و بەڵگەیان بەسەر اللەوە نەبێت لەدوای پێغەمبەران.

ئیمام ابن کثیر لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفەرمێت:

وَقَوْلُهُ: ﴿رُسُلا مُبَشِّرِينَ وَمُنْذِرِينَ﴾ أَيْ: يُبَشِّرُونَ مَنْ أَطَاعَ اللَّهَ وَاتَّبَعَ رِضْوَانَهُ بِالْخَيِّرَاتِ، وَيُنْذِرُونَ مَنْ خَالَفَ أَمْرَهُ وَكَذَّبَ رُسُلَهُ بِالْعِقَابِ وَالْعَذَابِ.]

واتە: پێغەمبەرانێك موژدەی ڕازی بونی خوا و چاکە دەدەن بەوانەی گوێڕایەڵی خوا دەکەن، وە ئاگاداری ئەوکەسانەش دەکەن بەسزا کەوا سەرپێچی خوا بکەن و باوەڕنەهێنن بە نێراوەکانی خوا.]

کەواتە پێغەمبەران پەیامەکەی خوا ڕوون ئەکەنەوە بۆ خەڵکی ئەوەنەی لەژیاندا بن دوای ئەوانیش زانایان ئەو ئەرکە دەگرنە ئەستۆ هەروەك پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەفەرمێت "وَإِنَّ الْعُلَمَاءَ وَرَثَةُ الْأَنْبِيَاءِ، وَإِنَّ الْأَنْبِيَاءَ لَمْ يُوَرِّثُوا دِينَارًا وَلَا دِرْهَمًا، وَرَّثُوا الْعِلْمَ، فَمَنْ أَخَذَهُ أَخَذَ بِحَظٍّ وَافِرٍ ".حكم الحديث: صحيح

واتە: بەڕاستی زانایان میراتگری پێغەمبەرانن، وەبەڕاستی پێغەمبەرانیش نەدینار و نەدرهەمیان لەدوای خۆیان جێنەهێشتوە بەڵکو عیلمیان جێهێشتوە هەرکەسێك وەریبگرێت ئەوا بەختێکی گەورەی بەدەستهێناوە.

هەروەها اللە تعالى بە زانایان دەفەرمێت (لَتُبَيِّنُنَّهُۥ لِلنَّاسِ وَلَا تَكْتُمُونَهُۥ)[سورة آل عمران 187].

دەبێت بۆ خەڵکی ڕوون بکەنەوە و نەیشارنەوە، چونکە خەڵکی نەزانن و هەمووکەس نابێت بەزانا کەواتە ڕوون کردنەوەی پەیامی خوا لەدوای پێغەمبەران لەسەر زانایانە و مەرجە بۆ هاتنەدی ئیقامە حوجەی خوا هەرگەلە بەزمانی خۆی دەبێت بۆی ڕوون بکرێتەوە

هەروەك شێخی ئیسلام ابن تیمیە دەڵێت: " ومعلوم أن الأمة مأمورة بتبليغ القرآن لفظه ومعناه، وكما أمر بذلك الرسول، ولايكون تبليغ رسالة إلا كذلك، وأن تبليغه إلى العجم قد يحتاج إلى ترجمة لهم"مجموع فتاوى4/116 واتە: ئومەت فەرمانی پێکراوە بەگەیاندنی قورئان بەگەیاندنی لەفز و مەعنای، بەهەمان شێوەش فەرمانکراوە بەپێغەمبەر، گەیاندنی دین تەنها بەم شێوەیەیە، هەروەها گەیاندنی دینیش بەغەیری عەرەبیش پێویست بەوە ئەکات بۆیان وەربگێردرێ و تەرجومە بکرێت بۆیان."

هەروەها ئیمامی بوخاری لەکیتابی عیلم لەجەموڕەوە بۆمان دەگێڕێتەوە کەدەڵێت:

أَبِي جَمْرَةَ ، قَالَ : "كُنْتُ أُتَرْجِمُ بَيْنَ ابْنِ عَبَّاسٍ وَبَيْنَ النَّاسِ" رواه البخارى 87 دەڵێت:" من تەرجومەم دەکرد لەنێوان عەبدوڵای کوڕی عەباس و لەنێوان خەڵکی"

*هەروەها بوخاری ڕیوایەتی دەکات لەکیتابی سەرەتای دەستپێکردنی وەحی لەابن عباس هوە کەفەرمودەکەی هیرەقڵە کاتێك پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم نامەکەی بۆ دەنێرێت و بانگی دەکات بۆ ئیسلام تیایدا هاتووە کە (فَدَعَاهُمْ فِي مَجْلِسِهِ وَحَوْلَهُ عُظَمَاءُ الرُّومِ، ثُمَّ دَعَاهُمْ، وَدَعَا بِتَرْجُمَانِهِ) بانگی کردن بۆ مەجلیسەکەی کە گەورە پیاوانی ڕوم دانیشتبوون بانگی کردن بانگی وەرگێڕەکەشی کرد.رواه البخارى 51

وه الشيخ سليمان بن سحمان دەڵێت: (قال شيخنا الشيخ عبد اللطيف رحمه الله: وينبغي أن يُعلم الفرق بين قيام الحجة وفهم الحجة، فإن من بلغته دعوة الرسل فقد قامت عليه الحجة إذا كان على وجه يمكن معه العلم، ولا يُشترط في قيام الحجة أن يفهم عن الله ورسوله ما يفهمه أهل الإيمان والقبول والانقياد لما جاء به الرسول، فأفهم هذا يكشف عنك شبهات كثيرة في مسألة قيام الحجة، قال الله تعالى: {أم تحسب أن أكثرهم يسمعون أو يعقلون إن هم إلاَّ

كالأنعام بل هم أضل سبيلا} [الفرقان/44]، وقال تعالى: {ختم الله على قلوبهم وعلى سمعهم وعلى أبصارهم غِشاوة ولهم عذابٌ عظيم} [البقرة/7]، انتهى.

قلت: ومعنى قوله رحمه الله تعالى: إذا كان على وجه يمكن معه العلم، فمعناه: أن لا يكون عديم العقل والتمييز كالصغير والمجنون، أو يكون ممن لا يفهم الخطاب، ولم يحضر ترجمان يُترجم له، ونحو هؤلاء. فمن بلغته رسالة محمد صلى الله عليه وسلم، وبلغه القرآن فقد قامت عليه الحُجة) كشف الشبهتين ص91

شێخ سولەیمان بن سحمان دەڵێت: " شێخەکەمان شێخ عبداللطیف رحمه الله دەڵێت" پێویستە جیاوازی بکرێت لەنێوان ئیقامەی حوجه و فەهمی حوجه، چونکه هەرکەسێك بانگەوازی پێغەمبەرانی پێکەیشتبێت ئەوا ئیقامەی حوجەکراوە ئەگەر بەجۆرێك بێت کە عیلمی بەو بانگەوازە هەبێت مەرج نیە لە ئیقامەی حوجه کابرا وەکو ئەهلی ئیمان و ملکەچی تێبگات کەئەمەت زانی زۆر شوبهەت لەسەر لائەچێ ، خوای گەورە فەرمویەتی ئایا وەدەزانی ئەوانە عەقڵیان هەیە و دەبیستن ئەوانە وەکو ئاژەڵ وان و خراپتریشن، هەروەها فەرمویەتی مۆری ناوە بەدڵ و گوێ و چاوەکانیان و سزایەکی مەزنیان هەیە.

شێخ سولیمانی کوڕی سەحمان لەماناکردنی ئەم وتەیەی شێخ عبداللطیف

[إذا كان على وجه يمكن معه العلم] دەڵێت مانای ئەوەیە: کاتێ ئیقامه حوجەی کەسێ دەکەی دەبێت ئەوکەسە بێ عەقڵ نەبێت وەکو منداڵ و شێت یان لەو کەسانە نەبێت کە لەمانای ئایەتەکان تێناگەن یان وەرگێڕ ئامادەنەبوبێ

مانای ئایەتەکانی بۆ تەرجومە بکات،جا هەرکەسێ ئەو سیفەتانەی تێدا نەبێت ڕسالەی موحەمەد صلى الله عليه و سلم وقورئانی پێگەیشتبێت ئەوا ئیقامە حوجەکراوە.

[بەڵگەی پێنجەم]

5- هەروەها الله تعالى دەفەرمێت (وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُضِلَّ قَوۡمَۢا بَعۡدَ إِذۡ هَدَىٰهُمۡ حَتَّىٰ يُبَيِّنَ لَهُم مَّا يَتَّقُونَۚ إِنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٌ)[سورة التوبة 115]

ابن جەریری تەبەری لەتەفسیری ئەم ئایەتەش دەڵێت:

"وما كان الله ليقضي عليكم، في استغفاركم لموتاكم المشركين، بالضلال، بعد إذ رزقكم الهداية، ووفقكم للإيمان به وبرسوله، حتى يتقدَّم إليكم بالنهي عنه، فتتركوا الانتهاء عنه. فأما قبل أن يبين لكم كراهية ذلك بالنهي عنه، ثم تتعدوا نهيه إلى ما نهاكم عنه، فإنه لا يحكم عليكم بالضلال، لأن الطاعة والمعصية إنما يكونان من المأمور والمنهيّ، فأما من لم يؤمر ولم ينه، فغير كائنٍ مطيعًا أو عاصيًا فيما لم يؤمَرْ به ولم ينه عنه"

واتە: ئەی موسڵمانان الله بڕیاری گومڕابونتان نادات بەداوای لێخۆشبونکردنتان لەخوا لە موشریکەکان، دوای ئەوەی هیدایەتی دان و یارمەتیدان بۆ ئیمان هێنان بەخۆی بە پێغەمبەرەکەی تاکو پەیامتان بۆ نەنێرێ لەپێشدا بەقەدەغەکردنی ئەو کارە ئەوجا دەبێ وازی لێ بهێنن، بەڵام پێش

ئەوەی ئەو قەدەغەکردنە بگات بنێردرێت بۆتان ئێوە ئەنجامی بدەن ئەوا لەو کاتەدا بڕیاری گومڕابونتان نادات، چونکە بڕیاری گوێڕایەڵی و قەدەغەکردن پێویست بەبونی فەرمانەکە دەکات جا کەبونی نەبێت ئەوا گوێڕایەڵی کار و سەرپێچیکار بونی نیە."

کەواتە ئەم ئایەتە ڕوونە کەوا پێش ڕوونکردنەوەی دینی خوا بۆ کەسی موکەلەف و عاقڵ لەموسڵمانان ئەگەر بکەونە ناو شیرکیشەوە ئەوا حوکمی گومڕابون موشریك بونیان نادرێت چونکە دەقەکە دانەبەزیوە جا یەکسانە دانەبەزیێ یان نەگەیشتبێت یان لێی تێ نەگەن و وەرگێرنەبێ و توانای فێربون نەبێت.

بۆ زانیاریتان لەتەفسیری ئەم ئایەتە هەموو ڕاڤەکارانی قورئان کۆکن لەتەفسیرەکەی لەبەردرێژبونەوەی بابەتەکە نەمان هێنان.

بەڵام لێرەدا هەندێ لەبرایانمان بۆ ڕەت کردنەوەی ئەم تەفسیر و نەقڵانە دەڵێن: التبیین ەی لەئایەتەکە هاتووە تایبەتە بەخوا واتە خۆی ڕونی ئەکاتەوە و ئیقامە حوجەیان لەسەر ئەکات، بەڕاستی ئەمە قسەیەکی سەیرە ئایا دەکرێ خوای گەورە ڕاستەوخۆ خەڵکی بدوێنێ یان بەهۆی واستەیەک یان دوو واستە بەڵێ بێگومان خوای گەورە خەڵکی دواندوە لەڕێگای پێغەمبەرەکەیەوە ئەو پێغەمبەرەش بۆ خەڵکی ڕوون کردۆتەوە لەدوای خۆشی ئەو ئەرک و گەیاندنەی سپاردوە بە ئومەت و زانایان.

ابن القيم رحمه الله دەڵێت:" هداية الدعوة والتعليم والإرشاد وهي التي هدي بها ثمود فاستحبوا العمى عليها وهي التي قال تعالى فيها: (وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُضِلَّ قَوۡمَۢا بَعۡدَ إِذۡ هَدَىٰهُمۡ حَتَّىٰ يُبَيِّنَ لَهُم مَّا يَتَّقُونَۚ) فهداهم هدى البيات الذي تقوم به حجته عليهم"شفاءالعليل ص53

واته: هيدايەتی بانگەواز و فێركردن وئيرشاد ئەو جۆرە هيدايەته بوو كه گەلی سەموود هيدايەت دران بەڵام ئەوان كوێرييان هەڵبژارد بەسەريدا هەرلەم بارەيەوەيه الله تعالى دەفەرمێت (وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُضِلَّ قَوۡمَۢا بَعۡدَ إِذۡ هَدَىٰهُمۡ حَتَّىٰ يُبَيِّنَ لَهُم مَّا يَتَّقُونَۚ) هيدايەتی دان بەهيدايەتی ڕوونكردنەوە كه ئەم جۆرە هيدايەتەيه كه دەبێته ئيقامەی حوجه لەسەريان."

ئيمامی شەوكانی دەڵێت: كاتێك ئەو ئايەتەی پێشوو دابەزی دەربارەی نەهی كردن له دواكردنی لێخۆشبوون بۆ موشريكان، ئەوا كۆمەڵێك لەموسڵمانان كەداوای لێخۆشبونيان كردبوو بۆ موشريكان ترسان لەوەی خوا سزايان بدات، خوای گەورەش بەو هۆيەوە ئەم ئايەتەی دابەزاند(وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُضِلَّ قَوۡمَۢا)واته خوای گەوره گومڕايی نادات بەسەر هيچ گەلێكدا و بەگومڕا ناويان نابات دوای ئەوەی ڕێنمايی كردون بۆ ئيسلام و بۆ ئەنجامدانی حوكمەكانی، تاكو دەست دەبەن بۆ يەكێك لەقەدەغەكراوەكانی **دوايی ئەوەی بۆيان روون ئەكاتەوە كه ئەو كارەيان حەرامه بەڵام پێش ئەوەی بۆيان ڕونبێتەوە هيچ**

گوناحیان لەسەر نیە و بەهۆی ئەو کارەیانەوە لێیان ناگیرێت.)فتح القدیر(412/2)

وە ئیمامی نەسەفی دەڵێت: (ئەوەی خوای گەورە فەرمانی کردوە بەخۆپاراستن لێی و دورکەوتنەوەی وەك داواکردنی لێخۆشبوون بۆ موشریکان و هەموو ئەوانەی نەهی لێکردوە و رونیکردۆتەوە کە قەدەغەیە، ئەوا بەندەکانی لەسەر ئەنجامدانی ناگرێت دوای ئەوەی ڕێنمایی کردوون بۆ ئیسلام وە پشتیان بەرنادات کاتێ ئەنجامی بدەن هەتاکو بۆیان رون ئەکاتەوە و فێریان ئەکات کە پێویستە دوورکەوتنەوە لێی بەڵام پێش عیلم و رونکردنەوە ئەوا لێیان ناگرێت.

هەروەها ئیمامی ئالوسی لەتەفسیری ئەم ئایەتە (وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُضِلَّ قَوۡمَۢا)دەلێت: لەگەڵ لوتف و چاکەی خوای گەورەدا ناگونجێت کەسانێکی ڕێنمایی کردبێت بۆ ئیسلام پاشان وەسفیان بکات بەگومڕابون لەڕێگای حەق و زەمیان بکات و حوکمەکانی گومراییان لەسەر جێ بەجێبکات، تاکو بۆیان روون نەکاتەوە بە وەحی ئاشکرا یان بەدیلالەت لەسەر ئەو کار و شتانەی دەبێت خۆیانی لێ بپارێزن...)

ئەگەر کەسێك بڵێت ئاخر ئەم ئایەتە باس لەحەرام بونی داواکردنی لێخۆشبوون ئەکات بۆ موشریکەکان و ئەم بابەتەش نەزانی و جەهلە بەفروع

نەك بە ئوصولی دین، خیلافی ئیمە دەربارەی کەسی جاهیلە بەتەوحید و ئوصولی دین.

لەوەڵامدا ئەڵێم: وەلاء و بەڕاء لە کاروبارەکانی عەقیدەیە و هەرکەسێك گومانی هەبێت لەوەی ڕەنگە خوای گەورە خۆش ببێت لەموشریکەکان ئەشێت لێخۆشبونی خوا بیانگرێتەوە ئەوا ئەو کەسە کوفری کردوە بەخوای گەورە و ئایەتی خوای گەورەی بەدرۆ داناوە، چونکە خوای گەورە لەسورەتی نیساء رونی کردۆتەوە و فەرمویەتی (إن الله لا يغفر أن يشرك به ويغفر ما دون ذلك لمن يشاء) هەربۆیە ئەو کەسەی داوای لێخۆشبوون دەکات بۆ موشریکان یان گومانی وایە کە خوا لێیان خۆش ئەبێت ئەوا دژایەتی ئەم ئایەتە پیرۆزەی کردوە و بێ باوەڕ بەوە ئایەتە و گومانی لێی هەیە، وە ئەو دوعاکردنەی بۆ موشریکان لەخۆشەویستیەتی بۆ موشریکان کە نەهی لێکراوە، کە لەمەبەستەکانی شەریعەتە، هەروەکو ئیمامی قاسمی رحمه الله رونیکردۆتەوە لەتەفسیرەکەی ودەڵێت: ئەم نەهی کردنەی داواکردنی لێخۆشبوون لەتەواوێتی جیابونەوە و بەڕائەت کردنە لەموشریکان، چونکە ئیقامەی حوجەیان لەسەرکراوە بەگەیاندنی پێغەمبەر پێیان کەخۆیان بپارێزن لێی، وە بەوەی پێی ڕاگەیاندون کە ئەو پێغەمبەرە لەسەر ڕێگایەکی ڕاستە بەڵام ئەوا لایانداوە لێی خوای گەورەش گومڕای کردون و شایستەی سزاکەی بون.)محاسن التأويل 3283/8

5- هەروەها الله تعالى لەم ئایەتەشدا دەفەرمێت:

(وَمَن يُشَاقِقِ ٱلرَّسُولَ مِنۢ بَعۡدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ ٱلۡهُدَىٰ وَيَتَّبِعۡ غَيۡرَ سَبِيلِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ نُوَلِّهِۦ مَا تَوَلَّىٰ وَنُصۡلِهِۦ جَهَنَّمَۖ وَسَآءَتۡ مَصِيرًا)[سورة النساء 115]

بەغەوی لەتەفسیرەکەیدا دەفەرمێت:

"قَوْلُهُ تَعَالَى: ﴿وَمَنْ يُشَاقِقِ الرَّسُولَ﴾ نَزَلَتْ فِي طُعْمَةَ بْنِ أُبَيْرِقٍ وَذَلِكَ أَنَّهُ لَمَّا ظَهَرَتْ عَلَيْهِ السَّرِقَةُ خَافَ عَلَى نَفْسِهِ مِنْ قَطْعِ الْيَدِ وَالْفَضِيحَةِ، فَهَرَبَ إِلَى مَكَّةَ وَارْتَدَّ عَنِ الدِّينِ، فَقَالَ تَعَالَى: ﴿وَمَنْ يُشَاقِقِ الرَّسُولَ﴾ أَيْ: يُخَالِفُهُ، ﴿مِنْ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ الْهُدَى﴾ التَّوْحِيدُ وَالْحُدُودُ ﴿وَيَتَّبِعْ غَيْرَ سَبِيلِ الْمُؤْمِنِينَ﴾ [أَيْ: غَيْرَ طَرِيقِ الْمُؤْمِنِينَ ﴿نُوَلِّهِ مَا تَوَلَّى﴾ أَيْ: نَكِلْهُ فِي الآخرة] ٩٦/ب إِلَى مَا تَوَلَّى فِي الدُّنْيَا، ﴿وَنُصْلِهِ جَهَنَّمَ وَسَاءَتْ مَصِيرًا﴾

واتە: ئەم ئایەتە (هەرکەسێك پێچەوانە و دژایەتی پێغەمبەر بکات)دابەزی دەربارەی طوعمەی کوڕی ئوبەیریق ئەوەش کاتێ دزیەکی لێ ئاشکرابوو لەدەست بڕین و ئابڕووچونی ترسا بۆیە هەڵهات بەرەو مەککە هەڵگەڕایەوە لەدین خوای گەورەش ئەم ئایەتەی فەرموو (ومن يشاقق الرسول) واتە هەرکەسێك پێچەوانەی پێغەمبەربکات (من بعد ما تبين له الهدى) [دوای ئەوەی سنورەکان و تەوحیدی بۆ ڕوون بوەوە] (ويتبع غير سبيل المؤمنين)

شوێنی غەیری ڕێگای بڕواداران بکەوێت لەڕۆژی دوایی دیسپێرین بەوەی لەدونیا شوێنی کەوتوە پاشان دەیخەینە دۆزەخەوە کە خراپترین چارەنوسە."
کەواتە ڕوونکردنەوە مەرجە بۆ تەکفیر و سزای دنیا و قیامەت لەحەق موسڵمان،

هەروەها شێخی ئیسلام ابن تیمیه رحمه الله دەربارەی ئەم ئایەتەی خوای تعالى (فأجره حتى يسمع كلام الله) دەفەرمێت: قد علم أن المراد أنه يسمعه سمعاً يتمكن معه من فهم معناه ، إذ المقصود لا يقوم بمجرد سماع لفظ ولايتمكن معه من فهم المعنى، فلو كان غير عربي لوجب أن يترجم له ما تقوم به عليه الحجة ، ولو كان عربياً وفي القرآن ألفاظ غريبة ليست من لغته أن نبين له معناها، ولو سمع اللفظ كما يسمعه كثير من الناس ولم يفقه المعنى وطلب منا أن نفسره له ونبين له معناها فعلينا ذلك وإن سألنا عن سؤال يقدح في القرآن أجبناه ، كما كان النبي صلى الله عليه وسلم إذا أورد عليه بعض المشركين أو أهل الكتاب أو المسلمين سؤالاً يوردونه على القرآن، فإنه كان يجيبهم"الجواب الصحيح 1/221

واتە: زانراوە مەبەست لەم ئایەتە ئەوەیە بەشێوەیە بیبیستێ توانای تێگەیشتنی ماناکەی هەبێ، چونکە مەبەست بەتەنها بیستن بەبێ تێگەیشتن لەماناکەی نایاتەدی، بۆیە ئەگەر کەسەکە عەرەب نەبێ ئەوا پێویستە بۆی تەرجومە بکرێ بەشێوەیەک کە ببێتە هۆی ئیقامە حوجەی، هەروەها ئەگەر

عەرەبیش بوو بەڵام لە لەفزەکانی قورئان چەن لەفزێکی تیابوو نامۆ بوو بەزمانەکەی بۆ ئەمیش واجبە ماناکەی ڕوون بکەینەوە، هەروەها ئەگەر لەفزەکەی قورئانی بیست هەروەکو زۆربەی خەڵک دەیبیستن و ماناکەی نەزانی و؟داوای لێمان کرد بۆی ڕون بکەینەوە ئەوا واجبە لەسەرمان ، وە ئەگەر پرسیاری لێکردین دەربارەی تانەدان لەقورئان دەبێ وەڵامی بدەینەوە هەروەک چون پێغەمبەر ص وەڵامی موشریکان و ئەهلی کیتاب و موسڵمانانی ئەدایەوە."

هەروەها شێخ عبداللطیف بن عبدالرحمن بن حسن بن محمد بن عبدالوهاب- رحمه الله- دەڵێت:- " من بلغته دعوة الرسل إلى توحيد الله ، ووجوب الإسلام له، وفَقِهَ أن الرسل جاءت بهذا، لم يكن له عذر في مخالفتهم وترك عبادة الله، وهذا الذي يجزم بتكفيره إذا عبد غير الله ، وجعل معه الأنداد والألهة والشيخ وغيره من المسلمين لا يتوقفون في هذا ، وشيخنا رحمه الله توقف في تكفير الجاهل من عباد القبور إذا لم يتيسر له ما ينبهه، وهذا هو المراد بقول الشيخ ابن تيمية رحمه الله تعالى:" حتى يتبين لهم ماجاء به الرسول صلى الله عليه وسلم فإذا حصل البيان الذي يفهمه المحاسب ويعقله فقد تبين له" وليس بين "بين" و "تبين"فرق بهذا الإعتبار لأن كل ما جاء به الرسول، وأصر وعاند ، فهو غير مستجيب، والشبهة قائمة عليه سواء كان عن إصراره لشبهة عرضت، كما وقع للنصارى وبعض المشركين من العرب، أو كان ذلك

عن عناد وجحود واستكبار كما جرى لفرعون وقومه ، وكثير من مشركي العرب ، فالصنفان يحكم بكفرهم إذا قامت الحجة التي يجب اتباعها، ولايلزم أن يعرف الحق في نفس الأمر كما عرفته اليهود وأمثالهم، بل يكفي في التكفير رد الحجة ، وعدم قبول ما جاءت به الرسل"مصباح الظلام 1/206 واتە: هەرکەسێ بانگەوازی پێغەمبەرانی پێبگات بۆ تەوحید وە بۆ وواجب بونی تەسلیم بوون بۆ خوا هەروەها تێگەیشت کە پێغەمبەران بەمە هاتوون، ئەوا کاتە هیچ عوزرێکی نابێ لە پێچەوانە کردنیان و تەرک کردنی عیبادەتی اللە، ئائەم کەسەیە کە جەخت ئەکرێتەوە لەتەکفیرکردنی کاتێ غەیری خوای پەرست و هاوبەشی بۆ بڕیاردا وە شێخ محمد و موسڵمانان لەم جۆرە کەسە ناوەستن وە مامۆستامان شێخ محمد دانی ناوە بەمەدا وە ڕوونی کردۆتەوە هاوشێوەی زانایانی ئومەت و ئیقتیداکردنیش بەوان وە کەسیشی تەکفیرنەکردوە پێش ئیقامەی حوجە و دەلیل، تەنانەت شێخمان تەوقوفی کردوە لەتەکفیرکردنی نەزانە گۆڕپەرستەکان ئەگەر کەس نەبوبێ ئاگاداریان بکاتەوە، ئەمەشە مەبەستی شێخی ئیسلام ابن تیمیە کەدەڵێ" تاکو ئەو دینەی پێغەمبەریان بۆ ڕوون دەکرێتەوە جا کاتێ ڕوون کرایەوە بەو جۆرەی دوێنراو تێبگات ئەوکاتە بۆی ڕونکراوەتەوە" وە بەم اعتیبارە هیچ جیاوازیەک نیە لەنێوان تبین و بین چونکە هەرکەسێ ئەو دینەی پێغەمبەری بۆ ڕونکرایەوە و کەلەڕەقی کرد و سووربوو لەسەر کارەکانی ئەوا ئیقامە حوجە کراوە جا ئەگەر

پێداگریەکەی بەهۆی شوبهەش بێت هەروەکو شوبهە بۆ نەصارا و هەندێ لە موشریکانی عەرەب دروست بووبوو یاخود بەهۆی کەلەڕەقی ئینکاری و خۆبەزلزانی بێ وەک فیرعەون و قەومەکەی و زۆرێ لەموشریکانی عەرەب هەردوو ئەم صنفە حوکمی کافربونیان هەیە کاتێ ئیقامە حوجە کرابن وە مەرجیش نیە حەق بناسن وەکو جولەکە دەیننناسی بەڵکو ڕەتکردنەوەی حوجە کافیە بۆ کافرکردنیان"

وە شێخ محمد رشید رضا باسی ئەوە دەکات کەوا زۆرێ لەزانایانی نەجد جیاواز و ناکۆك بوون لەباسی فەهمی حوجە دەڵێت:" من لم يفهم الدعوة لم تقم عليه الحجة... وهذه المسألة قد اختلف فيها كبار أئمة نجد المعاصرين في مجلس عبدالعزيز آل سعود بمكة المكرمة، فكانت الحجة للشيخ ابن بليهد بأن العبرة بفهم الحجة لا بمجرد بلوغها، وأورد لهم نصاً صريحاً من كلام المحقق ابن القيم فقنعوا "مجموعة الرسائل النجدية 5/638

هەرکەسێ لەبانگەوازەکە حاڵی نەبوبێ ئیقامە حوجە نەکراوە ئەم بابەتەش گەورە پێشەوایانی نەجد خیلافیان تێدا هەبوە دەبینین هاوچەرخەکانیان لەدانیشتنی مەلیك عبدولعەزیز ال سعود لەمەکەی موکەڕەمە بەڵگە قسەی یەکلاکەرەوە لەو دانیشتنە بەدەست ابن بلیهد بوو کەبۆیانی سەلماند کە

عیبڕەت بەفەهمی حوجەیە نەك تەنها گەیاندنی وە دەقێکی صەڕیحی لەوتەکانی لێکۆڵەر ابن القیم بۆ هێنانەوە و هەمویان قەناعەتیان کرد."

[بەڵگەی حەوتەم]

6- هەروەها اللە تعالی دەفەرمێت (وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن رَّسُولٍ إِلَّا بِلِسَانِ قَوۡمِهِۦ لِيُبَيِّنَ لَهُمۡۖ فَيُضِلُّ ٱللَّهُ مَن يَشَآءُ وَيَهۡدِي مَن يَشَآءُۚ وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ)[سورة إبراهيم 4].

ئیمام ئیبن و کثیر لەتەفسیری ئەم ئایەتە پیرۆزەدا دەڵێت:- " هَذَا مِنْ لُطْفِهِ تَعَالَى بِخَلْقِهِ: أَنَّهُ يُرْسِلُ إِلَيْهِمْ رُسُلًا مِنْهُمْ بِلُغَاتِهِمْ لِيَفْهَمُوا عَنْهُمْ مَا يُرِيدُونَ وَمَا أُرْسِلُوا بِهِ إِلَيْهِمْ".

واتە: ئەمە لەلوطفی اللە تعالی یە بەدروستکراوەکانی کە پێغەمبەرانیان بۆ دەنێرێت لەخۆیان بەزمانیان تاکو تێبگەن لە پێغەمبەرەکانیان بۆچی هاتوون."

کەواتە هەتا مەرجە تێگەیشتن لەخطاب و پەیامەکە نەك تەنها بوونی پەیامەکە بەبێ زانینی ماناکەی.

[بەڵگەی هەشتەم]

اللە تعالی دەفەرمێت

(إِنَّ ٱلَّذِينَ ٱرۡتَدُّواْ عَلَىٰٓ أَدۡبَٰرِهِم مِّنۢ بَعۡدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمُ ٱلۡهُدَى ٱلشَّيۡطَٰنُ سَوَّلَ لَهُمۡ وَأَمۡلَىٰ لَهُمۡ)[سورة محمد 25].

واتە: بێگومان ئەو کەسانەی پاشە و پاش گەڕانەوە لە ئایینەکەیان و مورتەدبونەە لە پاش ئەوەی (هەقیان بۆ ڕوون بوویەوە)شەیتان خراپەکانیانی بۆ جوان وڕازاوە کردبوون وە بەهیوا وئومێد فریوی دابوون.

[بڕوانە اللە تعالی لەدوای ڕونکردنەوەی دین بۆیان ئەوجا حوکمی دا بەمورتەدبونەوەیان.]

ئیمامی ابن جەریر لەتەفسیری ئەم ئایەتە پیرۆزە دەڵێت:"

يقول الله عزّ وجلّ إن الذين رجعوا القهقرى على أعقابهم كفارا بالله من بعد ما تبين لهم الحقّ وقصد السبيل، فعرفوا واضح الحجة، ثم آثروا الضلال على الهدى عنادا لأمر الله تعالى ذكره من بعد العلم."

دەڵێ: الله عزوجل دەفەرمێت ئەوانەی پاشەوپاش هەڵگەڕانەوە و کافربوون بە اللە لەدوای ئەوەی حەق و ڕێگای ڕاست و حوجەیان بۆ ڕون بۆیەوە،

پاشان گومڕاییان هەڵبژارد لەسەر هیدایەت بەهۆی عینادی کردن بەرامبەر فەرمانی اللە دوای ئەوەی عیلمیان پێی هەبوو."

[بەڵگەی تۆیەم]

اللە تعالی دەفەرمێت (وَأُوحِيَ إِلَيَّ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانُ لِأُنذِرَكُم بِهِۦ وَمَنۢ بَلَغَۚ)[سورة الأنعام 19].

واتە: ئەی موحەمەد بڵێ بەم ئەم قورئانە وەحی کراوە بۆ من بۆ ئەوەی ئێوەی پێ بترسێنم و هەر کەسێکی کەش کە پێی دەگات.

بێگومان گەیشتنی قورئانیش تەنها بریتی نیە لەگەیشتنی لەفزەکەی بەڵکو بریتیە لەگەیشتنی لەفز و ماناکانی بۆ هەموو گەل و نەتەوە و زمانە جیاوازەکان بەزمانەکانی خۆیان کە بتوانن لێی تێبگەن ئەمەش مەرجە بۆ ئیقامەی حوجە هەروەك زانایان دەفەرمون.

هەروەك شێخی ئیسلام ابن تیمیە دەڵێت: " ومعلوم أن الأمة مأمورة بتبليغ القرآن لفظه ومعناه، وكما أمر بذلك الرسول، ولايكون تبليغ رسالة إلا كذلك، وأن تبليغه إلى العجم قد يحتاج إلى ترجمة لهم"مجموع فتاوى4/116 واتە: ئومەت فەرمانی پێکراوە بەگەیاندنی قورئان بەگەیاندنی لەفز و مەعنای، بەهەمان شێوەش فەرمانکراوە بەپێغەمبەر، گەیاندنی دین تەنها بەم

شێوەیەیە، هەروەها گەیاندنی دینیش بەغەیری عەرەبیش پێویست بەوە ئەکات بۆیان وەربگێردرێ و تەرجومە بکرێت بۆیان."

هەروەها ئیمامی بوخاری لەکیتابی عیلم لەجەمورەوە بۆمان دەگێڕێتەوە کەدەڵێت:

أَبِي جَمْرَةَ ، قَالَ : "كُنْتُ أُتَرْجِمُ بَيْنَ ابْنِ عَبَّاسٍ وَبَيْنَ النَّاسِ" رواه البخارى 87 دەڵێت:" من تەرجومەم دەکرد لەنێوان عەبدوڵای کوڕی عەباس و لەنێوان خەڵکی"

*هەروەها بوخاری ڕیوایەتی دەکات لەکیتابی سەرەتای دەستپێکردنی وەحی لەابن عباس ەوە کەفەرمودەکەی هیرەقڵە کاتێك پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم نامەکەی بۆ دەنێرێت و بانگی دەکات بۆ ئیسلام تیایدا هاتووە کە (فَدَعَاهُمْ فِي مَجْلِسِهِ وَحَوْلَهُ عُظَمَاءُ الرُّومِ، ثُمَّ دَعَاهُمْ، وَدَعَا بِتَرْجُمَانِهِ) بانگی کردن بۆ مەجلیسەکەی کە گەورە پیاوانی ڕوم دانیشتبوون بانگی کردن بانگی وەرگێڕەکەشی کرد.رواه البخارى 51 .

[بەڵگەی دەیەم]

اللە تعالى دەفەرمێت (وَقَالَ ٱلشَّيۡطَٰنُ لَمَّا قُضِيَ ٱلۡأَمۡرُ إِنَّ ٱللَّهَ وَعَدَكُمۡ وَعۡدَ ٱلۡحَقِّ وَوَعَدتُّكُمۡ فَأَخۡلَفۡتُكُمۡۖ وَمَا كَانَ لِيَ عَلَيۡكُم مِّن سُلۡطَٰنٍ إِلَّآ أَن دَعَوۡتُكُمۡ فَٱسۡتَجَبۡتُمۡ لِيۖ

فَلَا تَلُومُونِي وَلُومُوٓاْ أَنفُسَكُمۖ مَّآ أَنَاْ بِمُصۡرِخِكُمۡ وَمَآ أَنتُم بِمُصۡرِخِيَّ إِنِّي كَفَرۡتُ بِمَآ أَشۡرَكۡتُمُونِ مِن قَبۡلُۗ إِنَّ ٱلظَّٰلِمِينَ لَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيم)[سورة إبراهيم 22]

واته: جا شەیتان دەڵێت کاتێک کە کار تەواو دەبێت (و لێپرسینەوەیان کۆتایی دێت) [بێگومان خوا بەڵێنی پێدان بە بەڵێنێکی هەق و ڕاست] و منیش بەڵێنم پێدان بەڵام درۆم کرد لەگەڵتاندا وەمن نەم بوو بەسەرتاندا هیچ زۆر و دەسەڵاتێک تەنها ئەوە نەبێت کە بانگم کردن (بۆ گومڕایی) ئیتر ئێوەش بەدەنگمەوە هاتن (و بەگوێتان کردم) کەواتە لۆمەی من مەکەن بەڵکو لۆمەی خۆتان بکەن بەڕاستی من ناتوانم بێم بە هاواری ئێوەوە و ئێوەش ناتوانن بێن بەهاواری منەوە بەڕاستی من بڕوام نەبوو بەوەی کە پێشتر (لە دونیادا) منتان کرد بوو بە هاوبەش بۆ خوا بەڕاستی ستەمکاران سزای سەختیان بۆ هەیە.

[کەواتە ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هەموو ئەوانەی ئەچنە دۆزەخەوە هەڕەشەی بەڵێنی خوایان پێدراوە و پێگەیشتوە تاك بەتاك لەدونیا و کەس بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێش وەختەی دونیا ناچێتە دۆزەخ]

[بەڵگەی یانزەهەم]

اللە تعالی دەفەرمێت دەربارەی دەنگوباسی دۆزەخیەکان کاتێ دەخرێنە دۆزخەوە و پرسیاریان لێ دەکرێ(تَكَادُ تَمَيَّزُ مِنَ ٱلْغَيْظِۖ كُلَّمَآ أُلْقِىَ فِيهَا فَوْجٌ سَأَلَهُمْ خَزَنَتُهَآ أَلَمْ يَأْتِكُمْ نَذِيرٌ 8 قَالُواْ بَلَىٰ قَدْ جَآءَنَا نَذِيرٌ فَكَذَّبْنَا وَقُلْنَا مَا نَزَّلَ ٱللَّهُ مِن شَىْءٍ إِنْ أَنتُمْ إِلَّا فِى ضَلَٰلٍ كَبِيرٍ)[سورة الملك 9].

واتە: نزیکە (دۆزەخ) لەڕقانا پارە پارە ببێت، هەر کاتێك دەستەیەك فڕێ بدرێنە ناویەوە دەرگاوانەکانی دۆزەخ پرسیاریان لێ دەکەن، ئایا پێغەمبەرێکی ترسێنەرتان بۆ نەهاتووە لە دونیادا ؟ دەڵێن بەڵێ بۆمان هاتووە بەڵام بەدرۆمان دەزانی وەمان ووت (پێی) خوا هیچی نە ناردۆتە خوارەوە ئێوە بەس لە گومڕاییەکی گەورەدان"

[کەواتە ئەم ئایەتە بەڵگەیەکی ڕوون وئاشکرایە لەبارەی ئەوەی هیچ کەسێك ناچێتە دۆزەخەوە و سزا نادرێت هەتا پێغەمبەری بۆنەیات، جا پێغەمبەر بۆ هاتنیش بریتیە لەوەی ئەو پێغەمبەرە دینی خوای بۆ ڕوون بکاتەوە ڕاستەوخۆ، یان جێگری پێغەمبەران لە زانایان دینی ئەو پێغەمبەرەیان بۆ ڕوون بکەنەوە].

الله تعالى دەفەرمێت(رَبَّنَا لَا تُؤَاخِذۡنَآ إِن نَّسِينَآ أَوۡ أَخۡطَأۡنَاۚ رَبَّنَا وَلَا تَحۡمِلۡ عَلَيۡنَآ إِصۡرٗا كَمَا حَمَلۡتَهُۥ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِنَاۚ رَبَّنَا وَلَا تُحَمِّلۡنَا مَا لَا طَاقَةَ لَنَا بِهِۦۖ) [سورة البقرة 286]

ئیمامی ابن جەریری تەبەری لەمانای ئایەتەکەدا دەڵێت" قال أبو جعفر: وهذا تعليم من الله عز وجل عباده المؤمنين دعاءه كيف يدعونه، وما يقولونه في دعائهم إياه. ومعناه: قولوا:"ربنا لا تؤاخذنا إن نسينا" شيئا فرضت علينا عمله فلم نعمله،"أو أخطأنا" في فعل شيء نهيتنا عن فعله ففعلناه، على غير قصد منا إلى معصيتك، ولكن على جهالة منا به وخطأ،"

دەڵێ:ئەبو جەعفەر دەڵێت، ئەمە فێرکردنی الله عزوجل ە بۆ بەندە بڕوادارەکانی کە چۆن لێی بپارێنەوە و چی بڵێن لەدوعاکانیان، ماناکەی ئەوەیە، بڵێن پەروەردگارا لێمان مەگرە ئەگەر شتێك فەرزت کردبولەسەرمان بیرمان چوو و کارمان پێنەکرد، یان هەڵەمان کرد لەئەنجامدانی کارێك کە رێگریت کردبوو لێمان لەکردنی و ئەنجاماندا بەبێ ئەوەی مەبەستی سەرپێچی کردنی تۆمان هەبوبێت، بەڵام بەنەزانیمان بەو گوناحە و بەهۆی هەڵەی خۆمان."

ئیمام ابن کثیر دەڵێ دەربارەی أخطأنا" واتە: ﴿أَوْ أَخْطَأْنَا﴾ أَيِ: الصوابَ فِي الْعَمَلِ، جَهْلًا مِنَّا بِوَجْهِ الشَّرْعِيِّ."

واتە: "هەڵەمان کرد" یەعنی ئەگەر هەڵەمان کرد لەکردنی کارێك و نەمانپێکا بەهۆی نەزانیمان بەڕوەشەرعیەکەی"

[کەواتە بڕوانن بەهیچ شێوەیەك موفەسیرینی قورئانی پیرۆز بەشێوەیە گشتی باسی هەڵەیان کردوە و هەڵەیان دابەش نەکردوە بۆ ئوصول و فروع وەکو ئەهلی بیدەع، بەڵکو هەڵە هەر هەڵەیە بەشێوەیە گشتی و ڕەها هاتووە لەئایەتەکان و هیچ تایبەت کردنێکی تیا نیە کەواتە هەڵە لەتەفسیری زانایان بریتیە لەتەئویل و جەهل و نەپێکان کاتێ کارێ ئەنجام ئەدەی وا ئەزانی شەرعیە مەبەستت چاکە و خوایە بەڵام نازانی و مەبەستت نیە سەرپێچی و شیرك ئەنجام بدەی.]

هەروەها ئیمامی قورطوبی لەتەفسیری ئەو ئایەتەدا دەڵێت:

التاسعة- قوله تعالى: (رَبَّنا لَا تُؤاخِذْنا إِنْ نَسِينا أَوْ أَخْطَأْنا) الْمَعْنَى: اعْفُ عَنْ إِثْمِ مَا يَقَعُ مِنَّا عَلَى هَذَيْنَ الْوَجْهَيْنِ أَوْ أَحَدِهِمَا، كَقَوْلِهِ عَلَيْهِ السلام: "رفع عن أمتي الخطأ والنسيان وَمَا اسْتُكْرِهُوا عَلَيْهِ" أَيْ إِثْمُ ذَلِكَ. وَهَذَا لَمْ يُخْتَلَفْ فِيهِ أَنَّ الْإِثْمَ مَرْفُوعٌ، وَإِنَّمَا اخْتُلِفَ فِيمَا يَتَعَلَّقُ عَلَى ذَلِكَ مِنَ الْأَحْكَامِ، هل ذلك مرفوع لا يلزم منه شي أَوْ يَلْزَمُ أَحْكَامُ ذَلِكَ كُلِّهِ؟ اخْتُلِفَ فِيهِ. وَالصَّحِيحُ أَنَّ

ذَلِكَ يَخْتَلِفُ بِحَسَبِ الْوَقَائِعِ، فَقِسْمٌ لَا يَسْقُطُ بِاتِّفَاقٍ كَالْغَرَامَاتِ وَالدِّيَاتِ وَالصَّلَوَاتِ الْمَفْرُوضَاتِ. وَقِسْمٌ يَسْقُطُ بِاتِّفَاقٍ كَالْقِصَاصِ وَالنُّطْقِ بِكَلِمَةِ الْكُفْرِ.

دەڵێ: حوکمی نوێیەم کە لەئایەتەکە وەردەگیرێ، حوکمی گونجاربون کاتێ بەهۆی لەبیرچوون و هەڵەوە توشمان ببێت، هەروەك فەرمودەکەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمویەتی[لەسەر ئومەتەکەم هەڵگیراوە تاوانباربون بەهۆی هەڵە و لەبیرچوون و زۆرلێکردن] ئەمە خیلافی تیانیە ئەم دوو حاڵەتە تاوان و گوناحی تیانیە بەڵام خیلاف لەو ئەحکامانە هەیە کەبەهۆی لەبیرچون و هەڵەوە دێتەکایەوە، ئایا ئەو ئەحکامانەش لێی بوراوین و هیچی ناکەوێتە سەرمان یان هەموو حوکمەکان دەکەوێتە ئەستۆمان؟ خیلاف هەیە تیایدا. بەڵام صەحیح ئەوەیە حوکمەکان بەپێی ڕوداوەکان ئەگۆڕێ، بەشێکیان لەسەرمان لاناچێت بەئیتیفاقی زانایان وەکو پێبژاردەکان و خوێنەکان و نوێژە فەرزەکان، بەڵام بەشێکی تریان بەهۆی لەبیرچوون و هەڵەوە لەسەرمان ناکەوێ بەئیتیفاقی زانایان وەکو تۆڵەکردنەوە و نوطق کردن بە کەلیمەی کوفر."

هەروەها ئیمامی بەغەوی لەتەفسیرەکەیدا دەڵێت " ﴿أَوْ أَخْطَأْنَا﴾ قِيلَ مَعْنَاهُ الْقَصْدُ وَالْعَمْدُ يُقَالُ: أَخْطَأَ فُلَانٌ إِذَا تَعَمَّدَ، قَالَ اللَّهُ تَعَالَى: ﴿إِنَّ قَتْلَهُمْ كَانَ خطأ كَبِيرًا﴾ (٣١-الْإِسْرَاءِ) قَالَ عَطَاءٌ: إِنْ نَسِينَا أَوْ أَخْطَأْنَا يَعْنِي: إِنْ جَهِلْنَا أَوْ تَعَمَّدْنَا، وَجَعَلَهُ الْأَكْثَرُونَ مِنَ الْخَطَإِ الَّذِي هُوَ الْجَهْلُ وَالسَّهْوُ، "

دەڵێ: دەوترێ خطأ، مانای ئەوەیە شتێ بەمەبەست و ئەنقەست بکەی،

عطاء دەڵێ: إِنْ نَسِينَا أَوْ أَخْطَأْنَا" واتە ئەگەر نەمانزانی و بەئەنقەست کردمان، زۆرینە دەڵێن خطأ بریتیە لە جەهل و نەزانی و سەهو کردن"

هەروەها اللە تعالى دەفەرمێت (وَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاح فِيمَآ أَخْطَأْتُم بِهِۦ وَلَٰكِن مَّا تَعَمَّدَتْ قُلُوبُكُمْۚ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُور رَّحِيمًا)[سورة الأحزاب 5].

ئیمامی ابن جەریر لەتەفسیری ئەم ئایەتەش دەڵێت:

يقول: ولا حرج عليكم ولا وزر في خطأ يكون منكم في نسبة بعض من تنسبونه إلى أبيه، وأنتم ترونه ابن من ينسبونه إليه، وهو ابن لغيره ﴿وَلَكِنْ ما تَعَمَّدَتْ قُلُوبُكُمْ﴾ يقول: ولكن الإثم والحرج عليكم في نسبتكموه إلى غير أبيه، وأنتم تعلمونه ابن غير من تنسبونه إليه.وبنحو الذي قلنا في ذلك قال أهل التأويل.

دەڵێ: هیچ حەرەج و گوناحێکتان لەسەر نیە لەهەڵەیەکدا کەئەنجامی بدەن لەوەی نیسبەتی کەسێك بدەنە پاڵ باوکی ، ئێوە وابزانن ئەو کەسە باوکێتی بەڵام لەڕاستیدا ئەو کوری کەسێکی تربێت، ﴿وَلَكِنْ ما تَعَمَّدَتْ قُلُوبُكُمْ﴾بەڵام لەکاتێك گونجبار ئەبن و لێتان ئەگیرێ کە کەسێك بدەنە پاڵ غەیری باوکی و بزانن و عیلمتان هەبێ، ئەمەش وتەی هەموو ئەهلی تەفسیرە کە هەروەک ئێمە دەڵێن."

[کەواتە بەڕێزان خطأ بریتیە لەئەنجامدانی کارێك یان وتنی گوفتارێك جا هەر کار و گوفتارێك بێت بەنەزانی و جەهل ئەمەش خوای گەورە زۆر بەڕوونی ڕونیکردۆتەوە کەوا خاوەنەکەی مادام نەزانە گوناحی ناگات و لێی ناگیرێ و ئەمەش بەڵگەیە بۆبونی عوذر بەجهل، کەواتە ئەوانە کێن ئەم ئایەتە ڕون و ئاشکرایانەی قورئانی پیرۆز ڕەت ئەکەنەوە بە قیل و قالی زانایان و ئەم و ئەو و وتەی زانایان ئەکەن بەحاکم بەسەر کیتابی خوا و کیتابی خوای پێ ڕەت ئەکەنەوە ؟!]

[بەڵگەی سیانزەهەم]

اللە تعالی دەفەرمێت (وَجَٰوَزۡنَا بِبَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ ٱلۡبَحۡرَ فَأَتَوۡاْ عَلَىٰ قَوۡم يَعۡكُفُونَ عَلَىٰٓ أَصۡنَام لَّهُمۡۚ قَالُواْ يَٰمُوسَى ٱجۡعَل لَّنَآ إِلَٰه كَمَا لَهُمۡ ءَالِهَة قَالَ إِنَّكُمۡ قَوۡم تَجۡهَلُونَ) [سورة الأعراف 138].

واتە: ئەمجا نەوەی ئیسرائیلمان لەو دەریا پەڕاندەوە (فیرعەون و گەلەکەیمان تێدا خنکاند) ئەمجا تووشی خەڵکانێک بوون بەردەوام خەریکی پەرستنی بتەکانیان بوون (جولەکەکانیش) ووتیان: ئەی موسا هەروەک ئەو پەرستراوانەی ئەوان تۆیش پەرستراوێکمان بۆ دابنێ موسا فەرمووی: بەڕاستی ئێوە هۆزێکی نەزان و جاهیلن.

ئەم ئایەتە ڕوونترین و صەڕیحترین ئایەتە لەسەر ئەوەی ئەنجامدانی شیرکی گەورە پێش ئیقامەی حوجە عوزرە بۆ خاوەنەکەی کە نەزان بوبن بەڵام بابێین بزانین ڕاڤەکارانی قورئانیش چی دەڵێن دەربارەی تەفسیری ئەم ئایەتە پیرۆزە .

ابن جرير لەتەفسیرەکەیدا دەڵێت: يقول تعالى ذكره: وقطعنا ببني إسرائيل البحر بعد الآيات التي أريناهموها، والعبر التي عاينوها على يدي نبيّ الله موسى، فلم تزجرهم تلك الآيات، ولم تعظهم تلك العبر والبينات! حتى قالوا مع معاينتهم من الحجج ما يحق أن يذكَر معها البهائم، إذ مرُّوا على قوم يعكفون على أصنام لهم، يقول: يقومون على مُثُل لهم يعبدونها من دون الله "اجعل لنا" يا موسى "إلهًا"، يقول: مثالا نعبده وصنما نتخذُه إلهًا، كما لهؤلاء القوم أصنامٌ يعبدونها. ولا تنبغي العبادة لشيء سوى الله الواحد القهار. وقال موسى صلوات الله عليه: إنكم أيها القوم قوم تجهلون عظمة الله وواجبَ حقه عليكم، ولا تعلمون أنه لا تجوز العبادة لشيء سوى الله الذي له ملك السموات والأرض."

واتە: ئەمجا نەوەی ئیسرائیلمان لەدەریا پەڕاندەوە دوای ئەوەی کەوا بەڵگەکانمان پیشاندان و هەموو ئەو عیبرەتانەیان بینی کەلەسەر دەستی موسا پێغەمبەر هات، هیچ یەکێك لەو بەڵگانە نەیگەڕاندنەوە وە بە هیچ یەکێك لەو مەوعیزانە ئامۆژگاریان وەرنەگرت کە ئەگەر وەبیری ئاژەڵان بهێنرایە ئامۆژگاریان

وەردەگرت بەڵام ئەوان سەرەڕای ئەو بەڵگانە کە تێپەڕین بەلای قەومێکدا بتیان دەپەرست و لەلای ئەو پەیکەرانەدەمانەوە دەیانپەرستن نەوەکانی ئیسرائیل وتیان ئەی موسا بۆ ئێمەش بتێك دابنێ تاکو بیپەرستین و بیکەین بەخوا وەکو چۆن ئەو قومە دەیپەرستن، موساش ووتی ئێوە ئەی قەومەکە قەومێکی جاهیلن و مەزنی اللە و حەقی اللە نازانن بەسەرتانەوە، وەنازانن کەنابێت عیبادەت بۆ هیچ شتێك بکرێت لەغەیری اللە کە خاوەنی ئاسمانەکان و زەویە."

بڕوانن داوای بتپەرستیان کرد و نەیان ئەزانی عیبادەت بۆ غەیری اللە .

هەروەها البغەوی لەتەفسیرەکەیدا دەڵێت:

قَوْلُهُ تَعَالَى: ﴿وَجَاوَزْنَا بِبَنِي إِسْرَائِيلَ الْبَحْرَ﴾ قَالَ الْكَلْبِيُّ: عَبَرَ بِهِمْ مُوسَى الْبَحْرَ يَوْمَ عَاشُورَاءَ بَعْدَ مَهْلِكِ فِرْعَوْنَ وَقَوْمِهِ فَصَامَهُ شُكْرًا لِلَّهِ عَزَّ وَجَلَّ ﴿فَأَتَوْا﴾ فَمَرُّوا ﴿عَلَى قَوْمٍ يَعْكُفُونَ﴾ يُقِيمُونَ قَرَأَ حَمْزَةُ وَالْكِسَائِيُّ " يَعْكِفُونَ " بِكَسْرِ الْكَافِ وَقَرَأَ الْآخَرُونَ بِضَمِّهَا وَهُمَا لُغَتَانِ، ﴿عَلَى أَصْنَامٍ﴾ أَوْثَانٍ ﴿لَهُمْ﴾ يَعْبُدُونَهَا مِنْ دُونِ اللَّهِ.

قَالَ ابْنُ جُرَيْجٍ: كَانَتْ تَمَاثِيلَ بَقَرٍ، وَذَلِكَ أَوَّلُ شَأْنِ الْعِجْلِ. قَالَ قَتَادَةُ: كَانَ أُولَئِكَ الْقَوْمُ مِنْ لَخْمٍ وَكَانُوا نُزُولًا بِالرَّقَّةِ، فَقَالَتْ بَنُو إِسْرَائِيلَ لَمَّا رَأَوْا ذَلِكَ: ﴿قَالُوا يَا مُوسَى اجْعَلْ لَنَا إِلَهًا﴾ أَيْ: مِثَالًا نَعْبُدُهُ ﴿كَمَا لَهُمْ آلِهَةٌ﴾ وَلَمْ يَكُنْ ذَلِكَ

شَكًّا مِنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ فِي وَحْدَانِيَّةِ اللَّهِ، وَإِنَّمَا مَعْنَاهُ: اجْعَلْ لَنَا شَيْئًا نُعَظِّمُهُ وَنَتَقَرَّبُ بِتَعْظِيمِهِ إِلَى اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ وَظَنُّوا أَنَّ ذَلِكَ لَا يَضُرُّ الدِّيَانَةَ وَكَانَ ذَلِكَ لِشِدَّةِ جَهْلِهِمْ.﴿قَالَ﴾ مُوسَى ﴿إِنَّكُمْ قَوْمٌ تَجْهَلُونَ﴾ عَظَمَةَ اللَّهِ.]

واتە: نەوەکانی ئیسرائیلمان پەڕاندەوە لەدەریا، کەلبی دەڵێت موسا پەراندنیەوە لەدەریا لەڕۆژی عاشورا دوای لەناوبردنی فیرعەون و گەلەکەی ئەو ڕۆژە وەك سوپاسکردنی خوا بەڕۆژووبوو جا نەوەکانی ئیسرائیل دایان بەلای هۆزێکدا دەمانەوە بەدیار بتەکانیان و بتیان دەپەرست لەغەیری اللە، جورەیج دەڵێ، پەیکەری گوێرەکەبوو دەڵێ ئەوە یەکەم حاڵیان بوو لەگەڵ کوێرەکەکە ئەو هۆزەش هۆزی لەخم بوون لەڕەقەوە هاتبون، جا کاتێ نەوەکانی ئیسرائیل ئەو دیمەنەیان بینی وتیان ئەی موسا خوایەک بۆ ئێمەش بڕیاربدە واتە پەیکەرێك بێت بپەرستین وەکو خوایەکەی ئەوان ئەمەش گومان نەبوو لە تاکانەیی خوا بەڵکو مەبەستیان بوو ئەوەبوو شتێکیان بۆ دابنێت بەگەورەی دابنێن بەهۆیەوە نزیك ببنەوە لەخوا وایان دەزانی ئائەم کارە زەرەر لەدینەکەیان نادات ئەمەش بەهۆی ئەوپەڕی نەزانینان بوو، موسا ووتی: ئێوە گەلێکی نەزانن گەورەیی خوا نازانن.]

کەواتە ئەمانە کوفری گەورەیان کردوە شیرکی گەورەیان ئەنجام داوە بەڵام کافرنەبوونە چونکە نەزان بوونە.

هەروەها شێخ السعدی لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێت:

﴿وجَاوَزْنَا بِبَنِي إِسْرَائِيلَ الْبَحْرَ﴾ بعد ما أنجاهم الله من عدوّهم فرعون وقومه، وأهلكهم الله وبنو إسرائيل ينظرون، ﴿فَأَتَوْا﴾؛ أي: مروا ﴿عَلَى قَوْمٍ يَعْكُفُونَ عَلَى أَصْنَامٍ لَهُم﴾؛ أي: يقيمون عندها ويتبركون بها، ويعبدونها. فقالوا من جهلهم وسفههم لنبيهم موسى بعدما أراهم الله من الآيات ما أراهم: ﴿يَا مُوسَى اجْعَلْ لَنَا إِلَهًا كَمَا لَهُمْ آلِهَةٌ﴾؛ أي: اشرع لنا أن نتخذ أصنامًا آلهة كما اتخذها هؤلاء.

فقال لهم موسى: ﴿إِنَّكُمْ قَوْمٌ تَجْهَلُونَ﴾، وأي جهل أعظم من جهل من جهل ربه وخالقه وأراد أن يسوي به غيره، ممن لا يملك نفعًا ولا ضرًا، ولا موتًا ولا حياةً ولا نشورًا؟]

واتە: نەوەکانی ئیسرائیل تێپەڕین بەلای هۆزێکدا کەلای بتەکانیان دەمانەوە تەبەڕوکیان پێوە دەکرد و دەیانپەرست، ئەوانیش لەبەرنەزانی و بێ عەقڵیان بەموسای پێغەمبەریان ووت دوای ئەوەی خوا ئەو هەموو بەڵگانەی نیشاندان، ئەی موسا بۆمان بڕیاربدە کە چەن بتێك بکەین بەخوا وەك ئەوان، موساش وتی چ نەزانیەک گەورەترە لەو نەزانیەی نەزانبیت بەخالق و پەروەردگار و بتەوێ یەکسانی بکەیت لەگەڵ مەخلوقێك کەهیچ سوود و زیانێکی بەدەست نیە وەهیچ مردن و ژیان و زیندوبونەوەیەکی بەدەسەڵات نیە.]

بەڵام سەیرلەوەدایە کەسانێك ئەڵێن موسا عوزری پێدان چونکە ڕاستەوخۆ کارە شیرکیەکەیان ئەنجام نەدا بەڵکو تەنها داوایان کرد و داواکەیان ڕەفزکرایەوە بەڵام ئەگەر بیانکردایە لەسەر نەزانین ئەوکات کافرئەبوون و هیچ بیانویان پێ نەدەدرا !!!!!!

وەڵامی ئەم زۆر ئاسان بۆکەسێ خوا دڵی کردبێتەوە بۆ هیدایەت دەڵێین تەنها ئەوەنەی کوفرت پێ باش بێت کافر ئەبیت هەروەك زانایان بەتێکڕا دەفەرمون ڕازی بوون بەکوفر کوفرە چونکە ڕازی بوونی بەنی ئیسرائیل بەکاری ئەو قەومە ئەوە بۆخۆی کوفرە چونکە لەکەسی موەحید داواکراوە کوفر بەتاغووتان بکات بیانبوغزێنێ ئەوانەش ببوغزێنێ کەدەیپەرستن، نەك سەرسام بێت پێیان بۆیە ناکرێت خۆشەویستی أللە کۆببێتەوە لەگەڵ خۆشەویستی لات و عوزا ئائەم داوایە تەعزیمی دڵی تێدایە گومانی تێدانیە بەنی ئیسرائیل توشی فیتنە بون بەتاغووتانە هەیبەتیان چوە دڵیانەوە کە وتیان إِلهاً دەلیلە لەسەر تعظیم بەڵام پێغەمبەر موسا علیه السلام بەهانەی پێدان بەهۆی نامۆ بوون بەوجۆرە عیبادەتە.

هەروەها ئیمامی شەوکانی لەتەفسیرەکەیدا دەفەرمێت:

" اجعل لنا إلهاً إي صنماً كائناً كالذي لهؤلاء القوم فأجاب عليهم موسى، وقال إنكم قوم تجهلون، وصفهم بالجهل لأنهم قد شاهدوا من آيات الله ما يزجر من له أدنى علم عن طلب عبادة غير الله."

واتە: خوایەکمان بۆ دابنێ واتە بتێ هەروەکو بتەکەی ئەوان پێغەمبەر موساش وەڵامی دانەوە و فەرموی ئێوە گەڵێکی جاهیلن، وەسفیانی کرد بەنەزانی، چونکە پێشتر چەندین بەڵگەی اللەیان بینی بوو کەوا کافیە بۆ کەسێ کەمترین عیلمی هەبێ بیگێڕێتەوە لەداواکردنی پەرستنی غەیری اللە.]

هەروەها شێخی ئیسلام ئیبن وتەیمیە لەکتێبی - الرد على الأخنائي- دەڵێت:

من دعا غير الله وحج الى غير الله هو أيضاً مشرك ، والذي فعله كفر، لكن قد لايكون عالماً بأن هذا شرك محرم.كما أن كثيراً من الناس دخلوا في الإسلام من التتار وعندهم أصنام لهم صغار من لبد وغيره وهم يتقربون إليها ويعظمونها ولايعلمون أن ذلك محرم في دين الإسلام ويتقربون الى النار أيضاً ولايعلمون أن ذلك محرم، فكثير من أنواع الشرك قد يخفى على بعض من دخل في الإسلام ولا يعلم أنه شرك، فهذا ضال وعمله الذي أشرك فيه باطل لكن لايستحق العقوبة حتى تقوم عليه الحجة...وكذلك كثير من الداخلين في الإسلام يعتقدون أن الحج إلى قبر بعض الأئمة والشيوخ أفضل من الحج أو

مثله ، ولايعلمون أن ذلك محرم ولابلغهم أحد أن هذا شرك محرم لايجوز "ص205..207]

واته: هەركەسێك هاواربكاته غەیری اللە و حەج بكات بۆ غەیری ماڵی خوا ئەمەش موشریكه و كارەكەی كوفره بەڵام ئەشێ زانا نەبێت بەوەی ئەم كاره شیرك بێت و حەرام بێت.

هەروەك زۆرێك لەو خەڵكانەی داخلی ئیسلام بوون لەتەتارەكان و غەیری ئەوان كه چەندین بتی بچوكیان هەیه نزیك دەبنەوه لێیان تەعزیمی دەكەن و ناشزانن ئەم كارەیان حەرامه لەدینی ئیسلام، هەروەها نزیك دەبنەوه له ئاگریش ناشزانن ئەم كارەیان حەرامه، هەربۆیه زۆرێك لەجۆرەكانی شیرك ئەشێت شاراوه بێت لای ئەوكەسانەی داخلی ئیسلام دەبن و نازانن شیركه، ئەمه گومڕاییه ئەو كارەیان باتڵه بەڵام سزا نادرێن تاكو ئیقامه حوجەیان لەسەرنەكرێت.

بەهەمان شێوه زۆرێك لەوانەی داخلی ئیسلام بوونه باوەڕیان وایه حەج كردن بۆلای هەندێ لەپێشەوا و شێخەكان باشتره لەحەج یان وەكو حەجه نازانن ئەم كارەیان حەرامه و كەس پێی نەوتون ئەمه شیركه و حەرامه و نابێت.]

شێخ محمدى كورى عبدالوهاب له كشف الشبهات لاپەڕە 43دەڵێ : ومن الدليل على ذلك أيضا ما حكى الله عن بني إسرائيل مع إسلامهم وعلمهم وصلاحهم، أنهم قالوا لموسى: اجعل لنا إلها كما لهم آلهة. وقول أناس من الصحابة: «اجعل لنا ذات أنواط فخلف النبي - صلى الله عليه وسلم - أن هذا نظير قول بني إسرائيل، اجعل لنا إلها»

جهلا ثم تاب منه ولكن للمشركين شبهة يدلون بها عند هذه القصة، وهي أنهم يقولون: إن بني إسرائيل لم يكفروا، وكذلك الذين قالوا اجعل لنا ذات أنواط لم يكفروا. فالجواب أن نقول: إن بني إسرائيل لم يفعلوا ذلك، وكذلك الذين سألوا النبي - صلى الله عليه وسلم - لم يفعلوا ذلك، ولا خلاف أن بني إسرائيل لو فعلوا ذلك لكفروا. وكذلك لا خلاف في أن الذين نهاهم النبي - صلى الله عليه وسلم، لو لم يطيعوه واتخذوا ذات أنواط بعد نهيه لكفروا، وهذا هو المطلوب،

ولكن هذا القصة تفيد أن المسلم بل العالم قد يقع في أنواع من الشرك لايدري عنها، فتفيد التعلم والتحرز ، ومعرفة أن قول الجاهل ان التوحيد فهمناه ان هذا من اكبر الجهل ومكائد الشيطان وتفيد أيضاً أن المسلم المجتهد إذا تكلم بكلامِ كفر وهو لايدري فنُبه على ذلك فتاب من سعاته أنه لايكفر كما فعل بنو إسرائيل والذين سألوا النبي صلى الله عليه سلم. ((العقيدة والآداب الإسلامية))ص174

کاتێ کەسانێ پرسیار لەشێخ محمد ئەکەن و پێیان گەورەیە کەسانێ تەکفیر بکات کە شیرکیات ئەنجام ئەدەن مادام شایەتمان دێنن، شێخ محمدیش لەوەڵامیاندا دەڵێ: بەڵگە لەسەر ئەو کارەی من ئەوەیە کە خوای گەورە باسی دەکات بۆمان دەربارەی بەسەرهاتەکەی بەنی ئیسرائیل سەرەڕای موسڵمانێتی و چاکی و صەڵاح و عیلمیان بەموسایان گووت (خوایەکی ترمان جگە لە اللە بۆ دابنێ)هەروەها بەهەمان شێوەی ئەوان خەڵکانێکیش لەصەحابە داوایان لە پێغەمبەرکرد صلی اللە علیه وسلم کە درەختێکیان بۆ دابنێ وەکو درەختی موشریکان پێغەمبەریش سوێندی خوارد کە ئەم دایەتان وێنەی ئەو دوایەبوو کە بەنی ئیسرائیل کردیان لەموسا و وتیان(خوایەکی ترمان بۆ دابنێ وەک چۆن ئەوانە خوایەکی تریان هەیە وەك خوایەکەی ئەوان). بەڵام نەزان بوون ، بەڵام لێرەدا موشریکان شوبهەیەکی تریان هەیە دەڵێن بەنی ئیسرائیل و ئەو صەحابانەی داوایان کرد لە پێغەمبەر صلی اللە علیه وسلم کافرنەبون ، لەوەڵامدا ئەڵێین (بەنی ئیسرائیل دوای ئەوەی پێغەمبەر موسا قەدەغەی لێکردن ئەو کارە شیرکەیان ئەنجام نەدا هەروەها صەحابەش دوای ئەوەی پێغەمبەر صلی اللە علیه وسلم هۆشیاری پێدان ئەو کارە شیرکەیان نەکرد- لێرەدا کەسانێ نەفام هەن وا دەزانن شێخ محمد جیاوازی کردوە لەنێوان وتنی شیرك و کردنی شیرك قەول و فیعلی شیرکی دەڵێن شێخ محمد تەکفیری نەکردون چونکە بەس بەوتن داوای ئەنجامدانی شیرکیان کردوە نەك بەکردوە !!

چونکه شێخ محمد دەفەرمێ [لا خلاف في أن الذين نهاهم النبي - صلى الله عليه وسلم، لو لم يطيعوه واتخذوا ذات أنواط بعد نهيه لكفروا،] دەڵێ گومانی تیانیە ئەو کەسانەی پێغەمبەر لەداواکردنی ذات أنواط نەهی لێکردن ئەگەر بەقسەیان نەکردایە ئەو درەختەیان ئەنجام بدایە دوای ئەوەی قەدەغەی لێ کردن ئەوا کافر ئەبوون]

پاشان شێخ محمد دەڵێ: بەڵام ئەم ڕوداوە ئەوەمان پێ دەڵێت کەوا موسڵمان هەروەها زاناش ئەشێت بکەوێتە جۆرەها شیرکەوە و نەزانێت، وە ئەوەشمان پێ دەڵێت کەخۆمان فێربکەین و خۆمان بپارێزین، وتەی ئەو کەسە جاهیلانەشمان بۆ دەرەکەوێ کەدەڵێن تەوحیدمان ناسیوە ئەمەش گەورەترین جەهل و فێڵی شەیتانە.

هەروەها ئەوەشمان پێ دەڵێت کە موسڵمانی موجتەهید ئەگەر قسەیەکی کوفری گووت نەیدەزانی کەوا کوفرە و ئاگادارکرایەوە لەسەری یەکسەر تەوبەی کرد ئەوا کافرنابێت هەروەك چۆن نەوەکانی ئیسرائیل ئەنجامیان دا یان ئەوانەی داوایان کرد لەپێغەمبەرصلى الله عليه وسلم."

کەواتە ئەم هەڵوەستەکردنەی شێخ زۆر ڕوونە کەدەیسەلمێنێ ئەوانەی بەنی ئیسرائیل کەوتونەتە کوفرەوە بەڵام پێش ڕوون کردنەوە بۆیان کافرنەبوونە

پاشان دەڵێ موسڵمانی زانا وموجتەهیدیش توشی کوفر بێ بەنەزانین ئاگاداربکرێتەوە و تەوبەی لەسەربکات کافرنابێت ."

دەفەرمێت تەوبەی لەسەر بکات واتە کوفر کردوە نەك اجتهاد و هەڵەی کردبێت. چونکە اجتهادکردن ئەگەر نەشی پێکیت پاداشتێکت بۆ هەیە بەڵام هەڵەکردن هیچت لەسەر نیە لەگوناح و تاوان چ پێویست بەتەوبە ناکات، ئاگاداربە.

هەروەها شێخ سلیمان بن عبدالله بن محمد بن عبدالوهاب دەڵێ: قوله(قلتم والذی نفسی بیده کما قالت بنو إسرائیل لموسی: اجعل لنا إلها..)أخبر صلی الله علیه وسلم أن هذا الأمر الذی طلبوه منه، وهو اتخاذ شجرة للعکوف عندها، **إتخاذ إله مع الله** مع أنهم لا یعبدونها ولایسألونها). تیسیر العزیز الحمید 182

واتە: وتەکەی (کە پێغەمبەرصلی الله علیه وسلم پێی فەرموون سوێند بەو خوایەی گیانی منی بەدەستە داواکەی ئێوە لەمن وەکو داواکەی بەنی ئیسرائیل وابوو لەموسا کە وتیان خوایەکمان بۆ دابنێ وەك چۆن ئەوا خوایەکی تریان هەیە) پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم هەوالّی داوە ئەو کارەی داوایان لێ کردوە کە بریتیە لەدانانی درەختێك تاکو لەلای بمێننەوە ئەم داواکردنەی بە داواکردنی خوایەکی تر لەگەل أللە دا لەقەڵەم دا سەرەڕای ئەوەی کە داوای پەرستن و داوا لێکردنیان لێی نەکردبوو).

هەروەها شێخ محمد بن إبراهيم بن عبدالطيف آل الشيخ لەوەڵامی پرسیارێکدا کە ئاراستەی ئەکرێت دەربارەی ئەو صەحابانەی داوای (ذات أنواط)یان کرد لەپێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم ؟

دەڵێت: لايصل إلى الكفر إذا كان على سبيل الإستفتاء أو الجهل كقصة أصحاب موسى وأصحاب محمد، وحسبوه قربة . [فتاوى ورسائل محمد بن ابراهيم: 104]

واتە: دەڵێت ئەو کەسانە کافرنابن مادام تەنها پرسیارکردنبێت یان بەنەزانی داوای ئەو کارەیان کردبێت وەکو هاوەڵانی موسا و موحەمەد کە بەنزیك بونەوەیان ئەزانی لەخوا.

ئیمامی السمرقندی -رحمه الله- دەڵێت : اجعل لنا إلها قال قال الجهال من بنى إسرائيل لموسى اجعل لنا إلها نعبده كما لهم آلهة يعبدونها قال لهم موسى: إنكم قوم تجهلون يعني: تكلمتم بغير علم وعقل وجهلتم الأمر.

واتە: نەزانەکانی بەنی ئیسرائیل بەموسایان ووت خوایەکمان بۆ دابنێ بپەرستین وەك چۆن ئەوانە خوایەکیان هەیە ئەیپەرستن، موساش پێی وتن: ئێوە قەومێ نەزانن واتە: بەبێ عیلم و عەقڵ ئەو قسەیە ئەکەن و نازانن ئەوە چ قسەیەکە.

ئیمامی الواحدي دەڵێت: هذا إخبار عن عظيم جهل بني إسرائيل حيث توهموا أنه يجوز عبادة غير الله بعد ما رأوا الأيات ولذلك قال لهم موسى (إنكم قوم تجهلون) قال ابن عباس: جهلتم نعمة ربكم فيما صنع بكم.

واتە: ئەمە هەواڵ پێدانە سەبارەت بەگەورەیی نەزانی بەنی ئیسرائیل وا گومانیان برد جائیزە پەرستنی جگە لە خوا دوای ئەوەی ئەو هەموو بەڵگەونیشانانەیان بینی، هەربۆیە موسی پێی وتن ئێوە قەومێکی نەزانن، ابن عباس دەڵێ: بەخشی پەروەردگارتان لەبیرچۆیەوە نەتانزانی چی بۆکردن.

الإمام السمعانى -رحمه الله- دەڵێ:

}قَالُوا يَا مُوسَى اجْعَل لنا إِلَهًا كَمَا لَهُم آلِهَة} وَلم يكن ذَلِك من بني إِسْرَائِيل شكا فِي وحدانية الله – تَعَالَى – وَإِنَّمَا مَعْنَاهُ: اجْعَل لنا شَيْئًا نعظمه ونتقرب بتعظيمه إِلَى الله – تَعَالَى – وظنوا أَن ذَلِك لَا يضر الدّيانَة، وَكَانَ ذَلِك من شدَّة جهلهم .

دەڵێ: بەنی ئیسرائیل گومانیان نەبوو لەیەکانەیی خوا کاتێ ئەو داوایەیان کرد، بەڵکو داواکەیان ئەوەبوو داوایان کرد موسا شتێکیان بۆ دابنات تاکو بەهۆی بەگەورە گرتنی لەخوا نزيك ببنەوە، وایان گومانکرد ئەم داوایە زەرەر نادات لەدینەکەیان".

ابن عطية لەتەفسیرەکەی دەڵێ:

:قال القاضي أبو محمد: والظاهر من مقالة بني إسرائيل لموسى: اجْعَلْ لَنا إِلهاً كَما لَهُمْ آلِهَةٌ أنهم استحسنوا ما رأوه من آلهة أولئك القوم فأرادوا أن يكون ذلك في شرع موسى وفي جملة ما يتقرب به إلى الله، وإلا فبعيد أن يقولوا لموسى: اجعل لنا صنما نفرده بالعبادة ونكفر بربك، فعرفهم موسى أن هذا جهل منهم إذ سألوا أمرا حراما فيه الإشراك في العبادة ومنه يتطرق إلى إفراد الأصنام بالعبادة والكفر بالله عز وجل، وعلى هذا الذي قلت يقع التشابه الذي قصه النبي صلى الله عليه وسلم في قول أبي واقد الليثي له في غزوة حنين إذ مروا على دوح سدرة خضراء عظيمة: اجعل لنا يا رسول الله ذات أنواط كما لهم ذات أنواط، وكانت ذات أنواط سرحة لبعض المشركين يعلقون بها أسلحتهم ولها يوم يجتمعون إليها فيه، فأراد أبو واقد وغيره أن يشرع ذلك رسول الله صلى الله عليه وسلم في الإسلام، فرأى رسول الله صلى الله عليه وسلم أنها ذريعة إلى عبادة تلك السرحة، فأنكره وقال: «الله أكبر قلتم والله كما قالت بنو إسرائيل اجْعَلْ لَنا إِلهاً كَما لَهُمْ آلِهَةٌ لتتبعن سنن من قبلكم» . اهـ

دەڵێت: قازی ئەبو موحەمەد دەڵێ زاهیرەن داواکەی بەنی ئیسرائیل لەموسا ئەوەبوو خوایەکەی ئەو قەومەیان پێ چاك بوو بۆیە داوایان کرد لەموسا کارێکی ئاوایان بۆ بکات تا بەهۆیەوە لەخوا نزیك ببنەوە، ناگونجێ مەبەستیان

ئەوەبوبێ بتێکیان بۆ دابنە بەتەنها ئەو بتە بپەرستن و کوفربکەن بە ألله، بۆیە موسا فێڕی کردن ئەمە جەهلە تیاتاندایە ئەو داواکردنە حەرامە و هاوبەش دانانی تێدایە لەپەرستن و دەبێتە هۆی ئەوەی بەتەنها بتەکان بپەرستڕێن کوفربکرێ بە ألله عزوجل، هاوشێوەی ئەم ڕوداوەیە ڕوێدا لەو بەسەرهاتەی ئەبی واقیدی لەیسی دەیگێڕێتەوە کە دەڵێ ئێمە تازە موسڵمان بوبوین و دامان بەلای داریکی موشریکەکان کە شمشێرەکانیان پێ هەڵدەواسی و داوامان کرد لەپێغەمبەر بۆ ئێمەش داریکی ئاوا دابنات، بۆیە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم تورەبوو وتی الله اکبر ئەمە هەمان ئەو قسەیەبوو کە بەنی ئیسرائیل داوایان کرد لەموسا خوایەکمان بۆ دابنێ وەکو خوایەکەی ئەوان ئێوە سوێندبەخوا شوێنی ڕێیازی ئەوان ئەکەون ".

شێخ عبدالرحمن اليماني المعلمي له المجموعة هەروەك رسائل المعلمي 1/142 هاتووە دەڵێت : " ويظهر من جواب موسى عليه السلام إنه و إن أنكر عليهم جهلهم لم يجعل طلبهم إرتداداً عن الدين ويشهد لذلك أنهم لم يؤاخذوا هنا كما أوخذوا بذلك عند اتخاذهم العجل فكأنهم هنا والله أعلم عذروا بقرب عهدهم" . دەڵێت: " لەولاّمدانەوەی موسی دەرەکەوێت ئەگەرچی لەسەر ئەو نەزانیەیان سەرزەنشتی کردن، بەڵام داواکەیانی بەهەڵگەڕانەوە لەدین لەقەڵەم نەدا، بەڵگەش لەسەر ئەمە لەم ڕووداوە خوا لێیانی نەگرت، هەروەك کاتێ

گوێرەکەکەیان پەرست لێیانی گرت، لێرەدا واللە اعلم عوذریان هەبوو بەتازە موسڵمان بوون".

کەواتە ئەو کارە کوفر وشیرك بووە بەڵام کافرنەبوون بەهۆی نەزانیان تازە موسڵمان بونیان ئەوەتا پێغەمبەر صلی اللە علیه وسلم تەکفیری ئەو هاوەڵانەی نەکرد و هیچ بەڵگەیەک نەهاتووە شایەدمانیان پێ هێنرابێتەوە هەروەك چۆن هیچ بەڵگەیەك نیە موسا تەکفیری قەومەکەی کردبێت و تەوبەی پێ کردبن .

هەربۆیە هەموو موفەسیرینی قورئان لەوانە ئیمامی تەبەری و قورتوبی و بەغەوی و ابن کثیر وابن عطیة و زانایان وەك ابن تەیمیه و محمد بن عبدالوهاب غەیری ئەوانیش

لەدوای ئەوەی دەڵێن ئەو کارەی بەنی ئیسرائیل کوفر بووە بەڵام نەزان بوونە نموونەی ڕوداوەکەی ذات أنواط باس ئەکەن لەگەڵی کە ئەبو واقیدی لیثی دەیگێڕێتەوە ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی توشی کوفر بوونە بەس کافرنەبوون بەهۆی نەزانی .

تەنها ابن عاشوور نەیێت لەتەفسیرەکەیدا دەڵێ: بەنی ئیسرائیل هەر لەمێژەوە وازیان لەحەنیفیەت و میلەتی ئیبراهیم و تەوحید هێنابوو بۆیە توشی ئەو شیرکەبوون !!! "

ئەم قسەیەش وا دەگەیەنێ کەبەنی ئیسرائیل هەر موسڵمان نەبوبن، ئەمەش پێجەوانەی قورئان و عەقڵ و مەنتیقە چونکە چەندین ساڵ پێغەمبەر موسا لەناویان بوو ئەمریان پێ کرابوو ماڵەکانیان بکەن بە قیبلە و نوێژیان ئەکرد مەعقول نیە ئەمریان پێ بکرێ بەنوێژ و بەڵام ئەمریان پێ نەکرێ بەتەوحید و جاهیل بوبن پێی کە مەرجی قبوڵ بوونی عیبادەتەکانە ئەمە تانەدانە لە پێغەمبەر موسا ، چۆن ئەشێ پێغەمبەرێکی ئاوا گەورە هەوڵ و ماندوو بون بدات بۆ ڕزگارکردنی قەومێکی کافر لەپێناو قەومێکی کافر ئەو هەموو نارەحەتیە بچێژێ ؟! بۆیە ئەم قسەیە قسەیەکی شاز و بەتاڵ هیچ یەکێ لە موفەسیرین لەغەیری ابن عاشور قسەی وای نەکردوە ، هیچ یەکێ لەزانایانیش نیە قسەی وای کردبێت بۆیە لەبنچینەوە قسەی ئاوا ڕەت کراوەیە.

هەروەها کەسانێکی نەخوێنەوار و خەوارج وتەیەکی ابن حيان الأندلسي له بحر المحيط دەهێننەوە کەدەڵێ :{ قالوا يا موسى اجعل لنا إلهاً كما لهم آلهة } الظاهر أن طلب مثل هذا كفر وارتداد وعناد جروا في ذلك على عادتهم في

تعنتهم على أنبيائهم وطلبهم ما لا ينبغي وقد تقدّم من كلامهم { لن نؤمن لك حتى نرى الله جهرة } وغير ذلك مما هو كفر .

ابن حيان دەڵێ: وتیان ئەی موسا خوایەکمان بۆ دابنێ وەکو خوایەکەی ئەوان، زاهیرەن داواکردنی لەم جۆرە کوفر و هەڵگەڕانەوەیە دەڵێ "ارتداد نەك إرتدوا " ئەم جۆرە داوایانەیان هەر لەعاداتی سەرکێشی کردنیان سەری هەڵداوە لەگەڵ پێغەمبەرەکانیان کە داوایان شتانێکیان دەکرد کە نەدەبوو غەیری ئەم شتانە کەوا کوفر بوون " .

بڕوانن ابن حەیان باسی حوکمی داواکە ئەکات دەڵێ کوفرە و ڕێدەیە وەکو چۆن ئەڵێین فلّانە کارە کوفر و ڕێدەیە، ئەمە وەسفی کارەکەیە نەك حوکمدان بەسەر کەسەکان، بەڵام کەسێ خوێنەواری نەبێت و لەزمانی عەرەبی شارەزایی سەرەتایشی نەبێت ئاوا شتی سەیرو سەمەرەی لێ ڕوو ئەدات.

ئەمەش ووتەی ڕاڤەکارانی قورئان و زانایانی بەرزی ئیسلام بوو کە دەقاو دەق موافقی صەریح و موحکەمی قورئانە بەبێ ئێوەی ئێمە بەهیچ شێوەیەک دمارگیریمان هەبوبێت بۆ وتەی هیچ کەسێك کە پێچەوانەی کیتاب و سونەت بێت.

لەکۆتاییدا دەڵێین:

1-ئەم ئایەتانەی سورەتی ئەعراف ڕوونترین نموونەیە لەکیتابی خوا کەباس لەگەلێ دەکات موسڵمان بونیان چەسپاوە بەدڵنیایی پاشان شیرکیان ئەنجامدا بەوەی داوای وێنەیەکیان لەوێنەکانی شیرکی گەورەکرد بەنەزانیان بەوەی کەئەم وێنەیە شیرك بێت.

2-بەنی ئیسرائیل پێش ئەم ڕوداوە موسڵمان بون موسڵمان بونێکی ڕاست هەرکەسێکی موخالەفەی ئەمە بکات کافر ئەبێت.

3-بەنی ئیسرائیل وێنەیەک لەوێنەکانی شیرکی ئەکبەریان نەزانی وایان ئەزانی ئەم وێنەشیرکە لەخوانزیکیان ئەکاتەوە بۆیە داوایان کرد بەهۆی نەزانیان هەروەك ئەهلی تەفسیر فەرموویان.

4-بەنی ئیسرائیل اعتیقادیان وابوو ئەم کارە جەئیزە بەچاکیان زانی داوایان کرد لەپێغەمبەری خوا موسا بۆیان بکات- واعتیقادی جائیزبونی کارێك حوکمی ڕاستەوخۆ ئەنجامدانی هەیە وەك ئەوەی مەعلومە بەیەقین.

5-بەنی ئیسرائیل تەکفیری ئەو قەومە بتپەرستەیان نەکرد کە بتەکەیان دەپەرست، چۆن تەکفیری بکەن لەکاتێکدا خۆیان داوای ئەنجام دانی ئەکەن.

7- پێغەمبەر موسا بەگەلەکەی ووت ئێوە جاهیلن و ئەو قەومە گومڕان ئەوکارەی دەیکەن بەتاڵە- پاشان پێغەمبەر موسا داوای تەوبەی لەقەومەکەی نەکرد وتەکفیری نەکردن بەڵکو تەنها ئامۆژگاری کردن و بۆی ڕوون کردنەوە.

چەن ئیلزاماتێ:-

1- ئەوکەسەی دەڵێ هەموو وردەکاری و وێنەکانی شیرك داخلی ئەصلی دینە، واتە ئەوکەسە موسڵمان نیە وێنەیەک لەوێنەکانی شیرك نەزانێ- جا ئەم قسەیە ئەوە دەخوازێ کە بەنی ئیسرائیل موشریك بوبن موسڵمان نەبوبن ئەم داخوازیەش دژە دەقی قورئانە هەرکەسێ بیخوازێ کافردەبێت دوای ئیقامەی حوجە.

2- ئەوکەسەی دەڵێ هەرکەسێ شیرك ئەنجام بدات بەنەزانی ئەوا ئەبێت بە موشریکی ئەصلی هەر لەبنچینەوە ئیسلامەتی بۆ نەچەسپاوە و ئەصلی دینی نەبوە،ئەمەش ئەوە دەخوازێ بەنی ئیسرائیل موشریك بوبن ئیسلامەتیان سابت نەبوبێ ئەمەش پێچەوانەی دەقی قورئانە و کوفرە.

3- ئەو کەسەی دەڵێ تەکفیری موشریکین ئەصلی دینە بەو مانایەی دروست نابێ موسڵمانێتی بۆکەسێ تەکفیری موشریکان نەکات و بڵێ بیانوو نیە بەنەزانی لەم کارەدا- جاکەسێ قسەی وابکات داخوازی ئەوە دەکات بەنی ئیسرائیل موسڵمان بونیان دروست نەبوبێت ئەم داخوازیەش پێچەوانەی دەقی قورئانە و کوفرە هەرکەسێ بیخوازێ دوای ئیقامە حوجە کافردەبێت، چونکە بەنی ئیسرائیل قەومە بت پەرستەکەیان تەکفیرنەکرد ئەمەش لەلایەن بەنی ئیسرائیلەوە نەزانینیان بوو بەوەی کە نابێ عیبادەت بۆ غەیری اللە ئەنجام بدرێت و هەرکەسێ عیبادەت بکات بۆ غەیری اللە موشریکە ئەوان ئەمەیان نەئەزانی.

4-ئەوکەسەی دەڵێ ئەگەر کەسێکی مونتسب بۆ ئیسلام واتەموسڵمانێك وێنەیەك لەوێنەکانی شیرك ئەنجام بدات و نەزانێ ئەوە شیرکە و خواو پێغەمبەرحەرامیان کردوە ئەوکەسەی بڵێ ئەم موسڵمانە موشریك ئەبێ بە ئەنجام دانی شیرکێکی گەورە و بەهیچ شێوەیەک بیانووی نیە بەنەزانی چونکە ئەوکەسەی شیرکی کردوە تەوحیدی نەناسیوە و تەوحیدو شیرک لێکناکاتەوە هەربۆیە موسڵمان نیە، کەواتە ئەم قسەیە ئەوە دەخوازێ کەبەنی ئیسرائیل

موسڵمان نەبوبن ئەم داخوازیەش پێچەوانەی دەقی قورئانە کوفرە هەرکەسێ ئیتیزامی پێبکات دوای ئیقامە حوجە کافر ئەبێت.

5- ئەوکەسەی مەسئەلەی عوزر بەجەهل لەئەصلی دین دا ئەنات واتە موسڵمان نیت ئەگەر عوزر بۆ موشریکان بێنیتەوە چونکە کوفرت نەکردوە بەتاغووت، ئەم کەسە داخوازی قسەکەی ئەوەیە کە بەنی ئیسرائیل موسڵمان نەبوبن ئەم داخوازیەش پێچەوانەی دەقە کوفر هەرکەسێ ئاوا بزانێ دوای ئیقامەی حوجە کافر ئەبێت.

6-ئەوکەسەی عەقیدەی وابێ عیلم بەمانای لا الە الا اللە بریتیە لەو عیلمەی زانستت هەبێت بەهەموو وردەکاریەکانی شیرکی گەورە وعیبادەت و هەرکەسێ هەموو شیرکەکانی ئلوهیەت نەزانێ ئەوا تەحقیقی عیلم بونی نەکردە بە لا الە الا اللە هەربۆیە موسڵمان نیە و پێشتریش موسڵمان نەبوە، وە ئەم قسەیەشی ئەوە ئەخوازێت بەنی ئیسرائیل ئیسلامیان بۆ سابت نەبوبێ ئەم داخوازیەش پێچەوانەی دەقی قورئانە و کوفرە بۆ هەرکەسێ ئاوا بیربکاتەوە،دوای ئیقامە حوجەش کافر ئەبێت.

ئەم داخوازیانەی پێشوو هەمویان سابتن بەدەقی ئایەتەکە و ماناکەی ڕوونە.

8- ئەوکەسەی دەڵێ بەڕەهایی عوزر بەجەهل بونی نیە لەشیرکی گەورە-

ئەمەش ئیجماعی هەموو ئەهلی سونەیە بەگشتی- ئەوە پێویستە بڵێ بەنی ئیسرائیل هەمویان مورتەدبونەوە بەهۆی ئەم ڕوداوە بەئیجماع، دەی فەرموو با ئیجماعەکە نەقڵ بکەن. چاوەڕێم کە هەرگیز بونی نیە.

وە باکەسیش نەڵێت ئەوان تەنها داوایان کرد بەڵام ئەنجامیان نەدا ئەگەر ئەنجامیان بدایە کافر ئەبون- لە وەڵامی ئەم قسەیە ئەڵێم:-

ئەوان کەداوای ئەو کارەیان کرد کاتێ داوایانکرد کە باوەڕیان ڕاستێتی کارەکەهەبوو و بەچاکیان زانی گومانیان هەبوو کە دروستە- هەرکەسێکیش باوەڕی دروستێتێ شتێکی هەبێ یان جائیز بونی شتێ حوکمی وەك ئەوکەسەیە کە ئەنجامی دابێ بەڵکو هەرکەسێ اعتیقادی وابێ کارێکی حەرام جائیزە ئەوا زۆر خراپترە لەوکەسەی تەنها ئەنجامی ئەدا.

هەربۆیە بەنی ئیسرائیل زۆربەی ڕاڤەکارانی قورئان بیانوی نەزانیان پێداون بۆیە کافرنەبونە هەروەها لەزانایانیش وەك ابن الوزیر و معلمی الیمانی و شیخ الاسلام ابن تیمیە وشێخی ئیسلام محمدی کوڕی عبدالوهاب و عەبدوڵای کوڕی جەمالەدینی قاسمی و قاضي ابو بکری بن العربی المالکی تەنانەت ابی بطین و حازمیش کەچەنە حازمی گومڕایە زیادەڕویشە لەوباسانە پاشان ئیتر کوا ئیجماع لەسەر ئەوەی کەعوزر بەجەهل نیە لەشیرکی گەورە.؟!!!

الله تعالى باسى حەواريەكانى عيسامان بۆدەكات و دەفەرمێت(إِذْ قَالَ الْحَوَارِيُّونَ يَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ هَلْ يَسْتَطِيعُ رَبُّكَ أَنْ يُنَزِّلَ عَلَيْنَا مَائِدَةً مِنَ السَّمَاءِ قَالَ اتَّقُوا اللَّهَ إِنْ كُنْتُمْ مؤمنين 112 قَالُواْ نُرِيدُ أَن نَّأْكُلَ مِنْهَا وَتَطْمَئِنَّ قُلُوبُنَا وَنَعْلَمَ أَن قَدْ صَدَقْتَنَا وَنَكُونَ عَلَيْهَا مِنَ ٱلشَّـٰهِدِينَ) [سورة المائدة 113]

واتە: كاتێک حەواريەكان ووتيان:

ئەی عيسای كوڕی مەريەم ئايا پەروەردگاری تۆ دەتوانێت لەئاسمانەوە خوانێكمان بۆ بنێرێتە خوارەوە (عيسا) ووتی لەخوا بترسن ئەگەر ئێوە باوەڕدارن،پاشان(حەواريەكان) ووتيان دەمانەوێت لێی بخۆين ودڵمان ئارام بێ و دڵنيابين (كەپێغەمبەريت) وەبزانين كە بێگومان ڕاستت لەگەڵ كردوين (لەوەی كەپێت ڕاگەياندين) ئێمەش ببين بەشايەت لەسەری (بۆئەوانەی ئامادە نين).

فەرموون بەچەن هەڵوەستەيەك بكەين لەسەر ئايەتەكە:-

يەكەم شت پێويستە بزانين حەواريەكان توشی كوفری گەورەهاتن چونكە نەزان بوون بەتوانای پەروەردگار لەوەی بتوانێت خوانێك لەئاسمانەوە

دابەزێنێت

ئایا پەروەردگاری تۆ دەتوانێت بەڵگەش لەسەر ئەمە خودی سیاق و چەن دەربڕینێکی ئایەتەکەیە کەیەکلای دەکاتەوە و هیچ گومانێك ناهێڵێت کەنەزان بوە بەتوای خوا دابەزاندنی خوانێك بەبەڵگانەی خوارەوە:-

1-پێغەمبەر عیسا پێیان دەفەرمێت (فاتقوا الله إن كنتم مؤمنين) لەخوا بترسن ئەگەر ئێوە بڕواتان بەخوا هەیە و خوا ئەناسن چۆن قسەی وائەکەن. کەواتە ئەگەر بڕگەی (هل يستطيع ربك) بەمانای ئەوە (هل تستطيع) بوایە واتە دەتوانیت داوامان بۆ بکەی لەپەروەردگارت یان مانای ئەوە بوایە ئایا پەروەردگارت وەڵامان دەداتەوە ئەتوانی داوامان بۆ بکەی لەپەروەردگارت و خوانێکمان بۆ بنێرێت ؟ ئەگەر ئەم مانایەی هەبێت چ پێویست دەکات عیسا پێیان بڵێت لەخوا بترسن ئەگەر باوەڕتان هەیە کەواتە دیارە قسەیەکی زۆر نابەجێیان کردوە چونکە دەڵێت لەخوا بترسن ئەگەر ئیماندارن واتە ئەگەر قسەی وابکەنەوە دوای ئەوەی ئاگادارتانم کردوە ئەوا بڕوادار نین و ئیمانتان نامێنێ چونکە"إن كنتم مؤمنين "ئامرازی مەرجیە. پاشان زیاتر قسە کوفریەکانیان ڕون ئەبێتەوە هیچ پاساو تەحریف و تەئویلێ ناهێڵێتەوە و زیاتر قسەی نابەجێی تر ئەکەن وئەڵێن بۆ ئەوەی دڵنیابین و کەپێغەمبەریت و ڕاستت کردوە لەو دینەی پێت ڕاگەیاندوین.

کەواتە گومانیان تەنها لە توانای خوا نەبوە بەڵکو گومانیان لەڕاستێتێ پێغەمبەر عیسا و پەیامەکەشی بووە " ونعلم أن قد صدقتنا" بزانین تۆ ڕاستەکەی کە پێغەمبەری و پەیامەکەت ڕاستە ؟ کەواتە نەیانزانیوە پێغەمبەرە و پەیامەکەی ڕاستە ئەمەش زیاتر بابەتەکەی ڕوون کردوەوە.

بەڵام ئەوانەی دەمارگیریان هەیە بۆ مەزهەبی نەبونی بیانو بەنەزانی لەشیرك و کوفری گەورە دەڵێن نا ئەم ئایەتە وەکو ئەم ئایەتەیە (وَإِذۡ قَالَ إِبۡرَٰهِـۧمُ رَبِّ أَرِنِي كَيۡفَ تُحۡيِ ٱلۡمَوۡتَىٰۖ قَالَ أَوَلَمۡ تُؤۡمِنۖ قَالَ بَلَىٰ وَلَٰكِن لِّيَطۡمَئِنَّ قَلۡبِيۖ)[سورة البقرة 260].کەخوای گەورە باسی پێغەمبەر ابراهیم دەکات کە دەفەرمێت: (ئەی موحەمەد بەیادیان بهێنە) کاتێک کە ئیبراهیم ووتی: ئەی پەروەردگارم نیشانم بدە چۆن مردوو زیندوو دەکەیتەوە؟ (خوا) فەرمووی: بڕوات پێ ی نەهێناوە؟ ووتی: بەڵێ بڕوام پێیەتی بەڵام (ئەمەوێ ببینم) ئەمەوێ ئیمانەکەم لەحەق الیقین هوە بەرزببێتەوە بۆ عین الیقین و بەچاوی سەرم ببینم. ئەڵێن داواکاریەکەی حەواریەکانی عیسا وەکو داواکاریەکەی پێغەمبەر ابراهیمە لەخوا هەردولایان بۆ زیادبونی ئیمان وایان ووتوە؟!!! پەنا بەالله نەزانی چی دەکات بەخاوەنەکانی ! چۆنی ئیمامی حنفاء و خلیل الله ئەهێنرێتە ئاستی حەواریەکان، پاشان لەئایەتی حەواریەکان ئەوەی تیانیە کە بڵێن "لنطمئن قلوبنا" تاکو دڵمان ئارام ببێت و ئیمانمان زیادببێت یان ئەوەی تیانیە کە بڵێن

"بلی ءامننا" هەروەك ئیبرِاهیم فەرموی هەروەها لە لەوتویژەکەی ئیبراهیم ئەوەی تیانیە کە بلّیّت پەروەردگارا ئایا دەتوانی "هل تستطيع أن تحيي الموتى" ئایا دەتوانی مردوو زیندوو بکەیتەوە، بەڵکو ئیبراهیم فەرمووی: (رَبِّ أَرِنِی كَيۡفَ تُحۡيِ ٱلۡمَوۡتَىٰۖ)پەروەردگارا نیشانم بدە چۆن مردوو زیندوو دەکەیەوە ، کەواتە ئەو قیاس کردنە باتڵەی ئیوە ئاسمانی رِیّسمانی بەینە...

ئینجا بیّینە سەر تەفسیری رِاڤەکارانی قورئان بزانین ئەوان چی دەفەرموون

أبو محمد بن حزم رحمه الله دەڵێت : (فهؤلاء الحواريون الذين أثنى الله عز وجل عليهم قد قالوا بالجهل لعيسى عليه السلام هل يستطيع ربك أن ينزل علينا مائدة من السماء ؟ و لم يبطل بذلك إيمانهم ، و هذا ما لا مخلص منه ، و إنما كانوا يكفرون لو قالوا ذلك بعد قيام الحجة و تبيينهم لها) [الفصل في الملل والأهواء والنحل : 3 / 142].

واتە: ئەو حەواریانەی کە اللە عزوجل ستایشیانی کرد بەنەزانیان قسەیەکیان بەعیسا ووت ئایا پەروەردگارت دەتوانێت لەئاسمانەوە سفرە و خوانێکمان بۆ دابەزێنێت؟ بەم داوایەیان ئیمانەکەیان هەڵنەوەشایەوە بەڵکو کاتێك کافر دەبوون ئەگەر ئەم قسەیەیان دوای ئیقامەی حوجە و رِوونکردنەوە بکردایە."

هەروەها ئیمام ابن جریری تەبەری لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێت:

" وأولى القراءتين عندي بالصواب، قراءة من قرأ ذلك: ﴿هَلْ يَسْتَطِيعُ﴾ بالياء ﴿رَبُّكَ﴾ برفع"الربّ"، بمعنى: هل يستجيب لك إن سألته ذلك ويطيعك فيه؟

وإنما قلنا ذلك أولى القراءتين بالصواب، لما بيّنّا قبلُ من أن قوله:"إذ قال الحواريون"، من صلة:"إذ أوحيت"، وأنَّ معنى الكلام: وإذ أوحيت إلى الحواريون أن آمنوا بي وبرسولي، إذ قال الحواريون يا عيسى ابن مريم هل يستطيع ربَّك؟ فبيِّنٌ إذ كان ذلك كذلك، أن الله تعالى ذكره قد كرِه منهم ما قالوا من ذلك واستعظمه، وأمرهم بالتوبة ومراجعة الإيمان من قِيلهم ذلك، والإقرارِ لله بالقدرة على كل شيء، وتصديقِ رسوله فيما أخبرهم عن ربِّهم من الأخبار. وقد قال عيسى لهم، عند قيلهم ذلك له، استعظامًا منه لما قالوا:"اتقوا الله إن كنتم مؤمنين". ففي استتابة الله إيّاهم، ودعائه لهم إلى الإيمان به وبرسوله ﷺ عند قيلهم ما قالوا من ذلك، واستعظام نبيِّ الله ﷺ كلمتهم = الدلالةُ الكافيةُ من غيرها على صحة القراءة في ذلك بالياء ورفع"الرب"، إذ كان لا معنى في قولهم لعيسى، لو كانوا قالوا له:"هل تستطيع أن تسأل ربَّك أن ينزل علينا مائدة من السماء"؟ أن يُستكبر هذا الاستكبار. فإن ظنّ ظانّ أنّ قولهم ذلك له إنما استُعظِمَ منهم، لأنّ ذلك منهم كان مسألة آيةٍ، [فقد ظنّ خطأً] . فإن الآيةَ، إنّما يسألها الأنبياء مَنْ كان بها مكذّبًا ليتقرَّر

عنده حقيقةُ ثبوتها وصحَّة أمرها، كما كانت مسألة قريش نبيَّنا محمدًا ﷺ أن يحوِّل لهم الصَّفَا ذهبًا، ويفجر فِجَاج مكة أنهارًا، مَنْ سأله من مشركي قومه وكما كانت مسألة صالح الناقةَ من مكذّبي قومه ومسألة شُعَيْب أن يسقط كِسْفًا من السماءِ، من كفّار من أرسل إليه.

فإنْ وكان الذين سألوا عيسى أن يسأل ربه أن ينزل عليهم مائدة من السماء، على هذا الوجه كانت مسألتهم، فقد أحلّهم الذين قرءوا ذلك ب"التاء" ونصب"الرب" محلا أعظم من المحلِّ الذي ظنوا أنَّهم يحيدون بهم عنه أو يكونوا سألوا ذلك عيسى وهم موقنون بأنه لله نبي مبعوث ورسول مرسلٌ، وأن الله تعالى ذكره على ما سألوا من ذلك قادر. فإن كانوا سألوا ذلك وهم كذلك، وإنما كانت مسألتهم إيَّاه ذلك على نحو ما يسأل أحدُهم نبيَّه، إذا كان فقيرًا، أن يسأل له ربه أن يُغْنيه وإن عرضتْ له حاجة، أن يسأل له ربه أن يقضيَها، فليسَ ذلك من مسألةَ الآية في شيء، بل ذلك سؤال ذي حاجة عرضت له إلى ربه، فسأل نبيَّه مسألةَ ربه أن يقضيها له.

وخبر الله تعالى ذكره عن القوم، ينبئ بخلاف ذلك. وذلك أنهم قالوا لعيسى، إذ قال لهم:"اتقوا الله إن كنتم مؤمنين" نُريد أن نأكل منها وتطمئنَّ قلوبنا ونعلم أنْ

قد صدقتنا". فقد أنبأ هذا من قِيلهم، أنهم لم يكونوا يعلمون أن عيسى قد صدَقهم، ولا اطمأنت قلوبهم إلى حقيقة نبوّته. فلا بيان أبين من هذا الكلام، في أن القوم كانوا قد خالط قلوبَهم مرضٌ وشك فى دينهم وتصديق رسولهم، وأنهم سَألوا ما سألوا من ذلك اختبارًا."

وأما قوله:"قال اتقوا الله إن كنتم مؤمنين"، فإنه يعني: قال عيسى للحواريّين القائلين له:"هل يستطيع ربك أن ينزل علينا مائدة من السماء" راقبوا الله، أيها القوم، وخافوه أن يَنزل بكم من الله عقوبة على قولكم هذا، فإن الله لا يعجزه شيء أراده، وفي شككّم في قدرة الله على إنزال مائدة من السماء، كفرٌ به، فاتقوا الله أن يُنزل بكم نقمته "إن كنتم مؤمنين"، يقول: إن كنتم مصدقيَّ على ما أتوعدكم به من عقوبة الله إياكم على قولكم:"هل يستطيع ربك أن ينزل علينا مائدة من السماء"؟]

دەڵێت:" لەپێشترینی خوێندنەوەکان خوێندنەوەی ئایەتەکەیە بە یاء واتە بە(هل يستطيع) چونکە ئەمە ڕوونە کە حەواریەکان وتویانە ئایا پەروەردگارت دەتوانێت خواش پێ ناخۆش بوونی خۆی دەربیوە لەقسەکەیان قسەکەیانی بەگەورەی داناوە و ئەمری پێکردون بەتەوبەکردن گەڕانەوە بۆ ئیمان و ئیقرارکردنی توانا و دەسەڵاتی ڕەها بۆخوا لەهەموو شتێکدا و بەڕاست پێغەمبەرەکەی ئەوەتا عیسا ئەو قسەیەیان بەگەورە دائەنا ووتی پێیان (لەخوا بترسن ئەگەر ئیماندارن) ئەمەش داواکردنی خوایە لێیان تەوبەبکەن

بانگیان دەکات ئیمان بێننەوە بەخوا و بەپێغەمبەرەکەی، هەروەها کەعیسا ئەو قسەیەیانی بەگەورە نابەجێ دانا بەڵگەیە کافیە لەسەر دروستی قیرائەی خوێندنەوە بە یاء (هل یستطیع) نەك قیرائەکانی تر چونکە ئەگەر بەمانای هل "تسطیع" ئایا دەتوانی داوامان بۆ بکەی لەپەروەردگارت سفرەیەکمان لەئاسمانەوە بۆ دابگرێت چ پێویستی دەکرد عیسا ئاوا داواکەیان بەگەورە دابنا، هەروەها ئەگەر کەسێ تر بڵێ نا داواکەیان وەکو داوای موعجیزە بوە ئەوە هەڵەیە دەڵێین کەسێ داوای موعجیزە ئەکات کافربێ بێباوەڕ بوبێ بەوپێغەمبەرە و حەقیقەتی ئەو پێغەمبەرەی بۆ ڕوون ببێتەوە هەروەك چۆن قوڕەیش داوایان دەکرد لەپێغەمبەر صلی الله علیه وسلم کێوی صەفایان بۆ بکات بەزێڕ ئاوو ڕوبار هەڵبقوڵێنێ بۆیان لەمەککە هەروەها هەروەك چۆن قەومی درۆزنی صاڵح داوایان کرد وشترێکیان بۆ بێنێ هەروەها قەومی شوعەیب داوایان کرد پارچەیەک لە ئاسمان بێنێتە خوارەوە جا ئەو کەسانەی دەڵێن مانای ئایەتەکە خوێندنەوەکەی بەتاء واتە ئەی عیسا دەتوانی داوابکەی لە پەروەردگارت سفرەیەکمان لەئاسمانەوە بۆ بنێرێت مانای ئەوەیە کەوا حەواریەکانی عیسا کافربوبن هەروەك کافرەکان داوای موعجیزەیان کردبێ ئەمەش زۆر لەوە خەتەر تڕە کەلێی هەڵهاتوون، هەروەها کەسانێ تر ئەڵێن حەواریەکان دڵنیابوون لەوەی عیسا پێغەمبەری خوایە و خواش بەتوانایە بەڵکو ئەو داوایە وەک ئەو داوایە بوە کە هەرکەسێکی ئاسایی کاتێ

داوا دەکا لە پێغەمبەرەکەی دوعایەکی بۆبکات وەک ئەوەی هەژارە تا دەوڵەمەن بێ یان پێویستیەکی بۆ جێبەجێ ببێ داوای بۆ بکا خوا بۆی بکا، ئەمەش بەهیچ شێوەیەك پەیوەندی نیە بەئایەتەکەوە و دووبارە لێوەی، بەڵکو ئەو هەواڵەی خوا پێی داوین لەسەر حەواریەکان پێچەوانەی هەموو ئەو مانایانەیە چونکە ئەوان بە عیسایان ووت کاتێ عیسا ووتی (لەخوابترسن ئەگەر باوەردارن) وتیان دەمانەوێ لێی بخۆین و دڵنیابین کەڕاستت کردوە لەگەڵمان بۆیە ئەمەبووە ڕاستیەکەیان لەمەش ڕوونتر نیە کە حەواریەکان دڵەکانیان توشی نەخۆشی گومان ببون لەدینەکەیان و ڕاستی پێغەمبەرەکەیان هەر ئەهلی تەفسیریش هەروەك ئێمەیان ووتوە،

هەروەها کەدەڵێت (لەخوا بترسن ئەگەر ئیماندارن) ئەمە وتەی عیسایە بەوانە دەڵێ (ئایا پەروەردگارت دەتوانێ ..) واتە (اتقوا الله انكنتم مؤمنين) یەعنی شەرم بکەن لەخوا ئەی قەوم ، لەخوا بترسن بترسن لەوەی خوا سزایەك بنێرێتە سەرتان لەسەر ئەو قسەیە چونکە خوا هەرشتێك بیەوێ دەستەوەستانی ناکات وە بەڕاستی لەگومانتان لەتوانای خوا کەخوانی دابەزێنێ لە ئاسمانەوە ئەمە کوفرە بەخوا بۆیە لەخوا بترسن بترسن لەوە غەزەبی خۆی برژێتە سەرتان ئەگەر ئیوە بڕوادارن یەعنی ئەگەر ئێوە باوەڕتان هەیە بەوەی هەڕەشەتان لێ ئەکەم پێی لەسزای الله لەسەر ئەو قسەیەتان (هل يستطيع ربك أن ينزل علينا مائدة من السماء) بڕوانە تەفسیری الطبري

.(11/220)

هەروەها ئەم خوێندنەوەیە بەیاء (هل يستطيع ربك أن ينزل علينا مائدة من السماء) خوێندنەوەی جەماوەری قورائەکانە مەشهور بەناوبانگە و موافقی ئایەتەکە و مانا و سیاقی ئایەتەکەیە.هەروەها ابن كثير يش دەڵێت ئەم خوێندنەوەیە خوێندنەوەی زۆرینەیە و هەمان وتەکەی ابن جرير نەقڵ دەکات.

هەروەها شێخ عبدالرحمن اليماني دەربارەی ئایەتی حەواریەکان دەڵێت:"

ئایەتەکە ئاشکرایە لەسەر ئەوەی ئەو قەومە موسڵمان بوون و بەشێك لەئیمانیان هەبووە، بەڵام لەدڵیاندا کەمێك لەنەزانی وگومان مابوو، بەهۆی ئەمەش بەکافر و مورتەد هەژمارنەکران، وەك دەبینی کە عیسی پێی فەرموون : " (قَالَ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ)[سورة المائدة 112] وێنەی ئەم جۆرە وتوێژکردنە بۆ کەسانێکە کە ئیمانێکی گشتیان هەبێت وەك ئەم ئایەتەی خوای گەورە دەفەرمێت (يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَذَرُواْ مَا بَقِيَ مِنَ ٱلرِّبَوٰٓاْ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ)سورة البقرة 278

جاخەڵکی دەربارەی ووتەی حەواریەکان توشی ناکۆکی و ڕاجیاوازی بوون بەهۆی ئەوەی موسڵمان بوونە کاتێ ئەو قسەیەیان کردوە لەدین دەری نەهێناون، جا بۆ لێکدانەوەیان بۆ ئەمە بەشێکیان کە قسەیەکی شاذە ئایەتەکە دەخوێننەوە بە "هل تستطيع ربك " بەمانای ئایا دەتوانی داوا بکەی

لەپەروەردگارت، هەندێ تریان لەم شێوەیە نامۆتر ئایەتەکە تەفسیر ئەکەن بەو مانایەی ئایا پەروەردگارت وەڵامت ئەداتەوە ئەگەر داوای لێ بکەی، وە ابن جریریش لەبارەیەوە دوودڵ بووە پاشان بڕیارئەدا لەسەر ئەوەی دەڵێ" ئەو حەواریانە دڵەکانیان توشی گومان و شەک بوو لەدینەکەیان و بەڕاست دانانی پێغەمبەرەکەیان ".

هەشە تەفسیری ئایەتەکەی کردوە بەمانای ئەوەی حەواریەکان وەکو ئیبراهیم بوە داواکەیان مەبەستیان إطمئنانی دڵ بووە .

منیش ئەڵێم ئەمەش هەر دووەرە، چونکە پێغەمبەر ئیبراهیم علیه السلام داوای چۆنێتی زیندووکردنەوەی کرد لەخوا نەك گومانبونی لەتوانای زیندووکردنەوە ." بڕوانە[رسالة العبادة لاپەڕە 136- 137]

ئیمامی ابن کثیر لەتەفسیری ئایەتی (لاتسألوا عن أشیاء إن تبد لکم تسؤکم..)101 سورەتی المائدة دەڵێت:

فأنزل الله هذه الآية نهاهم أن يسألوا عن مثل الذي سألت عنه النصارى من المائدة فأصبحوا بها كافرين فنهى الله عن ذلك....رواه ابن جرير. [مختصر تفسير ابن كثير ط مكتبة التوفيقية ج 1/ 688]

دەڵێت: خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند نەهی کرد لەموسڵمانان داوای شتانێ بکەن هەروەك چۆن گاورەکان داوای دابەزاندنی سفرەیەکیان کرد

پاشان پێی کافربوون خوای گەورەش نەهی لەوجۆرە داوایانە کردوە...ابن جەریری تەبەڕی گێڕاویتیەوە.

کەواتە ئیمامی ابن کثیریش جەخت دەکاتەوە لەوەی کەوا حەواریەکان داوای شتێکیان کردوە لۆمەکراو بونە و ئاسایی نەبووە پاشان پێی کافربوون گاورەکان ئەمەش جەختکردنەوەیەکی تر لەسەر بۆچونی ابن جریر.

[بەڵگەی پانزەهەم]

اللە تعالی دەفەرمێت (وَٱتَّبَعُواْ مَا تَتۡلُواْ ٱلشَّيَٰطِينُ عَلَىٰ مُلۡكِ سُلَيۡمَٰنَۖ وَمَا كَفَرَ سُلَيۡمَٰنُ وَلَٰكِنَّ ٱلشَّيَٰطِينَ كَفَرُواْ يُعَلِّمُونَ ٱلنَّاسَ ٱلسِّحۡرَ وَمَآ أُنزِلَ عَلَى ٱلۡمَلَكَيۡنِ بِبَابِلَ هَٰرُوتَ وَمَٰرُوتَۚ وَمَا يُعَلِّمَانِ مِنۡ أَحَدٍ حَتَّىٰ يَقُولَآ إِنَّمَا نَحۡنُ فِتۡنَةٞ فَلَا تَكۡفُرۡۖ فَيَتَعَلَّمُونَ مِنۡهُمَا مَا يُفَرِّقُونَ بِهِۦ بَيۡنَ ٱلۡمَرۡءِ وَزَوۡجِهِۦۚ وَمَا هُم بِضَآرِّينَ بِهِۦ مِنۡ أَحَدٍ إِلَّا بِإِذۡنِ ٱللَّهِۚ وَيَتَعَلَّمُونَ مَا يَضُرُّهُمۡ وَلَا يَنفَعُهُمۡۚ وَلَقَدۡ عَلِمُواْ لَمَنِ ٱشۡتَرَىٰهُ مَا لَهُۥ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ مِنۡ خَلَٰقٖ وَلَبِئۡسَ مَا شَرَوۡاْ بِهِۦٓ أَنفُسَهُمۡۚ لَوۡ كَانُواْ يَعۡلَمُونَ)[سورة البقرة 102]

واته: (جوولەکەکان) دوای ئەو (شتانە) کەوتن کەشەیتانەکان دەیان خوێندەوە (بۆ خەڵکی) لەسەردەمی پاشایەتی سولەیمان دا،وە سولەیمان کافر نەبوو بەڵام شەیتانەکان بێ کافر بوون خەڵکیان فێری جادو دەکرد هەروەها ئەوەی نێردراوەتە خوارەوە لە بابل بۆ سەر هارووت و ماروت (دوو فریشتە بوون) وە (ئەمانە) کەسیان فێر نەدەکرد تا پێیان نەوتایە ئێمە هەر تاقیکەرەوەی (ئادەمیزاد) ین کەواتە بێ بڕوامەبە ئەمجا فێری جادوی وا دەبوون لێیانەوە کە ژن و مێردی پێ لەیەک جیا بکەنەوە ئەوان بەم جادوە ناتوانن زیان بەکەس بگەیەنن مەگەر بەویستی خوا نەبێت وە فێری شتێک دەبن کە زیانیان پێ دەگەیەنێ نەک قازانج بێگومان دەیانزانی و عیلمیان هەبوو هەرکەسێ جادو بکڕێ (وفێری ببێت)لەڕۆژی دواییدا بێ بەش دەبێ بەڕاستی زۆر خراپە ئەو شتەی کە (بڕوای) خۆیانیان پێ فرۆشت ئەگەر سەرەنجامی ئەو کارە خراپەیان بزانیایە.

بەڵگەی شایەد لەم ئایەتە اللە تعالی دەفەرمێت [ئەوە دەخوازێت ئایەتەکە ئەو جولەکانە خۆیان کافرکرد وەنەبێ جاهیل بوبن و عیلمیان نەبووبێ تاکو عوذریان هەبوبێ بەڵام ئەوان -علموا- عیلمیان هەبوو، کەواتە ئەگەر عیلم و جەهل کاریگەری نەبێت لە دروست بونی حوکمەکان ئەوا اللە تعالی باسی بوونی عیلمی ناکرد.]

[بەڵگەی شانزەیەم]

خوای گەورە دەفەرمێت (وَلَئِنۡ أَتَيۡتَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ بِكُلِّ ءَايَةٖ مَّا تَبِعُواْ قِبۡلَتَكَۚ وَمَآ أَنتَ بِتَابِعٖ قِبۡلَتَهُمۡۚ وَمَا بَعۡضُهُم بِتَابِعٖ قِبۡلَةَ بَعۡضٖۚ وَلَئِنِ ٱتَّبَعۡتَ أَهۡوَآءَهُم مِّنۢ بَعۡدِ مَا جَآءَكَ مِنَ ٱلۡعِلۡمِ إِنَّكَ إِذٗا لَّمِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ)سورة البقرة 145

واتە: سوێند بەخوا ئەگەر بچیت بۆ لای ئەوانەی کتێبیان بۆ هاتووە، بە هەر بەڵگەیەك بتەوێت شوێنی ڕاستی بکەون و ڕووبکەنە ڕووگەی تۆ، ڕووی تێناکەن و بەقسەت ناکەن، تۆش هەرگیز شوێنکەوتەی ڕووگەی ئەوان نابیت، ئەوانیش هەندێکیان شوێنکەوتەی ڕووگەی هەندێکی تریان نین، سوێند بەخوا ئەگەر تۆ شوێن هەواو ئارەزووی ئەوان بکەویت، دوای ئەوەی زانیاری تەواوت پێڕاگەیەنرا لەم بارەیەوە، بێگومان تۆ دەچیتە ڕیزی ستەمکارانەوە (ئەستەمە تۆ وابیت، ئەی پێغەمبەری خوا).

بڕوانە خوای گەورە دەفەرمێت بەپێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دوای ئەوەی زانیاری و عیلمی تەواوت پێ ڕاگەیەنرا لەدوای شوێنی ئەوان کەوتیت ئەوکاتە

لەوانی و لەستەمکارانیت. ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەگەر عیلمت نەبێت و پێت ڕانەگەیەنرابێت کافرنابیت و لەوان هەژمار ناکرێیت.

ئیمامی ابن کثیر لەتەفسیری ئەم ئایەتە دەڵێت":

ثُمَّ حَذَّرَ [اللَّهُ] تعالى عن مخالفة الْحَقِّ الذِي يَعْلَمُهُ الْعَالِمُ إِلَى الْهَوَى؛ فَإِنَّ الْعَالِمَ الْحُجَّةُ عَلَيْهِ أَقْوَمُ مِنْ غَيْرِهِ. وَلِهَذَا قَالَ مُخَاطِبًا لِلرَّسُولِ، وَالْمُرَادُ الْأُمَّةُ.

دەڵێت: خوای گەورە هۆشداری داوە لەپێچەوانەکردنی حەق لەوەی کەوا کەسی زانا دەیزانێت و دەچێت بەرەو هەواو ئارەزوو، چونکە کەسی زانا حوجە و بەڵگەی زیاتر لەسەرکراوە وەك لەکەسی تر، دواندنی پێغەمبەر لێرەدا بەم شێوەیە مەبەست پێی ئومەتەکەیەتی".

ئیمامی ابن جریری الطبري دەڵێت":

ويعني بقوله:"من بَعد مَا جَاءك من العلم"، من بعد ما وصَل إليك من العلم، بإعلامي إياك أنهم مقيمون على باطل، وعلى عنادٍ منهم للحق، ومعرفةٍ منهم أنّ القبلة التي وجهتُك إليها هي القبلةُ التي فرضتُ على أبيك إبراهيم عليه السلام وسائر ولده من بعده من الرسل - التوجُّهَ نحوها،"إنك إذًا لمن الظالمين"،

يعني: إنك إذا فعلت ذلك، من عبادي الظَّلمةِ أنفسَهم، المخالفين أمري، والتاركين طاعتي، وأحدُهم وفي عِدادِهم.

دەربارەی بڕگەی ئایەتی "من بَعد مَا جَاءك من العلم" دەڵێت: دوای ئەوەی عیلمت پێگەیشت بەوەی ئاگادارم کردیتەوە لەوەی ئەوان بەردەوام ئەبن لەسەر باطلەکەیان و لەسەر سەرکەشی و کەلەڕەقیان بەرامبەر بەحەق، سەرەڕای ئەوەی دەزانن ئەو قیبلەیەی تۆ فەرمانت پێکراوە بەڕووتێکردنی هەمان قیبلەیە کە فەرزکرابوو بۆ باوکت ئیبراهیم و هەموو کوڕانی دوای خۆی لەپێغەمبەران، جا کاتێك تۆ شوێنی ئەوان کەوتی کە سەرپێچی فەرمانی منیان کردوە و وازیان هێناوە لەگوێڕایەڵی من ئەوکاتە تۆ دەبیت بەیەکێك لەوان".

ابن عاشوور لەتەفسیرەکەیدا دەڵێت":

﴿ما جاءَكَ مِنَ العِلْمِ﴾ فَإنَّهُ يَدُلُّ عَلى الِاهْتِمامِ والِاهْتِمامُ بِالوازِعِ يَؤُولُ إلى تَحْقِيقِ العِقابِ عَلى الِارْتِكابِ لِانْقِطاعِ العُذْرِ، وجَعْلِ ما نَزَلَ عَلَيْهِ هو نَفْسَ العِلْمِ.

دەڵێت: ﴿ما جاءَكَ مِنَ العِلْمِ﴾بەڵگەیە لەسەرگرنگیدان بەعیلم کەبوونی دەبێتە هۆی هاتنەدی سزا بەهۆی سەرپێچی، هەروەها بونی عیلم دەبێتە بەڵگە لەسەر نەمانی عوذر، خوای گەورە ئەو دینەی کەبۆی داییەزاندوە خودی دینەکەی بەعیلم داناوە.

خاوەنی تەفسیری الوسیط لەمانای هەمان بڕگەی ئایەتەکە دەڵێت :"

والتقدير من بعد وضوح البرهان وإعلامي إياك بإقامتهم على الباطل ، إنك إذاً

لمن الظالمين لأنفسهم ، المخالفين لأمري .فالآية الكريمة : وعيد وتحذير للأمة الإسلامية من اتباع آراء اليهود المنبعثة عن الهوى والشهوة.

دەڵێت: واتە دوای ڕوونکردنەوەی بەڵگەکە و ئاگادارکردنەوەم لەسەر ئەوەی ئەوانە لەسەر باطلن ئەوکاتە تۆ لەو کەسانەی کەستەمیان لەخۆیان کردوە، ئەوانەی سەرپێچی فەرمانەکانمیان کردوە، ئەم ئایەتە بەڕێزە هەڕەشەیە و ئاگاداریە بۆ ئومەتی ئیسلامی لەوەی شوێنی بۆچونەکانی جولەکە نەکەون کە لەهەواو ئارەزووەکانیان سەرچاوەی گرتوە.

هەروەها قاسمی لەتەفسیرەکەیدا دەڵێت":

بعد وضوح البرهان والإحاطة بحقيقة الأمر { إنك إذا لمن الظالمين } أي المرتكبين الظلم الفاحش.

وفي ذلك لطف للسامعين وزيادة تحذير واستفظاع لحال من يترك الدليل بعد إنارته ، ويتبع الهوى.

تنبيهات:

الأول : قال الراغب : حذر تعالى نبيه عن إتباع أهوائهم . ونبه أن إتباع الهوى بعد التحقق بالعلم يدخل متحريه في جملة الظلمة . وقد أكثر الله تحذيره من الجنوح إلى الهوى حتى كرر ذلك في عدة مواضع . وقول من قال : الخطاب للنبي صلى الله عليه وسلم ، والمعنيّ به الأمة ، فلا معنى لتخصصه . فإن الله تعالى يحذر نبيه من إتباع الهوى أكثر مما يحذر غيره . فذو المنزلة الرفيعة إلى

تحذير الإنذار عليه أحوج ، حفظا لمنزلته وصيانة لمكانته اه . وهو كلام نفيس جدا.

الثاني : في الآية تنويه بشأن العلم . حيث سمى أمر النبوات والدلائل والمعجزات باسم العلم،فذلك ينبّه على أن العلم أعظم المخلوقات شرفا ومرتبة.

الثالث : دلت الآية على أن توجه الوعيد على العلماء أشد من توجهه على غيرهم . لأن قوله تعالى : { من بعد ما جاءك من العلم } يدل على ذلك . ذكره الرازيّ.

دەڵێت: دوای ڕوونبونەوەی بەڵگە و پەی بردن بەڕاستی کارەکە ئەوکاتە لەوانە ئەبیت کەستەمی گەورەیان ئەنجام داوە.

ئەمەش زیادە ئاگادارکردنەوەی تێدایە لەگەڵ زۆر نالەباری و خراپی کەسێك دەرەخات کەوازدێنێ لەبەڵگە دوای ڕوون بونەوەی و شوێن هەواو ئارەزوەکان دەکەوێت.

چەن ئاگادارکردنەوەیەك

یەکەم : راغب دەڵێت: خوای گەورە پێغەمبەرەکەی ئاگادارئەکاتەوە لەشوێنکەوتنی هەواو ئارەزویان وە ئاگاداری ئەدا لەسەر ئەوەی هەرکەسێ

شوێن هەواو و ئارەزوو بکەوێت دوای دڵنیابونەوەی لەزانست ئەوکاتە دەچێتە ڕیزی ستەمکاران....

دووەم: ئەمە ئایەتە بەڵگەی گەورەیی پێگەی عیلمی تێدایە پێغەمبەرایەتی و وەحی و موعجیزەکانی بەعیلم ناوبردوە.

سێیەم: ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هەڕەشەکردن لەزانایان زۆر گەورەترە لەغەیری زانایان.

[بەڵگەی حەڤدەیەم]

خوای گەورە دەفەرمێت (وَلَن تَرۡضَىٰ عَنكَ ٱلۡيَهُودُ وَلَا ٱلنَّصَٰرَىٰ حَتَّىٰ تَتَّبِعَ مِلَّتَهُمۡۗ قُلۡ إِنَّ هُدَى ٱللَّهِ هُوَ ٱلۡهُدَىٰۗ وَلَئِنِ ٱتَّبَعۡتَ أَهۡوَآءَهُم بَعۡدَ ٱلَّذِي جَآءَكَ مِنَ ٱلۡعِلۡمِ مَا لَكَ مِنَ ٱللَّهِ مِن وَلِيّٖ وَلَا نَصِيرٍ)[سورة البقرة 120] .

واتە: هەرگیز جولەکە و گاورەکان لە تۆ (ئەی محمد (صلى الله عليه وسلم)، ئەی ئیماندار) ڕازی نابن، هەتا بە تەواوی شوێن ئاین و بەرنامەیان نەکەویت، پێیان بڵێ: بەڕاستی هەر بەرنامەی خوا (ئاینی ئیسلام، شایستەی ئەوەیە کە هەموولایەکمان شوێنی بکەوین) هیدایەتی ڕاست و دروست هەر لای ئەوە، خۆ ئەگەر شوێن ئارەزووەکانی ئەوان بکەویت پاش ئەوەی زانیاری و زانستیت پێگەیشت، ئەوە بزانە کە لە لایەن خواوە هیچ سەرپەرشتیاری و یارمەتییەکت دەست ناکەوێت.

-بڕوانن لەم ئایەتە پیرۆزەش و چەندین ئایەتی تری هاوشێوەی ئەم ئایەتە خوای گەورە گەیشتنی عیلمی بەمەرج داناوە .

ئیمامی ابن جریری تەبەری لەمانای ئەو ئایەتە دەڵێت:

يعني جل ثناؤه بقوله: ﴿ولئن اتبعت﴾ ، يا محمد، هوى هؤلاء اليهود والنصارى - فيما يرضيهم عنك - من تهود وتنصر، فصرت من ذلك إلى إرضائهم، ووافقت فيه محبتهم - من بعد الذي جاءك من العلم بضلالتهم وكفرهم بربهم، ومن بعد الذي اقتصصت عليك من نبئهم في هذه السورة - ما لك من الله من ولي = يعني بذلك: ليس لك يا محمد من ولي يلي أمرك، وقيم يقوم به ولا نصير، ينصرك من الله، فيدفع عنك ما ينزل بك من عقوبته، ويمنعك من ذلك، إن أحل بك ذلك ربك. وقد بينا معنى"الولي" و"النصير" فيما مضى قبل .

دەڵێت: ئەی موحەمەد ئەگەر شوێنی ئەو جولەکە و گاورانە بکەویت لەوەی تاکو بەهۆیەوە لێت ڕازی بن بەوەی بێ بەجولەکە و گاور لەپێناو ڕازی کردنیان جا کەتۆ ئەمەت کرد کەئەوان پێیان خۆشە دوای ئەوەی تۆ عیلمت بۆ هات لەسەر گومڕایی و کوفری ئەوان بەپەروەردگاریان جا دوای ئەوەی هەواڵی ئەوانم بۆ باسکردی لەم سورەتە ئەوکاتە ئەی موحەمەد هیچ سەرپەرشتیکارێکت نابێ کاروبارت بگرێتە ئەستۆ وە هیچ کەسێکیش نابێت قوتارت بکات لەسزای خوا ".

ئیمامی ابن کثیر لەمانای ئایەتەکە دەڵێت ":

فِيهِ تَهْدِيدٌ وَوَعِيدٌ شَدِيدٌ لِلْأُمَّةِ عَنِ اتِّبَاعِ طَرَائِقِ الْيَهُودِ وَالنَّصَارَى، بَعْدَ مَا عَلِموا مِنَ الْقُرْآنِ وَالسُّنَّةِ، عِيَاذًا بِاللَّهِ مِنْ ذَلِكَ، فَإِنَّ الْخِطَابَ مَعَ الرَّسُولِ، وَالْأَمْرَ لِأُمَّتِهِ .

دەڵێت: ئەم ئایەتە تەهدید و هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ ئومەت لەوەی نەکەن شوێنی ڕێبازەکانی جولەکە وگاور بکەون، دوای ئەوەی هەڕەشەی قورئان و سونەتیان زانی لەو بارەیەوە، پەنا بە اللە، دواندنەکە لەگەڵ پێغەمبەرە، بەڵام فەرمانەکە بۆ ئومەتەکەیەتی".

[بەڵگەی هەژدەیەم]

یەکێکی تر لەو بەڵگانەی ئاماژە بەبونی عیلم ئەکات و بەمەرجی ئەگرێت بۆ ئیقامە حوجە ئەم ئایەتەی خوای گەورەیە (فَمَنْ حَآجَّكَ فِيهِ مِنۢ بَعْدِ مَا جَآءَكَ مِنَ ٱلْعِلْمِ فَقُلْ تَعَالَوْا۟ نَدْعُ أَبْنَآءَنَا وَأَبْنَآءَكُمْ وَنِسَآءَنَا وَنِسَآءَكُمْ وَأَنفُسَنَا وَأَنفُسَكُمْ ثُمَّ نَبْتَهِلْ فَنَجْعَل لَّعْنَتَ ٱللَّهِ عَلَى ٱلْكَٰذِبِينَ)[سورة آل عمران 61]

واتە: ئەمجا هەر کەسێک دەمە قاڵێی لەگەڵ کردیت (لە بارەی عیساوە) دوای ئەو زانین و عیلمەی کە (بەوەحی) بۆت هات تۆش پێیان بڵێ وەرن با بانگی کوڕەکانمان و کوڕەکانتان بکەین وە (بانگی) ژنەکانمان و ژنەکانتان بکەین

وه (بانگی) خۆمان و خۆتان بکەین لە پاشاندا (هەموومان) لەخوا بپارێینەوە ئەمجا نەفرەتی خوا بکەین لە وانەمان کە لەدرۆزنانین.

[بەڵگەی تۆزدەیەم]

خوای گەورە دەفەرمیت: (أَفَرَأَيْتَ مَنِ اتَّخَذَ إِلَٰهَهُ هَوَاهُ وَأَضَلَّهُ اللَّهُ عَلَىٰ عِلْمٍ وَخَتَمَ عَلَىٰ سَمْعِهِ وَقَلْبِهِ وَجَعَلَ عَلَىٰ بَصَرِهِ غِشَاوَةً فَمَنْ يَهْدِيهِ مِنْ بَعْدِ اللَّهِ ۚ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ)

ئیمامی ابن کثیر لەتەفسیری ئەم ئایەتە پیرۆزە دەفەرمێت: بڕگەی(وأضله الله على علم) يحتمل قولين: أحدهما: وأضله الله لعلمه أنه يستحق ذلك. والآخر: أضله الله بعد بلوغ العلم إليه وقيام الحجة عليه, والثاني يستلزم الأول ولاينعكس) تفسير ابن كثير(151/4).

دەڵێت: بڕگەی کە خوای گەورە دەفەرمیت(خوا گومڕای کرد بەپێی زانستی خۆی) دوو مانا دەگەیەنێ: یەکەمیان: خوا گومڕای کرد چونکە دەیزانی شایستەی گومڕابوونە، دووەم مانا: خوا گومڕای کرد دوای گەیشتنی زانست

و زانیاری پێی و ئیقامە کردنی حوجە لەسەری، مانای دووەم مانای یەکەمیش ئەخوازێت پێچەوانە نابێتەوە.)

باسی دووەم

[بەڵگەکان لەسەر بونی عوذر بەجەهل لەسونەتی پاکی گەورەمان پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم]

[بەڵگەی یەکەم]

عَنْ حُذَيْفَةَ بْنِ الْيَمَانِ قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ : " يَدْرُسُ الْإِسْلَامُ كَمَا يَدْرُسُ وَشْيُ الثَّوْبِ، حَتَّى لَا يُدْرَى مَا صِيَامٌ، وَلَا صَلَاةٌ، وَلَا نُسُكٌ، وَلَا صَدَقَةٌ، وَلَيُسْرَى عَلَى كِتَابِ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ فِي لَيْلَةٍ، فَلَا يَبْقَى فِي الْأَرْضِ مِنْهُ آيَةٌ، وَتَبْقَى طَوَائِفُ مِنَ النَّاسِ ؛ الشَّيْخُ الْكَبِيرُ وَالْعَجُوزُ يَقُولُونَ : أَدْرَكْنَا آبَاءَنَا عَلَى هَذِهِ الْكَلِمَةِ : لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، فَنَحْنُ نَقُولُهَا ". فَقَالَ لَهُ صِلَةُ : مَا تُغْنِي عَنْهُمْ : لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، وَهُمْ لَا يَدْرُونَ مَا صَلَاةٌ، وَلَا صِيَامٌ، وَلَا نُسُكٌ،

وَلَا صَدَقَةٌ ؟ فَأَعْرَضَ عَنْهُ حُذَيْفَةُ، ثُمَّ رَدَّهَا عَلَيْهِ ثَلَاثًا، كُلُّ ذَلِكَ يُعْرِضُ عَنْهُ حُذَيْفَةُ، ثُمَّ أَقْبَلَ عَلَيْهِ فِي الثَّالِثَةِ، فَقَالَ : يَا صِلَةُ، تُنْجِيهِمْ مِنَ النَّارِ. ثَلَاثًا

حكم الحديث: صحيح اخرجه ابن ماجه (4049)

حوزەیفەی کوڕی یەمان ڕەزای خوای لێ بێت دەڵێت: پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمویەتی ئیسلام لەناو دەچێ وەکو چۆن پۆشاکێك کۆن دەبێت و دەدڕێت و نامێنێ بەجۆرێکی لێدێت خەڵکی نازانێ ڕۆژووگرتن چیە زەکات و صەدەقە کردن و حەج چیە کیتابی خوا هەڵدەگیرێتەوە لەشەوێکدا ، یەک ئایەتی تێدا نامێنێ، چەن تاقمێ لەخەڵکی دەمێنن لە پیاوان و ژنانی بەتەمەن ئەوانیش دەڵێن بیستومانە باب باپیرمان ئەم وشەیەیان دەوت ئێمەش دەیڵێینەوە، صیلە دەڵێ لا الە الا اللە چ سودێکیان پێ دەگەیەنێ کەنەزانن ڕۆژوو و حەج و صەدەقە نەزانن ؟ حوزەیفە ڕووی لێ وەردەگێڕا سێ جار لێی دەپرسیەوە هەر ڕووی لێ وەردەگێڕا دواجار فەرموی ئەی صیلە ڕزگاریان ئەکات لەئاگر ڕزگاریان ئەکات لەئاگر.

ئەم حەدیسە زۆر ڕوونە دەربارەی ئەوەی هەرکەسێ لوازم یان مەرجەکانی لا الە الا اللەی ئەنجام نەدابێ بەبێ ئەنقەست ئەوا کافر نابێ، چونکە هەموو کارێکی شەرعی پێویستی بە فێرکردن و ڕاهێنان هەیە هەربۆیە ئەوەی سەرپێچی دەکات بەبێ ئەنقەست یان بەبێ ئەوەی کە پشتیکردبێ لەفێربون و عیلم بەتایبەت کە کەسێك نەبێت فێری بکا هیچی لەسەر نیە و حوکم نادرێ

لەسەری هەر بۆیە ئەو کەسانەی کە حوزەیفە باسی کردن هیچ شتێکیان لەدین بۆنەماوە بۆیە کەبیکەن تەنها وتنەوەی کەلیمەی لا الە الا اللە بەبێ ئەوەی هیچی لەسەر بزانن تەنها وتنێکە ئەیڵێن تەنانەت نوێژ و هیچ کردەوەیەکیش ناکەن مەعلومیشە نوێژکردن لە ئەصلی دینە و نەکردنی کوفرە کەواتەئەوانە کوفرێکیان تێدایە کە نوێژنەکردنە و کە ئەصلی دینە و کە نوێژنەکەر هەتا هەتا لەدۆزەخ ئەمێنێتەوە بەڵام ئەمانە عوزریان هەبوو بەموسڵمانیش دانران چونکە پێگەیشتنی دین لە اصول بێ یان فروع مەرجە بۆ تکلیف هەربۆیە ئەمانە هیچ لۆمەیان لەسەرنەبوو کەواتە شیرکی گەورەش هەروایە لەکاتی نەبوونی عیلم مادام کەسەکە شایەدمان بێنێ ئەوەنەی لەدین پێی گەیشتوە ئەنجامی بدات ئەوا ڕزگاری ئەکات لەدۆزەخ.

شێخی ئیسلام ابن تیمیه رحمه الله تعالی دەڵێت:

" ومن علم أن محمداً رسول الله فآمن بذلك، ولم يعلم كثيراً مما جاء به ؛ لم يعذبه الله على مالم يبلغه؛ فإنه إذا لم يعذر على ترك الإيمان بعد البلوغ، فإنه لايعذبه على ترك بعض شرائطه إلا بعد البلوغ أولى وأحرى وهذه سنة رسول الله صلى الله عليه وسلم المستفيضة عنه في أمثال ذلك" بڕوانه" مجموع الفتاوى" 22/41

واته: هەرکەسێك بزانێت موحەمەد پێغەمبەری خوایە و باوەڕی پێ بێنێ بەڵام زۆر نەزانێ لەسەر ئەو دینەی کەهێناوێتی ئەوا خوا سزای نادات لەسەر ئەوەی پێی نەگەیشتوە، جا ئەگەر خوا بیانوو بەکەسێک نەدات لەسەر تەرك کردنی ئیمان دوای پێگەیشتنی، ئەوا سزای کەسێکیش نادات لەسەر تەرك کردنی هەندێك لەمەرجەکانی ئیمان ئیلا دوای پێگەیشتن نەبێت ئەمەش ئەولاترە و ئەمەش سونەتی پێغەمبەری خوایە کە زۆرلەم بارەوە دەروبارەی هاتووە.]

[بەڵگەی دووەم]

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ، أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ : " قَالَ رَجُلٌ لَمْ يَعْمَلْ خَيْرًا قَطُّ : فَإِذَا مَاتَ فَحَرِّقُوهُ، وَاذْرُوا نِصْفَهُ فِي الْبَرِّ، وَنِصْفَهُ فِي الْبَحْرِ، فَوَاللَّهِ لَئِنْ قَدَرَ اللَّهُ عَلَيْهِ لَيُعَذِّبَنَّهُ عَذَابًا لَا يُعَذِّبُهُ أَحَدًا مِنَ الْعَالَمِينَ. فَأَمَرَ اللَّهُ الْبَحْرَ، فَجَمَعَ مَا فِيهِ، وَأَمَرَ الْبَرَّ فَجَمَعَ مَا فِيهِ، ثُمَّ قَالَ : لِمَ فَعَلْتَ ؟ قَالَ : مِنْ خَشْيَتِكَ، وَأَنْتَ أَعْلَمُ. فَغَفَرَ لَهُ ". متفق عليه

لەئەبو هورەیرەوە، پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمویەتی : پیاوێك کەهیچ کردەوەیەکی چاکی نەکردبوو بەکەسوکارەکەی ووت ئەگەر مردم بمسوتێنن،

پاشان خۆڵەمێشەکەم نیوەی لەوشکانیدا بڵاوبکەنەوە و نیوەکەی تریشی لە بیدەنە دەم بەحرا، چونکە وەڵاهی ئەگەر خوا زیندووم بکاتەوە سزایەك سزام ئەدات کەسی ئاوا سزا نەدابێت، جا کاتێك پیاوەکە مرد وەسێتەکەیان جێبەجێکرد، خواش ئەمری کرد بەووشکانی هەرچی خۆڵەمێشەکەیەتی کۆبکرێتەوە هەروەها فەرمانیشی کرد بەدەریا هەرچی خۆڵەمێشەکەیەتی کۆبکرێتەوە پاشان زیندووی کردەوە و لێی پرسی بۆچی ئەم کارەت کرد ؟ پیاوەکە ووتی : لەترسی تۆ ئەی پەروەردگارم خۆتیش زاناتری، خواش لێی خۆشبوو."

زۆر بەڕوونی لەم حەدیسە دیارە ئەم پیاوە هیچ کردەوەیەکی چاکەی نەبووە و باوڕیشی وابوە ئەگەر بکرێت بەخۆڵەمێش خوا ناتوانێ زیندووی بکاتەوە کەئەمەش کوفرە نەزانینە بەتواناو دەسەڵاتی خوا بەڵام خوا بەهۆی نەزانیەکەی لێی نەگرت و لێی خۆشبوو هەر ئەوەنەی خوا ناسیوە کە ئەگەر زیندووی بکاتەوە زۆر سزایەکی بەئێشی ئەدات و زۆر ترساوە لەگوناحەکانی بەڵام لەزانا نەبووە لەتوانا و دەسەڵاتی خوا بۆیە باکەس نەیات بڵێ ئەم پیاوە زانابوە پێویست بەتەحریف و خۆ تەنگاوکردن ناکات شتەکە وازحە لەچ شتێ زانا بووە لەعەزابی خوا زانابووە. پاشان بابزانین

ئیمامی نەوەوی دوای ئەوەی کۆمەڵێ لێکدانەوە دێنێ لەتەئویل کردنی ئەم حەدیسە چی دەڵێ دەڵێت:" ويجوز أن يكون على ظاهره كما ذكر هذا القائل،

لكن يكون قوله هنا معناه إن الله قادر أن يعذبني إن دفنتموني بهيئتي فأما إن سحقتموني وذريتموني في البر والبحر فلا يقدر علي "شرح صحيح مسلم(17/74)

واتە: ئەشێت ئەم فەرموودەیە لەسەر ڕواڵەتەکەی بێت بەڵام ماناکەی ئەوەیە کەدەڵێ خوا بەتوانایە زیندووم بکاتەوە ئەگەر لەسەر شێوەی خۆم بمێژن بەڵام ئەگەر ووردم بکەن و بمکەن بەخۆڵەمێش بمدەن بەدەم بایا لەوشکانی و لەدەریا ئەوکاتە خوا ناتوانێ زیندووم بکاتەوە"

شێخی ئیسلام ئیبن و تەیمیە - رحمه الله- دەڵێت:" والحديث صريح في في أن الرجل طمع أن لايعيده إذا فعل ذلك وأدنى هذا أن يكون شاكا في المعاد- وذلك كفر إذا قامت الحجة النبوة على منكره حكم بكفره-هو بين في عدم إيمانه بالله تعالى، ومن تقول قوله: لئن قدر الله علي بمعنى قضى أو بمعنى ضيق فقد أبعد النجعة وحرف الكلم عن مواضعه ، فإنه إنما أمر بحريقه وتفريقه لئلا يجمع أو يعاد، وقال: إذا أنا مت فأحرقوني ثم اسحقوني ثم ذروني في الريح في البحر فوالله لئن قدر علي ربي ليعذبني عذاباً ما عذبه أحداً. فذكر هذه الجملة الثانية بحرف الفاء عقيب الأولى يدل على أنه سبب لها وأنه فعل ذلك لئلا يقدر الله عليه فعل ذلك فلو كان مقراً بقدرة الله عليه إذا فعل ذلك كقدرته عليه إذا لم يفعل لم يكن في ذلك فائدة له؛ ولأن التقدير والتضيق موافقان في للتعذيب وهو قد جعل تفريقه مغايراً لأن يقدر الرب . قال: فوالله لئن قدر الله علي

ليعذبني عذاباً ما عذبه أحداً من العالمين. فلا يكون الشرط هو الجزاء ولأنه لو كان مراده ذلك لقال: فوالله لئن جازاني ربي أو لئن عاقبني ربي ليعذبني عذاباً كما هو الخطاب المعروف في مثل ذلك ودلائل فساد هذا التحريف كثيرة ليس هذا الموضع بسطها فغاية مافي هذا أنه كان رجلاً لم يكن عالماً بجميع مايستحقه الله من الصفات وبتفصيل أنه قادر وكثير من المؤمنين قد يجهل مثل ذلك يكون كافراً."مجموع الفتاوى(309-411/11).

واته: حەدیسە ئاشکرایە کە ئەم پیاوە بەو کارەی بەتەمابوو کە زیندووی نەکاتەوە، وە کەمترین شت ئەوەیە گومانی هەبوو لەزیندووکردنەوەی- ئەمەش کوفرە ئەگەر ئیقامە حوجەی لەسەربکرێ کافرئەبێ- ئەم ڕوونە کە ئیمانی نەبوە بەزیندووبونەوەی بەوشێوەیە، وەهەرکەسێ تەئویلی بکات بەوەی کە ئەڵێ ئەگەر خوا بڕیار بدات یان لێم تەنگ بکاتەوە ئەوا بابەتەکەی زۆر دوورخستۆتەوە و تەحریفی واتاکەی کردوە چونکە ئەم پیاوە فەرمانی کرد بەسوتاندنی و بڵاوکردنەوەی بۆ ئەوەی زیندوو نەبێتەوە ووتی ئەگەر مردم بمسوتێنن و بمکەنە خۆڵەمێش وبمەن بەدەم بایا لەدەریا چونکە وەڵاهی ئەگەر خوا زیندووم بکاتەوە سزایەك سزام ئەدات سزای کەسی وەها نەدابێت، ئەم ڕستەیەی دووەمی بەپیتی فاء دوای ڕستەی یەکەم باسکردوە ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەیە هۆکارەکەیەتی کە ئەو ئەو کارەی کردوە بۆ ئەوەی خوا

نەتوانێ زیندووی بکاتەوە، جا ئەگەر باوەڕی هەبوایە بەدەسەڵاتی خوا ئەگەر کرابەخۆڵەمێش زیندووی بکاتەوە وەك ئەوەی کە ئەگەر نەیکەن بەخۆڵەمێش زیندووی ئەکاتەوە ئەوا ئەم کارەی هیچ سوودێکی نابوو چونکە بڕیاردان و لێ تەنگ کردنەوە موافقی سزادانن بەڵام کە بەجیای کردەوە ئەو دەسەڵاتەی خوا و ووتی: سوێند بەخوا ئەگەر خوا زیندووم بکاتەوە سزایەک سزام ئەدات کەسی ئاوا سزا نەدابێ. ئەوکاتە مەرج نابێت بە پاداشت چونکە ئەگەر مەبەستی ئاوابوایە دەیوت: وەڵاهی ئەگەر پەروەردگارم پاداشتم بداتەوە یان پەروەردگارم سزام بدات هەروەك زانراوە لەقسەکردندا، بۆیە بەڵگەکانی فەسادی ئەم تەحریف و گۆڕینە زۆرە لێرە شوێنی باسکردنی نیە، ئەوەی مەبەستە بیڵێین ئەوەیە ئەم پیاوە زانانەبوو بەهەموو ئەو شتانەی شایەنی خوایە لەسیفات و لەوەی بەتوانایە وە زۆرێکیش لە بڕواداران هەن ئەم شتانە نازانن بۆیە کافرنابن".

هەروەها دەڵێ : فهذا الرجل شك في قدرة الله وفي إعادته إذا ذري، بل اعتقد أنه لايعاد، وهذا كفر باتفاق المسلمين، لكن كان جاهلاً لايعلم ذلك وكان مؤمناً يخاف الله أن يعاقبه فغفر له بذلك . والمتأول من أهل الاجتهاد الحريص على متابعة الرسول أولى بالمغفرة من مثل هذا."مجموع الفتاوى(3/231)

واتە: ئەم پیاوە گومانی هەبوو لەتوانای خوا لەزیندوو کردنەوەی ئەگەر بکرێت

بەخۆڵەمێش بدرێ بەدەم بایا، بەڵکو باوەڕی وابوو زیندوو نابێتەوە، ئەمەش کوفرە بەکۆڕای موسڵمانان، بەڵام ئەمە جاهیل بوو نەیدەزانی و بڕواداربوو دەترسا لەخوا خواش بەهۆی ئەو ترسانەی لێی خۆشبوو، کەسی خاوەن تەئویل و اجتهاد کەسوورە لەسەر شوێنکەوتنی پێغەمبەر لەپێشترە بەلێخۆشبوون وەک لەم پیاوە."

هەروەها ئیمام ابن القیم دەڵێ :" وأما جحد ذلك جهلاً ، أو تأويلاً يعذر فيه صاحبه فلا يكفر صاحبه به ، كحديث الذي جحد قدرة الله عليه وأمر أهله أن يحرقوه ويذروه في الريح ، ومع هذا فقد غفر الله له، ورحمه لجهله، إذ كان ذلك الذي فعله مبلغ علمه ، ولم يجحد قدرة الله على إعادته عناداً أو تكذيباً." مدارج السالكين(1/348)

واتە: بەڵام کەسێك نکۆلی ئەوە بکات بەنەزانی یان بەتەئویل ئەوا خاوەنەکەی عوزری بەوە هەیە، وەك فەرمودەی ئەو پیاوەی ئینکاری توانای خوای کرد لەسەری ئەگەر بیسوتێنن وبیدەن بەدەم بایا، لەگەڵ ئەوەشدا خوا لێی خۆشبوو و بەزەیی پێدا هاتەوە بەهۆی نەزانیەکەی، مادام ئەوە ئەوپەری زانیاری ئەو بوێ هەر ئەوەنەی زانیێ وە ئینکاری زیندوبونەوەی نەکردێ بەهۆی کەلەڕەقی و بەدرۆدانان."

* ئەمانەش بەڵگەش کە شێخی ئیسلام ابن تیمیە و قوتابیەکەی ابن القیم اقرار دەکەن بەڕاشکاوی کە هەرکەسێ کوفری لەم جۆرەی لێ ڕوبدات کافر نابێ

وشایەدی ئیمانی بۆ ئەدەن جا کوا ئەوانەی تەکفیری عاذر دەکەن ؟ یان دەڵێن ابن تیمیه و ابن القیم باوەڕیان بەعذر بەجهل نیه؟ !!!

هەروەها الإمام عبد الله بن محمد بن عبد الوهاب :

دەربارەی ئەم مەسەلەیە هەروا دەڵێت له الدرر السنية (10/ 239-240)

هاتووه و دەڵێت:"إذا فعل الإنسان الذي يؤمن بالله ورسوله، ما يكون فعله كفرا، أو اعتقاده كفرا، جهلا منه بما بعث الله به رسوله صلى الله عليه وسلم، فهذا لا يكون عندنا كافرا، ولا نحكم عليه بالكفر حتى تقوم عليه الحجة الرسالية، التي يكفر من خالفها، فإذا قامت عليه الحجة، وبين له ما جاء به الرسول صلى الله عليه وسلم، وأصر على فعل ذلك بعد قيام الحجة عليه، فهذا هو الذي يكفر، وذلك لأن الكفر: إما يكون بمخالفة كتاب الله وسنة رسوله صلى الله عليه وسلم وهذا مجمع عليه بين العلماء في الجملة، واستدلوا بقوله تعالى: (وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّى نَبْعَثَ رَسُولاً)، وبقوله: (وَسِيقَ الَّذِينَ كَفَرُوا إِلَى جَهَنَّمَ زُمَراً) إلى قوله: (بَلَى وَلَكِنْ حَقَّتْ كَلِمَةُ الْعَذَابِ عَلَى الْكَافِرِينَ).

واستدلوا أيضا: بما ثبت في الصحيحين والسنن،

واته : ئینسان ئەگەر ئیمانی بەخواو پێغەمبەربێت و کارێك بکات کوفر بێت یان بیروباوەڕێکی کوفری هەبێت بەڵام نەزان بێت بەدین نەزانێ کە ئەوە کوفرە لەئیسلامدا ئەم کەسە لای ئێمە کافر نابێت، و حوکمی کوفری لەسەر نادەین تاکو ئیقامەی حوجەی لەسەر نەکرێت، بەڵام ئەگەر دوای ئیقامە حوجە هەر سووربوو لەسەر کوفرەکەی ئەوکاتە کافر ئەبێت، ئەمەش بەشێوەیەکی گشتی ئیجماعی لەسەرە لەنێوان زانایان بەڵگەشیان بەم ئایەتانە هێناوەتەوە (وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّى نَبْعَثَ رَسُولاً)، وبقوله: (وَسِيقَ الَّذِينَ كَفَرُوا إِلَى جَهَنَّمَ زُمَراً) إلى قوله: (بَلَى وَلَكِنْ حَقَّتْ كَلِمَةُ الْعَذَابِ عَلَى الْكَافِرِينَ). هەروەها بەڵگەشیان بەفەرموودەی ئەو پیاوەش هێناوەتەوە کەوەسێتی کرد بیسوتێنن کاتێ کەمرد.

هەروەها ئیمام ابن حزم دەڵێت:- " فهذا إنسان جهل إلى أن مات أن الله عز وجل يقدر على جمع رماده وإحيائه، وقد غفر له لإقراره وخوفه وجهله وقد قال بعض من يحرف الكلم عن مواضعه أن معنى لئن قدر الله عليّ إنما هو لئن ضيق الله علي كما قال تعالى: { و أما إذا ما ابتلاه فقدر عليه رزقه}(سورة الفجر، آية : 16.)وهذا تأويل باطل لا يمكن لأنه كان يكون معناه حينئذ لئن ضيق الله علي ليضيق علي، و أيضاً فلو كان هذا لما كان لأمره بأن يحرق ويذر رماده معنى ولا شك في أنه إنما أمر بذلك ليفلت من عذاب الله) (الفصل 252/3.)

واته: ئەم ئینسانە نەزان بوو هەتا مرد بەڵام خوا لێی خۆشبوو بەهۆی ترسانی و نەزانیەکەی بەڵام ئەوانەی تەحریفی دەقەکان دەکەن و ماناکان ئەگۆڕن ئەڵێن مانای لئن قدر الله علي واتای لئن ضيق الله علي ه وەک ئەم ئایەتە { و أما إذا ما ابتلاه فقدر عليه رزقه} ئەمەش تەئویلێکی باطڵە نابێت لەبەرئەوەی مانای ئەبێت بە ئەگەر خوا لەسەرم تەنگ بکاتەوە ئەوا لێم تەنگ ئەبێتەوە ،هەروەها ئەگەر ئەوە ماناکەی بوایە ئەوا سوتاندنی هیچ مانایەکی نەدەما گومانیشی تێدانیە ئەم فەرمانەی کرد تاکو لەسزای خوا قوتاری بێت.

پێم خۆشە ئاماژە بەوەش بدەین هەموو ئەوانەی فەرموودەی ئەم پیاوەیان تەحریف کردوە کە گومانی هەبووە لەتوانای خوا لەزیندوو کردنەوەی هەموو ئەوانە کەسانێك بوونە کاریگەڕبوون بەفیکری إعتیزال و ئەشاعیرە چونکە لای ئەشعەرەیەکان ئصوڵی دین ئەوەیە باوەڕت بەحەوت صیفات هەبێت یەك لەو سیفەتانە سیفەتی توانایە "القدرة" جا ئەم سیفەتانەش لای ئەشاعیرە بەفیتڕەت و بەنەص نازانرێ چونکە نەص لای ئەوان ئیفادەی یەقین ناکات بەڵکو ئیفادەی ظن و گومان دەکات بۆیە بەڵگە عەقڵیە کەلامیەکانیان بەڵگەی حاشاهەڵنەگرن بۆ ئصولی دین، بۆیە ئەڵێن یەکەم واجب لەسەر عەبد ئەوەیە بڕوانێتە بەڵگە ژیریەکان لەوێوە ئیمان بێنێ و خوا بناسێ ، هەربۆیە جمهوری متأخرینی ئەشاعیرە ئیمانی کەسانی موقلید حیساب ناکەن باوەڕیان بەتەقلید نیە لەئیمان هەربۆیە لای هەندێکیان زۆربەی ئومەت تەکفیردەکرێت، هەربۆیە

هەموو ئەو زانایانەی لەسەر بنچینەی ئەشاعیرەن لەمەسەلەی ئیمان دەبینی هەموو پینە و پەڕۆیەکیان کردوە بۆ تەحریف کردنی فەرمودەی ئەو پیاوەی گومانی هەبوە لەتوانای خوا چونکە ئەگەر تەحریفی نەکەن هیچ مەجالی تیانامێنێ لای ئەوان کەوا ئەو پیاوە کافربوە بەڵام حەدیسەکە ڕزگاری کردوە و ئیمانی بۆ جێگیرکردوە ئەمەش ناگونجێ لەگەڵ بنەماکانیان بۆیە ناچار تەحریفی القدرة کرد چونکە ئیشکالەکە لای متکلمین لەمەیە نەك لەسەر مەسەلەی زیندوو بونەوە چونکە لای ئەشاعیرە بابەتی قیامەت و زیندوو بونەوە لە سمعیات ە واتە لەوشتانەیە بەبەڵگەی شەرعی دەچەسپێ نەك بەڵگەی عەقڵی بەو مانایەی هیچ بەڵگەیەکی عەقڵی نیە لەسەر بونی زیندووبونەوە، ئەمەش زۆر ڕوونە لە تەئویلەی قاضي عياض لەشیفا نەقڵی دەکات دەڵێ"قد أجاب الآخر عن هذا الحديث بوجوه: منها أن قدرَ بمعنى قدَّر ، ولايكون شكه في القدرة على إحيائه بل في نفس البعث الذي لايعلم إلا بالشرع"

واتە: کەسانی تر وەڵامیان داوەتەوە دەربارەی ئەم فەرمودەیە بەچەن ڕوێك : لەوانە قدرە بەمانای دیاریکردنە وە گومانی نەبوە لەتوانای خوا بۆ زیندووکردنەوەی بەڵکو گومانی بوە لەخودی زیندبوونەوەی کە زیندووبونەوەش تەنها بەشەرع دەزانرێ"

ئەمەش پێچەوانەی دەیان ئایەتی قورئانی پیرۆزە و بەتاڵی دەکاتەوە بڕوانە کتێبی "الأدلة العقلية والنقلية على أصول الإعتقاد"لسعود العريفي (ص 558-586).

بەمەش توانیمان بەفەزڵی الله تعالى ئصوڵە ئەشعەریە وئیعتیزالیە کەلامیەکان لەتەحریفی حەدیثی قودرە ئاشکرابکەین، لەمە زیاتر ئیتر هیچ پاساوێ بۆ هیچ چەواشەکارێ ماوە ؟؟؟

[بەڵگەی سێیەم]

پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم : (إِنَّ اللَّهَ قَدْ تَجَاوَزَ عَنْ أُمَّتِي الْخَطَأَ، وَالنِّسْيَانَ، وَمَا اسْتُكْرِهُوا عَلَيْهِ) رواه ابن ماجه (2043) .

ئەمە دەقێکی ئاشکرایە کە دەلالەت ئەکات لەسەر ئەوەی هەرکەسێك موخالەفەی هەر کارێکی شەرعی بکات کەداوای لێکراوە بەلەبیرچونەوە یان بەنەزانی ئەوا لێی بوراوە، کەسی "مخطئ"خاوەن هەڵە کەسی جاهیلیش دەگرێتەوە، چونکە کەسی خاوەن هەڵە ئەو کەسەیە پێچەوانەی حەق دەکات بەبێ ئەوەی مەبەستی ئەوەی هەبێت پێچەوانەی حەق بکات، هەر لەم

روانگەیەوە شێخی ئیسلام بنچینەکانی داناوە لەسەر بونی عوذر بەجەهل ئەم حەدیسەش یەکێکە لەو بەڵگانەی کە إستلالی پێدەکات.

شێخ عبد الرحمن السعدي دەڵێت : " وهذا عام في كل ما أخطأ فيه المؤمنون من الأمور العملية والأمور الخبرية " انتهى من "الإرشاد إلى معرفة الاحكام" ص 208.

دەڵێ: ئەم حەدیسە گشتیە بۆ هەموو ئەو هەڵانەی ئیمانداران هەڵەی تێدا ئەکەن لەبابەتەکانی فیقە و عەقیدە."

شێخی الإسلام ابن تيمية دەڵێت : " وَقَوْلُ اللَّهِ تَعَالَى فِي الْقُرْآنِ: (رَبَّنَا لَا تُؤَاخِذْنَا إنْ نَسِينَا أَوْ أَخْطَأْنَا) قَالَ اللَّهُ تَعَالَى: (قَدْ فَعَلْت) ، وَلَمْ يُفَرِّقْ بَيْنَ الْخَطَأِ الْقَطْعِيِّ فِي مَسْأَلَةٍ قَطْعِيَّةٍ أَوْ ظَنِّيَّةٍ ... فَمَنْ قَالَ : إنَّ الْمُخْطِئَ فِي مَسْأَلَةٍ قَطْعِيَّةٍ أَوْ ظَنِّيَّةٍ يَأْثَمُ ، فَقَدْ خَالَفَ الْكِتَابَ وَالسُّنَّةَ وَالْإِجْمَاعَ الْقَدِيمَ" انتهى من "مجموع الفتاوى" (210/19).

دەڵێت: گوفتاری اللە تعالی لە قورئان (پەروەردگارا لێمان مەگرە ئەگەر لەبیرمان چوو یان هەڵەمان کرد) اللە تعالی فەرمویەتی ئەوا ئەنجامم دا و لێتان ناگرم، وە جیاوازی نەکرد لەنێوان هەڵەکردن لەبابەتێ کە بڕاوە بێ و

حاشاهەڵنەگربێ وە لەنێوان بابەتێ زەنی و گوماندارية، بۆیە کەسێك بڵێت هەرکەسێ لەبابەتە حاشا هەڵنەگرەکان هەڵەبکات گونجبارئەبێت یان لەوەی بابەتە زەنیەکان ئەوا پێچەوانەی کیتاب و سونەت و ئیجماعی کۆنی کردوە."

قاضى ابن العربي دەڵێت : " فالجاهل والمخطئ من هذه الأمة ، ولو عمل من الكفر والشرك ما يكون صاحبه مشركاً أو كافراً ، فإنه يعذر بالجهل والخطأ ، حتى تتبين له الحجة ، التي يكفر تاركها ، بياناً واضحاً ما يلتبس على مثله " انتهى ، وقد نقله عنه القاسمي في "محاسن التأويل" (161/3).

دەڵێ: کەسی جاهیل و بەهەڵەداچوو لەم ئومەتە ئەگەر کارێکی کوفری یان شیرکی ئەنجام بدات کە خاوەنەکەی پێی ئەبێت بەموشریك و کافر، ئەوا عوذری بەنەزانی و هەڵەکردن، تاکو بەڵگەی بۆ روون ئەکرێتەوە کە پێچەوانەکردنی کافر دەبێت..."

پرسیارکرا لە شێخ عبد الرزاق عفيفي دەربارەی قبوریەکان ئەوانەی ئیعتیقادیان بەمردوەکان هەیە و داوایان لێ دەکەن لەوەڵامدا دەڵێ : " هم مرتدون عن الإسلام إذا أقيمت عليهم الحجة ، وإلا فهم معذورون بجهلهم ، كجماعة الأنواط " انتهى من "فتاوى الشيخ عبد الرزاق عفيفي" ص 371.

دەڵێت: ئەو قەبوریانە هەڵگەڕاوەن لە ئیسلام ئەگەر ئیقامەی حەجەیان لەسەرکرا، بەڵام پێش ئیقامە حوجە عوذریان هەیە بەنەزانیان، وەك کۆمەڵی ذات أنواط.

هەروەها شێخ بەکر ئەبو زەید دەربارەی حەقیقەتی _الخطأ_دەڵێت:-

وقد بين الفقهاء أن الخطأ ينقسم إلى :

1- خطأ في العمل.

2- وإلى خطأ في القصد.

فالأول: أن يقصد الرمي إلا ما لا يجوز رميه من صيد وهدف فيخطئ بها, فهذا فيه الكفارة والدية.

والثاني: أن يخطئ في قصده لعلم؛كما أخطأ هناك لضعف القوة وهو أن يرمي من يعتقده مباح الدم ويكون معصوم الدم, كمن قتل رجلاً في صفوف الكفار, ثم تبين أنه كان مسلماً, والخطأ في العلم هو من هذا النوع, ولهذا قيل في أحد القولين: إنه لادية فيه لأنه مأموربه, بخلاف الأول.(معجم المناهي اللفظية- ص 399)

دەڵێت: شەرعزانان – خطأ – هەڵە دابەش دەکەن بۆ دوو جۆر:

1- هەڵە لەکردەوەدا.

2- هەڵە لەمەبەستدا.

نموونەی هەڵە لەکردەوە: وەك ئەوەی تیرێك تێ بگریت بۆ شتێك كە دروست نیە تیری بۆ تێبگریت هەڵە دەكەی لەو كارەدا ئەمەش كەفارەت و خوێنەكەی دێتە ئەستۆت.

وە نموونەی هەڵەی مەبەست لەعیلم و زانینە: وەك ئەوەی تیرێك بۆكەسێك تێبگریت وابزانێت خوێنی حەڵاڵە بەڵام لەراستیدا خوێنی پاڕێزراوبێت و حەرام بێت، وەك ئەوەی پیاوێ بكوژێ لەریزەكانی كافران و وابزانێ كافرە بەڵام دواتر دەربكەوێ كەوا موسڵمان بووە، هەڵەش لەعیلم لەم جۆرەیە.

منیش ئەڵێم هەروەكو موسڵمانێ كەوا شیركێ دەكات یان دەڵێ بەنەزانی وا ئەزانێ ئەوە شیرك نیە و جائیزە.

هەروەها ئیمامی الشاطبی دەڵێت: [أن عمدة مذهب مالك, بل عمدة مذاهب الصحابة اعتبار الجهل في العبادات اعتبار النسيان على الجملة, فعدوا من خالف في الأفعال والأقوال جهلاً على حكم الناسي.]

واتە: پایەی مەزهەبی مالیك لەبیرچوون لكاوە بەبابەتی جەهلەوە، هەروەكو چۆن كۆڵكەی مەزهەبی صەحابەش هەروابووە، كەعوذربەجەهلیان لەعیبادەتەكان بەبەڵگەكانی عوذری لەبیرچونەوە

لێکداوەتەوە بەهەمان شێوە مامەڵەیان لەگەڵ کردون بەشێوەیەکی گشتی، هەرکەسێك بەنەزانی سەرپێچی کردبایە لەکردەوەکان لەووتەکان ئەوا حیسابی کەسی لەبیرچوویان بۆ ئەکرد. [کتێبی تهذيب كتاب الموافقات احمد بن ناصر الطيار لاپەرە 271]

[بەڵگەی چوارەم]

أبي واقد الليثي رضي الله عنه، قال: ((خرجنا مع رسول الله صلى الله عليه وسلم إلى حُنَيْنٍ، ونحن حديثو عهْدٍ بكُفْر، وللمشركين سِدْرَةٌ يعكفون عندها، وينوطون بها أسلحتهم، يُقال لها: ذات أنواط، قال: فمررنا بالسدرة، فقلنا: يا رسول الله، اجعل لنا ذات أنواط، كما لهم ذات أنواط، فقال رسول الله صلى الله عليه وسلم: الله أكبر، إنها السنن، قلتم والذي نفسي بيده كما قالت بنو إسرائيل: ﴿ اجْعَلْ لَنَا إِلَهًا كَمَا لَهُمْ آلِهَةٌ قَالَ إِنَّكُمْ قَوْمٌ تَجْهَلُونَ ﴾ [الأعراف: 138]، لتركبنَّ سَنَنَ مَن كان قبلكم)).

تخريج الحديث: أخرجه أحمد (21897)، والترمذي في باب الفتن (2180)، وقال: حسن صحيح، والنسائي في التفسير من سننه الكبرى (11121)، وابن أبي عاصم في السنة (76)، وصححه الألباني في "ظلال الجنة" (76)، وقال شعيب الأرنؤوط: إسناده صحيح على شرط مسلم تحفة الأشراف بمعرفة

الأطراف (11/ 112)، جامع الأصول (10/ 34)، وصحيح موارد الظمآن (1540)

ئەبی واقیدی لەیثی رەزای خوای لێ بێت دەڵێت:((دەرچووین لەگەڵ پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم بەرەو حونەین، ئێمە تازە موسڵمان بووبوین، موشریکانیش داریکیان هەبوو شمشێرەکانیان پێوە هەڵدەواسی، ئێمەش دامان بەلای داریکدا وتمان ئەی پێغەمبەری خوا بۆ ئێمەش داریکی وەکو داری موشریکەکان دابنێ، پێغەمبەریش صلى الله عليه وسلم فەرموی: الله اکبر بەراستی هەمان ریچکەیە و هەمان قسەیە بەنی ئیسرائیلە کاتێ وتیان (خوایەکمان بۆ دابنێ وەکو چۆن ئەوان خوایەکیان هەیە و وتی ئێوە قەومێکی جاهیلن)سورەتی ئەعراف، سوێند بەخوا شوێنی ریازەکانی پێش خۆتان دەکەون

چەن هەڵوەستەیەك لەسەر ئەم فەرموودەیە:

1- ئەم حەدیسە گەورە زانایانی ئیسلام لە کۆن و نوێ قبوڵیان کردوە بە بەصحیح یان داناوە، و إستدلالیان پێکردوە سەبارەت بەبونی عوذر بەجەهل، ئەگەرچی هەندێ لە فێرخوازانی عیلم لەم سەردەمە ئیدیعای تضعیف کردنی بکەن.

2- ئەو صەحابە بەڕێزانە عوذردران بەجەهل بەهۆی ئەوەی تازە موسڵمان بووبون و لەکوفر رزگاریان بوبوو.

3- ئەو صەحابە بەڕێزانە نیەتیان چاکە بووە مەبەستیان کوفر وشیرك نەبوە نەیانزانیوە ئەوە شیرکە

4- ئایا ئەو داواکردنەیان شیرکی گەورە بووە یان شیرکی بچووك زانایان خیلافیان هەیە تیدایدا، شێخ محمد بن عبدالوهاب له كشف الشبهات وه عبدالله ی کوری شێخ محمد عبدالرحمن بن حسن له شەرحی کیتاب تەوحید هەروەها شێخ سلیمان بن عبدالله ال الشیخ دەڵێن ئەو داواکردنەیان شیرکی گەورەیە.

[بەڵگەی پێنجەم]

عن ابن عباس رضى الله عنه : أنَّ رجلًا أَهْدى لرسولِ اللَّهِ صلَّى اللَّهُ عليهِ وسلَّمَ راوِيةَ خمرٍ فقالَ لَهُ رسولُ اللَّهِ صلَّى اللَّهُ عليهِ وسلَّمَ هل علِمتَ أنَّ اللَّهَ حرَّمَها؟ قال: لا، فسارَّ إنسانًا فقالَ لَهُ رسولُ اللَّهِ صلَّى اللَّهُ عليهِ وسلَّمَ إنَّ الَّذي حرَّمَ شربَها حرَّمَ بيعَها ففتحَ المزادةَ حتَّى ذَهَبَ ما فيها. رواه مسلم 1579

واته: عەبدوڵای کوری عەباس دەڵێت: پیاوێك گۆزەیەك عارەقی کردە دیاری بۆ پیغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم، پێغەمبەریش فەرمووی: ئایا زانیوتە

خوا حەرامی کردوە ؟ پیاوەکە ووتی : نەخێر، پاشان پیاوەکە بەچپەیەك بەپیاوێکی ووت بۆم بفرۆشە پێغەمبریش فەرموی ئەوە چیت پێ وت ؟ وتی پێم وت بیفرۆشێ بۆم، پیغەمبەر صل الله علیه وسلم فەرموی: ئەو خوایەی خواردنەوەی حەرام کردوە فرۆشتنیشی حەرام کردوە، گۆزەکەیان هێنا و عارەقەکەی ناویان رژاند.

ئیمامی نەوەوی لەشەرحی ئەم فەرمودەیە دەڵێت: پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم پێی وت ئایا دەزانی حەرامە؟ ئەویش وتی : نەخێر، بۆ ئەوەی بزانێ ئەگەر ئەزانێ حەرامە و ئەو کارەی کردوە تەمبێی بکات، جا کاتێ زانی نازانێ حەرامە عوذری پێدا، ئەمەش بەڵگەی ئەوەی تیایە، ئەگەر کەسێك مەعصیەتێ ئەنجام بدات و نەزان بێ بەحەرام بونی گوناح و تەمبێ کردنی لەسەر نیە.شرح صحیح مسلم (11/4)

ابن عبد البر- رحمه الله-دەڵێت: في هذا الحديث أيضاً دليل على أن الاثم مرفوع عمن لم يعلم قال الله عزوجل (وما كنا معذبين حتى نبعث رسولاً) ومن أمكن التعلم ولم يتعلم أثم والله أعلم"

دەڵێت: لەم حەدیسەدا بەهەمان شێوە بەڵگەی ئەوە هەیە گوناح هەڵگیراوە لەسەر کەسێك کە نەزانێت، الله تعالى (وما كنا معذبين حتى نبعث رسولاً) هەرکەسێك توانای فێربونی هەبێت و فێرنەبێت والله اعلم تاوانبارئەبێت."

[بەڵگەی شەشەم]

عَنْ أَنَسٍ رضي الله عنه، أَنَّ أَعْرَابِيّاً بَالَ فِي الْمَسْجِدِ، فَقَامَ إِلَيْهِ بَعْضُ الْقَوْمِ، فَقَالَ رَسُولُ اللّهِ صلّى الله عليه وسلّم: "دَعُوهُ وَلاَ تُزْرِمُوهُ" قَالَ فَلَمَّا فَرَغَ دَعَا بِدَلْوٍ مِنْ مَاءٍ، فَصَبَّهُ عَلَيْهِ.

وفي رواية لمسلم: ثُمَّ إِنَّ رَسُولَ اللّهِ صلّى الله عليه وسلّم دَعَاهُ فَقَالَ لَهُ: "إِنَّ هذِهِ الْمَسَاجِدَ لاَ تَصْلُحُ لِشَيْءٍ مِنْ هذَا الْبَوْلِ وَلا الْقَذَرِ، إِنَّمَا هِيَ لِذِكْرِ الله - عزّ وجل -، وَالصَّلاَةِ، وَقِرَاءَةِ الْقُرْآنِ".

وعند البخاري بنحوه من حديث أبي هريرة رضي الله عنه وفيه: "أهريقوا على بولهِ ذَنوباً من ماء فإنما بُعِثتم مُيسِّرين ولم تُبعثوا مُعسرين".

ئەنەسی کوری مالیك دەیگێرێتەوە کەوا پیاوێکی دەشتەکی میزی کرد لە ناو مزگەوتەکەی پێغەمبەر، هەندێ لەهاوەڵان هەستان لێی بدەن، پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرموی: وازی لێ بێنن و میزەکەی پێ مەبڕن، پاشان

كه ميزەكەى تەواو كرد فەرمانى كرد تەشتێ ئاو بێنن و بيكەن بەسەر ميزەكەدا، لەريوايەتى موسلم هاتووە: پيغەمبەرخوا بانگى پياوەكەى كرد وتى: ئێرە مزگەوتە و شوێنى نوێژكردنە نابێت ميز و شتى پيسى تێدا بكرێت بەڵكو ئێرە شوێنى نوێژ و زيكرى خوا و خويندنى قورئانە.

لە ريوايەتى بوخارى لە فەرمودەى ئەبو هورەيرە هاتووە، تەشتێ ئاو بكەنە سەر ميزەكەى، ئێوە بەئاسان كار نێردراون نەك بەگران كار.

حافظي ابن حجر- رحمه الله-دەڵێت: فيه الرفق بالجاهل وتعليمه ما يلزمه من غير تعنيف إذا لم يكن ذلك منه عنادا، ولا سيما إن كان ممن يحتاج إلى إستئلافه، وفيه رأفة النبى صلى الله عليه وسلم وحسن خلقه "

دەڵێت: ئەم فەرمودەيە سودى ئەوەى تيايە نەرمونيان بيت بەرامبەر كەسى نەزان و ئەوەى پێويستە بيزانێ فێرى بكەيت بەبێ ئەوەى توندى بەرامبەر بەكاربێنى مادام بەعينادى و بەزانينەوە نەيكردوە، سەرەڕاى ئەوەى ئەگەر لەو كەسانە بێت كە پێويست بكات راى بكێشى بۆ ئيسلام، هەروەها ئەوەى رەوشت بەرزى و ميهرەبانى پيغەمبەرى تێدايە.

عن ابن عباس-رضى الله عنه- أن قدامة بن مضعون شرب الخمر بالبحرين فشهد عليه ثم سئل فأقر، فقال له عمر بن الخطاب: (ما حملك على ذلك، فقال لأن الله يقول (ليس على الذين ءامنوا وعملوا الصالحات جناح فيما طعموا إذا ما اتقوا وءامنوا وعلموا الصالحات) وأنا منهم أى من المهاجرين الأولين، ومن أهل البدر، وأهل أحد، فقال: للقوم أجيبوا الرجل فسكتوا، فقال لإبن عباس: اجبه، فقال: إنما أنزلها عذرا لمن شربها من الماضين قبل أن تحرم وأنزل: (إنما الخمر والميسر والأنصاب والأزلام رجس من عمل الشيطان) حجة على الباقين ثم سأل من عنده عن الحد فيها، فقال على بن أبى طالب: إنه إذا شرب هذى، وإذا هذى إفترى فاجلدوه ثمانين)أخرجه النسائى 5270

عەبدوڵای کوڕی عەباس دەڵێ قودامەی کوری مەضعون عارەق دەخوارد لەبەحرێن شایەد لەسەری گیرا و پرسیاری لێ کرا دانی پێدانا، عومەری کوری خەتاب پێی وت چی وای لێکردی عارەق بخۆی ؟ قودامە وتی لەبەر ئەوەی خوا ئەفەرمیت(ئەوانەی ئیمانیان هێناوە و کردەوەی چاکیان ئەنجام داوە هیچیان لەسەر نیە لەسەر هەرشتێ کە بیخۆن مادام لەخوا بترسێن و کردەوەی چاکە بکەن)دەڵێ منیشم لە کۆچەرانی سەرەتام و لە موجاهیدانی بەدر و ئوحدم، ئیمامی عومەر بەو کەسانەی دەوروبەری ووت وەلامی

بدەنەوە، بێ دەنگ بوون، بە ابن عباسی ووت : ئەویش وتی: ئەم ئایەتە بۆ ئەو کەسانە دابەزیوە کە پێش دابەزینی حەرام بونی عارەق عارەقیان خواردۆتەوە، پاشان عومەر پرسیاری کرد دەربارەی ئەوەی حەدی لێ بدرێ یان نا ؟ عەلی وتی ئەگەر جارێکی تر خواردیەوە هەشتا داری لێ بدەن.

شێخی ئیسلام ابن تەیمیە دەڵێت : إن تكفير الشخص المعين وجواز قتله موقوف على أن تبلغه الحجة النبوية التي يكفر من خالفها وإلا فليس كل من جهل شيئا من الدين يكفر ولهذا استحل طائفة من الصحابة والتابعين كقدامة بن مظعون وأصحابه شرب الخمر وظنوا أنها تباح لمن عمل صالحا على ما فهموه من آية المائدة، اتفق علماء الصحابة كعمر وعلي وغيرهما على أنهم يستتابون فإن أصروا على الاستحلال كفروا وإن أقروا به جلدوا فلم يكفروهم بالاستحلال ابتداء لأجل الشبهة التي عرضت لهم حتى يتبين لهم الحق فإذا أصروا على الجحود كفروا .

دەڵێت: تەکفیرکردنی کەسی دیارکراوە وە جائیزبونی کوشتنی بەستراوە بەوەی حوجەی ریسالەی پێبگات کە بەکردنی کافرئەبێت، هەربۆیە هەرکەسێ نەزان بێت لەبارەی هەر شتێکەوە لەدین کافر نابێت، هەروەك چۆن کۆمەڵێ لە صەحابە و تابیعین وەك قودامەی کوری مەزعون و هاوەڵەکانی عارەق

خواردنیان حەڵاڵ کردبوو وایان ئەزانی حەلاڵە بۆیان مادام خاوەن کردەوەی چاك بن بەپێی ئەو فەهمەی هەیان بوو بۆ ئایەتی مائیدە، هەربۆیە زانایانی صەحابە وەك عومەر عەلی و غەیری ئەوان کۆڕابوون کە ئەوانە ئەبێ بۆیان ڕوون بکرێتەوە و تەوبە بکەن بەلام ئەگەر دوای ئەوە هەر سووربون لەسەر حەڵاڵ کردنی ئەوکاتە کافر ئەبن، بەڵام ئەگەر دانیان نا بەحەرامی و خواردیانەوە ئەوا جەڵدەیان لێ ئەدرێ، بۆیە سەرەتا صەحابە تەکفیریان نەکرد بەو حەڵاڵ کردنەیان لەبەر بونی شوبهە کە توشیان بوبوو جا دوای ئەوەی بۆیان ڕونکرایەوە حەقەکە هەر سوور بون لەسەری و ئینکاریان کرد ئەوا کافرئەبن.

بەهەمان شێوە ابن قودامەش دەفەرمێت لە مغنی، کەواتە ئەو صەحابانە کە عارەقیان حەرام کردکردبوو لەداری ئیسلامیش بوون و حەرامی عارەق ڕوون و ئاشکرا و دیاربوو وە زانایانی صەحابە هەبوون لەو سەردەمە، لەسەر ئەوەشەوە کە حەرامێکیان حەڵاڵ کرد کە حەلال کردنی حەرامیش مافی تایبەتی خوایە و کوفرە بەلام کافر نەبوون چونکە شوبهەیان هەبوو، وە صەحابە بەشێوەیەکی گشتی عوذریان پێدان و نەیان وت ئەم ئصولی دین نیە یان ئەمە لە حەرام کراوەکانە یان ئەمە تەئویلی تیایە، ئەم شێڕ و ڕێویانەیان

نەئەهێنایەوە وەك ئەمانەی ئەمرۆ ئەیکەن بەڵکو بەموتەڵەقی عوذریان پێدان و وتیان ئەبێ بۆیان رون بکرێتەوە.

[بەڵگەی هەشتەم]

پێغەمبەر ﷺ لەشیرك بترسن چونکە بەڕاستی شیرك لەشاراوەترە لەدەنگی پێی مێروولە، پاشان یەکێك لەهاوەڵان ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا کەوابێت ئەی چۆن خۆمان بپارێزین لەشیرك پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی بڵێن :" اللهم إنا نعوذ بك أن نشرك بك شيئاً نعلمه، ونستغفرك لما لا نعلم " مسند أحمد 4/403. قال الهيثمي:(ورجال أحمد رجال صحيح غير أبي علي، وقد وثقه ابن حبان)

واتە: بڵێن خوایە پەنات پێ دەگرین لەوەی هاوبەشت بۆ بڕیاربدەین لەشتێك کە بزانین وە داوای لێخۆشبونت لێ دەکەین لەشتێك کە نەزانین "

ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەسێکی موسڵمان هاوبەش بڕیاربدات و نەزان بێت ئەم دوعایە بکات خوا لێی خۆش ئەبێت ئەگەرچی خودی شیرکەکەش نەزانێت ئەوا نابێت بەموشریك

.

شێخ عبدالرحمن اليماني لەتەعليقيدا لەسەر ئەم فەرموودەيە دەڵێت":

يەكەم: لەم فەرمودەيە بەڕاشكاوى دەفەرمێت شيركى وەها هەيە زۆر شاراوەيە و هەموو كەسێك ئەگەرى ئەوەى هەيە تێى بكەوێت وێنەى ئەمەش لايەق نيە بەدينێك ئاسانكار بێت و حەرەجى تێدا نەبێت خاوەنەكەى بگرێت و سزاى بدات.

دووەم: پێغەمبەر ﷺ لەحاڵەتێكى لەم جۆرەدا ڕێنمايى كردن ئەم جۆرە دوعايە بكەن " داواى لێخۆشبونت لێ دەكەين لەشتێك هاوبەشت بۆ بڕيار بدەين كە نەزانين " لەمەدا ئەوە دەزانين ئەو شيركەى كەنايزانين وئەنجامى ئەدەين لێخۆشبونى بۆ هەيە .

جا ئەگەر ئەمەش بەرپەرچ بدەنەوە بەم ئايەتە كە خواى گەورە دەفەرمێت (إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ)

لەوەڵامدا ئەڵێين: پێويستە ئەو شيركەى كە لێخۆشبون ئەيگرێتەوە پەيوەست بكەين بەو جۆرە شيركەى بكەرەكەى عيلمى پێى نيە لەم كاتەدا ئەم كەسە مەعذورە بەنەزانيەكەى.

پاشان دەڵێين (إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ) العام المراد به الخصوص ئايەتێكى گشتيە و مەبەست پێى تايبەتكردنە واتە تايبەتە بەوكەسانەى جاهيل نين و ئەزانن كەشيرك ئەنجام ئەدەن

پاشان دەڵێین هەرکەسێك عوذری هەبێت لەسەری ناجەسپێت کە شیرکی ئەنجام داوە، هەروەك چۆن ئەگەر کەسێك ژنێك بخوازێت و نەزانێت ئەو ژنە خوشکی شیریەتی و لەگەڵی شیری خواردوە جیماعی لەگەڵ بکات پێی ناوترێت زینای لەگەڵ خوشکی کردوە، بەڵام ئەگەر بتەوێ ژنێ بخوازێ و خەڵکێ پێت بڵێن نەکەی فلانە ژن بخوازێت ئەو خوشکی شیری تۆیە و حەرامە لێت، بەڵام گوێی پێ نەدەی بچیت بیخوازیت ئەوا زینات کردوە لەگەڵ خوشکی خۆت چونکە زانیوتە و ئەوکارەت کردوە، ئەو ئایەتەش ئاوایە بۆ شیرك و هەموو گوناح و تاوانێك پێویستی بەزانین هەیە ئەوکات حوکمەکەت لەسەر ئەچەسپێت .

وە بەڵگەیەکی تر لەسەر ئەوەی هەرکەسێك کوفر یان شیرك بکات مەرج نیە ڕاستەوخۆ بچەسپێت لەسەری ئایەتی خوای گەورەیە کە دەفەرمێت (مَن كَفَرَ بِٱللَّهِ مِنۢ بَعۡدِ إِيمَٰنِهِۦٓ إِلَّا مَنۡ أُكۡرِهَ وَقَلۡبُهُۥ مُطۡمَئِنُّۢ بِٱلۡإِيمَٰنِ وَلَٰكِن مَّن شَرَحَ بِٱلۡكُفۡرِ صَدۡرٗا فَعَلَيۡهِمۡ غَضَبٞ مِّنَ ٱللَّهِ)[سورة النحل 106] لێرەدا کەسێك زۆری لێ ئەکرێت کوفر دەکات شیرك دەکات ئەگەر بەپێی ئایەتی (إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ) وەربگرین بەشێوەیەکی گشتی و جمع نەکەین لەنێوان ئایەتەکان ئەوا ئەبێت بڵێین هەرکەسێ بەزۆر کوفری و شیرکیشی پێ بکەن هەر کافرە و موشریکە، بەڵام دەبینین خوای گەورە لەم ئایەتەی سورەتی النحل جیایکردۆتەوە ڕێگرێك لە ڕێگرەکانی تەکفیرنەکردن باس ئەکات ئەوەش

زۆرلێکردنە کەهەرکەسێ زۆری لێبکرێ و کوفربکات و لەدڵەوە پێی ناخۆش بێت ئەوا کافر نابێت .

هەروەها لەم فەرمودەیەش کەدەفەرمێت:" اللهم إنا نعوذ بك أن نشرك بك شيئاً نعلمه، ونستغفرك لما لا نعلم " لێرەدا پێغەمبەر صلى الله عليەوسلم لەحاڵەتی شیرك ئەنجام دان بەعیلمەوە فەرموی بڵێن خوایە پەنات پێ ئەگرین لەوەی هاوبەشت بۆ دابنەین لەکاتێکدا بزانین ، بڕوانن لێرەدا ناوی شیرکی دایە پاڵیان کەشەریك ئەنجام ئەدەن لەکاتی عیلم بەڵام لەحاڵەتی دووەم کەنەزانن فەرمووی بڵێن خوایە داوای لێخۆشبونت لێ ئەکەین لەوەی کەنایزانین، لێرە ناوی شیرکی شاردەوە، ئەمەش ئەوەی لێ ئەخوێنرێتەوە کەنەبوونی عیلم ڕێگرە لەوەی خاوەنەکەی بەموشریك دابنرێت، والله اعلم .

بڕوانە [کتێبی رسالة العبادة لاپەڕە 142- 149- 924].

پێغەمبەر ﷺ هەرکەسێك موسڵمان ببوایە بەردەوام حوکمی موسڵمانێتی لەسەر ئەدا پاشان ئەگەر کوفرێکی ئەنجام بدایە حوکمی کوفری نەئەدا بەسەری تاکو بەتەواوی بارودۆخی ڕوون نەبێتەوە، لەم جۆرە بەسەرهات و ڕوداوانە وەك ڕوداوی "ذات أنواط" کەباسمانکرد پێغەمبەر ﷺ عوذری بەنەزانی بەو کەسانە دا کەداوایان کرد ذات " أنواط "یان بۆ دابنات لەگەڵ ئەوەشدا بۆیانی ڕوونکردەوە کە ئەو داواکاریەیان وێنەی هەمان داواکاری بەنوئیسرائیلیەکان لەموسا کەوتیان " آجعل لنآ إلهاً "

* هەروەها فەرمودەی عتبان ی کوڕی مالیکی کوری دوخشون کە پێغەمبەر ﷺ لەماڵەکەی نوێژی کرد یەکێ لەهاوەڵان فەرموی ئەوا کوا مالیکی کوڕی دوخشون ؟ هەندێکیان وتیان: ئەوە مونافقە خوا و پێغەمبەرەکەی خۆشناوێ، پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی: لاتقل ذاك، ألا تراه قد قال: "لااله الا الله" يريد بذلك وجه الله" فەرمووی وامەڵێن ئەی ئەوە نیە ئەڵێ لا اله الا الله لەبەرخاتری خوا، وتیان خوا و پێغەمبەر ئەزانن، بەڵام ئێمە دۆستایەتی و قسەی ئەو کابرایە هەر لەگەڵ مونافیقەکان ئەبینین، پێغەمبەریش ﷺ فەرموی:" فإن الله قد حرم على النار من قال :" لا اله الا الله يبتغي بذلك وجه الله " بەڵام بزانن خوا ئاگری لەسەر کەسێك

قەدەغەکردوە لەبەرخاتری خوا وتبێتی لا اله الا الله." رواه البخاري 1186 ومسلم 33

* ئیمامی شافیعی و جگەلەویش هێناویانە لە عبیدالله‌ی کوڕی عدي بن الخيار کەوا پیاوێك بەنهێنی قسەی دەکرد لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ و نەمان ئەزانی چی دەڵێن تاکو پێغەمبەر ئاشکرای کرد ﷺ کەوا زانیمان ئەو پیاوە مۆڵەتی وەرئەگرت لەپێغەمبەر ﷺ بۆ کوشتنی پیاوێ لە مونافیقەکان پێغەمبەریش ﷺ پێی فەرموو :" أليس يشهد ألا إله إلا الله؟ قال: بلى، ولا شهادة له، قال: أليس يصلي؟ قال: بلى، ولا صلاة له. فقال النبي ﷺ :" أولئك الذين نهاني الله عنهم" فەرمووی: ئایا ئەو پیاوە شایەتمان ناهێنێ کابرا وتی بەڵێ بەڵام شایەتمان سوودی پێ ناگەیەنێ، پاشان پێغەمبەر ﷺ فەرمووی ئایا ئەو پیاوە نوێژ ناکات ؟ کابرا ووتی بەڵێ بەڵام ئەو نوێژە هیچ سوودی پێناگەیەنێ، پێغەمبەریش ﷺ ئا ئەو جۆرە کەسانە خوا ڕێگری لێ کردوم بیانکوژم." (بڕوانه الأم كتاب الحدود وصفة النفي، باب مايحرم به الدم من الإسلام 6/ 147-146)

* هەروەها لەبوخاری و مسلم بەسەرهاتی حاطەبی کوڕی ئەبی بەلتەعە هاتووە کەنهێنیەکی پێغەمبەری ﷺ بەنامەیەك ئاشکرا کرد بۆ کافرەکانی قوڕەیش ئەم کارەی لەسەر ئاشکرابوو، عومەری کوڕی خەتاب یش ووتی

ئەی پێغەمبەری خوا مۆڵەتم بدە بدەم لەملی ئەو مونافقە پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی:" إنه قد شهد بدراً"

ئاخر ئەو پیاوە بەشداری جەنگی بەدری کردوە ".البخاري 4274 و مسلم 2494

هەروەها لە ڕوداوی ئیفك پێغەمبەر ﷺ ووتارێکیدا و فەرمووی " من يعذرني في رجل قد بلغ أذاه في أهل بيتي" کێ پاساوم بۆ دێنێتەوە لەدژی کەسێك کەئازاری داوم و قسەی بەیەکێك لەخێزانەکانم ووتوە، سوێند بەخوا جگە لەچاکە هیچم لەخێزانم نەبینیوە، ئیتر سەعدی کوڕی موعاذی ئەنصاری هەستا ووتی:ئەی پێغەمبەری خوا من پاساوت بۆ دەهێنمەوە، ئەگەر ئەوکەسە لەئەوسە خۆم لەگەردنی ئەدەم، ئەگەر لەبرا خەزرەجیەکانمانە ئەوا فەرمانبدە جێبەجێی ئەکەین، لەوکاتەدا سەعدی کوری عوبادە کە گەورەی خەزرەجیەکان بوو پیاوێکی چاك بوو دەمارگیری پاڵی پێوەنا بەسەعدی کوری موعاذی ووت:درۆ دەکەیت سوێند بەخوا ناتوانیت بیکوژیت، پاشان ئوسەیدی کوری حوضیر هەستایە سەرپێ کە ئامۆزای سەعدی کوڕی موعاذبوو بەسەعدی کوری عوبادەی ووت: تۆ درۆ دەکەیت سوێند بەخوا دەبێت بیکوژین تۆ مونافقی و بەرگری لەمونافقەکان دەکەی، پێغەمبەریش ﷺ هەر لەسەر مینبەربوو هەر هەولیشی ئەدا ئارامیان بکاتەوە تاکو ئارام بونەوە." البخاري 4141 مسلم 2770

* هەروەها جابر دەیگێڕێتەوە موعازی کوری جەبەل لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ نوێژی جەماعەتی ئەکرد پاشان ئەهاتە ناو قەومەکەی و نوێژی بۆ کردن لەنوێژەکە سورەتی بەقەرەی خۆیند پیاوێك تاقەتی نەبوو نوێژەکەی بڕی بۆخۆی نوێژی کرد بەکورتی پاشان هەواڵی ئەم پیاوە بەموعاذ درا موعاذیش وتی: ئەوە منافقە، ئەم قسەیە بەپیاوەکە گەیشتەوە و ئەو پیاوە هاتە خزمەت پێغەمبەر ﷺ وتی ئەی پێغەمبەری خوا ئەی خەڵکانێکین بەدەستی خۆمان کرێکاری ئەکەین وئاوی باخەکانمان ئەدەین دوێنێ موعاذ پێش نوێژی بۆمانکرد سورەتی بەقەرەی خۆیند منیش نەمتوانی و بەکورتی بۆخۆم کردم بۆیە واگومانی پێم برد کە من منافقم، پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی :" یامعاذ أفتانُ ٌ أنت " سێ جار بەموعازی ووت ئەوە تۆ خەڵکی توشی فیتنە ئەکەی." رواه البخاري 6106 مسلم 465

هەروەها ڕوداوەکەی ئوسامە لەغەزایەکدا لەگەڵ کافران دەڵێ هێرشم کردە سەر موشریکێ و هاتمەسەری وتی لا اله الا الله منیش بەتیرەکەی دەستم بریندارم کرد تاکوشتم، جا کاتێ هاتینەوە بۆ لای پێغەمبەر ﷺ فەرمووی:" یا أسامة أقتلت بعدما قال: لا إله إلا الله " ووتی ئەی ئوسامە ئایا کوشتت دوای ئەوەی ووتی لا اله الا الله، منیش وتم ئاخر ئەو لەترسا وای ووت، بەردەوام پێغەمبەر ﷺ سەرزەنشتی دەکرد وای پێ ئەوت، بەجۆرێ

خۆزگەم ئەخواست پێش ئەو ڕۆژە موسڵمان نەبومایە" رواه البخاري 4269 مسلم 96

هەروەها فەرمودەکەی میقداد کەفەرمووی ئەی پێغەمبەری خوا ئەگەر لەگەڵ پیاوێ لەکافران جەنگام و دەستێکی لێ کردمەوە پاشان خۆی دایە پاڵ داربڵك وتی : ئەوە تەسلیم بووم بۆ خوا ، ئایا دوای ئەوەی ئەو قسەیەی کرد بۆم هەیە بیکوژم ئەی پێغەمبەری خوا ؟ پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی: مەیکوژە، منیش ووتم: ئاخر ئەو دەستێکمی بڕیەوە پاشان ئەو قسەیەی کرد، پێغەمبەریش ﷺ فەرموی" مەیکوژە، ئەگەر بیکوژی ئەوا ئەو دەچێتە شوێنی تۆ پێش ئەوەی ئەو بکوژی و تۆش دەچیتە شوێنی ئەو پێش ئەوەی ئەو قسەیە بکات" البخاري 4019 مسلم 95

هەروەها ڕوداوەکەی خالیدی کوڕی وەلید کاتێك لەگەڵ دەستەیەك لەموجاهیدان هێرشیان کردە سەر بەنی جوذەیمە و کۆمەڵێکی لێیان کوشت کەوتیان: " صبأنا " نەیانزانی بڵێن موسڵمان بوین وتیان صبأنا، ئەوەبوو پێغەمبەر ﷺ دواتر خوێنەکانیانی دا و فەرمووی " خوایە من بەریم لەو کارەی خالید ئەنجامیدا" البخاري 4339

هەروەها لەڕوداوێکی تردا پێغەمبەر ﷺ دەستکەوتی جەنگی دابەش ئەکرد و پیاوێ لەوێ بوو بەپێغەمبەری ووت لەخوا بترسە ئاوا دابەشی مەکە...خالیدی کوڕی وەلید ووتی ئەی پێغەمبەری خوا ڕێگام بدە بدەم

لەملی؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی:" نا بەڵکو نوێژ بکات " خالید ووتی : زۆر نوێژ خوێن هەیە هەر بەزمانی نوێژ ئەکات و لەدڵیەوە نیە، پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی:" إني لم أومر أن أُنقب عن قلوب الناس، ولا أشق بطونهم " البخاري 4351 مسلم 1064

لەسەرجەم ئەم فەرموودانە عوذر پێدانی پێغەمبەر هەیە ﷺ بۆ هەموو ئەو کەسەکانە بۆ مالیکی کوری دوخشن وە بۆ ئەو پیاوەی داوای مۆڵەتیان کرد بیکوژن وە بۆ ئەو پیاوەی پێی ووت لەخوا بترسە وە بۆ حاطەبی کوڕی ئەبی بەلتەعە و بۆ سەعدی کوری عوبادە، هەروەها عوذری بەوانەش دا کەقسەیان کرد لەسەر مالیکی کوڕی دوخشون و ئەوانەی داوای کوشتنی پیاوەکەیان کرد و خالیدی کوڕی وەلید و عومەری کوڕی خەتاب و ئوسەیدی کوڕی حوضیر و موعاذ و میقداد لەگەڵ ئەوەی تەکفیری کەسانێکیشیان کردبوو کەکافرنەبوون.

[بەڵگەی دەیەم]

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ " من حلف بغير الله فقد أشرك" هەرکەسێك سوێند بخوات بەغەیری خوا ئەوا هاوبەشی بۆ خوا بڕیارداوە، سابت بووە کەوا پێغەمبەر

ﷺبیستویەتی چەن کەسانێك لەهاوەڵەکانی سوێندیان بە باوکیان خواردوە پێش ئەوەی ئەو بەو قەدەغەکردنەی پێغەمبەر ﷺ بزانن پێغەمبەریش ﷺ پاساوی پێدان بەهۆی ئەوەی پێش زانین بووە .

ئیمامی بوخاری لەصەحیحەکەی دا ئاماژەی بەمەکردوە و لەژێر ناونیشانی (باب من أكفر أخاه بغير تأويل فهو كما قال) واتە باسێك دەربارەی کەسێك برایەکی تەکفیربکات بەبێ تەئویل ئەوا خۆی کافر ئەبێت، پاشان بابێکی تری باسکردوە و دەڵێت (باب من لم يرى إكفار من قال ذلك متأولاً أو جاهلاً) "باسێك بەناونیشانی تەکفیرنەکردنی کەسانێك کوفر بکەن بەهۆی نەزانی وتەئویل" جا ئیمامی بوخاری لەم باسەدا چەند فەرمودەیەك دێنێتەوە کە هاوەڵان تۆمەتی نیفاقیان داوەتە پاڵ کەسانێ بەهۆی تەئویل، لەوانە فەرمودەکەی ابن عمر باس دەکات کەوا پێغەمبەر ﷺ دەگات بەکاروانێك کە عومەری کوری خەتابیان لەگەڵ و سوێند ئەخوات بەباوکی پێغەمبەریش ﷺ دەفەرمێت:" ألا إن الله ينهاكم عن الحلف بآبائكم " واتە: ئاگادارین بەڕاستی خوا ڕێگریتان لێ دەکات سوێند بخۆن بەباب و باپیرتان ".

ئیمام ابن حجر لەفەتح الباري[653] دەڵێت: لكن لما كان حلف عمر بذلك قبل أن يسمع النهي كان معذوراً فيما صنع"...
دەڵێت: چونکە سوێند خواردنەکەی عومەر پێش ئەوەبوو گوێ بیستی قەدەغەکە بێت عوذری هەبوو لەو سوێند خواردنەی بەغەیری خوا".

[بەڵگەی یانزەیەم]

لەو شوێنەوار و بەڵگانەی تر کە هاتووە دەربارەی عوذر پێدان ئەوەیە کە کەنیزەکێك لەسەردەمی عومەری کوڕی خەتتاب ڕەزای خوای لێ بێت زینای کرد، دەستگیریان کرد و لێیان پرسی بۆچی زیناتکرد لەوەڵامەکەیدا دەرکەوت کەنەیزانیوە زینا حەڕامە، ئیمامی عومەر ڕاوێژی بەگەورەکانی هاوەڵان کرد، ئیمامی عوثمان فەرمووی " إنما الحد على من عَرَفَهُ، وأراها تستهل به" فەرمووی: حەد وسزادان بۆ کەسێکە کە بزانێت." سنن البيهقي، كتاب الحدود 8 /238-239

شێخ عبدالرحمن اليماني لەتەعلیقیدا لەسەر ئەم ڕوداوە ئەڵێت:"

لەمە ئەوە وەردەگیرێت کە وایان زانیوە بۆ کەنیزەك زیناکردن حەڵاڵە لەگەڵ ئەوەشدا عوذریان پێدا و تەکفیریان نەکرد و حەدیان لێ نەدا."[رسالة العبادة 930]

سەرەڕای ئەوەی زۆربەی خەڵکی عەوام عوذری هەیە مادام پشتکردوو و کەمتەرخەم نەبوبێت عوزریان هەیە بەنەزانی و بەهۆی ئەوەی ئیقامەی حوجەیان لەسەر نەکراوە، بەڵام ئەبێ ئەوەش لەیاد نەکەین هەرکەسێك خوای گەورە زانستێکی پێ بەخشیبێت فەرزە لەسەری بۆ خەڵکی عەوام ڕاستیەکان ڕوون بکاتەوە و حوجەی خوایان لەسەر بچەسپێنێت و ئاگاداریان

بکاتەوە لەو کارە کوفریانەی ئەیکەن، ئەگەرنا گوناحی هەموو ئەوانەی ئەکەوێتە ئەستۆ بەتایبەت ئەگەر ڕازی بێت بەو ووتە و کارە کوفریانە و ئەو کارانە سەربخات و پشتیوانی لێ بکات یان دژایەتی کەسانێ بکات کە ئینکاری لێ دەکەن و ناویان بزڕێنێت.

وعن معاذ بن جبل أنه أتى الشام فرأى النصارى يسجدون لأحبارهم وعلمائهم وفقهائهم فقال لأي شيء تفعلون هذا قالوا هذه تحية الأنبياء قلنا فنحن أحق أن نصنع بنبينا صلى الله عليه وسلم فلما قدم على النبي صلى الله عليه وسلم سجد فقال ما هذا يا معاذ قال إنى أتيت الشام فرأيت النصارى يسجدون لأساقفتهم وقسيسيهم ورهبانهم وبطارقتهم ورأيت اليهود يسجدون لأحبارهم وفقهائهم وعلمائهم فقلت أي شيء تصنعون هذا وتفعلون هذا قالوا هذه تحية الأنبياء قلت فنحن أحق أن نصنع بنبينا فقال نبي الله صلى الله عليه وسلم أنهم كذبوا على أنبيائهم كما حرفوا كتابهم لو أمرت أحداً أن يسجد لأحد لأمرت المرأة أن تسجد لزوجها من عظم حقه ولا تجد امرأة حلاوة الإيمان حتى تؤدى حق زوجها ولو سألها نفسها وهى على ظهر قتب . رواه بتمامه البزار وأحمد باختصار ورجاله رجال الصحيح وكذلك طريق من طرق أحمد وروى الطبراني بعضه أيضاَ. قلت: وهو في المسند(381/4) بدون سجود معاذ, ورواه ابن حبان (1390) عن أبي أوفى وفيه سجوده للنبي صلي الله عليه وسلم وابن ماجه عنه(1853)وإسناده صالح.

وقال الشوكاني في نيل الأوطار(361/6): وأخرج قصة معاذ المذكورة في الباب البزار بإسناد رجاله رجال الصحيح وأخرجها أيضاً البزار والطبراني بإسناد آخر

وفيه النهاس بن قهم وهو ضعيف وأخرجها أيضاً البزار والطبراني بإسناد آخر رجاله ثقات.

وقصة السجود ثابتة من حديث ابن عباس عند البزار ومن حديث سراقة عند الطبراني ومن حديث عائشة عند أحمد وابن ماجه ومن حديث عصمة عند الطبراني وعن غير هؤلاء. قلت وأخرجه أيضاً عبدالرزاق (20596)من حديث معاذ ولم يذكر سجود معاذ.

قال الشوكاني بعد أن ذكر حديث ابن أبي أوفى :

وفي هذا الحديث دليل على أن من سجد جاهلاً لم يكفر.نيل الأوطار363/6)

واته: موعاذی کوری جەبەل چووە شام و نەصرانیەکانی بینی سوجدە ئەبەن بۆ زانا و شەرعزانەکانیان موعاذ ووتی: ئەوە بۆچی ئەم کارە ئەکەن ؟ وتیان ئەمە سلّاو وڕێزی پێغەمبەرانە، ئێمەش وتمان ئێمە لەپێشترین کاری ئەوا بکەین بۆ پێغەمبەرەکانمان، جا کاتێ موعاذ گەڕایەوە و سوجدەی برد بۆ پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم، پێغەمبەریش فەرمووی: ئەمە چی یە ئەی موعاذ ؟ ئەویش ووتی: نەصرانی و جولەکەکانم بینی سوجدەیان ئەبرد بۆ زانا و شەرعزان و بەتریقەکانیان وتم بۆچی ئەم کارە ئەکەن؟ وتیان ئەمە سلّاو ڕێزی پێغەمبەرانە، ئێمەش وتمان ئێمە لەپێشترین کاری لەم جۆرە ئەنجام بدەین بۆ پێغەمبەرەکەمان، پێغەمبەریش صلی الله علیه وسلم فەرمووی: درۆ ئەکەن بەدەم پێغەمبەرەکانیان هەروەك چۆن کتێبەکانیان گۆڕی، وە ئەگەر من

فەرمانم بەکەسێك بکردایە سوجدە بۆ کەسێك بات لەغەیری خوا ئەوا فەرمانم ئەکرد بەژن سوجدە بۆ مێردەکەی بات بەهۆی زۆری و گەورەیی مافی پیاو بەسەر ژنەکەی، وە ژن تامی ئیمان ناکات تاکو مافی پیاو نەدات ئەگەر چی پیاوەکەی داوای لێ بکات لەسەر تەنوریش بێت).

بەزار و ئەحمەد ریوایەتیان کردوە رجالەکانی صەحیحن وە لەرێگای الطبرانیش ریوایەت کراوە، وە ابن ماجه و ابن حبان ریوایەتیان کردوە له ابن أبی أوفی بەسەندێکی صالح.

وە ئیمامی شەوکانی دەربارەی سەندی فەرموودەکە دەڵێت: ئەم بەسەرهاتەی موعاذ بەزار ریوایەتی کردوە بەسەندێکی صەحیح هەروەها بەزار و تەبەرانیش بەریوایەتێکی تر گیراویانەتەوە کەسەنەدەکەی ثیقەیە.

پاشان ئیمامی شەوکانی دوای ئەوەی فەرموودەکەی إبن أبی أوفی دەگێڕێتەوە دەڵێت: **ئەم فەرموودەیە بەڵگەی ئەوەی تێدایە هەرکەسێك سوجدە بەرێت بۆ غەیری خوا بەنەزانی ئەوا کافر نابێت**).

وە شێخی ئیسلام ابن تیمیة رحمه الله دەربارەی ئەم روداوەی موعاذ دەڵێت:...(ولما رجع معاذ من الشام سجد للنبي صلى الله عليه وسلم. فقال: ماهذا يا معاذ ؟ قال: يارسول الله رأيتهم في الشام يسجدون لأسقافهم , ويذكرون ذلك عن أنبيائهم . فقال : كذبوا عليهم. لو كنت آمراً أحداً أن يسجد

لأحد لأمرت المرآة أن تسجد لزوجها من أجل حقه عليها, يا معاذ إنه لاينبغي السجود إلا لله.

وأما فعل ذلك تديناً وتقرباً فهذا من أعظم المنكرات, ومن إعتقد هذا قربة, وتديناً فهو ضال ومفتر, **بل يبين له أن هذا ليس بدين ولا قربة, فإن أصر على ذلك استتيب فإن تاب وإلا قتل.** (مجموع فتاوى)372/1

دەڵێ: کاتێ موعاذ گەڕایەوە لەشام سوجدەی برد بۆ پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم، ئەویش فەرمووی ئەم کارە چی یە ئەی موعاذ ؟ موعاذیش ووتی: گاورەکانم بینی لەشام سوجدەیان بۆ زاناکانیان ئەبرد و ئەڵێن ئەم کارەمان کاری پێغەمبەرانە، پێغەمبەریش صلى الله عليه وسلم فەرمووی درۆ ئەکەن بەناوی پێغەمبەران، وە ئەگەر من فەرمانم بکردایە بەکەسێك سوجدەی بۆ ببرێت ئەوا فەرمانم ئەکرد بەژن سوجدە بۆ پیاوەکەی بات بەهۆی گەورەیی مافی پیاو بەسەر ژنەکەیەوە، بۆیە ئەی موعاذ سوجدە بۆ کەس نابێت ببرێت بێجگە لەخوا.

بەڵام ئەگەر کەسێك سوجدە بەرێت بۆ کەسێکی تر جگە لەخوا بەدین و لەخوا نزیك بونەوەی بزانێت ئەوا گەورەترین خراپە و مونکەرە **جا هەرکەسێك کاری ئاوا بەدین و عیبادەت بزانێ ئەوا ئەو کەسە کەسێکی گومڕا و درۆزنە، ئەم کەسە بۆی روون ئەکرێتەوە کەوا کاری لەم جۆرە بۆ**

غەیری خوا نەدینە و نە نزیك بونەوەیە لەخوا جا ئەگەر هەر سوورِبوو لەسەر ئەم کارەی و وازی نەهێنا ئەوا دەبێت بکوژرێت).

ئەوەتا شێخی ئیسلام ابن تەیمیە دەڵێت هەرکەسێك سوجدە بەرێت بۆ غەیری خوا ئەگەر بۆ سڵاوکردنیش بێت ئەوا گومڕایە و درۆزنە ئەگەر هەر سوور بوو لەسەر ئەو کارەی دوای ئەنجامدانی ئیقامەی حوجە لەسەری ئەوکاتە دەکوژرێ، ئەمە دەقێکی ئاشکرایە کە ئەو کارە کوفرە لەگەڵ ئەوەشدا پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم عوذری نەزانی دا بەموعاذ و تەکفیری نەکرد بەڵکو داوای تەوبەشی لێ نەکرد چونکە کاتێ ئەو کارەی کرد هیچ تاوان و کوفرێکی نەکردبوو چونکە لەو کاتەدا تەکلیفی لەسەر نەبوو چونکە نەزان بوو بەو حوکمە تاکو پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بۆی روون کردەوە جا ئەگەر دوای ئەو رونکردنەوە دوبارەی بکردایەتەوە کافرئەبوو.

کەواتە شیخی ئیسلامیش تەکفیری ئەو کەسەی نەکرد کە بەنەزانین کوفرێك ئەکات وێنەی سوجدە بردن بۆ غەیری خوا کە خیلافی تیانیە سوجدە بردن عیبادەتە و تەنها مافی خوایە بەلام کەنەزان بوو ئەو کەسە فەرمووی بۆی روون ئەکرێتەوە و پێی ئەوترێ ئەمەی تۆ ئەیکەی دین نیە و لەخوا نزیك نابیتەوە بەم کارەت دوای ئەوەی ئەگەر هەروازی نەهێنا ئەوکاتە دەکوژرێت.

باسی سێیەم

[سەلماندنی مەذهەبی پێشەوا ئیبن تەیمیە سەبارەت بەجێگیرکردنی عوذر بەجەهل لەشیرکی گەورە]

دکتۆر سولطان العميري دەڵێت : لایەنە ناکۆکەکان دەبینی بەردەوام لەململانێ دان دەربارەی پرسی بیانوو بەنەزانی لای شێخی ئیسلام وە لێکۆڵینەوە لەبارەیەوە هەر تاقمە دەڵێ بەوتەکەی من دەڵێ، جا بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم کێشە و ناکۆکیە پێویستە لەسەرمان تیشك بخەینە سەر ڕاستی ووتەکاتی چونکە شێخی ئیسلام خاوەن پێگەیەکی مەزنە لە زانستە ئیسلامیەکان و دەستێکی باڵای بووە لە گرنگی دان بەم باسە گرنگە و لەبەهێزترینی ئەوکەسانەیە کە تەئصیلی بابەتەکەی کردوە و بەڵگەکانی بۆ هێناوەتەوە زۆر گرنگ بووە لای ڕونکردنەوەی ئەم باسە هەربۆیە دەیبینی لەم هەموو بابەت و پرسەکانیدا بنەما و ڕێساکانی ئەخاتە ڕوو ئەوکەسەی کەلێکۆڵینەوە و دیراسەتی کردبێت لەووتەکانی پێشەوا ابن تەیمیە و لە تەقریراتەکانی وە لەو بنچینانەی وتەکانی لەسەر بنیات ناوە هەروەها لەجۆری مامەڵەکردنی لەگەڵ موخالیفەکانی لە ئصولی دین و فروعی دین هیچ گومانی نامێنێ لێی ڕوون ئەبێت عوذر بەجەهل دادەنێت لەبابەتەکانی شیرك و ئەو موسڵمانەی کە دەکەوێتە شیرکێکەوە ناوی موسڵمانی لەسەر لاناچێت و ئەحکامەکانی کوفری لەسەر جێگیر نابێت تاکو ئیقامەی حوجەی نەکرێت و جیاوازیش ناکات

دەربارەی ئەم موسڵمانە لەشوێنێکی دووەوە عیلم بێت یان لە وڵاتی موسڵمانان بێت کە جەهل و زانایانی خراپ بەسەریدا زاڵ بن .

جا بیانووی بەهەند وەرگیراو لای شێخی ئیسلام ئەوەیە کە ئەو موسڵمانە دیاریکراوە وەسفی جەهلی موعتبەر لەحەقیدا جێگیربووبێ، هەرموسڵمانێ وەسفی جەهلی موعتەبەر لەحەقیدا جێگیربوبێت ئەگەر بەهۆی کەمتەرخەمی و هەواو ئارەزوو نەبوبێت لەهەر بابەتێ بێك یەکسانە بابەتی شیرك بێت یان هەربابەتێ ئەوا کافر ناکرێت و لەبازنەی ئیسلام دەرناهێنرێت و بڕیاری کافربونی نادرێت تاکو ئیقامەی حوجەی لەسەر نەکرێت، وە ئەم باسەش دەیان بەڵگەی لەسەرە لەووتەکانی شێخ وبەڕێگای جیاواز ، لەو ڕێگا جیاوازانە :

ڕێگای یەکەم: تەنصیص کردنی و دیاریکردنی کە جەهل عوذرە لەهەموو مەسائیلەکانی دین جا لەمەسائیلەکانی عەقیدە بێت یان کردەوە جا یەکسانە لەمەسائیلەکانی ئصولی دین بێت یان فروعی دین، جا لەوتەکانیشی کە بەم مانایە دەری ببڕێ ئەم وتەیەیە

: قوله :" هذا مع أني دائمًا ومن جالسني يعلم ذلك مني : أني من أعظم الناس نهيا عن أن ينسب معين إلى تكفير وتفسيق ومعصية ، إلا إذا عُلم أنه قد قامت عليه الحجة الرسالية التي من خالفها كان كافرا تارة وفاسقا أخرى وعاصيا أخرى , وإني أقرر أن الله قد غفر لهذه الأمة خطأها : وذلك يعم الخطأ في المسائل الخبرية القولية والمسائل العملية .." فتاوىابن تيمية (229/3)

دەڵێ: هەموو ئەوانەی لەگەڵم دانیشتوون دەزانن من بەردەوام لەهەموو کەس زیاتر ڕێگری دەکەم لەوەی کەسێکی دیاریکراو تەکفیربکرێ یان تەفسیق بکرێ تەنها کاتێك نەبێت کە بزانرێت ئیقامەی حوجەی لەسەر کراوە کە هەرکەسێك پچەوانەی بکات کافربێت یان فاسق ببێت یان سەرپێچیکار، وەمن جێگیری دەکەم کەاللە لەهەڵەی ئەم ئومەتە خۆشبوە جا ئەم هەڵەیەش هەڵەکردن بێت لەبواری بابەتە هەواڵدانە وتەییەکان یان بابەتە کردەییەکان"

[خطأ پێچەوانەی عەمدە شتێکیش بەعەمدی و ئەنقەست ئەنجام بدرێت ئەوەیە کە بەعیلم و ئیرادەوە ئەنجام بدرێت هەربۆیە هەرکەسێك بکەوێتە ناو کارێکی کوفرەوە بەبێ ئەوەی ویستی ئەو کارەی هەبێ و بزانێ ئەو کارە کوفرە ئەوا عوذری پێ ئەدرێت بەهەڵە و خطأ لەقەڵەم دەدرێت، چونکە عیلمی نەبوە کە موخالەفەی حوجەی کردوە ئەوا عوذر دەدرێ بەنەزانیەکەی

و بەخطأیش هەژماردەکرێت چونکە عەمدی نەبوە لەکارەکەیدا بەهۆی ئەوەی نەزان بوە]

پاشان شێخی ئیسلام دوای ئەوەی قاعیدەی عوذر بەجەهلی بڕیاردا دەڵێت :" وهكذا الأقوال التي يكفر قائلها قد يكون الرجل لم تبلغه النصوص الموجبة لمعرفة الحق , وقد تكون عنده ولم تثبت عنده أو لم يتمكن من فهمها , وقد يكون قد عرضت له شبهات يعذره الله بها , فمن كان من المؤمنين مجتهدا في طلب الحق وأخطأ فإن الله يغفر له خطأه كائنا ما كان , سواء كان في المسائل النظرية أو العملية" , وذكر أن هذا التأصيل هو" الذي عليه أصحاب النبي e وجماهير أئمة الإسلام " فتاوى , ابن تيمية (346/23)

دەڵێت:بەهەمان شێوەیە ئەو وتە کوفریانەی خاوەنەکەی پێ کافر ئەبێت، بەڵام ئەشێت ئەو کەسە دەقە شەرعیەکانی پێنەگەیشتبێ کەحەقی پێ دەناسێنن، یان ئەشێت دەقەکانی لابێ بەڵام ثابت نەبوبێت لەلای یان نەیتوانی بێت لێی تێبگات، یان ئەشێت توشی چەن شوبهەیەك بوبێت الله عوذری پێ بدات، بۆیە هەرکەسێك لەبڕوادارانتێبکۆشێت بۆ داواکردنی حەق و هەڵەبکات ئەوا خوا هەڵەکەی لێ خۆش ئەبێ هەرکەسێ بێ لەبابەتی عەقیدە

بێ یان کردەوە وەدەڵێت ئەم تەئصیل و بنچینەیەیە کە هاوەڵانی پێغەمبەری ﷺ و جەماوەری پێشەوایانی ئیسلامی لەسەرە."

هەربۆیە شێخی ئیسلام ابن تەیمیە لەم دەقانە دەیسەلمێنێ کە جەهل عوذرە لەهەموو بابەتەکان یەکسانە لەبابەتی عەقیدە بێت یان کردەوە، جا ئەگەر باوەڕی وابوایە بابەتەکانی شیرك یان بابەتە ئاشکراکان داخلی عوذر پێدان بەجەهل ناکرێت ئەوا ئاماژەی پێ ئەدا و ڕوونی ئەکردەوە چونکە شوێنەکەی ئەوە دەخوازێت، چونکە ئەم قسەیەی کرد لەکاتی بەیان کردنی مەوقیفی خۆی دەربارەی کەسە موخالیفەکانی وە هات بنچینەکانی خۆی ڕوونکردەوە لە چۆنێتی بڕیاردانی لەسەریان وە بەشێوازێك ووتی کە دەلالەت ئەکات لە "عموم" گشتی بوون وە ئەم شوێنەش ئەوە دەخوازێ بەتەفصیل باسی بکردایە بەڵام هیچ یەکێك لەوانەی نەکرد، هەربۆیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی بابەتە ئاشکراکان و بابەتی شیرك دەرناچێت لەم حوکمە کە سەلماندوویەتی.

ڕێگای دووەم: شێخی ئیسلام ابن تەیمیە قاعیدەی تەکفیر و قاعیدەی وەعیدی یەکسان کردوە بەیەکتر، ڕونیکردۆتەوە کە لەهەمان ڕەگەزی یەکترن و هەمان مەرجی یەکتریان هەیە، چەندین جار دوبارەی دەکاتەوە کە تەکفیری ڕەهاکان وەکو هەڕەشەی ڕەهاکانە حوکمەکانیان بەسەر کەسی

دیاریکراو جێبەجێ نابێت تەنها بەبوونی مەرجەکان و لابردنی ڕێگریەکان نەبێت، وتەکانیشی دەربارەی ئەم مانایەئەوەیە کاتێ هەڵوێستی پێشەوایان و وتەکانیان باس ئەکات دەربارەی جەهمیەکان دەڵێت:" فإن التكفير المطلق مثل الوعيد المطلق لا يستلزم تكفير الشخص المعين حتى تقوم عليه الحجة التي تكفر تاركها" الاستقامة , ابن تيمية (164/1) , وانظر : منهاج السنة , ابن تيمية (240/5) .

دەڵێ: بەڕاستی تەکفیرکردنی ڕەها وەك هەڕەشە ڕەهاکان وایە و تەکفیرکردنی کەسی دیاریکراو ناوخوازێت تاکو ئیقامەی حوجەی لەسەردەکەیت کە ئەو کەسەی وازی لێهێناوە کافر ببێت."

هەروەها لەدوای باسکردنی وتەکانیان دەڵێت:" فهذه المقالات هي كفر , لكن ثبوت التكفير في حق الشخص المعين موقوف على قيام الحجة التي يكفر تاركها , وإن أطلق القول بتكفير من يقول ذلك فهو مثل إطلاق القول بنصوص الوعيد مع أن ثبوت حكم الوعيد في حق الشخص المعين موقوف على ثبوت شروطه وانتفاء موانعه , ولهذا أطلق الأئمة القول بالتكفير مع أنهم لم يحكموا في عين كل قائل بحكم الكفار"

بغية المرتاد , ابن تيمية (353) , وانظر : الفتاوى (372/10) .

دەڵێ: ئەم وتانەیان کوفرە، بەڵام جێگیربونی بونی تەکفیرکردنی کەسی دیاریکراو وەستاوە لەسەر ئیقامەی حوجە، ئەگەریش وتەیەک بەڕەهایی بوترێ دەربارەی کافربونی کەسێ کە وابڵێ ئەمە هەروەك ئەو دەقانەیە کە بەڕەهایی هەڕەشە دەکەن لەگەڵ ئەوەشدا ثابت بونی حوکمی ئەو هەڕەشانە لەسەر کەسی دیاریکراو پەیوەستە و وەستاوە لەسەر جێگیربونی مەرجەکانی و لابردنی ڕێگریەکانی، هەربۆیە پێشەوایان کە بەڕەهایی تەکفیریان کردوە نەچوونە حوکم بدەن بەسەر هەموو کەسێکی دیاریکراو کە ئەو قسە کفریانە ئەڵێت بەحوکمی کافربوون."

ڕێگای سێیەم: جەختکردنەوەی شێخی ئیسلام لەسەر ئەوەی قاعیدەی عوذر بەجەهل هەموو ئەوانە دەگرێتەوە جەهل ی معتبریان هەبێت، هەربۆیە دەڵێت هەرکەسێك کارێك ئەنجام بدات کە کوفر بێت یان شیرك بێت حوکمی کوفر بەسەر خاوەنەکەی نادرێت کە نەزان بێت، بەڵگەش لەسەر ئەم وتانەی کاتێ قاعیدەی تەکفیری گشتی و عام باس ئەکات و باسی هەندێ لە ئەحکامەکانی سزادان ئەکات لەشەریعەت.

دەڵێت :" وإذا عرف هذا فتكفير المعين من هؤلاء الجهال وأمثالهم - بحيث يحكم عليه بأنه من الكفار - لا يجوز الإقدام عليه إلا بعد أن تقوم على أحدهم الحجة الرسالية التي يتبين بها أنهم مخالفون للرسل وإن كانت هذه المقالة لا ريب أنها كفر , وهكذا الكلام في تكفير جميع المعينين , مع أن بعض هذه البدعة أشد من بعض , وبعض المبتدعة يكون فيه من الإيمان ما ليس في بعض , فليس لأحد أن يكفر أحدا من المسلمين وإن أخطأ وغلط حتى تقام عليه الحجة وتبين له المحجة , ومن ثبت إيمانه بيقين لم يزل ذلك عنه بالشك ؛ بل لا يزول إلا بعد إقامة الحجة وإزالة الشبهة "فتاوى , ابن تيمية (500/12)

.

دەڵێ: ئەگەر ئەمە زانرا، ئەوا تەکفیرکردنی کەسی دیاریکراوم لەو کەسە جاهیلانە و هاوشێوەکانیان کە حوکم بدەیت بەسەریان بەوەی کافرن جائیز نیە دەسپێشخەری بۆ بکەی تەنها کاتێ نەبێت ئیقامەی حوجەت کردبێ لەسەریان و بۆیان ڕوون ئەبێتەوە کە پێچەوانەی پێغەمبەرانیان کردوە ئەگەرچی قسەکانیان گومانی تیانیەکە کوفرە، ئەم قسەیەشمان دەربارەی هەموو کەسە دیاری کراوەکانە، ئەگەرچی هەندێ بیدعە خراپترن لەهەندێکی تریان، هەندێ لەموبتەدیعەکان هەیە ئیمانیان زیاترە لەهەندێکی تریان بۆیە بۆهیچ یەکێك نیە هیچ یەکێ لەموسڵمانان تەکفیربکات ئەگەرچی هەڵەبکات و غەڵەت بکات تاکو ئیقامە حوجەی لەسەر نەکرێت و بەڵگەی بۆ ڕوون نەکرێتەوە،

هەرکەسێك ئیمانی بەدڵنیاییەوە جێگیربوبێ لەسەری لاناچێت بەگومان، بەڵکو کاتێ لادەچێ کە ئیقامەی حوجەی بکرێت و شوبهەکانی بڕەوێتەوە."

هەروەها لێرە بەنەص و دیاریکردن دەڵێت لەهەموو بابەتەکانی دین حوکمەکانی کافربون جێگیرنابێت لەسەر کەسی جاهیل تاکو ئیقامە حوجەی لەسەرنەکرێت، هەروەك لەتەعلیقێکی لەسەر وتەکەی ابن قودامە دەڵێت :" فمن جحد وجوبها – أي الصلاة - بجهله عرف ذلك , وإن جحدها عنادا كفر " , قال : " هذا أصل مطرد في مباني الإسلام الخمسة , وفي الأحكام الظاهرة المجمع عليها إن كان الجاحد لذلك معذورا مثل أن يكون حديث عهد بالإسلام أو قد نشأ ببادية هي مظنة الجهل بذلك , لم يكفر حتى يعرف أن هذا دين الإسلام ؛ لأن أحكام الكفر والتأديب لا تثبت إلا بعد بلوغ الرسالة , لا سيما فيما لا يعلم بمجرد العقل" شرح عمدة الفقه (كتاب الصلاة) , ابن تيمية (51) .

دەڵێ: هەرکەسێ ئینکاری واجب بونی نوێژبکات بەهۆی نەزانی خۆی بۆی ڕون ئەکرێتەوە دوای ئەوە ئەگەر ئینکاری لێ کرد کافرئەبێت، وە دەڵێ: ئەمە بنچینەیەکی گشتیە بۆ هەر پێنج پایەکەی ئیسلام وە هەروەها بۆ هەموو ئەو حوکمە ئاشکرایانەی کە ئیجماعی لەسەرە هەروەها کەسی نکۆڵیکار عوذری هەیە بەوەش هەیە کە تازە موسڵمان بووبێ یان لەشوێنێ گەورە بوبێشوێنی نەزانی بێ وعیلمی لێ نەبێ، بۆیە ئەم کەسە تەکفیرناکرێت تاکو پێی دەوترێ

ئەمەیە دینی ئیسلام چونکە حوکمەکانی کوفر و تەمبێ کردن ناجەسپێت تەنها دوای گەیشتنی ڕِیسالەنەبێت بەتایبەت ئەوشتانەشی کە تەنها بەعەقڵ نازانرێت"

ڕِێگای چوارەم: شێخی ئیسلام بەدیاریکردن دیاری بکات هەرکەسێ کارێکی شیرکی ئەنجام بدات نەزانێ کە ئەو کارە شیرکە ئەوا کافرنابێت و وەسفی موسڵمان بونی لەسەر لاناچێت ، ئەم مانایەش لەزۆرێك لەوتەکانی شێخی ئیسلام هاتووە وە لەچەندین بارودۆخی جۆراوجۆر جارێك لەکاتی تەئصیلکردنی بۆبابەتەکانی بیانووپێدان وە جارێك لەکاتی وەڵامدانەوەی بۆ پرسیاریکی تایبەتی ئەو شوێنانەشی ئەم مانایەی تێدا جێگیرکردوە ئەمانەن :

شوێنی یەکەم : پرسیاری لێ دەکرێ دەربارەی کەسێ هانا وهاواربەرێ بۆ قەبرێك ، بڕِیاردەدات ئەگەر ئەو کەسە نەزان بێت کافر نابێت ، پرسیارکەرێ لێ دەپرسێت و دەڵێ
پێشەوایانی عیلم ودین خوا لێیان ڕِازی بێ چی دەڵێن دەربارەی خەڵکانێ تعظیمی شێخەکان دەکەن لەکاتی ناخۆشیدا هانا وهاوار وداوای فریاکەوتنیان لێ دەکەن لەوان دەپڕِێنەوە و دەکروزێنەوە و زیارەتی قەبرەکانیان دەکەن و ماچی دەکەن و تەبەروك و بەخۆڵەکەی دەکەن بەدرێژایی شەو چرای لەسەر

دادەنێن مەوسیمی زیارەت کردنی بۆ دادەنێن و لەشوێنە دورەکانەوە سەردانی دەکەن و شەوەکانی زیندوو دەکەنەوە وەکو جەژنی لێ دەکەن ونەزری بۆ دەکەن و نوێژی لەلا دەکەن ئایا ئەم کارانە حەڵاڵە بۆ ئەو خەڵکە یان حەرامە یان باش نیە ؟ ئایا جائیزە ئەو شێخانە دان بنێن بەمانە کەبۆیان دەکرێ یان دەبێ ڕێگریان لێ بکەن ؟ چی واجبە لەسەر شێخەکان کە فێری موریدەکانیان بکەن وەسێتیان بکەن ؟ ئایا جائیزە بۆیان ڕێگە بدەن ئاگر و مار بەکاربهێنن ؟ وەچی پێویستە لەسەر مەلای ئەو مزگەوتانەی ئەچنە ئەو شوێنانە و موافەقەیان ئەکەن لەسەر ئەو کارانەیان ؟ وە لەسەر کاربەدەستانیش چی پێویستە دەرحەق بەوانە بیکات وەڵامان بدەنەوە خوا پاداشتتان بداتەوە؟؟؟

[ئەمە پرسیارێکی گرنگە لەبابەتی عوذر بەجەهل لەمەسەلەی شیرك چونکە پرسیار دەکات لەهەمان ئەو کارانەی قەبرپەرستەکان ئەیکەن لەم سەردەمەی خۆمان وەکو هانا و هاوارکردن بۆ قەبرەکان لەکاتی ناخۆشی]

شێخی ئیسلام ابن تەیمیە وەڵامی دانەوە بەوەڵامێکیدورودرێژ و ووتی :" الحمد لله رب العالمين , من استغاث بميت أو غائب من البشر بحيث يدعوه في الشدائد والكربات , ويطلب منه قضاء الحوائج , فيقول : يا سيدي الشيخ فلان أنا في حسبك وجوارك , أو يقول عند هجوم العدو : يا سيدي فلان يستوحيه ويستغيث به , أو يقول ذلك عند مرضه وفقره وغير ذلك من

حاجاته : فإن هذا ضال جاهل مشرك عاص لله تعالى باتفاق المسلمين , فإنهم متفقون على أن الميت لا يدعى ولا يطلب منه شيء , سواء كان نبيا أو شيخا أو غير ذلك" .

ووتی: الحمدلله رب العالمين، هەركەسێ داوای فریاکەوتن بکات لەمردوویەك یان لە غائیبێك لەبەشەر بەجۆرێ هاناو هاواری بۆ بکات لەکاتی ناخۆشیەکان، داوای لێ بکات پێویستیەکانی بۆ جێبەجێبکات و بڵێ: ئەی سەیدی و ئەی گەورەم فلّانەشێخ من لەپەنای تۆم یان کاتێ دوژمن هێرش بێنێ ، ئەی سەیدەکەم فلّان کەس داوای لێ بکات فریای بکەوێت یان لەکاتی نەۆش کەوتنی یان لەکاتی فەقیریبدا داوای پێویستیەکانی لێ بکات ئەوا گومڕایە وموشریکە سەرپێچی خوای کردوە بە ئیتیفاقی موسڵمانان ، موسڵمانان کۆکن لەسەرئەوەی هاوار ناکرێت بۆ مردوو و دوای هیچیشی لێ ناکرێت یەکسانە پێغەمبەر بێت یان شێخێ بێ یان هەرکەسێ"

[لێرەدا حوکمی داوای فریاکەوتنی ڕونکردەوە لەقەبرەکان وڕونی کردەوە کەشیرکی گەورەیە پاشان باسی ئەو حاڵەتانەی کرد کە جائیزە داوا بکەی لەمەخلوق و ئەو حاڵەتانەشی جائیز نیە پاشان ئەحکامەکانی زیارەتی گۆڕستانی ڕونکردەوە هەروەها ئەو بیدعانەش کە لای گۆڕەکان دەکرێ، ڕەنگە لای هەندێ کەس ئیشکال لەم وتەیەی ابن تەیمیە دروست بێ کە

دەڵێ فإن هذا ضال جاهل مشرك عاص لله تعالى باتفاق المسلمين" ئەوکەسە گومڕا و موشریکە بەئیتیفاقی موسڵمانان ،یان وتەیەکی تری هەیە دواتر؟باسی ئەکەین کەدەڵێ:"من دعا غير الله وجح إلى غير الله فهو أيضا مشرك" هەرکەسێ هاواربکاتە غەیری اللە بەهەمان شێوە موشریکە، هەندێ کەس وادەزانن ئەم وتانەی مەبەستی پێی کەسی دیاریکراوە بەڵام لەڕاستیدا وانیە چونکە ئەم شێوازە دەربڕینەی دەریدەبڕێ لەتەکفیرکردنی موطلەق شێوازی پێشەوایانی دەربڕینە بەناوی بکەر "إسم الفاعل" بەڵگەش لەسەر ئەمە سیاقی ووتەکانی ابن تەیمیە و تێگەیشتنیەتی لەدەقەکانی پێشەوایان و ئیطلاقاتەکانیان]

پاشان حەقیقەتی ئەو شیرکە ڕون ئەکاتەوە کە موشریکانی عەرەب ئەنجامیان ئەدا لای گۆڕەکان ئەوەش بریتی بووە لەوەی داوای فریاکەوتنیان دەکرد لەخاوەن گۆڕەکان دوای ئەوەی ئەوەی سەلماند دەڵێ

:" وهذا الشرك إذا قامت على الإنسان الحجة فيه ولم ينته , وجب قتله كقتل أمثاله من المشركين , ولم يدفن في مقابر المسلمين , ولم يصل عليه , وأما إذا كان جاهلا لم يبلغه العلم , ولم يعرف حقيقة الشرك الذي قاتل عليه النبي صلى الله عليه وسلم المشركين , فإنه لا يحكم بكفره , ولا سيما وقد كثر هذا الشرك في المنتسبين إلى الإسلام , ومن اعتقد مثل هذا قربة وطاعة فإنه ضال باتفاق

المسلمين , وهو بعد قيام الحجة كافر " جامع المسائل , لابن تيمية , جمع عزير شمس (145/3 – 151) .

دەڵێ" ئائەم شیركە ئەگەر لەسەر خاوەنەكەی ئیقامەی حوجەكرا و وازی نەهێنا پێویستە بیكوژی وەک كوشتنی موشریكەكان و نەدەفنیش نەكرێ لەگۆڕستانی موسڵمانان و نوێژی لەسەر نەكرێ، بەڵام ئەگەر نەزان بوو و عیلمی پێ نەگەیشتبوو و حەقیقەتی شیركی نەدەزانی كە پێغەمبەر قیتالی لەسەركرد، لەم كاتەدا حوكم نادرێ بەكافربونی ، سەرەڕای ئەوەی ئەم جۆرە شیركە زۆربوە لەناو ئەوانەی خۆیان ئەدەنە پاڵ ئیسلام ، وەهەركەسێ بەم شیركە بڵێ لەخوا نزیكبونەوە ئەواگومڕایە بە ئیتیفاقی موسڵمانان و دوای ئیقامە حوجەش كافر ئەبێ"

ئەم فەتوایەش گرنگە لەڕونكردنەوەی ڕاستی بۆچونی ابن تەیمیە دەربارەی حوكمی كەسێ شیرک ئەنجام بدات بەنەزانی لەبەر چەن هۆیەك : -

1- ئەم پرسیارێكی تایبەتە لەخودی ئەو بابەتە دیاریكراوە لێیكراوە، چونكە ئەم وەڵامە نەهاتووە بەشێوەی وتەیەكی گشتی خۆی ، بەڵكو لەوەڵامی پرسیارێكدا هاتووە كەخاوەن پرسیار دەیەوێ ڕاستی حوكمەكە بزانێ دەربارەی ئەوانەی داوای فریاكەوتن ئەكات لەمردووان. فەتواش بەم شێوەیەبێ ڕوونترین ڕێگایە تاكو ڕاستی وتەی موفتیەكەت بۆ دەربخات وە

ئەمەش لەهەموان بەهێزترە تاکو پشتی پێببەستربێت لە دەرهێنان و یەکلاکردنەوەی وتەی زانایەك و بۆچونی ئەو زانایە.

2- ئەمەفەتوایەکی تەفصیلیە دەربارەی حوکمی ئەوانەی داوای فریاکەوتن ئەکەن لەغەیری اللە، وەجیاوازی کردنی ئاشکرای تێدایە لەنێوان حاڵی کەسێکی نەزان و کەسێکی زانا.

3- پرسیارەکە دەربارەی حاڵی کەسانێکە لەموسڵمانان کە هانا و هاوار دەبەن بۆ ئەو شەخصە مردوانە و لەوڵاتێك دەژین کە زانا و مەلاکان فەتوایان بۆ ئەدەن لەشوێنێ نین تازە موسڵمان بووبن یان دووربن لەموسڵمانان، بەڵکو عامە بۆ هەموو ئەوحاڵەتانەی جەهلی تێدا ڕوئەدات ئەگەر چی لە وڵاتێکیش بێ زانایانی تێدابێ ، ئەم تحریرەش زۆرگرنگی هەیە بۆ زانینی بۆچونی ابن تەیمیە.

4- بەڵگەی ئاشکرای ئەوەی تیایە ئەوکەسەی دەکەوێتە ناو شیرکەوە بەنەزانی وەسفی موسڵمانێتێ لەسەر لاناچێت و حوکمەکانی کافربونیشی لەسەر جێبەجێ نابێ چونکە ڕونی کردەوە ئەوکەسەی حەقی بۆ ڕونکرایەوە و وازی نەهێنا ئەوا واجبە بکوژرێ و لەگۆڕستانی موسڵمانانیش نەنێژرێ و نوێژیشی لەسەر

نەکرێ، کەواتە هەرکەسێ حەق بۆ ڕون نەکرابوەوە ئەوا حوکمەکانی کافری لەسەر جێگیرنابێ و ناکۆژرێ و لەگۆڕستانی موسڵمانانیش دەنێژرێ.

شوێنی دووەم: کە شێخی ئیسلام بەدیاری کردن فەرمویەتی دەربارەی عوذر بەجەهل لەبابەتی "إستغاثة" داواکردنی فریاکەوتن لەمردووان کاتێ وەڵامی البكري دەداتەوە و دەڵێ :" فإنه بعد معرفة ما جاء به الرسول نعلم بالضرورة أنه لم يشرع لأمته أن تدعو أحدا من الأموات لا الأنبياء ولا الصالحين ولا غيرهم , لا بلفظ الاستغاثة ولا بغيرها , ولا بلفظ الاستعاذة ولا بغيرها , كما أنه لم يشرع لأمته السجود لميت ولا لغير ميت , ونحو ذلك , بل نعلم أنه نهى عن كل هذه الأمور , وأن ذلك من الشرك الذي حرمه الله تعالى ورسوله , لكن لغلبة الجهل وقلة العلم بآثار الرسالة في كثير من المتأخرين لم يمكن تكفيرهم بذلك حتى يتبين لهم ما جاء به الرسول e مما يخالفه" الاستغاثة في الرد على البكري , ابن تيمية (731) .

دەڵێ: ئێمە دوای ئەوەی ئەودینەمان زانی کەپێغەمبەر صلى الله عليه وسلم پێی ڕەوانەکراوە بەزەڕوڕپە کەبزانین کە پێغەمبەر ڕێگەی نەداوە بەئومەتەکەی هاوار بکەنە هیچ مردویەك نەپێغەمبەران و نەپیاوچاکان و نەغیری ئەوان نە لەفزی فریاکەوتن نەك بەغەیری ئەو لەفزە وە نەبەلەفزی پەناگرتن ونە بەغەیری ئەو لەفزە هەروەها ڕێگەی نەداوە بە ئومەتەکەی سوجدە بەرن بۆ

مردوو یان بۆ غەیری مردوو و هاوشێوەکانی و دەزانین نەهی لەهەموو ئەمانە کردوە و ئەمە ئەو شیرکەیە کە خوا و پێغەمبەرەکەی حەرامیان کردوە، بەڵام بەهۆی بڵاوبونەوەی جەهل و نەزانی و کەمی عیلم بەشوێنەوارەکانی دینی ئیسلام لەلایەن زۆرێك لەپاشینەکانەوە ، لەبەرئەوە ناکرێت تەکفیر بکرێن بەوکارانەیان هەتاکو شەرعی خوایان بۆ ڕوون ئەکرێتەوە و دەزانن پێچەوانەی کارەکەی ئاوانە."

ئەمە وتەی ابن تەیمیەیە کە دەربارەی داواکردنی فریاکەوتن لەمردوان کەشیرکی گەورەیە بەڵام حوکم نادات بەسەر کەسەکان بەکافربونی تاکو ئیقامەی حوجەیان لەسەر نەکرێت و دەیسەلێنێ ئەم عوذرپێدانە هەموو ئەوانە ئەگرێتەوە کە عیلمیان پێ نەگەیشتبێ ئەگەر چی تازە موسڵمانیش نەبوبن.

شوێنی سێیەم: کاتێك پرسیار لەشێخی ئیسلام دەکرێت دەربارەی حوکمی داواکردنی فریاکەوتن لەپێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەڵێت هەرکەسێك داوای فریاکەوتنی لێ بکات لەشتێکدا کەتەنها لەدەسەڵاتی خوادا بێت ئەوا کافرنابێت تاکو ئیقامەی حوجەی لەسەر نەکرێت، پرسیارکەرێ لێ دەپرسێ :" ما تقول السادة العلماء أئمة الدين وفقهم الله لطاعته فيمن يقول : لا يستغاث برسول الله صلى الله عليه وسلم هل يحرم عليه هذا القول وهل هو

كفر أم لا ؟ , وإن استدل بآيات من كتاب الله وأحاديث رسوله صلى الله عليه وسلم هل ينفعه دليله أم لا ؟ , وإذا قام الدليل من الكتاب والسنة فما يجب على من يخالف ذلك ؟ , أفتونا مأجورين ".

دەڵێت : پێشەوایانی دین و عیلم چی دەڵێن دەربارەی ئەوانەی دەڵێن داوای فریاکەوتن ناکرێت لە پێغەمبەری خوا ئایا ئەم قسەیە کوفرە یان نا ؟ ئایا ئەگەر بەڵگە بەقورئان و سونەت بێنێتەوە سودی بۆی ئەبێ یان نا ؟ جا ئەگەر بەڵگە هەبوو لەسەر کەسی موخالیف چی هەیە ؟ وەڵامان بدەنەوە خوا پاداشتتان بداتەوە ؟؟؟

وەڵامی دایەوە بەوەڵامێکی دوورودرێژ لەسەرەتادا ڕونی کردەوە کەوا ثابت بوە شەفاعەت کردنی پێغەمبەر لەڕۆژی قیامەت بەوردی باسی کرد، پاشان چەن جۆرێك لە داواکردنی فریاکەوتنی جائیزی باسکرد پاشان ووتی: :" والاستغاثة بمعنى أن يُطلب من الرسول e ما هو اللائق بمنصبه لا ينازع فيها مسلم , ومن نازع في هذا المعنى فهو إما كافر إن أنكر ما يكفر به , وإما مخطئ ضال . وأما بالمعنى الذي نفاه رسول الله e فهو أيضا مما يجب نفيها , ومن أثبت لغير الله ما لا يكون إلا لله فهو أيضا كافر إذا قامت عليه الحجة التي يكفر تاركها"

فتاوى (1/108 – 112) .

ووتی: داواکردنی ئیستیغاثه و فریاکەوتنێك كه شایەن بێ به پلەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم هیچ موسڵمانێ لەمەدا ناکۆکی نیه، هەرکەسێ لەم مانایه ناکۆکی بکات یان کافره ئەگەر ئەوەی ئینکاری لێ کرد پێی کافربێ ، یان هەڵەکار و گومڕایه. بەڵام ئەو داواکردنه فریاکەوتنەی کەپێغەمبەر نەفی کردوه ئێمەش پێویستی نەفی بکەین، هەرکەسێك شتێ جێگیربکات بۆ جگه له الله که تەنها مافی اللهبێ بەهەمان شێوه ئەمەش کافره ئەگەر ئیقامەی حوجەکرا"

ئەمانه هەمووی وتەی ئاشکرا و صەرِیحه لەووتەکانی شێخی ئیسلام کەوا جەهل عوذر ه لەبابەتەکانی داواکردنی فریاکەوتن له قەبرەکان ، صەرِیحه و ئاشکرایه لەوەی هەرکەسێك ئەوکاره بکات نەزان بێت بەحوکمی کارەکەی جا بەهۆی شوبهه بێ یان بەهۆی پێنەگەیشتنی عیلمی صەحیح بێت ئەوا کافر نابێت وه جیاوازیش ناکرێت لەرِووی تەئصیلی شەرعیەوه بەوەی تازه موسڵمان بوو بێ یان لەوڵاتێکی کوفر و دوور لەعیلم بێ یان لەوڵاتی موسڵمانان بێ ئەصل لەهەموو ئەمانه ئەوەیه هەرکەسێ داوای فریاکەوتن بکات لەمردووان نەزان بێت بەنەزانیەکی معتبر ئەوا حوکمی کوفری لەسەر نادرێت تاکو ئیقامەی حوجەی لەسەر نەکرێت، پاشان دێته سەر ئەوەی چ کاتێ جەهل قبوڵ ئەکرێ و چ کاتێ قبوڵ ناکرێ لەلایەن ئەوکەسانەی بانگەشەی نەزانی بکەن دواتر بەوردی باسی ئەکەین.

شوێنی چوارەم : بەدیاری کردن دەیلێ هەرکەسێ هەڵەبکات لەئەنجامدانی جۆرێك لەجۆرەکانی شیرك وا گومان ببات جائزە بەهۆی نەزانیان ئەوا کافرنابن هەروەك لەم بارەیەوە دەڵێت :" ومنهم من يطلب من الميت ما يطلب من الله ، فيقول : اغفر لي ، وارزقني ، وانصرني ، ، ونحو ذلك كما يقول المصلي في صلاته لله تعالى ، إلى أمثال هذه الأمور التي لا يشك من عرف دين الإسلام أنها مخالفة لدين المرسلين أجمعين ، فإنها من الشرك الذي حرمه الله ورسوله ، بل من الشرك الذي قاتل عليه الرسول صل الله عليه وسلم المشركين ، وأن أصحابها إن كانوا معذورين بالجهل ! ، وأن الحجة لم تقم عليهم ، كما يعذر من لم يبعث إليه رسول ، كما قال تعالى : ﴿وما كنا معذبين حتى نبعث رسولا﴾ , وإلا كانوا مستحقين من عقوبة الدنيا والآخرة ما يستحقه أمثالهم من المشركين" قاعدة عظيمة ابن تيمية (70) والفتاوى ابن تيمية (23/20) .

دەڵێ: هەیە لەو خەڵکە دەپارێتەوە لەمردوویەك هەروەک چۆن دەپارێتەوە لە اللە و دەڵێ: لێم خۆشبە ڕزقم بدە سەرمبخە، هەروەک چۆن نوێژخوێن لەنوێژەکانی دەپارێتەوە لەخوا، وە ئەم کارانە هیچ کەس گومانی نیە کە شارەزای دینی ئیسلام بێت دەزانێ پێچەوانەی دینی هەموو پێغەمبەرانە و هەروەها لەوشیرکانەیە کەخواو پێغەمبەر حەرامیان کردوە بەڵکو لەو شیرکانەیە

كه پێغەمبەر قیتالی بەهۆیەوە لەگەڵ موشریکان کردوە، ئەگەرچی خاوەنەکانیان عوزریان هەبێ بەنەزانی و ئیقامە حوجەیان لەسەر نەکرابێ هەروەك عوزری ئەوانەش دەدرێ کە پێغەمبەریان بۆنەچوبێ هەروەك اللە تعالی دەفەرمێت﴿وما كنا معذبين حتى نبعث رسولا﴾ئەگەر نا ئەوا وەکو موشریکان شایستەی سزا دەبون لەدونیا و قیامەت."

شوێنی پێنجەم: شێخی ئیسلام ابن تەیمیە ئەو تاقمە دیاریکراوانەی تەکفیرنەکردوە کا هاناو وهاواریان بردوە بۆ قەبرەکان و قەبرپەرست بوونە، وەکو ڕافیزە و تەتارەکان، هەروەها ئەو زانایانەشی تەکفیر نەکردوە کە هاناو هاوارکردنیان لەمردوان بەشیرکی گەورە نەزانیوە وێنەی البكري و تقی الدینی السبكي و غەیری ئەوان، ئەگەر بابەتی هاناو هاواربردن بۆمردوان لەوبابەتانە بوایە کە عوذر تیایدا قبوڵ نیە بەجەهل و تەئویل لەلای ابن تەیمیە ئەوا ابن تەیمیە ئەو خەڵکانەی بەدیاریکراوەیی تەکفیرئەکرد بەڵام نەیکرد ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی عوذر بەجەهل و تەئویل دادەنێت لەم بابەتانە .

بەڵکو ابن تەیمیە حوکمی لەسەر ڕافیزە نەداوە بەکوفر بەشێوەی دیاریکراو و تعین تەنها کەسێکیان نەبێت کە ئیقامەی حوجەی کرابێت، بەڵکو دەڵێت هەیە لەناو ڕافیزە بەدڵ و بەگیان ئیماندارە و دەڵێ :" والإمامية الاثنا عشرية خير منهم بكثير فإن الإمامية مع فرط جهلهم وضلالهم

فيهم خلق مسلمون باطنا وظاهرا ليسوا زنادقة منافقين لكنهم جهلوا وضلوا واتبعوا أهواءهم" منهاج السنة النبوية , ابن تيمية (452/2) , وانظر أيضا : المرجع نفسه (302/6) .

دەڵێ: دوانزە ئیمامیە زۆر باشترن لەوان ئیمامیەی ڕافیزە سەرەڕای ئەوپەڕی نەزانی و گومڕاییان خەڵکێ زۆریان تێدایە موسڵمانن بەدڵ و بەگیان و مونافق و زەندیق نین بەڵام جاهیل و گومڕان وشوێن هەوایان کەوتون."

لەگەڵ ئەوشدا ابن تەیمیە قەبرپەرستی ئەداتە پاڵ ڕافیزە وە دەڵێ ئەو ڕافیزانە یەکەم کەس بوونە ئەو مەزارگانەیان داهێنا کەهاوبەشی تێدا ئەنجام ئەدرێت بۆ خوای گەورە ومەزن ، دەڵێ:" وأول من وضع هذه الأحاديث في السفر لزيارة المشاهد التي على القبور أهل البدع من الروافض ونحوهم الذين يعطلون المساجد , ويعظمون المشاهد التي يشرك فيها ويكذب فيها ويبتدع فيها دين لم ينزل الله به سلطانا " فتاوى , ابن تيمية (224/27) وانظر : المرجع السابق (167/27) , وقاعدة عظيمة , ابن تيمية (68) .

دەڵێ: ئەو مەزارگانەی لەسەر گۆڕی ئەهلی بیدەع دان لەڕافیزە و هاوشێوەکانیان کە مزگەوتەکانیان پەکخستوە و مەزارەکان بەگەورە دادەنێن کەشیرك و درۆ و دینی تێدا دادەهێنن ئەنجامی ئەدەن تیای کە خوا هیچ بەڵگەیەکی لەسەر دانەبەزاندوە."

هەروەها شێخ لەوەسفی ئەو ڕافضانە دەڵێ:" ویرون الدعاء والعبادة للموتى واتخاذ المساجد على القبور ويجعلون السفر إليها حجا له مناسك ويقولون مناسك حج المشاهد وحدثني الثقات أن فيهم من يرون الحج إليها أعظم من الحج إلى البيت العتيق فيرون الإشراك بالله أعظم من عبادة الله" منهاج السنة النبوية (٦/٤٥١)

دەڵێ: ئەو ڕافیضانە هاوار و پارانەوە و پرستن بۆ مردوو بەجائیز ئەزانن و هەروەها دروست کردنی مزگەوت لەسەر قەبرسان وە سەفەرکردن بۆلای قەبرەکانیان وناوی ئەنێن بەڕێوڕەسمەکانی حەج وە کەسانی باوەڕپێکراو پێی وتوم کەدەڵێن حەج کردن بۆلای ئەو قەبرانە زۆر گەورەترە لەحەج کردن بۆ لای کەعبە وە هاوبەشدان بۆ خوا بەگەورەتر ئەزانن لەپەرستنی خوا."

[ابن تەیمیە باس لەو ڕافیضانە ئەکات کەکەوتونەتە ناو شیرکەوە هەروەك زۆر ڕوونە لە ووتەکانی]

بەهەمان شێوە شێخی ئیسلام حوکمی نەدا بەسەر تەتارەکان بەکافربون لەگەڵ ئەوەدا کەوتبونە ناو شیرکی ئاشکرا و ڕوونەوە بەڵام نەیان ئەزانی ئەوە شیرکە وپێچەوانەی ئیسلامە بۆیە سەلماندی عوذریان هەیە وەك فەرمووی :" من دعا غير الله وحج إلى غير الله هو أيضا مشرك والذي فعله كفر , لكن قد

لا يكون عالما بأن هذا شرك محرم , كما أن كثيرا من الناس دخلوا في الإسلام من التتار وغيرهم وعندهم أصنام لهم صغار من لبد وغيره , وهم يتقربون إليها ويعظمونها ولا يعلمون أن ذلك محرم في دين الإسلام , ويتقربون إلى النار أيضا ولا يعلمون أن ذلك محرم , فكثير من أنواع الشرك قد يخفى على بعض من دخل في الإسلام ولا يعلم أنه شرك , فهذا ضال وعمله الذي أشرك فيه باطل , لكن لا يستحق العقوبة حتى تقوم عليه الحجة ... وكذلك كثير من الداخلين في الإسلام يعتقدون أن الحج إلى قبر بعض الأئمة والشيوخ أفضل من الحج أو مثله ولا يعلمون أن ذلك محرم ولا بلغهم أحد أن هذا شرك محرم لا يجوز"(الرد على الإخنائي ٢٠٦)

واتە: هەرکەسێك هاواربکاتە غەیری اللە و حەج بکات بۆ غەیری ماڵی خوا ئەمەش موشریکە و کارەکەی کوفرە بەڵام ئەشێ زانا نەبێت بەوەی ئەم کارە شیرك بێت و حەرام بێت.

هەروەك زۆرێك لەو خەڵکانەی داخلی ئیسلام بوون لەتەتارەکان و غەیری ئەوان کە چەندین بتی بچوکیان هەیە نزیك دەبنەوە لێیان تەعزیمی دەکەن و ناشزانن ئەم کارەیان حەرامە لەدینی ئیسلام، هەروەها نزیك دەبنەوە لە ئاگریش ناشزانن ئەم کارەیان حەرامە، هەربۆیە زۆرێك لەجۆرەکانی شیرك ئەشێت شاراوە بێت لای ئەوکەسانەی داخلی ئیسلام دەبن و نازانن شیرکە،

ئەمە گومڕاییە ئەو کارەیان باتڵە بەڵام سزا نادرێن تاکو ئیقامە حوجەیان لەسەرنەکرێت.

بەهەمان شێوە زۆرێك لەوانەی داخلی ئیسلام بوونە باوەڕیان وایە حەج کردن بۆلای هەندێ لەپێشەوا و شێخەکان باشترە لەحەج یان وەکو حەجە نازانن ئەم کارەیان حەرامە و کەس پێی نەوتون ئەمە شیرکە و حەرامە و نابێت.]

هەروەها شێخی ئیسلام ابن تەیمیە ئەو زانایانەی بەدیاریکراوەیی تەکفیرنەکرد کە خەڵکیان هان دەدا بۆ قەبر پەرستی و بەڵگەی شەرعی بونی قەبرپەرستیان بۆ خەڵکی دەهێنایەوە، دیارترین نموونە لەسەر ئەمە مامەڵەکردنی شێخی ئیسلام لەگەڵ بەکري کەیەکێکە لەماوێستایانی غولات لەشیرکی قبور وە زۆر موناقەشەشی دەکرد لەگەڵ ابن تەیمیە و تەکفیری ابن تەیمیەشی کرد بەڵام ابن تەیمیە تەکفیری نەکرد بەڵکو ووتی :

:" لم نقابل جهله – البكري – وافتراءه بالتكفير بمثله , كما لو شهد شخص بالزور على شخص آخر أو قذفه بالفاحشة كذبا عليه , لم يكن له أن يشهد عليه بالزور ولا أن يقذفه بالفاحشة "الاستغاثة في الرد على البكري , ابن تيمية (385/2)

دەڵێ: ئێمە لەبەرامبەر نەزانی و درۆکانی وەك ئەومان نەکرد تەکفیری بکەین هەروەک چۆن کەسێ شایەدی درۆت لەسەربدات یان تۆمەتی فاحیشەت لەسەر بدات بۆتۆ نیە درۆی بەناووەە بکەی یان تۆمەتی فاحیشەی بدەیتە پاڵ "

وە ابن تەیمیە بەڵگە بەم هەڵوێستەی بەهەمان ئەو بەڵگانە دێنێتەوە کە لەسەر قاعیدەی عوذر بەجەهل سەلماندویەتی لەهەر شوێنێ کەباسی لە عوذر بەجەهلی کردبێ جا ئەگەر شێخی ئیسلام عوذری بەجەهل دانەنایە ئەوا تەکفیری بەکری ئەکرد چونکە پێچەوانەی شتێکی کردوە کەبابەتێکی ئاشکرایە لەبابەتەکانی شیرك. بەڵکو شێخی ئیسلام دان دەنێ لەسەر ئەوانەی کە بانگەوازی قەبر پەرستن بەوەی خاوەنی دین و چاکەن وەك دەڵێ:" وهذا – أي : الاستغاثة بالنبي صلى الله عليه وسلم بعد موته - ما علمته ينقل عن أحد من العلماء , لكنه موجود في كلام بعض الناس , مثل الشيخ يحيى الصرصري , ففي شعره قطعة منه , والشيخ محمد بن النعمان كان له كتاب المستغيثين بالنبي صلى الله عليه وسلم في اليقظة والمنام , وهذا الرجل – البكري - قد نقل منه فيما يغلب على ظني , وهؤلاء لهم صلاح ودين , لكنهم ليسوا من أهل العلم العالمين بمدارك الأحكام الذين يؤخذ بقولهم في شرائع الإسلام ومعرفة الحلال والحرام , وليس معهم دليل شرعي ولا نقل عن عالم مرضي , بل عادة جروا عليها كما جرت عادة كثير من الناس بأنه يستغيث

بشيخه في الشدائد و يدعوه.وكان بعض الشيوخ الذين أعرفهم وله فضل وعلم وزهد إذا نزل به أمر خطا إلى جهة الشيخ عبد القادر خطوات معدودة واستغاث به , وهذا يفعله كثير من الناس وأكبر منه ومنهم من يأتي إلى قبر الشيخ يدعوه ويدعو به ويدعو عنده .وهؤلاء ليس لهم مستند شرعي من كتاب أو سنة أو قول عن الصحابة و الأئمة" مجموع الفتاوى (١/٣٦٤)

دەڵێ : داواکردنی فریاکەوتن لەپێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لەدوای مردنی نەمزانیوە نەقڵ کرابێ لەلای هیچ یەکێ لەزانایان، بەڵکو لەوتەی هەندێ لەخەڵکی هاتوە وەك شێخ یەحیا سەرسەڕی وەك لەپارچە شعرێکیدا هەروەها وەك شێخ محمدی کوری نەعمان کتێبێکی هەیە بەناوی ئەوانەی داوای لەپێغەمبەرکرد فریایان بکەوێ لەکاتی خەو و لەکاتی ئاگایی، وا گومانیش ئەکەم بەکری ش هەر لەوەوە ئەوشتانەی؟وەرگرتوە ئەم پیاوانە خاوەنی دین و چاکەن بەڵام لەو ئەهلی عیلمە زانایانە نین کە خاوەن درك بن بەحوکەکان وقسەیان وەربگیرێ لە حوکمەکانی ئیسلام و ناسینی حەڵاڵ و حەرام، ئەمانە بەڵگەی شەرعی و نەقڵی وایان نیە لەزانایەکی جێگای ڕەزامەندی، بەڵکو عادەتێکە لەسەری ڕۆیشتوون وەك زۆربەی خەڵکی کە باوڕیان وایە داوای فریاکەوتن بکەن لەشێخەکەیان و لێی بپارێنەوە لەکاتی ناخۆشی، هەندێ لەماموّستایان کە دەیننناسم کەخاوەنی فەزڵ و عیلم و زوهدن کاتێ ناخۆشیەکیان توش دەهات ڕویان ئەکردە ئاراستەی شێخ عبدالقادر بەچەن

هەنگاوێك و داوای فریاکەوتنیان لێ ئەکرد ئەمە زۆربەی خەڵکی دەیکات زۆر لەوەش گەورەتر کەدێن بۆ لای قەبری شێخ داوای لێ دەکەن و بەهۆیەوە داوا ئەکەن و لەلای داوا ئەئەکەن ئەمانە هیچ بەڵگەیەکی شەرعیان نیە لەکیتاب و،سونەت و وتەی صەحابە و پێشەوایان"

ئەوەی زیاتر جەخت لەمە دەکاتەوە هەڵوێستی ابن تەیمیەیە دەربارەی ئەوانەی کاریگەربون بەجەهمیەکان دەربارەی ئەوانە ئەڵێ وتەکانیان گەورەترین وتەی کوفریە کە دەرهێنەرە لەدین وە لەدیارترین ئەو شوێنانەی کە ابن تەیمیەئەم قسانەی تیاکردوە هەمان ئەوشوێنانەیە کە ئەوکەسانەی دەڵێن عوذر بەجەهل نیە لای ابن تەیمیە لەبابەتی إستغاثە بەقبور

جیهەتی یەکەم: ئەو دەقانەی پێچەوانەی وتەکانیانە لەقورئان و سونەت و ئیجماع بەناوبانگ و زۆرن بەهەمان شێوەیە بابەتی داواکردنی فریاکەوتن لەمردووان " الإستغاثة" .

جیهەتی دووەم: حەقیقەتی وتەی جەهمیەکان پەکخستنی خالقە بەهەمان شێوە بابەتی داوای فریاکەوتن لەمردووان پەکخستنی خوایە لەدیارترینی سیفەتەکانی کە سیفاتی پەرستراوێتیە.

جیهەتی سێیەم: جەهمیەکان موخالەفەی هەموو ئەوشتانە دەکەن کەهەموو دینەکان و هەموو فیترەتەکان کۆکن لەسەری بەهەمان شێوە ئەوانەی داوای فریاکەوتن لەمردوان ئەکەن پێچەوانەی هەموو دینە و ڕێیازە ڕاستەکان دەکەن لەسەر هەموو ئەمانەوە شێخی ئیسلام دەربارەی ئەوانەی کاریگەربونە بەجەهمیەکان دەڵێت :" ولكن مع هذا قد يخفى كثير من مقالاتهم على كثير من أهل الإيمان حتى يظن أن الحق معهم لما يوردونه من الشبهات . ويكون أولئك المؤمنون مؤمنين بالله ورسوله باطنا وظاهرا ؛ وإنما التبس عليهم واشتبه هذا كما التبس على غيرهم من أصناف المبتدعة , فهؤلاء ليسوا كفارا قطعا بل قد يكون منهم الفاسق والعاصي ؛ وقد يكون منهم المخطئ المغفور له ؛ وقد يكون معه من الإيمان والتقوى ما يكون معه به من ولاية الله بقدر إيمانه وتقواه " مجموع الفتاوى(٣/٣٥٥).

لەگەڵ ئەوەشدا زۆرێك لەوتەکانیان شاراوەیە لای زۆرێ لە ئەهلی ئیمان تا بەجۆرێك وا گومانیان پێ ئەبرێت حەق بەوان بێت، بەهۆی ئەو هەموو شوبهانەی دەیهێننەوە بۆیە ئەو باوەڕدارانەی کاریگەربونە بەجەهمیەکان باوەڕدارن بەخوا و پێغەمبەرەکەی پەنهانیان و ئاشکرایان بەڵام شتەکانیان لێ تێکەڵبوە هەروەك چۆن لەتاقمەکانی تری ئەهلی بیدەع تێکەڵ بوە، ئەوانە بەهیچ شێوەیەك کافر نین بەڵکو ئەشێ کەسانی فاسق و سەرپێچیکاریان

تێدابێ، تیایان هەبێ هەڵەبن و لێیانبووڕێ ، ئەشێ ئەوەنە ئیمان و تەقوایان هەبێ بەئەندازەی ئەوە ویلایەت و دۆستایەتی خوایان بۆهەبێ"

ئەم تەئصیل کردنە لە ابن تەیمیە وزۆر گرنگە لەچەندین بواردا زۆر بەڕوونی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەو موسڵمانەی دەکەوێتەشیرکەوە بەنەزانی کافرنابێ و ناوی موسڵمانی لەسەر لاناچێ، بەڵکو دەشێ ئیمان و تەقوای هەبێ وە زۆر ئاشکراشە هەڵەی ئەوانەی دەڵێن ابن تەیمیە عوذر بەجەهل دانانێ لەبابەتە ئاشکراکان چونکە ئەوەتا لێرەدا شێخی ئیسلام دەڵێت ئاشکرایە پوچەڵی ووتەکانی جەهمیە لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێ عوذریان هەیە و ناوی موسڵمانیان لەسەر لاناچێ.

ئەم سەلماندنانە لەوتەکانی ابن تەیمیە دەلالەت ئەکەن بەڕوونی لەسەر ئەوەی جەهل بەڕێگر ئەزانێ لەسەر ئەوەی حوکم بدات بەکوفر و شیرك لەسەر موسڵمانێ کە دەکەوێتە شیرکی گەورەوە و بەمە لەبازنەی ئیسلام دەرناچێ، ئەوەی مەبەست لێرەدا توانیمان بەرچاو ڕونی بۆ هەموو لایەك بکەین و ئەوچەواشەکاریانە و تەحریفانە بڕەوێنینەوە کە دەکرێ بۆ وتەکانی ابن تەیمیە .

[وەڵامی ئەوانەی بەڵگە دەهێننەوە بەچەند وتەیەکی شێخی ئیسلام ابن تەیمیە کە گوایە بەپێی ئەم ووتانە عوذر بەجەهل دانانێت لەشیرکی گەورە]

بەڵگەیان ئەم ووتەیە بەناوبانگەی شێخی ئیسلام ابن تەیمیەیە کە دەڵێت:- فكل من غلا في حي، أو في رجل صالح؛ كمثل علي رضي الله عنه أو عدي أو نحوه، أو فيمن يعتقد فيه الصلاح، كالحلاج أو الحاكم الذي كان بمصر، أو يونس القتي ونحوهم، وجعل فيه نوعًا من الإلهية مثل أن يقول: كل رزق لا يرزقنيه الشيخ فلان ما أريده، أو يقول إذا ذبح شاة: باسم سيدي، أو يعبده بالسجود له أو لغيره، أو يدعوه من دون الله تعالى؛ مثل أن يقول:يا سيدي فلان، اغفر لي أو ارحمني أو انصرني أو ارزقني، أو أغثني أو أجرني، أو توكلت عليك، أو أنت حسبي، أو أنا في حسبك، أو نحو هذه الأقوال

والأفعال؛ التي هي من خصائص الربوبية التي لا تصلح إلا لله تعالى فكل هذا شرك وضلال يستتاب صاحبه، فإن تاب و إلا قتل.

مجموع الفتاوى(٣/٣٩٥) .

هەركەسێك زیادەڕەوی بكات لەزیندویەك یان پیاو چاكێك وەك عەلی ڕەزای خوای لێ بێت یان عەدی و هاوشێوەكانی، یان ئەوانەی باوەڕی چاكەیان هەیە پێیان وەكو حەلاج یان حاكمی میسڕ، یان یونسی قەتی و هاوشێوەكانیان كە باوەڕیان وایە جۆرێك لەخوایەتیان تێدایە، وەك دەڵێن هەر ڕزقێك فلاّن كەس پێم نەدا نامەوێ، یان كاتێ حەیوانێ سەرئەبڕێ ئەڵێ بەناوی سەیدەكەم یان دەیپەرستێ بەوەی سوجدەی بۆ دەبات یان بۆ غەیری ئەو، یان دەیپەرستێ لێی دەپارێتەوە لەغەیری الله تعالى، وەك دەڵێ ئەی سەیدەكەم فلاّن كەس لێم خۆشبە و ڕەحم لێ بكە و سەرمبخە و ڕزقم بدە فریام بكەوە و پەنام بدە و پشتم بەتۆ بەستوە و تۆ پشت و پەنامی و لەپەنای تۆیام، وێنەی ئەم ووتە و كارانە، كە لەتایبەت مەندیەكانی پەروەردگارێتی أللّٰهیە و تەنها مافی أللّٰه تعالى یە، هەموو ئەمانە شیرك و گومڕاییە خاوەنەكەی داوای تەوبەی لێ دەكرێت ئەگەر تەوبەی نەكرد دەكوژرێت."

ئیمام ابن تیمیة دەڵێت : "فمن جعل الملائكة والأنبياء وسائط يدعوهم، ويتوكل عليهم، ويسألهم جلب المنافع ودفع المضار، مثل أن يسألهم غفران الذنوب،

وهداية القلوب وتفريج الكروب، وسد الفاقات، فهو كافر بإجماع المسلمين".
(انظر مجموع الفتاوى [1/ 124]).

دەڵێت:" هەركەسێك فریشتە و پێغەمبەران بكات بەواسیتە و لێیان بپارێتەوە و پشتیان پێ ببەستێ و داوای سوود و لابردنی ناحۆشیەكانیان لێ بكات، وەك ئەوەی داوای لێخۆشبونی گوناحەكانیان لێ بكات یان داوای هیدایەتی دڵەكانیان لێ بكات یان داوای لبردنی ناخۆشیەكانیان لێ بكات یان داوای پڕكردنەوەی حاجەتەكانیان لێ بكات ئەوا كافرە بەئیجماعی موسڵمانان."

وەڵامان بریتیە لە:

یەكەم: پێویستە بزانین وتەكانی ابن تەیمیە لەم بابەتە زۆر زۆرە و صەرێحە كە دەڵێت داواكردنی فریاكەوتن لەگۆرەكان شیركی گەورەیە واجبە خاوەنەكەی داوای تەوبەی لێ بكرێت ئەگەر نا دەبێت بكوژرێت، ئەمانە هەمووی وەڵامی ئەوانەیە كە دەڵێن ابن تەیمیە كەس تەكفیرناكات بە داواكردنی فریاكەوتن لەقەبر، یان گوایە بەشیركی بچووكی دەزانێت، هەروەك ابن جەرجیس و غەیری ئەو واگوومان دەبەن، ئێمەش گومانمان نیە كە هەركەسێ ئەو كارانە بكات كافرە، بەڵام ئەم قسەیەی ابن تەیمیە لەبابی تەكفیركردنە بەشێوەی گشتی و موطڵەق ونەوع، ئێمە لێرە باسی تەكفیری دیاریكراو معین

دەکەین کاتێك کارێکی شیرکی لەو شیرکانە ئەنجام بدات و جاهیل بێ و حوکمی شەرعی ئەو جۆرە کارەی پێ نەگەیشتبێت، وە پێویستیش ناکات لەهەموو دەقێک بوترێت هەرکەسێ فلاّنە کار بکا ئەوا کافر دەبێت ئیلا مەگەر جەهلی هەبێت.

جا ئەگەر ئێمە پرسیار لەهەریەکێ لەوانە بکەین کەوا دەزانن ئەو وتانەی شێخی ئیسلام بۆ کەسی دیاریکراوە ئایا ئەم تەکفیرکردنەی شێخی ئیسلام کەسی زۆرلێکراو"المکره"یش دەگرێتەوە ؟ دەڵێن : نەخێر چونکە دەق و وتەی تری هەیە کەسی زۆرلێکراو لەو حوکمە گشتیە دەردەهێنێت، ئێمەش بەهەمان شێوە بەم کەسە دەڵێین شێخی ئیسلام چەندین دەقی تری هەیە کەسی جاهیل و خاوەن تەئویل لە تەکفیرکردن دەردەهێنێت.

دووەم: چەندین دەقی زۆری ابن تەیمیە هەیە عوذر دەدات بەنەزانی لەشیرك بەتایبەت شیرکی قەبرپەرستەکان.

1- ابن تەیمیە رحمه الله تعالى: [والاستغاثة بمعنى: أن يُطلب من الرسول صلى الله عليه وسلم ما هو اللائق بمنصبه لا ينازع فيها مسلم، ومن نازع في هذا المعنى فهو إما كافر إن أنكر ما يكفر به، وإما مخطئ ضال.

وأما بالمعنى الذي نفاه رسول الله صلى الله عليه وسلم فهو أيضاً مما يجب نفيها، ومن أثبت لغير الله ما لا يكون إلا لله فهو أيضاً كافر إذا قامت عليه الحجة التي يكفر تاركها. مجموع الفتاوى(١/١١٢)

دەڵێت: داواکردنی فریاکەوتن لە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بەو مانایەی کە شایستەیە بەپێگەی پێغەمبەر ئەوە هیچ موسڵمانێ ناکۆکی لەمە نیە، ئەوکەسەی ناکۆکی لەمە هەبێت یان کافرە ئەگەر ئینکاری شتێکی کردبوو کە پێی کافردەبوو، یان بەهەڵەداچووە و گومڕایە، بەڵام داواکردنی فریاکەوتن بەو مانایەی کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم نەفی کردوە ئەم جۆرەش واجبە لەسەرت نەفی بکەی، وە هەرکەسێك شتێك جێگیربکات بۆ کەسێك کە تەنها مافی أللە تعالى بێت ئەوا ئەمیش کافرە ئەگەر ئیقامە حوجەی لەسەر کرا"

2- ئیمام ابن تيمية دەڵێت : (إنَّا بعد مَعرفةِ ما جاء به الرَّسولُ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم، نَعلَمُ بالضَّرورةِ أنَّه لم يَشرَعْ لأمَّتِه أن تَدعُوَ أحدًا من الأمواتِ، لا الأنبياءَ ولا الصَّالحينَ ولا غَيرَهم، لا بلَفظِ الاستغاثةِ ولا بغَيرِها، ولا بلَفظِ الاستِعاذةِ ولا بغَيرِها، كما أنَّه لم يَشرَعْ لأمَّتِه السُّجودَ لميِّتٍ ولا لغَيرِ مَيِّتٍ، ونحو ذلك، بل نَعلَمُ أنَّه نهى عن كُلِّ هذه الأمورِ، وأنَّ ذلك مِن الشِّركِ الذي حَرَّمه اللهُ ورَسولُه، لكِنْ لغَلَبةِ الجَهْلِ، وقلَّةِ العِلمِ بآثارِ الرِّسالةِ في كثيرٍ مِن المتأخِّرينَ، لم

يمكِنْ تكفيرُهم بذلك، حتى يتبيَّنَ لهم ما جاء به الرَّسولُ صلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ مِمَّا يخالِفُه) مجموع الفتاوى(١/٣٧٢)

دەڵێ: ئێمە دوای ئەوەی ئەودینەمان زانی کەپێغەمبەر صلی الله علیەوسلم پێی ڕەوانەکراوە بەزەڕوڕپە کەبزانین کە پێغەمبەر ڕێگەی نەداوە بەئومەتەکەی هاوار بکەنە هیچ مردویەك نەپێغەمبەران و نەپیاوچاکان و نەغیری ئەوان نە لەفزی فریاکەوتن نەك بەغەیری ئەو لەفزە وە نەبەلەفزی پەناگرتن ونە بەغەیری ئەو لەفزە هەروەها ڕێگەی نەداوە بە ئومەتەکەی سوجدە بەرن بۆ مردوو یان بۆ غەیری مردوو و هاوشێوەکانی و دەزانین نەهی لەهەموو ئەمانە کردوە و ئەمە ئەو شیرکەیە کە خوا و پێغەمبەرەکەی حەرامیان کردوە، بەڵام بەهۆی بڵاوبونەوەی جەهل و نەزانی و کەمی عیلم بەشوێنەوارەکانی دینی ئیسلام لەلایەن زۆرێك لەپاشینەکانەوە ، لەبەرئەوە ناکرێت تەکفیر بکرێن بەوکارانەیان هەتاکو شەرعی خوایان بۆ ڕوون ئەکرێتەوە و دەزانن پێچەوانەی کارەکەی ئاوانە."

لەم وتەیەی شێخ دەرەکەوێ داواکردنی فریاکەوتن لەگۆڕەکان کوفری گەورەیە، بەڵام حوکمی کافربون نادات بەسەر هەرکەسێك کە داوای فریاکەوتن بکات لەگۆڕەکان تاکو ئیقامە حوجەی لەسەر نەکات، وە

دەیسەلەمێنێ کە ئەم عوزر پێدانە بۆ هەر کەسێکە کە عیلمی پێ نەگەیشتبێت ئەگەرچی تازە موسڵمان بویش نەبوبێت.

3- تەنانەت شێخی ئیسلام حوکمی کوفری نەداوە بەسەر ئەو کەسەی کە باوەڕی وابووە کە ئیمامەکەی خەلق دەکات و تەسەڕوف دەکات لەبوونەوەران، هەروەها حوکمی کوفری نەداوە بەسەر ئەوکەسەی کە قەسەی فەیلەسوفەکان دەکات مادام جاهیل بێت بەحەقیقەتی ئەو قسانە، قسەکانی لەو بوارە زۆرە لەوانە: وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی کاتێ لێی دەپرسن دەربارەی کەسێك کە باوەڕی وایە شێخەکەی لەناخۆشی حەشر و حیساب ڕزگاری دەکات لەڕۆژی قیامەت، دەڵێت هەرکەسێ شوێنی ئەو شێخە بکەوێت جاهیل بێت بەحەقیقەتی ئەو باوەڕەی هەیەتی بەو شێخە ئەوا حوکمی کافربوونی بەسەردا نادرێت، یەکێ پرسیاری لێ دەکات دەربارەی کۆمەڵێ کە کۆبوبنەوە لەسەر کۆمەڵێ کاری فەساد هەریەکەیان پەیوەست بێت بەشتێکەوە، هەیانە ئەڵێ یونسی قەتات موریدەکانی لەسزاو ناخۆشیەکانی قیامەت ڕزگار دەکات، وەهەیانە دەڵێ عەلی حەریری حاڵێکی وای پێدراوە ئەگەر لەگەڵ ژنانیش بەتەنها ببێتەوە ئاساییە و فەرجی ئەبێت بەفەرجی ژنان، هەیانە ئیدیعای پێغەمبەرایەتی دەکات دەڵێن هەردەبێ ئەو پێغەمبەرە بێت و دینەکەی سەربخات و لەدینەکەیدایە کە ژنان حەرام بکات و فاحیشەی لیواطە حەڵاڵ دەکات وە هەندێ لەخواردەمەنیەکانیش قەدەغەبکات

وەکو هەنجیر و گوێز و لەیمون، هەیانە لەو تاقمانە نوێژی کردوە و وازی لەنوێژ هێناوە و لەگەڵ چەن کەسانێ دیاریکراو لەچەن ڕۆژێ کۆدەبنەوە.

لەوەڵامدا شێخی ئیسلام دەڵێت: هەرکەسێ باوەڕی وابێت شێخەکەی موریدەکانی ڕزگار دەکات وبەفریایان دێت لەناخۆشیەکانی ڕۆژی قیامەت ئەوا ئیدیعای ئەوەی کردوە کە شێخەکەی باشترە لە موحەممەدی کوڕی عەبدوڵا صلى الله عليه وسلم، جا هەرکەسێ ئەم قسەیە بکا داوای تەوبەی لێ دەکرێت ئەگەرنا دەکوژرێت"

پاشان دەربارەی شوێنکەوتەکانی شێخ یونس دەڵێت:

زۆربەی ئەوانەی مونتەسیبن بۆ شێخ یونس کافرن بەخوا و پێغەمبەر و باوەڕیان نیە بەنوێژ و ڕۆژوو و حەجی ماڵی خوا حەرامەکانی خوا بەحەرام نازانن بەڵکو هەرکەسێ بیاناسێ دەزانێ چەنێ قسەیان هەیە لەجنێودان بەخوا و پێغەمبەر و ئیسلام، بەڵام ئەو خەڵکە عەوامەی لەناویانە و ئاگادارنەبن لەهێنی و ڕاستیەکانیان، ئەوا ئەمانە ئیسلامی عامەی موسڵمانانیان هەیە لەتێکڕای موسڵمانان وەریانگرتوە نەك لەوان، بەڵام کەسە تایبەتەکانیان وەك شێخ سەلول و جەهلان و صەهبانی و غەیری ئەوان باوەڕیان بەنوێژ نیە و

شایەدی پێغەمبەرایەتیش نادەن بۆ پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم"الفتاوى(٢ /١٠٤-١٠٦)

ئەم ووتانەی شێخی ئیسلام نەصن لەسەر تەقریرکردنی ئەوەی شوێنکەوتەکانی شێخ یونس لەعەوامی خەڵکی کە نەزانن بەحەقیقەتی مەزهەبەکەیان و شێخەکانیان کافرنابن و ئەصڵی ئیسلامیان لەسەرماوە.

ئەم دەقانە لەوتەکانی شێخی ئیسلام زۆر ڕوون و ڕاشکاون کە جەهل عوذرە لەبابەتەکانی شیرك وەك هانا و هاوارکردن لەگۆڕی پیاوچاکان وە ڕوونە کە هەرکەسێ هانا و هاوار بۆ پیاوچاکان بەرێت و نەزانبێت بەحەرام بوونی ئەو کارەی جا بەهۆی شوبهە بێت یان پێنەگەیشتنی عیلمی ڕاست و دروست بێت ئەوا کافر نابێت، هیچ جیاوازیش لەمەدا نیە کابرا تازە موسڵمان بووبێت یان لەشوێنێکی دوورەدەست بێت و لەوڵاتی کوفر گەورە بوبێت یان لەناو وڵاتی موسڵمانان بن، ئەصڵ لەهەموو ئەم کەسانە ئەوەیە هەرکەسێ هاناو هاوار بۆ گۆڕی پیاوچاکان بەرێت و جاهیل بێت بە حوکمی ئەو کارەی ئەوا حوکمی کافربوون نادرێت بەسەری تاکو ئیقامە حوجە نەکرێت.

ئیمام ابن تیمیة له (جامع المسائل (15/3-145)

دەڵێت : (من استغاث بميت أو غائب من البشر بحيث يدعوه في الشدائد والكربات ويطلب منه قضاء الحوائج فيقول : يا سيدي الشيخ فلان أنا في حسبك وجوارك أو يقول عند هجوم العدو : يا سيدي فلان يستوحيه ويستغيث به أو يقول ذلك عند مرضه وفقره وغير ذلك من حاجاته : فإن هذا ضال جاهل مشرك عاص لله تعالى باتفاق المسلمين فإنهم متفقون على أن الميت لا يدعى ولا يطلب منه شيء سواء كان نبيا أو شيخا أو غير ذلك .. وهذا الشرك إذا قامت على الإنسان الحجة فيه ولم ينته وجب قتله كقتل أمثاله من المشركين ولم يدفن في مقابر المسلمين ولم يصلَّ عليه وأما إذا كان جاهلا لم يبلغه العلم ولم يعرف حقيقة الشرك الذي قاتل عليه النبي صلى الله عليه وسلم المشركين فإنه لا يُحكم بكفره ولا سيما وقد كثر هذا الشرك في المنتسبين إلى الإسلام ومن اعتقد مثل هذا قربة وطاعة فإنه ضال باتفاق المسلمين وهو بعد قيام الحجة كافر).

دەڵێت: هەرکەسێك هاناو هاواربکات لەمردویەك یان لە غائیبێك لەبەشەر هانای بۆببات لەناخۆشیەکان وداوای جێ بەجێکردنی پێویستیەکانی لێ بکات، و بڵێ ئەی شێخی سەیدم فلاّن کەس من لەپەنای تۆم، یان لەکاتی هێرشی دوژمن بڵێ: یا سەیدی فلاّن فریام کەوە، یان لەکاتی نەخۆش کەوتنی یان فەقیری دا ئاوا بڵێ، ئەوا ئەم کەسە گومڕایە و موشریکە سەرپێچی الله تعالى کردوە بە ئیتیفاقی موسڵمانان، چونکە موتەفیقن کە مردوو

هاواری بۆ ناکرێت و داوای هیچی لێ ناکرێت جا ئەو مردوە یەکسانە پێغەمبەر بێت یان شێخێ بێ یان هەرکەسێ، ئەمە شیرکە ، جا ئینسان ئەگەر لەسەر ئەم جۆرە شیرکە ئیقامە حوجەکرا و وازی نەهێنا واجبە کوشتنی وەکو کوشتنی موشریکان و نابێت بنێژرێت لەگۆڕستانی موسڵمانان و نابێ نوێژی لەسەربکرێت، بەڵام ئەگەر جاهیل بوو و عیلمی پێنەگەیشتبوو و حەقیقەتی ئەو شیرکەی نەدەزانی کەپێغەمبەر صلى الله عليه وسلم قیتالی لەدژکرد بەرامبەر موشریکان ئەوا حوکمی کافربونی لەسەر نادرێت، بەتایبەت ئەم جۆرە شیرکە زۆربوە لەناو مونتەسیبانی ئیسلام، جا هەرکەسێ باوەڕی وابێ ئەم شیرکانە لەخوا نزیك دەکاتەوە و طاعەتە ئەوا گومڕایە بەکۆڕای موسڵمانان دوای ئیقامە حوجە کافردەبێت"

[وەڵامی ئەوانەی دەڵێن ابن تەیمیە تەنها عوذر لەبابەتە خەفیەکان بڕیارداوە وەك بابەتەکانی صیفات، بەڵام بەبابەتە زاهیر و ئاشکراکان نا]

بەڵگەیان ئەم ووتە بەناوبانگەی شێخی ئیسلامە کە دەڵێت"...وهذا إذا كان في المقالاتِ الخَفِيَّةِ فقد يقال: إنَّه فيها مخطئٌ ضالٌّ لم تَقُمْ عليه الحُجَّةُ التي يكفُرُ صاحِبُها، لكِنَّ ذلك يقَعُ في طوائِفَ منهم في الأمورِ الظَّاهرةِ التي تعلَمُ العامَّةُ والخاصَّةُ من المسلمين أنَّها من دينِ المسلمين؛ بل اليهودُ والنصارى يعلمون أنَّ محمَّدًا صلَّى اللهُ عليه وسلَّم بُعِث بها، وكُفْرَ مخالِفِها، مِثلُ أمْرِه بعبادة اللهِ وَحْدَه

لا شريكَ له، ونَهْيِه عن عبادة أحدٍ سوى اللهِ من الملائكة والنبيِّين والشَّمسِ والقَمَرِ والكواكبِ والأصنامِ وغيرِ ذلك؛ فإنَّ هذا أظهَرُ شعائرِ الإسلامِ، ومِثلُ أمرِه بالصَّلَواتِ الخَمسِ وإيجابِه لها وتعظيمِ شأنِها، ومِثلُ مُعاداتِه لليهودِ والنَّصارى والمُشرِكين والصَّابئين والمجوس، ومِثلُ تحريمِ الفواحِشِ والرِّبا والخَمرِ والميسِرِ ونحوِ ذلك.)((مجموع الفتاوى)) .(4/ 54)

دەڵێت: ئەوە ئەگەر ئەوە لە قسە شاراوەکان بێت ، ئەوە بە تەئکید پێی ئەڵێن مخطئ ضال ، ئیقامە حوجە نەکراوە تاکو تەکفیر بکرێت ، بەڵام لەنێوانیان طائیفە هەیە کە کەوتونەتە ناو بابەتە ئاشکراکان کە خەڵکی عام و خاص ئەیزانن کە ئەوە لە دینی موسڵمانانە ، بەڵکو یەهود و نەصارا ئەزانن کە محمد ـ صلى الله عليه وسلم ـ پێی هاتووە و تەکفیری موخالیفەکانیشی کردووە ، وەک ئەمرکردن بە عیبادەتکردن بۆ الله تعالى بەتەنها و بەبێ دانانی هاوبەش و شەریک ، وە نەهیکردووە لە عیبادەتکردن بۆ هیچ کەسێک جگە لە الله تعالى جا چی مەلائیکە یان پێغەمبەران یان ڕۆژ و مانگ و ئەستێرەکان و بت و صەنەمەکان بێت ...وە جگە لەوانەش بەڕاستی ئەوە ئاشکراترین دروشمی ئیسلامە وەک نمونە ئەمرکردن بە ئەنجامدانی پێنج نوێژەکە و دژایەتی کردن و دوژمنایەتی کردنی نەصارا و موشریکەکان و صائیبەکان و مەجوسەکان وە نمونە حەڕام کردنی فاحیشە و ڕیبا و قومار ..."

وەڵامان بۆ ئەو دەقە ئەوەیە :

یەکەم : ئەو دەقە ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ سەرچاوەکەی وبەتەواوی بیخوێنینەوە ئەوا دەزانین باس لە طائیفەیەکی دیاریکراو دەکات کە ئەهلی کەلامن،
هەروەك شێخی ئیسلام لەسەرەتای قسەکانی دەڵێت"
وأيضا فإنه لا يعرف من أهل الكلام أحد إلا وله في الإسلام مقالة يكفر قائلها عموم المسلمين حتى أصحابه وفي التعميم ما يغني عن التعيين فأي فريق [ص: 54] أحق بالحشو والضلال من هؤلاء ؟ وذلك يقتضي وجود الردة فيهم كما يوجد النفاق فيهم كثيرا .
وهذا إذا كان في المقالات الخفية.. إلى أن يقول: "
ثم تجد كثيرا من رؤسائهم وقعوا في هذه الأمور فكانوا مرتدين وإن كانوا قد يتوبون من ذلك ويعودون إلى الإسلام فقد حكي عن الجهم بن صفوان : أنه ترك الصلاة أربعين يوما لا يرى وجوبها..وأبلغ من ذلك : أن منهم من يصنف في دين المشركين والردة عن الإسلام كما صنف الرازي كتابه في عبادة الكواكب والأصنام وأقام الأدلة على حسن ذلك ومنفعته ورغب فيه وهذه ردة عن الإسلام باتفاق المسلمين وإن كان قد يكون تاب منه وعاد إلى الإسلام .
مجموع الفتاوى(٤ /٥٣_٥٤)

دەڵێت: هەریەکێ ناسیێنت لەئەهلی کەلام ئیلا قسەیەکی بەهۆیەوە هەموو عەوامی موسڵمانان تەکفیردەکات تەنانەت هاوەڵەکانی خۆی، لەگشتاندن بێ پێویستمان دەکات لەدیاریکردن، پاشان کام لایان لەپێشترین بەوەی پێیان بوترێت حەشەوی و گومڕا لەوانە ؟ ئەمەش بوونی ڕیدە دەخوازێ لەناویان هەروەك نیفاقێ زۆر هەیە تیایان، ئەمە ئەگەر لەقسە خەفیەکان بێت.. هەتا دەڵێت: پاشان دبینی زۆربەی گەورەکانیان کەوتونەتە ناو ئەو کوفرانەوەو مورتەدبوونە، ئەگەرچی تەوبەدەکەن لەوانە و دەگەڕێنەوە بۆ ئیسلام، باسکراوە لەجەهمی کوڕی صەفوان چل ڕۆژ وازی لەنوێژ هێناوە و بەواجبی نەزانیوە.. لەوەش خراپتر، هەیانە کتێب دەنوسی لەبارەی ڕەوایەتی دان بەدینی موشریکان و هەڵگەڕانەوە لەئیسلام وەك کتێبەکەی ڕازی بەناوی هەسارە و بتەکان، بەڵگەی هێناوەتەوە لەسەر چاکی و سوودی ئەوکارە ، ئەمەش ڕیدەیە لەئیسلام بەئیتیفاقی موسڵمانان ئەگەرچی ئەشێت تەوبەی کردبێت و گەڕابێتەوە بۆ ئیسلام "

ئەمەش وەک دەبینی قسە لەسەر ئەهلی کەلام دەکات ئەوایش وەك زانراوە تازە موسڵمان بوو نین و لە لەشوێنی دووڕە دەست نین و کوفرەکانی کەسەگەورەکانیان وەکو ڕازی کوفری ئاشکرایە لای هەموو موسڵمانان بۆیە عوذریان نیە لەو کوفرە ئاشکرایانە.

ئەوەی جەخت دەکاتەوە لەم فەهمە وتەکەی شێخی ئیسلامە کەدەڵێت:
" چەندین کوفر لە تاقمەکانیان ڕو ئەدات لەکاروبارانەیە کە ئاشکران و خەڵکی زانا و عەوام دەزانن دینی ئیسلام بریتیە لە فەرمانکردن بەپەرستنی خوا بەتاك و تەنها و نەهی کردن لەپەرستنی هیچ یەکێک لەغەیری اللە، هەروەها هەموان دەزانن بابەتی ئەمر کردن بەنوێژە فەرزەکان و حەرامی فاحیشە و ڕیبا و عارەق و قومار و هاوشێوەکانی " وێنەی ئەم کارە ئاشکرایانە عوذر نیە کاتێ ئەنجامی بدەن ئەهلی کەلام. وەکو شیرکی ئاشکرا وەکو کوفرەکانی ڕازی و یان ئینکاری کردن لەنوێژ...هتد

دووەم: بابەتی ئاشکراکان و شاراوەکان بابەتێکە دەقێکی یەکلاکەرەوەی لەسەرنیە نە لەقورئان و نە لەسونەت و نە لەئیجماع ، ئەوانە بێ ئاگان لەوەی بابەتی ئاشکرا و شاراوەکان بابەتێکی ڕێژەییە دەگۆڕێت لەکاتێ بۆ کاتێکی تر لە شوێنێ بۆ شوێنێکی تر. وە بەپێی ڕێژەی زانستی کەسەکانیش.
سێیەم : چەندین دەق هەیە لەشێخی ئیسلامەوە کە عوذر دەدات لەچەندین بابەتی ئاشکرا هەروەك لەسەرتاوە نەقڵمان کرد چەند دەقێکی بۆ زیاد ئەکەین لێرە لەوانە:

دەڵێت : ومن أنكر ما ثبت بالتواتر والإجماع فهو كافر بعد قيام الحجة عليه" الرد على البكري(١/٤١٣).
دەڵێت: هەركەسێك ئینكاری شتێك بكات كە سابت بوبێت بە تەواتر و ئیجماع ئەوا دوای كردنی ئیقامەی حوجە لەسەری كافر ئەبێت."

2- شێخی ئیسلام ابن تەیمیە پرسیاری لێ دەكرێت دەربارەی كەسێك كە دەڵێت ئیدیعای ئەوە دەكات تەكلیفە شەرعیەكانی لەسەر نەماوە، دەڵێت" لاریب عند أهل العلم والإيمان أن هذا القول من أعظم الكفر وأغلظه، وهو شر من قول اليهود والنصارى، لكن من الناس من يكون جاهلا ببعض هذه الأحكام جهلاً يعذر به، فلا يحكم بكفر أحد حتى تقوم عليه الحجة من جهة بلاغ الرسالة، كما قال تعالى: (لئلا يكون للناس على الله حجة بعد الرسل) وقال تعالى: (وما كنا معذبين حتى نبعث رسولا)مجموع الفتاوى (١١/٤٠٦:٤٠١)

دەڵێت: " گومانی تیانیە لەلای ئەهلی عیلم و ئیمان كە ئەم قسەیە گەورەترین كوفرە و پیسترین كوفرە و خراپترە لە كوفرەكانی یەهود و نەصاری ، بەڵام هەیە لەخەڵكی توشی ئەم یروباوەڕە بووە نەزانە بەهەندێ لەم حوكمانە كە حەڵاڵیان كردوە، نەزانن و عوذریان هەیە بەنەزانی، بۆیە حوكم نادرێت بەكافربونی هیچ كەسێك تاكو ئیقامە حوجەی لەسەر دەكرێت و ڕیسالەی پێ

دەگەیەنرێت، هەروەك الله تعالى دەفەرمێت(بۆ ئەوەی هیچ بیانویەك بەدەست خەڵكیەوە نەمێنێت دوای هاتنی پێغەمبەران) وە هەروەها الله تعالى دەفەرمێت: (ئێمە هەرگیز سزای بەندەكان نادەین هەتا پێغەمبەر نەنێرین بۆیان)."

3- شیخی الإسلام ابن تیمیة دەڵێت : (أما كونه عند المستمع معلوما أو مظنونا أو مجهولا أو قطعيا أو ظنيا أو يجب قبوله أو يحرم أو يكفر جاحده أو لا يكفر ؛ فهذه أحكام عملية تختلف باختلاف الأشخاص والأحوال. فإذا رأيت إماما قد غلظ على قائل مقالته أو كفره فيها فلا يعتبر هذا حكما عاما في كل من قالها إلا إذا حصل فيه الشرط الذي يستحق به التغليظ عليه والتكفير له ؛ فإن من جحد شيئا من الشرائع الظاهرة وكان حديث العهد بالإسلام أو ناشئا ببلد جهل لا يكفر حتى تبلغه الحجة النبوية.".مجموع الفتاوى (61-60/ 6)

دەڵێ: لای بیسەر بابەتەكە زانراوبێ یان جێگای گومان بێ نەزانراوبێ یان قەطعی بی یان زەنی واجب بێ وەرگرتنی یان حەرام نكۆڵی كاری كافربێ یان كافر نەبێ ئەمانە كۆمەڵە ئەحكامێكی كردەوەیین دەگۆڕێ لەكەسێكەوە بۆ كەسێكی تر لەبارودۆخێ بۆ بارودۆخێكی تر كاتێ بینیت ئیمامێ قسەی توندی كرد بەرامبەر كەسێ مانای وانیە ئەو قسەیە هەمووكەس بگرێتەوە و بیكەی

بەحوکمێکی گشتی ئیلا کاتێ نەبێ کە مەرجەکانی تێدا هاتبێتەدی کەشایستەی تووندکردن بێ لەسەری و تەکفیربکرێت باهۆیەوە، هەربۆیە ئەگەرکەسێ نکۆڵی لەحوکمە زاهیرەکان بکات کە تازە موسڵمان بووبێ یان لەشوێنێ نیشتەجێ بووبێ کەشوێنی جەهلە ئەم کەسە کافر ناکرێت تاکو حوجەو بەڵگەی پێ نەگات"

4- ئیمام ابن تیمیة : "والتحقيق في هذا: أن القول قد يكون كفراً كمقالات الجهمية الذين قالوا: إن الله لا يتكلم ولا يرى في الآخرة؛ ولكن قد يخفى على بعض الناس أنه كفر؛ فيُطلق القول بتكفير القائل؛ كما قال السلف من قال: القرآن مخلوق فهو كافر، ومن قال: إن الله لا يرى في الآخرة فهو كافر. ولا يكفر الشخص المعين حتى تقوم عليه الحجة كما تقدم؛ كمن جحد وجوب الصلاة والزكاة واستحل الخمر والزنا وتأول؛ فإن ظهور تلك الأحكام بين المسلمين أعظم من ظهور هذه؛ فإذا كان المتأول المخطئ في تلك لا يحكم بكفره إلا بعد البيان له واستتابته - كما فعل الصحابة في الطائفة الذين استحلوا الخمر - ففي غير ذلك أولى وأحرى" مجموع الفتاوى(٧/٦١٩).

دەڵێت: وتەی ڕاست لەم قسەیەدا ئەوەیە ئەشێت کوفربێت وەك قسەکانی جەهمیەکان کە دەڵێن خوا قسەناکات و نابینرێ لەڕۆژی قیامەت بەڵام ئەشێت ئەم قسانە لای هەندێ لەخەڵکی شاراوە بێت کە کوفرە، بۆیە بە ڕەهایی کوفر دەدرێتە پاڵ خاوەنەکەی کە قسەی ئاوا بکات، هەروەك

سەلەف دەڵێن: هەرکەسێ بڵێ قورئان مەخلوقە کافرە هەرکەسێ بڵێ خوا نابینرێ لەڕۆژی دوایی کافرە، بەڵام کەسی دیاریکراو تەکفیرناکەن تاکو ئیقامەی حوجەی لەسەر دەکرێت، وەك کەسێ ئینکاری واجب بونی نوێژ و زەکات بکا یان عارەق و زینا حەڵاڵ بکا بەتەئویل ئاشکرا بونی ئەم حوکمانە لەناو موسڵمانان زیاتر وەک لە ئاشکرابونی حوکمی قسەکردنی خوا و بینینی خوا، جا ئەگەر کەسێ بەتەئویل و هەڵە زینا و عارەق حەڵاڵ بکا تەکفیرنەکرێت هەروەك صەحابە تەکفیری ئەوانەیان نەکرد کە عارەقیان حەڵاڵ کردبوو ، ئەوا شتی تر لەخوار ئەو ئەو حوکمە ئاشکرایانە لەپێشترە کە خاوەنەکەی لەسەری تەکفیرنەکرێت."

لەم دەقەدا عوذر دەدات لەبابەتە شاراوە و دیارەکان.

5- شيخى ئيسلام ابن تيمية دەڵێت : فيمن جحد وجوب الصلاة بجهل أنه يعرف كحديث العهد، ومن نشأ ببادية هي مظنة الجهل وإن عاند كفر، وقال إن هذا أصل مطرد في مباني الإسلام الخمسة وفي جميع الأحكام الظاهرة المجمع عليها لأن أحكام الكفر والتأديب لا تثبت إلا بعد بلوغ الرسالة لاسيما فيما لايعرف بالعقل. (شرح العمدة ص ٥١)

دەڵێ: هەرکەسێ ئینکاری واجب بونی نوێژبکات بەهۆی نەزانی خۆی بۆی ڕون ئەکرێتەوە ، دوای ئەوە ئەگەر ئینکاری لێ کرد کافرئەبێت، وە دەڵێ:

ئەمە بنچینەیەکی گشتیە بۆ هەر پێنج پایەکەی ئیسلام وە هەروەها بۆ هەموو ئەو حوکمە ئاشکرایانەی کە ئیجماعی لەسەرە هەروەها کەسی نکۆڵیکار عوذری هەیە بەوەش هەیە کە تازە موسڵمان بووبێ یان لەشوێنێ گەورە بوبێشوێنی نەزانی بێ وعیلمی لێ نەبێ، بۆیە ئەم کەسە تەکفیرناکرێت تاکو پێی دەوترێ ئەمەیە دینی ئیسلام چونکە حوکمەکانی کوفر و تەمبێ کردن ناجەسپێت تەنها دوای گەیشتنی ڕیسالەنەبێت بەتایبەت ئەوشتانەشی کە تەنها بەعەقڵ نازانرێت"

8- شێخی ئیسلام ابن تیمیە دەربارەی قسەکوفریەکان دەڵێت :

" أنهم يخالفون ما اتفقت عليه الملل كلها وأهل الفطر السليمة كلها ; لكن مع هذا قد يخفى كثير من مقالاتهم على كثير من أهل الإيمان حتى يظن أن الحق معهم لما يوردونه من الشبهات .ويكون أولئك المؤمنون مؤمنين بالله ورسوله باطنا وظاهرا ; وإنما التبس عليهم واشتبه هذا كما التبس على غيرهم من أصناف المبتدعة فهؤلاء ليسوا كفارا قطعا بل قد يكون منهم الفاسق والعاصي ; وقد يكون منهم المخطئ المغفور له ; وقد يكون معه من الإيمان والتقوى ما يكون معه به من ولاية الله بقدر إيمانه وتقواه . مجموع الفتاوى (٣/٣٥٥).

دەڵێت: ئەوانە پێچەوانەی هەموو میللەتان و هەموو خاوەن فیترەتە پاکەکان

دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا زۆرێك لەقسەکانیان شاراوەیە لای زۆربەی ئەهلی ئیمان بەجۆرێ موسڵمانان وا گومان ئەبەن حەق لای ئەوانە بەهۆی ئەو شوبهە زۆرانەی دەیهێننەوە، جا ئەو ئیاماندارانە ئیماندارن بەخوا و پێغەمبەرەکەی لەپەنهان و لە ئاشکرا، بەڵکو لێیان تێکچوە هەروەك لە غەیری ئەوان لە موبتەدیعەکان تێکچوە هەربۆیە ئەوانە کافرنین بەهیچ شێوەیەك تیایان هەیە فاسقە و سەرپێچیکارە، وە ئەشێت کەسی هەڵەکاریان تێدابێت کە لێخۆشبونی بۆ هەیە، یان ئەشێت ئەوەنە ئیمان و تەقوایەیان هەبێت بەهۆی دۆستایەتی خوا بەدەست بهێنن بەئەندازەی ئیمان و تەقواکەیان."

[وەڵامی ئەوانەی دەڵێن ابن تەیمیە عوذر لەفروع بڕیار ئەدات نەك لەئوصوڵ]

1- شێخی ئیسلام ابن تیمیه رحمه الله دەڵێت :"

فمن كان من المؤمنين مجتهداً في طلب الحق وأخطأ فإن الله يغفر له خطأه كائنا ما كان، سواء كان في المسائل النظرية أو العملية، هذا الذي عليه أصحاب النبي - صلى الله عليه وسلم-، وجماهير أئمة الإسلام، وما قسَّموا المسائل إلى

مسائل أصول يَكْفُرُ بإنكارها، ومسائل فروع لا يَكْفُرُ بإنكارها. فأما التفريق بين نوع وتسميته مسائل الأصول ، وبين نوع آخر وتسميته مسائل الفروع، فهذا الفرق ليس له أصل، لا عن الصحابة ولا عن التابعين لهم بإحسان، ولا أئمة الإسلام، وإنما هو مأخوذ عن المعتزلة وأمثالهم من أهل البدع، وعنهم تلقاه من ذكره من الفقهاء في كتبهم، وهو تفريق متناقض، فإنه يقال لمن فرَّق بين النوعين: ما حد مسائل الأصول التي يَكْفُر المخطئ فيها؟ وما الفاصل بينها وبين مسائل الفروع؟ فإن قال: مسائل الأصول هي مسائل الاعتقاد ، ومسائل الفروع هي مسائل العمل. قيل له: فتنازع الناس في محمد - صلى الله عليه وسلم - هل رأى ربه أم لا؟ وفي أن عثمان أفضل من علي أم علي أفضل؟ وفي كثير من معاني القرآن وتصحيح بعض الأحاديث ، هي من المسائل الاعتقادية العلمية ، ولا كُفْرَ فيها بالاتفاق، ووجوب الصلاة والزكاة والصيام والحج وتحريم الفواحش والخمر هي مسائل عملية ، والمنكر لها يَكْفُر بالاتفاق.

واته: هەركەسێك لە بڕواداران هەوڵ بدات لەداواكردنی حەق بەڵام هەڵە بكات ئەوا بەڕاستی خوا لەهەڵەكەی خۆش ئەبێت ئەگەر لەبابەتی عەقیدەیی بێت یان یان لەبابەتی كردەوەیی ئەمەش كەلەسەرێتی هاوەڵانی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلّم، وە جەماوەری پێشەوایانی ئیسلام بابەتەكانیان دابەش نەكردوە بۆ بابەتی ئوصول كە ئەگەر كەسێك ئینكاری لێ بكات كافربێت و بابەتی فروع كە كەسێك ئینكاری لێ بكات كافر نەبێت. هەربۆیە جیاوازی

كردن لەنێوان ئەوەی ئەمە بابەتی ئوصول و ئەمە بابەتی فروعە ئائەم جیاوازی کردنە هیچ بنەمایەکی نیە نە لای هاوەڵان وە نەلای تابیعین وە نەلای پێشەوایانی ئیسلام بەڵکو ئەم جیاکردنەوەیە لە موعتەزیلەو هاوشێوەکانیانەوە وەرگیراوە لە ئەهلی بیدەع وە ئەو فوقەهایانەش لەکتێبەکانی ئەوانەوە وەریان گرتوە، ئەمەش جیاوازی کردنێکی دژبەیەکە هەربۆیە بەو کەسانەی ئەم جیاوازیە دەکەن پێیان دەڵێین : سنوری بابەتەکانی ئوصول تاکوێیە کە کەسێك هەڵەی تێاکرد کافربێ؟ خاڵی جیاکەرەوەی نێوانیان لەگەڵ بابەتەکانی فروع تاکوێ یە؟ جا ئەگەر بڵێ بابەتەکانی ئوصول بریتیە لەبابەتەکانی عەقیدە و بابەتەکانی فروعیش بریتیە لەبابەتەکانی کردەوە، لەوەڵامدا پێی دەڵێن دەی هاوەڵان و خەڵکی ناکۆك بوون ئایا پێغەمبەر پەروەردگاری دیوە یان نا ؟ هەروەها ڕاجیابون ئایا عوسمان باشترە یان عەلی وە لەزۆرێ لەماناکانی قورئان و بەڕاست دانانی هەندێ لەفەرمودەکان کەئەمانە لەبابەتی عەقیدەن و خاوەنەکەشی کافر نابێ بەئیتیفاق."

وقال شيخ الإسلام ابن تيمية - رحمه الله -: وأما الفرائض الأربعة، فإذا جحد وجوب شيء منها - بعد بلوغ الحجة - فهو كافر، وكذلك من جحد تحريم شيء من المحرمات الظاهرة المتواتر تحريمها° كالفواحش والظلم والكذب والخمر ونحو ذلك، وأما من لم تقم عليه الحجة° مثل أن يكون حديث عهد بإسلام، أو نشأ

بادية بعيدة، لم تبلغه فيها شرائع الإسلام ونحو ذلك، أو غلط فظن أن الذين آمنوا وعملوا الصالحات يستثنون من تحريم الخمر، كما غلط في ذلك الذين استتابهم عمر، وأمثال ذلك، فإنهم يستتابون وتقام الحجة عليهم، فإن أصروا كفروا حينئذ، ولا يحكم بكفرهم قبل ذلك، كما لم يحكم الصحابة بكفر قدامة بن مظعون، وأصحابه لما غلطوا من التأويل " مجموع الفتاوى(٣٥/١٦٥).

دەڵێت:" بەڵام چوار فەرزەکە: ئەگەر ئینکاری هەریەکێ لەوانەی کرد دوای گەیشتنی حوجە ئەوا کافر دەبێت، بەهەمان شێوە ئەگەر کەسێ ئینکاری یەکێ لەحەرام کراوە ئاشکراکان بکات کە متواترن وەکو فاحیشە و وستەم و درۆ و عارەق و هاوشێوەکانی، بەڵام ئەگەر کەسێ ئیقامە حوجەی لەسەر نەکرابێ وەك ئەوەی تازە موسڵمان بوبێت، یان دوورلە موسڵمان بێت و یاساو؟رێساکانی ئیسلامی پێ نەگەیشتبێت یان بەهەڵەداچوبێت وا گومانی بردبێت ئەگەر ئیمان بێنی و کردەوەی چاکە بکەی گوناحت ناگات هەرچی بخۆی وەك عارەق هەروەك کەسانێ هەڵەیان کرد و ئیمام عومەر ئیقامە حوجەی لەسەرکردن و وێنەکانی ئەمانەش داوای تەوبەیان لێ ئەکرێ و ئیقامە حوجە ئەکرێن ئەگەر هەر سوور بون ئەوکاتە کافر ئەبن، پێش ئەوە حوکمی کوفر نادرێت بەسەریان هەروەک صەحابە حوکمی کوفری نەدا بەسەر قودامەی کوڕی مەظعون و هاوەڵەکانی کاتی هەڵەیان کرد لەتەئویل."

[وەڵامی ئەوانەی دەڵێن و گومان دەبەن و تۆمەتباری شێخی ئیسلام بەوە ئەکەن کە ئەو خەڵکانەی تەکفیر نەکردوە وەکو سیاسەتێك هەڵوێستەی نواندوە نەوەك خۆی بیروباوەڕی وابێت چونکە مستضعف بووە و مودارات کردون]

ئەم تۆمەتە ناشرینەیان زۆر زۆر دووره لەشێخی ئیسلام وئیمامێکی ئاوا زانا و دانا کەچەندین ساڵ لەپێناو دینی خوا و تەنازول نەکردن لەچوکترین شتی ئەم

دینه کرایه زیندان و توندترین ئەشکەنجە درا وەك لەسەر تەنازول نەکردن تەڵاقی سێ بەسێ و زیارەتی مەزارەکان و هەر لەزیندانیش وەفاتی کرد کەسێك ئەوە ژیان و هەڵوێست و مێژووەکەی بێ لەکۆ جێگای ئەبێتەوە ئەو تۆمەتە بەتایبەت تۆمەتێ کە تێکدان و ڕوخاندن و چەواشەکردن بێت لەئەصڵی دین ؟!!! نەك بابەتێکی فیقهی لاوەکی .

شێخی ئیسلام ابن تیمیة رحمه الله دەڵێت : فإن الشرك والقول على الله بلا علم والفواحش ما ظهر منها وما بطن، والظلم لايكون فيها شيء من المصلحة. مجموع الفتاوى (١٤/٤٧٦).

دەڵێت : بێگومان شیرك و قسەکردن بەناوی خواوە بەبێ عیلم و فاحیشە ئاشکراکان و شاراوەکان و ستەمکردن بەهیچ شێوەیەك بەرژەوەندی نیە لەماندا ئەنجامی بدەیت.

وەهەروەها شێخی ئیسلام ابن تیمیة رحمه الله دەڵێت: ومَتى ترَك العَالِمُ ما عَلِمَه، من كتاب الله، وسُنَّةِ رسولِه، واتَّبع حُكمَ الحاكِمِ المُخالف لحُكم اللهِ ورسِوله.. كان مُرتدًّا كافرًا! يَستحقُّ العقوبةَ في الدنيا والآخرة. مجموع الفتاوى(35 /372-374)

دەڵێت: هەرکاتێ زانایەك وازی هێنا لەو زانستەی کەدەیزانی لەکیتابی خوا و سونەتی پێغەمبەرەکەی و شوێنی حوکمی دەسەڵاتدارێك کەوت کە

پێچەوانەی حوکمی خوا و پێغەمبەرە ئەوا مورتەد و کافر دەبێتەوە شایستەی سزایە لەدونیا و قیامەت.

ئەگەر واشدابنەین ئەگەر لەبارودۆخێکدا مستضعف بوبێت خۆ دەبوو لەبارودۆخێکی تریدا ئەو قسانەی پێشووی ڕوون بکردایەتەوە و بەصەڕێحی بیوتایە کە حوکم دەدات لەسەر هەرکەسێ کە ئیقامەی حوجەی لەسەر نەکرابێت ئەگەر بۆ تەنها جارێکیش بێت لەژیانی دەبوو بەئاشکرا قسەیەکی ئاوای بکردایە.

پاشان ئەگەر بڵێن تەکفیرنەکردنی بەکری لەلایەن شێخی ئیسلامەوە سیاسەتی شەرعی بووە ئەوا دەڵێین نەخێر ئەگەر بەو پێوەرەی ئێوە بێت دەبوو شێخی ئیسلام تەکفیری بەکری بەئاشکرا بکردایە نەك تەکفیرکردنی فەخری ڕازی چونکە ڕازی یەکێکە لەگەورەکانی ئەهلی کەلام و کۆڵەکەی قانونە کولیەکانیانە، بەپێچەوانەی بەکری ئەصڵەن هەر زانا نیە، کاتێ کتێبێکی نوسی لەسەرابن تەیمیە هیچ یەکێ لەزانایانی میسڕ موافەقەیان لەسەرنەکرد، بەڵکو مامۆستاکەی خۆی ئینکاری کرد لەوکارەی هەروەك شێخی ئیسلام لە کتێبی "الاستغاثة في الرد على البكري لاپەڕە 248 " دەڵێت، لەتەکفیرکردنی کەسێکی ئاوا چ مەفسەدەیەك هەیە ئەگەر لای شێخ کافربوایە.

[وەڵامی ئەوانەی وادەگومان دەبەن ابن تەیمیە مەبەستی لەتەکفیرکردنیان تەنها تەکفیرکردنی قیامەتیانە]

لەو تەئویلە باتڵانەی کە دەیکەن دەڵێن ئەو کوفرەی کە ابن تەیمیە نەفی کردوە بریتیە لەکوفری "معذب" کوفرێك کە پەیوەستە بەسزادانی خاوەنەکەی لەدونیا و قیامەت، کوشتن لەدونیا و مانەوەی هەتاهەتایی لەئاگر، بەڵام ناوی کوفری لەسەر دەچەسپێت لەگەڵ حوکمەکانی تری کوفر لە حوکمەکانی دونیا، لەڕاستیدا ئەمەش هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نیە لەووتەکانی ابن تەیمیە بەڵکو بەڵگە لەسەر پێچەوانەکەی هەیە.

1- ئيمام ابن تيمية رحمه الله دەڵێت: فإن نصوص الوعيد التي في الكتاب والسنة، ونصوص الأئمة بالتكفير والتفسيق ونحو ذلك، لا يستلزم ثبوت موجبها في حق المعين، إلا إذا وجدت الشروط وانتفت الموانع، لا فرق في ذلك بين الأصول والفروع هذا في عذاب الأخرة فإن المستحق للوعيد من عذاب الله ولعنته وغضبه في الدار الآخرة خالد في النار أو غير خالد وأسماء هذا الضرب من الكفر والفسق يدخل في هذا القاعدة سواء كان بسبب بدعة

إعتقادية أو عبادية أو بسبب فجور في الدنيا وهو الفسق بالأعمال فأما أحكام الدنيا فكذلك أيضاً ." مجموع الفتاوى (١٠/٣٧٢)

دەڵێت: بەڕاستی دەقەکانی هەڕەشە کە لەکیتاب و سونەت دان هەروەها دەقەکانی پێشەوایان سەبارەت بە کافربوون و فاسق بوون و هاوشێوەکانی، ئەوە ناخوازێت بەچەسپێت بەسەرکەسی دیاریکراودا، تەنها ئەگەر مەرجەکانی تێدا هاتبێتە دی و بەربەستەکانی لەسەر نەمابێت، بۆ ئەم بڕیارەش جیاوازی نیە ئەو بابەتە لە لقەکانی دین بێت یان لە بنچینەکانی دین، ئەمە لەسزای قیامەت بەڕاستی کەسێك شایستەی هەڕەشەی سزا و لەعنەت و تووڕەیی خوا بێت لەڕۆژی دوایی جا هەڕەشەی هەتاهەتایی لەسەربێت بۆ ناو ئاگر یان هەڕەشەی کاتی وەکو کافر و فاسق ئەم ناوانە هەموو دەچنە ژێر ئەم قاعدەیەوە، جا ئەو کارە بەهۆی بیدعەیەکی ئیعتیقادی بێت یان بەهۆی عیبادەتی بێت یان بەهۆی تاوان و خراپە بێت لەدونیا کە تاوانی کردەوەکانە، هەروەها حوکمەکان لەدونیاش بەهەمان شێوەیە ."

2- شێخی الإسلام ابن تیمیەدەڵێت : ولهذا لو أسلم رجل ولم يعلم أن الصلاة واجبة عليه أو لم يعلم أن الخمر يحرم لم يكفر بعدم اعتقاد إيجاب هذا وتحريم هذا بل ولم يعاقب حتى تبلغه الحجة النبوية. " مجموع الفتاوى (١١/٤٠٦).

دەڵێت: ئەگەر پیاوێ موسڵمان بوو نەیدەزانی نوێژ واجبە لەسەری یان نەیزانی

عارەق حەرامە کافرنابێت بەڵکو سزاش نادرێت تاکو حوجەی پێغەمبەرایەتی پێ دەگات."

3-شێخی ئیسلام ابن تیمیة دەڵێت " وأما الحكم على المعين بأنه كافر أو مشهود له بالنار: فهذا يقف على الدليل المعين، فإن الحكم يقف على ثبوت شروطه وانتفاء موانعه " مجموع الفتاوى (١٢/٤٩٧).

دەڵێت: بڕیاردان لەسەرکەسێکی دیاریکراو بەوەی کافرە یان شایەدی ئاگری بۆ دراوە، ئەمە دەوەستێت لەسەر بوونی بەڵگەیەکی دیاریکراو لەسەر ئەو کەسە، چونکە حوکمی ئاوا پەیوەستە لەسەر چەسپاندنی مەرجەکان و نەمانی بەربەستەکانی."

جا هاوەڵانی ئەم بیردۆزە زۆربەی کات دەچن ئەو وتانەی ابن تەیمیە بەکاردێنن کە سەبارەت بەکافرانی ئەصڵی فەرمویەتی کە حوجەیان پێ نەگەیشتوە، بەڵام ناچن ئەو ووتانەی شێخی ئیسلام بهێنن کەدەربارەی موسڵمانانە کاتێ دەکەونە کوفرەوە، ئەمەش گومڕاکردن و تەحریف کردنە بەڕاستی و جائیز نیە.

[وەڵامی ئەوانەی وتەکانی شێخی ئیسلام ابن تەیمیە تایبەت دەکەن بەکەسێك تازە موسڵمان بوبێت یان لەناو کافران و دوور لەموسڵمانان گەورە بوبێت]

دەڵێین شێخ ئەم نمونانەی باسکردوە وەك نموونە نەك وەکو پەیوەست کردن، ئەم نمونانە بۆ ڕونکردنەوەی ئەو بارودۆخانەیە کە گومانی زۆری نەزانی تێدا ئەکرێت، هەروەها بادیەی بەعیدە مەبەستی تەنها ئەوە نیە شوێنێکی دووربێت، بەڵکو مەبەست دووربوونە لە عیلم.

ئیمام ابن تیمیة رحمه الله دەڵێت: ولهذا اتفق الأئمة على أن من نشأ ببادية بعيدة عن أهل العلم والإيمان وكان حديث العهد بالإسلام فأنكر شيئآ من هذه الأحكام الظاهرة المتواترة فإنه لا يحكم بكفره حتى يعرف ما جاء به الرسول " مجموع الفتاوى (١١/٤٠٧).

دەڵێت: هەربۆیە پێشەوایان کۆکن لەسەر ئەوەی هەرکەسێك گەورە بوبێت لەشوێنێکی دوور لە ئەهلی عیلم و ئیمان و تازە موسڵمان بوبێت و ئینکاری حوکمێکی ئاشکرای متواتر بکات، بڕیاری کافربونی نادرێت تاکو دینی خوای بۆ ڕوون دەکرێتەوە."

ئیمامی ابن تیمیة رحمه الله دەڵێت :وأيضاً فكون الشيء معلوماً من الدين بالضرورة أمر إضافي، فحديث العهد بالإسلام ومن نشأ ببادية بعيدة قد لايعلم بالكلية، فضلاعن كونه يعلمه بالضرورة. "مجموع الفتاوى (١٣/١١٨).

دەڵێت: ئەوشتانەی زانینیان زەڕوڕەتن لەدین بابەتێکی ئیضافین، چونکە کەسی تازە موسڵمان بوو یان کەسی دوور لەموسڵمانان و دوور لەعیلم ئەشێت هەر هیچ نەزانن چ جای ئەوەی بزانێ فلاّنە شت زانینی زانرابێت بەزەڕوڕەتی دین."

وه شێخی ئیسلام دەڵێت : فهذا الرجل شك في قدرة الله وفي إعادته إذا ذري، بل اعتقد أنه لايعاد، وهذا كفر باتفاق المسلمين، لكن كان جاهلاً لايعلم ذلك وكان مؤمناً يخاف الله أن يعاقبه فغفر له بذلك . والمتأول من أهل الاجتهاد الحريص على متابعة الرسول أولى بالمغفرة من مثل هذا."مجموع الفتاوى(3/231)

واتە: ئەم پیاوە گومانی هەبوو لەتوانای خوا لەزیندوو کردنەوەی ئەگەر بکرێت بەخۆڵەمێش بدرێ بەدەم بایا، بەڵکو باوەڕی وابوو زیندوو نابێتەوە، ئەمەش کوفرە بەکۆڕای موسڵمانان، بەڵام ئەمە جاهیل بوو نەیدەزانی و بڕواداربوو دەترسا لەخوا خواش بەهۆی ئەو ترسانەی لێی خۆشبوو، کەسی خاوەن تەئویل و اجتهاد کەسوورە لەسەر شوێنکەوتنی پێغەمبەر لەپێشترە بەلێخۆشبوون وەک لەم پیاوە."

ئیمام ابن تیمیة رحمه الله دەڵێت: (إنَّ المتأوِّلَ الذي قصْدُه متابعةُ الرَّسولِ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم، لا يُكفَّرُ بل ولا يُفسَّقُ إذا اجتَهَد فأخطأ، وهذا مشهورٌ عند النَّاسِ في المسائِلِ العَمَليَّةِ، وأمَّا مسائِلُ العقائِدِ فكثيرٌ من النَّاسِ كفَّر المخطِئين فيها، وهذا القَولُ لا يُعرَفُ عن أحدٍ مِن الصَّحابةِ والتَّابعين لهم بإحسانٍ، ولا عن أحَدٍ مِن أئمَّةِ المسلِمين، وإنما هو في الأصلِ مِن أقوالِ أهلِ البِدَعِ الذين يبتَدِعون بِدعةً ويُكَفِّرون من خالفَهم، كالخوارجِ والمعتَزِلةِ والجَهْميَّةِ، وقع ذلك في كثير من أتباع الأئمة كبعض أصحاب مالك والشافعي وأحمد وغيرهم " منهاج السنة (٣/٢٣١).

دەڵێت : کەسی خاوەن تەئویل کە مەبەستی شوێنکەوتنی پێغەمبەرێت صلی الله علیه وسلم تەکفیر ناکرێت بەڵکو تەفسیقیش ناکرێت کاتێك هەوڵ بدات بەڵام نەپێکێت و هەڵەبکات، ئەمە لای خەڵکی بەناوبانگە لەبابەتە کردەییەکان، بەڵام لەبابەتە عەقیدەییەکان زۆرێك لەخەڵکی کەسانی بەهەڵەداچوو لە عەقیدە تەکفیر دەکەن، بەڵام تەکفیرکردن بەهۆی هەڵەکردن لەعەقیدە بەهیچ شێوەیەك نەبووە لەلای هیچ یەکێ لەصەحابە و شوێنکەوتەکانیان بەچاکی، وە هیچ یەکێ لەپێشەوایانی موسڵمانانیش شتی وایان نەوتوە، بەڵکو لەبنچینەدا ئەم قسەی ئەهلی بیدەعە کە بیدعەیەك دا ئەهێنن هەرکەسێ موخالفیان بێت تەکفیری ئەکەن وەکو خەوارج و موعتەزیلە

و جەهمیەکان هەروەها زۆرێکیش لە شوێنکەوتوانی پێشەوایان وەك هەندێ لە هاوەڵانی مالیك وشافیعی و ئەحمەد و غەیری ئەوان. "

شێخی ئیسلام دەڵێت :" وهكذا الأقوال التي يكفر قائلها قد يكون الرجل لم تبلغه النصوص الموجبة لمعرفة الحق , وقد تكون عنده ولم تثبت عنده أو لم يتمكن من فهمها , وقد يكون قد عرضت له شبهات يعذره الله بها , فمن كان من المؤمنين مجتهدا في طلب الحق وأخطأ فإن الله يغفر له خطأه كائنا ما كان , سواء كان في المسائل النظرية أو العملية" , وذكر أن هذا التأصيل هو" الذي عليه أصحاب النبي e وجماهير أئمة الإسلام " مجموع الفتاوى(3 /231,229) .

دەڵێت : بەهەمان شێوەیە ئەو وتە کوفریانەی خاوەنەکەی پێ کافر ئەبێت، بەڵام ئەشێت ئەو کەسە دەقە شەرعیەکانی پێنەگەیشتبێ کەحەقی پێ دەناسێنن، یان ئەشێت دەقەکانی لابێ بەڵام ثابت نەبوبێت لەلای یان نەیتوانی بێت لێی تێبگات، یان ئەشێت توشی چەن شوبهەیەك بوبێت الله عوذری پێ بدات، بۆیە هەرکەسێك لەبڕوادارانتێبکۆشێت بۆ داواکردنی حەق و هەڵەبکات ئەوا خوا هەڵەکەی لێ خۆش ئەبێ هەرکەسێ بێ لەبابەتی عەقیدە بێ یان کردەوە وەدەڵێت ئەم تەئصیل و بنچینەیەیە کە هاوەڵانی پێغەمبەری ﷺ و جەماوەری پێشەوایانی ئیسلامی لەسەرە."

[وەڵامی ئەوانەی دەڵێن کتێبەکانی ابن تەیمیە توشی دەستکاری کردن هاتوە دوای زیندانی کردنی یان دوای مردنی]

پێی دەڵێین بەڵگە لەسەر ئەو کەسەیە کە ئیدیعای شتێك دەکات هەروەك پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەفەرمێت.

دەڵێین چەن ئاسانە بانگەشەکردنەکان و تۆمەتەکان ئەم قسانە هەموو کەس ئەتوانێ بیکات بەڵام هیچ کەسێك پەنای بۆ نابات تەنها کەسێ نەبێت کە لەڕووی بەڵگە و دەلیلەوە دۆڕابێت و ئیفلاسی هێنابێت.

مەعلومە ئیمام ابن تەیمیە قوتابی زۆر زۆر بووە لەسەروی هەمویانەوە: ابن القیم و ابن کثیر هیچ یەکێ لەوانە قەت نەیان وتوە کتێبەکانی شێخەکەیان دەستکاری کراوە یان شتی بۆ زیادکراوە یان شتی دراوەتە پاڵ.

[لەکۆتاییدا پوختەی مەذهەبی شێخی ئیسلام لەم بابەتە]

هەرکەسێك بکەوێتە ناو کردەوەیەکی کوفری و شیرکی جا لە عەقیدە بێت یان لە ئەحکام جا ئاشکرا بێت یان شاراوە مادام جاهیل بێت بەو حوکمی ئەو کردەوەیە یان تازە موسڵمان بووبێت یان لەشوێنێکی دوور لەعیلم و زانایانی متمانەپێکراو گەورە بوبێت یان لەوڵاتێك بێت کە جەهل و خورافات تیایدا

بڵاوبوبێتەوە یان لە وڵاتێك بێت ئەهلی عیلمی تێدا بێت بەڵام بەڵگەی پێ نەگەیشتبێت یان بەڵگەی پێ گەیشتبێت بەڵام تەئویلی کردبێت بەهەڵە، ئەوا کافر ناکرێت تاکو ئیقامە حوجەی لەسەر دەکرێت، واللە اعلم

[هەڵوێستی ئیمام إبن تەیمیە سەبارەت بەتەکفیرکردنی ڕافیزە]

الحمد لله رب العالمين , والصلاة والسلام على أشرف الأنبياء والمرسلين وبعد

ئەمە توێژینەوەیەکی کورتە لەبارەی سەلماندنی هەڵوێستی ئیبن و تەیمیە دەربارەی ڕافیضە، ئایا حوکمی کافربوونی داوە بەسەریان یان نا ؟ هۆکاری نوسینی ئەم توێژینەوەمان ئەوەیە زۆرێك لە نوسەرەکانی هاوچەرخ مشتومڕ و

جیاوازیان تێدا کەوتوە لەدیاریکردنی هەڵوێستی ئیبن و تەیمیە سەبارەت بە ڕافیضە، هەیانە بەشێوەیەك حاڵی بووە کە دەڵێ بەڵێ ئیبن تەیمیە ڕافیضەی بەدیاریکراوەیی تەکفیر کردوە، هەشیانە بەشێوەیەکی تر حاڵی بووە لەووتەکانی ئیبن و تەیمیە و دەڵێ شێخ بەدیاری کراوەیی تەکفیری نەکردون، تەنها دوای بەدیهاتنی مەرجەکان و نەمانی بەربەستەکان نەبێت، وە جیاوازیەکە لەنێوان ئەم دوو کۆمەڵە بشێوەیەکی بەرچاو زیادیکردوە و کێشمەکێشی دروستکردوە لەنێوانیان، بەتایبەت لەم دۆخەی ئێستا، لەگەڵ ئەوەی خودی وتەکانی شێخ لەبەردەستماندایە لەکتێب و نامەکانی، جا تۆێژینەوەی زانستی وا دەخوازێت بگەڕێنەوە بۆ خزمەت خودی وتەکانی خۆی هەروەها کۆکردنەوەی وتە جیاوازەکانی، وەهەروەها ڕەچاوکردنی بنچینەی فیکری شێخی ئیسلام و ئەو ڕێسایانەی حوکمەکانی لەسەر بینا کردوە، بەم شێوازە دەتوانین تێ بگەین لەحوکمی شێخی ئیسلام لەو مەسەلەیە، بۆ ئەمەش بەئومێدم ئەم تۆێژینەوەیە ئەم ئامانجەی بەدیهێنابێت، ئەم تۆێژنەوەیە تەنها بۆ دیاری کردنی هەڵوێستی ئیبن و تەیمیەیە سەبارەت بەڕافیضە، نەك مشتومڕ کردن لەسەر وردەکاریەکان و وتەی زانایان لەسەریان و هێنانەوەی بەڵگەکان لەسەریان.

ئەم تۆێژینەوەیە لەسەر دوو بابەتە :

بابەتی یەکەم: باسکردنی ئەو وتانەی شێخی ئیسلام ئیبن تەیمیەیە کە باسی لەتەکفیرنەکردنی ڕافیضە دەکات بەڵگەن لەسەر کافرنەکردنیان.

بابەتی دووەم: وەڵامدانەوەی ئەو ئیشکال و گومانانەیە کە هاتۆتە کایەوە لەم بابەتە.

بابەتی یەکەم: باسکردنی ئەو وتانەی شێخی ئیسلام ئیبن تەیمیەیە کە باسی لەتەکفیرنەکردنی ڕافیضە دەکات بەڵگەن لەسەر کافرنەکردنیان.

گومانی تێدانیە (فیرقەی دوانزە ئیمامیەی ڕافیضە) دیارترینی ئەو فیرقانەیە کە شێخی ئیسلام بەرپەرچی داونەتەوە وتەکانیانی هەڵوەشاندۆتەوە و هەڵەکانیانی ئاشکراکردوە لەعەقیدە و لە ئوسوڵی مەنهەجی ئیستیدلال، زۆر سووربووە لەسەر دەرخستنی ئەم ڕاستیانە لەسەرجەم کتێبەکانی، بەڵکو شێخی ئیسلام ئیبن و تەیمیە لە هەموو فیرقەکان زیاتری توندی نواندوە بەرامبەر ڕافیضە، وەسفی کردون بەکەمی عیلم و عەقڵ، هەروەها وەسفی کردون بە تێکگیران لێکگیران هەروەها وەسفیان ئەکات بەوەی بەردەوام لەدوژمنایەتی کردنی موسڵمانانن بەردەوام لەگەڵ دوژمنانن هاوکاریان ئەکەن لەدژی موسڵمانان، وە دەڵێت لەهەموو تائیفەکانی تر درۆزنتر و دوورترن لەدین، وە لەهەموو تاقمەکان مەترسیدارترن، "([1]) .

هەروەك لەم بارەیەوە دەڵێت:"والرافضة أشد بدعة من الخوارج , وهم يكفرون من لم تكن الخوارج تكفره , كأبي بكر وعمر , ويكذبون على النبي صلى الله عليه وسلم , والصحابة كذبا ما كذب أحد مثله , والخوارج لا يكذبون , لكن الخوارج كانوا أصدق وأشجع منهم , وأوفى بالعهد منهم , فكانوا أكثر قتالا منهم ,

وهؤلاء أكذب وأجبن وأغدر وأذل , وهم يستعينون بالكفار على المسلمين , فقد رأينا ورأى المسلمون أنه إذا ابتلي المسلمون بعدو كافر كانوا معه على المسلمين , كما جرى لجنكزخان ملك التتر الكفار , فإن الرافضة أعانته على المسلمين .

وأما إعانتهم لهولاكو ابن ابنه لما جاء إلى خراسان والعراق والشام فهذا أظهر وأشهر من أن يخفى على أحد , فكانوا بالعراق وخراسان من أعظم أنصاره ظاهرا وباطنا , وكان وزير الخليفة ببغداد الذي يقال له ابن العلقمي منهم , فلم يزل يمكر بالخليفة والمسلمين ويسعى في قطع أرزاق عسكر المسلمين وضعفهم وينهى العامة عن قتالهم ويكيد أنواعا من الكيد حتى دخلوا فقتلوا من المسلمين , ما يقال إنه بضعة عشر ألف ألف إنسان , أو أكثر أو أقل , ولم ير في الإسلام ملحمة مثل ملحمة الترك الكفار المسمين بالتتر , وقتلوا الهاشميين وسبوا نساءهم من العباسيين وغير العباسيين , فهل يكون مواليا لآل رسول الله صلى الله عليه وسلم من يسلط الكفار على قتلهم , وسبيهم وعلى سائر المسلمين"([2]) .

دەڵێت : بیدعەی ڕافیزە ترسناکترە لە بیدعەی خەوارج، ڕافیزە کەسانێ تەکفیر دەکەن کە خەوارج تەکفیریان نەکردون وەك ئەبو بەکر و عومەر، و درۆ ئەکەن بەدەم پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم و صەحابە درۆی وا ئەکەن بەدەمیانەوە کەوا کەس درۆ ئاوای نەکردبێ، بەڵام خەوارج درۆ ناکەن خەوارج

زۆر لەوان ڕاستگۆ تر و ئازاتر و بەوەفا تربوون لەبەڵێنەکانیان وە لەوان زیاتر قیتالیان ئەکرد، بەڵام ئەو ڕافیزانە ترسنۆکتر و غەدارتر و زەلیل ترن، ئەوانە داوای یارمەتی لەکافران ئەکەن دژی موسڵمانان، بینیومانە و موسڵمانانیش بینیویانە کاتێ موسڵمانان توشی شەڕێك هاتبن لەگەڵ کافران ئەوان لەگەڵ کافرەکە بوونە و پشتی کافرەکەیان گرتوە، هەروەك لەگەڵ جەنگیزخان پاشای تەتارە کافرەکان کردیان، ڕافیزە یارمەتیانی ئەدا لەدژی موسڵمانان.

هەروەها ڕافیزە یارمەتی هۆلاکۆیان ئەدا کاتێ هۆلاکۆ هات بۆ خۆڕاسان و عێڕاق و شام ئەمە هەر زۆر بەناوبانگە و شتێك نیە لەکەس شاراوەبێت، بەڕاستی گەورەترین پاڵپشتی و سەرخەری هۆلاکۆ بوون لەعێڕاق و خۆڕاسان بەدڵ و بەگیان، وەزیری خەلیفەی بەغداد ڕافیزە بوو ناوی ابن العەلقەمی بوو بەردەوام پیلانی دا ئەڕێژا دژی خەلیفە و موسڵمانان و هەوڵی بڕینی موچە و ئەرزاقی موجاهیدان وسەربازانی موسڵمانانی ئەدا و لاوازی ئەکردن و ڕێگری ئەکرد لەخەڵکی عەوام بجەنگن دژی تەتارەکان، هەموو پیلان و فرت و فێڵێکی ئەنجام دا تاکو کافران هاتن و خوێنی موسڵمانیان ڕژاند، وەك ئەوترێت دە هەزار و ئەوەندە ئینسانیان کوشت، زیاتر یان کەمتر، لە ئیسلامدا هیچ داستانێکی ئاوا ڕوی نەداوە وەکو داستانی تەتارە کافرەکان هاشمیەکانیان کوشت وە ژنەکانیانیان کرد بەسەبایا ژنی ئەوان

عەباسیەکان و غەیری عەباسیەکانیش، ئایا کەسێ خۆشەویستی هەبێت بۆ ئالو بەیتی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم کافران سەردەخات و پاڵپشتی کافران ئەکات بۆ کوشتنی بنەماڵەی پێغەمبەر هاشمیەکان وعەباسیەکان پاشان ژن و منداڵەکانی ئەوان وموسڵمانان بکرێن بەسەبایا.

هەروەها لەوتەکانی دا هاتووە و دەڵێ:" الرافضة , إنما نقابلهم ببعض ما فعلوه بأمة محمد صلى الله عليه وسلم سلفها وخلفها , فإنهم عمدوا إلى خيار أهل الأرض من الأولين والآخرين بعد النبيين والمرسلين , وإلى خيار أمة أخرجت للناس , فجعلوهم شرار الناس , وافتروا عليهم العظائم , وجعلوا حسناتهم سيئات , وجاءوا إلى شر من انتسب إلى الإسلام من أهل الأهواء , وهم الرافضة بأصنافها غاليها وإماميها وزيديها , والله يعلم وكفى بالله عليما ليس في جميع الطوائف المنتسبة إلى الإسلام مع بدعة وضلالة شر منهم , لا أجهل ولا أكذب ولا أظلم ولا أقرب إلى الكفر والفسوق والعصيان وأبعد عن حقائق الإيمان منهم "([3]), دەڵێ: ئێمە ڕوبەڕووی ڕافیزە دەبینەوە بەهەندێك لەو کارانەی کە ئەنجامیان داوە بەرامبەر پێشین و پاشینی ئومەتی محمد صلى الله عليه وسلم ، ئەو ڕافیزانە دەستیان بۆ هەڵبژێردراوان و باشترینەکانی سەر زەوی برد لەدوای پێغەمبەران و نێرراوان ئەوانە پەلاماری باشترین

کەسانێکیان دا کە هاتبن بۆ خەڵکی، ڕافیزە ئەو باشترین کەسانەیان کرد بەخراپترینی خەڵکی و درۆی گەورە وشاخداریان هەڵبەستا بۆیان هەرچی چاکەیان هەبوو کردیان بەخراپە، بۆیە خراپترینی کەسانێ خۆیان دابێتە پاڵ ئیسلام لەئەهلی هەواو ئارەزوو ڕافیزەیە، بەهەموو ڕێچکەکانیانەوە لە زیادەڕەوەکان و ئیمامیەکان و زەیدیەکان خوا دەزانێت و شایەدە هیچ فیرقەیەکی مونتەسیب بۆ ئیسلام نیە لەگەڵ ئەو بیدعانەی کەهەیانە خراپتر و جاهیل تر و درۆزنتر و زاڵمتر و نزیکترین لەکوفر و لە فوسق و لە سەرپێچی کردن لە ڕافیزە، ڕافیزە لەهەموو ئەو فیرقانە دوورترە لە ڕاستیەکانی ئیمان."

ووتەکانی شێخی ئیسلام سەبارەت بەزەم کردنی ڕافیزە و باسکردنی شتەکانیان زۆر زۆرن، وە لەدیارترینی زانایانە کە قسەی کردبێت لەسەر ڕافیزە و زەمی کردبن، سەرەڕای ئەمانەش شێخی ئیسلام ابن تەیمیە حوکمی کافربون و دەرچوونی لەئیسلامی نەداوە بەسەریان، بەڵکو ڕافیزەی بەمانەوە لەقەڵەم داوە لەبازنەی ئیسلام، وە هەر بەو پێیە مامەڵەشی لەگەڵ کردون، لێرەدا پێویستە ئەوەش بزانرێت شیعە لەسەر یەك پلە و مەقام نین لەدینەکەیان جۆراوجۆرن و ڕێچکەی جیاوازیان هەیە هەر بۆیە ووتە و حوکمی زانایان و پێشەوایان لەبارەی ڕافیزە جیاوازە.

شیعـــــه سێ بەشن :
بەشێکیان بە ئیجماع کافرن/ ئەمانەش بریتین لە شیعەی ئیسماعیلیە و نوصەیریە و شیعەی قەرامیتەکان و شیعەی عەلی ئەوانەی عەلی ڕەزای خوای لێ بێت ئەکەن بەخوا و زیادەڕەوی تێدا ئەکەن.

بەشێکی تریان / بەئیجماعی پێشەوایان کافر نین وەکو شیعەی موفەزەڵە ئەوانەی فەزڵی عەلی ئەدەن بەسەر ئەبو بەکر و عومەر ڕەزای خوایان لێ بێت.
بەشێکی تریان / شیعەی ڕافیزەیە ئەمانەیان خیلاف هەیە لەنێوان زانایان سەبارەت بەتەکفیرکردنیان.
ئیبن تەیمیە لەقسەکانی ئاماژەی بەم جۆرە دابەشکردنە کردوە باسی ئەو شیعەی موفەزەڵەی کردوە کە ئجماعی پێشەوایان هەیە لەسەر کافر نەبونیان([4]) ,

وە لەچەندین شوێنیشدا ئیمام ابن تەیمیە جەخت ئەکاتەوە لەسەر تەکفیرکردنی شیعە زیادەڕەوەکان لە ئیسماعیلیەکان و نوصەیریەکان و قەرامیتەکان و غەیری ئەوان لە غولاتەکانی شیعە و دەڵێن ئەوانە بەئیجماع کافرن ([5]) , پاشان

شێخی ئیسلام ئیبن و تەیمیە لەچەن شوێنێکی کتێبەکانی دەڵێت زانایان دوو قەولیان هەیە سەبارەت بەڕافیزە، کە ئەمە گێڕانەوەیە لە ئیمام ئەحمەدەوە ([6]) , ئەم سێ دابەشکردنە شێخی ئیسلام بەکاری هێناوە لەڕوونکردنەوەی ئەو فیرقانەی کەخۆیان ئەدەنە پاڵ ئیسلام، ڕوونی کردۆتەوە کەشیعە لەو سێ بەشە بەدەر نیە، هەربۆیە ڕاست نیە بوترێت شێخی ئیسلام شیعە بەڕەهایی تەکفیر ناکات یان بوترێت شیعە بەڕەهایی و موتڵەق تەکفیر ئەکات، بەڵکو پێویستە بوترێت شێخی ئیسلام بەتەفصیل باسی کردوە و وردی کردۆتەوە بەو شێوەیەی باسمانکرد.

لێرەدا ئاگاداریەکی گرنگ هەیە بۆ مەبەستی سەلماندنی تۆێژینەوەکە، ئەویش ئەوەیە ئێمە باسی حوکمی خودی ڕافیزە خۆیان ئەکەن تۆێژنەوەکەمان دەربارەی حوکمی ڕافیزەیە نەك حوکمی ئەو بیروباوەڕانەی هەیانە، هەر بۆیە گومانی تیدا نیە کەوا ڕافیزە زۆرێك عەقیدەی کوفریان هەیە، بەڵام دەبێت جیاوازی بکرێت لەنێوان قسەکردن لەسەر بیروباوەڕەکانیان وە لەنێوان قسەکردن لەسەر حوکمی کەسانی دیاریکراوی ڕافیزە، باسەکەی ئێمەش لەحوکمی کەسانی دیاریکراوە لەڕافیزە نەك لە عەقیدەی ڕافیزە .

هەربۆیە ئەمانەوێ لێرەدا مەذهەبی ابن تەیمیە بسلمێنین دەربارەی حوکمی ڕافیزە و ڕوونی بکەینەوە کە شێخ تەکفیری نەکردون، ئێمە تەنها

تۆژینەوەکەمان دەربارەی ڕافیزەی دوانزە ئیمامیەیە، نەك لە باسی شیعە بکەین بەگشتی بەڵکو تەنها ڕافیزەمان مەبەستە، دەڵێین ابن تەیمیە ئەم تاقمەی شیعەی تەکفیرنەکردوە، بەڵگەش لەسەر ئەمە چەند شتێکە لە وتەکانی ابن تەیمیە لەوانە :

یەکەم شت : شێخی ئیسلام ابن تەیمیە وەسفی ڕافیزە ئەکات بە موسڵمان، لەم بارەیەوە دەڵێ :" وقد ذهب كثير من مبتدعة المسلمين من الرافضة والجهمية وغيرهم إلى بلاد الكفار فأسلم على يديه خلق كثير , وانتفعوا بذلك , وصاروا مسلمين مبتدعين , وهو خير من أن يكونوا كفارا "([7]),

دەڵێ: زۆرێك لە موسڵمانانی بیدعەچی ڕافیزە و جەهمیەکان و غەیری ئەوان چوون بۆ وڵاتانی کافران و لەسەر دەستی ئەوان خەڵکانێ زۆر موسڵمان بوون و سوودمەندبون و بوون بەموسڵمانی بیدعەچی، ئەمانە زۆرباشترن ئاوا لەوەی هەر کافر بونایە. "

ئەمەش قسەی ابن تەیمیەیە کە زۆر ڕوونە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی وەسفی ئیسلام جێگیر ئەکات بۆ ڕافیزە و دەڵێ موسڵمان بونی کافرێك هاتنی بۆ ناو ئیسلام لەسەر مەذهەبی ڕافیزە چاکترە لەوەی بمێنێتەوە لەسەر کافربونەکەی.

هەروەها شێخی ئیسلام لەباسی وتەی ڕافیزە دەربارەی پارێزراوی ئیمامەکانیان دەڵێت:" فهذه خاصة الرافضة الإمامية التي لم يشركهم فيها أحد لا

الزيدية الشيعة , ولا سائر طوائف المسلمين , إلا من هو شر منهم كالإسماعيلية الذين يقولون بعصمة بني عبيد , المنتسبين إلى محمد بن إسماعيل بن جعفر , القائلين : بأن الإمامة بعد جعفر في محمد بن إسماعيل دون موسى بن جعفر , وأولئك ملاحدة منافقون .

والإمامية الاثنا عشرية خير منهم بكثير , فإن الإمامية مع فرط جهلهم وضلالهم فيهم خلق مسلمون باطنا وظاهرا , ليسوا زنادقة منافقين , لكنهم جهلوا وضلوا واتبعوا أهواءهم , وأما أولئك فأئمتهم الكبار العارفون بحقيقة دعوتهم الباطنية زنادقة منافقون , وأما عوامهم الذين لم يعرفوا أمرهم فقد يكونون مسلمين , ([8])"

دەڵێ: ئەم عەقیدەیە تایبەتە بە ڕافیزەی ئیمامیە و شیعەی زەیدیەکان هیچ تاقمێکی تر لەموسڵمانان نەیان وتوە ئیمامەکانمان مەعصومن، تەنها کەسانێ نەبێت کە لەڕافیزە خراپترن وەك ئیسماعیلیەکان کەباوەڕیان بە پارێزراوی بەنی عوبەید هەیە کە خۆیان ئەدەنەپاڵ محمدی کوری ئیسماعیلی کوری جەعفەر دەڵێن ئیمامەت لەدوای جەعفەر بۆ محمدە نەك موسای کوری جەعفەر، ئەمانە موڵحید و مونافقن، شیعەی دوانزە ئیمامیە زۆر باشترن لەوانە، چونکە شیعەی ئیمامیە سەرەڕای زۆری نەزانیان و گومڕاییان خەڵکانێکی زۆریان تێدایە کەموسڵمانن بەدڵ بەگیان و زەندیق و مونافق نین، بەڵام نەزانن و گومڕان شوێنی هەواو ئارەزوەکانیان کەوتون، بەڵام

ئیسماعیلیەکان پێشەوا و ئیمامەکانیان کە شارەزا و ئاگادارن بەحەقیقەتی بانگەوازە باطنیەکەیان ئەو ئیمامانە زەندیق و مونافیقن، بەڵام خەڵکە عەوامەکانیان کە نەزانن بەکاروبار و حەقیقەتی پێشەواکانیان ئەوا موسڵمانن."

لێرەدا ابن تەیمیە دیاریدەکات هەروەك ڕوونە و دەڵێ ڕافیزە خەڵکێ زۆریان تێدایە کە بەدڵ و گیان موسڵمانن ئەگەر بهاتبایە شێخی ئیسلام ڕافیزەی بەدیارکراوەیی تەکفیر بکردایە تەنها لەبەر ئەوەی کە ڕافیزەن ئەوا وەسفی ئیسلامی بۆ جێگیر نەئەکردن بەدڵ و بەگیان، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی تەکفیری ڕافیزە ناکات بەدیاریکراوەیی تەنها کەسێکیان نەبێت مەرجەکانی تێدابێت و ڕێگریەکانی تەکفیرنەکردنی لەسەر نەمابێت.

لە دووەم شت ڕوون ئەبێتەوە.

دووەم شت: شێخی ئیسلام دیاریکردوە و دەڵێ ڕافیزە تەکفیر ناکات بەدیاریکراوەیی تەنها کەسێك نەبێت کە مەرجەکانی تێدا هاتبێتە دی و ڕێگریەکانی کافربوونی لەسەر نەمابێت، هەروەك دەڵێ: :" وأما تكفيرهم وتخليدهم ففيه أيضا للعلماء قولان مشهوران , وهما روايتان عن أحمد , والقولان في الخوارج والمارقين من الحرورية , والرافضة ونحوهم , والصحيح : أن هذه الأقوال التي يقولونها التي يعلم أنها مخالفة لما جاء به الرسول كفر , وكذلك أفعالهم التي هي من جنس أفعال الكفار بالمسلمين هي كفر أيضا , وقد ذكرت دلائل ذلك في غير هذا الموضع , لكن تكفير الواحد المعين منهم , والحكم

بتخليده في النار , موقوف على ثبوت شروط التكفير وانتفاء موانعه , فإنا نطلق القول بنصوص الوعد والتكفير والتفسيق , ولا نحكم للمعين بدخوله في ذلك العام حتى يقوم فيه المقتضى الذي لا معارض له "([9])

دەڵێ : تەکفیرکردنی ڕافیزە و حوکم دان بەسەر ئەوەی لەئاگردان بەهەتا هەتایی بەهەمان شێوە زانایان دوو ووتەی بەناوبانگیان هەیە لەسەری، ئەمەش دوو گێڕانەوەیە لە ئیمام ئەحمەد، هەروەها دوو وتەش هەیە لەبارەی خەوارجە حەڕوڕیەکان و ڕافیزە و هاوشێوەکانیان، بەڵام قسەی ڕاست ئەوەیە: دەڵێین ئەو قسانەی ڕافیزە دەیڵێن کە دەزانین پێچەوانەی دینی پێغەمبەرە کوفرە، هەروەها کردەوەکانیشیان کە لەڕەگەزی کردەوەی کافرانە دەڵێین کوفرە لەچەندین شوێن بەڵگەی کوفری ئەو قسە و کارانەم باسکردوە، بەڵام بڕیاردان لەسەر کەسێکی دیاریکراوی ڕافیزە و بڕیاردان لەسەر ئەوەی دەمێنێتەوە بەهەتا هەتایی لەئاگر ئەم جۆرە بڕیاردانە وەستاوە لەسەر بوونی مەرجەکان و نەمانی بەربەستەکانی، ئێمە بەڕەهایی دەقەکانی هەڕەشە و وەعید بەکاردێنین لە تەکفیر و تەفسیق بەڵام بڕیار بۆ کەسی دیاریکراو نادەین بەداخل کردنی لەو حوکمە گشتیە، تاکو بەربەستەکانی لانەبرێن."

ئەمە نەصێکی ئاشکرایە لە ابن تەیمیەوە دەربارەی بیروباوەڕی خۆی لەبارەی ڕافیزە، کە تەنها لەبەر ئەوەی ڕافیزە بن تەکفیریان ناکات بەڵکو دەڵێت پێویستە ڕەچاوی شروط و موانیعەکان بکرێت، هەربۆیە لێرەدا فەرمویەتی

ڕاستە وتەکانیان کوفرە بەڵام کەسانی دیاریکراویان کافر نین، بۆیە شێخ جیاوازی دەکات لەنێوان وتەکانیان و لەنێوان حوکمدان لەسەریان.

ئەمەش جێبەجێکردنی قاعیدەیەکی مەزنە لەلایەن شێخی ئیسلام ابن تەیمیە لەبابەتەکانی بەڵێن پێدانەکان و هەڕەشەلێکراوەکان، "الوعد والوعيد" کەبریتیە لەجیاوازی کردن لەنێوان قسەکردن لەسەر وەسفی شتێك بەڕەهایی لەگەڵ قسەکردن لەکەسێکی دیاریکراو، ئەم یاسایەش لەگرنگترینی یاساکانە کە شێخی ئیسلام جێ بەجێی کردوە دەربارەی حوکمی فیرقە و تاقمە موخالیفەکان، دواتر زیاتر لەسەر ئەم یاسایە دەخەینەڕوو.

سێیەم شت : کاتێ پرسیار دەکەن لەشێخی ئیسلام ئیبن و تەیمیە دەربارەی کەسانێ کە باوی جولەکە وگاور دەدەن بەسەر ڕافیزە و دەڵێن جولەکەو گاور باشترن لە ڕافیزە شێخی ئیسلام وەڵامیان ئەداتەوە و دەڵێت : "كل من كان مؤمنا بما جاء به محمد فهو خير من كل من كفر به , وإن كان في المؤمن بذلك نوع من البدعة , سواء كانت بدعة الخوارج والشيعة والمرجئة والقدرية أو غيرهم " ([10])

دەڵێ: هەرکەسێ باوەڕی بەو دینە هەبێ کە موحەمەد هێناویێتی ئەوا چاکترە لەهەموو ئەو کافرانەی کوفری پێ دەکەن و باوەڕیان پێی نیە، ئەگەرچی ئەو بڕواداڕە جۆرێکی لە بیدعە تێدا بێت، جا یەکسانە بیدعەی خەوارج بێت یان

بیدعەی شیعە بێت یان بیدعەی بیدعەی مورجیئە و قەدەریەکان یان غەیری ئەوان بیت."

چوارەم شت : کاتێ پرسیار لەشێخی ئیسلام ئیبن و تەیمیە دەکرێت دەربارەی ژندان بەرافیزە، و دەڵێ ئەصڵ ئەوەیە ژنیان نەدرێتی چونکە ئەترسین لەوەی کاریگەری عەقیدەکەی بکەوێتە سەر ژنەکەی، جا ئەگەر رافیزە کافر بوایە لای شێخی ئیسلام ئەوا ئەیوت جائیز نیە ژن پێدانیان چونکە کافرن، ئەمەش بەڵگەیەکی تڕە لەسەر ئەوەی ئیبن تەیمیە رافیزە دەرچوو دانانێت لە بازنەی ئیسلام، هەروەك لەم بارەیەوە دەڵێت :" الرافضة المحضة هم أهل أهواء وبدع وضلال , ولا ينبغي للمسلم أن يزوج موليته من رافضي , وإن تزوج هو رافضية صح النكاح , إن كان يرجو أن تتوب , وإلا فترك نكاحها أفضل , لئلا تفسد عليه ولده"([11])

دەڵێ: رافیزەی ڕووت و ئاشکرا ئەهلی هەواو بیدعە و گومڕایین، جائیز نیە موسڵمان کچکەی مارە ببڕێت لە رافیزە بەڵام ئەگەر خۆی رافیزەیەك بخوازێت مارەیی و هاوسەرگیریەکە دروستە ئەگەر ئومێدی هەبوو ئەو ژنە تەوبە بکات ، بەڵام ئەگەر ئومێدی نەبوو ئەوا واز؟لەمارەکردنی رافیزە بێنی باشترە بۆ ئەوەی سبەی منااڵەکانی لێ تێك نەدەن "

جا ئەگەر ئیبن تەیمیە ژنی رافیزەی بەکافر بزانیایە ئەوا هاوسەرگیری کەسێکی ئەهلی سونەی لەگەڵ ژنێکی رافیزی بەدروست نازانی.

پێنجەم شت : شێخی ئیسلام ئیبن تەیمیە دەڵێت جائیزە نوێژکردن لەپشت ئیمامێکی ڕافیزی، جا ئەگەر ڕافیزەی بەکافر بزانیایە ئەوا دەیوت نوێژ کردن لەپشتیان بەتاڵە، چونکە وەك زانراوە نوێژکردن لەپشت ئیمامی کافر جائیز نیە و بەتاڵە، لەم بارەیەوە شێخی ئیسلام دەڵێت:" والفاسق والمبتدع صلاته في نفسه صحيحة , فإذا صلى المأموم خلفه لم تبطل صلاته , لكن إنما كره من كره الصلاة خلفه لأن الأمر بالمعروف والنهى عن المنكر واجب , ومن ذلك أن من أظهر بدعة أو فجورا لا يرتب إماما للمسلمين , فانه يستحق التعزيز حتى يتوب , فإذا أمكن هجره حتى يتوب كان حسنا , وإذا كان بعض الناس إذا ترك الصلاة خلفه وصلى خلف غيره آثر ذلك حتى يتوب , أو يعزل , أو ينتهي الناس عن مثل ذنبه , فمثل هذا إذا ترك الصلاة خلفه كان فيه مصلحة , ولم يفت المأموم جمعة ولا جماعة , وأما إذا كان ترك الصلاة يفوت المأموم الجمعة والجماعة فهنا لا يترك الصلاة خلفهم إلا مبتدع مخالف للصحابة رضي الله عنهم.

وكذلك إذا كان الأمام قد رتبه ولاة الأمور , ولم يكن في ترك الصلاة خلفه مصلحة , فهنا ليس عليه ترك الصلاة خلفه , بل الصلاة خلف الإمام الأفضل أفضل , وهذا كله يكون فيمن ظهر منه فسق أو بدعة تظهر مخالفتها للكتاب والسنة ,كبدعة الرافضة والجهمية "([12])

دەڵێ: نوێژی کەسی فاسق و بیدعەچی بۆخۆی دروستە، وە ئەگەر خەڵکی لەپشتیانەوە نوێژیان کرد نوێژەکانیان بەتاڵ نابنەوە، ئەوانەشی بەباشیان نەزانیوە نوێژکردن لەپشت ئەو جۆرە کەسانە لەبەر بابەتی ئەمر کردنە بەمەعروف و نەهی کردنە لەمونکەر کە ئەمەش واجبە، هەر لەم ڕوەوە هەرکەسێك بیدعەیەك یان خراپەیەك بە ئاشکرا ئەنجام بدات ناکرێت بە ئیمامی موسڵمانان و شایستەی تەمێکردنە تاکو تەوبە دەکات، ئەگەر توانرا هەجر بکرێت تاکو تەوبە دەکات ئەوا باشترە، چونکە ئەگەر هەندێ کەس نوێژیان لەپشتی نەکرد و کاریگەری هەبوو تاکو تەوبە بکات یان لابرێ یان بۆ ئەوەی خەڵکی عیبرەت وەربگرێ و دورکەوێتەوە لەهاوشێوەی ئەو کارانە، وێنەی ئەم جۆرە حاڵەتانە ئەگەر نوێژ نەکرێ لەپشتیان ئەوا بەرژەوەندیە، بەو مەرجەی خەڵکی جومعە وجەماعەتی لەدەست نەچێت بەڵام ئەگەر بەو کارە جومعە و جەماعەتت لەدەست ئەچوو ئەوا کەس نابێت کارێکی ئاوا بکات ئیلا کەسی بیدعەچی نەبێت کە پێچەوانەی صەحابە ڕەزای خوایان لێ بێت، یاخود ئەگەر ئەو ئیمامە وەلی ئەمر دایانابێت و لەنوێژ نەکردن لەپشتی هیچ بەرژەوەندیەکی فەراهەم ناکرد لەم حاڵەتە جائیز نیە نوێژ نەکردن لەپشتی، بەڵکو نوێژ کردن لەپشتی ئیمام باش باشترە، ئەوەی باسمان کرد دەربارەی ئیمامێکە کە تاوانێکی لێ بەدیارکەوتوە یان بیدعەیەك کە پێچەوانەی کیتاب و سونەیە وەکو بیدعەی ڕافیزە و جەهمیەکان . "

بڕوانە شێخی ئیسلام ئەم وردەکاری و خیلافەی دەربارەی کێ باس کردوە ؟ دەربارەی ئەو کەسانەی بیدعەکانیان ئاشکرایە وێنەی بیدعەی ڕافیزە و هاوشێوەکانیان لەگەڵ ئەوەشدا فەرمویەتی نوێژ کردن لەپشتیان دروستە.

شەشەم شت : هەڵوێستی ئیبن تەیمیە لە وەرگرتنی شایەدی و گێڕانەوە لە ڕافیزە ، هەروەها دەڵێ ئەگەرچی شایەدیان ڕەت بکەمەوە ئەوا لەبەر درۆزنیان ڕەتی ئەکەمەوە چونکە ڕافیزە ناسراون بەدرۆکردن([13]) ئەگەر مەناطی ڕەتکردنەوەی شایەدی وەرگرتن کوفر وهاوشێوەکانی بوایە ئەوا باسی ئەکرد چونکە مەناطی لەم جۆرە زۆر لێشترە باسکردنی بۆ ڕەت کردنەوەی شایەدی، ئەمەش چەند ڕوێەك بوو لە وتەکانی شێخی ئیسلام کە دەری ئەخات کە ڕافیزەی تەکفیر نەکردوە هەربۆیە دەبینی مامەڵەی لەگەڵ نەکردون وەك ئەوەی کافربن، وتەکانی ابن تەیمیە لەم بارەیەوە زۆر زۆرن، ئەگەرچی چەندین ڕووی تر هەن کە بەڵگەن لەسەر کافرنەبونی ڕافیزە کەشێخی ئیسلام ئیبن تەیمیە باسی نەکردوە، بەڵام مەبەست لێرەدا تەنها ڕونکردنەوەی مەذهەبی ابن تەیمیەیە.

تەکفیرنەکردنی ڕافیزە تەنها قسەی شێخی ئیسلام نیە بەڵکو قسەی کۆمەڵێکە لە ئەئیمە و پێشەوایان لەپێش ابن تەیمیە ، گومانی تێدا نیە ئەم قەولە گونجاوە

و ڕاستترینە لەگەڵ قەواعیدی ئەهلی سوونە و جەماعە و بنەماکانی ئەهلی سوونە .
بابەتی دووەم : وەڵام دانەوەی ئەو ئیشکالانەی دروست بوە دەربارەی ووتەکانی ئیبن تەیمیە سەبارەت بەحوکمی ڕافیزە .

هەندێ لەتوێژەران توشی ئیشکال بوون سەبارەت بەچەند وتەیەکی شێخی ئیسلام دەربارەی ڕافیزە کەگوایە بەپێی ئەو ووتانە شێخ بەدیاریکراوەیی تەکفیری ڕافیزەی کردوە، وەك ئەو وتەیەی کە دەڵێ : أنهم قد ارتدوا عن الدين أو عن بعض الدين , ومن ذلك أيضا قوله : أن أصل دين الرافضة من اليهود , لأن أول من قال به هو ابن سبأ , وهو من اليهود , ومن ذلك قوله : أن الزندقة كثرة في الرافضة , وأن أصل دينهم الكفر والزندقة , ومن ذلك حديثه عن خبث الرافضة , ومعاداتهم المسلمين , وموالاة الكفار عليهم , وقولهم : بتحريف القرآن , وارتداد الصحابة , واتهامهم لأزواج النبي صلى الله عيه وسلم , وبناته ما عدا فاطمة , وغير ذلك من الكفريات التي عندهم([14])

.

دەڵێ: ئەوانە مورتەدبونەتەوە لەدین یان لەهەندێك لەدین ، یاخود دەڵێ : بنچینەی دینی ڕافیزە دەگەڕێتەوە بۆ جولەکە، چونکە یەکەم کەس ئەو

قسانەی کرد عەبدوڵای کوڕی سەبەء بوو، کە جولەکەبوو. یاخود لە وتەیەکی تریدا دەڵێ : " زەندەقە زۆرە لەناو ڕافیزە و بنچینەی دینەکەیان لەسەر کوفر و زەندەقەیە . " هەروەها لەو قسانەی تری شێخ کە باس لە پیسی ڕافیزە دەکات و دەڵێ : " دوژمنایەتی موسڵمانان ئەکەن و موالاتی کافران ئەکەن لەسەر موسڵمانان وە دەڵین قورئان دەستکاریکراوە وە صەحابەش مورتەد بونەتەوە، وە تۆمەت ئەدەنە پاڵ هاوسەرەکانی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم و کچەکانی جگە لە فاتیمە لەغەیری ئەو کوفرانە کە هەیانە . "

وە لەو قسانەی شێخ کە والێی حاڵی بوونە کە تەکفیری ڕافیزە ئەکات بەدیاریکراوەیی کە دەڵێ :"أما من اقترن بسبه دعوى أن عليا إله أو انه كان هو النبي وإنما غلط جبريل في الرسالة فهذا لاشك في كفره. بل لا شك في كفر من توقف في تكفيره، و كذلك من زعم منهم أن القران نقص منه آيات وكتمت , أو زعم أن له تأويلات باطنية تسقط الأعمال المشروعة , ونحو ذلك , وهؤلاء يسمون القرامطة والباطنية , ومنهم التناسخية , و هؤلاء لا خلاف في كفرهم. وأما من سبهم سبا لا يقدح في عدالتهم و لا في دينهم , مثل وصف بعضهم بالبخل أو الجبن أو قلة العلم أو عدم الزهد ونحو ذلك، فهذا هو الذي يستحق التأديب والتعزير ولا يحكم بكفره بمجرد ذلك. وعلى هذا يحمل كلام من لم يكفرهم من العلماء. وأما من لعن وقبح مطلقا , فهذا محل الخلاف فيهم ,

لتردد الأمر بين لعن الغيظ ولعن الاعتقاد. وأما من جاوز ذلك إلى أن زعم أنهم ارتدوا بعد رسول الله إلا نفرا قليلا لا يبلغون بضعة عشر نفسا أو أنهم فسقوا عامتهم فهذا لا ريب أيضا في كفره، فانه مكذب لما نصه القران في غير موضع من الرضى عنهم والثناء عليهم. بل من يشك في كفر مثل هذا فان كفره متعين فان مضمون هذه المقالة أن نقلة الكتاب والسنة كفار أو فساق وان هذه الأمة التي هي: (كنتم خير امة أخرجت للناس) وخيرها هو القرن الأول، كان عامتهم كفارا أو فساقا، ومضمونها أن هذه الأمة شر الأمم و أن سابقي هذه الأمة هم شرارها. وكفر هذا مما يعلم بالاضطرار من دين الإسلام. ولهذا تجد عامة من ظهر عنه شيء من هذه الأقوال فانه يتبين انه زنديق. وعامة الزنادقة إنما يستترون بمذهبهم. وقد ظهرت لله فيهم مثلات وتواتر النقل بان وجوههم تمسخ خنازير في المحيا والممات. وجمع العلماء ما بلغهم في ذلك وممن صنف فيه الحافظ الصالح أبو عبد الله محمد بن عبد الواحد المقدسي كتابه في النهي عن سب الأصحاب وما جاء فيه من الإثم والعقاب"([15])

دەڵێ: هەروەها ئەگەر کەسێ لەگەڵ قسەکانی بڵێ عەلی خوایە یان عەلی پێغەمبەرە و جبریل هەڵەی کرد لە هێنانی پەیامی خوا بۆ موحەممەد، ئەم کەسە گومان نیە لەکافربونی، بەڵکو گومان لەکافربونی ئەو کەسەش نیە بوەستێت لەکافرکردنی، یان هەرکەسێ لەوانە وا گومان بەرێت قورئان چەند ئایەتێکی لێ کەم کراوەتەوە یان چەند ئایەتێکی شاردراوەتەوە یان وا گومان بەرێت قورئان

لێکدانەوەی ناوەکی هەیە بەو هۆیەوە فەرمانە کارە شەرعیەکان پەك بخات ئەمانە پێیان قەڕامیتەکان و باطنیەکان و تەناسوخیەکانن، ئەمانە خیلاف نیە لە کافربونیان، بەڵام ئەگەر کەسانێکیان جنێو بدات بەصەحابە بەشێوەیەك تانە نەبێت لەعەدالەت و دینیان وەك ئەوەی وەسفیان بکات بەڕەزیل و ترسنۆك و کەمی عیلم و زوهد وهاوشێوەکانی ئەم جۆرە کەسانە زانایان تەکفیریان نەکردون بەڵکو دەڵێن شایستەی تەمبێ کردن و ئەدەب پێدانن و کافر ناکرێن، بەم جۆرە وتەی ئەو زانایانە لێك ئەدرێتەوە کە تەکفیری ڕافیزەیان نەکردوە مەبەستیان لەم جۆرە کەسانە بووە لە ڕافیزە، بەڵام ئەو ڕافیزانەی بەموتەڵەقی لەعنەت ئەکەن لەصەحابە و جنێویان پێ ئەدەن ئەم جۆرە کەسانە جێگای خیلافن لەنێوان زانایان چونکە دەڵێن ئایا ئەم لەعنەت کردن و تانەلێدانە هەر وەکو ڕقێکە یان بەئیعتیقادەوەیە، بەڵام ئەو کەسەی بڵێ صەحابە تێکڕا هەڵگەڕاونەتەوە تەنها دە پانزە کەسێکیان نەبێت یان صەحابە بەگشتی فاسق بوونە ئەوا گومان نیە لەکافربوونی ئەم کەسە چونکە بەدرۆ دانان باوەڕنەبونی تێدایە بەقورئان چونکە قورئان لەچەندین شوێن مەدح وسەنای صەحابەی کردوە و ڕازی بونی خوای تێدا باسکردوە لێیان، بۆیە کافربونی ئەم جۆرە کەسە بەدیاریکراوەیی کافربووە، قسەی ئەم کەسە ئەوە ئەگەیەنێ ئەوانەی قورئان وسونەتیان بە ئیمە گەیاندوە کافر و فاسق بوبن لەکاتێکدا خوای گەورە لەبارەیانەوە دەفەرمێت(ئێوە باشترین گەلان بوون کە هێنرابێتنە دی)

باشترینی ئەم ئومەتەش سەدە نەوەی یەکەمێتی ئێ کە سەدەی یەکەم و نەوەی یەکەمی ئەم ئومەتە هەمووی کافر و فاسق بووبن یان زۆربەیان کەواتە ئەم ئومەتە خراپترینی ئومەتتانە و پێشینی ئەم ئومەتەش خراپترینەکەیانە، کافربونی خاوەنی ئەم قسەیە زانراوە بەزەڕوڕی دینی ئیسلام، بۆیە دەبینی زۆربەی ئەو کەسانەی ئەم جۆرە قسانە ئەکەن دەرکەوتوە زەندیقن، عامەی زەندیقەکانیش لەپاڵ مەذهەبەکەیان خۆیان حەشارداوە، خوا کردونی بەپەند و عیبڕەت بەمتواتر و زۆرینە دەیگێڕنەوە ئەو کەسانە لە ژیان و مردنیان دەموچاویان بووە بەبەراز، زۆرێ لەزانایان ئەمەیان باسکردوە یەکێ لەو زانایانەی لەم بارەیەوە کتێبی نوسیێ زانای گەورە الحافظ الصالح أبو عبد الله محمد بن عبد الواحد المقدسي یە لە کتابەکەیدا بەناوی "النهي عن سب الأصحاب وما جاء فيه من الإثم والعقاب" .

ئەمە دەقێکی ڕوون ئاشکرابوو کە شێخی ئیسلام باسی حوکمی جۆرەکانی شیعەی ڕوون کردەوە و بەموتڵەقی کافربونی دایە پاڵ ڕافیزە هەر وەك فەرمووی :" وأما من جاوز ذلك إلى أن زعم أنهم ارتدوا بعد رسول الله إلا نفرا قليلا لا يبلغون بضعة عشر نفسا أو أنهم فسقوا عامتهم فهذا لا ريب أيضا في كفره، فانه مكذب لما نصه القران في غير موضع من الرضى عنهم والثناء عليهم. بل من يشك في كفر مثل هذا فان كفره متعين " هەتا کۆتایی قسەکانی .

هەروەها لەو قسانەی تری شێخ کە دەڵێ :" وهؤلاء الرافضة : إما منافق وإما جاهل فلا يكون رافضي ولا جهمي إلا منافقا أو جاهلا بما جاء به الرسول صلى الله عليه وسلم لا يكون فيهم أحد عالما بما جاء به الرسول مع الإيمان به فإن مخالفتهم لما جاء به الرسول وكذبهم عليه لا يخفى قط إلا على مفرط في الجهل والهوى "([16]) .

دەڵێ: ئەو ڕافیزانە یان مونافیقن یان جاهیلن، ڕافیزە و جەهمی نیە مونافق نەبێ یان جاهیل نەبێ بەو دینەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم پێی ڕەوانە کراوە هیچ کەسێ نیە لەڕافیزە و جەهمیەکان زانا بێ بەو دینەی پێغەمبەر لەگەڵ ئەوەشدا ئیمانی پێی هەبێ، چونکە بەڕاستی موخالەفەی ئەوان بۆ ئەو دینەی پێغەمبەر پێی ڕەوانەکراوە و درۆکردن بەناویەوە شاراوە نیە لەهیچ کەسێ تەنها کەسێ نەبێت زۆر نەزان و خاوەن هەوا بێت . "

هەروەها ئەو وتەیەی شێخ کە دەڵی جائیزە کوشتنی ڕافیزە دیاریکراوەی بانگەواز دەکات بۆ ڕافیزە ، دەڵی:" فأما قتل الواحد المقدور عليه من الخوارج ,كالحرورية والرافضة ونحوهم , فهذا فيه قولان للفقهاء , هما روايتان عن الإمام أحمد , والصحيح : أنه يجوز قتل الواحد منهم , كالداعية إلى مذهبه , ونحو ذلك ممن فيه فساد "([17]) .

دەڵێ: دەڵێ کوشتنی کەسێکی دیاریکراو کە دەستگیرکرابێت لە خەوارجەکان وەك حەڕوڕیەکان و ڕافیزەکان و هاوشێوەکانیان، لەم بارەیەوە شەرعزانان دوو وتەیان هەیە، ئەمەش دوو گێڕانەوەیە لە ئیمام ئەحمەد ، ڕاست ئەوەیە: جائیز کەسی دیاریکراو لەوان بکوژیت ئەگەر بانگەوازی کرد بۆ مەذهەبەکەی، هاوشێوەی ئەو کەسانەی کە فەسادیان تێدایە . " ئەم قسانەی شێخی ئیسلام و غەیری ئەم قسانەی هەندێك لە خوێنەران وای لێ حاڵی بوونە کەوا شێخی ئیسلام ابن تەیمیە تەکفیری ڕافیزە ئەکات بەدیاریکراوەیی.

بەڵام لەڕاستیدا : دروست نیە بەم شێوازە مامەڵە بکرێت لەگەڵ وتەکانی ابن تەیمیە و بوترێت لەسەر ئەم قسانە تەکفیری دیاریکراوەیی ڕافیزە دەکات، چونکەناشێت لە توێژینەوەی زانستی ئەو هەموو قسانەی پێشووی کە زۆر ڕوون و ئاشکران وازیان لێ بهێنرێ کە بەنەص و بەئاشکرا دەفەرمێت تەکفیری دیاریکراوی ڕافیزە ناکات تەنها بەوەندەی ڕافیزە بێت بەڵکو پێویستە مەرجەکان و نەمانی بەربەستەکانی تێدا بەدی هاتبێت، بۆیە ناکرێت ئەو وتە صەریح و ئاشکرایانەی تەرك بکرێت کە خۆی باسیکردوە، بێین ئەم ووتە گشتی ومجملانەی کارپێ بکەین، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم وتانەی کە لێرەدا باسی کردوە وەڵامی خۆیان هەیە لەچەندین ڕوەوە وەڵام دراوەتەوە لەوانە:

یەکەم: بەوەبیرهێنانەوە بەقاعیدەکەی ئەهلی سوونە و هاوشێوەکانی بەجیاوازی کردن لەنێوان قسەکردن لەسەر وەسفێکی موتڵەق شتێك لەنێوان قسەکردن لەسەر کەسێکی دیاریکراو، ئەشێت قسەیەك کوفر بێت بەڵام پێویست و زەرورە نیە خاوەنەکەی کافر ببێت، ئەم یاسایەکی بەناوبانگە پێشەواکان جێبەجێیان کردوە، لەوانە شێخی ئیسلام زۆرترین کات بەکارهێناوە هەروەك لەسەر خودی ڕافیزە بەکارهێناوە وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد، زۆربەی تۆژەران کەتوشی ئیشکال هاتوون دەربارەی سەلماندنی حوکمی ڕافیزە ئەگەرێتەوە بۆ پشتگوێ خستنیان بۆ ئەم یاسایە.

کەدەڵێت: حوکمدان لەسەر کارێکی دیاریکراو بەوەی کوفرە مانای ئەوە نیە هەرکەسێ ئەو کارە ئەنجام بدات کافر ببێت، وە تەکفیر نەکردنی ئەو کەسە دیاریکراوەش مانای ئەوە نیە ئەو کارەی ئەنجامی داوە کوفر نیە، بەڵکو جێ بەجێ بوونی حوکمی کارە دیاریکراوەکە بەسەر کەسی دیاریکراو پێویستی بەڕەچاو کردنی بوونی مەرجەکان و نەمانی بەربەرستەکانی بکرێت.

بۆیە معتبرە لە جێ بەجێ کردنی حوکمی کارێك بەسەر خاوەن کارەکە تەنها نابێت سەیری حوکمی خودی کارەکە بکرێت، بەڵکو دەبێت لەگەڵ حوکمی کارەکە سەیری بونی مەرجەکان و نەمانی ڕێگریەکانی بکرێت، هەربۆیە ئەگەر

حوکمان دا بەسەر کارێکدا بەوەی کوفرە مانای وانیە ئەو حوکمە هەموو کەسێك بگرێتەوە کە ئەو کارە ئەنجام ئەدات.

هەربۆیە شێخی ئیسلام ابن تەیمیە بەڕەهایی کوفری داوە بەسەر زۆربەی بیروباوەڕەکانی ڕافیزە بەڵکو وەسفی کوفریشی داوە بەسەر ڕافیزە لەگەڵ ئەوەشدا حوکمی ئەو بیروباوەڕانەی دانەبەزاندوە کە بریتیە لەکافرکردن بەسەر کەسانی دیاریکراو لەڕافیزە ئەمەش بەپێی جێبەجێکردنی ئەو یاسایەی پێشووبوو کە شەڕحمان کرد.

هەربۆیە دروست نیە ئەو قسە موتڵەقانەی ابن تەیمیە وەربگرین بەپێی ئەو قسانە بڕیاری ئەوە بدەین کە گوایە ابن تەیمیە تەکفیری ڕافیزە ئەکات بەدیاریکراوەیی هەروەك هەندێك خوێنەر ئاوا حاڵی بوون، جا هەر کەسێ ئاوا تێ بگات لەشێخ ئەوا لە دوو ڕوەوە بە هەڵەدا چووە :

ڕووی یەکەم: پێچەوانەی ووتە صەریحەکانی شێخی ئیسلامی کردوە کە تەکفیر نەکردنی ڕافیزەیە هەروەك سەرەتا باسمانکرد.

ڕووی دووەم: پێچەوانەی ئەو قاعیدە و یاسایەی کردوە کەشێخی ئیسلام ابن تەیمیە لەسەری ڕۆیشتوە، و هەموو قسە و فەتواکانی لەسەر ئەو بنەمایە بنیات ناوە .

تێبینی دەکرێت: ئەوانەی نەقڵ دەکەن لە ابن تەیمیەوە کە تەکفیری ڕافیزەی کردوە ئەو تەکفیرکردنانە لەم شێوەیەیە، واتە چەن دەقێکە شێخ تیایدا حوکم کوفر دەدات لەسەر چەند کار کردەوەیەکی ڕافیزە یاخود حوکمی کوفر بەشێوەیەکی ڕەها دەدات لەسەر ڕافیزە و هیچ دەقێکی صەڕیحیان نەهێناوە کە شێخ کەسانێکی دیاریکراوی ڕافیزەی تەکفیرکردبێت، وەکو ئەو دەقانەی شێخ باسی خۆی دەکات و دەڵێ تەکفیری ئەعیانی ڕافیزە ناکەم تەنها دوای بوونی مەرجەکان ونەمانی بەربەستەکان نەبیت.

جا ئەگەر کەسێك هەر بیەوێ کەلەڕەقی بکات و بڵێ نەخێر ابن تەیمیە ڕافیزە بەدیاریکراوەیی تەکفیر ئەکات، لێی دەپرسین ئەی چی دەڵێیت بەم وتەیەی شێخی ئیسلام کە دەڵێ : ڕافیزە موسڵمانی وەهایان تێدایە کە بەدڵ و گیان موسڵمانن ." ئەی چی دەڵێ بەو وتەیەی شێخ کە دەڵێ : بەدیاری کراوەیی تەکفیریان ناکەم تەنها بونی مەرجەکان و نەمانی بەربەستەکان نەبێت. "

دووەم : واناخوازرێت ئەصڵی هەر قسەیەك کە جولەکە کردبێتی یان گاورێك کردبێتی هەرکەسێ ئەو قسەیە بکات کافر ببێت و دەربچێت لە ئیسلام، چونکەئەشێت موسڵمانێ بیڵێ ونەزانێ ئەو قسەیە سەرەتا قسەی جولەکە و گاوربووە یان بە تەئویلەوە بیڵێ ئەگەرچی ئەتوانیت زەمی قسەکە و بەتاڵی

قسەکە بکەی، چونکە قسەکەمان دەربارەی حوکمی ئەو قەولە نیە بەڵکو دەربارەی خاوەنی قسەکەرەکەیە.

سێیەم : ئەصڵ ئەوەیە لە ڕافیزە تەکفیر نەکرێن بەدیاریکراوەیی، ئەمەش ئەوە ناخوازێت حوکم لەسەر هیچ کەسێکیان نەدرێت بە کوفر زەندەقە و نیفاق چونکە هەندێ جار حوکمی چەند تاکێکی ڕافیزە ئەدرێ بەکوفر و زەندەقە چونکە ئەو کەسانە مەرجەکانیان تێدا هاتۆتەدی و بەربەستەکانیان لەسەر نەماوە.

هەروەها ئەگەر هەندێ لەڕافیزە کافربن واناحوازێت هەرکەسێ ناوی شیعە و ڕافیزەی لێ نرابێ کافربێت، هەروەها مانای ئەوەش نیە هەندێ لە ڕافیزە کافر نەبن ئیتر کەسیان کافر نەبێت، ئەمەشە واتای وتەکەی شێخی ئیسلام کەدەڵێ لەناو ڕافیزە کافر و زەندیق هەیە و دەڵێ : کوفر و زەندەقە و نیفاق زۆرە لەناو کەسانی دیاریکراوی ڕافیزە و گەورەکانیان" حوکم دانی شێخ لەسەر ئەم جۆرە کەسانە لەبەر ئەوەیە کە مەرجەکانیان تێدایە و بەربەستەکانیان تێدا نەماوە.

نەك تەنها لەبەرئەوەی رافیزە بن، تۆێژینەوەکە لەسەر ئەوە نیە ئایا ڕافیزە کافرن یان نا ؟ بەڵکو بابەتەکەمان لەسەر ئەوەیە ئایا ڕافیزە کافرن بەدیاریکراوەیی یان نا ؟

چوارەم : حوکم دان بەسەر کەسانی دیاریکراو بەکوشتن مانای کافرکردنی ئەو کەسانە نیە،چونکە ئەشێت موسڵمانێکی دیاریکراو بکوژرێت کاتێ هۆکاری حەڵاڵبونی خوێنەکەی ئەنجام بدات لەگەڵ ئەوەشدا حوکمی موسڵمانی هەبێت، هۆکارەکانی حەڵاڵبوونی خوێنی موسڵمان باسکراوە لە کتێبەکانی فیقە.

مەبەست لێرەدا ڕونکردنەوەی جیابونەوەی پەیوەست بوونە لەنێوان حەڵاڵ بوونی خوێن و لەنێوان حوکمی کافرکردن، ئەگەر ئەم جیاوازیە نەکرێت ئەوا دەبێت حوکمی کافر بوون بدەیت بەسەر قاتیل و زیناکەردا.

پێنجەم: جیاوازی هەیە لەنێوان زەم کردنی ڕافیزە و ڕونکردنەوەی مەترسی و پیسیان لەسەر ئومەت و موسڵمانان وە لەنێوان حوکمدان بەکافربونیان، چونکە حوکمدان بەکافربونیان ئیمزا کردنە لەجێگای خوای رب العالمین و ڕونکردنەوەی حوکمی خوایە لەسەریان، ئەمەش پێویست بەبەڵگە ئەکات لەشەڕعدا بۆ ئیسپاتکردنی ، بەڵام حوکمەکانی تریان وەکو دوژمنایەتی کردنیان و پیسی و ترسناکیان ئەوە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەزموونی موسڵمانان لەژیانکردن لەگەڵیان، گومانی تێدا نیە ئەزموون سەلماندویەتی ڕافیزە لەهەموو کەس زیاتر دژایەتی موسڵمانان ئەکەن و و مەترسیان زۆر گەورەیە بەڵام ئەمە مانای حوکمدان نیە بەکوفر لەسەریان چونکە ئەوە ڕێگایەکی تری هەیە.

هەربۆیە بڕیاردان بەکافربونی ڕافیزە ڕێگای خۆی هەیە هەروەها بڕیاردانیش لەسەریان بەحوکمی تر ئەویش ڕێگای خۆی هەیە، ڕق ناخ پیسی و کردەوە ناشرینەکانیان و کوشتنی موسڵمانان لەلایەن ڕافیزەوە بەڵگە نابێتە بەڵگە بۆ کافرکردنیان، چونکە ئەگەر ئەوە بکەین بەبەڵگە ئەوە دەبێ هەریەکێ لە موسڵمانان ئەو کارانە بکات حوکمی کوفر بدەین بەسەریا یان حوکم بدەین بەسەر هەر موسڵمانێ ژمارەیەک بکوژێ لەموسڵمانان یان ڕقی ببێتەوە لە تاقمێ لەموسڵمانان ئەوا کافرە بەم شێوازە ژمارەیەکی زۆر لەموسڵمانان دەردێنین لەبازنەی ئیسلام ئەمەش گومانی تیانیە باطڵە بەهەمان شێوە کافرنەکردنی ڕافیزەش ئەوە ناخوازێت تەزکیەی باشیان بکەین و خراپە و مێژووی ڕەشیان لەبیربکەین.

مەبەست لێرەدا ئەوەیە : جیاوازی ئەبێت بکەین لەنێوان سروشتی هەر حوکمێك لەگەڵ ڕێگاکانی ئیسپات کردنی.

شێخی ئیسلام زۆر بەباشی حاڵی بووبوو لەمە، وەسفی شایستەی ڕافیزەی کردبوو باسی کردبوو کەئەوان لەیەهود و نەصاری مەترسیدارترن لەسەر لەسەر موسڵمانان ئەمانەشی بەئەزموون ژیان زانی بوو، بەڵام کاتێ دەگەیشتە بابەتی حوکم دان لەسەریان بەکوفر کەبریتیە لە گوزارشت کردن لە وویستی خوا ، لەم حاڵەتە ڕێگای ئەزموونکردنی بەکارنەهێنا لەکافرکردنیان، بەڵکو

گەڕایەوە بۆ لای دەقەکان کە تاکە ڕێگایە بۆ دەرهێنانی ئەو حوکمانە، لەهیچ دەقێ لەوانە نەبینی ڕافیزە کافربکرێن بەدیاریکراوەیی، هەرکەسێك بڕوانێت لە وتەکانی شێخ ئەم ڕاستیەی بەباشی بۆ دەرەکەوێت .

شەشەم: شیعە جیاواز و جۆراوجۆرن لەعەقیدە و بیروباوەڕیان ، هەیانە غولاتە زیادەڕۆکانن ، هەیانە وانین، بۆیە ناشێت حوکم لەسەر تاقمێکی دیاریکراوی شیعە درابێت بەکوفر تۆ بچیت ئەو حوکمە لەسەر هەموو تاقمەکانی شیعە پەڕەو بکەیت. هەربۆیە هەندێ تاقمی شیعە کافربن مانای وانیە هەموو شیعە کافربن، بەپێچەوانەشەوە، وەك پێشتر باسمانکرد

وصلى الله وسلم على نبينا محمد , وعلى آله وصبه أجمعين

([1]) انظر : مجموع الفتاوى (356/3) ومنهاج السنة النبوية (220/7)و(46/2)و(160/5)و(377/3) .

([2]) منهاج السنة (154/5) .

([3]) منهاج السنة (160/5) .

([4]) انظر : مجموع الفتاوى (351/3) .

([5]) انظر : منهاج السنة (452/3)و(12,337/5) وغيرها من المواطن .

([6])انظر : مجموع الفتاوى (56/3) والصارم المسلول (567-571)

([7]) مجموع الفتاوى (96/13).

([8]) منهاج السنة (452/2) .

([9]) مجموع الفتاوى (500/28).

([10]) مجموع الفتاوى (201/35).

([11]) مجموع الفتاوى (61/32) .

([12]) مجموع الفتاوى (354/23) .

(2) انظر : منهاج السنة (452/1)و(87/5) .

([14]) قد سبق توثيق كلام ابن تيمية في هذا الكلام في أول البحث .

([15]) الصارم المسلول (1108-1112) .

([16]) منهاج السنة (161/5) .

([17]) مجموع الفتاوى (499/28) .

باسی چوارەم

[سەلماندنی مەذهەبی پێشەوا إبن القیم سەبارەت بەجێگیرکردنی عوذر بەجەهل لە شیرکی گەورە]

1-ئیمام ابن القيّم رحمه الله له "الطرق الحكمية"(لاپەڕە 174) دەڵێ: (... وأما أهل البدع الموافقون لأهل الإسلام، ولكنهم مخالفون في بعض الأصول كالرافضة والقدرية والجهمية وغلاة المرجئة ونحوهم ، فهؤلاء أقسام : أحدهما : الجاهل المقلد الذي لا بصيرة له، فهذا لا يكفر ولا يفسق، ولا ترد شهادته إذا لم يكن قادراً على تعلم الهدى، وحكمه حكم المستضعفين (إِلاَّ الْمُسْتَضْعَفِينَ مِنَ الرِّجَالِ وَالنِّسَاء وَالْوِلْدَانِ لاَ يَسْتَطِيعُونَ حِيلَةً وَلاَ يَهْتَدُونَ سَبِيلاً فَأُوْلَـئِكَ عَسَى اللّهُ أَن يَعْفُوَ عَنْهُمْ وَكَانَ اللّهُ عَفُوًّا غَفُورًا) [النساء: 98- 99] .

القسم الثاني : المتمكن من السؤال وطلب الهداية ومعرفة الحق، ولكن يترك ذلك اشتغالاً بدنياه ورئاسته ولذته ومعاشه وغير ذلك، فهذا مفرط مستحق للوعيد آثم بترك ما وجب عليه من تقوى الله بحسب استطاعته، فهذا حكمه حكم أمثاله من تاركي بعض الواجبات، فإن غلب ما فيه من البدعة والهوى على ما فيه من السنة والهدى ردت شهادته، وإن غلب ما فيه من السنة والهدى قبلت شهادته .

القسم الثالث : أن يسأل ويطلب ويتبين له الهدى، ويتركه تقليداً أو تعصباً، أو بغضاً ومعاداة لأصحابه، فهذا أقل درجاته أن يكون فاسقاً، وتكفيره محل اجتهاد وتفصيل ...) .

دەڵێت: ئەما ئەهلی بیدەع ئەوانەی کە موافیقی ئەهلی ئیسلامن بەڵام لەچەند ئوصوڵێ پێچەوانەی ئیسلامن وەك ڕافیزە و قەدەریەکان و غولاتی مورجیئەکان و هاوشێوەکانیان ئەمانە چەند بەشێکن:

یەکەمیان: ئەوانەی نەزانن و هیچ عیلمێکیان نیە و موقەلیدن ئەم جۆرانەیان تەکفیر و تەفسیق ناکرێن و شایەدیشیان ڕەتناکرێتەوە مادام توانای فێربونیان نەبوبێت، ئەمانە حوکمیان حوکمی مستضعفەکانە.

بەشی دووەمیان: ئەوانەیان کە توانای فێربوون و پرسیارکردنیان هەیە بەڵام بەهۆی دنیا و مەعیشەت وخۆشیەکانیان پشتگوێیان خستوە ئەمانە شایستەی هەڕەشەن و گوناحبارن بەپێی ئەو واجیبات و تەقوایەی کەتەرکیان کردوە، ئەگەر هەوەس و ئارەزووەکانیان زیاتربوو لەسونەت ئەوا شەیەدیان ڕەت ئەکرێتەوە.

بەشی سێیەمیان: پرسیاردەکەن و داوای عیلم دەکەن بۆیان ڕونبۆتەوە بەڵام تەرکی ئەکەن بەهۆی تەقلید و دەمارگیری و ڕقی ئەوانەی حەقەکەیان بۆ هێناون کەمترین حوکمی ئەم جۆرە کەسە فاسق بونە و تەکفیرکردنیشییان جێگای اجتیهادە."

ئەمە نەصێکی ڕوون و ئاشکرایە کە عوذر بەجەهل بۆ فیرقەیەکی گومڕای خاوەن شیرکی وەك ڕافیزە دێنێتەوە و ئەوان لەڕیزی موسڵمانان هەژمارئەکات.

2- ئیمام ابن القیم لەباسی جۆرەکانی کوفری بجود دەڵێت: " وأما من بجد ذلك جهلاً، أو تأويلاً يعذر به صاحبه: فلا يكفر صاحبه به، كحديث الذي بجد

قدرة الله عليه ، وأمر أهله أن يحرقوه ويذروه في الريح، ومع هذا فقد غفر الله له، ورحمه لجهله، إذ كان ذلك الذي فعله مبلغ علمه، ولم يجحد قدرة الله على إعادته عناداً أو تكذيباً " مدارج السالكين(١/٣٦٧).

دەڵێت : هەرکەسێك نکۆڵی لەوە بکات بەنەزانی، یان بەتەئویلێك کە خاوەنەکەی بیانوو بدرێت، ئەوا خاوەنەکەی پێی کافر نابێت، وەکو فەرموودەی ئەو پیاوەی نکۆڵی کرد لە توانای خوا و فەرمانی کرد بەکەسوکاری کە بیسوتێنن و بیدەن بەدەم بایا لەگەڵ ئەوەشدا خوا لێی خۆشبوو، وە ڕەحمی لێکرد بەهۆی ئەوەی نەزان بوو، چونکە ئەوەی کرد ئەوە هەموو عیلمەکەی بوو، ئینکاری نەکرد لەتوانای خوا لەسەر زیندوکردنەوەی بەهۆی عینادی و بەدرۆدانان."

دەڵێم: ئەمە دەقێکی ئاشکرایە بۆ عوذر بەجەهل لەکوفری گەورە هەرکەسێکیش جیاوازی بکات لەنێوان کوفری گەورە و شیرکی گەورە ئەوە داوای بەڵگەی لێ دەکرێت کە نیە .

2-ئیمام ابن القیم دەڵێت" الفاسق باعتقاده إذا كان متحفظاً في دينه، فإن شهادته مقبولة، وإن حكمنا بفسقه كأهل البدع والأهواء الذين لا نكفرهم كالرافضة والخوارج و المعتزلة ونحوهم، هذا منصوص الأئمة. " (طرق الحكمية في سياسة الشرعية ١٧٧)

دەڵێت: فاسق بەهۆی بیروباوەڕەکەی مادام پارێزگاربێت لەدینەکەی ئەوا شایەدی لێ وەردەگیرێت، ئەگەر حوکم بدەین بەفاسق بوونی وەك ئەهلی هەواو بیدەع ئەوانەی تەکفیریان ناکەین وێنەی ڕافیزە و خەوارج و موعتەزیلە و هاوشێوەکانیان، ئەمە دەقی ووتەی پێشەوایانیشە."

هەروەها ابن القیم لە کتێبی "جواب الكافي" فەرمویەتی شیرکی تعطیل زۆر پیسترە لەشیرکیاتەکانی کافرەکانی قوڕەش وە فەرمویەتی ڕافیزە مزگەوتەکان وێران دەکەن لەبەرامبەردا گۆڕستانەکانیان ئاوەدان کردۆتەوە بەپەرستشەکان.

[ئەو دەقانەی هەندێك كەس وا گومان دەبەن كەوا ئیمام ابن القیم عوذر بەجەهل دانانێت]

1- ئیمام ابن القیم دەڵێت : "الطبقة السابعة عشرة: طبقة المقلدين وجهال الكفرة وأتباعهم وحميرهم الذين هم معهم تبعاً لهم يقولون: إنا وجدنا آباءَنا على أُمة، ولنا أُسوة بهم. ومع هذا فهم متاركون لأهل الإسلام غير محاربين لهم، كنساءِ المحاربين وخدمهم وأتباعهم الذين لم ينصبوا أنفسهم لنا نصب له أُولئك أنفسهم من السعى فى إطفاءِ نور الله وهدم دينه وإخماد كلماته، بل هم بمنزلة الدواب.

وقد اتفقت الأُمة على أن هذه الطبقة كفار وإن كانوا جهالاً مقلدين لرؤسائهم وأئمتهم إلا ما يحكى عن بعض أهل البدع أنه لم يحكم لهؤلاءِ بالنار وجعلهم بمنزلة من لم تبلغه الدعوة، وهذا مذهب لم يقل به أحد

من أئمة المسلمين لا الصحابة ولا التابعين ولا من بعدهم، وإنما يعرف عن بعض أهل الكلام المحدث فى الإسلام.

وقد صح عن النبى صلى الله عليه وسلم أنه قال: "ما من مولود إلا وهو يولد على الفطرة فأبواه يهودانه أو ينصرانه أو يمجسانه"، فأخبر أن أبويه ينقلانه عن الفطرة إلى اليهودية والنصرانية والمجوسية، ولم يعتبر فى ذلك غير المربى والمنشإ على ما عليه الأبوان.

وصح عنه أنه قال صلى الله عليه وسلم: "إن الجنة لا يدخلها إلا نفس مسلمة"، وهذا المقلد ليس بمسلم، وهو عاقل مكلف، والعاقل المكلف لا يخرج عن الإسلام أو الكفر.

وأما من لم تبلغه الدعوة فليس بمكلف فى تلك الحال، وهو بمنزلة الأطفال والمجانين.وقد تقدم الكلام عليهم.

والإسلام هو توحيد الله وعبادته وحده لا شريك له، والإيمان بالله وبرسوله واتباعه فيما جاءَ به، فما لم يأْت العبد بهذا فليس بمسلم وإن لم يكن كافراً معانداً فهو كافر جاهل.

فغاية هذه الطبقة أنهم كفار جهال غير معاندين، وعدم عنادهم لا يخرجهم عن كونهم كفاراً فإن الكافر من جحد توحيد الله وكذب رسوله إما عناداً وإما جهلاً وتقليداً لأهل العناد.

دەڵێ: پلەکانی موکەلەفەکان لە مەنزڵگای دواڕۆژ و چینەکانیان تیایدا : چینی حەقدەیەم : چینی چینی لاسایی کرەوەکان و کافرە نەزانەکان و شوێنکەوتەکانیان و کەرەکانیان ئەوانە لەگەڵ گەورەکانیانن (دەڵێن) [ئێمە باوکانمان لەسەر ڕێیازێ بینیوە بەشوێنی ئەواندا ئەڕۆین](سورەتی زوخروف-22) (ئەوان پێشەنگی ئێمەن لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانە شەڕ و دژایەتی موسڵمانان ناکەن) وەکو ژن و کارگوزارەکانی موحاریبەکانیان کە هیچ شەڕێکیان نیە بەرامبەر دینی خوا و موسڵمانان، بەڵکو لەمەنزیلەتی ئاژەڵانن، ئومەتی ئیسلام کۆکن لەسەر ئەوەی ئەمانە کافرن ئەگەر چی نەزان و موقەلید بن بۆ گەورە و پێشەواکانیان، (ئیلا ئەوە نەبێ کە لەهەندێ ئەهلی بیدەع دەگێردرێتەوە دەڵێن ئەمانە ئەهلی ئاگر نین و دەعوەیان پێ نەگەیشتوە)ئەمەش مەزهەبێکە هیچ یەکێ لەپێشەوایانی موسڵمانان و صەحابە و تابیعین و دوای ئەوانیش شتی وایان نەوتوە، بەڵکو ئەم قسەیە لەهەندێ لە ئەهلی کەلامەوە وەرگیراوە، وە ئەم ژن و کارگوزار و شوێنکەوتانە موسڵمان نین چونکە عاقڵ و موکەلەفن کەسێ عاقڵ و موکەلەفیش بێ یان موسڵمانە یان کافرە، بەڵام ئەوانەیان کە دەعوەی ئیسلامیان پێ نەگەیشتوە لەوکاتەدا

موکەلەف نین و لەپلەی منالّان و شێتەکان هەژمارئەکرێن، چونکە ئیسلام بریتیە لە تەوحید و بەتەنها پەرستنی اللە و باوەڕهێنان بە اللە و ڕەسولەکەی وشوێنکەوتنی دینەکەی، (جائەگەر بەندە بەم شێوەیە نەبێ ئەوا موسڵمان نیە چونکە ئەگەر کافرێکی عیناد نەبێت کافرێکی ئەوا کافرێکی نەزانە، جا ڕاستترین حاڵی ئەم چینە ئەوەیە کە کافرانی جاهیلن و کافرانی عیناد نین، (وە کە عینادیش نین دەریان ناهێنێ لەوەی کافرنەبن)[ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی شتێ نیە لای ابن القیم ناوی موشریك بێ بەڵام نەکافر بێ و نەموسڵمان] چونکە کافر ئەو کەسەیە ئینکاری یەکانەیی اللە بکات و پێغەمبەرەکەی بەدرۆ دابنات جا بەعینادی بێت یان بەهۆی تەقلید بێ بۆ ئەهلی عیناد "کۆتایی هات وتەکەی ابن القیم.

( )نوسینەکانی نێو کەوانەکان واتە ئاگاداری بە سەیری بکە بەپێی ئەم ووتانە بۆت ئاشکرا ئەبێ ئیمامی ابن القیم ئەم قسانە دەربارەی کافری ئەصلی ئەکات کە موسڵمان نەبوونە بەڵام نەزانن وەکو ژن و کارگوزار و شوێنکەوتەی گەورەکانیان هەروەها ڕەدی ئەهلی بیدەع ئەداتەوە کە دەڵێن ئەو چینە مادام نەزانن ناچنە ئاگرەوە ، هەروەها باس لەچۆنێتی موسڵمان بونیان دەکات، نەك باسی ئەوە بکات موسڵمانێ بەنەزانی توشی شیرك بێ ئیقامەی حوجە نەکرابێ نەزانیەکەی بەهەند وەرنەگیرێ و عوزری نەبێ و کافربێ.

هەروەها [ ] ئەم جۆرە کەوانەیە نوسینەکەی ناوی تعلیقی خۆمە لەسەر ئەو وتەیەی ابن القیم جوان سەیری بکە.

دەقی دووەم

ئیمام ابن القیم دەڵێت: إن العذاب یستحق بسببین:

أحدهما: الإعراض عن الحجة وعدم إرادتها والعمل بها وبموجبها ، والثاني: العناد لها بعد قیامها وترك إرادة موجبها، فالأول کفر إعراض، والثاني کفر عناد،فأما کفر الجهل مع عدم قیام الحجة وعدم التمکن من معرفتها فهذا الذي نفى الله التعذیب عنه حتى تقوم حجة الرسل. " طریق الهجرتین لاپەڕە 546

دەڵێت: سزای خوا شایستەیە دەبێت بەدوو هۆکار:

یەکەمیان: پشتکردن لەبەڵگە و نەویستنی و کارپێنەکردنی ، دووەم: عینادی کردن لەوەرگرتنی بەڵگەکە کاتێ بۆی هێنرا و وازهێنان لە پێویستیەکانی، جا

یەکەم کوفری پشت کردنە، دووەم، کوفری عینادیە، بەڵام کوفری جەهل ئەوەیە کە ئیقامە حوجە نەکرابێت لەسەری و توانای ناسینی نەبوبێت، ئائەمەیە خوای گەورە نەفی سزای کردوە لەسەر خاوەنەکەی تاکو ئیقامە حوجەی پێغەمبەرانی لەسەر دەکرێت."

لەوەڵامی ئەم وتەیە دەڵێم:

1- جەهلی پشتکردن: پشت بکات لەدینی خوا بەگشتی و ڕەهایی نەخۆی فێربکات نەکاری پێ بکات نە بانگەوازی بۆ بکات، ئەم جۆرە کەسە عوذری نیە.

2- جەهلی عینادی: پشت بکات لەکارکردن بەتەوحید دوای ئەوەی ئیقامە حوجەی لەسەرکرا و ئامۆژگاری کرا ئەم کەسەش عوذری نیە.

3- ئەو کوفرەی بەهۆی جەهلەوە ئیمامی ابن القیم باسی دەکات باس لە کافرانی ئەصڵی دەکات کە نەزانیان بەحەق و بەدینی خوا نابێتە ڕێگر لەسەریان کە نەبن بەکافر بەڵکو هەرچەن جاهیل بن هەر کافرن چونکە داخلی ئیسلام نەبونە وە هۆکاری کوفرەکەشیان جەهلە، لەحوکمی دونیا ڕێگر نیە لەسەر ئەوەی بەکافر حیساب نەکرێن بەڵام لەڕۆژی دوایی سزایان نادرێن مادام ئیقامە حوجەنەکرابن. بڕوانە کتێبی "طریق الهجرتین" بابەتی [الطبقة السابعة

عشرة] كەباس لەكافرانى جاهيلى ئەصلّى دەكات لاپەڕە 724 تا لاپەڕە 729 دار ابن كثير.

[پوختەی بۆچـونی ئيمام ابن القيم سەبارەت بەعوذر بەجەهل]

ئيمام ابن القيم عوذر دادەنێت بەجەهل لەشيرك و كوفرى گەورە و جياوازى ناكات لەنێوان شاراوە و ئاشكرا وە لەنێوان بابەتى لقەكان و بنچينەكان.

باسی پێنجەم

[سەلماندنی مەذهەبی پێشەوا محمدی کوڕی عبدالوهاب لەبارەی عوذر بەجەهل]

پێشەکی

زۆربەی موخالیفەکان بەڵگە دەهێننەوە بەوتەی زانایان ئێمەش دەڵێین پێش ئەوەی مشتومڕبکەین لەبارەی وتەی زانایان پێویستە چەن قاعیدەیەکی گرنگ وەربگرین :-

1- پێویستە جیاوازی بکرێت لەنێوان ئەو نەصانەی مطلقن و ئەوانەی مقیدن:

بۆ نموونە کەسانێ بەڵگە دێننەوە بە ووتەی زانایانێك کە دەڵێن هەرکەسێ نەزر بکات بۆ غەیری اللە کافرە یان هەرکەسێ داوای فریاکەوتن بکات لەغەیری اللە کافرە و موشریکە خوێن و ماڵی حەڵاڵە ..تد جا کابرای بێ ئاگا دێت

ئەڵێت ئەها ئەم زانایە باوەڕی بەعوذر بەجەهل نیە لەبابەتەکانی عەقیدە و تەوحید یەکسانە لەداری ئیسلام بێت یان لەداری کوفر بەڵگەش لەسەری ئەوەیە دەڵێت کافرە و موشریکە و نالێ تاکو ئیقامە حوجەی لەسەر دەکرێت، لەوەڵامی ئەم بەڵگە هێنانەوەیە دەڵێین ئەم جۆرە نەصانەی زانایان بەشێوەیەکی گشتی فەرمویانە و بەهیچ شێوەیەك کەسی دیاریکراویان دیاری نەکردوە، بەڵام لەکاتی دیاریکردنی کەسەکە ئەوکاتە پێویستە باسکردنی ئیقامە حوجە، ئەو زانایە نەفی ئەم کارەی نەکردوە بەم شێوەیە چونکە ناکرێت لەهەموو نەصێکی عام و گشتی بوترێت تاکو ئیقامە حوجەی لەسەر دەکرێت، چونکە زانایان لەزۆربەی شوێنەکان بەگشتی قسەئەکەن و بیانووەکان باس ناکەن، ئەمەش وەك ئەو قسانەیان وایە کە دەڵێن زیناکار و عارەق خۆر کافرنین نەچوونە لەهەموو شوێنێ بڵێن ئەگەر بەحەڵاڵی نەزانێ، واللە اعلم.

2-پێویستە جیاوازی بکرێت لەنێوان ئەو دەقانەی عام وگشتین و لەگەڵ ئەو دەقانەی مخصص و تایبەتن، ئەو دەقانەی عام و گشتین ئەم مانایەی لێ فەهم دەکرێت کە باسمانکرد ناکرێت بەڵگەی پێ بهێنیتەوە لەبارەی شتێکی تایبەتەوە چونکە زاناکە مەبەستەکەی لەدەقە گشتیەکانی ڕوون نەکردۆتەوە، هەربۆیە دەقی گشتی محتمل ە.

3- ئەشێت ئەو زانایە گەڕابێتەوە لە مذهبەکەی بۆیە قسەکەی ئێستای قسەکەی پێشووی ئەسڕێتەوە.

بۆیە کاری دروست لەم حاڵەتە ئەوەیە ناکرێت وتەیەك یان مەسئەلەیەك بدرێتە پاڵ زانایەك لەبابەتێکدا تەنها کاتێك نەبێت کە دەبێت هەموو وتەکانی کۆکرابێتەوە لەو بابەتە، پاشان پوختەی وتەکانی باس بکرێت، چونکە زۆربەی موخالیفەکان بەهۆی کۆنەکردنەوەی وتەی فلاٵنە زانا دێن چەواشەکاریەکانیان ئەکەن بۆ هەڵبژاردنی ئەو بۆچونەی موافقی هەواو ئارەزووەکانیانە، ئەمەش دووڕە لە مەنهەجی تویژەری دادپەروەر و ڕاستگۆ، چونکە لەحاڵەتی ئاوا شتانێك دەدرێتە پاڵ زانایانێك کە لێی بێبەرین و نەیان وتوە. وەپێش ئەوەی مشتومڕ بکەین سەبارەت بەو ووتانە پێویستە بزانین حوجە و بەڵگە تەنها بریتیە لە قورئان و سونەت و ئیجماع، مەرجەع و سەرچاوە گەڕانەوە نیە بۆ لای وتەی هیچ یەکێك لەزانایان هەرچەندە پێگە و پلەیان بەرزبێت چونکە اللە تعالی دەفەرمێت {فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ إِنْ كُنْتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآَخِرِ ذَلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا } (59) النساء وە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەڵێت { تركت فيكم ما إن تمسكتم به لن تضلوا بعدى ابدا كتاب الله وسنة رسوله } رواه الحاكم وحسنه الألبانى مەعلومیشە هەموان شایەنی ئەوەیان هەیە وتەکانیان وەربگیرێت و

ڕەتبکرێتەوە تەنها پێغەمبەری خوا نەبێت صلى الله عليه وسلم، پاشان زانایان بەڵگە بۆ وتەکانیان دەهێنرێتەوە نەك بەڵگەیان پێ بهێنرێتەوە و بکرێن بەبەڵگە. جا کەوابێت ئەی بۆچی مشتومڕی مەذهەب و ووتەکانیان دەکەن، لەوەڵامدا ئەڵێین لەبەرچەند هۆکارێك لەوانە:

1- بۆ ئەوەی بیسلمێنین مەذهەبی ئەهلی سوونە لەم بابەتە شتێکی نامۆ و تازە نیە بەڵکو پشت ئەستوورە بە شوێنەواری و ئەقوالی سەلەف.
2-بۆ ئەوەی وتەی زانایان وەکو خۆیان بخەینەڕوو و بیپارێزین لەچەواشەکاری و بەکارهێنانی بۆ مەرامی دوژمنان.

بۆچی هەندێك توشی خیلاف و ناکۆکی و دژبەیەکی بوون لەگێڕانەوەی مەذهەبی شێخ محمد بن عبدالوهاب

سەبارەت بەعوذر بەجەهل هەیە بەجۆرێ لێی حاڵی بووە کە هەرکەسێ بکەوێتە ناو شیرك و کوفرەوە کافرەو بەدیاریکراوەیی خەڵکی پێ تەکفیر دەکات بەهیچ شێوەیەك بیانووی نەزانی قبوڵ ناکات، هەندێکی کەسی تریش بەشێوەیەك لەو ووتانەی شێخ حاڵی بووە کە دەڵێت هەرکەسێ بکەوێتە ناو کوفر و شیرکەوە نابێت ڕاستەوخۆ تەکفیریان بکەیت بەڵکو پێویست ئەکات بۆیان ڕون بکرێتەوە و ئیقامە حوجەیان لەسەر بکرێت سەرەنجام ئەم کۆمەڵەیەش دەڵێن شێخ باوەڕی بەموتڵەقی عوذر بەجەهل هەیە، هەندێ

کەسی تریش وا گومان دەبەن شێخ لەم بابەتە توشی تێکگیران بووە و ناکرێت هیچ یەکێك لەوتەکانی باسبکرێت چونکە باسکردنی وتەیەکیان مانای بەتاڵکردنەوەی وتەکەی تریّتی ئەمەش ناکرێت.

هەندێکی تر دەڵێن نەخێر مەنهەجی شێخ لەم بابەتە ڕەتکردنەوەی عوذر بەجەهلە بەموتڵەق و ئەوەشی وتویەتی سەبارەت بە بوونی عوذر بەجەهل ئەوە لەبابی مەصڵەحەتی دەعوە کردویەتی، ئەمەش درۆ هەڵبەستانە بەناو شێخ هەروەك پێشتریش ئەم درۆیەیان بۆ شێخی ئیسلام ابن تەیمیە هەڵبەستا کاتێك نەیان ئەتوانی تەئویلی دەیان وتەی بکەن کە بەئاشکرا و بەڕوونی عوذر بەجەهلی جێگیرکردبوو.

بەڵام لەڕاستیدا پێشەوا محمدی کوری عبدالوهاب لەسەر مەذهەبی ئەهلی سوونە و جەماعە لەجیاوازی کردن لەنێوان ئەحکامەکانی پەنهان و ڕواڵەت و تێکەڵاو نەکردنی لەنێوان بیانوو نەدان بەنەزانی لەشیرك لەگەڵ بیانوو دانی بۆ کەسی دیاریکراو کە توشی چەند کارێکی شیرکی بوبێت لە ڕواڵەت، بۆیە ئەگەر وتەکانی تەفسیر بکەین بەوەی حوکمدانە بەڕەهایی لەسەر پەنهان یان لەسەر حوکمدان بێت لەسەر ڕواڵەت بەڕەهایی ئەگەر ئاوا مانای بکەین توشی دژبەیەکی و تێکگیران دەبین ئەمەش پیشەی هەموو ئەوانەیە کە شوێنی هەواو ئارەزوویان کەوتون بەئارەزووی خۆیان وتەکانی هەڵدەبژێرن و وتەکانی تری پشتگوێ دەخەن.

[ووتە ئاشکراکانی شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب سەبارەت بەجێگیرکردنی عوذر بەجەهل و تەکفیرنەکردنی کەسی دیاریکراو پێش ئیقامەی حوجە.]

دەقی یەکەم :- شێخ محمد بن عبدالوهاب دەڵێت: {وإذا كنا: لا نكفر من عبد الصنم، الذي على [قبر] عبدالقادر والصنم الذي على قبر أحمد البدوي، وأمثالهما، لأجل جهلهم، وعدم من ينبههم، فكيف نكفر من لم يشرك بالله؟! إذا لم يهاجر إلينا، أو لم يكفر ويقاتل { سُبْحَانَكَ هَذَا بُهْتَانٌ عَظِيمٌ } " [سورة النور، آية: 16] (الدرر السنية (1/102-104).

دەڵێت: ئەگەر ئێمە ئەو کەسانە تەکفیر نەکەین کەئەو بتە دەپەرستن کە لەسەر گۆڕی عبدالقادرە یان ئەو بتەی کەلەسەر گۆڕی ئەحمەد بەدەوی و هاوشێوەکانێتی بەهۆی ئەوەی کە نەزانن و کەس نەبووە ئاگاداریان بکاتەوە، ئەی چۆن ئێمە کەسانێ تەکفیرئەکەین کە هاوبەشیان بڕیارنەداوە بۆ اللە و هیجرەتیان نەکردبێت بۆ لای ئێمە یان کەسانێکی تەکفیر نەکردبێت یان قیتالی نەکردبێت، دەڵێین خوایە پاکی بۆتۆ ئەمە بوهتانێکی گەورەیە بۆمانی دەکەن."

ئەمە دەقێکی ئاشکرای شێخە کە خەوارج و تەکفیریە زیادەڕەوەکان تانەی لێ ئەدەن و دەڵێن ئەم نەصە درۆیە بەدەم شێخەوە، بەبێ ئەوەی هیچ بەڵگەیان لەسەر ئەو وڕێنانەیان هەبێت، یان دەڵێن ئەگەر شێخ قسەی وای کردبێت کەواتە ئەویش کافرە، جا بۆ زانیاریتان ئەم نەصەی شێخ زانایانی دەعوەی

نەجدی خۆیان باسیان کردوە هەر لەکوڕەکانی شێخەوە تاکو نەوەکانی وێنەی شێخ عبداللطیف بن عبد الرحمن له مصباح الظلام (ص324) وە الشیخ سلیمان بن سحمان له (منهاج الحق والاتباع ص56، وەبڕوانە دەقێکی هاوشێوەی تری الضیاء الشارق 372.) تەنانەت ئەوانەی باوەڕیان بەعوذر بەجەهل نیە باسیان کردوە وەك عەلی خضیر له {الرسالة المتممة في مسالة الجهل في الشرك الأكبر}

دەقی دووەم :- شێخ محمد بن عبدالوهاب دەڵێت: (ما ذكره لكم عني أني أكفر بالعموم فهذا بهتان الأعداء.) ثم قال بعد رده على من يقول بأنه يشترط الهجرة إليه لثبوت وصف الإسلام: (إنما المراد اتباع دين الله ورسوله في أي أرض كانت، ولكن نكفر من أقر بدين الله ورسوله ثم عاداه وصد الناس عنه. وكذلك من عبد الأوثان بعدما عرف أنها دين المشركين وزينه للناس، فهذا الذي أكفره. وكل عالم على وجه الأرض يكفر هؤلاء إلا رجلاً معانداً أو جاهلاً) (مجموع مؤلفات الشيخ الإمام محمد بن عبد الوهاب) القسم الخامس، الرسائل الشخصية، (ص/58).

دەڵێت: ئەوەی باسکراوە بۆتان لەبارەی منەوە گوایە خەڵکی بەگشتی تەکفیر ئەکەم لەبوهتانی دوژمنانە، پاشان لەوەڵامی ئەوانەی دەڵێن گوایە شێخ هیجرەت کردنی خەڵکی بۆ لای خۆی مەرج داناوە تاکو بەموسڵمانیان بزانێت,

دەڵێت:(ئەوەی مەبەستمە شوێنی دینی خوا و پێغەمبەرەکەی بکەویت لەهەر شوێنێ بیت، وە ئێمە ئەو کەسە تەکفیر ئەکەین کە دانی نابێت بەدینی خوا پاشان دژی وەستابێتەوە و خەڵکی لێ دوورخستبێتەوە، پاشان کەسێکیش تەکفیر ئەکەم کە بتی پەرستبێ دوای زانیبێتی کە ئەوە دینی موشریکانە، بچێت ئەو دینە شیرکیە بۆ خەڵکی بڕازێنێتەوە ئا ئەم جۆرە کەسانەیە کە من تەکفیریان ئەکەم، هەموو زانایەك لەسەر زەوی ئەم جۆرە کەسانە تەکفیر ئەکات تەنها کەسێکی کەلەڕەق و جاهیل نەبێت تەکفیریان ناکات."

دەقی سێیەم :- لەوەڵامی هەمان شوبهە دەڵێت: (... وكذلك تمويه على الطغام بأن ابن عبد الوهاب يقول: الذي ما يدخل تحت طاعتي كافر. ونقول: سبحانك هذا بهتان عظيم، بل نشهد الله على ما يعمله من قلوبنا بأن من عمل بالتوحيد وتبرأ من الشرك وأهله فهو المسلم، في أي زمان وأي مكان .وإنما نكفر من أشرك بالله في إلهيته بعدما نبين له الحجة على بطلان الشرك،وكذلك نكفر من حسنه للناس أو أقام الشبه الباطله على إباحته، وكذلك من قام بسيفه دون هذه المشاهد التي يشرك بالله عندما وقاتل من أنكرها وسعى في إزالتها) (مجموع مؤلفات الشيخ الإمام محمد بن عبد الوهاب) القسم الخامس، الرسائل الشخصية، (ص/60)

دەڵێت: بەهەمان شێوە بۆ چەواشەکردنی عەوام دەڵێن کورِەکەی عبدالوهاب دەڵێت: هەرکەسێك نەیاتە ژێر فەرمانی منەوە ئەوا کافرە. دەڵێین: پاك و بێگەردی بۆتۆ خوایە لەو بوهتانە گەورەیەی بۆمانی ئەکەن، بەڵکو خوا شایەدە و ئاگای لەدڵەکانمانە کە دەڵێین هەرکەسێ کار بکات بەتەوحید و تەبەرِا بکات لەشیرك و لە ئەهلی شیرك ئەوا موسڵمانە، لەهەر شوێن و کاتێك بێت، وە ئەو کەسەی ئێمە تەکفیری ئەکەین ئەو کەسەیە کە هاوبەش بۆ ألله بڕیار ئەدات لەپەرستنی ألله دوای ئەوەی بەڵگەی بەتاڵی شیرکی بۆ ڕوون ئەکەینەوە، بەهەمان شێوە ئەو کەسەش تەکفیر ئەکەین کە شیرك بڕازێنێتەوە بۆ خەڵکی و شوبهەی بەتاڵ بێنێتەوە بۆ حەڵاڵ کردنی، بەهەمان شێوە کەسێکیش بە چەکەکەی بوەستێت بەرگری بکات لە پاراستنی ئەو شوێنانەی هاوبەشی بۆ تێدا بڕیاردەدرێت بۆ خوا و بجەنگێت دژی ئەو کەسانەی ئینکاری ئەو شیرکانە ئەکەن و هەوڵی لابردنیان ئەدەن."

دەقی چوارەم :- شێخ دەفەرمێت دەربارەی تەکفیر و ضابطی تەکفیر: (وأما التكفير فأنا أكفر من عرف الرسول، ثم بعدما عرفه سبه ونهى الناس عنه وعادى من فعله، فهذا هو الذي أكفره، وأكثر الأمة ولله الحمد ليسوا كذلك) (مجموع مؤلفات الشيخ الإمام محمد بن عبد الوهاب) القسم الخامس، الرسائل الشخصية، (ص/38)

دەڵێت: من کەسێك تەکفیر ئەکەم کەوا دینی پێغەمبەری ناسیبێت پاشان کە ئەو دینەی زانی جنێوی پێ بدات و خەڵکی لێ دووربخاتەوە و دژایەتی پەیڕەوکارانی بکات، ئائەم جۆرە کەسەیە کەمن تەکفیریان ئەکەم، سوپاس بۆ أللە زۆربەی ئومەت ئاوا نین."

دەقی پێنجەم :- بەهەمان شێوە دەفەرمێت: (وأما ما ذكر الأعداء عني أني أكفر بالظن والموالاة، أو أكفر الجاهل الذي لم تقم عليه الحجة فهذا بهتان عظيم، يريدون به تنفير الناس عن دين الله ورسوله) (مجموع مؤلفات الشيخ الإمام محمد بن عبد الوهاب) القسم الخامس، الرسائل الشخصية، (ص/25).

دەڵێت: ئەوەی دوژمنان لەبارەی منەوە باسی ئەکەن گوایە من خەڵکی بەگومان و موالاة کردنی کافران تەکفیر ئەکەم یان کەسانێ جاهیل تەکفیر ئەکەم کە ئیقامە حوجەیان لەسەر نەکراوە، ئەمە بوهتانێ گەورەیە ئەیانەوێ بەم درۆیانە خەڵکی دوربکەنەوە لەدینی خوا و پێغەمبەرەکەی."

دەقی شەشەم :- بەهەمان شێوە دەڵێت: (فجنس هؤلاء المشركين وأمثالهم ممن يعبد الأولياء والصالحين نحكم بأنهم مشركون ونرى كفرهم إذا قامت عليهم الحجة الرسالية) (الهدية السنية، الرسالة الرابعة 103.)

دەڵێت: ڕەگەزی ئەو موشریکانە و هاوشێوەکانیان کە ئەولیاو پیاوچاکان دەپەرستن حوکمی موشریکیان بەسەر دەدەین و دوای ئەوەی ئیقامە حوجەیان لەسەر دەکەین ئینجا تەکفیریان دەکەین."

دەڵێت: وأما سؤالكم: هل هذا في المسلم الذي لم يصدر منه شرك بالكلية ؟.

فنقول: أما الشرك الذي يصدر من المؤمن، وهو لا يدري، مع كونه مجتهدا في اتباع أمر الله ورسوله، فأرجو أن لا يخرجه هذا من الوعد. وقد صدر من الصحابة أشياء من هذا الباب، كحلفهم بآبائهم، وحلفهم بالكعبة، وقولهم: ماشاء الله وشاء محمد؛ وقولهم: اجعل لنا ذات أنواط؛ ولكن إذا بان لهم الحق اتبعوه، ولم يجادلوا فيه حمية الجاهلية لمذهب الآباء والعادات. وأما الذي يدعى الإسلام، وهو يفعل من الشرك الأمور العظام؛ وأما الإنسان الذي يفعلها بجهالة، ولم يتيسر له من ينصحه، ولم يطلب العلم الذي أنزله الله على رسوله، بل أخلد إلى الأرض، واتبع هواه، فلا أدري ماحاله (الدرر السنية في الأجوبة النجدية(103/2)

دەڵێت: ئایا ئەم حوکمە تایبەتە بەموسڵمانێ کە بەهیچ شێوەیەك شیرکی ئەنجام نەدابێت ؟

دەڵێین: ئەگەر ئینسانی بڕوادار هەوڵ بدات بۆ شوێنکەوتنی خوا و پێغەمبەر

بەڵام شیرکێك ئەنجام بدات و پێی نەزانێت ئەوا ئومێدم وایە لە ئیسلام دەرناچێت هەروەك وێنەی ئەم شتانە لەهاوەڵان ڕوویداوە وەك سوێندخواردنیان بەکەعبە و بەباب و باپیرانیان و ئەو وتانەی کە دەیان وت بە پێغەمبەر تۆ بتەوێ و خوا بیەوێ، یان داوایان لەپێغەمبەرکرد درەختێکیان بۆ دابنێ شمشێرەکانیان پێ هەڵبواسن، بەڵام ئەوانە ئەگەر حەقیان بۆ ڕوون ببوایەتەوە شوێنی دەکەوتن دەمارگیریان بۆ شوێنکەوتەی عادات و باوباپیران ناکرد."

دەقی هەشتەم :- شێخ محمدی کوری عبدالوهاب لە کشف الشبهات لاپەڕە 43دەڵێ : ومن الدليل على ذلك أيضا ما حكى الله عن بني إسرائيل مع إسلامهم وعلمهم وصلاحهم، أنهم قالوا لموسى: اجعل لنا إلها كما لهم آلهة. وقول أناس من الصحابة: «اجعل لنا ذات أنواط كما للنبي - صلى الله عليه وسلم - أن هذا نظير قول بني إسرائيل، اجعل لنا إلها»

جهلا ثم تاب منه ولكن للمشركين شبهة يدلون بها عند هذه القصة، وهي أنهم يقولون: إن بني إسرائيل لم يكفروا، وكذلك الذين قالوا اجعل لنا ذات أنواط لم يكفروا. فالجواب أن نقول: إن بني إسرائيل لم يفعلوا ذلك، وكذلك الذين سألوا النبي - صلى الله عليه وسلم - لم يفعلوا ذلك، ولا خلاف أن بني إسرائيل لو فعلوا ذلك لكفروا. وكذلك لا خلاف في أن الذين نهاهم النبي -

صلى الله عليه وسلم، لو لم يطيعوه واتخذوا ذات أنواط بعد نهيه لكفروا، وهذا هو المطلوب،

ولكن هذا القصة تفيد أن المسلم بل العالم قد يقع في أنواع من الشرك لايدري عنها، فتفيد التعلم والتحرز ، ومعرفة أن قول الجاهل ان التوحيد فهمناه ان هذا من اكبر الجهل ومكائد الشيطان وتفيد أيضاً أن المسلم المجتهد إذا تكلم بكلامٍ كفر وهو لايدري فنُبه على ذلك فتاب من سعاته أنه لايكفر كما فعل بنو إسرائيل والذين سألوا النبي صلى الله عليه سلم. ((العقيدة والآداب الإسلامية))ص174

کاتێ کەسانێ پرسیار لەشێخ محمد ئەکەن و پێیان گەورەیە کەسانێ تەکفیر بکات کە شیرکیات ئەنجام ئەدەن مادام شایەتمان دێنن، شێخ محمدیش لەوەڵامیاندا دەڵێ: بەڵگە لەسەر ئەو کارەی من ئەوەیە کە خوای گەورە باسی دەکات بۆمان دەربارەی بەسەرهاتەکەی بەنی ئیسرائیل سەرەڕای موسڵمانێتی و چاکی و صەڵاح و عیلمیان بەموسایان گووت (خوایەکی ترمان جگە لە اللە بۆ دابنێ)هەروەها بەهەمان شێوەی ئەوان خەڵکانێکیش لەصەحابە داوایان لە پێغەمبەرکرد صلى الله عليه وسلم کە درەختێکیان بۆ دابنێ وەکو درەختی موشریکان پێغەمبەریش سوێندی خوارد کە ئەم دایەتان وێنەی ئەو دوایەبوو کە بەنی ئیسرائیل کردیان لەموسا و وتیان(خوایەکی ترمان بۆ دابنێ وەک

چۆن ئەوانە خوایەکی تریان هەیە وەك خوایەکەی ئەوان). بەڵام نەزان بوون ، بەڵام لێرەدا موشریکان شوبهەیەکی تریان هەیە دەڵێن بەنی ئیسرائیل و ئەو صەحابانەی داوایان کرد لە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم کافرنەبون ، لەوەڵامدا ئەڵێین (بەنی ئیسرائیل دوای ئەوەی پێغەمبەر موسا قەدەغەی لێکردن ئەو کارە شیرکەیان ئەنجام نەدا هەروەها صەحابەش دوای ئەوەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم هۆشیاری پێدان ئەو کارە شیرکەیان نەکرد- لێرەدا کەسانێ نەفام هەن وا دەزانن شێخ محمد جیاوازی کردوە لەنێوان وتنی شیرك و کردنی شیرك قەول و فیعلی شیرکی دەڵێن شێخ محمد تەکفیری نەکردون چونکە بەس بەوتن داوای ئەنجامدانی شیرکیان کردوە نەك بەکردوە !! چونکە شێخ محمد دەفەرمێ [لا خلاف في أن الذين نهاهم النبي - صلى الله عليه وسلم، لو لم يطيعوه واتخذوا ذات أنواط بعد نهيه لكفروا،] دەڵێ گومانی تیانیە ئەو کەسانەی پێغەمبەر لەداواکردنی ذات أنواط نەهی لێکردن ئەگەر بەقسەیان نەکردایە ئەو درەختەیان ئەنجام بدایە دوای ئەوەی قەدەغەی لێ کردن ئەوا کافر ئەبوون]

پاشان شێخ محمد دەڵێ: بەڵام ئەم ڕوداوە ئەوەمان پێ دەڵێت کەوا موسڵمان هەروەها زاناش ئەشێت بکەوێتە جۆرەها شیرکەوە و نەزانێت، وە ئەوەشمان پێ دەڵێت کەخۆمان فێربکەین و خۆمان بپارێزین، وتەی ئەو کەسە

جاهیلانەشمان بۆ دەرەکەوێ کەدەڵێن تەوحیدمان ناسیوە ئەمەش گەورەترین جەهل و فێڵی شەیتانە.

هەروەها ئەوەشمان پێ دەڵێت کە موسڵمانی موجتەهید ئەگەر قسەیەکی کوفری گووت نەیدەزانی کەوا کوفرە و ئاگادارکرایەوە لەسەری یەکسەر تەوبەی کرد ئەوا کافرنابێت هەروەك چۆن نەوەکانی ئیسرائیل ئەنجامیان دا یان ئەوانەی داوایان کرد لەپێغەمبەرصلى الله عليه وسلم." کەواتە ئەم هەڵوەستەکردنەی شێخ زۆر ڕوونە کەدەیسەلمێنێ ئەوانەی بەنی ئیسرائیل کەوتونەتە کوفرە بەڵام پێش ڕوون کردنەوە بۆیان کافرنەبوونە پاشان دەڵێ موسڵمانی زانا وموجتەهیدیش توشی کوفر بێ بەنەزانین ئاگاداربکرێتەوە و تەوبەی لەسەربکات کافرنابێت ."

دەقی نۆیەم :-شێخ محمد دەڵێت شێخی ئیسلام ابن تەیمیە دەڵێت: (إني من أعظم الناس نهياً عن أن ينسب معين إلى تكفير وتفسيق ومعصية إلا إذا علم أنه قد قامت عليه الحجة الرسالية التي من خالفها كان كافراً تارة وفاسقاً أخرى، وعاصياً أخرى) ((الفتاوى)) (3/ 229)، جا شێخ محمد لەتەعلیقیدا لەسەر ئەم وتەیەی ابن تەیمیە دەڵێت(وهذه صفة كلامه في المسألة في كل موضع وقفنا عليه من كلامه لا يذكر عدم تكفيره المعين إلا ويصله بما يزيل الإشكال إن المراد

بالتوقف عن تكفيره قبل أن تبلغه الحجة، وأما إذا بلغته حكم عليه بما تقتضيه تلك المسألة من تكفير أو تفسيق أو معصية) ((مفيد المستفيد)) (ص: 10).

شێخ محمد دەڵێت شێخی ئیسلام ابن تەیمیە دەڵێت :من لەهەموو کەسێك زیاتر ڕێگری دەکەم لەوەی کەسی دیاریکراو تەکفیر و تەفسیق و عاصی بکرێت، تەنها لەحاڵێکدا نەبێت کە بزانرێت ئیقامە حوجەی لەسەرکراوە لەسەر شتێك کە بەوازهێنانی کافر ئەبێت یان فاسق ئەبێت یان سەرپێچیکار." پاشان شێخ محمد بن عبدالوهاب لەسەر ئەم قسەیەی ابن تەیمیە دەڵێت:" ئەمە سیفەتی قسەی شێخی ئیسلام لەبابەتی تەکفیر وتەفسیق لەهەر بابەتێ وەستابین لەسەر قسەکانی تەکفیرکردنی کەسانی دیاری کراوی بەستاوەتەوە بە لابردنی گومانەکانی و ئەنجامدانی ئیقامەی حوجە لەسەری، بەڵام کاتێك ئەو کەسە حوکمی ئەو بابەتەی پێگەیشتبێت ئەوا شێخی ئیسلام بەپێی حوکمی ئەو بابەتە لەتەکفیر و تەفسیق حوکمی لەسەر خاوەنەکەی داوە."

دەقی دەیەم : – شێخ محمد بن عبدالوهاب دەڵێت:

أن معصية الرسول – صلى الله عليه وسلم – في الشرك وعبادة الأوثان بعد بلوغ العلم كفر صريح بالفطر والعقول والعلوم الضرورية ، فلا يتصور أنك تقول لرجل ولو من أجهل الناس أو أبلدهم ، ما تقول فيمن عصى الرسو ل – صلى الله عليه وسلم – ولم ينقد له في ترك عبادة الأوثان والشرك ، مع أنه

يدعي أنه مسلم متبع إلا ويبادر بالفطرة الضرورية إلى القول بأن هذا كافر من غير نظر في الأدلة أو سؤال أحد من العلماء ولكن لغلبة الجهل وغربة العلم وكثرة من يتكلم بهذه المسألة من الملحدين أشتبه الأمر فيها على بعض العوام من المسلمين الذين يحبون الحق (مفيد المستفيد في كفر تارك التوحيد ص 68)

دەڵێت: سەرپێچی کردنی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لە هاوبەشدانان و پرستنی بت دوای گەیشتنی عیلم کوفرێکی ئاشکرایە بەفیترەت و عەقڵ و عیلمی زەروری، بۆیە تەصەورناکرێت بەپیاوێك بوترێت چی دەڵێیت دەربارەی کەسێك سەرپێچی پێغەمبەربکات و بەقسەی نەکات لەتەرك کردنی شیرک و بتپەرستی لەکەڵ ئەوەشدا خۆی بەموسڵمان و شوێنکەوتەی پێغەمبەر بزانێت ، گومانی تێدا نیە یەکسەر ئەو پیاوە ئەڵێ ئەم کەسە کافرە بەبێ سەیرکردنی بەڵگەکان و پرسیارکردن لەهیچ یەکێك لە زانایان، بەڵکو بڵاوبونەوە و زاڵ بوونی جەهل و غوربەتی عیلم و زۆر قسەکردنی مولحیدان لەم مەسەلەیە، حوکمی ئەم شیرکانە لای زۆربەی خەڵکی عەوامی موسڵمانان کەحەقیان خۆشەوێ تێکەڵ بووە ."

دەقی یانزەیەم :- شێخ محمد تەکفیری بوصەیری نەدەکرد و ئەیوت ئەو تەکفیرەی ئەیدەنە پاڵی گوایە تەکفیری بوصەیری دەکات درۆ و بوهتانێکی ئاشکرایە بڕوانە لە(الدرر السنية 10/ 147)

دەقی دوانزەیەم : شێخ محمد دەڵێت:" المسلم إذا أشرك بالله بعد بلوغ الحجة، أو المسلم الذي يفضل هذا على الموحدين أو يزعم أنه على حق، أو غير ذلك من الكفر الصريح الظاهر الذي بينه الله ورسوله وبينه علماء الأمة، أنا نؤمن بما جاءنا عن الله وعن رسوله من تكفيره

(مفيد المستفيد في كفر تارك التوحيد ص 12)

دەڵێت: ئەگەر موسڵمان هاوبەش بۆ ألله بڕیاربدات دوای گەیشتنی حوجە پێی، یان ئەو موسڵمانەی باوی موشریکان بدات بەسەر موەحیدان یان وا گومان بەرێت لەوکارەی لەسەرحەقە، لەغەیری ئەم کوفرە ئاشکرا و ڕاشکاوانە کە خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی و زانایانی ئومەت ڕونیانکردۆتەوە، ئێمە باوەمان بەو حوکمە هەیە کە لەلایەن خوا و پێغەمبەرەکەی هاتووە لەسەر تەکفیرکردنی ئەو جۆرە کەسە."

[ڕوونکردنەوە لەسەر ئەو ووتانەی شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب کە ڕوالّەتی وتەکانی نەبوونی عوذر بەجەهل دەخوازێت]

دەڵێت یەکەم : شێخ محمد دەڵێت: (فإنك إذا عرفت أن الإنسان يكفر بكلمة يخرجها من لسانه، وقد يقولها وهو جاهل فلا يعذر بالجهل) ((كشف الشبهات))

دەڵێت: تۆ ئەگەر زانیت ئینسان بەوشەیەك کافر دەبێت کە لەدەمی دەردەچێت و ئەشێت کە هەندێ جار دەیڵێت نەزان بێت و عوذری نەبێت بەنەزانی "

وەڵامی ئەم دەقە: ئەوەیە دەڵێین ئەم دەقە مجمل و گشتیە و وتەکانی پێشووی شێخ محمد ڕونکەرەوەی ئەم وتانەیە، هەروەها کەدەڵێت " ئەشێت کە هەندێ جار دەیڵێت نەزان بێت و عوذری نەبێت بەنەزانی " ئەم کەمکردنەویە کەهەندێ جاری دەیڵێت مەبەستی لەو حاڵەتانەیە کە عوذری تێدانیە وەك جنێودان بەخوای گەورە و پێغەمبەرەکەی، چونکە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بیانووی نەدا بەوانەی گاڵتەیان کرد بەخوا وبەئایەتەکانی و بە پێغەمبەرەکەی و بەهاوەڵەکانی بەڵکو تەکفیری کردن.

دەقی دووەم : شێخ محمد دەڵێت(... إذا عرفت هذا عرفت لا إله إلا الله، وعرفت أن من نخا "دعا" . نبياً أو ملكاً أو ندبه أو استغاث به فقد خرج من الإسلام. وهذا هو الكفر الذي قاتلهم عليه رسول الله صلى الله عليه وسلم) (الدرر السنية في الأجوبة النجدية (82/2)

دەڵێت: جا ئەگەر ئەمەت زانی ئەوا دەزانی مانای لا اله الا الله، و دەزانی هەرکەسێ بپاڕێتەوە لە پێغەمبەرێ یان فریشتەیەك یان خەڵکی بۆ هان بدات

یان داوای فریاکەوتنیان لێ بکات ئەوا لەئیسلام دەردەچێت، ئەمە ئەو کوفرەیە کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم جەنگا لەدژی . "

وەڵامی ئەم دەقە : ئەوەیە شێخ لێرەدا زۆربەڕوونی باس لەتەکفیرکردن دەکات بەعموم وبەگشتی باس لەبابەتی تەکفیرکردنی معین دیاریکراو ناکات، چونکە گومانی تێدا نیە هەرکەسێ کاری کوفری لەوجۆرانە بکات کافر دەبێت دوای ئەنجامدانی ئیقامەی حوجە لەسەری."

دەقی سێیەم : قوله رحمه الله في شرح حديث عمران بن حصين رضي الله عنه، وفيه أن النبي صلى الله عليه وسلم رأى رجلاً في يده حلقة من صفر، فقال: ((ما هذه ؟ قال: من الواهنة. فقال: انزعها فإنها لا تزيدك إلا وهنا، فإنك لو مت وهي عليك ما أفلحت أبداً)) (رواه احمد وضعفه الالبانى). ويقول في شرح الحديث: (فيه مسائل: ... فيه شاهد لكلام الصحابة أن الشرك الأصغر أكبر من الكبائر. الثالثة: أنه لم يعذر بالجهالة) (كتاب التوحيد)) للشيخ محمد بن عبد الوهاب.

شێخ محمد رحمه الله لەشەڕحی حەدیسەکەی عیمڕانی کوڕی حەصین ڕەزای خوای لێ بێ دەڵێ: ئەو حەدیسە تیایدا هاتووە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم پیاوێکی بینی پەتێکی کردبوە دەستی وپێی فەرموو ئەم پەتە چیە ؟ وتی : ئەمەم بۆ نەخۆشی کردۆتە دەستم . پێغەمبەریش صلى الله عليه وسلم

فەرمووی: دای بنێ ئەمە زیاتر نەخۆشت ئەکات و ئەگەر بەم شێوەیە بمریت هەرگیز سەرفراز نابیت.

پاشان لەشەڕی ئەم حەدیسە دەڵێت: چەن مەسەلەیەکی تێدایە، شایەدی قەولی صەحابەی تێدایە کە شیرکی بچووک گەورەترە لەتاوانەگەورەکان ، سێیەم: ئەم پیاوە بیانوی نەزانی پێ نەدرا.
لە وەڵامی ئەمەدا: دەڵێین یەکەم: ئەم حەدیثە ضەغیفە و صەحیح نیە ئەلبانی و ئیمام ئەحمەد و زانایانی فەرموودە بە ضەعیفیان داناوە.

دووەم: ئەم حەدیسە بەڵگەیە بۆ ئەوانەی دەڵێن عوذر بەجەهل هەیە، چونکە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم تەکفیری ئەو کابرایەی نەکرد، بەڵکو دوای ئەوەی بۆی ڕوونکردەوە و ئیقامەی حوجەی لەسەرکرد ئەوجا پێی ووت ئەگەر بمریت هەرگیز سەرفراز نابیت.

سێیەم: حەدیسەکە باس لەشیرکی بچووك ئەکات کە خاوەنەکەی لەبازنەی ئیسلام دەرناکات جا کە لەدەقەکانی پێشوو سەلماندمان شێخ عوذر بەجەهل لەشیرکی گەورە جێگیردەکات ئەوا عوذر هێنانەوەی بۆ شیرکی بچووک لێشترە کە عوذری بۆ بێنێتەوە، پاشان لێرەدا کە دەڵێت بیانوو نەدرا بەنەزانی ئەوا مەبەست پێی دوای ئەنجامدانی ئیقامەی حوجەیە. پاشان ئەگەر کەسێ بڵێ ئەگەر ئەو پیاوە لە شیرکی بچووك بیانووی نەبێت ئەی چۆن لەشیرکی گەورە بیانوی ئەبێت لەوەڵامدا ئەڵێین: کەوتنە نێو شیرکی بچووك ئەگەرچی خاوەنەکەی ئیقامە حوجەی لەسەر بکرێت خۆ کافر نابێت و لەئیسلام دەرناچێت، بۆیە ناکرێت قیاسی شیرکی گەورە بکرێت لەسەر شیرکی بچوك.

دەقی چوارەم :- شێخ محمد دەڵێت : (... فإن الذي لم تقم عليه الحجة هو الذي حديث عهد بالإسلام، والذي نشأ ببادية، أو يكون ذلك في مسألة خفية، مثل الصرف والعطف، فلا يكفر حتى يعرف، أما أصول الدين التي أوضحها الله في كتابه فإن حجة الله هي القرآن: فمن بلغه فقد بلغته الحجة، ولكن أصل الإشكال أنكم لم تفرقوا بين قيام الحجة، وفهم الحجة، فإن أكثر الكفار والمنافقين لم يفهموا حجة الله مع قيامها عليهم، كما قال تعالى: {أم تحسب أن أكثرهم يسمعون أو يعقلون إن هم إلا كالأنعام بل هم أضل سبيلا}(سورة الفرقان آية : 44.))(مجموعة الشيخ فتاوى ومسائل 12،13.).

دەڵێت: ئەو کەسەی ئیقامە حوجەی لەسەر نەکراوە ئەو کەسەیە کە تازە موسڵمان بوە یان کەسێکە لەشوێنێکی دوورە دەست گەورەبووە، یان کەسێکە لەبابەتێکی شاراوە تێکەوتوە وەك سیحری دورخستنەوە و نزیکردنەوە لەم حاڵەتانە کابرا تەکفیر ناکرێت تاکو بۆی ڕوون ئەکرێتەوە، بەڵام بنچینەکانی دین کە خوای گەورە ڕوونی کردۆتەوە لە کیتابەکەی، بەڵگەی خوا قورئانە، هەرکەسێ قورئانی پێ بگات ئەوا حوجەی پێگەیشتوە بەڵام کێشەکەی ئێوە ئەوەیە جیاوازی ناکەن لەنێوان بەرپاکردنی حوجە و تێگەیشتنی حوجە، چونکە زۆربەی کافران و مونافقان حوجەیان لەسەر بەرپاکرابوو ئەگەرچی لەحوجەکەش تێنەگەیشتبوون، هەروەك اللە تعالی دەفەرمێت[ئایا وادەزانی زۆربەی ئەوانە دەبیستن و دەفامن ئەوانە هەر وەك ئاژەڵ وان بەڵکو خراپترن] سورەتی فورقان ئایەتی 44."

وەڵام: بنچینەی ئەم قسەیە دەگەڕێتەوە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری چەن زانایەك لەوانە(عیسی بن قاسم، و أحمد بن سویلم بڕوانە فتاوي ومسائل 12.) ئەو زانایانە لەشێخ محمد دەپرسن دەربارەی ئەم قسەیەی شێخی ئیسلام ابن تەیمیە کەدەڵێت: (من جحد ما جاء به الرسول وقامت به الحجة فهو كافر). هەرکەسێك ئینکاری بکات لەو دینەی پێغەمبەر پێی هاتووە دوای ئیقامەی حوجەلەسەری کافر دەبێت.

جا شێخ محمد بن عبدالوهاب لەوەڵامی ئەو پرسیارەیان دەڵێ: (... ما ذكرتموه من قول الشيخ كل من جحد كذا وكذا، وأنكم شاكون في هؤلاء الطواغيت وأتباعه هل قامت عليهم الحجة أم لا؟ فهذا من العجب العجاب، كيف تشكون في هذا وقد وضحته لكم مراراً؟ فإن الذي لم تقم عليه الحجة هو الذي حديث عهد بالإسلام، والذي نشأ ببادية، أو يكون في مسألة خفية، مثل الصرف والعطف، فلا يكفر حتى يعرف، و أما أصول الدين التي أوضحها الله في كتابه فإن حجة الله هي القرآن، فمن بلغه فقد بلغته الحجة...)(مجموعة الشيخ 12/9، الفتاوي والمسائل.)

شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب لێرەدا باس لەکەسانێ دیاریکراو دەکات کە ئیقامەی حوجەکراوە لەسەریان، کە خودی خۆی ئیقامەی حوجەی کردون و شەڕحی تەوحیدی بۆ کردن و ئاگاداری کردونەتەوە لەشیرك جا وێنەی ئەم کەسانە عوذریان نیە لەبابەتەکانی تەوحید و شیرك و بابەتە ئاشکرا متواتیرەکان.

هەرکەسێك بڕوانێتە ژیاننامەی شێخ محمد - رحمه الله - و رسائله شەخصیەکانی شێخ محمدی خوێندبێتەوە بەتایبەت بەشی چوارەم ڕیسالەکانی(بڕوانه مجموعة الشيخ والرسائل الشخصية 201/12- 245.)، ئەم حەقیقەتەی بۆ دەرئەکەوێت.

شێخ محمد لەنامەیەکیدا بۆ أحمد بن إبراهيم مطوع دەڵێت: (...وصار الخلاف في أناس معينين أقروا أن التوحيد الذي ندعوا إليه دين الله ورسوله، و أن الذي ننهى عنه في الحرمين والبصرة والحسا هو الشرك بالله، ولكن هؤلاء المعينين هل تركوا التوحيد بعد معرفته، وصدوا الناس عنه؟ أم فرحوا به وأحبوه ودانوا به وتبرأوا من الشرك وأهله؟ فهذه ليس مرجعها إلى طالب العلم بل مرجعها إلى علم الخاص والعام، مثال ذلك إذا صح أن أهل الحسا والبصرة يشهدون أن التوحيد الذي نقول دين الله ورسوله، و أن هذا المفعول عندهم في الأحياء والأموات هو الشرك بالله، ولكن أنكروا علينا التكفير والقتال خاصة، والمرجع في هذه المسألة إلى الحضر والبدو والنساء والرجال. هل أهل قبة الزبير وقبة الكواز تابوا من دينهم، وتبعوا ما أقروا به من التوحيد؟ أو هم على دينهم...)(المرجع السابق 204/12)

دەڵێت: خیلافەکە سەبارەت بەخەڵکانێکی دیاریکراوە کە دانیان نابوو بەو تەوحیدەی خەڵکی بۆ بانگ دەکەین دینی خوا و پێغەمبەرە وە ئەوەی ئێمە لەبەصرا و لە حەرەمەین و لە حەسا قەدەغەی لێ دەکەین هاوبەشدانانە بۆ أللە، بەڵام ئایا ئەو کەسە دیاریکراوانە دوای ئەوەی تەوحیدیان بۆ ڕوون بۆیەوە ئایا دڵخۆشبوون پێی و پابەندبون پێوەی و تەبەڕایان کرد لەشیرك و لەئەهلی شیرك یان تەرکی تەوحیدیان کرد و خەڵکیان لێ دوورخستەوە، ئەم زانینەیان تەنها طالم عیلمەکانیان نەبو بەڵکو زانا و عەوامیان بۆیان ڕوون بۆیەوە

خەڵکی بەسڕا و حەسا دەیانزانی ئەوەی ئێمە ئەمری پێدەکەین تەوحیدە و دینی خوا وپێغەمبەرەکەیەتی ئەو کارانەشی دەکرێ لای ئەوان بۆ زیندوان و مردوان بریتیە لەهاوبەش بڕیاردان بۆ ألله، بەڵام تەنها ئینکاری تەکفیر و قیتالیان دەکرد لەئێمە، سەرچاوەی ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەهلی گومەتەکان قوبەی کواز و زوبێر و لەژنان و پیاوان و دەوارنشین وشارنشینەکان ئایا تەوبەیان کرد لەو دینەیان وگەڕانەوە بۆ تەوحید یان هەر لەسەر دینەکەی خۆیان مانەوە ")

لێرەدا ڕوون ئەبێتەوە لەم دەقە شێخ محمد قسە دەربارەی کەسانێ دیاریکراو دەکات کە ئیقامەی حوجەی کردوە لەسەریان و تەوحیدیان ناسیوە پاشان کەوتونەتە ناو شیرکەوە و دژایەتی ئەهلی تەوحیدیان کردوە بۆ جەختکردنەوەی قسەکانیشی دەڵێ ژنان و پیاوان و شارنشین و دەوارنشین دەزانن کەوتونەتە ناوشیرکەوە دوای تەوحیدتان ناسی دەڵێ ئەمەش بابەتێکە پێویست بەزانا و طالب عیلم ناکات تاکو جێگیری بکات چونکە ڕوون کراوەتەوە بۆتان.

وێنەی ئەمە هاتووە لەنامەیەکی شێخ محمد بۆ سلیمان بن سحیم، کەتیایدا دەڵێت: (... أنكم تقرون أن الذي يأتيكم من عندنا هو الحق و أنت تشهد به ليلاً ونهاراً، و إن جحدت هذا شهد عليك الرجال والنساء ثم مع هذه الشهادة أن هذا دين الله و أنت وأبوك مجتهدان في عداوة هذا الدين ليلاً ونهاراً ومن

أطاعكما، وتبهتون وترمون المؤمنين بالبهتان العظيم، وتصورون على الناس الأكاذيب الكبار فكيف تشهد أن هذا دين الله ثم تتبين في عداوة من تبعه؟ الوجه الثاني: إنك تقول إني أعرف التوحيد وتقر أن من جعل الصالحين وسائط فهو كافر والناس يشهدون عليك أنك تروح للمولد وتقرؤه لهم وتحضرهم وهم ينخون ويندبون مشايخهم ويطلبون منهم الغوث والمدد وتأكل اللقم من الطعام المعد لذلك، فإذا كنت تعرف أن هذا كفر فكيف تروح لهم وتعاونهم عليه وتحضر كفرهم؟.. إلى أن يقول: و أما الدليل على أنك رجل معاند، ضال على علم، مختار الكفر على الإسلام، فمن وجوه: الأول: إني كتبت ورقة لابن صالح من سنتين فيها تكفير الطواغيت شمسان وأمثاله، وذكرت فيها كلام الله ورسوله وبينت الأدلة، فلما جاءتك نسختها بيدك لموسى بن سليم ثم سجلت عليها وقلت: ما ينكر هذا إلا أعمى القلب، وقرأها موسى في البلدان وفي منفوحة وفي الدرعية وعندنا، ثم راج بها للقبلة، فإذا كنت من أول موافقا لنا على كفرهم، وتقول: ما ينكر هذا إلا من أعمى الله بصيرته فالعلم الذي جاءك بعد هذا يبين لك أنهم ليسوا بكفار بينه لنا...)(انظر الرسالة بطولها، مجموعة الشيخ، الرسائل الشخصية 226-237،

تیایدا دەڵێت: (ئێوە دانتان ناوە بەو پەیامانەی لەلایەن ئێمەوە دێت بۆتان حەقە، وە تۆ بەشەو بەڕۆژ شایەدی بۆ ئەدەی ئەگەر ئینکاری لەمە بکەی ژنان و پیاوان شایەدن لەسەرت، لەگەڵ ئەم شایەدی دانەش ئەمە دینی

خوایە تۆ و باوکت ئەوانەی بەقسەی تۆ ئەکەن هەموو هەوڵێکتان خستۆتەگەڕ بەشەو و بەڕۆژ بۆ دژایەتی کردنی ئەم دینە، و بوهتان دەکەن بۆ ئیماندارانِ بوهتانی گەورە درۆی گەورە و چەواشەکاری گەورە ئەکەن بەرامبەر خەڵکی ، باشە چۆن شایەدی ئەدەی ئەمە دینی خوایە پاشان هەوڵێ ئەدەی بۆ دژایەتی کردنی دینەکە و شوێنکەوتەکانی. ڕووی دووەم: تۆ دەڵێی من تەوحید دەزانم و دەڵێی هەرکەسێ پیاوچاکان بکات بەواسیتە کافرە، وە خەڵکیش شایەدن لەسەرت ئەچیت بۆ مەولود و ئامادەی مەولود ئەبیت و مەولودیان بۆ ئەخوێنی کە لەو مەولودانە هاواردەکرێتە مەشایخەکانیان و داوای فریاکەوتن ومەدد ئەکرێت لەپیاوچاکان و لەو خواردنانە ئەخۆی کە بەو بۆنەیەوە کراوە، باشە کەدەزانی ئەمە کوفرە چۆن ئەچیت و یارمەتیان ئەدەی و ئامادەی کوفرەکانیان ئەبیت؟..هەتا دەڵێ: بەڵگەش لەسەر ئەوەی تۆ کەسێکی کەلەڕەق و گومڕای لەسەر عیلمەوە و کوفرت هەڵبژاردوە لەسەر ئیسلام بەڵگەی ئەمە لەچەن ڕوویەکەوەیە: یەکەم : من پێش دووساڵ نامەیەکم نوسی بۆ ابن صالح باسی تەکفیرکردنی تاغووتانم کردبوو وەك شەمسان و هاوشێوەکانی باسی کەلامی خوا و پێغەمبەرەکەیم کردبوو بەبەڵگەوە ڕونمکردبوەوە، کاتێ ئەو نامەیە بۆتۆش هات بەدەستی خۆت کۆپیت کرد و ناردت بۆ موسای کوڕی سەلیم پاشان لەسەر نامەکە نوسیت کەس نیە ئینکاری لەمەبکات کەسێک نەبێ کەدڵی کوێرایی

داهاتبێت، پاشان موسا ئەم نامەیەی لەهەموو شارەکانی مەنفوحە و درعیە و لای ئێمەش خوێندەوە جا کەتۆ لەسەرەتاوە موافەقەی ئێمەت کردبوو لەسەر کافربونی ئەوانە و ئەتوت کەس نیە ئینکاری ئەمانە بکات ئیلا کەسێ نەبێ دڵەکەی کوێرایی داهاتبێت خوا کوێری کردبێت، پاشان ئەو عیلمەمان بۆ باسبکە کە لەدوای ئەمە بۆت هات بۆتی ڕونکردەوە کە ئاوان کافر نین بۆمان ڕونکەوە.)

بڕوانە نامەکەی بۆ پیاوەکەی خەڵکی الاحساء کەناوی أحمد بن عبد الكريم لاپەڕە 216-217.).

بەم شێوەیە تێدەگەین لەم قسەیەی شێخ محمد کە؟لەکۆتایی قسەکەی فەرمووی : (... و أما أصول الدين التى أوضحها الله في كتابه فإن حجة الله هي القرآن: فمن بلغه فقد بلغته الحجة...)

هەندێك بەڵگە بەم قسەیە دێنێتەوە کە حوجە لە بنچینەکانی دین بەرپایە بەخودی "میثاق" بەڵام شێخ تەئکید دەکاتەوە کە بەڵگە بریتیە لەقورئان: هەرکەسێ قورئانی پێ بگات ئەوا حوجەی پێگەیشتوە بڕوانە (إرشاد المسلمين في الرد على القبوريين لابن معمر 68-72)، (أصول الدين) واتە بابەتەکانی تەوحید و شیرك و ئەو واجیبات و حەڕامکراوانەی زاهیرن و متواتیرن وێنەی ئەو کەسانە بیانوویان نیە لەنەزانینیان چونکە تازە موسڵمان

بوو نین وه دوور نین له ئەهلی عیلم وموسڵمانان وه ئەم بابەتانەش شتانێ نین کەوەك بابەته شاراوەکان بن که بەبێ ئیقامەی حوجه عوذریان هەبێت. لەوەی پێشوو بۆمان ڕوون دەبێتەوە مەذهەبی پێشوا محمدی کوری عبدالوهاب هەمان مەذهەبی شێخی ئیسلام ابن تەیمیەیە، بەڵام ئایا ئەم وتەیەی دواتری مانای چیە کەدەڵێ

(... بەڵام بنچینەی کێشەکە ئەوەیە ئێوە جیاوازیتان نەکردوە لەنێوان بەرپاکردنی حوجه و تێگەیشتنی حوجه...) ئەمە ئەگەری دوو مانای لێ دەکرێت:

ئەگەری مانای یەکەم: وێنەی ئەو کەسانەی که شێخ باسی کردون و دەعوەیان پێگەیشتوە و توانای تێگەیشتنیان هەبووە عوذریان نیە بەنەزانی لەحوکمه ئاشکرا متواتیرەکان و واجب و حەرامه ئاشکرا متواتیرەکان، شێخ محمد لەسەر ئەمە دوو نمونەی باسکردوە .

نموونەی یەکەم: خەوارج لەوڵاتی عیلم بوون لەگەڵ صەحابه دەژیان بۆیە مافی ئەوەیان نیە بڵێن لەبەڵگه حاڵی نەبوین بەتایبەت بەو بنچینانەی ئیجماعی لەسەرە.

نمونەی دووەم: قەدەریەکان: شێخ محمد دەڵێت

(وكذلك إجماع السلف على تكفير ناس من غلاة القدرية وغيرهم، مع كثرة علمهم، وشدة عبادتهم، مع كونهم يظنون أنهم يحسنون صنعاً، ولم يتوقف أحد من السلف في تكفيرهم لأجل أنهم لم يفهموا) (مجموعة الشيخ 13/9.).

دەڵێت: بەهەمان شێوە ئیجماعی سەلەف هەیە لەسەر تەکفیرکردنی خەڵکانێ کە لە غولاتی قەدەریە بوونە و غەیری ئەوانیش سەرەڕای زۆری عیلم و عیبادەتیان و گومان باش بەخۆیان، هیچ یەکێ لەسەلەف نەوەستا لەتەکفیرکردنیان لەبەر ئەوەی حاڵی نەبوون.)

بڕوانە کەشێخ دەڵێت (لەگەڵ زۆری عیلمیان) بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەوانە تازە موسڵمان بوو نەبوون، وە نەزانیان لەبابەتە شاراوەکان نەبووە، بۆیە بیانوویان نیە لەبەر خراپ حاڵی بوونیان، پاشان بڕوانە لەوردی دەربڕینی شێخ محمد کەدەڵێ (...لەسەر تەکفیرکردنێ خەڵکانێ لە غولاتی قەدەریەکان وغەیری ئەوان)،

کەواتە سەلەف هەرکەسێ قسەی قەدەریەکانی کردبێ تەکفیریان نەکردوە ، بەڵکو کەسە دیاریکراوەکانی قەدەریەکانیان تەکفیرکردوە کە ئیقامەی حوجەکراوە لەسەریان .

ئەوەی جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەم فەهمە نەصێکی تری شێخ محمد بن عبدالوهاب ە کە لەشوێنێکی تر ڕوونی ئەکاتەوە مەبەستی لەفەهمی حوجە و دەڵێت: (... فإذا كان المعين، يكفر إذا قامت عليه الحجة، فمن المعلوم أن

قيامها ليس معناه أن يفهم كلام الله ورسوله مثل فهم أبي بكر رضي الله عنه، بل إذا بلغه كلام الله ورسوله وخلا من شيء يعذر به فهو كافر، كما كان الكفار كلهم تقوم عليهم الحجة بالقرآن مع قول الله: {وجعلنا على قلوبهم أكنة أن يفقهوه}(الأنعام، آية : 25.)، وقوله: {إن شر الدواب عند الله الصم البكم الذين لا يعقلون}(سورة الأنفال، آية : 22.))

(مجموعة الشيخ 221/12،220.)،

دەڵێت: ئەگەر کەسی دیاریکراو تەکفیربکرێت دوای ئیقامەکردنی حوجە لەسەری، زانراوە بەرپاکردنی حوجە مانای وانیە تێبگات لەکەلامی خوا و پێغەمبەر هەروەك چۆن ئەبو بەکری صدیق رەزای خوای لێ بێت تێگەیشتوە، بەڵکو ئەگەر کەلامی خوا وپێغەمبەری پێگەیشت و هیچ بەربەستێك نەما کە ببێتە بیانوو بۆی ئەوا کافرە، هەروەك چۆن کافران تێکڕا حوجەیان لەسەر بەرپاکرابوو لەگەڵ ئەوەشدا خوای گەورە لەبارەیانەوە دەفەرمێت {وجعلنا على قلوبهم أكنة أن يفقهوه}(الأنعام، آية : 25.)، وقوله: {إن شر الدواب عند الله الصم البكم الذين لا يعقلون}(سورة الأنفال، آية : 22.))

ئەگەری مانای دووەم: ئەو فەهمەی مەبەستە بریتیە لەفەهمی هیدایەت، چونکە مەرج نیە هەرکەسێ حوجەی پێ بگات و تێبگات ببێتە هۆی هیدایەت وەرگرتنی، بەڵام خوا فەهمی مانا و بەڵگە بوونی دەقەکانی بەمەرج

گرتوه بۆ موکەلەف بوونی کۆی خەڵکی لە کافر و لە ئیمانداریان، بەڵام فەهمی هیدایەت بۆ هەمویان قەرار نەداوە تەنها ئەوکەسانە نەبێت کەخۆی ویستی لەسەریان بێت

(ضوابط التكفير، عبد الله القرني 344.)،

ئەم تێگەیشتنەشە کە باسکراوە لەم ئایەتانە وەك الله تعالى دەفەرمێت {إن شر الدواب عند الله الصم البكم الذين لا يعقلون}(سورة الأنفال، آية : 22)، وە دەفەرمێت: {أم تحسب أن أكثرهم يسمعون أو يعقلون...} الآية (سورة الفرقان، آية : 44.) غەیری ئەم ئایەتانەی تریش بەشێوەیەکی گشتی هیچ دژبەیەك بونیك نیە لەنێوان هیچ یەکێك لەو دوو ئەگەرە."

بەهەمان شێوە کۆرەکانی شێخ محمد و نەوەکانی ئەم بنچینەیەیان ڕوونکردۆتەوە واتە تەکفیرنەکردنی ڕاستەوخۆی کەسی دیاریکراو بەهۆی کارێکی شیرکی هەتا ئیقامە حوجەی لەسەر نەکرێت و وە هەمویان تەئکیدیان لەوە کردۆتەوە بەم شێوەیەبووە مەنهەجی شێخ محمدی کۆڕی عبدالوهاب.

فهذا الإمام عبد الله بن الشيخ محمد بن عبد الوهاب:، يقول معلقاً على كلام شيخ الإسلام ابن تيمية:

ئەوەتا عبدالله‌ی کوڕی محمد بن عبدالوهاب لەتەعلیقی دا لەسەر وتەیەکی شێخی ئیسلام ابن تەیمیه دەڵێت(وتأمل كلامه فيمن دعا نبياً أو ولياً أن يقول: يا سيدي فلان أغثني ونحوه، أنه يستتاب فإن تاب و إلا قتل، تجده صريحاً في تكفير أهل الشرك وقتلهم بعد الاستتابة وإقامة الحجة عليهم...(الكلمات النافعة 17،18.)

دەڵێت: بیرکەوە لە قسەکەی کەدەربارەی کەسێ هاواردەکاتە پێغەمبەرێ یان پیاوچاکێ کە دەڵێ یا سەید فلّان کەس فریام کەوە، ئەوا داوای تەوبەی لێ دەکرێت ئەگەر تەوبە نەکات دەکوژرێت، دەبینی وتەکەی ڕوونە سەبارەت بەتەکفیرکردنی ئەهلی شیرك و کوشتنیان دوای داوا کردنی تەوبە و ئیقامەی حوجە لەسەریان."

پاشان بەهەمان شێوە دەڵێت:

وأمّا الجواب عن السّؤال الثّالث عن حال مَن صدر منه كفر من غير قصدٍ؛ بل هو جاهل، هل يعذر أم لا؟ سواء كان ذلك الشّيء قولاً، أو فعلاً، أو اعتقاداً، أو توسّلاً؟

فنقول: إذا فعل الإنسان الذي يؤمن بالله ورسوله ما يكون فعله كفراً، أو قوله كفراً، أو اعتقاده كفراً جهلاً منه بما بعث الله به رسوله ـ صلّى الله عليه وسلّم

ـ، فهذا لا يكون عندنا كافراً، ولا نحكم عليه بالكفر حتى تقوم الحجة الرّسالية التي يكفر من خالفها.

فإذا قامت عليه الحجّة، وبيّن له ما جاء به الرّسول ـ صلّى الله عليه وسلّم ـ، وأصرّ على فعل ذلك بعد قيام الحجّة، فهذا هو الذي يكفر؛ وذلك لأنّ الكفر إنّما يكون بمخالفة كتاب الله وسنة رسوله، وهذا مجمع عليه بين العلماء في الجملة واستدلوا بقوله تعالى: {وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّى نَبْعَثَ رَسُولاً}، [الإسراء: من الآية: 15].

وبقوله: {وَسِيقَ الَّذِينَ كَفَرُوا إِلَى جَهَنَّمَ زُمَراً حَتَّى إِذَا جَاءُوهَا فُتِحَتْ أَبْوَابُهَا وَقَالَ لَهُمْ خَزَنَتُهَا أَلَمْ يَأْتِكُمْ رُسُلٌ مِنْكُمْ يَتْلُونَ عَلَيْكُمْ آيَاتِ رَبِّكُمْ وَيُنْذِرُونَكُمْ لِقَاءَ يَوْمِكُمْ هَذَا قَالُوا بَلَى وَلَكِنْ حَقَّتْ كَلِمَةُ الْعَذَابِ عَلَى الْكَافِرِينَ}، [الزّمر: 71].

واستدلّوا أيضاً بما ثبت في الصّحيحين والسّنن وغيرها من كتب الإسلام من حديث حذيفة أنّ رسول الله ـ صلّى الله عليه وسلّم ـ قال: "إنّ رجلاً مِمَّن كان قبلكم قال: لبنيه إذا أنا منت فاحرقوني ثم ذروا نصفي في البرّ ونصفي في البحر، فوالله لئن قدر الله عليّ ليعذبني عذاباً لا يعذّبه أحداً من العالمين، فأمر الله البحر فجمع ما فيه، وأمر الله البرّ فجمع ما فيه، ثم قال له: كن فإذا الرّجل قائم، قال الله: ما حملك على ذلك؟ قال: خشيتك ومخافتك فما تلافاه أن رحمه" فهذا الرّجل اعتقد أنّه إذا فعل به ذلك لا يقدر الله على بعثه جهلاً منه لا كفراً، ولا عناداً، فشكّ في قدرة الله على بعثه، ومع هذا غفر له

ورحمه وكلّ مَن بلغه القرآن فقد قامت عليه الحجة بالرسول ـ صلّى الله عليه وسلّم ـ، ولكن الجاهل يحتاج إلى مَن يعرّفه بذلك من أهل العلم.والله سبحانه وتعالى أعلم. وصلّى الله على محمّد وآله وصحبه وسلّم. (الدرر السنية 239/10)

دەڵێت : سەبارەت بەوەڵامی ئەو پرسیاری سێیەم دەربارەی حاڵی کەسێك کوفرێکی لێ ڕوئەدات بەبێ ئەوەی مەبەستی کافربونی هەبێت بەڵکو جاهیلە ئایا عوذری هەیە یان نا ؟ جا ئەگەر ئەو کوفرە ووتە بێت یان کردەوە یان بیروباوەڕ یان تەوەسول ؟

دەڵێین: ئەگەر ئینسانێ کەباوەڕی بەخوا و بەپێغەمبەرەکەی بێت کارێ بکات کە کوفربێت یان قسەیەك بکات کە کوفر بێت یان بیروباوەڕێکی کوفری هەبێت نەزان بێت بەو دینەی کە خوای گەورە پێغەمبەرەکەی پێ ناردوە صلی الله علیه وسلم، ئەوا ئەم کەسە لای ئێمە کافر نابێت و حوکم کوفر نادەین بەسەریا تاکو ئیقامە حوجەی لەسەردەکرێت.

جا ئەگەر ئیقامەی حوجەی لەسەرکرا و ئەو دینەی بۆ ڕونکرایەوە کە بۆ پێغەمبەر صلی الله علیەوسلم ڕەوانەکراوە دوای ئیقامە حوجەش هەر سوور بوو لەسەر ئەو کارە کوفرەی ئەوا ئەم کەسە کافر دەبێت، چونکە کافربون بەموخالەفەکردنی کیتابی خوا و سونەتی پێغەمبەرەکەی ڕوئەدات ئەم بەشێوەیەکی گشتی ئیجماعی لەسەرە لەنێوان زانایان و بەڵگەش لەسەری ئەم

ئایەتەی اللە تعالی دەهێننەوە {وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّى نَبْعَثَ رَسُولاً}، [الإسراء: من الآية: 15] هەروەها بەم ئایەتەش کە دەفەرمێت {وَسِيقَ الَّذِينَ كَفَرُوا إِلَى جَهَنَّمَ زُمَراً حَتَّى إِذَا جَاءُوهَا فُتِحَتْ أَبْوَابُهَا وَقَالَ لَهُمْ خَزَنَتُهَا أَلَمْ يَأْتِكُمْ رُسُلٌ مِنْكُمْ يَتْلُونَ عَلَيْكُمْ آيَاتِ رَبِّكُمْ وَيُنْذِرُونَكُمْ لِقَاءَ يَوْمِكُمْ هَذَا قَالُوا بَلَى وَلَكِنْ حَقَّتْ كَلِمَةُ الْعَذَابِ عَلَى الْكَافِرِينَ}، [الزّمر: 71]. هەروەها بەڵگە بەو فەرمودەیەش دێننەوە کە لەصەحیحین و لە سننەکان هاتووە لەفەرمودەکەی حوذیفە کە پێغەمبەر صلی اللە علیه وسلم فەرموی: " پیاوێك له موسڵمانانی پێش ئێوە ووتی بەکوڕەکانی ئەگەر من مردم بمسوتێنن و نیوەی خۆڵەمێشەکەم لە وشکانی و نیوەکەی تری لەدەریا فڕێ بدەن، چونکە وەڵاهی ئەگەر خوا توانای هەبێت بەسەرما زیندووم بکاتەوە ئەوا بەجۆرێك سزام ئەدات کەسی ئاوا سزا نەدابێت، کەمرد خوای گەورە فەرمانی کرد بەووشکانی و بەدەریا هەرچی خۆڵەمێشی ئەو پیاوەیە بیهێنن کۆی بکەنەوە پاشان فەرمانی کرد پیاوەکە زیندوو بوەوە و پێی فەرموو چی وای لێ کردی ئەم کارە بکەی ؟ پیاوەکە ووتی: لەترس و خەوفی تۆ وام کرد، خوای گەورەش ڕەحمی پێی کرد" ئەم پیاوە باوەڕی وابوو ئەگەر ئاوای لێ بکرێ خوا ناتوانێ زیندووی بکاتەوە بەنەزانی وای زانی نەك بەکوفر و کەلەڕەقی، گومانی کرد لەزیندوو کردنەوەی لەگەڵ ئەوەشدا خوا لێی خۆشبوو و بەزەیی پێدا هاتەوە.

هەرکەسێك قورئانی پێگەیشتبێت ئەوا ئیقامە حوجەی لەسەرکراوە بەپێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بەڵام کەسی جاهیل پێویستی بەوەیە کەسێك هەبێت لە ئەهلی عیلم فێری بکات، والله تعالى أعلم وصلى الله وسلم على محمد وعلى آله وسلم."

لەشوێنێکی تر عبدالله‌ی کوڕی شێخ محمد ئەم وتەیەی ابن تەیمیە نەقڵ دەکات کە دەڵێ (... و أن ذلك من الشرك الذي حرمه الله ورسوله – صلى الله عليه وسلم–، ولكن لغلبة الجهل وقلة العلم بآثار الرسالة في كثير من المتأخرين لم يمكن تكفيرهم بذلك حتى يبين لهم ما جاء به الرسول...)(انظر هذا الكلام ص261.)،

دەڵێ: ئەم شیرکەیە کە خوا و پێغەمبەرەکەی صلى الله عليه وسلم حەرامیان کردوە، بەڵام بەهۆی زاڵ بوونی جەهل و کەمی عیلم بەشوێنەواری دینی خوا لەلای زۆرێك لە متأخرین ناکرێت تەکفیریان بکەین تاکو دینی پێغەمبەریان بۆ ڕوون نەکەینەوە..)

شێخ عبدالله لە تعلیقی لەسەر ئەم ووتەیە دەڵێ

: (وتأمل – أيضاً – قوله الشيخ رحمه الله تعالى في آخر الكلام، ولا ريب أن أصل قول هؤلاء هو الشرك الأكبر والكفر الذي لا يغفره الله إلا بالتوبة، و أن ذلك يستلزم الردة عن الدين، والكفر برب العالمين، كيف صرح بكفر من فعل هذا أو ردته عن الدين إذا قامت عليه الحجة من الكتاب والسنة، ثم

أصر على فعل ذلك، وهذا لا ينازع فيه من عرف دين الإسلام الذي بعث الله به رسوله محمداً –صلى الله عليه وسلم–، والله أعلم) (الكلمات النافعة 78.).

دەڵێ: بیرکەوە لەوتەکەی شێخی ئیسلام لەکۆتایی قسەکەی گومانی تێدانیە بنچینەی قسەکانی ئەوانە شیرکی گەورە و کوفرە کە لێخۆشبونی خوایی بۆ نیە تەنها بەتەوبە کردن نەبێت، وە ئەو کوفر و شیرکە داخوازی هەڵگەڕانەوەیە لەدین و کوفرکردنە بەخوای رب العالمین بڕوانە چۆن بەڕاشکاوی کافربونی ئەم کەسە و هەڵگەڕانەوەی ئەم کەسە لەدین بەیان ئەکات کاتێ کە ئیقامە حوجەی بە کیتاب و سونەت لەسەرکرابێت، پاشان سووربێت لەسەر ئەوکارە کوفرەی ئەمەش بابەتێکە هیچ نیە دینی خوا و پێغەمبەری ناسیبێت خیلافی هەبێت تیایدا. "

پاشان شێخ عبدالله دوای ئەوەی باسی شەفاعەت دەکا وڕونی دەکاتەوە کە شەفاعەت لەألله داوا دەکرێت ودەڵێ هەرکەسێ بڵێ یا رسول الله داوای شەفاعەتت لێ ئەکەم ئەوا شەریکی بۆ خوا بڕیارداوە ، دەڵێ: (فإن قال قائل منفر عن قبول الحق و الإذعان له: يلزم من تقريركم وقطعكم في أن من قال: يا رسول الله أسألك الشفاعة – أنه مشرك مهدر الدم – أن يقال بكفر غالبة الأمة، ولا سيما المتأخرين لتصريح علمائهم المعتبرين أن ذلك مندوب.. إلى أن قال: ونحن نقول فيمن مات (تلك أمة قد خلت) ولا نكفر إلا من بلغته دعوتنا

للحق، ووضحت له المحجة، وقامت عليه الحجة، وأصر مستكبراً معانداً، كغالب من نقاتلهم اليوم يصرون على ذلك الإشراك، ويمتنعون من فعل الواجبات، ويتظاهرون بأفعال الكبائر المحرمات... فإن قلت: هذا فيمن ذهل فلما نبه انتبه، فما القول فيمن حرر الأدلة، واطلع على كلام الأئمة القدوة، واستمر مصراً على ذلك حتى مات؟

قلت: ولا مانع من أن نعتذر لمن ذكر، ولا نقول إنه كافر، لعدم من يناضل في هذه المسألة في وقته بلسانه، وسيفه وسنانه، فلم تقم عليه الحجة، ولا وضحت له المحجة...) (الدرر السنية في الأجوبة النجدية (149/1)

دەڵێ : ئەگەر کەسێکی ملنەدەر بۆ حەق بڵێ : ئەم قسەیەتان کە دەڵێن هەرکەسێ بڵێ یارسول شەفاعەت ئەوا موشریکە و خوێنی حەڵاڵە کەواتە دەبێت زۆربەی ئومەت تەکفیر بکەن، بەتایبەت موسڵمانانی پاشین کە زۆربەی زانا معتەبەرەکانیان فەتوایان بۆ داون کە ئەوە کارێکی باشە، شێخ عبداللە دەڵێ: ئێمە دەربارەی ئەوانەی کە مردون دەڵێین (ئەوانە ئومەتانێ بون تێپەڕین) وە تەکفیری هیچ کەسێکیش ناکەین تەنها ئەوانە نەبێت کەبانگەوازەکەی ئێمەیان پێگەیشتبێت وبۆیان ڕوون کرابێتەوە و ئیقامەی حوجەیان لەسەرکرابێت پاشان سووربن لوتبەرزی بکەن و کەلەڕەقی بکەن وەك زۆربەی ئەوانەی ئێمە دەجەنگین لەگەڵیان سوورن لەسەر

هاوبەشدانانیان، و ڕێگری دەکەن لە ئەنجامدانی واجبەکان و بەئاشکرا خەریکی حەرام و تاوانە گەورەکانن.
ئەگەر بڵێیت ئەم قسەیە بۆ کەسێکە بێ ئاگابێت کاتێ ئاگاداری بکەیتەوە وازبهێنێ ، بەڵام ئەی چی دەڵێن دەربارەی کەسێ کە بەڵگەکانی بۆ باسکرابێ و وتەی زانایانی دەعوەی نەجدی خوێندبێتەوە و سووربێت لەسەر شیرك وکوفرەکانی تاکو دەمرێت ؟
دەڵێم : ڕێگر نیە کە بیانوو بۆ ئەو کەسەش بهێنینەوە وناڵیین کافرە لەبەر ئەوەی لەو کاتەدا ڕەنگە کەسێ نەبوبێت سوارچاك بێت لەو مەسەلەیە بەزمانی و بەشمشێرەکەی و ئیقامە حوجەی لەسەر نەکرابێ وحوجەی بۆ ڕوون نەکرابێتەوە."

بڕوانە لە کۆتا قسەی کەدەڵێ : (بەهۆی نەبوونی کەسێ لەو کاتە سوارچاك بێت لەو مەسەلەیە..) لێرەدا بەڕاشکاوی دەڵێت ئیقامەی حوجە دەگۆڕێت لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی تر وە لەکسێکەوە بۆ کەسێکی تر وە هیچ جیاوازی نیە لەنێوان بابەتەکان وە ابن سحمان لە کتابەکەیدا " منهاج الحق والاتباع"
وتەیەکی شێخ حوسێن و شێخ عبداللەی کوری شێخ محمد نەقڵ دەکات کاتێ چەن پرسیارێکیان لێ دەکەن وەڵامیان دەدەنەوە پاشان دەڵێن: (و أما المسألة الثامنة عشرة في أهل بلد بلغتهم هذه الدعوة، وأن بعضهم يقول إن هذا الأمر

حق، ولا غير منكراً ولا أمر بالمعروف ولا عادي ... وينكر على الموحدين إذا قالوا تبرأنا من دين الآباء والأجداد... فما تقولون في هذه البلدة على هذه الحال؟ مسلمين أم كفاراً؟ وما معنى قول الشيخ إنا لا نكفر بالعموم؟ وما معنى العموم والخصوص؟ (الجواب) أن أهل البلد المذكورين إذا كانوا قد قامت عليهم الحجة التي يكفر من خالفها، حكمهم حكم الكفار، والمسلم الذي بين أظهرهم ولا يمكنه إظهار دينه تجب عليه الهجرة إذا لم يكن ممن عذر الله... والسامعين كلام الشيخ أنا لا نكفر بالعموم، فالفرق بين العموم والخصوص ظاهر، فالتكفير بالعموم أن يكفر الناس كلهم عالمهم وجاهلهم من قامت عليه الحجة ومن لم تقم، و أما التكفير بالخصوص فهو أن لا يكفر إلا من قامت عليه الحجة بالرسالة التي يكفر من خالفها) (منهاج الحق والاتباع ص58)

وه ابن سحمان له كتابەكەيدا " منهاج الحق والاتباع"

وتەیەکی شێخ حوسێن و شێخ عبدالله‌ی کوری شێخ محمد نەقڵ دەکات کاتێ چەن پرسیارێکیان لێ دەکەن وەڵامیان دەدەنەوە پاشان دەڵێن: پرسیاری هەژدەیەم دەربارەی خەڵکی شارێك كه دەعوەیان پێگەیشتوه هەندێ لەو خەڵکه دەڵێن ئەم دەعوەیه حەقه بەڵام هیچ خراپه ناگۆڕێ و فەرمانیش بەهیچ چاکەیەك ناکات و دژایەتی هیچ شتێ ناکات بەڵام ئینکاری دەکات لەسەر موەحیدان کاتێ ئەڵێن تەبەڕا ئەکەین لەدینی باوباپیرانمان، ئایا حوکمی

ئەم شارە چیە کە ئەمە حاڵەکەیەتی ؟ ئایا موسڵمانن یان کافرن ؟ وە مانای وتەکەی شێخ محمد چیە کەدەڵێ ئێمە خەڵکی بەگشتی تەکفیر ناکەین ؟ مانای گشتی و تایبەتی چی یە ؟

وەڵام : ئەگەر خەڵکی ئەم شارەی باسی ئەکەی ئیقامە حوجەکرابن ئەوا حوکمیان حوکمی کافرانە، وە ئەو موسڵمانەی لەناویانە و ناتوانێ دینەکەی دەربخات واجبە هیجرەت بکات ئەگەر لەو کەسانە نەبێت کەخوای گەورە بیانووی پێداون، ئەوانەی کە وتەکەی شێخ محمدیان بیستوە کە دەڵێ ئێمە بەگشتی خەڵکی تەکفیر ناکەین ، جیاوازی نیوان گشتی و تایبەتی ئاشکرایە، تەکفیرکردن بەگشتی ئەوەیە هەموو خەڵکی کافر بکەی زاناو جاهیلیان ئەوەی ئیقامە حوجەکراوە و ئەوەی نەکراوە، بەڵام تەکفیرکردن بەتایبەت ئەوەیە کەس کافر نەکەی تەنها کەسێ نەبێت ئیقامەی حوجەی ڕیسالەی لەسەر کرابێت کەتاریکەکەی کافر دەبێت."

شێخ عبد الرحمن بن حسن بن الشيخ دەڵێت : (وقال شيخنا شيخ الإسلام محمد بن عبد الوهاب: سألني الشريف عما نقاتل عليه وما نكفر به؟ فقال في الجواب: إنا لا نقاتل إلا على ما أجمع عليه العلماء كلهم، وهو الشهادتان بعد التعريف إذا عرف ثم أنكر"(المورد العذب الزلال ضمن مجموعة "عقيدة الموحدين" ص186.).

دەڵێت: ماموّستاكەمان شێخ محمد بن عبدالوهاب دەڵێ شەریف پرسیاری لێ كردم ئێوە لەسەر چ بنەمایەك دەجەنگن و تەكفیر دەكەن ؟ لەوەڵامدا فەرمووی: ئێمە لەسەر ئەوە دەجەنگین كە زانایان هەموو ئیجماعیان لەسەری هەیە، ئەویش بریتی یە لە دوو شایەتمانەكە ئەوەش دوای ئەوەی بۆی ڕوون ئەكرێتەوە پاشان ئەگەر ئینكاری كرد ئەوجا لەگەڵیان دەجەنگین و تەكفیریان دەكەین ."

(هەروەها پرسیاری لێ كرا سەبارەت بەو كەسە جاهیلانە و دەڵێت: أن من قامت عليه الحجة وتأهل لمعرفتها يكفر بعبادة القبور، و أما من أخلد إلى الأرض واتبع هواه فلا أدري ما حاله) (حكم تكفير المعين للعلامة إسحاق بن عبد الرحمن بن حسن آل الشيخ ص18.)

دەڵێت : ئەگەر ئیقامە حوجەی لەسەركرا و توانای هەبوو بیزانێت ئەوا كافر دەبێت بەپەرستنی گۆڕەكان، بەڵام ئەوكەسەی خۆی بەزەویەوە نوساندبێت و شوێنی هەواو ئارەزووی كەوتبێت نازانم حاڵی چۆنە.

شيخ عبد اللطيف بن عبد الرحمن آل الشيخ رحمه الله دەڵێت : (من بلغته دعوة الرسل إلى توحيد الله ووجوب الإسلام له، وفقه أن الرسل جاءت بهذا لم يكن له عذر في مخالفتهم وترك عبادة الله. وهذا هو الذي يجزم بتكفيره إذا عبد غير الله وجعل معه الأنداد والآلهة. والشيخ (يقصد شيخ الإسلام ابن تيمية رحمه الله.) وغيره من المسلمين لا يتوقفون في هذا. وشيخنا رحمه الله قد

قرر هذا وبينه وفاقاً لعلماء الأمة وافتداء بهم. ولم يكفر إلا بعد قيام الحجة وظهور الدليل، حتى أنه رحمه الله توقف في تكفير الجاهل من عباد القبور إذا لم يتيسر له من ينبهه) (مصباح الظلام في الرد على من كذب على الشيخ الإمام)) (ص/324-325)

دەڵێت : هەركەسێك بانگەوازی پێغەمبەرانی پێگەیشتبێت لەتەوحید و ملکەچ بوون بۆ أللە، تێ بگات کەوا پێغەمبەران بۆ ئەمە هاتوون، ئەوکاتە هیچ بیانوویەکی نیە لە پێچەوانەکردنی پێغەمبەران و وازهێنانی لەپەرستنی أللە، ئائەم جۆرە کەسە تەئکید ئەکرێتەوە لەکافربوونی کاتێ غەیری أللە بپەرستێ و هاوبەش و هاوتای بۆ دابنێت). وە شێخ مەبەستی ابن تەیمیە و غەیری ئەوە لەموسڵمانان کەلەتەکفیرکردنی کەسی ئاوا ناوەستن تەنانەت مامۆستاکەمان محمد بن عبدالوهاب چەندین جار ئەمەی سەلماندوە و ڕونیکردۆتەوە هەروەك زانایانی ئومەت و ئیقتیدا کردنی بەوان بەڵام تەکفیری نەکردون تەنها دوای بەرپاکردنی حوجە و ئاشکرابونی بەڵگە تەنانەت شێخ محمد رحمه الله دەوەستا لەتەکفیرکردنی ئەو جاهیلانەی قەبریان دەپەرست لەحاڵێکدا کەس نەبوبێت ئاگاداریان بکاتەوە. "

بەهەمان شێوە دەڵێت :-(وكان شيخنا محمد بن عبد الوهاب يقرر في مجالسه ورسائله أنه لا يكفر إلا من عرف دين الرسول، وبعد معرفته تبين في عدواته ومسبته. وتارة يقول: وإذا كنا لا نكفر من يعبد قبة الكواز ونحوه

ونقاتلهم حتى نبين لهم وندعوهم فكيف نكفر من لم يهاجر إلينا ؟ ويقول في بعضها: وأما من أخلد إلى الأرض واتبع هواه فلا أدري ما حاله (يقصد بذلك من ثبت له عقد الإسلام وهو يعمل بعض أعمال الشرك، ولم يعلم أن الحجة قد قامت عليه فعلاً.). وإذا كان هذا كلام شيخنا وهذه طريقته، فكيف يلزمه العراقي (هو ابن جرجيس الذي رد عليه الشيخ عبد اللطيف بكتابه هذا (منهاج التأسيس ..).) وينسب إليه التكفير بالعموم ؟) (منهاج التأسيس)) (ص/187-188).).

دەڵێت: شێخمان محمد بن عبدالوهاب لەچەندین دانیشتن و نامەیدا سەلماندویەتی هیچ کەسێك تەکفیرناکات تەنها کەسێك نەبێت کە دینی پێغەمبەری ناسیبێت، پاش ئەوەی کە ئەو دینەی ناسی و بۆی ڕونبۆیەوە دەست بکات بەدژایەتی کردنی وجنێو پێدانی، هەندێ جار شێخمان وتویەتی: ئەگەر ئێمە ئەوکەسانە تەکفیر نەکەین و قیتال نەکەینە کە گومەتی کواز دەپەرستن هەتا بۆیان ڕون دەکەینەوە و بانگەوازیان دەکەین، ئیتر چۆن کەسانێ تەکفیر دەکەین کە هیجرەتیان نەکردوە بۆ لامان ؟ وەلەهەندێ شوێن دەڵێ بەڵام کەسێ خۆی بەزەوی نوساندبێ و شوێنی هەواو ئارەزووی کەوتبێت نازانم حاڵی چۆنە(مەبەستی ئەو لەوکەسانەیە کە داخلی ئیسلام بوونە بەڵام چەند کارێکی شیرکی ئەنجام ئەدەن و نازانێ ئایا ئیقامەحوجە کراوە

لەسەریان یان نا)جا ئەگەر ئەمە وتە و مەنهەجی شێخمان بێت ئیتر چۆن عێراقی ابن جەرجیس تەکفیری عموم ئەداتە پاڵی ."

وە هەروەها دەڵێت (والشيخ محمد رحمه الله تعالى من أعظم الناس توقفاً وإحجاماً عن إطلاق الكفر، حتى إنه لم يجزم بتكفير الجاهل الذي يدعو غير الله من أهل القبور أو غيرهم، إذا لم يتيسر له من ينصحه ويبلغه الحجة التي يكفر مرتكبها) ((منهاج التأسيس)) (ص/65-66).

دەڵێت: شێخ محمد ڕەحمەتی خوای لێ بێت لەهەموو کەس زیاتر دەوەستاو خۆی دەگرت لەوەی تەکفیر بکات تەنانەت تەکفیری ئەو جاهیلانەی نەکردوە دەپارانەوە لەغەیری أللە لە خاوەن قەبرەکان و غەیری ئەوان مادام کەس نەبوبێت ئامۆژگاریان بکات و حوجەیان پێ ڕابگەیەنێت ."

هەروەها دەڵێت : (فإنه لا يكفر إلا بما أجمع المسلمون على تكفير فاعله من الشرك الأكبر، والكفر بآيات الله ورسله، أو بشيء منها بعد قيام الحجة وبلوغها المعتبر) (مجموعة الرسائل والمسائل 5/3.)،

دەڵێت: شێخمان تەکفیری ناکرد تەنها بەوە نەبێت کە موسڵمانان کۆدەنگیان لەسەر کافربونی خاوەنەکەی هەیە لەئەنجامدەرانی شیرکی گەورە هەروەها لە کوفرکردن بەئایەتەکانی خوا و پێغەمبەرەکەی یان بشتێك لەوان دوای ئیقامەی حوجە و گەیشتنی بەهەندوەرگیراو "

هەروەها دەڵێت : وأما قوله: (وجعل بلاد المسلمين كفاراً أصليين). فهذا كذب وبهت، ما صدر وما قيل، ولا أعرفه عن أحد من المسلمين فضلاً عن أهل العلم والدين؛ بل كلهم مجمعون على أن بلاد المسلمين لها حكم الإسلام في كل زمان ومكان. وإنما تكلَّم الناس في بلاد المشركين، الذين يعبدون الأنبياء والملائكة والصالحين، ويجعلونهم أنداداً لله ربِّ العالمين، أو يسندون إليهم التصرف والتدبير كغلاة القبوريين، فهؤلاء تكلم الناس في كفرهم وشركهم وضلالهم، والمعروف المتفق عليه عند أهل العلم: أن من فعل ذلك ممن يأتي بالشهادتين يحكم عليه بعد بلوغ الحجة بالكفر والردَّة ولم يجعلوه كافراً أصلياً { مصباح الظلام 52}

دەڵێت: ئەوانەی دەڵێن شێخمان وڵاتی موسڵمانانی بەوڵاتی کافرانی ئەصڵی داناوە ئەمە درۆ و بوهتانە بەهیچ شێوەیەك قسەی وای نەوتوە وە نەمزانیوە هیچ یەکێ لەموسڵمانانیش شتی وایان وتبێت چ جای لە ئەهلی عیلم و دین، بەڵکو هەموان کۆدەنگن کە وڵاتی موسڵمانان حوکمی ئیسلامی هەیە لەهەموو کات و شوێنێ ، بەڵکو خەڵکی دەربارەی وڵاتی موشریکان قسەیان کردوە کە پێغەمبەران و فریشتە و پیاوچاکان دەپەرستن، دەیانکەنە هاوتا و هاوبەشی خوای رب العالمین تەصەڕوف و بەڕیوەبەردن دەدەنە پاڵیان وەکو غولاتی قەبرپەرستەکان ئەمانە خەڵکی قسەیان لەسەر کوفر و شیرك و گومڕاییەکانیان

كردوه ئەمەش زانراوە و ئەهلی عیلم کۆکن لەسەر ئەوەی هەرکەسێ ئەو کوفر وشیرکانە ئەنجام بدات لەوکەسانەی شایەتمان دێنن ئەوا دوای گەیشتنی حوجە پێی حوکم دەدەن بەسەریا بەکافر و مورتەد ناڵێن کافری ئەصڵیە. "

وە شێخ سلیمان بن سحمان رحمه الله دەڵێت:- في بيان حقيقة منهج الشيخ الإمام محمد بن عبد الوهاب في هذه القضية، والرد على من ادعى أن الشيخ لا يشترط في التكفير قيام الحجة على المعين:

(اعلم أن مشايخ أهل الإسلام وإخوانهم من طلبه العلم، الذين هم على طريقتهم، هم الذين ساروا على منهاج شيخ الإسلام محمد بن عبد الوهاب، وأخذوا بجميع أقواله في حاضرة أهل نجد وبواديهم الذين كانوا في زمانه. فأخذوا بقوله في الموضوع السادس الذي نقله من السيرة في بوادي أهل نجد، حيث قام بهم الوصف المكفر لهم، بعد دعوتهم إلى توحيد الله وإقامة كتبها للشريف، لما سأله عما يكفر به الناس ويقاتلهم عليه. وكذلك ما ذكره في رسالته إلى السويدي وأنه يكفر الناس بالعموم، وكذلك ما ذكره أولاده بعده في هذه المسائل، ونحن نسوق ما ذكروه. قال شيخ الإسلام محمد بن عبد الوهاب في رسالته إلى الشريف بعد أن ذكر ما يكفر الناس به ويقاتلهم عليه مما هو معلوم عنه مشهور. قال: وأما الكذب والبهتان فمثل قولهم: إنا نكفر بالعموم أو نوجب الهجرة إلينا على من قدر أن يظهر دينه في بلده، أو إنا نكفر من لم يكفر ولم

يقاتل، وأمثال هذا وأضعافه، فكل هذا من الكذب والبهتان، والذين يصدون الناس به عن دين الله ورسوله.

وإذا كنا لا نكفر من عبد الصنم الذي على قبر أحمد البدوي لأجل جهلهم وعدم وجود من ينبههم، فكيف نكفر من لم يشرك بالله إذا لم يهاجر إلينا ولم يكفر ولم يقاتل. سبحانك هذا بهتان عظيم. بل نكفر الأنواع الأربعة لأجل محادتهم لله ورسوله. وهذا بخلاف ما عليه هؤلاء الجهال، فإنهم يكفرون الناس بالعموم، ويكفرون من لم يهاجر، كما هو معلوم مشهور عنهم ...) (منهاج أهل الحق والتباع)للشيخ سليمان بن سحمان(ص/٥٦-٥٧)

شێخ سلێمان بن سحمان له ڕونكردنەوەی مەنهەجی ئیمام محمد بن عبدالوهاب وەڵامی ئەو كەسانە ئەداتەوە كە دەڵێن شێخ محمد ئیقامە حوجە بەمەرج نازانێ بۆ تەكفیر كردنی كەسی دیاریكراو دەڵێت : بزانە زانایانی موسڵمانان و برایانیان لە طەلەبەی عیلم ئەوانەی لەسەر ڕێچكەی ئەو زانایانەن هەر ئەوانن كە لەسەر مەنهەجی شێخی ئیسلام محمدی كوڕی عبدالوهاب ڕۆیشتوون و هەموو وتەكانیان وەرگرتوە كە دەربارەی شاری نەجد و بادیەی نەجد كردویەتی ئەوانەی لەزەمانی شێخ بون وتەكانی ئەویان وەرگرتبوو لەبابەتی شەشەم كە نەقڵی كردوە لە سیرە دەربارەی بادیەی خەڵكی نەجد كە وەسفی كوفریان تێدا بەرپابوو دوای ئەوەی بانگیانی كرد بۆ تەوحید و كتێبەكانی نارد بۆ شەریف كاتێ پرسیاری لێ كرد لەسەرچی تەكفیر دەكەی و دەجەنگی

هەروەها باسی کردوە لەنامەکەیدا کە ناردبوی بۆ السویدی کەگوایە شێخ تەکفیری خەڵکی دەکات بەگشتی بەهەمان شێوە ئەو قسانەی کورِەکانی لەدوای خۆی کردویانە دەربارەی ئەم بابەتانە ئێمە لەوانە باس دەکەین. شێخ محمد بن عبدالوهاب لەنامەکەیدا بۆ شەریف دوای ئەوەی باسی ئەوەی بۆ دەکات کە لەسەری دەجەنگی و تەکفیر دەکات دەڵێت: درۆ بوهتان کردن بۆمان کەدەڵێن ئێمە تەکفیری عامی خەڵکی دەکەین یان گوایە ئەڵێین واجبە هیجرەت بکەن بۆ لای ئێمە ئەگەر توانای دەرخستنی دینەکەیان هەبێت، یان گوایە تەکفیری کەسانێ بکەین کە تەکفیر و قیتال ناکەن وێنەی ئەم قسانە و چەندانی تری هەموو ئەمانە درۆ بوهتانە بەم قسانە خەڵکی لەدینی خوا و پێغەمبەرەکەی دوورئەخەنەوە.

ئێمە ئەگەر کەسانێ تەکفیر ناکەین کە بتی سەرقەبری ئەحمەد بەدەوی بەهۆی نەزانیان و نەبونی کەسێ کە ئاگاداریان بکاتەوە، ئەی چۆن ئێمە تەکفیری کەسێ ئەکەین کە هاوبەشی بۆ خوا بڕیارنەداوە ئەگەر هیجرەتی نەکردوە بۆ لامان و تەکفیر و قیتالی نەکردوە، (خوایە پاکی بۆتۆ بوهتانێکی چەن گەورەیە) بەڵکو چوار جۆرەکەس تەکفیر دەکەین بەهۆی دژایەتی کردنیان بۆ خوا و پێغەمبەرەکەی، ئەمەش بەپێچەوانەی ئەو جاهیلانەیە کە لەسەرین، ئەوانەن

خەڵکی بەعام تەکفیر ئەکەن و هەرکەسێ هیجرەت نەکات بۆ ناویان تەکفیری ئەکەن هەروەك زانراوە و مەشهورە دەربارەیان..).

هەروەها دەڵێت " ونحن لم نكفر بذنب دون الشرك الأكبر الذي أجمعت الأمة على كفر فاعله، إذا قامت عليه الحجة، وقد حكى الإجماع على ذلك غير واحد كما حكاه في "الإعلام لابن حجر الشافعي "ضياء الشارق ص٨٢. دەڵێت : ئێمە بەهیچ گوناحێ تەکفیرمان نەکردوە لەغەیری شیرکی گەورە کە ئیجماعی ئومەت هەیە لەسەر کافربونی خاوەنەکەی، ئەگەر ئیقامەی حوجەی لەسەر کرابێت، زیاد لەچەن کەسێك ئیجماعی ئەمەی باسکردوە هەروەك ابن حەجەری شافیعی لە کتێبی " الإعلام " باسیکردوە .

هەروەها دەڵێت لە کتێبەکەی "تبرئة الشيخين " : (فلم يكفر رحمه الله إلا عباد الأوثان من دعاة الأولياء والصالحين وغيرهم ممن أشرك بالله وجعل له أنداداً بعد إقامة الحجة ووضوح المحجة، وبعد أن بدأوه بالقتال فحينئذ قاتلهم) " تبرئة الشيخين" ص٦٨

دەڵێت: ڕەحمەتی کەسی تەکفیرناکرد تەنها بت پەرستەکان نەبێت لە بانگخوازانی شەخصپەرستان و غەیری ئەوان لەوانەی هاوبەش و هاوتایان بۆ ئاللە بڕیارداوە دوای کردنی ئیقامە حوجە و ڕونکردنەوەی بەڵگە دوای ئەوەی

ئەوان دەست پێشخەر بوونە بەجەنگان پاشان شێخ محمد جەنگی لەگەڵ کردون."

وە دەڵێت : وأما قول السائل: هل تقوم به الحجة أم لا بد من إنسان يحسن إقامتها، وأما من لايحسن إقامتها: كالجاهل الذي لا يعرف أحكام دينه، ولا ماذكره العلماء في ذلك، فإنه لا تقوم به الحجة فيما أعلم ، والله أعلم. (منهاج أهل الحق والاتباع) (ص: ٦٨)

دەڵێت: ئایا ئیقامە حوجە دەکرێت بەهەموو کەسێك یان دەبێت کەسێك بێت بزانێت بەچاکی ئەنجامی بدات، بەڵام کەسێك نەتوانی بەچاکی ئەنجامی بدات وەکو کەسێکی نەزان کە ئەحکامی دینەکەی نەزانێ و وە شارەزای وتەی زانایان نەبێت لەو بارەیەوە، ئەوا بەکەسی ئاوا ئیقامە حوجە ناکرێت وەك بزانم، والله اعلم ."

وە شێخ السهسواني ناوی محمدی کوڕی بشیری السهسواني الهنديه : زانایە لەفەرموودە و فیقە ، لەدایکبووە لە لکنهم ساڵی ١٢٥٠هـ ماموّستا صدیق خان بانگهێشتی دەکات بۆ بهبوال ساڵی

1295، سەرپەرشتیکردنی خوێندنگا ئایینیەکانی ئەو شوێنەی پێ دەسپێرێت، و خاوەنی چەندین دانراوە لە دلهي ساڵی ١٣٢٦هـ وەفاتی کردوە، خاوەنی کتێبی " صيانة الإنسان عن وسوسة شيخ دحلان " ە لەم

كتێبەیدا بەرگری دەکات لە شێخ محمد بن عبدالوهاب وەڵامی هەموو ئەو تۆمەتە ناڕەوایانە ئەداتەوە کە دەکرێت بۆی لەوانە گوایە وڵاتانی موسڵمانانی بەوڵاتی کافری ئەصڵی هەژماردکردبێت لەوەڵامیاندا دەڵێت: (أما قول المفتري وجعل بلاد المسلمين كفاراً أصليين فهذا كذب وبهت ما صدر وما قيل، ولا أعرفه عن أحد من المسلمين فضلاً عن أهل العلم والدين؛ بل كلهم مجمعون على أن بلاد المسلمين لها حكم الإسلام في كل زمان ومكان، وإنما تكلم الناس في بلاد المشركين الذين يعبدون الأنبياء والملائكة والصالحين، ويجعلونهم أنداداً لله رب العالمين، ويسندون إليهم التصرف والتدبير كغلاة القبوريين، فهؤلاء تكلم الناس في كفرهم وشركهم وضلالهم، والمعروف المتفق عليه عند أهل العلم، أن من فعل ذلك ممن يأتي بالشهادتين، يحكم عليه بعد بلوغ الحجة بالكفر والردَّة ولم يجعلوه أصلياً..) صيانة الإنسان ٤٤٥، أصل هذه المقالة للشيخ عبداللطيف بن عبدالرحمن انظر مصباح الظلام ص

22.32

دەڵێت : ئەما قەولی ئەو درۆزنەی دەڵێ شێخ محمد وڵاتانی موسڵمانانی بەوڵاتانی کافری ئەصڵی داناوە ئەمە درۆ و بوهتانە شتی وا نەهاتووە و نەوتراوە،

نەمزانیوە هیچ یەکێ لەموسڵمانانیش شتی وایان وتبێت چ جای لە ئەهلی عیلم و دین، بەڵکو هەموان کۆدەنگن کە وڵاتی موسڵمانان حوکمی ئیسلامی هەیە

لەهەموو کات و شوێنێ ، بەڵکو خەڵکی دەربارەی وڵاتی موشریکان قسەیان کردوە کە پێغەمبەران و فریشتە و پیاوچاکان دەپەرستن، دەیانکەنە هاوتا و هاوبەشی خوای رب العالمین تەصەرووف و بەرپیوەبەردن دەدەنە پاڵیان وەکو غولاتی قەبرپەرستەکان ئەمانە خەڵکی قسەیان لەسەر کوفر و شیرك و گومڕاییەکانیان کردوە ئەمەش زانراوە و ئەهلی عیلم کۆکن لەسەر ئەوەی هەرکەسێ ئەو کوفر وشیرکانە ئەنجام بدات لەوکەسانەی شایەتمان دێنن ئەوا دوای گەیشتنی حوجە پێی حوکم دەدەن بەسەریا بەکافر و مورتەد ناڵێن کافری ئەصڵیە. "

پوختەی قسەی شێخ ئەوەیە ئەو مونتەسیبانەی خۆیان داوەتە پاڵ ئیسلام و شایەتمان دێنن حوکمی ڕیدە نادرێت بەسەریان ئەگەر شیرکیان ئەنجام دا تەنها دوای ئیقامەی حوجە نەبێت ."

ئەمەش زانای پایەبەرز أبو المعالي محمود شكري الألوسي، یەکێکە لە گەورە پشتیوانانی بانگەوازەکەی شێخ محمدی کوری عبدالوهاب لە عێراق وەڵامێکی بەناوبانگی لەسەر النبهاني هەیە و دەڵێت: (والذي تحصل مما سقناه من النصوص: أن الغلاة ودعاة غير الله وعبدة القبور إذا كانوا جهلة بحكم ما هم عليه، ولم يكن أحد من أهل العلم قد نبههم على خطئهم فليس لأحد أن يكفرهم، وأما من قامت عليه الحجة وأصر على ما عنده واستكبر استكباراً،

أو تمكن من العلم فلم يتعلم فسنذكر حكمه في الآتي..) "غاية الأماني في الرد على النبهاني ١/٣٦"

دەڵێت: دوای ئەوەی ئەو دەقانەمان باسکرد: غولاتەکان و ئەوانەی بانگکەرانی غەیری اللەن و قەبر پەرستەکان ئەگەر نەزان بن بەحوکمی ئەو کارانەی دەیکەن وە هیچ یەکێ لە زانایان نەبوبێت ئاگاداریان بکاتەوە لەسەر هەڵەکانیان بۆ هیچ کەسێك نیە تەکفیریان بکات، بەڵام ئەگەر کەسێك ئیقامەی حوجەی لەسەرکرابێت و هەر سوور بێت لەسەر ئەو کوفر و شیرکانەی هەیەتی و لوتبەرزی بکات، یان توانای فێربوونی هەبێت و خۆی فێرنەکات ئەوا دواتر حوکمی باس دەکەین."

مذهبی شێخ عبد الله أبي بطين – رحمه الله – لەبابەتی عوذر بەجەهل :

ئەوەی مەشهورە لەشێخەوە ئەوەیە باوەڕی نەبووە بەعوذر بەجەهل لەشیرکی گەورە چونکە سەردەمی ئەو دەعوەی تەوحید و زانایانی نەجدی هەموو ولّاتانی جەزیرە و نەجدی گرتبوەوە، شتێك نەمابوو بەناوی جەهل بەتەوحیدو شیرك، سەرەڕای ئەمەش شێخی بەڕێز أبا بطین ووتەیەکی تری هەیە زیاتر ڕوونکردنەوەی تێدایە کاتێك کە وتەیەکی شێخی ئیسلام

دەگێڕێتەوە لە ڕەتدانەوەی البكري، أبابطين دەڵێت : (قسەكەی ڕەحمەتی إبن تەیمیە كە دەڵێت: ناكرێت تەكفیركردنیان تاكو ئەو دینەیان بۆ ڕوون ئەكرێتەوە كە بۆ پێغەمبەر هاتووە، أبا بطین دەڵێت: واتە ناكرێت بەدیاریكراوەیی كەسەكان تەكفیر بكرێن وەك ئەوەی بڵێی خودی فلاّن كەس كافرە، بەڵكو دەوترێت ئەمە كوفرە و هەركەسێك ئەم كارە بكات كافرە، ابن تەیمیە بەڕەحمەت بێت بەڕەهایی تەكفیری بەكارهێناوە لەسەر بكەری ئەو كارانە، لەچەندین شوێن كە ناژمێررێ، وە ئیجماعی موسڵمانانی نەقڵ كردوە لەسەر ئەوەی ئەو كارانە شیركن...)

(الانتصار لحزب الله الموحدين لاپەڕە 29، " لە مجموعة" " عقيدة الموحدين".)

"ووتەكانی زانای پایەبەرز شێخ سلێمان بن سحمان النجدي سەبارەت بەچەسپاندنی عوذر بەجەهل لەشیركی گەورە پێش ئیقامەی حوجە"

شێخ سلێمان لەوەڵامی تۆمەتەكانی جمیل زەهاوی ناسراو بەعێراقی كە كۆمەڵێ تۆمەتی درۆ و ناڕەوا ئەداتە پاڵ بانگەوازەكەی شێخ محمد بن عبدالوهاب جا

شێخ سلێمان وەڵامی هەموو ئەو تۆمەتانە ئەداتەوە بەکتێبێ بەناوی "ضياء الشارق" لەو کتێبەدا هاتووە و دەڵێت-:

وقوله: السادس تكفيرهم كل من خالفهم من المسلمين.

فأقول: وهذا أيضاً كذب على الوهابية, فإنهم لايكفرون المسلمين, وإنما يكفرون من كفر الله ورسوله, وأهل العلم من غلاة عباد القبور, وغلاة الجهمية وغلاة القدرية والمجبرة, وغلاة الروافض, وغلاة المعتزلة, وغيرهم, ممن كفرهم السلف الصالح بعد قيام الحجة. ص 151

دەڵێت: عێراقی دەڵێ وەهابیەکان تەکفیری هەرکەسێك ئەکەن کە پێچەوانەیان بێت!

منیش ئەڵێم :ئەمەش درۆیەکی تڕە بەناوی وەهابیەکانەوە ئەیکات، چونکە وەهابیەکان تەکفیری هیچ کەسێ ناکەن کە خوا و پێغەمبەرەکەی و ئەهلی عیلم تەکفیریان نەکردبێت لە زیادەڕەوە گۆڕ پەرستەکان و زیادەڕەوە جەهمیەکان و زیادەڕەوە قەدەریەکان و زیادەڕەوە جەبریەکان و زیادەڕەوەکانی ڕافیزە و موعتەزیلە و غەیری ئەوان کەوا سەلەف تەکفیریان کردون لەپاش ئیقامەی حوجە".

هەروەها شێخ سلێمان دەڵێت: فإن النذر والذبح من خصائص الإلهية, فمن أشرك بالله أحداً من المخلوقين في خصائص الخالق فلا مانع من تكفيره بعد قيام الحجة عليه.ص152

دەڵێت:" نەزرکردن و سەربڕین لەتایبەت مەندیەکانی خوایەتیە، جا هەرکەسێك هەریەکێ لە مەخلوقات بکاتە هاوبەشی خوا لەتایبەتمەندیەکانی، ئەوا هیچ ڕێگرێ نیە لەتەکفیر کردنی لەدوای ئیقامەی حوجە".

وە شێخ سلێمان دەڵێت: وأما تكفير المسلم فقد قدمنا أن الوهابية لايكفرون المسلمين. والشيخ محمد بن عبدالوهاب من أعظم الناس توقفاً وإحجاماً عن إطلاق التكفير, حتى إنه لم يجزم بتكفير الجاهل الذي يدعو غير الله من أهل القبور أو غيرهم إذا لم يتيسر من ينصحه, ويبلغه الحجة التي يكفر تاركها. قال في بعض رسائله:

وإن كنا لا نكفر من عبد قبة الكواز, لجهلهم, وعدم من ينبههم, فكيف من لم يهاجر إلينا ؟ وقال- وقد سئل عن مثل هؤلاء الجهال- فقرر أن من قامت عليه الحجة, وتأهل لمعرفتها, يكفر بعبادة القبور, وأما من أخلد إلى الأرض, واتبع هواه, فلا أدري ما حاله. ص 262

دەڵێت: ئەما تەکفیرکردنی موسڵمان پێشتر باسمان کرد وەهابیەکان موسڵمان تەکفیرناکەن وە شێخ محمدی کوری عبدالوهاب لەهەموو کەس زیاتر خۆی بەدوور ئەگرت لەتەکفیرکردن، تەنانەت ئەگەر کەسێ بەنەزانی هاواری کردبێتە غەیری خوا لە مردووان تەکفیری ناکرد مادام کەس نەبوبێ ئامۆژگاری بکات و بەڵگەی کوفری ئەو کارەی پێ بگەیەنێت ، لەهەندێ لەنامەکانی فەرمویەتی:

ئێمە کەوا کەسانێ بەکافر نازانین کە گومەتی کواز دەپەرستێت لەبەر نەزانیان و لەبەر ئەوەی کەس نەبوە ئاگاداریان بکاتەوە، جا چۆن کەسانێ تەکفیر ئەکەن لەبەر ئەوەی کۆچ نەکەن بۆ لای ئێمە، وە پرسیار کراوە لە شێخ محمد دەربارەی ئەوانەی گۆڕەکان دەپەرستن فەرمویەتی ئەگەر ئیقامەی حوجەیان لەسەر کرابێت و توانای فێربونیان هەبوبێت بەپەرستنی قەبرەکان کافر دەبن، بەڵام کەسێ پاڵی دابێتەوە بەزەوی و شوێنی هەوەسی کەوتبێت نازانم حاڵی چۆنە ".

شێخ سلێمان دەڵێت شێخی ئیسلام ابن تەیمیە لەوەڵامی بۆ ئەهلی کلامی المتکلمین کاتێ باسی ئەوە ئەکات کە زۆربەی پێشەواکانیان ڕیدەیان تێدایە و دەڵێت:

وهذا إذا كان في المقالاتِ الخَفِيَّةِ فقد يقال: إنَّه فيها مخطئٌ ضالٌّ لم تَقُمْ عليه الحُجَّةُ التي يكفُرُ صاحِبُها، لكِنَّ ذلك يقَعُ في طوائِفَ منهم في الأمورِ الظَّاهرةِ التي تعلَمُ العامَّةُ والخاصَّةُ من المسلمين أنَّها من دينِ المسلمين؛ بل اليهودُ والنصارى يعلمون أنَّ محمَّدًا صلَّى اللهُ عليه وسلَّم بُعِث بها، وكُفْرَ مخالِفِها، مِثلُ أمْرِه بعبادة اللهِ وَحْدَه لا شريكَ له، ونَهْيِه عن عبادة أحدٍ سوى اللهِ من الملائكة والنبيِّين والشَّمسِ والقَمَرِ والكواكِبِ والأصنامِ وغيرِ ذلك؛ فإنَّ هذا أظهَرُ شعائرِ الإسلامِ، ومِثلُ أمرِه بالصَّلَواتِ الخَمسِ وإيجابِه لها وتعظيمِ شأنِها، ومِثلُ مُعاداتِه لليهودِ والنَّصارى والمُشرِكين والصَّابئين والمجوس، ومِثلُ تحريمِ

الفواحِشِ والرِّبا والخَمرِ والميسِرِ ثم تجد كثيراً من رؤوسهم وقعوا فيها فكانوا مرتدين, وأبلغ من ذلك أن منهم من صنف في دين المشركين, كما فعل أبو عبدالله الرازي, قال: هذه ردة صريحة انتهى.

دەڵێت شێخی ئیسلام دەڵێ: ئەمە لەبابەتە شاراوەکان تیایدا دەوترێت کابرا بەهەڵەدا چووە گومڕابووە و ئیقامەی حوجەی لەسەر نەکراوە کە خاوەنەکەی کافر ببێت، بەڵام ئەم پێشەوایانەی ئەهلی کەلام لەچەندین تائیفەیان شتانی وەها ئەنجام ئەدەن لەشتانی ڕوون و ئاشکرا کە عەوام و زانای خەڵکی دەزانن ئەو کارانە لەدینی ئیسلامە، تەنانەت یەهود و نەصاراش ئەزانن پێغەمبەر موحەممەد بەوە نێردراوە و پێچەوانەکارانی تەکفیرکردوە وێنەی فەرمانکردنی پەرستنی خوا بەتاک و تەنها بەشێوەیەکی گشتی و نەهی کردنی لەپەرستنی بێجگە لەخوا لە فریشتە و پێغەمبەران و خۆر و مانگ و ئەستێرە و بت ئەمانە لەدیارترین دروشمەکانی ئیسلامە، هەروەها وێنەی فەرمانکردنی بەپێنج نوێژەکان واجب بونیان وە دژایەتی کردنی جولەکە و گاور و صابیئە و مەجوسیەکان هەروەها وێنەی حەڕامی فاحیشە و ڕیبا و عارەق و قومار لەگەڵ ئەوەشدا دەبینی زۆربەی سەرانی ئەهلی کەلام کەوتونەتە ناو ئەم کارانە و بەهۆیەوە مورتەدبونەتەوە، خراپتریش لەمە هەیانە کتێبیان نوسیوە سەبارەت بەڕەوایەتی دینی موشریکان هەروەك ڕازی کردی ئەمەش ڕیدەیەکی ئاشکرایە"

پاشان شێخ سلێمان دەڵێت : "فإذا علمت هذا , فمن بلغته رسالة محمد صلى الله عليه وسلم وبلغه القران , فقد قامت عليه الحجة, فلا عذر في عدم الإيمان بالله, وملائكته, ورسله, واليوم الاخر, فلا عذر له بعد ذلك بالجهل.263

پاشان شێخ سلێمان دەڵێت:" جا کەئەمەت زانی ئەوا هەرکەسێ پەیامی محمدی صلى الله عليه وسلم پێگەیشت و قورئانی پێگەیشت ئیقامە حوجەی لەسەر کراوە –ئەگەر کارێکی ئاوا ئەشکرا ئەنجام بدات کە لای عەوام و خەواصی خەڵکی زانراوە چونکە نموونەی بەوتەکەی ابن تەیمیە هێنایەوە- ئیقامە حوجەی لەسەرکراوە و عوزری نیە لەئیمان نەهێنانی بەخوا و فریشتەکانی و پێغەمبەرەکانی و ڕۆژی دوایی دوای هاتنی دین عوزری نیە لەنەزانینی بەم شتانە".

کەواتە هەرشتێ موجمەلی ئیمان و تەوحیدبێت یان لەناو موسڵمانان زانینی ئاشکرا و ڕوون بێت وەك ئەو نموونانەی شێخ سلێمان بەوتەکەی ابن تەیمیە هێنایەوە ئەوە بەبونی قورئان ئیقامە حوجەکراوە چونکە مەعلوم بالدین بالضرورە لای شێخ سلێمان هەروەکو شێخی ئیسلام ابن تیمیە وایە کە پێوەرەکەی بریتیە لەئاشکا بونی ئەو بابەتە و دیاربوونی لەناو خەڵکی بەجۆرێ کەسی عەوام و زانا تیایدا یەکسان بن.

پاشان زیاتر شێخ سلێمان وتەکانی ڕون ئەکاتەوە و ئەڵێت ":

كالذي لايجزم بصدق الرسول ولا كذبه, ولايجزم بوقوع البعث ولا عدم وقوعه, ونحو ذلك, كالذي لا يعتقد وجوب الصلاة ولا عدم وجوبها, أو لا يعتقد تحريم الزنا ولا عدم تحريمه, وهذا كفر بإجماع العلماء, ولا عذر لمن حاله هكذا بكونه لم يفهم حجج الله وبيناته لأنه لا عذر له بعد بلوغها.

دەڵێ: وەك ئەو كەسەی دڵنیانەبێت بەڕاستی و نارِاستی پێغەمبەر، یان دڵنیانەبێت بەڕاستی و نارِاستی قیامەت و هاوشێوەكانی یان دڵنیانەبێ لەواجب بوون و واجب نەبونی نوێژ یان باوەڕی نەبێت و دڵنیانەبێت لەحەرامی و حەڵاڵی زینا، ئەمشتانە كوفرن بەئیجماعی زانایان كەسێك كوفرەكەی لەم جۆرە بێت عوزری نیە ئەگەر بڵێت تێنەگەیشتوم لەبەڵگەكانی خوا مادام پێی گەیشتبێت".

وه شێخ سلێمان دەڵێت : فإن من بلغته دعوة الرسل فقد قامت عليه الحجة , إذا كان على وجهِ يمكن معه العلم, ولايشترط في قيام الحجة أن يفهم عن الله وروسوله ما يفهمه أهل الإيمان والقبول والإنقياد لما جاء به الرسول. ص 264

دەڵێت: هەركەسێ بانگەوازی پێغەمبەرانی پێگەیشتبێت ئەوا ئیقامەی حوجه كراوه ئەگەر بەشێوەیە بێت كه بزانێت ئەو بانگەوازه چیه و عیلمی پێی هەبێت، بەڵام له ئیقامه حوجەدا بەمەرج نەگیراوه هەموو كەسێک لەبەڵگەكانی خوا و پێغەمبەر حاڵی ببن هەروەك چۆن ئەهلی ئیمان و ملكەچی و كەسانی مولتەزیم تێگەیشتوون".

وه شێخ سلێمان دەڵێت : قد بيننا فيما تقدم أن الوهابية لا يكفرون المسلمين, ولا يكفرون أيضاَ أهل الأهواء مطلقاَ, إلا بعد بلوغ الحجة على من قام به مُكفر من المكفرات, وناقض من النواقض . ص 277

دەڵێت:" پێشتر باسمان كرد وەهابیەكان موسڵمانان تەكفیر ناكەن، وە بەهیچ شێوەیەك ئەهلی ئەهوائو بیدەعیش تەكفیر ناكەن ئیلا دوای ئیقامەی حوجە نەبێت، سەبارەت بەكەسێك كوفرێك ئەنجام ئەدات و یان هەڵوەشێنەرەوەیەك ئەنجام ئەدات لە هەڵوەشێنەرەوەكانی ئیسلام ئێمە كەسی ئاوا تەكفیر ناكەین تەنها دوای ئیقامەی حوجە".

هەرەوەها شێخ سلێمان دەڵێت: وأما تكفيرهم من دعا الأنبياء والأولياء و الصالحين, والتجأ إليهم, واستغاث بهم, في مهماته وملماته, وسمي ذلك تشفعاَ وتوسلاَ , فلكون ذلك هو الشرك الصريح المخرج من الملة , بدلائل الكتاب والسنة , وإجماع علماء الأمة , من أئمة السلف , ومن تبعهم بإحسان, بعد قيام الحجة على من فعل ذلك. ص 420

دەڵێت: هەركەسێك هاواربكاتە پێغەمبەران و پیاوچاكان و پەنایان بۆ ببات و داوای فریاكەوتنیان لێ بكات لەكاتی ناخۆشیەكانی یان تەوەسولیان پێ بكات و داوای شەفاعەتیان لێ بكات ئەمانە شیركی ئاشكرا و دەرهێنەرن لەئیسلام بەبەڵگەی قورئان و سونەت و ئیجماعی زانایانی ئوممەت لە پێشەوایانی

سەلەف و شوێنکەوتە چاکەکانیان بەڵام تەکفیرکردنیان لەسەر ئەم کارە کوفرانە ئەوا لەدوای ئیقامەکردنی حوجە دەبێت ".

وە شێخ سلێمان بن سحمان لە کشف الشبهتین لاپەڕە 75 دەڵێت :

"فإن النزاع فيمن قامت عليه الحجة , وعرف التوحيد ثم تبين في عدواته ومسبته ورده, كما فعل هذا العراقي, أو أعرض عنه فلم يرفع به رأساَ كحال جمهور عباد القبور, أو لم يعلم لكن تمكن من العلم ومعرفة الهدى فأخلد إلى الأرض واتبع هواه ولم يلتفت إلى ما جاءت به الرسل ولا اهتم به.

وكان شيخنا محمد بن عبدالوهاب يقرر في مجالسه ورسائله أنه لا يكفر إلا من قامت عليه الحجة الرسالية, ومن عرف دين الرسول بعد معرفته تبين في عدواته ومسبته, وتارة يقول: وإن كنا لا نكفر من يعبد قبة كوافر, ونحوه لعدم من ينبههم , فكيف نكفر من لم يهاجر إلينا.

ويقول في بعضها: وأما من أخلد إلى الأرض واتبع هواه , فلا أدري ما حاله".

دەڵێت: ئێمە کێشە وناکۆکیمان لەسەر ئەو کەسانەیە کە ئیقامەی حوجەکراون و تەوحیدیان ناسیوە پاشان دەستیانکردوە بەدژایەتی کردنی و جنێو پێدانی و ڕەتکردنەوەی هەروەك کابرای عێراقی دەیکات، یان کەسێ پشت لەم تەوحیدە بکات سەری پێ بەرزنەکاتەوە وەکو حاڵی جەماوەری گۆڕپەرستەکان، یان کەسێك توانای فێربونی هەبێت بەڵام خۆی بەزەویەوە بنوسێنی وشوێنی هەواو ئارەزووەکانی بکەوێت کەسی ئاوا حاڵی نازانم چۆنە.

وه شێخمان محمد بن عبدالوهاب زۆر ئەمەی لەدانیشتن و نامەکانی دوپات ئەکردەوە تەکفیری تەنها کەسانێکی ئەکرد کە ئیقامەی حوجەیان لەسەر کرابوو و دینی حەقیان ناسیبوو پاشان دژایەتیان ئەکرد و جنێویان پێ ئەدا و ڕەتیان ئەکردەوە، وەهەندێ جار شێخ وتویەتی: ئەگەر ئێمە کەسانێ تەکفیر نەکەین کە قوبەی کوازیان پەرستوە بەهۆی ئەوەی کەس نەبووە ئاگاداریان بکاتەوە ، ئەی چۆن کەسانێ تەکفیر ئەکەین کە هیجرەتیان نەکردوە بۆ لای ئێمە و لەهەندێ جار ئەیوت ئەگەر کەسێك خۆی بەزەویەوە نوساندبێت پاڵی لێ دابێتەوە بەدوای عیلم نەکەوێت نازانم حاڵی کەسی ئاوا چۆنە".

ئەمەش ووتەکانی شێخی پایەرزبوو کە زۆر بەڕوونی عوذر بەجەهلی لەشیرکی گەورە جەسپاند لەپێش ئیقامەی حوجە بۆ هەر موسڵمانێ کەتوشی کوفر وشیرك ببێت کە لەناو موسڵمانن تێکڕا ئاشکرا نەبێت و نەزانرێ کەئەوە کوفر و شیرکە. لەدوای ئەمە ئیتر هیچ بیانوویەك بۆ هیچ چەواشەکارێ نەما لەتەحریف کردنی وتەی زانایان.

باسی شەشەم

[عوذر بەجەهل لەووتەی زانایانی ئەهلی سوونەت و جەماعەت]

1- ئیمامی شافیعی

الإمام الشافعي رحمه الله (ت: 204 هـ) دەڵێ: "لله تعالى أسماء وصفات جاء بها كتابه وأخبر بها نبيه أمته لا يسع أحدا من خلق الله قامت عليه الحجة ردها، لأن القرآن نزل بها وصح عن رسول الله صلى الله عليه وآله وسلم القول بها فيما روى عنه العدول، فإن خالف ذلك بعد ثبوت الحجة عليه فهو كافر، أما قبل ثبوت الحجة عليه فمعذور بالجهل لأن علم ذلك لا يدرك بالعقل ولا

بالروية والقلب، ولا نكفر بالجهل بها أحدا إلا بعد انتهاء الخبر إليه بها..." نقله ابن القيم في الجيوش الإسلامية لابن القيم ص82 من رواية ابن أبي حاتم

واته : ابن حاتم له "مناقب الشافعي"دەڵێت ئیمامی شافعی وتویەتی:" خوای گەورە خاوەن چەندین و ناو و سیفاتە هەروەك لەکیتابەکەیدا هاتووە و پێغەمبەرەکەی هەواڵی پێداوە بەئومەتەکەی، بۆ هیچ کەسێك نیە کە ئیقامەی حوجەی لەسەرکرابێت ڕەتی بکاتەوە، چونکە لەقورئان دابەزێنراوە، وە بەصەحیحیش لەپێغەمبەرەوە هاتووە صلى الله عليه وسلم، جا ئەگەر حوجەی لەسەر جێگیرکرا و پێچەوانەی کرد ئەوا کافرە، بەڵام پێش جێگیربوونی حوجە خاوەنی عوذری هەیە بەجەهل، چونکە عیلمی ناو و سیفەتەکانی خوا بەعەقڵ و بیرکردنەوە و فیکر نازانرێت، کەس بەهۆی نەزانی بەناو وسیفەتەکانی خوا تەکفیر ناکەین، هەتا ناو وسیفەتەکانی پێ ڕانەگەینرێت، وە ئیمە ناو وسیفەتەکانی خوای گەورە سابت دەکەین وە وێکچواندنیشی لێ نەفی دەکەین هەروەك چۆن خۆی نەفی تەشبیهی کردوە لەسەر خۆی وفەرمویەتی [ليس كمثله شيء وهو السميع البصير]. "

هەروەها عبدالعزيز الجروي دەڵێت: كان الشافعي ينهى النهي الشديد عن الكلام في الأهواء, ويقول أحدُهم إذا خالفه صاحبُه, قال: كفرتَ! والعلم فيه إنما

يقال: أخطأت. بروانه [شرح أصول اعتقاد أهل السنة والجماعة] للإمام الالكائي تحقيق عادل آل حمدان ص 230 وانظر في "مناقب الشافعي"

واته: عبدالعزیزی جەرەوی دەڵێت: ئیمامی شافیعی زۆر بەتوندی نەهی دەکرد لەوەی قسە بکرێ بەشێوازی ئەهلی ئەهواء و بیدەع، کاتێك هاوەڵێکیان پێچەوانەی هاوەڵێکی تریانی بکردایە هاوەڵەکەی پێی ئەوت کافربویت، **بەڵکو وتەی ڕاست و زانستی دروست ئەوەیە بڵێی هەڵەت کرد.**

ئەمەش وتەیەکی ئاشکرای ئیمامی شافیعیە بۆ عوذر هێنانەوە لەبارەی ئەهلی هەواو بیدەع کە خاوەنی بیدعەی کوفری بوونە و بەڕاستی نەزانیوە راستەوخۆ تەکفیرکردنیان.

وه له بەسەرهاتێکی تردا ئیمامی شافیعی موناقەشە دەکات لەگەل حفص الفرد کە دەڵێ قورئان مەخلوقە و ئیمام شافعیش بەچەندین بەڵگە بۆی رون ئەکاتەوە کەوا قورئان کەلامی خوایە و مەخلوق نیە پاشان حفص الفرد هەر سوور دەبێت لەسەر ئەوەی قورئان مەخلوقە، ئەوجا دوای ئیقامەحوجەکردنی ئیمام شافیعی تەکفیری ئەکات و خوێنی حەڵاڵ ئەکات.

حدثني أبوشعيب, إلا أني أعلم أنه حضرَ عبدالله بن عبدالحكم, ويوسف بن عمرو بن يزيد, وحفص الفرد, فسأل حفص عبدالله, فقال: ماتقول في القرآن؟ فأبى أن يُجيبَه, فسأل يوسفَ بن عَمرو بن يزيد فلم يُجبه, فكلاهما أشارَ إلى

الشافعي, فسأل الشافعي, فاحتج عليهم وطالت فيه المُناظرة, فقام الشافعي بالحجة عليهم بأن القرآن كلام الله غير مخلوق, وكفَّرَ حفصَ المنفرد.[شرح أصول اعتقاد أهل السنة والجماعة للإمام لالكائي ت آل حمدان, ص 356].

دەڵێت: شوعەیب بۆی گێڕامەوە وتی حەفصی فەرد لەمەجلیسی عبدالله ی کوری حەکەم و یوسفی کوری عەمر بوو، جا حەفصی فەرد پرسیاری لەعبدالله کرد وتی چی دەڵێی دەربارەی قورئان؟ وەلامی نەدایەوە، وە پرسیاری لەیوسف کرد ئەویش وەڵامی نەدایەوە، هەردوکیان ئاماژەیان بۆکرد پرسیار لەشافیعی بکات، ئەویش پرسیاری لەشافیعی کرد، شافیعیش بەڵگەی لەسەر هێنایەوە و بەدرێژی موناقەشەی لەگەڵ کرد، ئیمامی شافیعی ئیقامەی حوجەی کرد لەسەری بەوەی قورئان کەلامی خوایە و مەخلوق نیە، پاشان تەکفیری حەفصی فەردی کرد.

2- أبي زرعة و أبو حاتم الرازي:

لەکیتابی عەقیدەکەیاندا دەڵێن: 36- ومَن وقَفَ في القرآنِ **جاهِلاً**, عُلِمَ, وبُدِعَ, **ولم يُكفَّر**.[شرح اصول اعتقاد اهل السنة والجماعة للإمام الالكائي, ت آل حمدان, ص 282].

دەڵێن: هەرکەسێك بوەستێت دەربارەی قورئان نەبڵێ مەخلوقە و نەبڵێ کەلامی خوایە،**وە نەزان بێت** ئەوا فێر ئەکرێت و تەبدیع ئەکرێت بەڵام تەکفیر ناکرێت.

3- **ئیمام ئەحمەد**

ابن القيم –رحمه الله- له الطرق الحكمية دەڵێت : "وقال الميموني: سمعت أبا عبد الله يقول: من أخاف عليه الكفر – مثل الروافض والجهمية – لا تقبل شهادتهم ولا كرامة لهم، أنا أستتيبهم" 463/1، فلو كان الإمام أحمد بن حنبل (ت: 241 هـ) يرى كفر جميعهم على التعيين فلِمَ يخاف عليهم ذلك؟!!."

مەیمونی دەڵێ: بیستم باوکی عبدالله واتە ئیمام ئەحمەد دەیوت ئەوانەی لەکافربونیان دەترسم نمونەی ڕافیزە و جەهمیەکان گەواهیدانیان وەرناگیرێ و ڕێزیان نیە داوای استتابەیان لێ دەکەم" جا ئەگەر ئیمام ئەحمەد بەکافریان بزانێ هەمویان بەدیاریکراوەیی ئەی بۆچی دەترسێ لێیان لەکافربون ؟!!!.

4- ئیمامی مالیك

دەگێردرێتەوە لە ئیمامی مالیك دەربارەی پیاوێك کە بانگی پیاوێ دەکات بەناوی خۆیەوە ئەویش لەوەڵامیدا دەڵێ: لبیك اللهم لبیك، پرسیار لە ئیمام دەکەن ئایا ئەم پیاوە هیچی لەسەرە ؟ دەڵێ : ئەگەر نەزان بووێ ئەوا هیچی لەسەر نیە، جا ابن رشد لە ڕونکردنەوەی ئەم وتەیەی ئیمام مالك دەڵێ: ڕونی کردەوە کەوا کەسی نەزان هیچی لەسەر نیە چونکە نازانێ ئەو قسەیە واتای چیە . بڕوانە "البیان والتحصل "ابن رشد(16/370)

5- قاضي ابن العربي المالكي

ئیمام قاضي ابن العربي: كه القاسمي لەتفسیرەکەیدا نەقڵی کردوە" محاسن التأویل 1308-1307/5

له تەفسیری سورة النساء ئایەتی 48 دەیگێڕێتەوە و دەڵێ: عن القاضي أبي بكر بن العربي المالكي قوله في شرحه على صحيح البخاري، وأقره على ذلك: "فالجاهل والمخطئ من هذه الأمة، ولو عمل من الكفر والشرك ما يكون مشركاً أو كافراً، فإنه يعذر بالجهل والخطأ، حتى تتبين له الحجة، الذي يكفر تاركها، بياناً واضحاً ما يلتبس على مثله، وينكر ما هو معلوم بالضرورة من دين

الإسلام مما أجمعوا عليه إجماعاً جلياً قطعياً، يعرفه كل من المسلمين من غير نظر وتأمل، كما يأتي بيانه إن شاء الله تعالى، ولم يخالف في ذلك إلا أهل البدع .اهـ "[5]

دەڵێ: قازی ئەبی بەکر بن العربی دەڵێ: نەزان و کەسی خاوەن هەڵە لەم ئومەتە ئەگەر کاری کوفری و شیرکی ئەنجام بدات پێی نابێت بەکافر یان موشریك چونکە بیانووی هەیە بەنەزانی و هەڵە، تاکو بۆی ڕوون ئەکرێتەوە بەشێوەیەکی وا کەهیچ گومانی نەمێنێ، یاخود ئینکاری بکات لە شتێ کە زانینی بەزەرورەتی دین زانراوە و ئیجماعی قەطعی لەسەرە هەموو موسڵمانان دەیزانن بەبێ تێڕوانین و بیرکردنەوە ئەمەش دەبێ ئیقامە حوجە بکرێ کە ئینکاری لێ بکات کەس نیە لەمانە خیلافی هەبێ ئیلا ئەهلی بیدەع نەبێت.

6- إبن حزم

ابن حزم له "الفِصل في الملل والأهواء والنحل" دەربارەی ئەوانەی کافر دەبن و ئەوانەی کافر نابن دەڵێ 3/291-302 دەڵێ لەلاپەڕە 291-292: اختلف الناس في هذا الباب فذهبت طائفة إلى أن مخالفهم في شيء من مسائل الاعتقاد أو في شيء من مسائل الفتيا فهو كافر وذهبت طائفة إلى أنه كافر في بعض ذلك فاسق غير كافر في بعضه على حسب ما أدتهم إليه عقولهم

وظنونهم وذهبت طائفة إلى أن من خالفهم في مسائل الاعتقاد فهو كافر وأن من خالفهم فيمسائل الأحكام والعبادات فليس كافراً ولا فاسقاً ولكنه مجتهد معذور إن أخطأ مأجوربنيته، وقالت طائفة بمثل هذا فيمن خالفهم في مسائل العبادات وقالوا فيمن خالفهم في مسائل الاعتقادات إن كان الخلاف في صفات الله عز وجل فهو كافر وإن كان فيما دون ذلك فهو فاسق وذهبت طائفة إلى أنه لا يكفر ولا يفسق مسلم بقول قاله في اعتقاد أو فتيا وأن كل من اجتهد في شيء من ذلك فدان بما رأى أنه الحق فإنه مأجور على كل حال إن أصاب الحق فأجران وإن أخطأ فأجر واحد وهذا قول ابن أبي ليلي وأبي حنيفة والشافعي وسفيان الثوري وداود بن علي رضي الله عن جميعهم وهو قول كل من عرفنا له قولاً في هذه المسألة من الصحابة رضي الله عنهم ما نعلم منهم في ذلك خلافاً أصلاً..."، واستثنى من ذلك اختلافهم في تكفير تارك أركان الإسلام العملية..

دەڵێت: خەڵکی خیلافیان هەیە لەم بابەتە، تاقمێ بۆ چۆنیان وایە هەرکەسێ پێچەوانەیان بکات لەبابەتەکانی عەقیدە یان لەبابەتەکانی فەتوا ئەوا کافرە، بەلام تاقمێ تر دەڵێن لەهەندێ لەوانە فاسقە بەلام لەهەندێ تری کافرە بەپێی عەقڵ و گومانەکانیان، تاقمێ تر دەڵێن هەرکەسێ پێچەوانەیان بکات لەبابەتەکانی عەقیدە ئەوا کافرە بەلام لەبابەتەکانی عیبادات و ئەحکام نەکافرە و نەفاسقە، بەلکو موجتەهیدە و عوذری هەیە ئەگەر بەهەڵەشدا چوبێت ئەوا

پاداشتی هەیە بەپێی نیەتەکەی، تاقمێ تر بەهەمان شێوەی ئەم قسەیەیان وتوە ئەوەی پێچەوانەیان بکات لە عیبادات بەلام ئەگەر مخالەفەیان بکات لەبابەتەکانی سیفاتی اللە عزوجل ئەوا کافرە ئەگەر لەخوار ئەوەش بێ ئەوا فاسقە، بەڵام تاقمێکی تر، دەڵێن ئەگەر موسڵمان هەرشتێ بڵێ لە فەتوایەك بدات یان هەرکەسێ هەوڵ بدات لەزانینی شتێ ئەوەنەی بۆ دەرکەوت کە پێی وابوو کەحەقە ئەوا بەهەموو شێوەکان پاداشتی هەیە ئەگەر حەقی پێکا ئەوا دوو پاداشتی هەیە ئەگەر نەپێکا ئەوا یەك پاداشت ئەمەش وتەی ابن ابی لەیلی و ابی حەنیفە و شافیعی و سوفیانی سەوری و داودی کوری عەلی رەزای خوا لەهەمویان بێت هەروەها قەولی هەموو صەحابەیە کە قەولیان هەبوبێ لەم بابەتە وە ئەصلەن هیچ خیلافێك نابینین هەیان بێت لەم بابەتە. جگە لەو خیلافەیان هەیان بوە لە تاریکی ئەرکانە کردەوەییەکانی ئیسلام.

7- ئیمام ابن أبي عاصم

الإمام ابن أبي عاصم- رحمه الله- دەڵێ لە کۆتایی کتابەکەی السنة ص631 لە ڕونکردنەوەی بۆ اصول اعتقاد أهل السنة: "ومما اتفق أهل العلم على أن نسبوه إلى السنة:..."، ومما ذكره قوله: "والقرآن كلام الله تبارك وتعالى، وتكلم

الله به ليس بمخلوق، ومن قال: مخلوق ممن قامت عليه الحجة فكافر بالله العظيم".

دەڵێ: ئەوەی ئەهلی عیلم کۆکن لەسەری و دەیدەنە پاڵ ئەهلی سوونە قورئان کەلامی الله یە وە الله قسەی پێکردوەو مەخلوق نیە ، هەرکەسێ بڵێ مەخلوقە ئیقامەی حوجەی لەسەر کرابێ کافرە بەخوای مەزن"

8- ئيمام أبي عبيد القاسم بن سلام

وترا به ئيمام أبي عبيد القاسم بن سلام رحمه الله (ت: 224 هـ): يا أبا عبيد ما تقول فيمن قال القرآن مخلوق؟ فقال: "هذا رجل يُعلّم ويُقال له إن هذا كفر، فإن رجع وإلا ضربت عنقه" رواه اللالكائي في شرح أصول اعتقاد أهل السنة 351/2.

وترا پێی : ئەی باوکی عوبێد چی دەڵێی دەربارەی کەسێ بڵێ قورئان مەخلوقە ؟ فەرمووی: ئەو پیاوە فێردەکرێ و پێی دەوترێ ئەو قسەیە کوفرە ئەگەر گەڕایەوە باشە ئەگەر نا لەملی ئەدرێت.

9- ئیمامی ذەهەبـی

هەروەها ئیمامی ذەهەبی هەروەکو مامۆستاکەی ابن تەیمیە دەڵێ هەر وەك لەکتێبی "الکبائر"ەکەییدا لەلاپەڕە 53 بۆ 54 دوای ئەوەی تاوانەگەورەکان دەژمێرێ باسی هاوبەشدانان بۆ خوا و کوشتن و وسیحرکردن دەکات دەڵێت:" واعلم أن كثيراً من هذه الكبائر بل عامتها إلا الأقل، يجهل خلق كثير من الأمة تحريمه، وما بلغه الزجر فيه، ولا الوعيد، فهذا الضرب فيهم التفصيل؛ فينبغي للعالم ألا يستعجل على الجاهل بل يرفق به ويعلمه مما علمه الله، ولاسيما إذا كان حديث عهد بالجاهلية قد نشأ في بلاد الكفر البعيدة وأسر وجلب إلى أرض الإسلام وهو تركي كافر أو كرجي مشرك ولايعرف النطق بالعربي فاشتراه أمير تركي لاعلم عنده ولافهم؛ فبالجهد تلفظ بالشهادتين، فإن فهم بالعربي حتى يفقه معنى الشهادتين بعد أيام وليال فبها ونعمت، ثم قد يصلي وقد لايصلي، وقد يلقن الفاتحة مع الطول إن كان أستاذه فيه دين ما، فإن كان أستاذه شبيها به فمن أين لهذا المسكين أن يعرف شرائع الإسلام والكبائر واجتنابها ، والواجبات وإتيانها فإن عرف هذا موبقات الكبائر وحذر منها وأركان الفرائض واعتقدها فهو سعيد وذلك نادر، فينبغي للعبد أن يحمد الله تعالى على العافية. فإن قيل هو فرط لكونه ماسأل عما يجب عليه. قيل: هذا ما دار في رأسه ولا استشعر أن سؤال من يعلمه يجب عليه (وَمَن لَّمۡ يَجۡعَلِ ٱللَّهُ لَهُۥ نُورا فَمَا لَهُۥ مِن نُّورٍ)[سورة النور 40] فلا يأثم

أحد إلا بعد علم، وبعد قيام الحجة عليه ، الله لطيف بعباده رؤوف بهم قال الله تعالى: (وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّىٰ نَبْعَثَ رَسُولا)[سورة الإسراء 15].وقد كان سادة الصحابة بالحبشة وينزل الواجب والتحريم على النبي صلى الله عليه وسلم فلا يبلغهم تحريمه إلا بعد أشهر فهم في تلك الأشهر معذورون بالجهل حتى يبلغهم النص فكذا يعذر بالجهل كل من لم يعلم حتى يسمع النص والله أعلم "

دەڵێ: بزانە زۆربەی ئەم تاوانە گەورانەی بەڵکو بەگشتی کەمێك نەبێت نایزانن زۆرێك لەئومەت نەزانن بەحەرام بونیان و هەڕەشەیان دەربارەی ئەو گوناحانە پێنەگەیشتوە ئەم جۆرە کەسانە تەفصیلیان تیایە، پێویستە کەسی زانا پەلەنەکات لەسەر کەسی جاهیل بەڵکو نەرم بێت لەگەڵی و فێری بکات لەوەی خوا فێری کردوە بەتایبەت ئەو جاهیلە ئەگەر تازە لەکوفر ڕزگاری بوبێ یان لەناو وڵاتی دووری کافران گەورە بوبێ هێنرابێ بەئەسیری بۆ وڵاتی ئیسلام کە پێشتر تورکیەکی کافربوبێ یان کەرەجیەکی موشریك بوبێ و نەزانێ نوتق بکات بەعەرەبی و ئەمیرێکی تورکی موسڵمان کڕیبێتی عیلم وفەهمی نەبێت، بەزۆر توانای وتنی شایەدمانی هەبێت، جائەگەر دوای چەن شەو و ڕۆژێ عەرەبی حاڵی بوو و زانای مانای شایەتمان ئەوە زۆرباشە، جا ئەم کەسە ڕەنگەنوێژ بکا و نەیکا یان ڕەنگە دوای ماوەیە زۆر بتوانێ سوڕەتی فاتیحە بخوێنێ بەڕەوانی ئەوەش ئەگەر خاوەنەکەی دینی تیابێ جا ئەگەر

خاوەن و ماموّستاکەشی هەروەك خوّی بوو، ئەم فەقیرە لەکوێ شەریعەتەکانی ئیسلام فێربێ و گوناحە گەورەکان بناسێ و خوّی لێ بەدووربگرێ و واجیباتەکان ئەنجام بدا، جا ئەگەر گوناحە گەورەکانی فێرکرا و ئاگادارکرایەوە وە ئەرکانەکانی ئیسلامی فێرکرا وباوەڕی پێهێنا ئەوا بەختەوەرە، ئەمەش کەمن، بوّیە پێویستە بەندە سوپاسی اللە بکات لەسەر ئەوەی پاراستویەتی، ئەگەریش بوترێ ئاخر ئەم کەسە خەتای خوّیەتی خوّی کەمتەرخەمە و پرسیارناکات لەسەر ئەوشتانەی واجبە لەسەری، لەوەڵامدا دەڵێین ئاخر ئەم کەسە بەمێشکی نەهاتوە و هەرهەستیشی نەکردوە واجبە لەسەری پرسیاربکات لەکەسێ فێری بکات (وَمَن لَّمۡ يَجۡعَلِ ٱللَّهُ لَهُۥ نُور فَمَا لَهُۥ مِن نُّورٍ) بوّیە کەس گوناحی ناگات تەنها دوای زانین و ئیقامەی حوجە نەبێت لەسەری چونکە خوا بەلوتف و میهرەبانە بوّ بەندەکانی خوّی دەفەرمێت: (وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّىٰ نَبۡعَثَ رَسُول)کاتی خوّی گەورەکانی صەحابە لەحەبەشە بوون واجب و حەرامەکان دادەبەزین بوّ سەر پێغەمبەرصلی اللە علیه وسلم حەرام بونی شتەکانیان پێ نەدەگەیی دوایی چەن مانگێ نەبێ، ئەوان لەو چەن مانگەی قەدەغەبونەکەیان پێ نەگەیشتوە عوذریان هەبوە بەنەزانی تاکو دەق یان پێدەگات؛ هەربەو شێوەیە عوذر بەنەزانی دەدرێ بەهەرکەسێ کەنەزانێ تاکو دەقەکە دەبستێ، واللە اعلم."

10- ئيمام إبن القيم

ابن القيّم رحمه الله له "الطرق الحكمية"(174) دەڵێ: (... وأما أهل البدع الموافقون لأهل الإسلام، ولكنهم مخالفون في بعض الأصول كالرافضة والقدرية والجهمية وغلاة المرجئة ونحوهم ، فهؤلاء أقسام :

أحدهما : الجاهل المقلد الذي لا بصيرة له، فهذا لا يكفر ولا يفسق، ولا ترد شهادته إذا لم يكن قادراً على تعلم الهدى، وحكمه حكم المستضعفين (إِلاَّ الْمُسْتَضْعَفِينَ مِنَ الرِّجَالِ وَالنِّسَاء وَالْوِلْدَانِ لاَ يَسْتَطِيعُونَ حِيلَةً وَلاَ يَهْتَدُونَ سَبِيلاً فَأُوْلَـئِكَ عَسَى اللّهُ أَن يَعْفُوَ عَنْهُمْ وَكَانَ اللّهُ عَفُوًّا غَفُورًا) [النساء: 98-99] .

القسم الثاني : المتمكن من السؤال وطلب الهداية ومعرفة الحق، ولكن يترك ذلك اشتغالاً بدنياه ورئاسته ولذته ومعاشه وغير ذلك، فهذا مفرط مستحق للوعيد آثم بترك ما وجب عليه من تقوى الله بحسب استطاعته، فهذا حكمه حكم أمثاله من تاركي بعض الواجبات، فإن غلب ما فيه من البدعة والهوى على ما فيه من السنة والهدى ردت شهادته، وإن غلب ما فيه من السنة والهدى قبلت شهادته .

القسم الثالث : أن يسأل ويطلب ويتبين له الهدى، ويتركه تقليداً أو تعصباً، أو بغضاً ومعاداة لأصحابه، فهذا أقل درجاته أن يكون فاسقاً، وتكفيره محل اجتهاد وتفصيل ...) .

ئەما ئەهلی بیدەع ئەوانەی کە موافیقی ئەهلی ئیسلامن بەڵام لەچەند ئوصوڵێ پێچەوانەی ئیسلامن وەك ڕافیزە و قەدەریەکان و غولاتی مورجیئەکان و هاوشێوەکانیان ئەمانە چەند بەشێکن:

یەکەمیان: ئەوانەی نەزانن و هیچ عیلمێکیان نیە و موقەلیدن ئەم جۆرانەیان تەکفیر و تەفسیق ناکرێن و شایەدیشیان ڕەتناکرێتەوە مادام توانای فێربونیان نەبوبێت، ئەمانە حوکمیان حوکمی مستضعف ەکانە

بەشی دووەمیان: ئەوانەیان کە توانای فێربوون و پرسیارکردنیان هەیە بەڵام بەهۆی دنیا و مەعیشەت وخۆشیەکانیان پشتگوێیان خستوە ئەمانە شایستەی هەڕەشەن و گوناحبارن بەپێی ئەو واجیبات و تەقوایەی کەتەرکیان کردوە، ئەگەر هەوەس و ئارەزووەکانیان زیاتربوو لەسونەت ئەوا شەیەدیان ڕەت ئەکرێتەوە.

بەشی سێیەمیان: پرسیاردەکەن و داوای عیلم دەکەن بۆیان ڕونبۆتەوە بەڵام تەرکی ئەکەن بەهۆی تەقلید و دەمارگیری و ڕقی ئەوانەی حەقەکەیان بۆ هێناون کەمترین حوکمی ئەم جۆرە کەسە فاسق بونە و تەکفیرکردنیشییان جێگای اجتیهادە."

وە پێشەوا ابن القیم له إغاثة اللهفان ج ١ ص ١٢٣ دەڵێت : " وهؤلاء الجهال يرى أحدهم أدنى شيء فيحكم هواجسه وخواطره على الكتاب والسُّنَّة ولا يلتفت إليها ويقول: حدثني قلبي عن ربي ونحن أخذنا عن الحي الذي لا يموت

وأنتم أخذتم عن الوسائط ونحن أخذنا بالحقائق وأنتم اتبعتم الرسوم وأمثال ذلك من الكلام الذي هو كفر وإلحاد وغاية صاحبه أن يكون جاهلاً يعذر بجهله حتى قيل لبعض هؤلاء لاتذهب فتسمع الحديث من عبدالرزاق فقال: ما يصنع بالسماع من عبدالرزاق من يسمع من الملك الخلاق ".

دەڵێت:" ئەو نەفامە جاهیلانە هەرشتێ دەبینن بەهەست و خەیاڵەکانیان بڕیاری لەسەر ئەدەن بەبێ گەڕانەوە بۆ قورئان و سونەت و دەڵێن، دڵمان هەواڵمان پێ ئەدا دەربارەی خوا ئێمە لەخوایەکەوە هەواڵ وەرئەگرین کە نامرێت بەڵام ئێوە لەهۆکارەکان هەواڵ؟و حوکم وەرئەگرن، ئێمە ڕاستیەکان وەرئەگرین ئێوە وێنەکان وەرئەگرن وێنەی ئەم قسە کوفری و ئیلحادیانە، ئەوپەری حوکمی خاوەنی ئەم قسانە ئەوەیە کە جاهیلە عوذری هەیە بەنەزانیەکەی، تەنانەت ئەوترێ وتراوە بەوانە ئەوە بۆ ناچیت فەرموودە فێربیت لە عبدالرزاق هوە، لەوەڵامدا ئەیانوت من چیم داوە لەوەی فەرمودە لە عبدالرزاقەوە وەربگرم لەکاتێکدا ڕاستەوخۆ لەخوا فەرموودە وەربگرم چیم داوە لەغەیری خوا ".

11- إبن أبي العز الحنفي

ابنُ أبي العِزِّ –رحمه الله- دەڵێت: (اعلَمْ –رحمك اللهُ وإيَّانا- أنَّ بابَ التكفيرِ وعَدَمِ التكفيرِ: بابٌ عَظُمَت الفتنةُ والمحنةُ فيه، وكَثُر فيه الافتراقُ، وتشَتَّتَت فيه الأهواءُ والآراءُ، وتعارضت فيه دلائِلُهم؛ فالنَّاسُ فيه في جنسِ تكفيرِ أهلِ المقالاتِ والعقائِدِ الفاسِدةِ المخالِفةِ للحَقِّ الذي بعَث اللهُ به رسولَه في نفسِ الأمرِ، أو المخالِفةِ لذلك في اعتقادِهم؛ على طَرَفينِ ووَسَطٍ، مِن جِنسِ الاختلافِ في تكفيرِ أهلِ الكبائِرِ العَمَليَّةِ... إذا كان القَولُ في نَفْسِه كُفرًا، قيل: إنَّه كُفرٌ، والقائِلُ له يَكفُرُ بشُروطٍ وانتفاءِ موانِعَ)((شرح الطحاوية)) (2/ 432-437).

بزانە اللە ڕەحم لەتۆ و لەئێمەش بکات بابەتی تەکفیرکردن و تەکفیرنەکردن بۆتە هۆکاری گەورەترین بەڵا و مەینەتی و بەهۆی چەندین تەفرەقە دروست بووە، چەندین جۆر هەواو بۆچوون هاتۆتە ئاراوە، بەڵگەکانیان هەموو دژ بەیەکن خەڵکی دەربارەی ئەوعەقیدە فاسیدانەی کەپێچەوانەی ئەو حەقەن کەپێغەمبەر صلى الله عليەوسلم پێی هاتووە کەوتونەتە دوو لاوە لەگەڵ لایەکی مامناوەند ، ئەگەر وتەیەك لەخودی خۆیدا کوفرێت، دەوترێ ئەوە کوفرە بەڵام قسەکەر دوای لەدوای مەرجەکان و نەمانی ڕێگریەکان تەکفیر دەکرێت.

12- ئیمامی سیوطي

ما قاله الإمام السيوطي –رحمه الله- في الأشباه والنظائر: "كل من جهل تحريم شيء مما يشترك فيه غالب الناس لم يقبل منه دعوى الجهل، إلا أن يكون قريب عهد بالإسلام، أو نشأ ببادية يخفى فيها مثل ذلك كتحريم الزنا والقتل والخمر والكلام في الصلاة والأكل في الصوم... لِأَنَّ ذَلِكَ يَخْفَى عَلَى الْعَوَامّ " انتهى.

دەڵێت: هەرکەسێك جاهیل بێت لەحەرام بوونی شتێك کە زۆربەی خەڵکی هاوبەش بن لەزانینی ئەوشتانە ئەوا بانگەشەی نەزانی تیایدا قبوڵ ناکرێت تەنها ئەگەر تازە موسڵمان بوبن یان لەشوێنێکی دوور لەموسڵمانان بن شتانێکیان تێدا شاراوە بێت وەکو حەرام بونی زینا و کوشتن و عارەق و قسەکردن لەناو نوێژ و خواردنی بەرۆژووان چونکە ئەمشتانە شاراوەیە لای عەوامی ئەو شوێنانە."

13- ئیمامی شەوکاني

ئیمامی شەوکانی – رحمه الله – دەڵێ : (وفي الحديث دليل على أن من سجد جاهلاً لغير الله لم يكفر.) [نيل الأوطار : 6/363]

دەڵێت : لەم فەرموودەیە بەڵگەی ئەوەی تێدایە هەرکەسێك سوجدەی برد بۆ غەیری أللە بەنەزانی ئەوا کافر نابێت . "

هەروەها دەڵێت: (فلا بد من شرح الصدر بالكفر، وطمأنينة القلب به، وسكون النفس إليه فلا إعتبار بما يقع من طوارق عقائد الشرك، لا سيما مع الجهل بمخالفتها لطريقة الإسلام، ولا اعتبار بلفظ تلفظ به المسلم يدل على الكفر وهو لا يعتقد معناه..)"الروضة الندية ٢/٢٩١"

دەڵێت: پێویستە دڵ گوشادبوون بەکوفر و ئارام بونەوەی دڵ و دەرون لەسەری ، هیچ ئیعتیبارێ نیە بەو بیروباوەڕە شیرکیانەی بەسەردا تێدەپەڕێت سەرەڕای ئەوەی کە بەهۆی نەزانی بێت کابرا نەزانێت پێچەوانەی ڕێیازی ئیسلامە، وە هیچ ئیعتیبارێ نیە بەقسەیەك موسڵمان بیکات کە دەلالەت دەکات لەسەر کوفر مادام باوەڕی بە ماناکەی نەبێت."

هەروەها ئیمامی شەوکانی لە تەعلیقێکی دا لەسەر قسەیەکی خاوەن کتێبی (الأزهار في فقه الأئمة الأخيار) کەدەڵێ "مورتەد بەهەرشێوەیەکی کوفرکردن بێت کافر دەبێت" ئیمامی شەوکانی لەسەر ئەم قسەیە دەڵێ: دانەر ئەیەوێ هەموو ئەوانەی بەهۆی تەئویلەوە توشی کوفر هاتوون بیانخاتە ژێر ناوی ڕیدەوە ، بەڕاستی ئەمەش خلیسکانی پێیە، وە پەڵەیەکە چاوپۆشی لێ ناکرێت، چونکە ئەگەر ئەمە ڕاست بێت ئەوا دەبێت زۆربەی موسڵمانان مورتەد بکرێن ." بڕوانە (سير الجرار 4/373).

14- **ئیمام جەصاص**

لەئەحکامی قورئان(5/325) دەڵێت: ڕواڵەتی ئەو کارەی حاطەب ئەنجامی دا، مانای مورتەد بونەوە نادات، لەبەرئەوەی حاطەب وا گومانی دەبرد جائیزە ئەو کارە بکات تاکو بەرگری پێ بکات لەماڵ منالەکانی هەروەك چۆن جائیزە بەرگری لەخۆی بکات لەحاڵەتی توقیە حەڵاڵە بۆی کەلیمەی کوفر دەربڕێت، بەوێنەی ئەمە وا گومانی کرد ئەگەر نامەیەك بۆ کافران بنوسێت کافر نابێت، چونکە ئەگەر کافر ببوایە ئەوا پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم داوای تەوبەی لێ دەکرد، مادام داوای تەوبەی لێ نەکرد و باوەڕی پێکرد لەسەر ئەو قسانەی کردی زانرا مورتەد نەبووو."

15- **إبن الوزير**

ابن الوزير له مانای ئەم ئایەتەدا [ولكن من شرح بالكفر صدراً] دەڵێت : ئەوەی لێ فەهم دەکرێت کە ئەو کەسانەی خاوەن تەئویلن کافر نین، چونکە دڵەکانیان نەکراوەتەوە بۆ کوفر نە بەقەتعی نە بەگومان نە بەجائیزدانان نە بە ئەگەر. " إيثار الحق على الخلق" لاپەڕە 437.

هەروەها دەڵێت:"طوائف الإسلام الذين وافقوا على الإيمان بالتنزيل, وخالفوا في التأويل, فهؤلاء لايكفر منهم إلا من تأويله تكذيب ولكنه سماه تأويلاً مخادعة للمسلمين ومكيدة للدين كالقرامطة وأما أهل البدع الذين آمنوا بالله ورسوله وكتبه واليوم الآخر, وإنما غلطوا في بعض العقائد لشبهة قصرت عنها أفهامهم,

ولم تبلغ كشفها معرفتهم, فلا دليل على كفرهم, ومن كفرهم فقد اغتر في تكفيره من الشبهة بمثل ما اغتروا به بدعتهم من ذلك)عواصم القواصم(3/176-177)

دەڵێت: هەندێ لەو تاقمانەی ئیسلام کە توشی وەستان بوونە لەباوەڕهێنان لەهەندێ شتی دین و پێچەوانەی تەئویلی راست و دروستیان کردوە ئەمانە تەکفیرناکرێن ئیلا کاتێ نەبێت کە تەئویلەکەیان بەدرۆ دانان بێت کە بۆ چەواشەکردنی موسڵمانان ناوی لێ بنێن تەئویل وەکو قەڕامیتەکان، بەڵام ئەو ئەهلی بیدەعانەی کە بەگشتی باوەڕیان بەخوا و پێغەمبەر و کتێبەکانی و بەرۆژی دوایی هێناوە بەڵام توشی هەڵەبوونە لەهەندێ بابەتی عەقیدە بەهۆی توشبونیان بەچەند شوبهەیەك کەبۆتە کێشە لەتێگەیشتنیان وزانینیان نەیتواینوە پێی بگات و بیزانێت بۆیە هیچ بەڵگەیە نیە لەسەر کافرکردنی ئەم جۆرە کەسانە، ئەوکەسانەشی تەکفیریان ئەکەن توشی هەمان شوبهە هاتوون وەکو چۆن ئەوان توشی ئەو شوبهەیە هاتوون کە دایانهێناوە بەهۆیەوە.

16- عەلامەی فەرموودەوانی هیندی سەهسوانی

لەبەرگری کردنیدا بۆ شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب دەڵێت (أما قول المفتري وجعل بلاد المسلمين كفاراً أصليين فهذا كذب وبهت ما صدر وما قيل، ولا أعرفه عن أحد من المسلمين فضلاً عن أهل العلم والدين؛ بل كلهم مجمعون على أن بلاد المسلمين لها حكم الإسلام في كل زمان ومكان، وإنما تكلم الناس

في بلاد المشركين الذين يعبدون الأنبياء والملائكة والصالحين، ويجعلونهم أنداداً لله رب العالمين، ويسندون إليهم التصرف والتدبير كغلاة القبوريين، فهؤلاء تكلم الناس في كفرهم وشركهم وضلالهم، والمعروف المتفق عليه عند أهل العلم، أن من فعل ذلك ممن يأتي بالشهادتين، يحكم عليه بعد بلوغ الحجة بالكفر والردَّة ولم يجعلوه أصلياً..) صيانة الإنسان ٤٤٥، أصل هذه المقالة للشيخ عبداللطيف بن عبدالرحمن انظر مصباح الظلام ص ٣٢،٢٢

دەڵێت : ئەما قەولی ئەو درۆزنەی دەڵێ شێخ محمد ولّاتانی موسڵمانانی بەولّاتانی کافری ئەصڵی داناوە ئەمە درۆ و بوهتانە شتی وا نەهاتووە و نەوتراوە،

نەمزانیوە هیچ یەکێ لەموسڵمانانیش شتی وایان وتبێت چ جای لە ئەهلی عیلم و دین، بەڵکو هەموان کۆدەنگن کە ولّاتی موسڵمانان حوکمی ئیسلامی هەیە لەهەموو کات و شوێنێ ، بەڵکو خەڵکی دەربارەی ولّاتی موشریکان قسەیان کردوە کە پێغەمبەران و فریشتە و پیاوچاکان دەپەرستن، دەیانکەنە هاوتا و هاوبەشی خوای رب العالمین تەصەرۆف و بەڕێوەبەردن دەدەنە پاڵیان وەکو غولاتی قەبرپەرستەکان ئەمانە خەڵکی قسەیان لەسەر کوفر و شیرك و گومڕاییەکانیان کردوە ئەمەش زانراوە و ئەهلی عیلم کۆکن لەسەر ئەوەی هەرکەسێ ئەو کوفر وشیرکانە ئەنجام بدات لەوکەسانەی شایەتمان دێنن ئەوا

دوای گەیشتنی حوجە پێی حوکم دەدەن بەسەریا بەکافر و مورتەد نالێن کافری ئەصلیە. "

17- **زانای پایەبەرز أبو المعالي محمود شكري الألوسي،**

یەکێکە لە گەورە پشتیوانانی بانگەوازەکەی شێخ محمدی کوری عبدالوهاب لە عێراق وەلامێکی بەناوبانگی لەسەر النبهاني هەیە و دەڵێت: (والذي تحصل مما سقناه من النصوص: أن الغلاة ودعاة غير الله وعبدة القبور إذا كانوا جهلة بحكم ما هم عليه، ولم يكن أحد من أهل العلم قد نبههم على خطئهم فليس لأحد أن يكفرهم، وأما من قامت عليه الحجة وأصر على ما عنده واستكبر استكباراً، أو تمكن من العلم فلم يتعلم فسنذكر حكمه في الآتي..) "غاية الأماني في الرد على النبهاني ١/٣٦"

دەڵێت: دوای ئەوەی ئەو دەقانەمان باسکرد: غولاتەکان و ئەوانەی بانگکەرانی غەیری اللەن و قەبر پەرستەکان ئەگەر نەزان بن بەحوکمی ئەو کارانەی دەیکەن وە هیچ یەکێ لە زانایان نەبوبێت ئاگاداریان بکاتەوە لەسەر هەڵەکانیان بۆ هیچ کەسێك نیە تەکفیریان بکات، بەڵام ئەگەر کەسێك ئیقامەی حوجەی لەسەرکرابێت و هەر سوور بێت لەسەر ئەو کوفر و شیرکانەی هەیەتی و لوتبەرزی بکات، یان توانای فێربوونی هەبێت و خۆی فێرنەکات ئەوا دواتر حوکمی باس دەکەین."

18- ئیمام ابن قودامه

دەڵێت :" (وكذلك كل جاهل بشيء يمكن أن يجهله، لا يحكم بكفره حتى يعرف ذلك وتزول عنه الشبهة ويستحله بعد ذلك).

دەڵێت: بەهەمان شێوە هەموو جاهیلێك بەشتێك مومكین بێت نەزانین تیایدا ئەوا بەهۆی ئەو نەزانینەوە حوكمی كوفر نادرێت بەسەر خاوەنەكەی تاكو بۆی ڕوون دەكرێتەوە و شوبهەكانی دەڕەوێنرێتەوە و حەڵاڵی دەكات."

هەروەها پێشەوا ابن قدامة له المغني دەڵێت :" من اعتقد حل شيء اجمع على تحريمه وظهر حكمه بين المسلمين وزالت الشبهة فيه للنصوص الواردة فيه، كالحم الخنزير والزنى، وأشباه هذا مما لا خلاف فيه كفر، وإن استحل قتل المعصومين وأخذ أموالهم بغير شبهة ولا تأويل فكذلك، وإن كان بتأويل كالخوارج فقد ذكرنا أن أكثر الفقهاء لم يحكموا بكفر ابن ملجم مع قتله أفضل الخلق في زمنه متقرباً بذلك، وكذلك يخرج في كل محرم استحل بتأويل مثل هذا، وقد روي أن قدامة بن مضعون شرب الخمر مستحلاً لها فأقام عمر عليه الحد ولم يكفره، وكذلك ابو جندل بن سهيل وجماعة معه شربوا الخمر بالشام مستحلين لها مستدلين بقول الله تعالى(ليس على الذين آمنوا وعملوا الصالحات جناح فيما طعموا) فلم يكفروا وعرفوا تحريمها وتابوا وأقيم عليهم الحد،

فيخرج فيمن كان مثلهم حكمهم، وكذلك كل جاهل بشيء يمكن أن يجهله لا يحكم بكفره حتى يعرف ذلك وتزول عنه الشبهة ويستحله بعد ذلك."

دەڵێت: " هەرکەسێك باوەڕی وابێت شتێك حەڵاڵە کە ئیجماع هەبێت لەسەر حەرام بوونی و حەرام بونەکەشی لەناو موسڵمانان بڵاوبوبێتەوە و شوبهەکانیش لەسەری ڕەوابێتەوە وەکو حەرام بونی گۆشتی بەراز و زینا و هاوشێوەکانی ئەمانە خیلاف نیە لەسەر حەڵاڵکردنی لەحاڵەتێکی ئاوادا کوفرە، بەهەمان شێوە خوێن و ماڵی کەسانی پارێزراو حەڵاڵ بکات بەبێ تەئویل ئەمیش کوفرە، بەڵام ئەگەر بەتەئویل بوو وەکو خەوارج ئەوا زۆربەی شەرع زانان حوکمی کوفریان نەدا بەسەر ابن ملجم کاتێ باشترین کەسی سەردەمی خۆی کوشت بەمەبەستی نزیك بونەوە لەخوا کە ئیمام عەلی بوو، بەهەمان شێوە هەرکەسێك حەرامێك حەڵال بکات بەتەئویل کافرنابێت، هەروەك ڕیوایەت کراوە قودامەی کوڕی مەزعون عارەقی حەڵاڵ کرد و ئەیخواردەوە ئیمامی عومەر حەدی لێدا و تەکفیری نەکرد، بەهەمان شێوە ابو جندل و هاوڕێ کانی لەشام عارەقیان ئەخوارد و حەڵاڵیان کردبوو بەبەڵگەی ئەم ئایەتە(ليس على الذين آمنوا وعملوا الصالحات جناح فيما طعموا) لەگەڵ ئەمەشدا تەکفیرنەکران بەڵکو حەرامی عارەقیان بۆ ڕوون کرایەوە و تەوبەیان کرد و حەدیان لێ درا، هەرکەسێکیش وەکو ئەوان بێت هەمان حوکم وەرئەگرێت، بەهەمان شێوە هەموو کەسێکی جاهیل شتێ نەزانێ و کە

مومكين بێت نەزانينى ئەوا حوكمى كافربوون نادرێت بەسەريدا تاكو بۆى ڕوون ئەكرێتەوە و شوبهەكانى ئەڕەوێنرێتەوە پاش ئەوە ئەگەر حەڵاڵى كرد ئينجا كافر ئەبێت ".

19- ئيمامى نەوەوى

دەڵێت :" وكذلك الأمر في كل من أنكر شيئًا مما أجمعت الأمة عليه من أمور الدين، إذا كان علمه منتشراً، كالصلوات الخمس، والصوم شهر رمضان، والاغتسال من الجنابة، وتحريم الزنا والخمر، ونكاح ذوات المحارم، ونحوها من الأحكام، إلا أن يكون رجلاًحديث عهد بالإسلام ولا يعرف حدوده، فإذا أنكر شيئاً منها جهلاً به لم يكفر "(شرح صحيح مسلم ١/٢٠٥) بەهەمان شێوە بابەتەكە لەهەموو شتێك ئاوايە هەركەسێ ئينكارێ شتێك بكات كە ئوممەت ئيجماعى لەسەر بێت لەبابەتەكانى دين، ئەگەر عيلمى ئەو شتە بڵاوبێت لەناو خەڵكى وەكو پێنج نوێژەكان و ڕۆژووى مانگى ڕەمەزان و خۆشۆرين لەجەنابەت و حەرام بونى زينا و عارەق و نيكاحى مەحرەمەكان هاوشێوەى ئەم حوكمانە تەنها ئەگەر پياوەكە تازە موسڵمان بوبێت سنورەكانى ئيسلام نەزانێ بەنەزانى ئينكارى شتێ بكات لەوانە ئەوا كافر نابێت."

تێبينى : كەس نەيات بڵێت ئيمامى نەوەوى تەنها مەبەستى لەفەڕائيز و ئەحكامەكانە و ئەم قسەيە بابەتەكانى تەوحيد و شيرك ناگرێتەوە ئەم فەهمە

سەقەتەی ئێوە هی مێشکی پوچی خۆتانە چونکە ئیمامی نەوەوی سەرەتا قسەکەی بەگشتی کرد وفەرمووی [هەرکەسێ ئینکارێ شتێك بکات کە ئومەت ئیجماعی لەسەر بێت لەبابەتەکانی دین، ئەگەر عیلمی ئەو شتە بڵاوبێت] پاشان وەکو نموونە باسی پێنج نوێژەکانی و حەرام کراوەکانی کرد نەك وەکو حەصرکردن.

20- ئیمامی بوخاری

بابێکی داناوە بەناوی : (باب قتل الخوارج والملحدين بعد إقامة الحجة عليهم) وقول الله تعالى (وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُضِلَّ قَوۡمَۢا بَعۡدَ إِذۡ هَدَىٰهُمۡ حَتَّىٰ يُبَيِّنَ لَهُم مَّا يَتَّقُونَۚ)[سورة التوبة 115]. وكان ابن عمر يراهم شرار خلق الله، وقال: إنهم انطلقوا إلى آيات نزلت في الكفار، فجعلوها على المؤمنين.

بابێکی داناوە بەناوی : (بابی کوشتنی خەوارج و مولحیدەکان دوای ئەنجامدانی ئیقامەی حوجە لەسەریان هەروەك الله تعالى دەفەرمێت (وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُضِلَّ قَوۡمَۢا بَعۡدَ إِذۡ هَدَىٰهُمۡ حَتَّىٰ يُبَيِّنَ لَهُم مَّا يَتَّقُونَۚ) ابن عومەر بەخراپترین مەخلوقاتی خوای دەزانین، دەیوت : ئەو خەوارجانە چوونە بۆ لای ئەو ئایەتانەی لەبارەی کافرانەوە دابەزیوە ، دایان بەزاند بەسەر ئیماندارانداا.

وە ئیمامی بوخاری لە خلق أفعال العباد بەرگی یەك لاپەڕە 62 دەڵێت: وكل من لم يعرف الله بكلامه أنه غير مخلوق فإنه يعلم ويرد جهله إلى الكتاب والسُّنَّة فمن أبى بعد العلم به كان معانداً. قال الله تعالى(وما كان الله ليضل قوما بعد إذ هداهم حتى يبين لهم ما يتقون) وقوله(ومن يشاقق الرسول من بعد ما تبين له الهدى ويتبع غير سبيل المؤمنين نوليه ما تولى ونصليه جهنم وساءت مصيرا) فأما ما احتج به الفريقان لمذهب أحمد ويدعيه كل لنفسه فليس بثابت كثير من أخبارهم ربما لم يفهموا دقة مذهبه بل المعروف عن أحمد وأهل العلم أن كلام الله غير مخلوق وما سواه مخلوق وأنهم كرهوا البحث والتنقيب عن الأشياء الغامضة وتجنبوا أهل الكلام والخوض والتنازع إلا فيما جاء فيه العلم وبينه رسول الله" .

دەڵێت:" هەرکەسێ نەزانێ کەوا قورئان کەلامی خوایە ئەوا فێر دەکرێت و نەزانیەکەی بەقورئان و سونەت دەڕەوێنرێتەوە، جا هەرکەسێك دوای ئەوەی فێرکرا ملی نەدا ئەوا موعانیدە، وەك خوای گەورە دەفەرمێت[خوای گەورە هیچ قەومێ گومڕا ناکات هەتا بۆیان ڕوون دەکاتەوە ئەوەی دەبێ خۆیان بپارێزن لێی] وە دەفەرمێت[وەهەرکەسێک دژایەتی (پێغەمبەر ﷺ) بکات پاش ئەوەی کە ڕێبازی ڕاستی بۆ ڕوون بوویەوە وشوێنی ڕێگایەکی تر بکەوێت بێجگە لەڕێگای بڕواداران ڕووی وەردەگێڕین بۆئەو ڕێبازەی کەهەڵی بژاردووە و دەیخەینە دۆزەخ ئای چ پاشەڕۆژێکی خراپە] بەڵام

ئەوەی ئەو دوو تاقمە دەیکەنە بەڵگە بۆ مەزهەبی ئەحمەد زۆربەی ئەو ووتانە سابت نەبووە، یاخود بەوردی لەمەزهەبی احمد حاڵی نەبوونە، چونکە ئەوەی زانراوە لە ئەحمەد و ئەهلی عیلم ئەوەیە کەلامی خوا مەخلوق نیە بەڵام غەیری کەلامی خوا مەخلوقە وە ئەهلی عیلم پێیان باش نەبوو گەڕان بەدوای شتە نامۆکان و بەپێویستیان زانیوە خۆبەدورگرتن لەئەهلی کەلام و موناقەشەکردن تەنها لەشتێ نەبێت عیلم دەربارەی هاتبێت وپێغەمبەر ڕوونی کردبێتەوە ".

21- إبن قتيبة

لە تەعلیقیدا لەسەر فەرموودەی ئەو پیاوەی وەسێتی کرد کە مرد بیسوتێن دەڵێت: " ئەمە پیاوێ بوو باوەڕی بەخوا بوو و لێی دەترسا، بەڵام سیفەتێ لەسیفەتەکانی خوای نەدەزانی وا گومانی کرد ئەگەر بیکەن بەخۆڵەمێش و بیدەن بەدەم بایا ئەوا لەخوا وون دەبێت-خواش لێی خۆشبوو بەهۆی ئەوەندە ناسینەی هەیبوو وە بەهۆی ئەو ترسانەی هەیبوو لەسزاکەی، سەرەڕای نەزانینی بەسیفەتێ لەسیفەتەکانی، چونکە ئەشێ کۆمەڵێ لەموسڵمانان غەلەط بکەن لەسیفەتێ لەسیفەتەکانی خوا و بڕیاری چوونە ناو ئاگریشیان لەسەر نەدرێت، بەڵکو کاروباریان دەسپێردرێت بەو خوایەی زاناترە پێیان و بەنیەتەکانیان، وە هەرکەسێك باوەڕی بە بەم باوەڕە کوفریە هەبێت بەنەزانی، حوکمی کوفر نادرێت بەسەری، کاری حەواڵەی

پەروەردگاری دەکرێ و ئەشێ لێی خۆشبێ بەهۆی بوونی بەڵگەی تری ئیمانی کە بەڵگەن لەسەر ئیماندار بونی، ڕاست نیە تەکفیرکردنی خەڵکانی جاهیل و خاوەن تەئویل، هەرکەسێك کاری وابکات پێچەوانەی ئیجماعی موسڵمانانی کردوە، موسڵمان لە ئیسلام دەرناچێت تەنها بەنکۆڵی کردن نەبێت لەو شتەی ئیجماعی ئومەتی لەسەرە، تەنانەت ئەم نکۆڵیکارەش حوکمی کوفریش نادرێت بەسەری تەنها دوای گەیشتنی ئەو ئیجماعە نەبێت بەڕێگایەکی ڕاست و دروست."

22- قاضي عياض

دەربارەی کەسێك ئینکاری دەکات لەشتێك کە لەقورئاندا هاتووە دەڵێت :" بەهەمان شێوە کافر دەبێت کەسێك ئینکاری شتێك بکات کە لەقورئاندا بەدەق هاتبێت دوای ئەوەی عیلمی هەبێت بەوەی لەو قورئانەدا هەیە کە بەدەستی موسڵمانانە کافر دەبێت ئەگەر نەزان نەبێت بەو دەقە یان تازە موسڵمان بوو نەبێت. " الشفا بەرگی 2 لاپەڕە 139

23- الدهلوي

لەبارەی ئەو پیاوەی فەرمانی کرد کە مرد بیسوتێنن دەربارەی بیانووی نەزان دەڵێت : هەموو ئینسانێ موکەلەفە لەسەر ئەوەی لەتوانایدایە، ئەمەش بەپێی ئەوەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم گێڕاوێتیەوە دەربارەی ئەو پیاوەی زیادەڕەوی کرد لەسەر نەفسی خۆی و ئەمری کرد کەسوکارەکەی بیسوتێنن و خۆڵەمێشەکەی نیوەی بدەم بەدەم بایا لەترسی ئەوەی خوا زیندووی بکاتەوە، دەیزانی خوا توانای تەواوی هەیە، بەڵام توانای تەنها لە ممکنات هەیە ئەوانەی لەدەسەڵاتی عەقڵ دایە، بەڵام ئەوانەی ممتنعات ه و لەدەسەڵات نیە زاهیرەن وەك ئەوەی بکرێتە خۆڵەمێش و بدرێت بەدەم بەیا توانای نیە زیندووی بکاتەوە، بۆیە خوای گەورەش بەوەندە عیلمەی هەیوو ئەو پیاوە دەربارەی خوا مامەڵەی لەڵ کرد و بەکافر دانەنرا ." حجة البالغة لاپەڕە 61

24- ئیمام ابن حجر العسقلاني

دەڵێت:" هەرکەسێك دان بنێت بەنوێژ بەڵام ئینکاری زەکات بکات یان مەنعی زەکاتدان بکات وباوەڕی پێی بێت، ئەوانەی ئینکاری دەکەن بەحەقیقەت ناوی کافریان لێ ناون بەڵام ئەوانەی تەنها مەنعی دەکەن بەمەجاز ناوی کوفریان بەسەرداون وەکو زۆرینە، ئەبو بەکری صدیق لەبەر ئەوە قیتالی

لەگەڵ کردن و بیانووی نەزانی پێ نەدان چونکە ئەوان دەستپێشخەری جەنگیان کرد، ئەویش جەنگا بەرامبەریان کە سەرەتا بانگی کردن بگەڕێنەوە کە نەگەڕانەوە ئەوجا قیتالی کردن." لاپەڕە 277

وە لە لاپەڕە 280 دەڵێت :" ئەوانەی دەستگرتوون بەئەصڵی ئیسلام بەڵام مەنعی زەکاتیان کرد بەهۆی شوبهەیەك ئەوا پێش ئیقامەی حوجە حوکمی کوفر نادرێت بەسەریان. چونکە صەحابە خیلافیان هەبوو لەبارەی ئەو کەسانە دوای ئەوەی دەسەڵاتیان گرت بەسەریان جیاوازبوون ئایا ماڵەکانیان بکرێت بەغەنیمەت و ژن و منداڵەکانیان بکەن بەکۆیلە وکەنیزەك یان وەکو بوغاة مامەڵەیان لەگەڵ بکەن ؟ ئەبو بەکر بۆچوونی یەکەمی هەبوو و کاری پێکرد، بەڵام عومەر مشتومڕی لەگەڵ کرد بۆچوونی دووەمی هەبوو، پاشان کار لەسەر یەکەم بۆچوون جێگیربوو لەخیلافەتی ئەبو بەکر و ئیجماعی لەسەر ئەوە هاتە کایەوە کە هەرکەسێ ئینکاری بکات لە فەڕیزەتێ لە فەڕزەکان بەهۆی شوبهەیەك، داوای گەڕانەوەی لێ ئەکرێت، بەڵام ئەگەر شەڕی کرد ئەوا شەڕی لەگەڵ دەکرێت و ئیقامەی حوجەی لەسەر دەکرێت ئەگەر گەڕایەوە باشە ئەگەر نەگەڕایەوە ئەوا وەکو کافران مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت."

25-ئیمامی شاطبي

دەڵێت: - خوای گەورە سزای هیچ کەسێك نادات پێش ئاگادارکردنەوە، بەڵگەش لەسەر ئەمە هەواڵی اللە تعالی یە لەسەر خودی خۆی کە دەفەرمێت: (وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّىٰ نَبْعَثَ رَسُولا)[سورة الإسراء 15].عادەتی خوا بەو شێوەیە ڕۆیشتوە لەگەڵ دروستکراوەکانی کە بەهۆی سەرپێچیەوە نایانگرێت تەنها دوای ناردنی پێغەمبەران نەبێت جا کە ئیقامەی حوجەیان لەسەرکرا(فمن شاء فليؤمن ومن شاء فليكفر). الموافقات (3/377).

26- الشيخ عبد الرحمن السعدي

زانای پایەبەرز عبدالرحمن السعدي دەڵێت:" ما ذكرت من دلالة الكتاب والسنة والإجماع، على أن دعاء غير الله والاستغاثة به شرك وكفر مخلد في النار، فهذا لا شك فيه، ولا ريب، وما ذكرته من مساواة جهلة اليهود والنصارى وجميع الكفار الذين لا يؤمنون بالرسول ولا يصدقونه بجهلة من يؤمن بمحمد – صلى الله عليه وسلم - ، ويعتقد صدق كل ما قاله في كل شيء ويلتزم طاعته، ثم يقع منه دعاء لغير الله وشرك به، وهو لا يدري ولا يشعر أنه من الشرك، بل يحسبه تعظيما لذلك المدعو، مأمور به.

وما ذكرته من مساواة بين هذا وبين ذاك، فانه خطأ واضح، دل عليه الكتاب والسنة وإجماع الصحابة والتابعين لهم باحسان على التفريق بين الأمرين، فإنه من المعلوم من الدين بالضرورة كفر جهال اليهود والنصارى وجميع أصناف الكفار، وهذا أمر لا يمكن انكاره.

وأما من كان مؤمنا بالرسول، ومصدقا له في كل ما قاله، وملتزما لدينه، ثم وقع منه خطأ في الاعتقاد أو القول والعمل، جهلا أو تقليدا أو تأويلا، فإن الله يقول: (ربنا لا تؤاخذنا إن نسينا أو أخطأنا) [البقرة: 286]. عفي عن أمته الخطأ والنسيان وما استكرهوا عليه، في المقالة والاعتقاد وإن كان كفرا.

ويقال: من اعتقدها أو عمل بها، فهو كافر، لكن قد يقع ويوجد مانع في بعض الأشخاص يمنع من تكفيره لعدم علمه أنه كفر وشرك فيوجب لنا التوقف في إطلاق الكفر على عينه، وإن كنا لا نشك أن المقالة كفر لوجود ذلك المانع المذكور، وعلى هذا عمل الصحابة والتابعين في البدع، فإن البدع التي ظهرت في زمانهم كبدعة الخوارج والمعتزلة والقدرية ونحوهم مشتملة على رد النصوص من الكتاب والسنة وتكذيبها وتحريفها، وذلك كفر، لكن امتنعوا من تكفيرهم بأعيانهم، لوجود التأويل فلا فرق بين تكذيب الخوارج لنصوص الشفاعة وتكذيبهم للنصوص الدالة على إسلام وإيمان أهل الكبائر، واستحلالهم لدماء الصحابة والمسلمين، وتكذيب المعتزلة بالشفاعة لأهل الكبائر، ونفي القدر

والتعطيل لصفات الله، وغير ذلك من مقالاتهم، وبين تأويل من أجاز دعاء غير الله والاستغاثة به.

وقد صرح شيخ الاسلام في كثير من كتبه، كرده على البكري والإخنائي وغيرهما حين ذكر وقوع مثل هذه الأمور من بعض المشايخ المشار اليهم، فذكر أنه لا يمكن تكفيرهم لغلبة الجهل وقلة العلم بآثار الرسالة، حتى تبين لهم الحجة التي يكفر منكرها، وكلامه معروف مشهور، فاتضح لنا من ذلك ان من وقعت منه مثل هذه الأمور جهلا وتقليدا، أو تأويلا من غير عناد، أنه لا يحكم بتكفيره بعينه وإن كانت هذه الأمور الواقعة منه كفرا، للمانع المذكور... الفتاوى السعدية – باب: حكم المرتد. (ص: 443-447) ط: دار المنهاج – مصر .

دەڵێت : ئەوەی باست کردوە لەبەڵگەبوونی کیتاب وسونەت و ئیجماع لەسەر ئەوەی پاڕانەوە لەغەیری أللە و داواکردنی فریاکەوتن لەغیری أللە شیرکە و کوفرە خاوەنەکەی لەئاگر بەهەتاهەتایی دەهێڵێتەوە لەئاگر، ئەمە گومانی تێدانیە، بەڵام ئەوەی دەیڵێیت کە جیاوازی نیە لەنێوان جاهیلەکانی یەهود و نەصاری و هەموو کافران کە ئیمانیان نیە بەپێغەمبەر و باوەڕیان پێی نیە لەگەڵ ئەو جاهیلانەی ئیمانیان هەیە بە موحەممەد صلى الله عليه وسلم و باوەڕیان بەهەموو ئەو فەرموودانە هەیە کە فەرمویەتی و پابەندن بەگوێڕایەڵی کردنی، پاشان توشی پاڕانەوە دەبن لەغیری أللە وشیرك بڕیار ئەدەن بەڵام

نازانن و ئاگایان لێ نیە لەو کارەیان کە شیرکە وا دەزانن ڕێز و بەگەورەدانانی ئەو پیاو چاکەیە و فەرمانیان پێکراوە.

بۆیە ئەوەی باسی دەکەیت لەیەکسان کردنی جاهیلەکانی یەهود و نەصاری و کافران لەگەڵ جاهیلەکانی ئومەتی ئیسلام یەکسان کردن لەنێوانیان هەڵەیەکی ئاشکرایە بەبەڵگەی قورئان و سونەت و ئیجماعی صەحابە و تابیعین جیاوازی هەیە لەنێوان کافرانی ئەصڵی و موسڵمانانی مونتسیب بۆ ئیسلام، چونکە بەزەڕوڕەتی دین زانراوە کافربونی جاهیلەکانی یەهود و نەصاری و هەموو کافرانی تر، ئەمە شتێکە نکۆڵی لێ ناکرێت.

بەڵام کەسێك کە ئیمانی هەبێت بە پێغەمبەر، هەرچی ئەو پێغەمبەرە ئەیڵێت بەڕاستی ئەزانێت و پابەندە بەدینەکەی پاشان توشی هەڵەیەك دەبێت لە عەقیدەی یان لەقەولی یان لە عەمەلی بەهۆی جەهل یان بەهۆی تەقلید یان بەهۆی تەئویل ئەوا خوای گەورە لەبارەیەوە دەفەرمێت (ربنا لا تؤاخذنا إن نسينا أو أخطأنا) [البقرة: 286].هەربۆیە لێی بوران هەیە بۆ ئومەتەکەی موحەمەد صلى الله عليه وسلم لەهەڵەکردن لە لەبیرچوون و لە زۆرلێکردن چ لە گوفتاربێت یان لە بیروباوەڕبێت ئەگەرچی کوفریش بێت.

کەسێك کوفری عەقیدەیی هەبێت یان کوفری کردەیی ئەوا کافرە، بەڵام ئەشێت بەربەستێك هەبێت لەهەندێ لەکەسەکان ڕێگربێت لە کافربوونی وەك ئەوەی عیلمی نەبێت ئەو کارە کوفرە و شیرکە، ئەوکاتە پێویستە لەسەرمان

بوەستین لەتەکفیرکردنی کەسی ئاوا بەدیاریکراوەیی، ئەگەرچی گومانمان نیە لەوەی خودی قسەیە یان ئەو کردەوەیە کوفرە، بەڵام کەسەکە کافرنیە بەهۆی بوونی ڕێگرێك، بەپێی ئەم قاعیدەیە صەحابە و تابیعین مامەڵەیان کردوە لەگەڵ ئەهلی بیدەع چونکە ئەو بیدعانەی لەسەردەمی صەحابە و تابیعین سەریهەڵدا وەکو بیدعەی خەوارج و موعتەزیلە و قەدەریە و هاوشێوەکانیان ناوەڕۆکی ئەو بیدعانە بریتی بوون لە ڕەت کردنەوە و بەدرۆ دانان و تەحریف کردنی دەقەکانی قورئان و سونەت ئەمەش کوفرە،

بەڵام صەحابە و تابیعین ڕێگربوون لەوەی بەدیاریکراوەیی تەکفیریان بکەن، بەهۆی بوونی تەئویل، هیچ جیاوازیەك نیە لەنێوان بەدرۆ دانانی دەقەکانی بوونی شەفاعەت لەڕۆژی قیامەت لەلایەن خەوارجەوە هەروەها لەگەڵ بەدرۆ دانانی ئەو دەقانەی موسڵمان بوون جێگیردەکەن بۆ کەسی خاوەن تاوانی گەورە لەلایەن خەوارجەوە، کەبەهۆیەوە خوێنی صەحابە و موسڵمانانیان حەڵاڵ کردبوو،هەروەها موعتەزیلە ئەو دەقانەی ئەو دەقانەیان بەدرۆ دا ئەنا کە باس لە جێگیرکردنی شەفاعەت دەکەن بۆ خاوەنی گوناحی گەورە و ئەو دەقانەی کە سیفاتەکانی خوای تێدایە لەکاریان دەخست و نەفی قەدەریان دەکرد ئەم تەئویلە هیچ جیاوازیەکی نیە لەگەڵ ئەوانەی بەتەئویل پاڕانەوە لەغەیری ٱللَّه و داواکردنی فریاکەوتن بەجائیز دا ئەنێن.

هەربۆیە شێخی ئیسلام ابن تەیمیەش لەزۆربەی کتێبەکانی بەڕاشکاوی ئاوای

فەرمووە کاتێ ڕەدی بەکری و ئەخنائی داوەتەوە کە ئاماژەی بەو داوە ئەو شێخانەش توشی هەمان کار و گوفتاری کوفری بوونە و فەرمویەتی ناکرێت تەکفیر بکرێن بەهۆی زاڵ بوونی جەهل و کەمی عیلم بە شوێنەواری ڕیسالە، تا ئەوکاتەی حوجەیان بۆ ڕوون ئەکرێتەوە، هەربۆیە قسەکانی شێخی ئیسلام ناسراوە و بەناوبانگە، هەربۆیە لەمەدا بۆمان دەرەکەوێت کە هەرکەسێك ئەم کار و گوفتارە کوفریانەی لێ بەدیاربکەوێت بەهۆی جەهل و تەقلید یان بەهۆی تەئویل نەك بەهۆی کەلەڕەقی ئەوا بەدیاریکراوەیی حوکمی کافربونی نادرێت ئەگەرچی ئەوکارەشی ئەنجام دابێت بەهۆی بوونی ئەو ڕێگرەی باسمان کرد.".

27-الشيخ عبدالرزاق العفيفي

پرسیارکرا لە شێخ عبد الرزاق عفيفي دەربارەی قبوریەکان ئەوانەی ئیعتیقادیان بەمردوەکان هەیە و داوایان لێ دەکەن لەوەڵامدا دەڵێ : " هم مرتدون عن الإسلام إذا أقيمت عليهم الحجة ، وإلا فهم معذورون بجهلهم ، كجماعة الأنواط " انتهى من "فتاوى الشيخ عبد الرزاق عفيفي" ص 371.

دەڵێت: ئەو قەبوریانە هەڵگەڕاوەن لە ئیسلام ئەگەر ئیقامەی حەجەیان لەسەرکرا، بەڵام پێش ئیقامە حوجە عوذریان هەیە بەنەزانیان، وەك کۆمەڵی ذات أنواط."

28- **ئوسامه بن لادن**

ئوسامه بن لادن دەڵێت:-

"مەنهەجی ئەهلی سوونه و جەماعه ئەوەیه هەرکەسێ داخلی ئەم دینه بوو بەیەقین لێشی دەرناچێت تەنها بەیەقین نەبێت، بۆیه ئەصڵ لەموسڵمانان ئەوەیه موسڵمانن، جائیز نیه بۆ خەڵکی تەکفیریان بکات چونکه ئەمه مەنهەجی خەواریجه لاحول ولاقوة الا بالله، جا هەرکەسێك قورئان و سونەت تەکفیری کرد ئێمەش تەکفیری ئەکەین وەك ئەوانەی دەقی قورئان هەیه لەسەر کافربونیان وەکو فیرعەون و ئەبو جەهل ئەمه بڕاوەتەوه هەرکەسێ تەکفیریان نەکات ئیمانی نیه، بەڵام ئەو موسڵمانانەی هەڵوەشێنەرەوەیەکی ئیسلام ئەنجام ئەدەن لەمەدا بابەتەکه هەستیاره و ورده، چونکه هەندێك جار موسڵمان کارێکی کوفری دەکات بەڵام کافر نابێت، بەهۆی جەهل یان هەندێك زۆرلێکردن،وەشێخ محمدی کوڕی عەبدلوەهاب ڕەحمەتی خوای لێبێت کاتێك تەکفیری هەندێك لەکاربەدەست و دەسەڵاتداری سەردەمی خۆی کردبوو که حوکمیان دەکرد بەغەیری شەرعی خوا، بەڵام هەندێ لەخەڵکی هەبوون له ئەهلی عیلم دیفاعیان ئەکرد له کاربەدەستەکانیان شێخ محمدیش وەڵامی ئەدانەوه و پێی ئەوتن کەمترین حاڵی ئەو کەسانەی دیفاع ئەکەن لەو کاربەدەستانه فاسقن، کەواته لەنێوان فاسق بوون و کافربوون بۆشاییەکی زۆر هەیه بۆیه لەخوا بترسن و وازبێنن لەتەکفیرکردن، خۆتان

مەشغوڵ بکەن بەدوعا و زۆر زیکرکردنی خوا و شوکری نیعمەتەکانی بکەن، تاکاتێ گەیشتین بەلیقای خوا ، خوا لێمان ڕازی بێت."کۆتایی هات قسەکەی.

پاشان أسامة بن لادن دەڵێت : (.. وإياكم ثم إياكم فإن تكفير الناس من الذنوب العظام، فإن كان المتكلم من أهل العلم ويعرف الضوابط في التكفير فلا بأس يتكلم بذلك ويبين لإخوانه، فهذه مسائل دقيقة لا يتيسر لعامة الإخوة أن يتعلموها ويتخصصوا فيها)

دەڵێت "ئاگادارین لەتەکفیردنی خەڵکی چونکە تەکفیرکردنی خەڵکی لەتاوانە زۆرگەورەکانە، بەڵام ئەگەر کەسەکە لە ئەهلی عیلم بێت و زەوابیتەکانی تەکفیر شارەزابێت کێشە نیە قسەی تیابکات بۆ براکانی ڕوونی بکاتەوە بابەتی تەکفیر بابەتێکی وردە زۆربەی برایان ناتوانن فێری بین و پسپۆڕیان هەبێت تایدا"

29- عطية الله الليبي

دەڵێت : (المعيَّن لا يُحكَم عليه بالكفر إلا إذا علمنا وجود شروط انطباق الحكم عليه وانتفاء موانعه، وهذا يعرفه العلماء، وأما العامة ومَن لا مدخل لهم في العلم، فيُنهَوْن عن الخوض في تكفير أحدٍ ممن تكفيرُهم اجتهاديّ استدلاليّ، بل

هو عملُ أهل العلم، والعاميّ غير المتخصص في العلم يقول: لا أعلم اسألوا العلماء، هذا واجبه) .

دەڵێت" کەسی دیاریکراو حوکم نادرێت بەسەری بەکافربون تەنها کاتێك نەبێت کەبزانین مەرجەکانی دابەزاندنی حوکمەکە لەسەری جێبەجێ بوە و کۆسپەکانی بەردەمی لابراوە، ئەمەش زانایان دەیزانن، بەڵام خەڵکی عەوام کە عیلیمان نیە ڕێگریان لێ دەکرێ تەداخولی تەکفیر بکەن چونکە تەکفیر پێوستی بە ئیجتیهاد و بەڵگەیە و کاری ئەهلی عیلمە، کەسێك پسپۆڕ نەبێت لەزانستێك بڵێت نازانم پرسیار لەزانایان بکەن ئەمە واجبە لەسەری"

30- الشيخ محمد حامد الفقي

ومما جاء عن الشيخ محمد حامد الفقي في رسالة من رسائله قوله: إذا كنا لا نكفر من عبد الصنم الذي على قبر البدوي من العوام لأجل جهلهم وعدم من ينبههم، فكيف نكفر من لم يكفر ولم يقاتل؟ وكأنه يرد على من يقول: أنتم تكفرون الناس، فبعض الناس عندما يدعى إلى التوحيد وترك الشرك يقول: أنتم تكفرون الناس، فيرد عليهم ويقول: نحن لم نكفر أولئك مع أن ما يفعلونه كفر، وعذرناهم نكفرهم لأنهم جهال لم يعرفوا حقيقة الأمر. وهنا دليل على مسألة العذر بالجهل، فالذي يقع في الشرك بالله سبحانه وهو يعلم أن هذا شرك فهو كافر خارج من دين الإسلام، أما الذي يقع فيه وهو لا

يعلم ذلك، وإنما يعتقد أنه محسن وهو في حقيقة أمره مسيء في ذلك، وذلك لبعده عن العلماء وعن الأخبار الشرعية فيعذر بجهله." [العذر بالجهل في مسائل الشريعة وضوابطه]

دەڵێ: ئەگەر ئیمە تەکفیری کەسێك لەعەوام نەکەین کە ئەو بتە دەپەرستێ کەلەسەر قەبری بەدەویە لەبەرئەوەی کەنەزانن و کەس نەبوە پێیان بڵێ، ئیتر چۆن ئیمە کەسانێ تەکفیر ئەکەین کە تەکفیر ناکەن و قیتال ناکەن ؟ شێخ محمد مەبەستی وەڵامدانەوەی ئەوانەیە کە دەڵێن: ئێوە خەڵك تەکفیر ئەکەن، چونکە هەندێك لەخەڵکی کاتێ بانگ دەکرێ بۆ تەوحید و وازهێنان لەشیرك، دەڵێن ئێوە خەڵکی تەکفیر دەکەن، وەڵامیان دەداتەوەو دەڵێ : ئیمە سەرەڕای ئەوەی ئەوانە کوفر دەکەن بەڵام ئیمە تەکفیرمان نەکردون عوزرمان بۆ داناون لەبەرئەوەی جاهیلن و حەقیقەتی کارەکەیان نازانن.

شێخ حامد فەقێ دەڵێ: ئەمەش بەڵگەیە لەسەر مەسەلەی عوزر بەجەهل، ئەوکەسەی ئەکەوێتە ناو هاوبەشدانان بۆ اللە و دەزانێ ئەوە شیرکە ئەو کەسە دەرچووە لە ئیسلام، بەڵام ئەوکەسەی توشی شیرك ئەبێت و نازانێت شیرکە و وادەزانێ کارێ چاکی کردوە بەڵام لەڕاستیدا کارێکی خراپی کردوە، بەڵام لەبەرئەوەی دوورە لەزانایان و لەهەواڵە شەرعیەکان ئەوا بیانووی پێ ئەدرێت بەنەزانی."

31- العلامة محمد خليل هراس

دەڵێت: "واعلم أن هناك سمات من اتسم بها أو ببعضها فهو خارجي، أو وقعت فيما وقعت فيه الخوارج من الغلو، وذكر منها:

٥- عدم العذر بالجهل مطلقاً، و(والصواب أن الجهل قد يكون عذراً، وقد لايكون؛ ففيه تفصيل).

7- التسرع في تكفير المعين دون مراعاة لتحقق الشروط وانتفاء الموانع.

هامش شرح "العقيدة الواسطية" ص ٢٦٧

دەڵێت: بزانە چەن سیمایەك هەیە هەركەسێك تیایدا هەبێت یان هەندێكی تێدا بێت ئەوا خەوارجە، یان توشی زیادەڕەوی ببێت وەكو ئەوەی خەوارج توشیان بوو جا لەو سیما وسیفەتانە:-

5-باوەڕنەبوون بەعوذر بەجەهل ە بەڕەهایی، (صەواب ئەوەیە جەهل هەندێ جار عوذرە و هەندێ جار ئەشێت عوذر نەبێت، تەفصیلی تێدایە)

8- پەلەكردن لەكافركردنی كەسی دیاریكراو بەبێ ڕەچاوكردنی بوونی مەرجەكان و نەبوونی بەربەستەكانی."

32- العلامة محمد صديق خان

بەحەسرەتەوە باس لەتەکفیرکردنی هەندێ لە شەرع زانان دەکات لەتەکفیرکردنیان بۆ کەسانی خاوەن تەئویل دەڵێت:

" وأما قول بعض أهل العلم: إن المتأول كالمرتد، فههنا تسكب العبرات، ويناح على الإسلام وأهله بما جناه التعصب في الدين على غالب المسلمين من الترامي بالكفر، لا با بسنة ولا قرآن، ولا ببيان من الله ولا برهان " [الروضة الندية –كتاب الحدود]

دەڵێت: وتەی هەندێ لە ئەهلی عیلم: کەدەڵێن کەسی خاوەن تەئویل لەکوفردا مورتەد، ئا لێرەدا ئاهی حەسرەت هەڵدەکێشین و شیوەن دەگێڕین بۆ ئیسلام و وموسڵمانان کە چی کردوە دەمارگیری کردن لەدیندا لەزۆربەی موسڵمانان کە تۆمەتی کافربوون دەبەخشنەوە بەسەر یەکتر دوور لەبەڵگەی سونەت و قورئان و ڕوونکردنەوە لەلایەن ألله و بەبێ بەڵگە ."

33- غەزالی

دەڵێت:" ولم يثبت لنا أن الخطأ في التأويل موجب للتكفير، فلا بد من دليل عليه، وثبت أن العصمة مستفادة من قول: لا إله إلا الله قطعاً، فلا يدفع ذلك إلا بقاطع، وهذا القدر كافٍ في التنبيه على أن من بالغ في التكفير ليس عن برهان " الاقتصاد في الاعتقاد ص ٨١

دەڵێت: نەچەسپاوە لەلامان هەڵەکردن لەتەئویلدا خاوەنەکەی کافر بکات، پێویستە بەڵگە لەسەر ئەمە هەبێت، چونکە پارێزراوی جێگیربووە بۆ ووتنی لا اله الا الله بەقەتعی، ئەو پارێزراویە پاڵنادرێت تەنها بەقەتعی نەبێت، ئەوەندە کافیە بۆ ئاگادارکردنەوەی ئەو کەسەی زیادەڕەوی دەکات لە کافرکردن کە بەڵگەی لەسەر نیە. "

34- **العلامة أبو بكر جابر الجزائري**

دەڵێت: المثال الخامس: مسلم ينذر للأولياء ويذبح لهم، فيقال له في ذلك، فيدعى الجهل بعدم الجواز، هذا يأثم ويعذر بجهله ويعلم، فإن أصر فهو مشرك "رسالة من يعذر ومن لا يعذر " ص ٥٤

دەڵێ: نمونەی پێنجەم: موسڵمانێ نەزر بکات بۆ ئەولیاکان و حەیوانیان بۆ سەربڕێت، گوناجبار ئەبێت و بیانووی هەیە بەنەزانی و فێردەکرێت، ئەگەر هەر سوور بوو ئەوا موشریکە."

35- الشيخ محمد صالح المنجد

پرسیاری لێ دەکەن حوکمی کەسێك چیە بیدعەیەك ئەنجام بدات ئایا کافر دەبێت یان نا ؟

لەوەڵامدا ئەڵێت وردەکاری تیایەئەگەر بیدعەکەی بیدعەی کوفری بێت ئەوا بەدەر نیە لەدوو حاڵ:-

یەکەم: ئەگەر بزانرێت مەبەستی ڕوخاندنی بناغەکانی دینە و گومان دروست کردنە لای موسڵمانان لە ئیسلام ئەما کافربوونی بڕاوەتەوە، بەڵکو بێگانەیە لەدین و لەدوژمنانی دینە.

دووەم: ئەگەر هەڵخەڵەتێنرابێت و چەواشەکرابێت؛ ئەمە دوای ئیقامە حوجە بڕیار لەسەر کافربونی ئەدرێت.

بەڵام ئەگەر بیدعەیەکی کوفری نەبێت کافر نابێت دەمێنێتەوە لەسەر موسڵمانێتیەکەی بەڵام کارێکی گەورەی ئەنجام داوە.[موقع الاسلام سؤال و جواب]

36- الشيخ محمد بن إبراهيم آل الشيخ

دەربارەی بابەتی تەکفیری موعەین دەڵێت:" هەیە لەخەڵکی دەڵێ کەسی دیاریکراو هیچ کات نابێت تەکفیربکرێت بەڵگە دێننەوە بەهەندێ قسەی ابن تەیمیە کە بەهەڵە لێی حاڵی بوون، وا گومان ئەکەم کەس کافر ناکەن تەنها کەسێ نەبێ بەدیاریکراوەیی لەقورئاندا تەکفیرکرابن وەکو فیرعەون، بۆیە دەقەکان نایەن تەکفیری هەموو کەسەکان دیاریبکەن، دەڵێن بابی حوکمی مورتەد دەخوێنرێ بەڵام نابێ بەسەر کەس جێ بەجێ بکرێ ئەمە گومڕاییەکی کوێرانە و نەزانیەکی گەورەیە بەڵکو جێ بەجێ ئەبێ بەمەرج .

پاشان ئەوانەی وەستاون لەتەکفیرکردنی دیاریکراو دەربارەی شتانێك ڕەنگە بەڵگەکانیان شاراوە بێت، بۆیە تەکفیر ناکرێن هەتا ئیقامە حوجەیان لەسەر دەکرێت بەپێی جێگیربوون و بەڵگەبوونی، جا کاتێ بەڵگەیان بەتەواوی بۆ ڕوونکرایەوە کافر دەبێت جا دوای ئەوە تێبگات یان تێنەگات یان تێبگات و ئینکاری لێ بکا، چونکە کوفری کافران تەنها هەر عینادی نیە. بەڵام ئەوەی بەزەروڕەت زانراوە کە پێغەمبەر بەوە هاتووە بەموجەڕەد موخالەفەکردنی خاوەنەکەی پێی کافر ئەبێت پێویستی بەڕونکردنەوە نیە یەکسانە لە بنچینەکان بێت یان لە لقەکان مادام تازە موسڵمان بوو نەبێت.

بەشی سێیەم: شتانێك هەیە نامۆیە ئینسان بەو شتانە کافر نابێت ئەگەر چی دوای ئەوەی بەڵگەی لەسەر بەرپاکرا یەکسانە لە بنچینەکان بێت یان لە لقەکان

نموونەی ئەمە، ئەو پیاوەی وەسێتی کرد بۆ کەسوکارەکەی کە مرد بیسوتێنن."
[فتاوى ورسائل محمد بن إبراهيم آل الشيخ 1/60]

هەروەها دەڵێ : فإن كان يسأل من الشيخ عبدالقادر شيئا فهذا من دعاء غير الله، وطلب الحوائج من غير الله فيما لايقدر عليه إلا الله شرك أكبر بلا شك، فإذا إتضح له وبين له كلام العلماء فاصر وعاند فهو مشرك و كافر كما قال تعالى(ومن يدع مع الله إلها أخر لابرهان له به فإنما حسابه عند ربه إنه لايفلح الكافرون)سورة المؤمنون: 117،118[فتاوى ورسائل ص 113]

دەڵێ: ئەگەر دوای شتێك بكات لەشێخ عبدالقادر ئەمە داواكردنە لەغەیری خوا وە داواكردنی شتێكیش لەغەیری خوا كە تەنها لەتوانای خوادا بێت ئەو شتەت پێ بدات ئەوا شیركی گەورەیە بەبێ گومان، جا ئەگەر بۆی روونكرایەوە و وتەی زانایانی بۆ روونكرایەوە پاشان هەر سووربوو لەسەر ئەو كوفرەی و وازی نەهێنا ئەوكاتە موشریك و كافرە. هەروەك خوای تەعالی دەفەرمێت(ومن يدع مع الله إلها أخر لابرهان له به فإنما حسابه عند ربه إنه لايفلح الكافرون).

هەروەها پرسیاری لێ دەکەن دەربارەی حوکمی کەسێك کە گاڵتە دەکات بەسونەتی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لەوەڵامدا دەڵێت:

[....لكن الشخص المعين الذي يصدر منه شيء من هذا لايحكم بكفره عينا الا بشروط معروفة, فان الحكم على الشخص المعين بالكفر شيء, والحكم على القول أو العمل أنه كفر شيء آخر]فتاوى ورسائل ص 175

دەڵێت: بەڵام کەسی دیاریکراو گاڵەتەکردنێکی لەو جۆرەی لێ دەرچێت حوکم نادرێت بەکافربوونی بەدیاریکراوەیی تەنها بەمەرجە زانراوەکان نەبێت، چونکە بڕیاردان لەسەرکەسێکی دیاریکراو بەکوفر شتێکە و بڕیاردان لەسەر وتەیەك یان کردەوەیەك بەوەی کەوا کوفرە شتێکی تڕە.

37- الشيخ بكر بن عبدالله أبو زيد

دەڵێت: حوکمی مورتەدبوون و کافربوون کۆمەڵێ پێویستی و هۆکار و مەرج و بەربەستی هەیە :

مەرجە ئیقامەکردنی حوجەی ڕیسالە و لابردنی شوبهە و دووربوونی لە بەربەستەکان وەکو تەئویل و جەهل و خطأ و ئیکراهە لەهەندێ لەم بەربەستانە وردەکاری دورودرێژی تێدایە باسکراوە لەشوێنی خۆیان.

پێویستە جیاوازی کردن لەنێوان تەکفیری موتڵەق: کەبریتیە لەتەکفیرکردن بەشێوەیەکی گشتی سەبارەت بەکەسێك کە هەڵوەشێنەرەوەیەکی ئیسلام

ئەنجام ئەدات، وە لەنێوان تەکفیری موعەین، چونکە ئیعتیقاد یان قەول یان عەمەل یان شەك یان تەرك ئەگەر کوفر بەیەکێ لەمانە بێت ئەوا بەموتڵەقی کافربونی خاوەن ئەو قەول و فیعلانە دەوترێت ، بەبێ دیاریکردنی کەسی دیاریکراو، بەڵام ئەگەر کەسی دیاریکراو قەولێکی کوفری ووت یان کردەوەیەکی کوفری ئەنجامدا پێش بڕیاردانی کافرکردنی دەبێت سەیری بوونی مەرجەکان و نەبوونی بەربەستەکانی بکرێت لەسەر ئەو کەسە دیاریکراوە، جا هەرکاتێ مەرجەکان هاتنەدی و ڕێگریەکان نەمان، ئەوکاتە حوکمی کافربوونی و مورتەدبوونی ئەدرێت ، داوای تەوبەی لێ دەکرێت ئەگەر نا شەرعەن دەکوژرێت." [الابطال لنظرية الخلط بين دين الاسلام غيره من الاديان ص15]

38- الشيخ عبدالرحمن المعلمي اليماني :

زانای فەرموودەناس شێخ (عبدالرحمن المعلمي اليماني رحمه الله) لە ساڵی(1386)ی کۆچی وەفاتی کردووە، بە زەهەبی سەردەمی خۆی ناسرابوو، یەکێکە لەو زانایانەی کە زۆر بە ڕاشکاوانە وتویەتی عوزر بە جەهل لە شیرکی گەورەدا هەیە و، هەر موسڵمانێکیش بە نەزانی بکەوێتە ناو شیرکەوە، کافر نابێت و، وەسفی ئیسلام وناوی موسڵمانێتی لێ

ناسەندرێتەوە، هەتا ئیقامە حوججەی لەسەر دەکرێت.
ئەمەش هێندێك لە وتەکانییەتی لەو بوارەدا:
یەکەم:" ومن ثبت له حكم الإسلام، فالأصل بقاؤه عليه، ولا يخرج عنه إلا بحجة واضحة، وقد علمت أن من قبل الإسلام ثم جهل وأخطأ بما هو شرك قد يعذر". إشكالية الإعذار بالجهل، للعميري(56).
واتە: هەرکەسێك حوکمی ئیسلامی بۆ جێگیر بووبێت، ئەوە ئەسڵ وایە ئەم ناوەی هەر لەسەر دەمێنێتەوە و، لێی دەرناچێت ئیللا بە بەڵگەیەکی ئاشکرا نەبێت، وەهەروەها زانیشت کە هەرکەسێك ئیسلامی قەبووڵ کردبێت، پاشان بە نەزانی یان بە هەڵە شیرکێکی ئەنجامدابێت، هێندێك جار عوزری بۆ هەیە.
دووەم:" ليس كل ما ثبت في العمل أنه كفر أو شرك، ثبت أن كل من عمله يكون كافرا أو مشركا، بل ربما يكون العمل كفرا أو شركا، ويكون بعض عامليه من أولياء الله عزوجل؛ لأنه كان معذورا في عمله". إشكالية الإعذار بالجهل (56).
واتە: هەر کردەوەیەك جێگیر بووبێت کە کوفرە یان شیرکە، ئەوە مەرج نییە کە هەرکەسێك ئەنجامی بدات پێی ببێت بە کافر یا موشرك، بەڵکو جاری واهەیە کردەوەکە کوفرە یاخود شیرکە، بەڵام هێندێك لە ئەنجامدەرەکانی دۆستانی خوان، ئەمەش لەبەر ئەوەی عوزریان هەیە لە ئەنجامدانی کارەکە.

سێیەم:" من ثبت عذره، لا يصدق عليه أنه أشرك، كما أن من تزوج امرأة لا يشعر بأن بينه وبينها محرمية، فبانت أنها أخته من الرضاع مثلا، لا يصدق عليه بأنه زنى بأخته ". إشكالية الإعذار بالجهل (56).

واته: هەرکەسێك جێگیربێت کە عوزری هەیە، ئەوە پێی ناوترێت شیرکی ئەنجامداوە، هەروەکو چۆن ئەگەر کەسێك چووە لای ئافرەتێك وهەستی نەکرد ونەیزانی کە لە نێوانی ئەو وئافرەتەکەدا پەیوەندییەك هەیە ولێی حەرامە، دوایی دەرکەوت بۆ نموونە کە خوشکی شیرییەتی، ئەوە پێی ناوترێت کە زینای لەگەڵ خوشکیدا کردووە.

39- الشيخ ابو الأعلى المودودي دەڵێت:

يجب ملاحظة قضية تكفير المسلم, والإحتياط في هذه المسألة احتياطاً كاملاً, يتساوى مع الإحتياط في إصدار فتوى بقتل شخص ما, وعلينا أن نلاحظ أن

في قلب كل مسلم يؤمن بالتوحيد ولا إله إلا الله إيماناً. فإذا صدر عنه شائبة من الشوائب الكفر فيجب أن نحسن الظن, ونعتبر هذا مجرد جهل منه وعدم فهم, وأنه لايقصد بهذا التحول من الإيمان إلى الكفر, لأنه لايجب أن نصدر ضده فتوى بالكفر بمجرد أن نستمع إلى قوله, بل يجب علينا أن نفهمه بطريقة طيبة ونشرح له ما أشكل عليه, ونبين له الخطأ من الصواب...)

(ابوأعلى المودودي- فكره ودعوته)أسعد جيلاني ص274

واته: پێویسته تێبینی بکەن لەسەر تەکفیرکردنی موسڵمان وە ئیحتیاط بکەن لەوبارەیەوە بەشێوەیەکی تەواو هاوشێوەی احتیاط کردن لەدەرکردنی فەتوا بۆکوشتنی کەسێك، وە ئەبێت تێبینی ئەوە بکەین لەدڵی هەموو موسڵمانێك کە باوەڕی بەتەوحیدی لا اله الا الله هەیە کاتێ توشی پەڵەیەك دەبێت لەپەڵەکانی کوفر، پێویست دەکات لەسەرمان گومانی باشی پێ ببەین و بەنەزانی و تێنەگەیشتنی لێك بدەینەوە بۆ ئەو موسڵمانە وباوەرمان وابێت ئەو مەبەستی ئەوە نیە لەو کوفرەی کەوا لەئیمان هەڵگەڕێتەوە بەرەو کوفر تەنها بەوەنەی کەگوێمان لەکوفرێکی بوو، هەربۆیە دەبێت تێبگەیەنین بەڕێگایەکی جوان وە بۆی روون بکەینەوە ئەوەی هەلەیە لەراستی و صەواب.

40- شێخی ئیسلام ابن تەیمیە رحمه الله دەڵێت:

فإن كثيراً من الناس أسلموا ولكن مع هذا لايحكمون إلا بالعادات الجارية لهم, التي يأمر بها المطاعون, **فهؤلاء إذا عرفوا أنه لايجوز الحكم إلا بما أنزل الله فلم يلتزموا ذلك,** با استحلوا أن يحكموا بخلاف ما أنزل الله فهم كفار, وإلا كانوا جهالاً)"منهاج السنة النبوية"(130/5)

واتە: زۆربەی خەڵکی موسڵمان بوونە بەڵام لەگەل ئەوەشدا تەنها بەعادات و تەقالیدەکانیان حوکم ئەکەن کە ئەمری پێ دەکەن لەسەر ئەوانەی گوێڕایەڵیانن، جا ئەو کەسانە **ئەگەر زانیان نابێت حوکم بکرێت تەنها بەشەرعی خوانەبێت** پاشان کەزانیان و پابەندی نەبوون بەڵکو بەحەڵاڵیان زانی حوکم کردن بەپێچەوانەی شەرعی خوا ئەوا کافرن، بەڵام ئەگەرنا ئەوا نەزانن.)

هەروەها شێخی ئیسلام دەربارەی ئەوانەی ئەحبار و روهبانەکانیان کردبوو بەخوا لەغەیری الله دەفەرمێت: حاڵی ئەوانە لەدوو بارە:

یەکەمیان: بزانن ئەوانە دینی خوایان گۆڕیوە پاشان لەو گۆڕانکاریە شوێنیان بکەون و باوەڕیان وابێت ئەوەی خوا حەڕامی کردوە حەڵاڵە و ئەوەشی خوا حەڵاڵی کردوە حەرامە بەهۆی شوێنکەوتنیان بۆ گەورەکانیان ئاوا باوەڕبکەن وە عیلمیشیان هەیە کەوا ئەو گەورانەیان پێچەوانەی دینی پێغەمبەرەکانیان کردوە، ئائەمە کوفرە، خوا و پێغەمبەرەکەشی بەشیرکیان داناوە ئەگەرچی نوێژ

سوجدەیان بۆ نەبردبن- بۆیە هەرکەسێ شوێنی غەیری خۆی بکەوێ لەپێچەوانەی دیندا و بزانێ کەوا پێچەوانەی دینە و بەحەڵاڵی بزانێ باوەڕی بەوە هەبێ نەوەك ئەوەی خوا و پێغەمبەر فەرمویانە ئەوا وەکو ئەوان موشریکە.

دووەمیان: بەڵام ئەگەر باوەڕیان بەحەڵاڵ و حەرامی خوا جێگیربێت بەڵام گوێڕایەڵی گەورەکانیان بکەن هەروەك سەرپێچیەك کەسەرپێچی خوا دەکرێ، وەك چۆن موسڵمانێ سەرپێچی دەکات لەکردنی گوناح و تاوانەکان و ئەزانێ و باوەڕی وایە گوناح و تاوانە لەم حاڵەتەدا بەگوێ کردنی گەورەکانیان حوکمی گوناح و تاوانی هەیە هەروەك سابیت بووە لەصەحیح لەپێغەمبەرەوە صلی الله علیه وسلم((إنما الطاعة فی المعروف)) وە فەرمویەتی((علی المسلم السمع والطاعة فیما أحب أو کره ما لم یؤمر بمعصیة)) وە فەرمویەتی((لاطاعة لمخلوق فی معصیة خالق)) وە فەرمویەتی((من أمرکم بمعصیة الله فلا تطیعوه)). مجموع الفتاوی(70/7).

هەروەها دەفەرمێت: (فمن قال بلسانه کلمة الکفر من غیر حاجةٍ عامداً لها , **عالماً بأنها کلمة الکفر**, فإنه یکفر بذلك ظاهراً وباطناً...)) [صارم المسلول579/3].

دەڵێ: هەرکەسێ بەزمانی وتەی کوفر بڵێت بەێ پێویستی و بەئەنقەست و **بزانێ ئەو کەلیمەیە کوفرە**، ئەوا بەروکەش و بەپەنهان کافردەبێت.

41- سوفیانی کوڕی عویەینە :

قال سويد بن سعيد الهروي رحمه الله: دەڵێ پرسیارمان کرد لە سوفیانی کوڕی عویەینە دەربارەی ئیرجاء، فەرموی: ئەوان دەڵێن: ئیمان تەنها ووتەیە.

بەڵام ئێمە دەڵێین: ئیمان ووتە و کردەوەیە.

پاشان دەڵێ: أما ترك الفرائض جُحوداً فهو كفر؛ مثل: كفر إبليس لعنه الله. وتركهم متعمداً على معرفة من غير جحودٍ, فهو كفرٌ, مثل كفر علماء اليهود, والله اعلم.[السنة لعبدالله(722)].

دەڵێ: وازهێنان لەفەرزەکان و ئینکاری لێ کردنیان کوفرە وەکو کوفرەکەی ئیبلیس لەعنەتی خوای لێ بێت.

بەڵام وازهێنان لەفەرزەکان بەئەنقەست بەزانینەوە بەبێ ئینکاری لێ کردنی ئەوا کوفرە وێنەی کوفری زانایانی جولەکە.)

منیش ئەڵێم: گومانی تیانیە لای ئەهلی سوونە ئیمان قەول و عەمەل و اعتیقادە و تاریکی عەمەل کافرە چونکە عەمەل روکنی سێیەمی ئیمانە نمونەش لەسەر کوفری تاریکی عەمەل لای ئەهلی سوونە نوێژە، وازهێنان لەنوێژ کوفرە بەبێ

بوونی نوێژ ئیمان بونی نابێ، کەواتە عەمەل-نوێژ- بابەتێکی ئصولی عەقیدەییە لای ئەهلی سوونە بەڵام کەسێ نوێژ نەکات بەنەزانی کافرنەکراوە لای ئەهلی سوونە، ئەمەش هەموو بابەتێ ئەگرێتەوە لەدیندا چونکە نوێژ و عەمەل لەئیمانە و عەقیدەییە بەبێ خیلاف، بەڵام ئەگەر کەسێکی خەوارج نا چونکە نوێژ لەفەرِائیزەکانە و لەتەوحید نیە و تەوحید بەفیترِەت ئەزانرێ.

لەوەڵامیدا ئەڵێم: ئەم جیاوازی کردن و ئەم دەرهێنانەی نوێژ لەتەوحید و عیبادەت و پەیوەست بونی بەعەقیدە لەخودی مەنهەجی ئەهلی بیدەع و مورجیئەکانە کە دەڵێن عەمەل بەشێ نیە لەئیمان و نوێژنەکەر کافرنیە، وەهەروەها ئەو قسەیەشی کەدەڵێن نوێژ لەفەرِائیزە و بەوەحی نەبێ نازانرێ، بەڵام تەوحید بەعەقڵ و فیترەت زانراوە و پێویستی بەرەسول و بەلاغ نیە! دەڵێم ئەم مەنهەجەشتان مەنهەجی ئیعتیزالە کەدەڵێن تەوحید و باوەرِ بەفیترِەت زانراوە!!

42- الإمام الحافظ قوام السنة أبوالقاسم الأصبهاني: رحمه الله ـ دەفەرموێت:

ومن تعمد خلاف أصل من هذه الأصول وكان جاهلاً لم يقصد إليه من طريق العناد فإنه لا يكفر، لأنه لم يقصد اختيار الكفر ولا رضي به وقد بلغ جهده فلم يقع له غير ذلك، وقد أعلم الله سبحانه أنه لا يؤاخذ إلا بعد البيان، ولا يعاقب إلا بعد الإنذار فقال تعالى: {وما كان الله ليضل قوماً بعد إذ هداه}

فكل من هداه الله عز وجل ودخل في عقد الإسلام فإنه لا يخرج إلى الكفر إلا بعد البيان).

واتە: هەرکەسێ بەئەنقەست پێچەوانەی ئەصڵێ لەئصولەکانی ئەهلی سونەت بکات وە جاهل بێت وەئەو پێچەوانەکردنەی لەعینادیەوە نەبێت ئەوا کافرنابێت چونکە ئەو مەبەستی هەڵبژاردنی کوفرنەبوە و بەکوفر ڕازی نەبوە بەڵکو هەموو هەوڵ وکۆششەکەی گەیاندویەتی بەوەی کەلەسەریەتی وە اللە ش فێری کردوین کە لەوکەسانە ناگرێت ئیلا پاش ڕونکردنەوە وفێرکردن نەبێت وە سزای کەسیش نادات ئیلا پاش ئاگادارکردنەوەی نەبێت اللە ـدەفەرمووێت)وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيُضِلَّ قَوْمًا بَعْدَ إِذْ هَدَاهُمْ حَتَّىٰ يُبَيِّنَ لَهُم مَّا يَتَّقُونَ ۚ إِنَّ اللَّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ) التوبَة : ١١٥ خۆ پاش ئەوەی اللە خەڵکێکی خستبێتە سەر ڕاستەڕێ، ئیتر نەبووە جارێکی تر گومڕایان بکات. ئەم ئایەتەش سەبارەت بە هەندێ لەو موسڵمانانە هاتە خوارێ کە داوای لێبوردنیان کردبوو بۆ موشریکەکان، لە پاشان ترسان کە اللە لێیان تورەبێت ئینجا ئەم ئایەتە دابەزی]حَتَّىٰ يُبَيِّنَ لَهُم مَّا يَتَّقُونَ ۚ] تا ئەو شتانەیان بۆ ڕوون بکاتەوە کە دەبێ خۆیانی لێ پارێزن بێگومان اللە بەهەموو شتێک زاناو بەئاگایە .هەرکەسێ هاتبێتە ناوئیسلامەوە لەئیسلام دەرناچێت ئیلا لەپاش ڕونکردنەوە نەبێت.[الحجة في بيان المحجة-511/2]

بەشی سێیەم

باسی یەکەم

[ئایا موسڵمانێك توشی كارێكی شیركی ببێت پێی دەوترێت موشریك پێش ئیقامەی حوجە ؟؟]

ئەوانەی دەڵێن پێی دەوترێ موشریك هەندێ زانایانی دەعوەی نەجدیە هەروەها هەندێ لەهاوچەرخەكان كەپشتیوانی ئەو مەزهەبەن، بنچینەشیان لەمەدا جیاوازی نەكردنە لەنێوان موسڵمانێ كە توشی كارێكی شیركی دەبێت لەگەڵ كافرێكی ئەصلی ، ئێمە هاوڕاین لەگەڵ ئەوەی كافری ئەصلی پێی دەوترێ موشریك پێش هاتنی دین و ئیقامەی حوجە چونكە ئیسلام وجودیە واتە بەدامەزراندن دێتە بوون بەڵام كوفر عەدەمیە واتە ئەگەر وترا كافر مەرج نیە تەنها بجود بێت بەڵكو فراوانە هەموو ئەوانە دەگرێتەوە كەنەهاتبنە نێو بازنەی ئیسلام بەڵام موسڵمانێ كاتێ توشی كارێكی شیركی ئەبێ بەنەزانی حوكمەكەی جیاوازە لەكافرێكی ئەصلی چونكە نەزانی بەهەندێ لەمەرجەكانی تەوحید واردە بەبێ گوومان.

جا برایانمان بەڵگە ئەهێننەوە بۆ سابت بونی ناوی شیرك لەحەقی موسلمانێ كاتێ توشی كارێكی شیركی ئەبێت بەنەزانی پێش ئیقامەی حوجە بەم ئایەتە (وَإِنۡ أَحَد مِّنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ٱسۡتَجَارَكَ فَأَجِرۡهُ حَتَّىٰ يَسۡمَعَ كَلَـٰمَ ٱللَّهِ ثُمَّ أَبۡلِغۡهُ مَأۡمَنَهُۥۚ ذَ ٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ قَوۡم لَّا يَعۡلَمُونَ) سورەتی تەوبە ئایەتی 9

سەرەتا پێویستە بزانین ئایەتە باس لەموشریکەکانی قوڕەیش ئەکات کە کافری ئەصلین و عیلمیان هەبوە دوای بیست ساڵ بوە لەبانگەوازی تەوحید و ئیسلام ئەم ئایەتە ساڵێ پێش حەجی ماڵئاوایی دابەزی کە ئەمر دەکات بەکوشتنیان گومانیشی تێدانیە کە ئەمر کردن بەقیتال کردنی کافران مانای ئەوەیە کەدەعوەیان پێ گەیشتوە چونکە لەوساڵەی ئەم ئایەتە دابەزی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم عەلی کوڕی ئەبوتاڵیبی نارد لەمەوسمی حەج سورەتی تەوبە بخوێنێ بسەر خەڵکی و هەموو عەرەب وە ئەو ساڵە بوو کە ئەبو بەکر حەجی کرد بەخەڵکی پێش حەجی وەداع بەساڵێ کەلەسەرەتای سوڕەتەکە ئاگاداریە لایەن خواو پێغەمبەرەوە بۆ هەموو خەڵکی کە خواو پێغەمبەر بەرین لەموشریکەکان وەهەر لەم ساڵەدا بوو بانگەوازکرا ئیتر موشریك بۆی نیە حەج بکا تەواف بکات بەڕووتی پاشان اللە تعالى ماوەی چوارمانگی دایە موشریکەکان، پاشان فەرمانی کرد بەبڕوادارانکە هەر موشریکێکیان بینی بیکوژن دوای ئەو چوارمانگە بەڵام دوای ئەم چوار مانگە حاڵەتێکی تایبەت ئەگەر ڕویدا وەک ئەوەی ئەگەر یەکێ لەموشریکەکان ویستی گوێ بگرێ لەقورئان و شارەزابێ لەئەوامیرەکانی شەرع علمی دەعوەی لەگەڵ بکرێ بۆ ڕودانی ئەم جۆرە حاڵەتە خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند (وإن أحد من المشركين استجارك ..) ئەو موشریکەی

هاتوه لەئایەتەکە دەزانێ موحەمەد صلى الله عليه وسلم ئەوا بیست ساڵە بانگەوازدەکا لەناو عەرەب بۆ لا اله الاالله و شکاندنی بتەکان و زۆرێ لەگەورەکانی قوڕیش یش بونەتە موسڵمان و زۆربەی ناوچەکانی عەرەب هاتنە ناو ئیسلام دەشزانی مەککە بووە بەداری ئیسلام وبتەکانی دەوری کەعبە ڕوخێنراوە و ئیتر موشرێك ڕێگەی حەجی پێنادرێ وەدەزانێ خوا تەبڕای کردوە لەموشریکان وەدەزانێ خوا کۆمەڵێ ئایەتی دابەزاندوە خوێن خۆی هاوپیشەکانی بەهەدەر داوە وە دەزانی هیچ هەڵبژاردەیەکی تری لەبەردەم نەماوە جگە لەموسلمان بون یان شمشێر هەربۆیە ئەم کەسە دەیەوێ ڕزگاری بێ وبگاتە لای پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم تاکو گوێی لەکەلامی رب العالمین بێ و بەڵکو ببێتە هۆی ئەوەی خوا هیدایەتی بدات بۆیە داوای ئەمان دەکات لەپێغەمبەر، منیش دەڵێم دوای ئەو هەموو ڕوداوە مەعقولە کەسێ بڵێ خوا ناوی ناوە بەموشرێك و نەزان بووە بۆیە دەڵێین ئەو عیلمەی لێردەدا نەفی کراوە عیلمی دەعوەیە نەك عیلمی حوجە –ابن كثير دەڵێت :" ﴿ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَا يَعْلَمُونَ﴾ أَيْ: إِنَّمَا شَرَعْنَا أَمَانَ مِثْلِ هَؤُلَاءِ لِيَعْلَمُوا دِينَ اللَّهِ، وَتَنْتَشِرَ دَعْوَةُ. اللَّهِ فِي عِبَادِهِ."

واتە: ئەوانە قەومێکن کەنازانن یەعنی ئێمە تەشریعی ئەمانمان کردوە بۆ

هاوشێوەی ئەوجۆرەکەسانە تاکو دینی اللە شارەزابن و دەعوەکە بڵاوببێتەوە لەناو بەندەکانی"

پاشان هەروەك ڕونمان کردەوە ئەم ئایەتە تایبەتە بەکافری ئەصلی کە بەهیچ شێوەیەک ئیسلام لەحەقیدا سابت نەبووە و بەهیچ شێوەیەك موسڵمانێك ناگرێتەوە کەتوشی کردەوەیەکی شیرکی بوبێت، چونکە موسڵمان ئەگەر کارێکی شیرکی بکات بەبێ عوزر ئەبێ ئیستیتابەی بکەی ئەگەر تەوبەی کرد باشە ئەگەر نا ئەبێ بیکوژی نایگەڕێنێتەوە بۆماڵ و شوێنەکەی خۆی هەروەکو لەم ئایەتە بۆ کافرەکە دەفەرمێت دوای ئەوەی دەعوەت لەگەڵ کرد بیگەڕێنەوە شوێنی خۆی

کەواتە هیچ پەیوەندی نیە بەوەی بەموسڵمانێکەوە بلکێنرێ کەتوشی شیرکێ بووە بەنەزانی و جیاوازیەکەیان زۆرە ئایەتەکە.

هەروەها دەڵێن هەر موسڵمانێ توشی کارێکی شیرکی بێ پێی دەوترێ موشریك بەڵام عوزر و ئیقامە حوجە بۆ ئەوکەسە پەیوەندی بەسزادانەوە هەیە واتە کاتێ ئیقامە حوجە کرا ئینجا سزا دەدرێ لەدونیا بەڵام هەر پێش ئیقامە حوجە و بۆ ڕوون کردنەوە پێی دەڵێن موشریك و نوێژی لەپشت ناکەن و ژنی پێ نادەن و سەربڕاوی دەستی ناخۆی کە کەمرد و ئیقامە حوجە نەکرابوو ئەوا هەموو حوکمەکانی موشریکان وەردەگرێ لەنەشۆرین و کفن نەکردن نەشاردنەوەی لەگۆڕستانی موسڵمانان و میرات لێ نەگرتنی !!!!

لەوەڵامی ئەم بیدعە و تەقسیماتە سەرچاوی وتەکانیان لەجیاوازی کردنیانە لەنێوان ناوی کوفر وشیرك

شیرك لە ربوبیەت : بریتیە لەوەی بیروباوەڕت وابێ لەگەڵ خوا یان لەغەیری خوا کەسێ تر هەیە خەلق دەکات و کاروباربەڕێوەدەبات لەبونەوەر.
شیرك لەئولوهیەت: بریتیە لەئەنجامدانی عیبادەت یان جۆرێ لەعیبادەت بۆ غەیری الله تعالی.

شیرك لەئەسماء و صیفات: بریتیە لەوەی باوەڕت وابێ کەسێ تر هەیە وەك خوا یان لەگەڵ خوا هاوبەش بێ لەناو سیفەت و کارەکانی.
کوفریش: دژ و پێچەوانەی وشەی ئیمانە و ناوێکی گشتیە بۆ شیرك و غەیری شیرك لە ئینکاری کردن و پشتهەڵکردن....
أبو هیلالی عەسکەری دەڵێت: " الكفر اسم يقع على ضرورب من الذنوب فمنها : الشرك بالله، ومنها الجحد للنبوة، ومنها استحلال ما حرم الله، وهو راجع إلى جحد النبوة ، وغير ذلك مما يطول الكلام فيه ، واصله تغطية"فروق اللغوية ص189

واتە : کوفر ناوێکە دەنرێت لەکۆمەڵێك گوناح لەوانە: هاوبەشدانان بۆ الله، و

نکۆڵی کردن له پێغەمبەرایەتی و حەڵاڵ کردنی حەرامەکانی اللە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نکۆڵی کردن له پێغەمبەرایەتی ، زۆرێکیتر قسەکردن تیای دڕێژەدهکێشێ، بنچینەی کوفر داپۆشینه."

هەربۆیه هەموو شیرکێ کوفره بەڵام هەموو کوفرێ شیرك نیه، کەواته هەموو موشریکێ کافره نەك هەموو کافرێ موشریک بێ بەمەش ئەصلی بیدعەکه هەڵوەشایەوه کەهاوشێوەی بیدعەی موعتەزیلەیه کەدەڵێن به مەنزیلەی بین المنزلتین ئەڵێن کەسی خاوەن گوناح لەدونیا نەکافره ونەموسڵمانه ئەمانیش وەك موعتەزیلەکان لەهەمان ئاو ئەخۆنەوه هەمان دەردیانه دەڵێن ئەو موسڵمانەی توشی شیرك بوه بوه موشریکه بەڵام کافر نیه و موسڵمانیش نیه !!!

بەڕاستی ئەمه تەئصیلێکی فاسده لەشوێنەواره فسادەکانی بەتاڵکردنەوەی ناوه شەرعیەکانه لەحوکمەکانیان یاخود دابەزاندنی کۆمەڵێ ئەحکامه کەپەیوەسته بەچەن ناوێکی شەرعی دیاریکراو لەسەر کەسانێ دایدەبەزێنن که ئەو ناوه شەرعیەن نایانگرێتەوه ئەمەش کارێکی مەترسیدار و یاریەکی ئاشکرایه بەناوه شەرعیەکان هەربۆیه دابەزاندنی حوکمەکانی پەیوەست بەکافر بەسەرکەسێك پێشی نەڵێی نەکافر لادانێکی مەنهەجی ترسناکه.

شێخ سلیمانی کوری عبداللە بن محمد بن عبدالوهاب –رحمه اللە- دەڵێت: " وإن كان يقول : أقول غيرهم كفار ، فهذا حكم منهم بإسلامهم ، إذ لا واسطة

بين الكفر والإسلام ، فإن لم يكونوا كفاراً فهم مسلمون " الدررالسنية (8/161).

واتە: ئەگەر بڵێت ئەڵێم غەیری ئەوان کافرە ئەمە حوکمدانە لەلایەن ئەوەوە بەموسڵمان بونیان، چونکە شتێك نیە لەنێوان موسڵمان بون و کافربون، چونکە ئەگەر کافرنەبن ئەوا دەبێ موسڵمان بن."

هەروەها دەڵێت :" والتعبير بأن ظاهره لا إسلام ولا كفر ، لا معنى له عندي، لأنه لابد أن يكون مسلماً جاهلاً، أو كافراً جاهلاً فمن كان ظاهره الكفر ، فهو كافر ومن كان ظاهره المعاصي ، فهو عاص ؛ ولا نكفر إلا من كفره الله ورسوله بعد قيام الحجة عليه, وأما الذي تباح ذبيحته منهم، فهو المسلم ، وأما الذي لا تباح ذبيحته ، فهو الكافر والمرتد ، وهو الذي يكفر بعد إسلامه ، بفعل ناقص من نواقض الإسلام، المخرجة من الملة وقد واضحنا حكم أعراب أهل النجد." (10/471).

واتە: ئەو دەربڕینەی دەڵێت ڕواڵەتی نە موسڵمان بونە و نەکافربوون ئەم دەربڕینە هیچ مانایەکی نیە لای من چونکە یان دەبێ موسڵمانێکی جاهیل بی یان کافرێکی جاهیل ، جا هەرکەسێ ڕواڵەتی کوفربوو ئەوا کافرە و هەرکەسێکیش ڕواڵەتی سەرپێچی کردن بوو ئەوا سەرپێچیکارە وە وەکەسیش تەکفیرناکەین کەخوای گەورە و پێغەمبەرەکەی تەکفیری نەکردبن دوای ئیقامەی حوجە کردن لەسەری تەکفیری دەکەین، وە ئەوکەسەی

سەربڕاوی دەستی حەڵاڵە لەوانە ئەوە موسڵمانە ئەوکەسەشی سەربڕاوی دەستی حەڵاڵ نیە کافر ومورتەدە ئەوکەسەیە کوفر دەکات دوای موسڵمان بون بەئەنجامدانی هەڵوەشێنەرەوەیەك لەهەڵوەشێنەرەوەکانی ئیسلام پێشتر حوکمی ئەعرابیەکانی نەجدمان ڕونکردەوە."

وە یەکێکێ تر لەبەڵگە سەیروسەمەرەکانیان ئەوەیە دەڵێن اشتیقاق لوغەی دەکەین لە ناوە شەرعیەکان، بەهۆی ئەوەی دەڵێن هەرموسڵمانێ توشی کارێکی شیرکی بێ ناوێك لەکارەکەی خۆی بەبەردا دەکرێت و پێی دەوترێ موشریك !!

لەوەڵامی ئەم شوبهەیەش دەڵێین ئەمە قسەیەکی باطڵ ە لەپێش ئێوە تەنها ئەهلی بیدەعی ئەهلی کەلام ئەم قسانەیان کردوە، هەربۆیە ناوە شەرعیەکان حەقیقەتی شەرعیان هەیە نەك زمانەوانی ، هەربۆیە هەموو کەسێ کەتوشی کارێ کوفری بوو پێی ناوترێ کافر وە فەسادی ئەم قەولەیان بەوە دەرەکەوێ غیر مطرد في كل نظائره ، واتە بەشێوەیەکی هەرکەسێ کە کارێکی کرد بەو کارەوە ناو نابرێ ، ئەگەر بڵێن ئاخر ئێمە چەن شتێکی لەوگشتێتیە دەردەهێنێن دەڵێین هیچ دەڵیل لەسەر ئەو دەرهێنان وجیاکردنەوەیە نیە ئەوەتا ئەوە ناوەکانی خوایە ناوەکانی خوا بەهۆی کارەکانی خواوەوە داناتاشرێت هەروەك ابن القيم دەڵێت :" لايلزم من الإخبار عنه بالفعل مقيدا أن يشتق له منه اسم مطلق كما غلط فيه بعض المتأخرين فجعل

من أسمائه الحسنى المضل الفاتن الماكرين تعالى الله عن قوله ."بدائع الفوائد (1/162)

واته: كاتێ خواى گەورە هەواڵمان پێ ئەدات دەربارەى خۆى بەكارێك ئەوا ئەوە ناخوازێت لەكردنى ئەو كارەى ناوێكى بۆ دابتاشين بەهۆى ئەو كارەيەوە هەروەك هەندێ لە پاشينان تيايدا بەهەڵەداچوون و هەستاون لەناوەكانى خوا ناوى مضل وماكر وفاتنيان بۆ ناوە پيرۆزەكانى خوا زيادكردوە گەورەيى بۆ خوا لەوقسەيە."

بەهەمان شێوە وەسف كردنى جيماع ، شەرعى و غەيرى شەرعيش دەگرێتەوە بۆيە ناكرێت بەتەنها بەوەى جيماعەكە ڕووى دابێت خاوەنەكەى بەزيناكار لەقەڵەم بدرێت چونكە ئەمە ناوێكى شەرعيە و مەناطاتى خۆى هەيە ، هەرناوێكى شەرعى ئەحكامى تاييەت بەخۆى هەيە، مەبەستيش لەناوە شەرعيەكان ئەو ئەحكامە تەفصيليانەيە كەپێوەى لكاوە، جا ئەگەر هەر موسڵمانێ كە توشى كارێكى شيركى بوو پێويست دەكات لەسەرمان هەموو ئەحكامەكانى موشريكانى لەسەر جێ بەجێ بكەين وەك ميرات نەگرتن و ميرات نەبردن و كفن نەكردن و نوێژلەسەر نەكردن و دفن نەكردن لەگۆڕستانى موسڵمانان و دواى لێخۆشبون بۆنەكردنى غەيرى ئەوانە ئەم حوكمانەش حوكمى كەسى كافرە هەموو موشريكێكيش كافرە بەبێ خيلاف.

بۆیە تەحەدای هەموو ئەوانە ئەکەین کە باوەڕیان بەم بیدعە عەصریە هەیە بایەك بەڵگەی شەرعی صەڕیحمان بۆ بێنن لە قورئان و سونەت لەسەر ئەم جیاوازی کردنە و لەسەر جیاوازی حوکمەکانی موشریك و کافر پێش و دوای ئیقامە حوجە ؟؟؟!!!

تەنانەت موعتەزیلە زۆر باشترن لەمانە لەم بابەتە چونکە موعتەزیلە کاتێ توشی ئەو بیدعەیە بوون بەهۆی ئەوەی نەیانتوانی جەمع بکەن لەنێوان بەڵگەکان بەڵام بەڵگەکانی ئەمانە لەکوێیە کە پێچەوانەی ئیجماعی ئومەتیان پێکردوە جا لەڕاستیدا تەنانەت لەزانایانی نەجدی وەکو شێخ عبداللطیف و حمد بن ناصر و ئەوان کاتێك دەزانن شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب چەندین ووتەی کەتەکفیری موسڵمانێ ناکات کەوتۆتە شیرکی گەورەوە بەنەزانی لەوانە کەدەڵێ (وإن كنا لا نكفر من عبد الصنم الذي على قبر عبد القادر والصنم الذي على قبر أحمد البدوي وأمثالهما لأجل جهلهم) ئەگەر چی ئێمە ئەوانە تەکفیر ناکەین کەئەو بتە دەپەرستن کەلەسەر گۆڕی عبدالقادرە یان کەلەسەر گۆڕی ئەحمەد بەدەوی و هاوشێوەکانیانە یان هیجرەت بۆ لای خۆمان واجب دەکەین دەربارەی کەسێ دەتوانێ دینەکەی دەربخات یان گوایە ئێمە تەکفیر بەعموم ئەکەین سبحانك هذا بهتان عظيم" هەروەها دەڵێ (وأمَّا التكفير فأنا أكفر من عرف دين الرسول ثم بعدما عرفه سبه ونهى الناس عنه وعادى من فعله، فهذا هو الذي أكفره وأكثر الأمة ولله الحمد ليسوا كذلك...) انتهى.

بەڵام مەسەلەی تەکفیر من تەکفیری کەسێك دەکەم دینی پێغەمبەری زانیێت پاشان دوای ئەوەی زانی جنێوی پێ بدات خەڵکی لێ دووربخاتەوە و دوژمنایەتی موسڵمانان بکات ئائەمەیە کەمن تەکفیری دەکەم زۆربەی ئومەتیش الحمدلله واهانین)

جا ئەم کۆمەڵە زانایە بۆ ئەوەی تەوفیق بکەن لەنێوان ووتەکانی شێخ محمد و کورەکانی هەستان بەدانانی ئەم بیدعەیە پاشان لایەنگر و شوێنکەوتەکانیان لە معاصرین لەسەر دەمارگیریان بۆ ئەو مەزهەبە کە گوایە سەلەفیش تەوقوفیان نەکردوە لەتەکفیری موسڵمانێ شیرکی ئەنجام دابێ بەنەزانی و مەسەلەکە ئیجماعی لەسەرە، بۆیە هەستان تەئویلی وتەکەی شێخ و قوتابیەکانیان کرد تاکو لەگەڵ مەزهەبەکەیان بێتەوە و وتیان ڕاستە شێخ تەکفیری نەکردون بەڵام شێخ دەڵێ موشریکن نالێ موسڵمانن !!!

لەکاتێکدا هەموو کەس دەزانێ شێخ محمد ئەو نامانەی لەوەڵامی چەندین زانا و کەسایەتی دەسەڵاتداری ئەو سەردەمە نوسیوە کە واتێگەیشتوون شێخ تەکفیریە پاشان شێخ کە ئینکاری ئەوە دەکات و نەفی ئەو تۆمەتە ئەکات پاشان مەبەستی ئەوە بوبێ بڵێ نانا نالێم موسڵمانن ئەڵێم موشریکن !! ئەمە چ نەفی کردنێکە ئەمە چ ڕەت دانەوەیەکە کە دیفاعی پێ بکات لەخۆی مەعقولە بڵێ کاکە من کافریان ناکەم بەڵام موشریکیان ئەکەم؟!!!!

پاشان نەک هەر ئەوەنە بەڵکو شێخ محمد دەیان دەقی هەیە کە مناطی تەکفیر

نەکردنەکەی بەستاوەتەوە بەچی ؟ - بەنەزانی و بەوەی کەس نەبوە ئاگاداریان بکاتەوە –

پاشان ئایا شێخ ئەوەنە لەسەری گران بووە نەی ئەتوانی لەیەك وتە لەوتەکانی بەشێوەیە بڵێ و ئەم هەم و شێر و ڕێویە دروست نەکات و بڵێ ((من فعل شيرك جاهلا لا أكفره ولكن لا أقول هو مسلم بل أسميه مشركا وليس بمسلم ولا كافر- أما الناقض الثالث فمن فعل الشرك جاهلا سموه مشركا وتوقفوا فى تكفيره مثلي- وأما إن لم يكن هذا الفاعل جاهلا فالذى يتوقف فى تكفيره يكون كافرا)) واتە: هەرکەسێ شيرك ئەنجام بدات بەنەزانی من تەکفیری ناکەم بەڵام نالێم موسڵمانە بەڵکو ناوی دەنێم موشريك نەک موسڵمان و کافر بەڵام هەڵوەشێنەرەوەی سێییەم هەرکەسێ شيرك ئەنجام بدات بەنەزانی ناویان نا موشريك و تەوقوفیان کرد لەتەکفیرکردنی وەکو من جا ئەگەر ئەم هاوبەشدانەرە جاهیل نەبێ ئەوەی وەستا لەتەکفیرکردنی کافرە" ئایا شێخ نەیدەتوانی بۆ یەک جار ئاوا بەڕوونی باسی بکات و دەری ببڕێ ؟ نەخێر ئەوە پیشەی باطنیەکانە کە ئەڵێن نەخێر دەقەکان مانای ڕوکەشییان نیە بەڵام مانای ناوەکییان هەیە و ڕووکەش و ڕواڵەتی دەقەکان تەنها وێنەیەکن و هیچ نرخێکیان نیە ئایا هەست ناکەن ئێوەش خەریکە هەمان شت بکەن؟؟؟ پاشان دەڵێم یەکسان کردن لەنێوان موسڵمانێ کە شیرکێ یان کوفرێکی کردوە لەگەڵ کافر و موشریکێکی ئەصلی هەڵەیە دیار و ئاشکرایە و کۆکردنەوەی

دوو شتی جیاوازە کە شەرع جیاوازی کردوە لەنێوانیان و هەرێەک لەوانە حوکمی تایبەت بەخۆیان بۆ داناوە.

* ئەصل لەموسڵماندا ئەوەیە خوێن و ماڵی پارێزراوە و نابێ تەکفیری بکەی مادام نەکەوتبێتە ناو هەڵوەشێنەرەوەیەك کە ئیجماعی لەسەر بێ و عوزری نەبێ ئەمەش شتێکی یەقینی یە و خیلافی تیانیە.

* وە ئەصلیش لەکافردا حەڵاڵی خوێن و ماڵێتی مادام لەلایەن موسڵمانێکی پەیمانی پێنەدرابێ یان لەشەرعدا تایبەت نەکرابێ وەکو نەهی کردن لەکوشتنی ژنان و منااڵنی کافران لەگەڵ سابت بونی حوکمەکانی بەکۆیلەکردن لەسەریان ئەمەش شتێکی یەقینی یە بەشێوەیە گشتی .

* پاشان چۆن دەوترێ شەرع جیاوازی لەگەڵ نەکردون لەحوکمەکان کاتێ شیرک ئەنجام بدەن.؟؟؟

* هەروەك مەعلومە لای عەوامی ئەهلی عیلم کە یەقین لاناچێت بەگومان- هەرکەسێك موسڵمان بونی سابت بوو بەیەقین کافرنەکرێت بەگومان- موسڵمانێ کاتێ شیرکێ ئەنجام ئەدات نایکات بەموشریك تاکو عوزرە شەرعیەکانی لانەچێت جا کەنەما و ڕوون بۆیەوە کە بیانووی نیە ئەوکاتە ئیشەکە لەیەقینەوە ئەچێ بۆ یەقین هەروەك کەسێ دەستنوێژی ئەشکێ و دەستنوێژئەگرێ ئەوا بەو کارەی لەیەقینی دەستنوێژشکانەوە ئەچێت بەرەو یەقینی پاکی دەستنوێژگرتن. بەڵگەش لەسەر ئەم قاعیدەیە حەدیسەکەی

پێغەمبەرە صلى الله عليه وسلم کەدهفەرمێت (إن الشيطان ليأتي أحدكم وهو في صلاته فيقول له: أحدثت فلا ينصرف حتى يسمع صوتا أو يجد ريحا)واتە: شەیتان بۆ لای هەریەک لەئێوە دێت کاتێ لەنوێژدان پێتان دەڵێت دەستنوێژت شکا بۆیە نوێژەکە مەبڕن هەتا دەنگێ دەبیستن یان بۆنێ دەکەن" ئەمەش دەڤێ ڕوونە کە ئەهلی عیلم بەڵگەی پێ دەهێننەوە لەسەر ئەوەی یەقین لاناچێت بەگومان و کارکردنیش بەقاعیدەیە بۆ هەموو بابەتەکانی دینە ابن تيميه رحمه الله دەڵێت :" وليس لأحد أن يكفر أحداً من المسلمين وإن أخطأ وغلط حتى تقام عليه الحجة و تبين له المحجة ومن ثبت إسلامه بيقين لم يزل ذلك عنه بالشك ، بل لايزول إلا بعد إقامة الحجة وإزالة الشبهة)مجموع الفتاوى(12/466)

واتە: بۆهیچ کەسێك نیە کەسێك کافربکات لەموسڵمانان ئەگەر چی هەڵەش بکات تاکو ئیقامە حوجەی لەسەرنەکات و بەڵگەی بۆ ڕوون نەکاتەوە چونکە هەرکەسێ موسڵمان بونی دامەزرا بەیەقین هەڵناوەشێتەوە لەسەری ئیلا بەیەقین نەبێت بەڵکو هەڵناوەشێتەوە ئیلا دوای ئیقامەی حوجە و لابردنی شوبهەکانی نەبێت."

* کافر بەردەوامە لەسەر کوفرەکەی کارە کوفریەکانی حاڵەکەی ناگۆڕێ – بەڵام کەسێ شایەتمان دێنێ واز لەکوفر دێنێ بەگشتی ئەوا شەرع بەنەص

گرنگی تایبەتی پێداوە وەك حەدیسەکەی ئوسامە واتە جیاوازی هەیە لەئەحکامەکان لەگەڵ کافری ئەصلی.

* ئێمە ئەگەر هاوڕابین لەسەر ئەوەی ئەو کەسە موسڵمانەی شیرك یان کوفر ئەکات ئەشێت عوزری هەبێت وەکو اکراە یان خطأ یان لەبیرچوون یان نەمانی عەقڵ – کێشەکەمان لەنەزانیە وەکو عوزر- باشە پێتان ئەڵێین چۆن بەتەنها بەوەی کوفرێکی ئەنجام داوە فلانە موسڵمان لای ئێوە کافربونی بۆتە یەقین لەکاتێکدا دڵنیانەبونەتەوە لەو عوزرانەی تر موتەفیقن لەگەڵمان چۆن موسڵمان بونەکەی کەیەقینە لاتان برد بەگومان کە کوفرە بەبێ لێکۆڵینەوە کەوەك دەیبینین بەردەوام ئەوە حاڵتان بەرامبەر عەوامی موسڵمانان ؟؟؟

* ئەگەر بڵێیت ئاخر ئەم بابەتە لە ئەصوڵی دینە عوزری تیانیە بەنەزانی منیش ئەڵێم ئەمەیە کێشەکەمان – ئەو بابەتەی تۆ ئەیڵێی هیچ بەڵگەیەکت پێ نیە بۆ سەلماندنی و سابت کردنی دەلیلت نیە دابەش کردنی بابەتەکان بۆ ئصولی دین و فروعی دین ئەمە پێویستی بەدەلیلی شەرعیە بۆ جارێ سابتی بکەی چ جای بیکەی بەکێشە لەگەڵ موخالیفت لەکاتێکدا خۆت باش ئەزانی سەرچاوەی ئەم بیدعە دابەشکاریە ئەشاعیرە و موعتەزیلەکانن کە باوەڕیان وایە زۆرشتی دین بەعەقڵ و فیترەت ئەزانرێ بەهۆی قاعیدەی تحسین و تقبیحی عەقڵی ، دەی فەرموو ئێستا پێتان دەڵێین ئەو بابەتانە چین بەبەڵگەی

شەرعی پێمان بڵێن کە دەکەونە سنوری عوزر و ئەوبابەتانەی ناکەونە سنوری عوزر ؟؟؟؟ کەهەرگیز ناتوانن بیسەلمێنن !!!!

شێخی ئیسلام ابن تیمیه رحمه الله دەڵێت :"
فمن كان من المؤمنين مجتهداً في طلب الحق وأخطأ فإن الله يغفر له خطأه كائنا ما كان، سواء كان في المسائل النظرية أو العملية، هذا الذي عليه أصحاب النبي – صلى الله عليه وسلم-، وجماهير أئمة الإسلام، وما قسَّموا المسائل إلى مسائل أصول يَكْفُرُ بإنكارها، ومسائل فروع لا يَكْفُرُ بإنكارها. فأما التفريق بين نوع وتسميته مسائل الأصول ، وبين نوع آخر وتسميته مسائل الفروع، فهذا الفرق ليس له أصل، لا عن الصحابة ولا عن التابعين لهم بإحسان، ولا أئمة الإسلام، وإنما هو مأخوذ عن المعتزلة وأمثالهم من أهل البدع، وعنهم تلقاه من ذكره من الفقهاء في كتبهم، وهو تفريق متناقض، فإنه يقال لمن فرَّق بين النوعين: ما حد مسائل الأصول التي يَكْفُر المخطئ فيها؟ وما الفاصل بينها وبين مسائل الفروع؟ فإن قال: مسائل الأصول هي مسائل الاعتقاد ، ومسائل الفروع هي مسائل العمل. قيل له: فتنازع الناس في محمد – صلى الله عليه وسلم – هل رأى ربه أم لا؟ وفي أن عثمان أفضل من علي أم علي أفضل؟ وفي كثير من معاني القرآن وتصحيح بعض الأحاديث ، هي من المسائل الاعتقادية العلمية ، ولا كُفْرَ فيها بالاتفاق، ووجوب الصلاة

والزكاة والصيام والحج وتحريم الفواحش والخمر هي مسائل عملية ، والمنكر لها يَكْفُر بالاتفاق.

واتە: هەرکەسێك لە بڕواداران هەوڵ بدات لەداواکردنی حەق بەڵام هەڵە بکات ئەوا بەڕاستی خوا لەهەڵەکەی خۆش ئەبێت ئەگەر لەبابەتی عەقیدەیی بێت یان یان لەبابەتی کردەوەیی ئەمەش کەلەسەرێتی هاوەڵانی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلّم، وە جەماوەری پێشەوایانی ئیسلام بابەتەکانیان دابەش نەکردوە بۆ بابەتی ئوصول کە ئەگەر کەسێك ئینکاری لێ بکات کافربێت و بابەتی فروع کە کەسێك ئینکاری لێ بکات کافر نەبێت. هەربۆیە جیاوازی کردن لەنێوان ئەوەی ئەمە بابەتی ئوصول و ئەمە بابەتی فروعە ئائەم جیاوازی کردنە هیچ بنەمایەکی نیە نە لای هاوەڵان وە نەلای تابیعین وە نەلای پێشەوایانی ئیسلام بەڵکو ئەم جیاکردنەوەیە لە موعتەزیلەو هاوشێوەکانیانەوە وەرگیراوە لە ئەهلی بیدەع وە ئەو فوقەهایانەش لەکتێبەکانی ئەوانەوە وەریان گرتوە، ئەمەش جیاوازی کردنێکی دژبەیەکە هەربۆیە بەو کەسانەی ئەم جیاوازیە دەکەن پێیان دەڵێین : سنوری بابەتەکانی ئوصول تاکوێیە کە کەسێك هەڵەی تێاکرد کافربێ؟ خاڵی جیاکەرەوەی نێوانیان لەگەڵ بابەتەکانی فروع تاکوێ یە؟ جا ئەگەر بڵێ بابەتەکانی ئوصول بریتیە لەبابەتەکانی عەقیدە و بابەتەکانی فروعیش بریتیە لەبابەتەکانی کردەوە، لەوەڵامدا پێی دەڵێن دەی هاوەڵان و خەڵکی ناکۆك بوون ئایا پێغەمبەر پەروەردگاری دیوە یان نا ؟

هەروەها ڕاجیابون ئایا عوسمان باشترە یان عەلی وە لەزۆرێ لەماناکانی قورئان و بەڕاست دانانی هەندێ لەفەرمودەکان کەئەمانە لەبابەتی عەقیدەن و خاوەنەکەشی کافر نابێ بەئیتیفاق."

ئەمەش وتەی ابن تیمیەیە دەیگێڕێتەوە دەربارەی سەلەف کە مەزهەبی سەلەف بوە و دەڵێ مەسەلەی ئوصوڵ و فروع بیدعەی موعتەزیلەیە، ئیستا چی دەڵێن ؟؟؟

* شوبهەیە تریان هەیە ودەڵێن کەواتە(مادام ئێوە عوزربۆ موسڵمانێ دێننەوە کە شیرکێکی ئەنجام داوە ئەوا ئەولاترە عوزر بۆکافرێکی ئەصلی بێننەوە کە جاهیلە و شیرک دەکات)

لەوەڵامدا دەڵێین ئەو عیلەتەی قیاسەکەیتان کرددوە بۆمان پەیوەندی نیە بەئێمەوە چونکە ئێمە لەسەر جەهل حوکمی کافربونی کافری ئەصلیمان نەداوە، بەڵکو ئێمە تەکفیری هەموو ئەوانەمان کردوە لەبەرئەوەی موسڵمان نین و داخلی ئیسلام نەبوونە بەبێ ڕەچاوکردنی بارودۆخیان چونکە خوای گەورە پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم بۆ هەمووان ناردوە بۆ هیچ کەسێك نیە شوێنی نەکەوێ.

هەروەها دەربارەی شێخ الاسلام ابن تیمیە بەڵگە زۆرە کە باوەڕی بەتەکفیری غیر معذب نەبوە لەچەندین وتەیدا بەڕوونی دیارە کەهەرگیز شتی وای نەوتوە

دەڵێت:" وهذا الشرك إذا قامت على الإنسان الحجة فيه، ولم ينته ، وجب قتله كقتل أمثاله من المشركين، ولم يدفن في مقابر المسلمين ولم يصلَّ عليه، وأما إذا كان جاهلاً لم يبلغه العلم ولم يعرف حقيقة الشرك الذي قاتل عليه النبي صلى الله عليه وسلم المشركين؛ فإنه لايحكم بكفره ولاسيما وقد كثر هذا الشرك في المنتسبين إلى الإسلام ومن اعتقد مثل هذا قربة وطاعة ؛ فإنه ضال باتفاق المسلمين وهو بعد قيام الحجة كافر ".جامع المسائل(3/151).

واتە: ئەم شیرکە ئەگەر لەسەر ئینسان حوجە کرا و نەگەڕایەوە ئەوکاتە واجبەکوشتنی هەروەك کوشتنی موشریکەکان و نانێژرێ لەگۆڕستانی موسڵمانان ونوێژی لەسەر ناکرێ بەڵام ئەگەر نەزان بوو و عیلمی پێ نەگەیشتبوو و حەقیقەتی ئەو شیرکەی نەدەزانی کە پێغەمبەر قیتالی موشریکانی لەدژ کردوە، ئەوا حوکم نادرێ بەکافربونی بەتایبەت کە ئەم شیرکە لەناو موسڵمانان زۆربوە، بەڵام ئەگەر موسڵمانێ باوەڕی وابێ ئەو شیرکە لەخوا نزیکی ئەکاتەوە و طاعەتە ئەوا گومڕایە بەکۆڕای موسڵمانان وە دوای ئیقامە حوجەش کافر ئەبێت."

وتەیەکی ئاشکرای ابن تەیمیە بۆ ئەوانەی دەڵێن ناوی شیرك دەچەسپێت لەسەر موسڵمانێ شیرك ئەنجام بدات پێش ئیقامەی حوجە:-

شێخی ئیسلام ابن تەیمیە-رحمه الله-دەڵێت:" وهذا الشرك إذا قامت على الإنسان الحجة فيه ، ولم ينته؛ وجب قتله كقتل أمثاله من المشركين ولم يدفن في مقابر المسلمين ولم يصلَّ عليه، وأما إذا كان جاهلاً لم يبلغه العلم ولم يعرف حقيقة الشرك الذي قاتل عليه النبي صلى الله عليه وسلم المشركين؛ فإنه لا يحكم بكفره ولا سيما وقد كثر هذا الشرك في المنتسبين إلى الإسلام ومن اعتقد مثل هذا قربة وطاعة ؛ فإنه ضال باتفاق المسلمين وهو بعد قيام الحجة كافر"جامع المسائل(3/151).

دەڵێ: ئەم شیركە ئەگەر بەهۆیەوە ئیقامەی حوجەكرا لەسەر ئینسان بەڵام وازی نەهێنا ئەوكاتە واجبە بیكوژی وەك وێنەی كوشتنی موشریكەكان و لەگۆڕستانی موسڵمانانیش نانێژرێت و نوێژیشی لەسەر ناكرێت، بەڵام ئەگەر جاهیل بوو و عیلمی پێ نەگەیشتبوو و حەقیقەتی شیركی نەدەزانی و ئەو شیركەی نەدەناسی كە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بەهۆیەوە قیتالی موشریكانی كرد، ئەوا حوكم نادرێ لەسەری بەكافربوون سەرەڕای ئەوەی ئەم شیركە زۆربوە لەنێو ئەوانەی خۆیان بەموسڵمان دائەنێن، بەڵام ئەوانەیان كە ئەم شیركە بەطاعەت و نزیک بونەوە لەخوا دائەنێن ئەوا ئەم كەسە گومڕایە بەكۆڕای موسڵمانان، وە دوای ئیقامەی حوجەش كافر ئەبێت." كۆتایی هات وتەكەی.

بڕوانن ئەم وتەیەی شێخ ئاشکراترین وتەیە کە هەرگیز باوەڕی وانەبووە ناوی شیرك بچەسپێت لەسەر موسڵمانێك کە توشی شیرك ببێت پێش هاتنی گەیشتنی ڕیسالە، چونکە دەڵێ ئەگەر حوجەی پێگەیشت ئەوجا لەقەبرسانی موسڵمانان نانێژرێ کەواتە پێش ئیقامە حوجە بەموسڵمان و وەك موسڵمان مامەڵەی لەگەڵ دەکات.

کوان ئەوانەی بێ شەرمانە درۆکانی خۆیان ئەدەنە پاڵ شێخی ئیسلام و زانایان

هەروەها هەموو ئەو دەقانەی دەدرێتە پاڵ شێخ محمد و کوڕەکانی کەگوایە جیاوازی کردوە لەنێوان کافری معذب و غیر معذب کەوتویەتی ئەوانە تەکفیرناکەم مەبەستی ئەوەبووە موشریکن بەڵام موسڵمانیش نین ئەم وتەیەش شێخ عبداللطیف دەیداتە پاڵی لەدرر السنیە نەك خۆی وتبێتی بەلفزی خۆی بەڵکو عبداللطیف بەمانای خۆی دەیگێڕێتەوە دەیداتە پاڵی چونکە زۆربەی مەشایخی نەجدیە ووتە ناکۆکەنیان دەدەنە پاڵ شێخ لەپێش ئەو مەرحەلەیە شتی وا نەوتراوە هەرگیز... فەرموو لێکۆڵینەوە بکەن بزانن وایە یان نا. پاشان کەبێگومان بوون کە ئەو دابەشکاریەی تەکفیر دابەشکردنێکی بیدعیە و داهێنانی زانایانی نەجدیە و پێشتر هیچ یەکێ لەزانایان شتی وایان نەوتوە وتێگەیشتنی وایان نەبوە بۆ دەقە شەرعیەکان کە ئەمەتان زانی ئایا مەعقولە بچن کەسانی بەرامبەرتان کە وەکو ئێوە نالێ تەبدیعی بکەن یان بەهەڵەی

دابنەن و گومڕای بکەن یان تەکفیری بکەن ؟!! ئەوە چ جەهل و زیادەڕۆییەکە ؟!!! ئەوە چ إنحیڕاف و دەمارگیرییەکە ئەوانە پەیڕەوی لێ ئەکەن ؟!!!

وە ئەم قسەیەی شێخی ئیسلام ابن تەیمیە ـ رحمه الله تعالى ـ کە ئەڵێت : [الكفر المعذب عليه لايكون الا بعد الرسالة] ئەو کوفرەی سزا ئەدرێت لەسەری نابێت ئیلا پاش گەیشتنی ڕیسالە نەبێت.

ئەم کابرایە چووە سەرەتاکەی ئەم قسەیەی شێخی ئیسلامی قرتاندوە کە باس لەوتەی زانایان دەکات دەربارەی کافرانی ئەهلی فەترە شێخی ئیسلامیش لەتەعلیقی لەسەر ئەو ووتانە دەڵێت:" ومنهم من يقول بل لايعذبون حتى يبعث إليهم رسول كما دل عليه الكتاب والسنة ، لكن أفعالهم تكون مذمومة ممقوتة يذمها الله ويبغضها الله ويصفون بالكفر الذي يذمه الله ويبغضه وإن كان لايعذبهم حتى يبعث إليهم رسولا."مجموع الفتاوى (11/677).

دەڵێت:هەیە دەڵێت ئەو کافرانەی ئەهلی فەترە سزا نادرێن تاکو پێغەمبەریان بۆ دەنێردرێت هەروەك بەڵگەی قورئان و سونەتی لەسەرهاتووە، بەڵام کردەوەکانیان زەمکراو و بوغزێنراوە لای خوا و وەسف دەکرێن بەو کوفرەی کە خوا زەمی کردوە وڕقی لێیەتی، ئەگەرچی سزاشیان نادات هەتا پێغەمبەریان بۆ نەنێرێت."

بڕوانە تەرجیحی ئەم وتەیە ئەدات و بەڕاشکاوی ناوی کوفریان بۆ دەچەسپێنێ پێش ڕیسالە، پاشان دەڵێت

[والكفر المعذب عليه لايكون الا بعد الرسالة] ئەو کوفرەی سزا ئەدرێت لەسەری نابێت ئیلا پاش گەیشتنی ڕیسالە نەبێت، کەواتە کافرن بەڵام کافربونەکەیان ئەوە نیە سزا بدرێن لەسەری پێش هاتنی ڕیسالە، کەواتە بۆمان دەرکەوت شێخی ئیسلام باسی کافری ئەصلی ئەکات و بەهیچ شێوەیەك ئەمە باس لە موسڵمانێ نیە کە داخلی ئیسلام بوبێ توشی شیرک بوبێ پێش ئیقامەی حوجە ناوی شیرکی لەسەر بچەسپێت،

هەروەها بەڵگەیە تر لەسەر ئەوەی شێخی ئیسلام ناوی شیرك جێگیرناکات پێش هاتنی ڕیسالە بۆ موسڵمانی مونتەسیب کاتێ توشی شیرك ئەبێت، شێخ لەچەندین شوێنی کتێبەکانی تەکفیرنەکردنی لەگەڵ جێگیربونی لێخۆشبون بۆ کەسەکە کۆکردۆتەوە وێنەی ئەو پیاوەی وتی ئەگەر مردم بمسوتێنن شێخ دەڵێ "لكن كان جاهلا لا يعلم ذلك وكان مؤمناً يخاف الله أن يعاقبه فغفر له بذلك."الفتاوى 3/231

دەڵێت: ئەو پیاوە جاهیل بوو نەیدەزانی خوا بەدەسەڵاتە لەسەر ئەوەی توانای هەیە ئەگەر بکرێت بەخۆڵەمێش زیندووی ئەکاتەوە، بەڵام ئەو پیاوە

ئیمانداربوو لەسزای خوا ئەترسا بۆیە خوا لێی خۆشبوو." ئەمە بەڵگەیەکی ئاشکرایە لەسەر ئەوەی تەکفیرنەکردن تەنها بەمانای نەفی کردن سزادان نایات بەڵکو بەمانای لانەبردنی وەسفی ئیسلام دێت لەسەر ئەو کەسە دیاریکراوە، چونکە ئەگەر ئەو پیاوەی بەموسڵمان دانەنایە ئەوا نەی ئەوت خوا لێی خۆش بوو، چونکە کافر و موشریك لێ خۆشبونیان بۆنیە.

هەروەها لەشوێنێکی تریش شێخی ئیسلام بەڕاشکاوی دەڵێت هەر موسڵمان بکەوێتە ناو شیرکەوە بەنەزانی ئەوا ئیمانی دەمێنێ و وەسفی ئیسلامی لەسەر لاناچێت

"وكثير من الناس يكون معه من الإيمان بالله وتوحيده ما ينجيه من عذاب الله، وهو يقع في كثير من هذه الأنواع ولا يعلم أنها شيرك، بل لا يعلم أن الله حرمها ولم تبلغه في ذلك الرسالة بقلة القائمين بحجة الله فهؤلاء قد يكون معهم من الإيمان ما يرحمون به"جامع الرسائل 2/293

دەڵێت: زۆرێك لەوخەڵکە ئەوەنە ئیمان و تەوحیدەیان دەمێنێ کەڕزگاریان بکات لە سزای خوا لەکاتێکدا دەکەونە ناو چەندین جۆر لەشیرك و نازانن شیرکە و بەڵکو ناشزانن اللە قەدەغەی کردوە، وە ریسالەیان لەو بارەیەوە پێ نەگەیشتوە بەهۆی کەمی زانایان، بۆیە ئەو جۆرە خەڵکانە بەوەندە ئیمانەی هەیە ئەشێت خوا ڕەحمیان لێ بکات."

هەروەها شێخی ئیسلام لە وەسفی کەسانێ موسڵمان کە قەبر دەپەرستن و تۆشی جۆرەها شیرك بوون وەسفی ئیسلام و ئیمانیان لەسەر نەفی ناکات هەروەك دەڵێت :" ولا يستطيع أحد أن ينقل عن أحد من الصحابة ولا من السلف أنهم بعد موته طلبوا منه إغاثة ولا نصرا ولا إعانة ولا استسقوا بقبره ولا إستنصروا به كما كانوا يفعلون ذلك في حياته ولا فعل ذلك أحد من أهل العلم والإيمان إنما يحكى مثل ذلك عن أقوام جهال أتوا قبره فسألوه بعض الأطعمة أو استنصروه على بعض الظلمة فحصل بعض ذلك لكرامته على ربه ولحفظ إيمان أولئك الجهال فقضى الله حاجتهم لئلا يضعف إيمانهم به وبما جاءهم به؛ لئلا يرتدوا عن الإيمان فإنهم كانوا قريبي عهد من الإيمان "الرد على البكري(1/201)

هیچ کەسێ ناتوانێ هیچ نەقڵێ بێنێ لەیەکێ صەحابەوە یان لەسەلەفەوە کەدوای وەفات کردنی پێغەمبەر داوای فریاکەوتن و یارمەتی دان و سەرکەوەتنیان لێ کردبێت، داوای بارانیان بەقبرەکەی کردبێت یان داوای سەرکەوتنیان پێی کردبێت هەروەك لەژیانیدا دەیانکرد، وەهیچ یەکێ لەئەهلی عیلم و ئیمانیش کاری وای نەکردوە، بەڵام ئەمە تەنها لەکەسانێ جاهیلەوە گێردراوەتەوە کەهاتونەتە لای قەبرەکەی داوای خواردن و سەرخستنیان لێکردوە بەسەر ستەمکاران خوای گەورەش بەهۆی ڕێزو پایەی پێغەمبەر داواکەیانی جێبەجێکردوە بۆ ئەوەی ئیمانی ئەو جاهیلانەش لاواز نەبێت بەخوا

و بەدینەکەی، وە بۆ ئەوەی هەڵنەگەڕێنەوە لە ئیمان وە تازە موسڵمان بووبون."

هەروەها شێخی ئیسلام لەچەندین شوێنی کتێبەکانی ڕافیزەی قەبر پەرست بەموسڵمان ناودێنێ و دەڵێ"وقد ذهب كثير من مبتدعة المسلمين: من الرافضة والجهمية وغيرهم إلى بلاد الكفار فأسلم على يديه خلق كثير واتفعوا وصاروا مسلمين مبتدعين وهو خير من أن يكونوا كفاراً" فتاوى (13/96).

دەڵێ: زۆرێ لە موسڵمانە بیدعەچیەکانی ڕافیزە و جەهمیەکان چوونە بۆ وڵاتانی کافران و لەسەر دەستی ئەوان خەڵکانێ زۆریان لێ موسڵمان بووە و سوودمەندبوونە و بوون بەموسڵمانی بیدعەچی ئەمە باشترە بۆیان لەوەی کافربن"

تەنانەت ابن تەیمیە حوکمی کوفری نەداوە بەسەر ڕافیزەی دوانزە ئیمامەیە بەدیاری کراوەیی مادام ئیقامە حوجە نەکرابن

" والإمامية الاثنا عشرية خير منهم بكثير فإن الإمامية مع فرط جهلهم وضلالهم فيهم خلق مسلمون باطنا وظاهرا ليسوا زنادقة منافقين لكنهم جهلوا وضلوا واتبعوا أهواءهم"انظر : منهاج السنة النبوية

دەڵێ: دوانزە ئیمامیە لەکافرەکان باشترن چونکە ڕافیزەی ئیمامیە لەگەڵ ئەوپەڕی نەزانیان خەڵکێ موسڵمانیان تیایە بەڕوکەش و پەنهان موسڵمانن و زەندیق و مونافق نین بەڵام جاهیل و گومڕان و شوێنی هەوایان کەوتون"

هەروەها شێخی ئیسلام لەوەسفی ڕافیزەی ئیمامیە دەڵێ "

" ویرون الدعاء والعبادة للموتى واتخاذ المساجد على القبور ويجعلون السفر إليها حجا له مناسك ويقولون مناسك حج المشاهد وحدثني الثقات أن فيهم من يرون الحج إليها أعظم من الحج إلى البيت العتيق فيرون الإشراك بالله أعظم من عبادة الله"منهاج السنة النبوية (451/6) .

دەڵێ" ڕافیزە پارانەوە و پەرستنی مردوان بەڕەوا دەزانن و مزگەوت لەسەر گۆڕەکان بنیات ئەنێن و زیارەتی بۆ لادەکەن ئەڵێن ئەمە ڕێوڕەسمی حەجی مەشهەدەکانمانە تەنانەت کەسانی باوەڕپێکراوبۆیان باسکردوم ئەڵێن حەج کردن بۆلای مەشهەدەکانمان زۆر گەورەترە لەحەج کردن بۆلای کەعبە وە باوەڕیان وایە هاوبەشدانان بۆ خوا چاکترە لەعیبادەتی خوا"

پاشان وتەیەکی تری شێخی ئیسلام تەحریف دەکەن بەشێکی نەقڵ دەکەن کەدەڵێت"وقد فرق الله بين ما قبل الرسالة وما بعدها في أسماء و أحكام" خوای گەورە جیاوازی کردوە لەنێوان پێش هاتنی ڕیسالە و دوای هاتنی ڕیسالە لە کۆمەڵێ لەناو و لەحوکم" بەڵام هەموو وتەکە نەقڵ ناکەن کە ئاشکرای ئەکات باس لەکافری ئەصلی دەکات و وەڵامی ئەشاعیرە ئەداتەوە کە دەڵێن شیرك و تەوحید هیچ ناشرین و چاکیەکیان نیە لەخودی خۆیان کە بەعەقڵ و فیطرەت بزانرێ بۆیە شێخ دێت بەبەڵگەی ئایەت بۆیان ئەسلمێنێ. با بێین هەموو وتەکەی شێخی ئیسلام ابن تەیمیە وەکو خۆی

نەقڵ بکەین دەڵێت :" وَقَدْ فَرَّقَ اللَّهُ بَيْنَ مَا قَبْلَ الرِّسَالَةِ وَمَا بَعْدَهَا فِي أَسْمَاءَ وَأَحْكَامٍ وَجَمَعَ بَيْنَهُمَا فِي أَسْمَاءَ وَأَحْكَامٍ وَذَلِكَ حُجَّةٌ عَلَى الطَّائِفَتَيْنِ: عَلَى مَنْ قَالَ: إنَّ الْأَفْعَالَ لَيْسَ فِيهَا حَسَنٌ وَقَبِيحٌ. وَمَنْ قَالَ: إنَّهُمْ يَسْتَحِقُّونَ الْعَذَابَ عَلَى الْقَوْلَيْنِ. أَمَّا الْأَوَّلُ فَإِنَّهُ سَمَّاهُمْ ظَالِمِينَ وَطَاغِينَ وَمُفْسِدِينَ؛ لِقَوْلِهِ: {اذْهَبْ إلَى فِرْعَوْنَ إنَّهُ طَغَى} وَقَوْلِهِ: {وَإِذْ نَادَى رَبُّكَ مُوسَى أَنِ ائْتِ الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ} {قَوْمَ فِرْعَوْنَ أَلَا يَتَّقُونَ} وَقَوْلِهِ: {إنَّ فِرْعَوْنَ عَلَا فِي الْأَرْضِ وَجَعَلَ أَهْلَهَا شِيَعًا يَسْتَضْعِفُ طَائِفَةً مِنْهُمْ يُذَبِّحُ أَبْنَاءَهُمْ وَيَسْتَحْيِي نِسَاءَهُمْ إنَّهُ كَانَ مِنَ الْمُفْسِدِينَ} فَأَخْبَرَ أَنَّهُ ظَالِمٌ وَطَاغٍ وَمُفْسِدٌ هُوَ وَقَوْمُهُ وَهَذِهِ أَسْمَاءُ ذَمِّ الْأَفْعَالِ؛ وَالذَّمُّ إنَّمَا يَكُونُ فِي الْأَفْعَالِ السَّيِّئَةِ الْقَبِيحَةِ فَدَلَّ ذَلِكَ عَلَى أَنَّ الْأَفْعَالَ تَكُونُ قَبِيحَةً مَذْمُومَةً قَبْلَ مَجِيءِ الرَّسُولِ إلَيْهِمْ لَا يَسْتَحِقُّونَ الْعَذَابَ إلَّا بَعْدَ إتْيَانِ الرَّسُولِ إلَيْهِمْ؛ لِقَوْلِهِ: {وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّى نَبْعَثَ رَسُولًا} . وَكَذَلِكَ أَخْبَرَ عَنْ هُودَ أَنَّهُ قَالَ لِقَوْمِهِ: {اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُمْ مِنْ إلَهٍ غَيْرُهُ إنْ أَنْتُمْ إلَّا مُفْتَرُونَ} فَجَعَلَهُمْ مُفْتَرِينَ قَبْلَ أَنْ يَحْكُمَ بِحُكْمِ يُخَالِفُونَهُ؛ لِكَوْنِهِمْ جَعَلُوا مَعَ اللَّهِ إلَهًا آخَرَ فَاسْمُ الْمُشْرِكِ ثَبَتَ قَبْلَ الرِّسَالَةِ؛ فَإِنَّهُ يُشْرِكُ بِرَبِّهِ وَيَعْدِلُ بِهِ وَيَجْعَلُ مَعَهُ آلِهَةً أُخْرَى وَيَجْعَلُ لَهُ أَنْدَادًا قَبْلَ الرَّسُولِ وَيُثْبِتُ أَنَّ هَذِهِ الْأَسْمَاءَ مُقَدَّمٌ عَلَيْهَا وَكَذَلِكَ اسْمُ الْجَهْلِ وَالْجَاهِلِيَّةِ يُقَالُ: جَاهِلِيَّةً وَجَاهِلًا قَبْلَ مَجِيءِ الرَّسُولِ وَأَمَّا التَّعْذِيبُ فَلَا. وَالتَّوَلِّي عَنْ الطَّاعَةِ كَقَوْلِهِ: {فَلَا صَدَّقَ وَلَا صَلَّى} {وَلَكِنْ كَذَّبَ وَتَوَلَّى} فَهَذَا لَا يَكُونُ إلَّا بَعْدَ الرَّسُولِ مِثْلَ قَوْلِهِ عَنْ فِرْعَوْنَ. {فَكَذَّبَ وَعَصَى} كَانَ هَذَا بَعْدَ مَجِيءِ

الرَّسُولِ إِلَيْهِ كَمَا قَالَ تَعَالَى. {فَأَرَاهُ الْآيَةَ الْكُبْرَى} {فَكَذَّبَ وَعَصَى} وَقَالَ: {فَعَصَى فِرْعَوْنُ الرَّسُولَ} ."مجموع الفتاوى(20/38)

دەڵێت: بەڕاستی خوا لەناوەکان و حوکمەکان جیاوازی کردوە لەپێش هاتنی ریسالە و لەدوای هاتنی ریسالە ئەم جیاوازی کردنەش بەڵگەیە لەسەر هەردوو تاقمی ئەشاعیرە و موعتەزیلە کەدەڵێن کردەوەکان لەخودی خۆیان هیچ ناشرینی و جوانیەکیان نیە، یان ئەوانەی ئەڵێن بەموجەردی ئەوەی عەقڵ ناشرینی شتەکان بزانێ شایستەی سزا ئەبن، بەڵگە لەسەر ئەشاعیرەکان کە دەڵێن کردەوەکان ناشرینیان نیە پێش هاتنی ڕیسالە ئەوەیە کە خوای گەورە کافرانی ناوبردوە بە ستەمکار و لەسنوور دەرچوو و خراپەکار وەك

دەفەرمێت {اذْهَبْ إِلَى فِرْعَوْنَ إِنَّهُ طَغَى} وَقَوْلِهِ: {وَإِذْ نَادَى رَبُّكَ مُوسَى أَنِ ائْتِ الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ} {قَوْمَ فِرْعَوْنَ أَلَا يَتَّقُونَ} وَقَوْلِهِ: {إِنَّ فِرْعَوْنَ عَلَا فِي الْأَرْضِ وَجَعَلَ أَهْلَهَا شِيَعًا يَسْتَضْعِفُ طَائِفَةً مِنْهُمْ يُذَبِّحُ أَبْنَاءَهُمْ وَيَسْتَحْيِي نِسَاءَهُمْ إِنَّهُ كَانَ مِنَ الْمُفْسِدِينَ} هەواڵ دەدات بەوەی فیرعەون خۆی و گەلەکەی ستەمکار و خراپەکار و لەسنوور دەرچوون. ئەم ناوانە ناوی زەم کردنی کردەوەکانە ، زەمکردنیش بۆ کردەوە خراپە ناشرینەکان دەبێت، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کردەوەکان ناشرینی و زەمکراون لەپێش هاتنی پێغەمبەر بۆیان، بەڵام شایستەی سزا نابن پێش هاتنی پێغەمبەر وەک اللە تعالی دەفەرمێت {وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّى نَبْعَثَ رَسُولًا} هەروەها اللە تعالی

هەوالّمان پێ ئەدات دەربارەی هود كە بە گەلەكەی دەلّێت {اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُمْ مِنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ إِنْ أَنْتُمْ إِلَّا مُفْتَرُونَ} بەهەلّبەستەری درۆ داینان پێش ئەوەی بڕیارێ بدات و پێچەوانەی بكەن چونكە لەگەلّ خوادا خوایەكی تریان بڕیاردابوو، بۆیە ناوی شیرك پێش هاتنی ریساله جێگیردەبێت چونكە هاوبەش بڕیارئەدات بۆ پەروەردگاری و هاوتای بۆ دادەنێت پێش پێغەمەر جێگیرە كەوا ئەم ناوانە پێش حوكمدانە بەهەمان شێوە ناوی نەفامی پێش هاتنی پێغەمەر دەچەسپێ بەلّام سزادان نەخێر، بەلّام پشت هەلّكردن و طاعەت ناچەسپێ لەپێش هاتنی رەسول چونكە الله تعالی دەفەرمێت{فَلَا صَدَّقَ وَلَا صَلَّى} {وَلَكِنْ كَذَّبَ وَتَوَلَّى} وە دەفەرمێت فَأَرَاهُ الْآيَةَ الْكُبْرَى} {فَكَذَّبَ وَعَصَى} وَقَالَ: {فَعَصَى فِرْعَوْنُ الرَّسُولَ} ."

بۆیە هەركەسێك ناوی شیرك بچەسپێنێ پێش هاتنی ریساله بۆ موسلّمانێ كەتوشی شیرك بوە بەنەزانی ئەوا نەپێكاوە درۆی كردوە بەدەم شێخی ئیسلامەوە چونكە ابن تەیمیە لە تەئصیل كردنی بۆ بابەتی تەكفیر شتی وای نەوتوە، بەلّكو لێرەدا كەوتەكەیمان باسكرد باسی لەبابەتی تحسین و تقبیحی عەقلی كردوە وە باسی لەكافرانی ئەصلی كردوە و فەرمویەتی ناوی موشریك جێگیرە پێش هاتنی ڕیساله بەبێ ئەوەی حوكمی چونە ئاگری هەبێ وەك ئەهلی فەترە. وە ئەوانە بێ ئاگان لەوەی شێخی ئیسلام غەیری ئەو لەزانایان دەلّێن ئەهلی فەترە كافرن هەرچەن ئەگەر ریسالەشیان پێنەگەیشتبێت، جا

ئەم جاهیلانەی خۆشمان توشی تێکگیران بوون نە ئەوەتا ئەوەیە بڵێن قبوریەکان پێش هاتنی حوجە کافرن وەك بە ئەهلی فەترە دەڵێن وە نە ئەوەتا بە ئەهلی فەترە دەڵێن موشریك لەحوکمەکانی دونیا و حوکمی کوفریان لەسەر نەدەن بۆیە لە بنەماکەی خۆشیان سەردەرناکەن و نازانن چۆن پێنەی بکەن.

تەنانەت ئیمام ابن القیم لەوتەیەکیدا باس لەمەبەستی ئیقامە حوجە دەکات کاتێ باسی کردوە دەڵێت: بەرپابونی ئیقامە حوجە بۆ چەسپاندنی ئەحکامە شەرعیەکان و واجیباتەکان و قەدەغەکراوەکانە نەك تەنها لەبواری سزادان."بڕوانە مفتاح دار السعادە 2/401

کەواتە نابێ بەموسڵمانێ بڵێی موشریك کاتێ توشی شیرك ئەبێ بەنەزانی پێش ئیقامەی حوجە و ئەحکامەکانی موشریکانی لەسەر جێبەجێ بکەیت.

هەروەها ابن القیم ناوی ئیسلام بۆ ڕافیزە قبوریەکان جێگیردەکات

هەروەها ابن القیّم رحمه الله له "الطرق الحکمیة"(174) دەڵێ: (... وأما أهل البدع الموافقون لأهل الإسلام، ولکنهم مخالفون في بعض الأصول کالرافضة والقدریة والجهمیة وغلاة المرجئة ونحوهم ، فهؤلاء أقسام :

أحدهما : الجاهل المقلد الذي لا بصیرة له، فهذا لا یکفر ولا یفسق، ولا ترد شهادته إذا لم یکن قادراً على تعلم الهدى، وحکمه حکم المستضعفین (إلاَّ

الْمُسْتَضْعَفِينَ مِنَ الرِّجَالِ وَالنِّسَاء وَالْوِلْدَانِ لاَ يَسْتَطِيعُونَ حِيلَةً وَلاَ يَهْتَدُونَ سَبِيلاً فَأُوْلَـئِكَ عَسَى اللّهُ أَن يَعْفُوَ عَنْهُمْ وَكَانَ اللّهُ عَفُوًّا غَفُورًا) [النساء: 98-99]
.

القسم الثاني : المتمكن من السؤال وطلب الهداية ومعرفة الحق، ولكن يترك ذلك اشتغالاً بدنياه ورئاسته ولذته ومعاشه وغير ذلك، فهذا مفرط مستحق للوعيد آثم بترك ما وجب عليه من تقوى الله بحسب استطاعته، فهذا حكمه حكم أمثاله من تاركي بعض الواجبات، فإن غلب ما فيه من البدعة والهوى على ما فيه من السنة والهدى ردت شهادته، وإن غلب ما فيه من السنة والهدى قبلت شهادته .

القسم الثالث : أن يسأل ويطلب ويتبين له الهدى، ويتركه تقليداً أو تعصباً، أو بغضاً ومعاداة لأصحابه، فهذا أقل درجاته أن يكون فاسقاً، وتكفيره محل اجتهاد وتفصيل ...) .

ئەما ئەهلی بیدەع ئەوانەی کە موافیقی ئەهلی ئیسلامن بەڵام لەچەند ئوصوڵێ پێچەوانەی ئیسلامن وەك ڕافیزە و قەدەریەکان و غولاتی مورجیئەکان و هاوشێوەکانیان ئەمانە چەند بەشێکن:

یەکەمیان: ئەوانەی نەزانن و هیچ عیلمێکیان نیە و موقەلیدن ئەم جۆرانەیان تەکفیر و تەفسیق ناکرێن و شایەدیشیان ڕەتناکرێتەوە مادام توانای فێربونیان نەبوبێت، ئەمانە حوکمیان حوکمی مستضعف ەکانە

بەشی دووەمیان: ئەوانەیان کە توانای فێربوون و پرسیارکردنیان هەیە بەڵام بەهۆی دنیا و مەعیشەت وخۆشیەکانیان پشتگوێیان خستوە ئەمانە شایستەی هەڕەشەن و گوناحبارن بەپێی ئەو واجیبات و تەقوایەی کەتەرکیان کردوە، ئەگەر هەوەس و ئارەزووەکانیان زیاتربوو لەسونەت ئەوا شەیەدیان ڕەت ئەکرێتەوە.

بەشی سێیەمیان: پرسیاردەکەن و داوای عیلم دەکەن بۆیان ڕونبۆتەوە بەڵام تەرکی ئەکەن بەهۆی تەقلید و دەمارگیری و ڕِقی ئەوانەی حەقەکەیان بۆ هێناون کەمترین حوکمی ئەم جۆرە کەسە فاسق بونە و تەکفیرکردنیشییان جێگای اجتیهادە."

وه ابن القيم –رحمه الله- له الطرق الحكمية دەڵێت : "وقال الميموني: سمعت أبا عبد الله يقول: من أخاف عليه الكفر – مثل الروافض والجهمية – لا تقبل شهادتهم ولا كرامة لهم، أنا أستتيبهم" 463/1، فلو كان الإمام أحمد بن حنبل (ت: 241 هـ) يرى كفر جميعهم على التعيين فلِمَ يخاف عليهم ذلك؟!!."

مەیونی دەڵێ: بیستم باوکی عبدالله دەیوت ئەوانەی لەکافربونیان دەترسم نمونەی ڕافیزە و جەهمیەکان گەواهیدانیان وەرناگیرێ و ڕێزیان نیە داوای استتابەیان لێ دەکەم" جا ئەگەر ئیمام ئەحمەد بەکافریان بزانێ هەمویان بەدیاریکراوەیی ئەی بۆچی دەترسێ لێیان لەکافربون ؟!!!.

پاشان ناوەکانی شیرك و کوفر لەدەقە شەرعیەکان و وتەی زانایان

گومانی تیانیە کوفر و شیرك لەڕووی زمانەوانیەوە جیاوازی هەیە لەنێوانیان، شیرك واتە: هاوبەشی کردن لەنێوان دووشت یان زیاتر لە کارێکدا، بەڵام کوفر واتە: ستر کردن و شاردنەوە، قورئانی پیرۆز لەزۆربەی شوێنەکان بەم شێوەیە مانای کردوە.

بەڵام مانای کوفر و شیرك لە ڕووی زاراوەی شەرعدا زانایان جیاوازیان هەیە لە دیاری کردنی پەیوەندی نێوان کوفر و شیرک و دیاری کردنی هەریەکەیان.

هەندێ لەزانایان بۆچونی وایە هیچ جیاوازیەك نیە لەنێوان کوفر و شیرك و هەردوکیان یەك ناون بۆ یەك شتێك، ابن حزم ئەم بۆچونەی داوەتە پاڵ ئیمامی شافیعی و غەیری ئەو لەزانایان و هەڵبژاردەی خۆشیەتی،بڕوانە الفصل (265-3/264).

جا بەپێی ئەم قەولە سابت کردنی شیرك واتە سابتکردنی کوفر، وە نەفی کردنی شیرکیش واتە نەفی کردنی کوفر، بەهەمان شێوە بەپێچەوانەوە.

لەبەرامبەردا هەندێ لەزانایان جیاوازی دەکەن لەنێوان کوفر و شیرك و دەڵێن کوفر گشتی تر لە شیرك ، کوفر ئینکاری کردنی باوەڕە بە خوا و یان بەیەکێك لە پێغەمبەران، بەڵام شیرك بریتیە لە پەرستنی کەسێکی تر لەگەڵ اللە، واتە هەموو موشریکێ کافرە بەڵام هەموو کافرێ موشریك نیە، ئەمەش قەولی ابو حەنیفەیە کە ابن حزم دەیداتە پاڵی و هەروەها قەولی زۆربەی هاوچەرخەکانە.

بەپێی ئەم قەولەش ئیسپاتی کوفر ئیسپات کردنی شیرك ناخوازێت، بەڵام ئیسپات کردنی شیرك ئیسپاتکردنی کوفر و کافربون ئەخوازێت، وە نەفی کردنی کوفریش بەزەڕوڕەت نەفی کردنی شیرك دەخوازێت،بەڵام نەفی کردنی شیرك نەفی کردنی کوفر ناخوازێت.

بەپێی ئەم دوو قەولەش هەڵوەشانەوەی بانگەشەی ئەوانەمان بۆ دەرەکەوێ کە دەڵێن گوایە زانایان ناوی کوفر و کافر نانێن تەنها دوای ئیقامەی حوجە نەبێت و وە کاتێ نەفی کوفر لەسەر یەکێ بکەن مانای ئەوە نیە نەفی شیرکیشی لەسەر بکەن، ئەمەش دەرکەوت هیچ بنەمایەکی نەبوو لە وتەی زانایان و لەدرۆیەك زیاتر شتێکی تر نەبوو.

هەربۆیە هیچ یەکێ لەزانایانی متقدمین نە ابن تەیمیە و نە غەیری ئەویش جیاوازیان نەکردوە لە وتنی ناوی کوفر و شیرك لەحوکمەکانی دونیا و قیامەت لەنەفی کردن و ئیسپات کردن دا، هەرکاتێ بڵێن فلان کەس کافرە یان

موشريكه مەبەستيان ئەوەيە وەسفى ئيسلاميان لەسەر لابردوە و ئيسپاتى ئەحكامى كوفريان بۆ كردوە، وە ئەگەر بڵێن فلاّن كەس كافرنيە يان موشريك نيە ئەوا مەبەستيان ئەوەيە فلاّنەكەس لە وەسفى ئيسلام دەرنەچووە و حوكمەكانى كوفرى لەسەر نەچەسپاوە، بەڵكو نەفى كردنى كوفر زۆر تووندترە وە نەفى كردنيش شيركيش دەگرێتەوە بەزەڕوڕەت و ئەولاتر.

بەڵكو شێخى ئيسلام لەڕونكردنەوەى مەبەستى زانايان لەنەفى كردنى تەكفير و ئيسپات كردنى تەكفير كردنى كەسێك دەفەرمێت" نصوص الوعيد التي في الكتاب والسنة ونصوص الأئمة بالتكفير والتفسيق ونحو ذلك لايستلزم ثبوت موجبها في حق المعين إلا إذا وجدت الشروط وانتفت موانع، لافرق في ذلك في الأصول والفروع. هذا في عذاب الأخرة فإن المستحق للوعيد في عذاب الله ولعنته وغضبه في الدار الآخرة خالد في النار أو غير خالد وأسباب هذا الضرب من الكفر والفسق يدخل في هذا القاعدة سواء كان بسبب بدعة إعتقادية أو عبادية أو بسبب فجور في الدنيا وهو الفسق بالأعمال فأما أحكام الدنيا فكذلك أيضاً، فإن جهاد الكفار يجب أن يكون مسبوقا بدعوتهم إذ لاعذاب إلا على من بلغته الرسالة وكذلك عقوبة الفساق لاتثبت إلا بعد قيام الحجة. "(10/372).

كەواتە ابن تەيميە سەلماندى كە تەكفير لاى زانايان ئەحكامەكانى لەسەر دروست ئەبێت لەدونيا و قيامەت.

بەڵگەی زیاتریش لەسەر ئەمە زانایانی متقدمین سەلەف ناوی کوفریان لەسەر هەموو ئەوانە دەنا کە حوجەیان پێ نەگەیشتبوو هەروەک موفەسیرین و غەیری ئەوانیش لەزانایان ئەو گەلانەیان بەئەهلی کوفر بەالله تعالی ناوبردوە، ئیمامی شافیعی دەربارەی عەرەب دەڵێ: كانوا قبل إنقاذه إياهم بمحمد صلى الله عليه وسلم أهل كفر في تفرقهم وإجتماعهم يجمعهم أعظم الأمور: الكفر."الرسالة الشافعي ص ١١

دەڵێ: عەرەب پێش ئەوەی خوا بە موحەمەد ﷺ رزگاریان بکات ئەهلی کوفر بوون لە پەرتەوازەبون وکۆبونەوەیان کوفر کۆی کردبونەوە. هەروەها زانایانی سەلەف گەلان پێش ئەوەی دەعوەیان پێ گەیشتبێ بەکافر ناویان هێناون، وەك الحليمي دەربارەی ئەهلی فەترە دەڵێت: من كان منهم عاقلا مميزاً إذا رأى ونظر إلا إنه لا يعتقد ديناً فهو كافر. "شعب الإيمان(1/175).

هەروەها شێخی ئیسلام تەئکید ئەکاتەوە لەسەر ئەوەی عەرەب پێش هاتنی دەعوە ناوی کافریان لێ دەنرێ دەڵێ:" لايعذبون حتى يبعث إليهم رسول كما دل عليه الكتاب والسنة، لكن أفعالهم تكون مذمومة ممقوتة يذمها الله ويبغضها ويصفون بالكفر الذي يذمه الله ويبغضه وإن كان لايعذبهم حتى يبعث فيهم رسولا. "جواب الصحيح(3/315). ئیتر دوای ئەم بەڵگەیە چۆن

ئەوتریّ ابن تەیمیە ناوی کوفر نادات بەسەر کەسێکدا تەنها دوای ئیقامەی حوجە نەبێت ؟!!!

بەڵکو لەدەیان دەقی ئاشکرادا شێخی ئیسلام ئەم ڕاستیە جەخت لێ دەکاتەوە لەفەتوا و ووتەکانی و کتێبەکانی و ڕونکردنەوەکانی بڕوانە کتێبی إشكالية العذر بالجهل دکتۆر سلطان المطيري لاپەڕە 75 بۆ 76.

هەروەها قورئانی پیرۆزیش جیاوازی نەکردوە لەنێوان حوکمی کوفر و شیرکدا لەهەندێ شوێن ناوی کوفر بەسەر کاری شیرکدا دەدات وناوی شیرکیش بەسەر کاری کوفردا ئەدات و جیاوازی ناکات لەنێوانیان دەفەرمێت(وَمَن يَدۡعُ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ لَا بُرۡهَٰنَ لَهُۥ بِهِۦ فَإِنَّمَا حِسَابُهُۥ عِندَ رَبِّهِۦٓۚ إِنَّهُۥ لَا يُفۡلِحُ ٱلۡكَٰفِرُونَ)

[سورة المؤمنون 117] هەروەها دەفەرمێت (إِنَّهُۥ مَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَقَدۡ حَرَّمَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِ ٱلۡجَنَّةَ وَمَأۡوَىٰهُ ٱلنَّارُۖ وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنۡ أَنصَارٖ)[سورة المائدة 72]
وە دەفەرمێت (ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمۡ لَهُ ٱلۡمُلۡكُۚ وَٱلَّذِينَ تَدۡعُونَ مِن دُونِهِۦ مَا يَمۡلِكُونَ مِن قِطۡمِيرٍ)[سورة فاطر 13] لێرەدا الله تعالى پاڕانەوەی موشریکانی بەشیرک ناو برد بەڵام لەسوڕەتی موئمنین بەکوفری ناوبرد.

هەروەها اللە تعالى دەفەرمێت (يُرِيدُونَ أَن يُطۡفِـُٔواْ نُورَ ٱللَّهِ بِأَفۡوَٰهِهِمۡ وَيَأۡبَى ٱللَّهُ إِلَّآ أَن يُتِمَّ نُورَهُۥ وَلَوۡ كَرِهَ ٱلۡكَٰفِرُونَ)[32](هُوَ ٱلَّذِىٓ أَرۡسَلَ رَسُولَهُۥ بِٱلۡهُدَىٰ وَدِينِ ٱلۡحَقِّ لِيُظۡهِرَهُۥ عَلَى ٱلدِّينِ كُلِّهِۦ وَلَوۡ كَرِهَ ٱلۡمُشۡرِكُونَ) [سورة التوبة 33]

اللە تعالى لەم دوو ئايەتەدا كافرەكانى بەكافر ناوبرد و هەروەها بە موشريكيش ناوى هێنان ئەمەش بەڵگەيە لەسەر ئەوەى بەموشريك ئەوترێ كافر و بەكافريش ئەوترێ موشريك و يەكسانن لەناو و حوكم، ئايەتەكان و فەرموودەكان لەم بارەيەوە زۆرن.

هەروەها پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ:"بين الرجل وبين الشرك والكفر ترك الصلاة" لەنێوان پياو و لەنێوان و كوفر و شيركدا تەركى نوێژە. ببينە ناوى نوێژنەكەرى بە موشريك هێنا لەگەڵ ئەوەى كە هيچ هاوبەشێكى بۆ اللە تيانيە نوێژنەكردن.

هەروەها قورئان ناوى كافرى بە موشريكانى قورەيش بردوە پێش هاتنى پێغەمبەر بۆيان وەك دەفەرمێت

(وَلَمَّا جَآءَهُمۡ كِتَٰبٌ مِّنۡ عِندِ ٱللَّهِ مُصَدِّقٌ لِّمَا مَعَهُمۡ وَكَانُواْ مِن قَبۡلُ يَسۡتَفۡتِحُونَ عَلَى ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فَلَمَّا جَآءَهُم مَّا عَرَفُواْ كَفَرُواْ بِهِۦۚ فَلَعۡنَةُ ٱللَّهِ عَلَى ٱلۡكَٰفِرِينَ) [سورة البقرة 89]

هەروەها قومی بەلقیسی بەکافر ناوبردوە پێش هاتن و گەیشتنی حوجە پێیان (وَصَدَّهَا مَا كَانَت تَّعۡبُدُ مِن دُونِ ٱللَّهِۖ إِنَّهَا كَانَتۡ مِن قَوۡمٖ كَٰفِرِينَ)[سورة النمل 43].

بەڵکو قورئان ناوی شیرکی بەکارهێناویشە بۆ کەسانێ کە ئیقامە حوجەش کراون و پەیوەستی سزاشی بەناوی شیرکەوە گرێداوە، وەك دەفەرمێت (وَيَوۡمَ نَحۡشُرُهُمۡ جَمِيعٗا ثُمَّ نَقُولُ لِلَّذِينَ أَشۡرَكُواْ أَيۡنَ شُرَكَآؤُكُمُ ٱلَّذِينَ كُنتُمۡ تَزۡعُمُونَ 22 ثُمَّ لَمۡ تَكُن فِتۡنَتُهُمۡ إِلَّآ أَن قَالُواْ وَٱللَّهِ رَبِّنَا مَا كُنَّا مُشۡرِكِينَ 23 ٱنظُرۡ كَيۡفَ كَذَبُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡۚ وَضَلَّ عَنۡهُم مَّا كَانُواْ يَفۡتَرُونَ)[سورة الأنعام].

هەروەها دەفەرمێت (وَيُعَذِّبَ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ وَٱلۡمُنَٰفِقَٰتِ وَٱلۡمُشۡرِكِينَ وَٱلۡمُشۡرِكَٰتِ ٱلظَّآنِّينَ بِٱللَّهِ ظَنَّ ٱلسَّوۡءِۚ عَلَيۡهِمۡ دَآئِرَةُ ٱلسَّوۡءِۖ وَغَضِبَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِمۡ وَلَعَنَهُمۡ وَأَعَدَّ لَهُمۡ جَهَنَّمَۖ وَسَآءَتۡ مَصِيرٗا)[سورة الفتح 6].

خوای گەورە بەموشریکان ناو ئەبات لەسەر ئەو وەسفەیان هەڕەشەی سزایان لێ ئەکات، ئیتر چۆن درۆ دەکرێ بەناوی قورئانەوە کەناوی شیرك تەنها پێش ئیقامە حوجە بەکارهاتووە لەقورئاندا و کاتێك باسبکرێ سزا ناگرێتەوە ؟!!! شەرم ناکەن و لەخوا ناترسن

کەواتە بۆمان دەرکەوت ئەوەی ئەوانە ئەیڵێن و دەهۆڵیان بۆی ئەکوتا هیچ بنەمایەکی نەبوو وە لەدرۆیەکی شاخدار زیاتر نەبوو ، وە بۆمانیش دەرکەوت کاتێ زانایان نەفی کافربون لەکەسێک ئەکەن کە کەوتۆتە ناو شیرکی گەورەوە

بەنەزانی ئەوا هیچ جۆرە حوکمێکی کافری لەدونیا و قیامەت بۆ نابڕنەوە وە بەو نەفی کردنەی تەکفیرەیان وەسفی ئیسلامی بۆ جێگیرئەکەن لەبازنەی ئیسلام دەیهێڵنەوە.

هەروەها شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب دەڵێت :"

أما سؤالكم: هل هذا في المسلم الذي لم يصدر منه الشرك بالكلية ؟

فنقول: أما الشرك الذي يصدر من المؤمن وهو لايدري، مع كونه مجتهداً في اتباع أمر الله ورسوله، فأرجو أن لايخرجه هذا من الوعد وقد صدر من صحابة أشياء من هذا الباب، كحلفهم بآبائهم، وحلفهم بالكعبة، وقولهم ماشاءالله وشاء محمد، وقولهم إجعل لنا ذات أنواط،ولكن إذا بان لهم الحق اتبعوه ولم يجادلوا فيه حمية الجاهلية لمذهب الأباء والعادات. أما الذي يدعي الإسلام وهو يفعل من الشرك الأمور العظام، وأما الإنسان الذي يفعلها بجهالة، ولم يتيسر له من ينصحه، ولم يطلب العلم الذي أنزله الله على رسوله بل أخلد إلى الأرض، واتبع هواه، فلا أدري ما حاله "الدررالسنية(٢/١٠٣)

بەڵام ئەو پرسیارەتان: ئایا ئەمە ئەو موسڵمانەش ئەگرێتەوە کە شیرکی ئەنجام نادات بەشێوەیەکی گشتی ؟

دەڵێین: ئەو ئیماندارەی شیرکی لێ ڕوئەدات و بەڵام نازانێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵ ئەدات شوێنی فەرمانی خوا و پێغەمبەرەکەی بکەوێت، ئومێد ئەکەم ئەم شیرکە لە موسڵمانێتی دەری نەهێنێ، چونکە کۆمەڵێ شت لەم شێوە لەصەحابە ڕویداوە، وەك سوێند خواردنیان بەدایك و باوکیان یان بەکەعبە، یان دەیانوت ئەگەر خوا بیەوێ و محمد بیەوێ، یان کاتێ وتیان ذات أنواط مان بۆ دابنێ، بەڵام ئەگەر حەقیشیان بۆ دەربکەوتایە شوێنی دەکەوتن و مشتومڕیان ناکرد و دەمارگیری نەفامی بۆ باوباپیران و خوو نەریتەکان نەیدەگرتن.

بەڵام ئەو کەسەی ئیدیعای ئیسلامەتی ئەکات و کاری شیرکیە گەورەکان ئەنجام ئەدات ئەگەر بەنەزانی ئەنجامی دابێت و کەس نەبوبێ ئاگاداری بکاتەوە، وە بەدوای فێربوونی ئەو عیلمە نەکەوتبێت کە اللە دایبەزاندوە بۆ سەر پێغەمبەرەکەی بەڵکو خۆی بەزەویەوە نوساندبێت و شوێنی ئارەزووەکانی کەوتبێت حاڵی ئەم کەسە نازانم."

کەواتە بڕوانن چۆن شێخ محمد ئەو ئیماندارەی کە شیرك ئەنجام ئەدات بە ئیماندار و موسڵمانی ناو ئەبات مادام نەزان بوبێت و پشتی نەکردبێت لەفێربوون. و پێی ناڵێت موشریك، بەڵام ئەو کەسەی نەزان بوبێ و پشتی کردبێ لە عیلم ئەڵێ نازانم حاڵی.

باسی دووەم

[بابەتی عوذر بەجەهل پەیوەندی بە ئیرجاء]

ئەڵێن هەرکەسێك بڵێ عوزر بەجەهل هەیە لەشیرك و کوفری گەورە پێش ئیقامەی حوجە ئەوا مورجیئەیە !!!

بێ ئاگا لەوەی بزانن موڕجیئە کێ یە و بیروباوەڕیان چی بوە و یان بۆچی پێیان وتراوە موڕجیئە ، جا یان نەزانن یان چەواشەکارن و مەبەستیان ناو زڕاندن و لەکەدارکردن و بەرتەسککردنەوەی بانگەوازەکەتە...

سەرەتا با پێناسەی کورتی مورجیئەتان بۆ بکەین، مورجیئە چەن تاقمێکن "غولاتی مورجیئە"مان هەیە: کەدەڵێن ئیمان تەنها باوەڕی نێو دڵە لەبەرامبەریشدا کوفریش تەنها ئینکاری کردن بەحەڵاڵ دانانە، ئەم تاقمە زانایان بەشێوەیە گشتی تەکفیریان کردون "کحکم عام" "مورجیئەی کەڕامیەکان": کەدەڵێن ئیمان تەنها بریتیە لە ووتەی زمان، وە "مورجیئەی فوقەهاء" دەڵێن : ئیمان بریتیە باوەڕی دڵ و وتەی زمان و کردەوە بەشێك نیە لەئیمان بەڵکو لەتەواوێتی ئیمانە، کردەوە و ووتە کوفریەکان لەبەر ئەوە کوفر نیە کەخودی خۆیان کوفر بن بەڵکو لەبەرئەوە کوفرن چونکە لەنێو دڵ باوەڕ نامێنێ کە کوفر دەکەی ئەم جۆرەی مورجیئە نزیکترین تاقمن لە ئەهلی سونە. ئەی بۆچی پێیان وتراوە مورجیئە ؟ چونکە کردەوەیان پێناسەی ئیمان دەرهێناوە، یان عەمەل یان دواخستوە لە موسەمای ئیمان، هەربۆیە دەڵێن " هیچ گوناهێ زیانی نیە بۆ ئیمان مادام بەحەڵاڵی نەزانێ" ئەم قسەیەش باطل ە بێگومان بۆ نموونە جنێودان بە اللە عزوجل گوناهێکی کوفری یە ڕەچاوی حەڵاڵکردن و نەزانین ناکرێت بۆ کافرکردنی خاوەنەکەی چونکە پێچەوانە و هەڵوەشێنەرەوەی مانای گشتی "لااله‌الاالله" .

بەڵام عوزر بەجەهل خۆی بۆخۆی عارضێکە لە " "العوارض الأهلية" واتە بەربەستێکە لەوبەربەستانەی ئەهلیەتت بۆ تەکلیف کردن ناهێڵێت، کەئەمەش هیچ پەیوەندیەکی نیە بەموسەمای ئیمان تەنها لەڕوویەکی شاراوەوە نەبێت، وە بابەتەکانی "العوارض الأهلية" ش باسدەکرێت لە کتێبەکانی ئوصولی فیقە ، لەسنووری کەسانی موکەلەف باسی دەکەن هەروەها لەمەرجەکانی کەسانی موکەلەف، هەروەك ئەو زانایانە دەفەرموون" الإختلاف في مسألة العذر بالجهل كغيره من الاختلافات الفقهية الإجتهادية..."

دەڵێن: "ڕاجیایی لەبابەتی بیانوو بەنەزانی هەروەکو ڕاجیایە فیقهیە اجتیهادیەکانی تر..."

شێخی ئیسلام ابن تەیمیە دەڵێت:" أو يكفر جاحده أو لا يكفر؛فهذه أحكام عملية تختلف باختلاف الأشخاص والأحوال."

دەڵێ: بابەتی کافربوون بەهۆی نکۆڵی کردن یان کافر نەبوون; ئەمانە ئەحکامی عەمەلی ن لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر وە لەبارودۆخی بۆ بارودۆخێکی تر دەگۆڕێت"

[کەواتە بابەتی تەکفیرکردن بابەتێکی فیقهیە و پەیوەندی عوارض ەکانی تەکلیف و موکەلەف بونەوە هەیە لەئوصولی فیقە زانایان باسیان کردوە لەژێر ناوی ئەو بەربەستانەی دەبنە ڕێگر لەوەی فەرمایشتە شەرعیەکان کەسی موکەلەف دەیگرێتەوە وەکو جەهل و تەئویل و خطأ و ئیکراە هەموان ئەم چوار ڕێگرە

باس ئەکەن بەڵام زەوابیتەکانی جێبەجێکردنی لەفەقیهێکەوە بۆ فەقیهێکی تر بەپێی ئصولّی ئەو فەقهیە و مەزهەبی ئەو فەقیهە و تێڕوانینی ئەو فەقیهە بۆ واقیع و کەسەکە حوکم و بڕیارەکانیان جیاواز ئەبن، بۆیە بەهیچ شێوەیەك بابەتێ نیە پەیوەندی هەبێت بەعەقیدەوە ، چ جای یەکتری لەسەر تەکفیر و گومڕا و تبدیع بکرێت]

پاشان ئەو کەسەی کە دەڵێ عوذر بەجەهل هەیە خۆی نەیوتوە کردەوە بەشێك نیە لەئیمان یان نەیوتوە کردەوە کوفریەکان کاتێ کەسێك ئەنجامی ئەدات پێی کافر نابێت، بەڵکو دەڵێت نابێ پەلەبکرێت لەتەکفیرکردنی دەبێت ڕەچاوی بونی مەرجەکان و نەبونی ڕێگریەکان بکرێت ئەگەر هیچ ڕێگریەك نەبوو وەك جەهلی معتبر و خطأ و تأویل و إکراه ئەوکاتە تەکفیری ئەکەین بەهۆی ئەنجامدانی ئەو کردەوەیە.

کەواتە کەسی عاذر نەچووە بڵێ بەکردەوەی کوفری هیچ کەسێ کافر نابێ یان کردەوە بەشێك نیە لە ئیمان ، ئاخر چۆن ئەیکەن بە مورجیئە و چ پەیوەندیەکی هەیە بەمورجیئەوە؟! بێگومان هیچ پەیوەندیەکی نیە، کەسی عاذر تەنها دەڵێ ڕاستەوخۆ حوکمی تەکفیرەکەی لەسەرنادەم بەهۆی بونی مانعێك کە باوەڕی پێیەتی مناطی تەکفیرکردنەکەی بەهۆی مانعەکەیە نەك بەهۆی

ئەوەی خودی کردەوەی کوفری و شیرکی بەکوفر نەزانێ، بۆیە لەخوا بترسن خەڵکی چەواشە مەکەن و یاری مەکەن بە زاراوە عەقیدەیی و شەرعیەکان.

بڕوانن بزانن کێ خەوارێجە و کێ مورجیئەیە ؟

هاتووە لەعەقیدەی" حرب بن إسماعيل الكرماني " کە عەقیدەی ئەهلی سونەت و جەماعەت نەقڵ دەکات کە ئیجماعی لەسەرە دەڵێت" ئەمە مەذهەبی پێشەوایانی عیلمە و پێشەوایانی ئەثەرە، هەروەها مەذهەبی ئەو زانایانەیە کە بەئەهلی سونەت ناسراون و ئیقتیدایان پێکراوە لەسەردەمی ئەصحابی پێغەمبەر صلى الله عليه وآله وسلم تا ئەم ڕۆژەی ئێـــمە ، بەهەموو زانایانی عێڕاق و حیجاز و شام و غەیری ئەوانیش گەیشتووم کە دەڵێن هەرکەسێك پێچەوانەی هەر شتێك بکات لە ڕێیاری ئەهلی سونەت یان تانە وتەشەر لەهەر بنچینەیەك بدات لە بنچینەکانی ئەهلی سونەت و عەیب لەخاوەنەکەی بگرێت، ئەوا ئەو کەسە کەسێکی موخـــالیف و موبتەدیع و دەرچـــووە لە جەماعـــەت و مەنهەجی ئەهلـی سـوونە و حـەق...، بەڵام خـــەوارێـج : ئـەوانەن کـە بەئـەهلـی سـوونە و جـــەماعـە دەڵـێن مـورجـــیئـە.

خەواریج درۆیـــان کرد لەقسەکەیان بەڵکـو خـۆیان مـورجیئەن، چـونکـــە تەنها خـۆیان بە ئیماندار و حەق دەزانـن جـگە لـەخەڵکی، وە هـەرکەسێك پێـچـەوانەیان بکات دەڵێـن کـافرە." [السنة (١ , ١١٧)].

بـــەڕێـــزان ئایا ئـەمـڕۆکـە ئـێمە ئـەم جـۆرە کـەسـانە بەچاوی خـۆمان نابینین و نابیستیـن ؟!!!!

مـورجیئـە کێ یە و بیروباوەڕیان چـی یـــە ؟

ئیمامی ســوفیانی ثەوری دەڵێت : " جیاوازی لەنێـوان ئـێمە و مـورجیئـە سـێ شتە : ئـێمە دەڵێین ئـیمان قـەول و عـەمـەلە، بـەڵام ئـەوان دەڵـێن : ئـیمان تـەنها قـەولە و عـەمـەل لـەئـیمان نیە، هـەروەهـا ئـێمـە دەڵـێین : ئـیمان زیـاد دەکات و کـەم دەکـات، بـەڵام ئـــەوان دەڵـێن : نـەخێر زیـاد نـاکـات و کـەم نـاکات، ئـێمـە دەڵـێین : مـونـافیق هـەیـە، بـەڵام ئـەوان دەڵـێـن : نـیفـاق بـــوونـی نیـە." [صفة النفاق وذم المنافقين. (٨٧)].

ئەوە عـەقیدەی مـورجیئە بوو کە ئـەو ئـیمامـە بـەڕێزەی ئـەهلی سوونە باسی کـرد، ئـاخر ئـەو خـەواریـج و جـاهیل و خـوانەناسانە بـۆچـــی لـە

اللـــه نـاتـرسـن و بـه ئـێمه دەڵێـــن مـــوڕجیـئـه لـەسـەر چ ئەساسێك جگه له بوهتان و درۆ و جەهـل و نـاخ پیسـیان. عـاملهم الله بـعدلـه.

پاشان بابزانین به کێ دەوترێت موڕجیئه؟

پێناسەی ئیرجاء: له زمانەوانی واته: دواخستن ومۆڵەتدان.

له زاراوه ولەلای زانایانی سەلەف: دواخستن ودەرکردنی کردەوەیه له حەقیقەتی ئیمان.

ئیمامی عبدالقاهر البغدادي –رحمه الله- دەفەرمووێ:" بۆیه پێیان وترا موڕجیئه، چونکه کردەوەیان دواخست له ئیمان". الفرق بين الفرق للبغدادي،ص216.

بنچینەکانی بیروباوەڕی موڕجیئه:

هەرکەسێك ئەم نیشانه وبنچینانەی تێدا بێت، ئەوه کەسێکی موڕجیئەیه، ئەگەرنا بەرییه ودووره له ئیرجاء:

یەکەم: ئیمان بەس وتەیە. بەڵام لەلای ئەهلی سوننە وجەماعە ئیمان وتە وکردەوەیە.

ساڵحی کوڕی ئیمامی ئەحمەد –ڕەحمەتی خوایان لێبێت- پرسیاری لە باوکی کردووە: دەربارەی کەسێك کە بۆچوونی وانەبێت ئیمان وتە وکردەوەیە، فەرمووی: ئەوانە مورجیئەن. السنة للخلال،ص566.
ئیمامی خەللال –رحمه الله- دەفەرمووێ: حەربی کرمانی پێی ڕاگەیاندم وفەرمووی: گویم لە ئیمامی ئەحمەد بوو، کە پێی گوترا مورجیئەکان کێن؟ فەرمووی: هەرکەسێك بڵێت ئیمان بەس وتەیە. السنة للخلال،ص565.

بە عبدالله بن المبارك –رحمه الله- وترا: ئەوە بۆچوونی ئیرجائت هەیە؟ ئەویش فەرمووی: من دەڵێم: ئیمان وتە وکردەوەیە، ئیتر چۆن دەبم بە مورجیئە؟ السنة للخلال، ص566.

وەکیع دەفەرمووێ:" أهل السنة يقولون: الإيمان قول وعمل، والمرجئة يقولون: إن الإيمان قول بلا عمل". كتاب الإيمان للعدني، رقم(29).

دووەم: لەلای مورِجیئە ئیمان یەك شتە، بەش بەش نابێت و، زیاد وکەمیش ناکات. بەڵام لەلای ئەهلی سوننە وجەماعە ئیمان زیاد دەکات وکەمیش دەکات.

پرسیار لە ئیمامی ئەحمەد کرا دەربارەی کەسێك کە بڵێت:"الإیمان یزید وینقص". فەرمووی: ئەمە بەرییە لە ئیرِجاء. السنة للخلال،ص581.

ئیمامی بەربەهاریش –رحمه الله- دەفەرموێ:" من قال: الإیمان قول وعمل یزید وینقص، فقد خرج من الإرجاء کله أوله وآخره." شرح السنة،ص 123. واتە: هەر کەسێك بڵێت: ئیمان وتە وکردەوەیە، زیاد وکەم دەکات، ئەوە بێگومان لەهەموو ئیرِجاء دەرچووە، سەرەتاکەیی وکۆتاییەکەشی.

سوفیانی سەوری –رحمه الله- دەفەرموێ: مورِجیئە لە سێ شتدا موخالەفەی ئیمەیان کردووە:

ئیمە دەڵێین: ئیمان وتە وکردەوەیە، ئەوان دەڵێن: وتەیە بەبێ کردەوە.

ئیمە دەڵێین: زیاد دەکات وکەمیش دەکات، ئەوان دەڵێن: نە زیاد دەکات ونە کەمیش دەکات.

ئیمه دەڵێین: ئەهلی قیبله لەلای ئیمه ئیماندارن، بەڵام لەلای خوا، ئەوه خوا خۆی زاناتره، ئەوان دەڵێن: ئیمه لەلای خواش ئیماندارین. الإعتقاد للبيهقي،ص120-121.

سێیەم: به گوناهو تاوان ئیمان کەم ناکات وزەرەری لێنادات. مورجیئەکان بیروبۆچونیان وایه: ئەنجامدانی تاوانه گەورەکان و، وازهێنان له واجیباتەکان، هیچ کاریگەری لەسەر ئیمان نابێت و، زەرەری نابێت بۆی. هەروەکو ئەم وتەیەیان بەناوبانگه که دەڵێت: لا يضر مع الإيمان ذنب.

شێخولئیسلام –رحمه الله- دەفەرمووێ:" وقالت المرجئة على اختلاف فرقهم: لا تذهب الكبائر والواجبات الظاهرة شيئا من الإيمان، إذ لو ذهب شيء منه لم يبق شيء، فيكون شيئا واحدا يستوي فيه البر والفاجر". مجموع الفتاوى(223/7).

واته: مورجیئه سەرەڕای جیاوازی فیرقەکانیان دەڵێن: گوناهه گەورەکان و، وازهێنان له واجیباته ئاشکراکان هیچ کاریگەری لەسەر ئیمان نابێت...

چوارەم: ئیستیسنا نەکردن له ئیمان(الإستثناء واته: بڵێی من برِوادارم إن شاءالله). بۆیه مورجیئەکان واناڵێن، وه بەهۆی ئەم بابەتەشەوه به ئەهلی

سوننه وجەماعه دەڵێن (الشكاكة) ياخود (الشكاكية)، واته: ئەوانەی گومانیان لە ئیمانی خۆیان هەیە!!!

عبدالرحمن بن مهدي –رحمه الله- دەیفەرموو:" إذا ترك الإستثناء، فهو أصل الإرجاء". الشريعة للآجري،ص142

واته: ئەگەر واز لە ئیستیسناکردن لە ئیمان هێندرا، ئەوە بنچینەی ئیرجائە.

شێخولئیسلام ئیبنو تەیمییە دەفەرمووێ:" فالذين يحرمونه –أي الإستثناء في الإيمان وهو قول أنا مؤمن إن شاء الله- هم المرجئة والجهمية ونحوهم.... قالوا فمن استثنى في إيمانه، فهو شاك فيه، وسموهم الشكاكة".

مجموع الفتاوى(429/7).

پێنجەم: مورجیئەکان کوفریان حەسرکردووە لە ئیعتیقاد وئیستحلال وجوحود وتەکزیب.

چونکە لەلای ئەهلی سوننە کوفر هەروەکو چۆن بە بیروباوەڕ و وتە دەبێت، بەهەمان شێوە بە کردەوەش دەبێت، بەبێ ئەوەی سەیری بیروباوەڕی کەسەکە بکرێت، یا ببەستزێتەوە وحەسربکرێت بە ئیستحلال وجوحود وتەکزیب.

خەواریج وهەڵبەستنی تۆمەتی ئیرجاء:

هەر لە کۆنەوە خەواریجەکان ئەهلی سوننە وجەماعەیان تۆمەتبارکردووە بە مەزهەبی مورِجیئە، ئەویش لەبەر ئەوەی ئەو کەسەی لەلای ئەوان کافرە، ئەهلی سوننە بەکافریان نەزانیوە.

هەروەکو ئیمامی (إسحاق بن راهویه) –رحمه الله- بۆمان دەگێڕێتەوە لە (شیبان بن فروخ)، دەفەرمووێ: بە (عبدالله بن المبارك)م گوت: چی دەڵێی دەربارەی کەسێك زینا بکات وئارەق بخواتەوە و، هاوشێوەی ئەمانە ئەنجامبدات، ئایا ئەو کەسە بڕوادارە؟
ئیبنولموبارِەك فەرمووی: لە بازنەی ئیمان دەری ناکەم.
شەیبان پێی گوت: ئەوە لە تەمەنی گەورەییت(واتە: لە کۆتایی تەمەنت) بوویتە مورِجیئە؟

ئیبنولموبارِەکیش فەرمووی: ئەی باوکی عەبدوڵڵا، مورِجیئە قەبووڵم ناکات، من دەڵێم ئیمان زیاد دەکات، بەڵام مورِجیئە وا نالێت. مسند ابن راهویه(3/670-671).

وەهەروەها ئیمامی أبو الفضل السكسكي الحنبلي –رحمه الله- دەفەرموویٚ:" وتسميها المنصورية، وهم أتباع عبدالله بن زيد: مرجئة، لقولها: إن تارك الصلاة إذا لم يكن جاحدا لوجوبها مسلم على الصحيح من المذهب".
البرهان في معرفة عقائد أهل الأديان للسكسكي، ص54.
واتە: مەنسووڕییەکان –شوێنکەوتەی (عبدالله بن زيد) بوون- بە ئەهلی سوننەیان دەگوت مورجیئە، چونکە دەیانگوت(مەبەستی بەشێك لە ئەهلی سوننەیە): نوێژ نەکەر ئەگەر نکوولّی لە واجب بوونی نەکات، لەسەر قەولی سەحیح لە مەزهەبی حەنبەلی موسلّمانە.
بۆیە بەو کەسانە دەلّێین کە تۆمەتبارمان دەکەن بە ئیرجاء:"أنا أكبر من دين المرجئة". هەروەکو هێندێك لە زانایانی سەلەف فەرموویانە.

فلا تكُ مُرْجِيّاً لعوباً بدينه ****** ألا إنما المرْجِيُّ بالدينِ يمزحُ

جیاوازی نێوان مورجیئە وخەواریج لەلای ئیبنو تەیمییە

شێخولئیسلام ئیبنو تەیمییە –رحمه الله- لە کیتابی (الإيمان) کاتێك باسی وتە وبۆچوونی خەواریج وموعتەزیلەکان دەکات، دەربارەی کافرکردنی تاوانبارەکان و، حوکمدان لەسەریان بە دۆزەخ، دەفەرموویٚ:" وكلا هذين القولين شر من

قول المرجئة، فإن المرجئة منهم جماعة من العلماء والعباد المذكورين عند الأمة بخير، وأما الخوارج والمعتزلة، فأهل السنة والجماعة من جميع الطوائف مطبقون على ذمهم". الإيمان، ص175.

واتە: ئەم دوو وتانە هەردووکیان خراپترن لە وتە وبۆچوونی مورجیئەکان، چونکە مورجیئەکان کۆمەڵێکیان تێدا هەیە لە زانایان وخواپەرستان، کە لەلای ئومەت بە چاکە باسکراون، بەڵام هەرچی خەواریج وموعتەزیلەکانن، ئەوە ئەهلی سوننە وجەماعە بە هەموو کۆمەڵەکانەوە، یەکدەنگن لەسەر زەمکردیان!!!(وەرگیراوە)

باسی سێیەم

پوختەی ئەو بابەتانەی کە زانایانی نەجدی خیلاف و بۆچوونی جیاوازیان هەیە تیایدا لەبابەتی تەکفیر کەبریتیە لە 21 بابەت :

1- شێخ موحەمەدی کوڕی عبدالوەهاب و قوتابیەکانی دەڵێن ئیقامەی حوجە

بەڕوونکردنەوەی زانایان ئەنجام ئەدرێت دەربارەی ئەو شیرکانەی قبوریەکان ئەنجامی ئەدەن ئەوانەی لەخطابی قورئان تێنەگەیشتوون لەعەرەب و عەجەم، بڕوانە"مجوع الرسائل(1/248)هەروەها شێخ عبداللطیف یش هاوڕایە لەگەڵیان لەمەدا شوێنکەوتەیانە بڕوانە "مصباح الظلام" (لاپەڕە 206 بۆ 208)هەروەها ابن سەحمان یش لە "منهاج أهل الحق" (لاپەرە 85) بەڵام أبابطین و عدالرحمن بن حسن لە "الدرر(11/466) وە شێخ إسحاق لە "تکفیر المعین"(لاپەڕە 14 و 18 و 19)دەڵێن تەنها بەوەنەی قورئانیان پێ بگات و بزانن محمد صلی الله علیه وسلم بە ئیسلام نێردراوە تەنها بەوەندە ئیقامە حوجەیان لەسەر بەرپا دەبێت.

3-شێخ محمد بن عبدالوهاب لە قەولێکی دا کە شێخ عبداللطیف دەیداتە پاڵی لە "الدرر" (12/534)وە قوتابیەکانی لە "الدرر"(10/136)و (11/75) وە لە "مجموع الرسائل"(5/576) هەروەها شێخ عبداللطیف لە "منهاج التأسیس" (لاپەڕە99) وە لە "الدرر"(12/534) باوەڕیان وایە هەرکەسێ لەموسڵمانان بکەوێتە ناو شیرکێکەوە و دەعوەشی پێنەگەیشتبێت ئەوا موشریکە بەڵام کافر نیە و موسڵمانیش نیە، بەڵام لەبەرامبەردا شێخ أبابطین و إسحاق دەڵێت نەخێر لای ئێمە کافرە، چونکە خیلافیان هەیە دەربارەی خودی ئەوشتەی کە دەبێتە هۆی ئیقامەی حوجە.

4-قوتابیەکانی محمد بن عبدالوهاب و بەدوایاندا شێخ عبداللطیف و حمد بن عتیق باوەڕیان بەمەرتەبەی موشریك بوون هەیە لەهەمان کاتدا موسڵمان نەبێت و کافریش نەبێت، بەڵام شێخ سلێمان بن عبدالله‌ی کوری شێخ محمد ئەم مەرتەبەیە ڕەت ئەکاتەوە لە "أوثق عری الإیمان" هەروەها شێخ سلێمان بن سحمان یش ڕەتی ئەکاتەوە لە "منهاج أهل الحق"(لاپەرە 80) وە لە "الدرر" (10/471) ئەم دوو شێخە بەڕێزە ڕەتی ئەکەنەوە مەرتەبەیەك هەبێت نەموسڵمان بێت و نەکافر.

5-شێخ "حمد بن ناصر بن معمر" باوەڕی وایە هەرکەسێ لەسەر قەبوری گەورە ببێت ئەوا دەبێت بەکافری ئەصلی، بڕوانە "الدرر"(10/335) لەبەرامبەردا شێخ عبداللطیف لەوەڵامیدا دەڵێ "اتفاق فقهاء لەسەر پێچەوانەی ئەم وتەیە و دەڵێن ئەو کەسە دوای ڕونکردنەوە بۆی ئەوجا مورتەد ئەبێت ئەم نیسبەت دانەشی بۆ فقهاء لەباپیریەوە دەیگێڕێتەوە واتە شێخ محمدی کوری عبدالوهاب، بڕوانە"مصباح الظلام"(لاپەڕە52 بۆ 53)

6-أبابطین دەڵێ: جەهل بەشێوەیەکی گشتی عوذر نیە بڕوانە "الدرر"(10/391) وە بڕوانە "مجموع الرسائل"(5/476) لەبەرامبەردا شێخ عبداللطیف بن عبدالرحمن دەڵێ: زۆربەی فوقەهاء دەڵێن جەهل

بەشێوەیەکی گشتی عوذرە، نیسبەتی دەداتەپاڵ شێخی ئیسلام ابن تەیمیە، وە دەڵێ شێخی ئیسلام ڕیسالەیەکی دەربارەی سەلماندنی عوذر بەجەهل داناوە، بڕوانە "مصباح الظلام" (لاپەڕە 498 بۆ 499) وە شێخ عبداللەی کوری شێخ محمد بن عبدالوهاب ئیجماع نەقڵ دەکات لەسەر بونی عوذر بەجەهل پێش ئیقامەی حوجە، بڕوانە "الدرر" (10/239) وە بڕوانە "مجموع الرسائل" (1/248).

7-أبابطین دەڵێ مەبەستی زانایان لە ئیستیتابە لەبابی حەدی ڕیدە بەهۆی شیرك دوای ئەوەیە کە حوکمی مورتەد بون دەدەن بەسەر کەسی دیاریکراو ئەوجا دەڵێن استتابەی دەکرێ. بڕوانە "الدرر" (10/391) وە بڕوانە "مجموع الرسائل" (5/476) لەبەرامبەردا شێخ عبداللطیف بن عبدالرحمن دەڵێ: ئیستیتابە کردن لای زانایان مانای تەکفیرکردنی کەسی دیاریکراو ناگەیەنێ.بڕوانە "مصباح الظلام" لاپەڕە 199

7- شێخ محمد بن عبدالوهاب دەڵێ : ئیجماع هەیە لەسەر ئەوەی هەرکەسێك کارێکی شیرکی ئەنجام بدات بەدیاریکراوەیی تەکفیر ناکرێت بەڵکو تەکفیرکردنی دوای فێرکردن و ڕوونکردنەوە دەکرێت ئەمەش مەرجە بەئیجماع. بڕوانە "الرسائل الشخصیة" لاپەڕە 60 وە بڕوانە "الدرر" (2/207) لەبەرامبەردا شێخ إسحاق بن عبدالرحمن دەڵێت تەکفیرکردنی قبوریەکان بەدیاریکراوەیی بابەتێکی ویفاقی و کۆڕاییە، بڕوانە "تکفیرالمعین" (لاپەڕە 19 بۆ 20)

بەڵام أبابطین لەتەعلیقی لەسەر ئەو وتەیە دەڵێ: نەبونی عوذر بەجەهل وتەی جەماوەری زانایانە نەك هەمویان، بڕوانە "الدرر"(10/401-402)

8- شێخ عبداللطیف و شێخ ابن سحمان دەربارەی جەهمیەکانی عومان دەڵێن کاتێ تەعطیلی صیفاتی الله تعالی دەکەن ئەو دوو شێخە دەڵێن ئیقامە حوجە لەبابی صیفات تەنها بەڕونکردنەوە و گەیاندنی دەقەکانی قورئان و سونەت ئەنجام ئەدرێت وفەهمی حوجە مەرج نیە ئەمە مانایەش دەدەنە پاڵ ابن تەیمیە بڕوانە "الدرر" (10/436) وە بڕوانە "کشف الأوهام"(لاپەڕە 34) بەڵام هەردوو کوڕەکەی شێخ محمد بن عبدالوهاب حوسێن و عبدالله دەڵێن ئیقامە حوجە لەبابەتی صیفات مەرجە تیایدا کە گومانەکان و شوبهەکان بڕەوێنرێتەوە و حەقی تێدا ڕونبکرێتەوە واتە لێرەدا فەهمی حوجە مەرجە، بڕوانە "الدرر" (10/134-248) ئەم فەهەمەش شێخ محمد بن عبدالوهاب و أبابطین دەیدەنە پاڵ شێخی ئیسلام ابن تەیمیە، بڕوانە "الدررالسنیة"(10/69-72-356) وەبڕوانە "الرسائل الشخصیة" (لاپەڕە 220-221) وە ریسالەکانی شێخی ئیسلام شایەدی لەسەر ئەمە دەدەن. نەك ئەوەی شێخ عبداللطیف

.

9- ابن بلیهد کە یەکێکە لە ئەقرانەکانی ابن سحمان خیلافی هەبوو لەگەڵ زانایانی دەعوەی نەجدی سەردەمی خۆی کاتێ هەمویان دادەنیشن لە دامەزراوەی سعودیەی سێیەمی عبدالعزیز بن سعود کۆبونەوە لەسەر ئەوەی

ئایا بۆ ئیقامەی حوجە فەهمی حوجە پێویست ئەکات یان نا ؟ ابن بلیهد بەڵگەی لەسەریان هێنایەوە بە وتەیەکی ابن القیم هەمویانی بێدەنگ کرد ، ئەمە رشید رضا گێڕاوێتیەوە لەتەعلیقیدا لەسەر " جامع الرسائل و المسائل النجدية" (5/515).

10- أبابطين باوەڕی وایە زۆربەی ئەو خەڵکانەی شێخ محمد بن عبدالوهاب قیتالی بەرامبەرکردون جاهیل بوونە و هیچ کەسێکی موعانیدیان تیانەبوە، "عارض الجهل"لاپەڕە 153 نەقڵی دەکات، لەبەرامبەردا عبدالله‌ی کوڕی شێخ محمد بن عبدالوهاب دەڵێ زۆربەی ئەو خەڵکانەی باوکی قیتالی لەدژ کردون موعانید بوونە واتە عیلمیان هەبوە، بڕوانە "الهدية السنية" لإبن سحمان (ص 50) هەروەها شێخ محمد خۆی زۆربەیانی بەوە وەسف کردوە کە عیلمیان پێگەیشتوە و ئیقامەی حوجەیانی کردوە.

11- شێخ محمد بن عبدالوهاب لەدیارترینی وتەکانی تەوەقوفی کردوە لەتەکفیرکردنی کەسی پشتەڵکردوو، بڕوانە "منهاج التأسيس"ی عبداللطيف (لاپەڕە 222)بەڵام شێخ عبداللطیف تەکفیری دەکات، بڕوانە هەمان سەرچاوە، هەروەها شێخ محمد بن عبدالوهاب یش لە وتەیەکی تریدا تەکفیری پشتەڵکردوو دەکات، بڕوانە"مؤلفات الشيخ محمد بن عبدالوهاب" "التفسير"(5/212).

12- شێخ إسحاق بن عبدالرحمن دەڵێ شێخ محمد بن عبدالوهاب تەنها بەگەیشتنی قورئان وتوێتی ئیقامە حوجە کراوە لەسەر قبوریەکان، بڕوانە "تکفیرالمعین" (لاپەڕە 14 و 18 و 19). لەبەرامبەردا شێخ عبداللطیف بن عبدالرحمن لە "منهاج التأسیس" (لاپەڕە 222) وە لە "مصباح الظلام" (لاپەڕە 199 و 499) هەروەها کوڕەکانی عبدالله و إبراهیم و ابن سحمانی قوتابیی دەڵێن شێخ محمد بن عبدالوهاب ڕونکردنەوە و تێگەیاندنی ئەهلی عیلمی بەمەرج داناوە بۆ ئەنجامدانی ئیقامەی حوجە، بڕوانە "الدرر"(10/433-435).

13- شێخ إسحاق تەکفیرکردنی عموم و گشتی دەداتە پاڵ شێخ محمدی کوڕی عبدالوهابی باپیری لە "تکفیرالمعین" (لاپەڕە 24) وە دەڵێ ئەمە بابەتێکی ویفاقی و کۆڕاییە، بەڵام لەبەرامبەردا کوڕانی شێخ محمد ، عبدالله و حوسین ئەمە ڕەت ئەکەنەوە دەربارەی باوکیان, بڕوانە " مجموعة الرسائل" (1/43-44) وە بڕوانە "الدرر"(10/144-145) هەروەها شێخ عبداللطیف یش تەکفیری عامی ڕەت کردۆتەوە بدرێتە پاڵ شێخ محمد، بڕوانە "منهاج التاسیس" لاپەڕە 222,نامەکانی شێخ محمدیش شایەدن لەسەر هەڵەکردنی إسحاق بەرامبەری، وەك ئەوەی شێخ محمد بن عبدالوهاب ئیجماع لەسەر تەکفیرکردنی کەسێك کەشیرك ئەنجام ئەدات ئەیبەستێتەوە بە دوای ڕونکردنەوە "البیان".

14- اسحاق بن عبدالرحمن تەکفیرکردنی قبوریەکان بەدیاری کراوەیی دەداتە پاڵ ابن تەیمیە، بەڵام لەبەرامبەردا شێخ محمد بن عبدالوهاب لە "مفید المستفید" و لە "رسائل الشخصیة" لاپەڕە 220 بۆ 221 وە لە "الدرر" (10/69-72) وە أبابطین لە "الدرر"(12/87-89) وە عبدالرحمن بن حسن لە "الدرر" (2/202-211) وە عبداللطیف لە "مصباح الظلام"(لاپەڕە 499) هەروەها ابن سحمان هەموو ئەم شێخە بەڕێزانە دەفەرموون ابن تەیمیە موسڵمانێ بکەوێتە شیرکەوە تەکفیریان ناکات بەدیاریکراوەیی تەنها دوای ئەوە نەبێت کە حوجەی ڕیسالەیان پێبگات.

15- اسحاق بن عبدالرحمن وتەی براکەی و عبداللطیفی شێخی بەهەمان مانا لێکداوەتەوە کە داوێتیە پاڵ هەردوو شێخی ئیسلام لە کتێبی "تکفیرالمعین"لاپەڕە (7-24) بەڵام ابن سحمان بەپێچەوانە لەعبداللطیفی شێخی تێگەیشتوە، بڕوانە "کشف الشبهتین" (لاپەڕە 91-92)وە هەردوو کتێبەکەی شێخ عبداللطیف کتێبی "منهاج التاسیس." و کتێبی " مصباح الظلام" هەردوکیان شایەدن لەسەر هەڵەکردنی اسحاق سەبارەت بەهەردوو شێخی ئیسلام.

16- شێخ اسحاق وتەکەی شێخ محمد بن عبدالوهاب دەربارەی ئەوانەی قوبەی کواز ئەپەرستن بە "المتشابه" داناوە لە "تکفیر المعین"(لاپەڕە 24) لەبەرامبەردا شێخ عبدالطیف لە " منهاج التاسیس"لاپەڕە 222 وە هەردوو

کورِەکەی وە ابن سحمان وتەکەی محمد بن عبدالوهابیان بە وتە موحەکەمەکانی لەقەڵەمیان داوە، بڕوانە "الدرر" (10/433-435) وە بڕوانە "منهاج أهل الحق" لاپەڕە 74 وەبڕوانە "الضياء الشارق"لاپەڕە 372.

17- سیاقی قسەی عبداللطیف وای لێ دەخوێنرێتەوە کە ابن تەیمیە قبوریەکانی بەدیاریکراوەیی تەکفیرنەکردوە بەڵێ بەڵام شایەدیان بۆ نادات بە ئیسلام وە بە موشریکیان دەزانێ واتە مەرتەبەی موشریك بون دەداتە پاڵی کە نەکافر بێ و نەموسڵمان، بڕوانە "منهاج التأسيس" لاپەڕە 99، بەڵام لەبەرامبەردا لەوتەیەکی ئاشکرای شێخ أبابطین بەڕونی دەڵێ ابن تەیمیە قبوریەکان بەموسڵمان دەزانێ مادام ئیقامەی حوجەیان لەسەر نەکرابێ، لەگەڵ ئەوەشدا تەکفیری مطلق بەکاردێنێ، بڕوانە "الدرر"(10/373) سەلماندنەکانی ابن تەیمیە و ئەو بنچینانەی بابەتەکانی لەسەر بیناکردوە دەریدەخات کە قسەکەی ابابطین صەوابە نەك عبداللطیف.

18-شێخ إسحاق لەیەکێ لە وتەکانی دەڵێ دەرخستنی تەکفیرکردن مەرج نیە بۆ ئیزهاری دین و وە ئاماژە بەوە دەکات کە هیچ یەکێك لە ئەهلی عیلم بەمەرجی دانەناوە، بڕوانە "الدرر"(12/445-454)لەبەرامبەردا کوڕانی شێخ محمد بن عبدالوهاب بەمەرجیان داناوە بڕوانە "الدرر" (8/412-413)هەروەها محمد بن عبداللطیف و حمد بن عتیق یش وادەڵێن،

بڕوانه"الدرر"(9/258). وه إسحاق لەوتەی دووەمی بەمەرجی دائەنات و دەڵێ هەردەبێ هەبێت، بڕوانه"الدرر"(8/305).

19- عبدالله‌ی کوڕی محمد بن عبدالوهاب فەرموودەی ئەو پیاوەی گومانی هەبوو لەتوانای زیندووکردنەوەی خوا کاتێ بکرێت بەخۆڵەمێش و بدرێت بەدەم با، عبدالله‌ی کوڕی شێخ محمد ئەم فەرموودەیەی لەسەر ڕواڵەتەکەی لێکداوەتەوە و مانای زاهیرەکەشی داوەتە پاڵ زانایان کاتێ باسی کەسێ دەکات جاهیل بێ بەشیرك و کوفر هەروەها تەنانەت تەوسولی شیرکیش، بڕوانه"مجموعة الرسائل"(1/248) وه بڕوانه "الدرر" (10/239-240) بەڵام أبابطین مەنعی کردبوو بەم شێوەیە ئەو فەرموودەیە لێکبدرێتەوە، بڕوانه"الإنتصار" هەروەها شێخ عبداللطیف ، بڕوانه"منهاج التأسیس"لاپەڕە 217 ئەم دوو زانایە فەرمودەکەیان لەسەر بابەتی جەهل به صیفات کۆکردۆتەوە.

20- شێخ محمد بن عبدالوهاب له"کشف الشبهات" دەڵێ: ڕوداوی "ذات أنواط" ئەوانەی ئەو داوایەیان کرد شیرکی ئەکبەر بوو، ئەمەش وتەی أبابطین و عبدالرحمن بن حسن ه، بەڵام شێخ محمد لەوتەی دووەمی دا له کێتاب"التوحید" بۆچونی وایه که ئەوا داواکردنەیان هۆکارێك بووه بۆ شیرك، عبدالله‌ی کوڕی ئەم بۆچونه دەدەنه پاڵ زانایان، وه ئەمه وتەی ابن تەیمیەیه له "الاقتضاء" هەروەها وتەی الشاطبي ه له"الموافقات"

21- کۆی وتەکانی محمد بن عبدالوهاب دەربارەی ئەوکەسەی قبوریەکان تەکفیر ناکات کە حوجەیان پێگەیشتوە ئەوەیە کە فهمی حوجە بەمەرج ئەگرێ واتە لابردنی شوبهە و گومانەکانی بڕەوێنرێتەوە پاشان تەکفیر دەکرێت، بەڵام لەبەرامبەردا محمد بن عبداللطیف و هەندێ لەنەجدیەکانی دوای ئیمام عبداللطیف کەناوەکانیان باسنەکراوە تەنها ئیقامەی حوجە لەسەری بەکافی دەزانن لەتەکفیرکردنی، بڕوانە"الدرر"(9/291).

هەروەها زانایانی نەجدی خیلاف و جیاوازیان لەوەشدا هەیە ئەگەر وڵاتێ ئەحکامەکانی ئیسلام تیایدا زۆرینە بێت بەڵام شیرکی پەرستنی تێدا بڵاوبێ ئایا دەبێت بەداری کوفر ؟ شێخ حمد بن عتیق دەڵێ دەبێتە داری کوفر وەك لە "الدرر"(9/260-263) هاتووە، وە شێخ محمد بن ابراهیم آل الشیخ شوێن هەمان وتە کەوتوە، بەڵام لەبەرامبەردا أبابطین دەڵێ : نەخێر ئەو شوێنە هەر داری ئیسلامە، هەروەك لە"الدرر"(9/254-255)و(12/397) بینا لەسەر ئەوەی جەماوەری شەرعزانان فەرمویانە دەربارەی مەناطی دار، ئەوا بۆمان دەرەکەوێت وتەی صەواب ، وتەکەی أبابطین ه ، ئەم هەموو خیلافانەی کەهەبووە لەنێوان تێکڕای زانایانی نەجدی دڵنیامان دەکاتەوە کە بابەتی تەکفیرکردنی دیاریکراو لە قبوریەکان لە ئوصولی دین نیە کە جەهل و تەئویل تیایدا وەرنەگیرێ و موخالیفەکەی تەکفیربکرێ بەدیاریکراوی، کەواتە ئەگەر تەکفیرکردنی قبوریەکان جێگای ئیتفاق و ئیجماع وایە لەلایان ئەو هەموو

خیلافەیان تێدا نەئەبوو کەگومانیشی تێدانیە زانایانی دەعوەی نەجدی زیاترین کەسانێکن لەئومەتی ئیسلامی کە لەبابەتی تەکفیر دواون. بۆیە بەس بیربکەنەوە و سەیرکەن سەدان ساڵ لەسەردەمی شێخ محمد بن عبدالوهاب بەم شێوەیە ڕۆیشتوە لەنێوان زانایانی دەعوەی نەجدی لەگەڵ بونی ئەو هەموو خیلافە لەنێوانیان دەبینی بچوکترین ململانێ ڕوی نەداوە لەنێوانیان دەربارەی هەبون و نەبونی عوذر بەجەهل یان چۆنێتی ئیقامەی حوجە یان تەکفیرکردنی قبوریەکان پێش ئیقامە حوجە یان نەکردنی، دەبینی هەرکەسێکیان بۆچونێك لەو مەزهەبانە بەڕاست بزانیایە وەری ئەگرت بەبێ دەنگی ئەڕۆیشت لەکتێب و نوسراوەکانی ئەینوسیەوە وبڵاوی ئەکردەوە ئەوەشی پێچەوانەی ئەوی بیردەکردەوە لەو زانایانە بەهەمان شێوە ئەینوسی ئەڕۆیشت، هەمویان برابوون هیچ ناکۆکی و ناخۆشی و ڕق و کینە و جنێودان و تەبدیع کردن و گومڕاکردنیان نەبوو بۆ یەکتر کەسیان یەکتریان تەکفیرنەکرد، بەڵام ئەم بەناو طویلب عیلمانە سەری دنیایان خواردوە و دین و دنیایان نەهێشتوە بەتەبدیع و تضلیل و تەکفیر ، تەکفیرکردن و بریندارکردنی کەسایەتی و دین و برای موسڵمانیان لەهەمووشتێ لەلا سوکتربووە، هەمووی بەهۆی نەزانی و نەخوێندنەوەیان و گوێ نەگرتنیان لەکەسانی شارەزا و دڵسۆز وە بەهۆی خۆبەزل زانی و دەمارگیری کوێرانەیان بۆ ئەم و ئەو بۆیە گەیشتوین بەم ڕۆژە خیلاف و ناکۆکی هیچی بۆ نەهێشتوینەتەوە نەهێز دەسەڵات و نە بوون،

بۆیە بەڕاستی ئەم نابیتەیەی ئەمڕۆ سەریهەڵداوە گەورەترین مەترسین لەسەر دواڕۆژی ئیسلام و ئومەت چونکە هۆکاری سەرەکی ئەبن لەئێستا و لەدوا ڕۆژ لەڕوخانی هەر حوکمێکی ئیسلامی کە دروست ببێت لێرە و لەوێ ، بۆیە داوا لە اللە تعالی دەکەین ڕیزەکانمان چاك بکاتەوە و بمانکات بەبرای یەکتر و تێیمان بگەیەنێ لەدینەکەی و ڕق و کینە و دوژمنایەتی و دەمارگیری حیزبی لەناومان هەڵبگرێ،

إنه ولي ذلك والقادر عليه.

باسی چوارەم

[ئیجماعی زانایانی پێشین لەسەر بوونی عوذر بەجەهل لەهەموو بابەتەکانی دین]

ئیمام ابن حەزم و ئیمام قاضي ابن العربي المالكي زۆر زۆر پێش شێخی ئیسلام ابن تەیمیە ئەصلەن ئیجماعیان نەقڵ کردوە لەسەر بونی عوذر بەجەهل لەهەموو بوارەکانی دین چ عەقیدە و ئوصول و چ فروعی دین ئەوەتا ئیمام ابن

حەزم دەڵێت: لەهەموو بوارەکانی دین چ ئەصلی دین بێت وەك عقائد و عیبادات یان یان خوارتر لەئەصلی دین اجتهادبکات و هەڵە بکات تیایدا لەهەر بواریّك ئەوا عوذری هەیە بەنەزانین و ئەمەش قەولی ابن ابی لەیلی و شافیعی و ئەبو حەنیفە و سوفیانی ثەوری و داودی کوری عەلی ڕەزای خوای لێ بێت، هەروەها قەولی هەموو صەحابەیە کە وتەیان لەم بابەتە هەبوبێت، ئەصلەن هیچ خیلافیان لەمە نەبووە تەنها خیلافیان لەتارکی ئەرکانەکانی ئیسلام هەبوە."

ئەمەش دەقی وتەکانێتی

ابن حزم له "الفِصل في الملل والأهواء والنحل" دەربارەی ئەوانەی کافر دەبن و ئەوانەی کافر نابن دەڵێ 3/291-302 دەڵێ لەلاپەڕە 291-292: اختلف الناس في هذا الباب فذهبت طائفة إلى أن مخالفهم في شيء من مسائل الاعتقاد أو في شيء من مسائل الفتيا فهو كافر وذهبت طائفة إلى أنه كافر في بعض ذلك فاسق غير كافر في بعضه على حسب ما أدتهم إليه عقولهم وظنونهم وذهبت طائفة إلى أن من خالفهم في مسائل الاعتقاد فهو كافر وأن من خالفهم فيمسائل الأحكام والعبادات فليس كافراً ولا فاسقاً ولكنه مجتهد معذور إن أخطأ مأجوربنيته، وقالت طائفة بمثل هذا فيمن خالفهم في مسائل العبادات وقالوا فيمن خالفهم في مسائل الاعتقادات إن كان الخلاف في صفات الله عز

وجل فهو كافر وإن كان فيما دون ذلك فهو فاسق وذهبت طائفة إلى أنه لا يكفر ولا يفسق مسلم بقول قاله في اعتقاد أو فتيا وأن كل من اجتهد في شيء من ذلك فدان بما رأى أنه الحق فإنه مأجور على كل حال إن أصاب الحق فأجران وإن أخطأ فأجر واحد وهذا قول ابن أبي ليلي وأبي حنيفة والشافعي وسفيان الثوري وداود بن علي رضي الله عن جميعهم وهو قول كل من عرفنا له قولاً في هذه المسألة من الصحابة رضي الله عنهم ما نعلم منهم في ذلك خلافاً أصلاً..."، واستثنى من ذلك اختلافهم في تكفير تارك أركان الإسلام العملية..

دەڵێت: خەڵکی خیلافیان هەیە لەم بابەتە، تاقمێ بۆ چۆنیان وایە هەرکەسێ پێچەوانەیان بکات لەبابەتەکانی عەقیدە یان لەبابەتەکانی فەتوا ئەوا کافرە، بەلام تاقمێ تر دەڵێن لەهەندێ لەوانە فاسقە بەلام لەهەندێ تری کافرە بەپێی عەقڵ و گومانەکانیان، تاقمێ تر دەڵێن هەرکەسێ پێچەوانەیان بکات لەبابەتەکانی عەقیدە ئەوا کافرە بەلام لەبابەتەکانی عیبادات و ئەحکام نەکافرە و نەفاسقە، بەلکو موجتەهیدە و عوذری هەیە ئەگەر بەهەڵەشدا چوبێت ئەوا پاداشتی هەیە بەپێی نیەتەکەی، تاقمێ تر بەهەمان شێوەی ئەم قسەیەیان وتوە ئەوەی پێچەوانەیان بکات لە عیبادات بەلام ئەگەر مخالەفەیان بکات لەبابەتەکانی سیفاتی الله عزوجل ئەوا کافرە ئەگەر لەخوار ئەوەش بێ ئەوا فاسقە، بەڵام

تاقمێکی تر، دەڵێن ئەگەر موسڵمان هەرشتێ بڵێ لە فەتوایەك بدات یان هەرکەسێ هەوڵ بدات لەزانینی شتێ ئەوەنەی بۆ دەرکەوت کە پێی وابوو کەحەقە ئەوا بەهەموو شێوەکان پاداشتی هەیە ئەگەر حەقی پێکا ئەوا دوو پاداشتی هەیە ئەگەر نەپێکا ئەوا یەك پاداشت ئەمەش وتەی ابن ابی لەیلی و ابی حەنیفە و شافیعی و سوفیانی سەوری و داودی کوری عەلی رەزای خوا لەهەمویان بێت هەروەها قەولی هەموو صەحابەیە کە قەولیان هەبوێ لەم بابەتە وە ئەصلەن هیچ خیلافێك نابینین هەیان بێت لەم بابەتە. جگە لەو خیلافەیان هەیان بوە لە تاریکی ئەرکانە کردەوەییەکانی ئیسلام.

پاشان دەڵێ 292-293: والحق هو أن كل من ثبت له عقد الإسلام فإنه لا يزول عنه إلا بنص أو إجماع وأما بالدعوة والافتراء فلا. فوجب أن لا يكفر أحد بقول قاله إلا بأن يخالف ما قد صح عنده أن الله تعالى قاله أو أن رسول الله صلى الله عليه وسلم قاله فيستجيز خلاف الله تعالى وخلاف رسوله عليه الصلاة والسلام وسواء كان ذلك في عقد دين أو في نحلة أو في فتيا وسواء كان ما صح من ذلك عن رسول الله صلى الله عليه وسلم منقولاً نقل إجماع تواتر أو نقل آحاد إلا أن من خالف الإجماع المتيقن المقطوع على صحته فهو أظهر في قطع حجته ووجوب تكفيره لاتفاق الجميع على معرفة الإجماع وعلى تكفير مخالفته برهان صحة قولنا قول الله تعالى: (ومن يشاقق الرسول من بعد

ما تبين له الهدى ويتبع غير سبيل المؤمنين نوله ما تولى ونصله جهنم ساءت مصيرا)"..

دەڵێ: حەق ئەوەیە هەرکەسێ موسڵمان بونی چەسپا ئەوە موسڵمان بونەکە لەسەری لاناچێت تەنها بەدەق نەبێت یان بە ئیجماع، بەلام بە بانگەشەکردن و درۆ هەلبەستان نابێ، واجبە هیچ کەسێ کافرنەکرێ بەهۆی قسەیەك کەدەیڵێ، تەنها کاتێ نەبێت ئەو کەسە بزانێ ئەو قسەیەی کردویەتی پێچەوانەی خوا و پێغەمبەری کردوە صلى الله عليه وسلم، بە جائیزی دابنات پێچەوانەکردنی خوا و پێغەمبەرەکەی، یەکسانە ئەو قسەیە لە بابەتی عەقیدە بێ یان لەبابەتی میلەت و دین و فەتوا بێت، بۆیە جا یەکسانە ئەوەی بەصەحیح لەپیغەمبەرەوە هاتبێ بە ئیجماعی متواتربێ بان بەنەقڵی ئاحادبێ ، بەلام کەسێ پیچەوانەی ئیجماعی دڵنیایی دروست بونی بکات و بڕایێتەوە کە صەحیحە ئەمە دیارترە لەبڕینی بیانووی و واجب بونی تەکفیرکردنی چونکە هەموان موتەفیقن لەسەر زانینی ئەو ئیجماعە و لەسەر تەکفیرکردنی پێچەوانەکاری بەڵگەی راستی ئەمەشمان وتەی اللە تعالى کە دەفەرمیت: (ومن يشاقق الرسول من بعد ما تبين له الهدى ويتبع غير سبيل المؤمنين نوله ما تولى ونصله جهنم ساءت مصيرا)"..

پاشان دەڵێ لەلاپەڕە 293: وكذلك من قال أن ربه جسم من الأجسام فإنه إن كان جاهلاً أو متأولاً فهو معذور لا شيء عليه ويجب تعليمه فإذا قامت الحجة عليه من القرآن والسنن فخالف ما فيهما عناداً فهو كافر يحكم عليه بحكم المرتد، وأن من قال أن الله عز وجل هو فلان لإنسان بعينه أو أن الله تعالى يحل في جسم من أجسام خلقه أو أن بعد محمد صلى الله عليه وسلم نبياً غير عيسى بن مريم فإنه لا يختلف اثنان في تكفيره لصحة قيام الحجة بكل هذا على كل أحد ولو أمكن أن يوجد أحد يدين بهذا لم يبلغه قط خلافه لما وجب تكفيره حتى تقوم عليه الحجة

دەڵێ: هەركەسێ بڵێ پەروەردگاری لاشەیەکە لەلاشەکان ئەگەر ئەم کەسە نەزان بێت و تەئویلی هەبێت ئەوا عوذری هەیە و هیچی لەسەر نیە ئەبێ فێربکرێ جا ئەگەر ئیقامەی حوجەی لەسەر کرا بە قورئان و بەسونەت پاشان پێچەوانەی وەستایەوە بەعینادی ئەوا کافرە و حوکمی مورتەدبون ئەدرێ بەسەریدا، یان هەرکەسێ بڵێ اللە عزوجل فلاّن کەسە یان فلاّنە ئینسانە اللە یە یان اللە دەتوێتەوە لە لاشەیەك لەلاشەکانی دروست کراوەکانی یان بڵێ لەدوای پیغەمبەر محمد صلى الله عليه وسلم پێغەمبەرێکی تر دێت جگە لە عەیسای کوری مەریەم ئەوا کەسی لەم جۆرە دوو کەس لە موسڵمان نیە خیلافیان هەبێ لەکافربونی، چونکە ئیقامە حوجە بەمانە کراوە لەسەر

هەموو موسڵمانێ، بەڵام ئەگەر گونجا کەسێ هەبێ لەم بارەیەوە هیچی نەزانیێ ئەوا لەم بابەتەش تەکفیرناکرێ تاکو ئیقامە حوجەنەکرێ.

پاشان دەڵێ 298: "وقال قائلهم أيضاً فإذا عذرتم المجتهدين إذا أخطأوا فاعذروا اليهود والنصارى والمجوس وسائر الملل فإنهم أيضاً مجتهدون قاصدون الخير فجوابنا وبالله تعالى التوفيق: أننا لم نعذر من عذرنا بآرائنا ولا كفرنا من كفرنا بظننا وهوانا وهذه خطة لم يؤتها الله عز وجل أحداً دونه ولا يدخل الجنة والنار أحد بل الله تعالى يدخلها من شاء فنحن لا نسمي بالإيمان إلا من سماه الله تعالى به كل ذلك على لسان رسول الله صلى الله عليه وسلم ولا يختلف اثنان من أهل الأرض لا نقول من المسلمين بل من كل ملة في أن رسول الله صلى الله عليه وسلم قطع بالكفر على أهل كل ملة غير الإسلام الذين تبرأ أهله من كل ملة حاشى التي أتاهم بها عليه السلام فقط، فوقفنا عند ذلك ولا يختلف أيضاً اثنان في أنه عليه السلام قطع باسم الإيمان على كل من اتبعه وصدق بكل ما جاء به وتبرأ من كل دين سوى ذلك، فوقفنا أيضاً عند ذلك ولا مزيد، فمن جاء نص في إخراجه عن الإسلام بعد حصول اسم الإسلام له أخرجناه منه سواء أجمع على خروجه منه أو لم يجمع، وكذلك من أجمع من أهل الإسلام على خروجه عن الإسلام فوجب اتباع الإجماع في ذلك، وأما

من لا نص في خروجه عن الإسلام بعد حصول الإسلام ولا إجماع في خروجه أيضاً عنه فلا يجوز إخراجه عما قد صح يقيناً حصوله فيه"..

دەڵێ: یەکێ لەوانە دەڵێت، ئەگەر ئێوە عوذر ئەهێننەوە بۆ موجتەهیدەکان کاتێ هەڵەی کوفری دەکەن، کەواتە عوذر بۆ یەهود و نەصارا و هەموو میلەتانی تر بهێننەوە چونکە ئەوانیش هەڵەیان کردوە و موجتەهیدن و مەبەستیان خێرە، بەیارمەتی خوا لەوەڵامدا ئەڵێین: ئێمە کە عوذرمان بۆ کەسانێ هێناوەتەوە یان کەسانێکمان تەکفیرکردوە بەبۆچون و گومان و هەواو ئارەزووی خۆمان ئەو کارەمان نەکردوە، خوای گەورە مافی تەکفیر و عوذر پێدان و چونە بەهەشت و ئاگری نەداوەتە دەست کەس، بۆیە ئێمەش ناوی ئیمان لەکەس نانێن کە خوا ناوی ئیمانی لەنەنابێ هەموو ئەمانەش لەسەر زمانی پێغەمبەرەکەیەتی صلى الله عليه وسلم نەك هەر ئێمە بەڵکو هەموو موسڵمانێ لەسەر زەوی دەزانێ پێغەمبەری خوا حوکمی کوفری بڕیوەتەوە بۆ هەموو میلەتانی غەیری ئیسلام وە تەبەرای کردوە لەهەموو میلەتانی غەیری ئیسلام، ئێمەش لەسەر ئەمە وەستاوین، وە هیچ دووکەسێکیش نیە خیلافی هەبێ کە پێغەمبەری خوا ناوی ئیمانی بڕیوەتەوە بۆ هەرکەسێ شوێنی کەوتبێ و باوەڕی بەهەموو ئەو دینە هێنابێ کە لەلایەن خواوە بۆی هێناون و تەبەرای کردبێ لەهەموو دینێ لەغەیری دینەکەی محمد، لەمەشدا بەبێ زیاد و کەم وەکو خۆی وەستاوین، وەهەرکەسێکیش دەق هەبێ لەبارەیەوە کە دەرچووبێ لە

ئیسلام دوای ئەوەی ناوی موسڵمان بونی بەدەست هێنابێ ئێمەش دەرمان هێناوە لە ئیسلام جا ئیجماع هەبێ لەسەر دەرچونی لە ئیسلام یان نەبێ، بەهەمان شێوە ئەگەر ئەهلی ئیسلام ئیجماعیان هەبێ لەسەر دەرچونی کەسێ لە ئیسلام واجبە شوێن کەوتنی ئەو ئیجماعە، بەڵام ئەگەر دەق نەبێت لەسەر دەرچونی لە ئیسلام یان ئیجماع نەبێت لەسەر دەرچونی ئەوا جائیز نیە دەربێنی لەئیسلام لەکاتێکدا بەیەقینی جێگیربوە موسڵمان بونی.

پاشان دەڵێ لەلاپەڕە 301-302: "قال أبو محمد رضي الله عنه: فصح بما قلنا أن كل من كان على غير الإسلام وقد بلغه أمر الإسلام فهو كافر ومن تأول من أهل الإسلام فأخطأ فإن كان لم تقم عليه الحجة ولا تبين له الحق فهو معذور مأجور أجراً واحداً لطلبه الحق وقصده إليه مغفور له خطؤه إذ لم يتعمده لقول الله تعالى: (وليس عليكم جُناح فيما أخطأتم به ولكن ما تعمدت قلوبكم)، وإن كان مصيباً فله أجران أجر لإصابته وأجر آخر لطلبه إياه وإن كان قد قامت الحجة عليه وتبين له الحق فعَنَد عن الحق غير معارض له تعالى ولا لرسوله صلى الله عليه وسلم فهو فاسق لجرأته على الله تعالى بإصراره على الأمر الحرام فإن عَنَد عن الحق معارضاً لله تعالى ولرسوله صلى الله عليه وسلم فهو كافر مرتد حلال الدم والمال لا فرق في هذه الأحكام بين الخطأ في

الاعتقاد في أي شيء كان من الشريعة وبين الخطأ في الفتيا في أي شيء كان على ما بينا قبل. قال أبو محمد رضي الله عنه: ونحن نختصر هاهنا إن شاء الله تعالى ونوضح كل ماأطلنا فيه قال تعالى: (وما كنا معذبين حتى نبعث رسولا)، وقال تعالى: (لأنذركم به ومن بلغ)، وقال تعالى: (فلا وربك لا يؤمنون حتى يحكموك فيما شجر بينهم ثم لا يجدوا في أنفسهم رجا مما قضيت ويسلموا تسليما)، فهذه الآيات فيها بيان جميع هذا الباب فصح أنه لا يكفر أحد حتى يبلغه أمر النبي صلى الله عليه وسلم فمن بلغه فلم يؤمن به فهو كافر"

دەڵێ: هەرکەسێ لەسەر غەیری ئیسلام بێت و دینی ئیسلام پێگەیشتبێت ئەوا کافرە، هەرکەسێکیش لە موسڵمانان تەئویل بکات و هەڵەبکات لەتەئویلەکەی ئەگەر ئیقامە حوجەی لەسەر نەکرابێ و بۆی رون نەکرابێتەوە ئەوا عوذری هەیە و ئەجرێکی هەیە بەهۆی داواکردنی حەق و مەبەست بونی حەق وە لێخۆشبون هەیە بۆ هەڵەکەی مادام بەئەنقەست نەبوبێ چونکە اللە تعالی دەفەرمێت(گوناحتان ناگات لەوەی هەڵەتان کردوە تەنها ئەوە نەبێت بەئەنقەست و مەبەستی دڵتان کردوە) جا ئەگەر ئەو کەسە پێکابی ئەوا دوو پاداشتی هەیە بەهۆی پێکانی و هەوڵدانیو بەڵام ئەگەر حەقی بۆ رونکرایەوە بەڵام هەر سوور لەسەر ناحەق بەڵام بەبێ ئەوەی مەبەستی ئەوەی هەبێ دژایەتی بەرهەلستی خوا و پێغەمبەرەکەی بکات ئەوا فاسقە

چونکه نەترساوە و سوربوە لەسەر کاری حەرام، بەلام ئەگەر عینادی کرد لە دژی کردنیەوە بۆ خوا و پێغەمبەر ئەوا کافرە و مورتەدە و خوێن و مالی حەڵاڵە ئەم حوکمانەش هیچ جیاوازیان نیە لە عەقیدە یان لەفەتوا هەروەك پێشتر رونمانکردەوە، وەلێرەدا کورتی ئەکەینەوە ئەوەی درێژمان پێدابوو ، الله تعالى دەفەرمێت (وما كنا معذبين حتى نبعث رسولا)، وقال تعالى: (لأنذركم به ومن بلغ)، وقال تعالى: (فلا وربك لا يؤمنون حتى يحكموك فيما شجر بينهم ثم لا يجدوا في أنفسهم رجا مما قضيت ويسلموا تسليما)، ئەم ئایەتانە رونکردنەوەی هەموو بابەتەکانی تیایە و چەسپاندویەتی کە هیچ کەسێ کافرنابێت تا فەرمانی پێغەمبەری پێنەگات جاکاتێ پێیگەیشت و باوەرێ پێنەهێنا ئەوا کافرە.

هەروەها دەڵێ ابن حزم له كتابى الإحكام في أصول الأحكام لاپەڕە 72-73 [ط. دار الكتب العلمية]:

"فإن كان يعتقد أن لأحد بعد موت النبي صلى الله عليه وسلم أن يحرم شيئا كان حلالا إلى حين موته عليه السلام، أو يحل شيئا كان حراما إلى حين موته عليه السلام، أو يوجب حدا لم يكن واجبا إلى حين موته عليه السلام. أو يشرع شريعة لم تكن في حياته عليه السلام فهو كافر مشرك حلال الدم والمال حكمه حكم المرتد ولا فرق. وقد ظن قوم مثل هذا في المنع من بيع أمهات

الأولاد، وفي حل الخمر، وفي إسقاط ست قراءات كانت على عهد النبي صلى الله عليه وسلم مباحة، فمن لم تقم عليه الحجة في بطلان هذا المعتقد فهو معذور بالجهل، وأما من قامت عليه وتمادى على مذهبه في ذلك فهو كافر مشرك مرتد حلال الدم والمال كما ذكرنا"، إلى قوله: "قال علي وكل ما :[4] قلنا فيه إنه يفسق فاعله أو يكفر بعد قيام الحجة عليه، فهو ما لم تقم عليه الحجة معذور مأجور وإن كان مخطئا، وصفة قيام الحجة عليه هو أن تبلغه فلا يكون عنده شئ يقاومها، وبالله تعالى التوفيق" اهـ.

دەڵێت: هەركەسێ باوەڕی وابێت بۆ کەسێك هەیە لەدوای مردنی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم کە حەڵاڵێك حەرام بکات کە پێشتر حەڵاڵ بوە یان شتێك حەڵاڵ بکات کە پێش وەفاتی پێغەمبەری خوا حەرام بوە، یان حەدیٚك واجب بکات لە پێش وەفاتی پێغەمبەرصلى الله عليه وسلم واجب نەبووبێ، یان شەریعەت و یاسایەك دابنێت لەژیانی پێغەمبەر نەبوبێت، ئەوا کافرە و موشریکە و خوێن و ماڵی حەڵاڵە و حوکمی حوکمی مورتەدە، جا کەسانێ هەبوون ئاوابوون لەبارەی قەدەغەکردنی دایکانی منالان و حەڵاڵ کردنی عارەق وە پەکخستنی شەش خویندنەوەی قورئان کە لەسەردەمی پێغەمبەر هەبون حەڵاڵیان کردبوو پەکخستنی، جا ئەگەر کەسێ لەسەر ئەم عەقیدە بەتاڵانە ئیقامە حوجەی لەسەر نەکرابێ ئەوا عوذری هەیە بەنەزانی، بەڵام کەسێك ئیقامەی حوجەی لەسەرکرابوو و بەردەوام بوو لەسەر

کوفرەکانی ئەوا کافرە و موشریکە و مورتەدە و خوێن و ماڵی حەڵاڵە وەك باسمانکرد، وە هەموو ئەوەی وتمان کە خاوەنەکەی فاسق ئەبێ یان کافرئەبێ دوای کردنی ئیقامەی حوجە لەسەری بەڵام پێش ئیقامەی حوجە لەسەری ئەوا عوذری هەیە و پاداشتی هەیە ئەگەر بەهەڵەداچووبێ، وە سیفەتی ئیقامە حوجەش ئەوەیە هەموو شوبهەکانی بڕەوێنرێتەوە و هیچ شتێ:ی نەمێنێ بەرهەڵستی پێ بکات.

ئەمەش وتەکەی ئیمام قاضي ابن العربي: کە القاسمي لەتفسیرەکەیدا نەقڵی کردوە" محاسن التأويل 1307/5-1308 لهتەفسیری سورة النساء ئایەتی 48 دەیگێڕێتەوە و دەڵێ: عن القاضي أبي بكر بن العربي المالكي قوله في شرحه على صحيح البخاري، وأقره على ذلك:

"فالجاهل والمخطئ من هذه الأمة، ولو عمل من الكفر والشرك ما يكون مشركاً أو كافراً، فإنه يعذر بالجهل والخطأ، حتى تتبين له الحجة، الذي يكفر تاركها، بياناً واضحاً ما يلتبس على مثله، وينكر ما هو معلوم بالضرورة من دين الإسلام مما أجمعوا عليه إجماعاً جلياً قطعياً، يعرفه كل من المسلمين من غير نظر وتأمل، كما يأتي بيانه إن شاء الله تعالى، ولم يخالف في ذلك إلا أهل البدع .اهـ "[5]

دەڵێ: قازی ئەبی بەکر بن العربی دەڵێ: نەزان و کەسی خاوەن هەڵە لەم ئومەتە ئەگەر کاری کوفری و شیرکی ئەنجام بدات پێی نابێت بەکافر یان موشریك چونکە بیانووی هەیە بەنەزانی و هەڵە، تاکو بۆی ڕوون ئەکرێتەوە بەشێوەیەکی وا کەهیچ گومانی نەمێنێ، یاخود ئینکاری بکات لە شتێ کە زانینی بەزەرورەتی دین زانراوە و ئیجماعی قەطعی لەسەرە هەموو موسڵمانان دەیزانن بەبێ تێروانین و بیرکردنەوە ئەمەش دەبێ ئیقامە حوجە بکرێ کە ئینکاری لێ بکات کەس نیە لەمانە خیلافی هەبێ ئیلا ئەهلی بیدەع نەبێت.

کەواتە ئەم ئیجماعی ئەهلی سونەی لەسەرە.

کەواتە پێدانی عوذر بەجەهل بەشێوەیەکی گشتی کە بابەتە ئاشکراکانی شیرك و غەیری شیرکیش بگرێتەوە مەزهەبی ابن حزم و ابن العربی مالیکی و ابن تەیمیە و ابن القیم و ذەهەبی و زۆربەی زانایانی کۆن و نوێیە بەڵکو شێخی ئیسلام ابن تەیمیە دەفەرمێت" عوذر بەجەهل قەولی صەحابە و زۆربەی زانایانی ئومەتە"بڕوانە مجموع الفتاوی(23/346)

بەڵام چونکە لای متقدمین و لەو سەردەمە شیرکی گەورە و قبوریەت بڵاونەبوە و موسڵمانان زیاتر ڕوو لەتوحیدبوونە بۆیەدەبینی کەمتر ئەو بابەتانەیان ڕوبەڕوو بۆتەوە و پرسیاردەربارەی کراوە بەڵکو زیاتر بابەتی

گۆڕپەرستی و انتشارکردنی لەنزیك سەردەمی ابن تەیمیە و سەری هەڵداوە بۆیە شێخی ئیسلام زیاتر قسەی لەسەر کردوە.

هەروەها لەلایەن زانایانی پێشین و پێشەوایانی ئەهلی سونە باسی عوذر بەجەهل کراوە ، هەروەك دەگێردرێتەوە لە ئیمامی مالیك دەربارەی پیاوێك کە بانگی پیاوێ دەکات بەناوی خۆیەوە ئەویش لەوەڵامیدا دەڵێ: لبیك اللهم لبیك، پرسیار لە ئیمام دەکەن ئایا ئەم پیاوە هیچی لەسەرە ؟ دەڵێ : ئەگەر نەزان بوبێ ئەوا هیچی لەسەر نیە، جا ابن رشد لە ڕونکردنەوەی ئەم وتەیەی ئیمام مالك دەڵێ: ڕونی کردەوە کەوا کەسی نەزان هیچی لەسەر نیە چونکە نازانێ ئەو قسەیە واتای چیە . بڕوانە "البیان والتحصل "ابن رشد(16/370)

کەواتە چەواشەکاری و نەزانی ئەوانەمان سەلماند کە دەڵێن عوذر بەجەهل پێش ئیبن تەیمیە باس نەکراوە

ئەڵێن ئیجماع هەیە لەسەر ئەوەی عوزر نیە بەنەزانی لە ئەصلی دین!! تەحەداتان ئەکەین بتوانن ئەو ئیجماعە نەقڵ بکەن پشتاوپشت لەلایەن یەك زاناوە کە باسی کردبێ لەو سەردەمە بوبێ ئیجماعەکەی تێدا ڕووی داوە ، بەڵام ئێمە ئەتوانین دەیان قەولتان بۆ نەقڵ بکەین کە ئەصلەن ئیجماعی لەسەر نیە ئەوەی باسی ئەکەن ئەوەتا شێخی نوێکەرەوە موحممەدی کوڕی

عبدالوهاب دەڵێت ئیجماع تەنها لەوای ڕوون کردنەوە و ئیقامە حوجەکردن هەیە لەسەرکافربوون نەك پێش ڕوون کردنەوە و ئیقامەی حوجە، فەرموون ئەمە دەقی وتەکەیەتی ↓↓↓

له ڕیسالەی أصل دين الإسلام وقاعدته دەڵێت: " ومنهم من عاداهم ولم يكفرهم، فهذا النوع أيضاً لم يأت بما دلت عليه لا اله الا الله من نفي الشرك، وما تقتضيه من تكفير من فعله بعد البيان إجماعا" الدرر السنية(2/207)

دەڵێ: هەیە دژایەتیان ئەکات بەس تەکفیریان ناکات، ئەم جۆرەکەسەش ئەوەی لا اله الا الله دەیخوازێت لەنەفی کردنی شیرك پێی نەهاتوە، هەروەها ئەوەشی کە دەیخوازێت لەوەی تەکفیرکردنی ئەوکەسەی کەشیرکی ئەنجام داوە دوای ڕوون کردنەوە بەئیجماع"

هەروەها شێخ محمد بن عبدالوهاب لەنامەی 10یەمی رسائل الشخصية باسی مەبەستی خۆیمان بۆ دەکات لە"بیان" مەبەستی چیە لە ڕوونکردنەوە ، لەلاپەڕە 60" وإنما نكفر من أشرك بالله في إلآهيته بعد ما تبين له الحجة على بطلان الشرك "

واتە: ئێمە کەسێك تەکفیر ئەکەین هاوبەشی بۆ الله بڕیاردابێت لە پەرستنی دوای ئەوەی بەبەڵگە بۆی ڕوون ئەکەینەوە لەسەر بەتاڵی شیرك."

هەروەها عبدالله‌ى كورِى شێخ محمد بن عبدالوهاب شێخى أبا بطين دەڵێ: أما الجواب عت سؤال الثالث : عن حال من صدر منه كفر من غير قصد منه بل هو جاهل ، هل يعذر أم لا ؟ سواء كان ذاك شيء قولاً أو فعلاً أو إعتقاداً أو توسلاً فنقول: إذا فعل الإنسان الذي يؤمن بالله ورسوله ما يكون فعله كفرا أو قوله كفرا أو إعتقاده كفراً جهلاً منه بما بعث الله به رسوله صلى الله عليه وسلم فهذا لايكون كافرا ولا نحكم عليه بالكفر حتى تقوم الحجة الرسالية التي يكفر من خالفها، فإذا قامت عليه الحجة وبين له ما جاء به الرسول صلى الله عليه وسلم وأصر على فعل ذلك بعد قيام الحجة فهذا هو الذي يكفر، وذلك لأن الكفر يكون بمخالفة كتاب الله وسنة رسوله وهذا مجمع عليه بين العلماء في الجملة. "مجموع الرسائل والمسائل النجدية (1/248).

دەڵێ: ئەما وەڵامى پرسيارى سێيەم دەربارەى كەسێك كوفرێكى لێ دەركەوتبێ بەبێ مەبەست بەڵكو بەنەزانى و نەزان بێ ئايا عوزرى هەيە يان نا ؟ جا يەكسانە ئەو كوفرە ووتە بێ يان كردار يان لەبيروباوەڕ يان تەوسول ؟ دەڵێين : ئەگەر ئينسانێ كە باوەڕى بەخوا و بەپێغەمبەرە كارێ بكات كە كوفربێ يان وتەيە بڵێ كوفر بێ يان بيروباوەڕێكى هەبێ كوفربێ و جاهيل بێ بەو دينەى الله ناردويەتى ئائەم كەسە لاى ئێمە كافر نابێ حوكمى كوفرى بەسەر نادەين هەتا ئيقامە حوجەى نەكەين لەسەر ئەوشتەى بەكردنى كافر

ئەبێ، جا کاتێ ئیقامە حوجە کرا و ئەو دینەی بۆ ڕوون کرایەوە کە پێغەمبەری خوا پێی ڕەوانە کراوە، دوای ئیقامە حوجەش هەر بەردەوام بوو ئائەم کەسەیە کەوا کافر ئەبێت ئەمەش ئیجماعی لەسەرە لەنێوان زانایان بەگشتی."

شێخ سولەیمان بن سحان لەکتێبی "ضياء الشارق" –چاپی دارالأثرية- لاپەڕە (62-63) لەوەڵامی بوهتانەکانی العراقي کەدەیوت محمد بن عبدالوهاب تەکفیری خەڵکی دەکات ئەو ئایەتانەی بۆ موشریکان دابەزیوو بەسەر موسڵمانانداجێبەجێی دەکات، جا لەوەڵامی ئەم تۆمەتەدا دەڵێت: " ونحن لم نُكَفر أحداً بذنب دون الشرك الأكبر الذي أجمعت الأمة على كفر فاعله، إذا قامت عليه الحجة، وقد حكى الإجماع على ذلك غيرُ واحدٍ كما حكاه في "الإعلام "لابن حجر الشافعي .

دەڵێت : ئێمە هیچ کەسمان کافرنەکردوە بەهۆی ئەنجامدانی گوناح وتاوان بێجگە لەشیرکی گەورە کە ئومەت کۆدەنگن لەسەر کافربوونی خاوەنەکەی ئەگەر ئیقامە حوجەی لەسەر کرابێت، ئەمەش زیاتر چەندین کەس ئیجماعیان لەسەر نەقڵ کردوە، هەروەکو ابن حەجەری شافیعی لە کتێبی "الإعلام" نەقڵی کردوە".

واته: زانایان ئیجماعیان نەقڵ کردوە لەسەر کەسێك کەوا کوفر وشیرکی گەورە ئەنجام ئەدات دوای ئەنجامدانی ئیقامە حوجە کەسی خاوەن کوفر و شیرك تەکفیر ئەکرێت ئەمە ئیجماعی لەسەرە و چەندین زانا نەقڵیان کردوە ئەم ئیجماعە.

بەکـــورتی وبەکوردی مەسەلەی عوذر بەجەهل

ئیمام ابن حەزم و قاضي ابن العربی المالکی ئیجماعی سەلەف نەقڵ ئەکەن لەسەر ئەوەی عوذر هەیە بەنەزانی پێش ئیقامەی حوجە لەشیرکی گەورە بەڵام قەڕافی کە زۆر زۆر لەدوای ئەوان دێت ئیجماعێکمان بۆ نەقڵ ئەکات کەگوایە عوذر بەجەهل نیە لەشیرکی گەورە پێش ئیقامەی حوجە، ئەم ئیجماعەش گومانی تیانیە لای متکلمین و زانایانی ئەهلی کەلام اجماعە چونکە ئەوان پێیان وایە عیلمی استدلال و نظر پیش ئیمان هێنانی شەرعیە و هەمووکەسێ بەعەقڵی ئوصولی دین دەزانێ، هەربۆیە ئەو ئیجماعەی قەڕافی بەهەند وەرناگیرێ چونکە ئیجماعی ئەهلی سونە نیە و پێچەوانەی ئیجماعێکە کە ابن حەزم پێش زۆر لە پێش ئەو موخالەفەی ئەوەی نەقڵ کردوە کەواتە ئیجماع نیە لەمەسەلەکە هەروەها ئەو ئیجماعەش کە لە ابابطین ەوەی نەقڵ ئەکەن مەبەست لێی بەمەرج نەگیرانی عینادیە لەتەکفیرکردنی معین لەشیرکی عیبادەت.

بەشی چوارەم

باسی یەکەم
وەڵام دانەوی گومان وپرسیارەکان

هەڵوەشاندنەوەی گومانەکانی نەبونی بەهانەی نەزانی(١)

فەرموودەی ئەو پیاوەی کە نوێژەکەی بەهەڵە دەکرد

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دَخَلَ الْمَسْجِدَ فَدَخَلَ رَجُلٌ فَصَلَّى، فَسَلَّمَ عَلَى النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، فَرَدَّ وَقَالَ : " ارْجِعْ فَصَلِّ ؛ فَإِنَّكَ لَمْ تُصَلِّ ". فَرَجَعَ يُصَلِّي كَمَا صَلَّى، ثُمَّ جَاءَ فَسَلَّمَ عَلَى النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، فَقَالَ : " ارْجِعْ فَصَلِّ ؛ فَإِنَّكَ لَمْ تُصَلِّ ". – ثَلَاثًا – فَقَالَ : وَالَّذِي

بَعَثَكَ بِالْحَقِّ، مَا أُحْسِنُ غَيْرَهُ فَعَلِّمْنِي، فَقَالَ : " إِذَا قُمْتَ إِلَى الصَّلَاةِ فَكَبِّرْ، ثُمَّ اقْرَأْ مَا تَيَسَّرَ مَعَكَ مِنَ الْقُرْآنِ، ثُمَّ ارْكَعْ حَتَّى تَطْمَئِنَّ رَاكِعًا، ثُمَّ ارْفَعْ حَتَّى تَعْتَدِلَ قَائِمًا، ثُمَّ اسْجُدْ حَتَّى تَطْمَئِنَّ سَاجِدًا، ثُمَّ ارْفَعْ حَتَّى تَطْمَئِنَّ جَالِسًا، وَافْعَلْ ذَلِكَ فِي صَلَاتِكَ كُلِّهَا ".رواه البخارى

واتە: ئەبو هورِیرە دەیگێڕێتەوە کەوا پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم هاتە مزگەوتەوە و پیاوێکیش هاتە مزگەوت و سەلامی کرد لەپێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ئەویش وەڵامی دایەوە پاشان کەنوێژی کرد پێی فەرموو : بگەڕێوە نوێژ بکە چونکە تۆ نوێژت نەکردوە سێ جار پێی دوبارە کردەوە، پیاوەکەش گوتی سوێند بەو خوایەی ناردوتی بەحەق لەو نوێژە زیاتر نازانم و فێرم بکە، پاشان فەرمووی ئەگەر چویتە ناو نوێژ اللە اکبر بکە پاشان ئەوەی ئەزانی لەقورئان بیخوێنە پاشان رکوع بەرە تاکو ئارام دەبیتەوە پاشان سوجدەبەرە تاکو ئارام ئەبیتەوە لەهەموو نوێژەکانت ئاوابکە.

ئەڵێن ئەم کابرایە نوێژی کردوە بەڵام بەنەزانی و بەهانەی نەزانینی لێ قبوڵ نەکراوە ؟!!!

ئێمەش دەڵێین ئەم فەرموودەیە لەبنچینەدا بەڵگەیە لەسەرتان نەك بەڵگەبێت پێتان بەڵکو ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر بونی عوذر بەجەهل چونکە گەورەمان پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمانی پێ نەکرد نوێژەکانی تری کە بەهەڵە و خراپی ئەنجامی داوە دوبارەی بکاتەوە، پاشان ئەم پیاوە

لەکاتی فێرکردن بووە کاتێ پێغەمبەری خوا خۆی ئامادەبووە و بینیوێتی هەڵەکانی بۆچاك کردۆتەوە و فێری نوێژی کردوە نەك پەیوەندی هەبێت بەنەبوونی عوذر بەجەهل نەلەدوور نەلەنزیك پەیوەندی بەوە بابەتەوە نیە، بەڵام چونکە ئێ،ە نەزانن و نەخوێنەوارن بەزمانی عەرەبی و بەشێوەکانی إستدلال هەر ئاواتان لێ چاوەڕێ ئەکرێت.

پاشان لەڕاڤەکارانی فەرموودە هەروەك ابن حجر لەفتح الباری نەقڵی دەکات لێیانەوە لەوانە مالیکیەکان کە موهەلب یەکێکە لەوان دەڵێت بڕگەی "فإنك لم تصلِ" دلیل على نفيُ الكمال.

ئەم نەفی کردنە، نەفی کردنی تەواوێتی نوێژە نەك بەتاڵێتێ نوێژەکە لەبنچینەوە. بەهەرحاڵ ئەم فەرموودەیە بابەتەکەی ئێمەی نەگرتەوە دوورە لەمەبەستی باسەکە.

هەڵوەشاندنەوەی گومانەکانی نەبونی بەهانەی نەزانی(2)

(فَرِيقًا هَدَىٰ وَفَرِيقًا حَقَّ عَلَيۡهِمُ ٱلضَّلَٰلَةُۚ إِنَّهُمُ ٱتَّخَذُواْ ٱلشَّيَٰطِينَ أَوۡلِيَآءَ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَيَحۡسَبُونَ أَنَّهُم مُّهۡتَدُونَ)[سورة الأعراف 30]

دەڵێن : لەمانای ئایەتەکە خوای گەورە دەفەرمێت دەستەیەك هیدایەت دراوە و دەستەیەك گومڕا بووە چونکە شەیتانەکانیان کردوە بەپەرستراو جگە لە اللە لەکاتێکیشدا وا دەزانن کە لەسەر حەق و هیدایەتن.

ئەڵێن ئەوەتا لەم ئایەتە اللە تعالى دەفەرمێت ئەوانە نەزان بوونە و وایان زانیوە لەسەرحەقن کەچی بەگومڕاش لەقەڵەمی داون.

جا با ئێمە بێینە سەر مانای ئایەتەکە بزانین داخۆ بەو گشتیە ئاوایە ماناکەی یان وردەکاری تیایە و بزانین ڕاڤەکارانی قورئانی پیرۆز چی دەفەرموون

شێخ سەعدی لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێت :

﴿فَرِيقًا﴾ منكم ﴿هَدَى﴾ اللّه، أي: وفقهم للهداية، ويسر لهم أسبابها، وصرف عنهم موانعها. ﴿وَفَرِيقًا حَقَّ عَلَيْهِمُ الضَّلَالَةُ﴾ أي: وجبت عليهم الضلالة بما تسببوا لأنفسهم وعملوا بأسباب الغواية. فـ ﴿إِنَّهُمُ اتَّخَذُوا الشَّيَاطِينَ أَوْلِيَاءَ مِنْ دُونِ اللهِ﴾ ﴿وَمَنْ يَتَّخِذِ الشَّيْطَانَ وَلِيّاً مِنْ دُونِ اللهِ فَقَدْ خَسِرَ خُسْرَاناً مُبِيناً﴾ فحين انسلخوا من ولاية الرحمن، واستحبوا ولاية الشيطان، حصل لهم النصيب الوافر من الخذلان، ووكلوا إلى أنفسهم فخسروا أشد الخسران. ﴿وَهم يَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ مُهْتَدُونَ﴾ لأنهم انقلبت عليهم الحقائق، فظنوا الباطل حقا والحق باطلا، وفي هذه الآيات دليل على أن الأوامر والنواهي تابعة للحكمة والمصلحة، حيث ذكر تعالى أنه لا يتصور أن يأمر بما تستفحشه وتنكره العقول، وأنه لا يأمر إلا بالعدل والإخلاص، وفيه دليل على أن الهداية بفضل

الله ومَنِّه، وأن الضلالة بخذلانه للعبد، إذا تولى – بجهله وظلمه – الشيطانَ، وتسبب لنفسه بالضلال، وأن من حسب أنه مهتدٍ وهو ضالٌّ، أنه لا عذر له، لأنه متمكن من الهدى، وإنما أتاه حسبانه من ظلمه بترك الطريق الموصل إلى الهدى.

واته: دەستەیەك لە ئیوە اللە تەعالی تەوفیقی داوە بۆ هیدایەت و هۆکارەکانی هیدایەتی بۆ ئاسان کردون هەروەها ڕێگریەکانی هیدایەتیشی لەسەر لابردوون، وەکۆمەڵێکی تریشی گومڕاکردوە بەهۆی ئەوەی کە خۆیان بونەتە هۆکاری گومڕابونیان و کاریان بەهۆکارەکانی گومڕابوون کردوە هەربۆیە ئەوانە شەیطانەکانیان داناوە بە پەرستراوی خۆیان جگە لە اللە جا کاتێك لەپەرستن و ویلایەتی خوا خۆیان داڕنی ئەوکاتە ویلایەت و پەرستنی شەیتانیان هەڵبژارد وهەربۆیە بەشێکی زۆریش لەپشتکردنی خواش بۆ ئەوان هاتەدی و تەوکیلی نەفسیان کران بەخەسارەتمەند چون ئەوپەڕی خەسارەت مەندچوون ﴿وَهم يَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ مُهْتَدُونَ﴾ واشدەزانن هیدایەت دراون چونکە ڕاستیەکان لایان سەراوژێربوە حەق بەباتڵ دەبینن وباتڵیش بەحەق دەبینن لەم ئایەتانە بەڵگەی ئەوە هەیە فەرمایشت و قەدەغەکراوەکان شوێنی بەرژەوەندی و حیکمەت کەوتوە چونکە اللە تعالی فەرمویەتی کەوا تەصەورناکرێت خوا فەرمان بکات بەشتێ کە دزێو بێ و ژیری ئینکاری لێ بکات بەڵکو تەنها فەرمان بەدادو چاکە و ئیخلاص دەکات، ئەم ئایەتە بەڵگەی ئەوەی

تێدایە کەوا هیدایەت بەفەزڵ و منەتی اللەیە و گومڕاکردنیشی بۆ بەندەکانی بەهۆی پەرستنیانە بۆ شەیتان بەنەزانی و زوڵم بەوە دەبنە هۆکاری گومڕاکردنی خۆیان، [هەرکەسێك وابزانێت هیدایەت دراوە لەکاتێکدا گومڕابێت هیچ عوزری نیە چونکە توانای هەیە بۆ وەرگرتنی هیدایەت ئەو بەهیدایەت دانانەی خۆی بەهۆی ستەم کردنی خۆی لەخۆی هاتۆتەکایەوە چونکە ڕێگای هیدایەتی تەرك کردوە.]

کەواتە هەر لەخۆڕا نیە کەگومڕابوبێت بەڵکو توانای فێربونی هەبووە بەڵام پشتی کردوە، ئێمەش هەروادەڵێین کەسێك توانای فێربون هەبێت بیانووی نامێنێ لەگومڕابونی.

هەروەها ابن عاشوور لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفەرمێت :

ومَعْنى: ﴿حَقَّ عَلَيْهِمُ الضَّلالَةُ﴾ ثَبَتَتْ لَهُمُ الضَّلالَةُ ولَزِمُوها. ولَمْ يُقْلِعُوا عَنْها، وذَلِكَ أنَّ المُخاطَبِينَ كانُوا مُشْرِكِينَ كُلَّهم، فَلَمّا أُمِرُوا بِأنْ يَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ افْتَرَقُوا فَرِيقَيْنِ: فَرِيقًا هَداهُ اللَّهُ إلى التَّوْحِيدِ، وفَرِيقًا لازَمَ الشِّرْكَ والضَّلالَةَ، فَلَمْ يَطْرَأْ عَلَيْهِمْ حالٌ جَدِيدٌ. وبِذَلِكَ يَظْهَرُ حُسْنُ مَوْقِعِ لَفْظِ "حَقَّ" هُنا دُونَ أنْ يُقالَ أضَلَّهُ اللَّهُ، لِأنَّ ضَلالَهم قَدِيمٌ مُسْتَمِرٌّ اكْتَسَبُوهُ لِأنْفُسِهِمْ، كَما قالَ تَعالى في نَظِيرِهِ: ﴿فَمِنهم مَن هَدى اللَّهُ ومِنهم مَن حَقَّتْ عَلَيْهِ الضَّلالَةُ﴾ [النحل: ٣٦]

ثُمَّ قالَ ﴿إِنْ تَحْرِصْ عَلى هُداهم فَإِنَّ اللَّهَ لا يَهْدِي مَن يُضِلُّ﴾ [النحل: ٣٧]فَلَيْسَ تَغْيِيرُ الأُسْلُوبِ بَيْنَ: ﴿فَرِيقًا هَدى﴾ وبَيْنَ: ﴿وفَرِيقًا حَقَّ عَلَيْهِمُ الضَّلالَةُ﴾ تَحاشِيًا عَنْ إسْنادِ الإضْلالِ إلى اللَّهِ، كَما تَوَهَّمَهُ صاحِبُ الكَشّافِ، لِأنَّهُ قَدْ أسْنَدَ الإضْلالَ إلى اللَّهِ في نَظِيرِ هَذِهِ الآيَةِ كَما عُلِمَتْ وفي آياتٍ كَثِيرَةٍ، ولَكِنَّ اخْتِلافَ الأُسْلُوبِ لِاخْتِلافِ الأحْوالِ.

وجُرِّدَ فِعْلُ "حَقَّ" عَنْ عَلامَةِ التَّأْنِيثِ لِأنَّ فاعِلَهُ غَيْرُ حَقِيقِيِّ التَّأْنِيثِ، وقَدْ أُظْهِرَتْ عَلامَةُ التَّأْنِيثِ في نَظِيرِهِ في قَوْلِهِ تَعالى: ﴿ومِنهم مَن حَقَّتْ عَلَيْهِ الضَّلالَةُ﴾ [النحل: ٣٦] .

وقَوْلُهُ: ﴿إنَّهُمُ اتَّخَذُوا الشَّياطِينَ أوْلِياءَ مِن دُونِ اللَّهِ﴾ اسْتِئْنافٌ مُرادٌ بِهِ التَّعْلِيلُ لِجُمْلَةِ ﴿حَقَّتْ عَلَيْهِ الضَّلالَةُ﴾ [النحل: ٣٦]، وهَذا شَأْنُ إنَّ إذا وقَعَتْ في صَدْرِ جُمْلَةٍ عَقِبَ جُمْلَةٍ أُخْرى أنْ تَكُونَ لِلرَّبْطِ والتَّعْلِيلِ وتُغْنِي غَناءَ الفاءِ، كَما تَقَدَّمَ غَيْرَ مَرَّةٍ.

والمَعْنى أنَّ هَذا الفَرِيقَ، الَّذِي حَقَّتْ عَلَيْهِمُ الضَّلالَةُ، لَمّا سَمِعُوا الدَّعْوَةَ إلى التَّوْحِيدِ والإسْلامِ، لَمْ يَطْلُبُوا النَّجاةَ ولَمْ يَتَفَكَّرُوا في ضَلالِ الشِّرْكِ البَيِّنِ، ولَكِنَّهُمُ اسْتَوْحَوْا شَياطِينَهم، وطابَتْ نُفُوسُهم بِوَسْوَسَتِهِمْ، وائْتَمَرُوا بِأمْرِهِمْ، واتَّخَذُوهم أوْلِياءَ، فَلا جَرَمَ أنْ يَدُومُوا عَلى ضَلالِهِمْ لِأجْلِ اتِّخاذِهِمُ الشَّياطِينَ أوْلِياءَ مِن دُونِ اللَّهِ.

واتەی : (حق علیهم الضلالة)یەعنی گومڕابووون سابت بوو بۆیان و دەستیان پێوەگرت و وازیان لێ نەهێنا، ئەوانەی ئەم ئایەتانە دەیاندوێنێ هەموویان موشریك بوون جا کاتێك فەرمانیان پێکرا خوا بەتاك و تەنها بپەرستن بوون بەدوو دەستە، دەستەیەک خوا هیدایەتی دا بۆ تەوحید و دەستەیەکیش چوو بەرەو شیرك و گومڕایی، پاشان ئەم دەستەیە کاتێك گومڕابون کە بانگەوازی تەوحید و ئیسلامیان بیستبوو بەڵام داوای ڕزگاربونیان نەکرد و بیریان نەکردەوە لەگومڕایی شیرك کە ڕوون بوو بۆیان، بەڵام لەبەری ئەوە بەدوای وەحی شەیتانەکان کەوتن و دڵیان بەوان خۆشبوو و فەرمانداری ئەوبوون و کردنیان بەدۆست وپەرستراو بێگومانیش کەئەو حاڵیان بێت بەردەوام ئەبن لەسەر گومڕاییەکەیان.

*کەواتە لەم تەفسیرەش بۆمان دەرکەوت کە ئەو دەستەیە لەسەر عیلم و زانستەوە گومڕابوونە نەك لەسەر نەزانین و نەبونی عیلم.

هەروەها بەغەوەی لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێت:

قَوْلُهُ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿فَرِيقًا هَدَى﴾ أَيْ هَدَاهُمُ اللَّهُ، ﴿وَفَرِيقًا حَقَّ﴾ وَجَبَ ﴿عَلَيْهِمُ الضَّلَالَةُ﴾ أَيْ: بِالْإِرَادَةِ السَّابِقَةِ، ﴿إِنَّهُمُ اتَّخَذُوا الشَّيَاطِينَ أَوْلِيَاءَ مِنْ دُونِ اللَّهِ وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ مُهْتَدُونَ﴾ فِيهِ دَلِيلٌ عَلَى أَنَّ الْكَافِرَ الَّذِي يَظُنُّ أَنَّهُ فِي دِينِهِ عَلَى الْحَقِّ وَالْجَاحِدَ وَالْمُعَانِدَ سَوَاءٌ.

واته: ئەم ئایەتە بەڵگەی ئەوەی تێدایە کەوا ئەو کافرەی وا گومان دەبات ئەو کەلەسەر ئەو دینەیە لەسەر حەقە هەرروەها لەگەڵ ئەوکەسەی کەوا ئینکاری و عینادی دەکات یەکسانە.]

ئەمەش بەڵگەیە کەوا باس لەکافری ئەصلی دەکات چونکە کافری ئەصلی دینێکی تری هەیە نەك کەسی مونتسب بۆ ئیسلام، کەواتە ئەم ئایەتە باس لەو کافرە ئەصلیانە دەکات کە دینەکەی خۆیان پێ حەقە کەعوزریان نیە نەك کەسی موسڵمان کەتوشی کوفرێك ببێت و کەسێك نەبێت پێی بڵێت ونەزان بێت.

هەروەها محمد رشید رضا لەتەفسیرەکەیدا دەڵێت لەمانای ئەم ئایەتە:

[فريقاً هداهم فى الدنيا فاهتدوا بإيمانهم به وإقامة وجوههم له وحده فى العبادة ودعائه مخلصين له الدين ، وفريق حق عليهم الضلالة لاتباعهم إغواء الشيطان ، ودعائه مخلصين له الدين ، وفريق حق عليهم الضلالة لاتباعهم إغواء الشيطان ، وإعراضهم عن طاعة الرحمان].

واتە: دەستەیەك خوا لەدونیا هیدایەتی داون جا ڕێگای هیدایەتان بەو ئیمانە گرتەبەر و بەتاك تەنها ڕویان کردە خوا و خویان پەرست، بەڵام دەستەکەی

تر گومڕابونیان لەسەر چەسپا چونکە شوێنی گومڕاکردنی شەیتان کەوتن و پشتیان کرد لەطاعەتی ڕەحمان.]

کەواتە ئەمانەبەبێ هۆ وبەنەزانی گومڕانەبوونە بەڵکو هۆکار خۆیان بوونە وپشتکردوو بوونە.

پاشان دەڵێین ئەم ئایەتە (فَرِيقًا هَدَىٰ وَفَرِيقًا حَقَّ عَلَيۡهِمُ ٱلضَّلَٰلَةُۚ إِنَّهُمُ ٱتَّخَذُواْ ٱلشَّيَٰطِينَ أَوۡلِيَآءَ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَيَحۡسَبُونَ أَنَّهُم مُّهۡتَدُونَ) موجمەلە و ئەم دوو ئایەتە ڕوونی دەکاتەوە موفسەری دەکات ئایەتی یەکەم کەدەفەرمێت (وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُضِلَّ قَوۡمَۢا بَعۡدَ إِذۡ هَدَىٰهُمۡ حَتَّىٰ يُبَيِّنَ لَهُم مَّا يَتَّقُونَۚ إِنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٌ)[سورة التوبة 115].

ابن كثير دەڵێت لەمانای ئایەتەکەدا

[يَقُولُ تَعَالَى مُخْبِرًا عَنْ نَفْسِهِ الْكَرِيمَةِ وَحُكْمِهِ الْعَادِلِ: إِنَّهُ لَا يُضِلُّ قَوْمًا بَعْدَ بَلَاغِ الرِّسَالَةِ إِلَيْهِمْ، حَتَّى يَكُونُوا قَدْ قَامَتْ عَلَيْهِمُ الْحُجَّةُ].

واتە: اللە تعالى هەوالّمان پێ دەدات لەزاتی موبارەکی خۆیەوە و لەبڕیاری دادی خۆیەوە: کەوا هیچ قەومێك گومڕا ناکات دوای ئەوەی پەیامی خۆی بۆ ناردبن هەتاکو ئیقامە حوجەیان لەسەر نەکات.

هەروەك أبو القاسم الأصبهانی لەژێر مانای ئەم ئایەتە دهفەرمێت (فكل من هداه الله عزوجل ودخل في عقد الإسلام فإنه لايخرج الى الكفر إلا بعد البيان)الحجة في بيان المحجة.

واته: هەرکەسێك الله عزوجل هیدایەتی بدات و داخلی گرێبەندی ئیسلام ببێت ئەوا لەئیسلام دەرناچێت ئیلا دوای ڕوونکردنەوە نەبێت.) پاشان ئایەتەکە بەم ئایەتەش تایبەت کراوە کە دەفەرمێت :

(فَإِمَّا يَأۡتِيَنَّكُم مِّنِّي هُدى فَمَنِ ٱتَّبَعَ هُدَايَ فَلَا يَضِلُّ وَلَا يَشۡقَىٰ 123 وَمَنۡ أَعۡرَضَ عَن ذِكۡرِي فَإِنَّ لَهُۥ مَعِيشَة ضَنك وَنَحۡشُرُهُۥ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ أَعۡمَىٰ)[سورة طه 124].

واتە : هەرکاتێك لەلایەن منەوە هیدایەتتان بۆهات جاهەرکەسێك شوێنی هیدایەتەکەم بکەوێت نەگومڕا؟دەبێت نە سەرگەردان١٢٣ بەڵام هەرکەسێك پشت بکات لەهیدایەتەکەم ئەوا ژیانێکی تەنگ و تاڵی دەبێت و لەپاشەڕۆژیش بەکوێری زیندووی دەکەینەوە.

کەواتە لێرەدا الله تعالى گومڕایی قەرارئەدات بۆ کەسێك کە پشتی کردبێت لە دین و پەیامەکەی نەك هەروا بەهەڕەمەکی .

هەروەها شێخ صديق حسن خان دەڵێت: والأية حجة على أهل الإعتزال في كون الهداية والإضلال إلى الله ذي الجلال, وفيه دليل أيضاً على أن الكافر الذي يظن أنه في دينه على الحق والجاحد والمعاند في الكفر سواء, ودلت هذه الأية على أن مجرد الظن والحسبان لايكفي في صحة الدين, بل لابد من الجزم والقطع, لأنه تعالى ذم الكفار بأنهم يحسبون كونهم مهتدين, ولولا أن هذا

الحسبان مذموم لما ذمهم بذلك ودلت أيضاً على أن كل من شرع في باطل فهو مستحق للذم سواء حسب كونه هدى أو لم يحسب ذلك, قاله الكرخي))
فتح البيان 331/4

دەڵێت: ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر موعەتەزیلە لەبارەی ئەوەی هیدایەتدان و گومڕاکردن لەلایەن خواوەیە، بەڵگەی ئەوەشی تێدایە ئەو کافرەی وا گومان ئەبات کەلەدینەکەیدا لەسەر حەقە ئەوا یەکسانە لەگەل کافری خاوەن عیلم و نکۆلیکار، بەڵکو حەق و دینداری دەبێ لەسەر دڵنیایی و دوپاتکردنەوە بنیات نرابێ نەك لەسەر گومان چونکە خوای گەورە زەمی کافرەکانی کرد لەسەر ئەوەی گومان ئەبەن لەسەر هیدایەت بن، جا ئەگەر گومانکردن زەمکراو نەبوایە ئەوا لەسەری زەمی نەئەکردن، ئەم ئایەتە بەڵگەی ئەوەشی تێدایە هەرکەسێ باطلێك دابنات و تەشریعی بکات ئەوا شایستەی زەمکردنە جا گومانی وابێ باشەیە یان گومانی وانەبێت.)

ئەما بەڵگە هێنانەوە بەتەفسیرەکەی ابن جریر الطبری دەڵێین سەرەتا دەبوو شارەزابن لەمەنهەجی زانایان و مەنهەجی استدلالیان. ئەوجا ئەتنزانی داخۆ ابن جریر سەرچاوەی ئەو وتەیەی لەکوێ هێناوە

سەرەتا پێویستە بزانین ابن جریر هەروەك زانایان ئەفەرموون شوعبەیە لەمەزهەبی موعتەزیلەی تێدایە لەبابەتی عەقیدە و تەوحید و عوزر بەجەهل بەگشتی هەربۆیە لەقەدیمەوە ڕەخنەیان لەو وتانەی گرتوە لەوانە ابن حزم لە وەڵامێکی دا بۆ ابن جریر دەڵێت: هل یکون مؤمناً من اعتقد الإسلام دون إستدلال ، أم لایکون مؤمناً مسلماً إلا من استدل : قال ابو محمد ذهب محمد بن جریر الطبري والأشعریة کلها حاشا السمناني إلى أنه لایکون مسلماً الا من استدل وإلا فلیس مسلماً ، وقال الطبري: من بلغ الاحتلام أو الإشعار من الرجال والنساء أو بلغ المحیض من النساء ولم یعرف الله عزوجل بجمیع أسمائه وصفاته من طریق الاستدلال فهو کافر حلال الدم والمال.[الملل والنحل 4/29]بڕوانە أصول الدین عند الإمام الطبری لطه محمد نجا رمضان.

واتە: ئایا کەسێك بەبێ زانینی بەڵگەی عەقڵی لەسەر بونی خوا دەبێ بەموسڵمان یان تاکو بەپێی مەنهەجی بەڵگە هێنانەوەی عەقڵی بەڵگە بێنێتەوە ئەوجا دەبێت بەموسڵمان؟ ابن حزم دەڵێت: ابن جەریر و ئەشعەریەکان تێکڕا دەڵێن هیچ کەسێك نابێت بەموسڵمان هەتا بەڵگەهێنانەوەی عەقڵی نەهێنێتەوە ، هەروەها ابن جەریری تەبەڕی دەڵێت: هەرکەسێك بگاتە باڵغ بون و موو لێهاتن لەژنان و پیاوان یان بگاتە سوڕی مانگانە لەژنان خوا نەناسێ بەهەموو ناو و سیفەتەکانی بەڕێگەی بەڵگە هێنانەوەی استدلال ئەشعەری و موعتزیلە ئەوا کافرە و خوێن ومااڵی حەاڵڵە.]

پاشان ئیمامی ابن جریر الطبری کە فەرمویەتی جاهیل و معاند یەکسانن لەتەفسیری ئایەتی (ویحسبون أنهم مهتدون)دەڵێت: يقول تعالى ذكره: إن الفريق الذي حق عليهم الضلالة إنما ضلوا عن سبيل الله وجاروا عن قصد المحجة باتخاذهم الشياطين نصراء من دون الله وظهراء جهلا منهم بخطأ ماهم عليه من ذلك بل فعلوا ذلك **وهم يظنون** أنهم على هدى وحق وأن صواب ماأتوة وركبوا, وهذا من أبين الدلالة على خطأ قول من زعم أن الله لايعذب أحداً على معصية ركبها أو ضلالة اعتقدها إلا أن يأتيها بعد علم منه بصواب وجهها, فيركبها عنادا منه لربه فيها لأن ذلك لوكان كذلك لم يكن بين فريق الضلالة الذي ضل وهو يحسب أنه هاد وفريق الهدى فرق وقد فرق الله بين أسمائهما وأحكامهما في هذه الأية. تفسير الطبري ج8 ص 297 ط دار ابن الجوزي

واتە: ئەو تاقمەی گومرابونی لەسەر چەسپا بەهۆی ئەوە لەسەر رێگای خوا گومرابوون چونکە شەیتانەکانیان کرد بە سەرخەر و پشتیوانی خۆیان نەزان بون لەو کارە هەڵەیەی کەکردیان بەڵکو ئەو کارەیان کرد **چونکە وا گومانیان ئەبرد کە حەقە و هیدایەتە،** ئەمەش رونترین بەڵگەیە لەسەر قسەی ئەوانەی کە دەڵێن خوا سزای هیچ کەسێ نادات لەسەر تاوانێ کە ئەنجامی بدات ئیلا دوای ئەوەنەبێت کە بزانێت و بەعینادی ئەنجامی بدات، ئەمەش ئەگەر راست بوایە ئەوا هیچ جیاوازیەك نەدەبوو لەنێوان ئەو دوو تاقمە ئەو تاقمەی

گومڕابوو وا گومانی ئەبرد کەلەسەر حەقە و ئەو تامەشی لەسەر هیدایەت بوو، لەهەمان کاتدا خوای گەورە لەم ئایەتە جیاوازی کردوە لەنێوانیان لەناو لەحوکمەکانیان .

<u>رووبکردنەوەیەك لەسەر ئەم وتەیە بەنرخەی ئیمامی تەبەڕی:</u>

ئیمامی تەبەری دەفەرمێت دەربارەی ئەو کەسانە ئەوانە کەسانێ بوونە گومانیان بردوە لەسەر حەق و هیدایەتن هەروەکو خوای گەورەش لەئایەتەکە بە وشەی (یحسبون)هێناوێتی ئەمەش ئەوەمان پێ ئەڵێ دینداری کردن و ئیدیعای لەسەر حەق بوون و ئیمان وباوەڕ لەسەر گومان بنیات نانرێت بەڵکو ئەبێت لەسەر یەقین و بەڵگە بێت، ئەمەش راستیەکی حاشاهەڵنەگرە بۆ هەرکەسێك کەبیەوێ موسڵمان ببێت دەبێت بەیەقینەوە ئیمان بێنێت و دڵنیایی هەبێت لەسەر ئەو باوەڕەی هەیەتی، بۆیە هەرکەسێ گومانی هەبێ لەدینەکەی ئەوا هەر لەسەرەتاوە نەهاتۆتە ناوی ، ئەمەش هەربۆخۆی سیفەتی کافرەکانی قورەیش بووە کەسیاقی ئایەتەکەش باسی ئەوانە کەوا لەسەر گومان بونە لەدینەکەیان یەقین بەلگەیان نەبوە، هەربۆیە دینداری و باوەڕ بە گومان دانامەزرێت و بونی نابێت، وە ئەم ئایەتە بەهیچ شێوەیەك باسی موسڵمانان ناکات چونکە ئومەتی ئیسلام ئەحکامەکانی جیاوازە لەگەل ئومەتانی پێشوو چ جای کافرای ئەصلی، پاشان بۆ موسڵمانیش هەر ئەڵێن هەرموسڵمانێ لەدین و ئیمانەکەی بەگومان بێت بەگومان خۆی لەسەر حەق

بزانێت ئەوا عوزری نیە. هەروەکو پێشتر وتەکەی صدیق حسن خان مان نەقڵ کرد کە بەهەمان شێوەی فەرموو.

هەڵوەشاندنەوەی گومانەکانی نەبونی بەهانەی نەزانی(3)

بەڵگە هێنانەوە بەئەثەرێکی عومەری کوڕی خەتاب ڕەزای خوای لێ بێت کەدەڵێت " ليس لهالك هلك معذرة في فعل ضلالة حسبها هدى ولا في ترك هدى حسبها ضلالة" رواه ابن بطة في الابانة
واتە: هەر بەهیلاکچوویەك کە بەهیلاک دەچێت بیانوو و عوذری نیە لەئەنجامدانی کارێکی گومڕایی کەبیکات و وابزانێت گومڕاییە.
لەوەڵامدا دەڵێن ئەمە پیشەی نەزانی و ئەهلی بیدەعە کە بچیت ئەثەرێك بێنی لەکەسێکەوە بەڵام بێ ئاگابیت لە ووتەکانی تری.
پاشان ئەم ووتەیە نە ئایەتە و نەحەدیسە

پاشان ئەم ووتەیە زەعیفە مونکەرە هەروەها شێخ أبو يعقوب المقديسی بەڕیوبەری بحوث والإفتاء تضعيفی کردوە لەکتێبی" نشر الآثار" وە ئەم ئەثەرە پێچەوانەی ئایەتی قورئانە کە باسمانکردوە لەوەڵامدانەوەی شوبهەی دووەم

بەڵکو لە عومەری کوڕی خەتتابەوە رەزای خوای لێبێت بەڵکو ووتەیەکی تر هاتووە کە صەحیحەو دەڵێت:
" لاعذر لأحد عند الله بعد البينة بضلالة ركبها..."رواه ابن نعيم واتە: عوزربۆ هیچ کەسێك نیە لای خوا دوو بەڵگە وڕوونکردنەوە کەسێك سواری گومڕایی ببێت.
[بڕوانە ئەڵبانی دوای ڕوونکردنەوە]

*هەروەها بەهەمان شێوە لەنەوەکەی ڕیوایەت کراوە لە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز رحمه الله کە دەڵێت: "لاعذر لأحد بعد السُنَّة في ضلالة ركبها يحسب أنها هدى" رواه محمد بن نصر المروزي في السنة بأصح إسناد واتە: عوزر بۆهیچ کەسێك نیە دوای هاتنی سونەت کەتوشی گومڕایی ببیت و وابزانیت هیدایەت.
[بڕوانە ئەڵبانی دوای هاتنی سوونەت.]

هەڵوەشاندنەوەی گومانەکانی نەبونی بەهانەی نەزانی(4)

بیانوویەکی تر دێننەوە بەوتەیەکی ئیمامی شافعی کە دوایەکەیان بڕیوە کە دەڵێت " لو عذر الجاهل لأجل جهله لكان الجهل خيراً من العلم..." واتە : ئەگەر نەزان بیانووی هەبوایە ئەوا نەزانی باشتربوو لەزانین.

جا ئەمانە وەکو ئەوانەن کە تەنها ئەم بڕگەیەی ئەم ئایەتە ئەخوێنن‌ەوە کە ئەڵێن خوا فەرمویەتی ((فویل للمصلین)) وەیل بۆ نوێژخوێنان بێ ئەوەی کەوا تەواوی بکەن بزانین چ جۆرە نوێژخوێنێ.

هەربۆیە ئیمامی شافعی ئەو وتەیەی بەم شێوەیە تەواودەکات و دەڵێت" لو عذر الجاهل لأجل جهله لكان الجهل خيراً من العلم إذ كان يحط عن العبد أعباء التكليف ويريح قلبه من ضروب التعنيف، فلا حجة للعبد في جهله بالحكم بعد تبليغ والتمكين(لئلا يكون للناس على الله حجة بعد الرسل))] المنثور في القواعد2/17.

واتە: ئەگەر نەزان بیانوی هەبوایە بەهۆی نەزانیەکەیەوە ئەوا نەزانین چاکتربوو لەزانین چونکە زۆرێك لەئەرك و بارگرانی لەسەر نەدەما و ئیسراحەتی ئەکرد هەربۆیە هیچ عوزر و بیانویەک بۆ بەندەیەک نیە لەنەزانینی حوکمێك دوای گەیاندن و تواناهەبوون.

کەواتە بۆمان دەرکەوت ڕاستی وتەکەی ئیمام چۆن بووە..والحمدلله رب العالمین

هەڵوەشاندنەوەی گومانەکانی نەبونی بەهانەی نەزانی(5)

ئەوانەی ئەڵێن بیانوو بەنەزانین نیە بەشێوەیەکی ڕەها ئەتەرێك له ابن عباس هوە نەقڵ دەکەن کە دەڵێت_ فلما نُسي العلم عبدت]

واتە کاتێ عیلم لەبیرکرا لەناو قەومی نوح ئائەو پیاوچاکانە پەرستران.

جا بزانین ئیمام القسطلانی لەشەرحی بوخاری (7/401) دەربارەی ئەم قەولەی ابن عباس چی دەڵێت کە دەڵێت- نسي العلم- اي زالت معرفة الناس بأصل نصبها)ونسي الناس لما صور آباؤهم هذه الصور .

واتە: لەبیرچونی عیلم واتە خەڵك نەیان ئەزانی بۆچی ئەو بت و وێنانە دانراون.

کەواتە باسی نەزانی بەتەوحید هەر لەبنچینەوە تیانیە تاکو بڵێیت ئەوانە جاهیل بوونە ئەو حوکمەی لەسەر بدەی .

هەڵوەشاندنەوەی گومانەکانی نەبونی بەهانەی نەزانی(6)

هەروەها ئەوانەی باوەڕیان بەنەبونی بەهانەی نەزانیە شوبهەیەکی تر ئەهێننەوە کە لە کیتابی سونەی عەبدوڵای کوری ئیمام ئەحمەد هاتووە کە دەڵێت حدثنی أبو سعيد بن يعقوب الطالقاني أنبأنا المؤمل بن اسماعيل سمعت عمارة بن زازان

قال : بلغني أن القدرية يحشرون يوم القيامة مع المشركين فيقولون والله ماكنا مشركين فيقال لهم إنكم أشركتم من حيث لاتعلمون .اهـ

واتە:زازان دەڵێ پێم گەیشتوەکە قەدەریەکان لەڕۆژی قیامەت حەشر دەکرێن لەگەڵ موشریکەکان ودەڵێن سوێندبەتۆ ئەی اللە ئێمە موشریک نەبوین، پێیان دەوترێت ئێوە هاوبەشتان بڕیارداوە بەشێوەیە کەهەرنەتان زانیوە.

دەڵێن واتە جاهیل بوونە

لەوەڵامدا ئەڵێین پێمان سەیرە ئەم ووتەیە بکرێت بەدەلیل لەکاتێکدا نەنەصە ونەئیجماعە تەنانەت وتەی خاوەنەکەشی نیە بەڵکو ئەثەرێکی مونقطعی پڕاوە و زۆر لاوازە.

هەڵوەشاندنەوەی گومانەکانی نەبونی بەهانەی نەزانی(7)

ئەم وتەیەی

تابیعی بەڕێز ئیمامی " الزهري " ـ رحمه الله تعالى ـ ئەڵێت :

[إذا أشرك المسلم دُعِي إلى الإسلام ثلاث مرات، فإن أبى ضُربت عنقه] .

ئەگەر موسڵمانێک شیرکێکی ئەنجام یا بانگ ئەکەرێتەوە بۆ ئیسلام سێ جار ، ئەگەر پشتی هەڵکرد لە ملی ئەدرێت .

سەرچاوە :

رواية ابن وهب للموطأ ـ لاپەڕە ـ ٦٦ ـ

ئەم وتەیە بەهیچ شێوەیەك نەلەدوور نەلەنزیك پەیوەندی بەوە نیە ناوی شیرکی لەسەر بچەسپێت یان نا بەڵکو ئەم وتەیە باس لەداری ئیسلام ئەکات کاتێ مەحکەمەی شەرعی هەیە موسڵمان توشی کوفر و ڕیدەیەك ئەبێت دەستگیرئەکرێت بانگ دەکرێتەوە بۆ موسڵمان بون ئەگەر نەگەڕێتەوە ئەکوژرێت، ئاگادارین شوێنەکە داری ئیسلام و لێپرسینەوەی تێدایە و جێ بەجێ کردنی حەدی تیایە بۆیە لەداری ئیسلام کەسێ کوفر بکات دەستگیرئەکرێت و لێکۆڵینەوەی لەگەڵ ئەکرێت هەندێ جار بۆی ڕوون ئەکرێتەوە ئەگەر بابەتەکە شوبهەی لەسەربوو ڕوون نەبوو لای هەروەها بۆ گەڕانەوە هەندێ جار مۆڵەتی سێ جار ڕۆژی پێ دەدرێ لەزیندان. بۆیە ئەم کەسە هیچ عوزری نیە چونکە لەداری ئیسلامە و مقدور علیه ە.

هەڵوەشاندنەوەی گومانەکانی نەبونی بەهانەی نەزانی(8)

ـ ئيمام أبو حنيفة رحمه الله دەڵێت (لا عذر لأحد في جهله معرفة خالقه، لأن الواجب على جميع الخلق معرفة الرب سبحانه وتوحيده، لما يري من خلق

السماوات والأرض وخلق نفسه وسائر ما خلق الله تعالى فأمر الفرائض فمن لم يعملها ولم تبلغه فإن هذا لم تقم عليه الحجة الحكمية) [بدائع الصنائع للكاساني ج 7/ 132]

واتە: بیانوو نیە بۆ هیچ کەسێك لەنەناسینی خالقەکەی، چونکە پێویستە لەسەر هەموو خەڵکی ناسینی پەروەردگار و بەتاك و تەنها دانانی، بەهۆی ئەوەی دەیبینی لەدروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی دروست کردنی خۆی و هەموو دروستکراوەکان، بەڵام فەرِیزەتەکان هەرکەسێك ئەنجامی نەدات کە پێی نەگەیشتبێت ئائەم کەسە حوجەی لەسەر نەکراوە.]

با چەن هەڵوەستەیەك بکەین لەوتەکەی ئیمام:-

سەرەتا شێخ باسی ناسینی پەروەردگار دەکات کە دەبێت هەموو کەس بیناسێ چونکە دروستکراوەکان وئاسمانەکان و زەوی شایەدن لەسەر پەروەردگار و لەسەر تاکانەیی پەروەردگار بۆیە هیچ کەسێك لەنەزانینی ئەم زانینە عوزری نیە، هەروەها هیچ کەسێ خیلافی نیە لەسەر ئەوەی هەر موسڵمانێك نەزانێت اللە تاك و تەنهایە هەرخۆی شایستەی پەرستنە ئەوا لێی قبوڵ ناکرێت و عوزری نیە، چونکە ئەمە موجمەلی تەوحیدە و لەمانای زاهیری و ڕوون و ئاشکرای لااله الا الله هاتنە نێو ئیسلامە، نەك زانینی جوزئیاتی عیبادەتەکان چونکە ئەشێت هەندێك وێنەی عیبادەت نەزانیت کە عیبادەتە و ئەنجامی بدەی بۆ غەیری خوا بەمەش کافر نابیت تاکو بۆت ڕوون

نەکرێتەوە،
هەروەها ئیمام بەهیچ شێوەیەك باس لەوە ناکات موسڵمانێك بکەوێتە ناو شیرکێکەوە لەعیبادەت بەنەزانی ئەوا هیچ عوزری نیە..

هەڵوەشاندنەوەی گومانەکانی نەبونی بەهانەی نەزانی(9)

أبو الوفاء بن عقيل ـ رحمه الله دەڵێت ـ: (لما صعبت التكاليف على الجهال والطغام عدلوا عن أوضاع الشرع إلى تعظيم أوضاع وضعوها لأنفسهم فسهلت عليهم إذ لم يدخلوا بها تحت أمر غيرهم قال: وهم عندي كفار بهذه الأوضاع مثل تعظيم القبور وإكرامها بما نهى عنه الشرع: من إيقاد النيران وتقبيلها وتخليقها وخطاب الموتى بالحوائج وكتب الرقاع فيها: يا مولاي افعل بي كذا وكذا وأخذ تربتها تبركا وإفاضة الطيب على القبور وشد الرحال إليها وإلقاء الخرق على الشجر اقتداء بمن عبد اللات والعزى) [نقلا عن إغاثة اللهفان من مصائد الشيطان لابن القيم ج 1/ 195]
ئەوانەی ئەڵێن بیانوو بەنەزانین نیە دەڵێن ئەوەتا ئیمام ئەبو وەفاء تەکفیری ئەوکەسانەی کردوە کەنەزانن!!!
ئێمەش ئەڵێن ئەگەر جوان وتەکەی ئیمام ئەبو وفاءتان بخوێندبایەوە و لێی حاڵی بونایە قسەی واتان نەکرد، چونکە ئیمام دەڵێت:-

کاتێك تەکلیفەکان لەسەر جاهیل و دەغەڵەکان قورس بوو و کۆبوونەوە [عدلوا عن أوضاع الشرع] پشتیان کرد لەشەرع حوکمەکانی شەرع بۆ چەن حوکم و بەرنامەیەك کەخۆیان دایان نابوو ئەو کەسانە لای من کافرن بەو کارانەیان....

بڕوانن لەبەرچی کافربوون چونکە پشتیان کردبوو دوای ئەوەی شەرعیان دەزانی و پێیان گەیشتبوو کەواتە بابەتەکە دوورە لەبابەتەکەی ئێمە، چونکە هەرکەسێ بەهۆی پشتکردنەوە لەدین خۆی جاهیل بکات یان کوفر بکات هیچ عوزرێکی نیە، ئەمەش خیلافی تیانیە.

هەڵوەشاندنەوەی گومانەکانی نەبونی بەهانەی نەزانی(10)

عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ ، قَالَ : سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ : " إِنَّ اللَّهَ لَا يَقْبِضُ الْعِلْمَ انْتِزَاعًا يَنْتَزِعُهُ مِنَ الْعِبَادِ، وَلَكِنْ يَقْبِضُ الْعِلْمَ بِقَبْضِ الْعُلَمَاءِ، حَتَّى إِذَا لَمْ يُبْقِ عَالِمًا اتَّخَذَ النَّاسُ رُءُوسًا جُهَّالًا، فَسُئِلُوا فَأَفْتَوْا بِغَيْرِ عِلْمٍ، فَضَلُّوا وَأَضَلُّوا ".صحيح البخاري 7307

لە عەبدوڵای کوڕی عەمڕی کوڕی عاص هوە دەڵێت بیستم پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەیفەرموو : " بەڕاستی الله زانست لەناو سینگی بەندەکان دەرناهێنێ بەدەرهێنان، بەڵکو زانست دەگرێتەوە بە مردنی زاناکان،

جا کاتێك هیچ زانایەك نەما ئەوکاتە خەڵکی کەسانێکی نەزان دەکەنە سەرۆك و ئیمام بۆخۆیان کە پرسیاریان لێ دەکەن فەتوایان بۆ دەدەن بەبێ عیلم خۆیان گومڕان خەڵکیش گومڕا دەکەن."

جا ئەوانەی دەڵێن بەهانەی نەزانین بوونی نیە ئەڵێن ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەنەزانین بیانوو نیە ئەوەتا ئەو کەسانە نەزان بوونە کەچی رسول الله حوکمی گومڕایی لەسەر داناون.!!!

لەوەڵامی ئەم شوبهەیەدا دەڵێین : ئەصلەن ئەم فەرمودەیە باسی بابەتی نەبونی بیانوو بەنەزانی هەرناکات وەکو ئێوە لێی تێگەیشتون، بەڵکو ئەم فەموودەیە باس لەنەمانی زانایان ئەکات نەك نەمانی دین و قورئان و سونەت نەتوانینی فێربوون، هەروەها ئەم فەرموودەیە باس لەو دەکات کە ئەو خەڵکە پێشتر پشتکردوو بوونە لەعیلم وزانیاری و پشتیان بەستاوە بەزانایان و پشتیان کردوە لەفێربوون بۆیە گومڕابونە

بۆیە ئەم فەرموودەیە بەهیچ شێوەیەك ئەوە باس ناکات کە قورئان و سونەت و دین لەناو خەڵکی هەڵگیرابێ چونکە ئەگەر وابێ ئەوا دژی ئەو فەرموودەیەیە کە لە نیشانەکانی قیامەت هاتوە کە ئیسلام نامێنێ تەنها شەیەتمان دەمێنێ و سودیان پێ دەگەیەنێ بەڵام ئەم حەدیسە و باسی قۆناغێ

دەکات زانایان نامێنن نەك عیلم نەمێنێ بەقورئان و سونەت کەس نەبێ لەقورئان و سونەت تێبگات.

پاشان کە دەڵێ گومڕان وخەڵکیش گومڕا دەکەن گومڕایی مانای ئەوە نیە کافر بوبن چونکە ئەگەر بێت و خۆیان سەبەب بوبن شایستەی گومڕایی دەبن بەئەندازەی ئەوە گونجبار ئەبن.

چونکە ابن حجری عەسقەلانی لەفەتح الباری لەکیتابی الاعتصام ئەم ڕیوایەتەی لەسەر ئەم حەدیسە هێناوە کەدەڵێ:

فَسَأَلَهُ أَعْرَابِيٌّ فَقَالَ : يَا نَبِيَّ اللَّهِ ، كَيْفَ يُرْفَعُ الْعِلْمُ مِنَّا وَبَيْنَ أَظْهُرِنَا الْمَصَاحِفُ ، وَقَدْ تَعَلَّمْنَا مَا فِيهَا وَعَلَّمْنَاهَا أَبْنَاءَنَا وَنِسَاءَنَا وَخَدَمَنَا ، فَرَفَعَ إِلَيْهِ رَأْسَهُ - ص 300 – وَهُوَ مُغْضَبٌ فَقَالَ : وَهَذِهِ الْيَهُودُ وَالنَّصَارَى بَيْنَ أَظْهُرِهِمُ الْمَصَاحِفُ ، لَمْ يَتَعَلَّقُوا مِنْهَا بِحَرْفٍ فِيمَا جَاءَهُمْ بِهِ أَنْبِيَاؤُهُمْ "

واتە: دەشتەکیەك پرسی ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا، چۆن عیلم هەڵدەگیرێ لەناومان لەکاتێکدا موصحەفەکان لەناومانە، و فێربوینە ئەوەی تیایەتی وە ماڵ و منالّیشمان فێری کردوە، پێغەمبەریش صلی الله علیه وسلم سەربەرزەوە کرد بەتورەییەوە و فەرمووی : ئەوەنیە یەهود و نەصاراش موصحەفەکان لەبەردەستیانە کەچی شوێنی یەك حەرفی ناکەون."

كەواتە بۆمان ڕوون بۆیەوە ئەو خەڵکەی کەگومڕابوونە هۆکارخۆیانن کە پشتیان لەفێڕبوون کردوە.

* پاشان زانایان شوڕاح لەشەرحی ئەم حەدیسە پیرۆزە دەفەرموون :" لكن قد ورد في بعض الآثار أن كلام الله عز وجل في آخر الزمان يرفع من صدور الرجال ومن المصاحف حتى يصبح الناس وليس لديهم مصاحف مكتوب فيها كلام الله، ويصبح الناس وليس في صدورهم شيء محفوظ من كتاب الله، وذلك ـ والله اعلم- فيما إذا غفل الناس عن كتاب الله ولم يعملوا به وذهبوا به وأعرضوا عنه فإنه أعز من أن يبقى بين قوم لا يلتفتون إليه، ونظير هذا: الكعبة المشرفة فإن الله تعالى حبس عن مكة الفيل، لكن في آخر الزمان يسلط عليها رجلا من الحبشة أفحج قصير ينقضها حجرا حجرا، ويتناولها أصحابه من مكة إلى البحر، كل واحد يمد إلى الثاني حجرا منها حتى يلقوها في البحر، ولا يحميها الله عزوجل، لا عجزا؛ لأنه حماها من قبل،

لكن لحكمة، وهذا نفسره – والله أعلم – بما إذا امتهن أهل مكة هذه الكعبة المشرفة، وصاروا يبارزون الله تعالى بالعصيان في هذا المكان العظيم، الذي قال الله في : (ومن يرد فيه بإلحاد بظلم نذقه من عذاب أليم)[الحج: ٢٥]فإذا امتهن الناس هذا البيت الحرام سلط عليه من ينقضه حجرا حجرا، أما في

قصة الفيل فإن الله تعالى قد علم أن هذا البيت سوف يعظم برسالة محمد صلى الله عليه وسلم."شرح البخاري 100ژ/ص211

واتە: بۆیە ئەو خەڵکە گومڕابوون چونکە پێشتر بێ ئاگابون لەکیتابی خوا کاریان پێی نەدەکرد پشتیان لێ کردبوو کیتابی خواش و عیلمیش زۆر لەوە گەورەترە لەناو خەڵکانێ بمێنێ کە ڕێز و قەدری نەزانن هاوشێوەی ئەمەش کەعبەی ماڵی خوایە کاتێ ئەبرەهە بەفیلەکانیەوە هێرشیان هێنا بۆ کەعبە و داگیرکردنی خوای گەورە باڵندەی ئەبابیلی بۆ ناردن و لەناوی بردن بەڵام دەبینی لەئاخیر زەمان خوای گەورە پیاوێکی ڕەشپێستی حەبەشەی قاچ باریک زاڵ دەکات بەسەریا بەرد لەدوای بەرد ئەیڕوخێنێ یەك یەک بەردەکانی ئەبەن و فڕێی ئەدەنە دەریاوە خواش کەعبە ناپارێزێ نەك لەبەر بێ توانایی چونکە پێشتر پاراستویەتی بەڵام لەبەر حیکمەتێ ئەویش ئەوەیە کاتێ لەئاخیری زەمان ئەهلی مەککە بێ ڕێزی دەکەن لەناو کەعبە و پێشبڕکێی تاوانکاری تێدا ئەکەن لەو شوێنە مەزنە خواش کەسێ ئاوا زاڵ دەکات بەسەریا بەردی لەسەر بەردی نەهێڵێ چونکە کەس نەمێنێ ڕێزی بگرێ بەڵام کاتێ لە فیلەکان پاراستی چونکە دەیزانی ماڵەکەی لەئایندە ڕێزی لێ دەگیرێ بەهۆی پەیامەکەی محمد صلى الله عليه وسلم.

هەڵوەشاندنەوەی گومانەکانی نەبونی بەهانەی نەزانی(11)

ئەڵێن ئایەتەکانی میساق و فیترە و ئایەتە کەونی عەقڵیەکان بەڵگەیە لەسەر ئەوەی بیانوو بەنەزانین نیە لەشیرکی گەورە !!! وەك ئەوەی ناردنی پێغەمبەران و دابەزاندنی کتێبەکان لەزیادەن و هاتنی ئەو هەموو پێغەمبەرە کەبانگەوازیان دەکرد بۆ تەوحید لەزیادە بوە بێ سوود خۆیان هیلاك کردوە چونکە ئەو قەومانە تەوحیدو شیرکیان زانیوە، باشە ئەگەر تەوحیدی ئولوهیەت بەفیترە زانراوە بۆچی دەیان هەزار پێغەمبەر ڕەوانە ئەکرێن بۆ بانگەکردنی بەتەنها دانانی اللە لەپەرستن ؟! بۆچی بانگەوازەکەیان بۆشتی تر نەبوو ؟ بۆچی ئەوهەموو گەل ونەتەوانە بەچینی دەسەڵاتدار و عەوام دژایەتیان ئەکرد و ئینکاریان لێ ئەکرد و پێیان سەیر بوو (أَجَعَلَ ٱلۡـَٔالِهَةَ إِلَٰهٗ وَٰحِدًاۖ إِنَّ هَٰذَا لَشَيۡءٌ عُجَابٞ)[سورة ص 5] ؟ ئایا هەموو ئەو هەموو گەل و نەتەوە کافرانەی بەرهەڵستی پێغەمبەرەکانیان ئەکرد هەموویان کوفرەکەیان کوفری جحود و عیناد بوو؟!!!!!! کەواتە کافر و بتپەرستەکان بەقسەی ئێوە بێ بەهۆی جەهل یان کافرنەبوونە و کوفری جەهل بونی نیە لای کافرانی ئەصلی ؟!!! هەروەها هەموو ئەوانەشی هیچ بانگەوازێکی پێغەمبەرانیان پێ نەگەیشتوە و ئەهلی فەترەن هەموویان کافرن و لەڕۆژی دوایی بۆ دۆزەخن

ئەمەش پێچەوانەی عەدل و ڕەحمەت و حیکمەتی خواییە و پێچەوانەی چەندین ئایەت و فەرموودەی صەحیحە.

جا ئێستا با بزانین ئەو ئایەت وفەرمودانەی ئاوانە باسی ئەکەن و ئەیهێننەوە مانای ئاوا دەگەینەنن ؟!!

اللە تعالى دەفەرمێت (أَيُشْرِكُونَ مَا لَا يَخْلُقُ شَيْـًٔا وَهُمْ يُخْلَقُونَ)[سورة الأعراف 191].

ابن جرير لەتەفسیری ئەم ئایەتە دەڵێت:

"يقول تعالى ذكره: أيشركون في عبادة الله، فيعبدون معه = "ما لا يخلق شيئًا"، والله يخلقها وينشئها؟ وإنما العبادة الخالصة للخالق لا للمخلوق". واتە: ئایا هاوبەش لەپەرستنی اللە دادەنێن، کەسانێ دەپەرستن لەگەڵی، کەئەوانە خالق نین، لەکاتێکدا اللە دروستکار و بەدیهێنەریانە، ؟ وە چونکە پەرستنی تاك و تەنها بۆ خالقە نەك مەخلوق."

ئەم ئایەتە هیچ پەیوەندی نیە بەنەبونی بیانووی نەزانی بەڵکو ئەم ئایەتە بەڵگەی عەقڵیە عەقڵی کافران ئەجوڵێنێ کەچۆن دەبێ بتێ بپەرستن کەهیچی بەدەست نیە کە خۆی مەخلوقە ئەم ئایەتە عەقڵیان دێنێتەوە فیترەتیان زیندوو ئەکاتەوە ژیریان ئەخاتەوە کار بەو پەیام و دواندنە خواییە نەك مانای ئەوە بێ

خودی ژیریەکە بۆ خۆی بەڵگە بێ بەڵکو ئەم ئایەتە پێمان دەڵێ کەژیری و فیترەت تێکدەچێ وەک ئەو کافرانە کە فیترەتیان تێکچووە و بۆیان چاك ئەکاتەوە.

هەروەها ئەم ئایەتە باس لەوە دەکات کە ئەوانە تەوحیدی "ربوبیەت" یشیان لەکەی تێکەوتوە چونکە ئایەتەکە تەوحیدی ڕبوبیەتیان بەبیردێنێتەوە کە مەسەلەی نەناسینی پەروەردگارێتی خوا نەزانین تیای قبوڵ کراونیە چونکە پێچەوانەی ژیری وفیترەتە بەڵام دەبینی ئەوانە لەوەشدا کێشەیان بۆ دروستبوە بۆیە لەوەوە چاکیان ئەکاتەوەو ڕایان ئەکێشێ بۆ تەوحیدی پەرستراوێتی.

هەروەها ئەم ئایەتانەش هەمان مانان و هەمان مەبەست ئیقرار دەکەن و زیدوو دەکەنەوە لەناخی بتپەرستەکان

(يُولِجُ ٱلَّيۡلَ فِي ٱلنَّهَارِ وَيُولِجُ ٱلنَّهَارَ فِي ٱلَّيۡلِ وَسَخَّرَ ٱلشَّمۡسَ وَٱلۡقَمَرَۖ كُلّٞ يَجۡرِي لِأَجَلٖ مُّسَمّٗىۚ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمۡ لَهُ ٱلۡمُلۡكُۚ وَٱلَّذِينَ تَدۡعُونَ مِن دُونِهِۦ مَا يَمۡلِكُونَ مِن قِطۡمِيرٍ)

[سورة فاطر 13]

(ضَرَبَ لَكُم مَّثَلٗا مِّنۡ أَنفُسِكُمۖ هَل لَّكُم مِّن مَّا مَلَكَتۡ أَيۡمَٰنُكُم مِّن شُرَكَآءَ فِي مَا رَزَقۡنَٰكُمۡ فَأَنتُمۡ فِيهِ سَوَآءٞ تَخَافُونَهُمۡ كَخِيفَتِكُمۡ أَنفُسَكُمۡۚ كَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلۡأٓيَٰتِ لِقَوۡمٖ يَعۡقِلُونَ)[سورة الروم 28].

ئەم ئایەتەش بەهەمان شێوە بەڵگەی ژیری ئەخاتەڕووی کافرە بتپەرستەکان و کاتێ ئەو ئەو ژیریە لایان کەوتەوە کار وبیریان کردەوە ئەوکات ئەیانهێنێ بەرەو تەوحیدی ئولوهیەت قەناعەتیان پێ ئەکات کە مادام اللە تاك وتەنها پەروەردگارێتی وخەلق و مولك و تەدبیر کەواتە ئەبێت هەر ئەویش بەتاك و تەنها بپەرسترێت، کەواتە ئەو کافرانە بەجۆرێ فیترەتیان تێکچووبوو کە ئاگایان لەتەوحیدی ربوبیەتیش نەمابوو وەکو پێویست بۆیە سەرەتا لەوەوە بانگیان ئەکات تاکو تێیان بگەیەنێ لە تەوحیدی ئولوهیەت لەوەی کەدەبێ تەنها اللە بەپەرسترێ. هەربۆیە ئەوانە نەك هەر ئەقڵیان بەپەرستنی خوا نەشکاوە بەتاک وتەنها بەڵکو ئەقڵیان بەتاك و تەنهایی خواش نەشکاوە وەکو پێویست لەخەڵق و مولک و تەدبیردا هەندێ جار ئەگەر دانیشیان پێدانابێ بەڵام بیریان لێ نەکردۆتەوە وایان لێ بکات کەهەر ئەو شایستەی پەرستنە کەواتە فیترەت تێك دەچێت هەموو کات بەسەلیمی نامێنێتەوە بۆئەوەی خوا بناسێ چ جای هەموو وێنەکانی عیبادەت بناسێ و بەتاک و تەنها ئەنجامی بدات بۆی، بۆیە اللە تعالی پێغەمبەرانی ناردوە بەو پەیام و،ڕونکردنەوە عەقڵی و کەونی ونەفسی و شەرعیانە دەیانهێنێتەوە سەر ڕێگا و فیترەت. هەموو ڕاڤەکارانی قورئان هەروا دەڵێن وڕوونە مانا و مەبەستەکانیان ئەوەتا ابن جریری الطبری دەڵێت:"

وقوله: ﴿كَذَلكَ نُفَصّلُ الآياتِ لِقَوْمٍ يَعْقِلُونَ﴾

يقول تعالى ذكره: كما بيَّنا لكم أيها القوم حججنا في هذه الآيات من هذه السورة على قدرتنا على ما نشاء من إنشاء ما نشاء، وإفناء ما نحبّ، وإعادة ما نريد إعادته بعد فنائه، ودللنا على أنه لا تصلح العبادة إلا للواحد القهار، الذي بيده ملكوت كلّ شيء كذلك نبين حججنا في كل حقّ لقوم يعقلون، فيتدبرونها إذا سمعوها، ويعتبرون فيتعظون بها."

واته: هەروەك چۆن بەڵگەكانمان بۆ رووڕكردنەوە بەڵگەمان هێنایەوە لەم ئایەتانە لەسەر تواناو دەسەڵاتمان لەسەر ئەوەی بمانەوێ دروستی بكەین ئەوەشی بمانەوێ لەناوی ببەین ئەوەشی بمانەوێ بیگێڕینەوە وە بەڵگەمان هێنایەوە كە عیبادەت ناشێت بۆ خوای تاكو تەنهای زاڵ كەجڵەوی هەموشتێكی بەدەستە بەو شێوەیە بەڵگەكانمان ڕوون ئەكەینەوە دەربارەی هەموو ڕاستیەك بۆ گەلێك تێبگەن وبیری لێ بكەنەوە كاتێ بیستیان و پەندی لێ وەرگرن."

هەروەها امام ابن كثير يش دەڵێت:"

هَذَا مَثَلٌ ضَرَبَهُ اللَّهُ تَعَالَى لِلْمُشْرِكِينَ بِهِ، الْعَابِدِينَ مَعَهُ غَيْرَهُ، الْجَاعِلِينَ لَهُ شُرَكَاءَ وَهُمْ مَعَ ذَلِكَ مُعْتَرِفُونَ أَنَّ شُرَكَاءَهُ مِنَ الْأَصْنَامِ وَالْأَنْدَادَ عُبَيْدٌ لَهُ، مِلْكٌ لَهُ، كَمَا كَانُوا فِي تَلْبِيَتِهِمْ يَقُولُونَ: لَبَّيْكَ لَا شَرِيكَ لَكَ، إِلَّا شَرِيكًا هُوَ لَكَ، تَمْلِكُهُ وَمَا مَلَكَ."

ئەمە نمونەیەکە اللە تعالی دەیەوێتەوە بۆ ئەوانەی هاوبەشی بۆ دادەنێن کەسانی تر دەپەرستن لەگەڵی لەگەڵ ئەوەشدا اعتیراف دەکەن ئەو داروبەردو بت و هاوبەشانە بەندەی خوان، مولکی خوان هەروەك لەکاتی تەلەبیەکردنیان دەیانوت."

کەواتە تەنها ربوبیەت لەفیترەت چەسپاوە نەك ئولوهیەت هەر بۆیە پێغەمبەران هاتوون وئایەتەکان دابەزیون تاکو لەڕێگای تەوحیدی ڕبوبیەتەوە بیانبەن بەرەو تەوحیدی ئولوهیەت.

اللە تعالی دەفەرمێت(وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّىٰ نَبۡعَثَ رَسُولا)[سورة الإسراء 15].

شێخی شەنقیطی لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێ:" فإنه قال فيها : حتى نبعث رسولا، ولم يقل حتى نخلق عقولاً، وننصب أدلة ، ونركز فطرة" واتە: خوای گەورە فەرموی تاکو پێغەمبەری نەنێرین نەیفەرموو تاکو عەقڵێ دروست بکەین و بەڵگەی کەونی دابنەین لەفیترەت جێگیری بکەین."

پاشان دەربارەی میثاق اللە تعالی دەفەرمێت:" (وَإِذۡ أَخَذَ رَبُّكَ مِنۢ بَنِيٓ ءَادَمَ مِن ظُهُورِهِمۡ ذُرِّيَّتَهُمۡ وَأَشۡهَدَهُمۡ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡ أَلَسۡتُ بِرَبِّكُمۡۖ قَالُواْ بَلَىٰ شَهِدۡنَآ أَن تَقُولُواْ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ إِنَّا كُنَّا عَنۡ هَٰذَا غَٰفِلِينَ) [سورة الأعراف 172].

سەرەتا بابرانین چۆن ئەو میثاق و بەڵێن وپەیمانە ئەنجام درا ؟

ئەهلی عیلم دەربارەی ئەوە دوو وتەیان هەیە:-

وتەی یەکەم:- ئەڵێ اللە تعالی لەجیهانی غەیب هەموو نەوەکانی ئادەمی لەپشتی ئادەم دەرهێنا شایەدی لێ وەرگرتن کە تەنها اللە پەروەردگار و دروستکاریانە ئەمەش وتەی جەماوەری ڕاڤەکارانە.

ئیمامی بەغەوی رحمه الله دەڵێت : " فَإِنْ قِيلَ: كَيْفَ تَلْزَمُ الْحُجَّةُ عَلَى أَحَدٍ لَا يَذْكُرُ الْمِيثَاقَ؟ قِيلَ: قَدْ أَوْضَحَ اللَّهُ الدَّلَائِلَ عَلَى وَحْدَانِيَّتِهِ وَصِدْقِ رُسُلِهِ فِيمَا أَخْبَرُوا، فَمَنْ أَنْكَرَهُ كَانَ مُعَانِدًا نَاقِضًا لِلْعَهْدِ وَلَزِمَتْهُ الْحُجَّةُ، وَبِنِسْيَانِهِمْ وَعَدَمِ حِفْظِهِمْ لَا يَسْقُطُ الِاحْتِجَاجُ بَعْدَ إِخْبَارِ الْمُخْبِرِ الصَّادِقِ صَاحِبِ الْمُعْجِزَةِ."

واتە: ئەگەر بوترێت چۆن ئەم میثاق و پەیمانە ئەبێت بەحوجە بەڵگە لەسەر کەس لەکاتێکدا هیچ کەسێك ئەو پەیمانەی بەبیرنایات ؟ دەوترێت اللە بەڵگەکان لەسەر یەکانەیی خۆی و ڕاستی پەیامبەرەکانی ڕوون کردۆتەوە، هەرکەسێك نکۆڵی لێ بکات ئەوە بە سەرکەش وعیناد و هەڵوەشێنەرەوەی پەیمانەکە دادەنرێت و حوجە لەسەری جێ بەجێ دەبێت، وەکاتێك پێغەمبەری ڕاستگۆی خاوەن موعجیزە هەواڵیان پێ بدات ئیتر بیانوو هێنانەوە بەلەبیرنەمان هیچ ئەرزش و حوجەیەکی نامێنێت."

[کەواتە خودی پەیمانەکە نابێت بەبەڵگەو حوجە هەتا پێغەمبەر نەیخاتەوە یادت و بۆت ڕوون نەکاتەوە.]

وتەی دووەم : دەڵێت مەبەست لە پەیمان و میثاقەکە ئەوەیە کە اللە تعالی لەسەر ئیسلام و پاکی و ناسینی یەکانەیی خوا دروستی کردون ئەم وتەیەش ئیمامی ئیبن وکەسیر دەڵێ ئەمە وتەی تاقمێکە لەسەلەف و خەلەف وە ئەم میثاقە خودی فیترەتە هەروەها نەفی ڕودانی شایەدیدان دەکات بەڕێگای یەکەم دەڵێت:"

قَالُوا: وَمِمَّا يَدُلُّ عَلَى أَنَّ الْمُرَادَ بِهَذَا هَذَا، أَنْ جَعَلَ هَذَا الْإِشْهَادَ حُجَّةً عَلَيْهِمْ فِي الْإِشْرَاكِ، فَلَوْ كَانَ قَدْ وَقَعَ هَذَا كَمَا قَالَهُ مَنْ قَالَ لَكَانَ كُلُّ أَحَدٍ يَذْكُرُهُ، لِيَكُونَ حُجَّةً عَلَيْهِ. فَإِنْ قِيلَ: إِخْبَارُ الرَّسُولِ بِهِ كَافٍ فِي وُجُودِهِ، فَالْجَوَابُ: أَنَّ الْمُكَذِّبِينَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ يُكَذِّبُونَ بِجَمِيعِ مَا جَاءَتْهُمْ بِهِ الرُّسُلُ مِنْ هَذَا وَغَيْرِهِ. وَهَذَا جَعَلَ حُجَّةً مُسْتَقِلَّةً عَلَيْهِمْ، فَدَلَّ عَلَى أَنَّهُ الْفِطْرَةُ الَّتِي فُطِروا عَلَيْهَا مِنَ الْإِقْرَارِ بِالتَّوْحِيدِ؛ وَلِهَذَا قَالَ: ﴿أَنْ يَقُولُوا﴾ أَيْ: لِئَلَّا يَقُولُوا يَوْمَ الْقِيَامَةِ: ﴿إِنَّا كُنَّا عَنْ هَذَا﴾ أَيْ: [عَنِ] التَّوْحِيدِ ﴿غَافِلِينَ أَوْ تَقُولُوا إِنَّمَا أَشْرَكَ آبَاؤُنَا﴾ الْآيَةَ.

واتە: دەڵێن بەڵگەش لەسەر ئەوەی کەئەمەیە ماناکەی، ئەوەیە کە ئەم شایەدی لەسەر گرتنە بۆ ئەوەیە کە هاوبەشی بۆ دانەنێن ئەگەر بێتو ئەمە لەڕاستیدا ڕوی بدایە وەك ئەوانەی دەڵێن ئەوا هەموو کەس لەیادی ئەبوو و ئەبوو بەحوجە لەسەری ، ئەگەر بوترێت هەواڵ پێدانی پێغەمبەر کافیە بۆ بوونی، لەوەڵامدا ئەڵێین: ئەوانەی پێغەمبەران بەدرۆ دادەنێن لەموشریکان

هەرچی پێغەمبەران هێناویانە لەم هەواڵەو لەغەیری ئەم هەواڵە بێ باوەڕن پێی و بەدرۆی ئەزانن، ئایەتەکەش بەحوجەیەکی سەربەخۆی دائەنات لەسەریان کەواتە مەبەست پێی فیترەتە ئەو فیترەتەی لەسەری دروست کراون لەدان پێدانان بەیەکانەیی خوا هەربۆیە فەرموی بۆ ئەوەی لە قیامەت نەڵێن ئێمە لەم یەکانەیەی خوا بێ ئاگابووین."

کەواتە قەولی دووەم کە قەولی کۆمەڵێ لەسەلەف و خەلەف و ابن کثیرە دەڵێن میثاق بریتیە لەو فیترەتەی کە خوا مەخلوقاتی لەسەر دروست کردوە کە لەناخی هەمویان هەیە کە لەبووندا تەنها خوایەك هەیە.

هەروەها شێخی ئیسلام ئیبن و تەیمیە دەربارەی ئایەتی پەیمان و میثاق دەڵێت: فإن هذه الأية بينه في إقرارهم وشهادتهم على أنفسهم بالمعرفة التي فطروا عليها أن الله ربهم وقال صلى الله عليه وسلم كل مولود يولد على الفطرة"جامع رسائل 1/11

واتە: ئەم ئایەتە دانپێدانیان و شایەدیدانیان ڕوون ئەکاتەوە لەسەر خۆیان بەو ناسینەی کە لەسەری بەدیهێناون کە تەنها اللە پەروەردگاریانە هەروەك پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەفەرمێت هەموو لەدایك بویەک کە لەدایك ئەبێت لەسەر فیترەت لەدایك ئەبێت"

[كەواتە ئەو ناسینە تەوحیدی ڕبوبیەتە و پەروەردگاریّتی و ناسینی خوا و بونی خوایە, نەك ناسینی هەموو كوفر و شیركیّ]

هەروەها شیّخی ئیسلام دەفەرمیّت:" (كل مولود یولد على الفطرة فأبواه یهودانه أو ینصرانه أو یمجسانه) فالصواب أنها فطرة الله التي فطر الناس علیها وهي فطرة الإسلام وهي الفطرة التي فطرهم علیها یوم قال ألست بربكم قالوا بلى).وهي السلامة من الإعتقادات الباطلة والقبول للعقائد الصحیحة "مجموع الفتاوى 2/245

واتە: فەرمودەی (هەموو لەدایك بویەك كەلەدایك دەبیّت لەسەر فیترِەت لەدایك ئەبیّت پاشان باوانی دەیكەن بەجولەكە یان گاور یان مەجوسی) وتەی ڕاستوپەسەند دەربارەی فیترِەت بریتیە بریتیە لەفیترِەتی ئیسلام كەخوای گەورە ئەو منالّانەی لەسەر دروست كردوە ئەمە فیترِەتەش هەر ئەمەیە كە ڕۆژەكە فەرمووی پیّیان(ئایا من پەروەرگاری ئیّوە نیم وتیان بەلّیّ) ئەم فیترِەتەش بریتیە لەسەلامەتی و دووری لەبیروباوەڕە پوچەڵەكان و پەسەندكردن بۆ بیروباوەڕە ڕاست و دروستەكان."

هەروەها دەفەرمیّت:"فإشهادهم على أنفسهم جعلهم شاهدین على أنفسهم ، أي مقرین له بربوبیته، كما قال في تمام الكلام (ألست بربكم قالوا بلى) فقولهم : بلى شهدنا هو إقرارهم بربوبیته، وهو شهادتهم على أنفسهم بأنه ربهم

وهم مخلوقون به، فشهدوا على أنفسهم بأنهم عبيده."درء التعارض 8/488.
واتە: شایەدیان لەسەرخۆیان واتە دانیان نا بەربوبیەت و پەروەردگاریەتی هەروەک فەرموی (ألست بربكم قالوا بلى) واتە شایەدیمان دا ، ئیقرارکردنیانە بەربوبیەتی خوا کەئەو پەروەردگاریانە و مەخلوقی ئەون و بەندەی ئەون."
هەروەها لەوتەیەکی زێڕینی تریدا شێخی ئیسلام ئیبن و تەیمیە دەفەرمێت :" وإذا قيل : إنه ولد على الفطرة الإسلام ، أو خلق حنيفاً ونحو ذلك . فليس المراد به أنه حين خرج من بطن أمه يعلم هذا الدين ويريده . فإن الله تعالى يقول (وَٱللَّهُ أَخۡرَجَكُم مِّنۢ بُطُونِ أُمَّهَٰتِكُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ شَيۡـٔٗا) ولكن فطرته مقتضية موجبة لدين الإسلام ، بمعرفته ومحبته. فنفس الفطرة تستلزم الإقرار بخالقه و محبته وإخلاص الدين له ، وموجبات الفطرة ومقضيها تحصل شيئاً بعد شيء، بحسب كمال الفطرة ، إذا سلمت من المعارض ، وليس المراد مجرد قبول الفطرة لذلك أكثر من غيره ، كما أن كل مولود يولد فإنه يولد على المحبة ما يلائم بدنه من الأغذية والأشربة ، فيشتهي اللبن الذي يناسبه ، فهو سبحانه خلق الحيوان مهتدياً إلى طلب ما ينفعه ، ودفع ما يضره ثم هذا الحب والبغض يحصل فيه شيئا فيها بحسب حاجته، ثم قد يعرض لكثير من الأبدان ما يفسد ما ولد عليه من الطبيعة السليمة والعادة الصحيحة."درء التعارض(8/386).

واته: ئەگەر وترا ئاخر ئەو لەدایك بووە لەسەر فیترەتی ئیسلام یان دروستکراوە لەسەر حەنیفیەت وتەوحید ئەمشتانە. دەڵێین مەبەست لەم قسەیە ئەوە نیە ئەم کەسە کەلەدایك بووە ئەم دینەی زانیوە و ئەم دینەی ویستوە چونکە خوای گەورە دەفەرمێت(الله لەسکی دایکانتان دەریهێناون هیچتان نازانی) بەڵام فیترەتی ئینسان داخوازی دینی ئیسلام ئەکات داخوازە بۆ ناسینی و خۆشویستنی، خودی فیترەت پێویست دەکات دان بنەی بەخالقەکەت و خۆشویستنی وبەتەنها پەرستنی وە داخوازیەکانی فیترەت پلە بەپلەیە دێتەدی بەپێی تەواوێتی فیترەت کە ئەو فیترەتە پارێزراو بوو لەبەربەستەکان، مانای ئەوە نیە کەفیترەت هەر ئەوە قبوڵ بکات زیاتر لەشتی تر هەروەك چۆن هەموو منااڵێ کەلەدایک ئەبێ لەسەر ئەوشتانە لەدایك ئەبێ کە گونجاوە لەگەڵ لاشەی لەخواردن و خواردنەوە کە حەزی لەشیرە زیاتر لەشتی تر چونکە گونجاوە بۆی. خوای گەورە گیاندارانی دروست کردوە ڕێنمایی کردوە بەرەو ئەوشتانەی سوودی پێدەگەیەنێ و وەدوورکەوتنەوەی لەوشتانەی کەزیانی لێ دەدات جا بەپێی پێوستی ئەو گیاندارە خۆشەویستی و ڕق بونەوە لەو شتە پلە بە پلە دروست ئەبێ، پاشان زۆرێ لە لاشەکان توشی شتانێك ئەبێت کەلەسەر ئەو فیترەتە سەلیمە ڕاستەی دروست بوە نامێنێ."

هەروەها شێخ دەفەرمێت:" وهذا أصح الأقوال وعليه يدل الكتاب والسنة ، فإن الله أخبر عن أعمال الكفار بما يقتضي أنها سيئة قبيحة مذمومة، قبل مجيء الرسول إليهم ، وأخبر أنه لايعذبهم إلا بعد إرسال رسول إليهم وقوله تعالى: (وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّىٰ نَبْعَثَ رَسُولا) حجة على الطائفتين، وإن كان نفاة التحسين والتسبيح العقلي يحتجون بهذه الأية على منازعيهم، فهي حجة عليهم أيضاً فإنهم يجوزون على الله أن يعذب من لاذنب له ومن لم يأته رسول ، ويجوزون تعذيب الأطفال والمجنون الذين لم يأتهم رسول ، بل يقولون : إن عذابهم واقع وهذه الأية حجة عليهم كما أنها حجة على من جعلهم معذبين بمجرد العقول من غير إرسال رسول، والقرآن دل على ثبوت حسن و قبح قد يعلم بالعقول ، ويعلم أن هذا الفعل محمود ومذموم، ودل على أنه لايعذب أحداً الا بعد إرسال رسول والله سبحانه أعلم "درء تعارض (8/488).

دەڵێ : ئەمە ڕاستترینی وتەکانە کەبەڵگەی قورئان و سونەتی لەسەرە، چونکە خوای گەورە هەواڵی پێداوی لەسەر زەم و ناشرینی کردەوەی کافران پێش ئەوەی پێغەمبەریان بۆ بنێرێ هەروەها هەواڵیشی پێداوین کەسزایان نادات تاکو پێغەمبەریان بۆ نەنێرێت ، ئەم ئایەتەش بەڵگەیە لەسەر هەردوو تاقمەکە (وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّىٰ نَبْعَثَ رَسُولا) ئەگەر چی ئەوانەی ئەڵێن ناپەسەندی و پەسەندی نیە لەعەقڵ دا بەڵگە دێننەوە بەم ئایەتە لەسەر بەرامبەرەکانیان بەهەمان شێوە ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر خۆشیان چونکە ئەڵێن جائیزە خوا

سزای کەسانێ بدات ئەگەر پێغەمبەریشی بۆنەناردبن وە ئەڵێن جائیزە سزای منآڵ و شێتەکانیش بدات کە پێغەمبەریان بۆنەچوە ئەمە ئایەتە بەڵگەیە لەسەریان هەروەها بەڵگەیە لەسەر ئەوانەشی کەدەڵێن تەنها بەوەنەی عەقڵ ناشرینی کردەوەکان بزانێ کافیە بەبێ ئەوەی پێویست بەناردنی پێغەمبەر بکات ، قورئان بەڵگەی هێناوەتەوە لەسەر جێگیربونی شتانێ کە ئەشێ ناشرینی و چاکیان بەعەقڵ بزانرێ بەهەمان شێوەیەش بەڵگەی هێناوەتەوەش لەسەر ئەوەشی کە سزای هیچ کەسێ نادات بەبێ ناردنی پێغەمبەر، الله سبحانه وتعالى زاناتره."

هەروەها ئیمامی ابن القيم دەڵێت:" فالميثاق الذي أخذه سبحانه عليهم ، والإشهاد الذي أشهدهم على أنفسهم، والإقرار الذي أقروا به هو الفطرة التي فطروا عليها ؛ لأنه سبحانه احتج عليهم بذلك وهو لايحتج عليهم بما لا يعرفه أحد منهم ولا يذكره، بل بما يشتركون في معرفته ، والإقرار به."أحكام أهل الذمة2/942

واتە: ئەو پەیمانەی الله تعالى لێی وەرگرتون ، وە ئەشایەدیەی الله تعالى کردونی بەشایەد لەسەرخۆیان، هەروەها ئەو دانپێداهێنانەی کەدانیان پێدانا بریتیە لەو فیترەتەی کەلەسەری بەدیهێناون چونکە الله تعالى کە ئەوەی کردوە بەبەڵگە لەسەریان شتێ ناکات بەبەڵگە لەسەریان کەنەیناسن و لەبیریان نەبێت بەڵکو ئەو بەڵگەیە شتێکە هەمویان هاوبەشن لەناسینی ودانپێدانانی."

[کەواتە پەیمانەکە بریتیە لەو فیترەتەی کەخوا بەندەکانی لەسەر بەدیهێناوە لەدانپێداهێنانیان بە ربوبیەت و یەکانەیی خالقی خوا سبحانە وتعالی، ئەمە ئەو ئەندازەیەیە کە ئینسان بەفیترەتی سەلیمی هەستی پێدەکات جا کاتێك پێغەمبەران هاتن خاوەنانی ئەم فترەتە پاکە نابنە بەربەست، هەربۆیە پەیام وبانگەوازی پێغەمبەران موافقی ئەو فیترەتەیە کەخوای گەورە خەڵکی لەسەر دروستکردوە هەربۆیە دوای ئەوەی پێغەمبەران بانگەوازیان کرد و ڕاستێتی پەیامەکەیان ڕاگەیاند ئەوکاتە بۆ هیچ کەسێ لە ئینسان و جن نیە ڕەتی بکاتەوەو باوەڕی پێ نەهێنێ.

هەروەها لەوتەیەکی تریدا ابن القیم دەڵێ :" إن الله سبحانه لكمال رحمته وإحسانه لايعذب أحداً إلا بعد إرسال الرسول إليه ، وإن كان فاعلا لما يستحق به الذم والعقاب ،فالله على عبده حجتان قد أحدهما عليه لا يعذبه إلا بعد قيامها :

إحداهما : مت فطره عليه ، وخلقه عليه من الإقرار بأنه ربه ، ومليكه وفاطره، وحقه عليه لازم .

والثانية : إرسال رسله إليه بتفصيل ذلك ، وتقريره وتكميله، فيقوم عليه شاهد الفطرة ، والشرعة ، ويقر على نفسه بأنه كان كافراً كما قال تعالى (وَشَهِدُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡ أَنَّهُمۡ كَانُواْ كَٰفِرِينَ)[سورة الأنعام 130].

فلم ينفذ فيهم الحكم إلا بعد إقرار وشاهدين وهذا غاية العدل"

دەڵێ: الله تعالى لەتەواوێتى بەزەيى چاکەی خۆیدایە کە سزای هیچ کەس نادات تاکو پێغەمبەری بۆ نەنێرێت ئەگەر چی شتانێکی ئەنجام دابێت شایستەی زەم سزابێت، بۆیە خوا خوا دوو حوجەوبەڵگەی لەسەر بەندەکانی داناوە تاکو جێ بەجێ نەبێت هەردوکیان لەسەری سزای نادات.

یەکەمیان: ئەو حوجەیەیە کەلەسەری بەدیهێناوە لە دان نان بەوەی کەالله پەروەردگارێتی و خاوەنێتی و بەدیهێنەرێتی و مافی لەسەرێتی.

دووەمیان: ناردنی پێغەمبەرەکانی بۆی تاکو وردەکاری ئەو مافەی پێ بڵێن تاکو ببێتە إقرار لەسەری و تەواوکاری فیترەتەکەی ئەوکاتە شایەدی فیترە و شایەدی شەرعی لەسەر جێ بەجێ دەبێت کەوا کافربوە، کەواتە سزاکەیان لەسەر جێبەجێ ناکات ئیلا دوای إقراربەوشەرعە و پێغەمبەرە و هەردوو شایەتەکە کەفیترەت وشەرعە ئەمەش ئەوپەری دادپەروەری خوایە."

* الله تعالى دەفەرمێت (وَٱللَّهُ أَخۡرَجَكُم مِّنۢ بُطُونِ أُمَّهَٰتِكُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ شَيۡـٔٗا وَجَعَلَ لَكُمُ ٱلسَّمۡعَ وَٱلۡأَبۡصَٰرَ وَٱلۡأَفۡـِٔدَةَ لَعَلَّكُمۡ تَشۡكُرُونَ)[سورة النحل 78].

هەموو خەڵکی کە لەسکی دایکی دەرچووە هیچی نەزانیوە لەعیلم ئیلا ئەوە نەبێت کە الله لەسەری دروستی کردون کەپاکیە.

هەروەك دەفەرمێت (فَأَقِمۡ وَجۡهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفٗاۚ فِطۡرَتَ ٱللَّهِ ٱلَّتِي فَطَرَ ٱلنَّاسَ عَلَيۡهَاۚ لَا تَبۡدِيلَ لِخَلۡقِ ٱللَّهِۚ ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلۡقَيِّمُ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ) [سورة الروم 30]

*هەروەها دەفەرمێت (يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ إِمَّا يَأۡتِيَنَّكُمۡ رُسُلٞ مِّنكُمۡ يَقُصُّونَ عَلَيۡكُمۡ ءَايَٰتِي فَمَنِ ٱتَّقَىٰ وَأَصۡلَحَ فَلَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ)[سورة الأعراف 35] واتە: "ئەی نەوەی ئادەم ئەگەر بۆتان هات پێغەمبەرانێک لەخۆتان ئایەتەکانی منیان بۆ دەخوێندنەوە جا هەر کەس خۆی پاراست (لە نا فەرمانی خوا) و کردەوەی چاکی کرد ئەوە مەترسیان لەسەر نیە وخەم و خەفەتیش ناخۆن." ئەمە دواندنێکە لەلایەن پەروەردگاری جیهانیانەوە بۆسەرجەمی نەوەکانی ئادەم چ پێوویستی دەکرد ئەم خطابە ئەگەر حوجە بەرپا بێ بەپەیمانی میثاق و ئەوکاتە هیچ پێویستی بەناردنی پێغەمبەران و دابەزاندنی کتێبەکان نەدەکرد کەواتە حوجە تەنها کیتابەکەی خوایە کاتێك پێت بگات و بزانی چی دەفەرمێت.

هەروەها خوای گەورە زۆر بەڕوونی هەواڵ بەنەوەکانی ئادەم ئەدا دەربارەی ڕوداوێ کەهێشتا ڕوی نەداوە کەبریتیە لەناردنی پەیامبەران بۆیان پاشان

دەفەرمێت کەهاتن ئەو پێغەمبەرانە و شوێنیان کەوتن لە ڕزگاربوانن ئەگەریش ڕەتتانکردنەوە و پشتتان لێ کردن لە تیاچوانن.

هەروەها شێخ حافظ الحكمي لەشیکردنەوەی ئایەتی میثاق دەڵێت:
ئەو میثاقانەی چەسپاون لەکیتاب و سونەت ئەم چەن جۆرەی خوارەوەیە:
یەکەم: ئەو میثاق و پەیمانەی کەخوای گەورە لێی وەرگرتن کاتێ دەریهێنان لەپشتی ئادەمی باوکیان سەلامی خوای لەسەربێت وکردنی بەشایەت لەسەرخۆیان فەرمووی(ألست بربكم)[الأعراف: 172] ئەمەش وتەی جەماوەری ڕاڤەکارانی قورئانە دەربارەی ئەم ئایەتە هەروەها دەقی فەرموودە چەسپاوەکانی بوخاری موسلیمە.
دووەم: میثاق و پەیمانی فیترەت ئەمەش بریتیە لەوەی خوای گەورە دروستی کردون کردونی بەشایەت لەسەر ئەو میثاقەی یەکەمین جار لێی وەرگرتون هەروەك دەفەرمێت(فأقم وجهك للدين حنيفاً فطرت الله التي فطر الناس عليها لاتبديل لخلق الله)[الروم: 30]. ئەم جۆرە میثاق و بەڵێنە چەسپاویشە لەفەرموودەکەی أبو هورەیرە و عیاض ی کوڕی حیمار و ئەسوەدی کوڕی سەریع و چەندین فەرمودەی تر کە لەبوخاری و موسلیم هاتوون.
سێیەم: میثاق و پەیمانی سێیەم بریتیە لەو پەیامەی پێغەمبەران پێی ڕەوانەکراون و دابەزێنراوە لەکتێبەکان وەك نوێ کەرەوەیەك و

وەبیرهێنانەوەیەك بۆ پەیمانی یەكەم، وەك دەفەرمێت(رسلا مبشرين ومنذرين لئلا يكون للناس على الله حجة بعد الرسل وكان الله عزيزاً حكيماً)[النساء: 165].

جا هەركەسێك گەیشتبێت بەم پەیمانە و مابێتەوە لەسەر ئەو فیترەتەی شایەدە لەسەر چەسپاندنی پەیمانی یەكەمی ئەوا هەر لەیەكەمین جاریەوە ئەو دینە قبوڵ ئەكات و ناوەستێت لەسەری، چونكە ئەو دینەی بۆی هاتووە موافقی فیترەت ئەو دروستكردنەیەتی كەخوای گەورە لەسەری دروستی كردوە، هەربۆیە هێندەی تر دڵنیایی زیاتر ئەبێت و ئیمانی بەهێز ئەبێت و ئەملاو لا ناكات و دوودڵ نابێت.

بەڵام كەسێك پەیامی پێغەمبەرانی بۆبێت بەڵام فیترەتی گۆڕابێت و شەیتانەكان لایانبردبێت لەسەر دینەكەی و باوك و دایكی كردبێتیان بەجولەكە و گاور و ئاگرپەرست، ئەم جۆرە كەسە ئەگەر رەحمەتی خوا فریای بكەوێت بگەڕێتەوە بۆ سەر فیترەتە پاكەكەی و باوەڕبێنێ بەو پەیامەی بۆ پێغەمبەران ڕەوانەكراوە و لەكتێبەكان دابەزێنراوە ئەوا لەم دۆخەدا پەیمانی یەكەم و دووەم سوودی پێ ئەگەیەنێت، بەڵام ئەگەر بێ باوەڕببێت بەم پەیمانی دواهەمینە كە پەیامی پێغەمبەرانە ئەوا وەك ئەوە وایە بێ باوەڕبوبێ بەپەیمانی یەكەم دان پێهێنانی یەكەمین جاری هیچ سوودی پێ ناگەیەنێ كاتێ خوای گەورە لەپشتی ئادەم دەریهێنان پێی وتن(ئایا من پەروەردگاری ئێوە

نیم وتیان بەڵێ) ئا ئەم کەسە ئیقامەی حوجەی لەسەرکراوە و بەدبەختی و سزای زاڵکردوە بەسەرخۆیدا (ومن یهن الله فما له من مكرم إن الله يفعل مايشاء)[الحج: 18]. بەڵام ئەگەر کەسێك نەگەیشتبێت بەم پەیمانی سێیەمە و مردبێت بەچووکی و پێش ئەوەی تەکلیفی لەسەربێت ئەوا لەسەر لەسەر پەیمانی یەکەم کە فیترەتە مردوە، بەڵام ئەگەر ئەم منااڵە لە موسڵمانان بێت ئەوا لەگەڵ دایك و باوکی هەژمارئەکرێت، بەڵام ئەگەر منااڵی موشریکان بێت ئەوا خوا دەزانێ ئەگەر ئەم منااڵە گەورە ببوایە چی دەکرد و چۆن دەبوو هەروەك لەبوخاری و موسلیم هاتووە لە عەبدوڵای کوڕی عەباسەوە کە پرسیار دەکرێت لە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەربارەی منااڵی موشریکان دەفەرموێ: (الله تعالى كاتێ دروستی کردون زاناترە بەوەی ئەنجامی ئەدەن).] معارج القبول بەرگی یەکەم لاپەڕە 114-115

* کەواتە پەیمان و میثاق حوجەیەکی سەربەخۆ نیە لەسەر بەندەکان بۆ ناسینی وردەکاری بابەتەکانی تەوحید و عیبادەت و شیرك .

هەروەها بەڵگەیەکی تری قورئانی دەربارەی ئەوەی شیرك و ناشرینی شیرك هەمووکاتێ بەفیترەت نازانرێ بەڵکو ئەو فیترەتە توشی گۆڕان و تێکچوون دەبێت وەك الله تعالى لەوەسفی موشریکانی قورەیش دەفەرمێت (ضَرَبَ ٱللَّهُ

مَثَلا رَّجُلا فِيهِ شُرَكَآءُ مُتَشَٰكِسُونَ وَرَجُلا سَلَما لِّرَجُلٍ هَلۡ يَسۡتَوِيَانِ مَثَلًۚ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِۚ بَلۡ أَكۡثَرُهُمۡ لَا يَعۡلَمُونَ)[سورة الزمر 29].

واتە: خوا نموونەی هێناوەتەوە بە پیاوێکی (بەندە) هی چەند کەسێکە ئاژاوەیانە لەسەر ئەو (بەندە) وە پیاوێکیش کە تەنهابەندەی پیاوێکە ئایا ئەم دوو کەسە وەک یەکنهەموو سوپاس تەنها بۆ خوایە بەڵام زۆربەیان نازانن.

ئیمامی ابن کثیر لەتەفسیری (بَلۡ أَكۡثَرُهُمۡ لَا يَعۡلَمُونَ)دەڵێت:

أَيْ: فَلِهَذَا يُشْرِكُونَ بِاللَّهِ. واتە ئەو کافرانەی قورەیش چونکە نازانن ئەو تەوحید و تەسلیم بونە بۆ یەك خوایە باشترە بۆیە هاوبەش بۆ اللە بڕیار ئەدەن.

بەڵگەیەکی تر لەقورئانی پیرۆز سەبارەت بەوەی تەوحید و ناسینی خوا و سیفەتەکانی خوا بەوەحی و هاتنی شەرع دەزانرێ نەك بەعەقڵ و فیترەت

اللە تعالی دەفەرمێت (فَٱعۡلَمۡ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ)

[سورة محمد 19]، دەفەرمێت: بزانە و خۆت فێربکە کەوا اللە خوایەکە بەتاك و تەنها شایستەی پەرستنە و هیچ هاوبەشێکی نیە.

کەواتە ناسینی اللە بەوەی تاك و تەنهایە بەعیلم و فێربون ئەبێت، پێش هاتنی شەرعیش عیلم و فێربوون نیە.

هەروەها دەفەرمێت : (ٱتَّبِعۡ مَآ أُوحِيَ إِلَيۡكَ مِن رَّبِّكَۖ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ وَأَعۡرِضۡ عَنِ ٱلۡمُشۡرِكِينَ)[سورة الأنعام 106].
واتە: شوێنی ئەوە بکەوە کە لەلایەن پەروەردگارتەوە وەحیت بۆ کراوە هیچ شتێک شایستەی پەرستن نیە جگە لەو (لە خوا) وە ڕوو وەرگێڕە لە هاوبەش بڕیاردەران.

کەواتە وەحی دەیسلمێنێ و دەیچسپێنێ کە اللە تاك و تەنهایە و هیچ هاوبەشێکی نیە چونکە ئەوەتا خۆی هەواڵمان پێ ئەدات ، چونکەئەگەر بابەتێکی ئاشکراو دیاربوایە لەفیترەت وعەقڵی هەموان ئەوا پێویستی بەهەواڵدان و ئەوەندە جەختکردنەوە نە ئەکرد.

هەروەها دەفەرمێت : (وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِيٓ إِلَيۡهِ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱعۡبُدُونِ)[سورة الأنبياء 25].
ئیمامی اللالكائي –رحمه الله- لەمانای ئەم ئایەتەدا دەڵێت:
أخبر الله نبيه في هذه الآية أنه بالسمع والوحي عرف الأنبياء

قبله التوحيد"شرح إعتقاد أهل السنة(1/195).
واته: الله هەواڵی داوە بەپێغەمبەرەکەی لەم ئایەتەدا کەوا بەبیستن و وەحی تەوحیدی ناساندوە بەپێغەمبەرەکانی پێش خۆی"
لەکۆتایی ئەم باسەمان دەڵێین: هەرکەسێك پێی وایە میثاق و پەیمان حوجەیەکی کافیە بۆ سابت بونی هەموو جۆرەکانی شیرك و کوفری گەورە و هەموو وێنەکانی عیبادەت ئەوا هەموو ئەو دەقانەی کەباسمان کرد با بیداتە لاوە با بێت بەعەقڵ و فیترەتی لەبابەتەکە بیربکاتەوە وەڵامان بداتەوە :- وەرە بۆمان سابت بکە مانای میثاق چیە بەڵگەیە لەسەرچی و لەچی پێکهاتووە بەبێ گەرانەوە بۆ دەقەکان؟

پاشان با بێ هەموو وردەکاریەکانی عیبادەت و شیرک و کوفری گەورەمان بۆ دیاری بکات کە ئیسلامەتی بەبێ بونیان نایاتەدی و بابێ هەڵوەشێنەرەوەکانی ئیسلامەمان بۆ باسبکات تەنها لەسەر بنچینەی ئەو میثاقەی کەپێی دراوە. ؟؟
پاشان با بێ یەك کەلیمەی ئەو میثاقەی بخاتە ڕوو کەخوای گەورە تیایدا فەرمووی (لەڕۆژی قیامەت نەڵێن بێ ئاگابوین لەمە) وەرە باسی ڕۆژی قیامەتمان بۆ بکە ڕۆژی قیامەت چیە ؟ بەپێی ئەو عیلمەی وەدەستت خستوە لەمیثاق بە لەو پەیمانەوە بەڵگەکانی زیندوو بونەوە و لێپرسینەوەمان پێشکەش بکا چونکە ئینسان ئەگەر ئەمە نەزانێ چی وای لێدەکا کاربکات و

ئیلتیزام بکات بەتەوحید و دوربکەوێتەوە لەشیرك ئەگەر بەیەقینی نەزانێ زیندوو ئەبێتەوە و هەستانەوە هەیە لەدوای مردن ؟
جا ئەگەر توانی هەموو ئەمانە بسەلمێنێ بەمیثاق ئەوا ڕاستی مەزهەبەکەی سەلماندوە واجبە لەسەر ئێمەش شوێنی مەزهەبەکەی ئەو بکەوین کە میثاق حوجەیەکی کافیە لەسەر خەڵکی بۆ ناسینی تەوحیدی عیبادە و تەرکی شیرك.
جا ئەگەر نەتتوانی ئەم داوایە ئەنجام بدەی کەتۆ کەسێکی لێکۆڵەر و زاناو بیرتیژ و ئەقڵداری ئەیکەواتە چۆن داوا دەکەی لەعەوامی ڕەشوڕوتی خەڵکی ئەمە بزانن ؟؟؟

ئەڵێم ئەهلی بیدەع کۆمەڵێ مەرجیان دانابو زۆر لە قسەکانی تۆ سادەتربوون کردبویانە مەرج بۆ جێگیربونی موسڵمان بونی هەرۆکەسێ کەسەرەتا دەبێ بڕوانێتە ئایاتە کەونیەکان و بگات بەوەی کە بیکات بەبەڵگە لەسەر بونی اللە و یەکانەیی اللە بەعەقڵی ئەوجا ئیمان بهێنێ- لەگەڵ ئەمەشدا ئەهلی سونە تەبدیعیان کردن، چونکە چەن مەرجێکیان کردبوو بەدین پێغەمبەر صلی اللە علیە وسلم بەمەرجی دانەنابوو وە لەهیچ صەحابەیەکیش نەقڵ نەکرابوو چ جای قسەکەی تۆ ؟؟ .

هەروەها ابن شاهین ت 385 لەعەقیدەکەیدا دەڵێت:

16- وأن الله خلق بيديه آدم من الطين, وخلق ولده من سلالة من ماء مهين, **فأخذ عليهم العهد بالربوبية** وهم ذرٌّ في أصلاب الآباء, فأضل بعلمه من شاء, وأسعد بعلمه من شاء.[الجامع في عقائد ورسائل أهل الأثر, جمعه عادل آل حمدان].

واتە: اللە تعالى ئادەمی دروست کرد لەقوڕ بەدەستەکانی خۆی، پاشان وەچەکانی لەئاوێکی قێزەون دروست کرد و **پەیمانی لێ وەرگرتن بەپەروەردگاریێتێ** کەئەوان وەکو مێرولە وابوون لەپشتی باوانیان، پاشان اللە تعالى بەزانستی خۆی کەسانێکیانی گومڕاکرد کەخۆی ویستی لەسەربوو وەکەسانێکیشیانی بەختەوەرکرد کە خۆی ویستی لەسەربوو.

والحمدلله رب العالمين.

هەڵوەشاندنەوەی گومانەکانی نەبونی بەهانەی نەزانی(12)

ئەڵێن ئەوەتا پێش هاتنی پێغەمبەر موحەمەد قوڕەیش بەکافر حیساب کران و عوزریان نەبوو دایك و باوکی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لە ئاگربوون !!!

لەوەڵامدا ئەڵێین: لای هەموو موسڵمان و باوەرداڕێك جێگیرە و باوەری تەواوی هەیە کە اللە تعالی دەفەرمێت (وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّىٰ نَبْعَثَ رَسُولا) [سورة الإسراء 15].

ئێمە سزای هیچ کەسێک نادەین نەلەدونیا و نەلەقیامەت تاکو پێغەمبەرێکی بۆ نەنێرین کەواتە دیاروبێگومانین کەوا کافرەکانی قورِەیش بانگەوازی ئێغەمبەرانیان تێدا هەبووە یاخود بونی هەبوە بەڵام پشتیان لێ کردوە شوێنی دونیاکەوتون چونکە دەزانین اللە دادپەروەرە و ستەم لەهیچ کەس ناکات و کەس بەبێ هۆ سزانادات ، بەڵکو دەشزانین کەوا چەندین کەسی موەحید هەبوە لەمەککە وەك زەیدی کوری نوفەیل و وەرەقەی کوری نەوفل ، پاشان کافرەکانی قورِەیش بازرگان و گەڕۆك بوون سەردانی وڵاتانیان دەکرد پاشماوەکانی ئەهلی کیتاب مابوون ئاشکرا بوو خوا پەیامبەرو کتێبی بۆ ناردوون کەچی نەدەچوون بەدوایدا بگەڕێن هەروەك سەلمانی فارسی لەئاگر پەرستیەوە خۆی قوتارکردو حەقی دۆزیەوە کەواتە بانگاوازی خوایی و تەوحید هەبوە لەناوچەکە ئەوان بیستویانە بەڵام گوێیان پێنەداوە،ئیقامە حوجە مەرج نیە تەنها دەبێت پێغەمبەرێك هەبێت بیکات، بەڵکو ئەوەندە کافیە لەشوێنێ کەسانێ هەبن بانگەوازەکەیان ئاشکرابکەن

ئیمامی شەوکانی لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا

(وَلَوْلا أَنْ تُصِيبَهُمْ مُصِيبَةٌ بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ فَيَقُولُوا رَبَّنَا لَوْلا أَرْسَلْتَ إِلَيْنَا رَسُولاً فَنَتَّبِعَ آيَاتِكَ وَنَكُونَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ)[القصص:47] دەڵێت:

»ومعنى الآية أنا لو عذبناهم لقالوا طال العهد بالرسل ولم يرسل الله إلينا رسولا ، ويظنون أن ذلك عذر لهم ، ولا عذر لهم بعد أن بلغتهم أخبار الرسل، ولكنا أكملنا الحجة وأزحنا العلة وأتممنا البيان بإرسالك يا محمد إليهم .«

دەڵێ : مانای ئایەتەکە ئەوەیە ئەگەر ئێمە سزامان بدانایە کەماوەیە دوورودرێژە دوورن لە پێغەمبەران، ئەیانوت خوایە تۆ پێغەمبەرت بۆ ئێمە نەناردوە، وا دەزانن ئەوە دەبێتە عوذر بۆیان، بەڵام عوزریان نیە دوای گەیشتنی هەواڵی پێغەمبەران، بەڵام ئێمە حوجە و ڕونکردنەوەمان کامل کرد بەناردنی تۆ ئەی موحەمەد بۆیان".

(بڕوانە شرح مسلم للنووي 45/7)

هەروەك لەسەردەمی پێش ئیسلام کەسانێ هەبوون و دیاربون کەبەتەنها خوایان دەپەرست و هیچ هاوبەشێکیان بۆ بڕیار نەئەدا وەکو زەیدی کوڕی نوفەیل هەروەك ئیمامی ئەحمەد ریوایەتی ئەکات

(2/89)لە پێغەمبەرەوە صلى الله عليه وسلم: « أنه لقي زيد بن عمرو بن نفيل بأسفل (بلدح) وذلك قبل أن ينزل على رسول الله صلى الله عليه وسلم الوحي فقدم إليه رسول الله صلى الله عليه وسلم سفرة فيها لحم فأبى أن يأكل منه وقال: إني لا آكل مما تذبحون على أنصابكم ولا آكل مما لم يذكر اسم الله

عليه» قال الألباني في صحيح السيرة (34/1) وإسناده صحيح على شرط الشيخين،

سفرەیەکی پێشکەشی زەیدکرد کە نان بخوات لەسەری پێش پێغەمبەرایەتی بەڵام زەیدی کوری نوفەیل نەیخوارد و ووتی من گۆشتێ ناخۆم کە لەسەر بتەکان سەربڕابن.

وه له صحيح البخاري هاتووه له أسماء ى كچى أبي بكر رضي الله عنهما كه دەڵێت : رأيت زيد بن عمرو بن نفيل قائمًا مسندا ظهره إلى الكعبة يقول يا معاشر قريش والله ما منكم على دين إبراهيم غيري.

ئەسما دەڵێت:" زەیدی کوری عەمری کوری نوفەیلم بینی بەپێوە وەستابوو پشتی دابوو بەدیواری کەعبەدا و ئەیوت ، ئەی کۆمەڵی قورەیش هیچ یەکێ لەئێوە لەسەر دینی ئیبراهیم نەماوە جگە لەمن".

پاشان کافرەکانی قورەیش بەهیچ شێوەیەك ناکرێت قیاس بکرێن بەو موسڵمانانەی کەتوشی شیرك و کوفر بوون بەنەزانی چونکە کافرەکانی قورەیش بت پەرست بوون وئەصلەن لەچەندین بەشی ربوبیەتیش کێشەیان بوە وە باوەڕیان بەزیندووبونەوە و قیامەت و پێغەمبەران و کتێبەکان نەبووە خاوەن هیچ دینێ نەبوونە، خوا وپێغەمبەرەکەی بەدەقی قورئان تەکفیری کردون

بەدیاری کراوەیی هەروەها کافرەکانی قوڕەیش ئەیانزانی عیبادەت دەکەن بۆ غەیری خوا و بتەکانی بەشایستەی عیبادەت بۆ کردن دەزانی هەروەك الله تعالی لەبارەیانەوە دەفەرمێت: (وَٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِهِۦٓ أَوۡلِيَآءَ مَا نَعۡبُدُهُمۡ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلۡفَىٰٓ إِنَّ ٱللَّهَ يَحۡكُمُ بَيۡنَهُمۡ فِي مَا هُمۡ فِيهِ يَخۡتَلِفُونَۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي مَنۡ هُوَ كَٰذِب كَفَّار)[سورة الزمر 3] دەفەرمێت:" ئەوانەی لەغەیری الله پەرستراویان بۆخۆیان بڕیاردابوو دەیانوت ئەوانە دەپەرستین تاکو لەخوا نزیکمان بکەنەوە" کەواتە کافرەکانی قوڕەیش دانیان نابوو بەوەی جۆرەها عیبادەت دەکەن بۆ غەیری الله لەبتەکانیان بەڵام بۆئەوەی لەخوا نزیك ببنەوە هەروەها بەئاشکرا لە ڕێورەسمی حەج کردنی شیرکیان ئەیانوت"لبيك اللهم لبيك، لبيك، لا شريك لك، إلا شريك هو لك" ئەیانوت خوایە تۆ شەریکت هەیە ئەم جۆرە شیرکە پێچەوانەی تەوحید و فیترەت و هەموو دینەکانە بەڵام ئایا ئەو موسڵمانانەی توشی شیرک بوون ئاوا دەڵێن بەڕوونی ؟؟ یان نەزانیەکەیان لەوەیە هەموو عیبادەتەکان ناناسن بۆیە هەندێکی بۆ غەیری الله صەرف دەکەن، بەڵام ئەمە بۆ جیاوازە بۆ موسڵمانێك کەهاتۆتە ناو ئیسلامەوە بەنەزانی توشی کوفرێ یان شیرکێ بوە و کەس نەبوە پێی بڵێ شایەدمان دێنێ و ئەرکانەکانی ئیسلام ئەنجام ئەدات ئەڵێ پەرستن وعیبادەت تەنها بۆ اللهیە و بەریم لەهەموو دینێ جگە لەئیسلام ئەم کەسە موسڵمانە و کافر ناکرێت تاکو مەرجەکان تێدا بەدی نەیات و ڕێگریەکانی لەسەر لانەچێت

چونکه خواو پێغەمبەرەکەی ئەو مەرجانەی بەهەند وەرگرتوە و داناوە نەك بەهەوەس و ئارەزووی خۆمان پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ:" عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ : " إِنَّ اللَّهَ وَضَعَ عَنْ أُمَّتِي الْخَطَأَ، وَالنِّسْيَانَ، وَمَا اسْتُكْرِهُوا عَلَيْهِ ".سنن ابن ماجة 445 حكم الحديث: صحيح.

دەفەرموێ" بەڕاستی الله تاوانی هەڵە و لەبیرچوون و زۆرلێکردنی لەسەر ئومەتەکەم هەڵگرتوە"

کەواتە لەدینی ئومەتتانی تر لەبیرچوون و زۆرلێکردن و هەڵە تاوان بووە لێ بوردنی بۆ نەبووە، ئەمەش تایبەتە بەم ئومەتە وفەزڵێکە دراوە پێمان، جا کەسێك کە لەبیری دەچێ یان بەهەڵە شتێ دەکا یان بەزۆر پێی دەکرێ یان بەنەزانین دەیکات هەموویان خاوەنی "إنتفاء قصد"ن واتە کەسیان مەبەستیان ئەو قسەو کردەوە تاوان و کوفرە نەبوە کەتوشی بوون کابرای نەزانیش هەروەك کابرای لەبیرچوو و خاوەن هەڵەو زۆرلێکراو وایە بۆچی ؟ چونکە کابرا نازانێت کەیزانیوە یان نازانێ کە هەڵەیە و کارەکەی کوفرە کەس پێی نەوتوە هەرلەبنچینەوە دژی کافربوون و سەرپێچی کردن بوە بەڵام چونکە ڕێگری جەهل هاتۆتە پێشی بۆیە ئەنجامی داوە واتە ئەگەر بیزانیایە کوفرە نەیدەکرد، چونکە عیلم نەبووە کەس بەگوێی نەداوە بەپێچەوانەی کەسێ خۆی کوفری ئەوێ و ئەزانێ کوفرە وئەیکات یان پشتی کردوە لەزانست و

فێربون، هەروەك شێخی ئیسلام لەمەناطی بەهەندوەرگرتنی بیانوو بەنەزانی وا دەڵێت.

بۆیە قیاس کردنی کافرەکانی قورەیش لەگەڵ موسڵمانی توش بوو بەشیرک جیاوازی ئاسمان و ڕێسمانە.

هەروەها زانایان دەڵێن دەربارەی حەدیسەکەی کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەفەرمێت " باوکی من و باوکی تۆ لەئاگرە" یان فەرمودەکەی کە پرسیار دەکەن ئایا ابن جودعان لەجاهیلیەت پێش ئیسلام چاکەی دەکرد صیلەی ڕەحمی دەگەیاند یارمەتی هەژارانی ئەدا ئەی پێغەمبەری خوا سوودی پێ ئەگەیەنێ دەفەرمێت: نەخێر چونکە ڕۆژێ لەڕۆژان نەیوت خوا لێم خۆشبە لەڕۆژی دوایی"

زانایان دەڵێن ئەم کەسە دیاری کراوانە لەسەردەمی پێش ئیسلام عوزریان نەبووە نەلەدونیا و نە لەقیامەت ئەشێت دەعوەی تەوحید و دینەکانی تریان پێگیشتبێ ، بەڵام بەموتڵەق نەوتراوە بۆ قیامەتیش کەس لەکافرەکانی قورەیش پێش هاتنی ئیسلام عوزریان نیە چونکە ئەهلی فەترە ئەگەر دینیان پێ نەگەیشتبێ ناوی کوفریان هەیە لەدونیا بەڵام لەقیامەت تاقی ئەکرێنەوە هەروەها ئەگەر بڵێیت دینیان پێ نەگەیشتوە و کافریش بوون و هیچ عوزریان نەبووە ئەوە پێچەوانەی زاهیری چەندین ئایەتی قورئانی پیرۆزە کە اللە تعالى دەفەرمێت (وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّىٰ نَبۡعَثَ رَسُولا)[سورة الإسراء 15]

وە عەبدوڵای کوڕی عەباس دەڵێت : "لە فەتحی مەککە کاتێك پێغەمبەر ﷺ هاتە ناو مزگەوتی حەرام ڕازی نەبوو بچێتە ناو کەعبەوە تاکو بتەکانی ناوی دەردەهێنرێت، ئەوەبوو بتەکان دەرهێنران هەروەها وێنەی ئیبراهیم و ئیسماعیل یش دەرهێنران کە ئەزلامیان بەدەستگرتبوو ، پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی" قاتلهم الله، أما والله لقد علموا أنهما لم يستسقما بها قط " صحيح البخاري

فەرمووی:" خوا بیانکوژێت وەڵاهی ئەو کافرانە ئەیانزانی هیچ کات ئیبراهیم و ئیسماعیل ئەو دارانەیان بەکارنەهێناوە بۆ دیاریکردنی بەخت و چارەنوس . "

شێخ عبدالرحمن اليماني لەتەعلیقی لەسەر ئەم فەرموودەیە دەڵێت :

لەمەوە دەرئەکەوێت دانانی بت و کردنی بەخوا و پەرستنی لەلایەن عەمری کوڕی لوحی ڕوداوێکی زۆر گەورەتر و دیارترە لەداهێنانی ئەزلام کە پێغەمبەر ﷺفەرمووی کافرەکانی قوڕەیش ئەیانزانی کە ئەوە دینی ئیبراهیم نیە، هەربۆیە ئەگەر قوڕەیش ئەزلام بزانن دینی ئیبراهیم نیە ئەوە زۆر لەپێشترە بزانن ئەو پەرستن و عیبادەتانەی ئەنجامی ئەدەن بۆ بتەکانیان دینی ئیبراهیم نیە، چونکە عەرەب ناسرابوون بە لەبەرکردن و تۆمارکردنی مێژوو و ڕوداوەکان سەدان ساڵ ئەیانگێڕایەوە و گرنگیان ئەدا بەتۆمارکردنی، تەنانەت ئەو عیلمەیان گەیشتووە بە مێژوونوسانی ئیسلامیش، هەر لەوانەی

وەرگیراوە دەربارەی سەردەمی عەمری کوری لوحەی و پێش ئەویش کە تۆمارکرابوو". بڕوانە رسالة العبادة لاپەڕە 114 .
ئەمەش بەڵگەیەکی تربوو لەسەر ئەوەی قوڕەیش لەپێش هاتنی پێغەمبەر ﷺ بەڵگە وحوجە ودینی ئیبراهیمیان پێکەیشتبوو وە لەناویان مابوو.

هەڵوەشاندنەوەی گومانەکانی نەبونی بەهانەی نەزانی(13)

ئەڵێن مەسەلەی ظهـــور والخـــفاء مەبەست پێی خودی بەڵگەکانە بەڵگەکانی کوفر وشیرکی گەورە بەڵگەکانی ظاهر و دیارن ، بەڵام شتەکانی تر زۆر دیارنین بۆ هەموو خەڵکی بۆیە خەفین و بیانوو تیایدا قبوڵە ؟؟!!!!! لەوەڵامدا ئەڵێین بە کابرای نەخوێندەوارو عەجەمی چی کە هیچ نەزانی بخوێنێتەوە یان یەك ووشە لەزمانی عەرەبی حاڵی نەبێ ڕوونی و نادڕوونی چ کاریگەریەکی هەیە بۆ ئەو ؟!!! بۆ دیارە بابەتەکانی کوفر و شیرکی گەورە لەقورئان بەگشت زمانەکان نوسراوە بڵندگۆیان پێوەیە بەهەموو زمانی دەدوێن بۆ هەموو گەلەکان ؟!!!

جابۆیە دەڵێین اعتیباری ظهور و خفاء دیاری و نادیاری لەبابەتەکانی العذر بالجهل لەدوو ئاراستەوە سەیر ئەکرێت:

یەکەم : لەڕووی تێڕوانین لەخودی مەسەلەکە و بارودۆخی مەسەلەکە، واتە بەهەندوەرگرتنی مەسەلەی الظهور والخفاء لەوشتە ئیزافیانەیە کە دەبێ سەیری خودی موخالەفەکە و شوێنی موخالەفەکە بکرێت نەك خودی مەسەلەکە ئایا بەڵگەیەکی دیارە یان نا نادیارە.

دووەم : بەدیاری کردنی ئەوەی چ شتێ زاهیرە و دیارە بەڕەهایی دیارە ئەمەش دیاریمان کردوە بەمانای گشتی لا اله الا الله یاخود مانای زمانەوانی کەلیمەی تەوحید ، جێودان بەخوا کوفرە هیچ نارونی تیانیە و زاهیری موتلەقە بەڕەهایی دیارە مانای گشتی و زمانەوانی لا اله الا الله هەڵدەوەشێنێتەوە چونکە هەموو موسڵمانێ بەبێ جیاوازی ئەزانن ئەوە کوفرە و نابێ بەڵام ئەگەر مەسەلەکە لەخوار ئەم مانا گشتیە بێ ئەوا ئەچێتە ژێر خاڵی یەکەمەوە.

شیخی الإسلام ابن تیمیة دەڵێت : (أما كونه عند المستمع معلوما أو مظنونا أو مجهولا أو قطعيا أو ظنيا أو يجب قبوله أو يحرم أو يكفر جاحده أو لا يكفر ؛ فهذه أحكام عملية تختلف باختلاف الأشخاص والأحوال. فإذا رأيت إماما قد غلظ على قائل مقالته أو كفره فيها فلا يعتبر هذا حكما عاما في كل من قالها إلا إذا حصل فيه الشرط الذي يستحق به التغليظ عليه والتكفير له ؛ فإن من جحد شيئا من الشرائع الظاهرة وكان حديث العهد

بالإسلام أو ناشئا ببلد جهل لا يكفر حتى تبلغه الحجة النبوية.".مجموع الفتاوى (6 /60-61)

دەڵێ: لای بیسەر بابەتەکە زانراوبێ یان جێگای گومان بێ نەزانراوبێ یان قەطعی بی یان زەنی واجب بێ وەرگرتنی یان حەرام نکۆڵی کاری کافربێ یان کافر نەبێ ئەمانە کۆمەڵە ئەحکامێکی کردەوەیین دەگۆڕێ لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر لەبارودۆخێ بۆ بارودۆخێکی تر کاتێ بینیت ئیمامێ قسەی توندی کرد بەرامبەر کەسێ مانای وانیە ئەو قسەیە هەمووکەس بگرێتەوە و بیکەی بەحوکمێکی گشتی ئیلا کاتێ نەبێ کە مەرجەکانی تێدا هاتبێتەدی کەشایستەی تۆندکردن بێ لەسەری و تەکفیربکرێت باهۆیەوە، هەربۆیە ئەگەرکەسێ نکۆڵی لەحوکمە زاهیرەکان بکات کە تازە موسڵمان بوبێ یان لەشوێنێ نیشتەجێ بوبێ کەشوێنی جەهلە ئەم کەسە کافر ناکرێت تاکو حوجەو بەڵگەی پێ نەگات"

هەروەها دەڵێت: والظهور والخفاء من الأمور النسبية ، قد يظهر لهذا ما لايظهر لهذا ، وقد ظهر للإنسان في وقت ما خفي عليه في وقت آخر "درء تعارض(3/303)

دەڵێ: مەسەلەی زاهیر و مەسەلەی خەفی لەبابەتە ڕێژەییەکانە ئەشێت بۆ ئەم دیاربێت بەڵام بۆ ئەو دیار نەبێت ، یان بۆ ئینسانێ لەکاتێ دیاریکراودا دیاربوبێت بەڵام لەکاتێکی تردا لێی شاراوە بێت."

هەروەها دەربارەی نەزانی لەشیرکی عیبادەت دەڵێت:": (إنَّا بعد مَعرفةِ ما جاء به الرَّسولُ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم، نَعلَمُ بالضَّرورةِ أنَّه لم يَشرَعْ لأمَّتِه أن تَدعُوَ أحدًا من الأمواتِ، لا الأنبياءَ ولا الصَّالحينَ ولا غَيرَهم، لا بلَفظِ الاستغاثةِ ولا بغَيرِها، ولا بلَفظِ الاستِعاذةِ ولا بغَيرِها، كما أنَّه لم يَشرَعْ لأمَّتِه السُّجودَ لميِّتٍ ولا لغَيرِ مَيِّتٍ، ونحو ذلك، بل نَعلَمُ أنَّه نهى عن كُلِّ هذه الأمورِ، وأنَّ ذلك مِن الشِّركِ الذي حَرَّمه اللهُ ورَسولُه، لكِنْ لغَلَبةِ الجَهْلِ، وقلَّةِ العِلمِ بآثارِ الرِّسالةِ في كثيرٍ مِن المتأخِّرينَ، لم يمكِنْ تكفيرُهم بذلك، حتى يتبيَّنَ لهم ما جاء به الرَّسولُ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم مِمَّا يخالِفُه)الرد على البكرى (2/731).

دەڵێ: ئێمە دوای ئەوەی ئەودینەمان زانی کەپێغەمبەر صلى الله عليەوسلم پێی ڕەوانەکراوە بەزەڕوڕپە کەبزانین کە پێغەمبەر ڕێگەی نەداوە بەئومەتەکەی هاوار بکەنە هیچ مردویەك نەپێغەمبەران و نەپیاوچاکان و نەغیری ئەوان نە لەفزی فریاکەوتن نەك بەغەیری ئەو لەفزە وە نەبەلەفزی پەناگرتن ونە بەغەیری ئەو لەفزە هەروەها ڕێگەی نەداوە بە ئومەتەکەی سوجدە بەرن بۆ مردوو یان بۆ غەیری مردوو و هاوشێوەکانی و دەزانین نەهی لەهەموو ئەمانە کردوە و ئەمە ئەو شیرکەیە کە خوا و پێغەمبەرەکەی حەرامیان کردوە، بەڵام بەهۆی بڵاوبونەوەی جەهل و نەزانی و کەمی عیلم بەشوێنەوارەکانی دینی ئیسلام لەلایەن زۆرێك لەپاشینەکانەوە ، لەبەرئەوە ناکرێت تەکفیر بکرێن

بەوکارانەیان هەتاکو شەرعی خوایان بۆ ڕوون ئەکرێتەوە و دەزانن پێچەوانەی کارەکەی ئاوانە."

هەروەها بۆ زانیاریتان شێخی ئیسلام ابن تیمیە جیاوازی ناکات لەنێوان مەسائیلی ظاهیرە و مەسائیلی معلوم بالدین بالضرورة.

هەڵوەشاندنەوەی گومانەکانی نەبونی بەهانەی نەزانی(14)

ئەڵێن ئێوە دەڵێن بەڕەهایی عوذر هەیە بەنەزانی !!

وەڵام/ نەخێر وانیە هەروەك پێشتر ڕونمانکردەوە بەڵکو ئێمە ئەڵێین وتومانە ئەگەر لەهەرشوێنێ شوێنی عیلم و زانیاری بێ یان داری ئیسلام بێت عیلم بڵاوبێ و زانایان دیاربن و بانگەوازی حەق ئاشکرا بێ خەڵکی پشتی لێ بکات و گوێی پێ نەدات لەبەر دونیا یان لەبەر ڕق و کینە لەهەڵگرانی عیلم ئەوا عوزری جەهل لەحەقیان قبوڵ ناکرێت.

شێخی ئیسلام ابن تیمیە دەڵێت: " إن العذر لايكون عذراً إلا مع العجز عن

إزالته ، وإلا فمتى أمكن الإنسان معرفة الحق ، فقصَّر فيها، لم يكن معذوراً"
مجموع الفتاوى (20/280).
واتە: بیانوو نابێت بەبیانوو تەنها کاتێك نەبێت کەنەتوانی لەسەر خۆت لایبەریت، چونکە هەرکاتێك ئینسان توانای هەبوو حەق بناسێت، کەمتەرخەمی کرد ئەوکاتە عوزری نابێت."

ئیمام ابن القیم دەڵێت:" وأما كفر الجهل مع عدم قيام الحجة وعدم تمكن من معرفتها ، فهذا الذي نفى الله التعذيب عنه حتى تقوم حجة الرسل"طريق الهجرتين ص 414
دەڵی: کوفری نەزانی لەگەڵ نەبونی ئیقامە حوجە و نەبونی توانای فێربوون ، ئائەمەیە خوای گەورە نەفی سزادانی لەسەر خاوەنەکەی کردوە تاکو ئیقامەی حوجەی لەسەر دەکرێت."
لەکۆتاییدا دەڵێین ئاستی مام ناوەندبوون لەبابەتی العذر بالجهل ئەوانەی لە قاعیدەی دابەزاندنی ڕەچاوی زەوابیتەکانی دەکەن بەپێی وتەی ئەوان دەڵێین: ئەوشتانەی کە لەدین خاوەنەکەی دەردێنێ بیروباوەڕبێت یان قەول بێت یان کردەوە ئەگەر داخلی مانای گشتی کەلیمەی تەوحید لا اله الا الله بوو ئەوا نەزانی نابێتە ڕێگر لەوتنی مورتەدبونەوەی خاوەنەکەی، چونکە لەم بابە نەزانی تەصەورناکرێت.

بەڵام ئەگەر ئەو هەڵوەشێنەرەوە ئیسلامەی بکەوێتە بازنەیەکی بچوکتر لەبازنەی مانای گشتی زمانەوانی "لا اله الا الله" سەیر دەکەین بزانین ئەو هەڵوەشێنەرەوەیە لە ئەو شتانەیە کەزانینی زەڕورەتی دینە لەکات و شوێنی ئەنجامدانی ئەو هەڵوەشێنەرەوەیە یان نا واتە لەو شوێنە ئایا ئەو شتە زانراوە بڵاوە لای هەموو خەڵکی یان زۆربەی خەڵکی کە ئەو کارە کوفرە ؟ ئەگەر وابوو ئەوا بیانوو بەنەزانی تیایدا قبوڵ ناکرێت، بەڵام ئەگەر لەو شوێنە هەموو خەڵکی یان زۆربەی خەڵکی نەیان ئەزانی ئەوکارە کوفرە شوبهەش نەبوو لەسەر شەرعاندنی ئەو کوفرە و بانگەوازی تەوحید و حەق بیستبوو بەڵام بەدوای نەئەچوو پشتی کردبوو لەفێربوون لەکاتێکدا زانینی ئەو عیلمانە ئاسان بووە ئەوا ئەم کەسەش نەزانیەکەی ڕێگر نیە لەحوکم دان بەمورتەد بونی، بەڵام ئەگەر پشتی نەکردبوو لەداواکردنی عیلم یاخود توانای خۆفێرکردنی نەبوو کەسیش نەبوو پێی بڵێ بانگەوازی تەوحیدی نەبیستبوو ئا ئەم کەسەیە دەڵێین ئەگەر بکەوێتە کوفر و شیرکی گەورەوە عوزری هەیە بەنەزانی ئاگادارین.

هەڵوەشاندنەوەی گومانەکانی نەبونی بەهانەی نەزانی(15)

شوبهەیان لەم ئایەتە بۆ دروست بوە کە اللە تعالی دەفەرمێت (مَن كَفَرَ بِٱللَّهِ مِنۢ بَعۡدِ إِيمَٰنِهِۦٓ إِلَّا مَنۡ أُكۡرِهَ وَقَلۡبُهُۥ مُطۡمَئِنُّۢ بِٱلۡإِيمَٰنِ وَلَٰكِن مَّن شَرَحَ بِٱلۡكُفۡرِ صَدۡرٗا فَعَلَيۡهِمۡ غَضَبٞ مِّنَ ٱللَّهِ وَلَهُمۡ عَذَابٌ عَظِيمٞ)[سورة النحل 106]. وقال تعالی (ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمُ ٱسۡتَحَبُّواْ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا عَلَى ٱلۡأٓخِرَةِ وَأَنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡكَٰفِرِينَ)[سورة النحل 107].

☜ واتە : ئەو کەسەی خۆی کافر بکاتەوە بە خوا لە پاشان باوەڕهێنانی مەگەر کەسێک زۆری لێ کرا بێت و دڵیشی دامەزرا و ئارام بێت بە باوەڕ بەڵام کەسێ دڵی خۆش و شادمان بێت بەبێ باوەڕی ئەوە بەر خەشم و قینی خوا کەوتوون و سزای گەورەیان دەبێت 106 ئەم (هەڕەشەیە) لەبەر ئەوەیە بەڕاستی ئەوانە ژیانی دونیا یان لا خۆشەویستر بوو لە ژیانی ڕۆژی دوایی وە بەڕاستی خوا ڕێنمونی کەسانی بێ باوەڕ ناکات.

☜ ئایەتەکە باس لەکەسێك ئەکات کە خۆی کافر ئەکاتەوە واتە ئەزانێ کوفرە بەڵام لەغەیری حاڵەتی زۆرلێکردن کوفر ئەکات هەلی ئەبژێرێ. خوای گەورە دەفەرمێت غەیری حاڵەتی زۆرلێکردنیش لەپێناو دونیایە وشتێکی تر نیە.

☜ کەواتە ئەم ئایەتە بەهیچ شێوەیەك باسی نەبوونی عوزر بەجەهل هەر ناکات، بەڵکو باس لەوە دەکات کەسێك دەکات کەوا کوفر دەکات و دەزانێ کوفرە چونکە دربارەی عەماری کوری یاسر دابەزی ئایەتەکە کە زۆریان لێ

کرد که کوفر بکات بەئیسلام و لەژێر ئەشکەنجەدابوو و موافەقەی کافرەکانی کرد زۆری لێکرابوو، بۆیە پێغەمبەریش صلى الله عليه وسلم فەرمووی بەعەمار ئەگەر جارێکی تریش وایان لێت کردەوە بۆ ئەوەی خۆت دەرباز بکەی لەدەستیان دوبارەی بکەوە.

☜ دەپرسین ئایا عەمار نەی ئەزانی کوفر کردن بەدینی خوا کوفرە ؟ ئەگەر نەیەزانی بۆچی زۆر پەشیمان بوو و ئەترسا و هاتە خزمەت پێغەمبەر پرسیاری کرد ئایا بەو کارەی کافر بووە یان نا ؟ کەواتە ئایەتەکە باس لەحاڵەتێ ئەکات کابرا ئەزانێ فلاّنە قسە و کارە کوفرە و کوفر دەکات خوای گەورە دەفەرمێت تەنها لەحاڵەتی زۆرلێکردندا مۆڵەتی کوفرکردن هەیە و خاوەنەکەی کافر نابێت بەڵام لەبەردونیا کوفرکردن نابێتە مانع بۆ کافرنەبوون.

ئیمام ابن جریر لەمانای ئایەتەکە دەفەرمێت:" فتأويل الكلام إذن: من كفر بالله من بعد إيمانه، إلا من أكره على الكفر، فنطق بكلمة الكفر بلسانه وقلبه مطمئنّ بالإيمان، موقن بحقيقته، صحيح عليه عزمه، غير مفسوح الصدر بالكفر، لكن من شرح بالكفر صدرا فاختاره وآثره على الإيمان، وباح به طائعا، فعليهم غضب من الله، ولهم عذاب عظيم."

دەڵێ:" مانای ئایەتەکە ئەوەیە هەرکەسێك کوفر بکات لەدوای ئیمان هێنان تەنها مەگەر زۆری لێ بکرێت لەسەر کوفرکردن، لەحاڵەتی زۆرلێ کردن نوتقی

کرد بەکەلیمەی کوفر و دڵەکەی ئارام بوو بەئیمان بەحەقیقەتی ئیمان دڵی پێی نەکرایەوە و پێی خۆشنەبوو ئەوا گوناحی ناگات، بەڵام گەر دڵی پێیکرایەوە کوفری هەڵبژارد لەسەر ئیمان بەویستی خۆی کوفری کرد ئەوکاتە خەشمی خوای لەسەرە و سزایەکی مەزنی بۆ هەیە."

کەواتە ئەم ئایەتە باسی حاڵەتی جائیز بونی کوفر کردن ئەکات نەك شتی تربا‌سی ئەوە ئەکات کەسێك کوفر دەکات و دەزانێ کوفرە تەنها لەحاڵەتی زۆر لێ کردن ئەو ڕێگایەی پێ ئەدرێت، ئەم ئایەتە باسی ئەو حاڵەتانە ناکات کە عوزرە لەتەکفیرنەکردن بەهیچ شێوەیەك ئەگەر باسی ئەوەش بکات ئەوە ئایەتی ترمان هەیە کەوا دەبێ جەمعی بکەین لەگەڵی وەکو ئایەتی لەبیرچوون و خطأ هەروەها ئایەتەکانی عوزر هەبون لەکاتی نەزانی ...

هەروەها ئیمام ابن کثیر دەڵێت "أَخْبَرَ تَعَالَى عَمَّنْ كَفَرَ بِهِ بَعْدَ الْإِيمَانِ وَالتَّبَصُّرِ، وَشَرَحَ صَدْرَهُ بِالْكُفْرِ وَاطْمَأَنَّ بِهِ: أَنَّهُ قَدْ غضب عَلَيْهِ، لِعِلْمِهِمْ بِالْإِيمَانِ ثُمَّ عُدُولِهِمْ عَنْهُ، وَأَنَّ لَهُمْ عَذَابًا عَظِيمًا فِي الدَّارِ الْآخِرَةِ؛ لِأَنَّهُمُ اسْتَحَبُّوا الْحَيَاةَ الدُّنْيَا عَلَى الْآخِرَةِ، فَأَقْدَمُوا عَلَى مَا أَقْدَمُوا عَلَيْهِ مِنَ الرِّدَّةِ لِأَجْلِ الدُّنْيَا، وَلَمْ يَهْدِ اللَّهُ قُلُوبَهُمْ وَيُثَبِّتْهُمْ عَلَى الدِّينِ الْحَقِّ، فَطَبَعَ عَلَى قُلُوبِهِمْ فَلَا يَعْقِلُونَ بِهَا شَيْئًا يَنْفَعُهُمْ وَخَتَمَ عَلَى سَمْعِهِمْ وَأَبْصَارِهِمْ فَلَا يَنْتَفِعُونَ بِهَا، وَلَا أَغْنَتْ عَنْهُمْ شَيْئًا، فَهُمْ غَافِلُونَ عَمَّا يُرَادُ بِهِمْ."

دەڵێ:" اللە تعالى هەواڵى ئەوانەمان پێ دەدات کەوا کافربوون لەدواى ئیمان و زانین بەدڵەوە کوفریان هەڵبژارد دەفەرمێ تورەیە لەوانە چونکە عیلمیان هەبوو بەئیمان پاشان لێی لایان دا بۆیە سزایەکى مەزنیان بۆ هەیە لەدوارۆژ چونکە ژیانى دنیایان هەڵبژارد بەسەر ئاخیرەت مورتەدبونەوە بەهۆى دنیا خواش دڵەکانیانى هیدایەت نەدا و سابتیانى نەکرد لەسەر دینى حەق."

[کەواتە ئەم ئایەتە باسى کەسانێ ئەکات بەزانینەوە کوفر دەکەن و هیچ عوزرێکیان نیە و تەنها لەبەر دنیا]

هەروەها ئیمامى بەغەوى دەڵێت " وَأَجْمَعَ الْعُلَمَاءُ عَلَى: أَنْ مَنْ أُكْرِهَ عَلَى كَلِمَةِ الْكُفْرِ، يَجُوزُ لَهُ أَنْ يَقُولَ بِلِسَانِهِ، وَإِذَا قَالَ بِلِسَانِهِ غَيْرَ مُعْتَقِدٍ لَا يَكُونُ كُفْرًا، وَإِنْ أَبَى أَنْ يَقُولَ حَتَّى يُقْتَلَ كَانَ أَفْضَلَ .

وَاخْتَلَفَ أَهْلُ الْعِلْمِ فِي طَلَاقِ الْمُكْرَهِ. فَذَهَبَ أَكْثَرُهُمْ إِلَى أَنَّهُ لَا يَقَعُ ."

دەڵێ : زانایان ئیجماعیان هەیە لەسەر ئەوەى هەرکەسێ زۆرى لێ بکرێ لەسەر کەلیمەى کوفر جائیزە بەزمان بیلێ مادام عەقیدەى دڵى لەگەڵ نەبێ بەڵام ئەگەر هەر نەیلێ تا دەیکوژن باشترە"

[کەواتە ئایەتەکە باس لە کاتەکانى جائیز بونى وتنى کوفر دەکات و بەس ڕێگریەکانى کافربون]

پاشان بزانن شێرکۆ بیارە ئەم شوبهەیەی لەکیتابی عارض الجهل ی ڕاشد العلای خارجی وەرگرتوە ، پاشان بەڵگەی ئێمە لەسەر ئەوەی مانای ئایەتەکە باس لە ڕونکردنەوەی ئەوە دەکات چ کاتێ جائیزە ئیظهاری کوفر بکەی نەك تەکفیری معین، بەپێی ئەوەی لە نامەی 33ی الرسائل الشخصية ص217 کەدەڵێ:" ثم بعد ذلك طحت على ابن غنام وغيره ، وتبرأت من ملة إبراهيم وأشهدتهم نفسك باتباع المشركين من غير إكراه لكن خوف ومداراة وغاب عنك قوله تعالى عمار بن ياسر وأشباهه (مَن كَفَرَ بِٱللَّهِ مِنۢ بَعۡدِ إِيمَٰنِهِۦٓ إِلَّا مَنۡ أُكۡرِهَ وَقَلۡبُهُۥ مُطۡمَئِنُّۢ بِٱلۡإِيمَٰنِ) فلم يستثن الله إلا من أكره وقلبه مطمئن بالإيمان، بشرط طمأنينة قلبه. والإكرام لايكون على العقيدة بل على القول والفعل؛فقد صرح بأن من قال كفرا أو فعله فقد كفر، إلا المكره باشرط المذكور وذلك أن ذلك بسبب إيثار الدنيا لاتسبب العقيدة"

واتە: پاشان ئەم بەڵایە توشی ابن غەنام و غەیری ئەویش بوو و تەبەڕای کرد لەمیلەتی ئیبراهیم کردتنە شایەد بەسەر خۆتەوە بەشوێنکەوتنی موشریکان بەبێ ئیکراە بەڵام بەهۆی ترس و مودارات ئەم ئایەتەی خوای گەورەت لێ بزربوە کەدەڵێ هەرکەسێ کوفر بکات دوای ئیمان هێنان، خوای گەورە کەسی دەرنەهێنا ئیلا زۆر لێکراو نەبێ کەدڵی ئارام و سەلامەت بێ بەئیمان بۆیە ئیکراە ناکرێت لەسەر عەقیدە بەڵکو ئیکراە لەسەر قەول و فعل دەکرێ ئایەتە دەفەرمێ هەرکەسێ کوفر بڵێ یان کوفر بکات ئەوا کافر ئەبێ ئیلا کەسی

زۆرلێکراو نەبێ بەو مەرجانەی باسکراوە وە فەرمویەتی لەغەیری ئەوە کوفربکات ئەوە لەبەرهەڵبژاردنی دونیایە لەسەر دواڕۆژ نەك عەقیدە"

پاشان لەنامەی 38ی رسائل الشخصیة لاپەڕە 272بۆ 273 [دەڵێ ئیجماعی ئەهلی عیلم لەسەر ئەوەیە کە هەرکەسێ لەبەر ترس کوفربکات کافرە ئیلا لەحاڵەتی ئیکراە نەبێ]

هەڵوەشاندنەوەی گومانەکانی نەبونی بەهانەی نەزانی(16)

شوبهەیەکی تریان هەیە لەبارەی ئەم ئایەتە کە اللە تعالی دەفەرمێت (وَلَقَدۡ بَعَثۡنَا فِي كُلِّ أُمَّةٖ رَّسُولًا أَنِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَٱجۡتَنِبُواْ ٱلطَّٰغُوتَۖ)[سورة النحل 36]. دەڵێن خوای گەورە فەرمویەتی بەڕاستی لەهەموو ئومەتێك پێغەمبەرێکمان ناردوە کە بەگەلەکەیان ڕاگەیاندوە اللە بپەرستن و دووربکەونەوە لەطاغوت" ئەڵێن کەواتە هەموو گەلان پێغەمبەریان بۆچووە و کەس عوزری نیە ؟!!!!!! لەوەڵامدا ئەڵێین: بەهەڵە حاڵی بوون هەیە و جوان بیرتان نەکردۆتەوە لەئایەتەکە چونکە بەڵێ اللە تعالی لەهەموو ئومەتان پێغەمبەری ناردوە ئەوە من "حیث الأصل"واتە لەبنچینەدا هەموو ئومەتان پێغەمبەریان هەبووە مانای ئەوەنیە هەتا قیامەت هەموو خەڵکی ئیقامە حوجە کرابن، ئایا تۆی

کورد پێغەمبەرەکەت ئەناسی و دێتە بیرت ئەزانی چی دەفەرموو ؟ بێگومان نەخێر . کەواتە ئەم ئایەتە باس لەوە ناکات کەس عوزری نەبێ ئیلا ئەوانە عوزریان نیە کە بانگەوازی ئەو پێغەمبەرانەیان پێگەیشتبێ.

امام ابن جریری تەبەڕی لەتەفسیری ئایەتەکە دەفەرمێت:" يقول تعالى ذكره لمشركي قريش: إن كنتم أيها الناس غير مصدّقي رسولنا فيما يخبركم به عن هؤلاء الأمم الذين حلّ بهم ما حلّ من بأسنا بكفرهم بالله، وتكذيبهم رسوله، فسيروا في الأرض التي كانوا يسكنونها، والبلاد التي كانوا يعمرونها، فانظروا إلى آثار الله فيهم، وآثار سخطه النازل بهم، كيف أعقبهم تكذيبهم رسل الله ما أعقبهم، فإنكم ترون حقيقة ذلك، وتعلمون به صحة الخبر الذي يخبركم به محمد ﷺ."

دەڵێ" الله تعالى موشریکانی قوڕەیش دەدوێنێ، پێیان دەفەرموێت ئەی خەڵکینە ئەگەر ئێوە باوەڕ ناکەن بە پێغەمبەرەکانمان بەو هەواڵانەی پێتان دەدات دەربارەی ئەوەی چۆن سزای خۆمان نارد بۆ ئومەتانی پێشوو بەهۆی کوفرکردنیان بەالله و بێباوەڕیان بەپەیامبەرەکانی، بڕۆن بگەڕێن بەو شوێنانەی ئەوانەی تێدابوون بڕوانن شوێنەوارەکانی لەناوبردنی خوا چی بەسەرهێنان ئەوکاتە ڕاستی پێغەمبەر محمدیش صلى الله عليه وسلم دەزانن."

هەڵوەشاندنەوەی گومانەکانی نەبونی بەهانەی نەزانی(17)

أَخْبَرَنِي عِمْرَانُ بْنُ حُصَيْنٍ ، أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَبْصَرَ عَلَى عَضُدِ رَجُلٍ حَلْقَةً – أُرَاهُ قَالَ : مِنْ صُفْرٍ – فَقَالَ : " وَيْحَكَ، مَا هَذِهِ ؟ ". قَالَ : مِنَ الْوَاهِنَةِ ، قَالَ : " أَمَا إِنَّهَا لَا تَزِيدُكَ إِلَّا وَهْنًا، انْبِذْهَا عَنْكَ، فَإِنَّكَ لَوْ مِتَّ وَهِيَ عَلَيْكَ، مَا أَفْلَحْتَ أَبَدًا ".

حكم الحديث: إسناده ضعيف.

واتە: پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم پیاوێکی بینی پەتێکی بۆ نەخۆشی لەدەست کردبوو ، فەرمووی قوڕبەسەر ئەوە چیە کردوتە دەست؟ ووتی: ئەوە بۆ نەخۆشی کردومە، فەرمووی : فڕێی بە ئەوە خراپترت ئەکات باشترت ناکات، ئەگەر بەو حاڵەت بمری هەرگیز ڕزگارت نابێ" دەڵێن ئەوەتا پەتێکی لەدەست کردوە پێغەمبەر عوزری نەزانی پێنەداوە و پێی فەرمووە ئەگەر بمری هەتا هەتا لەدۆزەخ قوتارنابیت. ئێمەش دەڵێین : سەرەتا حەدیسەکە زەعیفە و کاری پێ ناکرێ، پاشان ئەگەر ڕاستیش بێت، ئەو کابرایە لەداری ئیسلام و عیلم بوە بۆیە عوزری نیە.

1- کەواتە ئەم فەرمودەیە لاوازە چونکە موبارەکی کوری فوزاڵەی لە حەسەنەوە گێڕاوێتیەوە کە ضعیف ە و پێشەوایانی فەرموودەزانی بەضعیفیان داناوە لەوانە ابن حەجر لە "التمهيد" حەسەن کەماموّستای

فوزاڵەیە نەییستوە لە عیمڕانەوە هەرەك علی ابن المدینی دەڵێ، ئەمەش عیلەتێکی تڕە کە انقطاع ە.

2- سەلماندمان مەنهەجی شێخ محمد بن عبدالوهاب لەشیرکی ئەکبەر کە عوذر بەجەهل دادەنا پێش ئیقامەی حوجە، وە ئەم حەدیسەش باس لەشیرکی بچووک دەکات ئەمەش ئەولاتڕە کە عوذری پێ بدات.
3- کەواتە مەبەستی شێخ محمد لێڕەدا کەدەڵێ ئەم کابرایە عوذری بەنەزانی نەبوو، چونکە ئیقامەحوجەکراوە، پاشان ئەگەر لەشیرکی بچوکیش ئیقامە حوجەش بکرێ لەسەر خاوەنەکەی ئەوا خاونەکەی مورتەدنابێتەوە لەئیسلام وحوکمی کافربونی نیە، بەپێچەوانەی شیرکی گەورە.

هەڵوەشاندنەوەی گومانەکانی نەبونی بەهانەی نەزانی(18)

ئەڵێن ئیجماع هەیە لەسەر ئەوەی عوزر نیە بەنەزانی نیە لە ئەصلی دین تەحەداتان ئەکەین بتوانن ئەو ئیجماعە نەقڵ بکەن پشتاوپشت لەلایەن یەك زاناوە کە باسی کردبێ لەو سەردەمە بوبێ ئیجماعەکەی تێدا ڕووی داوە ، بەڵام ئێمە ئەتوانین دەیان قەولتان بۆ نەقڵ بکەین کە ئەصلەن ئیجماعی لەسەر نیە ئەوەی باسی ئەکەن ئەوەتا شێخی نوێکەرەوە موحممەدی کوڕی عبدالوهاب دەڵێت ئیجماع تەنها لەدوای ڕوون کردنەوە و ئیقامە حوجەکردن هەیە لەسەرکافربوون نەك پێش ڕوون کردنەوە و ئیقامەی حوجە، فەرموون ئەمە دەقی وتەکەیەتی ↓↓↓

لە ڕیسالەی أصل دين الإسلام وقاعدته دەڵێت: " ومنهم من عاداهم ولم يكفرهم، فهذا النوع أيضاً لم يأت بما دلت عليه لا اله الا الله من نفي الشرك، وما تقتضيه من تكفير من فعله بعد البيان إجماعا" الدرر السنية(2/207)

دەڵێ: هەیە دژایەتیان ئەکات بەس تەکفیریان ناکات، ئەم جۆرەکەسەش ئەوەی لا اله الا الله دەیخوازێت لەنەفی کردنی شیرك پێی نەهاتوە، هەروەها ئەوەشی کە دەیخوازێت لەوەی تەکفیرکردنی ئەوکەسەی کەشیرکی ئەنجام داوە دوای ڕوون کردنەوە بەئیجماع"

هەروەها شێخ محمد بن عبدالوهاب لەنامەی 10یەمی رسائل الشخصية باسی مەبەستی خۆیمان بۆ دەکات لە"بيان" مەبەستی چیە لە ڕوونکردنەوە ، لەلاپەڕە 60" وإنما نكفر من أشرك بالله في إلآهيته بعد ما تبين له الحجة على بطلان الشرك "

واتە: ئێمە کەسێك تەکفیر ئەکەین هاوبەشی بۆ اللە بڕیاردابێت لە پەرستنی دوای ئەوەی بەبەڵگە بۆی ڕوون ئەکەینەوە لەسەر بەتاڵی شیرك."

هەروەها عبداللەی کوڕی شێخ محمد بن عبدالوهاب شێخی أبا بطين دەڵێ: أما الجواب عت سؤال الثالث : عن حال من صدر منه كفر من غير قصد منه بل هو جاهل ، هل يعذر أم لا ؟ سواء كان ذاك شيء قولاً أو فعلاً أو إعتقاداً أو توسلاً فنقول: إذا فعل الإنسان الذي يؤمن بالله ورسوله ما يكون فعله كفرا أو قوله كفرا أو إعتقاده كفراً جهلاً منه بما بعث الله به رسوله صلى الله عليه وسلم فهذا لايكون كافرا ولا نحكم عليه بالكفر حتى تقوم الحجة الرسالية التي يكفر من خالفها، فإذا قامت عليه الحجة وبين له ما جاء به الرسول صلى الله عليه وسلم وأصر على فعل ذلك بعد قيام الحجة فهذا هو الذي يكفر، وذلك لأن الكفر يكون بمخالفة كتاب الله وسنة رسوله وهذا مجمع عليه بين العلماء في الجملة. "مجموع الرسائل والمسائل النجدية (1/248).

دەڵێ: ئەما وەڵامی پرسیاری سێیەم دەربارەی کەسێك کوفرێکی لێ دەرکەوتبێ بەبێ مەبەست بەڵکو بەنەزانی و نەزان بێ ئایا عوزری هەیە یان نا

؟ جا یەکسانە ئەو کوفرە ووتە بێ یان کردار یان لەبیروباوەڕ یان تەوسول ؟
دەڵێین : ئەگەر ئینسانێ کە باوەڕی بەخوا و بەپێغەمبەرە کارێ بکات کە کوفرێ یان وتەیە بڵێ کوفر بێ یان بیروباوەڕێکی هەبێ کوفرێ و جاهیل بێ بەو دینەی اللە ناردوویەتی ئائەم کەسە لای ئێمە کافر نابێ حوکمی کوفری بەسەر نادەین هەتا ئیقامە حوجەی نەکەین لەسەر ئەوشتەی بەکردنی کافر ئەبێ، جا کاتێ ئیقامە حوجە کرا و ئەو دینەی بۆ ڕوون کرایەوە کە پێغەمبەری خوا پێی ڕەوانە کراوە، دوای ئیقامە حوجەش هەر بەردەوام بوو ئائەم کەسەیە کەوا کافر ئەبێت ئەمەش ئیجماعی لەسەرە لەنێوان زانایان بەگشتی."

بەکـــورتی وبەکوردی مەسەلەی عوذر بەجەهل

ئیمام ابن حەزم و قاضي ابن العربی المالکی ئیجماعی سەلەف نەقڵ ئەکەن لەسەر ئەوەی عوذر هەیە بەنەزانی پێش ئیقامەی حوجە لەشیرکی گەورە بەڵام قەڕافی کە زۆر زۆر لەدوای ئەوان دێت ئیجماعێکمان بۆ نەقڵ ئەکات کەگوایە عوذر بەجەهل نیە لەشیرکی گەورە پێش ئیقامەی حوجە، ئەم ئیجماعەش گومانی تیانیە لای متکلمین و زانایانی ئەهلی کەلام اجماعە چونکە ئەوان پێیان وایە عیلمی استدلال و نظر پیش ئیمان هێنانی شەرعیە و هەمووکەسێ بەعەقڵی ئوصولی دین دەزانێ، هەربۆیە ئەو ئیجماعەی قەڕافی بەهەند وەرناگیرێ چونکە ئیجماعی ئەهلی سونە نیە و پێچەوانەی ئیجماعێکە کە ابن حەزم پێش زۆر لە پێش ئەو موخالەفەی ئەوەی نەقڵ کردوە کەواتە

ئیجماع نیە لەمەسەلەکە هەروەها ئەو ئیجماعەش کە لە ابابطین هوەی نەقڵ ئەکەن مەبەست لێی بەمەرج نەگیرانی عینادیە لەتەکفیرکردنی معین لەشیرکی عیبادەت، پاشان زانایانی ئەلی سوننە لەسەردەمی ابن و تیمیە و دەعوەی نەجدی دەربارەی عوذر بەجەهل سێ مەذهەب ن مەزهەبی شێخی ئیسلام ابن و تەیمیە و شێخ محمد بن عبدالوهاب و مەذهەبی إسحاق بن عبدالرحمن و أبابطین.

مەزهەبی ابن تەیمیە و محمد بن عبدالوهاب/کۆڕان لەسەر ئەوەی لەشیرکی گەورە پێش ئیقامەی حوجە موسڵمان تەکفیر ناکرێت مادام لەشوێنێ نەبێ عیلم تیای بڵاوبێت یان تازە موسڵمان بوبێت،هەروەها شێخی ئیسلام ابن تەیمیە و هەموو زانایانی ئیسلام و سەلەف ناوی ئیسلام دەچەسپێنن بۆ ئەوەی موسڵمانەی کەوتۆتە ناو شیرکەوە پێش ئیقامە حوجە، بەڵام شێخ محمد بن عبدالوهاب لەقەولێکی دا وە قوتابیەکانی وە شێخ حمد بن ناصر المعمر ناوی ئیسلام ناچەسپێنن لەسەر موسڵمانێ کە شیرکی ئەنجام دابێت پێش ئیقامەی حوجە ناوی موشرکی لێ دەنێن، هەرچەن شێخ محمد وەکو وتمان دوو قەولی هەیە هەروەها کۆڕەکانیشی عبدالله و حسێن کاتێ باسی ابن حەجەری هەیتەمی دەکەن کە خاوەنی چەندین شیرکە بەموسڵمانی دادەنێن ولەریزی زانایانی موسڵمانی لەقەڵەم ئەدەن. بەڵام بۆ موسڵمانی عەوام شتێکی تر ئەڵێن، بەڵام لەبەرامبەردا زانایانێ تر لەزانایانی دەعوەی نەجدی پێچەوانەی ئەوانن

دەڵێن ناوی شیرک ناجەسپێ پێش ئیقامەی حوجە لەوانە سولەیمانی کوڕی عبدالله‌ی کوڕی محمد بن عبدالوهاب وەهەروەها سولیمان بن سەحمان بەڵام خیلافیشیان لەچۆنێتی اقامەی حوجە هەیە ، محمد بن عبدالوهاب و قوتابیەکانی دەڵێن اقامە حوجە دەبێ کەسێ بیکات زانابێت و عیلمی هەبێت تاکو توانای ڕەوانەی شوبهەکانی هەبێت، بەڵام اسحاق بن عبدالرحمن و أبا بطین دەڵێن تەنها گەیشتنی قورئان و ئیسلام کافیە بۆ ئیقامە حوجە نەك نەبونی تەرجەمەی دەق . ئەمە خولاصەی ووتەکانی زانایانە.

ئێوەش بڕوانن لەو خیلافانەی نێوان زانایان بزانن کەسیان تەکفیر و گومڕاکردوە لەسەر ئەوەی ئەو وادەڵێ بەڵام ئەویان پێچەوانەی ئەو دەڵێ، بۆ چونکە بابەتێکی فیقهیە پەیوەستە عوارض و پێشهاتەکان کەتوشی موکەلەف بوون و ناموکەلەف بونی ئینسان دەبێت شتێکە لە تێڕوانینی فەقیهێ بۆ فەقیهێکی تر و لەشوێنێ بۆ شوێنێکی تر گۆڕانکاری بەسەردێ و فەتوای تێدا دەگۆڕێ، بەڵام ئەم نەخوێنەوار و نەزانانەی خۆمان چۆن تێدەگەن و کەس فێری خوێندنەوە و شەرع و دین ئەبن و عاقڵ ئەبن ، بەس الله ڕەحم کات.

سەرچاوەی فیکری غولاتەکان لەتەکفیر و سەرچاوەی فکری خەوارج وعمومیەکان تەنها وتەنها ئەمانەن:-

1- کتێبەکەی طارق عبدالحلیم کەبنچینەی هەموو گومڕاکانی دوای خۆیەتی کەڵێوەی وەریان گرتوە و پڕی لەتەحریف کردنە

2-دەرسەکانی احمد حازمي خاریجی موحەریف کەتەکفیری هەموو کەسێک ئەکات بکەوێتە ناو شیرکەوە بزانێ یان نەزانێ هەروەها دواتریش تەکفیری عاذری کرد و پاشان تەکفیری یەك لەدوای یەك تسلسل، ئەم گومڕابوون و لادانانە قۆناغ بەقۆناغ ئەڕوات، ئەگەر زوو بنبڕ نەکرێت.

3-کتێبی عارض الجهل ی ڕاشد العلا

4 کتێبەکەی مدحت ال فراج

5-ریسالەی متتمة.

6-تکفیر المعین ی إسحاق بن عبدالرحمن کە قسەی زۆر لەسەرە کە ڕیسالەیەکی هەڵبەستراوە و هی شێخ نیە و هەڵەی زۆر تێدایە تحقیق کراوە

لەسەر تەزویربونی وە حازمی زۆرترین کات بۆ زیادەڕەویەکانی پشت دەبەستێ بەم ریسالەیە....

7- کتێبەکانی خالد بن علی المرضی الغامدی کە زیادەڕەوی تێدایە و تەکفیری زانایانی ئەهلی سوونە دەکات و تەکفیری ئەشاعیرە دەکات بەدیاری کراوەیی و باوەری بەعذر بەجەهل نیە و ئەڵێ تەکفیر ئەصلی دینە...هتد

ئەمانەی باسم کرد هەرهەمویان بەبەڵگەوە سەلێنراوە ووتەکانی ابن تەیمیە و زانایانی دەعوەی نەجدیان تەحریف کردوە ئیدیعای ئیجماع و کۆڕابونیان کردوە لەنێوان ئەو زانایانە هەرچی وتەی پێچەوانەی ئەوانیان هەبوبێ بە متشابە یان لەقەڵەم داوە وشاردویانەتەوە.

هەڵوەشاندنەوەی گومانەکانی نەبونی بەهانەی نەزانی(19)

دەڵێن سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس سوێندی خوارد بەلات و صەحابە تەکفیریان کرد و عوزر بەجەهلیان پێ نەدا ؟!

جا لەوڵامی ئەم شوبهە لاوازە زانایان دەفەرموون دەربارەی سوێند خواردن بەغەیری الله تعالی :

- ئەگەر کەسێك سوێند بخوات بەبت بەبێ ئەوەی نیازی

بەگەورەدانانی هەبێ جەماوەری شەرعزانان دەڵێن ئەوە حەرام و وفوسقێکی کردوە .

- بەڵام ئەگەر سوێند بەبت بخوات بەهۆی کەوتنە سەر زمان بەبێ مەبەست بەهۆی ئەوەشی کە تازە موسڵمان بووە بەهۆی هەڵە و نەزانی ئەمە وێنەی کارەکەی سەعدە ڕەزای خوای لێ بێ ڕاڤەکارانی فەرموودەش هەموو هەروایان فەرمووە بۆیە عوزری هەبووە و تەکفیر ناکرێت.

شێخ منار بن رمضان ملاسی لە کتیبی سل السنان علی الصومالی أبی سلمان لە لاپەرە 38 دەڵێت: فەرمودەکەی سەعدی کوری ئەبی وەقاس هەرچەن لاوازە و زۆرێك لەزانایان بەلاوازیان داناوە هیچ بەڵگەی تیانیە لەسەر ئەوەی عوذر بەجەهل نەبێت، ئەگەرچی ئەو صەحابانە لەو ڕوداوە تەکفیری سەعدیان کردبێت بەڵام پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەسەر ئەو تەکفیرکردنە ئیقراری نەکرد بەڵکو عوذری دا بەسەعد بەنەزانی و تەئویل.

ئەمەی خوارەوەش وردەکاری وەڵامی زانایانە بۆ ئەو شوبهەیە.

قال ابن الملقن وتبعه زكريا الأنصاري والسيوطي في شروحهم لصحيح البخاري:قَالَ النَّبِيُّ - صلى الله عليه وسلم -: «مَنْ حَلَفَ بِاللاَّتِ وَالْعُزَّى فَلْيَقُلْ: لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ». وَلَمْ يَنْسُبْهُ إِلَى الكُفْرِ" اهـ، ونقلوا نحوه عن المهلب.

ابن الملقن و زەكریای ئەنصاری و سیوطی لەشیکردنەوەی ئەم فەرمودەیە کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەفەرمێت: هەرکەسێك سوێندی خوارد بەلات و عوزا ئەوا با بڵێ لا اله الا الله. ئەو سێ زانا بەڕێزە دەڵێن پێغەمبەری خوا تەکفیری نەکرد.

وذكر الزرقاني وجه ذلك قائلا في شرح الموطأ عند شرحه لقول الإمام مالك: " قَالَ يَحْيَى وَقَالَ مَالِكٌ فِي الرَّجُلِ يَقُولُ كَفَرَ بِاللَّهِ أَوْ أَشْرَكَ بِاللَّهِ ثُمَّ يَحْنَثُ إِنَّهُ لَيْسَ عَلَيْهِ كَفَّارَةٌ وَلَيْسَ بِكَافِرٍ وَلَا مُشْرِكٍ حَتَّى يَكُونَ قَلْبُهُ مُضْمِرًا عَلَى الشِّرْكِ وَالْكُفْرِ وَلْيَسْتَغْفِرْ اللَّهَ وَلَا يَعُدْ إِلَى شَيْءٍ مِنْ ذَلِكَ وَبِئْسَ مَا صَنَعَ": "وَلَمْ يَنْسُبْهُ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِلَى الْكُفْرِ إِذْ لَوْ كَانَ كَذَلِكَ لَأَمَرَهُ بِتَمَامِ الشَّهَادَتَيْنِ كَمَا أَشَارَ إِلَيْهِ الْبُخَارِيُّ" 96/3.

هەروەها زورقانی لەشەرحی موەتەئی ئیمام مالیك و لەشیکردنەوەی وتەکەی ئیمام مالیك کە دەڵێ ئەگەر پیاوێ کە پێغەمبەر دەربارەی بفەرمێ کافربوو بە اللە یان هاوبەشی بۆداناوە کاتێ سویندی خواردوە بەغەیری خوا ئەم کەسە هیچ کەفارەتێکی لەسەر نیە و چونکە نەکافرە و نەموشریکە تاکو بەدڵەوە

كوفر و شيرك بكات تەنها ئەوەندەى لەسەر ئيستيغفار بكات وجارێكى تر شتى وا نەڵێت. زورقانى ئەڵێ پێغەمبەر پاڵى نەدا بۆ كوفر چونكە ئەگەر وابوايە ئەوە فەرمانى پێ ئەكرد شايەتمان بێنێتەوە.

وقال الحسين بن محمد المغربي في البدر التمام شرح بلوغ المرام: "والحديث فيه دلالة على تحريم الحلف بالأصنام. وأما أنه يكفر بذلك فظاهر قوله: "فليقل: لا إله إلا الله". أنه لا يكفر؛ لأنه لو كفر لوجب تمام الشهادتين بالإقرار بالنبي صلى الله عليه وسلم.... وظاهر قوله: "فليقل: لا إله إلا الله". وجوب ذلك، وذهب الجمهور إلى أنه مستحب، وكأن القرينة على الحمل على الاستحباب أن وجوبه إنما يكون إذا قلنا بأنه يقتضي الكفر، ولو قلنا بذلك لوجب تمام الشهادتين، فدل الاقتصار على أن ذلك لا على سبيل الوجوب، وإنما هو كالأمر بازدياد الذكر" 9/441-442.

هەروەها حوسەينى كورى محمدى مەغريبى لە بدر التمام فى شرح بلوغ المرام دەڵێ: وتنى لا اله الا الله مانای كافربوون نيە، ئەگەر مانای كافربون بوايە ئەوا فەرمانى ئەكرد شايەتمان بێنێتەوە بەتەواوى و ئيقرار بكاتەوە بە پێغەمبەرايەتى موحەمەد صلى الله عليه وسلم زاهيرى ووتنى كا با بڵێ لا اله الا الله ئەوا بۆ واجب بوونە، جمهوور ئەڵێن سونەتە ووتنى، بۆيە ئەڵێن سونەتە ئەگەر واجب بوايە ئەبوو بە كوفر ئەوكاتە ئەبوو بەتەواوى هەردوو شايەتمانەكە بهێنرێتەوە،

مادام لەسەر لا اله الا الله کورت کراوەتەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی واجب نیە، وەکو فەرمانکردن وایە بەزیادە زیکرێ.

ابن بطال و ابن أبی حمرة و العینی و زەکریای ئەنصاری و الکرمانی وابن علان لەشەرحیان بۆ ئەو فەرمودەیە دەڵێن ئەگەر کافربون بوایە ئەوا کەفارەتی بۆ دانەئەنرا پێی ناوترا کەفارەت، چونکە هۆکارەکانی هەڵگەرانەوە و کافربونەوە چارەسەری بەتەوبەیە نەك بەکەفارەت بە کۆڕای ئەهلی عیلم.

ابن بطال لەشەرحی بوخاری و ملا عەلی قاری لەشەرحی مشکاة المصابیح وە التوربشتی لەشەرحی مصابیح السنة و جمال الدین الملطی له المعتصر من المختصر دەڵێن هۆکاری ئەوەی ئەو صەحابەیە توشی ئەو جۆرە سویند خواردنە بوو ئەوەیە بەدەمیا هات هەروەك عادەتی پێشوویان بەبێ مەبەست، بەهەڵە لەدەمی دەرچوو چونکە تازە موسڵمان بوون.

ولما كان الأمر يحتمل غير ذلك فصّل شراح الحديث في حكم هذا القسم، ومن ذلك قول ملا علي القاري في شرح مشكاة المصابيح: "(" فَلْيَقُلْ: لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ ") : أَيْ فَلْيَتُبْ إِلَى اللَّهِ، وَلَهُ مَعْنَيَانِ: أَحَدُهُمَا: أَنْ يَجْرِيَ عَلَى لِسَانِهِ سَهْوًا جَرْيًا عَلَى الْمُعْتَادِ السَّابِقِ لِلْمُؤْمِنِ الْمُتَجَدِّدِ (" فَلْيَقُلْ: لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ ") ، أَيْ: فَلْيَتُبْ كَفَارَةً لِتِلْكَ الْكَلِمَاتِ، فَإِنَّ الْحَسَنَاتِ يُذْهِبْنَ السَّيِّئَاتِ فَهَذَا تَوْبَةٌ مِنَ الْغَفْلَةِ. وَثَانِيهِمَا: أَنْ يَقْصِدَ تَعْظِيمَ اللَّاتِ وَالْعُزَّى، فَلْيَقُلْ: لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ تَجْدِيدًا لِإِيمَانِهِ. فَهَذَا تَوْبَةٌ مِنَ الْمَعْصِيَةِ" 2235/6.

وقول السندي في شرح سنن ابن ماجه: " قَوْلُهُ: (بِاللَّاتِ) أَيْ بِلَا قَصْدٍ بَلْ عَلَى طَرِيقِ جَرْيِ الْعَادَةِ بَيْنَهُمْ لِأَنَّهُمْ كَانُوا قَرِيبِي عَهْدٍ بِالْجَاهِلِيَّةِ (لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ) اسْتِدْرَاكًا لِمَا فَاتَهُ مِنْ تَعْظِيمِ اللَّهِ تَعَالَى فِي مَحَلِّهِ وَنَفْيًا لِمَا تَعَاطَى مِنْ تَعْظِيمِ الْأَصْنَامِ صُورَةً، وَأَمَّا مَنْ قَصَدَ الْحَلِفَ بِالْأَصْنَامِ تَعْظِيمًا لَهَا فَهُوَ كَافِرٌ نَعُوذُ بِاللَّه" 645/1.

وقال الخطابي في شرح صحيح البخاري:

"إنما أوجب قول لا إله إلا الله على من حلف باللات والعزى شفقا من الكفر أن يكون قد لزمه لأن اليمين إنما تكون بالمعبود الذي يعظم، فإذا حلف بهما فقد ضاهى الكفار في ذلك وأمر أن يتداركه بكلمة التوحيد المبرئة من الشرك" 1918/3.

وقال أيضا: "فيه دليلٌ على أنَّ الحالفَ باللات والعُزَّى لا يلزمُه كفَّارة اليمين، فإنما يلزمُه الإنابةُ والاستغفارُ"، نقله مظهر الدين الزيداني في المفاتيح في شرح المصابيح 167/4، أي لا كفارة مالية تلزمه.

وقَالَ الْبَغَوِيُّ فِي شَرْحِ السُّنَّةِ:

"فِي هَذَا الْحَدِيثِ دَلِيلٌ عَلَى أَنْ لَا كَفَّارَةَ عَلَى مَنْ حَلَفَ بِغَيْرِ الْإِسْلَامِ وَإِنْ أَثِمَ بِهِ لَكِنْ تَلْزَمُهُ التَّوْبَةُ لِأَنَّهُ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَمَرَهُ بِكَلِمَةِ التَّوْحِيدِ فَأَشَارَ إِلَى أَنَّ عُقُوبَتَهُ تَخْتَصُّ بِذَنبِهِ وَلم يُوجب عَلَيْهِ فِي مَاله شَيْئًا وَإِنَّمَا أَمَرَهُ بِالتَّوْحِيدِ لِأَنَّ

الْحَلِفَ بِاللَّاتِ وَالْعُزَّى يُضَاهِي الْكُفَّارَ فَأَمَرَهُ أَنْ يَتَدَارَكَ بِالتَّوْحِيدِ" نقله ابن حجر في فتح الباري وذكر أنه تبع الخطابي 536/11-537، ومعنى يضاهي: يشابه.

وقال المهلب: "كان أهل الجاهلية قد جرى على ألسنتهم الحلف باللات والعزى، فلما أسلموا ربما جروا على عادتهم من ذلك من غير قصد منهم فكان من حلف بذلك فكأنه قد راجع حاله إلى حالة الشرك، وتشبه بهم فى تعظيمهم غير الله، فأمر النبي - عليه السلام - من عرض له ذلك بتجديد ما أنساهم الشيطان أن يقولوا: لا إله إلا الله، فهو كفارة له، إذ ذلك براءة من اللات والعزى ومن كل ما يعبد من دون الله" نقله ابن بطال في شرحه لصحيح البخاري 99/6-100.

وقال ابن بطال في شرح صحيح البخاري: "قال المؤلف: وكذلك عذر عليه السلام من حلف من أصحابه باللات والعزى لقرب عهدهم يجري ذلك على ألسنتهم فى الجاهلية، وروى عن سعد بن أبى وقاص (أنه حلف بذلك فأتى النبى عليه السلام فقال: يارسول الله، إن العهد كان قريبًا فحلفت باللات والعزى، فقال النبى عليه السلام قل: لا إله إلا الله) وقد تقدم بيان هذا فى باب لا يحلف باللات والعزى فى كتاب الأيمان والنذور، فتأمله هناك. وليس فى قوله (صلى الله عليه وسلم): (من حلف باللات والعزى فليقل: لا إله إلا الله) إطلاق منه لهم على الحلف بذلك وكفارته بقول: لا إله إلا الله، فإنه علمهم عليه السلام أنه من نسي أو جهل فحلف بذلك أن كفارته أن يشهد

بشهادة التوحيد؛ لأنه قد تقدم إليهم عليه السلام بالنهي عن أن يحلف أحد بغير الله، فعذر الناسي والجاهل، ولذلك سوى البخاري فى ترجمته الجاهل مع المتأول فى سقوط الحرج عنه؛ لأن حديث أبى هريرة فى الجاهل والناسي، والله أعلم" 292/9.

وقال ابن أبي جمرة في شرح مختصر البخاري:

"أمَّا قولنا: هل هذا خاصٌّ بمن ذكر في يمينه اللَّات وَالعزَّى، أو هو عامٌّ في كلِّ مَن حلف بشيء مِن الطواغيت أو مَا في معناها؟ ظاهر اللَّفظ يقتضي أنَّه خاصٌّ به، وما يُفهم مِن معناه. ومَا جاء عنه عليه الصلاة والسلام في غير هذا الحديث يقتضي تعدِّي الحكم إلى أنَّه مَن كان حلفه بشيء مِن الطواغيت أو الأصنام التي تُعبَد مِن دون الله أو ما في معنى ذلك أن يقول صاحب هذا القول: لا إله إلا الله، فإنَّ ذلك كفَّارة لِمَا قال، لأنَّه مِن جهة المعنى قد تلفَّظ بما يشبه الرِّدَّة، فإنَّ الحالف بشيءٍ هُو معظِّم له.

فهذا قد عظَّم شيئاً سوى الله، على نحو ما يفعله الكفَّار فينبغي له أن يُظهر إبطالَ مَا قال، وتحقير ما عظَّم، بأن يعلن بقول: لا إله إلا الله. فكأنَّ إعلانه بِها رجوع إلى الإسلام" اهـ.

وقال ابن الملقن في شرح صحيح البخاري:

"وقوله "لا إله إلا الله" هو كفارة لما أتى به من المعصية. وقيل: إنما هذا إذا كان هذا القول منه خطأ" 30/261-262.

وقال ابن هبيرة في الإفصاح:

"وفي هذا الحديث ما يدل على أن الكفارات تكون لها مناسبة بالخطايا، فإنه لما حلف بيمين تتضمن إثبات آلهة كانت كفارته نفي ما حلف به، وإثبات التوحيد لله عز وجل. ولما كانت الخطيئة الثانية من حيث طلب المال بوجه حرام، وهو القمار، كانت الكفارة بإخراج شيء من المال، فكانت الحسنة المالية ماحية أثر الأمنية المالية" 6/225.

وقال جمال الدين الملطي في المعتصر من المختصر من مشكل الآثار:

"ومنه ما روى عن سعد بن أبي وقاص أنه قال حلفت باللات والعزى وكان العهد حديثا فأتيت النبي صلى الله عليه وسلم فقلت: إني حلفت باللات والعزى وكان العهد حديثا قال: "قلت: هجرا أتفل عن يسارك ثلاثا وقل لا إله إلا الله وحده واستغفر الله ولا تعد". فيه ما يدل على أن سعدا لم يحلف إلا على ما اعتاده لسانه ساهيا عن تحريم الله ذلك عليه بإسلامه وذلك من اللغو وقول النبي صلى الله عليه وسلم: "لا تعد" معناه والله أعلم أن يتحفظ من

نفسه والأخذ بالحزم لئلا يقع في مثله وأمره بالاستغفار مخافة أن يكون قد قصر في التحفظ" 259/1.

وقال التوربشتي في الميسر في شرح مصابيح السنة، عند شرحه لحديث عبد الرحمن بن سمرة- رضي الله عنه- عن النبي - صلى الله عليه وسلم - أنه قال: (لا تحلفوا بالطواغي ولا بآبائكم):

"وأرى أن المراد من النهى في هذا الحديث هو: النهى عن الغفلة عن محافظة اللسان فيجرى عليه ما قد تعوده زمان الجاهلية، فإن القوم كانوا قبل أن أنعم الله عليهم بالإسلام يحلفون بالطواغي، وقد نشأوا على ذلك، وجرت بذلك ألسنتهم، فلم يؤمن عليهم زلة اللسان، فنبهوا على التيقظ في محاوراتهم؛ لئلا ينتهز عنهم الشيطان فرصة. هذا وجه الحديث، ومعاذ الله أن يظن بهم أنهم [كانوا] يتسامحون نفسه ويقاولون به حتى نهوا عنه، فإن ذلك مما لا يظن بأقل المسلمين علما، وأسخفهم رأيا، فكيف بالقرن الذين هم أصدق القرون إيمانا، وأخلصهم طاعة، وأرضاهم سريرة وعلانية.

ومما يبين صحة ما ذهبنا إليه حديث سعد بن أبى وقاص- رضي الله عنه- أنه قال: (حلفت باللات والعزى، وكان العهد حديثا، فأتيت النبي - صلى الله عليه وسلم - فقلت: (إني حلفت باللات والعزى، وكان العهد حديثا، فقال: قلت هجرا، اتفل عن يسارك ثلاثا، وقل: لا إله إلا الله وحده، واستغفر الله-

عز وجل- ولا تعد) قوله: (لا تعد) حث على التيقظ وملازمة الحزم، على ما ذكرنا" 800/3.

هەڵوەشاندنەوەی گومانەکانی نەبونی بەهانەی نەزانی(20)

خەواریج و نەفام و قورئان گۆڕەکان چەنێ ئایەتێ دیننەوە بۆ جێگیرکردنی بۆ گومڕایەتیەکەیان یەك لەوانە ئەم ئایەتانەی خوارەوەیە:↓↓↓

قال الله تعالي " يَوْمَ لَا يَنفَعُ الظَّالِمِينَ مَعْذِرَتُهُمْ "

ابن كثير لەتەفسیری ئەم ئایەتە فەرمویەتی

(" يوم لا ينفع الظالمين " وهم المشركين " معذرتهم " أي : لا يقبل منهم عذر ولا فدية .)

ئەو ڕۆژەی عوزرو بیانوو سودی نابێت بۆستەمکاران - معذرتهم - واتا نە عوزر ونە فدیەیان لێ قبوڵ ناکرێت

ئەمەش بەڵگەیە کەخوا عوزروبیانوو لەشیرکی اکبر لەکەس قبوڵ ناکات

بەڵگەش ئەوەیە ئەوان لەدۆزەخدا دەڵێن

" إنا كنا عن هذا غافلون " الأعراف 172.

ئێمە لەبارەی ئەم شتانە لەبێ ئاگایان بوین

" إنما أشرك آباؤنا من قبل وكنا ذرية من بعدهم أتهلكنا بما فعل المبطلون " الأعراف 173.

بێگومان باوو باپیرانمان هاوبەشیان بڕیار داوە لە پێش (ئێمەوە) وە ئێمەش وەچە و نەوەی دوای ئەوان بووین دەی ئایا لەناومان دەبەیت بەوەی کەباتڵ خراپەکاران کردوویانە.

وەڵامی// بەڵێ وایە ئەوانە عوزریان نەبووە چونکە پێغەمبەریان بۆچووە خوای گەورە خۆی دەفەرمێت (وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّىٰ نَبۡعَثَ رَسُولا)[سورة الإسراء 15].

واتە: ئێمە هەرگیز سزای هیچ گەل و نەتەوە و کەسێك نادەین تاکو پەیامبەر و ئاگادارکەرەوەیەکی بۆ نەنێرین.

یان دەفەرمێت(تَكَادُ تَمَيَّزُ مِنَ ٱلۡغَيۡظِۖ كُلَّمَآ أُلۡقِيَ فِيهَا فَوۡجٞ سَأَلَهُمۡ خَزَنَتُهَآ أَلَمۡ يَأۡتِكُمۡ نَذِيرٞ)

واتە: نزیکە (دۆزەخ) لەڕقانا پارە پارە ببێت، هەر کاتێك دەستەیەك فڕێ بدرێنە ناویەوە دەرگاوانەکانی دۆزەخ پرسیاریان لێ دەکەن، ئایا پێغەمبەرێکی ترسێنەرتان بۆ نەهاتووە (لە دونیادا)

پاشان لەوەڵامدا هەموو ئەوانەی دەکرێنە دۆزەخەوە دەڵێن (قَالُواْ بَلَىٰ قَدۡ جَآءَنَا نَذِير فَكَذَّبۡنَا وَقُلۡنَا مَا نَزَّلَ ٱللَّهُ مِن شَيۡءٍ إِنۡ أَنتُمۡ إِلَّا فِي ضَلَٰلٖ كَبِيرٖ)[سورة الملك 9]

واتە: دەڵێن بەڵێ بۆمان هاتووە بەڵام بەدرۆمان دەزانی ودەمان ووت (پێی) خوا هیچی نە ناردۆتە خوارەوە ئێوە بەس لە گومڕاییەکی گەورەدان"

کەواتە کاتێ ئایەتێ تەفسیر ئەکەی نابێ وەکو خەواریجەکان بکەی تەنها ئەو ئایەتە ببینی و ئایەتەکانی ترت لەبیربچێ ئەبێ هەموو ئایەتە هاوشێوەکان کۆبکەیتەوە ئەوجا لەژێر سایەی یەکتردا مانایان بکەی.

یان ئەم ئایەتەی خوارەوە دەهێننەوە

↓↓↓↓

وە عوزر دەهێنەوە کەئەوان بەهۆی فەتوای زانا گەورەکانیان گومڕابون خواش لێیان قبوڵ ناکات

: " وقالوا ربنا إنا أطعنا سادتنا وكبراءنا فأضلونا السبيلاً " الأحزاب 76.

لەدۆزەخدا دەڵێن ئەی پەروەردگارمان ئێمە گوێڕایەڵی گەورە و پێشەواکانمان بوین ڕێگەیان لێمان وێل کرد.

وەڵام/ **ئەمانەش لەدونیا وەنەبوێ پێغەمەریان بۆ نەچووبێ یان بانگەوازی پێغەمبەرانیان نەبیستبێ نەخێر بەڵکو پشتیان لێ کردبوو کافری ئەصلی بوون**

و وەڵامی دینی خوایان نەدابووەوە شوێنێ گەورە کافرەکانیان کەوتبوون، چونکە سیاقی ئایەتەکە باس لەکافرەکانی قوڕەیش ئەکات لەسەر ئەوان دابەزیوە کاتێ دژایەتی پێغەمبەریان ئەکرد صلى الله عليه وسلم بەگوێی گەورەکانیان ئەکرد ئەوە پاشەڕۆژیانە لەڕۆژی دوایی ،جا هەرکەسێکیش حاڵی وەك ئەوان بێ ئاوا ئەبێ حاڵی لەڕۆژی دوایی.

پاشان شوبهەیەکی تر دەهێننەوە دەڵێن↓↓↓↓

بەڵکو لەدۆزەخیەکان هەیە هێندە نەزان بوە نەیزانیوە لەدونیا لەسەرشیرک بوە وایزانیوە یەکخواپەرستە بۆیە لەدۆزەخ سوێندبەخوا دەخوات کەئەوشیرکی نەکردوە خوا لەبارەیانەوە دەفەرموێ کەدەڵێن والله ربنا ما كنا مشركين " الأنعام 23.

بەالله ی پەروەردگارمان ئێمە هاوبەشدانەرنەبوین !

↓↓↓

وەڵامی/ ابن جەریری تەبەڕی لەتەفسیری ئایەتەکە ئەفەرمێت : قال أبو جعفر: يقول تعالى ذكره: ثم لم يكن قولهم إذ قلنا لهم:"أين شركاؤكم الذين كنتم تزعمون"؟ إجابة منهم لنا عن سؤالنا إياهم ذلك، إذ فتناهم فاختبرناهم، "إلا أن قالوا والله ربّنا ما كنا مشركين"، كذبًا منهم في أيمانهم على قِيلهم ذلك."

دەڵێ: کاتێ لەقیامەت پێیان دەڵێین کوا پەرستراوەکانتان کەوا گومانتان ئەبرد هاوبەشی خوابن، بەدرۆ سوێند ئەخۆن ئەڵێن وەڵاهی پەروەردگارا ئێمە موشريك نەبوين"

کەواتە بۆ خۆ دەربازکردن وا دەڵێن نەك نەزان بوبن هەروەك چۆن لەڕۆژی قیامەت مونافیقەکان سوێند بۆخوا ئەخۆن کە ڕاستیان کردوە بۆ ئەوەی دەربازبن هەروەک چۆن لەدونیا سوێندیان بۆ موسڵمانان ئەخوارد کە ڕاستەکەن وەك الله تعالى دەفەرمێت:

(يَوْمَ يَبْعَثُهُمُ ٱللَّهُ جَمِيعا فَيَحْلِفُونَ لَهُۥ كَمَا يَحْلِفُونَ لَكُمْ وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ عَلَىٰ شَىْءٍ ۚ أَلَآ إِنَّهُمْ هُمُ ٱلْكَٰذِبُونَ)[سورة المجادلة 18].

پاشان ئەم ئایەتە دێننەوە↓↓↓
اللە فەرمویەتی " فمن كان يرجوا لقاء ربه فليعمل عملاً صالحاً ولا يشرك بعبادة ربه أحداً "الكهف 110.

جا هەر کەس بەتەمایە بەخزمەت پەروەردگاری بگات (لە قیامەتدا) ئەوە با کردەوەی چاك بکات وەك لە پەرستنی پەروەردگاری دا کەس نەکات بەهاوبەشی.

↓↓↓↓↓↓

وەڵام/ ئەم ئایەتە گشتیە و ئایەتەکانی تر شیدەکاتەوە کە عوزرێدانی تێدایە بەوانەی کە پێغەمبەریان بۆ نەچووە یان ئەوانەی موسڵمانن و نەزان بوون وتوشی شیرکێ بوونە نەیانزانیوە شیرکە و ئیقامە حوجە نەکراون، ابن جریر لەتەفسیری ئەم ئایەتە دەڵێت:

"يقول: ولا يجعل له شريكًا في عبادته إياه، وإنما يكون جاعلا له شريكًا بعبادته إذا راءى بعمله الذي ظاهره أنه لله وهو مريد به غيره."

واتە: هاوبەش بڕیارمەدەن لەپەرستنی اللە ئەمە بریتیە لەوەی کاتێ عیبادەتێ ئەکەی بۆ خوا مەبەستت بۆ غەیری خوا بێ کە لەڕواڵەتتدا بۆ خوا ئەنجامی ئەدەی بەڵام مەبەستت غەیری خوایە."

کەواتە ئەم ئایەتە باسی ڕیا ئەکات کە بەمەبەست بۆ غەیری خوا ئەنجام ئەدەی واتە عیلمت هەیە، کەسی ڕیاباز عیلمی هەیە و دەزانێ بۆ غەیری خوای دەکا.

پاشان شوبهەیەکی تر ئەهێننەوە بەم ئایەتە↓↓↓

ئەڵێن بەڵگەیەکی ترلەسەر نەبونی عوزر لەشیرکی اکبر

قوله تعالى :" فيومئذ لا ينفع الذين ظلموا معذرتهم ولا هم يستعتبون " الروم 57.

جا لەو ڕۆژەدا کەسانێ کەستەمیان کردووە بەهانە هێنانەوە سوودیان پێ ناگەیەنێ وە ئەوان داوایان لێ ناکرێ خوا لە خۆیان ڕازی بکەن.

ئیمامی ابن کثیر رحمه الله لەتەفسیری ئەم ئایەتە فەرمویەتی

(" فيومئذ " أي يوم القيامة " لا ينفع الذين ظلموا معذرتهم " أي اعتذارهم عما فعلوا ")

ئەو ڕۆژە واتا ڕۆژی قیامەت ستەمکاران بیانوەکانیان سودیان پێ ناگەیەنێت بیانودەهێننەوە لەسەرئەوشتانەی کردوە

↓↓↓

وەڵامی/ ئیمام عبدالرحمن السعدی لەتەفسیری ئەم ئایەتە دەفەرمێت" ﴿فَيَوْمَئِذٍ لَا يَنْفَعُ الَّذِينَ ظَلَمُوا مَعْذِرَتُهُمْ﴾ فإن كذبوا وزعموا أنهم ما قامت عليهم الحجة أو ما تمكنوا من الإيمان ظهر كذبهم بشهادة أهل العلم والإيمان، وشهادة جلودهم وأيديهم وأرجلهم، وإن طلبوا الإعذار وأنهم يردون ولا يعودون لما نُهوا عنه لم يُمَكَّنُوا فإنه فات وقت الإعذار فلا تقبل معذرتهم، ﴿وَلَا هُمْ يُسْتَعْتَبُونَ﴾ أي: يزال عتبهم والعتاب عنهم."

دەڵێ" ئەو ڕۆژە کەستەمکاران بیانوەکانیان سوودیان پێ ناگەیەنێ، کاتێ درۆ بکەن و بڵێن کە ئیقامە حوجەمان لەسەر نەکراوە یان نەمان توانی ئیمان بهێنین لەوکاتەدا ئەهلی عیلم و ئیمان شایەدیان لەسەر ئەدەن هەروەها پێست و دەست و پێیەکانیان شایەدیان لەسەر ئەدەن کە درۆ دەکەن...."

کەواتە ئەو کافرانە لەدونیا ئیقامە حوجەکراون بۆ خۆدزینەوە و خۆڕزگارکردن ئەو درۆ بیانوانە دێننەوە.

هەروەها ئیمامی ابن کثیر یش هەروا دەڵێ بەڵام ئەو گەمژەیە بۆ چەواشەکردنی خەڵکی نەچووە هەموو تەفسیرەکەی نەقڵ بکات ، ئەمەش دەقی وتەکەی ابن کثیرە بەتەواوی " إِقْسَامُهُمْ بِاللَّهِ أَنَّهُمْ مَا لَبِثُوا فِي الدُّنْيَا إِلَّا سَاعَةً وَاحِدَةً، وَمَقْصُودُهُمْ هُمْ بِذَلِكَ عَدَمُ قِيَامِ الْحُجَّةِ عَلَيْهِمْ، وَأَنَّهُمْ لَمْ يُنْظَرُوا حَتَّى يُعذَر إِلَيْهِمْ. قَالَ اللَّهُ تَعَالَى: ﴿كَذَلِكَ كَانُوا يُؤْفَكُون. وَقَالَ الَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ وَالإِيمَانَ لَقَدْ لَبِثْتُمْ فِي كِتَابِ اللَّهِ إِلَى يَوْمِ الْبَعْثِ﴾ أَيْ: فَيَرُدُّ عَلَيْهِمُ الْمُؤْمِنُونَ

الْعُلَمَاءُ فِي الْآخِرَةِ، كَمَا أَقَامُوا عَلَيْهِمْ حُجَّةَ اللَّهِ فِي الدُّنْيَا، فَيَقُولُونَ لَهُمْ حِينَ يَحْلِفُونَ مَا لَبِثُوا غَيْرَ سَاعَةٍ: ﴿لَقَدْ لَبِثْتُمْ فِي كِتَابِ اللَّهِ﴾ أَيْ: فِي كِتَابِ الْأَعْمَالِ، ﴿إِلَى يَوْمِ الْبَعْثِ﴾ أَيْ: مِنْ يَوْمِ خُلِقْتُمْ إِلَى أَنْ بُعِثْتُمْ، ﴿وَلَكِنَّكُمْ كُنْتُمْ لَا تَعْلَمُونَ﴾ .

قَالَ اللَّهُ تَعَالَى: ﴿فَيَوْمَئِذٍ﴾ أَيْ: يَوْمَ الْقِيَامَةِ، ﴿لَا يَنْفَعُ الَّذِينَ ظَلَمُوا مَعْذِرَتُهُمْ﴾ أَيْ: [لَا يَنْفَعُهُمْ] اعْتِذَارُهُمْ عَمَّا فَعَلُوا، ﴿وَلا هُمْ يُسْتَعْتَبُونَ﴾ أَيْ: وَلَا هُمْ يَرْجِعُونَ إِلَى الدُّنْيَا، كَمَا قَالَ تَعَالَى: ﴿وَإِنْ يَسْتَعْتِبُوا فَمَا هُمْ مِنَ الْمُعْتَبِينَ﴾ [فُصِّلَتْ: ٢٤] .

دەڵێ: کافرەکان لەقیامەت سوێند ئەخۆن بەخوا کە لەدونیا کاتێکی زۆر کەم ماونەتەوە و ئیقامە حوجەنەکراون و مولّەتیان پێ نەدراوە ئیمان بێنن، خوای گەورە دەفەرمێت بەهەمان شێوەی درۆزنەکان ئاوا،دەڵێن پاشان ئەهلی عیلم و ئیمان وەڵامیان ئەدەنەوە کە ئیقامە حوجەیان کردووە لەسەریان لەدونیا....."

پاشان ئەم ئایەتە دێنێتەوە ↓↓↓↓

وقال تعالى " يوم لا ينفع الظالمين معذرتهم ولهم اللعنة ولهم سوء الدار " غافر 52

ڕۆژێك پاكانه كردنی ستەمكاران سوودیان پێ ناگەیەنێ هەموویان نەفرەتیان لێ كراوەو خراپترین جێگایان هەیە.

ابن كثير دەفەرموێ " يوم لا ينفع الظالمين " وهم المشركين " معذرتهم " أي : لا يقبل منهم عذر ولا فدية .)

ئەو ڕۆژەی ستەمکاران - بریتین لەموشریکان - بیانووکانیان سودیان پێ ناگەیەنن نە عوزریان لێ قبوڵە نەفدیە.

وەڵامی/ خەوارجێکی هەرزەکار و چەواشەکار ئەم ئایەتەی هێناوەتەوە گوایە مانای ئەوەیە کە عوذر بەجەهل نیە لای خوای گەورە چونکە ئەوەتا خوای گەورە بەکافران ئەفەرمێت لەڕۆژی قیامەت (يَوۡمَ لَا يَنفَعُ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ مَعۡذِرَتُهُمۡ وَلَهُمُ ٱللَّعۡنَةُ وَلَهُمۡ سُوٓءُ ٱلدَّارِ)[سورة غافر 52].

واتە: ڕۆژی قیامەت ڕۆژێکە بیانوو و پاکانە کردنی کافران هیچ سوودیان پێ ناگەیەنێت هەموویان نەفرەتیان لێکراوە و خراپترین جێگایان هەیە.

کەواتە دەڵێن بەپێی ئەم ئایەتە هیچ عوزرێ نیە بۆکەس!!!!

لەوەڵامی ئەم جۆرە کەسانە کە هەرزەکارن و بۆنی عیلمیان نەکردوە وەکو خەوارج وان خوێندنەوەی ئایەتەکان لەگەرویان ناچێتە خوارەوە تاکو تێبگەن، بەڵکو هەر ئایەتێ ئەبینن کە باسی نەبوونی عوزر بکات شاگەشکە ئەبن لەخۆشیا ئەڵێن وەی الحمدلله ئەوانە ئەچنە دۆزەخەوە و کافرن بەڕاستی موژدەیەکی خۆشبوو !!! بەبێ ئەوەی بڕوانن بزانن سیاقی ئەم ئایەتە باس

لەچی دەکات و باس لەچ جۆرە کەسانێ ئەکات و چۆنە حاڵی ئەو کەسانەی ئەم بیانووەیان نیە لەدونیادا چۆن خوای گەورە باسی کردون، ئێمەش لێرەدا لەم ئایەتە پیرۆزەدا دەڕوانین لەئایەتی پێش ئەم ئایەتە ئایەتی پەنجا کە خوای گەورە سەرەتا باسی حاڵی ئەم کافرانە ئەکات لەدونیا پاشان لەدۆزەخ دەربارەیان دەفەرمێت(وَقَالَ ٱلَّذِينَ فِي ٱلنَّارِ لِخَزَنَةِ جَهَنَّمَ ٱدۡعُواْ رَبَّكُمۡ يُخَفِّفۡ عَنَّا يَوۡما مِّنَ ٱلۡعَذَابِ (49)قَالُوٓاْ أَوَلَمۡ تَكُ تَأۡتِيكُمۡ رُسُلُكُم بِٱلۡبَيِّنَٰتِۖ قَالُواْ بَلَىٰۚ قَالُواْ فَٱدۡعُواْ وَمَا دُعَٰٓؤُاْ ٱلۡكَٰفِرِينَ إِلَّا فِي ضَلَٰلٍ)[سورة غافر 49- 50]

ئینجا ئەوانەی کە لەناو ئاگری دۆزەخدان بە فریشتەکانی کارگێڕی دۆزەخ دەڵێن: داوا لە پەروەردگارتان بکەن؛ تەنها ڕۆژێک سزاو ئازامان لەسەر کەم بکاتەوە (49) ئەوانیش لە وەڵامی داخوازیەکەیاندا دەڵێن: باشە، مەگەر پێغەمبەرەکانتان بە بەڵگەو نیشانەی ڕوون و ئاشکراوە، ڕەوانە نەکرابوون بۆتان و دینتان بۆ ڕوونەکرایەوە ؟ هەمووان بەیەکدەنگ دەڵێن: بەڵێ، ڕاستە، ئینجا فریشتەکان دەڵێن: دەی کەوابوو هەر داوابکەن وبپاڕێنەوە، بێگومان داخوازی و پاڕانەوەی کافران بەهیچ ناچێت، تازە هیچ نرخێکی نیەو گیرا نابێت. پاشان خوای گەورە لەئایەتی 52 دەفەرمێت (يَوۡمَ لَا يَنفَعُ ٱلظَّٰلِمِينَ مَعۡذِرَتُهُمۡۖ وَلَهُمُ ٱللَّعۡنَةُ وَلَهُمۡ سُوٓءُ ٱلدَّارِ)[سورة غافر 52].

واتە: ڕۆژی قیامەت ڕۆژێکە بیانوو و پاکانە کردنی کافران هیچ سوودیان پێ

ناگەیەنێت هەموویان نەفرەتیان لێکراوە و خراپترین جێگایان هەیە. بۆ عوزریان نەبوو ؟ چونکە لەدونیا ئیقامە حوجەکرابوون و بەڵگەکانیان بۆ ڕوون کرابوەوە. بۆیە کاتێ ئاوایان پێ دەوترێ بێ دەنگ ئەبن و ئەزانن هیچ بیانوویەکیان نیە. کەواتە ئەو کافرانە زانا بوونە نەك نەزان بن و عوزریان نەبێت، هەروەکو کەسانێکی خەوارج وا خۆیان وخەڵکی حاڵی ئەکەن و بەم شێوەیە ئەیانەوێ شوێنکەوتەکانیان دەستەمۆ بکەن و لەگەڵ خۆیان بیانبەن بۆ دۆزەخ.

ئیمامی ابن جریر له تەفسیری ئەم ئایەتە دەڵێت:

يقول تعالى ذكره: ذلك يوم لا ينفع أهل الشرك اعتذارهم لأنهم لا يعتذرون إن اعتذروا إلا بباطل، وذلك أن الله قد أعذر إليهم في الدنيا، وتابع عليهم الحجج فيها فلا حجة لهم في الآخرة إلا الاعتصام بالكذب بأن يقولوا: ﴿وَاللَّهِ رَبِّنَا مَا كُنَّا مُشْرِكِينَ﴾ .

دەڵێ: قیامەت ڕۆژێکە کە بیانووەکانی ئەهلی شیرك سوودیان پێ ناگەیەنێ چونکە کاتێ بیانوو دێننەوە بیانوو بەبەتاڵ دێننەوە، چونکە خوا لەدونیا بیانووی بڕین و بەڵگەی یەك لەدوای یەکی بۆ ناردبوون بۆیە لەقیامەت هیچ بەڵگەیەکیان نامێنێ ئیلا پشت بەستن نەبێت بەدرۆ وەك دەڵێن وەڵاهی خوایە ئیمە هاوبەشمان بڕیارنەداوە."

هەموو موفسیرینی قورئان هەروا ئەڵێن بەڵام ئەو خەواریجە ماریقە هەموو وتەکانیان ناهێنێ و بەشێکی دێنێ و خەڵکی چەواشە ئەکات.

پاشان ئەو خاریجیە ئایەتێکی تر نەقڵ ئەکات ↓↓↓

﴿ وَيَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِ سُلْطَانًا وَمَا لَيْسَ لَهُمْ بِهِ عِلْمٌ وَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ نَصِيرٍ ﴾ [الحج: 71]

ئەو هاوبەشدانەرانە جگە لە اللە شتێ دەپەرستن (وە اللە ش) هیچ بەڵگەیەکی نە ناردۆتە خوارەوە لەسەری وە بێگومان خۆشیان هیچ ــزانیاریان دەربارەی ئەو (پەرستراوانە نیە کەدەیان پەرستن لەجیاتی خوا) وە بۆ ستەمکاران نی یە هیچ یارمەتی دەرێك.

ئیمامی ابن کەثیر رحمه الله لەتەفسیری ئەم ئایەتە فەرمویەتی :

اللە هەواڵی داوە لەبارەی هاوبەشدانەرانەوە لەسەرئەوشتەی کە جاهل ــبون وکوفریان کرد و جگە لەخوایان پەرست بەبێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەکیان بۆدابەزێنرابێت کە جگە لە اللە بپەرستن.

↓↓↓↓↓

وەڵام / دیسان ئەو گومڕایە وتەکەی ابن کەسیری بڕیوە و هەموی نەهێناوە تەواوکاری ئایەتەکەی نەهێناوە کەباس لەو کافرانە دەکات کە پێغەمبەر صلی

الله عليه وسلم ئايەتەكانى قورئانيان بەسەردا ئەخوێنێتەوە خەریکە پەلاماری ئەدەن و هێرش ئەکەنەسەری کاتێ بەڵگەکانی قورئانیان بۆباس ئەکات کەواتە ئەم ئایەتە باس لەو کافرانە ئەکات کە موعانیدن و حەقیان پێ گەیشتوە و ڕەتیان کردۆتەوە

هەروەك ئیمامی ابن کثیر دەڵێت " يَقُولُ تَعَالَى مُخْبِرًا عَنِ الْمُشْرِكِينَ فِيمَا جَهِلُوا وَكَفَرُوا، وَعَبَدُوا مِنْ دُونِ اللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِ سُلْطَانًا، يَعْنِي: حُجَّةً وَبُرْهَانًا، كَقَوْلِهِ: ﴿وَمَنْ يَدْعُ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ لَا بُرْهَانَ لَهُ بِهِ فَإِنَّمَا حِسَابُهُ عِنْدَ رَبِّهِ إِنَّهُ لَا يُفْلِحُ الْكَافِرُونَ﴾ [الْمُؤْمِنُونَ: ١١٧] . وَلِهَذَا قَالَ هَاهُنَا: ﴿مَا لَمْ يُنزلْ بِهِ سُلْطَانًا وَمَا لَيْسَ لَهُمْ بِهِ عِلْمٌ﴾ أَيْ: وَلَا عِلْمَ لَهُمْ فِيمَا اخْتَلَقُوهُ وَائْتَفَكُوهُ، وَإِنَّمَا هُوَ أَمْرٌ تَلَقَّوْهُ عَنْ آبَائِهِمْ وَأَسْلَافِهِمْ، بِلَا دَلِيلٍ وَلَا حُجَّةٍ، وَأَصْلُهُ مِمَّا سَوَّلَ لَهُمُ الشَّيْطَانُ وَزَيَّنَهُ لَهُمْ؛ وَلِهَذَا تَوَعَّدَهُمْ تَعَالَى بِقَوْلِهِ: ﴿وَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ نَصِيرٍ﴾ أَيْ: مِنْ نَاصِرٍ يَنْصُرُهُمْ مِنَ اللَّهِ، فِيمَا يَحِلُّ بِهِمْ مِنَ الْعَذَابِ وَالنَّكَالِ. ثُمَّ قَالَ: ﴿وَإِذَا تُتْلَى عَلَيْهِمْ آيَاتُنَا بَيِّنَاتٍ﴾ أَيْ: وَإِذَا ذُكِرَتْ لَهُمْ آيَاتُ الْقُرْآنِ وَالْحُجَجُ وَالدَّلَائِلُ الْوَاضِحَاتُ عَلَى تَوْحِيدِ اللَّهِ، وَأَنَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ، وَأَنَّ رُسُلَهُ الْكِرَامَ حَقٌّ وَصِدْقٌ، ﴿يَكَادُونَ يَسْطُونَ بِالَّذِينَ يَتْلُونَ عَلَيْهِمْ آيَاتِنَا﴾ أَيْ: يَكَادُونَ يُبَادِرُونَ الَّذِينَ يَحْتَجُّونَ عَلَيْهِمْ بِالدَّلَائِلِ الصَّحِيحَةِ مِنَ الْقُرْآنِ، وَيَبْسُطُونَ إِلَيْهِمْ أَيْدِيَهُمْ وَأَلْسِنَتَهُمْ بِالسُّوءِ! ﴿قُلْ﴾ أَيْ: يَا مُحَمَّدُ لِهَؤُلَاءِ. ﴿أَفَأُنَبِّئُكُمْ بِشَرٍّ مِنْ ذَلِكُمُ النَّارُ وَعَدَهَا اللَّهُ الَّذِينَ كَفَرُوا ﴾ أَيِ: النَّارُ وَعَذَابُهَا

وَنَكَالُهَا أَشَدُّ وَأَشَقُّ وَأَطَمُّ وَأَعْظَمُ مِمَّا تُخَوِّفُونَ بِهِ أَوْلِيَاءَ اللَّهِ الْمُؤْمِنِينَ فِي الدُّنْيَا، وَعَذَابُ الْآخِرَةِ عَلَى صَنِيعِكُمْ هَذَا أَعْظَمُ مِمَّا تَنَالُونَ مِنْهُمْ، إِنْ نِلْتُمْ بِزَعْمِكُمْ وَإِرَادَتِكُمْ.

* * *

وَقَوْلُهُ: ﴿وَبِئْسَ الْمَصِيرُ﴾ أَيْ: وَبِئْسَ النَّارُ مَنْزِلًا وَمَقِيلًا وَمَرْجِعًا وَمَوْئِلًا وَمُقَامًا، ﴿إِنَّهَا سَاءَتْ مُسْتَقَرًّا وَمُقَامًا﴾ [الفرقان: ٦٦] ."

هەروەها شوبهەچی و دڵ نەخۆشەکان بەڵگەم بەم ئایەتە دێننەوە کە خوای گەورە دەفەرمێت (يَحْلِفُونَ بِٱللَّهِ مَا قَالُواْ وَلَقَدْ قَالُواْ كَلِمَةَ ٱلْكُفْرِ وَكَفَرُواْ بَعْدَ إِسْلَٰمِهِمْ وَهَمُّواْ بِمَا لَمْ يَنَالُواْ وَمَا نَقَمُوٓاْ إِلَّآ أَنْ أَغْنَىٰهُمُ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ مِن فَضْلِهِۦ ۚ فَإِن يَتُوبُواْ يَكُ خَيْرًا لَّهُمْ ۖ وَإِن يَتَوَلَّوْاْ يُعَذِّبْهُمُ ٱللَّهُ عَذَابًا أَلِيمًا فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْءَاخِرَةِ ۚ وَمَا لَهُمْ فِى ٱلْأَرْضِ مِن وَلِىٍّ وَلَا نَصِيرٍ)[سورة التوبة 74].

واتە: (دوو ڕووەکان) سوێند دەخۆن بەخوا (ئەو ووتانەی دراوەتە پاڵیان) نەیانووتووە سوێند بەخوا بێگومان ووتەی بێ باوەڕییان ووتووە وە بێ بڕوا بوونەتەوە لەپاش موسوڵمان بوونیان و نیازی شتێکیان بوو بەڵام بۆیان نەکرا (کوشتنی پێغەمبەر ﷺ کاتی گەڕانەوەی لەتەبووک) وە هیچ ڕەخنەو ڕقێکیان نەبوو تەنها لەبەر ئەوە نەبێت کە خواو پێغەمبەرەکەی و (بڕوادارانیان) دەوڵەمەند کردوە لە فەزڵ و بەهرەی خۆی ئەمجا ئەگەر ئەوان بگەڕێنەوە

وپەپشیمان ببنەوە ئەوە چاکترە بۆیان وە ئەگەر ڕوو وەرگێڕن و (نەگەڕێنەوە) ئەوە خوا سزایان دەدات بەسزایەکی سەخت لە دونیا و پاشەڕۆژدا وە لەزەویدا نیە بۆ ئەوان هیچ دۆست و یارمەتیدەرێک
دەڵێن ئەوەتا خوای گەورە ڕاستەوخو دەڵیت کەلیمەی کوفریان ووت و کافربوون لەدوای موسڵمان بونیان بەبێ هیچ قەید و شەرطێ !!!

لەوەڵامدا ئەڵێم: هەروەك زاهیری ئایەتە دیار و ئاشکرایە و ئیجماعی موفەسیرینیش هەروایە کە دەڵێن ئەم ئایەتە دەربارەی عەبدوڵای کوڕی ئوبەی کوڕی سەلول دابەزی کە جنێوی دا بە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم هەروەها دەربارەی جەلاسی کوڕی سویدیش دابەزی کە ئەیوت ئەگەر ئەو دینەی محمد حەق بێت ئەوا ئێمە لە کەر کەرترین. کە لەمەدینەبوون ئەم کەسانە و پێغەمبەری خوا لەناویان بوون و بانگەوازی ئیسلامیان بەتەواوی پێگەیشتبوو.

ابن جەریری تەبەری دەڵێت له ابن عباس ەوە هاتووە کەدەڵێ : كان رسول الله ﷺ جالسًا في ظلّ شجرة، فقال: إنه سيأتيكم إنسانٌ فينظر إليكم بعيني شيطان، فإذا جاء فلا تكلموه. فلم يلبث أن طلَع رجل أزرقُ، فدعاه رسول الله ﷺ، فقال: علامَ تشتمني أنت وأصحابك؟ فانطلق الرجل فجاء بأصحابه، فحلفوا بالله ما قالوا وما فعلوا، حتى تجاوَز عنهم، فأنزل الله: ﴿يحلفون بالله ما

قالوا﴾ ، ثم نعتهم جميعًا، إلى آخر الآية. وقال آخرون: بل نزلت في عبد الله بن أبيٍّ ابن سلول: قالوا: والكلمة التي قالها .

دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ دانیشتبوو لەژێر سێبەری داربەك و پێی ووتین ئێستا پیاوێ دێ بۆ لاتان بەچاوی شەیتان ئەڕوانێ ئەگەر هات قسەی لەگەڵ نەکەن، ئەڵێ زۆری پێ نەچوو پیاوێکی شیناوی هات، پێغەمبەر ﷺ بانگی کرد و پێی ووت ئەوە بۆ تۆ برادەرەکانت جنێوم پێ ئەدەن، ئەوانیش سوێندیان خوارد جنێویان نەداوە تاکو پێغەمبەر ﷺ وازی لێیان هێنا خوای گەورەش ئەم ئایەتەی دابەزاند و وەسفی هەموو ئەو مونافیقانەی کرد، بەشێ تریش دەڵێن دەربارەی جنێوەکەی ابن سەلول دابەزیوە.

زانایانی تەفسیر دەڵێن یەکێ لەو ڕێگایانەی بەهۆی لەمانای ئایەتەکان حاڵی ئەبین زانینی هۆکاری دابەزینی ئایەتەکانە، ئەگەرچی عیبرەت بە گشتی لەفزەکانە نەك بەتایبەت کردنی هۆکارەکان، بەڵام ئەو هۆکارانە کەبەهۆیانەوە دابەزیوە ئەو ئایەتانە هەتا قیامەت هەموو کەسێ ئەگرێتەوە کە ئەو هۆکارانەی تێدا بێت کە بەهۆی دابەزیون ئایەتەکان ئەمەش مانای گشتی لەفزەکان و سوودی زانینی دابەزینی هۆکاری ئایەتەکان، بۆ نموونە ئەم ئایەتە دەربارەی کەسانێ دابەزیوە جنێویان داوەتە پێغەمبەر ﷺ لە مەدینە و داری ئیسلام بوونە و بانگەوازی ئیسلامیان بەچاکی پێگەیشتووە بۆیە ڕاستەوخۆ کافربوونە چونکە جنێودان و گاڵتەکردن بەدین و دژایەتی کردنی دینی خوا هیچ نەزانیەکی

تێدا قبوڵ ناکرێت و هیچ بیانوویەك نیە بۆ ئەنجامدانی و چاوپۆشی لێ کردنی، جا هەرکەسێ وەك ئەو مونافیقانە جنێو بدات تا ڕۆژی قیامەت ئەوا حوکمی کافربوونی ڕاستەوخۆ ئەیگرێتەوە و ئایەتەکە شوملی ئەکات. ئەمەشە مانای ئایەتەکە و ڕاستی تێگەیشتن لەئایەتەکە نەوەك هەموو جۆرە وکوفر و شیرکێ قیاس بکەیت لەسەر ئەم ئایەتە، ئەگەر وابوایە ئیتر سوودی زانینی هۆکاری دابەزینی ئایەتەکان و دیاری کردنی شوێنی دابەزینی ئایەتەکان چیە کە زانایان دەیان کتێبیان لەو بارەیەوە نوسیوە و گەورەترین گرنگیان پێداوە لە علومی تەفسیر و قورئان.

هەروەها ئەم قەولەی ابن عباس کە دەڵێ: من کفر بالرجم فقد کفر بالقرآن من حیث لایحتسب.

هەرکەسێك ئینکاری ڕەجم کردن بکات ئەوا ئینکاری قورئانی کردوە بەشێوەیەك هەستی پێ نەکردوە .

وەڵام: ئەم بڕگەیەی کە دەڵێ (بەشێوەیەك کەهەستی پێ نەکردوە) مانای ئەوەیە نازانێ کە ئەوە ئایەتێکە لەقورئان نەبونی عوذر بەجەهلی تێدا نیە، ئەمە لەخانەی تەکفیری موتڵەقە کە تەکفیری المعین ناخوازێت.

ئەڵێن ئایەتی (من كفر فعليه كفره) واتای ئەوەیە هەركەسێك كوفرێك بكات ئەوا كافر ئەبێت بەبێ هیچ قەید و شەرطێك !!!

)هُوَ ٱلَّذِى جَعَلَكُمۡ خَلَٰٓئِفَ فِى ٱلۡأَرۡضِۚ فَمَن كَفَرَ فَعَلَيۡهِ كُفۡرُهُۥۖ وَلَا يَزِيدُ ٱلۡكَٰفِرِينَ كُفۡرُهُمۡ عِندَ رَبِّهِمۡ إِلَّا مَقۡتٗاۖ وَلَا يَزِيدُ ٱلۡكَٰفِرِينَ كُفۡرُهُمۡ إِلَّا خَسَارٗا)[سورة فاطر 39]

واتە: هەر ئەو زاتە ئێوەی كردە جێنشینی(پێشوەكان) لەزەویدا ئەوسا هەر كەس بێ باوەڕ بێ ئەوە (تۆڵەی) بێ باوەڕییەكەی هەر بۆ خۆیەتی و بێ باوەڕی كافران هیچیان بۆ زیاد ناكات لای پەروەردگاریان جگە لەخەشم و ڕقی زۆر وە بێ باوەڕیی كافران هیچیان بۆ زیاد ناكات بێجگە لەزەرەرۆمەندی .

ئەڵێن ئایەتی (من كفر فعليه كفره) واتای ئەوەیە هەركەسێك كوفرێك بكات ئەوا كافر ئەبێت بەبێ هیچ قەید و شەرطێك !!!

وەڵام /سیاقی ئایەتەكە باسی كافری ئەصڵی و كافرانی قوڕەیش ئەكات كەدەعوەیان پێ گەیشتبوو هەر عینادیان ئەكرد خوای گەورەش دڵی پێغەمبەر ئەداتەوە و دەفەرمێت هەركەسێ كوفری كرد تاوان وسزای كوفرەكەی لەسەر خۆیەتی و سزاكەی وەرئەگرێت. هەركەسێكیش وەكو

كافرەكانى قورەيش دەعوەكەى پێ بگات بۆى ڕوون بێت ئەوا ئيقامەى حوجەكراوە كافر دەبێت.

ابن عاشوور لەتەفسيرى ئەو ئايەتەش ئەڵێت : فتأويل الآية : أنهم لمَّا وصفوا بالكفر ابتداءً ثم أخبر بأن كفرهم يزيدهم مقتاً عُلم أن المراد بكفرهم الثاني الدوام على الكفر يوماً بعد يوم ، وقد كان المشركون يتكبّرون على المسلمين ويُشاقونهم ويؤيسونهم من الطماعية في أن يقبَلوا الإسلام بأنهم أعظم من أن يتبعوهم وأنهم لا يفارقون دين آبائهم ، ويحسبون ذلك مقتاً منهم للمسلمين فجازاهم الله بزيادة المقت على استمرار الكفر ،

هەروەها ابن حيان الاندلسى لەتەفسيرەكەيدا دەڵى :

}فعليه كفره } : أي عقاب كفره ، والظاهر أنه خطاب عام ؛ وقيل : لأهل مكة .

خاوەنى تەفسيرى الوسيط زياتر مانای ئايەتەكە ڕوون ئەكاتەوە و ئەفەرمێت

}فَمَن كَفَرَ فَعَلَيْهِ كُفْرُهُ } أى : فمن كفر بالحق الذى جاءه به الرسول صلى الله عليه وسلم واستمر على ذلك ، فعلى نفسه يكون وبال كفره لا على غيره .

واتە : هەركەسێ كوفر بكا بەحەق ئەو حەقەى پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم پێى هاتووە و بەردەوام بێت لەسەرى ئەوا ئەوا سزاى كوفرەكەى لەسەر خۆيەتى نەک كەسى تر.

کەواتە ئەو سزایە کاتێ ئەبێت کە دینەکەی پێغەمبەری بۆبێت وەکو خۆی بۆی ڕوون بکرێتەوە پاشان کوفر بکات ئەوکاتە سزای کوفرەکەی کوفرەکەی لەسەر دەچەسپێت چونکە خوای گەورە دەفەرمێت (وما کنا معذبین حتی نبعث رسولا)

خەواریجەکان شوبهەیەکی تر ئەهێننەوە ئەڵێن بەپێی ئەم فەرموودەیە هەرکەسێك کوفر بکات و نەزان بێت و ئاگای لێی نەبێت ئەوا کافربووە، ئەمەش فەرموودەکەیە ↓↓↓

صَلَّى لَنَا رَسولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ صَلَاةَ الصُّبْحِ بالحُدَيْبِيَةِ علَى إثْرِ سَمَاءٍ كَانَتْ مِنَ اللَّيْلَةِ، فَلَمَّا انْصَرَفَ أقْبَلَ علَى النَّاسِ، فَقالَ: هلْ تَدْرُونَ مَاذَا قالَ رَبُّكُمْ؟ قالوا: اللَّهُ ورَسولُهُ أعْلَمُ، قالَ: أصْبَحَ مِن عِبَادِي مُؤْمِنٌ بي وكَافِرٌ، فأمَّا مَن قالَ: مُطِرْنَا بفَضْلِ اللَّهِ ورَحْمَتِهِ، فَذلكَ مُؤْمِنٌ بي وكَافِرٌ بالكَوْكَبِ، وأَمَّا مَن قالَ: بنَوْءِ كَذَا وكَذَا، فَذلكَ كَافِرٌ بي ومُؤْمِنٌ بالكَوْكَبِ.

الراوي : زيد بن خالد الجهني | المحدث : البخاري | المصدر : صحيح البخاري

ئەفەرمێ ، پێغەمبەر نوێژی بۆ کردوون و لە حودەیبیە کاتێ تەواو بووە ڕووی کردۆتە خەڵکەکە وە فەرموویەتی ،

ئایا ئەزانن اللە تعالی چی فەرموو ؟

ووتیان اللە تعالی وپێغەمبەرەکەی دەزانن

فەرمووی ،هەتانە بەیانی دەکەنەوە لە بەندەکانم ئیمان داری بەمن تێدایە و کافریش

بەڵام ، هەرکەسێ ووتی باران باری بۆمان لە منەت وبەخششی اللە تعالی وە ئەوە ئیماندارە بەمن و کافرە بە ئەستێرەکان

بەڵام ، هەرکەس ووتی باران باری بەهۆی فلّان ئەستێرە و فلّان ئەستێرە ئەوە کافرە بە من و بڕوادارە بە ئەستێرەکان .

کەواتە ئەوانە باوەڕێکیان هەبووە و نەیانزانیوە کەوا کوفرە و خوای گەورەش کافری کردوون ؟!!!!

لەوەڵامدا ئەڵێم /

وەڵامی ئەو چەواشەکاریە لەسێ خاڵدا ئەدەمەوە

-1مەبەست لەکوفری ئەو فەرموودەیە کوفری ئەصغر و نیعمەتە بەبەڵگەی فەرموودەکەی ابن عباس کە ئیمامی مسلم ڕیوایەتی کردوە هەروەك ئیمامی ابن رجب لە فتح الباری دەفەرمێت، پاشان هیچ بەڵگەیەك نیە پێغەمبەر صلی اللە علیه وسلم تەکفیری کردبن وداوای دوبارە هێنانەوەی شایەتمانی لێ کردبن. ئیمام ابن حجر له فتح الباری دەڵێت: " ويحتمل أن يكون المراد به كفر النعمة، ويرشد إليه قوله في رواية معمر عن صالح عن سفيان " فأما من حمدني على سقياي وأثنى عليه فذلك آمن بي " وفي رواية سفيان عند النسائي

والإسماعيلي نحوه، وقال في آخره: وكفر بي " أو قال " كفر نعمتي " وفي رواية أبي هريرة عند مسلم " قال الله: ما أنعمت على عبادي من نعمة إلا أصبح فريق منهم كافرين بها " وله في حديث ابن عباس " أصبح من الناس شاكر ومنهم كافر "

دەڵێت:" ئەگەر هەیە مەبەست لەکوفری ئەو فەرموودەیە کوفری نیعمەت بێت بەپێی ڕیوایەتی معمری کوری صاڵح کە دەفەرمێت:" هەرکەسێک سوپاسم بکات لەسەر بارینی باران ئەوا باوەڕی بەمن هێناوە " لە ڕیوایەتێکی تردا کە لەنەسائی هاتووە "کوفرم پێ بکات یان کوفر بکات بەنیعمەتەکانم" یان بەپێی ڕیوایەتی مسلم کە ئەبو هورەیرە دەیگێڕێتەوە خوای گەورە دەفەرمێت هیچ بەخششێکم نەبەخشیوە بەبەندەکانم ئیلا کۆمەڵێ لەو بەندانەم کافربونە پێی" لەڕیوایەتێ تردا کە ابن عباس دەیگێڕێتەوە " هەندێکیان سوپاسگوزار بوونە و هەندێکیان کافر "

ئیمامی ابن رجب له فتح الباری دەڵێت: " فظاهر الحديث يدل على أنه كفر نعمة الله، وقد سبق عن ابن عباس أنه جعله كفراً بنعمة الله عزوجل ."

بەرگی شەش لاپەڕە 337 ژمارەی 1038.

دەڵێن ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر نەبوونی عوذر بەجەهل ئەوەتا پێش هاتنی دین بەموشریکی ناو هێناون!!

ئیمامی قاسم بن سلام لەکتیبی ئیمانەکەیدا لەبارەی ئەم شوبهەیە دەڵێت:

وأما الثالث الذي بلغ به كفر الردة نفسها:

فهو شر من الذي قبله, لأنه مذهب الخوارج الذين مرقوا من الدين بالتأويل, فكفروا الناس بصغار الذنوب وكبارها, وقد علمت ما وصفهم رسول الله صلى الله عليه وسلم من المروق, وما أذن فيهم من سفك دمائهم.(الجامع في كتب الإيمان والرد المرجئة- جمعه ابو عبدالله عادل آل حمدان ص 71)

دەڵێ: سێیەم صنف كه تەئویلی كوفری ئەم جۆرە كارانەیان كردوە بەوەی كوفری گەورەبێ و هەڵگەڕانەوەبێ لەدین:

ئەم تەئویلەیان زۆر خراپترە لەتەئویلی پیشوو،چونكه ئەمە مەزهەبی خەوارجە ئەوانەی دەرچوون لەدین بەهۆی تەئویل خەڵكیان بەهۆی گوناحی گەورە و بچوكەوە كافركرد، دەزانی كەپێغەمبەرصلى الله عليه وسلم چۆن وەسفی ئەو خەواریجانەی كردوە كه لەدین دەرەچن و ئیزنی داوە بەڕشتنی خوێنیان.

كەواتە هەركەسێ ئەم جۆرە كوفرانە بەكوفری گەورە بزانێ ئەوا خەوارج و ماریقەیە باچاك بزانێ و ئاگاداری بن.

له شوبهەیەكی تریان هەیە و ئەم ئایەتە پیرۆزە دەهێننەوە

(لَمْ يَكُنِ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ وَالْمُشْرِكِينَ مُنفَكِّينَ حَتَّىٰ تَأْتِيَهُمُ الْبَيِّنَةُ) البَيِّنَة (١)

ناوی ناون موشریک پێش ئەوەی بۆیان ڕوون بکرێتەوە .

بێ باوەڕەکان لە خاوەننامەو هاوبەشدانەران، دەست بەرداریان نەبوون لە کوفریان [حَتَّىٰ تَأۡتِيَهُمُ ٱلۡبَيِّنَةُ] تا بەڵگە و نیشانەی ڕوونیان بۆ هات.

پێش هاتنی حوجە و بەینە ناوی ناون موشریک.

وەڵامم / [بەڵێ وایە بەڵام ئەوانە کافری ئەصلین ئەحکامی کافری ئەصلی و موسڵمان جیاوازە اللە تعالی دەفەرمێت (أَفَنَجۡعَلُ ٱلۡمُسۡلِمِينَ كَٱلۡمُجۡرِمِينَ 35مَا لَكُمۡ كَيۡفَ تَحۡكُمُونَ) سورة القلم 36

واتە: چۆن ئێمە موسوڵمان وکافران وەك یەك لێ دەکەین؟ لەحوکمی دونیا و قیامەتیان ,ئەوە چیتانە چۆن بڕیار ئەدەن بەیەکسان کردنیان .[

هەروەها شوبهە هێنانەوە بەم ئایەتەی تر کە خوای گەورە دەفەرمێت(وَإِنۡ أَحَد مِّنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ٱسۡتَجَارَكَ فَأَجِرۡهُ حَتَّىٰ يَسۡمَعَ كَلَٰمَ ٱللَّهِ ثُمَّ أَبۡلِغۡهُ مَأۡمَنَهُۥۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ قَوۡم لَّا يَعۡلَمُونَ)[سورة التوبة 6]

دەڵێن پێش بیستنی قورئان بەموشریك ناوی هێنان !!

وەڵامم / سەرەتا پێویستە بزانین ئایەتە باس لەموشریکەکانی قورەیش ئەکات کە کافری ئەصلین و عیلمیان هەبوە دوای بیست ساڵ بوە لەبانگەوازی تەوحید و ئیسلام ئەم ئایەتە ساڵێ پێش حەجی ماڵئاوایی دابەزی کە ئەمر دەکات بەکوشتنیان گومانیشی تێدانیە کە ئەمر کردن بەقیتال کردنی کافران

مانای ئەوەیە کەدەعوەیان پێ گەیشتوە چونکە لەوسااڵەی ئەم ئایەتە دابەزی پێغەمبەر صلی اللە علیە وسلم عەلی کوڕی ئەبوتاڵیبی نارد لەمەوسمی حەج سورەتی تەوبە بخوێنێ بسەر خەڵکی و هەموو عەرەب وە ئەو سااڵە بوو کە ئەبو بەکر حەجی کرد بەخەڵکی پێش حەجی وەداع بەسااڵێ کەلەسەرەتای سوڕەتەکە ئاگاداریە لایەن خواو پێغەمبەرەوە بۆ هەموو خەڵکی کە خواو پێغەمبەر بەرین لەموشریکەکان وەهەر لەم سااڵەدا بوو بانگەوازکرا ئیتر موشریك بۆی نیە حەج بکا تەواف بکات بەڕووتی پاشان اللە تعالی ماوەی چوارمانگی دایە موشریکەکان، پاشان فەرمانی کرد بەبڕوادارن کە هەر موشریکێکیان بینی بیکوژن دوای ئەو چوارمانگە بەڵام دوای ئەم چوار مانگە حاڵەتێکی تایبەت ئەگەر ڕویدا وەک ئەوەی ئەگەر یەکێ لەموشریکەکان ویستی گوێ بگرێ لەقورئان و شارەزابێ لەئەوامیرەکانی شەرع علمی دەعوەی لەگەڵ بکرێ بۆ ڕودانی ئەم جۆرە حاڵەتە خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند (وإن أحد من المشركين استجارك ..) ئەو موشریکەی هاتوە لەئایەتەکە دەزانێ موحەمەد صلی اللە علیە وسلم ئەوا بیست سااڵە بانگەوازدەکا لەناو عەرەب بۆ لا اله الااللە و شکاندنی بتەکان و زۆرێ لەگەورەکانی قوڕیش یش بونەتە موسڵمان و زۆربەی ناوچەکانی عەرەب هاتنە ناو ئیسلام دەشزانی مەککە بووە بەداری ئیسلام وبتەکانی دەوری کەعبە ڕوخێنراوە و ئیتر موشریك ڕێگەی حەجی پێنادرێ وەدەزانێ خوا تەبڕای

کردوە لەموشریکان وەدەزانێ خوا کۆمەڵێ ئایەتی دابەزاندوە خوێن خۆی هاوپیشەکانی بەهەدەر داوە وە دەزانی هیچ هەڵبژاردەیەکی تری لەبەردەم نەماوە جگە لەموسلمان بون یان شمشێر هەربۆیە ئەم کەسە دەیەوێ ڕزگاری بێ وبگاتە لای پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم تاکو گوێی لەکەلامی رب العالمین بێ و بەڵکو ببێتە هۆی ئەوەی خوا هیدایەتی بدات بۆیە داوای ئەمان دەکات لەپێغەمبەر، منیش دەڵێم دوای ئەو هەموو ڕوداوە مەعقولە کەسێ بڵێ خوا ناوی ناوە بەموشریك و نەزان بووە بۆیە دەڵێین ئەو عیلمەی لێردەدا نەفی کراوە عیلمی دەعوەیە نەك عیلمی حوجە -ابن كثير دەڵێت :" ﴿ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَا يَعْلَمُونَ﴾ أَيْ: إِنَّمَا شَرَعْنَا أَمَانَ مِثْلِ هَؤُلَاءِ لِيَعْلَمُوا دِينَ اللَّهِ، وَتَنْتَشِرَ دَعْوَةُ. اللَّهِ فِي عِبَادِهِ ".

واتە: ئەوانە قەومێکن کەنازانن یەعنی ئێمە تەشریعی ئەمانمان کردوە بۆ هاوشێوەی ئەوجۆرەکەسانە تاکو دینی الله شارەزابن و دەعوەکە بڵاوببێتەوە لەناو بەندەکانی "

پاشان هەروەك ڕونمان کردەوە ئەم ئایەتە تایبەتە بەکافری ئەصلی کە بەهیچ شێوەیەک ئیسلام لەحەقیدا سابت نەبووە و بەهیچ شێوەیەك موسڵمانێك ناگرێتەوە کەتوشی کردەوەیەکی شیرکی بوبێت، چونکە موسڵمان ئەگەر کارێکی شیرکی بکات بەبێ عوزر ئەبێ ئیستیتابەی بکەی ئەگەر تەوبەی کرد باشە ئەگەر نا ئەبێ بیکوژی نایگەڕێنێتەوە بۆماڵ و شوێنەکەی خۆی هەروەکو لەم

ئایەتە بۆ کافرەکە دەفەرمێت دوای ئەوەی دەعوەت لەگەڵ کرد بیگەڕێنەوە شوێنی خۆی
کەواتە هیچ پەیوەندی نیە بەوەی بەموسڵمانێکەوە بلکێنرێ کەتوشی شیرکێ بووە بەنەزانی و جیاوازیەکەیان زۆرە ئایەتەکە .

پاشان شوبهە دەهێننەوە بەم ئایەتە پیرۆزەی خوارەوە
ئەفەرموویت : قُلْ هَلْ نُنَبِّئُكُم بِالْأَخْسَرِينَ أَعْمَالًا ()الَّذِينَ ضَلَّ سَعْيُهُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَهُمْ يَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ يُحْسِنُونَ صُنْعًا] الكهف (١٠٣ ـ ١٠٤)
بڵێ ئەی محەمەد ـ صلى الله عليه وسلم ـ ئایا پێتان بڵێم: زەرەرمەندترین کەس لای الله تعالى کێیە؟
ئەوانەن کە هەوڵ و تێکۆشانەکانیان لەم ژیانی دونیادا بەهەوانتەو بێ ناوەرۆک دەرچوو، چونکە کافربوون و هەرچیشیان کردبێ لێیان وەرنەگیراوە .

↓↓↓↓

وەڵام / ئەمە تەحریف کردنی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزە و هاتوە ئایەتێکی هێناوە بەڵام کۆتاییەکەی قرتاندوە چونکە دەستەکەی کەشف ئەبێ کەباس لەو کافرانە دەکات کە کوفریان کردوە بەئایەتەکانی پەروەردگاریان و بەڕۆژی دوایی هەربۆیە هیچ نرخێ دانانێین بۆ کردەوەکانیان ئەگەر چیش وابزانن کاری چاك دەکەن .

ئەمەش کۆتایی ئایەتەکەیە کە اللە تعالی دەفەرمێت

(أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِـَٔايَٰتِ رَبِّهِمۡ وَلِقَآئِهِۦ فَحَبِطَتۡ أَعۡمَٰلُهُمۡ فَلَا نُقِيمُ لَهُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ وَزۡنا) سورة الكهف 105 .

واتە : ئەوانە کەسانێکن کافربوون بەئایەتەکانی پەروردگاریان و گەیشتن بەخزمەتی وڕۆژی دوایی لەبەر ئەوە کردەوەکانیان پوچەڵ و بێ پاداشت دەرچوو کەواتە لەڕۆژی دواییدا هیچ نرخ و ڕێزێکیان بۆ دانانێین، پاشان لەسیفەتی سێیەمیان دەفەرمێت

(ذَٰلِكَ جَزَآؤُهُمۡ جَهَنَّمُ بِمَا كَفَرُواْ وَٱتَّخَذُوٓاْ ءَايَٰتِي وَرُسُلِي هُزُوًا)[سورة الكهف 106] .

واتە: ئەوە تۆڵە و سزایان دۆزەخە لەبەر ئەوە کافربوون و گاڵتەیان دەکرد بەئایەتەکان و پێغەمبەرانی ئێمە ".

کەواتە ئایەتەکە باس لەکافرانی ئەصلی دەکات و باس لەهەرکەسێ دەکات کە ئەم سیفەتانەی تێدابێ کوفرکردن بەئایەتەکانی خوا و بەڕۆژی قیامەت و گاڵتەکردن بەپێغەمبەران کاتێ کەبۆیان نێردران. کەواتە بەهیچ جۆرێ باس لەموسڵمانێ ناکا کەتوشی شیرکێ دەبێ بەنەزانی و پێی نازانێ تاکو ئەو حوکمە بیگرێتەوە بەڵکو ئەو حوکمە بەگشتی هەموو کەسێ ئەگرێتەوە ئەو سێ سیفەتانەی تێدابێ کە اللە تعالی باسی کردوە، هەروەها کەسانێکیش

ئەگریٚتەوە کە ئیقامە حوجەیان کرابێ و حەقیان بۆ ڕوونکرابێتەوە پاشان مل نەدەن هەروابزانن خۆیان لەسەر حەقن ئەمەیە مەبەستی ئایەتەکە.

شوبهەیەکی تر ئەهێننەوە دەڵێن :

- ئیمامی بوخاری لە صەحیحەکەیدا فەرموودەیەک ڕیوایە ئەکات ...]وَإِنَّ الْعَبْدَ لَيَتَكَلَّمُ بِالْكَلِمَةِ مِنْ سَخَطِ اللَّهِ لَا يُلْقِي لَهَا بَالًا يَهْوِي بِهَا فِي جَهَنَّمَ] وە لە ڕیوایەتێکی تر کە لە هەردوو صەحیەکەدا هاتووە ئەفەرموێت[ما يتبين ما فيها].

وە ئیمامی ترمذي ئەو فەرموودەی ڕیوایەت کردووە لە ڕێگای محمد بن اسحاق ... بەڵەفزی (لا يرى بها باسا يهوى بها في نار سبعين خريفا) ... فتح الباری موجەلدی ١١ لاپەڕەی ٣١٤ - ٣١٨.

مانا هەموو ڕیوایەتەکان ئەوەیە بەندەیەکی موسڵمان قسەیەک ئەکات بەبێ ئەوەی ئاگای لێ بێت و گوێی پێ بدات ئەو قسەیە اللە تعالى تووڕە ئەکات و سزای ئەیات و فڕێی ئەیاتە جەهەنەمەوە .

جا ئەم فەرموودەیە باسی کەسێک ئەکات قسەیەک ئەکات لە تووڕەیی اللە تعالى وە ئاگادار نیە و بۆی ڕوون نەبووەتەوە [ما يتبين ما فيها] کە ئەوە مەعصیەت و تەعەدایە ، لەگەڵ ئەوەشدا فڕێ ئەدرێتە جەهەنەمەوە ٧٠ پایز هیچ عوذریشی نیە بە جەهل و بە خطأ .

جا ئەمە بۆ مەعصیەت و تاوانێک وا بێت کە خاوەنەکەی تەنها ووشەیەکی ووتوەو لە بێ ئاگایی و نەزانی خۆیی و بۆیی ڕوون نەبوەتەوە ئایا ئەم ووشەیە چاکە یان خەراپە و ووتویەتی هیچ عوذری لێ قەبوڵ نەکراوە نە جەهل و نە خطأ و نەبێ ئاگایی ئەی بۆ تەحوید و ئەصڵی دین چۆن قەبوڵ ئەکرێت چۆن لە شیرکدا قەبوڵ ئەکرێت ؟ !

↓↓↓

لەوەڵامـــدا ئەڵێم : ئەم فەرموودەیە ئەوەی تێدانیە موسڵمان کافر ببێت بەقسەیەك کە بیکات و نەزان بێت بەحوکمی ئەو قسەیە، بەڵکو ئەوەی تێدایە کە ئینسان جاری وا هەیە قسەیەك ئەکات بیری لێ ناکاتەوە دەبێتە هۆی ئەوەی شوێنەواری خراپی زۆر گەورە بەدوایدا دروست ببێت و ببێتە هۆی سزایەکی گەورە بۆی، وە عوذریشی نیە لەو سزایە چونکە خۆی پشتی کردوە بیری لێ نەکردۆتەوە و بەکەیفی خۆی دەمی کردۆتەوە کەواتە ئەم فەرموودەیە ووەسفی حاڵی کەسێ ئەکات کە ئیهمال و گوێ نەدەرە و خۆی بەدەستی خۆی خۆی توشی تاوان کردوە .

ئەم فەرموودەیەش هاتووە تاکو بۆ موسڵمان ڕونی بکاتەوە چۆن قسە بکەن و ئاگاداری زمانیان و شوێنەواری قسەکانیان بن، هەربویە زانایانی فەرموودە بایێکیان داناوە لەسەر ئەم فەرموودەیە کە پەیوەستە بە پاشەڕۆژ و سەرەنجامی قسەکان نەك بەبابەتی عوذر بەجەهل .

هەربۆیە ابن عبد البر لەمانای ئەم فەرموودەیە دەڵێت ":

هیچ خیلاف نیە لەسەر ئەم گوفتارەی پێغەمبەرصلى الله عليه وسلم [... وَإِنَّ الْعَبْدَ لَيَتَكَلَّمُ بِالْكَلِمَةِ مِنْ سَخَطِ اللَّهِ لَا يُلْقِي لَهَا بَالًا يَهْوِي بِهَا فِي جَهَنَّمَ] ئەوەیە کە قسەیەك بکات لای دەسەڵاتدارێکی ستەمکار کەخوا تورِە بکات بۆ ئەوەی دەسەڵاتدارە ڕازی بکا و باطڵ و خراپەکانی بۆ بڕازێنێتەوە وەك ڕژاندنی خوێن موسڵمان یان ستەم کردنی لەموسڵمانێ، ئەم کەسە بەم قسەیەی لەخوا دوور ئەکەوێتەوە و تورِەبونی خوا ئەیگرێتەوە، بەهەمان شێوە کەسێکیش لای دەسەڵاتدارێکی ستەمکار قسەیەک بکات بیگێڕێتەوە لە ستەم کردن و بەرەو چاکەی ببات ئەمەش لەڕازی کردنی خوایە و نازانێ چەنە خوا بەهۆی ئەو قسەیەوە لێی ڕازی ئەبێت، بەم شێوەیە ابن عویەینە و غەیری ئەویش فەرمویانە." التمهيد .(51/13)

هەروەها ابن بطال هەمان مانا دوپات ئەکاتەوە و دەڵێت:" ئەو کەلیمەیە ئەوەیە کە قسەیەک ئەکا لای دەسەڵاتدارێ بە دەستدرێژی کردن بۆ سەر موسڵمانێ کە ڕەنگە ببێتە هۆکاری لەناوچوونی، ئەو کەسە باغیە نەیویستوە خۆی لەناوبدات بەڵام بۆتە هۆی لەناوچونی گوناحی ئەوەی لەسەر ئەنوسرێ، وە ئەو کەسەشی کەلیمەیەک ئەڵێ لەڕازی بونی خوا لەنێوان ئەهلی باطل یان کەلیمەیە ئەڵێ بۆ دیفاع کردن لەبرایەکی موسڵمانی کە ستەمی لێ ئەکرێ و ناخۆشیەکی دونیای لەسەر لائەبات لەبەر ئەو قسەیە خوا

ناخۆشی قیامەتی لەسەر لا ئەبات و چەندین پلە بەرزی ئەکاتەوە." شرح صحيح البخاري ابن بطال .(186/10)

کەواتە بۆمان دەرکەوت گوێ نەدان و هەست نەکردن کەلەحەدیسەکەدا هاتووە پەیوەندی نیە بەنەزانینی حوکمی ئەو قسەیە، بەڵکو پەیوەستە بەنەزانینی بەشوێنەواری ئەو قسەیە .

بەڵکو لەحەدیسەکەدا هاتووە ئەو کەسە دەزانێ حوکمی قسەکەی چیە وەك دەڵێ " ما كان يظن أن تبلغ ما بلغت " گومانی ناکرد ئەو قسەیە بیگەیەنێ بەوە و ئاوای بەسەربێنێ. وە زانیوێتی ئەو قسەیە لەڕازی بونی خوایە بەڵام نەیزانیوە ئەوەنە پلەی بەرزئەکاتەوە، کەواتە زانیمان ئەم حەدیسە پەیوەندی نیە بەبابی عوذر بەجەهل.

پاشان لەشوبهەیەکی تریان ئەڵێن : پیاوێک چوو خوشکی دایکی خۆی مارەکرد ، بردیان بۆلای عبد المالك ووتی : وام زانیوە بۆم حەڵاڵە ،. ئیامیش ووتی : نەزانین نیە لە ئیسلام بە شمشێر بدەن لە ملی تزوج رجل خالته، فرفع إلى عبد الملك بن مروان، فقال: إني ظننت أنها تحل لي. فقال: «لا جهالة في

الإسلام». قال: فضرب عنقه (مساوئ الأخلاق للخرائطي (٥٤٥) دەڵێ کەواتە ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی نەزانی نیە لە ئیسلامدا ؟!!!!

لەوەڵامی ئەم مەهەزەلەیە ئەڵێین /

یەکەم: ئەم شوێنەوارەی هێناویانە هیچ بەڵگەیەك نیە کەصەحیح بێت و بچەسپێت لەسەر عبدالملك کوڕی مەروان.

دووەم: ئەگەر صەحیحیش بێت نابێتە بەڵگە و حاکم لەسەر چەندین ئایەتی قورئان و فەرموودەی صەحیح و ئیجماع و کار وفەتوای صەحابە کە تێکڕا عوذر بەجەهلیان چەسپاندوە بەبێ خیلاف .

پاشان بڕوانن لەسەردەمی صەحابە ڕەزای خوای گەورەیان لێ بێت چەندین صەحابە هەبوو عارەقیان حەڵاڵ کرد بەتەئویل و زەواجی موتعەیان حەڵال کردبوو وە ریبای فضل یان حەڵاڵ کردبو وە چەندین صەحابە هەبوو نەیەزانی سورەتی المعوذتین لەقورئان بێ یان ئینکاری کراوە لەچەندین لفزی قورئان وەکو شوڕەیج کردی کەسیش لەسەر ئەمانە تەکفیر نەدەکران زۆر حاڵەتی تریش هەن، بەڵکو سەرەڕای ئەوەی لەداری ئیسلام ژیاون و ئەو هەموو زانا و عالمە هەبووە لەناو صەحابە کەچی هیچ کەسێ لەوانە تەکفیر نەکراوە تاکو ئیقامە حوجەیان کردوە. سەرەڕای ئەوەی دەیان بەڵگە لەقورئان وسونەت

هەیە سەبارەت بەقبوڵ کردنی بیانوو بەنەزانی، بەڵام تۆ قورئان وسونەتت قبوڵ نەبێت بڵێیت نا ئاخر فلاّن کەس و فلاّن کەس ئاوا دەڵێن!! عەبدوڵای کوڕی عەباس دەیفەموو : " يُوشِكُ أَنْ تَنْزِلَ عَلَيْكُمْ حِجَارَةٌ مِنْ السَّمَاءِ! أَقُولُ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَتَقُولُونَ قَالَ أَبُو بَكْرٍ وَعُمَرُ؟ " خەریکە لەئاسمانەوە بەرد ببارێت بەسەرتاندا من پێتان دەڵێم پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم وا ئەفەرمێت کەچی ئێوە دەڵێن نا ئاخر ئەبو بەکر وعومەر وا دەڵێن و واناڵێن !! فكيف بەغەیری ئەبو بەکر و عومەر خەڵکانی دوای ئەو. هەروەك ئیمامی مالیك دەفەرمێت "كلٌ يؤخذ من كلامه ويُرد عليه الا صاحب هذا القبر" هەموو کەسێك قسەکانی شایستەی قبوڵ کردن و ڕەتکردنەوەیە تەنها پێغەمبەر نەبێت صلى الله عليه وسلم، واتە ئەگەر صەحابەش بێت چ جای غەیری صەحابە.

سێیەم: پاشان ئەوەش بزانن ئەو پیاوەی کە پوری خۆی مارە کردۆتەوە لەناو موسڵمانان شوێنی عیلم و زانایان و داری ئیسلام کاری ئاوای کردوە و خۆی بەموسڵمان ئەزانێ شتی وا جێگای قبوڵ نیە و نەزانی تیایدا وەرناگیرێت، چونکە دوور ونزیك و عەوام و خەواصی موسڵمانان ئەزانن کاری ئاوا حوکمی چیە و حەرامە، پاشان گوایە عبدالملك دەڵێ نەزانی نیە ئیسلامدا واتە نەزانی

لەکارێکی ئاوا نیە لە ئیسلامدا، ئەمەش لەڕووی مەتنیشەوە هیچ ئیشکالێکی تیانیە، بەڵام خەوارج هداهم الله بۆ فەهمی کەلام لایجاوز حناجرهم .

لەشوبهەیەکی تریان دەڵێن ئەوەتا خوای گەورە بەموتڵەق فەرمویەتی هەرکەسێك هاوبەش بڕیاربدات لێی خۆش نابێت..(إِنَّ اللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَاءُ ۚ وَمَن يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدِ افْتَرَىٰ إِثْمًا عَظِيمًا)

وەڵام / ئەم ئایەتە حوکمەکەی عامە، بەڵام موقیدە بەئایەتەکانی تر کە ڕێگرن لە دابەزاندنی حوکمی تەکفیر بۆ کەسی معین بەهۆی بوونی موانیعی معتبر وەکو جەهل و تەئویل و خطأ و إکراه کە خوای گەورە لەچەندین ئایەتی تر ئەو ئایەتە گشتیانەی تخصیص و مقید کردوە بچۆ علومی قورئان بخوێنە تاکو تۆزێ شارەزابیت لەعام و لەخاص و مقید و مطلق

شێخی ئیسلام ابن تەیمیە ئەم ڕاستیەی ڕوون کردۆتەوە و چەندین نمونەشی لەسەلەف هێناوەتەوە.

شێخی ئیسلام دەڵێت ":أن دلالة العام لا تستلزم العموم في الأحوال خلافاً لجمهور متكلمة الأصوليين، وأنه ينسب ذلك للسلف وينفي وجود خلافه في لسان العرب .

دەڵێ: بەڵگە گشتیەکان گشتی بوونی تاك بەتاکی کەسەکان ناگرێتەوە و نایخوازێت، ئەمەش وتەی سەلەفە و موافقی زمانی عەرەبە، بەپێچەوانەی جەماوەری موتەکلیمین ی ئوصولیەکان کە دەڵێن بەڵگە و دیلالەتە گشتییەکان گشتی بونی هەموو کەسەکان دەگرێتەوە واتە تاك بەتاکی کەسانی دیاریکراو " کەواتە لەم ڕوەوەیە کە دەقە گشتیەکانی تەکفیر لەنصوصە شەرعیەکان هاتوون، دەیلکێنن بەسەر ئەنجامدەرانی کوفر بەشێوەی دیاریکراو، و قاعیدەی ئەم دابەزاندن و لکاندنە دەگەڕێتەوە بۆ جمهوری متکلمینی ئوصولیەکان کەپێچەوانەی بنچینەی سەلەف و پێشەوایانی ئومەتە وە لەزمانی عەرەب بەم شێوەیە بەکارنەهاتووە، هەروەك شێخی ئیسلام رووونی دەکاتەوە لە "گەیلانیە "

هەروەك شێخی ئیسلام له منهاج السنة 154/5 دەڵێت :

"وثبت عنه في الصحيح أن رجلا كان يشرب الخمر وكان النبي صلى الله عليه وسلم كلما أتي به إليه جلده الحد فأتي به إليه مرة فلعنه رجل وقال: ما أكثر ما يؤتى به، النبيَّ صلى الله عليه وسلم فقال " :لا تلعنه فإنه يحب الله ورسوله"، فنهى عن لعن هذا المعين المدمن الذي يشرب الخمر وشهد له بأنه يحب الله ورسوله مع لعنة شارب الخمر عموما، فعلم الفرق بين العام المطلق والخاص المعين

دەڵێ: پیاوێك عارەقی دەخوارد هەرکاتێ بهێنرایە بۆ لای پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم جەلدی لێ ئەدرا جارێکیان هێنایان، پیاوێك لەعنەتی لێکرد وتی ئەمە چیە ئەوەنە ئەیهێنن، پێغەمبەریش فەرموی: لەعنەتی لێ مەکە چونکە خوا و پێغەمبەری خۆش ئەوێ، نەهی لێکرد ئەم کەسە دیاریکراوە کە عارەقی خواردوە لەعنەتی لێ بکرێ و لەبەرامبەردا شایەدی بۆ دا کە خوا و پێغەمبەری خۆش ئەوێ لەگڵ ئەوەشی لەعنەت کراوە لەعارەق خۆر بەشێوەیە گشتی، بەوەدا زانیمان جیاوازی کردن لەنێوان "عامی موطلق"و "خاصی معین" گشتی ڕەها و کەسی دیاریکراوی تایبەت ".

وەشێخی ئیسلام ابن تەیمیە دەڵێت " وحقيقة الأمر أنهم أصابهم في ألفاظ العموم في كلام الأئمة ما أصاب الأولين في ألفاظ العموم في نصوص الشارع كلما رأوهم قالوا: من قال كذا فهو كافر، إعتقد المستمع أن هذا اللفظ شامل لكل من قاله ولم يتدبروا أن التكفير له شروط و موانع قد تنتفي في حق المعين، وأن التكفير المطلق لا يستلزم تكفير المعين إلا إذا وجدت الشروط وانتفت الموانع" الفتاوى ج١٢ (٤٨٧- ٤٨٨) .

هەروەها ئەوانەی بەهەڵەداچوون لەگێڕانەوەی مەزهەب و وتەی پێشەوایان: لەوتە گشتیەکانیان بەهەڵەداچوونە، وەکو چۆن فیرقە گومڕاکانی سەرەتای ئیسلام(خەوارج) لەوتە گشتیەکانی قورئان و سونەت بەهەڵەداچوون، هەر

ئایەت و حەدیسێکیان بەدیبایە بڵێت هەرکەسێك ئاوا بڵێت ئەوە کافرە ئەو خەوارجانە وایان ئەزانی ئەم لەفزە هەموو کەسێك ئەگرێتەوە ئەگەر ئەو قسەیە بکات، بیریان لەوە نەئەکردەوە کە تەکفیرکردن مەرج و ڕێگری هەیە، ئەشێت لەکەسێکی دیاریکراو ڕێگریەکان نەبن، بەڵام لەکەسێکی تر هەبن، وە بیریان نەکردۆتەوە لەوەی کە تەکفیری موتڵەق و ڕەها مانای تەکفیرکردنی کەسانی دیاریکراو نیە ، تەنها کاتێك نەبێت ئەو کەسە دیاریکراوانە مەرجەکانیان تێدا هاتبێتەدی و کۆسپەکانیان لەسەر نەمابێت".

لەشوبهەیەکی تریان دەڵێن ئەوەتا خوای گەورە پێش گەیشتنی دین بەقەومی سەبەء و بەلقیس بەکافر ناویان ئەبات (وَصَدَّهَا مَا كَانَت تَّعْبُدُ مِن دُونِ اللَّـهِ ۖ إِنَّهَا كَانَتْ مِن قَوْمٍ كَافِرِينَ)النمل: ٨٦

وەڵام / ئەمە باسی کافرانی ئەصڵی ئەکات ئێوە کێشەکەتان ئەوەیە جیاوازی ناکەن لەنێوان کافری ئەسلی ناکەن لەگەڵ موسڵمانێ کە سەرەتا داخلی ئیسلام بوە ، کافری ئەصڵی بزانێ یان نەزانێ حوجەی پێگەیشتبێ یان نا ناوی کوفر و حوکمی کوفری هەیە،

یان دەڵێن ئەوەتا خوای گەورە فەرمویەتی ئەگەر بەقسەی موشریکان بکەن ئەوا ئێوەش ئەبن بەموشریك (وَإِنْ أَطَعْتُمُوهُمْ إِنَّكُمْ لَمُشْرِكُونَ)) الأنعام: ١٤١

وەڵام/ ئەم ئایەتە کاتێ دابەزی کە فێریانی کرد نەك پێشوەختە تەکفیریان بکات و بەموشریکیان لەقەڵەم بدات ئایەت و حوجە و ڕونکردنەوە هات و فەرمووی ئەگەر بەگوێیان بکەن ئەوا موشریکن، کەواتە ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی دەبێت سەرەتا بەیان و حوجە بکرێت پاشان تزیلی ئەحکام دەکرێت.

لەشوبهەیەکی تری گومڕاکەرەکان ئەوەیە کە ئەڵێن الله تعالى دەفەرموێت:

↓↓↓

]وَجَعَلْنَا عَلَى قُلُوبِهِمْ أَكِنَّةً أَنْ يَفْقَهُوهُ] وە پەردەمان بەسەر دڵیشیاندا داوە بۆ ئەوەی لە قورئان تێ نەگەن [وَفِي آذَانِهِمْ وَقْرًا] وە گوێشیانمان کەڕو قورس کردووە بۆ ئەوەی نەبیستن [وَإِذَا ذَكَرْتَ رَبَّكَ فِي الْقُرْآنِ وَحْدَهُ] وە کاتێك تۆ لە قورئانی پیرۆزدا بەتاك و تەنها باسی الله تعالى ئەکەیت و باسی خوایەکانی ئەوان ناکەیت و دەڵێیت: لا إله إلا الله [وَلَّوْا عَلَى أَدْبَارِهِمْ نُفُورًا (ئەوان پشت هەڵئەکەن و بە پشتدا ئەگەڕێنەوەو ڕائەکەن بۆ ئەوەی گوێیان لە خوێندنەوەی تۆ نەبێ .

جوان سەیرکە ئەوانە دوای ئەوەی دینیان پێگەیشت تێنەگەیشتنی ئەوان عوذرنەبوو بەڵکو الله تعالى پەردەی هێنا بەسەر دڵیاندا بۆ ئەوەی تێنەگەن ئەگەر تێگەیشتن عورزبوایە ئەوە کافرەکان لە قیامەت عوزریان دەهێنایەوە

لای الله تعالی که تێنەگەیشتن بوون.. یان ئەگەر تێگەیشتن عوذر بوایە الله تعالی پەردەی نەدەهێنا بەسەر دڵیاندا تا هیچ عوزرێکیان نەمێنێت
لەم ئایەتەدا الله تعالی کوفری ئەم جۆرەخەلکەی ڕاگەیاندووە کە تێنەگەیشتن عوذرنیە بۆیان.

↓↓↓

لەوڵامی ئەم شوبهەیەشدا ئەڵێم/ ئەو کابرایە یان زۆر نەخوێندەوار و نەفامە و توانای حاڵی بوونی نیە لەئایەتەکان ، یان چەواشەکارە و فێڵبازە بەهەوەسی خۆی ئایەتەکان مانا ئەکات و کەسانێکی نەخوێندەواری پێ ئەخەڵەتێنێ.
چونکە الله تعالی دەفەرمێت (وَجَعَلْنَا عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ أَكِنَّةً أَن يَفْقَهُوهُ وَفِىٓ ءَاذَانِهِمْ وَقْرًا ۚ وَإِذَا ذَكَرْتَ رَبَّكَ فِى ٱلْقُرْءَانِ وَحْدَهُۥ وَلَّوْا۟ عَلَىٰٓ أَدْبَـٰرِهِمْ نُفُورًا)[سورة الإسراء 46].

دەفەرمێت: ئێمە بەهۆی ئەوە پەردەمان بەسەردڵیان هێناوە چونکە کاتێک ئایەتەکانی ئێمەیان بۆ ئەخوێنرا باسی تەوحیدیان بۆ ئەکرا پشتیان لێ ئەکرد و گوێیان لێ ناگرت وەک دەفەرمێت (وَإِذَا ذَكَرْتَ رَبَّكَ فِى ٱلْقُرْءَانِ وَحْدَهُۥ وَلَّوْا۟ عَلَىٰٓ أَدْبَـٰرِهِمْ نُفُورًا) یان لەئایەتێکی تردا دەفەرمێت (فَلَمَّا زَاغُوٓا۟ أَزَاغَ ٱللَّهُ قُلُوبَهُمْ ۚ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلْفَـٰسِقِينَ)[سورة الصف 5]
دەفەرمێت: کاتێک لەحەق لایاندا خواش دڵەکانیانی لەحەق لادا .

کەواتە ئەو کەسانەی کە خوای گەورە و میهرەبان لەم ئایەتەدا باسی کردوون کەسانێکن حەقیان پێ وتراوە و دینیان بۆ ڕوون کراوەتەوە هیچ نەزانیەکیان نیە بەڵکو بەهۆی عینادی و سەرکەشیانەوە پشتیان کردوە لەحەق و دینی خوایان ئیهمال کردوە خواش سزای داون بەپەردەهێنان بەسەردڵەکانیان ...هتد

فەرموون ئەمەش ووتەی زانایانی تەفسیر لەو بارەیەوە

ئیمامی ابن جەریر دەڵێت" وقوله ﴿وَإِذَا ذَكَرْتَ رَبَّكَ فِي الْقُرْآنِ وَحْدَهُ﴾يقول: وإذا قلت: لا إله إلا الله في القرآن وأنت تتلوه ﴿وَلَّوْا عَلَى أَدْبَارِهِمْ نُفُورًا﴾ يقول: انفضوا، فذهبوا عنك نفورا من قولك استكبارا له واستعظاما من أن يوحِّد الله تعالى.

دەڵێت:" ﴿وَإِذَا ذَكَرْتَ رَبَّكَ فِي الْقُرْآنِ وَحْدَهُ﴾ واتە ئەگەر بڵێیت لا اله الا الله و قورئان بخوێنی لەتەکت ئەڕۆن لەئاست ئەو قسەیەت خۆیان بەگەورە ئەگرن لەوەی خوا بەتەنها دابنێن ".

شایەنی باسە ئەم ئایەتە بۆ کافرەکانی قوڕەیش دابەزیوو، وە قورئان بەزمانی خۆیان بوون لەهەموو کەسێك زیاتر حاڵی بوون لەقورئان و تێدەگەیشتن بەڵام قەناعەت و باوەڕیان پێی نەبوو یاخود تەکەبوریان ئەکرد لەوەی ملکەچی دەربڕن و لەدەسەڵات و سەڵتەنەتی خۆیان بێنە خوارەوە بۆیە سەرکەشیان ئەکرد بەرامبەر قورئان و تەوحید ئەگینا مەعلومە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم عەرەب بوو وە بەزمانی خۆیان هات و خۆشیان ئەهلی زمان

ڕەوانبێژی و بەلاغەت بوون لە قسەزانی و شیعر و تێگەیشتن پێغەمبەری خوا سیانزە ساڵ لەمەککە بانگیانی کرد بۆ تەوحید ئەگەر ئەوانە دڵیان پەردەی لەسەر بووبێ هەر لەسەرەتاوە وە هیچ حاڵی نەبوبن لەو بانگەوازە و فەهمیان نەبوبێت ئیتر چی پێویست ئەکات پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ئەو هەموو ساڵە لەناویان بانگیان بکات و ئازار و ئەشکەنجە بچێژێ ؟ !

هەروەها ئیمامی ابن کثیر لەمانای ئەم ئایەتەدا دەڵێت":

ئەم ئایەتە هاوشێوەی زۆرە لەقورئان وەکو ئەم ئایەتە کە خوای گەورە دەفەرمێت ﴿وَقَالُوا قُلُوبُنَا فِي أَكِنَّةٍ مِمَّا تَدْعُونَا إِلَيْهِ وَفِي آذَانِنَا وَقْرٌ وَمِنْ بَيْنِنَا وَبَيْنِكَ حِجَابٌ﴾ [فُصِّلَتْ: ٥] لەمانای پەردە هێنان بەسەردڵەکان و گرانی خستنە نێو گوێچکەکانیان ابن کثیر دەڵێ" ﴿وَفِي آذَانِهِمْ وَقْرًا﴾ وَهُوَ الثقْل الَّذِي يَمْنَعُهُمْ مِنْ سَمَاعِ الْقُرْآنِ سَمَاعًا يَنْفَعُهُمْ وَيَهْتَدُونَ بِهِ".

دەڵێ: گرانی خستنەناو گوێچکەکانیان بریتیە لەو گرانیەی ڕێگریان دەکات لەبیستنی قورئان، بیستنێك کە سوودیان پێ بگەیەنێت و هیدایەتی پێ وەربگرن ".

کەواتە بیستن و فەهمی خطابەکەیان هەبووە بەڵام بیستن و فەهمی قەناعەت کردن و هیدایەت وەرگرتنیان نەبووە .

وە ئایەتێکی تری هاوشێوەی ئەم ئایەتە ئایەتی 45 سورەتی الزمرە کە خوای گەورە دەربارەی کافرەکانی قورەیش دەفەرمێت (وَإِذَا ذُكِرَ ٱللَّهُ وَحْدَهُ ٱشْمَأَزَّتْ

قُلُوبُ ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡأٓخِرَةِۖ وَإِذَا ذُكِرَ ٱلَّذِينَ مِن دُونِهِۦٓ إِذَا هُمۡ يَسۡتَبۡشِرُونَ)[سورة الزمر 45].

واته : وەکاتێك باسی تەوحید و بەتەنها پەرستنی ألله بکرێت موشریکەکان پێی تێکدەچن وە بێزار دەبن و زۆریان پێ ناخۆشە دڵی کەسانێك کەباوەڕیان نیە بەڕۆژی دوایی کەچی کاتێك ناوی پەرستراوانی بێجگە لەخوا ببرێت یەکسەر شادو ڕووخۆش دەبن. هەروەك زانایانی تەفسیر دەفەرموون . کەواتە ئەو موشریکانە فەهمیان هەبوە چونکە چۆن ڕقیان لەشتێك ئەبێت و پێی تێك دەچن و بێزار ئەبن لەشتێ کە نازانن چیە کەواتە زانیویانە پێچەوانەی هەواو ئارەزووەکانیانە بۆیە قبوڵیان نەکردوە وپێی تێکچوونە، ئەگینا کەس هەیە لەخۆیەوە بەبێ هۆکار دژایەتیت بکات و ڕەفزت بکات و ئینکاریت لێ بکات کەسی عاقڵ قسەی وا ئەکات ؟!!!

لێرەدا بەفەزڵ و منەتی الله تعالی کۆتاییمان هێنا بەوەڵامدانەوەی هەڵتەکاندنی چەواشەکاری و شوبهەکانیان لەبارەی نەبوونی عوزر بەجەهل لەشیرکی گەورە .

وآخر دعوانا أن الحمدلله رب العالمين

هەڵوەشاندنەوەی گومانەکانی نەبونی بەهانەی نەزانی(21)

دەڵێن ئیمامی المروزي دەڵێت جەهل بە أللە کوفرە پێش هاتنی دین و دوای هاتنی دین کەواتە جەهل لەهیچ باربکدا عوذر نیە بۆ کەس بەپێی ئەم قسەیە.

لەوەڵامدا ئەڵێین :

لێرەدا مەبەستی لە داخل نەبوونە بەئیسلام و نەهێنانی شایەتمانە"

ئیمامی المروزي لە کتێبی "تعظیم قدر الصلاة" باس لە تائیفەیەك دەکات لە ئەهلی حەدیث کەوا تەکفیری کەسانێ ناکەن کە دانیان هێنابێ بەئیسلام بەڵام کردەوەی لاشەیان نەبێت، جا هەندێك لەخەڵکی لەم عیبارەتە بەو شێوەیە گومان دەبەن هەرکەسێك خوا نەناسێ بەعەقڵی ئەوا کافرە، جا ئیمامی المروزي لێردا مەبەستی ئەو تائیفەیە ڕوون دەکاتەوە لەو قسەیەیان و دەڵێت: ...ابو عبدالله دەڵێت تائیفەیەکی تر لە ئەهلی حەدیث دەڵێن بەهەمان شێوەی قسەکەی ئەوان بەڵام بە بەموسڵمان ناویان بردوە چونکە دەرچووە لەمیلەتانی کوفر و ئیقڕاری کردوە بەخوا و بەو شایەتمانەی هێناوێتی بەڵام نادڵێن ئیماندارە، ئەگەرچی بەموسڵمان ناوی بێنن بەڵام کافریشە کافر بەو مانایە نا کەوا کافر بێت بەخوا بەڵکو کافرە لەڕووی عەمەلەوە کە دەرهێنەر نیە لەبازنەی ئیسلام،

دەڵێن كە عیلم بەاللە ئیمان بێت و جەهلیش بە اللە كوفربێت هەروەها كار كردنیش بەفەڕیزەتەكان ئیمانە وە جەهلیش بەفەڕیزەتەكان پێش دابەزینیان كوفرنیە هەروەها دوای دابەزینیشی هەر كوفر نیە چونكە ئەصحابی موحەمەد صلی اللە علیە وسلم كە سەرەتا پێغەمبەریان بۆ هات تەنها دانیان بەاللە هێنابوو وە كاریان بەو فەڕزانە نەكردبوو كە فەڕزكرابوو لەسەریان، پاشان ئەو جەهلەیان كوفر نەبوو، پاشان خوا فەڕیزەتەكانی بۆسەر دابەزاندن دانیان پێدانا و كاریان پێكرد ، ئەم دان پێدانان و كاركردنەیان ئیمان بوو، ئەوەشی كافر دەبێت لەبەر ئەوەیە كە ئینكاری لێ بكات كە دەبێتە بەدرۆ دانانی هەواڵی اللە، جا ئەگەر هەواڵی خوایان بۆ نەهاتبێ سەبارەت بە فەڕزەكان بەنەزانیان بەو فەڕزانە كافر نابن، هەروەها دوای هاتنی هەواڵی خواش بەو فەڕزانە ئەو موسڵمانانەی ئەو هەواڵەیان بۆ نەچووبێ و جەهلیان پێی هەبێت كافر نابن، جەهل بەخوا لەهەموو بارێكدا كوفرە لە پێش هەواڵی خوا و لەدوای هەواڵی خوا ، دەڵێن پاشان دەڵێین تەرك كردنی باوەڕهێنان بە اللە كوفرە بە اللە، بەڵام ئەگەر تەركی فەڕزەكان بكات لەگەڵ باوەڕهێنانی بەوەی اللە واجبی كردوە ئەمەش هەر كوفرە بەڵام ئەو كوفرە نیە بە اللە بەڵكو كوفرە لە ڕووی تەرك كردنی حەق، هەروەك كابرا دەڵێت كوفری حەقەكەی من و نیعمەتەكەی منت كرد، بەو مانایەی مافی حەق و سوپاسكردنی چاكەكانمت پشتگوێ خست، دەڵێن لەمەشدا پشت ئەستورین بەو ڕیوایەتانەی هاتووە لە هاوەڵانی

پێغەمبەرەوە صلى الله عليەوسلم كە كوفريان كردوە بەچەندين لق وپۆپەوە كە ئەو لقانە خاوەنەكەی لەبازنەی ئيسلام دەرناهێنێت، بەهەمان شێوەش ئيمان لەڕووی كردەوەوە چەندين لق و پۆپە لەسەر ئەصڵەكەی بەتەرك كردنی لقەكانی دەرناچيت لەبازنەی ئيسلام نموونەی ئەمەش ووتەكەی ابن عباس ه دەربارەی ئايەتی [ومن لم يحكم بما أنزل الله فأولئك هم الكافرون]...) كەواتە قسەكەيان مانای ئەوەيە ئەو كەسەی شايەتمان دێنێ لە لەبازنەی كوفر و كافران دەردەچێت بۆ ناو بازنەی ئيسلام و ناوی موسڵمانی لەسەر جێگيردەبێت، بەڵام پێی ناوترێت ئيماندار ئەگەر كەمتەرخەم بێت لەئەنجامدانی كردەوەكان كە لە كەمالی ئيمانی واجبە، بۆيە ئيقرارِ نەكردن بە دوو شايەتمانەكە بريتيە لە جەهل بە الله كەوا كوفرە پێش دابەزينی فەرزەكان و دوای دابەزينی فەرزەكانيش ."

وەڵامی گومانەکانی نەبوونی عوذر بەجەهل شوبهەی ژمارە(22)

دەڵێن : هاوەڵانی عوذر بەجەهل لای ئەوانیش ئیمان تەنها ووتەی زمان و دەربڕینە بە زمان ، ئەگەر کەسێک تەنها بە ئەوەندەی خۆی دایە پاڵ ئیسلام و ووتی من موسڵمانم ، ئیتر پاش ئەم ووتەیە هیچ کردەوەیەکی چاک نەکات و هەموو کار و کردەوە خراپەکان ئەنجام بات لە سەروی هەموویانەوە شیرکی گەورە و هاوەڵدان بۆ اللە سبحانە و تعالی ئەوە هەر ئیماندارە مادام جاهیلە .

↓↓↓↓

وەڵام / الحمد لله رب العالمين والصلاة و السلام على نبيه محمد وعلى آله و صحبه و سلم. اما بعد :-

سبحانك هذا بهتان عظيم قەت و هیچ کات ئێمە نەمانوتوە و قسەی وا ناڵێین ئەوە دروٚی چەواشەکار و دەجاڵە خەواریجەکانی سەردەمە.

☜ بەڵکو ئیمان لای ئێمەی ئەهلی سوونە قەول و عەمەل و ئیعتیقادە بەبێ بوونی هیچ یەکێ لەو سیانە ئیمان بوونی نیە و دانامەزرێت .

☜ پاشان جیاوازی هەیە لەنێوان نەکردنی کردەوە یان بوونی گوناح و تاوان و شیرك و کوفر بەهۆی ئەوەی بەڵگەی شەرعیت پێ نەگەیشتبێت و بۆت ڕون نەکرابێتەوە کە واجبە ئەو کردەوەیە ئەنجام بدەی یان ئەو کارە کوفریە

کوفره و ئەنجامی نەدەی لەم حاڵەتەدا تۆ عوزرت هەیە چونکە تەکلیفت پێ نەگەیشتوە بەڵام کە بەڵگە و ڕوونکردنەوت پێ گەیشت هیچ عوزرێکت نیە و کافر ئەبیت لەتەرك کردنی عەمەل.

☜ مورجیئە ئەڵێن هیچ کاتێ کردەوە لە ئیمان نیە و پێویست نیە، بەڵام ئەهلی سوونە ئەڵێن کردەوە لەئیمانە و پێویستە بەڵام کەسێك تازە موسڵمان بووە نازانێ نوێژ فەرزە و زینا حەرامە لەشوێنێکە موسڵمانی لێ نیە عوزری هەیە، ئەمەش مانای ئەوە نیە بڵێین کردەوە لە ئیمان نیە کە دەڵێین عوزری هەیە.

یان موسڵمانێ لەشوێنێ ئەژێ زانایانی لێ نیە شیرکێ ئەنجام ئەدات وا دەزانێ جائیزە وکەس پێی نەوتوە ئەمە عوزری هەیە مانای وانیە کردنی هەرچی تاوان و شیرك وکوفرە ئاسایی بێت و کاریگەری لەسەر ئیمان نەبێت وپێی کافر نەبێت، بەڵکو هەرکاتێ بۆی ڕون کرایەوە وازی نەهێنا کافر ئەبێت.

☜ وە هەرگیز ناڵێین ئینسانی موسڵمان هەرچی جۆرە کوفر و شیرك هەیە ئەنجامی بدات بەنەزانی هەر موسڵمانە پێی کافر نابێت، بەڵکو تەنها لەو جۆرە کوفر وشیرکانە کافر نابێت کەنەزان بێت تیایدا و خەڵکی موسڵمان بەگشتی زانیاریان نەبێت لەسەری و عیلمەکەی ئاشکرا و ڕوون نەکرابێتەوە لەناو

خەڵکی، بەڵام جنێودان بەخوا و پێغەمبەر و ئیسلام و دژایەتی کردنی ئیسلام و موحارەبەکردنی و ڕێگا لێ گرتنی و ناشرین کردنی و پەیڕەو کردن لە بەرنامەیەکی تری غەیری ئیسلام یاخود باوەڕ نەبوون بەحوکمی ئیسلام و حوکمڕانی ئیسلام..هەموو ئەمانە هاوشێوەکانی لای ئێمە کوفری ئاشکرایە و ڕوون و دیارە لای هەموو خەڵکی و کەس لەم جۆرە کوفرانە بیانووی نەزانی لێ قبوڵ ناکرێت، کافر دەبێت.

وصلى الله وسلم على سيدنا محمد وعلى آله وسلم

هەڵوەشانەوەی گومانەکانی نەبونی عوذر بەجەهل ژمارە(23)

شوبهەیەکی تریان بۆمان ناردوە / دەڵێن ئەوەتا پێغەمبەر صلى الله‌عليه وسلم دەفەرمێت : "دادوەرەکان سیانن، یەکیان لەبەهەشتن و دوانیان بۆ ئاگرن، ئەو دادوەرەی بۆ بەبەهەشتە، ئەوا دادوەرێکە حەقی ناسیوە و حوکمی پێکردوە، دادوەرەکەی تریش حەقی ناسیوە بەڵام حوکمی بەو حەقە نەکردوە بۆیە ئەمەش بۆ ئاگرە، هەروەها دادوەرەکەی تریش دادوەرێکە دادوەری دەکات بۆ خەڵکی بەنەزانی ، بۆیە ئەمەش بۆ ئاگرە."

وەڵامم:

یەکەم / ئەم فەرموودەیە باس لەوە ناکات ئەو دادوەرانەی کە بۆ ئاگرن کافربووبن و بەهەتاهەتایی چوبنە ئاگرەوە، چونکە مەرج نیە هەرکەس بچێتە ئاگرەوە کافر بێت، کەسانی موسڵمانی تاوانباریش ئەچێتە ئاگرەوە، پاشان ئەم دادوەرە کەبەنەزانی حوکمی کردوە کەس بەزۆر دەستی نەگرتوە تا بی بەدادوەر کەواتە خۆی هۆکارە و خۆی لەسەر نەزانیەکەی ئەو کارەی هەڵبژاردوە بۆیە عوذری نیە .

دووەم / ئەم دادوەرەی بەنەزانی حوکمی کردوە مانای ئەوەی تیانیە هیچ عیلم نەمابێت کابرا هەوڵیشی دابێت بۆ دۆزینەوەی عیلم و زانیاری پاشان بەنەزانی مابێتەوە و حوکمی کردبێ بەنەزانی و پاشان چوبێتە ئاگرەوە، نەخێر هەرگیز، بەڵکو ئەم دادوەرە پشتی کردوە لە حەق و زانین و ناسینی حەق و بەمەبەست بەجەهل حوکمی کردوە بۆیە بۆ ئاگرە هەروەك زانایانی ڕاڤەکارانی ئەم فەرمودەیە دەفەرموون.هەروەك له حاشية السندي على ابن ماجه"

هاتووە قولە (قضى للناس على جهل) عمومه يشمل ما إذا قضى بالحق أيضا وذلك لأنه استحق النار حيث تجارى على هذا العمل العظيم بلا علم قوله (ورجل جار في الحكم) أي مال إلى الباطل مع علمه بالحق والله أعلم ."

دەڵێ:[چونکە ملی ناوە بەرەو ئەو کارە مەزنە بەبێ عیلم بۆیە لەئاگرە]، کەواتە واتە تاوانەکە لەخودی خۆیدایە وبەئەنقەست بەبێ عیلمی کاری کردوە و خۆی فێرە عیلم نەکردوە.

هەڵوەشانەوەی بیانوەکانی نەبونی بەهانەی نەزانی (24)

ئەڵێن شێخی ئیسلام ابن تەیمیە ـ رحمه الله تعالى ـ ئەڵێت :

[هیچ خیلاف و جیاوازی نیە لە نێوان موسڵمانان کە جائیز نیە ئەمرکردن و ئیزندان بە دەربڕینی کەلیمەی کوفری بۆ هەر مەبەستێک بێت ، بەڵکو هەر کەسێک کەلیمەیەکی کوفری بڵێت ئەوە کافرە ئیلا ئەگەر کەسەکە لە ژێر اکراە بێت واتە " زۆری لێ کرابێت " بە زمانی دەری ببڕێت و دڵی موطمەئین بێت بە ئیمان] .

سەرنج بەن ، شێخ ئەڵێت هەرکەسێک کەلیمەیەکی کوفری بڵێت پێی کافر ئەبێت ئیلا ئەگەر لە ژێر اکراە بێت .

هەروەها شێرکۆ داماو ئەم وتەیەش نەقڵ ئەکات

کەشێخی ئیسلام دەڵێت[هیچ کێشە و نیزاع لە نێوان موسڵمانان نیە کە ئەمرکردن بە ئەنجامدانی شیرک کوفر و ڕیدەیە ئەگەر لەلایەن موسڵمانەوە بێت

، وە بێ گومان هەر کەسێک مەدحی شیرک بکات و بەسەریدا هەڵبڵی و حەزی لە ئەنجامدانی بێت کوفر و ڕیدە و هەڵگەڕانەوەیە لە دین ئەگەر موسڵمان بێت ئەو کەسە]

وەڵامم / شێخی ئیسلام هەروەها زانایان کاتێ ئەم جۆرە إطلاقانە بەکاردێنن وەکو حوکمێکی شەرعی بەیانی ئەکەن نەك وەك تعين، هەروەك چۆن شێخی ئیسلام ابن تەیمیە دەڵێت[سەلەف کەدەفەرموون هەرکەرسێ بڵێ قورئان مەخلوقە کافرە، مانای وانیە ڕاستەوخۆ بەدیاریکراوەیی کافر ببێت ، چونکە کافربوون لەحوکمەکانی وەعیدە دەبێت ڕەچاوی بوونی مەرجەکان و نەمانی ڕێگریەکانی بکرێت.]

هەڵوەشاندنەوەی گومانەکانی نەبونی بەهانەی نەزانی(25)

دەربارەی ئەثەرێك کە لە حوذیفەی کوڕی یەمانەوە ڕەزای خوای لێبێت کە دەڵێت "ليتق أحدكم أن يكون يهوديا أو نصرانيا وهو لا يدرى،وتلا : ومن يتولهم منكم فإنه منهم ." أخرجه عبد بن حميد

واتە بەهەریەك لەئێوە ئاگاداربێت لەوەی ببێت بەیەهـودی یان نەصرانی بەڵام پێی نەزانێت، پاشان ئەو ئایەتەی خـوێندەوە [هەرکەس پشتیـوانی لەوان بکـات ئەوە لەوانـە].

جا كابرای چەواشــەكار ئەڵێت : ئەم وتەیەی حوذەیفە بەڵگــەیە لــەسـەر ئەوەی عوذر بەجەهل بوونی نیە !!

لــەوەڵامـدا ئەڵێم / ئیمامی سوفیانی ثەوری خــۆی حەقیقەتی ئەم ڕوداوەی حوذەیفەی كوڕی یەمانمان بۆ دەگێڕێتەوە بۆمان باس ئەكات بۆچی وای فەرمووە ، بەچ كارێكی ووتوە ،

قال ابن وضّاح رحمه الله: وحدّثنا [أبو محمد عن] بهلول بن راشد، عن سفيان الثورى، قال: دعى حذيفة بن اليمان رضى الله عنه إلى طعام، فلمّا دخل من باب البيت رأى شيئاً من زيّ الأعاجم، فرجع وهو يقول: "يحذر الرجل أن يكون يهودياً أو نصرانياً وهو لا يشعر".

ثمّ قيل له: وكيف ذلك، - أصلحك الله -؟ قال: "من تشبّه بقوم فهو منهم". اهـ.

سـوفیانی ثـەوری دەڵێـت: حوذەیفەی كوڕی یەمانیان بانگهێشت كرد بۆ نان خواردنێك جا كاتێك لەدەرگا ئەچێتە ژورەوە جل و بەرگی عەجمیەكان ئەبینی لەبەر ئەو كەسانەی لەوێن، دوای ئەوەی لەنان خواردنەكە ئەگەڕێتەوە و دەڵێت : با ئینسان ئاگادار بێت لەوەی ببێت بەیەهودی یان نەصڕانی و هەستی پێ نەكات، پاشان بەحوذەیفەیان ووت ئەوە چۆن ئەبێت هەی خوا چاكت بكات ؟ حوذیەفەش فەرمووی : هەركەسێك خۆی بەقەومێ بچوێنێ ئەوە لەوانە ."

ئێمە چەن پرسیارێکی سادە لەو چەواشەکارە ئەکەین

ئایا پۆشینی جل و بەرگی کافران کوفری گەورەیە ؟

ئایا حەدیسی(من تشبه بقوم فهو منهم) لەسەر زاهیرەکەیەتی بەو مانایەی هەرکەسێ لەهەرشتێکدا خۆی بچوێنێ بەگەل و نەتەوەیەك ئەوە لەوان هەژمار بکرێت ؟

لەوەڵامدا ئەڵێم : بێگومان نەخێر پۆشینی جل وبەرگی کافران بەهیچ شێوەیەك کوفری گەورە نیە بەڵکو تاوانە ، هەرکەسێکیش لاسایی کافران بکاتەوە لەهەرشتێکدا کافر نابێت، بەڵکو لاسایی کردنەوەی کافران ئەوەی لەفەرموودەکە هاتووە کە دەڵێت" فهو منهم" زانایان دەفەرموون : لەڕەوشتی ئەوانە ئەو کەسەی لاساییان بکاتەوە ، ملا علی قاري دەڵێت: هەرکەسێك لاسایی کافران بکاتەوە لەجل و بەرگیان ئەوا لەگوناحدا لەوانە، شێخی ئیسلام لە " إقتضاء صراط المستقيم " دەڵێت : فهو منهم واته لەو شتە هاوبەشەی لاسایی ئەوانی کردۆتەوە لەوانە، خاوەنی" عون المعبود شرح سنن ابی داود " لەشەرحی ئەم فەرموودەیە دەڵێت " زانایان ئەفەرموون بەپێی ئەو حەدیسە مەکروهە لاسایی کردنەوەی کافران بکرێت لەجل و بەرگیاندا.

* کەواتە حوذەیفەی کوری یەمان مەبەستی لەو قسەیەی حەقیقەتی بوون بە یەهودی و نەصرانی نیە، بەڵکو مەبەستی ئەوەیە لەو کارەتان و لەو لاسایی کردنەوەیەتان لە یەهودی و نەصرانی دەچن، چونکە ئەو خەڵکەی ئەو کارەیان

کردبوو حوذەیفە تەکفیری نەکردن و نەیفەرموو تەواو ئێوە بوون بەیەهودی و نەصرانی لەکاتێکدا جلەکانی کافرانیان پۆشیبوو، بۆیە ئەگەر بڵێن ئاخر ئایەتەکەی خوێندەوە بەسەریان کەکوفرە ، لەوەڵامدا ئەڵێین ئەگەر بەو تێگەیشتنەی ئێوە بێت کەواتە هەموو جۆرێکی لاسایی کردنەوە و موالاتی کافران کوفری گەورەیە و موالاتی ئەکبەر و ئەزغەر بونی نیە، سەرەنجام خەواریج بونی خۆتان زیاتر دوپات ئەکەنەوە و بەهەموو گوناح و تاوانێ موسڵمانان ئەبێت کافر بکەن، چونکە ئەمڕۆکە گومانی تیانیە موسڵمانان هەریەکەو لەبواریك توشی لاسایی کردنەوەی یەهود و نەصارا بوونە چ لەجل و بەرگ و سیمایان چ لە بوارەکانی تریان.

خولاصەی_کەلام ئەم وتەیەی حوذیەفەی کوری یەمان پەیوەندی بەکوفری ئەکبەرەوە نیە بەڵکو تاوانێکە لەتاوانەکان، قسەکەشی مانای کافربون نیە و مانای ئەوە نیە بەڕاستی بەو کارانە ببن بەجولەکە و گاور، بەڵکو قسەکەی لەمەقامی ئاگادارکردنەوە و خۆپارێزی کردن وتوە، پاشان ئەو خەڵکەش لەداری ئیسلام و عیلم و زانایان بوونە نەزانی تیایدا وەکو شوێنێ نیە کە شوێنی جەهل و نەبونی زانایان بێت، هەروەها ئەو کەسانە ئەو کارەشیان کردبوو حوذەیفە هیچ حوکمێکی بەسەر نەدان نەتەکفیر و نە تاوانبارکردن و تەنها ئاگادارکردنەوە و ئامۆژگاری کردنیان، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر بونی عوذر

بەجەهل نەك نەبوونی عوذر بەجەهل ، کەواتە سیحرەکەمان هەڵگێڕایەوە بەسەر ساحیرەکەدا و ئەوەی ڕێسایان هەڵمان وەشاندەوە و تەنها ماندووبون و نەزانی خۆیان زیاتر ئاشکرا کرد بۆمان و بۆ خەڵکی.

والحمدلله رب العالمين.

هەڵوەشاندنەوەی گومانەکانی نەبونی بەهانەی نەزانی(26)

کەسێك دزی کرد پێی ئەوترێت دز

وەکەسێك درۆی کرد پێی ئەوەرێت درۆزن

وە کەسێك زینای کرد پێی ئەوترێت زیناکەر

ئەی بۆ کەسێك کوفری کرد پێی ناڵێن کافر ؟

لەوەڵامدا : ئەڵێین لای ئەهلی سوونە و فوقەهای ئەهلی سوونەت هەرکەسێك دزیەك بکات پێی ناوترێت دز و دەستی نابڕدرێت هەتاکو مەرجەکانی دزی کردنی تێدا نەبێت ئەوجا بەدز لەقەڵەم ئەدرێت و دەستی دەبڕن، بەڵام تاکو وەسفەکانی دزی لەسەر نەچەسپێت و مەرجەکانی تێدا نەبێت هیچ سزایەکی لەسەر نادرێت، تەنانەت ئەگەر پارەی کەسێکی

بردبێت بەشوبهە یان پارەی دەوڵەت یان پارەی لەشوێنێ بردبێت کە پارێزراو نەبوبێت ئەوا بەدزی دانانرێت لەپێناسەی شەرعدا،

بەهەمان شێوە کەسێك لەشەوێکی تاریکدا بچێتە لای ئافرەتێك و وابزانێت خێزانی خۆیەتی و نەزانێت، ئەوا بەزیناکار لەقەڵەم نادرێت و عوذری هەیە و حەدیشی لێ نادرێ یان کەسێك بەشوبهە زەواجی موتعەی کردبێت و بەجائیزی زانیبێت پێی ناوترێت زیناکەر چونکە پێشتر حەڵاڵ بوە ئەم کەسە تەئویلی هەیە، دەبێت بۆی ڕوون بکرێتەوە،

هەروەها کەسێك هەواڵێك بڵاوبکاتەوە وا بزانێت ڕاستە ئەو هەواڵە و نەزانێت کە درۆیە، بەڵام لەڕاستیدا درۆبێت ، ئەوا ئەم کەسە بەدرۆزن دانانرێت، چونکە نەیزانیوە کە ئەو هەواڵە درۆیە و بڵاوی کردۆتەوە.بەڵام گوناحبار ئەبێت لەسەر کەمتەرخەمی کردنی

بەهەمان شێوەش کوفر و شیرك هەر موسڵمانێك کوفر و شیرکێك ئەنجام بدات پێی ناوترێت کافر و موشریك ئەگەر نەزان بێت بەو کوفر و شیرکە چونکە قاعیدەیەکی فیقهیمان هەیە دەڵێت" لا تکلیف إلا بالعلم " هیچ تەکلیفێك بونی نیە تەنها بەبوونی عیلم نەبێت.

ئەمەش قاعیدەیەکی گشتیە بۆ هەموو تاوان و گوناحەکان ناو وەسف و سزای ئەو تاوان و گوناحانە لەسەر خاوەنەکانی ناچەسپێت لەشەرعی خوادا

تەنها دوای عیلم و مەرجەکان و نەمانی کۆسپەکان نەبێت، ئەمەش ئیجماعی سەلەف و زانایانی ئەهلی سوونەی لەسەرە

هەروەك شێخی ئیسلام إبن تەیمیە - رحمه الله –

لە "مجموع الفتاوى"(3/230-231) دەڵێت:

"وَكُنْت أُبَيِّنُ لَهُمْ أَنَّمَا نُقِلَ لَهُمْ عَن السَّلَفِ وَالْأَئِمَّةِ مِنْ إطْلَاقِ الْقَوْلِ بِتَكْفِيرِ مَنْ يَقُولُ كَذَا وَكَذَا فَهُوَ أَيْضًا حَقٌّ، لَكِنْ يَجِبُ التَّفْرِيقُ بَيْنَ الْإِطْلَاقِ وَالتَّعْيِينِ. وَهَذِهِ أَوَّلُ مَسْأَلَةٍ تَنَازَعَتْ فِيهَا الْأُمَّةُ مِنْ مَسَائِلِ الْأُصُولِ الْكِبَارِ وَهِيَ مَسْأَلَةُ الْوَعِيدِ، فَإِنَّ نُصُوصَ الْقُرْآنِ فِي الْوَعِيدِ مُطْلَقَةٌ كَقَوْلِهِ (إنَّ الَّذِينَ يَأْكُلُونَ أَمْوَالَ الْيَتَامَى ظُلْمًا) الْآيَةَ وَكَذَلِكَ سَائِرُ مَا وَرَدَ: مَنْ فَعَلَ كَذَا فَلَهُ كَذَا. فَإِنَّ هَذِهِ مُطْلَقَةٌ عَامَّةٌ. وَهِيَ بِمَنْزِلَةِ قَوْلِ مَنْ قَالَ مِن السَّلَفِ مَنْ قَالَ كَذَا: فَهُوَ كَذَا. ثُمَّ الشَّخْصُ الْمُعَيَّنُ يلتغي حُكْمُ الْوَعِيدِ فِيهِ: بِتَوْبَةِ أَوْ حَسَنَاتٍ مَاحِيَةٍ أَوْ مَصَائِبَ مُكَفِّرَةٍ أَوْ شَفَاعَةٍ مَقْبُولَةٍ، وَالتَّكْفِيرُ هُوَ مِن الْوَعِيدِ" اهـ.

دەڵێت: من بۆم رون ئەکردنەوە ئەو نەقڵانەی هاتووە لەسەلەفەوە دەربارەی ئیطلاقی وتنی کافرکردن کە هەرکەسێ ئاوا بڵێ و ئاوا بڵێ کافرە ئەمە حەقە، بەڵام پێویستە جیاوازی بکرێت لەنێوان تەکفیرکردنی رەها و دیارکراو، ئەم بابەتەش یەکەم بابەت بوو کە ئومەت ناکۆکیان لەسەر دروست کرد لەبابەتە گەورەکان ئەمەش بابەتی هەڕەشەکانە، چونکە نەصەکانی قورئان لە هەرەشەکان ڕەهایە وەك دەفەرمیت(ئەوانەی ماڵی یەتیمان دەخۆن بە

ستەم)، هەموو ئەوانەی بەم شێوە هاتوون، هەرکەسێ ئاوا بکات ئەوە ئاوایە ، ئەم دەربرینانە موتەڵەق و عامن، وەك ئەو وتانەی سەلەفە کە دەڵێن، هەرکەسێ وابڵێ ئەوە ئاوایە، بەڵام کەسی دیاریکراو ئەو هەرەشەیە لەسەری هەڵدەوەشێتەوە بەتەوبە یان بەو چاکانەی گوناحەکان دەسڕنەوە یان بەو بەڵاو ناخۆشیانەی دێنە سەری یان بەشەفاعەتی شەفاعەتکاران، وە کافرکردیش لەهەرەشەکانە.

وەشێخی ئیسلام ابن تەیمیە دەڵێت " وحقيقة الأمر أنهم أصابهم في ألفاظ العموم في كلام الأئمة ما أصاب الأولين في ألفاظ العموم في نصوص الشارع كلما رأوهم قالوا: من قال كذا فهو كافر، إعتقد المستمع أن هذا اللفظ شامل لكل من قاله ولم يتدبروا أن التكفير له شروط و موانع قد تنتفي في حق المعين، وأن التكفير المطلق لا يستلزم تكفير المعين إلا إذا وجدت الشروط وانتفت الموانع" الفتاوى ج١٢ (٤٨٧- ٤٨٨).

هەروەها ئەوانەی بەهەڵەداچوون لەگێڕانەوەی مەزهەب و وتەی پێشەوایان: لەوتە گشتیەکانیان بەهەڵەداچوونە، وەکو چۆن فیرقە گومڕاکانی سەرەتای ئیسلام(خەوارج) لەوتە گشتیەکانی قورئان و سونەت بەهەڵەداچوون، هەر ئایەت و حەدیسێکیان بەدیایە بڵێت هەرکەسێك ئاوا بڵێت ئەوە کافرە ئەو خەوارجانە وایان ئەزانی ئەم لەفزە هەموو کەسێك ئەگرێتەوە ئەگەر ئەو قسەیە بکات، بیریان لەوە نەئەکردەوە کە تەکفیرکردن مەرج و ڕێگری هەیە،

ئەشێت لەکەسێکی دیاریکراو ڕێگریەکان نەبن، بەڵام لەکەسێکی تر هەبن، وە بیریان نەکردۆتەوە لەوەی کە تەکفیری موتڵەق و ڕەها مانای تەکفیرکردنی کەسانی دیاریکراو نیە ، تەنها کاتێك نەبێت ئەو کەسە دیاریکراوانە مەرجەکانیان تێدا هاتبێتەدی و کۆسپەکانیان لەسەر نەمابێت."

هەڵوەشاندنەوەی گومانەکانی نەبونی بەهانەی نەزانی(27)

وەڵامـــی شـــوبهەیەك و حاڵی نەبوون لەوتەیەکی ئیمام ابن القیم که دەڵێت ↓↓↓↓

هەر کەسێک پشت لە تەوحید بکات موشریکە .

وە هەرکەسێک پشت لە سوننەت بکات بیدعە چیە

ئیمامی ابن القیم ـ رحمه الله تعالی ـ ئەڵێت :

[فالمعرض عن التوحید ،مشرك شاء أم أبی.

والمعرض عن السنة ، مبتدعٌ ضال شاء أم أبی]

ئەو کەسەی پشت لە تەوحید ئەکات موشریکە بیەوێت یان نەیەوێت ، پێی خۆش بێت یان پێی ناخۆش بێت !

وه ئەو کەسەی پشت لە سوننەتی رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ ئەکات موبتەدیع و بیدعە چیەکی گومڕایە ، بیەوێت یان نەیەوێت و پێی خۆش بێت یان پێی ناخۆش بێت]
سەرچاوە :اغاثة اللهفان (١/٢٤٢) .

لەوەڵامـــــدا / ئەڵێین ئەمە وتەیەکی ڕاستە، بەڵام حوکمێکی عامە و بریتی نیە لەحوکمدان بەسەر کەسی دیاریکراو، چونکە هەرەکو شێخی ئیسلام ابن تەیمیە دەفەرمێت: کاتێك سەلەف بەگشتی حوکمی تەکفیر بەکاردێنن یاخود زانایان کە دەڵێن" هەرکەسێك فلانە کارە بکات کافرە یان هەرکەسێك بڵێ قورئان مەخلوقە کافرە، ئەمە حوکمێکی عام و گشتیە و کەسی دیاریکراو ناخوازێت، تەنها کاتێك کەوا ئەو کەسە دیاریکراوە لەحەقیدا مەرجەکان هاتبنە دی و بەربەستەکانیش نەمابن"

پاشان کە امام ابن القیم دەفەرمێت: پشت کردوو لەتەوحید موشریکە، کەواتە تەوحید و عیلمی تەوحید بونی هەیە بەڵام کابرا نایەوێ و پشتی لێ کردوە جا بەهۆی کیبر بێت یان ڕق و کینە یان بەرژەوەندی دونیا، بەڵام بەهیچ شێوەیەك بەهۆی نەزانی و تەئویلی هەڵە و نەگەیشتنی حوجە کەس پێی ناوترێت پشت کردوو چونکە هیچ شتێك نیە ئەم پشتی لێ کردبێت تاکو پێی

بوتریێت پشت کردوو چۆن وەسف ئەکرێت بەشتێك کە ئەو شتە نەبێت و بوونی نەبێت ئەمە دژ بەیەکیە و بێ ماناییە و تەحریف کردن و یاری کردنە بەدەقەکان بۆ مەبەستی خۆیان، پاشان دەڵێت " شاء من شاء وأبى من أبى " بیەوێت یان نەیەوێت و پێی خۆش بێت یان پێی ناخۆش بێت" مادام دین و عیلم و حەقەکە هەیە و پشتی لێ کردوە و تەسلیمی تەوحید و ئیسلام نەبووە ئەوا موشریکە بیەوێت یان نەیەوێت عوذری نیە چونکە ئیسلام هاتووە پێی ڕاگەیەنراوە بەڵام ئەو نایەوێ، بۆیە کەنایەوێ و پشتی لێ کردوە، دەبێت بەموشریك حیساب ئەکرێت بیەوێ یان نەیەوێ خۆ بەزۆر ناکرێت بەموسڵمان ئەو خۆ موسڵمان نەبووە تەسلیمی ئەو تەوحیدە نەبووە ئیتر خۆ بەئارەزووی ئەو نیە .

وە هەروەها هیچ کەسێك کەسی نەزان و خاوەن تەئویلی بە پشت کردوو دانەناوە و نەهاتوە تەحریفی دەقە شەرعیەکان و ووتەی زانایان بکات بەم شێوەیە جگە لەخەواریجە زیادەڕەوەکان یان جاهیلە هاوچەرخەکان، نەبێت، بەتەحەداوە ئەیڵێین بچوکترین بەڵگە و شوێنەوارنیە بەهۆی جەهل و تەئویلی هەڵە بەکەسێك بوتریێت پشت کردوو، "قل هاتو برهانكم إن كنتم صادقين"

هەڵوەشانەوەی گومانەکانی نەبونی عوذر بەجەهل ژمارە (28)

وەڵامی چەن قسەیەکی "مەبەست کازاوی" کەدەڵێت :-

جەهل ونەزانین بەربەست وڕێگری هاتنەناو ئیسلام بوو لە مەنهەجی پێغەمبەران، بەڵام کرایە بەربەست وڕێگری لە ئیسلام دەرچوون لای مورجیئەکان!

وەڵام /نەخێر جەهل و نەزانین بەربەست نەبوو لە ئیمان نەهێنانیان بەڵکو عینادی و تەکەبور و پشت کردن و تەقلیدی باوباپیران و نەبونی دڵنیاییان و نەزانیان بەعاقیبەتی ئەو باوەڕنەهێنانەیان وای لێ کردن ئیمان نەهێنن نەوەك لە پێغەمبەرەکانیان حاڵی نەبوبن، چونکە اللە تعالی دەفەرمێت ئێمە پێغەمبەرانمان بەزمانی خۆیان بۆ ناردوین.

ئەگەر سەرنجێکی حاڵی گەلانی کوفر وبانگەوازی پێغەمبەران بدەین دەبینین کە:

نوحی نەبی -علیه السلام- بەگەلەکەی فەرموو: {وَلَكِنِّي أَرَاكُمْ قَوْمًا تَجْهَلُونَ}. واتە: من وای دەبینیم ئەوەی کە ڕێگر وبەربەستە لەبەردەم

شوینکەوتنتان بۆ تەوحید وەستبەردار بوون لە خواگەلەکان جەهل ونەفامیتانە.

وەڵام / تجهلون لێرەدا مەبەست پێی : پەلەکردنیانە لەهاتنی سزای خوا بۆیان وادەزانن، نەك جاهیل بوبن بەتەوحید و بانگەوازی پێغەمبەرەکانیان، چونکە خوای گەورە دەفەرمێت (قَالُوٓاْ أَجِئۡتَنَا لِتَأۡفِكَنَا عَنۡ ءَالِهَتِنَا فَأۡتِنَا بِمَا تَعِدُنَآ إِن كُنتَ مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ 22 قَالَ إِنَّمَا ٱلۡعِلۡمُ عِندَ ٱللَّهِ وَأُبَلِّغُكُم مَّآ أُرۡسِلۡتُ بِهِۦ وَلَٰكِنِّيٓ أَرَىٰكُمۡ قَوۡما تَجۡهَلُونَ)[سورة الأحقاف22- 23]

واتە: (گەلەکەی) ووتیان ئایا تۆ (ئەی هود) هاتوویت هەتا لامان بدەیت لە(پەرستنی) پەرستراوەکانمان دەی بۆمان بهێنە ئەو (سزایەی) بەڵێنت پێ داووین ئەگەر لە ڕاست گۆیانیت(22)

(هود) ووتی بێگومان زانیاری (ئەو سزا) لای خوایەوە وبەس وەمن تەنها ئەوەی پێی نێردراوم پێتان ڕادەگەیەنم بەڵام من دەبینم ئێوە گەلێکی نەزان ونەفامن (٢٣).

کەواتە زانیویانە پێغەمبەران داوای چیان لێکردون بۆچی بانگیان کردون.

هەروەك ئیمامی جەلالەین دەڵێت لەتەفسیرەکەیدا :

"﴿قَالَ﴾ هُود ﴿إِنَّمَا ٱلۡعِلۡمُ عِندَ ٱللَّهِ﴾ هُوَ الَّذِي يَعْلَم مَتَى يَأْتِيكُمْ الْعَذَاب ﴿وَأُبَلِّغُكُم مَّآ أُرۡسِلۡتُ بِهِۦ﴾ إلَيْكُمْ ﴿وَلَٰكِنِّيٓ أَرَىٰكُمۡ قَوۡما تَجۡهَلُون ٢٣﴾ باستعجالكم

العذاب"

دەڵێت : من ئێوە دەبینم زۆر جاهیلن بەوەی داوای هاتنی سزا ئەکەن. کەواتە جەهلیان هەبوە بەڕاستی و حەقیقەتی ئەو سزایە، نەك جەهل بەتەوحید.

﴿لوط پێغەمبەر -علیه السلام- بەگەلی کافر وهاوڕەگەزبازی فەرموو: {بَلْ أَنتُمْ قَوْمٌ تَجْهَلُونَ}. واتە: بەڵکو ئێوە گەلێکی نەزان ونەفامن وبەهۆکاری جەهلەوەیە کە غەرقبوون لەناو کوفر وسەکەشیدا.

وەڵامم / ئەو جەهلەی کەوا گەلەکەی لوط هەیانبوو بریتی بوو لەنەزانیان و باوەڕنەکردنیان بەپاشەڕۆژی ئەو تاوانە قێزەونەی ئەنجمیان ئەدا.

هەروەك ئیمامی جەلالەین دەڵێت لەتەفسیرەکەیدا :

"﴿أَئِنَّكُمْ﴾ بِتَحْقِيقِ الْهَمْزَتَيْنِ وَتَسْهِيل الثَّانِيَة وَإِدْخَال أَلِف بَيْنهمَا عَلَى الْوَجْهَيْنِ ﴿لَتَأْتُونَ ٱلرِّجَالَ شَهْوَة مِّن دُونِ ٱلنِّسَآءِۚ بَلْ أَنتُمْ قَوْم تَجْهَلُونَ ﴿٥٥﴾﴾ عَاقِبَة فِعْلكُمْ "

واتە: نەزانن بە عاقیبەتی نێربازیەکانتان.

﴿هود پێغەمبەر -علیه السلام- فەرمووی: {وَلَكِنِّي أَرَاكُمْ قَوْمًا تَجْهَلُونَ}. واتە: من پەیامی پەروەردگارتان پێدەگەیەنم وهیچ پاداشتێکم لێتان ناوێت،

وبەڕاستی ئەوەی مانع وبەربەستی دەرهاتنتانە لە تاریکایی کوفرەکان بۆ ناو ڕووناکی ئیمان جەهل ونەزانینتانە.

وەڵامم / با سەرەتا ئایەتە بەتەواوی بخەینەڕوو ، الله تعالى دەفەرمێت (وَيَٰقَوۡمِ لَآ أَسۡـَٔلُكُمۡ عَلَيۡهِ مَالًاۖ إِنۡ أَجۡرِيَ إِلَّا عَلَى ٱللَّهِۖ وَمَآ أَنَا۠ بِطَارِدِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّهُم مُّلَٰقُواْ رَبِّهِمۡ وَلَٰكِنِّيٓ أَرَىٰكُمۡ قَوۡما تَجۡهَلُونَ)[سورة هود 29]
واتە: وە ئەی گەلەکەم لەسەر ئەم (گەیاندنی پەیامە) داوای هیچ ماڵ و سامانێکتان لێ ناکەم پاداشتی من هەر لەسەر خوایە وە من ئەوانە دەرناکەم بڕوایان هێناوە بەڕاستی ئەوانە بەدیداری پەروەردگاریان دەگەن (لەڕۆژی دواییدا) بەڵام من ئێوە دەبینم کە کۆمەڵێکی نەزانن.
کەواتە نەزانیەکەیان لەوە بووە کە نازانن چەنە تاوانە پێغەمبەر هوود ئەو موسڵمانانە دەربکات لەلای خۆی ، نەك نەزانیان بێت بەتەوحید. هەروەك زانایانی تەفسیر دەڵێن.

تفسير الجلالين

"﴿وَيَٰقَوۡمِ لَآ أَسۡـَٔلُكُمۡ عَلَيۡهِ﴾ عَلَى تَبْلِيغ الرِّسَالَة ﴿مَالًاۖ﴾ تُعْطُونِيهِ ﴿إِنۡ﴾ مَا ﴿أَجۡرِيَ﴾ ثَوَابِي ﴿إِلَّا عَلَى ٱللَّهِۖ وَمَآ أَنَا۠ بِطَارِدِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْۚ﴾ كما أمرتموني

﴿إِنَّهُم مُّلَٰقُواْ رَبِّهِمۡ﴾ بِالْبَعْثِ فَيُجَازِيهِمْ وَيَأْخُذ لَهُمْ مِمَّنْ ظَلَمَهُمْ وَطَرَدَهُمْ ﴿وَلَٰكِنِّيٓ أَرَىٰكُمۡ قَوۡما تَجۡهَلُونَ ٢٩﴾ عَاقِبَة أَمْركُمْ"

دەڵێت : نەزانن بە عاقیبەتی ئەو داوایەتان."

هەروەها ئیمامی تەبەریش لەتەفسیرەکەی هەروا دەڵێت :

"وقوله: ﴿ولكني أراكم قومًا تجهلون﴾ ، يقول: ولكني، أيها القوم، أراكم قومًا تجهلونَ الواجبَ عليكم من حقّ الله، واللازم لكم من فرائضه. ولذلك من جهلكم سألتموني أن أطرد الذين آمنوا بالله."

﴿نەبی موساش -علیه السلام- بەگەلی لاسار وپێغەمبەرکوژی فەرموو: {إِنَّكُمْ قَوْمٌ تَجْهَلُونَ}. بەڕاستی هۆکاری خۆشویستن وهەڵبژاردنی شیرک وطاغوتپەرستێتیتان بەسەر تەوحید وشوێنکەوتنی حەقدا
ئەوەیە کە ئێوە گەلێکی نەفام ونەزانن.

وەڵامم / ئەم ئایەتە خۆی بەڵگەی بوونی عوذر بەجەهلە، کاتێ بەنی ئیسرائیل داوایان لەنەبی موسا کرد گوێرەکەیەکیان بۆ دابنێ لەغەیری اللە بپەرستن تەکفیری نەکردن و ووتی نەزانن .

ابن جرير لەتەفسیرەکەیدا دەڵێت:

يقول تعالى ذكره: وقطعنا ببني إسرائيل البحر بعد الآيات التي أريناهموها، والعبر التي عاينوها على يدي نبيّ الله موسى، فلم تزجرهم تلك الآيات، ولم تعظهم تلك العبر والبينات! حتى قالوا مع معاينتهم من الحجج ما يحق أن يذكُرَ معها البهائم، إذ مرُّوا على قوم يعكفون على أصنام لهم، يقول: يقومون على مُثُل لهم يعبدونها من دون الله "اجعل لنا" يا موسى "إلهًا"، يقول: مثالا نعبده وصنما نتخذُه إلهًا، كما لهؤلاء القوم أصنامٌ يعبدونها. ولا تنبغي العبادة لشيء سوى الله الواحد القهار. وقال موسى صلوات الله عليه: إنكم أيها القوم قوم تجهلون عظمة الله وواجبَ حقه عليكم، ولا تعلمون أنه لا تجوز العبادة لشيء سوى الله الذي له ملك السموات والأرض."

واتە: ئەمجا نەوەی ئیسرائیلمان لەدەریا پەڕاندەوە دوای ئەوەی کەوا بەڵگەکانمان پیشاندان و هەموو ئەو عیبرەتانەیان بینی کەلەسەر دەستی موسا پێغەمبەر هات، هیچ یەکێك لەو بەڵگانە نەیگەڕاندنەوە وە بە هیچ یەکێك لەو مەوعیزانە

ئامۆژگاریان وەرنەگرت کە ئەگەر وەبیری ئاژەڵان بهێنرایە ئامۆژگاریان وەردەگرت بەڵام ئەوان سەرەڕای ئەو بەڵگانە کە تێپەڕین بەلای قەومێکدا بتیان دەپەرست و لەلای ئەو پەیکەرانەدەمانەوە دەیانپەرستن نەوەکانی ئیسرائیل وتیان ئەی موسا بۆ ئێمەش بتێك دابنێ تاکو بیپەرستین و بیکەین بەخوا وەکو چۆن ئەو قومە دەیپەرستن، موساش ووتی ئێوە ئەی قەومەکە قەومێکی جاهیلن و مەزنی اللە و حەقی اللە نازانن بەسەرتانەوە، وەنازانن کەنابێت عیبادەت بۆ هیچ شتێك بکرێت لەغەیری اللە کە خاوەنی ئاسمانەکان و زەویە."

بڕوانن داوای بتپەرستیان کرد و نەیان ئەزانی عیبادەت بۆ غەیری اللە .

هەروەها البغەوی لەتەفسیرەکەیدا دەڵێت:

قَوْلُهُ تَعَالَى: ﴿وَجَاوَزْنَا بِبَنِي إِسْرَائِيلَ الْبَحْرَ﴾ قَالَ الْكَلْبِيُّ: عَبَرَ بِهِمْ مُوسَى الْبَحْرَ يَوْمَ عَاشُورَاءَ بَعْدَ مَهْلِكِ فِرْعَوْنَ وَقَوْمِهِ فَصَامَهُ شُكْرًا لِلَّهِ عَزَّ وَجَلَّ ﴿فَأَتَوْا﴾ فَمَرُّوا ﴿عَلَى قَوْمٍ يَعْكُفُونَ﴾ يُقِيمُونَ قَرَأَ حَمْزَةُ وَالْكِسَائِيُّ " يَعْكِفُونَ " بِكَسْرِ الْكَافِ وَقَرَأَ الْآخَرُونَ بِضَمِّهَا وَهُمَا لُغَتَانِ، ﴿عَلَى أَصْنَامٍ﴾ أَوْثَانٍ ﴿لَهُمْ﴾ يَعْبُدُونَهَا مِنْ دُونِ اللَّهِ.

قَالَ ابْنُ جُرَيْجٍ: كَانَتْ تَمَاثِيلَ بَقَرٍ، وَذَلِكَ أَوَّلُ شَأْنِ الْعِجْلِ. قَالَ قَتَادَةُ: كَانَ أُولَئِكَ الْقَوْمُ مِنْ لَخْمٍ وَكَانُوا نُزُولًا بِالرَّقَّةِ، فَقَالَتْ بَنُو إِسْرَائِيلَ لَمَّا رَأَوْا ذَلِكَ: ﴿قَالُوا يَا مُوسَى اجْعَلْ لَنَا إِلَهًا﴾ أَيْ: مِثَالًا نَعْبُدُهُ ﴿كَمَا لَهُمْ آلِهَةٌ﴾ وَلَمْ يَكُنْ ذَلِكَ

شَكًّا مِنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ فِي وَحْدَانِيَّةِ اللَّهِ، وَإِنَّمَا مَعْنَاهُ: اجْعَلْ لَنَا شَيْئًا نُعَظِّمُهُ وَنَتَقَرَّبُ بِتَعْظِيمِهِ إِلَى اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ وَظَنُّوا أَنَّ ذَلِكَ لَا يَضُرُّ الدِّيَانَةَ وَكَانَ ذَلِكَ لِشِدَّةِ جَهْلِهِمْ.﴿قَالَ﴾ مُوسَى ﴿إِنَّكُمْ قَوْمٌ تَجْهَلُونَ﴾ عَظَمَةَ اللَّهِ.]

واتە: نەوەکانی ئیسرائیلمان پەڕاندەوە لەدەریا، کەلبی دەڵێت موسا پەراندنیەوە لەدەریا لەڕۆژی عاشورا دوای لەناوبردنی فیرعەون و گەلەکەی ئەو ڕۆژە وەك سوپاسکردنی خوا بەڕۆژووبوو جا نەوەکانی ئیسرائیل دایان بەلای هۆزێکدا دەمانەوە بەدیار بتەکانیان و بتیان دەپەرست لەغەیری اللە، جورەیج دەڵێ، پەیکەری گوێرەکەبوو دەڵێ ئەوە یەکەم حاڵیان بوو لەگەڵ کوێرەکەکە ئەو هۆزەش هۆزی لەخم بوون لەڕەقەوە هاتبون، جا کاتێ نەوەکانی ئیسرائیل ئەو دیمەنەیان بینی وتیان ئەی موسا خوایەک بۆ ئێمەش بڕیاربدە واتە پەیکەرێك بێت بیپەرستین وەکو خوایەکەی ئەوان ئەمەش گومان نەبوو لە تاکانەیی خوا بەڵکو مەبەستیان بوو ئەوەبوو شتێکیان بۆ دابنێت بەگەورەی دابنێن بەهۆیەوە نزیك ببنەوە لەخوا وایان دەزانی ئائەم کارە زەرەر لەدینەکەیان نادات ئەمەش بەهۆی ئەوپەڕی نەزانینان بوو، موسا ووتی: ئێوە گەلێکی نەزانن گەورەیی خوا نازانن.]

کەواتە ئەمانە کوفری گەورەیان کردوە شیرکی گەورەیان ئەنجام داوە بەڵام کافرنەبوونە چونکە نەزان بوونە.

هەروەها شێخ السعدی لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێت:

﴿وجَاوَزْنَا بِبَنِي إِسْرَائِيلَ الْبَحْرَ﴾ بعد ما أنجاهم الله من عدوّهم فرعون وقومه، وأهلكهم الله وبنو إسرائيل ينظرون، ﴿فَأَتَوْا﴾؛ أي: مروا ﴿عَلَى قَوْمٍ يَعْكُفُونَ عَلَى أَصْنَامٍ لَهُم﴾؛ أي: يقيمون عندها ويتبركون بها، ويعبدونها.فقالوا من جهلهم وسفههم لنبيهم موسى بعدما أراهم الله من الآيات ما أراهم: ﴿يَا مُوسَى اجْعَلْ لَنَا إِلَهًا كَمَا لَهُمْ آلِهَةٌ﴾؛ أي: اشرع لنا أن نتخذ أصنامًا آلهة كما اتخذها هؤلاء. فقال لهم موسى: ﴿إِنَّكُمْ قَوْمٌ تَجْهَلُونَ﴾، وأي جهل أعظم من جهل من جهل ربه وخالقه وأراد أن يسوي به غيره، ممن لا يملك نفعًا ولا ضرًا، ولا موتًا ولا حياةً ولا نشورًا؟]

واتە: نەوەکانی ئیسرائیل تێپەڕین بەلای هۆزێکدا کەلای بتەکانیان دەمانەوە تەبەڕوکیان پێوە دەکرد و دەیانپەرست، ئەوانیش لەبەرنەزانی و بێ عەقڵیان بەموسای پێغەمبەریان ووت دوای ئەوەی خوا ئەو هەموو بەڵگانەی نیشاندان، ئەی موسا بۆمان بڕیاربدە کە چەن بتێك بکەین بەخوا وەك ئەوان، موساش وتی چ نەزانیەک گەورەترە لەو نەزانیەی نەزانبیت بەخالق و

پەروەردگار و بتەوێ یەکسانی بکەیت لەگەڵ مەخلوقێك کەهیچ سوود و زیانێکی بەدەست نیە وەهیچ مردن و ژیان و زیندوبونەوەیەکی بەدەسەڵات نیە.]

کەواتە هەموو ئەو إستنباطە بەتاڵانەی کردی لەکۆتاییدا هەمووی بەتاڵ دەرچوو چونکە بنەمای باسەکەی پەیوەندی نەبوو بەنەبونی عوذر بەجەهل هەروەك سەلماندمان، ئەمەش بۆخۆی چەواشەکاری و نەزانی مەبەست کاژاوی دەردەخات یان دەزانێ بەڵام دەیەوێ خەڵکی گومڕا بکات.

هەڵوەشاندنەوەی گومانەکانی نەبونی بەهانەی نەزانی(29)

بسم الله والحمدلله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن والاه أما بعد :

سەرەتا کابرا دەست پێدەکات ودەڵێت عوزر بەجەهل بەبیدعەی موتەئەخیرین دێتە ئەژمار کە ئەمە دووەرە لەعەقیدەی سەلەفەوە ..!!!

لەوەڵامی ئەم نەزانیەدا ئەڵێم/ ڕێك ئەم قسەیە پێچەوانەکەی ڕاستە و خاوەنی ئەم قسەیە قسە دەکات و نازانی چی دەڵێت لەڕاستیدا قسەی کەسانێکی

لاڕێ دوبارە ئەکاتەوە بەبێ ئەوەی خۆی هەوڵ بدات مێشکی بکاتە کار و نەبێتە ڕۆبۆت فیکری کەسانی تر ئاراستەی بکەن، بۆیە دەڵێین عەقیدەی عوذر بەجەهل لەڕاستیدا بنەمایەکی ئاشکرای قورئان و سونەتە و ئیجماعی زانایانی ئیسلامە لەکۆن و نوێ ئەتوانن بۆ زانیاری زیاتر و خوێندنەوەی بەڵگەکانی عوزر بەجەهل لەقورئان و سونەت و وتەی زانایانی کۆن و نوێ کە ئیمامی ابن حەزم و ئیمامی ابن العربی مالیکی ئیجماعی ئومەت و هەر چوار مەذهەبەکە نەقڵ دەکەن لەبابەتی عوذر بەجەهل لەهەموو بابەتەکانی دین و ئوسوڵ و فروع هەروەك پێشتر لەنوسراوەکەمان ئاماژەمان پێکردوە.

پاشان کابرا کە ئاگای نیە لەڕاستیەکان و لەعیلمی شەرعی بەحیساب بەڵگە بەچەند ئایەتێك دێنێتەوە و دەڵێت ↓↓↓

اللە ی عزوجل لە ئایەتی (٩١)ی سورەتی (هود)دا دەفەرمێ: (قَالُواْ يَا شُعَيْبُ مَا نَفْقَهُ كَثِيراً مِّمَّا تَقُولُ وَإِنَّا لَنَرَاكَ فِينَا ضَعِيفاً وَلَوْلاَ رَهْطُكَ لَرَجَمْنَاكَ وَمَا أَنتَ عَلَيْنَا بِعَزِيزٍ) .

خزمانی نالەبار وتیان: ئەی شوعەیب، ئێمە تێناگەین لە زۆربەی ئەو باسانەی کە تۆ دەیڵێیت، ئێمەش بەڕاستی تۆ بەلاواز دەبینین لەناو خۆماندا (وادەزانین ناتوانیت بەرەنگاری ئەم هەموو خەڵکە بکەیت، ئەمەی تۆ باسی دەکەیت

پێویستی بەهێزو توانایەکی زۆر هەیە) و خۆ ئەگەر خزمەکانت نەبوایە بەرد بارانمان دەکردیت، وەنەبێت تۆ هیچ تواناو دەسەڵاتێکت هەبێت بەسەرماندا.
دیقەت لەو ئایەتە پیرۆزە بدەن کە قەومی شوعەیب عوزری جەهل و نەزانیان هێنایەوە و ووتیان بە پێغەمبەر (شوعەیب) "علیه السلام" : ئێمە تێناگەین لە زۆربەی ئەو باسانەی کە تۆ دەیڵێیت ، دیقەت بدەن بزانن اللە ی عزوجل عوزری نەزانین و جەهلی لێیان قەبوڵ کرد ؟

وەڵام: بە ئایەت وەڵام دەدەینەوە کە اللە ی عزوجل لە ئایەتی (٩٤)ی سورەتی (هود) دا دەفەرمێ: (وَلَمّا جاءَ أَمرُنا نَجَّينا شُعَيبًا وَالَّذينَ آمَنوا مَعَهُ بِرَحمَةٍ مِنّا وَأَخَذَتِ الَّذينَ ظَلَمُوا الصَّيحَةُ فَأَصبَحوا في دِيارِهِم جاثِمينَ).
کاتێکیش فەرمانی ئێمە هات بۆ تیاچوونیان، شوعەیب و ئەوانەی بڕوایان هێنابوو لەگەڵیدا بەهۆی بەزەیی و لوطفی خۆمان ڕزگارمان کردن و دەنگ و نرکەی تیاچوون تاوانکارو بێ بڕواکانی گرتەوە و جا هەموویان لە شوێن و جێگەی خۆیاندا تیاچوون و بەچۆکدا هاتن لە بەرەبەیاندا.
دیقەت بدەن عوزری جەهل و نەزانین نەبووە هۆی سزا نەدانیان ، بەڵکو اللە تعالی هەر لە دنیا سزای داباراندە سەریان ، هەرچەندە قەومی شوعەیب بەخۆیان دەیانووت: تێ ناگەین و حاڵی نابین لە قسەکانی پێغەمبەر (شوعەیب) "علیه السلام"

↓↓↓

منیش لەوەڵامدا ئەڵێیم / وەاللە ئەگەر تۆزێك شارەزاییان هەبوایە لەزمانی عەرەبی و تۆزێك ئاگاداری تەفاسیری قورئان بونایە قەت توشی ئەم هەڵە گەورانە نەئەبوون، فەرموون لەگەڵمان بن بزانین ڕاستی مانا و تەفسیری ئەو ئایەتانە چیە .

اللە ی عزوجل لە ئایەتی (٩١)ی سورەتی (هود)دا دەفەرمێ: (قَالُواْ يَا شُعَيْبُ مَا نَفْقَهُ كَثِيراً مِّمَّا تَقُولُ وَإِنَّا لَنَرَاكَ فِينَا ضَعِيفاً وَلَوْلاَ رَهْطُكَ لَرَجَمْنَاكَ وَمَا أَنتَ عَلَيْنَا بِعَزِيزٍ) .

خزمانی نالەبار وتیان: ئەی شوعەیب، ئێمە تێناگەین لە زۆربەی ئەو باسانەی کە تۆ دەیڵێیت، [لێرەدا تێنەگەیشنی قەومی شوعەیب لە پێغەمبەر شوعەیب مانای ئەوە نیە شوعەیب بەزمانێکی تر قسەی کردبێت و ئەوانیش زمانێکی تریان هەبوبێت بەهیچ شێوەیەك لەیەکتر حاڵی نەبوبن چونکە پێغەمبەرێ نانێرێت بۆ هیچ قەومێ ئیلا بەزمانی خۆیان نەبێت تاکو ئەو قەومە لەو پێغەمبەرە تێ بگەن و ئەو پێغەمبەرەش بتوانێت پەیامی خوایان بۆ ڕوون بکاتەوە، هەروەك اللە تعالى دەفەرمێت (وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن رَّسُولٍ إِلَّا بِلِسَانِ قَوۡمِهِۦ لِيُبَيِّنَ لَهُمۡۖ فَيُضِلُّ ٱللَّهُ مَن يَشَآءُ وَيَهۡدِي مَن يَشَآءُۚ وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ)[سورة إبراهيم 4].

ئیمام ئیبن و کثیر لەتەفسیری ئەم ئایەتە پیرۆزەدا دەڵێت:- " هَذَا مِنْ لُطْفِهِ تَعَالَى بِخَلْقِهِ: أَنَّهُ يُرْسِلُ إِلَيْهِمْ رُسُلًا مِنْهُمْ بِلُغَاتِهِمْ لِيَفْهَمُوا عَنْهُمْ مَا يُرِيدُونَ وَمَا أُرْسِلُوا بِهِ إِلَيْهِمْ".

واتە: ئەمە لەلوطفی اللە تعالی یە بەدروستکراوەکانی کە پێغەمبەرانیان بۆ دەنێرێت لەخۆیان بەزمانیان تاکو تێبگەن لە پێغەمبەرەکانیان بۆچی هاتوون."

کەواتە هەتا مەرجە تێگەیشتن لەخطاب و پەیامەکە نەك تەنها بوونی پەیامەکە بەبێ زانینی ماناکەی.

کەواتە قەومی شوعەیب و هەموو ئەو قەومانەی کە خوای گەورە پێغەمبەری بۆ ڕەوانە کردوون زۆر بەچاکی حاڵی بوونە لەپەیام و داواکاری پێغەمبەرەکانیان، ئەی کەواتە ئەم ئایەتە مانای چیە کە قومی شوعەیب ئەیانوت بەپێغەمەرەکەیان (قَالُواْ يَا شُعَيْبُ مَا نَفْقَهُ كَثِيراً مِّمَّا تَقُولُ) ئەی شوعەیب، ئێمە تێناگەین لە زۆربەی ئەو باسانەی کە تۆ دەیڵێیت. لێرەدا تێنەگەیشتنەکەیان بریتیە لە/ تێنەگەیشنی قەناعەت کردن قەناعەتیان بەو قسانەی شوعەیب نەبوو باوەڕیان ناکرد ڕاستی بێت و ڕووبدات، هەروەك تێکڕای زانایانی موفسیرینی قورئان دەفەرموون.

ئێستاش بابزانین زانایانی تەفسیر چی دەڵێن لەبارەی مانای (ما نفقه كثيرا)

تێنەگەیشتنی قەومی شوعەیب:

لە تەفسیری السعدي هاتووە دەڵێت:

﴿قَالُوا يَا شُعَيْبُ مَا نَفْقَهُ كَثِيرًا مِمَّا تَقُولُ﴾ أي: تضجروا من نصائحه.] دەڵێ: بێزاربوون لە ئامۆژگاریەکانی شوعەیب "

کەواتە مانای تێنەگەیشتن نەبوو لە قسەکانی.

ئیمامی تەبەری لەتەفسیری ئەو بڕگەیەی ئایەتەکە دەڵێ:

أي: ما نعلم حقيقة كثير مما تقول وتخبرنا به "

دەڵێ: قەومەکەی شوعەیب وتیان ئێمە لەزۆربەی ئەو شتانەی دەیڵێیت و هەواڵی پێ دەدەی نازانین حەقیقەت و ڕاستی هەبێت ئەو قسە و هەواڵانە."

کەواتە هەروەك وتمان قەناعەتیان بەڕاستی ئەو قسانە نەبوە و باوەڕیان پێ نەهێناوە وتێگەیشتوون چیان پێ دەڵێت وچیان لێ داوا ئەکات بەڵام تێنەگەیشتنی قەناعەت پێکەریان نەبوە. بەڵگەش لەسەر ئەمە هەر بەقورئان و کەلامی خوا وەڵام ئەدەینەوە خوای گەورە خۆی باسی قەومی شوعەیب دەکات و دەری ئەخات کە زانیویانە و تێگەیشتوونە قەومی شوعەیب لە پێغەمبەرەکەیان ، هەروەک دەفەرمێت (قَالُواْ يَٰشُعَيۡبُ أَصَلَوٰتُكَ تَأۡمُرُكَ أَن نَّتۡرُكَ مَا يَعۡبُدُ ءَابَآؤُنَآ أَوۡ أَن نَّفۡعَلَ فِيٓ أَمۡوَٰلِنَا مَا نَشَٰٓؤُاْۖ إِنَّكَ لَأَنتَ ٱلۡحَلِيمُ ٱلرَّشِيدُ)

[سورة هود 87]واتە: ووتیان ئەی شوعەیب ئایا نوێژەکەت فەرمانت پێ دەدات کەئێمە وازبهێنین لەوەی باوو باپیرانمان پەرستوویانە یان وازبهێنین لەوەی بەویستی خۆمان لەماڵ و سامانماندا دەیکەین بەڕاستی تۆ پەلەنەکەری لێزان و هۆشمەندیت.

کەواتە قەومی شوعەیب تێگەیشتوونە بەڵام قەناعەتیان پێ نەکردوە و نەچوتە عەقڵیانەوە بوونی قیامەت و سزا و پاداشت هەربۆیە گاڵتەیان پێ هاتووە و پشتیان لێ کردوە و تەکەبوریان کردوە بۆیە خوای گەورەش سزای داون و عوزریان نەبووە.

هەروەك ئیمامی قورطوبی لەتەفسیری ئەو ئایەتە دەفەرمێت : " قَوْلُهُ تَعَالَى: ﴿قالُوا يَا شُعَيْبُ مَا نَفْقَهُ كَثِيراً مِمَّا تَقُولُ﴾ أَيْ مَا نَفْهَمُ، لِأَنَّكَ تَحْمِلُنَا عَلَى أُمُورٍ غَائِبَةٍ مِنَ الْبَعْثِ وَالنُّشُورِ وَتَعِظُنَا بِمَا لَا عَهْدَ لَنَا بِمِثْلِهِ. وَقِيلَ: قَالُوا ذَلِكَ إِعْرَاضًا عَنْ سَمَاعِهِ، وَاحْتِقَارًا لِكَلَامِهِ، يُقَالُ: فَقِهَ يَفْقَهُ إِذَا فَهِمَ فِقْهًا، وَحَكَى الْكِسَائِيُّ: فَقُهَ فَقَهًا وَفِقْهًا إِذَا صَارَ فَقِيهًا . "

دەڵێ :" تێ ناگەین لەبەرئەوەی تۆ هەڵمان دەنێیت بۆ ئەوەی باوەڕ بەشتانێك بکەین کە نادیار و پەنهانە لە زیندووکردنەوە و هاوشێوەکانی کە ئێمە شتی وامان نەدیوە، هەروەها دەوترێ ئەو قسەیان کردوە بۆ ئەوەی بیکەن بەبیانوو بۆ پشتکردن و گوێ نەگرتن لەقسەکانی و بۆ ئەوە وایان وتوە کە دەری

بخەن شوعەیب شێتە نازانێ چی دەڵێ و کەس لەقسەکانی تێناگات وەکو سوکایەتی کردن بەو پێغەمبەرە ئاوایان پێ ووتوە."

کەواتە بۆمان دەرکەوت بەهیچ شێوەیەك مانای ئەوە نەبووە کە ئەو قەومە جاهیل و نەزان بوبن و خواش نەزانی لێ قبوڵ نەکردبن و سزای دابێت هەرکەسێ قسەی ئاوا بکات زوڵم و ستەمی داوەتە پاڵ خوای گەورە و میهرەبان هەست بکات یان نا پێویستە تەوبە بکات وبگەڕێتەوە بۆ لای خوا وازبێنێ لەچەواشەکردنی موسڵمانان و تەحریف کردنی کیتابی خوای گەورە.

پاشان لە شوبهەیەکی تریدا بەڵگە بەم ئایەتەی

اللە ی عزوجل لە ئایەتی (٦٤)ی سورەتی (الزمر)دا دێنێتەوە کە دەفەرمێ:

(قُل أَفَغَيرَ اللَّهِ تَأمُرونِّي أَعبُدُ أَيُّهَا الجاهِلونَ) .

واتە: ئەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بڵێ: ئەی نەفامەن، دەتانەوێت و فەرمانم پێدەکەن کەجگە لە خوا شتی تر بپەرستم؟!

وەڵام / ئەم ئایەتە ئەصلەن باس لەنەبوونی عوزر بەجەهل هەرناکات، هەر ئایەتێ لە قورئان هاتبێت وا ئەزانن باس لە نەبوونی عوزر بەجەهل ئەکات !!! بەڵکو ئەم ئایەتە باس لە پێغەمبەر دەکات صلى الله عليه وسلم کاتێ بانگی

قەومەکەی دەکرد بۆ تەوحید و بەتەنها أللە پەرستی کەچی ئەوان بەرهەڵستیان دەکرد و هەر داوایان دەکرد بتەکانیان بپەرستێت و قەناعەتیان بەتەوحید نەبوو، ئەم ئایەتە بەڵگەی ئەنجامدانی ئیقامەی حوجەی و بانگەوازکردنی موشریکانی تێدایە نەك نەبونی عوزر بەجەهل چونکە سەرەتا پێغەمبەر صلی اللە علیه وسلم بانگی کردن بۆ تەوحید لەبەر قەناعەت نەکردنیان وەڵامیان نەدایەوە. کەواتە ئەو کافرانەی قورەیش نەزان نەبوون دەیانزانی پێغەمبەر و پەیامەکەی داوای چیان لێ دەکات بەڵام باوەڕیان بەڕاستی ئەو هەواڵ و پەیامە نەبوو و قەناعەتیان پێ نەکردو پشتیان لێ کردبوو ئیقامە حوجەیان لەسەرکرابوو هەروەك پێشتر ڕوونمان کردەوە.

پاشان شوبهەیەکی تر دێنێتەوە و دەڵێ ↓↓

هەروەها اللە ی عزوجل وەسفی قەومی پێغەمبەر (نوح) "علیه السلام" دەکات به جاهل ناویان دەهێنێ ،

اللە ی عزوجل دەربارەیان له ئایەتی (٢٩)ی سورەتی (هود)دا دەفەرمێ:

(وَيا قَومِ لا أَسأَلُكُم عَلَيهِ مالًا ۖ إِن أَجرِيَ إِلّا عَلَى اللَّهِ ۚ وَما أَنا بِطارِدِ الَّذينَ آمَنوا ۚ إِنَّهُم مُلاقو رَبِّهِم وَلٰكِنّي أَراكُم قَومًا تَجهَلونَ).

واتە: ئەی خزمەکانم خۆ من له بری ئەم بانگەواز و ئامۆژگاریانەم داوای هیچ ماڵ و خەرجیتان لێناکەم، کرێ و پاداشتم تەنها لای خوایە، من هەرگیز

ئەوانەی بڕوایان هێناوە لە خۆم دوور ناخەمەوە و دەریان ناکەم، چونکە بێگومان ئەوان ئەگەن بەخوای خۆیان، حیسابیان لای خوایە، بەڵام بەڕاستی من ئێوە ئەبینم هۆزێکن خۆتان گێل و نەفام دەکەن (بەوەی بە کەم سەیری ئیماندراوانی دەوری من دەکەن لەبەر بێ کەسی و هەژاریان).

↓↓↓

وەڵام/ تجهلون لێرەدا مەبەست پێی : پەلەکردنیانە لەهاتنی سزای خوا بۆیان وادەزانن، نەك جاهیل بوبن بەتەوحید و بانگەوازی پێغەمبەرەکانیان، چونکە خوای گەورە دەفەرمێت (قَالُوٓاْ أَجِئۡتَنَا لِتَأۡفِكَنَا عَنۡ ءَالِهَتِنَا فَأۡتِنَا بِمَا تَعِدُنَآ إِن كُنتَ مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ 22 قَالَ إِنَّمَا ٱلۡعِلۡمُ عِندَ ٱللَّهِ وَأُبَلِّغُكُم مَّآ أُرۡسِلۡتُ بِهِۦ وَلَٰكِنِّيٓ أَرَىٰكُمۡ قَوۡما تَجۡهَلُونَ)[سورة الأحقاف22- 23]

واتە: (گەلەکەی) ووتیان ئایا تۆ (ئەی هود) هاتوویت هەتا لامان بدەیت لە(پەرستنی) پەرستراوەکانمان دەی بۆمان بهێنە ئەو (سزایەی) بەڵێنت پێ داووین ئەگەر لە ڕاست گۆیانیت(22)

(هود) ووتی بێگومان زانیاری (ئەو سزا) لای خوایەوە وبەس وەمن تەنها ئەوەی پێی نێردراوم پێتان ڕادەگەیەنم بەڵام من دەبینم ئێوە گەلێکی نەزان ونەفامن (٢٣).

کەواتە زانیویانە پێغەمبەران داوای چیان لێکردون بۆچی بانگیان کردون.

هەروەك ئیمامی جەلالەین دەڵێت لەتەفسیرەکەیدا :

"﴿قَالَ﴾ هُود ﴿إِنَّمَا ٱلۡعِلۡمُ عِندَ ٱللَّهِ﴾ هُوَ الَّذِي يَعْلَم مَتَى يَأْتِيكُمْ الْعَذَاب ﴿وَأُبَلِّغُكُم مَّآ أُرۡسِلۡتُ بِهِۦ﴾ إلَيْكُمْ ﴿وَلَٰكِنِّيٓ أَرَىٰكُمۡ قَوۡما تَجۡهَلُونَ ٢٣﴾ باستعجالكم العذاب"

دەڵێت : من ئێوە دەبینم زۆر جاهیلن بەوەی داوای هاتنی سزا ئەکەن. کەواتە جەهلیان هەبوە بەڕاستی و حەقیقەتی ئەو سزایە، نەك جەهل بەتەوحید.

پاشان شوبهەیەکی تر دێنێتەوە و دەڵێ ↓↓

هەروەها اللە ی عزوجل لە باسی قەومی پێغەمبەر (هود)دا "علیه السلام" بە جاهل ناویان دەهێنێت لە ئایەتی (٢٣)ی سورەتی (الاحقاف)دا دەفەرمێ: (قالَ إِنَّمَا العِلمُ عِندَ اللَّهِ وَأُبَلِّغُكُم ما أُرسِلتُ بِهِ وَلَكِنّي أَراكُم قَومًا تَجهَلونَ) .

واتە: هود ووتی: ڕوودانی ئەو سزایانە و زانینی کاتەکەی بەڕاستی تەنها هەر لای خوا خۆیەتی، من ئەوەم لەسەرە کە ئەوەی من بۆی ڕەوانە کراوم پێتان ڕابگەیەنم، بەڵام بەداخەوە ئێوە بە قەوم و هۆزێکی نەزان و نەفام دەبینم.

↓↓↓

وەڵام / با سەرەتا ئایەتە بەتەواوی بخەینەڕوو ، الله تعالى دەفەرمێت (وَيَٰقَوۡمِ لَآ أَسۡـَٔلُكُمۡ عَلَيۡهِ مَالًاۖ إِنۡ أَجۡرِيَ إِلَّا عَلَى ٱللَّهِۚ وَمَآ أَنَا۠ بِطَارِدِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْۚ إِنَّهُم مُّلَٰقُواْ رَبِّهِمۡ وَلَٰكِنِّيٓ أَرَىٰكُمۡ قَوۡما تَجۡهَلُونَ)[سورة هود 29]

واتە: وە ئەی گەلەکەم لەسەر ئەم (گەیاندنی پەیامە) داوای هیچ ماڵ و سامانێکتان لێ ناکەم پاداشتی من هەر لەسەر خوایە وە من ئەوانە دەرناکەم بڕوایان هێناوە بەڕاستی ئەوانە بەدیداری پەروەردگاریان دەگەن (لەڕۆژی دواییدا) بەڵام من ئێوە دەبینم کە کۆمەڵێکی نەزانن.

کەواتە نەزانیەکەیان لەوە بووە کە نازانن چەنە تاوانە پێغەمبەر هوود ئەو موسڵمانانە دەربکات لەلای خۆی ، نەك نەزانیان بێت بەتەوحید. هەروەك زانایانی تەفسیر دەڵێن.

تفسير الجلالين

"﴿وَيَٰقَوۡمِ لَآ أَسۡـَٔلُكُمۡ عَلَيۡهِ﴾ عَلَى تَبْلِيغ الرِّسَالَة ﴿مَالًاۖ﴾ تُعْطُونِيهِ ﴿إِنۡ﴾ مَا ﴿أَجۡرِيَ﴾ ثَوَابِي ﴿إِلَّا عَلَى ٱللَّهِ وَمَآ أَنَا۠ بِطَارِدِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ﴾ كما أمرتموني ﴿إِنَّهُم مُّلَٰقُواْ رَبِّهِمۡ﴾ بِالْبَعْثِ فَيُجَازِيهِمْ وَيَأْخُذ لَهُمْ مِمَّنْ ظَلَمَهُمْ وَطَرَدَهُمْ ﴿وَلَٰكِنِّيٓ أَرَىٰكُمۡ قَوۡما تَجۡهَلُونَ ﴿٢٩﴾﴾ عَاقِبَة أَمْركُمْ"

دەڵێت : نەزانن بە عاقیبەتی ئەو داوایەتان."

هەروەها ئیمامی تەبەڕیش لەتەفسیرەکەی هەروا دەڵێت :

"وقوله: ﴿ولكني أراكم قومًا تجهلون﴾ ، يقول: ولكني، أيها القوم، أراكم قومًا تجهلونَ الواجبَ عليكم من حقّ الله، واللازم لكم من فرائضه. ولذلك من جهلكم سألتموني أن أطرد الذين آمنوا بالله."

دەڵێت: لەنەزانیتانە کە داوام لێ دەکەن ئەو موسڵمانانە لای خۆم دەربکەم."

پاشان شوبهەیەکی تر دێنێتەوە و دەڵێ ↓↓

هەروەها اللە ی عزوجل لە وەسف و باسی قەومی پێغەمبەر (لوط)دا "عليه السلام" بە جاهل ناویان دەهێنێت لە ئایەتی (٥٥)ی سورەتی (النمل)دا دەفەرمێ: (أَئِنَّكُم لَتَأتونَ الرِّجالَ شَهوَةً مِن دونِ النِّساءِ ۚ بَل أَنتُم قَومٌ تَجهَلونَ) .

واتە: ئایا ڕەوایە کە ئارەزووی خۆتان لەگەڵ پیاواندا ئەنجام بدەن لە جیاتی ژنان؟!

نەخێر ئێوە ژیر نین، بەڵکو ئێوە گەلێکن سەرەنجامی ئەم ئیشە خراپە نازانن و ئێوە گەلێکی نەزانن .

↓↓↓

وەڵامم / ئەو جەهلەی کەوا گەلەکەی لوط هەیانبوو بریتی بوو لەنەزانیان و باوەڕنەکردنیان بەپاشەڕۆژی ئەو تاوانە قێزەونەی ئەنجمیان ئەدا.

هەروەك ئیمامی جەلالەین دەڵێت لەتەفسیرەکەیدا :

"﴿أَئِنَّكُمْ﴾ بِتَحْقِيقِ الْهَمْزَتَيْنِ وَتَسْهِيل الثَّانِيَة وَإِدْخَال أَلِف بَيْنهمَا عَلَى الْوَجْهَيْنِ ﴿لَتَأْتُونَ ٱلرِّجَالَ شَهۡوَةٗ مِّن دُونِ ٱلنِّسَآءِۚ بَلۡ أَنتُمۡ قَوۡمٞ تَجۡهَلُونَ ٥٥﴾ عَاقِبَة فِعْلكُمْ "

واتە: نەزانن بە عاقیبەتی نێربازیەکانتان.

پاشان شوبهەیەکی تر دێنێتەوە و دەڵێ ↓↓

بە نەص و ئایەتی ڕاشکاو هاتووە لە قورئاندا کە ئەنجامدانی کوفر بە نەزانی و جاهلی سزای بۆ هەیەو سزا هیچ عوزرێک نایگرێتەوە اللە ی عزوجل لە ئایەتی (٦)ی سورەتی (لقمان)دا دەفەرمێ: (وَمِنَ النّاسِ مَن يَشتَرِي لَهوَ الحَديثِ لِيُضِلَّ عَن سَبيلِ اللَّهِ بِغَيرِ عِلمٍ وَيَتَّخِذَها هُزُوًا ۚ أُولٰئِكَ لَهُم عَذابٌ مُهينٌ) .

واتە: هەندێک لە خەڵکی هەن قسەی بێ خێر و بێ مانا دەکڕن (وەک گۆرانیە ناپوختەکان، کتێب و شریتە بێ خێرەکان... هتد) تا خۆی و کەسانی تریش لە ڕێیازی خوا وێڵ بکات، بێ ئەوەی هەست بکات بەمەترسی کارەکەی و بزانێت چ کەتنێک دەکات بە خۆی و خەڵکی و بۆیە ئەو شتە بێ

نرخو خێرانە دەکرێت تا گاڵتە بە پەیام و ڕێیازی خوا بکات، ئا ئەوانە سزا و تۆڵەیەکی ڕیسواکەرو ئابڕووبەر چاوەڕێیانە.

↓↓↓

وەڵامم/ ئەو بەڵگەهێنانەوانەی ئەم بەڕێزە دەیکات زۆر دوورە لەمانای ئایەتەکە و حەقیقەتی بابەتەکە بەڵام نازانم ئەو کەسانە کە هیچ نازانن وتێ ناگەن و عیلمیان نیە بۆ شەرم لەخوای گەورە ناکەن بەنەزانی قسە لە دین و کیتابی خوا ئەکەن و خەڵکی گومڕا ئەکەن با تۆزێ لەو خوایە گەورە و مەزنە بترسن کە ئاگاداریانە چی دەکەن و چۆن یاری بەئایەتەکانی دەکەن.

بابێینە سەر وەڵامی نەزانی ئەم بەڕێزە بەمانای ئەو ئایەتە پیرۆزە و ماناکەی وەکو خۆی ڕوون بکەینەوە، لەژێر ڕۆشنایی وتەکانی زانایانی تەفسیری قورئان.

شێخ عبدالرحمن السعدی لە تەفسیری ئەو ئایەتە دەڵێت : فهذا الصنف من الناس، يشتري لهو الحديث، عن هدي الحديث ﴿لِيُضِلَّ﴾ الناس ﴿بِغَيْرِ عِلْمٍ﴾ أي: بعدما ضل بفعله، أضل غيره، لأن الإضلال، ناشئ عن الضلال. وإضلاله في هذا الحديث؛ صده عن الحديث النافع، والعمل النافع، والحق المبين، والصراط المستقيم.

ولا يتم له هذا، حتى يقدح في الهدى والحق، ويتخذ آيات الله هزوا ويسخر بها، وبمن جاء بها، فإذا جمع بين مدح الباطل والترغيب فيه، والقدح في الحق، والاستهزاء به وبأهله، أضل من لا علم عنده وخدعه بما يوحيه إليه، من القول الذي لا يميزه ذلك الضال، ولا يعرف حقيقته.

﴿أُولَئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ مُهِينٌ﴾ بما ضلوا وأضلوا، واستهزءوا [بآيات الله] وكذبوا الحق الواضح.

دەڵێ: ئەم جۆرە خەڵکیە کە قسەی بێ خێر و بێ مانا دەکرێن تاکو خەڵکی گومڕا بکەن " بغير العلم" واتە کاتێ بەکردەوەکانی گومڕابوو غەیری خۆشی گومڕاکرد، گومڕابوونی لەم شوێنەدا مەبەست ئەوەیە ڕێگەگرتنێتی لە فەرمایشتی سوودبەخش و کردەوەی سوود بەخش و حەقی ئاشکرا و ڕوون و ڕێگای ڕاست، ئەمەش ڕونادات کاتێ نەبێت کە تانەبدات لەهیدایەت و لەحەق و گاڵتەبکات بەئایەتەکانی خوا و هەڵگرانی، جا کاتێ ئەم کەسە هەستا بە مەدح کردنی باتڵ و هاندان لەسەری و تانەدان لەحەق و گاڵتەکردن بەهەڵگرانی ئەوکاتە کەسانێ گومڕا ئەکات کە عیلمیان نیە، ئا ئەوانەی کەوا ئەم کارە دەکەن کە گومڕان و خەڵکی گومڕا ئەکەن و گاڵتە بەئایەتەکانی خوا ئەکەن ئەو حەقە ڕوون وئاشکرایە بەدرۆ ئەخەنەوە ئەمانە سزایەکی ڕسواکەریان هەیە."

کەواتە ئایەتەکە باس لەو کەسانە ناکات کەچەواشەکراون بەنەزانی، بەڵکو باس لەوکەسانە دەکات کە زانان و عیلمیان هەیە و هیدایەتیان بۆچووە و پشتیان لێ کردوە و خەڵکی گومڕا ئەکەن ئا ئەم ڕەئسانە ئەم هۆکارانە سزا ئەدرێن.

هەروەها ئیمامی تەبەڕی لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفەرمێت : " يقول تعالى ذكره: هؤلاء الذين وصفنا أنهم يشترون لهو الحديث ليضلوا عن سبيل الله. لهم يوم القيامة عذاب مُذِلّ مخزٍ في نار جهنم. "
دەڵێ: ئا ئەوانەی وەسفمان کردون کە قسەی پڕوپوچ ئەکڕن تاکو خەڵکی لەڕێگای خوا دوربخەنەوە لەڕۆژی قیامەت سزایەکی ڕسواکەر زەلیلکەریان هەیە لەئاگری جەهەنم . "

کەواتە: ئەوانەی ئەو کارە ئەکەن عیلمیان هەیە و بەمەست ئەو کارە ئەکەن بۆ ئەوەی خەڵکی لەدینی خوا دووربخەنەوە .
هەروەها ئیمامی ابن کەثیر لەتەفسیرەکەیدا دەڵێ : كَمَا اسْتَهَانُوا بِآيَاتِ اللَّهِ وَسَبِيلِهِ، أُهِينُوا يَوْمَ الْقِيَامَةِ فِي الْعَذَابِ الدَّائِمِ المستمر. "
دەڵێ: هەروەك چۆن سوکایەتیان کرد بەئایەتەکانی خوا و بەڕێیازی خوا بەهەمان شێوە خوای گەورەش لەڕۆژی قیامەت سوکایەتیان پێ ئەکات لەناو ئەشکەنجەی بەردەوام و هەمیشەیی."

کەواتە حەق و دین هەبووە و ئەوانە وەریان نەگرتوە و گاڵتەیان پێ کردوە وەنەبێ لەبێ عیلمی وایانکردبێ بەڵکو بەعیلمەوە وایان کردوە چونکە ڕقیان لەو دین و حەقە بووە.

پاشان ئەو بەڕێزە ئەگەر یەك ئایەتی دوای ئەم ئایەتەی بهێنایە ئەوا فێڵەکەی کەشف ئەبوو چونکە ئایەتی دواتری ئەم ئایەتە ڕوونی ئەکاتەوە کەوا ئەو کەسانە کاتێ ئایەتەکانی خوای گەورەیان بۆ بخوێنرێتەوە پشتی لێ ئەکەن و نایانەوێ، هۆکاری دابەزینی ئایەتەکەش و سیاقی ئایەتەکە باسی کافرانی قوڕەیش ئەکات و لەبارەی ئەوانەوە دابەزیوە کاتێ پێغەمبەری خوا قورئانی بۆ ئەخوێندن پشتیان لێ ئەکرد و هەوڵیان ئەدا خەڵکی بەشتی پڕوپوچەوە سەرقاڵ بکەن، هەروەك الله تعالى ئەفەرمێت:

(وَإِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِ ءَايَٰتُنَا وَلَّىٰ مُسْتَكْبِرًا كَأَن لَّمْ يَسْمَعْهَا كَأَنَّ فِىٓ أُذُنَيْهِ وَقْرًا ۖ فَبَشِّرْهُ بِعَذَابٍ أَلِيمٍ)[سورة لقمان 7]

واتە: وە هەر کاتێك ئایەتەکانی ئێمەی بەسەردا بخوێنرێتەوە ڕوو وەردەگێڕێت بەخۆ بەگەورە زانینێکەوە هەروەک نەیبیستبن، یان هەروەك لە هەردوو گوێچکەیدا کەڕی هەبێت دەی (ئەی موحەمەد ﷺ) مژدەی بدەرێ بەسزایەکی سەخت.

کەواتە ئەم کەسانە ئیقامە حوجەکراون عیلمیان هەیە بەڵام نایانەوێ و پشتیان لێ کردوە بۆیە عوزریان نیە نەوەك نەزان بووبن بەحەق و حەقیقەت و داواکاری پەیامی خوا.

پاشان شوبهەیەکی تر دێنێتەوە و دەڵێ ↓↓↓

اللە ی عزوجل ڕوونی کردووەتەوە لە قورئانی پیرۆزدا کە هەرکەس شەریک بۆ اللە ی عزوجل بڕیار بدات و جنێو و سوکایەتی بکات بە زاتی پاکی اللە ی عزوجل هیچ عوزرێکی بۆ نیەو هەروەکو اللە ی عزوجل لە ئایەتی(١٠٨)ی سورەتی (الانعام)دا دەفەرمێ : (وَلَا تَسُبُّوا الَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّـهِ فَيَسُبُّوا اللَّـهَ عَدْوًا بِغَيْرِ عِلْمٍ ۗ كَذَٰلِكَ زَيَّنَّا لِكُلِّ أُمَّةٍ عَمَلَهُمْ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّهِم مَّرْجِعُهُمْ فَيُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ) .

واتە: (ئەی ئیمانداران) نەکەن جوێن بدەن بەو بت و شتانەی کە نەفامان هاواری لێدەکەن و دەیپەرستن بێجگە لەخوا، نەوەکو ئەوانیش بەناحەق و بەنەفامی جوێن بدەن بەخوا، (چونکە ئەوانە) ناینناسن و قەدری نازانن، ئا بەو شێوەیە ئێمە بۆ هەر گەل و ئوممەتێک کردەوەکەیانمان ڕازاندۆتەوە، لەوەودوا گەڕانەوەیان هەر بۆ لای پەروەردگاریانە، ئەوسا ئاگاداریان دەکاتەوە بەو کاروکردەوانەی کە دەیانکرد.

↓↓↓

وەڵام / ئەم ئایەتە باس لەسزای خوا ناکات بۆ ئەو کەسانە وە باس لەنەبوونی عوزر بەجەهل ناکات.

ئیمامی تەبەری لەتەفسیری ئەم ئایەتە دەڵێت : عن ابن عباس قوله: (ولا تسبوا الذين يدعون من دون الله فيسبوا الله عدوًا بغير علم) ، قال: قالوا: يا محمد، لتنتهين عن سبِّ آلهتنا، أو لنهجوَنَّ ربك! فنهاهم الله أن يسبوا أوثانهم، فيسبوا الله عدوًا بغير علم. "

دەڵێ: لەعەبدوڵای کوڕی عەباسەوە هاتوە دەڵێت دەربارەی ئەم ئایەتە (ولا تسبوا الذين يدعون من دون الله فيسبوا الله عدوًا بغير علم) دەڵێ: کافرەکانی قوڕەیش وتیان ئەی موحەمەد یان وازدێنێ لەجنێودان بەخوایەکانی ئێمە یانیش ئێمەش جنێو ئەدەین بەخوایەکەی تۆ، خوای گەورەش نەهی کرد لەموسڵمانان جنێو بدەن بە بتی کافران تاکو ئەوانیش جنێو نەدەن بەخوا کە عەزەمەت وگەورەیی خوا ناناسن.

کەواتە ئەم ئایەتە باس لەنەبوونی عوزر بەجەهل ناکات چونکە کاتێ ئەم ئایەتە بۆ ئەو کافرانە دابەزی پێغەمبەریان لەناو بوو و بانگەوازی تەوحیدیان پێگەیشتوو بەڵام قبوڵیان نەئەکرد، سەرکەش و کەلەڕەق بوون، گەورەیی خوایان وەکو خۆی شایەنێتی نەیان ئەناسی بۆیە ئامادەبوون جنێوی پێ بڵێن،

کەواتە مانای عیلم نەبوون لێرەدا مانای جەهل نیە بەتەوحید و پەیامی خوا بەڵکو جەهل ەبە نەناسینی حەقیقەتی گەورەیی خوا.
لێرەدا بەفەزڵ و منەتی اللە تعالی کۆتاییمان هێنا بەوەڵامدانەوەی هەڵتەکاندنی چەواشەکاری و شوبهەکانیان لەبارەی نەبوونی عوزر بەجەهل لەشیرکی گەورە .

هەڵوەشانەوەی گومانەکانی نەبوونی بەهانەی نەزانی ژمارە (30)

کەدەڵێن موعتەزیلە عوذر بەجەهل لەهەموو بابەتەکانی دین دائەنێن !! بۆ ئەمەش پشت بەدرۆیەکی چەواشەکاری احمد حازمی خارجی ئەبەستن کە دەڵێت بابەتی عوذر بەجەهل لە جاحظ ەوە سەرچاوەڵداوە، بۆ ئەوەی هەرکەسێك عەقیدەی عوذر بەجەهلی هەبێت ناوی بنێن جاحظی، لەپێش چاوی خەڵکی بخەن و پوچەڵی بکەنەوە جا بۆ وەڵامی ئەم چەواشەکاریە پێم باشە سەرەنجتان بۆ چەن خاڵێك ڕابکێشم -:
یەکەم / ئەمە قسەی هەموو موعتەزیلە نیە، بەڵکو قسەی تەنها جاحظە، پاشان تا ئێستا زانایان خیلافیان هەیە سەبارەت بەو قەولەی ئەدرێتە پاڵ جاحظ و العنبري ، ئایا قسەکەی جاحظ پەیوەستە بەباش دانانی ئەو کارە و تعددی حەق یان پەیوەستە بە لەسەر نەبوونی گوناح و سزا ؟ لەسەر

چەندین ووتە زانایان دواون لەسەری، وە ژمارەیەك لەزانایانیش دەڵێن جاحظ و عنبەری هیچ پێچەوانەیەکی زانایانیان ئەنجام نەداوە] .بڕوانە التوفيق والتسديد في مسألة الإجتهاد والتصويب لاپەڕە 25-31 وە بڕوانە الأصول والفروع سعد الشثري لاپەڕە[(455-459)

دووەم/ ئەو کەسەی ئەو تۆمەتە ئەداتە پاڵ ئەوانەی باوەڕیان بەعوذر بەجەهل هەیە شتەکانی تێکەڵ کردوە و ئەیەوێ چەواشەکاری دروست بکات چونکە قسەکەی جاحظ باس لەکافرانی ئەصڵی دەکات بەڵام ئەوانەی دەڵێن عوذر بەجەهل هەیە بۆ کەسێك دەڵێن هەیە کە موسڵمان بێت و داخلی ئیسلام بوبێت بەڵام هەڵەی کردبێت یان جەهلی هەبێت لەهەندێك ئەو کار وکردەوانەی دەچێتە خانەی شیرك و کوفر و پەرستنەوە، هەر لەم ڕوانگەیەوە عوذری پێدراوە چونکە لەبنچینەوە باوەڕی وایە تەنها ألله شایستەی پەرستنە و هیچ هاوبەشێکی نیە و شایەدی ئیلتیزامی داوە بۆ خوا و دینی خوا بەڵام لە تاکێك لەتاکەکانی عیبادەت یان شیرك و کوفر نەزان بووە و بەهەڵە و نەزانی ئەنجامی داوە، بەڵگەش لەسەر ئەوەی قسەکەی جاحظ پەیوەستە بەکافرانی ئەصڵیەوە کاتێك کۆشش بکەن لە استدلال کردن بەناسینی خوا بەڵام بکەونە هەڵەوە ئەوا دەڵێت عوذریان هەیە ئەمەش وتەکەیەتی" إن كثيرا من العامة والنساء والبله مقلدة اليهود والنصارى وغيرهم

لا حجة لله تعالى عليهم إذ لم يكن لهم طباع يمكن معها الاستدلال " بڕوانه البحر المحيط الزركشي.(238/6)

جاحظ دەڵێ:" زۆربەی عەوام و ژنان و گێل و موقەلیدی یەهود و نەصاری خوا حوجەی نیە لەسەریان مادام سروشتیان توانای إستدلال وبەڵگە هێنانەوە عەقڵیەکانیان نەبێت بۆ ناسینی خوا " بە پێچەوانەی مەنهەجی جمهوری موعتەزیلە.

سێیەم/ ئەگەر وەکو گریمانەیەك بڵێین وتەکەی جاحظ پەیوەست بێت بەموسڵمانەوە جا ئەگەر بڵێ هەموو ئەو کارە شیرکی و کوفریانەی کەسی نەزان ئەنجامی ئەدا حەقە و ڕاستە و هەڵەنیە ئەمەبێت مەبەستی قسەکەی ئەوا دەڵێین کەسی عاذر واناڵێت و ئەو کەسەی دەڵێ عوزر هەیە بەجەهل ناڵێت خودی کارە کوفری و شیرکیەکان ڕاستن و کوفر نین و شیرك نین، یان هەموان لەسەر حەقن، بەڵکو دەڵێن ئەو کەسە جاهیلە کەوتۆتە هەڵە و کوفر و شیرکەوە بەڵام ئەو کوفر و شیرکە دانابەزێت لەسەری بەهۆی بوونی مانعێکی موعتەبەر.

بەڵام ئەگەر قسەکەی جاحظ پەیوەست بێت بە گوناحبار نەبون و سزانەدان مادام نەزانە، ئەوا مەسەلەی کەسێك کە هەڵەدەکات و تێدەکەوێت لەئوسوڵە قەتعیەکان ئایا گوناحی لەسەرە و سزا ئەدرێت یان نا ؟ لەنێوان ئوسوڵیەکان خیلافی تێدایە، جەماوەری موتەکەلیمین واتە جمهوری موعتەزیلە دەڵێن

گوناحی لەسەرە لێی دەگیرێ و عوزری نیە هەندێك لەوانە ئیجماعی خۆیانی ئەدەنە پاڵ، بەڵام کەسانێکی تاك و تروکی لە موعتەزیلە بەپێچەوانەی مەنهەجەکەی خۆیان دەڵێن نەخێر عوزری هەیە وەکو ئەوەی ئەدرێتە پاڵ جاحظ و عەنبەری.

بڕوانە کتێبی البرهان المحبوك، د.سلطان عبدالرحمن العميري لاپەڕە (49 -47)

هەربۆیە ئەوانەی بەبێ ڕەچاوکردنی ئیقامەی حوجە موسڵمان تەکفیرئەکەن بەهۆی ئەنجامدانی شیرك بەنەزانی، دەڵێن تەوحید و کوفر و شیرك بەعەقڵ و فیترەت زانراوە پێوستی بەهاتنی بەڵگە و پێغەمبەران نیە هەرکەسێك ئەنجامی بدات ڕاستەوخۆ کافر ئەبێت نەزانی و شوبهە و تەئویل نایخوات ئەم مەزهەبەیان لە موعتەزیلە و ماتۆریدیەکان وەرگرتوە، ئەمەش چەند وتەیەکی پێشەواکانی موعتەزیلە و ماتۆریدیەکانە لەسەر ڕاستی ئەم باسە:

یەکەم / أبو مەنصوری ماتۆریدی لەتەفسیری ئەم ئایەتە (لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى اللَّهِ حُجَّةٌ بَعْدَ الرُّسُلِ) (النساء:165): دەڵێت " نفيه الحجة إنما هي في العبادات والشرائع التي سبل معرفتها الرسل أما معرفة الله فإن سبيل لزومها العقل فلا يكون لهم ذلك على الله حجة » (بڕوانە الماتريدية دراسة وتقويما.((147)

دەڵێت :" حوجە تەنها لە عیبادات و شەرائیعەکان پێویستە کە ڕێگای زانیان پێغەمبەرانە، بەڵام ناسینی خوا ڕێگای ناسینی عەقڵە بۆیە لەنەناسینی خوا حوجەیان نیە خەڵکی ".

جا لەسەر ئەم بنەما بۆگەنەیە زۆربەی غولاتەکانی ئەمڕۆ فەتوای کافرکردنی موسڵمانان و خەڵکی ئەدەن و خۆشیان ئەدەنە پاڵ ئەهلی سوونە و تەوحید.

شێخی ئیسلام ابن تەیمیە لەسەر ئەم جۆرە عەقیدەیە کە پشت بەعەقڵ دەبەستن لەناسینی خوا نەك وەحی دەڵێت:":« وهذا مذهب المعتزلة ومن وافقهم من أصحاب أبي حنيفة«

دەڵێت:" ئەمە مەزهەبی موعتەزیلەیە و هەموو ئەوانەیە کە موافقی موعتەزیلەیان کردوە لەهاوەڵانی ئەبو حەنیفە " . واتە هاوەڵانی ئەبو حەنیفە کە ماتۆریدین لەسەر ئەو عەقیدە ئیعتیزالیەن کەدەڵێن نەزانی لە نە ناسینی خوا نیە.

نوسەرە هاوچەرخەکانیش قسەی ئەوانەیان نەقڵ کردوە خەڵکێکی نەخوێندەواریان پێ چەواشەکردوە کە وابزانن ئەوانە ووتەی ئەهلی سوونەن.

سەرەنجام ئەڵێن هیچ پێویست بەئیقامەی حوجە و ڕەوانەوەی شوبهە ناکات هەرکەسێك بەنەزانی یان بەهەڵە توشی کوفر بوو تەواو کافرە و کۆتایی هاتووە چونکە عەقڵ پێغەمبەرە بۆ هەموو ئینسانێ کەواتە هەموان ئیقامە حوجەکراون و پێغەمبەریان لەگەڵە!!!!

دووەم / الأصبهاني له الحجة في بيان المحجة -(٣٤٧/ ١)دەڵێت:
أبو المظفر السمعاني دەڵێ : جیاوازی لەنێوان ئیمە و موبتەدیعەکان بریتیە لە بابەتی عەقڵ ئەوان دینەکەیان لەسەر عەقڵ دامەزراندوە، شوێنکەوتن و شوێنەواریان خستۆتە دوای عەقڵەوە، بەڵام ئەهلی سوونە دەڵێن: ئەصڵ لەدین شوێن کەوتنە عەقڵیش بەدوای دەکەوێت، چونکە ئەگەر بنچینەی دین لەسەر عەقڵ بوایە ئەوا خەڵکی پێویستیان بە وەحی و بەپێغەمبەران نەئەبوو، هیچ مانایەکی ئەمر و نەهی نەدەما و هەرکەسە بەویستی خۆی قسەی ئەکرد، هەربۆیە ئەگەر دین لەسەر بنچینەی عەقڵ بوایە ئەوا جائیز بوو هەر شتێك عەقڵت بڕی نەکات ڕەتی بکەیتەوە "..

سێیەم / القاضي عبدالجبار لەشەرحی الأصول الخمسة بەشێکی داناوە بەناونیشانی "کەسی موکەلەف بەعەقڵی ئەوەی ئەمری پێکراوە دەیزانێ نەك بەوەحی" دەڵێت: " ئەوەی زەرورە کەسی عاقڵ بیزانێت پێویستی بەوە نیە بەوەحی بیزانێ، وەکو زانینی ناشرینی ستەمکردن و کوفرکردنی نیعمەت و پێویستی ئینصاف و سوپاسکردن، هەروەها پێویستمان بەوەحی نیە لەو شتانەی بەڵگەی زانراوی عەقڵی هەیە لەسەری چونکە بۆخۆی ئەتوانێت بڕوانێتە بەڵگەکان لەسەر بوونی بەڵگە لەسەر".

چوارەم / زەمەخشەری لە کەشاف دەڵێ: ئەگەر بەڵگەی عەقڵی پشتیوانی کردن بوون لەگەڵ بەڵگەی وەحی، بەڵام بەڵگەی وەحی بەهێزترە بۆ پوچەڵکردنەوەی مەذهبەکانیان، ئەگەرچی بەتەنها بەڵگەی عەقڵی کافیە " .

پێنجەم / حاکم جەشمی شێخی موعتەزیلە لەتەفسیرەکەیدا دەڵێ: "عەقڵ کۆمەڵە زانستێکی زەڕوڕیە ئەگەر لە ئینساندا هەبوو ئەوا دەبێت بەموکەلەف ، کۆتا عیلمی عەقڵ بریتیە لە درك کردن بەعیلمی واجیباتە عەقڵیەکان وە شتە باش و ناشرینەکان بەعەقڵ ناونراوە بەعەقڵ وەکو لاسایی کردنەوەیەك بۆ عوقال کە ئەو گوریسەیە ئاژەڵی پێ دەبەستێتەوە، عەقڵیش گوریسێکە ڕێگریت لێ دەکات لە ئەنجامدانی شتە ناشرینەکان " .

هەروەها لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا (فَإِن زَلَلْتُم مِّنۢ بَعْدِ مَا جَآءَتْكُمُ ٱلْبَيِّنَٰتُ فَٱعْلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ)

ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی سزادان لەسەر پێ خلیسکان و لادان دوای ئیقامە حوجە دەبێت ئەمەش لەدوو ڕوەوەیە: شەریعەتەکان لەڕێگای پێغەمبەران و وەحیەوە دەزانرێ، بەڵام زانینی تەوحید بەبەڵگەی عەقڵی دەزانرێت، بەڵام بەتەرك کردنی شەرائیع کەس تەکفیر ناکرێت تاکو بەڵگەی وەحی پێ دەگەیەنرێت "..

کەواتە تێگەیشتن ئەوانەی ئەڵێن هەر کەسێ بکەوێتە ناو شیرک و کوفرێکەوە کافرە و موشریکە ئەگەرچی بەڵگەی بۆ ڕوون نەکرابێتەوە و ئیقامەی حوجەش نەکرابێت، ئەم پیسیە لە پیسیەکانی موعتەزیلەوە هاتووەتە ناو ئەهلی سوونە و کەسانێکی نەزان ئەمڕۆ تەبەنای ئەکەن .

ئیمام ئیبن و تەیمیە لە درء التعارض بین العقل والنقل (1/140) دەڵێ:
لەشتە سەیرەکانە ئەوانەی ئەهلی کەلامن دەڵێن: ئەو ئصوڵی دینەی پێچەوانەکارەکانی کافر دەبن کە بریتیە لە عیلمی کەلام کە تەنها عەقڵ دەزانرێت، بەڵام ئەو بابەتانەی بەعەقڵ نازانرێت ئەوە شتە شەرعیەکانە لایان، ئەمەش ڕێگای موعتەزیلە و جەهمیەکانە و هاوپێڕەکانیانە هاوشێوەی شوێنکەوتوانی خاوەنی الارشاد، بۆیە پێیان ئەڵێین ئەم قسەیەتان پێك دێت لەدوو شت : یەکەمیان: ئوسوڵی دین تەنها بەعەقڵ دەزانرێ بەڵام شەرعیەکان بەعەقڵ نازانرێت. دووەم: ئەوانەی موخالیفی ئوسوڵی دینن کافرن، جا ئەم پێشەکیە ئەگەرچی باطڵە کۆکردنەوەش لەنێوانیان لەیەککگیرانە ".
هەر لەسەر ئەم بنەما باتڵەیە ئەو سولەیمانی صۆماڵی هاوپێڕەکانی موسڵمانان تەکفیر ئەکەن بەهۆی ئەنجەمدانی شیرك و کوفری گەورە پێش گەیشتنی حوجە و ڕوونکردنەوە، کەواتە زانیمان ئەمانە ئەم عەقیدە بۆگەنەیان لەکێ وە

وەرگرتوە ، ئەمە بەسبێ کەپێی ببن بەموبتدیع و دەرچونیان لە ڕێبازی ئەهلی سوونە .

هەروەها شێخی ئیسلام ابن تەیمیە لە مجموع الفتاوی (19/207) دەڵێ : جمهوری هەردوو تاقمەکەی ئەهلی کەلام و ڕەئی ئینکاری دەکەن لەو قسەیەی عوبەیدوڵا کە دەڵێ کەسی بەهەڵەداچوو لە ئوسوڵی دین یان لەفروعی دین مادام بەهەڵەداچوبێت گوناحبار نابێت، بەڵام لەغەیری ئەهلی کەلام واتە ئەهلی سوونە دەڵێن: هەرکەسێك بەهەڵەداچێت لەئوسوڵی دین بێت یان لەفروعی دین ئەوا هیچی لەسەر نیە ئەمەش قەولی سەلەف و پێشەوایانی فەتوایە لە ئەبو حەنیفە و شافیعی و ثەوری و داودی کوڕی عەلی هەروەك ابن حەزم و غەیری ئەویش گێڕاویەتیەوە لێیان، هەربۆیە ئەبو حەنیفە و شافیعی و غەیری ئەوانیش شایەدیان وەردەگرت لەئەهلی ئەهواو بیدەع و نوێژیان دەکرد لەپشتیانەوە تەنها خەتتابیەکان نەبێت، وە گومانیشی تێدانیە کافر نوێژی لەپشت ناکرێ و شایەدی لەسەر موسڵمانان لێ وەرناگیرێت، هەربۆیە عوذر هێنانەوە بۆ کەسی بەهەڵەداچوو لە ئوسوڵی دین بێت یان لەفروع ڕێبازی صەحابە و تابیعین و پێشەوایانی دینە کە هیچ کەسێ بەکافر و بەفاسق و بەگوناحبار دانانێن لەو کەسانەی کۆشش بکەن بۆ فێربوونی عیلم بەڵام بەهەڵەدا بچن جا ئەگەر هەڵەکەیان لەبابەتی عەقیدەیی بێت یان لەبابەتی کردەیی، وە وتویانە جیاوازی کردن لەنێوان بابەتەکانی ئوسوڵ و فروع لە

ئەقوالەکانی ئەهلی بیدعە لە ئەهلی کەلام و موعتەزیلە و جەهمیەکان ئەوانەی ڕێگای ئەوانەیان گرتوە، جا ئەم قسەیە گوێزراوەتەوە بۆ کەسانێ کە لە ئوسوڵی فیقە دواون تێکەڵی ئەو عیلمەیان کردوە بەم ڕاستیەیان نەزانیوە، هەربۆیە جیاوازی کردن لەنێوان ئوسوڵی دین و فروعی دین بابەتێکی داهێنراوە لە ئیسلام و هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نیە لە قورئان و لەسونەت و ئیجماع و هیچ یەکێ لەسەلەف و لەپێشەوایان بەکاریان نەهێناوە، هەربۆیە ئەو جیاوازی کردنە باطڵ ە لەڕووی عەقڵیشەوە".

هەڵوەشاندنەوەی گومانەکانی نەبونی بەهانەی نەزانی(31)

خەواریجەکانی سەردەم و زیادەڕەوەکان دەڵێن دین بریتیە لەدوو بەش ئوسوڵ و فروع ، خوای گەورە ئوسوڵی دین کەتەوحیدە ڕوونی کردۆتەوە بەجۆرێ کەخوێنەوار و نەخوێنەوار عەرەب و غەیرە عەرەب تیایدا یەکسانن و ئەیزانن تەنانەت بەفیترەتیش زانراوە، بەبێ بوونی پێغەمبەران و پێویستی بەپێغەمبەران خەڵکی ئومەتان زانیویانە هەربۆیە عوذر بەجەهل لەئوسوڵی دیندا نیە هەرکەسێك نەزان بێت لەئوسوڵ یان هەڵە بکات یان تەئویل بکات ئەوا کافر ئەبێت جا حوجەی پێگەیشتبێت یان نا، ئەم قسەیەش ئەوە ئەگەیەنێ کە پێغەمبەران و کتێبەکان لەزیادە نێردرابن و دابەزێنرابن ؟! چونکە خەڵکی

هەموو عیلمیان هەیە و تەوحید ئەزانن ئیتر پێغەمبەریان بۆچیە و کتێب ناردن سوودی چیە ؟! ئەی باشە ئەو هەموو دژایەتی و ناکۆکیە و شەڕ و جەنگە بۆچی دروستبوو لەنێوان ئەو خەڵکانە و پێغەمبەرەکانیان ئەگەر لەسەر ئینکاری کردن نەبوبێت لەتەوحید ؟ بۆ دیارە پێغەمبەران بانگەوازیان بۆ تەوحید نەبووە و تەنها بۆ چەسپاندنی فروعی دین نێردراون کێشەکە لەفروعی دین بووە نەك تەوحید کەواتە دیارە ئەو ئومەتانە لەبنچینەدا هەر موسڵمان و موەحید بونە و ناکۆکیەکانیان لەگەڵ پێغەمبەرەکان ناکۆکی لاوەکی بووە ؟!!! ئائەم دابەشکردنەی دین بۆ ئوسوڵ و فروع پاشان بنیاتنانی حوکمەکان لەسەر ئەو دابەشکردنە ئەو واتایانە ئەخوازێت جا هەست بکەن یان هەست نەکەن بۆیە بەڕاستی کەسێك عاقڵ بێت و ئیمانی هەبێت بەخوا و بەڕۆژی دوایی مەحاڵە قسەی ئاوا بکات.

جا بابزانین زانایان و پێشەوایانی ئیسلام چی دەڵێن لەسەر ئەم دابەشکردنە بیدعیە-:

شێخی ئیسلام ابن تیمیە رحمه الله دەڵێت ":

فمن كان من المؤمنين مجتهداً في طلب الحق وأخطأ فإن الله يغفر له خطأه كائنا ما كان، سواء كان في المسائل النظرية أو العملية، هذا الذي عليه أصحاب النبي - صلى الله عليه وسلم-، وجماهير أئمة الإسلام، وما قسَّموا المسائل إلى مسائل أصول يَكْفُرُ بإنكارها، ومسائل فروع لا يَكْفُرُ بإنكارها. فأما التفريق

بين نوع وتسميته مسائل الأصول ، وبين نوع آخر وتسميته مسائل الفروع، فهذا الفرق ليس له أصل، لا عن الصحابة ولا عن التابعين لهم بإحسان، ولا أئمة الإسلام، وإنما هو مأخوذ عن المعتزلة وأمثالهم من أهل البدع، وعنهم تلقاه من ذكره من الفقهاء في كتبهم، وهو تفريق متناقض، فإنه يقال لمن فرَّق بين النوعين: ما حد مسائل الأصول التي يَكْفُر المخطئ فيها؟ وما الفاصل بينها وبين مسائل الفروع؟ فإن قال: مسائل الأصول هي مسائل الاعتقاد ، ومسائل الفروع هي مسائل العمل. قيل له: فتنازع الناس في محمد - صلى الله عليه وسلم - هل رأى ربه أم لا؟ وفي أن عثمان أفضل من علي أم علي أفضل؟ وفي كثير من معاني القرآن وتصحيح بعض الأحاديث ، هي من المسائل الاعتقادية العلمية ، ولا كُفْرَ فيها بالاتفاق، ووجوب الصلاة والزكاة والصيام والحج وتحريم الفواحش والخمر هي مسائل عملية ، والمنكر لها يَكْفُر بالاتفاق.

واته: هەركەسێك لە بڕواداران هەوڵ بدات لەداواکردنی حەق بەڵام هەڵە بکات ئەوا بەڕاستی خوا لەهەڵەکەی خۆش ئەبێت ئەگەر لەبابەتی عەقیدەیی بێت یان یان لەبابەتی کردەوەیی ئەمەش کەلەسەرێتی هاوەڵانی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلّم، وە جەماوەری پێشەوایانی ئیسلام بابەتەکانیان دابەش نەکردوە بۆ بابەتی ئوصول کە ئەگەر کەسێك ئینکاری لێ بکات کافربێت و بابەتی فروع کە کەسێك ئینکاری لێ بکات کافر نەبێت. هەربۆیە جیاوازی کردن لەنێوان ئەوەی ئەمە بابەتی ئوصول و ئەمە بابەتی فروعە ئائەم جیاوازی

كردنه هيچ بنەمايەكى نيه نه لاى هاوەڵان وه نەلاى تابيعين وه نەلاى پێشەوايانى ئيسلام بەڵكو ئەم جياكردنەوەيە لە موعتەزيلەو هاوشێوەكانيانەوە وەرگيراوە لە ئەهلى بيدەع وە ئەو فوقەهايانەش لەكتێبەكانى ئەوانەوە وەريان گرتوە، ئەمەش جياوازى كردنێكى دژبەيەكە هەربۆيە بەو كەسانەى ئەم جياوازيە دەكەن پێيان دەڵێين : سنورى بابەتەكانى ئوصول تاكوێيە كە كەسێك هەڵەى تێاكرد كافربێ؟ خاڵى جياكەرەوەى نێوانيان لەگەڵ بابەتەكانى فروع تاكوێ يە؟ جا ئەگەر بڵێ بابەتەكانى ئوصول بريتيە لەبابەتەكانى عەقيدە و بابەتەكانى فروعيش بريتيە لەبابەتەكانى كردەوە، لەوەڵامدا پێى دەڵێن دەى هاوەڵان و خەڵكى ناكۆك بوون ئايا پێغەمبەر پەروەردگارى ديوە يان نا ؟ هەروەها ڕاجيابون ئايا عوسمان باشترە يان عەلى وە لەزۆرێ لەماناكانى قورئان و بەڕاست دانانى هەندێ لەفەرمودەكان كەئەمانە لەبابەتى عەقيدەن و خاوەنەكەشى كافر نابێ بەئيتيفاق ".

ئەمەش وتەى ابن تيميەيە دەيگێڕێتەوە دەربارەى سەلەف كە مەزهەبى سەلەف بوە و دەڵێ مەسەلەى ئوصوڵ و فروع بيدعەى موعتەزيلەيە، ئيستا چى دەڵێن ؟؟؟

پاشان لەهەندێ شوێن شێخى ئيسلام ابن تەيميە باسى ئصولى دين و فروعى دين ئەكات ئاگاداربن لەسياقى ڕەتدانەوەى ئەهلى كەلام و بيدەع باسى

دەکات تاکو ئەو بابەتە ڕوون بکاتەوە نەوەکو ئەوەی خۆی باوەڕی هەبێ بەو بابەتە وحوکم لەسەر ئەو بنەمایە بڕیاربدات.

هەروەها ئیمام ابن القیم یش دابەش کردنی دین بۆ ئوصوڵ و فروع ڕەتی ئەکاتەوە

ئیمامی ابن القیم -رحمه الله-دەڵێت " إنهم قسموا الدين إلى مسائل علمية وعملية وسموها أصولا وفروعا، وقالوا: الحق في مسائل الأصول واحد، ومن خالفه فهو كافر فاسق . وأما مسائل الفروع، فليس لله تعالى فيها حكم معين ولايتصور فيه الخطأ، وكل مجتهد مصيب لحكم الله تعالى الذي هو حكمه . وهذا التقسيم لو رجع إلى مجرد الإصطلاح لا يتميز به ما سموه أصولا مما سموه فروعا، فكيف وقد وضعوا عليه أحكاماً وضعوها بعقولهم وآرائهم...ومنها:إثبات الفروع بأخبار الآحاد دون الأصول، وغير ذلك .وكل تقسيم لايشهد له الكتاب والسنة وأصول الشرع بالإعتبار، فهو تقسيم باطل يجب إلغاؤه"مختصر صواعق المرسلة ص ٦١٣

دەڵێ: ئەوانە دینیان دابەشکردوە بۆ بابەتی عیلمی و عەمەلی و ناویان ناون بە ئوصول و فروع، و دەڵێن حەق لەبابەتەکانی ئوصولدا یەك شتە هەرکەسێك موخالەفەی بکات کافرە و فاسقە، بەڵام بابەتەکانی فروع خوای گەورە حوکمێکی دیاریکراوی دانەناوە و هەڵەتیایدا بەهەندوەرناگیرێ و هەموو موجەتەهیدێ حوکمی خوای تێدا پێکاوە، جا ئەم دابەشکردنە ئەگەر تەنها

ئیصطلاحێك بێت ناتوانرێ لەیەکترجیابکرێتەوە چ جای ئەگەر بەعەقڵ و بۆچونەکانیان کۆمەڵێ ئەحکامی لەسەر بنیات بنێن، لەوانە دەڵێن: فروع به هەواڵی ئاحاد دەچەسپێت جگە لە ئوصول، جا هەر دابەشکردنێك کیتاب و سونەت و بنەماکانی شەرع شایەدی بۆنەدات و بەهەندی وەرنەگرێت، ئەوا جیاوازی کردنێکی باتڵە ودەبێت هەڵبوەشێنرێتەوە".

زانای پایەبەرزی سەردەم شێخ بکر أبو زید لەم بارەیەوە دەڵێت":

هذا تفريق ليس له أصل، لا عن الصحابة ولا عن التابعين لهم بإحسان ولا أئمة الإسلام ، وإنما هو مأخوذ عن المعتزلة وأمثالهم من أهل البدع، وعنهم تلقاه بعض الفقهاء .

وهذا التفريق متناقض، ولايمكن وضع حد بينهما ينضبط به .

ولشيخ الإسلام ابن تيمية رحمه الله تعالى وابن القيم رحمه الله تعالى مباحث مهمة في نقض هذا التفريق- وابن تيمية رحمه الله تعالى-لا يرتضي هذا التقسيم، ويراه محدثاً من قبل المعتزلة وأمثالهم من أهل البدع وأن الإعتقاد لموجب النصوص وما تمليه الشريعة في مساق واحد، من حيث لزوم الاعتقاد وداعي الإمتثال، وأن التقسيم منقوض بعدم الحد الفاصل بينهما .

وابن تيمية رحمه الله كثيراً ما يستعمل هذا التعبير، فمراده إذن من إنكار التفريق ترتيب التكفير، وعليه: فإنَّ المعين لا يكفر إلا بعد إقامة الحجة عليه، فتنبه، والله أعلم. " (معجم المناهي اللفظية ص ٨٢-٨٣)

دەڵێت: ئەم جیاوازی کردنە هیچ بنەمایەکی نیە، نە لەصەحابەوە نە لەتایعینەوە وە نە لە شوێنکەوتە چاکەکانیان وە نە لە پێشەواکانی ئیسلام، بەڵکو ئەم جیاوازی کردنە وەرگیراوە لەموعتەزیلەو هاوشێوەکانیان لەئەهلی بیدەع، وە هەر لەوانەی هەندێ لەشەرعزانان وەریانگرتووە.

ئەم جیاوازی کردنە تێکدەگیرێت، ناتوانیت سنوری ڕێکخراوی بۆ دابنێیت بەهۆی بتوانیت ڕێکیبخەیت.

وە شێخی ئیسلام ابن تەیمیە و ابن القیم باسی گرنگیان هەیە سەبارەت بەهەڵوەشانەوەی ئەم جیاوازی کردنە، ابن تەیمیە ڕەحمەتی خوای لێ بێت بەم جیاوازی کردنە ڕازی نیە، و بەداهێنراوی دەزانێت لەلایەن موعتەزیلەو هاوشێوەکانیان لەئەهلی بیدەع، چونکە باوەڕبوون بەهەموو دەقە شەرعیەکان لەیەك ئاستدان لەڕووی باوەڕپێ بونیان و جێ بەجێکردنیان، وە جیاوازی کردنیش هەڵەوەشاوەیە بەوەی سنورێکی جیاکەرەوە ناتوانرێت دابنرێت لەنێوانیان.

وە شێخی ئیسلام ابن تەیمیە -ڕەحمەتی خوای لێبێت- زۆربەی کات ئەم جیاوازی کردنە بەکاردێنێت. بەڵام مەبەستی لە نکۆڵی کردنی ئەم جیاوازی کردنە ئەوەیە لەسەر بنەمای ئوسوڵ و فروع حوکمی تەکفیرکردن ئەنجام بدەیت، هەربۆیە کەسی دیاریکراو تەکفیر ناکرێت تەنها دوای ئیقامەی حوجە نەبێت لەسەری، ئاگادارِبە، واللە اعلم".

پرسیاری یەکەم/ عەقیدەی ابن جەرجیس چیە ئەکرێت بۆمان ڕونبکەیتەوە، چونکە دەبینین کەسانێ تۆمەتی مورجیئە و جەراجیسە ئەدەنە پاڵ موەحیدانی ئەهلی سوونە ؟؟

وەڵام / ئەم تۆمەت و چەواشەکاریانە بەردەوام لەلایەن دڵ بۆگەنە خەبیثەکانەوە دەکرێت بۆ ئەوەی موسڵمانان و ئەوانەی عیلمیان نیە دوورنەکەونەوە لە مەزهەبە باتڵەکەیان و خەڵکی دەستەمۆی فەتواکان و مەرامە گڵاوەکانی خۆیان بکەن، پاشان تەحەدایان ئەکەین ئەصلەن بزانن جەرجیس ناوی تەواوی چیە و عەقیدە و بۆچونەکانی چی بوە وکێ وەڵامی داونەتەوە ؟ تەحەدایان ئەکەین کە ئەگەر یەك لاپەڕەیان لەوەڵامی شوبهەکانی ابن جەرجیس خوێندبێتەوە کە زانایانی وەك شێخ بعداللطیف و أبابطین وەڵامیان داوەتەوە، جاسەرەتا پێویستە بزانین ئەو مەزهەبەی کە شێخ أبابطین و عبدالرحمن بن حسن و عبداللطیفی کوڕی ڕەدی ئەدەنەوە مەزهەبی داودی کوری جەرجیس ە، جا ئەگەر بمانەوێ لەو بەناو سەلماندنانە شارەزابین کەداود بن جرجیس دەیداتە پاڵ ابن تەیمیە دەربارەی عوذر بەجەهل لەشیرکی گەورە، ئەو مانا فاسیدەمان بۆ دەرەکەوێ کە ابن جرجیس لەمەسەلەی عوذر بەجهل دەیسەلێنێ و بەڵگەی پێ دێنێتەوە بەوتەکانی شێخی ئیسلام ابن تەیمیە کە تەحریفی وتەکانی دەکات و لەغەیری شوێنی خۆی بەکاری دێنێ جا کاتێ بگەڕێینەوە بۆ ڕەتدانەوەکانی ابابطین ئەوا

بۆمان دەرەکەوێ گومڕاییەکانی داود بن جەرجیس دەگەڕێتەوە بۆ حەوت خاڵ :

خاڵی یەکەم: داود بن جەرجیس ئەو قسانەی کەشێخی ئیسلام کردویەتی لەکتێبی "اقتضاء الصراط المستقیم"دەربارەی بیدعەی عەمەلیە کە عوذری تێدا بۆ متأول و مجتهد و مخطئ و مقلد دێنێتەوە کە ئەصلەن هەر کوفرنین جا ابن جرجیس ئەم وتانەیە دێنێ و دەڵێ ئەوە عوذر هێنانەوەی ابن تەیمیە لەشیرکدا.

دووەم: شێخی ئیسلام ابن تەیمیەکاتێ عوذر بۆ ئەوکەسانە دێنێتەوە کە کەوتونەتە کوفرێکەوە وەکو حەڵاڵ کردنی عارەق بەو مەرجەی سەرخۆش نەبن کە شێخ عوذریان بۆ دێنێتەوە بەوەی موجتهد بن یان تەئویلیان هەبێ هەروەها ئەوانەشی کە موقلیدیانن، جا ابن جەرجیس ئەم حوکمەی ابن تەیمیە قیاس ئەکات بە بونی عوذر بەجەهل لەشیرکدا بەبیانووی ئەوەی مەلا قبوریەکانیش مجتهدن ئەو خەڵکە تەقلیدی ئەوانی کردۆتەوە.

سێیەم: ابن جەرجیس وتەکانی ابن تەیمیە کەباسی عوذر بەجەهل ئەکات لە لەبابەتی صیفات دێت ئەو وتانە دادەبەزێنێ لەسەر عوذر بەجەهل لەشیرکی گەورە، بەو مانایە لێکی ئەداتەوە کەدەڵێ ابن تەیمیە هەرکەسێ بکەوێتە ناو شیرکەوە تەکفیری ناکات ئەگەر ئیقامە حوجەشی لەسەر کرابێ مادام موعانیدنەبێت مادام نەزان بێت بەهۆی پشتکردنی لەفێربون وە تواناشی

هەبێت فێربێت بەڵام خۆی فێرنەکات ئەوا هەر مەعذورە بەو نەزانیە، ئەم قسەیە ابن جەرجیس ئەیداتە پاڵ ابن تەیمیە، بۆیە دەڵێ تەنها کەسێ کافر ئەبێ کەحەق شیرکی بۆ ڕوون کرایەوە و هیچ بیانویەکی نەما بەهۆی عینادیەوە هەر بەردەوام بوو لەسەر کوفر و شیرك، ئەوجا تەکفیر ئەکرێ، وە بەرپەرچدانەوەکانی شێخ أبابطین یش دەربارەی ئەمەیە، بەڵام لەڕاستیدا شێخی ئیسلام دەڵێت هەرکەسێ حوجەی پێگەیشت لێی حاڵی بوو لەشیرکی گەورە واتە فەهمی خطابی هەبوو ئەگەر وازی نەهێنا یەکسەر کافر ئەبێ وعوذری نامێنێ و ڕەتدانەوەی گومانەکانی بەمەرج ناگرێت

چوارەم: بوهتانێکی تر کە ابن جەرجیس دەیداتە پاڵ ابن تەیمیە و ابن القیم دەڵێ ابن تەیمیە و ابن القیم ئەو شیرکانەی قەبر پەرستەکان ئەنجامی ئەدەن بەشیرکی گەورەیان دانەناوە، داوای فریاکەوتن لەقەبر و سەربڕین و نەذر کردن بۆ قەبریان بەشیرکی گەورە دانەناوە بەڵکو هەرکەسێ کاری ئاوا بکات بەموسڵمانیان داناوە.

پێنجەم: ابن جەرجیس ئەڵێ ئیقامەی حوجە دەبێ ئیمام یان جێگیرەکەی بیکات .

شەشەم: قسەکانی ابن تەیمیە دەربارەی ئینکاری کردن لەصیفات و ئەحکامەکانی شەرائیع دادەبەزێنێ دەربارەی شیرك لەو ڕوە نا کە ئەصلەکەی

و بەڵگەکانی ئەم ئەصلە لەهەردوو بابەکە یەکن وەکو پێشتر جێگیرمان کرد، بەڵکو ابن جەرجیس ئینکاری کردنی صیفات و ئەحکامەکانی شەرائیع و شیرك لەهەموو ڕوویەکیانەوە یەکسانیان ئەکات بەیەکتر و ئەمەش ئەداتە پاڵ ابن تەیمیە، کە لەڕاستیدا لەهەموو ڕویەکەوە وەکو یەك نین، چونکە ابن تەیمیە لەبابەتی ئینکاری کردن لەصیفات مەرجی دائەنات کە بۆ کەسی ئینکاری کار ڕون بکرێتەوە کەپێچەوانەی حەقی کردوە و هەموو گومان و بیانوەکانی بنبڕبکرێت و هیچی لەمێشك نەمێنێ کەبەرپەرچی بداتەوە، بەڵام لەبابەتی شیرك تەنها ئەوەیە بۆی ڕوون بکرێتەوە لە خطابەکە حاڵی بێ هەرئەوەنە مەرجە لەبابەتی شیرکی گەورە.

حەوتەم: دەڵێ هەرکەسێ کە عوذری هەبێ بەنەزانی لەشیرك ئەوا لۆمە و زەمکردنیشی لەسەر نیە، ئەمەش پێچەوانەی وتەکانی ابن تەیمیە و صەوابە. جا هەرکەسێ ئەیەوێ دڵنیابێت لەڕاستی ئەم حەوت خاڵە با بگەڕێتەوە بۆ کتێبەکەی شێخ عبداللطیف بن عبدالرحمن بەناوی "منهاج التأسیس" کەقسەکانی ابن جریس دێنێ دەربارەی ابن تەیمیە و دەیکاتە بەڵگە بۆ قسەکانی خۆی، پاشان شێخ دێ یەك یەك هەڵدەوەشێنێتەوە و ڕووی فەسادی و بەتاڵی ئەو قسانە ئەخاتەڕوو. بەمەش بۆمان ڕونبوەوە خوێندنەوە لەکتێبەکانی پێشەوایانی دەعوەی نەجدی لەبابەتی عوذر بەجەهل پێویست دەکات دوو جۆر خوێندنەوە ئەنجام بدەین:

خوێندنەوەی یەکەم: پێویستە بۆچون و مەزهەب و بیروباوەڕی ئەو کەسە بزانین کە بەرپەرچی ئەدەنەوە تاکو لەو قسانە حاڵی بین کە دەیکەن دەربارەی ئەو ڕوداوە.

دووەم:وتەکانیان دەربارەی عوذر بەجەهل لەژێر ڕۆشنایی خوێندنەوەی یەکەم چونکە هەموو قسەکانی پێشەوایانی دەعوەی نەجدی وتراوە دەربارەی ڕوداو وکەسانێکی دیاریکراو و تایبەتی یان لەسیاقی بەرپەرچدانەوەی ئەوانە وتراوە کەبەرگریان لەو گۆڕپەرستانە کردوە کە ئیقامەی حوجەکراون.یان لەوەڵامی کەسێك وتراوە کەخاوەن شوبهە بووە،بۆیە هەرکەسێ نەزان بێ بە حاڵی ئەو کەسانەی ئەو قسانەیان لەسەر کراوە ئەوا بەڕاستی توشی ئینحیراف و گومڕابونێکی ترسناك ئەبێت.

پرسیاری دووەم/ تەوەسول و جۆرەکانی چین و بەکێ ئەوترێ و قبوری و قەبرپەرست ؟

وەڵام/ تەوەسول و جۆرەکانی تەوەسول :-

تەوەسول : بریتیە لەنزیك بوونەوە، لێرەدا مەبەست لێی نزیك بونەوەیە لەخوا جا بەشەرعی بێت یان بەشیرك بێت یان بەبیدعە.

1- تەوەسولی شیرکی :

أ-ئەوەیە عیبادەت و پەرستن بۆ قبری پیاوچاکێك یان پێغەمبەرێك بکەیت بەبیاووی ئەوەی لەخوا نزیکت بکەنەوە یان بۆ ئەوەی خوا رِزقت بدات یان منالّت پێ بدات یان شیفات بدات یان لەناخۆشیەکان رِزگارت بکات، ئەمەش جۆرێکە لەجۆرەکانی تەوسولی شیرکی کەوا کافرەکانی قورەیش ئەنجامیان ئەدا وەکو تەواف کردن بۆ قەبری پیاو چاکێ یان قوربانی کردن و نەزرکردن یان سوجدە بردن بۆ قەبری پیاو چاکێ تاکو ئەو پیاو چاکە لای خوا دوعات بۆ بکات یان واستەت بۆ بکات ئەمە خاوەنەکەی پێی کافر دەبێت و شیرکەکەی وەکو شیرکی کافرەکانی قورەیشە کە خوای گەورە لەبارەیانەوە دەفەرمێت (وَيَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَضُرُّهُمْ وَلَا يَنفَعُهُمْ وَيَقُولُونَ هَـٰٓؤُلَآءِ شُفَعَـٰٓؤُنَا عِندَ ٱللَّهِ قُلْ أَتُنَبِّـُٔونَ ٱللَّهَ بِمَا لَا

يَعْلَمُ فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَلَا فِى ٱلْأَرْضِ ۚ سُبْحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ) [سورة يونس 18] هەروەها دەفەرمێت (أَلَا لِلَّهِ ٱلدِّينُ ٱلْخَالِصُ ۚ وَٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُوا۟ مِن دُونِهِۦٓ أَوْلِيَآءَ مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلْفَىٰٓ إِنَّ ٱللَّهَ يَحْكُمُ بَيْنَهُمْ فِى مَا هُمْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى مَنْ هُوَ كَٰذِب كَفَّار)[سورة الزمر 3].

ب- جۆرێکی تر لە تەوەسولی شیرکی : ئەوەیە قەبرێکی پیاو چاکێك یان پێغەمبەرێك یان فریشتەیەك یان بتێك بکەیت بەواسیتە بڵێیت چۆن مەسئولەکان پێویستیان بەواسیتەیە تاکو وەڵام بدەنەوە ئەگەر واستە نەبێت کارەکانمان جێ بەجێ نابێت خواش ئاوایە پێویستی بەواسیتەیە و دەبێت پێغەمبەر و پیاوچاکان بکەین بەواستە بۆ داواکردنی پێویستیەکانمان، ئەمەش شوبهاندنی خوایە بە مەخلوقەکانی و نەقص دانە پاڵ خوایە، کوفری گەورەیە و یەکێکی تر بووە لە واسیتەکانی کافرەکانی قورەیش کە بتەکانیان دەکردە واسیتەیان بۆ لای خوا . ئەمەش مانای دووەم ڕووی دوەمی ئەم ئایەتەیە (أَلَا لِلَّهِ ٱلدِّينُ ٱلْخَالِصُ ۚ وَٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُوا۟ مِن دُونِهِۦٓ أَوْلِيَآءَ مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلْفَىٰٓ إِنَّ ٱللَّهَ يَحْكُمُ بَيْنَهُمْ فِى مَا هُمْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى مَنْ هُوَ كَٰذِب كَفَّار)[سورة الزمر 3].

2- تەوەسولی بیدعی :

أ- ئەم جۆرە تەوەسولە ئەوەیە کەسێك بچێتە دیار قەبری پیاوچاکێك بڵێت بەمردوەکە دوعام بۆ بکە لای خوا خوای گەورە ئاوا و ئاوام بۆ بکات ئەم کەسە نائێت خوا ئاگای لەحاڵم نیە یان بێ ئاگایە لێم یان وەڵامم ناداتەوە یان پێویستی بەواسیتەیە بەڵکو ئەڵێت من گوناحبارم و ئەم پێغەمبەرە یان ئەم پیاو چاکە دوعای قبوڵە بۆیە من داوای لێ دەکەم لای خوا دوعام بۆ بکات لەم حاڵەتەدا ئەم کەسە کافر نابێت چونکە وادەزانێت و بەڵگەی پێیە کەوا مردوو دەبیستێت و دەبینێت و ئاگای لەزیندوو هەیە بۆیە هەروەك چۆن کەسێکی زیندوو جائیزە داوای لێ بکەی دوعات بۆ بکات ئاواش ئەڵێن جائیزە داوا لەمردویەکی پیاو چاك بکەیت مادام دەبیستێ و دەتبینێ و ئاگای لێتە کاتێ بچیتە لای گۆڕەکەی بۆیە ئەمە نابێت بە شیرك چونکە ئەگەر شیرك شتێکە لەهیچ کاتێ نابێت بۆ غەیری خوا ئەنجام بدرێت بۆیە ئەگەر شیرك بوایە ئەوا نەدەبوو لەزیندوو داوا بکەی دوعات بۆ بکات چونکە ناشێت شتێك شیرك بێت بۆ زیندوو ئاسایی بێت بەڵام بۆ مردوو شیرك بێت. بەڵام ئەگەر لەدووڕەوە داوای لێ بکەیت دوعات بۆ بکات لای خوا واتە نەچیتە دیار قەبرەکەی ئەمش ئەچێتە بابی شیرکی گەورەوە لەربوبیەت چونکە عیلمی غەیبت دایە پاڵ ئەو مردوە کە لەهەموو شوێنێ ئاگای لێتە و لەگەڵتە و بوونی هەیە ئەمەش سیفەتی

اللەیە بەتەنها، بەڵام ئەگەر بچیتە لای قەبرەکەی داوای لێ بکەی دوعات بۆبکات ئەم جۆرە تەوەسولە بیدعەیە چونکە پێغەمبەر صلی اللە علیە وسلم نەیکردوە هەروەها هیچ یەکێ لەصەحابە و تابیعین و پێشەوایانی ئیسلام نەیان کردوە، بۆیە بیدعەیەو جائیز نیە. وە بابەتێکی خیلافیە لەنێوان زانایانی متأخرین ئایا ئەچێتە بابی شیرکەوە یان بیدەعەت، زۆربەی زۆری زانایان دەڵێن ئەم جۆرە تەوەسولە بیدعەیە و شیرك نیە لەوانە شێخی ئیسلام ابن تەیمیە ابن القیم و زانایانی المتقدمین. بەڵام بەشێك لەزانایانی نەجدی دەڵێن شیرکی ئەکبەرە هەروەها لە زانایانی معاصرینیش، بەڵام ئەگەر داوا بکەیت لەخودی مردووەکە یان هانای بۆ بەریت پێویستیەکەت بۆ جێ بەجێ بکات خودی خۆی فریات بکەوێت ئەمە شیرکە لە ربوبیەت و شیرکی گەورەیە ، جا ئەگەر لەزیندووی داوا بکەیت یان لەمردوو کە لەتوانایدا نەبێت و تەنها لەدەسەڵاتی خوابێت. ب - جۆرێکی تر لە تەوەسولی بیدعی : ئەوەیە بچیتە لای قەبرێ یان شوێنی پیاو چاکێك لەوێ لەخوا بپارێێتەوە بڵێیت لەو شوێنە دوعا قبوڵە کە بەڵگەی لەسەر نیە، یان بڵێیت خوایە بۆ خاتری پێغەمبەر یان بۆ خاتری فلاّنە پیاو چاکە ئاوا و ئاوام بۆ بکە یان لەبەر ئەم و ئەو ئەمە بیدعەیە چونکە پێغەمبەر صلی اللە علیە وسلم ڕێنمایی ئومەتەکەی نەکردوە بەم

جۆرە پارانەوەیە هەروەها هاوەڵانی بەرز وبەڕێزیش نەیان کردوە، بەڵام هەندێك لە زانایانی حەنابیلە و شافعیەکان ڕێگەیان داوە بوترێت بۆ خاتری پێغەمبەر بەڵام قەولی صەحیح ئەوەیە بیدعەیە.

ئایا بەکێ دەوترێت قەبر پەرست و قبوری ؟

وەڵام : هەرکەسێك ئەو جۆرە تەوەسولە شیرکیانەی تێدابێت پێی دەوترێت قبوری و قەبر پەرست :

1- هەرکەسێ عیبادەتەکان بۆ مردوویەك صەرف بکات بۆ ئەوەی مردووەکە دوعای بۆ بکا، ئەوا قەبر پەرستە

2- هەرکەسێ داوا لە مردویەکی غائیب بکات کە لای خوا دوعای بۆ بکات دوور لەقەبرەکەی ئەوا قەبر پەرستە.

3- هەرکەسێ هاناو هاوار بۆ مردویەك ببات فریای بکەوێت و داوا لەخودی مردوەکە بکات ڕزگاری بکات یان شیفای بدات ئەوا قەبر پەرستە.

4- هەرکەسێ باوەڕی وابێت فلاّنە شێخ یان مردووە یان پێغەمبەر دەسەڵاتی هەیە لەدونیا و سوود و زیانی بەدەستە و لێیان بترسێت و بەتەمای ئەوان بێت و باوەڕی بەکاریگەریان هەبێت ئەوا قەبر پەرستە.

3- تەوەسولی شەرعی : ئەوەیە لەخوا نزیك ببیتەوە بە

أ- عيبادەت و چاكە كردن و صەدەقەكردن

ب- لەخوا نزيك ببيتەوە و بپارێيتەوە بەناو و سيفەتەكانى خوا ج - لە خوا نزيك ببيتەوە بەكردەوە چاكەكانت و دوركەوتنەوەت لەگوناحەكان

ت- لەخوا نزيك ببيتەوە بەخۆشەويستيت بۆ دينى خوا و بۆ پێغەمبەرەكەى. هـ - لەخوا نزيك ببيتەوە بەوەى پياوچاكێكى زيندوو دوعات بۆ بكات . بروانە ئەم سەرچاوانە 15 نقلا عن شيخ الإسلام ابن تيمية في أن سؤال الميت أن يدعو ليس شركا أكبر http://abo-musa.blogspot.com/2015/09/14.html?m=1

ث- بڕوانە كتێبى كشف الالتباس لاپەڕە [ملحق رقم 4 ص 494 - https://www.noor-book.com/%D9%83%D8%AA%D8%A7%D8%A8-%D9%83%D8%B4%D9%81-%D8%A7%D9%84%D8%A7%D9%84%D8%AA%D8%A8%D8%A7%D8%B3-%D9%81%D9%8A-%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%B0%D8%B1-%D8%A8%D8%A7%D9%84%D8%AC%D9%87%D9%84-pdf-1614199928 [518

پرسیاری سێیەم / ئەڵێن ئەصلی دین بریتیە لەناسینی اللە و پەرستنی بەتاك وتەنها بابێ هیچ هاوبەش بۆدانانێ، عذر بەجەهل لەمەدا قبوڵ ناکرێ جا لەشوێنێ عیلم و ئیسلام بێ یان لەشوێنی دورە دەست و جهل و کافران بێت ، ئیقامە حوجەکرابێ یان نەکرابێ واجبە هەرکەسێ لەموسڵمانان کەوتە ناوشیرکەوە بەڕواڵەت تەکفیربکرێ ، ئایا ڕونکردنەوەتان چیە لەسەر ئەم وتەیە ؟

وەڵام : شێخ دکتۆر عبدالرزاق معاش دەڵێ " ئەگەر مەبەستیان لە ئەصلی دین دان پێداهێنانی گشتی بێ بەتەوحید و ئیلتیزام کردنی گشتی و مجمل بێ بەپەرستنی اللە بەتاك و تەنها ئەوا هیچ یەکێ لەئەهلی سوونە خیلافی لەمەدا نیە کە عوذری نەزانی تێدا قبوڵ ناکرێ واتە کەسێ شایەدمان دێنێ بە لا الە الە اللە و دەڵێ بەڵێ شایەدی ئەدەم کەتەنها پەرستن ئەبێ بۆ اللە بکرێ و کەس لەغەیری اللە شایستەی پەرستن نیە، پاشان بڵێ غەیری اللە جائیزە بپەرسترێ یان پەرستنی بۆ بکرێ یان بڵێ خوا شەریکی هەیە ئەوا مجمل و گشتی شایەتمانەکەی هەڵوەشاندۆتەوە هیچ عوزرێکی نیە بەنەزانی چونکە پێچەوانەی ڕواڵەتی شایەدمانەکەی کردوە، کافربووە.بەڵام کێشەکە ئەوەیە ئەوان دەڵین مەبەست لە ئەصلی دین ئەوەیە ئیلتیزامی گشتی و تەفصیلیت هەبێ بەتەوحید، هەرکەسێ جۆرێ لەجۆرەکانی عیبادەت ئەگەرچی نەشزانێ

ئەو کارە عیبادەتە ئەنجامی بدات بۆ غەیری خوا ئەوا کافر ئەبێ جا یەکسانە ئیقامە حوجە کرابێ یان نەکرابێ، ئەمەش پێچەوانەی مەنهەجی صەحیحە و هیچ یەکێ لەئەهلی سوونە شتی وای نەوتوە، نەوتراوە هەرکەسێ گرێیەندی موسڵمان بونی بۆ جێگیربوو ناتوانرێ لەکاتێکی کەمدا هەموو جوزئیاتەکانی عیبادەتەکان و ئەحکامە شەرعیەکان شارەزابێ، کەواتە کافرەکانی قورەیش دانیاندەنا بەوەی غەیری خوا دەپەرستن و خوا هاوبەشی هەیە و غەیری خوا شایەنی پەرستنە بەڵام موسڵمانێ کەتوشی شیرک بووە قەت نالّی غەیری خوا شایەنی پەرستنە و من غەیری خواش ئەپەرستم وفلّانە قبر و پیاوچاکە جائیزە بپەرسترێ بەڵکو تەنها ئەوەنەیە کە ئەم موسڵمانەی کەتوشی شیرك بوە شارەزایی نیە بەهەموو جۆرەکانی عیبادەت و نەیزانیوە ئەو کارەی ئەنجامی داوە عیبادەتە بۆ غەیری اللّه جا بەهۆی دووڕە دەستی بێ لەئاوەدانی یان بەهۆی ئەوەبێ لەداری کافران گەورەبوبێ نیشتەجێ بێ، یان لەوڵاتێ بێ ئەهلی بیدەع و خورافات زاڵ بن بەسەری و شوبهەی تێدا بڵاوبێ و بۆیان شەرعاندبێ لەم حاڵەتانە عوزری هەیە و مادام کەس بۆی ڕون نەکردبێتەوە و ئەم موسڵمانە زۆر جیاوازە حاڵی لەکافرەکانی قورەیش و هیچ کات باوەڕی وانیە کەغەیری اللّه جائیزبێ بەپەرستنی بۆ بکرێ ونەیزانیوە کە پەرستنی بۆ غەیری اللّه کردوە. بۆیە ئاگاداری ئەم خاڵە بن گرنگە بۆ حوکمدان و جیاوازی کردن و لێ تێکەڵ نەبون و چەواشەنەکردن.

پرسیاری چوارەم/ ئەو زانایانە کێن کە ئەشاعیرە و موعتەزیلەن کە هەندێ لەچاوەشەکاران پشت دەبەستن بەوتەکانیان لەنەبونی عوذر بەجەهل ؟ ئایا لەسەر چ بنەمایەك ئەو قسانەیان کردوە ؟ لەگەڵ باسکردنی ئەو زانایانەی ئەهلی سوونە کە کاریگەربوون بەمەنهەجی موعتەزیلە و ئەشاعیرە لەبابەتی ئیمان و ئیستیدلال ؟

وەڵام:

ئەشاعیرە لەبابەتی ئیمان باوەڕیان وایە ئیمان سەرەتا بەعەقڵ و نظر و إستدلال دێتە کایەوە بەبێ تێڕوانین و پەی بردن بەبەڵگە عەقڵیەکانی ناسینی خوا و بوونی خوا نابیت بەموسڵمان هەربۆیە لەسەر ئەم بنچینەیە پێچەوانەی ئەهلی سوونە دەڵێن تەقلید لەعەقیدە و ئیمان نایخوات ، کەسی موقەلید ئیماندارنیە و زۆربەی عەوامی موسڵمانان بەموسڵمان نازانن هەربۆیەشە ئەم زانایانەی کە لەخوارەوە ناوم هێناون کە کاریگەرن بە ئاشاعیرە و باوەڕی موعتەزیلە لەبابی ئیمان دەڵێن عوذر بەجەهل نیە لە نەناسینی خوا و تەوحیدی ربوبیەت نەك تەوحیدی ئولوهیت، چونکە تەوحید و ئیمان لای متکلمین و ئەشاعیرە تەنها بریتیە لەباوەڕهێنان بە ربوبیەتی الله تعالی، و رب وإله لای ئەوان بەیەك مانا دێت کە (ربوبیەتە) وە هەندێکیان ئەو ئیجماعەی لەسەر نەبوونی نەزانی باسی ئەکەن لەربوبیەتە ــەڕوانە کتێبی(ضوابط التکفیر عند

أهل السنة د.عبدالله القرنی لاپەرە 160)_ پاشان مەبەست پێی ئیجماعی متکلمینە نەك ئەهلی سوونە ، بۆیە دەبینی راشد العلا لە کتێبەکەی عارض الجهل چەواشەکاریەکی گەورە ئەکات چووە پشتی بەستووە بەتەفسیر و ئەقوالی هەرچی زانای موعتەزیلە و ئەشاعیرە و ماتۆریدی هەیە یان ئەو زانایانەی ئەهلی سوونەن و موافەقەی ئەشاعیرەیان کردوە لەبابەتە چووە ووتەکانی تەنها ئەوانەی هێناوە تاکو بیسەلمێنێ عوذر بەجەهل نیە و پاشان ئەیداتە پاڵ ئەهلی سونەت و جەماعەت وە شێرکۆ بیارەش چووە هەموو ئەو گومڕاییەکانی ئەو کتێبەی وەرگێڕاوە هەرچی لەوێدا هاتووە نوسیوێتی بۆ سەرخستنی مەزهەبە بۆگەنەکەی پاشان ئەڵێت ئەوە نوسراوی خۆمە خەڵکیش بێ ئاگان لەوەی ئەو هی ئەوە نیە ئەو تەنها وەری گێڕاوە کردویەتی بەناوی خۆی و نوسینی خۆی ، بۆیە ئاگادارین.

[لیستی ناوی بەشێك لەزانایانی ئەشاعیرە و ئەوانەی موافەقەی ئەشاعیرەیان کردوە لەبابەتی ئیمان و عەقیدە]

لەو زانایانەی ئەشعەرین لەتەفسیر و علومی قورئان

↓↓↓↓

أبو منصور المَاتُرِيدي (ت 333 هـ) صاحب تفسير تأويلات أهل السنة.

أبو الليث السمرقندي (ت 373 هـ وقيل 375 هـ) صاحب تفسير بحر العلوم.

الإمام الطَّبَرِي، أبو جعفر، (ت 310 هـ)صاحب تفسير الطبري—المسمى بجامع البيان عن تأويل آي القرآن.موافەقەی موعتەزیلە و ئەشاعیرەو ماتوریدیەکانی کردوە لەمەنهەجی ئیستیدلال هەربۆیە نەفی عوذر بەجەهل دەکات لە هەموو ئوصولی دین تەنانەت لەبابەتی صیفات، هەربۆیە دەبینی ئیمامی طەبەری تەکفیری هەموو فیرقەکان و ئەهلی ئەهواء دەکات و دەڵێت ئەصڵ لەناسینی خوا و یەکانەیی و بوونی خوا و ناو وسیفەتەکانی خوا بریتیە لەعەقڵ، ئەم ئەصڵە بەعەقڵ دەزانرێت بەبێ پێویستی بەشەرع و موخالیف تیایدا کافر دەکرێت بەڵام فروع پێویستی بەشەرعە موخالف تیایدا تەکفیرناکرێت. هەروەها ئەو تەوحیدەی ئیمام طەبەری باسی دەکات مەبەستی لەتەوحیدی ربوبیەت و ئەسماء و صیفاتە کە ڕێگای ناسینیان عەقڵە.

بڕوانە کتێبی "تبصير بعالم الدين " للطبري ، هەروەها کتێبی "آراء الطبري الكلامية" لەم لینکەی خوارەوە دایبەزێنن

https://waqfeya.net/book.php?bid=1848#google_vignette

هەرەوها ئیمامی شەوکانی لەتەفسیرەکەیدا لە بابەتی ئوسوڵی دین موافەقەی متکلمینی کردوە، هەروەها مەنعی تەقلید ئەکات و واجبی اجتهاد ئەکات ،بڕوانە کتێبی "عذب القدير في بيان التأويلات في فتح القدير"

هەروەها جەمال الدینی قاسمی ش لەتەفسیرەکەیدا موافەقەی متکلمینی کردوە. دەڵێت زانایان موتەفیقن ئەگەر عەقڵ و نەقڵ تێکگیران ئەوا عەقڵ پێش نەقڵ دەخرێت، دەڵێت هەرنەقڵێ پێچەوانەی عەقڵ بێت پێویستە تەئویل بکرێت . هەروەها دەربارەی بەڵگەکانی تەوحید دەڵێت بریتیە لە: عیلمێك کە بەڵگە بۆ عەقیدە ئیمانیەکان دێنێتەوە بەبەڵگەی عەقڵی. هەروەها لەووتەکانی پشت دەبەستێت بە ووتەی فارابی و ابن عربی ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کاریگەربووە بە متکلمین.

هەروەها خطیبی البغدادي لەبابەتی ئوسوڵی دین موافەقەی متکلمینی کردوە أبو إسحاق الثعلبي (ت 427 هـ) صاحب تفسير الكشف والبيان عن تفسير القرآن.

مكي بن أبي طالب (ت 437 هـ) صاحب تفسير الهداية إلى بلوغ النهاية.

أبو الحسن الماوردي (ت 450 هـ) صاحب تفسير النكت والعيون.

أبو القاسم القشيري (ت 465 هـ) صاحب تفسير لطائف الإشارات.

الواحدي النيسابوري (ت 468 هـ) صاحب تفسير الوسيط في تفسير القرآن المجيد.

البغوي (ت 516 هـ) صاحب تفسير معالم التنزيل.

أبو بكر بن العربي (ت 543 هـ) صاحب كتاب أحكام القرآن.

ابن عطية الأندلسي (ت 546 هـ) صاحب تفسير المحرر الوجيز في تفسير الكتاب العزيز.

ابن الجوزي (ت 597 هـ) صاحب تفسير زاد المسير في علم التفسير.

فخر الدين الرازي (ت 606 هـ) صاحب تفسير مفاتيح الغيب.

ناصر الدين البيضاوي (ت 685 هـ) صاحب تفسير أنوار التنزيل وأسرار التأويل.

حافظ الدين النسفي (ت 710 هـ) صاحب تفسير مدارك التنزيل وحقائق التأويل.

علاء الدين الخازن (ت 725 هـ) صاحب تفسير لباب التأويل في معاني التنزيل.

نظام الدين النيسابوري (ت 728 هـ) صاحب تفسير غرائب القرآن ورغائب الفرقان.

ابن جزي الغرناطي (ت 741 هـ) صاحب تفسير التسهيل لعلوم التنزيل.

أبو حيان الأندلسي (ت 754 هـ) صاحب تفسير البحر المحيط.

السمين الحلبي (ت 756 هـ) صاحب تفسير الدر المصون في علوم الكتاب المكنون.

بدر الدين الزركشي (ت 794 هـ) صاحب البرهان في علوم القرآن.

ابن عرفة (ت 803 هـ) صاحب تفسير ابن عرفة.

ابن الجزري (ت 833 هـ)

جلال الدين المحلي (ت 864 هـ) صاحب تفسير الجلالين.

عبد الرحمن الثعالبي (ت 875 هـ) صاحب تفسير الجواهر الحسان في تفسير القرآن.

ابن عادل (ت 880 هـ) صاحب تفسير اللباب في علوم الكتاب.

برهان الدين البقاعي (ت 885 هـ) صاحب تفسير نظم الدرر في تناسب الآيات والسور.

جلال الدين السيوطي (ت 911 هـ) صاحب الإتقان في علوم القرآن، والدر المنثور في التفسير بالمأثور.

أبو السعود أفندي (ت 951 هـ) صاحب تفسير إرشاد العقل السليم إلى مزايا الكتاب الكريم.

الخطيب الشربيني (ت 977 هـ) صاحب تفسير السراج المنير في الإعانة على معرفة بعض معاني كلام ربنا الحكيم الخبير.

إسماعيل حقي البروسوي (ت 1127 هـ) صاحب تفسير روح البيان في تفسير القرآن.

أحمد بن عجيبة (ت 1224 هـ) صاحب تفسير البحر المديد في تفسير القرآن المجيد.

محمد عبد العظيم الزرقاني (ت 1367 هـ) صاحب كتاب مناهل العرفان في علوم القرآن.

أحمد بن مصطفى المراغي (ت 1371 هـ) صاحب تفسير المراغي.

بديع الزمان سعيد النورسي (ت 1379 هـ) صاحب تفسير رسائل النور.

محمود شلتوت (ت 1383 هـ) صاحب تفسير القرآن الكريم.

محمد الطاهر بن عاشور (ت 1393 هـ) صاحب تفسير التحرير والتنوير.

محمد أبو زهرة (ت 1394 هـ) صاحب تفسير زهرة التفاسير.

إبراهيم القطان (ت 1404 هـ) صاحب تفسير تيسير التفسير.

حسنين محمد مخلوف (ت 1410 هـ) صاحب تفسير كلمات القرآن تفسير وبيان.
محمد متولي الشعراوي (ت 1418 هـ) صاحب تفسير خواطر محمد متولي الشعراوي.

وهبة الزحيلي (ت 1436 هـ) صاحب التفسير المنير في العقيدة والشريعة والمنهج.

محمد علي الصابوني صاحب تفسير صفوة التفاسير.

لەو زانایانەی ئەشعەرین لە ئەهلی حەدیس و زانستی حەدیث

↓↓↓↓

ابن حبان (ت 354 هـ) صاحب الصحيح المعروف باسم صحيح ابن حبان وصاحب كتاب الثقات.

أبو بكر البيهقي (ت 458 هـ) صاحب السنن الكبرى والصغرى، وشعب الإيمان وغيرها.

ابن عساكر (ت 571 هـ)

أبو نعيم الأصبهاني (ت 430 هـ) صاحب حلية الأولياء.

أبو ذر الهروي (ت 434 هـ)

أبو طاهر السلفي (ت 576 هـ)

أبو سعد السمعاني (ت 562 هـ)

القاضي عياض (ت 544 هـ)

ابن الصلاح (ت 643 هـ)

العز بن عبد السلام (ت 660 هـ)

عبد الله بن سعد بن أبي جمرة الأندلسي (ت 699 هـ وقيل 675 هـ أو 695 هـ) صاحب كتاب بهجة النفوس.

شمس الدين الكرماني (ت 786 هـ) صاحب الكواكب الدراري في شرح صحيح البخاري.

ابن حجر العسقلاني (ت 852 هـ) أمير المؤمنين في علم الحديث، صاحب المؤلفات العظام في الفقه والحديث والرجال والتاريخ، كفتح الباري، ولسان الميزان، والدرر الكامنة وغيرها.

شهاب الدين القسطلاني (ت 923 هـ) شارح صحيح البخاري في كتابه إرشاد الساري.

محيي الدين النووي (ت 676 هـ) شارح صحيح مسلم في كتابه المنهاج، وصاحب رياض الصالحين، والأربعين النووية.

محمد بن خليفة الأبي (ت 827 هـ) شارح صحيح مسلم في كتابه إكمال المعلم بفوائد مسلم.

محمد بن عبد الباقي الزرقاني (ت 1122 هـ) شارح الموطأ.

محمد عبد الرؤوف المناوي (ت 1031 هـ)

نور الدين الهيثمي (ت 807 هـ) صاحب كتاب مجمع الزوائد ومنبع الفوائد.

ابن المنير (ت 683 هـ)

ابن القطان الفاسي (ت 628 هـ)

زين الدين العراقي (ت 806 هـ)

ولي الدين العراقي (ت 826 هـ)

بدر الدين بن جماعة (ت 733 هـ)

بدر الدين العيني (ت 855 هـ)

صلاح الدين العلائي (ت 761 هـ)

أبو بكر بن فُورَك (ت 406 هـ)

ابن الملقن (ت 804 هـ)

ابن علان (ت 1057 هـ)

ابن دقيق العيد (ت 702 هـ)

جمال الدين الزيلعي (ت 762 هـ) صاحب كتاب نصب الراية.

جلال الدين السيوطي (ت 911 هـ)

شمس الدين السخاوي (ت 902 هـ)

الملا علي القاري (ت 1014 هـ)

البيقوني[بحاجة لمصدر] (ت نحو 1080 هـ)

زكي الدين المنذري (ت 656 هـ) صاحب الترغيب والترهيب، ومختصر صحيح مسلم، ومختصر سنن أبي داود.

عبد الحي اللكنوي (ت 1304 هـ)

مرتضى الزبيدي (ت 1205 هـ)

لەو زانایانەی ئەشعەرین لە ئەهلی فیقە و ئوصولّی فیقە

↓↓↓↓

له الظاهرية

ابن تومرت (ت 524 هـ) مؤسس دولة الموحدين.

أبو حيان الأندلسي (ت 745 هـ)

له الحنابلة

أبو الفرج بن الجوزي (ت 597 هـ) صاحب كتاب دفع شبه التشبيه بأكف التنزيه، وتلبيس إبليس.

ابن عادل (ت 880 هـ) صاحب تفسير اللباب في علوم الكتاب.

عز الدين الرسعني (ت 661 هـ) صاحب تفسير رموز الكنوز.

ابن هشام الأنصاري (ت 761 هـ)

ابن النجار (ت 972 هـ)

أبو الخطاب الكلوذاني (ت 510 هـ) صاحب المنظومة الدالية.

منصور بن يونس البهوتي (ت 1051 هـ)

شمس الدين السفاريني (ت 1188 هـ) صاحب كتاب لوامع الأنوار البهية، وكتاب الدرة المضية المعروف بالعقيدة السفارينية، التي قال فيها: "وليس ربنا بجوهر ولا عرض ولا جسم تعالى ذو العلا، سبحانه قد استوى كما ورد من غير كيف قد تعالى أن يحد".

سليمان بن عبد الوهاب (ت 1208 هـ) صاحب كتاب الصواعق الإلهية في الرد على الوهابية.

محمد بن عبد الله بن حميد (ت 1295 هـ) صاحب كتاب السحب الوابلة على ضرائح الحنابلة.

مصطفى بن أحمد بن حسن الشطي (ت 1348 هـ) صاحب كتاب النقول الشرعية في الرد على الوهابية.

حسن بن عمر الشطي (ت 1274 هـ)

محمد بن حسن بن عمر الشطي (ت 1307 هـ)

ابو الوفاء ابن عقيل (ت 513 هـ) ئیمامی زەهەبی لەبارەیەوە دەڵێت لەکتێبی میزان الاعتدال:" پێچەوانەی سەلەفی کردوە و موافەقەی موعتەزیلەی کردوە لەچەندین بیدعە.."

له الحنفية

أبو حنيفة النعمان بن ثابت بن مرزُبان الكوفيّ (80-150 هـ/ 699-767م) ئیمام ئەبو حەنیفە ڕوونە مەزهەبی لەبابەتی ئیمان پێچەوانەی سەلەفە کە ئیمامی تەحاوی مەزهەبی ئەبو حەنیفە و ئەبو یوسف و محمد بن حەسەنی شیبانی باسکردوە کە پێچەوانەی مەزهەبی سەلەفن، کە جیاوازیان کردوە لەنێوان و ئوسوڵ و فروع ئەمەش لەمەسائیلی متکلمین ە، هەروەها ئەبو حەنیفە دەڵێت بابەتە عیلمیەکان کە عەقیدەیە بنچینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ عەقڵ بەڵام بابەتە عەمەلیەکان ناسینیان دەگەڕێتەوە بۆ شەرع و وەحی ، هەروەها خیلافێکی بەناوبانگ هەیە لەسەر نیسبەتی کیتابی فیقە الاکبر بۆ ئەبو حەنیفە، بڕوانە

"درء التعارض" موجەلەدی 9 لاپەڕە 61-62، هەروەها بڕوانە شرح مسند ابی حنيفة لاپەڕە 225-226.

صدرالدين القونوي (715-788 هـ) ئەم کابرایەش لەسەر مەزهەبی المتکلمین و ماتۆریدیەکان بووە کەشەرحی عەقیدەی نەسەفی ماتۆریدی کردوە، سوبوکی ئەشعری مەدحێکی لەڕادەبەدەری کردوە، هەروەك سیوطی لە"بغية الوعاة" موجەلەدی 1 لاپەڕە 288 نەقڵی کردوە.

الحكيم السمرقندي (ت 342 هـ)

أبو اليسر البزدوي (ت 493 هـ) له كتاب أصول الدين، حققه الدكتور هانز بيتر لينس وهو يضم مختلف النظريات والآراء الكلامية ويعبر عن المذهب الماتريدي، ويتعرض لكل الآراء المتشعبة للتعاليم الدينية منذ بدء الخلاف في هذه الآراء في الإسلام حتى العصر الذي عاش فيه، ولقد اعتمد البزدوي على آراء الماتريدي الكلامية، وذكرها في كثير من المسائل وكان يعدها دائماً الرأي الصحيح المعبر عن آراء أهل السنة والجماعة.

أبو المعين النسفي (ت 508 هـ) من أكبر شخصيات المدرسة الماتريدية من بعد مؤسسها، وهو إمام جامع للأصول والفروع، وعالم بارع في علم الكلام، وله كتاب التمهيد لقواعد التوحيد، وتبصرة الأدلة، وبحر الكلام. ومن أهم ألقابه:

رئيس أهل السنة والجماعة، سيف الحق والدين، وقامع الملحدين. قال عنه نجم الدين عمر النسفي: "كان عالم الشرق والغرب يغترف من بحاره ويستضاء بأنواره".

نجم الدين عمر النسفي (ت 537 هـ) صاحب متن العقائد النسفية، له تفسيرات جليلة في التفسير والفقه والأصول، لقِّب بمفتي الثقلين.

سعد الدين التفتازاني (ت 793 هـ) صاحب شرح العقائد النسفية.
نور الدين الصابوني (ت 580 هـ) صاحب كتاب البداية من الكفاية في الهداية في أصول الدين.

الشريف الجرجاني (ت 816 هـ)

الكمال بن الهمام (ت 861 هـ) من العلماء البارزين في المعقول والمنقول، كان حجة في علم الكلام والمنطق والفقه وأصوله، والتفسير والحديث وغيرهم، ومن أهم كتبه وأشهرها كتاب المسايرة في العقائد المنجية في الآخرة.

علاء الدين البخاري (ت 841 هـ)

أبو السعود أفندي (ت 982 هـ)

أكمل الدين البابرتي (ت 786 هـ)

كمال الدين البياضي (ت 1098 هـ)

برهان الدين النسفي (ت 687 هـ)

برهان الدين المرغيناني (ت 593 هـ)

شهاب الدين الخفاجي (ت 1069 هـ)

علاء الدين الكاساني (ت 587 هـ)

شجاع الدين التركستاني (ت 733 هـ) كان فقيهاً أصولياً نظاراً فارساً في البحث، كانت الطلبة ترحل إليه من البلاد.

ابن كمال باشا (ت 940 هـ)

ابن أمير حاج (ت 879 هـ)

ابن قطلوبغا (ت 879 هـ)

ابن نجيم (ت 970 هـ)

ابن عابدين (ت 1252 هـ)

ابن مودود الموصلي (ت 683 هـ)

الشرنبلالي (ت 1069 هـ)

الملا علي القاري (ت 1014 هـ) ئەم کابرایەش لەسەر مەزهەبی ئەبو حەنیفەیە لەبابەتی ئیمان وە خاوەنی عەقیدەی ماتۆریدیە دەڵێت ماتۆریدی و ئەشعەریەکان لەگەورە زانایانی ئەهلی سوونە، دکتۆر أحمد بن عوض الحربي

دەڵێت: مولا عەلی قاری لەگەورەکانی ماتۆریدیەکانە لەسەر بنەمای موتکەلمین دەڕوات کە جیاوازی کردنیانە لەنێوان ئوسوڵ و فرۆع. محمود بن احمد بن عبدالعزيز المرغينانى صاحب"المحيط البرهاني في الفقه النعماني (515-616 هـ) لەو کتێبەیدا دەڵێت شوێنکەوتەی ابو مەنصوری ماتوریدیە لە عەقیدەیدا.

صاحب الحاوی (593هـ) لەشوێنکەوتەکانی ئەبو حەنیفەیە لەبابی ئیمان وە شوێنەکەوتەی ئەبو مەنصوری ماتوریدیە لەبابی کەلام مرتضى الزبيدي (ت 1205 هـ)

محمد زاهد الكوثري (ت 1371 هـ)

عبد الغني الميداني (ت 1298 هـ)

رحمة الله الكيرواني (ت 1308 هـ)

عبد الحي اللكنوي (ت 1304 هـ)

خير الدين الرملي (ت 1081 هـ) الإمام المفسر المحدث المسند الراوية الفقيه شيخ الحنفية في عصره.

حسونة النواوي (ت 1343 هـ)

محمد خليل المرادي (ت 1206 هـ)

محمد مصطفى المراغي (ت 1364 هـ)

محمود شلتوت (ت 1383 هـ)

وهبي سليمان غاوجي (ت 1434 هـ)

أنور شاه الكشميري (ت 1352 هـ)

شاه ولي الله الدهلوي (ت 1176 هـ)

صاحب "درر البحار " (ت 788 هـ)
له المالكية
أبو بكر الباقلاني (ت 403 هـ)

أبو الوليد الباجي (ت 474 هـ)

أبو بكر بن العربي (ت 543 هـ)

أبو عبد الله السكوني (ت 000 هـ)

أبو بكر الطرطوشي (ت 520 هـ)

أبو العباس الونشريسي (ت 914 هـ)

أبو ذر الهروي (ت 434 هـ)

أبو القاسم السهيلي (ت 581 هـ)

أبو عثمان سعيد العقباني (ت 811 هـ)

ابن رشد الجد (ت 520 هـ) جد ابن رشد الفيلسوف.
ابن فرحون (ت 799 هـ)

ابن خلدون (ت 808 هـ) مؤسس علم الاجتماع.

ابن الحاجب (ت 646 هـ)

ابن عرفة (ت 803 هـ)

ابن بزيزة (ت 673 هـ)

ابن بطال (ت 449 هـ)

ابن جزي الغرناطي (ت 741 هـ)

ابن عطية الأندلسي (ت 542 هـ)

ابن مالك الأندلسي (ت 672 هـ)

ابن عطاء الله السكندري (ت 709 هـ)

ابن جميل الربعي (ت 715 هـ)

ابن خمير السبتي (ت 614 هـ)

ابن برجان (ت 536 هـ)

ابن آجروم (ت 723 هـ)

ابن سيده (ت 458 هـ)

ابن بطوطة (ت 779 هـ)

ابن الحاج الفاسي (ت 737 هـ)

شهاب الدين القرافي (ت 684 هـ)

قەرافی لەکتێبی "الفروق" دەڵێت : ئەگەر کەسێك هەموو هەوڵێك بدات بۆ ئەوەی نەزانی لەسەر خۆی لابدات دەربارەی سیفەتێك لەسیفەتەکانی خوا، بەڵام ئەو نەزانیە لانەچێت ئەوا گوناحبار و کافرە" قەرافی لەکتێبێکی تریدا بەناوی " الذخيرة " شەرحی عەقیدەکەی دەکات کە ئەشعەریە

شهاب الدين النفراوي (ت 1126 هـ)

أبو إسحاق الشاطبي (ت 790 هـ)

المازري (ت 536 هـ)

الحطاب (ت 954 هـ)

القاضي عياض (ت 544 هـ) ئەمیش یەکێکە لە کیبارى ئەشاعیرە وە بەرەئس

دادەنرێت لە تەئویلی صیفات بڕوانە کتێبەکەی بۆ شەرحی موسلم وە ئەو نەقڵانەی ئیمامی نەوەوی لێوەی دەیکات لەشەرحی موسلم، دەڵێت ئیمان تەنها تەصدیقی دڵ و ئیقراری لیسانە بەبێ عەمەلی جەوارح،

الدردير احمد بن محمد أبو البركات، (1786م)

لەعەقیدە ئەشعەریە و خاوەن کتێبی شەرحی عەقیدەی ئەشاعیرەیە و صۆفیە،

الآبي صالح بن عبدالسميع الآبي (ت1330هـ)

عبدالعزيز حمد آل مبارك الإحسائي (ت 1940م)

خليل بن إسحاق الجندي (ت 776 هـ)

أحمد بن عمر بن إبراهيم القرطبي (ت 656 هـ)

أحمد بن الصديق الغماري (ت 1380 هـ)

أحمد بن محمد الصاوي (ت 1241 هـ)

أحمد بن عجيبة (ت 1224 هـ)

أحمد المقري التلمساني (ت 1041 هـ)

أحمد الدردير (ت 1201 هـ)

أحمد زروق (ت 899 هـ)

محمد بن خليفة الأبي (ت 827 هـ)

محمد بن أحمد بن عرفة الدسوقي (ت 1230 هـ)

محمد ميارة (ت 1072 هـ)

محمد الأمير الكبير (ت 1232 هـ)

علي بن مخلوف (ت 718 هـ) قاضي قضاة المالكية بمصر.

علي الصعيدي العدوي (ت 1189 هـ)

إبراهيم اللقاني (ت 1041 هـ)

عبد الرحمن الثعالبي (ت 876 هـ)

عبد الرحمن الأخضري (ت 953 هـ)

عبد الباقي الزرقاني (ت 1099 هـ)

محمد بن عبد الباقي الزرقاني (ت 1122 هـ)

محمد الحجوي الثعالبي (ت 1376 هـ)

محمد بن علي السنوسي (ت 1276 هـ)

الحسن اليوسي (ت 1102 هـ)

يوسف الدجوي (ت 1365 هـ)

محمد عليش (ت 1299 هـ)

محمد الطاهر بن عاشور (ت 1393 هـ)

إسماعيل التميمي (ت 1248 هـ)
له الشافعية

ابن سريج (ت 306 هـ)

ابن حبان (ت 354 هـ)

ابن فورك (ت 406 هـ)

ابن عساكر (ت 571 هـ)

ابن المقري (ت 837 هـ)

ابن قاضي شهبة (ت 851 هـ)

ابن علان (ت 1057 هـ)

ابن الجزري (ت 833 هـ)

ابن رسلان (ت 844 هـ)

ابن العطار (ت 724 هـ)

ابن إمام الكاملية (ت 874 هـ)

ابن أبي عصرون (ت 585 هـ)

ابن النقيب (ت 769 هـ)

كمال الدين بن الزملكاني (ت 727 هـ)

محمد بن عبد الرحمن الدمشقي العثماني (ت 780 هـ)

ابن الرفعة (ت 710 هـ)

ابن خفيف الشيرازي (ت 371 هـ)

ابن حجر الهيتمي (ت 974 هـ)

ابن حجر العسقلاني (ت 852 هـ)

زكريا الأنصاري (ت 926 هـ)

شمس الدين السخاوي (ت 902 هـ)

قطب الدين النيسابوري (ت 578 هـ) شيخ صلاح الدين الأيوبي.

محب الدين الطبري (ت 694 هـ)

تقي الدين الحصني (ت 829 هـ)

تقي الدين السبكي (ت 756 هـ)

تاج الدين السبكي (ت 771 هـ)

بهاء الدين الإخميمي (ت 764 هـ)

جلال الدين المحلي (ت 864 هـ)

جلال الدين السيوطي (ت 911 هـ)

بدر الدين بن جماعة (ت 733 هـ)

زكي الدين المنذري (ت 656 هـ)

جمال الدين الإسنوي (ت 772 هـ)

صلاح الدين العلائي (ت 761 هـ)

زين الدين العراقي (ت 806 هـ)

سراج الدين البلقيني (ت 805 هـ)

جلال الدين البلقيني (ت 824 هـ)

جلال الدين الدواني (ت 918 هـ)

شمس الدين الرملي (ت 1004 هـ)

شهاب الدين بن جهبل (ت 733 هـ)

محيي الدين النووي (ت 676 هـ)

ابن دقيق العيد (ت 702 هـ)

ناصر الدين البيضاوي (ت 685 هـ)

ولي الدين العراقي (ت 826 هـ)

شرف الدين المناوي (ت 871 هـ)

شمس الدين الخسروشاهي (ت 652 هـ)

صفي الدين الهندي الأرموي (ت 715 هـ)

جلال الدين القزويني (ت 739 هـ)

فخر الدين الرازي (ت 606 هـ)

أبو محمد الجويني (ت 438 هـ) والد إمام الحرمين أبو المعالي الجويني.

أبو المعالي الجويني (ت 478 هـ)

أبو بكر البيهقي (ت 458 هـ)

أبو القاسم القشيري (ت 465 هـ)

أبو حامد الغزالي (ت 505 هـ)

أبو إسحاق الشيرازي (ت 476 هـ)

أبو القاسم الإسفراييني (ت 452 هـ)

أبو إسحاق الإسفراييني (ت 418 هـ)

أبو الحسين الملطي (ت 377 هـ)

أبو القاسم الرافعي (ت 623 هـ)

أبو الفتح الشهرستاني (ت 548 هـ)

أبو القاسم الأنصاري (ت 511 هـ)

أبو المحاسن الروياني (ت 502 هـ)

أبو إسحاق الثعلبي (ت 427 هـ)

أبو سهل الصعلوكي (ت 369 هـ)

أبو بكر القفال الشاشي (ت 507 هـ)

أبو سعد المتولي النيسابوري (ت 478 هـ)

الخطيب الشربيني (ت 977 هـ)

العز بن عبد السلام (ت 660 هـ)

الكمال بن أبي شريف (ت 906 هـ)

الملوي (ت 1181 هـ)

البجيرمي (ت 1221 هـ)

عبد القاهر الجرجاني (ت 471 هـ)

عبد الوهاب الشعراني (ت 973 هـ)

عبد الله بن علوي الحداد (ت 1132 هـ)

أحمد الرفاعي (ت 578 هـ)

أحمد زيني دحلان (ت 1304 هـ)

إبراهيم الباجوري (ت 1277 هـ)

حسن العطار (ت 1250 هـ)

محمد الأحمدي الظواهري (ت 1363 هـ)

مصطفى سعيد الخن (ت 1429 هـ)

نوح القضاة (ت 1432 هـ)

عبد الله الهرري (ت 1429 هـ)

بدر الدين زركشي (ت 745 هـ)

نور الدين البكري (ت 724 هـ)

أبو عبد الله الحسين بن الحسن الحليمي (338 هـ - 403 هـ)

دەڵێت "هەرکەسێك تەرکی ئیستیدلالی عەقڵی بکات ئەوا کافرە"
تێبینی : ئەو زانایانەی بەڵگەمان هێنایەوە بۆ قسەکانیان هەڵمانبژاردن بەهۆی ئەوەیە کە غولاتەکانی تەکفیر و هەڵگرانی بیری خەوارج پشت دەبەستن بەوتەی ئەو کەسانە

پرسیاری پێنجەم / ئایا ڕاستە صەحابە ئیجماعیان هەبووە لەسەر تەکفیرکردنی زەکات نەدەرەکان ؟ ئایا حوکمی کوفریان لەسەر هەمویان داوە ؟

ئەوانەی کە دەڵێن صەحابە ئیجماعیان هەبووە لەسەر تەکفیرکردنی هەموو ئەهلی ڕێدە ڕاست نیە چونکە صەحابە هەموو ئەوانەی ناوی ڕێدە شمولی کردبوون و داخلی دیاردەی ڕێدە ببون تەکفیریان نەکردبوون، بەڵام صەحابە ئەهلی ڕێدەیان بۆ دوو بەش دابەشکردبوو: بەشێکیان کافر بوون و

دەرچووبوون لەئیسلام، بەشێکی تریان مابوونەوە لەسەر ئیسلام بەڵام باغی و دەستدرێژیکاربون بەهۆی تەرك کردنی هەندێ لە شەرِائیعە گەورەکانی ئیسلام.

شایەنی باسە ژمارەیەکی زۆر لە گەورە زانایانی ئیسلام دانیان ناوە بەم دابەشکردنە یەکەمیان و زاناترینیان: ئیمامی شافیعیە، دەڵێت ئەوانەی لەعەرِەب مورِتەدبونەوە دوو بەش بوون، نیسبەتی ئەم دابەشکردنەش دەداتە پاڵ صەحابە، دەڵێت: " ئەهلی رِیدە لەدوای وەفاتی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دوو بەش بوون، کۆمەڵێکیان ئەوانە بوون کە کافربونەوەی دوای ئیسلام، وێنەی طولەیحە و موسەیلەمە و عەنەسی و هاوەڵەکانیان، کۆمەڵێکی تریان دەستگرتوو بوون بەئیسلامەوە بەڵام مەنعی زەکاتیان کرد . " الأم ، الشافعی (9/204).

هەروەها ئیمامی خەطابیش ئەم قەولەی سەلماندوە کە دەڵێت:" ئەوانەی ناوی رِیدە شوملی کردن دوو جۆر بوون: جۆرێکیان هەڵگەرِانەوە لەدین و دژایەتی ئیسلامیان کرد وگەرِانەوە بۆ ناو کوفر، ئەمانە ئەوانە کە ئەبو هورِیرە لەبارەیانەوە فەرمووی (وكفر من كفر من العرب) ئەمانە هاوەڵانی موسەیلەمە و ئەوانە بوون هەمان رِێچکەی ئەویان گرتبوو لە ئینکاری

پێغەمبەرایەتی موحەمەد صلى الله عليه وسلم، جۆرەکەی تریان: ئەوانە بوون کە نوێژ و زەکاتیان جیاکردەوە، ئەمانە لەڕاستیدا ئەهلی بەغی بوون" أعلام السنن، الخطابي (1/741).

زۆرێك لەگەورە زانایان ئەوانەی شارەزای شوێنەکانی ئیجماعن وشارەزای ووتە جیاوازەکانن، تەئکید لەسەر ئەم قەولە ئەکەنەوە لەوانە: ابن حزم وابن عبدالبر وابن المنذر و ماوردی و قاضي عياض و ابن العربي و بەغەوی و نەوەوی و ابن الحجر و زۆرێکی تر جگە لەوان"

برِوانە " الإستذكار، ابن عبدالبر (٩/٢٦٦) والمحلى، ان حزم(١١/١٩٣) والإشراف على مذاهب أهل السنة، ابن المنذر(٣/٢٥٤) ، وشرح السنة البغوي (٥/٤٨٩)، وإكمال المعلم بفوائد مسلم، قاضي عياض(١/٢٤٣) وعارضة الأحوذي، ابن العربي(١٠/٧٣)، وشرح صحيح مسلم، النووي(٢/٢٠٢)، وفتح الباري، ابن حجر(١٢/٢٧٦)،
وإكمال المعلم، الآبي(١/١٧٣) زۆرێکی تر..

کەدەڵێن هەرکەسێ داخلی دیاردەی مورِتەدبونەوە بوبێت مانای ئەوە نیە دەرچووبێت لە بازنەی ئیسلام بەپێی ئەم بەڵگانە لەوانە :

بەڵگەی یەکەم : ئەو مونازەڕەیەی ڕویدا لەنێوان ئیمامی ئەبو بەکر و عومەر ڕەزای خوایان لێ بێت سروشتی مونازەڕەکە و بەڵگە هێنانەوەکەیان جەخت ئەکاتەوە لەوەی بابەتەکە پەیوەندی نەبوو بەوەی ئایا ئەوانە دەرچوونە لە ئیسلام یان نا ، بەڵکو مونازەڕەکە دەربارەی حوکمی قیتال کردنی ئەو کەسانە بوو کە وەسفی ئیسلامیان لەسەر سابت بووبوو، ئیمامی شافیعی ئاماژەی کردوە بەگرنگی ئەم حیوارە و بەڵگە بونەی کە دەڵێت" وتەکەی عومەر بە ئەبو بەکر ئایا پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم نەیفەرمووە: (فەرمانم پێکراوە قیتالی خەڵکی بکەم تاکو دەڵێن لا اله الا الله، جا کە وتیان ئەوا خوێن و ماڵیان لەمن پارێزراو دەبێت تەنها بەحەقی ئەوە نەبێت و حیسابیشیان لەسەر خوایە) وە لەوتەکەی ئەبو بەکر کە دەڵێت : ئەمەش لەحەقی لا اله الا اللهیە، وەڵاهی ئەگەر مەنعی بزنە کارێکم لێ بکەن پێشتر دابێتیان بە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم ئەوا لەسەر مەنع کردنی شەڕیان لەگەڵ ئەکەم" هەردولایان ئەبوبەکر و عومەر دەیانزانی ئەوانەی شەڕیان لەگەڵ دەکەن دەستگرتوون بەئیمان، چونکە ئەگەر وانەبوایە عومەر گومانی نەدەبوو لە قیتال کردنیان، و ئەوکاتە ئەبو بەکر دەیوت ئەوانە وازیان هێناوە لە لا اله الا الله و بوونە بە موشريك" الأم ، الشافعی (9/206) وە بڕوانە : المحلی، ابن حزم (11/193).

بەڵگەی دووەم: هەندێکیان گفتگۆیان دەکرد لەگەڵ ئەبو بەکر دەیانوت وازمان لە ئیسلام نەهێناوە و صەحابەش ئیقرارِیان کرد لەسەر ئەو قسەیەیان، شافیعی و ابن حزم پشتیان بەم بەڵگەیە بەستووە، هەروەك ئیمامی شافیعی لەسیاقی بەڵگە هێنانەوە بەم ئەڵێت: " ئەمەش ڕوون دەبێتەوە لە قسەکردنیان لەگەڵ ئەبو بەکر هەروەها لەو شیعرانەی دەیانوت، هەروەها لەو قسانەی کە دوای بەدیل گیرانیان دەیانکرد وتیان بەئەبو بەکر: ئێمە لەدوای ئیمان هێنان کافرنەبوینەتەوە، بەڵکو لەماڵ و سامانمان ڕەزیلمیان کرد " الأم الشافعي (9/206).

بەڵگەیەکی تر پەیوەندیدار لەسەر ئەم بەڵگەیە، بەسەرهاتی مالیکی کوڕی نوەیرِە و قەومەکەیەتی، لەو کەسانە بوون کە زەکاتیان نەئەدا بەئەبو بەکری صدیق ڕەزای خوای گەورەی لێ بێت، لەو هۆزانە بوون کە ئەبو بەکر خالیدی نارد بۆ قیتال کردن لەدژیان، کاتێ خالید گەیشتە سەریان وتیان ئەی خالید ئێمە هەر لەسەر ئیسلام ماوین، پاشان خالید مالیکی کوڕی نوەیرە دەکوژێت و ئەبو بەکر دەیبیستێتەوە زۆر خەفەتی بۆ دەخوات و خوێنەکەی دەدات و ماڵ و سامان و سەبایا کانیان بۆ دەگەڕێنێتەوە، ابن عمر دەڵێت" ابو قەتادە هاتە لای ئەبو بەکری هەواڵی کوژرانی مالیکی کوڕی نوەیرە و

هاوەڵەکانی پێڕاگەیاند، ئەبو بەکر زۆر بەوە تورِە بوو، پاشان ووتی خالید تەئویلی هەڵەی کردوە و فەرمانی کرد دۆستایەتی مالیکی کوڕی نوەیرە بپارێزرێ و ماڵ و منداڵەکانیشیان بگەڕێنرێتەوە "

بڕوانە تاریخ خلفیة بن خیاط (١٥٠) وکتاب الردة، ابن واقد(١٠٦)، والبدایة والنهایة، ابن کثیر (٦/٣٥٤).

ئەم جۆرە مامەڵەکردنەی ئەبو بەکر بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هەندێك لەوانەی ناوی ڕیدەیان بەسەردا درا کافرنەبوون بەو مانای دەرچووبن لەبازنەی ئیسلام جا کە ئەی بۆ ناوی ڕیدەیان لێ نراوە ؟ زانایان وەڵامی ئەم پرسیارەیان داوەتەوە و فەرموویانە ئەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار :

هۆکاری یەکەم : ئەم ناوی لێنانە لەڕووی زمانەوانیەوە دروستە، چونکە مانای ڕیدە لە زمانی عەرەبدا واتە گەڕانەوە، کەسێك دانبنێت بەنوێژ و ئینکاری زەکات بکات دوای ئەوەی باوەڕی پێی هەبووە ئەوا پێی دەوترێ گەڕاوەتەوە لەهەندێ لەدینەکەی، بەڵام بۆ ئێمە نیە ئەو دەستەواژانەی زانایانی متقدمین بەکاریان هێناوە لەسەر هەمان ناوی ڕیدە مانای بکەین کە جێگیرکراوە لەلایەن زانایانی متأخرین، هەروەك ئیمامی شافیعی ئاگاداری

كردوينەتەوە لەسەر ئەم شێوازە كە لەزمانی عەرەبیدا هاتووە و دەڵێت: ئەمە زمانی عەرەبیە ، ڕێدە دێت بەمانای گەڕانەوە بۆ ئەو كوفرەی پێشتر لەسەری بوون، هەروەها ڕێدە بەمانای مەنع كردنی حەق، هەركەسێك پاشگەزبێتەوە لەشتێك دروستە پێی بوترێت "إرتد عن كذا" پاشگەزبۆتەوە لەفلانە شت " الأم، الشافعي (9/206).

هۆكاری دووەم: ئەوانە دروستبوون لەكات و ساتی بڵاوبونەوەی ئەهلی ڕێدە، ئەو ناوە بەشێوەیەكی گشتی درایە پاڵ ڕێدە، ئەگەر یەێكیان گەورەتر و مەترسیدارتربێت ئەوا بچوكەكەیان ئەدرێتە پاڵ گەورەكەیان هەروەك خەطابی ئاماژەی بۆ كردوە"
بڕوانە : أعلام السنن، الخطابي (1/742).

لەمەشدا بۆمان دەرەكەوێت ئەوانەی ناوی ڕێدە شوملی كردبون لەسەردەمی صەحابە دوو جۆر كۆمەڵ بوون :

كۆمەڵێ یەكەمیان: هەڵنەگەڕابونەوە لەدین و صەحابە تەكفیریان نەكردبوون، حوكمی كوفریان نەدابوو بەسەریان، هەربۆیە ڕاست نیە هەڵوێستی صەحابە یەكسان بكرێت لەگەڵ هەمویان.

کۆمەڵی دووەم: ئەوانە بوون کە هەڵگەڕانەوەیان لە ئیسلام گەڕانەوەیان بۆ دینی نەفامی پێشوو ڕاگەیاند، ئەم کۆمەڵە صەحابە تەکفیریان کردن وە تەکفیری ژن و منااڵەکانیان کردن، چونکە ئەصڵ ئەوەیە ئەوان شوێنکەوتە گەورەکان و پیاوەکانیان بوون لەوازهێنان لەدین، وە دروستیش نیە بۆ تەکفیرکردنیان بەڵگەی نەبوونی عوذر بەجەهلیان بدرێتە پاڵ لەبابەتەکانی شیرک، چونکە حاڵی ئەوانە جیاوازە لەحاڵی موسڵمانێکی جاهیل، چونکە ئەم کۆمەڵەیە ئیعلانی دەرچوونی خۆیان لە ئیسلام کردبوو و ڕازی بونیان بەئیسلام هەڵوەشاندەوە، ئیعلانی تەرك کردنی ئەصڵی ئیمانەکەیان کرد، ئەمەش عوذر بەجەهل و تەئویل تیایدا نایخوات، ئەمەش پێچەوانەی ئەو موسڵمانەیە کە جاهیلە شتی وا لەو موسڵمانە جاهیلە ڕوی نەداوە، کە بەردەوامە لەسەر ئیقرارکردن بەئیسلام و بەردەوامە لەسەر موسڵمان بوون و باوەڕبوون بە ئیسلام و بەتەوحید، بێ باوەڕە بەشیرك و بەتاغووت، بەڵام جەهلی بەچەن ئەفرادێك هەیە کە داخلی ئەم ئەصڵانەی ئیسلام دەبن، جا بۆیە یەکسانی کردن لەنێوان ئەم دوو حاڵەتە حاڵەتی ئیعلان کردنی کافربوونەوە وهەڵگەڕانەوە و وازهێنان لە ئیسلام لەگەڵ حاڵەتی ئەم موسڵمانە نەزانەی جەهلی هەیە بەهەندێ لە تاکەکانی شیرک و تەوحید بۆیە ئەم جیاوازی نەکردنە قبوڵ کراو نیە نە لەشەرع و نە لەعەقڵ.

بۆ زانیاری زیاتر و خوێندنەوەی وردی بابەتەکە سەردانی ئەم لینکە بکەن

بەشی یەکەمی سەلماندنی مەذهەبی صەحابە لەبارەی تەکفیرکردنی ئەهلی ڕێدە

https://www.albayan.co.uk/MGZArticle2.aspx?ID=2077

بەشی دووەمی یەکلاکردنەوەی مەذهەبی صەحابە لەبارەی مورتەدان

https://www.albayan.co.uk/MGZarticle2.aspx?ID=2248

بەشی سێیەمی

یەکلاکردنەوەی مەذهەبی صەحابە لەبارەی مورتەدان

https://www.albayan.co.uk/MGZarticle2.aspx?ID=2429

پرسیاری شەشەم/ چۆن تێبگەین لە قاعیدەی (من لم یکفر الکافر فهو کافر) ؟

وەڵام: پێیان باشە لەم بابەتە فەتواکەی زانای فەرموودەناس شێخ علوان تان بۆ نەقڵ بکەم کە دەڵێت:

فەتواکەی شێخ سلێمان العلوان سەبارەت بە قاعیدەی:

" من لم یکفر الکافر فهو کافر "

دەقی فەتواکە: برایەك پرسیاردەکات دەربارەی قاعیدەی "هەرکەسێك کافرێك کافر نەکات خۆی کافر دەبێت" چ کاتێك کافر دەبێت کەسێك کافرێك کافر نەکات ؟

ئەمە وردەکاری تێدایە و دەبێت بەحەوت بەشەوە:-

بەشی یەکەم :

هەرکەسێك یەهود و نەصاری و موشریکان کافر نەکات جا بەجۆریان بێت یان بەدیاری کردنیان ئەوا کافر دەبێت چونکە دەقێکی بڕاوەی بەدرۆ داناوە.

بەشی دووەم :

هەرکەسێك کەسێك تەکفیر نەکات کە بوبێت بە یەهودی یان نەصرانی یان مەجوسی ئەو کەسەی ئەم کەسە کافر نەکات ئەوا کافر دەبێت چونکە دەقێکی بڕاوەی بەدرۆ داناوە.

بەشی سێیەم:

هەرکەسێك هەڵوەشێنەرەوەیەك ئەنجام بدات کە ئیجماعی لەسەر بێت و ئیقامە حوجەشی لەسەر کرابێت و شوبهەکانیشی ڕەوێنرابێتەوە پاشان کافری نەکات بەهۆی شوبهە و تەئویل نا بەڵکو بەهۆی هەواو ئارەزوو و گوێ پێ نەدانی، ئەم کەسەش لەم حاڵەتەدا کافر دەبێت و کوفرە.

بەشی چوارەم:

هەرکەسێك هەڵوەشێنەرەوەیەکی ئیسلام ئەنجام بدات تەکفیری نەکات بەهۆی ئەوەی باوەڕی وایە ئەو کەسە ئیقامەی حوجەی لەسەر نەکراوە یان مەرجەکانی تەکفیری تێدا نەهاتۆتە دی ئەم کەسە کافر نابێت بەئیجماع.

بەشی پێنجەم:

هەرکەسێك تەکفیری کافرێك نەکات بەهۆی ئەو بنەما بیدعەییانەی هەیەتی(وەکو کەسێکی مورجیئە هەڵوەشێنەرەوەکانی ئیسلام پەیوەست ئەکات بە بیروباوەڕ یان ئینکاری کردن یان حەڵاڵ کردن)ئەم کەسە موبتەدیعە کافری کافر نەکردوە بەهۆی ئەو شوبهانەی کەهەیە ئەم کەسە موبتەدیعە بە ئیتیفاقی زانایان تەکفیر ناکرێت، چونکە ئەگەر ئەم کەسە تەکفیر بکرێت ، ئەوا دەبێت هەموو تاقمە موبتەدیعەکان تەکفیربکەیت لە موڕجیئە و لە ئەشاعیرە و کەڕامیەکان و سالمیەکان و تێکرای تاقمە گومڕاکان. کەسیش نیە قسەی ئاوا بکات.

بەشی شەشەم :

کەسێك کەسێك تەکفیر نەکات کە خیلاف هەبێت لەتەکفیرکردنی ئەو کەسە جا ئەو کەسە جۆر بێت یان کەسی دیاریکراو، وەك نوێژنەکەر و ساحیر و هاوشێوەکانی.

ئەمەش دوو حاڵەتی هەیە؛ یەکەم:

ئەگەر تەکفیری نەکات و بڵێت چونکە ئەو کوفرانە کردەوەیەکە لەکردەوەکان(ئەمە وتەی ئەهلی بیدەعە) ئەم کەسە تەکفیرناکرێت، بەبێ خیلاف.

حاڵەتی دووەم:

کەسێك ئەم کەسە تەکفیر نەکات بەپێی حوکمی موازەنەکردن لەنێوان بەڵگەکان، ئەم کەسە تەکفیر ناکرێت بەئیتیفاق

چونکە ئەگەر ئەم جۆرە کەسانە تەکفیربکرێن ئەوا دەبێت چوار پێشەواکەی ئیسلام و گەورە زانایانی سەلەف تەکفیر بکەی وەك زوهری و غەیری ئەوانش، کەسیش نیە ئەم قسەیەی کردبێت.

پاشان پێشەوایانی سەلەف ئیختیلافیان هەبوو دەربارەی تەکفیرکردنی خەوارج
پێشەوایانی سەلەف ئیختیلافیان هەبوو دەربارەی تەکفیرکردنی موعتەزیلە
هەروەها پێشەوایانی سەلەف ئیختیلافیان هەبوو دەربارەی تەکفیرکردنی
حەجاج بۆ نموونە.

سەرەڕای ئەوانە هیچ کاتێ لەسەر ئەو خیلافانەیان یەکتریان تەکفیر و تەبدیع
نەکردوە.
چونکە ئەم تەکفیرکردنە سەرەنجامی تەئویل و ئیجتیهادە
ئەو صەحابانە خیلافیان هەبوو لەتەکفیرکردنی خەوارج
ئەوانەی خەوارجیان بەکافر دائەنا بەوانەیان نەئەوت موڕجیئە کە تەکفیری
خەوارجیان ناکرد.
هەروەها ئەوانەشی تەکفیری خەوارجیان ناکرد نەیان ئەوت ئەوانەی تەکفیری
خەوارج ئەکەن خەوارجن.
ئەوەتا حەسەنی بەصری و عومەری کوڕی عبدالعزیز و موجاهید حەجاج
یان بەکافر ئەزانی ئەیانوت موڕتەدە.
بەڵام ابن سیرین و تاقمێك بەکافریان نازانی
سەرەڕای ئەمانە نە یەکتریان تەکفیرکردوە نەبەیەکتریان وتوە گومڕا

چونکه دەیانزانی ئەم تەکفیرکردنە بەهۆی ئیجتهادە چونکە هەر یەك لەو کۆمەڵانە سەیری ئەکرد ئایا مەرجەکانی کافربونی تێدا هاتۆتەدی یان نا کۆمەڵێك باوەڕی وابوو مەرجەکانی تیایە بەڵام کۆمەڵەکەی تر دەیانوت نا تیای نیە.

هەربۆیە کە ئەم خیلافەیان هەبو قەت یەکتریان لەسەر ئەو خیلافە تەکفیر تەبدیع ناکرد و هەجری یەکتریان بەهۆیەوە ناکرد چ جای تەکفیر.

بەشی حەوتەم:

ئەگەر تەکفیرکردنەکە دەربارەی طائیفەیەك بێت کە ئیتیفاق هەیە لەتەکفیرکردنیان پاشان کەسێك بڵێت من بەدیاریکراوەیی تەکفیریان ناکەم بەڵام نەوع و جۆریان تەکفیر دەکەم، دەڵێت ئیجماع لەسەر جۆریانە نەك دیاریکراویان، ئەم کەسەش بەهەمان شێوە تەکفیرناکرێت، چونکە دەقێکی بڕاوەی بەدرۆ نەخستۆتەوە، چونکە لەمەرجەکانی کافربوون ئەوەیە دەقێکی بڕاوە بەدرۆ بخاتەوە.

لێرەشدا بڕاوە سەبارەت بەجۆرە نەك دیارکراو.

بەڵام ئەگەر بڕاوە بەدرۆ بخاتەوە ئەگەر دیاریکراویش بێت هەروەك بەشی دووەم و سێیەم ئەوا کافر دەبێت ، چونکە ئەمە بڕاوەتەوە، بەڵام ئەمەی تر نەبڕاوەتەوە.

ئەمە حەوت بەش بوو دەربارەی مەسئەلەی" من لم یکفر الکافر فهو کافر" بەستەری فەتوا دەنگیەکە بۆ هەرکەسێك بیەوێت دڵنیابێتەوە

↓↓↓

https://m.youtube.com/watch?v=KOpr7BKca0M

ڕوونکردنەوەی حوکمی ئەوانەی وەستاون لە تەکفیر کردنی کافران لە لایەن شێخی موجاهید و زانا أبو عبدالبر الصالحي – رحمه الله-

شێخ ئەڵێ:

ئەهلی عیلم و زانست ئەم قاعیدەیەیان دابەش کردووە بۆ چەند بەشێک

بەشی یەکەم: ئەو کەسانە کە دەق هاتووە لەسەر تەکفیر کردنیان بە دیاریکراوی و ئەمەش ٢ بەشە:

طائیفە و کۆمەڵەکان: وەکو یەهود و نەصارا.

کەسەکان: وەکو فیرعەون و هامان و قارون و نەمرود و ئەبو جەهل و ئەبو لەهەب.

حوکمی ئەم بەشە:

ئەوەی بوەستێ لە تەکفیر کردنیان بە دیاریکراوی ئەوا کافرە چونکە بە درۆخەرەوەی ئەو دەقە شەرعیانەیە کە بە ڕاشکاوی ئاماژە بە کوفری ئەو کەسانە ئەکات کە ئەم وەستاوە لە تەکفیر کردنیان و مەناطی کوفری ئەم قاعیدەیەش تێیدا بەدی هاتووە کە کوفری ڕەدد دانەوە و ڕەتکردنەوە و بە درۆخستنەوەی دەقی شەرعییە

اللە تعالی ئەفەرمووێ: وَمَا يَجْحَدُ بِآيَاتِنَا إِلَّا الْكَافِرُونَ.

واتە: کەس نییە ئایەتەکانمان ڕەتبکاتەوە ئیللا کافران نەبێ.

وە قاضي عياض -رحمه الله- لە کتێبی -الشفا- ئیجماعی زانایانی هێناوەتەوە لەسەر کوفری ئەو کەسەی تەکفیری یەهود و نەصارا ناکات یان بوەستێ لە تەکفیر کردنیان، یاخود گومانی هەبێ.[الشفا: ٢٦٧/٢]

وە شێخ أبو بطين النجدي -رحمه الله- بەهەمان شێوە ئیجماعی هێناوەتەوە لەسەر کوفر ئەو کەسەی تەکفیری یەهود و نەصارا ناکات.

[الدرر السنية: ٦٩/١٢]

کوفری یەهود و نەصارا بە پێویست زانراوە لە دیندا (معلوم من الدين بالضرورة) و عەوام و زانا ئەیزانن، بەڵکو ئیمانی هیچ کەس ناچەسپێ و دروست نییە هەتاوەکو پێی وابێ هەموو دینەکانی تر جگە لە ئیسلام باطلن.

بەشێ دووەم:

ئەو ووتە و کردەوانەی کە دەقی شەرعی هاتووە لەسەر تەکفیر کردنی ئەنجامدەرەکەی، وەکو استغاثة بە غەیری اللە لە شتێکدا کە بێجگە لە اللە کەس توانای نییە بەسەریدا، یاخود نەزر کردن بۆ غەیری اللە یاخود سەربڕین، یاخود حوکم کردنەوە بۆ طاغوت و گاڵتە و استهزاء بە اللە و دین و پێغەمبەرەکەی -صلى الله عليه وسلم-.

حوکمی ئەم بەشە:

ئەوەی بوەستێ لە تەکفیری ئەو کەسەی کەوتۆتە ئەو هەڵوەشێنەرەوانەوە بەدەر نییە لە ٢ حاڵەت:

١- ئەگەر بەهۆی ئەوەوە وەستابێ لە تەکفیر کردنی کە کردەوە یان ووتەی کەسەکە بە کوفر نەزانێ ئەوا ئەمە کافرە.

٢- وەستاوە لە تەکفیر کردنی بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دان ئەنێت بەوەی کەسەکە کەوتۆتە کوفرەوە و کردەوەکە یان ووتەکەی کوفرە بەڵام تەکفیری کەسەکە ناکات کە کەوتۆتە کوفرەکەوە بەهۆی هەبوونی مانعێکەوە (ڕێگریەکی شەرعی) کە هەیە لە بەردەم دابەزاندنی حوکمەکە بەسەر کەسەکەدا، ئەمەش ئەبێتە ٢ بەشی تر:

١ـ ئەگەر ئەو مانعەی کەسەکە باسی ئەکات موعتەبەر بێت و لە شوێنی خۆیدا بێت و دابەزاندنی بەسەر کەسەکەشدا دروست بێت ئەوا ئەمە ناچێتە نێو قاعیدەکەوە.

٢ـ ئەگەر ئەو مانعەی کەسەکە باسی ئەکات موعتەبەر نەبێ یاخود موعتەبەر بێت بەڵام دابەزاندنی بەسەر کەسەکەدا دروست نەبێ ئەوا تەکفیر ناکرێ ئیللا پاش ئیقامە حوججە و ڕونکردنەوە نەبێ.

شێخ ترکي البنعلي –رحمه الله- دەربارەی حوکمی ئەوانەی وەستاون لە تەکفیری ئەو حاکمانەی کە حوکم ناکەن بە شەرعی الله تعالی ئەڵێ:

ئەوانەی وەستاون لە تەکفیر کردنی ئەم حاکمانە هەموویان لە ١ حاڵەتدا نین، بەڵکو لە ٣ حاڵەتدان..

حاڵی یەکەمیان: ئەوانەی وەستاون لە تەکفیر کردنیان بەهۆی بنچینە و بنەماوە فاسیدەکانیانەوە و پێیان وایە ئەم حاکمانە کارەکەیان ئەچێتە "کفر دون کفر"ـەوە و وەکو بونیادنانێکیش لەسەر ئەمە تەکفیری حاکمەکان ناکەن ئەم جۆرە لای ئێمە موبتەدیعن و لە موڕجیئەن، وە کافر نین بۆچی ؟ چونکە بەهۆی قەولێکی بیدعیانەی فاسیدەوە گەیشتوون بەم حاڵە، پێیان وایە حوکم نەکردن بەوەی الله دایبەزاندووە بە هەموو جۆر و

حاڵەت و وێنەکانیەوە کفر دون کفر بە نەوەک کوفری گەورە و دەرکەر لە ئیسلام.

حاڵەتی دووەم: ئەوانەی ڕێککەوتون و کۆکن لەگەڵماندا کە حوکم نەکردن بەوەی اللە داییەزاندووە لە حاڵەت و وێنەی تەبدیل و تەشریعدا کوفری گەورە و دەرکەرە لە ئیسلامدا و پێیان وایە حاکمەکان کەوتوونەتە کوفرەوە، بەڵام تەکفیریان ناکات و عوزریان ئەدەنێ

ئەمانە نە کافرن نە موبتەدیعیشن، بەڵکو سوننین، بەڵام موخالەفەیان کردووین لە دابەزاندنی کوفر بەسەر حاکمەکاندا.

حاڵەتی سێیەم: ئەوانەی پێیاوان وایە حوکم نەکردن بەوەی اللە داییەزاندووە کوفر گەورە و دەرکەرە لە ئیسلام، بەڵام ناتوانن عوزرێکی شەرعی و مانعێک لە مانعەکانی تەکفیر بدۆزنەوە بۆ حاکمەکان و ڕائەوەستن لە تەکفیر کردنیان

ئەمانە کافرن، ئەمانە بە دروستی قاعیدەی "من لم یکفر الکافر فهو الکافر"یان بەسەردا جێبەجێ ئەبێ چونکە ڕەددی ئایەتی اللە یان دایەوە و ڕەتیانکردەوە.

پرسیاری حەوتەم/ [پەیوەست بوون و ڕواڵـــەت لەگـەڵ پـــەنهان] چی یە و چۆنە مخالف چی دەڵێت لەوبارەیەوە" التلازم بین الظاهر و الباطن " ؟

ئەڵێن پەیوەست بوونی زاهیر لەگەڵ باطن ئەوە

داخوازێت هەرکەسێك چی بەزاهیری ئەنجام دا ئەوا بەڵگەبێت لەسەر جێگربونی ئەو زاهیرە لەسەری چونکە زاهیر بەڵگەیە لەسەر باطن و ناو دڵ، بۆیە ئەگەر بەڕواڵەت بە ووتە یان بەکردەوە کوفری کرد ئەوا لەدڵیشەوە کوفری کردوە و ئیمانی نەماوە بۆیە عوذری نیە بەنەزانی و ئەمەش عەقیدەی ئەهلی سوونە و جەماعەیە لەبارەی "تلازم بین الظاهر والباطن"

لەوەڵامدا ئەڵێم: بەڵێ ڕاستە پەیوەست بوون هەیە لەنێوان زاهیر و باطن و زاهیر بەڵگەیە لەسەر باطن و کردەوەکان شوێنەواریکن و لەشوێنەوارەکانی نێو دڵ هیچ یەکێکیمان لاریمان لەمەدا نیە و ئەمە عەقیدەی ئەهلی سوونە و جەماعەیە، بەڵام مورجیئە کە باوەڕیان بەوە عەمەل نیە لە ئیمان و دەڵێن ئیمان تەنها قەول و باوەڕی نێو دڵە، کەواتە ڕواڵەت و زاهیر هەرچی بێت تەئسیر لەدڵ ناکات نە کردەوە لە ئیمانە و نەبەکردەوەش ئیمان زیاد ئەکات و نەکوفریش بەکردەوە تەئسیر لە ئیمان ئەکات مادام لەدڵەوە بێ باوەڕی خۆت دەرنەبڕیت، هەروەها جمیەکان و غولاتی مورجیئەکانیش ئەڵێن ئیمان تەنها باوەری ناو دڵە کەواتە ئینسان هەرچەن کوفر بڵێت و کوفر بکات کافر نابێت، لەبەرامبەریشدا

خەواریجەکانمان هەیە دەڵێن پێویستە هەموو فەرمایشتەکان هەبن چونکە هەموو فەرمایشتە شەرعیەکان لە ئەصلی ئیمانن و بە تەرک کردنی هەر فەرمایشتێك ئیمانت نامێنێت بۆیە بونی هەموو کردەوەکان مەرجە بۆ بوونی ئیمانی ناو دڵ و نەبونی یەك کردەوە لە کردەوەکان یان ئەنجامدانی یەک قەدەغەکراو لە قەدەغەکراوەکان پێچەوانەی ئیمانی ناو دڵە و ئیمان ناهێڵێت.

کۆمەڵێکی تریش هەن لەزیادەڕەوەکانی دەڵێن: مادام هیچ بەڵگەیەك نیە بۆ زانینی باطن کەواتە دەڵێین ئەبێ بە موتڵەقی حوکم بدەین بەسەر کردەوەکانی زاهیر چونکە ئەوە تاکە بەڵگەیە لەسەر ناو دڵ، بۆیە هەرکەسێ شیرکێك ئەنجام بدات ڕاستەوخۆ تەکفیری ئەکەین بەبێ ئەوەی ڕەچاوی هیچ شتێك بکەین، هەروەها هەرکەسێکیش کردەوەیەك تەرك بکات کە شاریع ناوی کوفری نابێت لە تاریکەکەی ئەوا ئێمەش تەکفیری ئەکەین بەبێ ئەوەی ڕەچاوی مەبەستی شاریع بکەین لە ووتنی ئەو دەقانە،

بەڵام لەنێو ئەم تاقمانە تاقمی ئەهلی سوونە و جەماعە مام ناوەندن لەنێو هەمویان و دەڵێن پەیوەستی هەیە لەنێوان زاهیر و باطن بەڵام ئەو زاهیرە کاتێ موافقی باطنەکەیەتی ئەبێت بەمەبەستەوە ئەو کارە ئەنجام بدات، بۆ نموونە کوفرێك دەکات دەبێ بزانێت کەوا کوفرە کاتێ زانی کوفرە و ئەنجامی دا ئەوکاتە بەڵگەیە لەسەر نەبونی ئیمانی دڵیشی کە دڵەکەی فاسیدە، بەڵام کابرای موسڵمان کاتێ توشی کوفر و شیرکێ ئەبێت یان تاوانێ ئەکات نازانێ تاوانە پێی

ناوتریّ سەرپێچی کار چونکە تەکلیفی پێ نەگەیشتوە، یان کەسێك گوناحێك ئەکات و ئەزانێ گوناحە ئەوە بەڵگەیە لەسەر لاوازی ئیمانی نێو دڵی کاتێ گوناحەکە دەکات چونکە دەزانێ گوناحە و دەیکات و دڵەکەی ناتوانێ بیگێڕێتەوە، بەڵام کە نەزان بوو بەوەی کە گوناحە ئەو کارە ئەو دڵە ج تاوانێکی هەیە و چ فەسادیەکی تیایە کە نەزانە و مەبەستی نەبووە سەرپێچی ئەمری خوا بکات ؟! ، بۆیە ئاگاداری ئەم خاڵەبن زۆر گرنگە کاتێك زاهیر دەلیلە لەسەر باطن کاتێ عیلمت هەبێت بە حوکمی ئەو زاهیرە و بیکەی و ئەوکاتە دەلیلە لەسەر فەسادی باطنت. بەڵگەش لەسەر ئەوەی هەموو کاتێ زاهیر بەڵگە نیە لەسەر باطن ئەوەیە کەوا کەسی موکرِە زۆرلێکراو کاتێ بەدەم کوفرێك دەکات کافر نابێت یان بەکردەوە کوفر ئەنجام ئەدات و زۆری لێکراوە کافر نابێت هەرچەنە بەزاهیر کوفری کردوە بۆچی ؟ چونکە شارِیع خوای گەورە عوذری پێداوە لەحاڵەتی زۆرلێکردن نەیگرێت و هیچی لەسەرنەبێت، بەهەمان شێوەش خوای گەورە نەزانی و نەگەیشتنی حوجەی کردۆتە عوذر بۆ جێگیر نەبونی کافربوون کاتێ موسڵمانێ بەنەزانی توشی کوفرێ ببێت و پێی نەوترابێت و بەڵگەی پێ نەگەیشتبێت، هەربۆیە جێگیربونی زاهیر و پەیوەست بونی بەباطن بەستراوە بەهاتنەدی مەرجەکان و نەمانی رِێگریەکان و پەیوەست بوونی زاهیر بەباطنەوە بەشێوەیەکی رِەها و رِاستەوخۆ نیە. هەربۆیە فەرقی گەورە هەیە لەنێوان ئەهلی سوونە کە باوەرِیان بە پەیوەست

بوون هەیە لەنێوان ظاهیر و باطن وە لەگەڵ مورجیئە کە باوەڕیان پێی نیە چونکە عەمەلی ظاهیر بە بەشێك دانانێن لە ئیمان بۆیە باوەڕیان پێی نیە، هەر بۆیەش هیچ کردەوەیەکی کوفری بەکوفر نازانن هەتا کابرا نەڵێت لەدڵەوە کوفرم کردوە یان بڵێ لەدڵەوە فلّانە شتی حەرام بەحەڵاڵ ئەزانم، ئەمەیە عەقیدەی ئیرجاء ، بەڵام ئیمە کردەوە بەبەشێکی دانەبڕاو لە ئیمان دەزانین و ئیمان بەبێ کردەوە بە ئیمان دانانێین، وە هەموو کردەوەیەکی کوفری بەکوفر ئەزانین و هەرکاتێ زانیمان خاوەنەکەی هیچ عوذرێکی نیە و هیچ مانعێ لەحەقی نیە ئەوکاتە تەکفیری ئەکەین و ئەڵێین زاهیری ئەو کەسە بەڵگەیە لەسەر باطینی کەسەکە و ئەوکەسە کاتێ ئەو کوفرەی کردوە بەکردەوە لەدڵیشەوە کافربووە نەك تەنها بەکردەوە، ئەمەش عەقیدەی تلازم ە لەنێوان باطن و ظاهیر. بەپێی عەقیدەی ئەهلی سوونەت و جەماعەت . بۆزانیاری زیاتر بڕوانە کتێبی (ضوابط التكفير عند أهل السنة والجماعة- أد.عبدالله بن محمد القرني- ص261)

والحمدلله رب العالمين.

پرسیاری هەشتەم / ئایا کوفر کردن بەتاغووت بەمانای تەکفیرکردنی تاغووت دێت ؟ ئایا مانای کفرنا بکم واتای کافرکردنیان ئەدات ؟

وەڵام : بسم الله والحمدلله والصلاة والسلام على رسول الله أما بعد :-
الله تعالى دەفەرمێت (فَمَن يَكۡفُرۡ بِٱلطَّٰغُوتِ وَيُؤۡمِنۢ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱسۡتَمۡسَكَ بِٱلۡعُرۡوَةِ ٱلۡوُثۡقَىٰ لَا ٱنفِصَامَ لَهَاۗ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ)[سورة البقرة 256].
جا ئێستا بابزانین موفەسیرینی بەڕێزی قورئان لەتەفسیری ئەم ئایەتە پیرۆزە و لەمانای کوفرکردن بەتاغووت چی دەفەرموون کە لەم ئایەتەدا هاتوە:-

ئیمام ابن جەریری تەبەڕی دەڵێت:-
فتأويل الكلام إذا: فمن يجحد ربوبية كل معبود من دون الله، فيكفر به"ويؤمن بالله"، يقول: ويصدق بالله أنه إلهه وربه ومعبوده "فقد استمسك بالعروة الوثقى"، يقول: فقد تمسك بأوثق ما يتمسك به من طلب الخلاص لنفسه من عذاب الله وعقابه.
دەڵێت: مانای ئایەتەکە ئەوەیە هەرکەسێك ئینکاری پەروەردگارێتی هەر پەرستراوێك بکات جگە لە ألله، کوفری پێ بکات و ئیمان بێنێ بە ألله، واتە باوەڕبێنێ بە ألله کە خوا و پەروەردگار و پەرستراوێتی، ئەوا دەستی گرتوە بە

عورِوەی وثقی واتە دەستی گرتوە بەڕزگاربویەك کە خۆی پێ ڕزگاربکات لە عەذاب و سزای أللە.
هەروەها ئەو ئیمامە گەورەیە مانای طاغوت لەئایەتەکە نەقڵ دەکات لەسەلەفەوە کە ئایا تاغووت کێ یە و دەڵێت :

قال أبو جعفر: اختلف أهل التأويل في معنى"الطاغوت".
فقال بعضهم: هو الشيطان.
* ذكر من قال ذلك:

٥٨٣٤ - حدثنا محمد بن بشار قال: حدثنا عبد الرحمن، قال: حدثنا سفيان، عن أبي إسحاق، عن حسان بن فائد العبسي قال: قال عمر بن الخطاب: الطاغوت: الشيطان .

٥٨٣٥ - حدثني محمد بن المثنى، قال: حدثني ابن أبي عدي، عن شعبة، عن أبي إسحاق، عن حسان بن فائد، عن عمر، مثله.

٥٨٣٦ - حدثني يعقوب بن إبراهيم، قال: حدثنا هشيم، قال: أخبرنا عبد الملك، عمن حدثه، عن مجاهد، قال: الطاغوت: الشيطان.

٥٨٣٧ - حدثني يعقوب، قال: حدثنا هشيم، قال: أخبرنا زكريا، عن الشعبي، قال: الطاغوت: الشيطان.

٥٨٣٨ - حدثنا المثنى، قال: حدثنا إسحاق، قال: حدثنا أبو زهير، عن جويبر، عن الضحاك في قوله:"فمن يكفر بالطاغوت" قال: الشيطان.

٥٨٣٩ - حدثنا بشر بن معاذ، قال، حدثنا يزيد، قال: حدثنا سعيد، عن قتادة: الطاغوت: الشيطان.

٥٨٤٠ - حدثني موسى، قال: حدثنا عمرو، قال: حدثنا أسباط، عن السدي في قوله:"فمن كفر بالطاغوت" بالشيطان.

وقال آخرون: الطاغوت: هو الساحر.

* ذكر من قال ذلك:

٥٨٤١ - حدثنا محمد بن المثنى، قال: حدثنا عبد الأعلى قال: حدثنا داود، عن أبي العالية، أنه قال: الطاغوت: الساحر.

وقد خولف عبد الأعلى في هذه الرواية، وأنا أذكر الخلاف بعد .

٥٨٤٢ - حدثنا محمد بن بشار، قال: حدثنا حميد بن مسعدة، قال: حدثنا عوف، عن محمد، قال: الطاغوت: الساحر .

وقال آخرون: بل"الطاغوت" هو الكاهن.

* ذكر من قال ذلك:

٥٨٤٣ - حدثني ابن بشار، قال: حدثنا محمد بن جعفر، قال: حدثنا شعبة، عن أبي بشر، عن سعيد بن جبير، قال: الطاغوت: الكاهن .

٥٨٤٤ - حدثنا ابن المثنى، قال: حدثنا عبد الوهاب، قال: حدثنا داود، عن رفيع، قال: الطاغوت: الكاهن .

٥٨٤٥ - حدثنا القاسم، قال: حدثنا الحسين، قال: حدثني حجاج، عن ابن جريج:"فمن يكفر بالطاغوت"، قال: كهان تنزل عليها شياطين، يلقون على ألسنتهم وقلوبهم = أخبرني أبو الزبير، عن جابر بن عبد الله، أنه سمعه يقول: - وسئل عن الطواغيت التي كانوا يتحاكمون إليها فقال-: كان في جهينة واحد، وفي أسلم واحد، وفي كل حي واحد، وهي كهان ينزل عليها الشيطان.

قال أبو جعفر: والصواب من القول عندي في"الطاغوت"، أنه كل ذي طغيان على الله، فعبد من دونه، إما بقهر منه لمن عبده، وإما بطاعة ممن عبده له، وإنسانا كان ذلك المعبود، أو شيطانا، أو وثنا، أو صنما، أو كائنا ما كان من شيء. "

دەڵێت: هەندێك له موفەسیرینی سەلەف دەڵێن طاغووت شەیطانە.

لەوانە:-

عومەری کوری خەتاب و موجاهید و قەتادە دەڵێن تاغووت شەیطانە.

وە هەندێکی تر لەسەلەف لەوانە:-

أبي العالية و إبن سيرين و محمد دەڵێن تاغووت ساحیرە .

وە بەشێکی تر لەسەلەف دەڵێن تاغووت کاهینە لەوانە:-

سەعیدی کوڕی جوبەیر و ڕەفیع و ابن جریج وە ابو زوبەیر دەڵێ گوێم لێ بوو پرسیار کرا لەجابیری کوڕی عەبدوڵا دەربارەی ئەو تاغووتانەی کە پێشتر تەحاکمیان دەکرد بۆ لایان ئەویش فەرمووی لە جوهینە تاغووتێ هەبوو وە لە ئەسلەم تاغووتێ هەبوو لەهەموو گەڕەکێ تاغووتێ هەبوو کە کاهین بون شەیطان وەحی بۆ ئەکردن.

خاوەنی تەفسیری موسوعة التفسير المأثور کۆمەڵێ زۆر لەوتەی سەلەف نەقڵ دەکات لەسەر مانای تاغووت دەڵێ: عومەری کوری خەتاب و عەبدوڵای

کوری عەباس حەسەنی بەسڕی و سەعیدی کوڕی جوبەیر و عطاء عیکریمە و أبي عالیە و اسماعیل و سەدی و کەلەبی وموجاهید و ضەحاك و عامر الشعبي و موقاتیلی کوڕی سولەیمان دەڵێن تاغووت شەیتانە. لەڕێگایەکی تری عەبدوڵای کوری عەباس دەڵێ تاغووت بتەکانە کەدرۆی لێ دەگێڕنەوە بۆ گومڕاکردنی خەڵکی، لەدوو ڕیوایەتی تری ئەبی عالیە دەڵێت تاغوت ساحیرە و شەیتانە و کاهینە، لەڕیوایەتێکی تری سەعیدی کوڕی جوبەیر تاغووت کاهینە. وە ابن جریج دەڵێ تاغووت کاهینەکانە کە شەیتان دادەبەزنە سەریان و شت ئەخەنە سەر زمان و دڵیان.

مالیکی کوڕی ئەنەس دەڵێ : تاغووت هەموو ئەوانەیە کە دەپەرستڕێن بێجگە لەخوا.

موجاهیدی بن جبر دەڵێ: تاغووت شەیتانێکە لەسەر وێنەی ئینسان و تەحاکم دەکەن بۆ لای و خاوەن کاروباریانە.

پاشان ئیبن کەثیر لەمانای تاغووت هەمان مانای عومەر دەکات بۆ تاغووت کە شەیتانە و دەڵێ ئەم مانایە زۆر بەهێزە چونکە هەموو خراپەیەك ئەگرێتەوە کە سەردەمی نەفامی لەسەری بوون، لەبت پەرستی و تەحاکم کردن بۆ لای بتەکان و داواکردنی سەرخستن لەبتەکان. " بڕوانە [بەرگی چوارەم لاپەڕە 483 بۆ 486].

ئەمەش مانای تاغووت بوو لای سەلەف بەهیچ شێوەیەك لەمانای شەیطان و ساحیر و کاهین زیاتر شتی تر و وەسفی تر نەهاتووە.

پاشان ابن جریر الطبري خۆیشی لەمانای تاغووت ئەڵێت: هەرکەسێك زیادەڕەوی و توغیان بکاتە سەر ألله و بپەرستڕێت لەغەیری ألله جا بەزۆری خۆی بێت کە بیپەرستن یان بە گوێڕایەڵی کەسانێ بێت کە دەیپەرستن، جا ئەو کەسە پەرستراوە ئینسان بێت یان شەیطان بێت یان بت و صەنەم بێت یان هەرشتێك بێت.

پاشان ابن جەریر دەڵێت :" يعني تعالى ذكره والله سميع إيمان المؤمن بالله وحده ، الكافر بالطاغوت عند اقراره بوحدانية الله وتبرئة من الأنداد والأوثان التي تعبد من دون الله ، عليم بما عزم عليه من توحيد الله وإخلاص ربوبيته قلبه ، وما انطوى عليه من البراءة من الآلهة والأصنام والطواغيت ضميره ، وبغير ذلك مما أخفته نفس كل أحد من خلقه لا ينكتم عنه سرّ ولا يخفى عليه أمر حتى يجازى كلاً يوم القيامة بما نطق به لسانه وأضمرته نفسه إن خيراً فخيراً وإن شراً فشراً .

دەڵێ : مانای "سميع" ئیمانی ئەو باوەڕدارە دەبیستێ کە بەتەنها باوەڕی بە ألله‌یە و کافرە بەتاغووت کاتێ ئیقراری کردوە بە یەکانەیی خوا و خۆی بەری کردوە لەو بت و هاوبەشانەی دەپەرستڕێن بێجگە لە ألله، خوا زانایە بەو بڕیارەی ئەو کەسە لەسەر داوێتی کە تەوحیدی ألله‌یە ئیخلاص

پەروەردگارێتی ئاللە لەدڵی دا، هەروەها ئەوەیە کە لەدڵەوە خۆی بەری کردوە لەخوایە پوچەڵەکان و بت و صەنەمەکان و تاغوتەکان، هەروەها هەموو ئەو شتانەی تریش کە ناخەکان دەیشارنەوە کەس ئاگای لێی نیە لەڕۆژی قیامەت پاداشتیان ئەداتەوە لەسەر گوفتارەکانی زمان وناخیان باشە بەباش و خراپەش بەخراپ.

هەروەها ئیمامی ابن كثير لە تەفسیری (فمن يكفر بالطاغوت) دەڵێت : أَيْ: مَنْ خَلَعَ الْأَنْدَادَ وَالْأَوْثَانَ وَمَا يَدْعُو إِلَيْهِ الشَّيْطَانُ مِنْ عِبَادَةِ كُلِّ مَا يُعْبَدُ مَنْ دُونِ اللَّهِ، وَوَحَّدَ اللَّهَ فَعَبَدَهُ وَحْدَهُ وَشَهِدَ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ ﴿فَقَدِ اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَى﴾ أَيْ: فَقَدْ ثَبَتَ فِي أَمْرِهِ وَاسْتَقَامَ عَلَى الطَّرِيقَةِ الْمُثْلَى وَالصِّرَاطِ الْمُسْتَقِيمِ.

واتە: هەرکەسێك واز لەبتپەرستی دێنێ و ئەوشتانەی کە شەیتان بانگی دەکا بۆ پەرستنیان بێجگە لە خوا، بەڵام ئەم تەنیا خودا دەپەرستێ بەتاك و تەنها، ئەو ئەوکەسە دەستی گرتوە بەقولفێکی زۆر توند و بەهێزەوە واتە لەسەر کارەکەی دامەزراوە و لەسەر ڕاستە ڕێ وەستاوە.

هەروەها **شێخ عبدالرحمن السعدي لەتەفسیرەکەیدا دەڵێت** : فمن يكفر بالطاغوت فيترك عبادة ما سوى الله وطاعة الشيطان، ويؤمن بالله إيمانا تاما

أوجب له عبادة ربه وطاعته ﴿فقد استمسك بالعروة الوثقى﴾ أي: بالدين القويم الذي ثبتت قواعده ورسخت أركانه.

دەڵێ: کوفرکردن بەتاغووت ئەوەیە وازبێنێ لەپەرستنی بێجگە لە أللە لە گوێڕایەڵی شەیطان، وە باوەڕی تەواو بێنی بەأللە بەشێوەیەك پێویستی بکات لەسەرت پەرستنی پەروەدگارت و گوێڕایەڵی کردنی، ئەوا ئەوکاتە دەستی گرتوە بەدینی ڕاست و دروستەوە کە بناغە و بنەماکانی جێگیربووە.

پاشان شێخ سەعدی دەڵێ :" ثم ذكر الله انقسام الناس إلى قسمين : قسم آمن بالله وحده لا شريك له، وكفر بالطاغوت وهو كل ما ينافي الإيمان بالله من الشرك وغيره فهذا الذي إستمسك بالعروة الوثقى التي لا انفصام لها.." تيسير كريم الرحمن (١/٣١٧).

دەڵێ: پاشان خوای خەڵکی دابەش دەکات بۆ دووبەش : بەشێکیان بەتاك وتەنها ئیمانیان بەخوا هێناوە و کوفریان کردوە بەتاغووت، کوفر کردنیش بەتاغووت بریتیە لەهەرشتێ کە پێچەوانەی ئیمان هێنان بێ بەالله لەشیرك و لەغەیری شیرك، ئەمەش هەرکەسێ ئەنجامیدا ئەوا دەستی گرتوە بە قوفڵێکی بەهێزەوە و لێکبونەوەی نیە.

هەروەها سلێمان بن ابراهيم اللاحم لەتەفسیری عون الرحمن لەمانای ئایەتی (فمن يكفر بالطاغوت) دەڵێت:"أي يجحده وينكره ويتبرأ من كل معبود سوى الله تعالى. " ج٣ ص ٤٦٨

دەڵێ : نکۆڵی و ئینکاری لێ بکات و تەبەرِا بکات لەهەموو پەرستراوێ جگە لە أللە.

وە خاوەنی تەفسیر المحرر للقرآن الكريم لەمانای ئایەتی (فمن يكفر بالطاغوت) دەڵێت:" إن من جحد ربوبية الطاغوت وألوهيته المزعومتين فتبرأ منه ومن عبادته وطاعته. ج١ ص ٧٥٦

دەڵێ : هەرکەسێ نکۆڵی بکات لەپەروەردگارێتی وخوایەتی درۆینەی تاغووت و تەبەرِا بکات لەتاغووت لە عیبادەت و لەبەقسەکردنی تاغووت.

إبن عاشور لە تەفسیرەکەیدا لەمانای ئایەتی (فمن يكفر بالطاغوت) دەڵێت:" أي نبذ عبادة الأصنام ."

دەڵێ: وازهێنێ لە پەرستنی بتەکان.

هەروەها خاوەنی تەفسیری الوسيط لەمانای ئایەتی (فمن يكفر بالطاغوت) دەڵێت:" والمعنى : فمن خلع الأنداد والأوثان وما يدعو إليه الشيطان من عبادة غير الله ."

دەڵێ: هەرکەسێ وازبێنێ لەهاوبەش و بتەکان و هەرشتێ کە شەیتان بانگی بۆ دەکات لەپەرستنی غەیری أللە.

خاوەنی تەفسیری میسر لەمانای ئایەتی (فمن يكفر بالطاغوت) دەڵێت:" فَمَن يكفر بكل ما عُبِد من دون الله ويؤمن بالله.

دەڵێ: هەرکەسێ کوفر بکات بەهەموو ئەوشتانەی دەپەرستڕێن بێجگە لەخوا و بڕوابێنێ بەخوا .

خاوەنی تەفسیری بیضاوي لەمانای ئایەتی (فمن يكفر بالطاغوت) دەڵێت:" بالشيطان ، أو الأصنام ، أو كل ما عبد من دون الله ، أو صد عن عبادة الله تعالى .

دەڵێ: کوفر بکات بەشەیتان یان بتەکان یان هەرشتێ بپەرستڕێ بێجگە لە أللە یان هەرشتێ ڕێگرێ لەپەرستنی أللە.

خاوەنی تەفسیری بحر المحيط لەمانای ئایەتی (فمن يكفر بالطاغوت) دەڵێت:" لأن الكفر بها هو رفضها ، ورفض عبادتها .

دەڵێ: کوفرکردن بەتاغوت بریتیە لەوەی ڕەفزی تاغووت و پەرستنی بکەی.

هەربۆیە مانای کوفرکردن بەتاغووت بریتیە لە نکۆڵی کردن و بێ باوەڕبوون بەهەموو پەرستنێك بێجگە لە أللە، چونکە زۆرێك لەوانەی دەپەرستڕێن لەغەیری أللە دار و بەرد و بێ عەقڵن یان پێغەمبەران و پیاو چاکان و فریشتەکانن هەربۆیە ناکرێت تەکفیربکرێن و لەفزی تەکفیرکردن نالکێنرێ بەکوفرکردن بەتاغووت، پاشان ئەگەر ئەو کەسەی دەپەرستڕا لەغەیری أللە

کەسێکی عاقڵ بوو واتە ئینسانێکی زیندوو بوو وە ڕازی بوو بەو پەرستنە ئەوکاتە حوکم ئەدرێت بەکافربونی ئەوکەسە.

هەربۆیە پێغەمبەریش صلى الله عليه وسلم هەروەها هاوەڵەکانیشی کاتێ فتوحاتیان ئەکرد و گەلان ئەهاتن موسڵمان ئەبوون تەنها داوایان ئەکرد شایەتمان بێنن بۆ ئەوەی ببن بەموسڵمان بەتەنها وتنی شایەتمان داخلی ئیسلام ئەبوون شتێکی تریان لەسەر ئەو هەموو خەڵك و نەتەوانە فەرز نەکردبوو کە بیڵێن لەگەڵ شایەدمانەکە چونکە خودی ووتنی شایەتمان بریتیە لە کوفرکردن بەتاغووت چونکە کاتێ دەبی بەموسڵمان و دەڵێت لا اله الا الله واتە نەفی کردنی هەموو خوایەك و پەرستراوێک ئەکەی لەغەیری أللە.

ئیمام ابن رجب له جامع العلوم والحكم دەڵێت : وَمِنَ الْمَعْلُومِ بِالضَّرُورَةِ أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كَانَ يَقْبَلُ مِنْ كُلِّ مَنْ جَاءَهُ يُرِيدُ الدُّخُولَ فِي الْإِسْلَامِ الشَّهَادَتَيْنِ فَقَطْ، وَيَعْصِمُ دَمَهُ بِذَلِكَ، وَيَجْعَلُهُ مُسْلِمًا...".

دەڵێ: بەزەڕوڕەت زانراوە کەوا هەرکەس بهاتایە بۆ لای پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم و بۆ ئەوەی موسڵمان ببێت تەنها ووتنی بە وتنی دوو شایەتمانەکە قایل دەبوو، بەو دوو شایەتمانە خوێن و ماڵی دەپاراست و بەموسڵمانی هەژمار ئەکرد.

جیاوازی بکەن لەنێوان" يَكْفُرْ " لەگەڵ" يُكَفِرْ "" کە دوو ووشەی زۆر لەیەك دوور و جیاوازن چونکە

لەزمانی عەرەبیدا " يَكْفُرْ " هەروەك لە ئایەتەکەشدا هاتووە بەمانای ئینکاری کردن و بێ باوەڕبوون دێت،
بەڵام " يُكَفِرْ " بە ضمەی یاء وکەسرەی فاء بەمانای تەکفیرکردن دێت کە لەئایەتەکە بەم شێوەیە نەهاتووە.

بۆیە ئەوانەی زۆر زۆر کۆڵەوار بن لەزمانی عەرەبی و هیچ نەزانن دێن مانای ئایەتەکە بەتەکفیرکردنی تاغووت لێک ئەدەنەوە تەحریفی ئەکەن، چەواشەکارن و ئەیانەوێ لەو ڕێگایەوە مەبەستەکانی خۆیان جێ بەجێ بکەن.
کەواتە بۆمان دەرکەوت کوفرکردن بەتاغووت لەئایەتەکە بەهیچ شێوەیەك پەیوەندی نیە بە تەکفیرکردن و تەکفیرکردنی تاغووتان بەڵکو تەنها باس لە تەرککردنی عیبادەتی شەیطان و بتپەرستی و دورکەوتنەوە دەکات لە ساحیر و لە کاهینەکان .

کەواتە بەئیجماعی موفسیرین مانای ئایەتەکە بریتیە لەوەی هەرکەسێك واز لەپەرستنی شەیطان و بتپەرستی و پەرستنی غەیری ألله بێنێ ئەوا کوفری

كردوه بەتاغووت ، پاشان باوەڕیێنێ بە ألله ئەوە ڕزگاری بووە وە بەتەنها پەرستنی ألله و دوورکەوتنەوە لەتاغووت لەشەیطان و لەهەموو ئەوانەی دەپەرستڕێن لەغەیری ألله کافیە بۆ ئەوەی بی بەموسڵمان و باوەڕدار هەروەك خوای گەورە لەئایەتێکی تریشدا دەفەرمێت (وَلَقَدۡ بَعَثۡنَا فِی كُلِّ أُمَّة رَّسُولًا أَنِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَٱجۡتَنِبُواْ ٱلطَّٰغُوتَۖ)[سورة النحل 36].

ئیمام ابن جرير الطبري لەتەفسیری ئەم ئایەتە پیرۆزەدا دەفەرمێت : ولقد بعثنا أيها الناس في كلّ أمة سلفت قبلكم رسولا كما بعثنا فيكم بأن اعبدوا الله وحده لا شريك له، وأفردوا له الطاعة، وأخلصوا له العبادة ﴿وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ﴾ يقول: وابعدوا من الشيطان، واحذروا أن يغويكم، ويصدّكم عن سبيل الله، فتضلوا.

دەڵێت: ئەی خەڵکینە بەڕاستی لەهەموو گەلێکی پێش ئێوە پێغەمبەرێکمان ناردوە بۆیان هەروەك چۆن بۆ ئێوەمان ناردوە بۆ ئەوەی بەتاك و تەنها ألله بپەرستن و هیچ هاوبەشێکی بۆ دانەنێن بەتاك و تەنها بگرن لە گوێڕایەڵی کردن و لەعیبادەت و دووربکەونەوە لەتاغووت واتە دوور بکەونەوە لەشەیطان و ئاگادارین لەوەی گومڕاتان بکات و دوورتان بخاتەوە لەڕێگای ألله و گومڕا ببن.

وە ئیمامی القرطبي لەمانای ئەو ئایەتەدا دەڵێت : قَوْلُهُ تَعَالَى: ﴿وَلَقَدْ بَعَثْنا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَسُولًا أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ﴾ أَيْ بِأَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَوَحِّدُوهُ.

(وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ) أَيِ اتْرُكُوا كُلَّ مَعْبُودٍ دُونَ اللَّهِ كَالشَّيْطَانِ وَالْكَاهِنِ وَالصَّنَمِ، وَكُلَّ مَنْ دَعَا إِلَى الضَّلَالِ.

دەڵێت : لەهەموو گەلێکدا پێغەمبەرێکمان نادوە تاکو ألله بپەرستن بەتاك و تەنها و دووربکەونەوە لەهەموو پەرستراوێك بێجگە لە ألله وەکو شەیطان و کاهین و بت و صەنەم و هەرکەسێ بانگی خەڵکی بکا بۆ گومڕایی.

کەواتە لەئەم ئایەتەشدا دەرکەوت تەنها بەوەنەی ألله بپەرستی بەتاك و تەنها و دووربکەویت لەشەیطان و گوێڕایەڵی شەیطان و هەموو پەرستراوێ بێجگە لە ألله

بەوەنە ئەبی بە موسڵمان و ڕزگارت ئەبێت بەوەش دەزانین تەکفیرکردن هیچ پەیوندیەکی بەتەوحید و ئەصڵی دینەوە نیە وبنچینەی بانگەوازی پێغەمبەران بریتی نەبووە لەتەکفیرکردن.

هەروەها إلله تعالى دەفەرمێت (وَٱلَّذِينَ ٱجْتَنَبُواْ ٱلطَّٰغُوتَ أَن يَعْبُدُوهَا وَأَنَابُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ لَهُمُ ٱلْبُشْرَىٰۚ فَبَشِّرْ عِبَادِ)[سورة الزمر 17].

ئیمامی ابن کثیر لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفەرمێت:

مَّنِ اجْتَنَبَ عِبَادَةَ الْأَوْثَانِ، وَأَنَابَ إِلَى عِبَادَةِ الرَّحْمَنِ. فَهَؤُلَاءِ هُمُ الَّذِينَ لَهُمُ الْبُشْرَى فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَفِي الْآخِرَةِ.

دەڵێ: هەرکەسێك دووربکەوێتەوە لەبتپەرستی و بگەڕێتەوە بۆ پەرستنی خوای ڕەحمان ئەوا ئەم کەسانە موژدەیان بۆ هەیە لەژیانی دونیا و دواڕۆژدا

.هەربۆیە تەنها بەوەنەی بێ باوەڕ بیت بەتاغووت و دووربکەویتەوە لەعیبادەت کردنی خودی تاغووتەکە و بەتاکو تەنها ألله بپەرستی تۆ موسڵمانی و موەحیدی، بەڵام ئەگەر بڵێن نەخێر هەموو بەقسەکردنێ بۆ تاغووت و هەموو نزیکیەك لەتاغووت کوفرە ئەوا دەبێ بەگوناح و تاوان خەڵکی کافربکەیت، چونکە مەعلومە بەقسەکردن لەحەڵاڵدا حەڵاڵە جا بۆ هەرکەسێ بێت وە بەقسەکردن لەحەڕام دا حەرامە جا بۆ هەرکەسێك بێت وە بەقسەکردن لە کوفردا کوفرە جا بۆ هەرکەسێك بێت، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە دەڵێین ئایا شەیطان تاغووت نیە ؟ بەڵێ تاغووتە و گەورەترین تاغووتە، ئایا ئەگەر کەسێك بەقسەی شەیتان بکات و زینا بکات یان تاوانێ بکات بەقسەی تاغووتی نەکردوە ؟ دەڵێن بەڵێ، ئایا بەو بەقسە کردنەی بۆ تاغووتی شەیتان کافربووە چونکە کوفری نەکردوە بەتاغووتی شەیتان و لێی دوور نەکەوتۆتەوە ؟ ئەگەر بڵێن بەڵێ کافرە ئەوا ڕاستەوخۆ ئەبن بەخەوارج و بەبێ هیچ گومانێ خەوارج بونی خۆتان ئاشکرا ئەکەن ، ئەگەریش بڵێن نەخێر کافر نابێ دەڵێین ئەی باشە چۆن بۆ تاغوتێکی وەکو شەیتان ئەڵێن کافر نەبووە بەڵام بۆ تاغووتێکی تر کە زۆر لەخوار شەیتانەوەیە بەهەموو نزیك بونەوەیەك لێی یان لەداموەزگاکانی خەڵکی تەکفیر ئەکەن.؟!!!!!

بەهەمان شێوەش با وێنەی شەیطان لابەرین وێنەی تاغوتێکی تر دابنێین لەدەسەڵاتداران کاتێ فەرمانت پێ بکەن زینا بکەی یان عارەق بخۆی یان

تاوانێ بکەی ئایا تۆ بەوە کافر ئەبی کە بەقسەی بکەی ؟ ئەگەر بڵێی کافر ئەبی ئەوا ئەبی بەخەوارج بەتاوان خەڵکی کافر ئەکەی ئەگەریش بڵێی کافر نابێ کەواتە دەبێ دان بنەی بەوەی هەموو نزیکایەتی و بەقسەکردنێ بۆ تاغووت نابێ بەکوفر بەڵکو تەنها لەکوفری ئاشکرا و دیاردا بەقسەکردنی تاغووت ئەبێ بەکوفر و پێی کافر ئەبیت.

پاشان پرسیارێ لەو غولات و نەفامانە ئەکەین کە دەڵێن تەکفیر ئەصڵی دینە ، دەڵێین :-

ئایا پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم پێش ناردنی بەپێغەمبەرایەتی هەستا تەکفیری قەومەکەی بکات و تەبەڕایان لێ بکات بەئاشکرا ؟ ئەگەر بڵێن نەخێر و بەڵگەتان پێ نەبێ کەواتە ئەبێ پێغەمبەریش صلى الله عليه وسلم تەکفیر بکەن چونکە تەکفیری قەومە موشریکەکەی نەکردبوو وە بەئاشکرا تەبەڕای لێ نەکردبون نەك هەر ئەوەنەش بەڵکو هەردوو کچکەی ڕوقەیە و ئوموکەلسومی دابوو بەهەردوو کوڕی ئەبو لەهەب عوتبە و عوتەیبە ئەگەر بەکافریان بزانێ چۆن کچیان ئەداتێ ؟!!! ئایا کافرکردن هەر قسەیەکی بەتاڵە و هیچ حوکمێکی نیە ؟ !!

هەروەها دەپرسین لەو نەفامانە ئایا پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم پێش پێغەمبەرایەتی ئایا خوێن و ماڵی کافرانی قوڕەیشی حەڵاڵ کردبوو ئایا

ناموسیانی حەڵاڵ کردبوو ئەگەر تەنها جارێکیش بوبێ چونکە کافرن ئایا بۆ جارێکیش مااڵی کافرانی قورەیشی برد بەغەنیمەت بەبیانوی ئەوەی کافرن یان ماڵ و سامانی بۆ ئەپاراستن و شایەدی ئەمینداری و دەستپاکیان بۆ ئەدا ئایا ئەم هەڵوێستەی پێغەمبەر لەکوێی تەکفیرکردن و ڕق لێ بونەوە و دوژمنایەتی کردنیان دادەنرێ ؟

ئایا پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم پێش بوونی بەپێغەمبەر شایەدی ئاگری ئەدا بۆ هەرمردویەك کە بمردایە لە قەومەکەی و لەعنەتی لێ بکات کاتێ بەلای قەبرەکانیاندا ئەڕۆیشت ؟

نەخێر بەڵکو دوای بوونی بەپێغەمبەریش چوو داوای لێ خۆشبوونی کرد بۆ دایکی کە لەسەر کوفر مردبوو خوای گەورە ڕێگەی نەدا و ئایەتی دابەزاند.

ئایا پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم پێش بوونی بەپێغەمبەر ئایا بۆ تەنها جارێ بتی کافرەکانی قورەیشی شکاند ؟

جا ئەگەر بەڵگە نەهێنن لەسەر هەموو ئەمانە کە هەرگیز ناشتوانن بیهێنن ئەوا بزانن یان ئەبێ بڵێن پێغەمبەر کافر بووە پێش بوونی بەپێغەمبەر ، بەمەش کافر ئەبن یاخود ئەبێ بڵێن ئێمە هەڵەبووین و تەوبە ئەکەین بۆ لای خوا ئەو بابەتانەی ئەیڵێین لە ئەصڵی دین نیە .

کەواتە تەوحید تەنها بریتیە لە پەرستنی أللە بەتاك و تەنها و بێ باوەڕبوون و دوورکەوتنەوە لەپەرستنی غەیری أللە بەوەندە ئەبی بە موەحید و ڕزگاربوو . تەکفیرکردن هیچ پەیوەندیەکی بەتەوحیدەوە نیە. بەبەڵگەی ئایەتەکانی قورئان و سونەت و ووتەکانی سەلەف.

هەروەها پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەفەرمێت:

:"مَنْ قَالَ: لاَ إِلَهَ إِلاّ الله، وَكَفَرَ بِمَا يُعْبَدُ مِنْ دُونِ الله، حَرُمَ مَالُهُ وَدَمُهُ. وَحِسَابُهُ عَلَى الله - عز وجل)رواه: مسلم

واتە: هەرکەسێك بڵێت لاَ إِلَهَ إِلاّ الله و کوفر بکات واتە بێ باوەڕبێت بەپەرستنی غەیری أللە ئەوا خوێن و ماڵی حەرام دەبێت و لێپرسینەوەی نێودڵی لەسەر خوایە .

بەڵگەیەکی تر لەسونەت لەسەر ئەوەی کوفرکردن بەمانای بێ باوەڕبوون دێت ئەوە فەرموودەیە قودسیەیە کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەیگێڕێتەوە .

عَنْ زَيْدِ بْنِ خَالِدٍ الْجُهَنِيِّ أَنَّهُ قَالَ : صَلَّى لَنَا رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ صَلَاةَ الصُّبْحِ بِالْحُدَيْبِيَةِ عَلَى إِثْرِ سَمَاءٍ كَانَتْ مِنَ اللَّيْلَةِ، فَلَمَّا انْصَرَفَ أَقْبَلَ عَلَى النَّاسِ فَقَالَ : " هَلْ تَدْرُونَ مَاذَا قَالَ رَبُّكُمْ ؟ " قَالُوا : اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ. قَالَ : " أَصْبَحَ مِنْ عِبَادِي مُؤْمِنٌ بِي وَكَافِرٌ ؛ فَأَمَّا مَنْ قَالَ : مُطِرْنَا بِفَضْلِ اللَّهِ وَرَحْمَتِهِ فَذَلِكَ مُؤْمِنٌ بِي وَكَافِرٌ بِالْكَوْكَبِ، وَأَمَّا مَنْ قَالَ : بِنَوْءِ كَذَا وَكَذَا، فَذَلِكَ كَافِرٌ بِي وَمُؤْمِنٌ بِالْكَوْكَبِ ".صحيح البخاري 1038

زەیدی کوری خالیدی جوهەنی دەڵێ پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم نوێژی بەیانی بۆمان کرد لە حودەیبیە کەباران کەشەوەکەی باران دەباری، جاکاتێ نوێژەکەی تەواو کرد و ڕووی کردە خەڵکەکە وفەرمووی: ئایا دەزانن پەروەردگارتان چی فەرموو‌ە، خەڵکەکە وتیان خوا و پێغەمبەرەکەی دەزانن، فەرمووی: خوای گەورە دەفەرمێت هەندێك لەبەندەکان ڕۆژیان کردۆتەوە باوەڕدارن بەمن و کافرن بەمن، ئەوانەی وتیان بەفەزڵ و ڕەحمەتی خوا بارانمان بۆ باری ئەوا باوەڕدارن بەمن و کافرن بەئەستێرە ، بەڵام ئەوانەی وتیان بەهۆی فلانە ئەستێرەوە بارانمان بۆ باری ئا ئەوانە کافرن بەمن و باوەڕدارن بە ئەستێرە.

ئێمە لێرەدا ئەڵێین ئەوانە کە باوەڕیان بەخوا بووە و کافربوونە بە ئەستێرەکان ئەگەر کافربوون بەمانای تەکفیرکردن بێت ئەوا مانای ئەوەیە ئەستێرەکانیان تەکفیرکردوە , ئایا ئەمە ئەگونجێ ؟! کەس هەیە شتی وابڵێ ؟ یاخود کاتێ کەهەندێکی تریان باوەڕیان بەئەستێرەکان بووە و کافربوونە بە أللە، ئەگەر کافربوون بە مانای تەکفیرکردن بێت ئایا ئەوانە تەکفیری خوایان کردوە حاشا نەخێر ؟! کەسی عاقڵ هەیە قسەی وابکات ؟ نەخێر کەواتە کوفرکردن و کافربون واتە بێ باوەڕبوونە نەك تەکفیرکردن.

هەروەها پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەربارەی ئافرەتان دەفەرمێت : " يَا مَعْشَرَ النِّسَاءِ، تَصَدَّقْنَ ؛ فَإِنِّي أُرِيتُكُنَّ أَكْثَرَ أَهْلِ النَّارِ ". فَقُلْنَ : وَبِمَ يَا رَسُولَ اللَّهِ ؟ قَالَ : " تُكْثِرْنَ اللَّعْنَ، وَتَكْفُرْنَ الْعَشِيرَ ...." [البخاري - ٣٠٤] فەرمووی : ئەی کۆمەڵێ ئافرەتان چاکە بکەن بەڕاستی من بینیم ئێوە زۆربەی ئەهلی دۆزەخن وتیان بەهۆی چی ئەی پێغەمبەری خوا ؟ فەرمووی چونکە زۆر لەعنەت ئەکەن و کوفری پیاوەکانتان ئەکەن . "

ئایا کوفری پیاوەکانیان ئەکەن مانای ئەوەیە ئەو ئافرەتانە تەکفیری مێردەکانیان ئەکەن و بەکافریان دائەنەن زۆر ئەم کارە ئەکەن ؟!! نەخێر بەهیچ شێوەیەك بەڵکو کوفرکردنی پیاوەکانیان واتە ئینکاریکردنی چاکەی پیاوەکانیان ئەکەن و سپڵەن و باوەڕیان نیە بەچاکەی پیاوەکانیان نیە و لەبەرچاوی ناگرن.

شێخ عبداللطيف بن عبدالرحمن آل الشيخ -رحمهم الله- لە کتێبی "مصباح الظلام" ئەڵێ :

ساڵی ١٢٦٤ (کۆچی) دوو کەسی دەرچووی وەکو ئێوەم بینی لە شاری ئەحساء کە وازیان لە جومعە و جەماعەت هێنابوو و تەکفیری هەموو موسڵمانانی ئەو شوێنانەیان کردبوو، بەڵگەکانیشیان لە هەمان ڕەگەزی بەڵگەکانی ئێوەبوو، ئەیانووت؛ خەڵکی شاری ئەحساء لەگەڵ ئیبن فەیروزدا

دائەنیشن و تێکەڵایەتیان هەیە لەگەڵ ئەو و هاوشێوەکانییدا کە کوفریان نەکردووە بە طاغوت و تەکفیر کردنی باپیری خۆیشی دەرنەپڕیوە کە باپیری بانگەوازەکەی شێخ محمد بن عبدالوهاب ی قبوڵ نەبوو و ڕەددی دایەوە و دژایەتیشی کرد.

ئەشیانووت: ئەوەی تەکفیری ئیبن فەیروز نەکات ئەوا کافرە و کوفری نەکردووە بە طاغوت، ئەوەشی لەگەڵیدا دابنیشێ ئەوا وەکو ئەوە.

شێخ عبداللطیف ئەڵێ: جا هاتن لەسەر ئەو ٢ پێشەکیە درۆ و گومڕاییە هەمان ئەحکامی ڕیددەی صەریح و ڕونیان دارشت هەتا وای لێهات کە وەڵامی سەلامیان نەئەدایەوە، جا هێنایانن بۆ لام و منیش هەڕەشەم لێکردن و بە ڕەقی و توندی قسەم لەگەڵدا کردن، یەکەمجار وا بانگەشەیان ئەکرد کە لەسەر عەقیدەی شێخ محمد بن عبدالوهاب ـن و پەیام و ڕیسالەکانی شێخیان لە لایە، منیش گومانەکانیانم ئاشکرا کردن و لامدان و گومڕاییەکانیانم بە درۆ خستەوە، وە ئاگادارم کردنەوە لە بەڕائەتی شێخ محمد بن عبدالوهاب لەم مەزهەب و بیروڕایە، وە پێم ووتن کە شێخ محمد تەکفیر ناکات ئیللا تەکفیری ئەوەنەبێ کە موسڵمانان یەکدەنگ بن لەسەر تەکفیر کردنی ئەنجامدەرەکەی لە شیرکی گەورە و کوفر کردن بە ئایەتەکانی اللە تعالی و پێغەمبەرەکەی -صلی اللە علیه وسلم- دوای ئیقامە حوجە و گەیشتنە موعتەبەر و بایەخپێدراوەکەی.

بەهەمان شێوەش أللە تعالى لەم ئایەتە پیرۆزەدا دەفەرمێت (قَدۡ كَانَتۡ لَكُمۡ أُسۡوَةٌ حَسَنَةٌ فِيٓ إِبۡرَٰهِيمَ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥٓ إِذۡ قَالُواْ لِقَوۡمِهِمۡ إِنَّا بُرَءَٰٓؤُاْ مِنكُمۡ وَمِمَّا تَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ كَفَرۡنَا بِكُمۡ وَبَدَا بَيۡنَنَا وَبَيۡنَكُمُ ٱلۡعَدَٰوَةُ وَٱلۡبَغۡضَآءُ أَبَدًا حَتَّىٰ تُؤۡمِنُواْ بِٱللَّهِ وَحۡدَهُۥٓ إِلَّا قَوۡلَ إِبۡرَٰهِيمَ لِأَبِيهِ لَأَسۡتَغۡفِرَنَّ لَكَ وَمَآ أَمۡلِكُ لَكَ مِنَ ٱللَّهِ مِن شَيۡءٖۖ رَّبَّنَا عَلَيۡكَ تَوَكَّلۡنَا وَإِلَيۡكَ أَنَبۡنَا وَإِلَيۡكَ ٱلۡمَصِيرُ)[سورة الممتحنة 4].

واتە: بەڕاستی بۆ ئێوە هەیە سەرمەشقێکی جوان وچاك لە ئیبراهیم وئەوانەی لەگەڵیدا بوون کە بەگەلەکەی خۆیانیان ووت بەڕاستی ئێمە بێزار وبەرین لەئێوە وە لەو شتانەش کەدەیان پەرستن لەجیاتی خوا، ئێمە باوەڕمان نیە بە(ئاینی) ئێوە وە پەیدابوو لەنێوان ئێمەوئێوەدا دوژمنایەتی وکینە بۆ هەمیشەیی تا کاتێك کەبڕوا بەخوای تاك وتەنیا دەهێنن جگە لەو قسەیەی ئیبراهیم کە بەباوکی ووت بێگومان داوای لێخۆشبوونت بۆ ئەکەم وە من هیچم بەدەست نیە لەبەرانبەر خوادا بۆ تۆ، ئەی پەروەردگارمان تەنها پشتمان بەتۆ بەستووە وە هەر بۆ لای تۆ گەڕاوینەتەوە سەر ئەنجامیش هەر بۆلای تۆیە

ئیمامی ابن کثیر لەتەفسیری ئەو ئایەتە پیرۆزەدا دەڵێت:

﴿إِذْ قَالُوا لِقَوْمِهِمْ إِنَّا بُرَآءُ مِنْكُمْ﴾أَيْ: تَبَرَّأْنَا مِنْكُمْ ﴿وَمِمَّا تَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ كَفَرْنَا بِكُمْ﴾ أَيْ: بِدِينِكُمْ وَطَرِيقِكُمْ، ﴿وَبَدَا بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمُ الْعَدَاوَةُ وَالْبَغْضَاءُ أَبَدًا﴾ يَعْنِي: وَقَدْ شُرعت الْعَدَاوَةُ وَالْبَغْضَاءُ مِنَ الْآنِ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ، مَا دُمْتُمْ عَلَى كُفْرِكُمْ

فَنَحْنُ أَبَدًا نَتَبَرَّأُ مِنْكُمْ وَنُبْغِضُكُمْ ﴿حَتَّى تُؤْمِنُوا بِاللَّهِ وَحْدَهُ﴾ أَيْ: إِلَى أَنْ تُوحدوا اللَّهَ فَتَعْبُدُوهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، وَتَخْلَعُوا مَا تَعْبُدُونَ مَعَهُ مِنَ الْأَنْدَادِ وَالْأَوْثَانِ.

واتە: ﴿کاتێ وتیان بەگەلەکەیان ئێمە بەرین لەئێوە﴾ بەڕائەتمان کرد لێتان ﴿وَمِمَّا تَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ كَفَرْنَا بِكُمْ﴾ کافرین بەئێوە واتە: بەرین لە دین و لە ڕێیازەکەتان ، دوژمنایەتی و ڕق لەئێستاوە لەنێوان ئێمە ئێوەدا دروست بوو مادام لەسەر کوفرەکانتان بن ئەوا ئێمەش بەردەوام تەبەڕاتان لێ ئەکەین و ڕقمان لێتان ئەبڕێتەوە تاکو بەتەنها ألله دەپەرستن وازئەهێنن لەهاوەشدانان و لەبتپەرستی.

هەروەها ئیمام ابن جرير الطبري لە مانای ئەو ئایەتە پیرۆزە "كفرنا بكم دەڵێت : كفرنا بكم، أنكرنا ما كنتم عليه من الكفر بالله وجحدنا عبادتكم ما تعبدون من دون الله أن تكون حقًّا . "

دەڵێ: کفرنا بکم " واتە ئینکاری دەکەین لەو کوفرانەی ئێوە لەسەرین هەروەها ئینکاری دەکەین لەو پەرستنانەی کە دەیپەرستن بێجگە لە ألله و ئینکاری بەحەق زانینی ئەکەین. "

کەواتە جیاوازی بکەن لەنێوان "کفرنا بکم " لەگەڵ کفرناکم " یەکەم بەمانای ئینکاری کردن و بێ باوەڕبوون دێت بەوان، بەڵام "کفرناکم"بەمانای کافرکردن دێت واتە ئێوەمان کافرکردوە، کە بەم شێوەیە لەئایەتەکە نەهاتووە بۆیە مانای تەکفیرکردنی تێدا نیە ئەو ئایەتە بەهیچ شێوەیەك.

پاشان لەوڕێگایانەی کە ماناکان پێی ڕوون ئەبێتەوە ڕێگای "تحرير الأضداد"ە پێچەوانەکردنەوەی دژەکان،

ئەگەر بڵێین خەڵکی دوو صنفن : بەشێکیان ئیماندارن بە ألله و کافرن بەتاغووتان، بەشێکی تریان کافرن بەألله و ئیماندارن بە تاغوتان .

ئایا کافربونیان بە ألله لێرەدا مانای چیە ؟ ئایا مانای ئەوەیە ئەو بەشەی خەڵکی تەکفیری ألله ئەکەن وئەڵێن خوا کافرە ؟ یان تەکفیری ئەوانە ئەکەن کە خوا ئەپەرستن ؟ یاخود ئینکاری لەو پەرستن و حەقە دەکەن کە موسڵمانان دەیکەن و پەیڕەوی لێ ئەکەن هەروەك لەتەفسیرەکانی طەبەری و ابن کثیر هاتووە ؟ بێگومان ئەمەیانە .

کەواتە چەند شتێکمان بۆ دەرکەوت :-

1- ئایەتی (فمن یکفر بالطاغوت) و ئایەتی (کفرنا بکم) مانای تەکفیر کردن نادات بەڵکو بەمانای ئینکاری کردن و بێ باوەڕ بوون دێت.

2- بۆمان دەرکەوت بابەتی تەکفیرکردن هیچ پەیوەندیەکی نیە بەئەصڵی دین و بنچینەی بانگەوازی پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام.

3- هەرکەسێ بێ باوەڕ بێت بەشەیطان و بەهەرشتێ کە دەپەرستڕێ لەغەیری ألله کە بزانێ دەپەرستڕێ وڕوون ئاشکرا بێت وەك بت وصەنەم و

ئەو کەسانەی بانگەشەی خوایەتی ئەکەن و کوفرەکانیان لای خوێنەوارو نەخوێنەوار ئاشکرایە بێ باوەڕ بێت پێیان و لێی دوور بکەوێتەوە ئەوا کوفری کردوە بەتاغووت .

4- تەکفیرکردنی تاغووتان و کافران هیچ پەیوەندیەکی دوور و نزیکی نیە بە تەوحید و ووشەی "لا اله الا الله"

5- تەکفیرنەکردن بۆ ئەو کەسانەی کە خوای گەورە بەدیاریکراوەیی تەکفیرکردوون دوای ئەوەی زانیت بەتەکفیرکردنیان تەکفیریان نەکەی خۆت کافر ئەبیت چونکە هەواڵی خوات ڕەتکردۆتەوە تکذیبی خوات کردوە، پەنا بەالله، وەکو تەکفیرکردنی فیرعەون وشەیطان و نەمرود و هامان و ئەبو لەهەب و یەهود و نەصاری و هەموو غەیرە ئیسلامەکان.

تێبینی : پشتم بەستووە بەهەموو تەفاسیرەکان سەرجەمیان خوێندەوە لەهیچ تەفسیرێکی کۆن و نوێ نەهاتووە مانای (فمن یکفر بالطاغوت) وە مانای (کفرنا بکم) بەمانای تەکفیرکردن بێت وە هیچ یەکێ لە زانایانی کۆن ونوێ شتی وایان نەوتوە، تەنها شێخ محمدی کوری عبدالوهاب لەسیفەتەکانی کوفرکردن بەتاغووت باسی تەکفیرکردنی تاغووتی کردوە بۆ ئەمەش پشتی بەستووە بە لوازمی ئایەتەکە نەك خودی مانای ئایەتەکە وە نەشی فەرموە

تەکفیری تاغووت لە ئەصڵی کوفرکردنە بەتاغوت بەڵکو لەواجیبات و مکملاتی کوفرکردنە بەتاغووت.

وصلى الله وسلم على سيدنا محمد وعلى آله إلى يوم الدين

بەرگی دووەم

کـــــۆی وەڵامدانەوەی وانـەکانی قاعیـــدە گومـڕاکەرەکانی
شیـــرکـــــــــۆ بیارە
وەڵامی هەر 32 وانـــــەکەی

بسم الله الرحمن الرحيم

إن الحمد لله، نحمده ونستعينه ونستغفره، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا، ومن سيئات أعمالنا من يهده الله فلا مضل له، ومن يضلل فلا هادي له، وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له، وأشهد أن محمدًا عبده ورسوله.

إن أصدق الحديث كتاب الله، وأحسن الهدي هدي محمد، وشر الأمور محدثاتها، وكل محدثة بدعة، وكل بدعة ضلالة، وكل ضلالة في النار.

﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اتَّقُواْ اللّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلاَ تَمُوتُنَّ إِلاَّ وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ ﴾ [آل عمران: 102].

﴿ يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُواْ رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَاء وَاتَّقُواْ اللّهَ الَّذِي تَسَاءلُونَ بِهِ وَالأَرْحَامَ إِنَّ اللّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا ﴾ [النساء: 1].

﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا * يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَن يُطِعْ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا ﴾ [الأحزاب:70-71]

أما بعد: بەڕاستی هەروەك پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەفەرمێت " شر الامور محدثاتها " خراپترینی کارەکان و مەترسیدارترینیان ئەو بیدعانەن کە لەدینی خوای گەورەدا دادەهێنرێن، جا لەترسناکترین ئەو بیدعە مەترسیدارانەی لەناو موسڵمانان هاتەکایەوە بیدعەی خەوارج و زیادەڕەوی کردن بوو لە تەکفیرکردن و بەتایبەت تەکفیرکردنی موسڵمانان و ڕشتنی خوێنیان بەناحەق و حەڵاڵ کردنی ماڵ و ناموسیان، پاشان پەرتەوازەکردنی کۆمەڵی موسڵمانان، جا دوژمنانی ئیسلام گەورەترین ئامانج و سوودیان بەدەستهێناوە لەڕێگای ئەم تاقمە خەواریجە زیادەڕەوە لەتەکفیر چونکە بەهۆی ئەم تاقمەوە توانیان کۆمەڵێ موسڵمانان پەرتەوازە بکەن و یەکگرتوویی موسڵمانان و ڕیزەکانیان لەناو ببەن و بیانکەن بەدوژمنی یەکتر و دەستیان سور بکەن بەخوێن و ماڵ و ناموسی یەکتر نەپرژێنە سەر ئەوەی بیر لەکافران و دوژمنە ڕاستەقینەکانی خۆیان بکەنەوە ، هەربۆیە تۆی تەکفیرکردنی موسڵمانان و خەوارجیان کردە نێو مێشکی هەرزەکارە هەڵەشەکانەوە ئەوانەی دوورن لەعیلم و زانست و زانایان هەستان لەو ڕێگایەوە ئەو جۆرە کەسانەیان ئاراستەکرد و بەردەوامیش ئاراستەیان ئەکەن بۆ ناشرین کردنی ئیسلام و موسڵمانان، بەڵام پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم سەرەڕای بوونی میکرۆبانە و ئەم ژەهر ڕێژانە موژدەی داوە کەوا بەردەوام کۆمەڵێك لە ئومەتەکەی دەمێنن وەڵامی چەواشەکاری چەواشەکاران و زیادەڕەوی زیادەڕۆکان و لێکدانەوەی

نارەوای گومڕاکان ئەدەنەوە، وەك دەفەرموێت : " يحمل هذا العلم من كل خلف عدوله ، ينفون عنه تحريف الغالين ، وانتحال المبطلين ، وتأويل الجاهلين " . رواه البيهقي " و إمام احمد .

ئەم فەرموودەیە فەرمان کردنە لەسەر شێوازی هەواڵ پێدان واتە باکۆمەڵێك لەنێوتاندا هەبن هەڵگری ئەم عیلمە بن و دادپەروەربن و تەحریفی زیادەڕەوەکان و بیدعەی کەسە پوچەڵەکان و تەئویلە نارەواکان دوورخەنەوە لەسەردینی خوا. هەروەك خوای گەورە و میهرەبان یش ئەفەرمێت : (وَلْتَكُن مِّنكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى ٱلْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِٱلْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ ٱلْمُنكَرِ ۚ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ)[سورة آل عمران 104]

دەفەرمێت: پێویستە لە ئێوە ئومەتێک پێک بێت، یاخود با هەمووتان ئومەتێک بن کە بانگەواز بکەن بۆ خێرو چاکە، فەرمان بدەن بەهەموو کارێکی باوو دروست، قەدەغەی هەموو نادروستیەک بکەن، ئا ئەوانە هەر سەرفرازن.

لەم ڕوانگەیەوە و بەئەرکی سەرشانم زانی وەکو واجبێك هەستم بەوەڵامدانەوەی زیادەڕەوێکی نەکیرە و جاهیل و شوبهەچی و تەفەرەدەر بەناو شێرکۆ بیارە کە بۆتە سەر و ڕەئسێك لە تەکفیرکردنی تێکڕا و زۆرینەی زۆری موسڵمانان و تەفرەقەیەکی زۆری دروست کردوە لەنێو ڕیزی موسڵمانان بەهەموو نەزانی و چەواشەکاری و تەکفیرکردنە نارەوایەی کەدەیکات کە

بست بەبست بەدوای زیندووکردنەوەی ڕێبازی خەوارج و هاوشێوەکانیانە و ڕۆژانە ژەهر ئەڕێژن لەناو موسڵمانانێکی ساویلەکە و بێ عیلم دوای ئەوەی هەموو بابەتەکانی بۆ نێردرا کە زۆر هەڵەیە تیایدا و ئاگادارکرایەوە ئامۆژگاری کرا لەبری ئەوەی ملکەچی حەق بێت و لەخوا بترسێت زیاتر بەقوڕدا چوو و گومڕایی هەڵبژارد بەسەر هیدایەت و صەواب بەهۆی ڕق و کینەی ناو دڵی و دەمارگیری و شوێنکەوتنی کوێرانەی ئامادەنەبوو تەسلیمی ڕاستی ببێت و هەستا بەبڵاوکردنەوەی ژەهرەکانی ، ئێمەش وەکو واجبێکی سەرشانمان بەویستی اللە عزوجل دەستمان کرد بەوەڵامدانەوی دانە بەدانەی شوبهە و گومانە پوچەڵەکانی و دەرخستنی نەزانی و چەواشەکاری خاوەنەکەی، لێرەدا وەڵامی یەك یەکی بەناو وانەکانی ئەخەمە ڕوو بۆ ئێوەی بەڕێز و داوا لە خوای گەورە و میهرەبان ئەکەم حەق و ڕاستیمان وەکو خۆی پیشان بدات و دامەزراومان بکات لەسەری إنه ولي ذلك والقادر عليه. آمین

وانـەی(1)یەکەمی قاعیدە گـومڕاکەرەکان

شوبهەیەکی تریان دەڵێن اللە تعالی دەفەرمێت:

[هُوَ الَّذِي خَلَقَكُمْ فَمِنكُمْ كَافِرٌ وَمِنكُم مُّؤْمِنٌ ۚ]التَّغابُن (٢)

اللە ئەو زاتەیە کە دروستی کردون ئەمجا هەندێکتان کافر و هەندێکتان خاوەن ئیمانن.

[إِنَّا هَدَيْنَاهُ السَّبِيلَ إِمَّا شَاكِرًا وَإِمَّا كَفُورًا] الإنسان (٣)

یان ئەم ئایەتە کە اللە تعالی دەفەرمێت:" ئێمە ڕێنماییمان کردوون بۆ ڕێگای ڕاست و حەق جا یان سوپاسگوزارو ئیماندارئەبێ یان سپڵە و کافر ئەبێ ئەڵێن ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئیمان و کوفر و شیرك و تەوحید پێکەوە کۆنابێتەوە ؟

لەوەڵامدا ئەڵێین: بەڵێ کوفری گەورە لەگەڵ ئەصلی ئیمان کۆنابێتەوە ئەمە بەشێوەیەکی گشتی، بەڵام دەرحەق بەکەسی مونتەسیب بۆ ئیسلام وەکو باسمان کرد ئەگەر ئیقامە حوجەی پێ نەگەیشتبێ ڕاستەوخۆ تەکفیرناکرێت ئەمە تایبەتمەندیەکی ئاینی ئیسلامە کە بۆ ئەم ئومەتەیە، هەروەك زانایانی ئیسلام بەوردی باسیان کردوە، بەڵام ئەم ئایەتە هیچ پەیوەندی نیە بەو بابەتە ئەم ئایەتانە و هاوشێوەکانی دەربارەی ئەصلی خیلقەتە کە اللە تعالی دەفەرمێت ئێمە لە بنچینەوە بڕیارمان داوە وەکو قەدرێکی کەونی وەکو تاقیکردنەوەیەك کە کافر و ئیماندار هەبن وە لەملانێ دابن، بۆیە بەهیچ

شێوەیەك باسی كافربوون و بابەتی مەرجەكانی تەكفیرناكات. جا ئێستاش بزانین موفەسیرینی قورئان چۆن تەفسیری ئەم ئایەتانەیان كردوە ؟؟
ئیمامی ابن جریری تەبەری دەڵێت: القول في تأويل قوله تعالى: ﴿هُوَ الَّذِي خَلَقَكُمْ فَمِنْكُمْ كَافِرٌ وَمِنْكُمْ مُؤْمِنٌ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ (٢) ﴾ يقول تعالى ذكره: الله ﴿الَّذِي خَلَقَكُمْ﴾ أيها الناس، وهو من ذكر اسم الله ﴿فَمِنْكُمْ كَافِرٌ وَمِنْكُمْ مُؤْمِنٌ﴾ يقول: فمنكم كافر بخالقه وأنه خلقه؛ ﴿وَمِنْكُمْ مُؤْمِنٌ﴾ يقول: ومنكم مصدّق به موقن أنه خالقه أو بارئه، ﴿وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ﴾ يقول: والله الذي خلقكم بصير بأعمالكم عالم بها، لا يخفى عليه منها شيء، وهو مجازيكم بها، فاتقوه أن تخالفوه في أمره أو نهيه، فيسطوَ بكم.

* حدثنا محمد بن منصور الطوسي، قال: ثنا حسن بن موسى الأشيب، قال: ثنا ابن لهيعة، قال: ثنا بكر بن سوادة، عن أَبي تميم الجيشانيّ، عن أَبي ذرّ: "إن المَنِيَّ إذَا مَكث في الرحم أربعين ليلة، أتى ملك النفوس، فعرج به إلى الجبار في راحته، فقال: أي ربّ عبدك هذا ذكر أم أنثى؟ فيقضي الله إليه ما هو قاض، ثم يقول: أي ربّ أشقي أم سعيد؟ فيكتب ما هو لاق: قال: وقرأ أَبو ذرّ فاتحة التغابن خمس آيات".

دەڵێ: " هەتانە كافرە بەخالقەكەی كە دروستی كردوە هەشتانە باوەڕی بەخالقەكەی هەیە كە ئەو خەلقی كردوە، -پاشان بەڵگەی ئەزەلی قەدەری دێنێتەوە كە هەر لەقەدەرەوە خوای گەورە نوسیوێتی كێ كافرە و كێ

ئیمانداره هەرلەسکی دایکیەوە نوسراوە وەك لەفەرموودە هاتووە-" [کەواتە ئەو ئایەتانە باسی قەدەری کەونی دەکات لە بنچینەی دروست کردنی ئینسان کە ئینسان بەچ شێوەیەکی لێ دێ نەك تۆ قەدەر بکەی بەیانوو اللە تعالی هەرگیز قەدەری نەکردوە بەپێوەر بۆ حوکمدان لەسەر ئەوەی کافر بویتە بەڵکو لەسەر بنەما شەرعیەکان و هاتنی پێغەمبەران و کتێبەکان و ئیقامە حوجە لێپرسینەوە مامەڵەت لەگەڵ دەکات.]

هەروەها ئیمامی ان کثیر دەڵێت:" وَقَوْلُهُ: ﴿هُوَ الَّذِي خَلَقَكُمْ فَمِنْكُمْ كَافِرٌ وَمِنْكُمْ مُؤْمِنٌ﴾ أَيْ: هُوَ الْخَالِقُ لَكُمْ عَلَى هَذِهِ الصِّفَةِ، وَأَرَادَ مِنْكُمْ ذَلِكَ، فَلَا بُدَّ مِنْ وُجُودِ مُؤْمِنٍ وَكَافِرٍ،"

دەڵێ: واتە اللە ئەو زاتەیە کە ئێوەی دروست کردوە لەسەر سیفەتی کافر و ئیماندار وە لەقەدەردا ئەوەی ویستوە هەربۆیە پێویستە کافر و بڕوادار بونیان هەبێت."

پاشان چەواشەکاریەکی تر دەکات وتەیەکی ئیمامی شافیعی دێنێتەوە دوایەکەی ئەقرتێنێ بۆ ئەوەی خزمەت بەبیدعەکەی بکات دەڵێ :

زانایان ئیقراریان لەسەر ئەوە کردووە کە جەهل و نەزانین نابێتە عوذر بە موطڵەق ، چونکە ئەگەر وابێت جەهل باشترە و خێری زیاترە لە عیلم ،

ئیمامی شافیعی ـ رحمه الله تعالی ـ ئەڵێت : [ئەگەر عوذر بۆ جاهیل هەبێت لەبەر جەهل و نەزانیەکەی ئەوە جەهل باشترە ئەبوو لە عیلم و زانست].
بزانن چۆن وتەکەی بڕیوە و هەمووی نەهێناوە
**ئەمەش دەقی وتەکەی ئیمامی شافیعیە کە دەڵێت" لو عذر الجاهل لأجل جهله لكان الجهل خيراً من العلم..." واتە : ئەگەر نەزان بیانووی هەبوایە ئەوا نەزانی باشتربوو لەزانین.
جا ئەمانە وەکو ئەوانەن کە تەنها ئەم بڕگەیەی ئەم ئایەتە ئەخوێننەوە کە ئەڵێن خوا فەرمویەتی ((فويل للمصلين)) وەیل بۆ نوێژخوێنان بێ ئەوەی کەوا تەواوی بکەن بزانین چ جۆرە نوێژخوێنێ.
هەربۆیە ئیمامی شافعی ئەو وتەیەی بەم شێوەیە تەواودەکات و دەڵێت" لو عذر الجاهل لأجل جهله لكان الجهل خيراً من العلم إذ كان يحط عن العبد أعباء التكليف ويريح قلبه من ضروب التعنيف، فلا حجة للعبد في جهله بالحكم بعد تبليغ والتمكين(لئلا يكون للناس على الله حجة بعد الرسل))] المنثور في القواعد2/17.
دەڵێ:" ئەگەر نەزان بیانووی هەبوایە بەهۆی نەزانیەکەی, ئەوا نەزانی چاکتر ئەبوو لە زانین چونکە زۆرێك لەتەکلیف و بارگرانی نەدەهاتە ئەستۆی، بەڵام بەڵگەی نەزانین لەوەدا بۆ بەندە نیە دوای پێگەیشتنی دین و هەبوونی توانای فێربوون لەوکاتەدا عوزر بەجەهل نیە."

هەروەها لە شوێنێکی تردا بەهەمان شێوە چەواشەکاریەکی تر تەحریفێکی تر دەکەن لەم وتەیەی

" شێخ محمد حامد الفقی " ـ رحمه الله تعالى ـ ئەڵێت :

[بە تەئکید و بەبێ گومان نەصەکانی قورئان و سوننەت صەریحن کە جەهل جەریمە و تاوانە نەک عوذر بێت] . شێخ بەموتڵەقی هەرگیز ناڵێت جەهل بەشێوەیەکی گشتی جەریمە تاوانە ، بەڵکو جەهلێك جەریمە و تاوانە کە لەتوانای کەسەکە هەبێت لابردنی و جەهلێك بێت بەهۆی پشتکردن و کەمتەرخەمی دروست بوبێت، ئا ئەوە تاوانە، ئەمەش ئیجماعی زانایان و موفەسیرینی قورئانە، چونکە چەندین ئایەت و فەرموودەی صەحیحمان هەیە جەهلی بەهەند وەرگرتوە لەکاتی نەبوونی عیلم توانا. ئەمەش ڕاستیەکە خۆتیش باش ئەیزانی چ پێویست ئەکات ئاوا چەواشەکاری بڵاوبکەیتەوە، فەرموو بزانن شێخ محمد حامد الفقی چی دەڵێت:

ومما جاء عن الشيخ محمد حامد الفقي في رسالة من رسائله قوله: إذا كنا لا نكفر من عبد الصنم الذي على قبر البدوي من العوام لأجل جهلهم وعدم من ينبههم، فكيف نكفر من لم يكفر ولم يقاتل؟ وكأنه يرد على من يقول: أنتم تكفرون الناس، فبعض الناس عندما يدعى إلى التوحيد وترك الشرك يقول: أنتم تكفرون الناس، فيرد عليهم ويقول: نحن لم نكفر أولئك مع أن ما يفعلونه كفر، وعذرناهم نكفرهم لأنهم جهال لم يعرفوا حقيقة الأمر.

وهنا دليل على مسألة العذر بالجهل، فالذي يقع في الشرك بالله سبحانه وهو يعلم أن هذا شرك فهو كافر خارج من دين الإسلام، أما الذي يقع فيه وهو لا يعلم ذلك، وإنما يعتقد أنه محسن وهو في حقيقة أمره مسيء في ذلك، وذلك لبعده عن العلماء وعن الأخبار الشرعية فيعذر بجهله." [العذر بالجهل في مسائل الشريعة وضوابطه]

دەڵێ: ئەگەر ئێمە تەکفیری کەسێك لەعەوام نەکەین کە ئەو بتە دەپەرستێ کەلەسەر قەبری بەدەویە لەبەرئەوەی کەنەزانن و کەس نەبوە پێیان بڵێ، ئیتر چۆن ئێمە کەسانێ تەکفیر ئەکەین کە تەکفیر ناکەن و قیتال ناکەن ؟ شێخ محمد مەبەستی وەڵامدانەوەی ئەوانەیە کە دەڵێن: ئێوە خەڵك تەکفیر ئەکەن، چونکە هەندێك لەخەڵکی کاتێ بانگ دەکرێ بۆ تەوحید و وازهێنان لەشیرك، دەڵێن ئێوە خەڵکی تەکفیر دەکەن، وەڵامیان دەداتەوەو دەڵێ : ئێمە سەرەڕای ئەوەی ئەوانە کوفر دەکەن بەڵام ئێمە تەکفیرمان نەکردون عوزرمان بۆ داناون لەبەرئەوەی جاهیلن و حەقیقەتی کارەکەیان نازانن.

شێخ حامد فەقێ دەڵێ: ئەمەش بەڵگەیە لەسەر مەسەلەی عوزر بەجەهل، ئەوکەسەی ئەکەوێتە ناو هاوبەشدانان بۆ اللە و دەزانێ ئەوە شیرکە ئەو کەسە دەرچووە لە ئیسلام، بەڵام ئەوکەسەی توشی شیرك ئەبێت و نازانێت شیرکە و وادەزانێ کارێ چاکی کردوە بەڵام لەڕاستیدا کارێکی خراپی کردوە،

بەڵام لەبەرئەوەی دووڕە لەزانایان و لەهەواڵە شەرعیەکان ئەوا بیانووی پێ ئەدرێت بەنەزانی."

ئینجا جەماعەتی نەبونی عوزر بەجەهل وتەیەکی شێخ عبدالرحمن و شێخ عبداللطیف نەقڵ دەکەن کەدەڵێت:[هەرکەسێک شیرک ئەنجام بات ئەوە بە تەئکید تەوحیدی تەرک کردووە ، چونکە ئەو دووانە دژی یەکترن و بەیەکەوە کۆنابنەوە ، وە یەکتر هەڵئەوەشێننەوە و پێکەوە کۆنابنەوە و بەیەکەوە هەڵناکەن] بەڵام بێ ئاگان لەوشتانەی ئایا ئەم قسانەیان بەکێ وتوە و دریژەی بابەتەکەیان چۆنە هەموو قسەکانیان نەقڵ نەکردوە، جا با ئێمە بەکورتی پێتانی بڵێین بنچینەی ریسالەی" تەکفیری معین" دەربارەی تاقمێ نوسراوە کەناویان "إخوان" بووە خۆیان بەشوێنکەوتەی زانایانی نەجدی زانیوە جا ئەمانە هەستاون وتەکانی شێخ محمدی کوری عبدالوهابیان تەحریف کردوە نزیك لەو تەحریفەی ابن جرجیس کردبوی بۆ ووتەکانی شێخی ئیسلام ابن تەیمیە، جا ئەم جەماعەتی ئیخوانە هاتبوون وتەکانی شێخ محمد ابن عبدالوهاب کەدەربارەی خەڵکانێ وتبوی کە ئیقامەی حوجە نەکرابوون ، ئەمانە هاتن دەربارەی کەسانێ بەکاریانهێنا کە ئیقامە حوجە کرابوون ودەعوەکەیان پێگەیشتبوو بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ کتێبی "كشف الإلتباس عن مسألة العذر بالجهل في الشرك" لاپەڕە 415 تا 432

پاشان کەدەڵێن مادام تەوحید و شیرك دوو شتی دژ بەیەکن و کۆنابنەوە خەڵکی یان موەحیدن یان موشریکن، ئێمەش دەڵێین ئەمە ڕاستە ، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێ کە بیانوو دەر "العاذر" بەنەزانی پێش ئیقامە حوجە کاتێ حوکم بدات بەسەر کەسانێ کەشیرکیان هەیە، بە ئیسلام، کەواتە ئەوە دەخوازێ کە ئیسلام و شیرکی یەکسان کردبێ، جا وەڵامی ئەمە بەهەڵگێڕانەوەیە بەسەر خاوەن ئەم قسەیە، ئەوەش بەوەی دەڵێین، باشە خۆ ئیمان و کوفریش دوو شتی دژ بەیەکن و کۆنابنەوە بەپێی قسەکەی ئێوە کە عوزری نەزانی ئەدەن بەکەسێ ئینکاری واجب بونی نوێژ دەکات یان ئینکاری حەرام بونی زینا دەکات لەبەرئەوەی تازە موسڵمان بووە یان دوورە لەعیلم و حوکمی شەرعی پێنەگەیشتوە، کەواتە ئەمەش بۆ ئێوە ئەوە ئەخوازێ کوفر و ئیمانتان یەکسان کردبێ و پێکەوە کۆکردبێتەوە،جا یان ئەوەتا ئەبێ دەرگای عوزر بەجەهل بەموتڵەقی دابخەن چونکە دەربازبونیان نیە لەمە کە ئەمەش نادێن، وە ئەگەر بشڵێن ئێمە ئەوکەسەمان تەکفیرنەکردوە کە باوەڕی بەنوێژ نیە یان باوەڕی بەحەرام بونی زینا نیە لەبەرئەوەی مانعی جەهلی هەیە کە دینی پێ نەگەیشتوە، ئێمەش هەمان وەڵامی ئەدەینەوە دەربارەی ئەوکەسە موسڵمانەی توشی شیرکێ بوە، حوجەی پێ نەگەیشتوە،کەواتە هەمان شتە، ئەگەر بڵێ ئاخر چۆن بە موسڵمان دائەنرێ لەکاتێکدا کەوتۆتە ناو شیرك ؟! لەوەڵامدا پێی دەڵێین چۆن ئەوکەسەی باوەڕی بەنوێژو حەرامی زینا نیە موسڵمانە

لەکاتێکدا کەوتۆتە ناو کوفر ؟؟؟ ئەگەر ووتی کەواتە قسەکەت وادەخوازێ تصحیحی دینی موشریکان ئەکەی ؟ ئێمەش ئەڵێین تۆش بەپێی ئەو بنەمایانەی دات ناوە بەعوزر پێدان بەجەهل لەمەسائیلانەی کردوتن بەخەفی ئەوە دەخوازێ تەصحیحی دینی کافران بکەی ، باشە خێرە بۆ موحالیفەکەت ئیلزامەکەت بەڕاست ئەزانی بەڵام بۆ خۆت بەڕاستی نازانی ؟ ئایا ئەمە هەوەس و ئارەزوو نیە" یان ڕەنگە بڵێ ئاخر شیرك بەفیترەت زانراوە ؟ ئێمەش دەڵێین شیرك لە ربوبیەت بەفیترەت زانراوە هەروەها هەندێ جار ناشرینی شیرك بەفیترەت زانراوە نەك فیترەت بەڵگەبێ و ئیقامە حوجەبێ وە باسی ئەوەشمان کرد بەهۆی ژینگەی خراپ فیترەت تێکچونی بەسەردێ بۆیە خوای گەورە پێغەمبەرانی لەگەڵ کتێبەکانی نارد ئەمەشمان لەباسەکانی پێشوومان ڕوون کردەوە کە ئایا میثاق و فیترە دەبنە حوجە یان نا ؟؟ بگەڕێنەوە بۆ ئەوێ .

والحمدلله رب العالمين

وەلامی وانـــەی (2) قاعیدە گومڕاکەرەکان

ئەمەش وەڵامی بەشێکە لەبڵاوکردنەوەی وانەی دووەمی هەروەکو پێشتر وەڵامی وانەی یەکەمیم دایەوە

ئەڵێت:

٤ ـ #بنچینەی_چوارەم .

وەصف و ناوی شیرک جێگیر ئەبێت لەگەڵ بوونی جەهل پێش ئیقامە حوجەی ڕیسالی .

أ) ـ شێخی ئیسلام ابن تەیمیە ـ رحمه الله تعالى ـ ئەڵێت :

اللە تعالی هەواڵمان پێ ئەیا دەربارەی هود کە بە قەومەکەی ووت : [اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُۖ إِنْ أَنتُمْ إِلَّا مُفْتَرُونَ] هُود (٥٠) (ئەی هۆزو گەلم! ئەبێ هەر " اللە " کە تاک و تەنیایە بپەرستن، چونکە جگە لەو هیچ پەرستراوێکی تری راستەقینە شک نابەم بۆتان [إِنْ أَنتُمْ إِلَّا مُفْتَرُونَ] ئێوە هەر درۆ هەڵئەبەستن لە ئیدیعاکردنتان کە اللە تعالی شەریکی

هەبێ لە پەرستندا، ئەگینە اللە تعالی هەر ئەو تاکە خوایە یە و هاوبەشی نییە لە #پەرستندا .) ...تەفسیری ئایەتەکە .

ئەو قەومەی لە درۆزن و بانگەشەکارانی درۆ حیساب کرد پێش ئەوەی حوکم بدات بە حوکمی موخالەفکردنیان چونکە لەگەڵ اللە تعالی پرستراوی تریان بۆ خۆیان دانابوو ، ناوی موشریک جێگر ئەبێت و ثابت ئەبێت پێش گەیشتنی پەیام و ریسالە ، چونکە موشریکە بە پەروەردگاری و شتانی تر یەکسان ئەکات بە اللە تعالی ، لەگەڵ اللە تعالی ئیلاهو پەرستراوی تر بۆ خۆی دائەنێت ، وە هاوشێوە بۆ اللە تعالی بڕیار ئەیات پێش هاتنی ڕەسول و نێردراو ، وە ئەو ناوانە لەسەریان ثابت و جێگیر ئەکرێت و بەسەریان ئەچەسپێت ، هەروەها ناوی جەهل و جاهیلی ، وەک ئەڵێن جەهل و جەهیلی پێش هاتنی ڕەسول ، بەڵام تەعذیب و سزا نەخێر ..}.. ووتەکەی شێخی ئیسلام کۆتایی هات .

برایانی بەڕێز سەیربکەن شێخی ئیسلام ابن تەیمیە باسی کێ دەکات باسی قەومی هـود دەکات قەومی هودیش قەومێکی کافری بتپەرستی ئەصلی بوون ئێمەش هەروا دەڵێین کەوا کافری ئەصڵی ناوی کوفر و فسق و جهل و طغی و ظلم و بغی ثابت ئەبێت پێش هاتنی ڕیسالە کافرن بەڵام معذب نین کە ڕیسالە هات و وەڵامیان نەدایەوە ئەوکاتە معذبن تا ئێرە هاوڕاین، ابن تەیمیەش رحمە اللە هەر ئەمەی مەبەستە تەحەدای هەرکەسێ

ئەکەم یەك دەقی ابن تەیمیە بێنێ بەڕاشکاوی بڵێ موسڵمانی مونتسیب یش ئەگرێتەوە ئەم ئیسمە ئەگەر ئیقامە حوجەش نەکرابێ هەر ئەو ناوانەی لێ دەنرێ ناوەکان پێش ئیقامەی حوجە لەسەری سابت ئەبێت تەحەدا ئەکەم یەک ووتەی شێخ یان زانایانی ئیسلام هەبێت شتێکی وایان فەرموو بێت سەبارەت بەموسڵمانێ کە توشی شیرکی گەورە بوبێت ڕاستەوخۆ بەبێ ڕەچاوکردنی شروط و موانع ناوی شیرکیان لەسەر ثابت کردبێ دەی بیهێنن بەڵگە ؟؟؟؟؟ إن كنتم صادقين ؟

ب) ـ الله تعالى ئەفەرموویێت :

[وَإِنْ أَحَدٌ مِّنَ الْمُشْرِكِينَ اسْتَجَارَكَ فَأَجِرْهُ حَتَّىٰ يَسْمَعَ كَلَامَ اللَّهِ ثُمَّ أَبْلِغْهُ مَأْمَنَهُ ۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَّا يَعْلَمُونَ] التوبَة (٦) .

ناوی ناون موشریک پێش گوێیستبوونی حوجە و ئەفەرموویێت جاهیلیشن ئەگەر یەکێک لەو موشریکانە پەنای پێهێنایت، پەنای بدە، دالّدەی بدە [حَتَّىٰ يَسْمَعَ كَلَامَ اللَّهِ] هەتا بەباشی فەرمایشتی الله تعالى ئەبیستێ و لێی حاڵی ئەبێ، واتە: قورئانی بۆ ئەخوێنیت و لێی تێئەگات [ثُمَّ أَبْلِغْهُ مَأْمَنَهُ ۚ] پاشان بیگەیەنەوە جێیەک کە هێمن و ئاسوودەبێ و، لەهیچ نەترسێت، زانایان ڕایان وایە: ئەوکەسانە دێنە وڵاتی ئیسلامییەوەو بۆ هەر شتێک هاتبن –بە مەرجێ بە شێوەی پرس و ڕا هاتبن و مۆڵەتدرابن- ئەوا پارێزراو ئەبن.

[ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَّا يَعْلَمُونَ] چونکه ئەوانە گەلێکن نازانن ئیمان و بڕوا چییە، سا بەڵکو بەو پەنادانە بیرێ بکەنەوەو لە ئیسلام تێبگەن.

لەوەڵامی ئەم شوبهە لاوازە دەڵێین

ئایا موسڵمانێ توشی کارێکی شیرکی ببێت پێی دەوترێت موشریك پێش ئیقامەی حوجە ؟؟

ئەوانەی دەڵێن پێی دەوترێ موشریك هەندێ زانایانی دەعوەی نەجدیە هەروەها هەندێ لەهاوچەرخەکان کەپشتیوانی ئەو مەزهەبەن، بنچینەشیان لەمەدا جیاوازی نەکردنە لەنێوان موسڵمانێ کە توشی کارێکی شیرکی دەبێت لەگەڵ کافرێکی ئەصلی ، ئێمە هاوڕاین لەگەڵ ئەوەی کافری ئەصلی پێی دەوترێ موشریك پێش هاتنی دین و ئیقامەی حوجە چونکە ئیسلام وجودیە واتە بەدامەزراندن دێتە بوون بەڵام کوفر عەدەمیە واتە ئەگەر وترا کافر مەرج نیە تەنها بجود بێت بەڵکو فراوانە هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کەنەهاتبنە نێو بازنەی ئیسلام بەڵام موسڵمانێ کاتێ توشی کارێکی شیرکی ئەبێت بەنەزانینی حوکمەکەی جیاوازە لەکافرێکی ئەصلی چونکە نەزانی بەهەندێ لەمەرجەکانی تەوحید واردە بەبێ گوومان

جا برایانمان بەڵگە ئەهێننەوە بۆ سابت بونی ناوی شیرك لەحەقی موسڵمانێ کە توشی کارێکی شیرکی ئەبێ بەنەزانی پێش ئیقامە حوجە بەم ئایەتە

(وَإِنۡ أَحَد مِّنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ٱسۡتَجَارَكَ فَأَجِرۡهُ حَتَّىٰ يَسۡمَعَ كَلَٰمَ ٱللَّهِ ثُمَّ أَبۡلِغۡهُ مَأۡمَنَهُۥۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ قَوۡم لَّا يَعۡلَمُونَ)[سورة التوبة 6]

وەلام:

سەرەتا پێویستە بزانین ئایەتە باس لەموشریکەکانی قوڕەیش ئەکات کە کافری ئەصلین و عیلمیان هەبوە دوای بیست ساڵ بوە لەبانگەوازی تەوحید و ئیسلام ئەم ئایەتە ساڵێ پێش حەجی ماڵئاوایی دابەزی کە ئەمر دەکات بەکوشتنیان گومانیشی تێدانیە کە ئەمر کردن بەقیتال کردنی کافران مانای ئەوەیە کەدەعوەیان پێ گەیشتوە چونکە لەوساڵەی ئەم ئایەتە دابەزی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم عەلی کوڕی ئەبوتاڵیبی نارد لەمەوسمی حەج سورەتی تەوبە بخوێنێ بسەر خەڵکی و هەموو عەرەب وە ئەو ساڵە بوو کە ئەبو بەکر حەجی کرد بەخەڵکی پێش حەجی وەداع بەساڵێ کەلەسەرەتای سوڕەتەکە ئاگاداریە لایەن خواو پێغەمبەرەوە بۆ هەموو خەڵکی کە خواو پێغەمبەر بەرین لەموشریکەکان وەهەر لەم ساڵەدا بوو بانگەوازکرا ئیتر موشریك بۆی نیە حەج بکا تەواف بکات بەڕووتی پاشان الله تعالى ماوەی چوارمانگی دایە موشریکەکان، پاشان فەرمانی کرد بەبڕوادارن کە هەر موشریکێکیان بینی بیکوژن دوای ئەو چوارمانگە بەڵام دوای ئەم چوار مانگە حاڵەتێکی تایبەت ئەگەر ڕویدا وەک ئەوەی ئەگەر یەکێ لەموشریکەکان ویستی گوێ بگرێ لەقورئان و شارەزابێ لەئەوامیرەکانی

شەرع علمی دەعوەی لەگەڵ بکرێ بۆ ڕودانی ئەم جۆرە حاڵەتە خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند (وإن أحد من المشركين استجارك ..) ئەو موشریکەی هاتوە لەئایەتەکە دەزانێ موحەمەد صلى الله عليه وسلم ئەوا بیست ساڵە بانگەوازدەکا لەناو عەرەب بۆ لا اله الاالله و شکاندنی بتەکان و زۆرێ لەگەورەکانی قوڕیش یش بونەتە موسڵمان و زۆربەی ناوچەکانی عەرەب هاتنە ناو ئیسلام دەشزانی مەککە بووە بەداری ئیسلام وبتەکانی دەوری کەعبە ڕوخێنراوە و ئیتر موشرك ڕێگەی حەجی پێنادرێ وەدەزانێ خوا تەبڕای کردوە لەموشریکان وەدەزانێ خوا کۆمەڵێ ئایەتی دابەزاندوە خوێن خۆی هاوپیشەکانی بەهەدەر داوە وە دەزانی هیچ هەڵبژاردەیەکی تری لەبەردەم نەماوە جگە لەموسلمان بون یان شمشێر هەربۆیە ئەم کەسە دەیەوێ ڕزگاری ببێ وبگاتە لای پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم تاکو گوێی لەکەلامی رب العالمین بێ و بەڵکو ببێتە هۆی ئەوەی خوا هیدایەتی بدات بۆیە داوای ئەمان دەکات لەپێغەمبەر، منیش دەڵێم دوای ئەو هەموو ڕوداوە مەعقولە کەسێ بڵێ خوا ناوی ناوە بەموشریك و نەزان بووە بۆیە دەڵێین ئەو عیلمەی لێردەدا نەفی کراوە عیلمی دەعوەیە نەك عیلمی حوجە -ابن كثير دەڵێت :" ﴿ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَا يَعْلَمُونَ﴾ أَيْ: إِنَّمَا شَرَعْنَا أَمَانَ مِثْلِ هَؤُلَاءِ لِيَعْلَمُوا دِينَ اللَّهِ، وَتَنْتَشِرَ دَعْوَةُ. اللَّهِ فِي عِبَادِهِ."

واته: ئەوانە قەومێکن کەنازانن یەعنی ئێمە تەشریعی ئەمانمان کردوە بۆ هاوشێوەی ئەوجۆرەکەسانە تاکو دینی اللە شارەزابن و دەعوەکە بلّاوببێتەوە لەناو بەندەکانی"

پاشان هەروەك ڕونمان کردەوە ئەم ئایەتە تایبەتە بەکافری ئەصلی کە بەهیچ شێوەیەک ئیسلام لەحەقیدا سابت نەبووە و بەهیچ شێوەیەك موسڵمانێك ناگرێتەوە کەتوشی کردەوەیەکی شیرکی بوبێت، چونکە موسڵمان ئەگەر کارێکی شیرکی بکات بەبێ عوزر ئەبێ ئیستیتابەی بکەی ئەگەر تەوبەی کرد باشە ئەگەر نا ئەبێ بیکوژی نایگەڕێنێتەوە بۆماڵ و شوێنەکەی خۆی هەروەکو لەم ئایەتە بۆ کافرەکە دەفەرمێت دوای ئەوەی دەعوەت لەگەڵ کرد بیگەڕێنەوە شوێنی خۆی

کەواتە هیچ پەیوەندی نیە بەوەی بەموسڵمانێکەوە بلکێنرێ کەتوشی شیرکێ بووە بەنەزانی و جیاوازیەکەیان زۆرە ئایەتەکە.

هەروەها دەڵێن هەر موسڵمانێ توشی کارێکی شیرکی بێ پێی دەوترێ موشریك بەڵام عوزر و ئیقامە حوجە بۆ ئەوکەسە پەیوەندی بەسزادانەوە هەیە واتە کاتێ ئیقامە حوجە کرا ئینجا سزا دەدرێ لەدونیا بەڵام هەر پێش ئیقامە حوجە و بۆ ڕوون کردنەوە پێی دەڵێن موشریك و نوێژی لەپشت ناکەن و ژنی پێ نادەن و سەربڕاوی دەستی ناخۆی کە کەمرد و ئیقامە

حوجه نەکرابوو ئەوا هەموو حوکمەکانی موشریکان وەردەگرێ لەنەشۆرین و کفن نەکردن نەشاردنەوەی لەگۆڕستانی موسڵمانان و میرات لێ نەگرتنی !!!!
لەوەڵامی ئەم بیدعە و تەقسیماتە سەرچاوی وتەکانیان لەجیاوازی کردنیانە لەنێوان ناوی کوفر وشیرك

شیرك لە ربوبیەت : بریتیە لەوەی بیروباوەڕت وابێ لەگەڵ خوا یان لەغەیری خوا کەسێ تر هەیە خەلق دەکات و کاروباربەڕێوەدەبات لەبونەوەر.
شیرك لەئولوهیەت: بریتیە لەئەنجامدانی عیبادەت یان جۆرێ لەعیبادەت بۆ غەیری اللە تعالی.
شیرك لەئەسماء و صیفات: بریتیە لەوەی باوەڕت وابێ کەسێ تر هەیە وەك خوا یان لەگەڵ خوا هاوبەش بێ لەناو سیفەت و کارەکانی.
کوفریش: دژ و پێچەوانەی وشەی ئیمانە و ناوێکی گشتیە بۆ شیرك و غەیری شیرك لە ئینکاری کردن و پشتهەڵکردن....
أبو هیلالی عەسکەری دەڵێت: " الكفر اسم يقع على ضرورب من الذنوب فمنها : الشرك بالله، ومنها الجحد للنبوة، ومنها استحلال ما حرم الله، وهو راجع إلى جحد النبوة ، وغير ذلك مما يطول الكلام فيه ، واصله تغطية"فروق اللغوية ص189

واته : كوفر ناوێكه دەنرێت لەكۆمەڵێك گوناح لەوانە: هاوبەشدانان بۆ اللە، و نكۆڵی كردن له پێغەمبەرایەتی و حەڵاڵ كردنی حەرامەكانی اللە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نكۆڵی كردن له پێغەمبەرایەتی ، زۆرێكیتر قسەكردن تیای درێژەدهكێشێ، بنچینەی كوفر داپۆشینه."

هەربۆیه هەموو شیركێ كوفره بەڵام هەموو كوفرێ شیرك نیه، كەواته هەموو موشریكێ كافره نەك هەموو كافرێ موشریک بێ بەمەش ئەصلی بیدعەكه هەڵوەشایەوە كەهاوشێوەی بیدعەی موعتەزیلەیه كەدەڵێن به مەنزیلەی بین المنزلتین ئەڵێن كەسی خاوەن گوناح لەدونیا نەكافره ونەموسڵمانه ئەمانیش وەك موعتەزیلەكان لەهەمان ئاو ئەخۆنەوە هەمان دەردیانه دەڵێن ئەو موسڵمانەی توشی شیرك بوە بوە موشریكه بەڵام كافر نیه و موسڵمانیش نیه !!!

بەڕاستی ئەمە تەئصیلێكی فاسده لەشوێنەواره فسادەكانی بەتاڵكردنەوەی ناوه شەرعیەكانه لەحوكمەكانیان یاخود دابەزاندنی كۆمەڵێ ئەحكامه كەپەیوەسته بەچەن ناوێكی شەرعی دیاریكراو لەسەر كەسانێ دایدەبەزێنن كه ئەو ناوه شەرعیەن نایانگرێتەوە ئەمەش كارێكی مەترسیدار و یاریەكی ئاشكرایه بەناوه شەرعیەكان هەربۆیه دابەزاندنی حوكمەكانی پەیوەست بەكافر بەسەركەسێك پێشی نەڵێی نەكافر لادانێكی مەنهەجی ترسناكه.

شێخ سلیمانی كوری عبدالله بن محمد بن عبدالوهاب -رحمه الله- دەڵێت: " وإن كان يقول : أقول غيرهم كفار ، فهذا حكم منهم بإسلامهم ، إذ لا واسطة

بين الكفر والإسلام ، فإن لم يكونوا كفاراً فهم مسلمون " الدررالسنية (8/161).

واته: ئەگەر بڵێت ئەڵێم غەیری ئەوان کافرە ئەمە حوکمدانە لەلایەن ئەوەوە بەموسڵمان بونیان، چونکە شتێك نیە لەنێوان موسڵمان بون و کافربون، چونکە ئەگەر کافرنەبن ئەوا دەبێ موسڵمان بن."

هەروەها دەڵێت :" والتعبير بأن ظاهره لا إسلام ولا كفر ، لا معنى له عندي، لأنه لابد أن يكون مسلماً جاهلاً، أو كافراً جاهلاً فمن كان ظاهره الكفر ، فهو كافر ومن كان ظاهره المعاصي ، فهو عاص ؛ ولا نكفر إلا من كفره الله ورسوله بعد قيام الحجة عليه, وأما الذي تباح ذبيحته منهم، فهو المسلم ، وأما الذي لا تباح ذبيحته ، فهو الكافر والمرتد ، وهو الذي يكفر بعد إسلامه ، بفعل ناقص من نواقض الإسلام، المخرجة من الملة وقد واضحنا حكم أعراب أهل النجد." (10/471).

واتە: ئەو دەربڕینەی دەڵێت ڕواڵەتی نە موسڵمان بونە و نەکافربوون ئەم دەربڕینە هیچ مانایەکی نیە لای من چونکە یان دەبێ موسڵمانێکی جاهیل بی یان کافرێکی جاهیل ، جا هەرکەسێ ڕواڵەتی کوفربوو ئەوا کافرە و هەرکەسێکیش ڕواڵەتی سەرپێچی کردن بوو ئەوا سەرپێچیکارە وە وەکەسیش تەکفیرناکەین کەخوای گەورە و پێغەمبەرەکەی تەکفیری نەکردبن دوای ئیقامەی حوجە کردن لەسەری تەکفیری دەکەین، وە ئەوکەسەی

سەربڕاوی دەستی حەڵاڵە لەوانە ئەوە موسڵمانە ئەوکەسەشی سەربڕاوی دەستی حەڵاڵ نیە کافر ومورتەدە ئەوکەسەیە کوفر دەکات دوای موسڵمان بون بەئەنجامدانی هەڵوەشێنەرەوەیەك لەهەڵوەشێنەرەوەکانی ئیسلام پێشتر حوکمی ئەعرابیەکانی نەجدمان ڕونکردەوە."

بۆ خوێندنەوەی تەواوی وەڵامەکە سەردانی ئەم لینکە بکەن

https://justpaste.it/8gr9f

پاشان ناوەکانی شیرك و کوفر لەدەقە شەرعیەکان و وتەی زانایان گومانی تیانیە کوفر و شیرك لەڕووی زمانەوانیەوە جیاوازی هەیە لەنێوانیان، شیرك واتە: هاوبەشی کردن لەنێوان دووشت یان زیاتر لە کارێکدا، بەڵام کوفر واتە: ستر کردن و شاردنەوە، قورئانی پیرۆز لەزۆربەی شوێنەکان بەم شێوەیە مانای کردوە.

بەڵام مانای کوفر و شیرك لە ڕووی زاراوەی شەرعدا زانایان جیاوازیان هەیە لە دیاری کردنی پەیوەندی نێوان کوفر و شیرک و دیاری کردنی هەریەکەیان.

هەندێ لەزانایان بۆچونی وایە هیچ جیاوازیەك نیە لەنێوان کوفر و شیرك و هەردوکیان یەك ناون بۆ یەك شتێك، ابن حزم ئەم بۆچونەی داوەتە پاڵ ئیمامی شافیعی و غەیری ئەو لەزانایان و هەڵبژاردەی خۆشیەتی،بڕوانە الفصل (265-3/264).

جا بەپێی ئەم قەولە سابت کردنی شیرك واتە سابتکردنی کوفر، وە نەفی کردنی شیرکیش واتە نەفی کردنی کوفر، بەهەمان شێوە بەپێچەوانەوە.

لەبەرامبەردا هەندێ لەزانایان جیاوازی دەکەن لەنێوان کوفر و شیرك و دەڵێن کوفر گشتی تر لە شیرك ، کوفر ئینکاری کردنی باوەڕە بە خوا و یان بەیەکێك لە پێغەمبەران، بەڵام شیرك بریتیە لە پەرستنی کەسێکی تر لەگەڵ اللە، واتە هەموو موشریکێ کافرە بەڵام هەموو کافرێ موشریك نیە، ئەمەش قەولی ابو حەنیفەیە کە ابن حزم دەیداتە پاڵی و هەروەها قەولی زۆربەی هاوچەرخەکانە.

بەپێی ئەم قەولەش ئیسپاتی کوفر ئیسپات کردنی شیرك ناخوازێت، بەڵام ئیسپات کردنی شیرك ئیسپاتکردنی کوفر و کافربون ئەخوازێت، وە نەفی کردنی کوفریش بەزەڕوڕەت نەفی کردنی شیرك دەخوازێت،بەڵام نەفی کردنی شیرك نەفی کردنی کوفر ناخوازێت.

بەپێی ئەم دوو قەولەش هەڵوەشانەوەی بانگەشەی ئەوانەمان بۆ دەرەکەوێ کە دەڵێن گوایە زانایان ناوی کوفر و کافر نانێن تەنها دوای ئیقامەی حوجە نەبێت و وە کاتێ نەفی کوفر لەسەر یەکێ بکەن مانای ئەوە نیە نەفی شیرکیشی لەسەر بکەن، ئەمەش دەرکەوت هیچ بنەمایەکی نەبوو لە وتەی زانایان و لەدرۆیەك زیاتر شتێکی تر نەبوو.

هەربۆیە هیچ یەکێ لەزانایانی متقدمین نە ابن تەیمیە و نە غەیری ئەویش جیاوازیان نەکردوە لە وتنی ناوی کوفر و شیرك لەحوکمەکانی دونیا و قیامەت لەنەفی کردن و ئیسپات کردن دا، هەرکاتێ بڵێن فلاّن کەس کافرە یان موشریکە مەبەستیان ئەوەیە وەسفی ئیسلامیان لەسەر لابردوە و ئیسپاتی ئەحکامی کوفریان بۆ کردوە، وە ئەگەر بڵێن فلاّن کەس کافرنیە یان موشریك نیە ئەوا مەبەستیان ئەوەیە فلاّنەکەس لە وەسفی ئیسلام دەرنەچووە و حوکمەکانی کوفری لەسەر نەچەسپاوە، بەڵکو نەفی کردنی کوفر زۆر توندترە وە نەفی کردنیش شیرکیش دەگرێتەوە بەزەڕوڕەت و ئەولاتر. بەڵکو شێخی ئیسلام لەڕونکردنەوەی مەبەستی زانایان لەنەفی کردنی تەکفیر و ئیسپات کردنی تەکفیر کردنی کەسێك دەفەرمێت" نصوص الوعيد التي في الكتاب والسنة ونصوص الأئمة بالتكفير والتفسيق ونحو ذلك لايستلزم ثبوت موجبها في حق المعين إلا إذا وجدت الشروط وانتفت موانع، لافرق في ذلك في الأصول والفروع. هذا في عذاب الأخرة فإن المستحق للوعيد في عذاب الله ولعنته وغضبه في الدار الآخرة خالد في النار أو غير خالد وأسباب هذا الضرب من الكفر والفسق يدخل في هذا القاعدة سواء كان بسبب بدعة إعتقادية أو عبادية أو بسبب فجور في الدنيا وهو الفسق بالأعمال فأما أحكام الدنيا فكذلك أيضاً، فإن جهاد الكفار يجب أن يكون مسبوقا بدعوتهم إذ

لاعذاب إلا على من بلغته الرسالة وكذلك عقوبة الفساق لاتثبت إلا بعد قيام الحجة. "(10/372).

کەواتە ابن تەیمیە سەلماندی کە تەکفیر لای زانایان ئەحکامەکانی لەسەر دروست ئەبێت لەدونیا و قیامەت.

بەڵگەی زیاتریش لەسەر ئەمە زانایانی متقدمین سەلەف ناوی کوفریان لەسەر هەموو ئەوانە دەنا کە حوجەیان پێ نەگەیشتبوو هەروەک موفەسیرین و غەیری ئەوانیش لەزانایان ئەو گەلانەیان بەئەهلی کوفر بەالله تعالی ناوبردوە، ئیمامی شافیعی دەربارەی عەرەب دەڵێ: كانوا قبل إنقاذه إياهم بمحمد صلى الله عليه وسلم أهل كفر في تفرقهم وإجتماعهم يجمعهم أعظم الأمور: الكفر."الرسالة الشافعي ص ١١

دەڵێ: عەرەب پێش ئەوەی خوا بە موحەمەد ﷺ رزگاریان بکات ئەهلی کوفر بوون لە پەرتەوازەبون وکۆبونەوەیان کوفر کۆی کردبونەوە.

هەروەها زانایانی سەلەف گەلان پێش ئەوەی دەعوەیان پێ گەیشتبێ بەکافر ناویان هێناون، وەك الحليمي دەربارەی ئەهلی فەترە دەڵێت: من كان منهم عاقلا مميزاً إذا رأى ونظر إلا إنه لا يعتقد ديناً فهو كافر. "شعب الإيمان(1/175).

هەروەها شێخی ئیسلام تەئکید ئەکاتەوە لەسەر ئەوەی عەرەب پێش هاتنی دەعوە ناوی کافریان لێ دەنرێ دەڵێ:" لايعذبون حتى يبعث إليهم رسول كما

دل عليه الكتاب والسنة، لكن أفعالهم تكون مذمومة ممقوتة يذمها الله ويبغضها ويصفون بالكفر الذي يذمه الله ويبغضه وإن كان لايعذبهم حتى يبعث فيهم رسولا. "جواب الصحيح(3/315). ئیتر دوای ئەم بەڵگەیە چۆن ئەوترێ ابن تەیمیە ناوی کوفر نادات بەسەر کەسێکدا تەنها دوای ئیقامەی حوجە نەبێت ؟!!!

بەڵکو لەدەیان دەقی ئاشکرادا شێخی ئیسلام ئەم ڕاستیە جەخت لێ دەکاتەوە لەفەتوا و ووتەکانی و کتێبەکانی و ڕونکردنەوەکانی بڕوانە کتێبی إشكالية العذر بالجهل دکتۆر سلطان المطيري لاپەڕە 75 بۆ 76.

هەروەها قورئانی پیرۆزیش جیاوازی نەکردوە لەنێوان حوکمی کوفر و شیرکدا لەهەندێ شوێن ناوی کوفر بەسەر کاری شیرکدا دەدات وناوی شیرکیش بەسەر کاری کوفردا ئەدات و جیاوازی ناکات لەنێوانیان دەفەرمێت(وَمَن يَدۡعُ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ لَا بُرۡهَٰنَ لَهُۥ بِهِۦ فَإِنَّمَا حِسَابُهُۥ عِندَ رَبِّهِۦٓۚ إِنَّهُۥ لَا يُفۡلِحُ ٱلۡكَٰفِرُونَ)

[سورة المؤمنون 117] هەروەها دەفەرمێت (إِنَّهُۥ مَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَقَدۡ حَرَّمَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِ ٱلۡجَنَّةَ وَمَأۡوَىٰهُ ٱلنَّارُۖ وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنۡ أَنصَارٖ)[سورة المائدة 72]

وە دەفەرمێت (ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمۡ لَهُ ٱلۡمُلۡكُۚ وَٱلَّذِينَ تَدۡعُونَ مِن دُونِهِۦ مَا يَمۡلِكُونَ مِن قِطۡمِيرٍ)[سورة فاطر 13] لێرەدا الله تعالى پاڕانەوەی موشریکانی بەشیرک ناو برد بەڵام لەسوڕەتی موئمنین بەکوفری ناوبرد.

هەروەها اللە تعالى دەفەرمێت (يُرِيدُونَ أَن يُطۡفِـُٔواْ نُورَ ٱللَّهِ بِأَفۡوَٰهِهِمۡ وَيَأۡبَى ٱللَّهُ إِلَّآ أَن يُتِمَّ نُورَهُۥ وَلَوۡ كَرِهَ ٱلۡكَٰفِرُونَ)[32](هُوَ ٱلَّذِىٓ أَرۡسَلَ رَسُولَهُۥ بِٱلۡهُدَىٰ وَدِينِ ٱلۡحَقِّ لِيُظۡهِرَهُۥ عَلَى ٱلدِّينِ كُلِّهِۦ وَلَوۡ كَرِهَ ٱلۡمُشۡرِكُونَ)[سورة التوبة 33]

اللە تعالى لەم دوو ئایەتەدا کافرەکانی بەکافر ناوبرد و هەروەها بە موشریکیش ناوی هێنان ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی بەموشریك ئەوترێ کافر و بەکافریش ئەوترێ موشریك و یەکسانن لەناو و حوکم، ئایەتەکان و فەرموودەکان لەم بارەیەوە زۆرن.

هەروەها پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ:"بين الرجل وبين الشرك والكفر ترك الصلاة" لەنێوان پیاو و لەنێوان و کوفر و شیرکدا تەرکی نوێژە. ببینە ناوی نوێژنەکەری بە موشریك هێنا لەگەڵ ئەوەی کە هیچ هاوبەشێکی بۆ اللە تیانیە نوێژنەکردن.

هەروەها قورئان ناوی کافری بە موشریکانی قورەیش بردوە پێش هاتنی پێغەمبەر بۆیان وەك دەفەرمێت

(وَلَمَّا جَآءَهُمۡ كِتَٰبٞ مِّنۡ عِندِ ٱللَّهِ مُصَدِّقٞ لِّمَا مَعَهُمۡ وَكَانُواْ مِن قَبۡلُ يَسۡتَفۡتِحُونَ عَلَى ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فَلَمَّا جَآءَهُم مَّا عَرَفُواْ كَفَرُواْ بِهِۦۚ فَلَعۡنَةُ ٱللَّهِ عَلَى ٱلۡكَٰفِرِينَ) [سورة البقرة 89]

هەروەها قومی بەلقیسی بەکافر ناوبردوە پێش هاتن و گەیشتنی حوجە پێیان (وَصَدَّهَا مَا كَانَت تَّعۡبُدُ مِن دُونِ ٱللَّهِۖ إِنَّهَا كَانَتۡ مِن قَوۡمٖ كَٰفِرِينَ)[سورة النمل

.43]

بەڵکو قورئان ناوی شیرکی بەکارهێناویشە بۆ کەسانێ کە ئیقامە حوجەش کراون و پەیوەستی سزاشی بەناوی شیرکەوە گرێداوە، وەك دەفەرمێت (وَيَوْمَ نَحْشُرُهُمْ جَمِيعا ثُمَّ نَقُولُ لِلَّذِينَ أَشْرَكُوٓاْ أَيْنَ شُرَكَآؤُكُمُ ٱلَّذِينَ كُنتُمْ تَزْعُمُونَ 22 ثُمَّ لَمْ تَكُن فِتْنَتُهُمْ إِلَّآ أَن قَالُواْ وَٱللَّهِ رَبِّنَا مَا كُنَّا مُشْرِكِينَ 23 ٱنظُرْ كَيْفَ كَذَبُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْۚ وَضَلَّ عَنْهُم مَّا كَانُواْ يَفْتَرُونَ)[سورة الأنعام].

هەروەها دەفەرمێت (وَيُعَذِّبَ ٱلْمُنَٰفِقِينَ وَٱلْمُنَٰفِقَٰتِ وَٱلْمُشْرِكِينَ وَٱلْمُشْرِكَٰتِ ٱلظَّآنِّينَ بِٱللَّهِ ظَنَّ ٱلسَّوْءِۚ عَلَيْهِمْ دَآئِرَةُ ٱلسَّوْءِۖ وَغَضِبَ ٱللَّهُ عَلَيْهِمْ وَلَعَنَهُمْ وَأَعَدَّ لَهُمْ جَهَنَّمَۖ وَسَآءَتْ مَصِيرا)[سورة الفتح 6].

خوای گەورە بەموشریکان ناو ئەبات لەسەر ئەو وەسفەیان هەڕەشەی سزایان لێ ئەکات، ئیتر چۆن درۆ دەکرێ بەناوی قورئانەوە کەناوی شیرك تەنها پێش ئیقامە حوجە بەکارهاتووە لەقورئاندا و کاتێك باسبکرێ سزا ناگرێتەوە ؟!!! شەرم ناکەن و لەخوا ناترسن

کەواتە بۆمان دەرکەوت ئەوەی ئەوانە ئەیڵێن و دەهۆڵیان بۆی ئەکوتا هیچ بنەمایەکی نەبوو وە لەدرۆیەکی شاخدار زیاتر نەبوو ، وە بۆمانیش دەرکەوت کاتێ زانایان نەفی کافربون لەکەسێک ئەکەن کە کەوتۆتە ناو شیرکی گەورەوە بەنەزانی ئەوا هیچ جۆرە حوکمێکی کافری لەدونیا و قیامەت بۆ نابڕنەوە وە

بەو نەفی کردنەی تەکفیرەیان وەسفی ئیسلامی بۆ جێگیرئەکەن لەبازنەی ئیسلام دەیێڵنەوە.

پاشان شێرکۆ بەڵگە بەم ئایەتە پیرۆزە دێنێتەوە کەهیچ پەیوەندی بەبابەتەکەوە نیە

ج) ـ الله تعالى ئەفەرموویێت :

[لَمْ يَكُنِ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ وَالْمُشْرِكِينَ مُنفَكِّينَ حَتَّىٰ تَأْتِيَهُمُ الْبَيِّنَةُ] البَيِّنَة (١)

ناوی ناون موشریک پێش ئەوەی بۆیان ڕوون بکرێتەوە .

بێ باوەڕەکان لە خاوەننامەو هاوبەشدانەران، دەست بەرداریان نەبوون لە کوفریان [حَتَّىٰ تَأْتِيَهُمُ الْبَيِّنَةُ] تا بەڵگە و نیشانەی ڕوونیان بۆ هات . پێش هاتنی حوجە و بەینە ناوی ناون موشریک .

وەڵام:

[بەڵێ وایە بەڵام ئەوانە کافری ئەصلین ئەحکامی کافری ئەصلی و موسڵمان جیاوازە الله تعالى دەفەرمێت (أَفَنَجۡعَلُ ٱلۡمُسۡلِمِينَ كَٱلۡمُجۡرِمِينَ 35 مَا لَكُمۡ كَيۡفَ تَحۡكُمُونَ)[سورة القلم 36]

واتە: چۆن ئێمە موسوڵمان وکافران وەك یەك لێ دەکەین؟ لەحوکمی دونیا و قیامەتیان, ئەوە چیتانە چۆن بڕیار ئەدەن بەیەکسان کردنیان].

د) ـ ئەهلی فەترە کە موشریک بوون ، سەلەف ئیتیفاقیان هەیە کە موشریک بوون ، وە لەگەڵ ئەوەش تەعزیب نادرێن ئیلا پاش گەیشتنی حوجەی ڕیسالی نەبێت ، هیچ خیلاف لەوە نیە ئیلا ئەوە نەبێت بەم کۆتایانە خیلافی تێکەوتووە .

[وتمان ئەمانە کافری ئەصلین ئێمە باسی موسڵمانی منتسب ئەکەین کە پێش ئیقامە حوجە کە پێی نەگەیشتوە تەکفیر ناکرێ تەحەدا ئەکەم یەك وتەی ئیجماع یان اتیفاقی سەلەف هەبێ لەوبارەیەوە سەلەف هیچ کات دەربارەی موسڵمانی منتسب قسەی وایان نەکردوە]

هـ) ـ شیرکی قەومی نوح یەکەم شیرک بووە لەسەر ڕووی زەوی پێش ئەوان لەسەر ڕووی زەوی شیرک بوونی نەبووە ، وە ئەوە زانراوە بە یەقین کە ئادەم ـ علیه السلام ـ نەوە و زوریەتەکانی لەسەر تەوحید بەجێهێشت ، پاشان شیرک تەشەنەی کرد لەناو نەوەکانی و بون بە موشریک ، الله تعالی یەکەم پێغەمبەر کە ناردی نوح بوو ـ علیه السلام ـ بۆ لای ئەهل و خەڵکی سەر زەوی ، وە مەعلوم و زانراوە کە نوح ـ علیه السلام ـ بانگی قەومەکەی ئەکرد بە موشریک ناوی ئەهێنان نەک موسڵمان ، کامە پێغەمبەرەیە پێش نوح ئیقامە حوجەی ئەو قەومەی کردبێت ؟! حەتا ناوی شیریکیان لەسەر بچەسپێت و حوکمی موشریکان بەسەردا بدرێت ؟!

[تەحەدات ئەكەم یەك بەڵگە بێنی صەحیح و صەریح بێ كە بیسلمێنێ قەومی نوح جاهیل بوبن، بەڵكو زانابوون عیلمیان هەبوو پاشان ئەوان كافری ئەصلی بوون ، ئەحكامی دینی ئیسلام جیاوازە لە ئومەتانی تر هەروەك شێخی ئیسلام ابن تەیمیە دەفەرمێ]

پاشان شێركۆ دێتە سەر ئەم باسەی تر ...

↓↓↓↓↓

٥ ـ #بنچینەی__پێنجەم .

جیاوازی لە نێوان بابەتە ئاشكراكان و بابەتە شاراوەكان

الفرق بين المسائل الظاهرة والمسائل الخفية .

لە ژێر ئەم بنچینەدا ٩ مەسئەلە و بابەت هەن .

▰ بابەتی یەكەم :

تەعبیراتی زانایان لەسەر ئەم بابەتانە .

بە دڵنیایەوە زانایان ئیتیفاقیان هەیە كە بابەتی عوذر بەجەهل ئەگۆڕێت بە گۆڕینی بابەتەكان ، بۆیە جیاوازیان كردووە لە نێوان بابەتە ئاشكراكان كە عوذر و بڕ و بیانو نیە بەجەهل و نەزانین بۆ كەسی موكەلەف ، لەگەڵ بابەتە

شاراوە و خەفیەکان کە لە ژێر بابی عوذر بەجەهل هێناویانە ، بە چەندین تەعبیری جیاواز باسیان کردووە بەڵام هەموویان یەک مانایان هەیە ، هەیانە تەعبیری کردووە بە بابەتە ئاشکرا و بابەتە شاراوەکان وەک شێخی ئیسلام ابن تەیمیە و شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب و زانایانی دەعوەی نەجدی ، وە هەیانە تەعبیریان کردووە بە ئەو بابەتانەی کە موکەلەف بۆی هەیە عوذری بەجەهل هەبێت ناویان ناوە " علم الخاصة " وە ئەو بابەتانەی موکەلەف عوذری بەجەهلی بۆ نیە ناویان ناوە " علم العامة " وەک ئیمامی شافیعی ، وە هەیانە تەعبیریان کردووە بە بابەتەکانی ئەصڵی دین لەگەڵ بابەتەکانی تر وەک بابەتە فەرعیەکان وەک شێخی ئیسلام و جگە لەویش ، وەجگە لەو وانەش لە دەربڕین و تەعبیراتی زانایان لەسەر جیاوازی کردن لە نێوان بابەتە ئاشکرا و بابەتە خەفیەکان

↓↓↓↓↓↓↓

وەڵام .....

[فەرموو بزانن زانایان چی دەڵێن دەربارەی بابەتی ئاشکرا و خەفی ئایا بابەتە ئاشکراکان بەردەوام ئاشکران ئایا بابەتە خەفیەکان بەردەوام خەفین ؟ ئایا پێوەر بەپێی چی دەکرێ ؟

ئەڵێن مەسەلەی ظهـــور والخـــفاء مەبەست پێی خودی بەڵگەکانە بەڵگەکانی کوفر وشیرکی گەورە بەڵگەکانی ظاهر و دیارن ، بەڵام شتەکانی تر زۆر دیارنین بۆ هەموو خەڵکی بۆیە خەفین و بیانوو تیایدا قبوڵە ؟؟!!!!! لەوەڵامدا ئەڵێین بە کابرای نەخوێندەوارو عەجەمی چی کە هیچ نەزانی بخوێنێتەوە یان یەك ووشە لەزمانی عەرەبی حاڵی نەبێ ڕوونی و ناڕوونی چ کاریگەریەکی هەیە بۆ ئەو ؟!!! بۆ دیارە بابەتەکانی کوفر و شیرکی گەورە لەقورئان بەگشت زمانەکان نوسراوە بڵندگۆیان پێوەیە بەهەموو زمانی دەدوێن بۆ هەموو گەلەکان ؟!!!

جابۆیە دەڵێین اعتیباری ظهور و خفاء دیاری و نادیاری لەبابەتەکانی العذر بالجهل لەدوو ئاراستەوە سەیر ئەکرێت:

یەکەم : لەڕووی تێڕوانین لەخودی مەسەلەکە و بارودۆخی مەسەلەکە، واتە بەهەندوەرگرتنی مەسەلەی الظهور والخفاء لەوشتە ئیزافیانەیە کە دەبێ سەیری خودی موخالەفەکە و شوێنی موخالەفەکە بکرێت نەك خودی مەسەلەکە ئایا بەڵگەیەکی دیارە یان نا نادیارە.

دووەم : بەدیاری کردنی ئەوەی چ شتێ زاهیرە و دیارە بەڕەهایی دیارە ئەمەش دیاریمان کردوە بەمانای گشتی لا اله الا الله یاخود مانای زمانەوانی کەلیمەی تەوحید ، جێودان بەخوا کوفرە هیچ نارونی تیانیە و زاهیری موتڵەقە بەڕەهایی دیارە مانای گشتی و زمانەوانی لا اله الا الله هەڵدەوەشێنێتەوە

چونکه هەموو موسڵمانێ بەبێ جیاوازی ئەزانن ئەوە کوفرە و نابێ بەڵام ئەگەر مەسەلەکە لەخوار ئەم مانا گشتیە بێ ئەوا ئەچێتە ژێر خاڵی یەکەمەوە.

شیخی الإسلام ابن تیمیة دەڵێت : (أما كونه عند المستمع معلوما أو مظنونا أو مجهولا أو قطعيا أو ظنيا أو يجب قبوله أو يحرم أو يكفر جاحده أو لا يكفر ؛ فهذه أحكام عملية تختلف باختلاف الأشخاص والأحوال. فإذا رأيت إماما قد غلظ على قائل مقالته أو كفره فيها فلا يعتبر هذا حكما عاما في كل من قالها إلا إذا حصل فيه الشرط الذي يستحق به التغليظ عليه والتكفير له ؛ فإن من جحد شيئا من الشرائع الظاهرة وكان حديث العهد بالإسلام أو ناشئا ببلد جهل لا يكفر حتى تبلغه الحجة النبوية.".مجموع الفتاوى (61-60/ 6)

دەڵێ: لای بیسەر بابەتەکە زانراوبێ یان جێگای گومان بێ نەزانراوبێ یان قەطعی بی یان زەنی واجب بێ وەرگرتنی یان حەرام نکۆڵی کاری کافربێ یان کافر نەبێ ئەمانە کۆمەڵە ئەحکامێکی کردەوەیین دەگۆڕێ لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر لەبارودۆخێ بۆ بارودۆخێکی تر کاتێ بینیت ئیمامێ قسەی توندی کرد بەرامبەر کەسێ مانای وانیە ئەو قسەیە هەمووکەس بگرێتەوە و بیکەی بەحوکمێکی گشتی ئیلا کاتێ نەبێ کە مەرجەکانی تێدا هاتبێتەدی کەشایستەی توندکردن بێ لەسەری و تەکفیربکرێت باهۆیەوە، هەربۆیە ئەگەرکەسێ نکۆڵی

لەحوکمە زاهیرەکان بکات کە تازە موسڵمان بوبێ یان لەشوێنێ نیشتەجێ بوبێ کەشوێنی جەهلە ئەم کەسە کافر ناکرێت تاکو حوجەو بەڵگەی پێ نەگات"

هەروەها دەڵێت: والظهور والخفاء من الأمور النسبية ، قد يظهر لهذا ما لايظهر لهذا ، وقد ظهر للإنسان في وقت ما خفي عليه في وقت آخر "درء تعارض(3/303)

دەڵێ: مەسەلەی زاهیر و مەسەلەی خەفی لەبابەتە ڕێژەییەکانە ئەشێت بۆ ئەم دیاربێت بەڵام بۆ ئەو دیار نەبێت ، یان بۆ ئینسانێ لەکاتێ دیاریکراودا دیاربوبێت بەڵام لەکاتێکی تردا لێی شاراوە بێت."

هەروەها دەربارەی نەزانی لەشیرکی عیبادەت دەڵێت:": (إنَّا بعد مَعرفةِ ما جاء به الرَّسولُ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم، نَعلَمُ بالضَّرورةِ أنَّه لم يَشرَعْ لأمَّتِه أن تَدعُوَ أحدًا من الأمواتِ، لا الأنبياءَ ولا الصَّالحينَ ولا غَيرَهم، لا بلَفظِ الاستغاثةِ ولا بغَيرِها، ولا بلَفظِ الاستِعاذةِ ولا بغَيرِها، كما أنَّه لم يَشرَعْ لأمَّتِه السُّجودَ لميِّتٍ ولا لغَيرِ مَيِّتٍ، ونحو ذلك، بل نَعلَمُ أنَّه نهى عن كُلِّ هذه الأمورِ، وأنَّ ذلك مِن الشِّركِ الذي حَرَّمه اللهُ ورَسولُه، لكِنْ لغَلَبةِ الجَهْلِ، وقلَّةِ العِلمِ بآثارِ الرِّسالةِ في كثيرٍ مِن المتأخِّرينَ، لم يمكِنْ تكفيرُهم بذلك، حتى يتبيَّنَ لهم ما جاء به الرَّسولُ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم مِمَّا يخالِفُه)الرد على البكرى (2/731).

دەڵێ: ئێمە دوای ئەوەی ئەودینەمان زانی کەپێغەمبەر صلى الله عليەوسلم پێی ڕەوانەکراوە بەزەڕوڕپە کەبزانین کە پێغەمبەر ڕێگەی نەداوە بەئومەتەکەی

هاوار بکەنە هیچ مردوێك نەپێغەمبەران و نەپیاوچاکان و نەغیری ئەوان نە لەفزی فریاکەوتن نەك بەغەیری ئەو لەفزە وە نەبەلەفزی پەناگرتن ونە بەغەیری ئەو لەفزە هەروەها ڕێگەی نەداوە بە ئومەتەکەی سوجدە بەرن بۆ مردوو یان بۆ غەیری مردوو و هاوشێوەکانی و دەزانین نەهی لەهەموو ئەمانە کردوە و ئەمە ئەو شیرکەیە کە خوا و پێغەمبەرەکەی حەرامیان کردوە، بەڵام بەهۆی بڵاوبونەوەی جەهل و نەزانی و کەمی عیلم بەشوێنەوارەکانی دینی ئیسلام لەلایەن زۆرێك لەپاشینەکانەوە ، لەبەرئەوە ناکرێت تەکفیر بکرێن بەوکارانەیان هەتاکو شەرعی خوایان بۆ ڕوون ئەکرێتەوە و دەزانن پێچەوانەی کارەکەی ئاوانە."

هەروەها بۆ زانیاریتان شێخی ئیسلام ابن تیمیه جیاوازی ناکات لەنێوان مەسائیلی ظاهیرە و مەسائیلی معلوم بالدین بالضرورة]

پاشان شێرکۆ ئەم قەولەی خوارەوەی شێخی ئیسلام دێنێتەوە

↓↓↓↓↓↓↓

، شێخی ئیسلام ابن تەیمیه ئەفەرموێت : [عیبادەتکردن بۆ الله تعالی بەتەنها ئەصڵی دینه ئەوە ئەو تەوحیدەیە که الله تعالی پێغەمبەرانی بۆ ناردووە و کتابەکانی بۆ دابەزاندووە]

بابزانین شێخی ئیسلام ئایا باوەڕی بەئەصلی دین و فروعی دین هەبوە فەرموو بیخوێنەوە

وەڵامان/ بیخوێنەوە بزانن شێخی ئیسلام چی دەفەرمێت

شێخی ئیسلام ابن تیمیه رحمه الله دەڵێت :"

فمن كان من المؤمنين مجتهداً في طلب الحق وأخطأ فإن الله يغفر له خطأه كائنا ما كان، سواء كان في المسائل النظرية أو العملية، هذا الذي عليه أصحاب النبي - صلى الله عليه وسلم-، وجماهير أئمة الإسلام، وما قسَّموا المسائل إلى مسائل أصول يَكْفُرُ بإنكارها، ومسائل فروع لا يَكْفُرُ بإنكارها. فأما التفريق بين نوع وتسميته مسائل الأصول ، وبين نوع آخر وتسميته مسائل الفروع، فهذا الفرق ليس له أصل، لا عن الصحابة ولا عن التابعين لهم بإحسان، ولا أئمة الإسلام، وإنما هو مأخوذ عن المعتزلة وأمثالهم من أهل البدع، وعنهم تلقاه من ذكره من الفقهاء في كتبهم، وهو تفريق متناقض، فإنه يقال لمن فرَّق بين النوعين: ما حد مسائل الأصول التي يَكْفُر المخطئ فيها؟ وما الفاصل بينها وبين مسائل الفروع؟ فإن قال: مسائل الأصول هي مسائل الاعتقاد ، ومسائل الفروع هي مسائل العمل. قيل له: فتنازع الناس في محمد - صلى الله عليه وسلم - هل رأى ربه أم لا؟ وفي أن عثمان أفضل من علي أم علي أفضل؟ وفي كثير من معاني القرآن وتصحيح بعض الأحاديث ، هي من المسائل

الاعتقادية العلمية ، ولا كُفْرَ فيها بالاتفاق، ووجوب الصلاة والزكاة والصيام والحج وتحريم الفواحش والخمر هي مسائل عملية ، والمنكر لها يَكْفُر بالاتفاق.
واته: هەرکەسێك لە بڕواداران هەوڵ بدات لەداواکردنی حەق بەڵام هەڵە بکات ئەوا بەڕاستی خوا لەهەڵەکەی خۆش ئەبێت ئەگەر لەبابەتی عەقیدەیی بێت یان یان لەبابەتی کردەوەیی ئەمەش کەلەسەرێتی هاوەڵانی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلّم، وە جەماوەری پێشەوایانی ئیسلام بابەتەکانیان دابەش نەکردوە بۆ بابەتی ئوصول کە ئەگەر کەسێك ئینکاری لێ بکات کافربێت و بابەتی فروع کە کەسێك ئینکاری لێ بکات کافر نەبێت. هەربۆیە جیاوازی کردن لەنێوان ئەوەی ئەمە بابەتی ئوصول و ئەمە بابەتی فروعە ئائەم جیاوازی کردنە هیچ بنەمایەکی نیە نە لای هاوەڵان وە نەلای تابیعین وە نەلای پێشەوایانی ئیسلام بەڵکو ئەم جیاکردنەوەیە لە موعتەزیلەو هاوشێوەکانیانەوە وەرگیراوە لە ئەهلی بیدەع وە ئەو فوقەهایانەش لەکتێبەکانی ئەوانەوە وەریان گرتوە، ئەمەش جیاوازی کردنێکی دژبەیەکە هەربۆیە بەو کەسانەی ئەم جیاوازیە دەکەن پێیان دەڵێین : سنوری بابەتەکانی ئوصول تاکوێیە کە کەسێك هەڵەی تێاکرد کافربێ؟ خاڵی جیاکەرەوەی نێوانیان لەگەڵ بابەتەکانی فروع تاکوێ یە؟ جا ئەگەر بڵێ بابەتەکانی ئوصول بریتیە لەبابەتەکانی عەقیدە و بابەتەکانی فروعیش بریتیە لەبابەتەکانی کردەوە، لەوەڵامدا پێی دەڵێن دەی هاوەڵان و خەڵکی ناکۆك بوون ئایا پێغەمبەر پەروەردگاری دیوە یان نا ؟

هەروەها ڕاجیابون ئایا عوسمان باشترە یان عەلی وە لەزۆرێ لەماناکانی قورئان و بەڕاست دانانی هەندێ لەفەرمودەکان کەئەمانە لەبابەتی عەقیدەن و خاوەنەکەشی کافر نابێ بەئیتیفاق."

ئەمەش وتەی ابن تیمیەیە دەیگێڕێتەوە دەربارەی سەلەف کە مەزهەبی سەلەف بوە و دەڵێ مەسەلەی ئوصوڵ و فروع بیدعەی موعتەزیلەیە، ئیستا چی دەڵێن ؟؟؟

پاشان لەهەندێ شوێن شێخی ئیسلام ابن تەیمیە باسی ئصولی دین و فروعی دین ئەکات ئاگادارین لەسیاقی ڕەتدانەوەی ئەهلی کەلام و بیدەع باسی دەکات تاکو ئەو بابەتە ڕوون بکاتەوە نەوەکو ئەوەی خۆی باوەڕی هەبێ بەو بابەتە.

هەروەها ئیمام ابن القیم یش دابەش کردنی دین بۆ ئوصوڵ و فروع ڕەتی ئەکاتەوە

ئیمامی ابن القیم -رحمه الله-دەڵێت " إنهم قسموا الدين إلى مسائل علمية وعملية وسموها أصولا وفروعا، وقالوا: الحق في مسائل الأصول واحد، ومن خالفه فهو كافر فاسق . وأما مسائل الفروع، فليس لله تعالى فيها حكم

معين ولايتصور فيه الخطأ، وكل مجتهد مصيب لحكم الله تعالى الذي هو حكمه . وهذا التقسيم لو رجع إلى مجرد الإصطلاح لا يتميز به ما سموه أصولا مما سموه فروعا، فكيف وقد وضعوا عليه أحكاماً وضعوها بعقولهم وآرائهم...ومنها:إثبات الفروع بأخبار الآحاد دون الأصول، وغير ذلك. وكل تقسيم لايشهد له الكتاب والسنة وأصول الشرع بالإعتبار، فهو تقسيم باطل يجب إلغاؤه"مختصر صواعق المرسلة ص ٦١٣

دەڵێ: ئەوانە دینیان دابەشکردوە بۆ بابەتی عیلمی و عەمەلی و ناویان ناون بە ئوصول و فروع، و دەڵێن حەق لەبابەتەکانی ئوصولدا یەك شتە هەرکەسێك موخالەفەی بکات کافرە و فاسقە، بەڵام بابەتەکانی فروع خوای گەورە حوکمێکی دیاریکراوی دانەناوە و هەڵەتیایدا بەهەندوەرناگیرێ و هەموو موجەتەهیدێ حوکمی خوای تێدا پێکاوە، جا ئەم دابەشکردنە ئەگەر تەنها ئیصطلاحێك بێت ناتوانرێ لەیەکترجیابکرێتەوە چ جای ئەگەر بەعەقڵ و بۆچونەکانیان کۆمەڵێ ئەحکامی لەسەر بنیات بنێن، لەوانە دەڵێن: فروع بە هەواڵی ئاحاد دەچەسپێت جگە لە ئوصول، جا هەر دابەشکردنێك کیتاب و سونەت و بنەماکانی شەرع شایەدی بۆنەدات و بەهەندی وەرنەگرێت، ئەوا دابەشکردنێکی باتڵە ودەبێت هەڵبوەشێنرێتەوە."

---

٤ ـ وە ئەوەی ئەچێتە چوارچێوەی بابەتە ئاشکراکانەوە :

ئەو بابەتانەی کە عیلمەکەیان بەربلاّوە و هەموو کەس ئەیانزانێت لە بابەتەکانی فروع ، وەک بابەتی شکاندنی ڕۆژی و خواردنی نان و ئاوا لەکاتی بەڕۆژی بوون ، کە ئەمانە بە ئیجماع حەڕامن و خەڵکی عەوامیش ئەیزانێت .

بابەتی شەشەم :

ئەو زانایانەی نەصیان هەیە لەسەر جێگیر کردن و تەثبیت کردنی جیاوازی لە نێوان بابەتە ئاشکرا و بابەتە شاراوەکان لە بابەتی عذر بە جەهل ، وە لەگەڵ هێنانی هەنێک لە قەولەکانیان .

بڕوانن لەوچەواشەکردنەی سەرەوە ئەو زانایانە باس لەکۆمەڵێ شت ئەکەن کە لەناو موسڵمانان زانراون وەکو نوێژ و حەرامی زینا و قتل ئەم شتانە عیلمیان لەناو خەڵکی و زانایان بەیەکسانی دیار و ئاشکرایە عوزری تیانیە چونکە دیارن لەناو خەڵك زانینییان پێویستی هەموو موسڵمانێکە

↓↓↓↓

[لەو زانایانەی نەصیان هەیە لەسەر ئەمە چەن نمونەیەک ئەهێنین ئەمانە تەنها نمونە زۆر زیاترن لەوانەی ناویان ئەهێنین .

١ـ ابو حەنیفە ، ٢ ـ شافیعی ، ٣ ـ قەڕافی مالیکی ، ٤ ـ شێخی ئیسلام ابن تەیمیە ، ٥ ـ محمدی کوڕی عبدالوهاب ، ٦ ـ ئەئیمەی دەعوەی نەجدی ،

اسحاق بن عبدالرحمن ، سليمان بن سحمان ، ابو بطين ،..وه جگه لەوانيش ، ٨ ـ محمد بن ابراهيم ، ... وه جگه لەوانەش] .

ـ ئيمامى ابو حەنيفه ـ رحمه الله تعالى ـ ئەڵێت :

[عوذر بۆ هيچ كەسێک نيه به جەهل و نەزانين له ناسينى پەروەردگار و دروستكارى ، چونكه واجبه لەسەر هەموو دروستكراوەكان پەروەردگارى خۆيان و تەوحيدەكەى بناسن كاتێک ئەبينێت كێ ئاسمانەكان و زەوى و تەواوى دروستكراوەكانى الله تعالى ى دروست كردووه ، بەڵام فەرِائيزەكان هەر كەسێک نەيزانێت و تەبليغ نەكرابێت ئەوه ئيقامه حوجەى حوكمى نەكراوه]

لێرەش جياوازى ئەخاته ئەصڵ و فەرعەوه ياخود ئاشكرا و شاراوەكان .

↓↓↓↓↓↓

وەڵامى ئەو بەهەڵه حاڵى بونه ئەدەمەوه فەرموو بزانين ئيمامى ئەبو حەنيفه چى دەڵێ ئيمام أبو حنيفة رحمه الله دەڵێت (لا عذر لأحد في جهله معرفة خالقه، لأن الواجب على جميع الخلق معرفة الرب سبحانه وتوحيده، لما يري من خلق السماوات والأرض وخلق نفسه وسائر ما خلق الله تعالى فأمر الفرائض فمن لم يعملها ولم تبلغه فإن هذا لم تقم عليه الحجة الحكمية) [بدائع الصنائع للكاساني ج 7/ 132]

واته: بیانوو نیه بۆ هیچ کەسێك لەنەناسینی خالقەکەی، چونکە پێویستە لەسەر هەموو خەڵکی ناسینی پەروەردگار و بەتاك و تەنها دانانی، بەهۆی ئەوەی دەیبینی لەدروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی دروست کردنی خۆی و هەموو دروستکراوەکان، بەڵام فەرِیزەتەکان هەرکەسێك ئەنجامی نەدات کە پێی نەگەیشتبێت ئائەم کەسە حوجەی لەسەر نەکراوە.]

با چەن هەڵوەستەیەك بکەین لەوتەکەی ئیمام:-

سەرەتا شێخ باسی ناسینی پەروەردگار دەکات کە دەبێت هەموو کەس بیناسێ چونکە دروستکراوەکان وئاسمانەکان و زەوی شایەدن لەسەر پەروەردگار و لەسەر تاکانەیی پەروەردگار بۆیە هیچ کەسێك لەنەزانینی ئەم زانینە عوزری نیە، هەروەها هیچ کەسێ خیلافی نیە لەسەر ئەوەی هەر موسڵمانێك نەزانێت اللە تاك و تەنهایە هەرخۆی شایستەی پەرستنە ئەوا لێی قبوڵ ناکرێت و عوزری نیە، چونکە ئەمە موجمەلی تەوحیدە و لەمانای زاهیری و ڕوون و ئاشکرای لااله الا اللە هاتنە نێو ئیسلامە، نەك زانینی جوزئیاتی عیبادەتەکان چونکە ئەشێت هەندێك وێنەی عیبادەت نەزانیت کە عیبادەتە و ئەنجامی بدەی بۆ غەیری خوا بەمەش کافر نابیت تاکو بۆت ڕوون نەکرێتەوە،

هەروەها ئیمام بەهیچ شێوەیەك باس لەوە ناکات موسڵمانێك بکەوێتە ناو شیرکێکەوە لەعیبادەت بەنەزانی ئەوا هیچ عوزری نیە..

(ئینجا شێرکۆ ئەم وتەیەی ئیمامی شافیعی دێنێتەوە)

↓↓↓↓

- ئیمامی شافیعی - رحمه الله تعالی - ئەڵێت :

[علیم دوو جۆرە ، علیمی عامە بۆ هیچ کەسێک نیە پێی جاهیل بێت ئیلا کەسێک عەقڵ ڕۆیشتوو " واتە شێت و گێل و نەفام و منااڵ " پاشان نمونە ئەهێنێتەوە بە پێنج نوێژەکان و زەکات و ڕۆژی مانگی ڕەمەزان و حەج و حەرام بوونی زینا و قەتل و دزی و خواردنەوەی عارەق خواردنەوە ، پاشان ئەڵێت ئەم عیلمە مومکین نیە تێکەڵ بکرێت لە نێوان خەبر و تەئویل ، وە جائیز نیە نیزاع و ناکۆکی تێدا بکرێت ، پاشان باسی جۆری دووەمی عیلم ئەکات ، بریتیە لە فەرعەکانی فەرائیز ...تاکۆتایی قسەکانی]

ئەگەر ئیمامی شافیعی پێنج نوێژەکە و فەرائیزەکان لەو عیلمە حیساب بکات کە جەهل تێدا قەبوڵ نیە و مومکین نیە تێکەڵ بکرێت لە نێوان خەبر و تەئویل ، وە ئیجماعی ئومەت لەسەرئەوەیە کە ئەمانە فەرائیزن ، ئەوە تەوحید لە پێشترە چونکە لە هەموو فەرائیزەکان گەورەترە و هەر بۆ ئەمەش پێغەمبەران نێردراون و کتابەکان دابەزێنراون .

وەڵام/

ناکرێت بەعەقڵی خۆمان تەفسیری وتەکەی ئیمامی شافعی بکەین بێ ئاگا

لەوەی مەناط و هۆکاری قسەکەی چیە کە ئیمامی شافیعی ئەڵێ عوزر نیە کەسێك عاقڵ بێت جەهلی هەبێت بەحەرامی زینا و قتل دزی پێویستی ئەنجامدانی پێنج نوێژەکان... چونکە ئەم بابەتانە ناسراون دیارن ئاشکران زەرورن زانینی لای هەموو موسڵمانێ و مومکین نیە نەزانینی و لەهەموو وڵاتانی موسڵمان دیارن، بەڵام شتێك دیارو ئاشکرا نەبێ عوزری تیایە هەروەك لەوتەیەکی تری ئیمامی شافیعی خۆی دەڵێت: " لو عذر الجاهل لأجل جهله لكان الجهل خيراً من العلم إذ كان يحط عن العبد أعباء التكليف ويريح قلبه من ضروب التعنيف، فلا حجة للعبد في جهله بالحكم بعد تبليغ والتمكين(لئلا يكون للناس على الله حجة بعد الرسل))] المنثور في القواعد2/17.

واتە: ئەگەر نەزان بیانوی هەبوایە بەهۆی نەزانیەکەیەوە ئەوا نەزانین چاکتربوو لەزانین چونکە زۆرێك لەئەرك و بارگرانی لەسەر نەدەما و ئیسراحەتی ئەکرد هەربۆیە هیچ عوزر و بیانویەک بۆ بەندەیەک نیە لەنەزانینی حوکمێك دوای گەیاندن و تواناهەبوون.

[کەواتە بۆمان دەرکەوت ڕاستی وتەکەی ئیمام چۆن بووە و لەسەر چ هۆکارێ جەهل حیساب ئەکات و حیسابی ناکات.]

پاشان شێرکۆ ئەم ووتانە لەکتێبی عارض الجهل نەقڵ ئەکات

↓↓↓↓↓

- شێخی ئیسلام ابن تەیمیە - رحمە اللە تعالی - قسەکانی زۆر ڕوونن لە جیاوازی کردن لە نێوان بابەتە ئاشکراکان کە جاهیل عوذری بۆ نیە ، لەگەڵ بابەتە شاراوەکان ، وە ئەڵێت لەکاتی قسە ووتن و زەم کردنی ئەهلی کەلام : [ئەوە ئەگەر ئەوە لە قسە شاراوەکان بێت ، ئەوە بە تەئکید پێی ئەڵێن مخطئ ضال ، ئیقامە حوجە نەکراوە تاکو تەکفیر بکرێت ، بەڵام لەنێوانیان طائیفە هەیە کە کەوتونەتە ناو بابەتە ئاشکراکان کە خەڵکی عام و خاص ئەیزانن کە ئەوە لە دینی موسڵمانانە ، بەڵکو یەهود و نەصارا ئەزانن کە محمد - صلی اللە علیە وسلم - پێی هاتووە و تەکفیری موخالیفەکانیشی کردووە ، وەک ئەمرکردن بە عیبادەتکردن بۆ اللە تعالی بەتەنها و بەبێ دانانی هاوبەش و شەریک ، وە نەهیکردووە لە عیبادەتکردن بۆ هیچ کەسێک جگە لە اللە تعالی جا چی مەلائیکە یان پێغەمبەران یان ڕۆژ و مانگ و ئەستێرەکان و بت و صەنەمەکان بێت ...وە جگە لەوانەش بەڕاستی ئەوە ئاشکراترین دروشمی ئیسلامە وەک نمونە ئەمرکردن بە ئەنجامدانی پێنج نوێژەکە و دژایەتی کردن و دوژمنایەتی کردنی نەصارا و موشریکەکان و صائیبەکان و مەجوسەکان وە نمونە حەڕام کردنی فاحیشە و ڕیبا و قومار ...وە هاوشێوەی ئەوانە پاشان زۆرینەی سەرەکانیان کەوتنە ناو ئەو بابەتە ئاشکرایانە و بونە موڕتەد]

وەڵام /

یەکەم شت هەرکەسێ بێ ئاگابێ لەوەی شێخی ئیسلام ابن تەیمیە لەسەر چ بنەمایە باسی مسائل ی ظاهرە و مسائلی خەفیە ئەکات توشی ئەوە ئەبێت کە شتێ بڵێ بەناوی ابن تەیمیەوە کە هەرگیز نەیوتوە سەرەتا بابزانین شێخ چۆن دەڕوانێتە ئەو دوو مەسەلەیە؟

مانای یەکەم: ئاشکرایی الظهور لەڕووی زمانەوانی دیلالەتی خودی بەڵگە و دەقەکان ، مانای دووەم : لەڕووی دیاری وئاشکرایی بابەتەکە لەڕووی تێگەیشتنی خەڵکی و بڵاوبونەوەی لەناو خەڵك ئەمەش شتێکی ڕێژەییە

وەك شێخ لە کتێبی درء تعارض العقل والنقل5/2: "فإن الظهور والخفاء أمر نسبي إضافي"،

دەڵێ ئاشکرایی و شارەوەیی بابەتێکی ڕێژەییە ئیزافیە.

وەهەروەها لەهەمان سەرچاوە دەڵێ 106/2: "لكن الظهور والخفاء من الأمور النسبية فقد يظهر لهذا ما لا يظهر لهذا وقد ظهر للإنسان في وقت ما يخفى عليه في وقت"

بەڵام ئاشکرایی و شاراوەیی لەبابەتە ڕێژەییەکانن ڕەنگە بۆ فلان کەس ئاشکرابێ بەڵام بۆ فلان کەسی تر ئاشکرا نەبێت یان لەکاتێکدا بۆ کەسێ ئاشکرا بێ وە لەکاتێکی تردا لێی شاراوەبێت.

هەروەها شێخی ئیسلام له نقض أساس التقدیس ص5 دەڵێ: "وقد یکون العلم والإیمان ظاهرا لقوم دون آخرین، وفي بعض الأمکنة والأزمنة دون بعض، بحسب ظهور دین المرسلین"

دەڵێ" ئەشێ عیلم و ئیمان ئاشکرابێ بۆ قەومێ و ئاشکرا نەبێ بۆ قەومێکی تر، هەروەها لەهەندێ شوێن و وڵات ئاشکرا بێ جگە لەهەندێ شوێن و وڵاتی تر بەپێی ئاشکرا بونی دینی پێغەمبەران لەوشوێنە.

هەروەها له بغیة المرتاد ص311 دەڵێ : "وإن الأمکنة والأزمنة التي تفتر فیها النبوة، لا یکون حکم من خفیت علیه آثار النبوة حتی أنکر ما جاءت به خطأ، کما یکون حکمه في الأمکنة والأزمنة التي ظهرت فیها آثار النبوة" اهـ،

شوێنەکان وکاتەکان کاتێ دینیان تێدا نامێنێ وە کاتێ دینیان تێدا ئەبێ هەڵەکردن تیایدا وەکو یەك حوکمی لەسەر نادرێ"

لێرەدا شێخ هەردوو ماناکە پێکەوە باس ئەکات: "ولفظ الظاهر یراد به ما قد یظهر للإنسان، وقد یراد به ما یدل علیه اللفظ، فالأول یکون بحسب فهوم الناس" الفتاوی 166/20،

لەفزی ظاهر مەبەست پێی ئەوەیە کە بۆ ئینسان ئاشکرا دەبێت، هەروەها مانای ئەوەش دەگەیەنێ کە لەفزەکە دەیگەیەنێ، یەکەم بەپێی تێگەیشتنی خەڵکی دەگۆڕێ"

هەروەك ابن قدامة رحمه الله هەردوو جۆرە ماناكە ڕوون ئەكاتەوە دواى ئەوەى باس لەهۆكارەكانى ڕيدە ئەكات 4/156-157"... لأن أدلة هذه الأمور الظاهرة ظاهرة في كتاب الله و سنة رسوله فلا يصدر إنكارها إلا من مكذب لكتاب الله و سنة رسوله" اهـ، فهي أمور ظاهرة أي أن العلم بها مستفيض بين الناس، وظاهرة في الكتاب والسنة أي أن دلالة النصوص عليها صريحة، والله أعلم."

دەڵێ: بەڵگەكانى ئەمانە دیارن واتە عیلم بەم شتانە بڵاوە لەناو خەڵكى هەروەها دیاریشە لەكیتاب و سونەت بویە ناگونجێ ئینكارى كردنى ئیلا لەلایەن كەسێكەوە نەبێت كە باوەڕى بەقورئان و سونەت نەبێت"

هەروەها شێخى ئیسلام لەوتەیەكى تریدا دەڵێ له الفتاوى 13/65: "فلما طال الزمان خفي على كثير من الناس ما كان ظاهرا لهم، ودق على كثير من الناس ما كان جليا لهم، فكثر من المتأخرين مخالفة الكتاب والسنة ما لم يكن مثل هذا في السلف، وإن كانوا مع هذا مجتهدين معذورين يغفر الله لهم خطاياهم ويثيبهم على اجتهادهم وقد يكون لهم من الحسنات ما يكون للعامل منهم أجر خمسين رجلا يعملها في ذلك الزمان لأنهم كانوا يجدون من يعينهم على ذلك، وهؤلاء المتأخرون لم يجدوا من يعينهم على ذلك. لكن تضعيف الأجر لهم في أمور لم ولا يكون فاضلهم ،يُضَعَّف للصحابة فيها لا يلزم أن يكونوا أفضل منالصحابة ،كفاضل الصحابة" اهـ

دەڵێ: کاتێ دنیا دوورکەوتەوە وای لێهات زۆرشت لای خەڵکی ئاشکرابوون ئیستا لایان بۆتە شاراوە، زۆر شت لای خەڵکی بزربووە لەکاتێکدا لەکاتەکان لای ئاشکرابووە، هەربۆیە زۆر موخالەفەی کیتاب و سونە دەبینی لەلایەن متأخرین بەڵام لای سەلەف موخالەفەی ئاوا نەبوو بەڵام عوزرشیان هەیە خوا لە هەڵەکانیان خۆش ئەبێت و پاداشت دەداتەوە لەسەر اجتیهادەکانیان ڕەنگە پاداشتی 50 صەحابەشیان هەبێ چونکە صەحابە کەس هەبوە فێریان بکا و یارمەتیان بدا بەڵام ئەمان کەس نەبوە...."

بۆیە زۆر گرنگە ئاگات لەمانای دووەمی الظهور بێ لە ووتەکانی شێخی ئیسلام کە پەیوەستی دەکات بەئاشکرایی بڵاوبونەوەی لەناو خەڵك ئەگەر ئاگات لەم ڕاستیە نەبێت وادەزانی شێخ عوزر بەجەهلی لەشیرك قبوڵ نەبوە بەموطلەقی ئەمەش تەحریف و بوهتان بەدەم شێخەوە هەروەك دەفەرمێ مەبەست لەبابەتە ئاشکراکان ئەوەیە هەموو خەڵکی دەیزانن چونکە بڵاوە لەناو خەڵك تەنانەت یەهود و نەصاراش دەیزانن ئائەم بابەتانە بیانووی نەزانی تیایدا قبوڵ ناکرێت.

ئەمەش ڕاستیەکە زۆربەی زانایان بەم پێیە حوکمەکانیان بەستۆتەوە، کەدەڵێن ئەوەتا شێخ عبد اللطیف له مصباح الظلام ص498 دەڵێ: "وقد مثَّل العلماء هذا الصنف بمن نشأ ببادية، أو ولد في بلاد الكفار، ولم تبلغه الحجة

الرسالية". وإنما قالوا هذا لأن الأمصار كانت منارات علم بخلاف البوادي البعيدة وديار الحرب فتنبه لعلة التفريق بين حكم الحالتين ،[7]

دەڵێ: زانایان دەربارەی بابەتی شاراوەیی نمونەیان بەوە هێناوەتەوە کەسێك لە چۆڵەوانیەك گەورە بوبێت، یان لە وڵاتی کافران لەدایك بوبێت و ڕیسالەی پێ نەگەیشتبێت، ئەمەش دەڵێن چونکە شارەکان مەنارەی عیلمن بەپێچەوانەی چۆڵەوانیە دوورەدستەکان و داری حەرب بۆیە ئاگادارىە لەهۆکاری عیلەتەکە بۆ حوکمدان لەسەر بابەتی ظهور و خفاء"

هەروەك ئیمامی السیوطي رحمه الله له الأشباه والنظائر دەڵێت : "كل من جهل تحريم شيء مما يشترك فيه غالب الناس اليوم لم يقبل منه إلا أن يكون قريب عهد بالإسلام أو نشأ ببادية بعيدة" اهـ

دەڵێ: هەرکەسێك حەرام بونی شتێك نەزانێ کە زۆربەی خەڵکی هاوبەش بن لەنەزانینی لێی قبوڵ ناکرێت ئیلا کاتێ نەبێ تازە موسڵمان بوبێ یان لەشوێنێ دوورە دەست گەورەبوبێ."

کەواتە مەسەلەی زاهیر هەر ئەوە نیە لە ڕووی لەفزەکەی ماناکەی ئاشکرا بێ بەڵکو دەبێ عیلم پێ بونیشی لەناو خەڵکی ئاشکرابوبێ.

هەروەك شێخی ئیسلام دەڵێ: تەنانەت یەهود ونەصاراش دەزانن موحەمەد صلى الله عليه وسلم بەوە نێردراوە و تەکفیری پێچەوانەکانی کردوە بەگشتی باسی کرد تایبەتی نەکرد بەزاناکانیانەوە جا ئەمە بەهۆی ئەوە زانیویانە چونکە

بڵاوبوە لەناو موسڵمانان نەك بەخوێندنەوەیان بۆ قورئان و سونەت، پاشان شێخ نمونە لەسەر مەسەلە دیار وئاشكراكان بە چی دێنێتەوە بە ئەمركردن بە پێنج نوێژەكان و فەرزبونی و حەرام بونی زینا وڕیبا عارەق و قومار، كەواتە بنەمای حوكمدان لەسەر بڵاوبوەوە یان بڵاونەبونەوەی عیلمە لەشوێنەكان نەك لەسەر خودی بەڵگەی بابەتەكە جا ئەمە لەبابەتەكانی معلوم بالدین بالضرورە بێ یان مسائلی زاهیری و شیرك و كوفر بێ یەكسانە ، چونكە شێخی ئیسلام ابن تەیمیە تەكفیری ڕازی كرد بەمورتەدی ناوبرد لەبەرئەوەی كوفرەكەی لای هەموو خەڵكی ئاشكرابووە، چونكە ڕازی كتێبێكی نوسیبوو بەناوی " السر المكتوم فی مخاطبة النجوم" نەێنی شاراوە لە قسەكردن لەگەڵ ئەستێرەكان" كەڕازی تیایدا هاوار ئەكاتە ئەستێرە و هەسارەكان و تەسبیحاتیان ئەكا ئەڵێ جائیزە ڕۆژوو بگری بۆیان وسوجدەیان بۆببەی و قوربانیان بۆ ئەنجام بدەی و باوەڕت وابێ كاریگەری هەیە و گەردون بەڕێوە ئەبات، هەربۆیە ڕازی كیتابەكەی لەسەر پەرستنی ئەستێرە و هەسارەكان نوسی و خەڵكی بۆ هاندەدا و لای خەڵكی جوانی دەكرد وەچاك حەقیقەتی كارەكەی دەزانی چونكە خۆی خاوەنی چەندین فەنە لەزانستەكان هەروەك دەڵێ " كما صنف الرازي كتابه في عبادة الكواكب وأقام الأدلة على حسن ذلك ومنفعته ورغب فيه"

پاشان دەڵێ كما ذكر في " سر المكتوم " في عبادة الكواكب ودعوتها مع السجود لها والشرك بها ودعائها مثل يدعو الموحدون ربهم بل وأعظم والتقرب إليها بما يظن أنه مناسب لها من الكفر والفسوق والعصيان، فذكر أنه يتقرب إلى زهرة بفعل الفواحش وشرب الخمر والغناء ونحو ذلك مما حرمه الله و رسوله "مجموع الفتاوى (13/181)

دەڵێ : هەروەك چۆن ڕازی لەكتێبەكەی "السر المكتوم" نوسیوێتی دەربارەی پەرستنی هەسارەكان و هاواربۆ كردنی و سوجدە بۆ بردنی و كردنیان بەشەریك پارانەوە لێیان وەك موەحیدان دەپارێنەوە لەپەروەردگاریان بەڵكو زۆر لەوە گەورەتر ئەویش جائیز دانانی نزیك بونەوە لەهەسارەكان بەكوفركردن و بەتاوان و مەعصیەت باسی دەكات كەخۆی لەهەسارەی زوهرە نزیک كردۆتەوە بەئەنجامدانی فاحیشە و خواردنەوەی عارەق و گۆرانی ووتن و ئەوشتانەی كەخوا و پێفەمبەرەكەی حەرامیان كردوە" ئەمە هۆكاری ئەوەیە كە شێخی ئیسلام دوای ئەوەی ژمارەیەك لەمەسائیلی ظاهیرە باس دەكات لەكۆتاییەكەیدا ئەڵێ:" ومثل تحريم الفواحش والربا والخمر والميسر ونحو ذلك . ثم تجد ذلك كثيراً من رؤسائهم وقعوا في في هذه الأمور، فكانوا مرتدين" الفتاوى (4/53)

دەڵێ: وێنەی حەرامكردنی فاحیشە و ڕیبا و عارەق و قومار پاشان دەبینی زۆرێك لەسەرەكانیان كەوتونەتە ناو ئەم شتە ئاشكرایانە بۆیە مورتەد بوونە"

بۆیە هەرکەسێ کوفرەکەی وەکو ڕازی و هاوشێوەکانی بێ کە کوفرەکەی ئاشکرایە وەکو زانینی نوێژوو ڕۆژۆو وەکو زانینی حەرام بونی زینا و عارەق و ریبا و و قومار ئەوا هیچ عوزری نیە بەجەهل ئەگەرچی بڵێ تەئویلم هەیە تەئویلەکەی نایخوات بەدیاریکراوەیی کافر ئەبێت، چونکە حاڵی خۆی دەزانێ و حاڵەکەی لەناو خەڵکیش ئاشکرایە. بەڵام لەبەرامبەردا بڕوانن شێخی ئیسلام البکري و ئەخنائي قەبر پەرست و هاوشێوەکانیان تەکفیر ناکات کەهاوار و هانا بردن بەجائیز ئەزانن بەپێغەمبەر صلى الله عليه وسلم وە بەشتێکی چاکی دادەنێن چونکە زۆرینە نەزانن بوونە بەحەقیقەتی ئەو عیبادەتانە و بەناوی الإلِه هەروەها چەندینی تر لەسەردەمی ابن تەیمیە استغاثەی شیرکیان بەڕەوا ئەزانی بەپێغەمبەری خوا له السبكي لەکتێبی "شفاء السقام في زيارة خير الأنام " هەروەها ابن حجر الهيتمي له کیتابی "جوهر المنظم في زيارة قبر المعظم " هەروەها شمس الدين الرملي له "فەتاواکەی" وه القسطلانی له "مواهب اللدنية"ئەمانە بانگەوازکاری چەندین جۆر بوونە لەقەبر پەرستی بەڵام شێخی ئیسلام ابن تەیمیە تەکفیری نەکردون عوزری بەتەئویل بۆ داناون و عوزری ئەوەی داناوە کەخەڵك لەو سەردەمە ئەو شتانەیان نەزانیوە كه شيرك بێ

ئەوەتا شێخی ئیسلام دەربارەی البکری قەبر پەرست دەڵێ: "فإنه بعد معرفة ما جاء به الرسول نعلم بالضرورة أنه لم يشرع لأمته أن تدعو أحدا من الأموات

لا الأنبياء ولا الصالحين ولا غيرهم , لا بلفظ الاستغاثة ولا بغيرها , ولا بلفظ الاستعاذة ولا بغيرها , كما أنه لم يشرع لأمته السجود لميت ولا لغير ميت , ونحو ذلك , بل نعلم أنه نهى عن كل هذه الأمور , وأن ذلك من الشرك الذي حرمه الله تعالى ورسوله , لكن لغلبة الجهل وقلة العلم بآثار الرسالة في كثير من المتأخرين لم يمكن تكفيرهم بذلك حتى يتبين لهم ما جاء به الرسول e مما يخالفه ؛ ولهذا ما بينت هذه المسألة قط لمن يعرف أصل الإسلام إلا تفطن وقال هذا أصل دين الإسلام "

پاشان شێخی ئیسلام دەربارەی ئەو کەسانەی دەربارەی هەندێ جۆر لەشیرك نەزانیان هەیە و وادەزانن جائیزە دەڵێ کافر نابن مادام جاهیل بن دەڵێت :

ومنهم من يطلب من الميت ما يطلب من الله ، فيقول : اغفر لي ، وارزقني ، وانصرني ، ، ونحو ذلك كما يقول المصلي في صلاته لله تعالى ، إلى أمثال هذه الأمور التي لا يشك من عرف دين الإسلام أنها مخالفة لدين المرسلين أجمعين ، فإنها من الشرك الذي حرمه الله ورسوله ، بل من الشرك الذي قاتل عليه الرسول المشركين ، وأن أصحابها إن كانوا معذورين بالجهل ، وأن الحجة لم تقم عليهم ، كما يعذر من لم يبعث إليه رسول ، كما قال تعالى : ﴿وما كنا معذبين حتى نبعث رسولا﴾ , وإلا كانوا مستحقين من عقوبة الدنيا والآخرة ما يستحقه أمثالهم من المشركين"([10]) .

هەیە لەو خەڵکە دەپارێتەوە لەمردوویەك هەروەک چۆن دەپارێتەوە لە اللە و دەڵێ: لێم خۆشبە ڕزقم بدە سەرمبخە، هەروەک چۆن نوێژخوێن لەنوێژەکانی دەپارێتەوە لەخوا، وە ئەم کارانە هیچ کەس گومانی نیە کە شارەزای دینی ئیسلام بێت دەزانێ پێچەوانەی دینی هەموو پێغەمبەرانە و هەروەها لەوشیرکانەیە کەخواو پێغەمبەر حەرامیان کردوە بەڵکو لەو شیرکانەیە کە پێغەمبەر قیتالی بەهۆیەوە لەگەڵ موشریکان کردوە، ئەگەرچی خاوەنەکانیان عوزریان هەبێ بەنەزانی و ئیقامە حوجەیان لەسەر نەکرابێ هەروەك عوزری ئەوانەش دەدرێ کە پێغەمبەریان بۆنەچوبێ هەروەك اللە تعالی دەفەرمێت﴿وما كنا معذبين حتى نبعث رسولا﴾ئەگەر نا ئەوا وەکو موشریکان شایستەی سزا دەبون لەدونیا و قیامەت.

شیخی الإسلام ابن تیمیة دەڵێت " من أثبت لغير الله ما لايكون إلا لله، فهو كافر إذا قامت عليه الحجة التي يكفر تاركها " مجموع الفتاوى(١/١١٢).

دەڵێ: هەرکەسێك عیبادەتێك بۆ غەیری اللە جێگیربکات کە تەنها شایستەی اللە بێت، ئەوا کافر دەبێت ئەگەر ئیقامەی حوجەی لەسەرکرابێت "

تەنانەت ابن تەيميە چەندين تاقمى دياريكراو كە شيركيان تيايە حوكمى نەداوە بەسەريان بەشيرك وەكو ڕافيزە و تەتارەكان تەنانەت ئەو زانايانەى بانگخوازى شيرك بوون وەكو "تقى الدين السبكي"

تەنانەت ابن تەيميە حوكمى كوفرى نەداوە بەسەر ڕافيزەى دوانزە ئيمامەيە بەديارى كراوەيى مادام ئيقامە حوجە نەكرابن" والإمامية الاثنا عشرية خير منهم بكثير فإن الإمامية مع فرط جهلهم وضلالهم فيهم خلق مسلمون باطنا وظاهرا ليسوا زنادقة منافقين لكنهم جهلوا وضلوا واتبعوا أهواءهم"انظر : منهاج السنة النبوية

دەڵێ: دوانزە ئيماميە لەكافرەكان باشترن چونكە ڕافيزەى ئيماميە لەگەڵ ئەوپەڕى نەزانيان خەڵكێ موسڵمانيان تيايە بەڕوكەش و پەنهان موسڵمانن و زەنديق و مونافق نين بەڵام جاهيل و گومڕان و شوێنى هەوايان كەوتون"

هەروەها شێخى ئيسلام لەوەسفى ڕافيزەى ئيماميە دەڵێ "

" ويرون الدعاء والعبادة للموتى واتخاذ المساجد على القبور ويجعلون السفر إليها حجا له مناسك ويقولون مناسك حج المشاهد وحدثني الثقات أن فيهم من

يرون الحج إليها أعظم من الحج إلى البيت العتيق فيرون الإشراك بالله أعظم من عبادة الله"منهاج السنة النبوية (451/6) .

دەڵێ" ڕافیزە پارانەوە و پەرستنی مردوان بەڕەوا دەزانن و مزگەوت لەسەر گۆڕەکان بنیات ئەنێن و زیارەتی بۆ لادەکەن ئەڵێن ئەمە ڕێوڕەسمی حەجی مەشهەدەکانمانە تەنانەت کەسانی باوەڕپێکراوبۆیان باسکردوم ئەڵێن حەج کردن بۆلای مەشهەدەکانمان زۆر گەورەترە لەحەج کردن بۆلای کەعبە وە باوەڕیان وایە هاوبەشدانان بۆ خوا چاکترە لەعیبادەتی خوا"

ئینجا شێرکۆ ئەم وتەیەی شێخ ابو بطین دێنێ

شێخ ابو بطین ـ رحمه الله تعالى ـ لە تەعلیقی لەسەر ئەم قسانەی شێخی ئیسلام ئەڵێت : [سەیر بکەن چۆن جیاوازی ئەخاتە نێوان قسە شاراوەکان و بابەتە ئاشکاراکان ، لە بابەتە شاراوەکان ئەڵێت کوفرە : بەڵام ئەڵێت ئەوە هەڵەکارێکی گومرایە و ئیقامە حوجە نەکراوە تاکو تەکفیر بکرێت ، بەڵام لە بابەتە ئاشکراکان وای نەووت ، بەڵکو حوکمی ڕیدەی بەسەردان بە موطلەقی و جاهیلیشی ئیستیثناء نەکرد .

دیسان شێرکۆ بیارە بەهۆی ئەوەی لەکتێبە گومڕاکەرەی عارض الجهل شتەکان نەقڵ ئەکات ئەو کابرایەش عادەتی وایە کە وتەی زانایان ئەقرتێنی ئەیانهێنێ بۆ ئەوەی خەڵکی پێ چەواشەبکا

فەرموون با وتەکەی شێخ ابو بطین ـ رحمه الله تعالى وەکو خۆی بەتەواوی نەقڵ بکەین" فنظر إلى تفريقه بين المقالات الخفية والأمور الظاهرة ، فقال في المقالات الخفية التي هي كفر ، قد يقال : إنه مخطئ ضال، لم تقم عليه الحجة التي يكفر صاحبها ، ولم يقل ذلك في الأمور الظاهرة ؛ بل قال : ثم تجد كثيرا من رؤسائم وقعوا في هذه الأمور فكانوا مرتدين. فحكم بردتهم مطلقاً ، ولم يتوقف في الجاهل ، فكلامه ظاهر في التفرقة بين الأمور المكفرة الخفية ، كالجهل ببعض الصفات ونحوها، فلا يكفر بها الجاهل ؛ كقوله للجهمية: أنتم عندي لا تكفرون لأنكم جهال، وقال فيمن ارتكب بعض أنواع الشرك جهلاً: لم يمكن تكفيرهم لأنهم جهال كما قال في في المنكر لبعض الصفات جهلاً " .(10/355)

دەڵێ: بڕوانە لەجیاوازی کردنی ابن تەیمیە لەنێوان بابەتە شاراوەکان و بابەتە ئاشکراکان، لەبابەتە شاراوەکان کەکوفرە ڕەنگە بوترێ ئەوکەسە هەڵەیە گومڕایە ئیقامە حوجەی لەسەرنەکراوە تاکو خاوەنەکەی تەکفیربکرێ، بەڵام لەبابەتە ئاشکراکان ابن تەیمیە وای نەوت بەڵکو فرمووی: پاشان دەبینی زۆربەی سەرەکانیان توشی کەوتنە نێو بابەتە ئاشکراکان بوونە بۆیە مورتەدبونە. پاشان ابو بطین دەڵێ: حوکمی دا بەمورتەدبونەوەیان بە موتڵەق نەوەستا لەسەر نەزانەکانیان قسەکەشی ئاشکرایە لەجیاوازی کردنی شێخی ئیسلام لەنێوان ئەوبابەتانەی کوفرن و شاراوەن وەکو نەزانی بەهەندێ

لەسیفات ئەمە تەکفیر ناکرێ یان ئەو وتەیەی کەبەجەهمیەکانی دەڵێ ئێوە لای من کافرناکرێن چونکە جاهیلن هەروەها شێخی ئیسلام دەربارەی ئەوانەشی کە هەندێ جۆریان لەشیرک ئەنجام دابوو بەنەزانی فەرموی دەربارەیان ناتوانرێ تەکفیرکردنیان چونکە نەزانن هەروەك ئەوانەی ئینکاری هەندێ لە سیفات ئەکەن تەکفیری ناکردن لەبەر نەزانی ئەوکەسانەشی تەکفیر نەکردوە بەهۆی ئەنجامدانی شیرک بەهۆی نەزانیان."

چونکە تەکفیرکردنی ڕازی ڕوون وئاشکرایەعوزری نەبوو لای عەوام وخەواص بەڵام تەکفیرکردنی قەبر پەرستەکان وەکو بەکری ئەخنائی و سبکی تەئویلیان هەیە و جەهلیان هەیە ولای زۆربەی خەڵکی شاراوەیە...

جوان بڕوانن ئەوەتا ئەبو بطین نەهات بڵێ ابن تەیمیە لەکیتابەکەی الرد على البكري" هەندێ لەجۆری شيرك تەکفیر ناکات بەهۆی نەزانی نەهات بڵێ ئەمە دژ بەیەکیە لەنێوان وتەکانی وەک هەندێ لەخەڵکی دەیڵێن. تەنانەت شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب یش فەرمویەتی ئێمە لەزۆرێ لە وتەکانی ابن تیمیەمان ڕوانیوە تەکفیری کەس ناکات پێش لابردنی ئیشکال و ئیقامەی حوجە.

شێخ محمد بن عبدالوهاب لەکتێبی "مفيد المستفيد في كفر تارك التوحيد " لەتەعلیقێکی دا لەسەر وتەکانی -ابن تەیمیە- دەڵێ :" وهذا صفة كلامه في المسألة في كل موضع وقفنا عليه من كلامه، لايذكر تكفير المعين إلا ويصله بما

يزيل الإشكال أن المراد بالتوقف عن تكفيره قبل أن تبلغه الحجة" دەڵێ: ئەمە سیفەتی وتەکانی ابن تەیمیەیە لەسەر مەسەلەکان لەهەرشوێنێ کە بینیبێتمان، باسی تەکفیری دیاریکراو ناکات ئیلا پەیوەستی ئەکات بەلابردنی ئیشکال وە کەدەڵێ دەوەستم لەتەکفیرکردنی واتە پێش ئیقامەی حوجە."

پاشان پێویستە هەموو لایەک بزانن ئەو مەزهەبەی ابابطین و عبدالرحمن بن حسن و عبداللطیف ی کوری ڕەدیان داوەتەوە مەزهەبی داود بن جەرجیسی عێراقیە کاتێ داود بن جرجیس کۆمەڵێ درۆ و بوهتان دەداتە پاڵ شێخی ئیسلام ابن تەیمیەش کەگوایە شێخ کەس تەکفیر ناکات تەنانەت دوای ئیقامەحوجەش ئیلا مەگەر موعانید بێ وە گوایە دەڵێ ابن تەیمیە شیرکی قبوری بەشیرك دانەناوە بۆیە هەرکەس دەیەوێ بزانێ ابابطین و عبدالطیف بن عبدالرحمن کتێبەکانیان بۆ کێ نوسیوە بابچێ منهاج التأسیس بخوێنێتەوە هەربۆیە ئەگەر بزانی کتێبەکانی زانایانی دەعوەی نەجدی بخوێنیتەوە لەبابەتی عوزر بەجەهل پێویستە دوو جۆر خوێندنەوەت هەبێت.

یەکەم : پێویستە بزانی مەزهەبی ئەو کەسەی کەڕەدیان داوەتەوە تاکو بتوانی تەصەوری ئەو نازیلەیە بکەی قسەیان تێداکردوە.

دووەم : ناسینی هۆکاری دانانی کتێبەکان یارمەتی دەرە بۆ تێگەیشتنی وتەی زانایان.

هەربۆیە زۆربەی کتێبەکانی زانایانی نەجدی نوسراون بۆ ڕوداوێکی دیاریکراو

یان لەسیاقی ڕەدانەوەی ئەوانە نوسراوە کە دیفاعیان کردوە لەقبوریەکان کە ئیقامە حوجەکراون و دەعوەکەیان پێگەیشتوە...هتد

پاشان شێرکۆ بیارە ئەم ووتەیەی شێخ محمد نەقڵ ئەکات لەکیتابی عارض الجهل هوە

↓↓↓↓↓

شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب ـ رحمه الله‌تعالی ـ ئەڵێت :

[کەسی دیاریکراو ئەگەر کوفری کرد ئەوە حوکم نادەین بە کوفر لەسەری حەتا ئیقامە حوجە نەکرێت کە تەکفیری تاریکەکەی ئەکرێت ، ئەوە لە بابەتە شاراوەکانە کە بەڵگەکانی شاراوەن لای هەنێک لە خەڵکی ، بەڵام ئەوەی بکەوێتە ناو کوفر لە بابەت ئاشکرا و ڕوونەکان یان ئەو بابەتانەی کە پێوست و زەڕورە بزانرێت لە دیندا ئەوە ناوەستین لە تەکفیرکردنی ئەو کەسەی کوفرەکە ئەڵێت]

وەڵام بۆ تێنگەیشتنی شێرکۆ لەم وتەیە /

شێخ دەڵێ " ئەمە لەوبابەتە شاراوانەی کە بەڵگەکانیان لای هەندێ لە خەڵکی شاراوەن " ئەوا من تەکفیریان ناکەم " شێخ باسی ئەو بابەتانە ئەکات لای خەڵك شاراوە بن جا شیرك بێت یان هەرشتێ تر بێت مادام لای خەڵك شاراوە بوون نەیان ئەزانی بەڵگەن لەسەر شیرك ئەوا تەکفیر ناکرێن ، چونکە

پێشتر باسمان کرد ئاشکرابوون و شاراوەبوون تەنها پەیوەندی نیە بەخودی بەڵگەکانەوە بەڵکو دەبێ لەناو خەڵکیش عیلم بەو بابەتە بەربڵاو و ئاشکرا بێت، پاشان دەڵێ ئەما ئەو بابەتانەی کە لەخەڵکی ڕوو ئەدات کە ئاشکران و دیارن وەك ئەوشتانەی کە معلومن لەدین بەزەڕوڕەت لەیەك ئاست باسی کردن ئائەم بابەتە ئاشکرا و ڕوونەیە کە ناوەستین لەتەکفیری خاوەنەکەی. بۆیە جوان تێگەیشتن زۆر گرنگە ئەگەر خوا پێت ببەحشێت. یان ئەگەر خۆت گێل نەکەی بەمەبەست."

جادوبارە پێتان ئەڵێینەوە هەموو ئەو ووتانەی زانایان و مەشایخی دەعوەی نەجدی فەرموویانە دەربارەی کەسان و خەڵکانێ بوە کە عیلمیان هەبوە و پێشتر شێخ چەندین نامەی بۆ ناردون و ئیقامەی حوجەی کردون بەبەڵگەی مێژوویيەوە ئەیسلمێنین بچن سەیری تاریخی ابن غنام و الدررالسنیه و کشف الالتباس عن مسألة العذر بالجهل في الشرك

وەلامی وانەی 3 قاعیدە گومڕاکەرەکان

دوای ئەوەی کابرا هیچی دەست نەکەوت کۆی بکاتەوە بۆ سەرخستنی باطل ەکەی دوبارە بەردەوامە لەگواستنەوەی ووتە تەزویرکراوەکانی کتێبی

عارض الجهل ی خاریجی سەلولی هەستاوە ئەم ووتانەی وەرگێڕاوە بەکوردی بۆ دەرویێش نەخوێنەوارەکانی دەوروبەری

ئەم جارەش هاتووە هەندێ وتەی تری هێناوە گوایە ئەو زانایانە ئەڵێن عوزر بەجەهل نیە وەك ئەمانەی خوارەوە:-

٢ ـ [شێخ علی القاري کە یەکێکە لە زاناکانی ئەحناف پاش ئەوەی باسی خیلاف ئەکات لە ناو زانایانی حەنەفی لەسەر ئەوەی کەسێک ووشەیەکی کوفری بڵێت و نەزانێت کوفرە ئەو ووشەیە ، هەنێک ئەڵێن : کافر نابێت لەبەر بوونی عوذر بە جەهل ، وە هەنێکی تر ئەڵێن : کافرە و عوذری نیە بە جەهل ، شێخ عەلی ئەڵێت : ئەوەی یەکەم کە ئەڵێت کافر نابێت لەبەر بوونی عوذر بەجەهل ئەوە کاتێکە کە لەو بابەتانە نەبێت کە پێویست و زەرورە لە دین بزانرێت واتە بابەتی شاراوە بێت ئەگەرنا کافر ئەبێت و عوذری نیە بە جەهل]

وەڵام / زانایان ئەفەرموون ئەم وتەیەی شێخ عەلی قاري کەدەڵێ عوذر بەنەزانی نیە لەو بابەتانەی کەپێویستن زەڕوڕن زانینیان لەدین لەبەرئەوەی ئەو بابەتانە ئاشکران بۆ هەموو خەڵکی کە لەدیندا ئەمری پێکراوە یان قەدەغەکراوە وەك ئەمرکردن بەپێنج فەڕزەی نوێژەکان و ڕۆژوو و زەکات و حەج هەروەها وەك حەرام بونی زینا ریبا و دزی قومار و کوشتن، بۆیە

بەهیچ شێوەیەك شێخ عەلی قاري ظهوری خودی بەڵگەکە لەشەرعدا ناکات بەپێوەری معلومی یان زاهیربونی هەروەها بەهیچ شێوەیەك باس لەوە ناکات کەوا کەسێکی موسڵمان بەدیارێکراوەیی توشی شیرکێ ببێت راستەوخۆ کافربێت و هیچ شروط و موانعێ لەحەقی ڕەچاو نەکرێت یان جەهل بەهیچ جۆرێ پێش بونی ئیقامە حوجە بەهەند وەرنەگیرێ. بۆیە بەم شێوە گشتیە وتەی زانایان بەپێنرێ بۆخۆت قیاساتی بۆ بکەی و شێرو ڕێوی بۆ بێنیتەوە ئەوە تەحریف کردنی وتەی زانایانە و بوهتان کردنە بۆیان بەشتێ کەنەیان وتوە.

٣ ـ القاضي عياض له كتابى [الشفا بتعريف حقوق المصطفى] ئەڵێت :

[عوذر بۆ هیچ کەسێک نیە کوفر بەکات بە جەهل و نەزانی]

وەڵام// ئەم شێرکۆیە سبحان الله زۆر نەزانە یان زۆر چەواشەکارە چونکە قاضي عياض ئەو قسانە لە گەورە گومڕاکانی وەك جاحظ و أبو بكر الباقلاني و داودی ئەصبهاني نەقڵ دەکات کە موعتەزیلەن و باوەڕیان وایە عەقیدە لەعەقڵ و استدلالی عەقڵیەوە وەردەگیرێ نەك لەنصوصی شەرعی بۆیە هەرکەسێ لای ئەوان بەڕێگایانەدا عەقیدەی وەرنەگرتبێت بەکافریان زانیوە و تەنانەت ئەڵێن ئەوکەسەی جەهلی هەبێت لە یەك سیفەتی خوا کافرە.بڕوانە کتێبی الشفا لاپەڕە 169 تاکو 175 "

٤ ـ ئیمامی القرافي مالیکی ئەڵێت :

[له بەر ئەوە اللە تعالى عوذرى بە جەهلى دانەناوە لە ئەصڵەكانى دين بە ئيجماع]

وەڵام / بەهەمان شێوەى پێشوو شێركۆ بەردەوامە لەنەقڵ كردن لەسەرانى ئەهلى بيدەع و گومڕايى بۆ جێگيركردنى گومڕابونەكەى، هاتووە وتەى قەڕافى هێناوە كە ئەم كابرايە بەهەمان شێوە يەكێكە لەهاوبيرانى مەدرەسەى موعتەزيلە و لەسەر ئوصولى موعتەزيلەيە باوەڕى وايە هەركەسێك هەموو هەوڵى خۆى بخاتە گەڕ بەڵام هەڵەبكات لەيەك سيفەت و ناوى اللە تعالى ڕاستەوخۆ كافر ئەبێت چونكە هەموو عەقيدە و تەوحيد بەفيترەت زانراوە و نەزانى ڕووى تێناكات ئا ئەليڕەوەيە ئەم نەخۆشيە گوێزراوەتەوە بۆ ئەمانە.

٥ ـ [ئيمامى السيوطى نەقڵى ئەكات لە ئيمامى الزركشى شافيعى خاوەنى كتێبى [البرهان في علوم القران] لەو بابەتەى كە ئەڵێت عوذرى تێدا قەبوڵ نيە بۆ هيچ كەسێك بە جەهل، وە هيچ كەسێك توشى تەلبيس نابێت لە فەهم و تێگەيشتنى وە نمونەى تەوحيد و ئەداكردنى نوێژەكان و دەركردنى زەكات ، پاشان ئەڵێت : ئا ئەم بەشانە عوذر بۆ هيچ كەسێك نيە كە بانگەشەى جەهل بكات بە واتاكانى لەفزەكانى ، چونكە بۆ هەموو كەسێك زانرا و مەعلومە بە زەڕوڕەت].

وەڵام / ئیمامی سیوطی دێنێ لەکاتێکدا هەر نازانێ ئیمامی سیوطی کێ یە ؟ ئیمامی سیوطی ئیمامە لە بەڕەوادانی شیرکی قبور و تەوسولی شیرکی ، بەڵام لای شێرکۆ بیارە ئەوشتانە کێشە نیە گرنگ ئەوەیە قسەیەکی هەبێت مەزهەبەکەی پێ سەربخات گرنگ ئەوەیە زۆری و بۆریەك کۆبکاتەوە ئەو دەروێشانەی پێ کوێر بکات، چونکە سیوطی بەپێی مەزهەبەکەی شێـرکـــــۆ بێت کافرە و موشریکە باشە قسە لەکافر و موشریك وەردەگیرێ ؟؟؟ سەیرە !!!هەروەها سیوطی لەعەقیدەشدا کاریگەربووە بە عیلمی کەلام و منطق و لەسەر رێچکەی ئەشاعیرە و إعتیزال بووە، هەروەها ئەو وتەیەشی کەدەڵێ عوزر نیە لەو بابەتانە چونکە ئەوبابەتانە بەپێویستیە زانراوەکانی دین ناسراون ناو هەموو خەڵکی بڵاوە ناسینی، هەرگیز ئەو ووتەیە باسی ئەوەی تیانیە کەوا کەسێ موسڵمان توشی شیرك ببێت لە عیبادەت پێش ئیقامە حوجە کافر ببێت بەدیاری کراوی، پاشان چۆن ئەوەی تیابێ لەکاتێکدا سیوطی خۆی لە سەرانی قبوریة. کەواتە ماموّصا شێرکـــــۆ" یعرف بما لایعرف "

هەروەها سیوطی خۆی دەڵێت: من یقبل منه الجهل ومن لایقبل، کل من جهل تحریم شيء مما یشترك فیه غالب الناس، لم یقبل، إلا یکون قریب عهد بالإسلام، أو نشأ ببادیة بعیدة یخفی فیها مثل ذلك: کتحریم الزنا والقتل

والسرقة والخمر، والكلام في الصلاة والأكل في الصوم "الأشباه والنظائر 357
دەڵێ: ئەوەی جەهلی لێ قبوڵ دەکرێت و ئەو کەسەی جەهلی لێ قبوڵ ناکرێت، هەرکەسێك حەرام بوونی شتێك نەزانێ کەزۆربەی خەڵکی هاوبەشبن لەزانینی ئەوا نەزانینی ئەوشتەی لێ قبوڵ ناکرێت، تەنها ئەگەر تازە موسڵمان بوبێت یان لەشوێنێکی دوور لەعیلم گەورە بوبێت شتانی ئاوای تێدا شاراوە بێت، وەك حەرامی زینا و کوشتن دزی عارەق قسەکردن و خواردن لەناو نوێژ."

پاشان ئەم قەولە دێنێتەوە

٦ ـ ئیمامی ابن القیم ئەڵێت :

[ئیسلام بریتیە لە تەوحیدی الله تعالی و عیبادەتکردن بۆی بە تەنها و بەبێ شەریک و هاوەڵ ، وە ئیمان هێنان بە الله تعالی و ڕەسولەکەی ، وە شوێنکەوتنی ئەوەی پێیهاتووە ، جا هەر بەندەیەک بەمەوە نەیات پێی ناوترێت موسڵمان ، جا ئەگەر کافرێکی عیناد نەبێت ئەوە کافرێکی جاهیلە ، مەبەست و غایە لەم چینە ئەوەیە کە کافری جاهیلن و عیناد نین ، جا عیناد نەبوونیان دەریان ناکات لەوەی کە کافرن ، چونکە ئەو کافرەی کە ئینکاری تەوحیدی الله تعالی ئەکات و پێغەمبەرەکەی بە درۆ ئەخاتەوە ، یان عینادە ، یان جاهیلە و تەقلیدی ئەهلی عینادی ئەکاتەوە]

وەڵامی/ جارێ با وتەکەی ئیمامی ابن القیم وەکو خۆی بهێنین بزانین چی دەڵێ:

"الطبقة السابعة عشرة: طبقة المقلدين وجهال الكفرة وأتباعهم وحميرهم الذين هم معهم تبعاً لهم يقولون: إنا وجدنا آباءَنا على أُمة، ولنا أُسوة بهم. ومع هذا فهم متاركون لأهل الإسلام غير محاربين لهم، كنساءِ المحاربين وخدمهم وأتباعهم الذين لم ينصبوا أنفسهم لنا نصب له أُولئك أنفسهم من السعى فى إطفاءِ نور الله وهدم دينه وإخماد كلماته، بل هم بمنزلة الدواب. وقد اتفقت الأُمة على أن هذه الطبقة كفار وإن كانوا جهالاً مقلدين لرؤسائهم وأئمتهم إلا ما يحكى عن بعض أهل البدع أنه لم يحكم لهؤلاءِ بالنار وجعلهم بمنزلة من لم تبلغه الدعوة، وهذا مذهب لم يقل به أحد من أئمة المسلمين لا الصحابة ولا التابعين ولا من بعدهم، وإنما يعرف عن بعض أهل الكلام المحدث فى الإسلام.

وقد صح عن النبى صلى الله عليه وسلم أنه قال: "ما من مولود إلا وهو يولد على الفطرة فأبواه يهودانه أو ينصرانه أو يمجسانه"، فأخبر أن أبويه ينقلانه عن الفطرة إلى اليهودية والنصرانية والمجوسية، ولم يعتبر فى ذلك غير المربى والمنشإِ على ما عليه الأبوان.

وصح عنه أنه قال صلى الله عليه وسلم: "إن الجنة لا يدخلها إلا نفس مسلمة"، وهذا المقلد ليس بمسلم، وهو عاقل مكلف، والعاقل المكلف لا يخرج عن الإسلام أو الكفر.

وأما من لم تبلغه الدعوة فليس بمكلف فى تلك الحال، وهو بمنزلة الأطفال والمجانين.وقد تقدم الكلام عليهم.

والإسلام هو توحيد الله وعبادته وحده لا شريك له، والإيمان بالله وبرسوله واتباعه فيما جاءَ به، فما لم يأْت العبد بهذا فليس بمسلم وإن لم يكن كافراً معانداً فهو كافر جاهل.

فغاية هذه الطبقة أنهم كفار جهال غير معاندين، وعدم عنادهم لا يخرجهم عن كونهم كفاراً فإن الكافر من جحد توحيد الله وكذب رسوله إما عناداً وإما جهلاً وتقليداً لأهل العناد.

دەڵێ: پلەکانی موکەلەفەکان لە مەنزڵگای دواڕۆژ و چینەکانیان تیایدا : چینی حەقدەیەم : چینی چینی لاسایی کرەوەکان و کافرە نەزانەکان وشوێنکەوتەکانیان و کەرەکانیان ئەوانە لەگەڵ گەورەکانیانن (دەڵێن) [ئێمە باوکانمان لەسەر ڕێیازێ بینیوە بەشوێنی ئەواندا ئەڕۆین](سوڕەتی زوخروف-22) (ئەوان پێشەنگی ئێمەن لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانە شەڕ و دژایەتی موسڵمانان ناکەن) وەکو ژن و کارگوزارەکانی موحاربەکانیان کە هیچ شەڕێکیان نیە بەرامبەر دینی خوا و موسڵمانان، بەڵکو لەمەنزیلەتی ئاژەڵانن، ئومەتی ئیسلام کۆکن

لەسەر ئەوەی ئەمانە کافرن ئەگەر چی نەزان و موقەلید بن بۆ گەورە و پێشەواکانیان، (ئیلا ئەوە نەبێ کە لەهەندێ ئەهلی بیدەع دەگێردرێتەوە دەڵێن ئەمانە ئەهلی ئاگر نین و دەعوەیان پێ نەگەیشتوە)ئەمەش مەزهەبێکە هیچ یەکێ لەپێشەوایانی موسڵمانان و صەحابە و تابیعین و دوای ئەوانیش شتی وایان نەوتوە، بەڵکو ئەم قسەیە لەهەندێ لە ئەهلی کەلامەوە وەرگیراوە، وە ئەم ژن و کارگوزار و شوێنکەوتانە موسڵمان نین چونکە عاقڵ و موکەلەفن کەسێ عاقڵ و موکەلەفیش بێ یان موسڵمانە یان کافرە، بەڵام ئەوانەیان کە دەعوەی ئیسلامیان پێ نەگەیشتوە لەوکاتەدا موکەلەف نین و لەپلەی منالّان و شێتەکان هەژمارئەکرێن، چونکە ئیسلام بریتیە لە تەوحید و بەتەنها پەرستنی اللە و باوەڕهێنان بە اللە و ڕەسولەکەی وشوێنکەوتنی دینەکەی، (جائەگەر بەندە بەم شێوەیە نەبێ ئەوا موسڵمان نیە چونکە ئەگەر کافرێکی عیناد نەبێت کافرێکی ئەوا کافرێکی نەزانە، جا ڕاستترین حاڵی ئەم چینە ئەوەیە کە کافرانی جاهیلن و کافرانی عیناد نین، (وە کە عینادیش نین دەریان ناهێنێ لەوەی کافرنەبن)[ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی شتێ نیە لای ابن القیم ناوی موشریك بێ بەڵام نەکافر بێ و نەموسڵمان] چونکە کافر ئەو کەسەیە ئینکاری یەکانەیی اللە بکات و پێغەمبەرەکەی بەدرۆ دابنات جا بەعینادی بێت یان بەهۆی تەقلید بێ بۆ ئەهلی عیناد "کۆتایی هات وتەکەی ابن القیم.

( )نوسینەکانی نێو کەوانەکان واتە ئاگاداری بە سەیری بکە بەپێی ئەم ووتانە بۆت ئاشکرا ئەبێ ئیمامی ابن القیم ئەم قسانە دەربارەی کافری ئەصلی ئەکات کە موسڵمان نەبوونە بەڵام نەزانن وەکو ژن و کارگوزار و شوێنکەوتەی گەورەکانیان هەروەها ڕەدی ئەهلی بیدەع ئەداتەوە کە دەڵێن ئەو چینە مادام نەزانن ناچنە ئاگرەوە ، هەروەها باس لەچۆنێتی موسڵمان بونیان دەکات، نەك باسی ئەوە بکات موسڵمانێ بەنەزانی توشی شیرك بێ ئیقامەی حوجە نەکرابێ نەزانیەکەی بەهەند وەرنەگیرێ و عوزری نەبێ و کافربێ. هەروەها [ ] ئەم جۆرە کەوانەیە نوسینەکەی ناوی تعلیقی خۆمە لەسەر ئەو وتەیەی ابن القیم جوان سەیری بکە.

هەروەها ئیمام ابن القیم دەڵێت" إعتراف العبد بقیام حجة الله علیه من لوازم الإیمان. أطاع أم عصى. فإن حجة الله قامت على العبد بإرسال الرسول وإنزال الكتب، وبلوغ ذلك إليه، وتمكنه من العلم به. سواء علم أو جهل فكل من تمكن من معرفة ما أمر الله به ونهى عنه فقصر عنه ولم يعرفه فقد قامت عليه الحجة"

دەڵێ: داننانی بەندە بەوەی بەڵگەی خوا بەرپایە لەسەری لەپێویستیەکانی باوەڕە گوێڕایەڵ بێ یان سەرپێچیکار بەڵگەی خوا بەرپاکراوە لەسەر بەندە بەناردنی پێغەمبەران و دابەزاندنی کتێبەکان گەیشتنیان پێی وەهەروەها بونی توانای فێربونی جا یەکسانە بزانێ یان نەزانێ مادام توانای ناسینی فەرمایشت و

قەدەغەکراوەکانی خوای هەبێت بەڵام کەمتەرخەمی تیابکات و نەیناسێت ئەوا ئیقامە حوجە کراوە."

هەروەها شێـرکـــۆ ئەم وتەیەی شێخ محمد دێنێتەوە

↓↓↓

٧ ـ شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب لە کتابی " کشف الشبهات " ئەڵێت : [ئەگەر زانیت ئینسان بە کەلیمە و ووشەیەک کافر ئەبێت کە لە زمانی دەرئەچێت ، وە ئەیڵێت و جاهیل و نەزانە ئەوە عوذری بۆ نیە بە جەهل ، لە کاتێکدا ئەو قسە ئەکات وا گومان ئەبات لە اللە تعالی نزیکی ئەکاتەوە]

وەڵام / ئەم وتەیەی شێخ محمد بن عبدالوهاب لە کتێبی کشف الشبهات " هاتووە جا بابزانین یەکێ لەو هۆکارانەی شێخ محمد بەهۆیەوە هەستاوە بەنوسینی کتێبی کشف الشبهات چیە؟ ابن غنام لەتاریخەکەیدا باسی ئەوەدەکات کەبۆچی شێخ محمد ئەو کتێبەی نوسیوە یەکێك لەو **هۆکارانەی کە** کتێبەکەی بۆ نوسراوە ئەوەیە کەوا کەسانێ هەبوون ئیدیعای ئەوەیان ئەکرد هیچ کەس کافر نابێت و بەمورتەد هەژمارنابێ ئیلا ئەو کەسە نەبێ لەئیسلام دەربچێت وبێ بەیەهودی و یان بەنەصرانی و دینەکەی بگۆڕێ خەڵکی وایان ئەزانی مورتەد و هەڵگەڕاوە بەس ئاوایە شێخ

محمدیش بۆیان ڕوون ئەکاتەوە کە بەتەنها انتساب کردن بۆ ئیسلام و وتنی شایەتمان کافی نیە بۆ ئەوەی بتپارێزێ لە هەڵگەڕانەوەو دەرچوون لە ئیسلام کاتێ هەڵوەشێنەرەوەیەکی ئیسلامت ئەنجام دابێت هەروەك بۆ هەمان مەبەست کتێبی " مفيد المستفيد "ی نوسی، هەروەها زانایان دەفەرمون ئەو دەربڕینەی شێخ تایبەت نیە بە شیرك بەڵکو تایبەتە بەموتڵەق کوفری ئەکبەر و عیبارەیەکی مجمل ە و لەسەر إطلاق نیە هەروا بەڕەهایی بەڵکو ئەوە حوکمێکی گشتی باسیکردوە چۆنێتی تنزیل کردنی حوکمەکە لەکتێبەکانی تری بەتەفصیل شیکردۆتەوە، لێرە تەنها وەکو نمونەیە باسی کردوە " بڕوانە کتێبی کشف الإلتباس(لاپەڕە 280).

پاشان شێرکۆ ئەم قەولە نەقڵ ئەکات

٨ ـ شێخ عبدالرحمن بن حسن ئەڵێت :

[[هیچ گومانی تێدا نیە کە اللە تعالی عوذری نەداوە بە ئەهلی جاهیلی لە شیرکی گەورەدا لەکاتێکدا کە کیتابیان نەبووە ، جا چۆن عوذر ئەدات بە ئومەتێک کە کتابی اللە تعالی لە نێوان دەستەکانیان دایە و ئەیخوێنن‌ەوە کە ئەوە حوجەتی اللە تعالی یە لەسەر بەندەکانی ، اللە تعالی ئەفەرموویێت :

[هَـٰذَا بَلَاغٌ لِّلنَّاسِ وَلِيُنذَرُوا بِهِ وَلِيَعْلَمُوا أَنَّمَا هُوَ إِلَـٰهٌ وَاحِدٌ] إبراهِيم (٥٢)

[هَـٰذَا بَلَاغٌ لِّلنَّاسِ] ئەم قورئانە راگەیاندنێکی گەورەو مەزنە بۆتەواوی

خەڵکانی جیهان لەهەر جێگایەکدا بن، لەجێگایەکی تری قورئاندا ئەفەرموێ: [.. لأنذركم به ومن بلغ..] [وَلِيُنذَرُوا بِهِ] و هەتا هەموو خەڵکێکی لەسزای خوا پێ بترسێنرێت [وَلِيَعْلَمُوا أَنَّمَا هُوَ إِلَٰهٌ وَاحِدٌ] تاچاکیش بزانن کەئەو خوایە، خوایەکی تاک و تەنیاو بێ شەریک و بێ هاوەڵە .]

وەڵام/ وەکو لەوەڵامەکانی پێشترمان پوونمانکردەوە ناکرێت تۆ وتەیەکی زانایەك لەزانایانی نەجدی نەقڵ بکەی و نەزانی بۆکێ ئەو قسەیەیان کردوە چونکە هەموو وتەکانی ئەوان دەربارەی کەسانێ بووە کە دەعوەکەیان پێگەیشتوە و بۆیان پوونکراوەتەوە چەندین نامەیان بۆ نێردراوە بەتایبەتی کە سەردەمی شێخ محمدی کوری عبدالوهاب کە خاوەنی دەعوەکەبوو خۆی نامەی ئەنارد و قوتابیەکانی ئەنارد بۆ هەموو جەزیرەی عەرەبی تاکو دەعوەی تەوحیدیان بۆ نوێ بکەنەوە إقامە حوجە هەر لەو سەردەمە کراوە چ جای دەیان ساڵ دوای ئەو هەموو عیلم و دەعوەیە ئەصلەن لەو ناوچەیە کەس عوزی نەمابوو بۆیە دوای دەیان ساڵ ئەوجا شێخ عبدالڕحمن کوری حەسەن ئەم قسەیە دەفەرمێت کەواتە ئەم وتانە بۆ کەسانێ بوە دینیان بۆ پوون کراوەتەوە.

[هەروەها شێخ عبدالرحمن بن حسن لە تەعلیقێکی دا لەسەر حادیسەی "ذات أنواط" دەڵێت : کە لەفەرموودەکە دەڵێت "نحن حدثاء عهد بکفر"ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئەهلی مەککە تازە موسڵمان بوون هەربۆیە ئەم شیرکەیان لێ خەفی بوو و شاراوەبوو بەپێچەوانەی ئەوانەی زووتر موسڵمان بوون](قرة عيون الموحدين)ص74

هەروەها کوڕە مامی شێخ عبدالرحمن شێخ سلیمان بن عبدالله آل الشیخ لەسوودەکانی فەرموودەی "ذات أنواط" دەڵێت[هەرکەسێك ویستی شیرکێك ئەنجام بدات بەنەزانی نەهی لێکرا و وازیهێنا ئەوا کافر نابێت]تیسیر العزیز الحمید ص 185 بڕوانە کتێبی الجامع شێخ عبدالقادر عبدالعزیز لاپەڕە 351

پاشان شێرکـــــــۆ بەڵگە دێنێتەوە بەوتەی موفتی عامی سعودیە ئەو موفتیەی کەماموّستای ابن بازی طاغوت بوە کەهەردوکیان موفتی وڵاتێکی بەکرێگیراوی ئەمریکی بوون، بەڵام لای دیارە لای شێرکۆ کێشە نیە مادام خزمەت بابەتەکەی بکات زیاتر خشت و خۆڵی پێ کۆبکاتەوە هەر ئەوەنەی پێ ئەڵێم ئەوەنەی بەس بێت↓

پرسیار لە شێخ محمد بن ابراهیم ئەکەن ، ئایا عوذر بەجەهل هەیە لە تەوحید دا ؟

فەرمووی : تەوحید جەهلی تێدا نیە ، وە جەهل نیە لە تەوحید چونکە ئەمە پێچەوانە و دژی دینە ، ئایا جەهل و نەزانین هەیە لە ڕۆژدا ؟!
وەڵام / چونکە بەحیسابی خۆیان دەوڵەتەکەیان دەوڵەتی تەوحیدە و عیلم تیایدا ئاشکرایە وەکو ڕۆژی ڕوناك .

پاشان شێرکـــــۆ ئەم وتەیە نەقڵ ئەکات

↓↓

٩- بە صەحیحی لە هاوەڵی بەڕێز ابن عباسەوە هاتووە - رضي الله عنه - دەربارەی قەومی نوح ئەڵێت :
[فلما نوسي العلم عبدت] عیبادەتکردن لە کات و زەمانی جەهل ناوی نان عیبادەتکاران بۆ غەیری الله تعالی لەگەڵ جەهلەکەیان .
وەڵام // ئەوانەی ئەڵێن بیانوو بەنەزانین نیە بەشێوەیەکی ڕەها ئەثەرێك لە ابن عباس هوە نەقڵ دەکەن کە دەڵێت_ فلما نُسي العلم عبدت]
واتە کاتێ عیلم لەبیرکرا لەناو قەومی نوح ئائەو پیاوچاکانە پەرستران.
جا بزانین ئیمام القسطلانی لەشەرحی بوخاری (7/401) دەربارەی ئەم قەولەی ابن عباس چی دەڵێت کە دەڵێت- نسي العلم- اي زالت معرفة الناس بأصل نصبها)ونسي الناس لما صور آباؤهم هذه الصور .

واته: لەبیرچونی عیلم واته خەڵك نەیان ئەزانی بۆچی ئەو بت و وێنانە دانراون. کەواتە باسی نەزانی بەتەوحید هەر لەبنچینەوە تیانیە تاکو بڵێیت ئەوانە جاهیل بوونە ئەو حوکمەی لەسەر بدەی

پاشان شێرکۆ ئەم قەولە نەقڵ ئەکات ↓

١٠ ـ قەولی " ابن منده " له کتابی [التوحید] له بابی باسکردنی بەڵگە لەسەر " المجتهد المخطيء " له ناسینی الله تعالی و وەحدانیەتی و تاک و تەنهای الله تعالی ئەڵێت وەک موعانید وایە . سەرنج بە ئیجتیهادی هەڵەش قەبوڵ نیە لە تەوحید دا چ جای جەهل و نەزانین .

↓

وەڵام / ئەم کتێبی عارض الجهل هیچی دەستناکەوێ بیکات بەبەڵگە بۆخۆی ئیلا وتەی ئەو زانایانەی ئەهلی سوونە نەبێت کە لەهەندێ بوارەکانی عەقیدە کاریگەربوون بە بیدعەی موعتەزیلە چونکە سەردەمەکەیان وابووە زۆربەی مامۆستاکانی ئەوکاتە سەرانی اعتیزال بونە جا ئیمام ابن منده ش بەشێک لەو وتانەی لەیەکێ لەمامۆستاکانی وەرگرتوە

بەناوی أبو العلاء الحسن بن العطار الهمداني كه خاوەنی عیلمی كەلام بووه چەن فەتوایەكی عەقیدەی لێ وەرگرتوه ئەمەش یەكێكە لەوانە.

پاشان ئەو وتەیەی ئیمام ابن منده له كتێبەكەیدا لەسیاقی باسكردنی تەوحیدی ربوبیەت ئەو قسەیەی كردوه بەڵگەیەكی ترلەسەری ئەوەیە كه دەڵێ(**فی معرفة الله** عزوجل ووحدانیته كالمعاند) وه تەوحیدی ربوبیەت لای زانایانی كۆن بەتەوحیدی المعرفة والإثبات ناویان لێ نابوو، جا شێخ لەلاپەڕەكانی پێشووی كتێبەكەی بەڵگەكانی تەوحیدی ربوبیەتی باسكردوه پاشان ئەم قسەیەی كردوه ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی باسی تەوحیدی ربوبیەت دەكات كه لەفیترەت جێگرە و عوزر لەمەدا نیە نەك ئولوهیەت. بروانه كتیبی التوحید لاپەرە 261 چاپی دار الفضیلة

پاشان شیـــــركۆ وتەی ئیمامی قورتوبی دێنێتەوە ↓

١١ ـ قەولی القرطبی له تەفسیرەكەیدا له ئایەتی میثاق له كۆتایەكەیدا ئەڵێت : عوذر بۆ موقەلید نیه له تەوحید دا .

لەوەڵامدا / ئەبێ سەرەتا بزانین ئیمامی قورطبی سەرچاوەی ئەم وتەیەی لەكوێیەوە وەرگرتوه بەپێی چ بنەمایەك ئاوا دەڵێ ؟

ئیمامی قورتوبی ڕحمه الله- سەرەڕای ئەوەی ئیمامێكی گەورەیه و خاوەن

تەفسیرێکی مەزنە و خاوەن جوهدێکی زۆربوە بەڵام ئەویش وەکو هەموو بەشەرێك توشی هەڵە و پێکان دەبێت لێی وەردەگیرێت و لێی ڕەت ئەکرێتەوە، پاشان گومانی تێدا نیە ئیمامی قورتوبی لەسەر مەنهەجی ئەشاعیرە بووە لەعەقیدە و ئەسماء و صیفات و موئەویلەیە لەتەفسیری اسماء وصفات هەروەها هەموو تەفسیرەکەی لەسەر مەهەجی ئەشاعیرە نوسیوە هەروەک شێخ خالد المشیقح دەڵێت ئەگەر کەسێك زۆر شارەزا نەبێت لەبوارەکانی عەقیدەی ئەهلی سوونە چونکە توشی لێ تێکەڵ بوون دەبێت.

پاشان شیـــــرکۆ دەڵێ↓

وە قسەی زانایان زۆر زۆرن لەم بارەوەیە بۆ ئەوەی درێژ نەبێتەوە هەمووی نەقڵ ناکەین ئەگەرنا لە ژمارە نایات .

[قسەی ئەو زانایانە زۆرن کە موافقی ئەهلی سونەت نەبن بەڵێ ئەوانە زۆرن کە بتوانی بیانهێنێ و خەڵکانی ساویلکەی پێ چەواشەبکەی]

پاشان دێت لە بابەتی هەشتەم .

ڕەد و وەڵامی ئەو کەسانەی ئینکاری ئەکەن لە دابەشکردن و جیاوازی کردن لە نێوان ئەصڵەکانی دین و فەرعەکانی . ئەداتەوە و ئەڵێ : شێخی ئیسلام ابن تەیمیە کەدەڵێ ئەصلی دین و فروعی دین هیچ بنەمایەکی نیە مەبەستی پێی ئەو ووتە وبنەما باتڵانەیە کەئەهلی بیدەع پەیوەستی ئەکەن

پێی که هەرکەسێ خاوەن ئەو ئەصلانەی ئەوان نەبێت یان پێی نەهاتبێ ئەوا کافرە کە حوکم لەسەر ئەو دابەشکاریە بڕیار ئەدەن !!!!

↓

لەوەڵامیدا / من أين لك هذا الفهم السقيم ، ئەم چەواشەکاری و تەحریفەت لەکوێ هێنا ، ئەم لێکدانەوەیەت باطل ە چونکە ئەو وتەیەی شێخی ئیسلام دەربارەی ئصولی دین و فروعی دین هاتوە کە دەفەرمێت[هەرکەسێك لە بڕوادارانە هەوڵ بدات لەداواکردنی حەق بەڵام هەڵە بکات ئەوا بەڕاستی خوا لەهەڵەکەی خۆش ئەبێت ئەگەر لەبابەتی عەقیدەیی بێت یان یان لەبابەتی کردەوەیی ئەمەش کەلەسەرێتی هاوەڵانی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلّم، وە جەماوەری پێشەوایانی ئیسلام بابەتەکانیان دابەش نەکردوە بۆ بابەتی ئوصول کە ئەگەر کەسێك ئینکاری لێ بکات کافربێت و بابەتی فروع کە کەسێك ئینکاری لێ بکات کافر نەبێت. هەربۆیە جیاوازی کردن لەنێوان ئەوەی ئەمە بابەتی ئوصول و ئەمە بابەتی فروعە ئائەم جیاوازی کردنە هیچ بنەمایەکی نیە نە لای هاوەڵان وە نەلای تابیعین وە نەلای پێشەوایانی ئیسلام بەڵکو ئەم جیاکردنەوەیە لە موعتەزیلەو هاوشێوەکانیانەوە وەرگیراوە لە ئەهلی بیدەع وە ئەو فوقەهایانەش لەکتێبەکانی ئەوانەوە وەریان گرتوە، ئەمەش جیاوازی کردنێکی دژبەیەکە هەربۆیە بەو کەسانەی ئەم جیاوازیە دەکەن پێیان دەڵێین : سنوری بابەتەکانی ئوصول تاکوێیە کە کەسێك هەڵەی تیاکرد کافربێ؟ خاڵی

جیاکەرەوەی ێیوانیان لەگەڵ بابەتەکانی فروع تاکوێ یە؟ جا ئەگەر بڵێ بابەتەکانی ئوصول بریتیە لەبابەتەکانی عەقیدە و بابەتەکانی فروعیش بریتیە لەبابەتەکانی کردەوە، لەوەڵامدا پێی دەڵێن دەی هاوەڵان و خەڵکی ناکۆك بوون ئایا پێغەمبەر پەروەردگاری دیوە یان نا ؟ هەروەها ڕاجیابون ئایا عوسمان باشترە یان عەلی وە لەزۆرێ لەماناکانی قورئان و بەڕاست دانانی هەندێ لەفەرمودەکان کەئەمانە لەبابەتی عەقیدەن و خاوەنەکەشی کافر نابێ بەئیتیفاق."]

ئەم وتەیەی موحکەمە پێویستە وتە موتاشابیهەکانی بگێردرێتەوە لەژێر سایەی ئەم موحکەمەی کاری پێ بکرێت ، جا هەر لەم ڕوەوەیە کەسەعد الشثري بەهەمان شێوەی گومڕابوون گومڕابووە لەکتێبەکەیدا بەناوی [الأصول والفروع وحقيقتها والأحكام المتعلقة بها]

بەڵام شێخ بکر أبو زید لەکتێبی "المناهي اللفظية" لاپەڕە 100بۆ 102 دەڵێت [ابن تەیمیە زۆرجار کە موصطلحی أصول و فروع بەکاردێنێ مەبەستی پێی ئینکاری کردنی بونی ئصولی دین بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەنابێ لەسەر ئەو بنەمایە تەکفیر بکرێت هەربۆیە کەسی دیاری کراو تەکفیر ناکرێت تەنها دوای ئەوە نەبێت کە ئیقامەی حوجەی لەسەر دەکرێت، بۆیە ئاگاداربە ، واللە اعلم] هەر بۆیە ابن تەیمیە کەخۆی مصطلحی أصول و فروع

بەکاردێنێ بەبێ ئەوەی ئەحکامی لەسەر بینا بکات هەر وەك کۆمەڵێ لەزانایانیش بەکاریان هێناوە، بەڵام شیـــــرکۆ چەواشەکاریەکەی لەوەدا ئەکات ئەڵێت کە ئەهلی بیدەع ئەحکامی لەسەر بینا بکەن نەك خۆمان !!!! بۆیە شیرکۆ ئەڵێ هەرشتێ ئوصولی دین بێ بەفیترِەت زانراوە و کەواتە عوزر بەجەهل بونی نیە تیای هەمان فیکری بۆگەنی موعتەزیلە...

لێرەدا بەکورتی بابەتەکە دەبرِێنینەوە بزانین بۆ وانەی چوارەمی چەن شوبهە و گومرِایی ترمان بۆ نەقڵ ئەکات لەکتێبی عارض الجهل ، ئەوەش وامان لێ دەکات وەڵامی هەموو کتێبەکە بدەینەوە هەربۆیە ان شاء الله لە ئایندە بە چەندین کتێب بڵاوی ئەکەینەوە ئەگەر پێویست بکات

والحمدلله رب العالمين.

وەڵامی وانەی 4 قاعیدە گومرِاکەرەکان .

↓↓↓↓↓↓↓↓↓↓↓

شیـــرکۆ بەردەوامە لەگومرِاییەکانی کە لەکتێبی خارجی عارض الجهل ئەیگوازێتەوە چونکە لەو کتێبە ساختەکارە زیاتریان نیە ئەوەش وەنەبێت جێگای باوەرِی کەسێك زەرِەیەك بۆنی عیلم و زانستی کردبێت بەڵکو تەنها کەسە نەخوێنەوار و کۆیلە و دەرویشە کوێرەکان باوەرِی پێ ئەکەن جا بۆ

ئەوەی ئیقامە حوجە بکەین لەسەر ئەوانەی تۆزێ ئومێدی خێریان تیاماوە و بەدوای ڕاستیەکاندا وێڵن ئەوانەشی بەهۆی هەوەس ئارەزووی نەخۆشی هاری گرتونی دەمکوتبن بەردەوام دەبین لەسەر ڕوونکردنەوەی ڕاستیەکان و ئاشکرا کردنیان:

دەڵێ : صیفەتی قیامی حوجە لەبابەتە ئاشکراکان واتە لەخودی بەڵگەکانی ئاشکران نەك ئاشکرا بن لەناو خەڵکی دەڵێ تەنها دەقەکان بگات بەخەڵکی واتە تەنها قورئان و سونەت بگات پێیان ئەگەر هیچی لێ تێنەگەن و نەزانن چییان پێ دەڵێ تەواو ئیقامە حوجەکراون ئەمەش ئەوپەڕی گومڕاییی کوێرایی داهاتنە !!

واتە کابرایەکی موسڵمانی عەوامی تورك یان کورد یان ئینگلیز یان عەجەم کە هیچ لە ووشەی عەرەبی شارەزا نیە و کەسیش نەبوە فێری بکات ئەم کابرا داماوە هەرنازانی "لادعوا مع الله احدا" یعنی چی ، هەرنازانێ "لایشرك في حکمه أحداً" یەعنی چی , زۆرشتی تر هەرنازانێ لای شیرکۆ خارجی ئەم کەسە إقامە حوجەکراوە موشکیلەی خۆیەتی مادام قورئان لەبەردەستیەتی تەواو قورئان وازحە بۆ هەموو قەومەکان تەنانەت ئەمریکی و ڕوسی و ئەمریکی و ئەمازۆنی و خوێنەوار و نەخوێنەوار و هیند و فارس و هەموان لێی تێدەگەن و پێویستیان بەتەرجەمە نیە ؟! چونکە قورئان بەزمانی هەموانە

؟ کەواتە شیرکــۆ زیادەڕۆ کەلەمەدا وەک خەواریج لەدەقە شەرعیەکان حاڵی نابێ پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لەپێناسەیان ئەفەرمێت (يقرأون القرآن ولا يجوز حناجرهم)قورئان ئەخوێنن بەڵام قورئان لەگەرویان ناڕواتە خوارەوە واتە لێی تێناگەن، ئەمانە ئەوەنە گەمژە و نەخۆشن نەك هەر لەقورئان و سونەت تێناگەن بەڵکو لە ووتەی زانایان و لەهیچ شتێك فام ناکەن ، ئەم قسەیە کەتەنها گەیشتنی قورئان بەگەلان و نەتەوەکان تەنها بەوەنەی گوێیان لەلەفزەکەی بێت ئیقامە حوجەکرابن و تەواو لەسەر ئەوە خوا لەقیامەت بیانکاتە دۆزەخەوە کە لەمانای دەقەکان حاڵی نەبوونە و کەس نەبوە بۆیان ڕوون بکاتەوە، ئا ئەم تێگەیشتنە سەقەتە پێچەوانەی قورئان و سونەت و ناسینی خوایە، ئەمە نەناسینی خوایە پێچەوانەی ناو سیفەتی عەدل و حەق و حەکیمی و ڕەحمەتی خوایە، کەسێ زەڕەیەک عەقڵی هەبێ شتی واناڵێ ، پاشان ئەوەنە نەزانە ئەڵێ بەڵام ئەوبابەتانەی وردن و خەفیە بەڵگەکانیان ڕوون نیە وەکو بابەتی اسماء و صیفات ویان شیرکی ئەصغر ئا ئەمانە پێویستیان بەڕوونکردنەوە و ئیقامەی حوجە هەیە !! ئاخر هەی نەزان بابەتە گەورەکانی وەکو شیرکی گەورە و کوفری گەورە و تەوحید گرنگترە بۆ خەڵکی ڕوون بکرێتەوە تاکو نەچنە جەهەنم بەهەتا هەتایی باشتر و لەپێشترە یان بابەتێ کە مەبەستی سەرەکی شەریعەت نیە و خاوەنەکەی بەئەنجام دانی کافر نابێ و عوزری هەیە زیاتر تیای ؟؟؟؟ کەواتە شێرکۆ خەواریج زیاتر حەزەکات

موسڵمانان بچن بۆ جەهەنم بۆیە لەڕێگای جەهەنمی هەتا هەتایی لایان نادات هەقی نیە بەسەریانەوە بەڵام لەوورده شتەکان کە لەکافربوون و لەجەهەنمی هەتا هەتایی ڕزگاریان ناکات لەوانە ئامۆژگاریان ئەکات و دێت بەنەزانیەکەی خۆی بۆیان ڕوون ئەکاتەوە، پاشان ئەم دابەشکاریە هەزەلیەی کردویەتی ئەیداتە پاڵ کۆمەڵێ لەزانایان زوراً وبهتاناً

وەك ئەم زانا بەڕێزانەی خوارەوە

کە سوێند بەالله ئەم زانایانە بەرین لەو تێگەیشتنە نەخۆشە بۆگەنەی شیرکۆ [

١ ـ شێخی ئیسلام ابن تەیمیه ، ٢ ـ ابن القیم ، ٣ ـ شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب ، ٤ـ ئەئیمەی دەعوەی نەجدی وەک شێخ اسحاق بن عبدالرحمن و شێخ عبدالله ابو بطین و شێخ سلیمان بن سحمان وە جگە لەوانیش]

شیـــــرکـــــۆ دێت ئەم ووتانەی نەقڵ ئەکات وەکو ئامێزی کۆپی کردن کەتەنها کۆپی دەکات هیچ عەقڵ و فامی نیە چی کۆپی دەکات و چی کۆپی ناکات،تەنها کاری کۆپی کردنە وە بشزانن دەیان وتەی تری ئەو زانایانە هەیە پێچەوانەیە لەگەڵ ئەو وتە تەحریفکراوانەی شیرکۆ هێناوێتی کەدواتر باسیان ئەکەین وە بەهیچ شێوەیەکیش ئیقامە حوجە تایبەت نەکراوە بەوشتانەی خەفیە بەڵکو هەرشتێ لای خەڵکی ئاشکرا نەبێ چ لەڕووی خودی مانای نەصە شەرعیەکان وە چ لەڕووی بڵاوبونەوەی عیلمەکەی لەناو خەڵکی ئەوا

پێویستی بەئیقامەی حوجە و ڕوونکردنەوەی ماناکانە فهمی خطاب و لابردنی شوبهەکان لەوبابەتانەی شوبهەی لەسەر دروستکراوە ئەمە بەشێوەیەکی گشتی .

شێخی ئیسلام ابن تەیمیه-رحمه الله-دەڵێت"القول قد يكون كفراً ، فيطلق القول بتكفير صاحبه، ويقال: من قال كذا فهو كافر ، لكن الشخص المعين الذي قاله لايحكم بكفره حتى تقوم عليه الحجة، التي يكفر تاركها ــإلى أن قال وهكذا الأقوال التي يكفر قائلها قد يكون الرجل لم تبلغه النصوص الموجبة لمعرفة الحق، وقد تكون عنده ولم تثبت عنده ، أو لم يتمكن من فهمها وقد يكون قد عرضت له شبهات يعذره الله بها."

دەڵێ: " زۆرجار وتەیەك كوفره دەڵێین هەركەسێ وابڵێ كافره، بەڵام كەسی دیاریكراو كه ئەو كوفره دەڵێ حوكم نادەین بەتەكفیركردنی تاكو ئیقامه حوجەی ئەكەین ، ئابەم شێوەیه ئەو وتانەی خاوەنەكانی كافر ئەبن ئاوایه ڕەنگه كابرا دەقه شەرعیەكانی پێ نەگەیشتبێ كه بەهۆی حەقەكه بناسێت، یاخود بەڵگەكەی لەلا هەبێت بەڵام لەلای ئەو ثابت نەبوبێت، یاخود نەیتوانێ بێ لێی تێ بگات یاخود چەن شوبهەیەكی هەبێ خوا عوزری پێ بدات."

هەروەها ابن حزم دەڵێت: "قال علي: وكل ما قلنا فيه إنه يفسق فاعله أو يكفر بعد قيام الحجة عليه ، فهو ما لم تقم عليه الحجة معذور مأجور وإن كان

مخطئاً وصفة القيام الحجة عليه هو أن تبلغه فلا يكون عنده شيء يقاومها وبالله تعالى التوفيق "

دەڵێ: عەلی دەڵێ : هەموو ئەوانەی وتمان خاوەنەکەی فاسق ئەبێ یان کافر ئەبێ دوای ئیقامەکردنی حوجە لەسەری ، چونکە تا ئیقامە حوجەنەکرێ عوزری هەیە ئەجری هەیە هەرچەن ئەگەر بەهەڵەش بێ، وەسیفەتی ئیقامەحوجەکردنیش لەسەری ئەوەیە دینەکەی بەشێوەیە پێ بگات هیچ شوبهەیەکی نەمێنێ ڕێگری بکات لێی. الله تعالى یارمەتی دەربێ."

کەواتە ئیقامە حوجەکردن دەبێت پێکهاتبێت لەم خاڵانەی خوارەوە :-

1-پێگەیاندنی ئەو دەقە شەرعیەی پێویستە بۆ ناسینی حەقەکە وە ڕوونکردنەوەی ثابت بونی ئەگەر پێویستی کرد ئەمەش تەصحیح کردن و چۆنێتی بەڵگەبونی دەگرێتەوە.

2- تێگەیاندنی بۆ کەسی دوێنراو کە ئیقامەحوجەکەی لەسەر دەکرێت وەکو تەرجەمەکردنی دەقەکان بۆی و نموونە بۆ هێنانەوە.

3- لابردنی ئەو گومانانەی کە مانا ڕاستەکەی شێواندوە.

ئێستاش با وەڵامی ئەو وتانە بدەینەوە کەبەمەبەستی چەواشەکردن شیرکۆ خارجی ئەیانهێنێتەوە↓

شێخی ئیسلام ابن تەیمیە لە ڕوونکردنەوەیْ ئەوەی کەحوجە جێبەجێ ئەبێت بە گەیشتن ئەڵێت :

[ئەوە مەعلوم و زانراوە کە بە دڵنیایەوە حوجە جێبەجێ ئەبێت بە قورئان بۆ ئەو کەسەی پێی ئەگات هەروەک اللە تعالی ئەفەرموێت :

[وَأُوحِيَ إِلَيَّ هَـٰذَا الْقُرْآنُ لِأُنذِرَكُم بِهِ وَمَن بَلَغَ ۚ] الأنعَام (١٩)

بۆیە ئەم قورئانەشم وەحی بۆکراوە، کە ئێوەو هەرکەسێکی تریش دەنگی ئەم قورئانەی ئەگاتێ، پێ بترسێنم و ئاگادار کەمەوە .

هەرکەسێک قورئانی پێگەیشت بەبێ بەعزێکی ، ئەوە ئیقامە حوجە کراوە بەوەی پێیگەیشتووە جگە لە ئەوەی کە پێی نەگیشتووە] .

وەڵام/ شێخی ئیسلام لێرەدا باس لەوە دەکات کە ئیقامە حوجە بەقورئان ئەکرێت واتە قورئان بەڵگەیە و بەئایەتەکانی قورئان ئەو کارە ئەنجام ئەدرێت ، باسی ئەوە ناکات کە پێویست نەکات فەهمی خطاب و تەرجومەی دەقەکان پێویست نەکات، ئەمە ئەوپەڕی نەخۆێنەواری و نەزانیە کە ئاوا

چەواشەبکەی و خەڵکی نەزانی پێ گومڕا بکەی چونکە شێخی ئیسلام ابن تەیمیە لەدەیان شوێنی تر باسی ئەوە ئەکات ئەگەر کەسێ لەعەرەبی تێ نەگات دەبێ بۆ تەرجەمە بکرێت وەك دەڵێت:" " ومعلوم أن الأمة مأمورة بتبليغ القرآن لفظه ومعناه، وكما أمر بذلك الرسول، ولايكون تبليغ رسالة إلا كذلك، وأن تبليغه إلى العجم قد يحتاج إلى ترجمة لهم"مجموع فتاوى4/116 واتە: ئومەت فەرمانی پێکراوە بەگەیاندنی قورئان بەگەیاندنی لەفز و مەعنای، بەهەمان شێوەش فەرمانکراوە بەپێغەمبەر، گەیاندنی دین تەنها بەم شێوەیەیە، هەروەها گەیاندنی دینیش بەغەیری عەرەبیش پێویست بەوە ئەکات بۆیان وەربگێردرێ و تەرجومە بکرێت بۆیان."

هەروەها ئیمامی بوخاری لەکیتابی عیلم لەجەمورەوە بۆمان دەگێڕێتەوە کەدەڵێت: أَبِي جَمْرَةَ ، قَالَ : "كُنْتُ أُتَرْجِمُ بَيْنَ ابْنِ عَبَّاسٍ وَبَيْنَ النَّاسِ" رواه البخاری 87

دەڵێت:" من تەرجومەم دەکرد لەنێوان عەبدوڵای کوڕی عەباس و لەنێوان خەڵکی"

*هەروەها بوخاری ڕیوایەتی دەکات لەکیتابی سەرەتای دەستپێکردنی وەحی لەابن عباس هوە کەفەرمودەکەی هیرەقڵە کاتێك پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم نامەکەی بۆ دەنێرێت و بانگی دەکات بۆ ئیسلام تیایدا هاتووە کە

(فَدَعَاهُمْ فِي مَجْلِسِهِ وَحَوْلَهُ عُظَمَاءُ الرُّومِ، ثُمَّ دَعَاهُمْ، وَدَعَا بِتَرْجُمَانِهِ) بانگی کردن بۆ مەجلیسەکەی کە گەورە پیاوانی ڕوم دانیشتبوون بانگی کردن بانگی وەرگێڕەکەشی کرد.رواه البخاری 51

هەروەها ئیمامی ابن جەریر لەمحمدی کوڕی کعب ەوە لەمانای ئەم ئایەتەدا (لِأُنذِرَكُم بِهِ وَمَن بَلَغَۚ) دەڵێت: "من بلغه القرآن حتى يفهمه ويعقله، كان كمن عاين رسول الله صلى الله عليه وسلم و كلمَّه" تفسير الطبري (11/291).
واتە:" هەرکەسێك قورئانی پێبگات و تێیبگات و فەهمی بکات ئەوا وەکو ئەوە وایە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلمی بینی بێت و قسەی لەگەڵ کردبێت."

هەروەها سلیمان بن سحمان: (قال شيخنا الشيخ عبد اللطيف رحمه الله: وينبغي أن يُعلم الفرق بين قيام الحجة وفهم الحجة، فإن من بلغته دعوة الرسل فقد قامت عليه الحجة إذا كان على وجه يمكن معه العلم، ولا يُشترط في قيام الحجة أن يفهم عن الله ورسوله ما يفهمه أهل الإيمان والقبول والانقياد لما جاء به الرسول، فأفهم هذا يكشف عنك شبهات كثيرة في مسألة قيام الحجة، قال الله تعالى: {أم تحسب أن أكثرهم يسمعون أو يعقلون إن هم إلاَّ كالأنعام بل هم أضل سبيلا} [الفرقان/44]، وقال تعالى: {ختم الله على قلوبهم وعلى سمعهم وعلى أبصارهم غِشاوة ولهم عذابٌ عظيم} [البقرة/7]، انتهى.

قلت: ومعنى قوله رحمه الله تعالى: إذا كان على وجه يمكن معه العلم، فمعناه: أن لا يكون عديم العقل والتمييز كالصغير والمجنون، أو يكون ممن لا يفهم الخطاب، ولم يحضر ترجمان يُترجم له، ونحو هؤلاء. فمن بلغته رسالة محمد صلى الله عليه وسلم، وبلغه القرآن فقد قامت عليه الحُجة) كشف الشبهتين ص91

شێخ سولەیمان بن سحمان دەڵێت: " شێخەکەمان شێخ عبداللطیف رحمه الله دەڵێت" پێویستە جیاوازی بکرێت لەنێوان ئیقامەی حوجە و فەهمی حوجە، چونکە هەرکەسێك بانگەوازی پێغەمبەرانی پێگەیشتبێت ئەوا ئیقامەی حوجەکراوە ئەگەر بەجۆرێك بێت کە عیلمی بەو بانگەوازە هەبێت مەرج نیە لە ئیقامەی حوجە کابرا وەکو ئەهلی ئیمان و ملکەچی تێبگات کەئەمەت زانی زۆر شوبهەت لەسەر لائەچێ ، خوای گەورە فەرمویەتی ئایا وەدەزانی ئەوانە عەقڵیان هەیە و دەبیستن ئەوانە وەکو ئاژەڵ وان و خراپتریشن، هەروەها فەرمویەتی مۆری ناوە بەدڵ و گوێ و چاوەکانیان و سزایەکی مەزنیان هەیە. شێخ سولیمانی کوڕی سەحمان لەماناکردنی ئەم وتەیەی شێخ عبداللطیف [إذا كان على وجه يمكن معه العلم] دەڵێت مانای ئەوەیە: کاتێ ئیقامە حوجەی کەسێ دەکەی دەبێت ئەوکەسە بێ عەقڵ نەبێت وەکو منداڵ و شێت یان لەو کەسانە نەبێت کە لەمانای ئایەتەکان تێناگەن یان وەرگێڕ ئامادەنەبوبێ مانای ئایەتەکانی بۆ تەرجومە بکات،جا هەرکەسێ ئەو سیفەتانەی تێدا نەبێت

ڕسالەی موحەمەد صلى الله عليه و سلم وقورئانی پیرۆزیشتبێت ئەوا ئیقامە حوجەکراوە

هەروەها اللە تعالى دەفەرمێت (وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُضِلَّ قَوۡمَۢا بَعۡدَ إِذۡ هَدَىٰهُمۡ حَتَّىٰ يُبَيِّنَ لَهُم مَّا يَتَّقُونَۚ إِنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٌ)[سورة التوبة 115]

ابن جەریری تەبەڕی لەتەفسیری ئەم ئایەتەش دەڵێت:

"وما كان الله ليقضي عليكم، في استغفاركم لموتاكم المشركين، بالضلال، بعد إذ رزقكم الهداية، ووفقكم للإيمان به وبرسوله، حتى يتقدَّم إليكم بالنهي عنه، فتتركوا الانتهاء عنه. فأما قبل أن يبين لكم كراهية ذلك بالنهي عنه، ثم تتعدوا نهيه إلى ما نهاكم عنه، فإنه لا يحكم عليكم بالضلال، لأن الطاعة والمعصية إنما يكونان من المأمور والمنهيّ، فأما من لم يؤمر ولم ينه، فغير كائنٍ مطيعًا أو عاصيًا فيما لم يؤمَرْ به ولم ينه عنه"

واتە: ئەی موسڵمانان اللە بڕیاری گومڕابونتان نادات بەداوای لێخۆشبونکردنتان لەخوا لە موشریکەکان، دوای ئەوەی هیدایەتی دان و یارمەتیدان بۆ ئیمان هێنان بەخۆی بە پێغەمبەرەکەی تاکو پەیامتان بۆ نەنێرێ لەپێشدا بەقەدەغەکردنی ئەو کارە ئەوجا دەبێ وازی لێ بهێنن، بەڵام پێش ئەوەی ئەو قەدەغەکردنە بگات بنێردرێت بۆتان ئێوە ئەنجامی بدەن ئەوا لەو کاتەدا بڕیاری گومڕابونتان نادات، چونکە بڕیاری گوێڕایەڵی و قەدەغەکردن

پێویست بەبونی فەرمانەکە دەکات جا کەبونی نەبێت ئەوا گوێڕایەڵی کار و سەرپێچیکار بونی نیە."

کەواتە ئەم ئایەتە ڕوونە کەوا پێش ڕوونکردنەوەی دینی خوا بۆ کەسی موکەلەف و عاقڵ لەموسڵمانان ئەگەر بکەونە ناو شیرکیشەوە ئەوا حوکمی گومڕابون موشرێك بونیان نادرێت چونکە دەقەکە دانەبەزیوە جا یەکسانە دانەبەزیێ یان نەگەیشتبێت یان لێی تێ نەگەن و وەرگێرنەبێ و توانای فێربون نەبێت.

بۆ زانیاریتان لەتەفسیری ئەم ئایەتە هەموو ڕاڤەکارانی قورئان کۆکن لەتەفسیرەکەی لەبەردرێژبونەوەی بابەتەکە نەمان هێنان.

ئینجا شێرکۆ ئەم وتەیەی ابن القیم دێنێتەوە↓↓↓

ئیمام ابن القیم ـ رحمه الله تعالى ـ ئەڵێت :

[[بە بێ گومان الله سبحانه وتعالى دروستکراوەکانی ئیقامە حوجە کردووە بە کتابەکەی و پێغەمبەرەکەی ، الله تعالى ئەفەرموویێت :

[تَبَارَكَ الَّذِي نَزَّلَ الْفُرْقَانَ عَلَىٰ عَبْدِهِ لِيَكُونَ لِلْعَالَمِينَ نَذِيرًا] الفُرْقان (١)

بڵندو گەورەیە، پیرۆزو بە پیتە، ئەو خوایەی کە فورقان و جیاکەرەوەی ڕاست لە ناڕاستی ناردە سەر بەندەی خۆی محمد -صلى الله عليه وسلم- واتە: قورئان [لِيَكُونَ لِلْعَالَمِينَ نَذِيرًا] تابێتە هۆی بێدارکەرەوە و ترسێنەر بۆ جیهانەکانی جنەکان و مرۆڤەکان ، لەسزای الله تعالى .

وه الله تعالى ئەفەرموويێت :

[وَأُوحِيَ إِلَيَّ هَٰذَا الْقُرْآنُ لِأُنذِرَكُم بِهِ وَمَن بَلَغَ ۚ] الأنعَام (١٩)

بۆیە ئەم قورئانەشم وەحی بۆکراوە، کە ئێوەو هەرکەسێکی تریش دەنگی ئەم قورئانەی ئەگاتێ، پێ بترسێنم و ئاگادار کەمەوە .

جا هەر کەسێک ئەم قورئانەی پێ بگات ئەوە ئاگادارکراوەتەوە پێی و ، وە ئیقامە حوجەکراوە لە لایەن اللە تعالى ـەوە]

وەڵامی/ ابن القيم دەڵێت: اللە تعالى بەقورئان و پێغەمبەرەکەی چونکە پێغەمبەر ڕوونکەرەوەی قورئان بوو ڕوونی کردەوە بۆ خەڵکی پاشان پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرموی:"ليبلغ الشاهد منكم الغائب" باهەرکەسێك لەئێوە لێرە ئامادەیە بیگەیەنێ بەوانەی ئامادە نین، ئەمەش هەموو گەل و ئومەتان ئەگرێتەوە تا ڕۆژی قیامەت دەبێ حەقیقەتی دینیان وەکو چۆن پێغەمبەر ڕونی کردەوە ئاوا ڕوونی بکەنەوە بۆ خەڵکی نەك تەنها دەقەکان بەڕووتی بەبێ ڕونکردنەوەی ماناکانی ئەمەش هیچ کەسێکی خاوەن عەقڵ شتی وای نەوتوە هەرەك پێشتر وتەکانمان باسکرد لەوبارەیەوە.

ابن القيم رحمه الله دەڵێت:" هداية الدعوة والتعليم والإرشاد وهي التي هدي بها ثمود فاستحبوا العمى عليها وهي التي قال تعالى فيها: (وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُضِلَّ

قَوۡمُۢا بَعۡدَ إِذۡ هَدَىٰهُمۡ حَتَّىٰ يُبَيِّنَ لَهُم مَّا يَتَّقُونَۚ) فهداهم هدى البيات الذي تقوم به حجته عليهم"شفاءالعليل ص53

واته: هیدایەتی بانگەواز و فێرکردن وئیرشاد ئەو جۆرە هیدایەتە بوو کە گەلی سەموود هیدایەت دران بەڵام ئەوان کوێرییان هەڵبژارد بەسەریدا هەرلەم بارەیەوەیە اللە تعالی دەفەرمێت (وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُضِلَّ قَوۡمُۢا بَعۡدَ إِذۡ هَدَىٰهُمۡ حَتَّىٰ يُبَيِّنَ لَهُم مَّا يَتَّقُونَۚ) هیدایەتی دان بەهیدایەتی ڕوونکردنەوە کە ئەم جۆرە هیدایەتەیە کە دەبێتە ئیقامەی حوجە لەسەریان."

پاشان شـــیرکـــــۆ ئەم وتەیەی شێخ محمد بن عبدالوهاب دێنێتەوە↓↓↓↓

شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب ـ رحمه اللہ تعالی ـ ئەفەرموێت : [بەڵام ئەصڵەکانی دین کە اللە تعالی لە کتابەکەی ڕوونکرووەتەوە ، ئەوە بە تەئکید حوجەتی اللە تعالی قورئانە ، جا هەرکەسێک قورئانی پێبگات ئەوە حوجەی پێگەیشتووە]

وەڵام / دوبارە شێرکۆ یان مامۆستاکەی لە کتێبی عارض الجهل بۆ ئەوەی چەواشەکاریەکەیان ئاشکرانەبێت وەکو پیشەی هەمیشەییان ئەچن بەشێك لەوتەی زانایەک دێنن و حەقیقەتەکەی ناهێنن و هەمووی ناگوازنەوە چونکە ئەزانن ئەگەر وابکەن سیحرەکەیان هەڵئەوەشێتەوە بۆیە با ئێمە سەرەتا هەموو دەقی وتەکەی شێخ محمدی کوری عبدالوهاب بهێنین

قال الشيخ رحمه الله في رسالته إلى الإخوان:

بسم الله الرحمن الرحيم

إلى الإخوان، سلام عليكم ورحمة الله وبركاته.

وبعد، ما ذكرتم مِن قول الشيخ: كل مَن جحَد كذا وكذا، وقامت عليه الحجَّة، وأنكم شاكُّون في هؤلاء الطواغيت وأتباعِهم، هل قامت عليهم الحجَّة؟ فهذا من العجب؛ كيف تشكُّون في هذا وقد أوضحتُه لكم مرارًا؟!

فإن الذي لم تقُم عليه الحجَّة هو الذي كان حديث عهد بالإسلام، والذي نشأ ببادية بعيدة، أو يكون ذلك في مسألة خفيَّة، مثل الصَّرْف والعَطْف، فلا يُكفَّر حتى يُعرَّف، وأما أصول الدِّين التي أوضحَها الله وأحكَمَها في كتابه، فإن حجة الله هو القرآن، فمَن بلغه القرآن فقد بلغتْه الحجة.

ولكن أصل الإشكال أنكم لم تفرِّقوا بين قيام الحجة وبين فَهْم الحجة؛ فإنَّ أكثر الكفار والمنافقين مِن المسلمين لم يفهموا حجة الله مع قيامها عليهم؛ كما قال تعالى: ﴿ أَمْ تَحْسَبُ أَنَّ أَكْثَرَهُمْ يَسْمَعُونَ أَوْ يَعْقِلُونَ إِنْ هُمْ إِلَّا كَالْأَنْعَامِ بَلْ هُمْ أَضَلُّ سَبِيلًا ﴾ [الفرقان: 44]، وقيام الحجة نوع، وبلوغها نوع، وقد قامتْ عليهم، وفَهْمُهم إياها نوعٌ آخر، وكُفْرُهم ببلوغها إياهم وإنْ لم يفهموها.

إنْ أشكل عليكم ذلك، فانظروا قوله صلى الله عليه وسلم في الخوارج: ((أينما لقِيتُموهم فاقتُلوهم))[7]، وقوله: ((شرُّ قَتلَى تحت أديم السماء))[8]، مع كونهم في عصر الصحابة، ويحقر الإنسانُ عملَ الصحابة معهم، ومع إجماع الناس أن الذي أَخرَجهم مِن الدِّين هو التشدُّدُ والغلوُّ والاجتهاد، وهم يَظنون أنهم يُطيعون الله، وقد بلغتْهم الحجة ولكن لم يفهموها.

وكذلك "قتْل علي رضي الله عنه الذين اعتقَدوا فيه، وتحريقهم بالنار"، مع كونهم تلاميذَ الصحابة، مع مبادئهم وصلاتهم وصيامهم، وهم يظنون أنهم على حق. وكذلك إجماع السلف على تكفير غلاة القدَرية وغيرهم، مع عِلمهم وشدة عبادتهم، وكونهم يحسبون أنهم يحسنون صنعًا، ولم يتوقف أحدٌ من السلف في تكفيرهم لأجْل كونهم لم يفهموا.

إذا علمتم ذلك، فإن هذا الذي أنتم فيه كفر، الناسُ يَعبدون الطواغيت، ويُعادُون دينَ الإسلام، فيزعمون أنه ليس ردَّة، لعلهم ما فهموا الحجة، كل هذا بيِّن، وأظهَر مما تقدم الذين حرَّقهم عليٌّ، فإنه يُشابه هذا."

شێخ محمد بن عبدالوهاب له نامەی 36ی الرسائل الشخصية لەلاپەرە 244 دەڵێ:" بۆ برایان سلام علیکم ورحمة الله وبرکاته ئەوەی باستان کرد دەربارەی وتەکەی شێخ ابن تەیمیه که دەڵێ هەرکەسێ ئینکاری فلاّن شت و فلاّن شت بکات و ئیقامه حوجەی لەسەرکرابێ. بەڵام ئایا ئێوه گومانتان هەیه

دەربارەی ئەو تاغووتانە و شوێنکەوتەکانیان ئایا ئیقامە حوجەیان لەسەرکراوە، ئەمە لەشتە سەیرەکانە (چۆن گومان دەکەن لەمەدا کەچەندین جار بۆتانم ڕوونکردۆتەوە کە ئەوکەسەی ئیقامە حوجەنەکرابێ ئەوکەسەیە کە تازە موسڵمان بوبێ یان لەشوێنێکی دوور لەعیلم و زانست گەورەبوبێ، یان لەوبابەتانە بێت کە شاراوەیە وەکو سیحری ڕەش کردن و خۆشەویستکردن لەم بابەتانە تەکفیرناکرێت تابۆی ڕوون نەکرێتەوە؛ بەڵام بنچینەکانی دین کە اللە لەکیتابەکەی ڕوونیکردۆتەوە و بتەوی کردوە، ئەوا بەڵگە و حوجەی خوا قورئانە هەرکەسێ قورئانی پێ بگات حوجەی پێگەیشتوە، بەڵام بنچینەی کێشەکە ئەوەیە ئێوە جیاوازی ناکەن لەنێوان ئیقامەی حوجە و لەنێوان تێگەیشتنی حوجە، چونکە زۆربەی کافران و مونافیقان لەموسڵمانان تێنەئەگەیشتن لەحوجە لەگەڵ ئەوەشدا کرابوو لەسەریان هەروەك اللە تعالی دەفەرمێت:[ئایا وادەزانن ئەوانە زۆربەیان تێدەگەن و بیردەکەنەوە ئەوانە هەروەك ئاژەڵ وان بەڵکو گومڕاتر] بۆیە ئیقامە حوجە جۆرێکە، و گەیشتنی جۆرێکی تر، وە ئیقامەش کراوە لەسەریان، هەروەها تێگەیشتنیشیان بۆ ئەو حوجەیە جۆرێکی تر) هەروەها کوفرکردنیشیان بەگەیشتنی ئەو حوجەیەپێیان ئەگەر لێ نەگەیشتبن جۆرێکی تر، جا ئەگەر لەمەش حاڵی نەبوون بڕوانن لەوتەکەی پێغەمبەرصلی اللە علیه وسلم دەربارەی خەواریجەکان" لەهەرشوێنێ گەیشتن پێیان بیانکوژن ، وە خراپترین کوژراون

لەژێر پەڕەی ئاسمان" لەگەڵ ئەوشدا لەسەردەمی صەحابە بوون خەڵکی کار و عیبادەتی صەحابەی لەچاو ئەوان بەکەم ئەزانی، لەگەڵ کۆبوونی خەڵکی لەسەر ئەوەی کە خەواریجەکانی لەدین دەرکرد توندڕەوی و زیادەڕۆیی کردن بوو، لەکاتێکدا وایان گومان دەبرد ئیطاعەی اللە دەکەن وە حوجەشیان پێ گەیشتبوو بەڵام تێینەدەگەیشتن، بەهەمان شێوە ئەوانەی عەلی کوشتنی کە باوەڕیان بەخوایەتی عەلی هەبوو کوشتنی بەئاگر لەگەڵ ئەوەی قوتابی هاوەڵان بون و خاوەن نوێژ و ڕۆژوو بوون وایان ئەزانی لەسەرحەقن هەروەها ئیجماعی سەلەف لەسەر تەکفیرکردنی غولاتی قەدەریە و غەیری ئەوان کەخاوەن عیلم و عیبادەت بون کەوایان ئەزانی کاری چاک ئەکەن ، سەلەف نەوەستان لەتەکفیرکردنیان لەبەرئەوەی کە ناحاڵی بوون، جا کە ئەمەتان زانی (ئەوا ئەوەی ئێوەی تیایە کوفرە). ـخەڵکی تاغووتان ئەپەرستن و دژایەتی دینی ئیسلام ئەکەن وانازانن ئەوە هەڵگەڕانەوەیە لەئیسلام، چونکە ئەشێ لەحوجە حاڵی نەبوبن هەموو ئەمانە ڕوونە وە زۆر لەوانە ڕوونترە کە عەلی سوتاندنی"بڕوانە(الدرر10/93تا95).

چەن هەڵوەستەیەک لەسەر ئەم وتانەی شێخ:

1- ئەگەر بەوردی بڕوانینە سیاقی دەربڕینەکەی بۆمان ڕوون ئەبێتەوە کە ئەمە ئەوە ناگرێتەوە کە ئەوانە باسی ئەکەن کەوا کافر بێ پێش ئیقامە حوجە

بەڵگەش لەسەر ئەمە ئەوەیە بەقوتابیەکانی ئەڵێ"بنچینەی کێشەکە ئەوەیە ئێوە جیاوازی ناکەن لەنێوان ئیقامەی حوجە و لەنێوان تێگەیشتنی حوجە" هەروەها کەدەڵێ" ئیقامەی حوجە جۆرێکە گەیشتنی جۆرێکی تر ە کە ئیقامەکەیان لەسەرکراوە، هەرتێگەیشتنی جۆرێکی تر ە ، هەروەها کاتێ دەگات پێیان کوفری پێ بکەن جۆرێکی تر ە"ئەم وتانەی شێخیش ئەوە دەخوازێ ئەو تاغووتانە وشوێنکەوتەکانیان حوجەیان پێگەیشتوە وبەرپاکراوە لەسەریان، چونکە ئەوکاتە هیچ مانایەک نەدەمایەوە لەجیاوازی کردنی شێخ لەنێوان قیامی حوجە و فەهمی حوجە، ئەمە زۆر ڕوونە بۆ کەسێ بیری لێ بکاتەوە، بەڵگەش لەسەر ئەمە ئەو تاقمانەیە کە شێخ نموونەیان پێ ئەهێنێتەوە وەکو خەوارج و غولاتی قەدەری و سەبەئیەکان لای هەموان زانراوە هەموو ئەم تاقمانە ئاشکرابووە لەسەریان حوجەی ڕیسالە کەپێچەوانەیان کردوە لەسەردەمی صەحابوون و زۆربەی جار مونازەڕە کراون، هەروەك شێخ محمد بن عبدالوهاب لەشوێنێکی تردا دەڵێت" فمن المعلوم أن قيامها ليس معناها أن يفهم كلام الله ورسوله مثل فهم أبي بكر" الدرر(10/69) .دەڵێ ئیقامە حوجە ئەوە نیە کە وەکو تێگەیشتنی ئەبو بەکری صدیق تێبگات، واتە ئەوەنە بەسە کە لە ئیقامە حوجە لەمەبەستی خوا و پێغەمبەر حاڵی بێ، چونکە ئاشکرایە کافرەکانی قورەیش قورئان و پێغەمبەر بەزمانی ئەوان هات و جوان لێی حاڵی بوبون بەس قەناعەتیان پێی نەبوو جا قەناعەت کردنەیە کە بەمەرج نەگیراوە لە

ئیقامه حوجه ئەمەش گەورەترین بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەو قسەیە بەتاڵە کە دەڵێ تەنها قورئان بگات بەگەل و نەتەوەکان ئەگەر هیچ تەرجومەیەکیشیان لەگەڵ نەنێردرێ ئەوا ئیقامەی حوجەکراون.

2-ئەم وتەیەی شێخ محمد بن عبدالوهاب بەهیچ شێوەیەک دەربارەی قبوریەکان نیە بەڵکو دەربارەی کۆمەڵە تاغووتانێکی دیارکراوە کە بۆتە حوکمدان لەسەریان بۆتە کێشە لای هەندێ هەربۆیە نامە بۆ شێخ ئەنێرن دەربارەیان، جا ئەگەر ئێمە بەدوای وتەکانی شێخ بگەڕێین لەنامەکانی کەناردویەتی بۆتاغوتەکانی سەردەمی خۆی لەجەزیرەی عەرەبی ئەوا دەزانێ دەربارەی کەسانێ بوە کە حوجەیان پێگەیشتوە بەڵگەش لەسەر ئەمانە ئەم ووتانەی خوارەوەیەتی:

له لرسائل الشخصيه ص 172 دەڵێ" مثل طاغوت تجد سليمان والمويس وعريعر وأبا ذراع والشيطان رئيسهم " سلێمان مەبەستی ابن سحيم ه ، هەروەها موەيس مەبەستی عبدالله بن عيسى المويس ه هەریەک لەمانە مامۆستایانی گۆڕپەرست بوونە ڕەئس بوونە تاغووت بوونە. شێخ محمد دەربارەی ابن سحيم دەڵێ لەنامەی 11ی رسائل الشخصيه ص " فإن الذي راسلكم هو عدو الله ابن سحيم، وقد بينت ذلك فأقر به، وعندنا كتب يده في رسائل متعددة أن هذا هو الحق. وأقام على ذلك سنين.."

دەڵێ: ئەوەی نامەی بۆناردون دوژمنی خوا ابن سحیمە پێشتر بۆیم ڕونکردۆتەوە و دانی پێداناوە وە چەندین نامەی دەستنوسی ئەومان لایە کە دەڵێ ئەمەی ئێوە دەیڵێن حەقە و چەندین ساڵیش بەو شێوەیە مایەوە و نەگۆڕا."بۆ خوێندنەوەی نامەکانی تری بڕوانەکتێبی كشف الألتباس لاپەڕە 225 تاکو 247

کەواتە سیاقی وتەکانی شێخ دەربارەی کەسانێکە کەحوجەیان پێگەیشتوە بەڵام وەکو تێگەیشتنی ئەبو بەکر لێی حاڵی نەبوون هەروەها ئەوانەش کەسانێ نین کە تازە موسڵمان بوبن یان لەشوێنێ بن کە علمی لێ نەبێ کە بوترێ ئیقامە حوجەنەکراون.

پاشان شێرکـــــۆ ئەم وتەیە دێنێ↓↓

شێخ سلیمان بن سحمان ـ رحمەاللە تعالی ـ ئەڵێت :

[کەسی دیاریکراو ئەوەی لێی دەرئەچێت لە کوفر لەو بابەتانەی کە بە پێویست زانراوە لە ئیسلام ، نمونە وەک : عیبادەتکردنی جگە لە اللە سبحانە و تعالی ، ئەوە بە تەئکید اللە تعالی ئیقامە حوجەی کردووە بە دابەزاندنی کتێبەکانی و ناردنی پێغەمبەرەکانی ، لئلا یکون للناس علی اللە حجة بعد الرسل ، بۆئەوەی پاش ناردنی پێغەمبەر هیچ حوجە نەمێنێت ، ئەوە هیچ ئیشکالی تێدا نیە ، بەڵام جگە لەو بابەتانەی کە بە پێوست زانراوە لەدینی ئیسلام ، بۆیە ئێمە تەکفیری کەسێک ناکەین هەر کەسێک بڵێت نەصی

پێنەگیشتووە لە تەکفیرکردنی ئەو کەسەی ئەنجامی یاوە ، چونکە شەرائیع ئیلازام ناکرێت ئیلا پاش گەیشتنی حوجە نەبێت ، هەروەها ئەگەر نەصێکی لا ثابت نەبێت یان نەصێکی تری لا بێت پێچەوانەی ئەو نەصە بکات ، یان کەوتبێتە ناو شوبهەوە ئەوە اللە تعالی عوذری لێ قەبوڵ ئەکات ، ئەوە هیچ ئیشکالی تێدا نیە لەلای ئەهلی علم]

وەڵامم// چەندین جار لەنوسراوەکانی پێشووم باسمکردوە بەوردی کەشێخ سولەیمان باسی کەسانێک ئەکات کە ئیقامە حوجەکراون چونکە ئیقامە حوجەی جەزیرەی عەرەبی بەهاتنی شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب کرا بەوەی نامەی بۆ ئەناردن و خۆی دەچوو بۆلایان وە شێخ سلێمان دەیان ساڵ دوای محمدی کوری عبدالوهاب لەدایك بووە کە دەعوەکە ناسراوبوەو ئاشکرابووە کەس نەبوە نەیزانێ .

پاشان شیـــرکۆ ئەم وتەیە نەقڵ ئەکات ↓↓

شێخ اسحاق بن عبدالرحمن بن حسن ئەڵێت :

[وە ئەو بابەتەی ئێمە بریتیە لە : عیبادەتکردن بۆ اللە تعالی بە تەنها و بەبێ شەریک و هاوبەش ، وە بەڕائەتکردن لە عیبادەتکردن بۆ جگە اللەتعالی ، وە هەر کەسێک غەیری اللە تعالی بپەرستێت ئەوە شیرکی ئەنجامداوە و شیرکی گەورە کە دەری ئەکات لە دینی ئیسلام ، ئەوە ئەصڵ و بنچینەی هەموو ئەصڵەکانە ، کە اللە تعالی پێغەمبەرانی پێ ناردووە ، وە کتێبەکانی بۆ

دابەزاندووە وە خەڵکی ئیقامە حوجە کردووە بە پێغەمبەر و بە قورئان ، ئا ئەوەشە وەڵامی ئەئیمەی دینە لەو ئەصڵ و بنچینەیە لە تەکفیری هەر کەسێک ئەکەن کە شەریک بۆ اللە تعالی دابنێت ئەوە ئیستیتابە ئەکرێت ئەگەر تەوبەی کرد ئەگەرنا ئەکوژرێت ، وە باسی ناساندنیان نەکردووە لە بابەتەکانی ئەصڵی دین ، بەڵکو باسی ناساندنیان کردوە لە بابەتە خەفیەکان کە بەڵگەکانی شاراوەن لای هەنێک لە خەڵکی وەک بابەتەکانی نیزاع و کێشە لە سەر ئەهلی بیدەع وەک قەدەریە و مورجیئە ، وە لە بابەتی شاراوە وەک صەرف و عەطف، جا چۆن قەبر پەرستەکان ئەناسی لەکاتێکدا ئەوان مسڵمان نین ، وە ناویان ناچێتە ناو موسەمای ئیسلام ؟! وە ئایا لەگەڵ شیرک و هاوبەش دانان عەمەل ئەمێنێت ؟!]

↓↓↓↓↓

وەڵام / هەردوو کیتابی الأنتصار ی أبابطین وە ڕیسالەی تکفیر المعین ی إسحاق بن عبدالرحمن کە ئەم دوو ڕیسالەیە کۆڵەکەی ئەو بەناو بەڵگانەیە کە دەهێنرێتەوە لەلایەن ئەوانەی دەڵێن عوزر نیە بەنەزانی لەشیرکی گەورە، جا بنچینەی ئەم دوو نامەیە ڕەدێکە بۆ ئەوانەی انتسابیان کردوە بۆ جەماعەتی إخوان واتە شوێنکەوتەکانی دەعوەی نەجدی جا ئەم کابرایەی شێخ إسحاق و إبابطین لەڕیسالەکانیان ڕەدیان داوەتەوە وتەکانی شێخ محمد بن عبدالوهابی تەحریف کردبوو نزیك لەو تەحریفەی ابن جرجیس کردبوی بۆ وتەکانی ابن

تەیمیە هەربۆیە شێخ إسحاق لەلاپەڕە 5 دەڵێ: پێمان گەیشتوە لەلایەن کەسانێکەوە کە ئیدیعای عیلم و دین دەکەنو وادەزانن شوێنکەوتەی شێخ محمدی کوڕی عبدالوهابن دەڵێن ئەگەر کەسێ هاوبەش بۆ اللە بڕیاربدات یان بت بپەرستێ پێی ناوترێ کافر و موشریك بەدیاریکراوەیی"

وە لەلاپەڕە 7 دەڵێ" هەندێك لەقوتابیەکان پرسیاردەکەن دەربارەی ئەمە و وە دەربارەی بەڵگەکەیان و دەڵێن: جۆر تەکفیر دەکەین بەڵام دیاری ناکەین ئیلا دوای ئیقامەی حوجە نەبێت بەڵگەشمان لەسەر ئەمە ئەو وتانەی شێخ محمدە کەلەهەندێ نامەکانی خوێندومانەتەوە کە تەکفیری کەسانێکی نەکردوە کە قوبەی کواز و عبدالقادر پەرستوە وتویەتی ئەوانە نەزانن وکەس نەبوە ئاگاداریان بکاتەوە"

ئائەم وتانەیە کە شێخ ابابطین و إسحاق بن عبدالرحمن ڕەتیان داوەتەوە کە ئەو نەزانانە چەن وتەیەکی شێخ محمدی کوڕی عبدالوهابیان هێناوە کە دەربارەی کەسانێ کردویەتی کە ئیقامەی حوجە نەکراون ئەمانە هاتوونە دەربارەی کەسانێ ئەیکەن کە ئیقامە حوجەکراون" بڕوانە کتێبی کشف الالتباس لاپەڕە 415 بۆ 432 لەژێر ناونیشانی تعلیقات علی کتاب تکفیر المعین والفرق بین إقامة الحجه وفهم الحجه"

جا ئەم نەزانانەی خۆشمان دێن ئەو ووتانە جێ بەجێ دەکەن لەسەر کەسانێ کە ئیقامەی حوجە نەکراون بەپێچەوانەی جەماعەتی اخوان.

پاشان شێرکۆ زیادەڕۆ دەربارەی ئەم وتەیە دەڵێ ↓↓

وە شێخی ئیسلام ئەڵێت : هەروەها ئەو قسانەی کە [کەسەکەی پێ تەکفیر ئەکرێت ، لەوانەیە ئەو کەسە ئەو نەصانەی پێ نەگەیشتبێت کە حەق پێ بناسێت ، وە لەوانەیە پێی گەیشتبێت بەڵام لای ثابت نەبووبێت، یان لەوانەیە لێی تێنەگەیشتبێت ، جا بۆیە توشی گومان و شوبهەکان بووە ، ئەوە اللە تعالی عوذری ئەیاتێ]

وە قسەی شێخی ئیسلام دەربارەی ئەهلی هەواو ئارەزوو کە ڕوونی ئەکەینەوە لە داهاتوو ان شاءاللە لە تێگەیشتنی صەحیح لە قسەکانی شێخی ئیسلام .

↓↓↓↓

وەڵام // وتەکەی شێخی ئیسلام گشتیە، پاشان واش دابنێین دەربارەی ئەهلی ئەهواو بیدەع وتبێتی ئەوا دەیان وتەی تری هەیە کە سەرانی قبوری و بانگخوازی قبوریەکانی تەکفیر نەکردوە بەهۆی نەزانی وتەئویل لەوانە البكري و ئەخنائی و السبکی هەروەها تەتەرەکان کەتازە موسڵمان بون بتیان دەپەرست وهەروەها ڕافیزە موشریکەکان زۆری تر ئەمەش شتێ نیە ئێمە بیڵێین هەموو زانایان و قوتابیەکانی شێخ موتفیقن لەسەری لەوانە ئیمامی ذەهەبی کە قوتابی شێخ بوە دەڵێ: مذهبه توسعة العذر للخلق، ولا يكفر أحد إلا بعد قيام الحجة عليه" ذيل الطبقات الحنابلة (4/506)

دەڵێ : مەزهەبی ابن تەیمیە فراوانی بووە بۆ خەڵکی لەبیانوو پێدانیان وەکەسی کافر ناکرد ئیلا دوای ئیقامە حوجەنەبێت لەسەری ."

بەو نەزان و چەواشەکار و نەخوێندەوارانە ئەڵێم ئێوە زیاتر ابن تەیمیە دەناسن یان ئیمامی زەهەبی ؟!!!!

ئینجا شیـــــرکـــــۆ ئەم وتەیە نەقڵ ئەکا↓↓↓↓

وە شێخ حمد بن ناصر بن معمر ئەڵێت :

[[بە تەئکید اللە تعالی پێغەمبەرانی نارد وەک ئەفەرموێت : (رُّسُلًا مُّبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى اللَّهِ حُجَّةٌۢ بَعْدَ الرُّسُلِ ۚ) النِّسَاء (١٦٥)

گشتیان پێغەمبەری مژدەدەرو ترسێنەر بوون، تا دوای ئەو پێغەمبەرانە هیچ بەڵگە و بیانوویێک بۆ ئەوخەڵکەیە نەمێنێ لەلای اللە تعالی ، ئەگەر لارو لاسار بوون.

جا هەرکەسێک قورئان و دەعوەی پێغەمبەری پێگەیشت ئەوە ئیقامە حوجە کراوە ، اللەتعالی ئەفەرموێت :

[لِأُنذِرَكُم بِهِ وَمَن بَلَغَ ۚ] الأنعَام (١٩) .

وە اللە تعالی ئەفەرموێت :

[وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّىٰ نَبْعَثَ رَسُولًا) الإسْرَاء (١٥)
وه ئێمه تۆڵەو سزای هیچ خەڵکێکمان نەداوە، هەتا پەیامبەرێکیان بۆ نەناردبن ڕێیان بۆ ڕۆشن بکاتەوە، قورئان بۆ خۆی پڕە لەو بابەتە، بۆ نموونە: [كلما ألقى فيها فوج سألهم خزنتها ألم يأتكم نذير قالوا بلى قد جاءنا نذير فكذبنا..]

وەڵامم/هەروەك پێشتر وتمان ئەم وتانەی شێخ و زانایانی نەجدی کاتێ وتویانە ناوچەکە دەعوەی پێگەیشتوە و بۆی ڕوون کراوەتەوە

دووەم : شێخ لێرە وەکو حوکمێکی عام باسی دەکات نەك وەك تعين، ئەمەش پیشەی سەلەفە لەباس کردنی ئەحکامەکانی وەعید کەمەبەستیان پێی تعين نیە ئیلا کاتێ نەبێ تحققی شروط و انتفاء موانع هاتبێتەدی هەروەك شێخی ئیسلام ابن تەیمیە لەمەسەلەی گەیلانیە دەڵێت.

سێیەم : شێخ لێرە دەڵێ(ئەوەی قورئان و دعوەی پێغەمبەری پێگەیشتبێت) نالێ ئەو جۆرە گەیشتنەی کە شێرکۆ خەڵکی پێ چەواشەئەکات کەتەنها لەێو دووتۆێ کتێبێ بێ و کەس لەماناومەبەستەکانی حالی نەبێ و بۆ نەتەوە و گەلانێ بن کەعەرەب نەبن و پێویست بەتەرجەمە نەکات هەرگیز هیچ زانایەکی ئیسلام نیە شتی وابلێ ئیلا مارقین نەبێت

پاشان شیـــرکۆ ئەم ئایەتانە نەقڵ ئەکا ↓↓↓

الله تعالى ئەفەرموویێت :

[إِنَّ فِي هَـٰذَا لَبَلَاغًا لِّقَوْمٍ عَابِدِينَ] الأنبيَاء (١٠٦)

بێگومان ئا لەم قورئانەدا باسمانکرد ڕاگەیاندنێکی ئاشکراو ڕوون هەیە بۆکەسانی کە اللە تعالی ئەپەرستن ، یاسای بوونەوەر و پاشە ڕۆژو ژیان و گەیشتن بە خۆشنوودی اللە تعالی ، بۆ هەر گەلێکی پەرستیار و خوا ناسە، ئەوانەی سەر لەخۆیان تێک نادەن و، تەنهاو تەنها ئەم قورئانە دەکەنە بەرنامەی ژینیان.

ابن كثير ئەڵێت : بۆ سود پێگەیاندنیان کافیە ئەم قورئانە .

وەڵام / بەڵێ ڕاگەیاندنێکی ئاشکرا و ڕوونە بۆ ئەوانەی لەسەریان دابەزی هەروەها بۆ هەموان کاتێ بۆیان تەرجەمە بکرێ هەروەها ئاشکرا ڕوونیەکەی کەخوای گەورە لەقورئاندا باسی ئەکات مەبەست لێی ئەوەیە کە هەموو شتێکی ئاشکرا کردوە و ڕوونی کردۆتەوە نەك بەو مانایەی هەموو گەل و نەتەوە غەیرە عەرەبەکان لێی حاڵی بن بەبێ تەرجەمە.

لێرەدا کۆتاییمان هێنا بەوەڵامی ئەمڕۆمان چاوەڕوان بن ان شاء اللە بۆ وەڵامدانەوەی وانەی پێنجەمی لەقاعیدە گومڕاکەرەکانی شێرکۆ گومڕا.

والحمدلله رب العالمين

وانەی 5 قاعیدە گومڕاکەرەکان

شێرکۆ بەردەوامە لەسەر چەواشەکاری و تەحریف کردنەکانی لەبڵاوکراوەی ئەمجارەیدا بەوەندە نەوەستاوە وتەی زانایان تەحریف بکات، بەڵکو دەستی بردوە بۆ تەحریف کردنی ئایەتە بەرزو پیرۆزەکانی قورئان و بەهەوەسی خۆی مانا بۆ ئایەتەکان دەکات، دەڵێ بەپێی ئەم ئایەتانە فەهمی حوجە بۆ بابەتە ئاشکراکان بەمەرج نەگیراوە

٦ ـ #بنچینەی_شەشەم .

صیفەتی قیامی حوجە لە بابەتە ئاشکراکان و بابەتە شاراوەکان .

اللە تعالی ئەفەرموویێت :

[اقْتَرَبَ لِلنَّاسِ حِسَابُهُمْ وَهُمْ فِي غَفْلَةٍ مُّعْرِضُونَ] الأنبيَاء (١)

کاتی حیساب و لێپرسینەوەی خەڵکی لە کاروکردەوەیان نزیک بۆتەوە [وَهُمْ فِي غَفْلَةٍ مُّعْرِضُونَ] و ئەوانیش لە خەفڵەتان لەو ڕۆژە، ڕوو دەسووڕێنن و گوێیان لێ نیەو لەوە داناچڵەکێن کە اللە تعالی پێیان ئەکات!، لەئایەتێکی تردا هاتووە: [أتى أمرالله فلا تستعجلوه..] یان ئەفەرموێ: [اقتربت الساعة وانشق القمر.وإن يروا آية يعرضوا..].

وەڵام/ ئاخر نەزان ئەم ئایەتە کەی باسی ئەوە ئەکات نەزانی قبوڵ نەبێ لەبابەتە ئاشکراکان ؟!! بەڵکو ئەم ئایەتە باس لە پشتکردنی ئەو کافرانە ئەکات لە یادی خوا لەدینی خوا لە خۆ ئامادەکردن بۆ قیامەت باس ئەوە ئەکات ئەگەر کافرەکانی قوڕەیش هەرچەن ئایەت و موعجیزەیان بۆ بێ هەر گوێی پێ نادەن و پشتی تێدەکەن بڕوانن لە ووشەی "یعرضوا" هەروەها وشەی " معرضون" بەڵام کەسێك دڵەکەی کوێرایی داهاتبێ هیچ شتێك نابینێ.

↓↓↓↓ پاشان دەڵێت

الله تعالى ئەفەرموویێت :

[لَاهِيَةً قُلُوبُهُمْ] الأنبيَاء (٣)

دڵیان خافڵ و بێ ئاگایە، تابیرێکی لێ بکەنەوەو بەخۆیاندا بچنەوە. بەڵێ.. دڵە مردووەکان لەکاتی پێویستدا ئاگایان لەخۆ نیەو، هەر سەرگەرمن بەگاڵتەو گەمەوە و ژیانی دنیا .

وەڵام / ئەم ئایەتە باسی ئەو کافرانەی قوڕەیش ئەکات کەپشتیان کردوە وەک لە ئایەتی یەك و دووی هەمان سوڕەت پاشان لەئایەتی سێیەم لەوەسفێکی تریان دەفەرمێت دڵەکانیان بێ ئاگایە واتە بەدڵ و گیانیان پشتیان کردوە لەدەعوەکەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم تێنگەیشتبن بەڵکو لەهەموان

زیاتر شارەزای بوون هەروەك دەیانوت (أَجَعَلَ ٱلْـَٔالِهَةَ إِلَٰهًا وَٰحِدًا ۖ إِنَّ هَٰذَا لَشَىْءٌ عُجَاب)[سورة ص 5].

ئایا ئەوە موحەمەد خوایەکانی هەموو وازلێهێناوە تەنها یەك خوای هەڵبژاردوە و تەنها یەك خوا دەپەرستێ بەڕاستی ئەمە شتێکی سەیرە."

پاشان ئەم ئایەتە نەقڵ ئەکات

↓↓↓↓↓

اللە تعالى ئەفەرموویێت :

[أَمْ تَحْسَبُ أَنَّ أَكْثَرَهُمْ يَسْمَعُونَ أَوْ يَعْقِلُونَ ۚ إِنْ هُمْ إِلَّا كَالْأَنْعَامِ ۖ بَلْ هُمْ أَضَلُّ سَبِيلًا] الفُرْقان (٤٤)

یان پێت وایە کە زۆربەیان «وتەکانت» بە دڵ ئەبیستن و بیر لە ماناو مەبەستەکەی ئەکەنەوەو تێئەگەن؟ [إِنْ هُمْ إِلَّا كَالْأَنْعَامِ ۖ بَلْ هُمْ أَضَلُّ سَبِيلًا] خۆ ئەوانە هەر وەک ماڵاتن (بزن، مەڕ، وشتر، گا) خاوەنی بیکردنەوە نین، بەڵکو لەوانەشە گێل و وێڵ ترو نەزانتر بن، چونکە گەلێ جار ئاژەڵ بەگوێی خاوەنەکەی ئەکاو، هەرکەسێکیش چاکەی لەگەڵ بکات لەبیری ناچێت. جا ئیقامە حوجە کراون سەرەڕای ئەوەی وەک حەیوان و ئاژەڵ وان لە تێنەگەیشتن و فەهم نەکردن عوذریشیان پێ نەدراوە و عوذریان نیە .

وەڵامم/ ئاخر هەی نەزانی چەواشەکاری نەخوێنەوار ئایا کە اللە تعالی دەفەرمێت کە ئەوانە تێناگەن خۆ ئەوانە هەر وەك ئاژەڵ وان ئایا فیعلەن ئەوانە ئاژەڵ بوونە و چواربێ بوونە ؟؟ ئەمە تەشبیهی حاڵی ئەو کافرانەمان بۆ ئەکات بەئاژەڵ کەنازانن چ شتێ بەرژەوەندی خۆیانی تێدایە و بیری لێ ناکەنەوە وبەشێوەیەك کەببێتە هۆی ملکەچ بوون و ئیمان هێنان چونکە ئاژەڵ غەریزەیەکی هەیە ئەتوانێ بەهۆیەوە سوود و زیانی خۆی بزانێ بەڵام ئەمانە سوود و زیانی خۆشیان نازانن، نەك بەمانای ئەوەی نەزانن پێغەمبەر و قورئان چییان پێ دەفەرمێ و داوای چیان لێ دەکات و لەفەهمی خطابی قورئان حاڵی نەبوبن حاشا وکلا، جا نەفی کردنی "سمع و عقڵ "لەم ئایەتە مەبەست لە سەمعی قبوڵ کردنە وە مەبەست لە عەقڵ یش مەبەست لەعەقڵی قەناعەت کردنیانە بەحەق کە نیانە، هەروەك ابن کثیر دەڵێت: أَسْوَأُ حَالًا مِنَ الْأَنْعَامِ السَّارِحَةِ، فَإِنَّ تِلْكَ تَعْقِلُ مَا خُلِقَتْ لَهُ، وَهَؤُلَاءِ خُلِقُوا لِعِبَادَةِ اللَّهِ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، وَهُمْ يَعْبُدُونَ غَيْرَهُ وَيُشْرِكُونَ بِهِ، مَعَ قِيَامِ الْحُجَّةِ عَلَيْهِمْ، وَإِرْسَالِ الرُّسُلِ إِلَيْهِمْ."

دەڵێت: ئەو کافرانە لەحەیوان خراپترن چونکە ئەو ئاژەڵانە دەزانن بۆچی دروستکراون،بەڵام ئەو کافرانە دروستکراون بۆ پەرستنی اللە بەتاك و تەنها بەڵام غەیری اللە دەپەرستن لەکاتێکدا ئیقامەحوجە کراون بەناردنی پێغەمبەران بۆیان."

کەواتە ئایەتەکە بەهیچ شێوەیەك باس لەوەناکات عەقڵیان نەبێ لەبنەڕەتەوە چونکە کەسێ هیچ عەقڵی نەبێ تەکلیفی هەر لەسەرنیە بەڵکو ئەو کافرانە سەرەڕای ئەوەی پێغەمبەریان لەخودی خۆیان بۆچووە هەر عەقڵیان بەوە ناشکێ کە شوێن ئەو دینە بکەون و بەڕاستی بزانن ئەگینا ئەزانن ئەو دینە داوای چیان لێ دەکات، هەر ئەوەندەش کافیە.

پاشان ئەم ئایەتە دێنێ ↓↓↓

اللە تعالى ئەفەرموویێت :

[وَمَثَلُ الَّذِينَ كَفَرُوا كَمَثَلِ الَّذِي يَنْعِقُ بِمَا لَا يَسْمَعُ إِلَّا دُعَاءً وَنِدَاءً ۚ صُمٌّ بُكْمٌ عُمْيٌ فَهُمْ لَا يَعْقِلُونَ] البَقَرَة (١٧١)

نموونەی ئەو کافرو بێ باوەڕانە [كَمَثَلِ الَّذِي يَنْعِقُ بِمَا لَا يَسْمَعُ إِلَّا دُعَاءً وَنِدَاءً ۚ] هەر وەکو نموونەی ئەو ئاژەڵەیە کە دەنگ ئەدرێ بۆ رزگارکردنیان لەو مەترسیانە دێنە رێیان، کەچی جگە لە خوڕین و دەنگێک شتێ تر نابیسن و تێناگەن، دیارە بێ باوەڕەکانیش «لە گێلیی و شوێنکەوتنی باب و باپیرانیاندا بێ هیچ لێکۆڵینەوەیەک» وەکو ئەو مەڕو ئاژەڵەیە کە شوانێک دەنگی ئەداو هیچ شتێک نابیسێ، جگە لە دەنگ و هاواریێک نەبێ، ئەمانیش هەرچەندە گوێیان لە قورئانەوە ئەبێت، راستییەکەی وەرناگرن و نایبیستن! [صُمٌّ بُكْمٌ عُمْيٌ فَهُمْ لَا يَعْقِلُونَ] ئەوکەسانە کەڕولاڵ و کوێرن، چونکە فام و ژیریان لە

دەست داوەو هیچ لەهەق حاڵی نابن، بۆیە بەکۆیرانە دوای هەمووکەسێک ئەکەون .

↓↓↓

وەڵام / اللە تعالی دەفەرمێت :" صُمٌّ بُكْمٌ عُمْيٌ فَهُمْ لَا يَعْقِلُونَ " خۆیان کەڕ و کۆیر و لاڵ کردوە لەئاست حەق بۆیە بیری لێ ناکەنەوە عەقڵیان پێی ناشێت. کەواتە ئەو کافرانە دەعوەی ئیسلامییان پشتگوێ خستوە خۆیان لەئاستی کەڕ و کۆیر کردوە هەربۆیە عەقڵێکی وایان نەبوو هیدایەتیان بدات و بزانن ئەوە سوودی ئەوانە. ئەوەتا قەومە کافرەکەی صاڵح دەیانزانی صالح پێغەمبەر بۆچی بانگیان ئەکات و لەچی نەهییان لێ دەکات بەڵام بەعەقڵیانەوە ناچوو ، وەك اللە تعالی دەربارەیان دەفەرمێت (قَالُواْ يَٰصَٰلِحُ قَدۡ كُنتَ فِينَا مَرۡجُوّا قَبۡلَ هَٰذَآ أَتَنۡهَىٰنَآ أَن نَّعۡبُدَ مَا يَعۡبُدُ ءَابَآؤُنَا وَإِنَّنَا لَفِي شَكّٖ مِّمَّا تَدۡعُونَآ إِلَيۡهِ مُرِيبٖ)[سورة هود 62].

واتە: ووتیان ئەی صاڵح بەڕاستی تۆ لەناوماندا جێی ئومێد بووی پێش ئەمە ئایا ڕێگرمان دەکەیت لەپەرستنی ئەوەی کەباو و باپیرانمان پەرستوویانە و بەڕاستی ئێمە لە گومانداین لەوەی تۆ بانگمان دەکەیت بۆلای و دوو دڵین."

کەواتە کافرەکان بەگشتی حاڵی بوبون لەبانگەواز و داواکاری پێغەمبەرەکانیان بەڵام قەناعەت و باوەڕیان پێی نەبوو نەدەچوو بەمێشکیانەوە.

پاشان ئەم ئایەتەی خوارەوە نەقڵ ئەکا ↓

وه الله تعالى ئەفەرموويێت :

[وَأُوحِيَ إِلَيَّ هَٰذَا الْقُرْآنُ لِأُنذِرَكُم بِهِ وَمَن بَلَغَ ۚ] الأنعَام (١٩)

بۆیە ئەم قورئانەشم وەحی بۆکراوە، کە ئێوە و هەرکەسێکی تریش دەنگی ئەم قورئانەی ئەگاتێ، پێ بترسێنم و ئاگادار کەمەوە .

ابن جریر ئەڵێ : هەرکەسێک گوێی لە قورئان بێت وەک ئەوە وایە محمدی بینیبێت ـ صلى الله عليه وسلم ـ .

↓↓

وەڵام/ ئەم ئایەتە پیرۆزە ئەفەرمێت: ئەی موحەمەد بڵێ من ئەم قورئانەم بەوەحی بۆ ڕەوانەکراوە تاکو بەم قورئانە بتانترسێنم وە هەرکەسێکیش کە ئەم قورئانەی پێ ئەگات، ئەم ئایەتە باس لە ترساندن و بنچینەی ئیقامەکردنی حوجە دەکات بەقورئان واتە باس لەچۆنێتی ئیقامە حوجەکە ناکات بەڵکو تەنها باس لەبنچینەکەی ئەکات کە بەو قورئانە ئەنجام ئەدرێت، جا ڕێکارەکانی ئەنجامدانی لەئایەتەکانی تردا باسکردوە بەڵام لێرەدا باسی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەکات کە ئیشی إنذارە واتە ئاگادارتان بکەمەوە ، ئایا پێغەمبەر بەزمانی خۆیان گەلەکەی ئاگادار کردوە یان بەزمانێکی تر ؟ بێگومان بەزمانی خۆیان قسەی لەگەڵ کردون هەر لەخۆیان بوو هەروەك خوای گەورە دەفەرمێت: (وَلَوْ جَعَلْنَٰهُ قُرْءَانًا أَعْجَمِيا لَّقَالُواْ لَوْلَا فُصِّلَتْ ءَايَٰتُهُۥٓ ءَاْعْجَمِى وَعَرَبِى)[سورة فصلت 44].

واتە: ئەگەر ئەم قورئانەمان بەزمانێکی تر جگە لەعەرەبی بنارداید بێ باوەڕان دەیانووت بۆچی ئایەتەکانی بەڕوونی شینەکراونەتەوە (چۆن دەبێت) قورئانی عەجەمی و پێغەمبەری عەرەبی"

کەواتە بیانووبڕین و ئیقامەکردنی حوجە بەپێی ئەم ئایەتە بەوە ئەبێ کە بەزمانی ئەو خەڵکەبێ و خەڵکەکە لێی تێبگەن بزانن چی دەڵێ، کەواتە خوای گەورە بەکافرەکانی قورەیش دەفەرمێت کە ئێوە عەرەبن ئێمە قورئانمان بەعەرەبی ناردوە تاکو نەڵێن بۆچی بەزمانێکی تربوو و لێی حاڵی نابین کەواتە مەرجە فەهمی خطاب و زانینی ماناکەی، بۆیە بەلاغ و گەیشتنی قورئان تەنها بە خوێندنەوە و دەقەکانی نابێت بەڵکو دەبێت ماناکانیشی بەزمانی گەل و نەتەوەکان بگات.

پاشان ئەم ئایەتە نەقڵ ئەکات ↓↓↓

وە اللە تعالی ئەفەرموویێت :

[وَإِنْ أَحَدٌ مِّنَ الْمُشْرِكِينَ اسْتَجَارَكَ فَأَجِرْهُ حَتَّىٰ يَسْمَعَ كَلَامَ اللَّهِ ثُمَّ أَبْلِغْهُ مَأْمَنَهُ ۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَّا يَعْلَمُونَ] التوبَة (٦)

ئەگەر یەکێک لەو موشریکانە پەنای پێهێنایت، پەنای بدە، دانێدەی بدە [حَتَّىٰ يَسْمَعَ كَلَامَ اللَّهِ] هەتا بەباشی فەرمایشتی اللە تعالی ئەبیستێ ، ئەفەرموویێت : حەتا گوێی لە قورئان ئەبێت نا فەرموویێت : [حتی یفهم کلام اللە] حەتا لە کەلامی اللە تعالی تێئەگات .

↓↓↓↓

وەڵام / ئاخر نەزان ئەم ئایەتە باس لەکافرە عەرەبەکانی قوڕەیش ئەکات کەسانێ پاش حەجی مانئاوایی دابەزی لەدوای ئەوەی ئایەتەکانی قەدەغەکردنی حەجی موشریکان لەماڵی خوا دابەزی مۆڵەتی چوار مانگیان پێ درا ئەگەر ئیمان نەهێنن ئینجا کەواتە ئەم دینە خوا بۆ دار و بەردی نەناردوە بۆ کەسانێ ناردویەتی کە موکەلەف بوون نەک حەیوانات کەسانێ بوون قورئان بەزمانی ئەوان بووە بەڵام قەناعەتیان پێی نەبووە عەقڵیان قبوڵی نەکردوە زانینێکی وایان نەبووە کە ملکەچیان بکات و ئیمان بێنن ئائەم زانینەیە کە ئایەتە نەفی کردوە نەك ئاگایان لەهیچ نەبوێ و نەیانزانیێ دەعوەی ئیسلام چیە ئەم ئایەتە کاتێ دابەزی بیست ساڵ بەسەر دەعوەی ئیسلامی تێپەڕبوبو وە زۆر باچاکی دعوەی ئیسلامیان پێکەیشتبوو بەڵام هێشتا زانینێ وەهایان نەبوە ببێتە هۆی ملکەچ بونیان، ئەگینا ئەگەر حەیوانات بوبون هیچ مێشك و چاو و بیستنیان نەبوێ چۆن خوا لەگەڵ کەسانێ ئاوا دەدۆێ چۆن کەسانی ئاوا لۆمەیان لەسەرە کەسانێ ئاوا هەر عوزریان هەیە، بەڕاستی ئەوە تۆمەتدانە پاڵ و خوا و دینی خوا و پێغەمبەرە بەم شێوەیە ئایەتەکان مانابکرێ بەڕاستی ئامە ئەوپەڕی گومڕایەتیە بەڵام ئەوانە لەخواناترسن گرنگ ئەوەیە مەزهەبەکەیان سەربخەن ئیتر هەرچی ئەکەن کێشەنیە.

پاشان ئەم ئایەتە نەقڵ ئەکات ↓

وە اللە تعالى ئەفەرموویێت :

[قُلْ هَلْ نُنَبِّئُكُم بِالْأَخْسَرِينَ أَعْمَالًا ()الَّذِينَ ضَلَّ سَعْيُهُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَهُمْ يَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ يُحْسِنُونَ صُنْعًا] الكهْف (١٠٣ - ١٠٤)

بڵێ ئەی محەمەد - صلى الله عليه وسلم - ئایا پێتان بڵێم: زەرەرمەندترین کەس لای اللە تعالى کێیە؟

ئەوانەن کە هەوڵ و تێکۆشانەکانیان لەم ژیانی دونیادا بەهەوانتەو بێ ناوەرۆک دەرچوو، چونکە بێ بڕوابوون و هەرچیشیان کردبێ لێیان وەرنەگیراوە. ابن جەریر ئەڵێت: ئەم هەڕەشەیە تەواوی خەڵکانی بیدعەچیی و، خاوەن بیروباوەڕە گەندەڵ و چەواشە کاریەکان ئەگرێتەوە. [وَهُمْ يَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ يُحْسِنُونَ صُنْعًا] لەگەڵ ئەوەیشدا لایان وایە کارێکی شیاوو شایستەیان ئەنجام یاوە، خۆیان نەزانکرد کە: ئاکارچاکی لەگەڵ کوفر و بێ بڕواییدا کەڵکی نابێ]]

↓↓

شیـــــرکۆ بەردەوامە لەسەر تەحریف کردنی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز هاتوە ئایەتێکی هێناوە بەڵام کۆتاییەکەی قرتاندوە چونکە دەستەکەی کەشف ئەبێ کەباس لەو کافرانە دەکات کە کوفریان کردوە بەئایەتەکانی پەروەردگاریان و

بەڕۆژی دوایی هەربۆیە هیچ نرخێ دانانێین بۆ کردەوەکانیان ئەگەر چیش وابزانن کاری چاك دەکەن.

ئەمەش کۆتایی ئایەتەکەیە کە اللە تعالی دەفەرمێت

(أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِـَٔايَٰتِ رَبِّهِمۡ وَلِقَآئِهِۦ فَحَبِطَتۡ أَعۡمَٰلُهُمۡ فَلَا نُقِيمُ لَهُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ وَزۡنا)[سورة الكهف 105].

واتە : ئەوانە کەسانێکن کافربوون بەئایەتەکانی پەروردگاریان و گەیشتن بەخزمەتی وڕۆژی دوایی لەبەر ئەوە کردەوەکانیان پوچەڵ و بێ پاداشت دەرچوو کەواتە لەڕۆژی دواییدا هیچ نرخ و ڕێزێکیان بۆ دانانێین، پاشان لەسیفەتی سێیەمیان دەفەرمێت(ذَٰلِكَ جَزَآؤُهُمۡ جَهَنَّمُ بِمَا كَفَرُواْ وَٱتَّخَذُوٓاْ ءَايَٰتِي وَرُسُلِي هُزُوًا)[سورة الكهف 106].

واتە: ئەوە تۆڵە و سزایان دۆزەخە لەبەر ئەوە کافربوون و گاڵتەیان دەکرد بەئایەتەکان و پێغەمبەرانی ئێمە."

کەواتە ئایەتەکە باس لەکافرانی ئەصلی دەکات و باس لەهەرکەسێ دەکات کە ئەم سیفەتانەی تێدابێ کوفرکردن بەئایەتەکانی خوا و بەڕۆژی قیامەت و گاڵتەکردن بەپێغەمبەران کاتێ کەبۆیان نێردران. کەواتە بەهیچ جۆرێ باس لەموسڵمانێ ناکا کەتوشی شیرکێ دەبێ بەنەزانی و پێی نازانێ تاکو ئەو حوکمە بیگرێتەوە بەڵکو ئەو حوکمە بەگشتی هەموو کەسێ ئەگرێتەوە ئەو سێ سیفەتانەی تێدابێ کە اللە تعالی باسی کردوە، هەروەها کەسانێکیش

ئەگرێتەوە کە ئیقامە حوجەیان کرابێ و حەقیان بۆ ڕوونکرابێتەوە پاشان مل نەدەن هەروابزانن خۆیان لەسەر حەقن ئەمەیە مەبەستی ابن جریر پاشان ئەگەر بەو تێگەیشتنەی شێرکۆ بێ لە وتەکەی ابن جریر کە ئەم ئایەتە ئەوانیش ئەگرێتەوە کەواتە مانای وایە ئەهلی ئەهواء و بیدەع کافرن چونکە ئایەتەکە باسی کافرئەکاو ابن جریریش ئەهلی بیدەع دێنێ لەشوێنیان ئەمەش پێچەوانەی عەقیدەی سەلەفە دەربارەی فرقەکانی ئەهلی هەواو بیدەع چونکە سەلەف ئەو فرقانەیان تەکفیرنەکردوە علی التعین.

چەواشەکاریەکانی تری شێرکۆ لە شوێنی تری هەڵوەشانەوەی بیانوی نەبونی بەهانەی نەزانی وەڵام داوەتەوە بگەڕێنەوە بۆ ئەوێ.

والحمدلله رب العالمين

وانەی 6 قاعیدە گومڕاکەرەکان

کابرای چەواشەکار و موحەریفی قورئان بەردەوامە لەسەر گۆڕینی واتای ئایەتە پیرۆزەکانی قورئان بۆ ئەوەی هەرچۆنێك بێت مەزهەبەکەی لەلای نەزانەکانی دەوروبەری سەربخات لەبڵاوکراوەی ئەمجارەیدا بەحیسابی خۆی پشتی بەستووە بەبەڵگەکانی قورئان بۆ چەسپاندنی بیردۆزەکەی لەسەر نەبونی عوذر بەجەهل لەبابەتەکانی تەوحید دا جا لەڕاستیدا ئەو بەڵگانە بەڵگەیە لەدژی نەك

بەڵگەبێت بەدەستی بەڵکو بەو بەڵگانە زیاتر یارمەتی ئێمەی دا بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ڕاستیەکان لەژێر ڕۆشنایی ئایەتە قورئانیەکان، پاشان ئەم کابرایە چوە وتەی زانایانی لەتەفسیرەکان نەقڵ کردوە بەڵام بەپچڕاوی و بەقرتاندنی پێش و دوایەکانی بۆ ئەوەی مەبەستە ژەهراویەکەی بپێکێت. ئێمەش ئێستا دەست دەکەین بەشیکردنەوەی یەك یەك لەو ئایەت و بەڵگانە و دەرخستنی ڕاستی و بەڵگەبونەکانیان.

١ ـ اللە تعالی ئەفەرموویێت :

[رُّسُلًا مُّبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى اللَّهِ حُجَّةٌۢ بَعْدَ الرُّسُلِ ۚ] النِّسَاء (١٦٥)

بۆ زانینی مانا و مەبەستی ئەم ئایەتە و وتەی ڕاڤەکارانی قورئان دەربارەی دریژەی بابەتەکەم لهم لینکەدا داناوە بیخوێنەوە

https://justpaste.it/7yi31

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەمە اللە تعالی ئەفەرموویێت :

[وَلَوْ أَنَّا أَهْلَكْنَاهُم بِعَذَابٍ مِّن قَبْلِهِ لَقَالُوا رَبَّنَا لَوْلَا أَرْسَلْتَ إِلَيْنَا رَسُولًا فَنَتَّبِعَ آيَاتِكَ مِن قَبْلِ أَن نَّذِلَّ وَنَخْزَىٰ]طه (١٣٤)

خۆ ئەگەر ئێمە پێش هاتنی ئەم قورئانە و پێغەمبەرە ئەوانمان بەسزایەک لەناوبردبا [لَقَالُوا رَبَّنَا لَوْلَا أَرْسَلْتَ إِلَيْنَا رَسُولًا] لەدوا رۆژدا بۆیان هەبوو بڵێن و دەشیان ووت: ئەی پەروەردگاری ئێمە! بۆچی لە دونیادا پەیامبەرێکت بۆ نەناردین [فَنَتَّبِعَ آيَاتِكَ مِن قَبْلِ أَن نَّذِلَّ وَنَخْزَىٰ] تا پەیڕەوی بەرنامەو ئایەتەکانی تۆ بکەین پێش ئەوەی ئەمڕۆ ئاوا ریسواو سەر شۆڕ ببین.

وەڵام/ ئەم ئایەتە باس لەکافرەکانی قوڕەیش دەکات بڕوانە ئایەتەکانی پێشوو باسەکە هەمووی لەسەر بڕوبیانوەکانی ئەوانە، پاشان ئەو کافرانەی قوڕەیش کە پەیامەکەی اللە تعالی یان بۆچوو کە لێی حاڵی بوون کە دەیانزانی بۆچی بانگیان دەکات بۆیە کیتاب و پێغەمبەرەکەی خوا گەورەترین بەڵگە و حوجەبوو لەسەریان چونکە بەزمانی خۆیان بوو وە پێغەمبەرەکەش هەر لەخۆیان بوو، جا هەرکەسێکیش حاڵی وەکو ئەوان بێ لەپەیامەکەی خوا حاڵی بوبێ ئەوا ئیقامە حوجە کراوە هیچ بیانویەکی نیە لەڕۆژی دوایی. پاشان ئەم قورئانە پیرۆزە هەرکاتێ ڕوونکرایەوە بۆ هەر گەل ونەتەوەیەك و مەبەست و ماناکانی نەقڵ کرا بۆیان ئیتر حوجەیە لەسەریان و هیچ بیانوویەکی نەزانیان لێ قبوڵ ناکرێت بەتایبەت لەشیرك و تەوحید بەڵام کابرای تێکدەری قورئان ئەڵێ ئەگەر هیچ لەماناکانی قورئانیش حاڵی نەبن ئەگەر کەسیش نەبوبێ بۆیان تەرجەمە بکات هیچ بیانوویان نیە و تەواو

ئیقامه حوجەش کراون ئەمەش قسەیەکە کەسی عاقڵ نایکات ئیلا کەسێ هیچ مێشکی نەمابێ وەکو ڕادیۆ یان توتی هەرشتەکان بڵێتەوە خۆی هیچ مێشکی نەبێ.

پاشان وتەی موفسیرینی قورئان دێنێتەوە ↓↓↓

زانای موفەسیر ئیمامی ابن کثیر ـ رحمه الله تعالى ـ لە تەفسیری ئەم ئایەتە ئەڵێت :

بە تەئکید اللە تعالى کتابەکانی دابەزاند و پێغەمبەرانی نارد تاکو بۆ ئەوەی هیچ عوذرێک نەمێنێتەوە بۆ کەسانی عوذرهێنەرەوە .

وە القرطبی ـ رحمه الله تعالى ـ لە تەفسیری ئەو ئایەتە ئەڵێت :

[ئەڵێن : پێغەمبەرت بۆ نەناردین و کتابیشت بۆ دانەبەزاندین]

ئیمامی موفەسیرین ابن جریری طەبەری ـ رحمه الله تعالى ـ ئەڵێت :

[يقول: أرسلتهم رسلا إلى خلقي وعبادي، مبشرين بثوابي من أطاعني واتبع أمري وصدَّق رسلي، ومنذرين عقابي من عصاني وخالف أمري وكذب رسلي " لئلا يكون للناس على الله حجة بعد الرسل "، يقول: أرسلت رسلي إلى عبادي مبشرين ومنذرين، لئلا يحتجّ من كفر بي وعبد الأنداد من دوني، أو ضل عن سبيلي بأن يقول إن أردتُ عقابه: لَوْلا أَرْسَلْتَ إِلَيْنَا رَسُولا فَنَتَّبِعَ آيَاتِكَ مِنْ قَبْلِ أَنْ نَذِلَّ وَنَخْزَى [سورة طه: ١٣٤]. فقطع حجة كلّ مبطل ألحدَ

في توحيده وخالف أمره، بجميع معاني الحجج القاطعة عذرَه، إعذارًا منه بذلك إليهم، لتكون لله الحجة البالغة عليهم وعلى جميع خلقه] .

له تەفسیری " الميسر " یش ئەڵێت :

[أرسَلْتُ رسلا إلى خَلْقي مُبشِّرين بثوابي، ومنذرين بعقابي؛ لئلا يكون للبشر حجة يعتذرون بها بعد إرسال الرسل]

وەڵام/ ئەم تەفسیرانە هەمووی ڕوون وئاشکرایە ئەو زانایانە بەشێوەیە گشتی باسی قورئان ئەکەن کەحوجەیە بۆ ئەوانەی لێی حاڵی بوون و فەهمی خطابەکەی خوایان پێگەیشتوە چونکە لەهەموو سەردەمێ زانایان و بانگخوازان کە بانگەوازی گەلانیان ئەکرد بۆ ئیسلام یان فەتحی وڵاتانی کوفریان ئەکرد ئەچوون قورئان و ئیسلامیان بەزمانی ئەو گەل ونەتەوانە بۆ ڕوون ئەکردنەوە ئەگەر ڕوونکردنەوەی قورئان مەرج نەبوایە لە ئیقامەی حوجە ئیتر فێربوون و تەڵەبی عیلم چ سوودێکی ئەما ئیتر ناردنی پێغەمبەر و ئەو هەموو موناقەشە و مشتومڕەی کە دەیکرد لەگەڵ کافران زیادەبووە و هەڵەبووە ؟!!

بۆیە دەبێت لەگەڵ هێنانەوەی ئەو ئایەتە هەموو ئایەتانە باس بکرێت کە پەیوەستن بەبابەتەکە ئەگینا ئەبێتە چەواشەکاری و ماناکەی نابەخشێت چونکە لێرەدا اللە تعالى لەیەك ڕوانگەوە باسی کردوە بەڵام لەشوێنەکانی تر هەموو ڕوانگەکانی تری بابەتەکەی خستۆتەڕوو بۆیە دەبێ هەموو ئایەتەکان

بێنی بەڵام ئەمانە وەکو پیشەی ئەهلی بیدەع و خەوارێج تەنها لایەکی دەقەکان دێنن و ئەبینن بۆیە ئاوا گومڕا ئەبن.

هەروەها هەروەك موفەسیرینی قورئان ئەفەرموون باشترین تەفسیری قورئان تەفسیرکردنی قورئانە بەقورئان واتە ئایەتە گشتیەکان لەژێر ئایەتە وردەکاریەکان ڕونبکەیتەوە یان ئایەتە عامەکان لەژێر ئایەتە تایبەتەکان، لەژێر ڕونکردنەوەی ئەم ئایەتە گشتیەدا اللە تعالی لەشوێنێکی تردا ئەم ئایەتەگشتیەمان بۆ ڕوون ئەکاتەوە وئەفەرمێت (وَمَآ أَنزَلۡنَا عَلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ إِلَّا لِتُبَيِّنَ لَهُمُ ٱلَّذِى ٱخۡتَلَفُواْ فِيهِ وَهُدى وَرَحۡمَة لِّقَوۡم يُؤۡمِنُونَ)[سورة النحل 64].

ئیمامی ابن جریری تەبەڕی لەمانای ئایەتەکە دەڵێت:

يقول تعالى ذكره لنبيه ﷺ: وما أنزلنا يا محمد عليك كتابنا وبعثناك رسولا إلى خلقنا إلا لتبين لهم ما اختلفوا فيه من دين الله، فتعرّفهم الصواب منه، والحقّ من الباطل، وتقيم عليهم بالصواب منه حجة الله الذي بعثك بها."

دەڵێ: اللە تعالی بەپێغەمبەرەکەی دەفەرمێ، ئەی موحەمەد ئێمە تۆمان نەناردوە و کتێبمان دانەبەزاندوە تەنها بۆ ئەوە نەبێت کەبۆیان ڕوون بکەیتەوە ئەوەی جیاوازن تیایدا لەدینی اللە، و صەواب وحەقیان پێ بناسێنی و بەو هۆیەوە حوجەی خوایان لەسەر بەرپا بکەی کە خوا پێی ناردوی."

کەواتە قورئان کە ڕوون بوە و بەزمانی کافرەکانی قورەیش بووە هێشتا خوا نەیکردوە بەحوجە هەتا پێغەمبەری لەگەڵ نەناردوە و بۆی ڕوون کردونەتەوە

ئەوجا کردویەتی بەئیقامەی حوجە لەسەریان، دوای پێغەمبەریش زانایان ئەو کارە دەکەن وبەردەوام ئەبن لەڕوونکردنەوەی حوجەی خوا بۆ گەل و نەتەوەکان هەروەك پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەفەرمێت"ليبلغ الشاهد منكم الغائب" هەروەها پێغەمبەر دەفەرمێت " العلماء ورثة الأنبياء" زانایان شوێنگرەو میراتگری پێغەمبەرانن .هەروەها الله تعالى پەیمانی لەزانایان وەرگرتوە کە بۆخەڵکی ڕوون بکەنەوە(لَتُبَيِّنُنَّهُۥ لِلنَّاسِ وَلَا تَكْتُمُونَهُۥ)[سورة آل عمران 187].کەواتە ئەگەر دین ڕوون بێ بۆ هەموو خەڵکی و هەموو خەڵکی لێی حاڵی ببن چ پێویست ئەکات خوای گەورە ئەو تەکلیفە لەزانایان بکات !!!؟؟؟؟

پاشان ئەم ئایەتە نەقڵ ئەکات

٢ ـ الله تعالى ئەفەرموویێت :

[وَكَذَٰلِكَ زَيَّنَ لِكَثِيرٍ مِّنَ الْمُشْرِكِينَ قَتْلَ أَوْلَادِهِمْ شُرَكَاؤُهُمْ لِيُرْدُوهُمْ وَلِيَلْبِسُوا عَلَيْهِمْ دِينَهُمْ ۖ وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ مَا فَعَلُوهُ ۖ فَذَرْهُمْ وَمَا يَفْتَرُونَ] الأنعام (١٣٧)

شەیاطینەکان هەروەک ئەو کارەیان بۆ ئەو موشریکانە ڕازاندەوە، هەروا (بتەوانە) موشریکەکانیش وایانکرد کە زۆرێ لە هاوبیرەکانیان کوشتنی منداڵەکانیان لا جوان و پەسەند بێت ! بۆیە ئەیانتوانی کێژەکانیان زیندە بەچاڵبکەن [لِيُرْدُوهُمْ] بۆ ئەوە لەناویان بەرن [وَلِيَلْبِسُوا عَلَيْهِمْ دِينَهُمْ ۖ] و بۆ ئەوە ئایینەکەیانیان لێ بشێوێنن [وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ مَا فَعَلُوهُ ۖ] دڵنیابن ئەگەر الله

تعالی ویستبای ئەوکارە نەکەن، نەیاندەکرد، ئەیتوانی بەزۆریش بێت لەو هەڵەیە بیانگێڕێتەوە [فَذَرْهُمْ وَمَا يَفْتَرُونَ] دەسا تۆش لە خۆیان و لە درۆو دەلەسەکەیان کە ئەیانگوت اللە تعالی شەریک و هاوبەشی هەیە واز بهێنە، اللە تعالی خۆی بەدەردیانەوە یەت .

↓↓

وەڵام / ئەم ئایەتە پیرۆزە باس لەکارە نەفامیەکانی کافرەکانی قوڕەیش ئەکات پێش هاتنی ئیسلام، ئەوان کافربوون لەبنەڕەتەوە چونکە هیچ دینێکیان نەبوو و بتپەرست بوون کافر بونەکەیان لەبەرئەوەنیە کە عوذریان نەبوێ بەنەزانی بەڵکو عیلەت و مناطی کافربونەکەیان ئەوەیە کە داخلی ئیسلام نەبوون و هیچ دینێکیان نەبوو هەر لەبنەڕەتەوە کارەکانیان لەسەر کوفرو هاوبەشدانان بوە بۆخوا وە بەئاشکرا ئەیانوت خوا شەریکی هەیەو ئێمە عیبادەت ئەکەین بۆ بتەکانمان تاکو لەخوا نزیکمان بکەنەوە، بۆیە کافرانی ئەصلی ئەگەر پەیامی خواشیان پێ نەگەیشتبێ بەموسڵمان حیساب ناکرێن بەهۆی ئەوەی کەنەزانن، بەڵکو زانا بن یان نەزان بن هەر پێیان ئەوترێ کافر، تەنها ئەوەنە هەیە ئەگەر پێغەمبەریان بۆ نەچووبێ لەدونیا ئەوا لەقیامەت سزا نادرێن و تاقی ئەکرێنەوە.

بەڵام ئەم کابرا نەزانە هیچ جیاوازی ناکات لەێوان کافری ئەصلی و کەسێك بەیەقینەوە داخلی ئیسلام بوبێ ، هەروەها هیچ لە عیلەت و مناطیش نازانێ

بۆیە شتانێ ئەڵێ کە هی ئەو نیە دەست بۆ شتانێ ئەبات کە بەخەیاڵیش نەیزانیوە.

پاشان ئەم ئایەتە نەقڵ ئەکات

٣ ـ اللە تعالی ئەفەرموویێت :

[وَإِنْ أَحَدٌ مِّنَ الْمُشْرِكِينَ اسْتَجَارَكَ فَأَجِرْهُ حَتَّىٰ يَسْمَعَ كَلَامَ اللَّهِ ثُمَّ أَبْلِغْهُ مَأْمَنَهُ ۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَّا يَعْلَمُونَ] التوبَة (٦)

ئەگەر یەکێک لەو موشریکانە پەنای پێهێنایت، پەنای بدە، داڵدەی بدە [حَتَّىٰ يَسْمَعَ كَلَامَ اللَّهِ] هەتا بەباشی فەرمایشتی خوا ئەبیستێ ، واتە: قورئانی بۆ دەخوێنیت و لێی تێئەگات [ثُمَّ أَبْلِغْهُ مَأْمَنَهُ ۚ] پاشان بیگەیەنەوە جێیەک کە هێمن و ئاسوودەبێ . [ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَّا يَعْلَمُونَ] چونکە ئەوانە گەلێکن نازانن ئیمان و بڕوا چییە، سا بەڵکو بەو پەنادانە بیرێ بکەنەوەو لە ئیسلام تێبگەن.

شاهێدی بەڵگەش لەم ئایتە ئەوەیە ، اللە تعالی فەرمان بە پێغەمبەر ـ صلی اللە علیه وسلم ـ ئەکات کاتێک یەکێک لە موشریکەکان پەنای بۆ هێنایت پەنای بدە حەتا گوێ بیستی قورئان ئەبێت و ئیقامە حوجە ئەکرێت ، پاش گوێگرتنی لە قورئان هیچ عوذرێکی بۆ نامێنێتەوە ، پاشان اللە تعالی ئەفەرموویێت [ذَٰلِكَ] واتە ئەو فەرمانەی پێتکراوە بۆ داڵدە دان و گەیاندیان بە شوێنی ئەمین بەهۆی ئەوەوەیە [لَّا يَعْلَمُونَ] نازانن واتە جاهیلن .

جا لەگەڵ ئەوەی قەومێکی جاهیل و نەزانیش بوون و حوجەشیان پێنەگیشتبوو جەهلەکەیان لێ قەبوڵ نەکراوە و بە موشریک ناویان هاتووە .

وەڵامم/ ئەم ئایەتە باس لە ئیقامە حوجەکردن ناکات و باسی ئەوە ناکات کە عوذریان هەبێت، چونکە ئەم ئایەتە لەکۆتاییەکانی دەعوەی ئیسلامی دابەزی بوو کە دەعوەی ئیسلامی گەیشتبوو بەهەموو جەزیرەی عەرەب، بەڵکو ئەم ئایەتە لەدوای ئایەتی شمشێر دابەزی لەسورەتی تەوبە کە چوار مانگ مۆڵەت درابوو بەموشریکەکان ئەگەر ئیمان نەهێنن بکوژرێن، جائەم پەنا دانەی لە ئایەتەکە هاتووە بۆ ئەوەیە بێن گوێ بگرن لەئایەت دینی خوا بەڵکو ئیمان بهێنن و ئەو سزایە توشیان نەبێ،" لایعلمون "یش لە ئایەتەکە مانای ئەوە نیە لەبنچینەوە هیچ عیلمیان نەبوبێ بەبانگەوازی ئیسلامی نەخێر هەرگیز بەڵکو لایعلمون واتە نازانن پاشەڕۆژی ئەو ئیمان نەهێنانەیان چەن مەترسیدارو خەسارەت مەندیە نازانن و قەناعەتیان نیە ئەم ئیسلامە چەنەحەق و ڕاستە نەچوبوە ناو دڵیان، ئەیانزانی پەیامی ئیسلام چی دەڵێ ، چونکە چوار مانگ مۆڵەت درابوون بۆ نەکوشتنیان تاکو بڕیاری کۆتایی بدەن و بیربکەنەوە تێبگەن کە ئەو ئیسلامە ڕاستە و حەقە.

هەروەك ئیمامی ابن جریری تەبەڕی لەتەفسیری "لایعلمون" دەڵێت" ولا یعلمون ما لهم بالإیمان بالله لو آمنوا، وما علیهم من الوِزْر والإثم بترکهم الإیمان

بالله."

دەڵێ: نەیان ئەزانی لە ئیمان هێنانیان بە اللە چ پاداشتێکیان هەیە ئەگەر ئیمان بێنن وە نەیان ئەزانی لە ئیمان نەهێنانیان بە اللە چ گوناح و تاوانێکیان لەسەرە"

پاشان شیـــــرکـــۆ قسەیە بێ مانای تر ئەکات و ئەڵێ ئەو خەڵکە 20 ساڵ گوێیان لەقورئان بوو عوزریان نەبوو بەڵام ئەم خەڵکەی ئێمە 2441ساڵە گوێیان لەناوی قورئان و موحەمەد ئەبێ !!!!!

ئاخر ئاوایە کەسێك خوا سەری لێ بشێوێنێ ئاوای لێ دێ ئاخر هەی نەزان ، ئەو کافرانەی قورەیش بیست ساڵ لەناو دەعوەی ئیسلام بوون ئەوە تەمەنی خۆیان بوو کە ئەو جیلەی ئەوان بیست ساڵ لەگەڵ بیستنی دەعوەی ئیسلامی ژیان، بەڵام ئایا ئەم خەڵکەی ئێمە تەمەنی 2441ساڵە !!! ئەم دوو هەزار ساڵە چیە هێناوتە ؟ !!! ئاخر کەس هەیە تەمەنی ئەوەنە ساڵەبێ و ئەوەنە ساڵە بەس دەعوەی بیستبێ؟ پاشان ئایا ئەم خەڵکەی ئێمە بۆ ساڵێکیش بوە یان بۆ جارێکیش بوە بەچاکی و ڕوونی دەعوەی حەقیقی ئیسلامی پێگەیشتبێ و بۆی ڕوونکرابێتەوە ؟ ئاخر چۆن ئەم خەڵکەی ئێمە ئەشوبهێنێ بەو خەڵکەی سەردەمی ئیسلام کە پێغەمبەر صلی اللہ علیه وسلم بۆی ڕون ئەکردنەوە و هەزاران صەحابە بانگەوازی خەڵکیان ئەکرد بێ وەستان ، وەدین بەزمانی ئەوان بوو هەموو شتیان بەچاوی خۆیان ئەبینی ،

ئاخر پێم ناڵێی کێ بۆ ئەو خەڵکەی ئێمەی ڕوونکردۆتەوە مەگەر تۆی پڕۆفیسۆر و عەلامە و موفتی عام ؟!!!هەرچەن من باس لەوەناکەم کەهەموو خەڵکی عوذریان هەبێ بەڵکو وەڵامی قسەکەی تۆ ئەدەمەوە.

پاشان ئەم ئایەتە نەقڵ ئەکات و ئەڵێ:

٤ ـ الله تعالى ئەفەرموویێت :

[أَمِ اتَّخَذُوا مِن دُونِهِ آلِهَةً ۖ قُلْ هَاتُوا بُرْهَانَكُمْ ۖ هَٰذَا ذِكْرُ مَن مَّعِيَ وَذِكْرُ مَن قَبْلِي ۗ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ الْحَقَّ ۖ فَهُم مُّعْرِضُونَ] الأنبيَاء (٢٤)

ئاخۆ ئەوان بێجگە لە الله تعالى چەند خوایەکیان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە؟ [قُلْ هَاتُوا بُرْهَانَكُمْ ۖ] پێیان بڵێ: ئەی موحەمەد! -صلى الله عليه وسلم- بەڵگەی خۆتان بێنن بۆ ڕاستیی ئەوەی ئەیڵێن [هَٰذَا ذِكْرُ مَن مَّعِيَ وَذِكْرُ مَن قَبْلِي] ئەمەی لەم قورئانەدایە پەندو یاد خەڕەوەیە بۆ خۆم و بۆ ئەوانەی هاوەڵی منن و لەگەڵمدان، وە بەسەرهاتی پێغەمبەران و گەلانی پێش منیش باس ئەکات، دە ئایا لە کتێبی هیچ کامێکیاندا هاوەڵ و هاوبەش بۆ الله تعالى ڕەوا بووە، ئەی ئێوە ئەوەتان لەکوێ هێنا؟ [بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ الْحَقَّ ۖ] بەڵکو ئەوان زۆربەی زۆریان هاوەڵ بۆ الله تعالى دائەنێن و حەق و ڕاستیی نازانن [فَهُم مُّعْرِضُونَ] بێ لەوەش ڕوو وەرئەگێڕن لە یەکخواپەرستیی و شوێنکەوتنی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- .

شاهێدی بەڵگەش لەم ئایەتە بەرز و بەڕێزە ئەوەیە : اللە تعالی هەواڵمان پێ ئەیان زۆرینەی موشریکەکان حەق نازانن و ناینناسن ، وە لە گەورەترینی هەموو حەقەکان تەوحیدە ، وە لەبەر نەبوونی عیلم و جەهل و نەزانینیان بەم حەقە کە توحیدە پشتی تێئەکەن ، وە لە گەڕان بە شوێن فێربوونی ،وە پشت هەڵکردن لە فێربوونی حەق و جەهل عوذر نیە ، هەر بۆیەش هەنێک لە زانایان ناویان ناوە " الجاهل المعرض " .

ئیمامی شەوکانی ئەڵێت : پاشان کە حوجەیان ڕووبەڕوو کرایەوە بەجەهلی خۆیان زەمیان کرد لە جێی ئەوەی حەقە وەرگرن بۆیە اللە تعالی ئەفەرموێت : [بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ الْحَقَّ] جا ئەم اضرابە لەلای سبحانە وتعالی ـەوە بوو پاشان ئەوە ڕوون ئەکاتەوە کە بەیان و بوڕهان و بەڵگە و ئیقامە حوجە کاریگەری لەسەر ئەوان نیە چونکە ئەوان جاهیلن بە حەق ، جیاوازی ناکەن و جیای ناکەنەوە لە نێوان حەق و باطڵ [فَهُم مُّعْرِضُونَ] ئەمە باسی پێش خۆی ئەکات کە ئەڵێت زۆرینەیان نازانن و جاهیلن چونکە ئەو فەهمە جەهلە باڵی کێشاوە بەسەر زۆرینەیان ، بۆیە پشت ئەکەن لە قەبوڵ کردنی حەق ، بەردەوامن لە سەر پشتکردن لە تەوحید و شوێنکەوتنی ڕەسول ، لە حوجە تێناگەن و تەدەبورناکەن لە بەڵگە و بوڕهان ...هەتا ئەو شوێنەی ئەڵێت کۆتایی بە ئایتەکە هێناوە بە فەرمانکردن بە عیبادەتکردن بۆخۆی [فاعبدوني

] بۆم ڕوونکردنەوە بەڵگەی عەقڵی و بەڵگەی نەقڵی وە حوجەتەی اللە تعالی لەسەرتان جێبەجێ بوو ،واتە ئیقامە حوجەم کردن .

نەقڵەکەی شێرکۆ کۆتایی هات.

وەڵام / سبحان اللە خۆی وەڵامی خۆی ئەداتەوە ، کە ئەو کافرانە حوجەی خوایان بۆچوە خوای گەورە لەناو خۆیان پێغەمبەری بۆناردوون و کتێبی بەزمانی خۆیان بۆ دابەزاندون پێغەمبەرەکە بانگیان ئەکات و بۆیان ڕوون ئەکاتەوە ئەوان لەبەر نەزانیان پشت هەڵدەکەن تەواو بیانووبڕکراون ئەو نەزانیە قبوڵ نیە مادام بیستیان ئیتر قەناعەت ئەکەن یان نا ئەوە مەرج نیە و هیچ حیسابێکی بۆ ناکرێت.

پاشان ئەم ئایەتە نەقڵ ئەکات و ئەڵێ

٥ ـ اللە تعالی سەبارەت بە میللەتی کوفر ئەفەرموویێت :

[بَلْ قَالُوا إِنَّا وَجَدْنَا آبَاءَنَا عَلَىٰ أُمَّةٍ وَإِنَّا عَلَىٰ آثَارِهِم مُّهْتَدُونَ] الزُّخْرُف (٢٢)

نەخێر، هیچ بەڵگەیەکیان نیە، بەڵکو ئەوە نەبێ کە ئەڵێن: ئێمە باب و باپیرانمان لەسەر ئایین و مەزهەبێکی ئاوا دیوە [وَإِنَّا عَلَىٰ آثَارِهِم مُّهْتَدُونَ] بەڕاستی ئێمەیش بە شوێن ڕێبازی ئەواندا ڕێنموون ئەبین و هەنگاو هەڵ ئەگرین .

شاهیدی بەڵگەش لە ئایەتەکە ئەوەیە :

موشریکەکان وەڵامی پێغەمبەرەکەیان نەیایەوە بەهۆکار و بیناوی باطڵ ، ئەویش تەقلیدکردنەوەی باب و باپیرانە لە کەوتنە ناوشیرکەوە ، جا ئەوەیان کردە عوذر بۆخویان بەوەی کەجاهیل بوون بە دەعوەی تەوحید ، اللە تعالی ئەو عوذرەی لێ قەبوون نەکردن بەجەهل و بە تەقلید ، هەروەک اللە تعالی لە جێگایەکی تر ئەفەرموویێت :

[وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ اتَّبِعُوا مَا أَنزَلَ اللَّهُ قَالُوا بَلْ نَتَّبِعُ مَا وَجَدْنَا عَلَيْهِ آبَاءَنَا ۚ أَوَلَوْ كَانَ الشَّيْطَانُ يَدْعُوهُمْ إِلَىٰ عَذَابِ السَّعِيرِ] لقمَان (٢١)

خۆ کاتێ بەوانە بووترێ: ئێوە پەیڕەوی ئەوە بکەن اللەتعالی ناردوویەتی لە قورئاندا [قَالُوا بَلْ نَتَّبِعُ مَا وَجَدْنَا عَلَيْهِ آبَاءَنَا ۚ] لە وەڵاما ئەڵێن: نا، بەڵکو ئێمە هەر پەیڕەوی لەوە ئەکەین کە باووباپیرانمانی لەسەر بوون، لە بتپەرستیي و ئایینی شیرک [أَوَلَوْ كَانَ الشَّيْطَانُ يَدْعُوهُمْ إِلَىٰ عَذَابِ السَّعِيرِ] با شەیتانیش بانگیان بکات بۆسزای دۆزەخ، ئەوان هەر سوور دەبن لەسەر پەیڕەوی ئایینی شیرک و باپیرانیان؟!!

وە ئەفەرموویێت : [وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ اتَّبِعُوا مَا أَنزَلَ اللَّهُ قَالُوا بَلْ نَتَّبِعُ مَا أَلْفَيْنَا عَلَيْهِ آبَاءَنَا ۗ أَوَلَوْ كَانَ آبَاؤُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ شَيْئًا وَلَا يَهْتَدُونَ] البَقَرَة (١٧٠)

هەرکە بە پەیڕەوانی شەیطان بوترێ: هەر پەیڕەوی قورئان و ئەو بەرنامەیە بکەن، اللە تعالی ناردوویەتیي و، هەرگیز بەقسەی شەیطان مەکەن [قَالُوا

بَلْ نَتَّبِعُ مَا أَلْفَيْنَا عَلَيْهِ آبَاءَنَا ۚ] پاساو ئەهێننەوەو ئەڵێن: ئێمە هەر لەوە پەیڕەو ئەکەین کە باب و باپیرانمان لەسەری بوون و پەیڕەویان کردووە [أَوَلَوْ كَانَ آبَاؤُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ شَيْئًا وَلَا يَهْتَدُونَ] ئەگەرچی باب و باپیرانیشیان هیچیان لە ڕاستە ڕێ نەزانیێ و هیدایەت و ڕێنما نەبووبن؟ ئەوانە هەر شوێنیان ئەکەون؟ بەڵێ شوێنکەوتن و چاولێگەریی لە باتڵ و پڕوپووچ، بەهیچ شێوەیە جێگەی قسەوباس نیە، کەچەندە کارێکی ناڕەواو خراپە، بەڵکو دەبێ هەر لە «حەق»و ڕاستیی و حەقیقەت پەیڕەوی بکرێ و هەر ئەمەش کارێکی دروست و ڕەوایە.

↓↓-

وەڵام/ بەڵێ ئەوانە بیانویان لێ قبوڵ نەکرا بەنەزانی چونکە پێغەمبەریان لەناو خۆیان بۆچوو بەڵام کە ئیقامە حوجە هەر ئەبێ بکرێ بەڵام دوای ئەوەی کرا هیچ بیانووەیەکی نەزانی و قەناعەت نەکردن نایخوات.نەك بێیت چەواشەبکەی بڵێی ئەمە عامە بۆ هەموو کەسێ کەنەزان بێ چونکە ئەوەی لەئایەتەکان باسی ئەکات باس ئەوانە ئەکات کە ڕونکەرەوەیان بۆچووە پاشان ئیمانیان نەهێناوە نەك تۆ بێیت قیاسێکی جیاوازبکەی و قیاسی بکەی لەسەر هەموو ئەو موسڵمانانەی دینیان بەتەواوی بۆ ڕوونەکراوەتەوە بڵێیت عوزڕیان نیە، بەڕاستی ئەمە گەورەترین تەحریفە ،هەروەك زاناکانی جولەکەت لێهاتوە کە (مِّنَ ٱلَّذِينَ هَادُواْ يُحَرِّفُونَ ٱلْكَلِمَ عَن مَّوَاضِعِهِۦ)[سورة النساء 46] کە

ئایەتەکانی خوایان لەمانا و مەبەستەکانی دەگۆڕی، سوێند بەزاتی اللە تۆش هەمان کار ئەکەیت.قەناعەتیان پێ نەکردن، بەیانووی پڕوپوچی شوێنکەوتەی باوباپیرانیان ئەم ئایەتانە وهاوشێوەکانی بەڵگەیە لەسەرتان .

پاشان ئەم ئایەتە نەقڵ ئەکات و ئەڵێ

٦ ـ اللە تعالى ئەفەرموویێت :

[وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ] يُوسُف (٢١)

بەڵام زۆربەی خەڵکی ئەمە نازانن و، لەحیکمەتی کارەکانی تێناگەن .

ابن كثير ئەڵێت :لەبەرئەوەیە زۆرینەیان موشریکن ، واتە لەبەر ئەو جەهل و نەزانینەیانە .

وه القاسمى له تەفسیرەکەیدا ئەڵێت : أي لجهلهم ، واتە لەبەر جەهل و نەزانینەکەیان زۆرینە موشریکن.

↓

وەڵام / ئەم ئایەتە باس لەکافرە بتپەرستەکانی قەومی فیرعەون ئەکات کە زۆربەیان نەزان بوونە هەواڵ پێدانە لەسەر نەزانیان نەك لەسەر شتی تر و نەك لەسەر نەبونی عوذر بەجەهل، پێغەمبەر یوسف دوو هاوەڵەکەی زیندانی بانگ کرد بۆ تەنها اللە پەرستی و دوورکەوتنەوە لەشیرك پێی فەرموون بەڵام زۆربەی خەڵکی ئەو تەوحیدە نازانن و نەك بیانوی نەزانیان نەبێ باسەکە باسی ئەوە نیە،

هەروەك ابن جەريرى تەبەرِى لەتەفسيرى "لايعلمون دەڵێ: ولكن أهل الشرك بالله يجهلون ذلك، فلا يعلمون حقيقته."

واتە: بەڵام ئەوانەى هاوبەش بۆ اللە دائەنێن نەزانن بەتەوحيد عيلميان نيە بەحەقيەتى تەنها اللە پەرستى، كەواتە ئەم ئايەتە بەڵگەشە لەسەر ئەوەى شيرك و حەقيقەتى تەوحيد شتێ نيە بەعەقڵ و فيترِەت هەمووكاتێ بزانرێ و زۆربەى خەڵكى نەزانن تيايدا هەربۆيە خواى گەورە پێغەمبەرانى ناردوە تابۆيان رِونبكەنەوە .

پاشان ئەم ئايەتە نەقڵ ئەكات و ئەڵێ:

٧ ـ اللە تعالى ئەفەرموويّت :

[فَرِيقًا هَدَىٰ وَفَرِيقًا حَقَّ عَلَيْهِمُ الضَّلَالَةُ ۗ إِنَّهُمُ اتَّخَذُوا الشَّيَاطِينَ أَوْلِيَاءَ مِن دُونِ اللَّهِ وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُم مُّهْتَدُونَ] الأعرَاف (٣٠)

وەڵام: پێشتر لەوەلامى گومانەكان وەلامى ئەم گومانەمان دايەوە بگەرِێنەوە بۆ ئەوێ

لەم لينكەوە وەڵامى شوبهەكانى بەهەڵە حاڵى بوون لەمانای ئەم ئايەتە بخوێنەوە https://justpaste.it/2bmoo

پاشان ئەم ئايەتە نەقڵ ئەكات و ئەڵێ:

٨ ـ الله عزوجل ئەفەرموویێت :

[وَيَوْمَ نَحْشُرُ مِن كُلِّ أُمَّةٍ فَوْجًا مِّمَّن يُكَذِّبُ بِآيَاتِنَا فَهُمْ يُوزَعُونَ حَتَّىٰ إِذَا جَاءُوا قَالَ أَكَذَّبْتُم بِآيَاتِي وَلَمْ تُحِيطُوا بِهَا عِلْمًا أَمَّاذَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ وَوَقَعَ الْقَوْلُ عَلَيْهِم بِمَا ظَلَمُوا فَهُمْ لَا يَنطِقُونَ] النمل (٨٣-٨٥)

باسی ئەو رۆژە بکە کە ئێمە لە هەموو ئومەتێك خەڵکێکی زۆر کۆ ئەکەینەوە بۆ حیساب وکیتاب (ممن یکذب بآیاتنا فهم یوزعون) لەوانەی کە لەئایەتەکانمان نکوڵییان ئەکرد، بەدرۆیان ئەزانین .

ئینجا رادەگیردرێن تاکاتێ هەموو دێن ،ریز دەبن و خڕ ئەبنەوە و ئامادەی حیساب و لێکۆڵینەوە ئەبن (قال أكذبتم بآياتي) ئەوجا خوا ئەفەرمووێ: ئایا ئێوە نکوڵی ئایەتەکانی ئێمەتان کرد کە بەپێغەمبەرانمان دابوون ؟ (ولم تحيطوا بها علما) بێ ئەوەی کە علم و زانستێکتان پێیان بووبێت (أمّاذا كنتم تعملون) یاخۆ ئێوە لەدونیادا چیتان ئەکرد؟! ئەی نەئەبوو لەم رۆژە گەورەیە بترسن، تا بیرێ بکەنەوەو خۆتان دووچار نەکەن و خۆتان فێر بکەن ؟! سەرەنجام بەهۆی شیرکیانەوە بڕیارو فەرمانی سزایان بۆهات و توشیان بوو (فهم لا ينطقون) ئیترهیچ قسەیەکیان بۆناکرێ، واتە: چونکە هیچ بڕووبیانوویەکیان نەماوە، دەمیان مۆردەکرێ و، ناتوانن هیچ قسەیەك بکەن .

↓↓↓↓

وەڵامم/ ئەم چەواشەکارە لەتەحریفی مانای ئایەتەکە دەڵێ (ولم تحيطوا بها علما)مانای ئەوەیە کافرەکان هیچ عیلم و زانستێکیان نەبووە بەو دینەی پێغەمبەرەکانیان هەربۆیە کافریش بوون و لەقیامەت عوذریان نەبوو، سبحان الله هەوەس ئارەزوو و دەمارگیری چی بەخاوەنەکەی ئەکات، واتە ئەوانە هیچ لەپێغەمبەرەکانیان حاڵی نەبوونە وەکو کەڕ و کوێر و لاڵ بوونە بەڵام خواش بیانووی نەدان و کردنیە دۆزخەوە ؟!!! ئائەم قسە کوفرەتان بێ باوەڕیە بەم ئایەتانەی الله تعالى کەدەفەرمێت (وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّىٰ نَبۡعَثَ رَسُولا)سورة الإسراء 15].

هەروەها بەم ئایەتەی کەدەفەرمێت (وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن رَّسُولٍ إِلَّا بِلِسَانِ قَوۡمِهِۦ لِيُبَيِّنَ لَهُمۡۖ فَيُضِلُّ ٱللَّهُ مَن يَشَآءُ وَيَهۡدِي مَن يَشَآءُۚ وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ) [سورة إبراهيم 4]

ابن جرير لەمانای ئایەتەکە دەڵێ: " ﴿وما أرسلنا من رسول إلا بلسان قومه﴾ ، أي بلغة قومه ما كانت. قال الله عز وجلّ: ﴿ليبين لهم﴾ الذي أرسل إليهم، ليتخذ بذلك الحجة. قال الله عز وجلّ: ﴿فيضل الله من يشاء ويهدي من يشاء وهو العزيز الحكيم﴾ .

واتە: پێغەمبەرانمان نەناردوە تەنها بەزمانی گەلەکانیان نەبێت تاکو بۆ گەلەکەیان ڕوون بکەنەوە بەوەش ببێتە ئیقامە حوجە لەسەریان"

هەروەها دەفەرمێت(ذَٰلِكَ أَن لَّمْ يَكُن رَّبُّكَ مُهْلِكَ ٱلْقُرَىٰ بِظُلْمٍ وَأَهْلُهَا غَٰفِلُونَ)[سورة الأنعام 131].

ابن جرير دەڵێ لەمانای ئایەتەکە دەڵێ: أن لم يكن ليهلكهم بشركهم، دون إرسال الرسل إليهم، والإعذار بينه وبينهم. وذلك أن قوله: ﴿ذلك أن لم يكن ربك مهلك القرى بظلم﴾ ، عقيب قوله: ﴿ألم يأتكم رسل منكم يقصُّون عليكم آياتي﴾ ، فكان في ذلك الدليل الواضحُ على أن نصَّ قوله: ﴿ذلك أن لم يكن ربك مهلك القرى بظلم﴾ ، إنما هو: إنما فعلنا ذلك من أجل أنَّا لا نهلك القرى بغير تذكيرٍ وتنبيه.

دەڵێ : الله نەتەوەکان لەناونابات بەهۆی شیرکەکانیان بەبێ ئەوەی پێغەمبەرێکیان بۆ ڕەوانەبکا و ئاگاداریان بکاتەوە،ئەمەشمان بۆ ئەوە کردوە چونکە ئێمە هیچ شار و شوێنێ سزا نادەین بەبێ یادخستنەوە و ئاگاداری کردن."

کەواتە ئەو قەوم و گەلە کافرانە عیلمیان هەبووە بەو داواکاری بانگەوازی پێغەمبەرەکانیان ، ئەی کەواتە ئەم بڕگەیە مانای چیە لەئایەتەکە (ولم تحيطوا بها علما)؟؟

ئیمامی ابن جریری تەبەڕی لەم مانای (ولم تحيطوا بها علما) دەڵێت : يقول: ولم تعرفوها حق معرفتها،"

دەڵێ: نەتان ئەناسێ بەحەق ناسین " واتە ناسینێ بەرەو ملکەچ بوون و ئیمانتان ببات.

بەغەوی دەڵێت: ﴿حَتَّى إِذَا جَاءُوا] کاتێ دێن لەڕۆژی قیامەت ﴿قَالَ﴾ اللَّهُ پێیان دەڵێت: ﴿أَكَذَّبْتُمْ بِآيَاتِي وَلَمْ تُحِيطُوا بِهَا عِلْمًا﴾ کەمەعریفەتان پێی نەبوو بەحەق مەعریفەت و ناسین نەتان ئەناسی﴿أَمْ مَاذَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ﴾ کاتێ بیرتان لێی ناکردەوە وَەمانای ئایەتەکە:

ئایا ئایەتەکانی ئێمەتان بەدرۆدانا زانا نەبوون پێی و فکرتان نەدەکردەوە لەڕاستی ئایەتەکانمان بەڵکو بەدرۆتان دانا بەهۆی نەزانیتان."

کەواتە ئایەتەکانیان ناسیوە بەڵام بەحەق نەیاناسیوە و قەناعەتیان بەڕاستی ئایەتەکان نەبووە نەیانزانیوە کەڕاستە ئەوەیە کەنەیانزانیوە نەك لەئایەت و پێغەمبەرەکانیان حاڵی نەبوبن نەیانزانیێ چی دەڵێن.

أَكَذَّبْتُمْ بِآيَاتِي غَيْرَ عَالِمَيْنِ بِهَا، وَلَمْ تُفَكِّرُوا فِي صِحَّتِهَا بَلْ كَذَبْتُمْ بِهَا جَاهِلِينَ؟

هەروەها شێخ عبدالرحمن السعدی دەڵێت:

﴿حَتَّى إِذَا جَاءُوا﴾ وحضروا قال لهم موبخا ومقرعا: ﴿أَكَذَّبْتُمْ بِآيَاتِي وَلَمْ تُحِيطُوا بِهَا﴾ العلم أي: الواجب عليكم التوقف حتى ينكشف لكم الحق وأن لا تتكلموا إلا بعلم، فكيف كذبتم بأمر لم تحيطوا به علما؟ ﴿أَمْ مَاذَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ﴾ أي: يسألهم عن علمهم وعن عملهم فيجد عليهم تكذيبا بالحق، وعملهم لغير الله أو على غير سنة رسولهم."

دەڵێ : کاتێ لەڕۆژی دوایی کافران دەهێنرێن سەرزەنشتکردنەوە پێیان دەوترێ ئەوە ئایەتەکانی ئێمەتان بەدرۆدانا بەبێ ئەوەی دڵنیابنەوە لێی و عیلمتان هەبێت واتە هەر بەگومان کەواتە چۆن شتێ بەدرۆ ئەزانن بەبێ ئەوەی عیلمتان پێی هەبێ بەڵگەتان هەبێ کەدرۆیە..." کەواتە ئەو کافرانە پێغەمبەر و حوجەیان بۆ چووە و ڕاستەوخۆ ڕەتیان کردۆتەوە و بەدرۆیان داناوە ، ئ ئێمەش هەروا ئەڵێین هەرکەسێ حوجەی بۆچوو بۆ ڕوون کرایەوە بەڵام باوەڕی پێ نەکرد و قەناعەتی پێی نەبوو تەواو ئیقامە حوجەکراوە، چونکە گومانی تیانیە لەبەر نەزانیەیان بەحەقیقەتی ئەو پەیامە بەدرۆیان داناوە لێیان نەکۆڵیوەتەوە و پەلەیان کردوە ئەو نەزانیەش نایخوات و قبوڵ کراو نیە.

پاشان ئەم ئایەتە نەقڵ ئەکات

٩ـ اللە سبحانە وتعالى ئەفەرموویێت :

[وَيَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِ سُلْطَانًا وَمَا لَيْسَ لَهُمْ بِهِ عِلْمٌ وَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ نَصِير] (الحج : ٧١).

شیرکـــۆ ئەڵێ اللە عزوجل بۆمان ڕوون ئەکاتەوە کە موشریکەکان کە ئەهلی ئاگرن غەیری اللە ئەپەرستن بە جەهل و نەزانین ، اللە ناوی لێنان زاڵمەکان و نەیفەرموو مەعذورن.

↓

وەڵامم/ بەم شێوەیە تەحریفی ئایەتەکە ئەکات کەگوایە ئەو موشریکانە پێغەمبەریان بۆ نەچوە و هیچیان نەزانیوە و ئەهلی ئاگریشن !!!!

جا بابزانین ڕاڤەکارانی قورئان چی دەفەرموون :-

شێخ عبدالرحمن السعدی دەڵێت :

يذكر تعالى حالة المشركين به، العادلين به غيره، وأن حالهم أقبح الحالات، وأنه لا مستند لهم على ما فعلوه، فليس لهم به علم، وإنما هو تقليد تلقوه عن آبائهم الضالين، وقد يكون الإنسان لا علم عنده بما فعله، وهو -في نفس الأمر- له حجة ما علمها، فأخبر هنا، أن الله لم ينزل في ذلك سلطانا، أي: حجة تدل علي وتجوزه، بل قد أنزل البراهين القاطعة على فساده وبطلانه، ثم توعد الظالمين منهم المعاندين للحق فقال: ﴿وَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ نَصِيرٍ﴾ ينصرهم من عذاب الله إذا نزل بهم وحل.

دەڵێ: اللە تعالی باسی موشریکان ئەکات ئەوانەی غەیری اللە دەکەنە هاوتای وە باسی ناشرینی حاڵیان ئەکات، کەهیچ بەڵگەیەکیان نیە لەسەر ئەو شیرکانەی دەیکەن تەنها ئەوەنەبێ لەباوانە گومڕاکانیان و لاسایی کردنەوەی

کوێرانە وەریان گرتوە، چونکە دەشێ ئینسان کاتێ کارێ ئەکات کە عیلمی پێی نیە عوزری هەبێ، بەڵام خوای گەورە هەواڵمان پێ ئەدات دەربارەی ئەم کافرانە کە هیچ بەڵگەیەکی بۆ جائیز بونی ئەو شیرکانە دانەبەزاندوە بەڵکو بەڵگەی یەکلاکەرەوەی لەسەر بەتاڵی ئەو کارە شیرکیە دابەزاندوە پاشان هەرەشە لەو ستەمکارانە دەکات کە موعانیدن لەئاست حەق کەهیچ کەسێ نابێ لەسزای خوا قوتاریان بکات."

[کەواتە عیلمیان هەبوە و بەڵگەیان بۆچووە ئەوانە.]

پاشان ئەم ئایەتە نەقڵ ئەکات و ئەڵێ :

١٠ ـ اللە تبارک وتعالی ئەفەرموێت :

[وَوَصَّيْنَا الْإِنْسَانَ بِوَالِدَيْهِ حُسْنًا ۖ وَإِنْ جَاهَدَاكَ لِتُشْرِكَ بِي مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ فَلَا تُطِعْهُمَا ۚ إِلَيَّ مَرْجِعُكُمْ فَأُنَبِّئُكُمْ بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ] (العنكبوت : ٨)

کابرای دوبارە لەتەحریفی ئەم ئایەتە دەڵێ :

ئەم ئایەتەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هەرکەسێک شیرکێک ئەنجام بات عیلم و زانستیشی پێ نەبێت واتە جاهیل بێت هەرگیز اللە تعالی عوذری لێ قەبوڵ ناکات ئەگەر چی دایک و باوکیشی جوهدی زۆر و هەوڵ و ماندوونی زۆر لەگەڵ بکەن .

↓

وەڵامی/ بزانین داخۆ ئاوایە مانای ئایەتەکە فەرموون لەگەڵ تەفسیری زانایانی تەفسیری قورئان بزانین چی دەڵێن:-

شێخ سەعدی لەمانای (ماليس لك به علم) دەڵێت:

وليس لأحد علم بصحة الشرك بالله، وهذا تعظيم لأمر الشرك"

دەڵێ: هیچ کەسێك عیلمی نیە سەبارەت بەدروستێتی هاوبەشدانان بۆ الله ، ئەمەش گەورەکردنی هاوبەش بڕیاردانە."

هەروەها ئەم ئایەتە دەربارەی سەعدی کوری ئەبی وەقاص دابەزی کاتێ موسڵمان بووو و دایکی داوای لێ ئەکرد وازبهێنێ لەئیسلام وبگەڕێتەوە بۆ شیرك بەڵام خوای گەورە فەرمووی چاك بە لەگەڵ دایك و باوکت بەڵام لە شیرك وتاوان دا بەقسەیان مەکە چونکە هیچ زانیاری و عیلمێ نیە لەسەر ڕاستی شیرك ئەمەیە مانای ئایەتەکە نەك مانای ئەوەبێ بیانوو بەنەزانی نەبێ لەشیرك، ئایا سەعد ئەوکاتە شیرکی نەدەناسی و ئیسلام و کوفری جیاناکردەوە ؟ بەڵکو ئەو موسڵمان بووو وازی هێنابوو لەدینی شیرك ، کەواتە ئایەتەکە خطابە بۆ سەعد کە دەزانێ شیرك چی یەو وازی لەشیرك هێناوە بەڵام داوای لێ ئەکەن بگەڕێتەوە بۆ شیرك ، هەموو کەسێکیش ئەگڕێتەوە کە حاڵەکەی وەکو ئەو وابێ ، کەواتە ئەصلەن ئایەتەکە بەڵگەبوو بۆ ئێمە نەك بۆ ئەو نەزانانە کە لەمانای تەفسیر و ئایەتەکانیش حاڵی نابن .

پاشان ئەم قەولە دێنێتەوە ↓↓↓

" السمعاني " لە تەفسیرەکەی ئەفەرموویێت : ((ئەو قەولەش : [ما ليس لك به علم] ئەوە بەدڵنیایەوە هەموو شیرکێک لە جەهلەوەیە ، چونکە کەسی زانا و عالم شەریک بۆ اللە قەرار نادات)) .... تفسير القرآن للسمعاني .

وەڵام / ئێ وایە هەموو شیرکێ لەجەهلەوەیە زۆرجار بەڵام مانای وانیە موسڵمان عوذری نەبێ ئەم وتەیە لەکوێ باسی نەبونی عوذر دەکات بۆ موسڵمان ؟!!!

پاشان ئەم ئایەتە دێنێتەوە و ئەڵێ:

١١ ـ اللە عزوجل ئەفەرموویێت :

[يَوْمَ لا يَنْفَعُ الظَّالِمِينَ مَعْذِرَتُهُمْ وَلَهُمُ اللَّعْنَةُ وَلَهُمْ سُوءُ الدَّارِ] (غافر : ٥٢) ئەو رۆژە کە عوذر و بڕو بیانوو پارانەوەی ستەمکاران وەر ناگیرێ و، هیچ کەڵکێکیان پێ ناگەیەنێ ، نەفرەت و لەعنەت و خراپترین حاڵ و جێگەیان بۆ هەیە لە دۆزەخدا.

وەڵام/ بەڵێ وایە ئەوانە عوزریان نەبووە چونکە پێغەمبەریان بۆچووە خوای گەورە خۆی دەفەرمێت (وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّىٰ نَبْعَثَ رَسُولا)[سورة الإسراء 15].

واتە: ئێمە هەرگیز سزای هیچ گەل و نەتەوە و کەسێك نادەین تاکو پەیامبەر و ئاگادارکەرەوەیەکی بۆ نەنێرین.

یان دەفەرمێت(تَكَادُ تَمَيَّزُ مِنَ ٱلْغَيْظِۖ كُلَّمَآ أُلْقِىَ فِيهَا فَوْجٌ سَأَلَهُمْ خَزَنَتُهَآ أَلَمْ يَأْتِكُمْ نَذِير) واتە: نزیکە (دۆزەخ) لەڕقانا پارە پارە ببێت، هەر کاتێك دەستەیەك فڕێ بدرێنە ناویەوە دەرگاوانەکانی دۆزەخ پرسیاریان لێ دەکەن، ئایا پێغەمبەرێکی ترسێنەرتان بۆ نەهاتووە (لە دونیادا)

پاشان لەوەڵامدا هەموو ئەوانەی دەکرێنە دۆزەخەوە دەڵێن (قَالُواْ بَلَىٰ قَدْ جَآءَنَا نَذِير فَكَذَّبْنَا وَقُلْنَا مَا نَزَّلَ ٱللَّهُ مِن شَىْءٍ إِنْ أَنتُمْ إِلَّا فِى ضَلَٰل كَبِير)[سورة الملك 9]

واتە: دەڵێن بەڵێ بۆمان هاتووە بەڵام بەدرۆمان دەزانی ودەمان ووت (پێی) خوا هیچی نە ناردۆتە خوارەوە ئێوە بەس لە گومڕاییەکی گەورەدان"

کەواتە کاتێ ئایەتێ تەفسیر ئەکەی نابێ وەکو خەواریجەکان بکەی تەنها ئەو ئایەتە ببینی و ئایەتەکانی ترت لەبیربچێ ئەبێ هەموو ئایەتە هاوشێوەکان کۆبکەیتەوە ئەوجا لەژێر سایەی یەکتردا مانایان بکەی.

یان ئەم ئایەتەی خوارەوە دەهێننەوە

↓

وە عوزر دەهێنەوە کەئەوان بەهۆی فەتوای زانا گەورەکانیان گومڕابون خواش لێیان قبوڵ ناکات

: " وقالوا ربنا إنا أطعنا سادتنا وكبراءنا فأضلونا السبيلاً " الأحزاب 76.

لەدۆزەخدا دەڵێن ئەی پەروەردگارمان ئێمە گوێڕایەڵی گەورە و پێشەواکانمان بوین ڕێگەیان لێمان وێل کرد.

وەڵامی/ ئەمانەش لەدونیا وەنەبوێ پێغەمبەریان بۆ نەچووبێ یان بانگەوازی پێغەمبەرانیان نەبیستبێ نەخێر بەڵکو پشتیان لێ کردبوو کافری ئەصلی بوون و وەڵامی دینی خوایان نەدابووەوە شوێنێ گەورە کافرەکانیان کەوتبوون، چونکە سیاقی ئایەتەکە باس لەکافرەکانی قوڕەیش ئەکات لەسەر ئەوان دابەزیوە کاتێ دژایەتی پێغەمبەریان ئەکرد صلى الله عليه وسلم بەگوێی گەورەکانیان ئەکرد ئەوە پاشەڕۆژیانە لەڕۆژی دوایی ،جا هەرکەسێکیش حاڵی وەك ئەوان بێ ئاوا ئەبێ حاڵی لەڕۆژی دوایی.

پاشان شوبهەیەکی تر دەهێننەوە دەڵێن↓

بەڵکو لەدۆزەخیەکان هەیە هێندە نەزان بوە

نەیزانیوە لەدونیا لەسەرشیرک بوە وایزانیوە یەکخواپەرستە بۆیە لەدۆزەخ سوێندبەخوا دەخوات کەئەوشیرکی نەکردوە خوا لەبارەیانەوە دەفەرموێ کەدەڵێن

واللە ربنا ما كنا مشركين " الأنعام 23.

بەاللە ی پەروەردگارمان ئێمە هاوبەشدانەرنەبوین !

↓↓

وەڵامی// ابن جەریری تەبەڕی لەتەفسیری ئایەتەکە ئەفەرمێت : قال أبو جعفر: يقول تعالى ذكره: ثم لم يكن قولهم إذ قلنا لهم:"أين شركاؤكم الذين كنتم تزعمون"؟ = إجابة منهم لنا عن سؤالنا إياهم ذلك، إذ فتناهم فاختبرناهم، "إلا أن قالوا والله ربّنا ما كنا مشركين"، كذبًا منهم في أيمانهم على قِيلهم ذلك."

دەڵێ: کاتێ لەقیامەت پێیان دەڵێین کوا پەرستراوەکانتان کەوا گومانتان ئەبرد هاوبەشی خوابن، بەدرۆ سوێند ئەخۆن ئەڵێن وەڵاهی پەروەردگارا ئێمە موشريك نەبوين"

کەواتە بۆ خۆ دەربازکردن وا دەڵێن نەك نەزان بوبن هەروەك چۆن لەڕۆژی قیامەت مونافیقەکان سوێند بۆخوا ئەخۆن کە ڕاستیان کردوە بۆ ئەوەی دەربازبن هەروەک چۆن لەدونیا سوێندیان بۆ موسڵمانان ئەخوارد کە ڕاستەکەن وەك الله تعالى دەفەرمێت:

(يَوْمَ يَبْعَثُهُمُ ٱللَّهُ جَمِيعا فَيَحْلِفُونَ لَهُۥ كَمَا يَحْلِفُونَ لَكُمْ وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ عَلَىٰ شَىْءٍ ۚ أَلَآ إِنَّهُمْ هُمُ ٱلْكَـٰذِبُونَ)[سورة المجادلة 18].

پاشان ئەم ئایەتە دێنێتەوە↓

١٢ ـ الله عزوجل ئەفەرموێت :

[لِيَحْمِلُوا أَوْزَارَهُمْ كَامِلَةً يَوْمَ الْقِيَامَةِ ۙ وَمِنْ أَوْزَارِ الَّذِينَ يُضِلُّونَهُم بِغَيْرِ عِلْمٍ ۗ أَلَا سَاءَ مَا يَزِرُونَ] (النحل : ٢٥)

ئەوقسەیە ئەکەن هەتا رۆژی قیامەت باری گوناهەکانی خۆیان بە تەواوی هەڵگرن ، وە لە گوناهی ئەو کەسانەش هەڵگرن کە بە نەزانیی و گێلانەو بێ بەڵگە، ئەوان گومڕایان ئەکەن، چونکە ئەوان سەرۆك و فەرماندەن و، ئەمانیش شوێنکەوتووی خەڵەتاو ، هۆشیار بن ! چ باریٚکی ناڕەبارو خراپ هەڵئەگرن ؟.

اللە تعالى هەواڵمان پێ ئەیا کە هەر کەسێک خەڵکی گومڕا بکات و خەڵیش بەبێ عیلم و بەجەهلەوە شوێنی بکەون ، ئەوە گوناهو تاوان هەڵئەگرن ڕۆژی قیامەت ، ئەمەش بەڵگەیە کە کەسی جاهیل بە اللە بە حوکمەکانی گوناهبارە و باری گوناهی هەڵئەگرێت لە قیامەت لەگەڵ ئەوەی جاهیلیشە و هیچ عوذری لێ قەبوڵ ناکرێت و مەعذور نیە لای اللەتعالى.

وەڵامم / ئیمامی ابن جەریری تەبەڕی لەتەفسیری ئەم ئایەتە پیرۆزدا دەڵێت :" القول في تأويل قوله تعالى: ﴿لِيَحْمِلُوا أَوْزَارَهُمْ كَامِلَةً يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَمِنْ أَوْزَارِ الَّذِينَ يُضِلُّونَهُمْ بِغَيْرِ عِلْمٍ أَلا سَاءَ مَا يَزِرُونَ (٢٥) ﴾

يقول تعالى ذكره: يقول هؤلاء المشركون لمن سألهم، ماذا أنزل ربكم الذي أنزل ربنا فيما يزعم محمد عليه: أساطير الأوّلين، لتكون لهم ذنوبهم التي هم عليها مقيمون من تكذيبهم الله، وكفرهم بما أنزل على رسوله ﷺ، ومن ذنوب الذين يصدّونهم عن الإيمان بالله يضلون يفتنون منهم بغير علم، وقوله ﴿أَلا سَاءَ مَا

يَزِرُونَ﴾ يقول: ألا ساء الإثم الذي يأثمون، والثقل الذي يتحملون. وبنحو الذي قلنا في ذلك، قال أهل التأويل.

دەڵێ: کافرەکانی قوڕەیش بەخەڵکە عەوامەکەی خۆیان کەشوێنیان کەوتون بەخەڵکە عەوامەکە دەڵێن ئەو دینەی موحەممەد باسی دەکات گوایە لەلایەن پەروەردگارتانەوە بۆی ڕەوانەکراوە ئەوە درۆ دەکات بەڵکو ئەوا تەنها نوسراو و قسەی پێشینانە، خواش دەفەرمێت بەو کارەیان کافرەکانی قوڕەیش گوناحی خۆیان و شوێنکەوتەکانیان هەڵدەگرن کەبونەتەبەربەست لەئیمان هێنانیان بەاللە، بەبێ ئەوەی کەوا بەڵگەیەکیان هەبێت لەسەر ئەو ئیدیعایەی کەدەیکەن، ئەهلی تەفسیریش هەروەك ئێمە دەڵێن."

[کەواتە ئەم ئایەتە باس لەکافرەکانی قوڕەیش و خەڵکە عەوامەکەی دەکات کەچۆن گەورەکان خەڵکەکەیان چەواشەدەکەن بەبەتاڵ هیچیشیان عوزریان نیە چونکە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لەناویان بوو و بانگەوازێکی ڕوون و ئاشکرای کردبوون بەڵام خەڵکەکە بەگوێی گەورەکانیان کرد و گوێیان لەوان گرت و پشتیان کرد لەبانگەوازی خوایی بۆیە هیچ عوذرێکیان نەبووە هەرکەسێکیش ئەوە حاڵی بێ ئەوە حوکمێتی تاقیامەت].

پاشان بەڵگە بەم فەرموودەیە دێنێتەوە کەخەڵکی عوزریان نیە ئەوەتا عیلمیش نەبووە گومڕابوونە↓↓

: ((إِنَّ اللَّهَ لاَ يَقْبِضُ العِلْمَ انْتِزَاعًا يَنْتَزِعُهُ مِنَ العِبَادِ، وَلَكِنْ يَقْبِضُ العِلْمَ بِقَبْضِ

العُلَمَاءِ، حَتَّى إِذَا لَمْ يُبْقِ عَالِمًا اتَّخَذَ النَّاسُ رُءُوسًا جُهَّالاً، فَسُئِلُوا فَأَفْتَوْا بِغَيْرِ عِلْمٍ، فَضَلُّوا وَأَضَلُّوا)) رواه البخاري ومسلم .

↓↓↓↓

وەڵامم /

لە عەبدوڵای کوڕی عەمڕی کوڕی عاص هوە دەڵێت بیستم پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەیفەرموو : " بەڕاستی الله زانست لەناو سینگی بەندەکان دەرناهێنێ بەدەرهێنان، بەڵکو زانست دەگرێتەوە بە مردنی زاناکان، جا کاتێك هیچ زانایەك نەما ئەوکاتە خەڵکی کەسانێکی نەزان دەکەنە سەرۆك و ئیمام بۆخۆیان کە پرسیاریان لێ دەکەن فەتوایان بۆ دەدەن بەبێ عیلم خۆیان گومڕان خەڵکیش گومڕا دەکەن."

جا ئەوانەی دەڵێن بەهانەی نەزانین بوونی نیە ئەڵێن ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەنەزانین بیانوو نیە ئەوەتا ئەو کەسانە نەزان بوونە کەچی رسول الله حوکمی گومڕایی لەسەر داناون.!!!

لەوەڵامی ئەم شوبهەیەدا دەڵێین : ئەصلەن ئەم فەرمودەیە باسی بابەتی نەبونی بیانوو بەنەزانی هەرناکات وەکو ئێوە لێی تێگەیشتون، بەڵکو ئەم فەموودەیە باس لەنەمانی زانایان ئەکات نەك نەمانی دین و قورئان و سونەت نەتوانینی فێربوون، هەروەها ئەم فەرموودەیە باس لەو دەکات کە ئەو خەڵکە پێشتر

پشتکردوو بوونه لەعیلم وزانیاری و پشتیان بەستاوە بەزانایان و پشتیان کردوە لەفێربوون بۆیە گومڕابونە

بۆیە ئەم فەرموودەیە بەهیچ شێوەیەك ئەوە باس ناکات کە قورئان و سونەت و دین لەناو خەڵکی هەڵگیرابێ چونکە ئەگەر وابێ ئەوا دژی ئەو فەرموودەیەیە کە لە نیشانەکانی قیامەت هاتوە کە ئیسلام نامێنێ تەنها شەیەتمان دەمێنێ و سودیان پێ دەگەیەنێ بەڵام ئەم حەدیسە و باسی قۆناغێ دەکات زانایان نامێنن نەك عیلم نەمێنێ بەقورئان و سونەت کەس نەبێ لەقورئان و سونەت تێبگات.

پاشان کە دەڵێ گومڕان وخەڵکیش گومڕا دەکەن گومڕایی مانای ئەوە نیە کافر بوبن چونکە ئەگەر بێت و خۆیان سەبەب بوبن شایستەی گومڕایی دەبن بەئەندازەی ئەوە گونحبار ئەبن.

چونکە ابن حجری عەسقەلانی لەفەتح الباری لەکیتابی الاعتصام ئەم ڕیوایەتەی لەسەر ئەم حەدیسە هێناوە کەدەڵێ: فَسَأَلَهُ أَعْرَابِيٌّ فَقَالَ : يَا نَبِيَّ اللَّهِ ، كَيْفَ يُرْفَعُ الْعِلْمُ مِنَّا وَبَيْنَ أَظْهُرِنَا الْمَصَاحِفُ ، وَقَدْ تَعَلَّمْنَا مَا فِيهَا وَعَلَّمْنَاهَا أَبْنَاءَنَا وَنِسَاءَنَا وَخَدَمَنَا ، فَرَفَعَ إِلَيْهِ رَأْسَهُ - ص 300 - وَهُوَ مُغْضَبٌ فَقَالَ : وَهَذِهِ الْيَهُودُ وَالنَّصَارَى بَيْنَ أَظْهُرِهِمُ الْمَصَاحِفُ ، لَمْ يَتَعَلَّقُوا مِنْهَا بِحَرْفٍ فِيمَا جَاءَهُمْ بِهِ أَنْبِيَاؤُهُمْ " واتە: دەشتەکیەك پرسی ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا، چۆن عیلم هەڵدەگیرێ لەناومان لەکاتێکدا موصحەفەکان لەناومانە، و فێربوینە ئەوەی

تیایەتی وە ماڵ و منداڵیشمان فێری کردوە، پێغەمبەریش صلى الله عليه وسلم سەربەرزەوە کرد بەتورەییەوە و فەرمووی : ئەوەنیە یەهود و نەصاراش موصحەفەکان لەبەردەستیانە کەچی شوێنی یەك حەرفی ناکەون."

کەواتە بۆمان ڕوون بۆیەوە ئەو خەڵکەی کەگومڕابوونە هۆکارخۆیانن کە پشتیان لەفێربوون کردوە.

* پاشان زانایان شوڕاح لەشەرحی ئەم حەدیسە پیرۆزە دەفەرموون :" لكن قد ورد في بعض الآثار أن كلام الله عز وجل في آخر الزمان يرفع من صدور الرجال ومن المصاحف حتى يصبح الناس وليس لديهم مصاحف مكتوب فيها كلام الله، ويصبح الناس وليس في صدورهم شيء محفوظ من كتاب الله، وذلك ـ والله اعلم- فيما إذا غفل الناس عن كتاب الله ولم يعملوا به وذهبوا به وأعرضوا عنه فإنه أعز من أن يبقى بين قوم لا يلتفتون إليه، ونظير هذا: الكعبة المشرفة فإن الله تعالى حبس عن مكة الفيل، لكن في آخر الزمان يسلط عليها رجلا من الحبشة أفحج قصير ينقضها حجرا حجرا، ويتناولها أصحابه من مكة إلى البحر، كل واحد يمد إلى الثاني حجرا منها حتى يلقوها في البحر، ولا يحميها الله عزوجل، لا عجزا؛ لأنه حماها من قبل، لكن لحكمة، وهذا نفسره - والله أعلم - بما إذا امتهن أهل مكة هذه الكعبة المشرفة، وصاروا يبارزون الله تعالى بالعصيان في هذا المكان العظيم، الذي قال الله في : (ومن يرد فيه بإلحاد بظلم نذقه من عذاب أليم)[الحج: ٢٥

]فإذا امتهن الناس هذا البيت الحرام سلط عليه من ينقضه حجرا حجرا، أما في قصة الفيل فإن الله تعالى قد علم أن هذا البيت سوف يعظم برسالة محمد صلى الله عليه وسلم."شرح البخاري 100ژ/ص211

واتە: بۆیە ئەو خەڵکە گومڕابوون چونکە پێشتر بێ ئاگابون لەکیتابی خوا کاریان پێی نەدەکرد پشتیان لێ کردبوو کیتابی خواش و عیلمیش زۆر لەوە گەورەترە لەناو خەڵکانێ بمێنێ کە ڕێز و قەدری نەزانن هاوشێوەی ئەمەش کەعبەی ماڵی خوایە کاتێ ئەبرەهە بەفیلەکانیەوە هێرشیان هێنا بۆ کەعبە و داگیرکردنی خوای گەورە باڵندەی ئەبابیلی بۆ ناردن و لەناوی بردن بەڵام دەبینی لەئاخیر زەمان خوای گەورە پیاوێکی ڕەشپێستی حەبەشەی قاچ باریک زاڵ دەکات بەسەریا بەرد لەدوای بەرد ئەیڕوخێنێ یەك یەک بەردەکانی ئەبەن و فڕێی ئەدەنە دەریاوە خواش کەعبە ناپارێزێ نەك لەبەر بێ توانایی چونکە پێشتر پاراستویەتی بەڵام لەبەر حیکمەتێ ئەویش ئەوەیە کاتێ لەئاخیری زەمان ئەهلی مەککە بێ ڕێزی دەکەن لەناو کەعبە و پێشبڕکێی تاوانکاری تێدا ئەکەن لەو شوێنە مەزنە خواش کەسێ ئاوا زاڵ دەکات بەسەریا بەردی لەسەر بەردی نەهێڵێ چونکە کەس نەمێنێ ڕێزی بگرێ بەڵام کاتێ لە فیلەکان پاراستی چونکە دەیزانی ماڵەکەی لەئایندە ڕێزی لێ دەگیرێ بەهۆی پەیامەکەی محمد صلى الله عليه وسلم.

پاشان ئەم ئایەتە نەقڵ ئەکات ↓↓↓

١٦ ـ الله جل جلاله‌ئه‌فه‌رموويێت:

[بَلْ كَذَّبُوا بِمَا لَمْ يُحِيطُوا بِعِلْمِهِ وَلَمَّا يَأْتِهِمْ تَأْوِيلُهُ كَذَلِكَ كَذَّبَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ فَانْظُرْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الظَّالِمِينَ])(يونس : ٣٩)

نه‌خێر، كه باوه‌ڕيش ناهێنن هى ناته‌واوى قورئان نيه به‌ڵكو به‌درۆى ده‌زانن و له ماناو مه‌به‌سته‌كانى تێنه‌گه‌يشتوون و جاهيلن وهێشتا ڕاستييشيان بۆ ده‌ر نه‌كه‌وتووه، واته: ئه‌نجامى هه‌ڕه‌شه‌كانى قورئانيان بۆ پێش نه‌هاتووه، هه‌ق بوو چاوه‌روابن و په‌له‌نه‌كه‌ن، سا بروانه‌و چاك بزانه ئه‌نجامى سته‌مكارانى گه‌لانى پێشوو چۆن بوو؟

ئيمامى " ابن جرير " ئه‌فه‌رموويێت : ((الله تعالى باسى ئه‌وه ئه‌كات : ئه‌ى محمد ئه‌و موشريكانه تۆ به‌درۆزن نازانن به‌ڵام قورئان به درۆ ئه‌زانن له‌به‌ر ئه‌وه‌ى جاهيلن و زانستى ئه‌وه‌يان پێ نيه كه ئه‌و قورئانه له لايه‌ن الله وه بۆت دابه‌زيوه)) ...[جامع البيان عن تأويل آي القرآن] .

ئيمامى " ابن كثير " ئه‌فه‌رموويێت : ((ئه‌و قه‌وله‌ى الله تعالى " بل كذبوا بما لم يحيطوا بعلمه ولما يأتهم تأويله " به‌ڵكو ئه‌وانه قورئان به درۆ ئه‌زانن چونكه تێى ناگه‌ن و ناياسن " ولما يأتهم تأويله " نه‌گيشتنه ئه‌وه‌ى هيدايه‌ت و دينى حه‌قى لێ وه‌ربگرن بۆيه به درۆيان زانى به‌هۆى جه‌هل و نه‌زانى گێلى خۆيان)) ... [تفسير القرآن العظيم]

لێرەش گەر سەرنج بەین موشریکەکان بەجاهیل ناو ئەبات و بەڵام ئەو جەهلەیان بەرامبەر قورئان نەبوە عوذر بۆیان .

وەڵام/ موشریکەکان دەیانزانی قورئان چی دەڵێ و باسی چی دەکات و پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بۆچی بانگیان ئەکات قەدەغەی چیان لێ دەکات بەڵام قەناعەتیان پێی نەبوو باوەڕیان بەڕاستی هەڕەشەکانی نەبوو نەزان بوون حەقیقەتەکەی نەك بەمەبەست و فەهمی خطابەکەی ئێ ئێمەش دەڵێین عوذریان نەبووە چونکە قەناعەت کردن مەرج نیە تەنها ئەوەنەی بزانن دینەکە بۆچی هاتووە و داوای چیان لێ دەکا کافیە بۆ ئیقامەی حوجە گومانیشی تێدانیە هەموو کافرەکانی قوڕەیش وجەزیری عەرەبی زۆر بەچاکی دەیانزانی بەڵام قەناعەتیان پێی نەبوو باوەڕیان وانەبوو کەڕاست بێت و نەزان بوون بەڕاستیەکەی، ئا ئەو نەزانیە عوذرنیە ئیتر کاکی بەڕێز بۆچی لە اللە ناترسی لەپێناو کێ خەڵك چەواشەئەکەی سبەی بەتەنها ئەچیتە ناو قەبرەوە کەس سوودی بۆت نابێ بترسە لەو خوایەگەورەیەت.

پاشان کابرا ئەم ئایەتە نەقڵ ئەکا ↓↓↓↓

17 ـ اللە جل جلاله ئەفەرموویێت :

[إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا سَوَاءٌ عَلَيْهِمْ أَأَنْذَرْتَهُمْ أَمْ لَمْ تُنْذِرْهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ] (البقرة : ٦)

اللە تعالى وەصفی قەومی کافرەکانمان بۆ ئەکات و دڵنیامان ئەکاتەوە کە ئەوانە

كافر بوون و ئیمان ناهێنن ، بۆیان یەکسانە کە پێغەمبەر " صلى الله عليه وسلم " بیناترسێنێت و ئاگاداریان بکاتەوە یان نەیانترسێنێت و لێیان گەڕێت ، واتە بۆیان یەکسانە ئیقامە حوجە بکرێن یان ئیقامە حوجە نەکرێن هەر ئیمان ناهێنن ئیمامی " ابن كثير " ئەفەرموویت : ((" إن الذين كفروا " واتە ئەوانەی کە حەقیان داپۆشی ستریان کرد ، الله تعالى لەسەری نوسیون ، بۆیان یەکسانە ئینزاریان بدەیتێ یان نا ئەوان هەر ئیمان ناهێنن)) ... [تفسير القرآن العظيم]

کەواتە کافر بۆی یەکسانە ئیقامە حوجە بکرێت یان نەکرێت هەر ئیمان ناهێنن ، واتە پێش ئیقامە حوجەش هەر کافرن .

وەڵامم / ئەم ئایەتە باسی قەدەرێکی کەونی دەکات کەدفەرمێت ئەوانەی خوا بۆی نوسیون کە ئیمان نەهێنن هەرگیز ئیمان ناهێنن ئەمەش هەروا بێ هۆ نیە چونکە سەرەتا حەقیان بۆهات و ڕەتیانکردەوە بۆیە الله تعالى ئەمەی لەئەزەلەوە زانیوە لەوان بۆیە دەفەرمێت ئیمان ناهێنن (فَلَمَّا زَاغُوٓاْ أَزَاغَ ٱللَّهُ قُلُوبَهُمۡۚ وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡفَٰسِقِينَ)[سورة الصف 5].

واتە:جا کاتێك لایاندا لەهەق خواش دڵی وەرگێڕان وە خوا ڕێنموونی گەلی لەڕێ دەرچوو ناکات.

وه دەفەرمێت : (وَنُقَلِّبُ أَفْـِٔدَتَهُمْ وَأَبْصَـٰرَهُمْ كَمَا لَمْ يُؤْمِنُواْ بِهِۦٓ أَوَّلَ مَرَّة وَنَذَرُهُمْ فِى طُغْيَـٰنِهِمْ يَعْمَهُونَ)[سورة الأنعام 110].

واتە: وە (کاتی هاتنی موعجیزەکان بەهۆی بێ بڕواییانەوە) دڵ و چاویان وەردەگێڕین و لایدەدەین (لە باوەڕ هێنان) هەر وەک لە سەرەتاوە بڕوایان بەقورئان نەهێنا وەلێیان دەگەڕێین لەسەر کەشی خۆیاندا بن (دەبا) هەر سەرگەردان بن."

ابن جەریری تەبەڕی لەتەفسیری ئایەتەکە دەفەرمێت:

فتأويل الكلام إذًا: معتدلٌ يا محمد - على هؤلاء الذين جحدوا نبوَّتك من أحبار يهود المدينة بعد علمهم بها، وكتموا بيان أمرك للناس بأنك رسولي إلى خلقي، وقد أخذتُ عليهم العهدَ والميثاقَ أن لا يكتموا ذلك، وأن يبيِّنوه للناس، وُيخْبرُوهم أنهم يجدُون صِفَتَك في كتبهم - أأنذرتهم أم لم تنذرهم، فإنهم لا يؤمنون، ولا يرجعون إلى الحق، ولا يصدقونَ بك وبما جئتَهم به.

دەڵێ: ئەی موحەممەد ئەوانەی ئینکاری پێغەمبەرایەتیت ئەکەن لەزانایانی جولەکەی مەدینە کە عیلمیان هەبوو پێی، بەڵام شاردیانەوە لەخەڵکی کەتۆ پێغەمبەری منی، لەکاتێکدا من پەیمانم لێ وەرگرتبون کە نەیشارنەوە و ڕوونی بکەنەوە بۆ خەڵکی کە سیفەتی تۆ هەیە لەکتێبەکانیان جا بۆیە تۆ ئاگاداریان بکەیتەوە یان نا ئیمان ناهێنن و باوەڕ بەتۆ دینەکەت ناکەن"

ئاخر هەی نەزان ئەمە چ پەیوەندی هەیە بەوەی دەڵێی کافر ئیقامە حوجە بکرێ یان نەکرێ ئیمان ناهێنن، ئەم ئایەتە باس لە چینێ لەکافران ئەکات کە ئیقامە حوجەکراون بەڵام ئیمانیان نەهێناوە لەبەر پۆست و دەسەڵات و پێگەکانیان نەك لەبەرنەزانیان کە تاکە هۆکار بوو جولەکە بەهۆیەوە ئیمانیان نەهێنا نەك هەموو کافرێ ئاوابێ ئەوە چ نەزانیەکە، پاشان هەڕەشەشی تیایە هەرکەسێ ئیقامە حوجە بکرێ وەری نەگرێ لەسزای ئەوە خوا یارمەتی نادات، ئیمامی " ابن كثير " ئەفەرموویێت : ((" إن الذين كفروا " واتە ئەوانەی کە حەقیان داپۆشی ستریان کرد ، الله تعالى لەسەری نوسیون ، بۆیان یەکسانە ئینزاریان بدەیتێ یان نا ئەوان هەر ئیمان ناهێنن)) ... [تفسير القرآن العظيم]

[کەواتە ئەوانە حەقیان زانیوە و شاردویانەتەوە بۆیە خوا کەسانێ سیفەتی وابێ لە ئەزەلدا نوسیوێتی کە بڕواناهێنن چونکە شایەنی بڕوا نین.] ئیتر ئەمە چ پەیوەندی بەنەبونی نەزانی هەیە ؟!!!

پاشان ئەم ئایەتە نەقڵ ئەکات ↓↓↓

١٨ ـ الله عزوجل ئەفەرموویێت :

[بَلِ الإِنْسَانُ عَلَى نَفْسِهِ بَصِيرَةٌ وَلَوْ أَلْقَى مَعَاذِيرَهُ] (القيامة : ١٤ ـ ١٥)

بەڵکو ئەو رۆژە مرۆڤ لە سەرخۆی شایەتە چیکردووە، چیگوتووە؟. هەرچەندە بەزمانیش عوذر و بڕوو بیانوویەکی زۆر بێنێتەوە و پاکانە بکات بۆ

ڕزگار کردنی خۆی، بەڵام بێ سوودەو کەڵکی نیە، چونکە خۆی شایەتە لەسەر خۆی.

ئیمام " ابن كثير " ئەڵێ : ((موجاهيد ئەڵێ : " ولو ألقى معاذيره " ئەگەرچی موناقەشەش بکات لەسەری بەڵام خۆی شایتە لەسەر خۆی ، وە قەتادە ئەڵێ : " ولو ألقى معاذيرة " ئەگەرچی عوذری باطڵیش بهێنێتەوە لێی قەبوڵ ناکرێت ، وە السدی ئەڵێ : " ولو ألقى معاذيره " حوجه و بەڵگەیانە ،هەروەها ابن زيد و الحسن البصري جگە لە وانیش وا ئەڵێن ، وە ابن جریریش ئەوەی هەڵبژاردووە ، وە قەتادەش ئەڵێ لە زرارة وە ئەویش ابن عباسەوە " ولو ألقى معاذيره " واتە ئەگەرچی بوختانیش بکەن و عوذر بهێننەوە ،

ئەوەی ڕاست بێت قەولەکەی موجاهید و هاوەڵەکانیەتی هەروەک الله ئەفەرموێت : [ثم لم تكن فتنتهم إلا أن قالوا والله ربنا ما كنا مشركين] وە ئەفەرموێت : "[يوم يبعثهم الله جميعاً فيحلفون له كما يحلفون لكم ويحسبون أنهم على شئ ألا إنهم هم الكاذبون] ، وە العوفي له ابن عباسەوە ئەڵێ : " ولو ألقى معاذيره" ئەوەیە کە عوذر ئەهێننەوە ئایا گوێت لێ نەبووە الله تعالى ئەفەرموێت : [لا ينفع الظالمين معذرتهم] وە ئەفەرموێت : [وألقوا إلى الله يومئذ السلم ما كنا نعمل من سوء] وە ئەفەرموێت : [والله ربنا ما كنا مشركين]))... [تفسير القران العظيم]

↓↓↓

وەڵامم// ئەم شوبهەیەمان وەڵام دایەوە لەپێشتر بەڵام دوبارەی ئەکەینەوە ئەو بیانوەی ئەو کافرانە ئەیهێننەوە بیانوەیەکی بەتاڵە چونکە پێغەمبەر و ئاگادارکەرەوەیان بۆچووبوو.

پاشان ئەم ئایەتانە نەقڵ ئەکا و ئەڵێ↓

١٩ ـ الله عزوجل ئەفەرموویێت :

[هَذَا يَوْمُ لا يَنْطِقُونَ وَلا يُؤْذَنُ لَهُمْ فَيَعْتَذِرُون] (المرسلات ٣٥ – ٣٦)

تاوانکاران توانای پۆزش و قسەیان نامێنێ: [هذا يوم لا ينطقون] ئەمە ئەو رۆژەیە کە قسەیان نامێنێ تا کەڵکێکی هەبێ بۆیان.

[ولا يؤذن لهم فيعتذرون] وە مۆڵەتیش نادرێن، تا بڕوبیانوو عوزر بێننەوە .

ئیمام" ابن جرير الطبري " ئەفەرموویێت : ((الله تعالى باسى ئەو درۆزنانە ئەکات کە پاداشت و سزایان بە درۆئەزانى : [هذا يوم لا ينطقون] واتە ئەهلى بە درۆخستنەوەى پاداشت و سزاى الله نوطقى قسەیان نیە و [ولا يؤذن لهم فيعتذرون] ڕێگەى هێناوەى عوذرىشیان پێ نادرێت)) .... [جامع البيان عن تأويل آي القرآن]

وە " القرطبي " ئەڵێ : ((ئەوە ئەو ڕۆژەیە کە کافرەکان هیچ قسەیان پێ ناکرێت و ئیزنیشیان پێ نادرێت عوذر بهێننەوە ، واتە ڕۆژى قیامەت قۆناغ

به قۆناغه لەم کاتەدا ڕێگەی قسەکردن و عوذر هێنانەوەیان پێ نادرێت ... وە جونەید ئەڵێ : واتە ڕێگەیان پێ نادرێت عوذر بهێننەوە لەسەر ئەوەی پشتیان لە نیعەمەتەکان کرد و ڕەتیان کردەوە و کوفریان کر)) .... [الجامع لأحكام القرآن]

ئیمام " ابن كثير " ئەفەرموویێت : ((: [هذا يوم لا ينطقون] واتە ناتوانن قسە بکەن [ولا يؤذن لهم فيعتذرون] توانای قسەکردنیان نیە و ڕێگەی هێنانەوەی غوذریان پێ نادرێت ، چونکە ئیقامە حوجە کراون ، وە ئەو قەولەیان لەسەر جێبەجێ بووە بما ظلموا فهم لا ينطقون)) ...[تفسير القران العظيم]

٢٠ ـ اللە عزوجل ئەفرموویێت :[يَا أَيُّهَا الَّذِينَ كَفَرُوا لَا تَعْتَذِرُوا الْيَوْمَ ۖ إِنَّمَا تُجْزَوْنَ مَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ] (التحريم :٧)ئەی ئەوانەی کافرو بێبڕوابوون! ئەمڕۆ (ڕۆژی قیامەت) عوذر و بڕو بیانوو مەهێننەوە بۆ تاوانەکانتان، چونکە هیچ بیانوویەکتان لێ وەرناگیرێ [إنما تجزون ما كنتم تعلمون] بەڕاستی تەنها بەپێی ئەو کارو کردەوانە پاداش ئەدرێنەوە کردووتانن .

" القرطبي " ئەڵێ : ((ئەو قەولەی اللە : [يا أيها الذين كفروا لا تعتذروا اليوم] چونکە عوذرەکەیان سودی نیە ، چونکە لە دنیا چتان پێش خستەوە سزای ئەوە وەر ئەگرنەوە)) .... [الجامع لأحكام القرآن]

وه " ابن كثير " ئەڵێ : (([يا أيها الذين كفروا لا تعتذروا اليوم إنما تجزون ما كنتم تعملون] له ڕۆژی قیامەت به کافرەکان ئەووترێت هیچ عوذر مەهێننەوه چونکه لێتان قەبوڵ ناکرێت ، ئەمڕۆ پاداشت و سزای کردەوەکانتان وەرئەگرنەوه)) ... [تفسير القران العظيم]

↓

وەڵامم / وەك وتمان و سەلماندمان ئەوانە پێغەمەریان بۆ چووبوو و پشتیان لەوەڵامدانەوەی پێغەمبەرەکانیان کردبوو ، خوای گەورەش پێیان ئەفەرمێت ئەمڕۆ ئیتر بیانوو مەهێننەوه چونکه بیانووتان نیه، هەروەك ابن كثير فەرمووی : چونکه ئیقامه حوجەکراون.

پاشان شوبهەیەکی تر فڕێ ئەدات ئەم ئایەته پیرۆزەی لەسەر نەقڵ ئەکات

↓↓↓

الله تعالى ئەفەرموویێت :

[مَنْ كَفَرَ بِاللَّهِ مِنْ بَعْدِ إِيمَانِهِ إِلَّا مَنْ أُكْرِهَ وَقَلْبُهُ مُطْمَئِنٌّ بِالْإِيمَانِ وَلَكِنْ مَنْ شَرَحَ بِالْكُفْرِ صَدْرًا فَعَلَيْهِمْ غَضَبٌ مِنَ اللَّهِ وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ]

جا بۆ وەڵامدانەوەی ئەم شوبهەیه بەفەرموون لەم لینکەوه بە وردی وەڵامەکەی بخوێننەوه

https://justpaste.it/8r7sf

پاشان زیاتر تەحریفات ئەکات و بوهتانیش بۆ ئێمە دەکات ئەم ئایەتە نەقڵ ئەکات و دەڵێ↓

٢١ ـ الله عزوجل ئەفەرموویێت :

[وَلَئِن سَأَلْتَهُمْ لَيَقُولُنَّ إِنَّمَا كُنَّا نَخُوضُ وَنَلْعَبُ قُلْ أَبِٱللَّهِ وَءَايَـٰتِهِۦ وَرَسُولِهِۦ كُنتُمْ تَسْتَهْزِءُونَ (٦٥) لَا تَعْتَذِرُواْ قَدْ كَفَرْتُم بَعْدَ إِيمَـٰنِكُمْ إِن نَّعْفُ عَن طَآئِفَةٍ مِّنكُمْ نُعَذِّبْ طَآئِفَةًۢ بِأَنَّهُمْ كَانُواْ مُجْرِمِينَ (٦٦)] التوبه .

واتە : [ولئن سألتهم] ئەگەر لێیان بپرسیت: سەبارەت بە گاڵتە کردن بە " الله عزوجل " و ئایەتەکانی و پێغەمبەری خوا " صلى الله عليه وسلم " : [ليقولن إنما كنا نخوض ونلعب] ئەڵێن: بەڕاستمان نەبووە و، بەڵکو تەنها گاڵتەو گەپمان دەکرد.

" قەتادە " ئەڵێت: لەو دەمەدا کە پێغەمبەر " صلى الله عليه وسلم " سەرقاڵی غەزووەی (تەبووك) بوو، چەند سواریەك لە دووڕووەکان بەبەردەمیا تێپەڕین و ووتیان: زۆر سەیرە!

ئەم پیاوە پێی وایە کە کۆشك و قەڵای رۆمەکان ئەگرێ ؟! های های لەوە!

پاشان ئەم قسەیە بە پێغەمبەر " صلى الله عليه وسلم " گەیشتەوە، ئەویش

بانگی کردن و ووتیان: ئەمە سوێندی بێ بەگاڵتەوە ووتومانە، ئەوسا ئەم ئایەتە هاتە خوارەوەو فەرمووی: [قل أبالله وآياته ورسوله كنتم تستهزؤن] پێیان بڵێ: ئایا گاڵتەتان بەخواو ئایەتەکانی و، بەپێغەمبەرەکەی کردبوو؟ واتە: هەر وتەیکی کوفرو ناشیرین و ناقۆڵا لەدەم دەرچێت، بێگومانە مرۆڤی پێ کافر ئەبێت .[لا تعتذروا قد كفرتم بعد إيمانكم] بڵێ: عوذر و بڕوبیانووی بێجێ مەهێننەوە، چونکە پاش ئەوە باوەڕتان هێنا، کافربوونەوە [إن نعف عن طائفة منكم] ئەگەر لە هەنێکتان خۆش ببین لەبەر ئەوە کەپەشیمان بوونەوە لەووتەکەتان [نعذب طائفة بأنهم كانوا مجرمين] ئەوا سزای هەنێکتان ئەیەین بەهۆی ئەوەی تاوانکاربوون، واتە: بەردەوام بوون لەسەر کوفرو نیفاق.

ئەگەر جوان سەرنجی ئەم ئایتە پیرۆزەش بەین بۆمان ڕوون ئەبێتەوە کە ئەو کەسانەی ئەو استهزاء و گاڵتەیان کرد بەجەهل و نەزانین بوو ، بە بەڵگەی ئەوەی کاتێک پێغەمبەر " صلى الله عليه وسلم " لێیان ئەپرسێت ئێوە ئاوا و ئاوتان ووتووە ئەڵێن : والله تەنها بۆ گاڵتە و گەپ بوو سوعبەتمان کرد مەبەستمان کوفر نەبووە و وەنەشیان ئەزانی ئەمە کوفرە بۆیە عوذریان هێنایەوە و تاکو بیسەلمێنن ئەوان کافر نەبوون و نەیانزانیووە ئەم قسانە کوفرە ووتیان تەنها بۆ خۆشی بوو ! بەڵام الله تعالى عوذرەکەی لێ قەبوڵ نەکردن و پێشی فەرموون هیچ عوذرێک مەهێننەوە ئێوە کافربوون پاش ئەوەی ئیمانتان هێناو

موسڵمان بوون ، ئەم ئایتە زۆر ڕوون و ئاشکرایە و پشتی ئەو کەسانە ئەشکێنێت کە عوذر بۆ موشریکەکان ئەهێننەوە.

↓

وەڵاممم / زۆر ساویلکە و نەزانی ئەگەروابزانی ئێمە بێ ئاگابوبین لەم ئایەتە وە زۆر ساویلکەی ئەگەر وابزانی ئێمە نازانین ئەم ئایەتە بۆ سەر موسڵمان دابەزیوە و ڕاستەوخۆ تەکفیری کردون ؟ وە زۆر ساویلکە و نەزانی ئێمە ئاوا بناسی کە وابزانین ئەم ئایەتەش وەک ئایەتەکانی تر بڵێین بۆ کافرانی ئەصلی دابەزیوە !!!

بەڵکو زۆر بەباشی ئەزانین بەڵێ ئەم ئایەتانە بۆ ئیمان لاوازانە دابەزی لەجەنگی تەبووک کە گاڵتەیان کرد بە هاوەڵان و پێغەمبەر صلى الله عليەوسلم نەشیان ئەزانی ئەو گاڵتەکردنەیان کوفرە وپێ کافر ئەبن، بەڵام هیچ عوذریان نەبوو ئەزانن بۆ ؟؟؟؟

چونکە گاڵتەکردن بەدینی خوا و بە پێغەمبەر صلى الله عليه سلم بەهەڵگرانی ئەو دینە کوفری زۆر گەورە و ئاشکرایە لای هەموو خاوەن دینەکان نەك هەر لای موسڵمانان ، جائیز نەبونی گاڵتەکردن بەدین و بەخوا و بەپێغەمبەر لای لای زانا و نەزان یەکسانە هەموو خەڵکی ئەزانن کەخوا و پێغەمبەر و دینی خوا هی ئەوە نیە گاڵتەی پێ بکەی جنێوی پێ بدەی دژایەتی بکەی

بەڵکو دین و خوا و،پێغەمبەر لای هەموو خەڵکی پیرۆز و موقەدەسن و هێڵی سوورن کەس نیە نەزان بێت لەمە و هەموان لەم زانینە هاوبەشن هەربۆیە کەس عوذری نەزانینی نیە لێی ، بۆیە هەرشیرك و کوفرێ لەهەر شوێن و جێگایە گاڵتەکردن و جنێودانیش نەبوو بەدین وخوا و پێغەمبەر مادام لای هەموو خەڵکی ئاشکرا و دیاربوو کە ئەوشتە کوفرە ئەوا بیانووی نەزانی نیە تیایدا.

شێخی ئیسلام ابن تەیمیە دەڵێت " إن سب الله أو سب رسوله كفر ظاهراً وباطناً سواء كان الساب يعتقد أن ذلك محرم أو كان مستحيلاً أو كان ذاهلاً عن إعتقاده هذا مذهب الفقهاء وسائر أهل السنة القائلين بأن الإيمان قول وعمل"صارم المسلول ص512

دەڵێ: بەڕاستی جنێودان بەخوا و بەپێغەمبەرەکەی کافربوونە بەڕووکەش و بەناوەوە ، یەکسانە بەحەرامی بزانی یان بەحەڵاڵ یان لەباوەڕت پێی نەبێت، ئەمەش مەزهەبی هەموو شەرعزانان و ئەهلی سونەیە کە دەڵێن ئیمان قەول و عەمەلە."

هەروەها دەڵێت: هەرشتێ لەکردەوەکانی ڕواڵەت کوفربێت وەکو سوجدە بردن بۆ بت یان جنێو دان بەپێغەمبەر ئەمانە ئەوە دەخوازن لەدڵیشەوە کوفر هەبێت جا وێنەی ئەم کارە وەکو گاڵتەکردن بەئایەتەکانی خوا لەڕوکەشدا کوفرە لەدڵیشەوە تەنها احتیمالی کوفری لێ ئەکرێ خاوەنەکەی هیچ عوذرێکی نیە کە

بڵێ مەبەستم کوفر نەبووە چونکە چ پێویستیەکی هەیە لەجنێودان بەخوا و بەپێغەمبەرەکەی تەنها کاتێ نەبێ باوەڕی نەمابێ بەپەرستنی و باوەڕی نەمابێ بە پێغەمبەربونی."صارم ص 512 بۆ 517 هەروەها کتێبی شیفا 1015 بۆ 1022 بەرگی دووەم.

کەواتە لێرەوەش چەواشەکاری و بوهتانەکانی کابرا سوودی نەبوو بۆی.

پاشان ئایەتێکی تر نەقڵ ئەکات و ئەڵێ↓

٢٤ ـ الله عزوجل ئەفەرموویێت :

[وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَقُولُ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَبِٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ وَمَا هُم بِمُؤْمِنِينَ (٨) يُخَٰدِعُونَ ٱللَّهَ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَمَا يَخْدَعُونَ إِلَّآ أَنفُسَهُمْ وَمَا يَشْعُرُونَ(٩)] البقره .

واتە: مونافیقەکان(بەلای خۆیانەوە) خواو ئەوکەسانە دەخەڵەتێنن کە بڕوایان هێناوە ! کەس ناخەڵەتێنن تەنها خۆیان نەبێت بەڵام هەستی پێ ناکەن."

وەڵامم/ پاشان ئەم ئایەتە هەرگیز بەڵگە نیە لەسەر نەبونی نەزانی بەڵکو مونافیقەکان لەشاری مەدینە بون لەگەڵ پێغەمبەری خوا و هاوەڵان بوون موعجیزە و دابەزاندنی وەحیان دەبینی ، ئیقامە حوجەکرابوون هیچ بیانویەکیان نەمابوو ئیتر قەناعەت ئەکەن یان نازانن کێشەی خۆیانە و هیچ بیانوویەک نەماوە بۆیان پاشان ئەو ئیمانەیان بۆ فێل کردن هێنابوو ئەصڵەن خۆیان

دەیانزانی باوەردار نین بەڵام بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان ئەو باوەرەیان هێنابوو بەروکەش هەربۆیە کەسی مونافق کەلەدڵەوە دژی ئیسلامە و باوەڕی پێی نیە کەسێکە بەعیلمەوە نیفاق ئەکات نەوەك نەزان بێت و دلسۆزبێت بۆ دین و ئیمان بەڵام نەزان بێت نەخێر بەهیچ شێوەیەك .

هەروبۆیە ئیمام ابن جەریری تەبەڕی لەتەفسیری مانای "وما يشعرون " دەڵێت:

أنهم لا يشعرون بأن الله خادِعُهم، بإملائه لهم واستدراجِه إياهم، الذي هو من الله جل ثناؤه إبلاغٌ إليهم في الحجة والمعذرة، ومنهم لأنفسهم خديعةٌ، ولها في الآجل مَضرة. كالذي-:

٣٢١- حدثني يونس بن عبد الأعلى، قال: أخبرنا ابن وهب، قال: سألت ابن زيد عن قوله: ﴿وَمَا يَخْدَعُونَ إِلا أَنْفُسَهُمْ وَمَا يَشْعُرُونَ﴾ ، قال: ما يشعرون أنهم ضَرُّوا أنفسهم، بما أسَرُّوا من الكفر والنِّفاق."

دەڵێ: نەزانی و جەهلی مونافیقەکان لەوەدا بوو نەیاندەزانی خواش فێڵ لەوان دەکات بەوەی جڵەویان بۆ شل دەکات، بەوەش ئیقامەحوجەیان ئەکات و بیانووبڕیان ئەکات وە نازانن بەو کارەیان زیان لەخۆیان دەدەن." [کەواتە ئەم ئایەتە بەهیچ شێوەیەك باس لەنەبونی عوذر بەجەهل ناکات،

چونکه هەمووان ئەزانن مونافیقەکان دینیان دەزانی و هەموو حەقێکیان پێگەیشتبوو و هەموو شتێکیان بەچاوی خۆیان بینی بوو]

پاشان ئەو نەخۆشە ئایەتێکی تر نەقڵ ئەکات ↓↓↓

٢٥ـ اللە تعالى ئەفەموویێت :

[أَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَرْفَعُوٓاْ أَصْوَٰتَكُمْ فَوْقَ صَوْتِ ٱلنَّبِيِّ وَلَا تَجْهَرُواْ لَهُۥ بِٱلْقَوْلِ كَجَهْرِ بَعْضِكُمْ لِبَعْضٍ أَن تَحْبَطَ أَعْمَٰلُكُمْ وَأَنتُمْ لَا تَشْعُرُونَ] (الحجرات : ٢) ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە! هەرکات لەگەڵ پێغەمبەردا " صلى الله عليه وسلم " گفتوگۆتان کرد، دەنگتان بەسەر دەنگیدا بەرز مەکەنەوە، بە چ ئەندازەیە دەنگی ئێوەی ئەگاتێ، دەبێ هەر ئەوەندە دەنگ بەرز بکەنەوە [ولا تجهروا لة بالقول] و قسەی بەرز و بێ پەردە مەکەن لەڕوویدا، پێشەوا (بوخاري) لە (ئیبن ئەبی موڵەیکە)وە ئەڵێ: خەریك بوو دوو پیاوە چاکەکە - ئەبوو بەکرو عومەر تیا بچن! جا (هاتنی نوێنەرەکەی بەنی تەمیمی گێڕایەوەمو پاشان گوتی): ئیتر عومەر دوای ئەوە هەر قسەیەکی کردبا، ئەوەندە بەهێواشی دەیکرد پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) داوای دووبارە کردنەوەی لێدەکرد! [كجهر بعضكم لبعض] وەك چۆن لەگەڵ یەکترییدا بەدەنگی بەرزو، رووبەڕوو قسە ئەکەن و دەنگ بەرز ئەکەنەوە، وە بە ناوی خۆیەوە وەك بڵێیت موحەممەد (صلى الله عليه وسلم) نابێ بانگی لێ بکەن، بەڵکو بە نازناوەکانی بانگی لێ بکەن: وەك بڵێیت: (يا أيها النبى! يا أبا القاسم !).

ئیمامی (ئیبن کەسیر) ئەڵێتِ: زاناکان وتوویانە- هەروەك دەنگ بەرز کردنەوە لە حاڵی ژیانی پێغەمبەر خۆیدا (صلى الله عليه وسلم) کارێکی خراپ و ناپەسەندە، پاش مردنی و لەلای گۆڕەکەیشیدا هەروا. [أن تحبط أعمالكم] نەوەك بەو هۆیەوە کردەوەکانتان بەتاڵ و پووچەڵ بنەوە [وأنتم لا تشعرون] و بە خۆیشتان نەزانن. بەڵێ موسڵمانانی پێشوو زۆر لەهەوڵدا بوون بۆجێبەجێ کردنی ئەم یاسای ئەدەب و وێڵە، ئەوەتە وەك ئیمامی ئەحمەد (خوا لێی رازی بێ) ئەڵێت: (سابتی کوڕی قەیس)، دواندەری پەیامبەرو یارمەتیدەران لەبەر ئەوە دەنگی گەورەو بەرزبوو، گەلێ جار نەئەچووەلای پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) !..

جا مەبەستەکەی ئێمە لێرەدا ئەوەیە الله تعالى بە باشترین دوو پیاو دوای پێغەمبەر " صلى الله عليه وسلم "کە هەردوو ئیمامی [ئەبوبەکر و عمر] ئەفەرموویێت : ئەگەر دەنگتان بەسەر دەنگی پێغەمبەر " صلى اللهعليه وسلم " بەرزبکەنەوە ئەوا هەموو کار و کردەوەکانتان پوچەڵ ئەبێتەوە بەبێ ئەوەی ئێوە هەستیشی پێ کەن و بیزانن واتە بەبێ ئەوەی بزانن ئەم دەنگ بەرزکردنەوەیە کردەوەکاناتان پوچەڵ ئەکاتەوە ، واتە ئەگەر بە نەزانیش دەنگ بەرزبکەنەوە ئەو نەزانینە نابێتە عوذر بۆتان و تەواوی کردەوەکانتان پوچەڵ ئەکەمەوە یانیش تەواوی کردەوەکانتان پوچەڵ ئەبێتەوە و هیچتان لێ

وەرناگیرێ بەبێ ئەوەی ئێوە بزانن و هەستیشی پێ بکەن کە کردەوەکانتان پوچەڵ بوەتەوە !!

کەواتە نەزانینی وان هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێت ئەمەش ئەوە ئەسەلمێنێت زۆر جار خەڵکی توشی کوفر و شیرک ئەبن و تەواوی کار و کردەوەکانی پوچەڵ ئەبنەوە و بەبێ ئەوەی بۆخۆی هەستیشی پێ بکات و بزانێت !! وەک ئەزانن ئەوەی کار و کردەوە بەطاڵ ئەکاتەوە شیرک وکوفرە ،جا دەنگ بەرزکردنەوەیەک بەنەزانی ببێتە هۆی چەڵکردنەوەی کردەوەکان و ئەوە شیرک و کوفری گەورە ئەولاترە بەنەزانی عەمەلەکان پوچەڵ بکاتەوە ، ئایەتەکەش باسی موسڵمانە کەس بۆی نیە تەجاوز بکات و بڵێت ئەوە باسی کافری ئەصڵییە وەک ئەو قسە بیدعە و بێ مانایەیان بەدەمگرتووە .

↓↓↓

وەڵامم / بەڵێ چاک دەزانین کە ئەم ئایەتە دەربارەی موسڵمانان دابەزیوە وە چاکیش ئەزانین ئێوە چ چەواشەکاریەك ئەکەن و چۆن تەحریفێکی شەیطانیانە ئەنجام ئەدەن, بۆیە دەڵێین :-

یەکەم/ ئەوئایەتە باس لەوە ناکات ئەو کەسانەی کە دەنگیان بەرز کردۆتەوە کافر ببن بەڵکو ئامۆژگاریان ئەکات و ئاگاداریان ئەکاتەوە ئەگەر جارێکی تر وابکەن ئەوا کردەوەکانتان پوچەڵ ئەبێتەوە کەواتە سەرەتا ئەم ئایەتە بۆ ئیقامە حوجەکردنی ئەوانە و کۆتایی هێنان بەوئاکارە ناشرینە دابەزی و بەو سزایە

هەڕەشەی لێکردن نەك كافربوبن پێش دابەزینی ئەو حوكمە چونكە مەعلومە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم داوای تەوبەی نەكرد لەهیچ یەك لەوانەی دەنگیان بەرزدەكردەوە وەك ئەبو بەكر و عومەر چونكە ئەو وتەی ناشرینەی ئەو گومڕایە نەقڵی ئەكات ئەوە ئەخوازێت بڵێ ئەبو بەكر و عومەر مورتەد بوبنەوە ؟ یان دەبێ وابڵێ چونكە دەڵێ ئەبو بەكروعومەر نەزان بوون بەو دەنگ بەرزكردنەوەیەكەواتە دیارە لای "شێركۆی قەنارە " كافربوونە یان ئەوەتا دەبێ بڵێ نەخێر ئەو ئایەتە ڕونی كردەوە بۆیان وئیقامە حوجەی كردن وەكو ئێمە دەیڵێین و ئایەتەكە دەیخوازێ و ڕوونە ، بۆیە هیچ مەجالی نیە لەپەشیمان بونەوە زیاتر تەوبەكردن عاجل بۆ ئەو طامە گەورەیەی.

وانەی 7 قاعیدە گومڕاكەرەكان

ئایا موسڵمانێ توشی كارێكی شیركی ببێت پێی دەوترێت موشریك پێش ئیقامەی حوجە ؟؟

ئەوانەی دەڵێن پێی دەوترێ موشریك هەندێ زانایانی دەعوەی نەجدیە هەروەها هەندێ لەهاوچەرخەكان كەپشتیوانی ئەو مەزهەبەن، بنچینەشیان لەمەدا جیاوازی نەكردنە لەنێوان موسڵمانێ كە توشی كارێكی شیركی دەبێت لەگەڵ كافرێكی ئەصلی ، ئێمە هاوڕاین لەگەڵ ئەوەی كافری ئەصلی پێی

دەوترێ موشریك پێش هاتنی دین و ئیقامەی حوجە چونکە ئیسلام وجودیە واتە بەدامەزراندن دێتە بوون بەڵام کوفر عەدەمیە واتە ئەگەر وترا کافر مەرج نیە تەنها بچود بێت بەڵکو فراوانە هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کەنەهاتبنە نێو بازنەی ئیسلام بەڵام موسڵمانێ کاتێ توشی کارێکی شیرکی ئەبێت بەنەزانینی حوکمەکەی جیاوازە لەکافرێکی ئەصلی چونکە نەزانی بەهەندێ لەمەرجەکانی تەوحید واردە بەبێ گوومان جا برایانمان بەڵگە ئەهێننەوە بۆ سابت بونی ناوی شیرك لەحەقی موسڵمانێ کە توشی کارێکی شیرکی ئەبێ بەنەزانی پێش ئیقامە حوجە بەم ئایەتە (وَإِنْ أَحَد مِّنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ٱسْتَجَارَكَ فَأَجِرْهُ حَتَّىٰ يَسْمَعَ كَلَٰمَ ٱللَّهِ ثُمَّ أَبْلِغْهُ مَأْمَنَهُۥ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْم لَّا يَعْلَمُونَ) [سورة التوبة 6]

سەرەتا پێویستە بزانین ئایەتە باس لەموشریکەکانی قوڕەیش ئەکات کە کافری ئەصلین و عیلمیان هەبوە دوای بیست ساڵ بوە لەبانگەوازی تەوحید و ئیسلام ئەم ئایەتە ساڵێ پێش حەجی ماڵئاوایی دابەزی کە ئەمر دەکات بەکوشتنیان گومانیشی تێدانیە کە ئەمر کردن بەقیتال کردنی کافران مانای ئەوەیە کەدەعوەیان پێ گەیشتوە چونکە لەوساڵەی ئەم ئایەتە دابەزی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم عەلی کوڕی ئەبوتاڵیبی نارد لەمەوسمی حەج سورەتی تەوبە بخوێنێ بسەر خەڵکی و هەموو عەرەب وە ئەو ساڵە بوو کە ئەبو بەکر حەجی کرد بەخەڵکی پێش حەجی وەداع بەساڵێ کەلەسەرەتای

سورەتەکە ئاگاداریە لایەن خواو پێغەمبەرەوە بۆ هەموو خەڵکی کە خواو پێغەمبەر بەرین لەموشریکەکان وەهەر لەم ساڵەدا بوو بانگەوازکرا ئیتر موشریك بۆی نیە حەج بکا تەواف بکات بەڕووتی پاشان اللە تعالی ماوەی چوارمانگی دایە موشریکەکان، پاشان فەرمانی کرد بەبڕوادارن کە هەر موشریکێکیان بینی بیکوژن دوای ئەو چوارمانگە بەڵام دوای ئەم چوار مانگە حاڵەتێکی تایبەت ئەگەر ڕویدا وەک ئەوەی ئەگەر یەکێ لەموشریکەکان ویستی گوێ بگرێ لەقورئان و شارەزابێ لەئەوامیرەکانی شەرع علمی دەعوەی لەگەڵ بکرێ بۆ ڕودانی ئەم جۆرە حاڵەتە خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند (وإن أحد من المشركين استجارك ..) ئەو موشریکەی هاتوە لەئایەتەکە دەزانێ موحەمەد صلی اللە علیه وسلم ئەوا بیست ساڵە بانگەوازدەکا لەناو عەرەب بۆ لا اله الااللە و شکاندنی بتەکان و زۆرێ لەگەورەکانی قوڕیش یش بونەتە موسڵمان و زۆربەی ناوچەکانی عەرەب هاتنە ناو ئیسلام دەشزانی مەککە بووە بەداری ئیسلام وبتەکانی دەوری کەعبە ڕوخێنراوە و ئیتر موشریك ڕێگەی حەجی پێنادرێ وەدەزانێ خوا تەبڕای کردوە لەموشریکان وەدەزانێ خوا کۆمەڵێ ئایەتی دابەزاندوە خوێن خۆی هاوپیشەکانی بەهەدەر داوە وە دەزانی هیچ هەڵبژاردەیەکی تری لەبەردەم نەماوە جگە لەموسلمان بون یان شمشێر هەربۆیە ئەم کەسە دەیەوێ ڕزگاری بێ وبگاتە لای پێغەمبەر صلی اللە علیه وسلم تاکو گوێی لەکەلامی رب

العالمين بێ و بەڵكو ببێتە هۆی ئەوەی خوا هیدایەتی بدات بۆیە داوای ئەمان دەكات لەپێغەمبەر، منیش دەڵێم دوای ئەو هەموو ڕوداوە مەعقولە كەسێ بڵێ خوا ناوی ناوە بەموشریك و نەزان بووە بۆیە دەڵێین ئەو عیلمەی لێردەدا نەفی كراوە عیلمی دەعوەیە نەك عیلمی حوجە -ابن كثير دەڵێت :" ﴿ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَا يَعْلَمُونَ﴾ أَيْ: إِنَّمَا شَرَعْنَا أَمَانَ مِثْلِ هَؤُلَاءِ لِيَعْلَمُوا دِينَ اللَّهِ، وَتَنْتَشِرَ دَعْوَةُ. اللَّهِ فِي عِبَادِهِ."

واتە: ئەوانە قەومێكن كەنازانن یەعنی ئێمە تەشریعی ئەمانمان كردوە بۆ هاوشێوەی ئەوجۆرەكەسانە تاكو دینی الله شارەزابن و دەعوەكە بڵاوببێتەوە لەناو بەندەكانی"

پاشان هەروەك ڕونمان كردەوە ئەم ئایەتە تایبەتە بەكافری ئەصلی كە بەهیچ شێوەیەك ئیسلام لەحەقیدا سابت نەبووە و بەهیچ شێوەیەك موسڵمانێك ناگرێتەوە كەتوشی كردەوەیەكی شیركی بوبێت، چونكە موسڵمان ئەگەر كارێكی شیركی بكات بەبێ عوزر ئەبێ ئیستیتابەی بكەی ئەگەر تەوبەی كرد باشە ئەگەر نا ئەبێ بیكوژی نایگەڕێنێتەوە بۆماڵ و شوێنەكەی خۆی هەروەكو لەم ئایەتە بۆ كافرەكە دەفەرمێت دوای ئەوەی دەعوەت لەگەڵ كرد بیگەڕێنەوە شوێنی خۆی كەواتە هیچ پەیوەندی نیە بەوەی بەموسڵمانێكەوە بلكێنرێ كەتوشی شیركێ بووە بەنەزانی و جیاوازیەكەیان زۆرە ئایەتەكە.

هەروەها دەڵێن هەر موسڵمانێ توشی کارێکی شیرکی بێ پێی دەوترێ موشریك بەڵام عوزر و ئیقامە حوجە بۆ ئەوکەسە پەیوەندی بەسزادانەوە هەیە واتە کاتێ ئیقامە حوجە کرا ئینجا سزا دەدرێ لەدونیا بەڵام هەر پێش ئیقامە حوجە و بۆ ڕوون کردنەوە پێی دەڵێن موشریك و نوێژی لەپشت ناکەن و ژنی پێ نادەن و سەربڕاوی دەستی ناخۆی کە کەمرد و ئیقامە حوجە نەکرابوو ئەوا هەموو حوکمەکانی موشریکان وەردەگرێ لەنەشۆرین و کفن نەکردن نەشاردنەوەی لەگۆڕستانی موسڵمانان و میرات لێ نەگرتنی !!!!

لەوەڵامی ئەم بیدعە و تەقسیماتە

سەرچاوی وتەکانیان لەجیاوازی کردنیانە لەنێوان ناوی کوفر وشیرك شیرك لە ربوبیەت : بریتیە لەوەی بیروباوەڕت وابێ لەگەڵ خوا یان لەغەیری خوا کەسێ تر هەیە خەلق دەکات و کاروباربەڕێوەدەبات لەبونەوەر.

شیرك لەئولوهیەت: بریتیە لەئەنجامدانی عیبادەت یان جۆرێ لەعیبادەت بۆ غەیری اللە تعالی.

شیرك لەئەسماء و صیفات: بریتیە لەوەی باوەڕت وابێ کەسێ تر هەیە وەك خوا یان لەگەڵ خوا هاوبەش بێ لەناو سیفەت و کارەکانی.

کوفریش: دژ و پێچەوانەی وشەی ئیمانە و ناوێکی گشتیە بۆ شیرك و غەیری شیرك لە ئینکاری کردن و پشتهەڵکردن....

أبو هيلالى عەسكەرى دەڵێت: " الكفر اسم يقع على ضرورب من الذنوب فمنها : الشرك بالله، ومنها الجحد للنبوة، ومنها استحلال ما حرم الله، وهو راجع إلى جحد النبوة ، وغير ذلك مما يطول الكلام فيه ، واصله تغطية"فروق اللغوية ص189

واتە : كوفر ناوێكە دەنرێت لەكۆمەڵێك گوناح لەوانە: هاوبەشدانان بۆ الله، و نكۆڵى كردن لە پێغەمبەرایەتى و حەڵاڵ كردنى حەرامەكانى الله ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نكۆڵى كردن لە پێغەمبەرایەتى ، زۆرێكیتر قسەكردن تیاى درێژەدهكێشێ، بنچینەى كوفر داپۆشینە."

هەربۆیە هەموو شیركێ كوفرە بەڵام هەموو كوفرێ شیرك نیە، كەواتە هەموو موشریكێ كافرە نەك هەموو كافرێ موشریک بێ بەمەش ئەصلى بیدعەكە هەڵوەشایەوە كەهاوشێوەى بیدعەى موعتەزیلەیە كەدەڵێن بە مەنزیلەى بین المنزلتین ئەڵێن كەسى خاوەن گوناح لەدونیا نەكافرە ونەموسڵمانە ئەمانیش وەك موعتەزیلەكان لەهەمان ئاو ئەخۆنەوە هەمان دەردیانە دەڵێن ئەو موسڵمانەى توشى شیرك بوە بوە موشریكە بەڵام كافر نیە و موسڵمانیش نیە !!!

بەڕاستى ئەمە تەئصیلێكى فاسدە لەشوێنەوارە فسادەكانى بەتاڵكردنەوەى ناوە شەرعیەكانە لەحوكمەكانیان یاخود دابەزاندنى كۆمەڵێ ئەحكامە كەپەیوەستە بەچەن ناوێكى شەرعى دیاریكراو لەسەر كەسانێ دایدەبەزێنن كە ئەو ناوە شەرعیەن نایانگرێتەوە ئەمەش كارێكى مەترسیدار و یاریەكى ئاشكرایە بەناوە

شەرعیەکان هەربۆیە دابەزاندنی حوکمەکانی پەیوەست بەکافر بەسەرکەسێك پێشی نەڵێی نەکافر لادانێکی مەنهەجی ترسناکە.

شێخ سلیمانی کوری عبدالله بن محمد بن عبدالوهاب -رحمه الله- دەڵێت: " وإن كان يقول : أقول غيرهم كفار ، فهذا حكم منهم بإسلامهم ، إذ لا واسطة بين الكفر والإسلام ، فإن لم يكونوا كفاراً فهم مسلمون " الدررالسنية (8/161).

واتە: ئەگەر بڵێت ئەڵێم غەیری ئەوان کافرە ئەمە حوکمدانە لەلایەن ئەوەوە بەموسڵمان بونیان، چونکە شتێك نیە لەنێوان موسڵمان بون و کافربون، چونکە ئەگەر کافرنەبن ئەوا دەبێ موسڵمان بن."

هەروەها دەڵێت :" والتعبير بأن ظاهره لا إسلام ولا كفر ، لا معنى له عندي، لأنه لابد أن يكون مسلماً جاهلاً، أو كافراً جاهلاً فمن كان ظاهره الكفر ، فهو كافر ومن كان ظاهره المعاصي ، فهو عاص ؛ ولا نكفر إلا من كفره الله ورسوله بعد قيام الحجة عليه, وأما الذي تباح ذبيحته منهم، فهو المسلم ، وأما الذي لا تباح ذبيحته ، فهو الكافر والمرتد ، وهو الذي يكفر بعد إسلامه ، بفعل ناقص من نواقض الإسلام، المخرجة من الملة وقد واضحنا حكم أعراب أهل النجد." (10/471).

واتە: ئەو دەربڕینەی دەڵێت ڕواڵەتی نە موسڵمان بونە و نەکافربوون ئەم دەربڕینە هیچ مانایەکی نیە لای من چونکە یان دەبێ موسڵمانێکی جاهیل بی

یان کافرێکی جاهیل ، جا هەرکەسێ ڕواڵەتی کوفربوو ئەوا کافرە و هەرکەسێکیش ڕواڵەتی سەرپێچی کردن بوو ئەوا سەرپێچیکارە وە وەکەسیش تەکفیرناکەین کەخوای گەورە و پێغەمبەرەکەی تەکفیری نەکردبن دوای ئیقامەی حوجە کردن لەسەری تەکفیری دەکەین، وە ئەوکەسەی سەربڕاوی دەستی حەڵاڵە لەوانە ئەوە موسڵمانە ئەوکەسەشی سەربڕاوی دەستی حەڵاڵ نیە کافر ومورتەدە ئەوکەسەیە کوفر دەکات دوای موسڵمان بون بەئەنجامدانی هەڵوەشێنەرەوەیەك لەهەڵوەشێنەرەوەکانی ئیسلام پێشتر حوکمی ئەعرابیەکانی نەجدمان ڕونکردەوە."

وە یەکێکێ تر لەبەڵگە سەیروسەمەرەکانیان ئەوەیە دەڵێن اشتیقاق لوغەی دەکەین لە ناوە شەرعیەکان، بەهۆی ئەوەی دەڵێن هەرموسڵمانێ توشی کارێکی شیرکی بێ ناوێك لەکارەکەی خۆی بەبەردا دەکرێت و پێی دەوترێ موشریك !!

لەوەڵامی ئەم شوبهەیەش دەڵێین ئەمە قسەیەکی باطڵ ە لەپێش ئێوە تەنها ئەهلی بیدەعی ئەهلی کەلام ئەم قسانەیان کردوە، هەربۆیە ناوە شەرعیەکان حەقیقەتی شەرعیان هەیە نەك زمانەوانی ، هەربۆیە هەموو کەسێ کەتوشی کارێ کوفری بوو پێی ناوترێ کافر وە فەسادی ئەم قەولەیان بەوە دەرەکەوێ غیر مطرد في كل نظائره ، واتە بەشێوەیەکی هەرکەسێ کە کارێکی کرد بەو کارەوە ناو نابرێ ، ئەگەر بڵێن ئاخر ئێمە چەن شتێکی

لەوگشتێتیە دەردەهێنێن دەڵێین هیچ دەڵیل لەسەر ئەو دەرهێنان وجیاکردنەوەیە نیە ئەوەتا ئەوە ناوەکانی خوایە ناوەکانی خوا بەهۆی کارەکانی خواوەوە داناتاشرێت هەروەك ابن القیم دەڵێت :" لایلزم من الإخبار عنه بالفعل مقیدا أن یشتق له منه اسم مطلق کما غلط فیه بعض المتأخرین فجعل من أسمائه الحسنی المضل الفاتن الماکرین تعالی الله عن قوله ."بدائع الفوائد (1/162)

واتە: کاتێ خوای گەورە هەواڵمان پێ ئەدات دەربارەی خۆی بەکارێك ئەوا ئەوە ناخوازێت لەکردنی ئەو کارەی ناوێکی بۆ دابتاشین بەهۆی ئەو کارەیەوە هەروەك هەندێ لە پاشینان تیایدا بەهەڵەداچوون و هەستاون لەناوەکانی خوا ناوی مضل وماکر وفاتنیان بۆ ناوە پیرۆزەکانی خوا زیادکردوە گەورەیی بۆ خوا لەوقسەیە."

بەهەمان شێوە وەسف کردنی جیماع ، شەرعی و غەیری شەرعیش دەگرێتەوە بۆیە ناکرێت بەتەنها بەوەی جیماعەکە ڕووی دابێت خاوەنەکەی بەزیناکار لەقەڵەم بدرێت چونکە ئەمە ناوێکی شەرعیە و مەناطاتی خۆی هەیە ، هەرناوێکی شەرعی ئەحکامی تایبەت بەخۆی هەیە، مەبەستیش لەناوە شەرعیەکان ئەو ئەحکامە تەفصیلیانەیە کەپێوەی لکاوە، جا ئەگەر هەر موسڵمانێ کە توشی کارێکی شیرکی بوو پێویست دەکات لەسەرمان هەموو ئەحکامەکانی موشریکانی لەسەر جێ بەجێ بکەین وەک میرات نەگرتن و

میرات نەبردن و کفن نەکردن و نوێژلەسەر نەکردن و دفن نەکردن لەگۆڕستانی موسڵمانان و دوای لێخۆشبون بۆنەکردنی غەیری ئەوانە ئەم حوکمانەش حوکمی کەسی کافرە هەموو موشریکێکیش کافرە بەبێ خیلاف.

بۆیە تەحەدای هەموو ئەوانە ئەکەین کە باوەڕیان بەم بیدعە عەصریە هەیە بایەك بەڵگەی شەرعی صەڕیحمان بۆ بێنن لە قورئان و سونەت لەسەر ئەم جیاوازی کردنە و لەسەر جیاوازی حوکمەکانی موشریك و کافر پێش و دوای ئیقامە حوجە ؟؟؟!!!

تەنانەت موعتەزیلە زۆر باشترن لەمانە لەم بابەتە چونکە موعتەزیلە کاتێ توشی ئەو بیدعەیە بوون بەهۆی ئەوەی نەیانتوانی جەمع بکەن لەنێوان بەڵگەکان بەڵام بەڵگەکانی ئەمانە لەکوێیە کە پێچەوانەی ئیجماعی ئومەتیان پێکردوە جا لەڕاستیدا تەنانەت لەزانایانی نەجدی وەکو شێخ عبداللطیف و حمد بن ناصر و ئەوان کاتێك دەزانن شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب چەندین ووتەی کەتەکفیری موسڵمانێ ناکات کەوتۆتە شیرکی گەورەوە بەنەزانی لەوانە کەدەڵێ (وإن كنا لا نكفر من عبد الصنم الذي على قبر عبد القادر والصنم الذي على قبر أحمد البدوي وأمثالهما لأجل جهلهم) ئەگەر چی ئێمە ئەوانە تەکفیر ناکەین کەئەو بتە دەپەرستن کەلەسەر گۆڕی عبدالقادرە یان کەلەسەر گۆڕی ئەحمەد بەدەوی و هاوشێوەکانیانە یان هیجرەت بۆ لای خۆمان واجب دەکەین دەربارەی کەسێ دەتوانێ دینەکەی دەربخات یان گوایە ئێمە تەکفیر بەعموم

ئەکەین سبحانك هذا بهتان عظيم" هەروەها دەڵێ (وأمَّا التكفير فأنا أكفر من عرف دين الرسول ثم بعدما عرفه سبه ونهى الناس عنه وعادى من فعله، فهذا هو الذي أكفره وأكثر الأمة ولله الحمد ليسوا كذلك...) انتهى. بەڵام مەسەلەی تەکفیر من تەکفیری کەسێك دەکەم دینی پێغەمبەری زانیبێت پاشان دوای ئەوەی زانی جنێوی پێ بدات خەڵکی لێ دووربخاتەوە و دوژمنایەتی موسڵمانان بکات ئائەمەیە کەمن تەکفیری دەکەم زۆربەی ئوممەتیش الحمدلله واهانین) .

جا ئەم کۆمەڵە زانایە بۆ ئەوەی تەوفیق بکەن لەنێوان ووتەکانی شێخ محمد و کورەکانی هەستان بەدانانی ئەم بیدعەیە پاشان لایەنگر و شوێنکەوتەکانیان لە معاصرین لەسەر دەمارگیریان بۆ ئەو مەزهەبە کە گوایە سەلەفیش تەوقوفیان نەکردوە لەتەکفیری موسڵمانێ شیرکی ئەنجام دابێ بەنەزانی و مەسەلەکە ئیجماعی لەسەرە، بۆیە هەستان تەئویلی وتەکەی شێخ و قوتابیەکانیان کرد تاکو لەگەڵ مەزهەبەکەیان بێتەوە و وتیان ڕاستە شێخ تەکفیری نەکردون بەڵام شێخ دەڵێ موشریکن نالێ موسڵمانن !!!

لەکاتێکدا هەموو کەس دەزانێ شێخ محمد ئەو نامانەی لەوەڵامی چەندین زانا و کەسایەتی دەسەڵاتداری ئەو سەردەمە نوسیوە کە واتێگەیشتوون شێخ تەکفیریە پاشان شێخ کە ئینکاری ئەوە دەکات و نەفی ئەو تۆمەتە ئەکات پاشان مەبەستی ئەوە بوبێ بڵێ نانا نالێم موسڵمانن ئەڵێم موشریکن !! ئەمە چ

نەفی کردنێکە ئەمە چ ڕەت دانەوەیەکە کە دیفاعی پێ بکات لەخۆی مەعقولە بڵێ کاکە من کافریان ناکەم بەڵام موشریکیان ئەکەم؟!!!! پاشان نەک هەر ئەوەنە بەڵکو شێخ محمد دەیان دەقی هەیە کە مناطی تەکفیر نەکردنەکەی بەستاوەتەوە بەچی ؟ - بەنەزانی و بەوەی کەس نەبوە ئاگاداریان بکاتەوە -

پاشان ئایا شێخ ئەوەیە لەسەری گران بووە نەی ئەتوانی لەیەك وتە لەوتەکانی بەشێوەیە بڵێ و ئەم هەم و شێر و ڕێویە دروست نەکات و بڵێ ((من فعل شيرك جاهلا لا أكفره ولكن لا أقول هو مسلم بل أسميه مشركا وليس بمسلم ولا كافر- أما الناقض الثالث فمن فعل الشرك جاهلا سموه مشركا وتوقفوا فى تكفيره مثلي- وأما إن لم يكن هذا الفاعل جاهلا فالذى يتوقف فى تكفيره يكون كافرا)) واتە: هەرکەسێ شيرك ئەنجام بدات بەنەزانی من تەکفیری ناکەم بەڵام ناڵێم موسڵمانە بەڵکو ناوی دەنێم موشريك نەک موسڵمان و کافر بەڵام هەڵوەشێنەرەوەی سێییەم هەرکەسێ شيرك ئەنجام بدات بەنەزانی ناویان نا موشريك و تەوقوفیان کرد لەتەکفیرکردنی وەکو من جا ئەگەر ئەم هاوبەشدانەرە جاهیل نەبێ ئەوەی وەستا لەتەکفیرکردنی کافرە" ئایا شێخ نەیدەتوانی بۆ یەک جار ئاوا بەڕوونی باسی بکات و دەری ببڕێ ؟ نەخێر ئەوە پیشەی باطنیەکانە کە ئەڵێن نەخێر دەقەکان مانای ڕوکەشییان نیە بەڵام مانای ناوەکییان هەیە و ڕووکەش و ڕواڵەتی دەقەکان تەنها وێنەیەکن و هیچ

نرخێکیان نیە ئایا هەست ناکەن ئێوەش خەریکە هەمان شت بکەن؟؟؟ پاشان دەڵێم یەکسان کردن لەنێوان موسڵمانێ کە شیرکێ یان کوفرێکی کردوە لەگەڵ کافر و موشریکێکی ئەصلی هەڵەیە دیار و ئاشکرایە و کۆکردنەوەی دوو شتی جیاوازە کە شەرع جیاوازی کردوە لەنێوانیان و هەریەک لەوانە حوکمی تایبەت بەخۆیان بۆ داناوە.

* ئەصل لەموسڵماندا ئەوەیە خوێن و ماڵی پارێزراوە و نابێ تەکفیری بکەی مادام نەکەوتبێتە ناو هەڵوەشێنەرەوەیەك کە ئیجماعی لەسەر بێ و عوزری نەبێ ئەمەش شتێکی یەقینی یە و خیلافی تیانیە.

* وە ئەصلیش لەکافردا حەڵاڵی خوێن و ماڵێتی مادام لەلایەن موسڵمانێکی پەیمانی پێنەدرابێ یان لەشەرعدا تایبەت نەکرابێ وەکو نەهی کردن لەکوشتنی ژنان و منااڵنی کافران لەگەڵ سابت بونی حوکمەکانی بەکۆیلەکردن لەسەریان ئەمەش شتێکی یەقینی یە بەشێوەیە گشتی .

* پاشان چۆن دەوترێ شەرع جیاوازی لەگەڵ نەکردون لەحوکمەکان کاتێ شیرک ئەنجام بدەن.؟؟؟

* هەروەك مەعلومە لای عەوامی ئەهلی عیلم کە یەقین لاناچێت بەگومان- هەرکەسێك موسڵمان بونی سابت بوو بەیەقین کافرنەکرێت بەگومان- موسڵمانێ کاتێ شیرکێ ئەنجام ئەدات نایکات بەموشریك تاکو عوزرە شەرعیەکانی لانەچێت جا کەنەما و ڕوون بۆیەوە کە بیانووی نیە ئەوکاتە

ئیشەکە لەیەقینەوە ئەچێ بۆ یەقین هەروەك کەسێ دەستنوێژی ئەشکێ و دەستنوێژئەگرێ ئەوا بەو کارەی لەیەقینی دەستنوێژشکانەوە ئەچێت بەرەو یەقینی پاکی دەستنوێژگرتن. بەڵگەش لەسەر ئەم قاعیدەیە حەدیسەکەی پێغەمبەرە صلى الله عليه وسلم کەدهفەرمێت (إن الشيطان ليأتي أحدكم وهو في صلاته فيقول له: أحدثت فلا ينصرف حتى يسمع صوتا أو يجد ريحا)واتە: شەیتان بۆ لای هەریەک لەئێوە دێت کاتێ لەنوێژدان پێتان دەڵێت دەستنوێژت شکا بۆیە نوێژەکە مەبڕن هەتا دەنگێ دەبیستن یان بۆنێ دەکەن" ئەمەش دەڵێ ڕوونە کە ئەهلی عیلم بەڵگەی پێ دەهێننەوە لەسەر ئەوەی یەقین لاناچێت بەگومان و کارکردنیش بەقاعیدەیە بۆ هەموو بابەتەکانی دینە ابن تيميه رحمه الله دەڵێت :" وليس لأحد أن يكفر أحداً من المسلمين وإن أخطأ وغلط حتى تقام عليه الحجة و تبين له المحجة ومن ثبت إسلامه بيقين لم يزل ذلك عنه بالشك ، بل لايزول إلا بعد إقامة الحجة وإزالة الشبهة)مجموع الفتاوى(12/466)

واتە: بۆهیچ کەسێك نیە کەسێك کافربکات لەموسڵمانان ئەگەر چی هەڵەش بکات تاکو ئیقامە حوجەی لەسەرنەکات و بەڵگەی بۆ ڕوون نەکاتەوە چونکە هەرکەسێ موسڵمان بونی دامەزرا بەیەقین هەڵناوەشێتەوە لەسەری ئیلا بەیەقین نەبێت بەڵکو هەڵناوەشێتەوە ئیلا دوای ئیقامەی حوجە و لابردنی شوبهەکانی نەبێت."

* کافر بەردەوامە لەسەر کوفرەکەی کارە کوفریەکانی حاڵەکەی ناگۆڕێ - بەڵام کەسێ شایەتمان دێنێ واز لەکوفر دێنێ بەگشتی ئەوا شەرع بەنەص گرنگی تایبەتی پێداوە وەك حەدیسەکەی ئوسامە واتە جیاوازی هەیە لەئەحکامەکان لەگەڵ کافری ئەصلی.

* ئێمە ئەگەر هاوڕابین لەسەر ئەوەی ئەو کەسە موسڵمانەی شیرك یان کوفر ئەکات ئەشێت عوزری هەبێت وەکو اکراە یان خطأ یان لەبیرچوون یان نەمانی عەقڵ - کێشەکەمان لەنەزانیە وەکو عوزر- باشە پێتان ئەڵێین چۆن بەتەنها بەوەی کوفرێکی ئەنجام داوە فلانە موسڵمان لای ئێوە کافربونی بۆتە یەقین لەکاتێکدا دڵنیانەبونەتەوە لەو عوزرانەی تر موتەفیقن لەگەڵمان چۆن موسڵمان بونەکەی کەیەقینە لاتان برد بەگومان کە کوفرە بەبێ لێکۆڵینەوە کەوەك دەیبینین بەردەوام ئەوە حاڵتان بەرامبەر عەوامی موسڵمانان ؟؟؟

* ئەگەر بڵێیت ئاخر ئەم بابەتە لە ئەصوڵی دینە عوزری تیانیە بەنەزانی منیش ئەڵێم ئەمەیە کێشەکەمان - ئەو بابەتەی تۆ ئەیڵێی هیچ بەڵگەیەکت پێ نیە بۆ سەلماندنی و سابت کردنی دەلیلت نیە دابەش کردنی بابەتەکان بۆ ئصولی دین و فروعی دین ئەمە پێویستی بەدەلیلی شەرعیە بۆ جارێ سابتی بکەی چ جای بیکەی بەکێشە لەگەڵ موخالیفت لەکاتێکدا خۆت باش ئەزانی سەرچاوەی ئەم بیدعە دابەشکاریە ئەشاعیرە و موعتەزیلەکانن کە باوەڕیان وایە زۆرشتی دین بەعەقڵ و فیترەت ئەزانرێ بەهۆی قاعیدەی تحسین و

تقبیحی عەقڵی ، دەی فەرموو ئێستا پێتان دەڵێین ئەو بابەتانە چین بەبەڵگەی شەرعی پێمان بڵێن کە دەکەونە سنوری عوزر و ئەوبابەتانەی ناکەونە سنوری عوزر ؟؟؟؟ کەهەرگیز ناتوانن بیسەلمێنن !!!!

شێخی ئیسلام ابن تیمیه رحمه الله دەڵێت :"

فمن كان من المؤمنين مجتهداً في طلب الحق وأخطأ فإن الله يغفر له خطأه كائنا ما كان، سواء كان في المسائل النظرية أو العملية، هذا الذي عليه أصحاب النبي - صلى الله عليه وسلم-، وجماهير أئمة الإسلام، وما قسَّموا المسائل إلى مسائل أصول يَكْفُرُ بإنكارها، ومسائل فروع لا يَكْفُرُ بإنكارها. فأما التفريق بين نوع وتسميته مسائل الأصول ، وبين نوع آخر وتسميته مسائل الفروع، فهذا الفرق ليس له أصل، لا عن الصحابة ولا عن التابعين لهم بإحسان، ولا أئمة الإسلام، وإنما هو مأخوذ عن المعتزلة وأمثالهم من أهل البدع، وعنهم تلقاه من ذكره من الفقهاء في كتبهم، وهو تفريق متناقض، فإنه يقال لمن فرَّق بين النوعين: ما حد مسائل الأصول التي يَكْفُر المخطئ فيها؟ وما الفاصل بينها وبين مسائل الفروع؟ فإن قال: مسائل الأصول هي مسائل الاعتقاد ، ومسائل الفروع هي مسائل العمل. قيل له: فتنازع الناس في محمد - صلى الله عليه وسلم - هل رأى ربه أم لا؟ وفي أن عثمان أفضل من علي أم علي أفضل؟ وفي كثير من معاني القرآن وتصحيح بعض الأحاديث ، هي من المسائل الاعتقادية العلمية ، ولا كُفْرَ فيها بالاتفاق، ووجوب الصلاة والزكاة والصيام

والحج وتحريم الفواحش والخمر هي مسائل عملية ، والمنكر لها يَكْفُر بالاتفاق.
واتە: هەرکەسێك لە بڕواداران هەوڵ بدات لەداواکردنی حەق بەڵام هەڵە بکات ئەوا بەڕاستی خوا لەهەڵەکەی خۆش ئەبێت ئەگەر لەبابەتی عەقیدەیی بێت یان یان لەبابەتی کردەوەیی ئەمەش کەلەسەرێتی هاوەڵانی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلّم، وە جەماوەری پێشەوایانی ئیسلام بابەتەکانیان دابەش نەکردوە بۆ بابەتی ئوصول کە ئەگەر کەسێك ئینکاری لێ بکات کافربێت و بابەتی فروع کە کەسێك ئینکاری لێ بکات کافر نەبێت. هەربۆیە جیاوازی کردن لەنێوان ئەوەی ئەمە بابەتی ئوصول و ئەمە بابەتی فروعە ئائەم جیاوازی کردنە هیچ بنەمایەکی نیە نە لای هاوەڵان وە نەلای تابیعین وە نەلای پێشەوایانی ئیسلام بەڵکو ئەم جیاکردنەوەیە لە موعتەزیلەو هاوشێوەکانیانەوە وەرگیراوە لە ئەهلی بیدەع وە ئەو فوقەهایانەش لەکتێبەکانی ئەوانەوە وەریان گرتوە، ئەمەش جیاوازی کردنێکی دژبەیەکە هەربۆیە بەو کەسانەی ئەم جیاوازیە دەکەن پێیان دەڵێین : سنوری بابەتەکانی ئوصول تاکوێیە کە کەسێك هەڵەی تێاکرد کافربێ؟ خاڵی جیاکەرەوەی نێوانیان لەگەڵ بابەتەکانی فروع تاکوێ یە؟ جا ئەگەر بڵێی بابەتەکانی ئوصول بریتیە لەبابەتەکانی عەقیدە و بابەتەکانی فروعیش بریتیە لەبابەتەکانی کردەوە، لەوەڵامدا پێی دەڵێن دەی هاوەڵان و خەڵکی ناکۆك بوون ئایا پێغەمبەر پەروەردگاری دیوە یان نا ؟ هەروەها ڕاجیابون ئایا عوسمان باشترە یان عەلی وە لەزۆرێ لەماناکانی

قورئان و بەڕاست دانانی هەندێ لەفەرمودەکان کەئەمانە لەبابەتی عەقیدەن و خاوەنەکەشی کافر نابێ بەئیتیفاق."

ئەمەش وتەی ابن تیمیەیە دەیگێڕێتەوە دەربارەی سەلەف کە مەزهەبی سەلەف بوە و دەڵێ مەسەلەی ئوصوڵ و فروع بیدعەی موعتەزیلەیە، ئیستا چی دەڵێن ؟؟؟

* شوبهەیە تریان هەیە ودەڵێن کەواتە(مادام ئێوە عوزربۆ موسڵمانێ دێننەوە کە شیرکێکی ئەنجام داوە ئەوا ئەولاترە عوزر بۆکافرێکی ئەصلی بێننەوە کە جاهیلە و شیرک دەکات)

لەوەڵامدا دەڵێین ئەو عیلەتەی قیاسەکەیتان کرددوە بۆمان پەیوەندی نیە بەئێمەوە چونکە ئێمە لەسەر جەهل حوکمی کافربونی کافری ئەصلیمان نەداوە، بەڵکو ئێمە تەکفیری هەموو ئەوانەمان کردوە لەبەرئەوەی موسڵمان نین و داخلی ئیسلام نەبوونە بەبێ ڕەچاوکردنی بارودۆخیان چونکە خوای گەورە پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم بۆ هەموان ناردوە بۆ هیچ کەسێك نیە شوێنی نەکەوێ.

هەروەها دەربارەی شێخ الاسلام ابن تیمیە بەڵگە زۆرە کە باوەڕی بەتەکفیری غیر معذب نەبوە لەچەندین وتەیدا بەڕوونی دیارە کەهەرگیز شتی وای نەوتوە دەڵێت:" وهذا الشرك إذا قامت على الإنسان الحجة فيه، ولم ينته ، وجب قتله كقتل أمثاله من المشركين، ولم يدفن في مقابر المسلمين ولم يصلَّ

عليه، وأما إذا كان جاهلاً لم يبلغه العلم ولم يعرف حقيقة الشرك الذي قاتل عليه النبي صلى الله عليه وسلم المشركين؛ فإنه لايحكم بكفره ولاسيما وقد كثر هذا الشرك في المنتسبين إلى الإسلام ومن اعتقد مثل هذا قربة وطاعة ؛ فإنه ضال باتفاق المسلمين وهو بعد قيام الحجة كافر ".جامع المسائل(3/151).

واته: ئەم شیركە ئەگەر لەسەر ئینسان حوجە كرا و نەگەڕایەوە ئەوكاتە واجبەكوشتنی هەروەك كوشتنی موشریكەكان و نانێژرێ لەگوڕستانی موسڵمانان ونوێژی لەسەر ناكرێ بەڵام ئەگەر نەزان بوو و عیلمی پێ نەگەیشتبوو و حەقیقەتی ئەو شیركەی نەدەزانی كە پێغەمبەر قیتالی موشریكانی لەدژ كردوە، ئەوا حوكم نادرێ بەكافربونی بەتایبەت كە ئەم شیركە لەناو موسڵمانان زۆربوە، بەڵام ئەگەر موسڵمانێ باوەڕی وابێ ئەو شیركە لەخوا نزیكی ئەكاتەوە و طاعەتە ئەوا گومڕایە بەكوڕای موسڵمانان وە دوای ئیقامە حوجەش كافر ئەبێت."

هەروەها هەموو ئەو دەقانەی دەدرێتە پاڵ شێخ محمد و كوڕەكانی كەگوایە جیاوازی كردوە لەنێوان كافری معذب و غیر معذب كەوتویەتی ئەوانە تەكفیرناكەم مەبەستی ئەوەبووە موشریكن بەڵام موسڵمانیش نین ئەم وتەیەش شێخ عبداللطیف دەیداتە پاڵی لەدرر السنیە نەك خۆی وتبێتی بەلفزی خۆی بەڵكو عبداللطیف بەمانای خۆی دەیگێڕێتەوە دەیداتە پاڵی چونكە زۆربەی

مەشایخی نەجدیە ووتە ناکۆکەنیان دەدەنە پاڵ شێخ لەپێش ئەو مەرحەلەیە شتی وا نەوتراوە هەرگیز... فەرموو لێکۆڵینەوە بکەن بزانن وایە یان نا.

پاشان شێرکـــۆ دەڵێ ↓↓

ئەوەی عامەی سەلەفی ئومەت و زۆرینەی موسڵمانانی لەسەرە و بەڵگەکانی قورئان و سوننەتی لەسەرە ئەوەیە کە ناو و حوکم پەیوەستی یەکتر نابن ئیلا پاش گەیشتنی حوجە و نەذیر و ئاگادارکردنەوە نەبێت ، وە لازم و پەیوەیستی نیە لە نێوان " التحسین " جوانی و باشی و " التقبیح " ناشیرینی و خەراپی لەگەڵ پاداشت " الثواب " و سزا " العقاب " ئیلا پاش هاتنی حوجە و بورهان نەبێت ، هەر کەسێک غەیری اللە تعالی بپەرستێ و عیبادەت بۆ جگە لەو سبحانە و تعالی ئەنجام بات ، پێی ئەوترێت موشریک ناوەکەی لەسەر جێگیر ئەبێت وە ئەوترێت چونکە کارەکەی کارێکی ناشیرین و قێزەون و قەبیحە ، بەڵام سزا نادرێت ئیلا پاش هاتنی ڕەسول واتە پێغەمبەر نەبێت .

موعتەزیلەکان و ئەوانەی موافەقیان ئەکەن لە ئەهلی سوننە ئیثباتی ناو و حوکەمەش ئەکەن ، وە ئەڵێن کافیە ئەو قەباحەتە بەعەقڵ بزانرێت ، وەحوکمیان وەک حوکمی ئەو کەسانە وایە کە ئیقامە حوجە کراون ، وە

موستەحەق و شایستەی عەذابن لە ئاخیرەتدا ئەگەر پێغەمبەریشیان بۆ نەنێردرابێت !!

لەو بەڵگانەی شێخی ئیسلام باسی ئەکات لە جیاوازی ناو و لەگەڵ حوکم لە مەذهەبی جمهور لە سەلەف و خەلەف ئەم ئایەتانەیە .

وەڵام / شێخی ئیسلام ابن تەیمیە ئەم قسانە دەربارەی وەڵامی ئەشاعیرە و موعتەزیلە کردوە کە دەڵێن کاروکردەوەکان لەخودی خۆیاندا هیچ چاکی و خراپیەکیان پێوە دیار نیە، بەڵکو دەڵێت هەر لەبنچینەوە ناشرینی شیرك و تاوان لەفیترەتەوە هەست پێکراوە، دەڵێت: وقد فرق الله بين ماقبل الرسالة وما بعدها في أسماء وأحكام وجمع بينهما في أسماء وأحكام وذلك حجة على طائفتين...."

دەڵێ : خوا جیاوازی کردوە لەنێوان پێش ڕیسالە و دوای ڕیسالە لەکۆمەڵێ لەحوکم و لەناو، وە کۆشی کردونەتەوە لەپێش ریسالە و دوای ڕیسالە لەکۆمەڵێ لەحوکم و لەناو ئەمەش بەڵگەیە لەسەر هەردوو تاقمی ئەشاعیرە و موعتەزیلە"کەواتە شێخ دیەوێ بڵێ بە ئەشاعیرە و موعتەزیلەکان ناشیرینی شیرك و تاوان لەپێش هاتنی دین و دوای هاتنی دین هەست پێکراوە پاشان لەسەر ئەمە شێخی ئیسلام چەن نمونەیەك باس ئەکات لەئایەتەکانی قورئانی پیرۆز، نەك بەو مانایەی خودی ئەو زانین وهەست پێکردنە حوجە و بەڵگە

بێت و نەهاتنی دین نەبێتە عوذر، پاشان پێویستە بزانین ئەو ناوانە هیچ حەقیقەتێکی شەرعیان نیە پێش هاتنی ڕیسالە چونکە چ سودێ هەیە پێش هاتنی دین پێی بوترێ موشریك کە نەزانرێ موشریك چ حوکمێکی هەیە و چی دەیگرێتەوە و چی نایگرێتەوە چونکە ئەو ناوانە کۆمەڵێ حەقیقەتی شەرعین و کۆمەڵێ حەق و مافن ئەکەوێتە سەر خاوەنەکانیان کاتێ ئەو ناوانەیان لەسەر بچەسپێت، جا کە ڕیسالەی پێنەگەیشتبێ ئەو ناوانەی لەسەر بچەسپێ چ سودێکی هەیە ناوێکی ڕووت و بێ ناوەڕۆك ؟!! کەواتە ئەو ناوانە پەیوەستە بە گەیشتنی حوجەو شەرعەوە ، شێخی ئیسلام لەباسکردنیان مەبەستی حەقیقەتی زمانەوانی و دەرخستنی ناشرینی شیرك و تاوانە پێش ڕیسالە و دوای ڕیسالە. نەك چەساپاندنی حوکمی شەرعی.

پاشان ئەوەی عامی سەلەفی لەسەرە هەروەها قەولی زانایان و ابن تەیمیە شی لەسەرە کە ناو و حوکم پەیوەستی یەکتر نین کە وەك لەقورئان دەبینی ناوی کوفر و شیرک و طغیان و فسق و فجور هاتووە دەربارەی گەلانێك کە ئەشێ پێغەمبەریان بۆ نەچووبێ و ئیقامە حوجە نەکرابن، بەڵێ ئەمە وایە شێخی ئیسلامیش باسی ئەمە ئەکات بەڵام هەرگیز هیچ زانایەکی ئیسلام جگە لە هەندێ لە زانایانی دەعوەی نەجدی تەنانەت هیچ دەقێکی شەرعی نیە کە بڵێت ئەو ناوانە دەچەسپێت لەسەر موسڵمانی مونتەسیب کە توشی کوفر و شیرك ئەبێت پێش ئیقامەی حوجە تەحدای ئەکەین هەتا قیامەت یەك

بەڵگەی کیتاب و سونەت و ئیجماعمان بۆ بێنێ یان وتەی پێشەوایانی ئیسلام....

پاشان کەیێگومان بوون کە ئەو دابەشکاریەی تەکفیر دابەشکردنێکی بیدعیە و داهێنانی زانایانی نەجدیە و پێشتر هیچ یەکێ لەزانایان شتی وایان نەوتوە وتیگەیشتنی وایان نەبوە بۆ دەقە شەرعیەکان کە ئەمەتان زانی ئایا مەعقولە بچن کەسانی بەرامبەرتان کە وەکو ئێوە نالێ تەبدیعی بکەن یان بەهەڵەی دابنەن و گومڕای بکەن یان تەکفیری بکەن ؟!! ئەوە چ جەهل و زیادەڕۆییەکە ؟!!! ئەوە چ إنحیڕاف و دەمارگیریەکە ئەوانە پەیڕەوی لێ ئەکەن ؟!!!

ئەم وتەیەش زۆر ڕوونە بۆکەسێ لمن كان له قلب أو ألقى السمع وهو شهيد

وانـــەی ٨ مـــی قـاعـیده گـــومڕاکەرەکان

کابرای موحەریف و چاوەشکار بەردەوامە لەسەر بڵاوکردنەوەی چەواشەکاریەکانی و ئێمەش لەبۆسەداین بۆ وەڵامدانەوەی خاڵ بەخاڵی گومڕایەتیەکانی بەفەزڵی الله تعالى

لێرەدا دەڵێ ↓

ئەگەر موشریک ئیقامە حوجە کرا حوجەی پێگەیشت لە دنیا ئەوە کافرە لەڕووی حوکمەوە لە دنیا و ئاخیرەت ، بەڵام ئەگەر ئیقامە حوجە نەکرابوو واتە حوجەی پێ نەگیشتبوو ئەوە کافرە لە حوکمەکانی دنیا بەڵام لە ڕووی پاداشت و سزا نەخێر .

ئیمامی ابن القیم ـ رحمە اللە تعالی ـ ئەڵێت :

[اللە تعالی لە نێوان بەندەکانی قەزاوەت ئەکات بە حوکم و عەدلی خۆی ، وە کەس سزا نایات ئێلا ئەگەر ئیقامە حوجەی کردبێت بە ناردنی ڕەسول ، بەڵام ئایا زەید و عمر ئیقامە حوجە کراون یان نا ، ئەوە مومکین نیە بچیتە نێوان اللە تعالی و بەندەکانی ، بەڵکو واجبە لە سەر بەندە باوەڕی وا بێت بەبێ گومان هەر کەسێک دان بنێت بە غەیری دینی ئیسلام ئەوە کافرە (وە اللە تعالی سزای کەس نایات ئیلا پاش ئیقامە حوجەکردنی نەبێت بە ناردنی ڕەسول ئا ئەمەش بە جوملە و بە تەعین بە پشت بە ستن بە اللە تعالی حوکمەکانی ، ئەوە لە حوکمەکانی پاداشت و سزا وایە ، بەڵام لە حوکمەکانی دونیا ئەوە لەسەر زاهیر و ڕووکەشی ئەوەیە کە لێیان ئەبینرێت ، جا منالّ و نەوەی کافرەکان کافرن لە حوکمەکانی دنیا)] .

وەڵام / ئیمامی ابن القیم ئەوەتا بەئاشکرا دەڵێت "جا منالّ و نەوەی کافرەکان کافرن لە حوکمەکانی دنیا " ئەم باسەی ابن القیم باسی کافرانی ئەصلیە و

بەهیچ شێوەیەك باس لەموسڵمانێ ناكات كە توشی كوفرێ یان شیركێ بوبێ پێش ئیقامە حوجەی ناوی كوفر و شیركی بەسەردا بدرێت و ئەو حوكمە زاهیرە بیگرێتەوە تەحەدا ئەكەین هیچ زانایەك هەبێ لەزانایانی سەلەف یان هەر زانایەكی ئیسلام قسەی وای كردبێ، ئەمە بیدعەی عبداللطیف ال شیخ لەزانایانی نەجدی كەسی تر غەیری ئەوان شتی وایان نەوتوە وەكو پێشتریش لەنوسراوەكانمان بەبەڵگەوە وەڵامان دایەوە.

پاشان درۆ بەناوی شێخی ئیسلام ابن تەیمیەوە دەكات و دەڵێ ↓

شێخی ئیسلام ابن تەیمیە - رحمە اللە تعالی - پاش قسەكانی و ئیقرار كردن لەسەر ئەم قاعیدە و بنچینەیە ئەڵێت :

[هەروەك مونافیقەكان كە ئەحكامەكانی موسڵمانیان لەسەر جێبەجێ ئەبێت بەڵام لە ژێری ژێرەوەی ئاگردان ، جا حوكمی داری ئاخیرەت جیاوازە لە حوكمی داری دنیا]

وەڵام/ شێخی ئیسلام باسی مونافیقەكان ئەكات كە بەڕواڵەت ئیسلامەتیان دەرخستوە و حوكمی ئیسلامیان هەیە، چونكە لەئیسلامدا حوكمی موسڵمان بون لەسە ڕواڵەت و ئەو نیشانانە ئەدرێت كە نیشانەی ئیسلامن، بەڵام كە موسڵمانێ توشی كوفر بوو ڕاستەوخۆ وەكو ڕواڵەت وەرگرتنی بەموسڵمانان

دانان مامەڵەی لەگەڵ ناکرێت بەڵکو ئیجماعی سەلەف هەرموسڵمانێکی دیاریکراو توشی کوفرێك بوو پێویستی بە" تحقق الشروط و انتفاء الموانع ە"دەبێ وردبینی و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ ئایا مەرجەکان و ڕێگریەکانی تەکفیری تێدایە یان نا جونکە هەروەك چۆن ئیسلامەتی بەیەقین ئەچەسپێت کافربونیش بەیەقین نەبێت ناچەسپێت، چونکە شارع لەچەندین ڕێگری بەهەند وەرگرتوە کەدەبنە ڕێگر لەکافربونی موسڵمان بۆیە دەبێ لێکۆڵینەوە بکرێت لەبون و نەبونی ئەو ڕێگریانە ئەوجا حوکم بدرێت ئەمەش بەئیجماعی ئەهلی ئیسلام.

پاشان کابرا ئەم وتەیەی شێخ محمد نەقڵ ئەکا ↓

شێخی نوێکەرەوە محمدی کوڕی عبدالوهاب ـ رحمه الله تعالی ـ ئەڵێت : هەرکەسێک مردبێت لە ئەهلی شیرک پێش ئەوەی دەعوەی پێگەیشتبێت ئەوە حوکم لەسەری ئەیەین ئەگەر ناسراوبوو بە ئەنجامدانی فعلی شیرکی و لەسەری مردبێت و دانی پێدا نابێت ، ئەوە زاهیری کوفرە] .

هەردوو شێخ [حسین و عبدالله] کوڕی شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب سەبارەت بە ووتەیەی سەرەوەی باوکیان ئەڵێن : ئەوە زاهیری ئەوەیە کە لەسەر کوفر مردوون و دوعایان بۆ ناکەین و قوربانیان بۆ ناکەین و وە صەدەقەیان بۆ ناکەین ، بەڵام حەقیقەتی ئەمرەکە ئەگەرێتەوە بۆ لای الله تعالی .

وەڵامم / یەکەم / ئەم وتەیەی شێخ محمد بن عبدالوهاب شێخ عبداللطیف ال شیخ ڕیوایەتی کردوە لە الدرر السنیە بەمانای خۆی نەك بەلەفظی شێخ محمد، ئەم کارەشیان بۆ ئەوە کردوە چونکە شێخ چەندین وتەی زۆر پێچەوانەی ئەوانی هەیە بۆیە بۆ توفیق کردن لەگەڵ وتەکانی شێخ چوونە ئەم وتانەیان داوەتە پاڵ شێخ محمد گوایە ئەو دەڵێ من نالێم موسڵمانە بەڵام ئەڵێم موشریکە وکافر نیە، ئەم قسەیەش پێچەوانەی دەیان وتەی شێخ محمدی کوری عبدالوهاب هەن پێچەوانەی ئەوقسەیەیە کە دەدزێتە پاڵی وەك ئەو وتانەی کە لەنامەیەکی دا بۆ ئەهلی قەصیم دەینێرێ دەڵێ: ئاشکرایە لاتان نامەکەی سولەیمانی کوڕی سەحیم کەبۆی ناردون سەبارەت بەئێمە ئەو کابرایە بوهتانێ زۆری بەناوی منەوە کردوە کەهەرگیز من نەموتوە زۆربەی هەر بەخەیاڵیشمدا نەهاتووە، لەوانەی گوایە من چوار مەزهەبەکە پوچەڵ دەکەمەوە، یان گوایە من دەڵێم خەڵکی 600 ساڵە لەسەر ئیسلام نەماون وە گوایە من ئیدیعای اجتیهادم کردوە و تەقلید ناکەم یاخود گوایە من دەڵێم جیاوازی زانایان نیقمەیە، یان من ئەو کەسانە تەکفیر ئەکەم کە تەوسول ئەکەن بەپیاو چاکان، یان گوایە من بوصەیری تەکفیرئەکەم کەدەڵێ بەپێغەمبەری خوا ئەی باشترین دروستکراوان..یان گوایە من دەڵێم ئەگەر توانام هەبوایە گومەتی مزگەوتی پێغەمبەرم دەروخان یان ئەگەر دەسەڵاتم هەبوایە میزابی کەعبەم ئەبرد و دانەیەکم لە دار بۆ دروست ئەکرد، یان گوایە

من زیارەتی گۆڕی پێغەمبەری خوا قەدەغەئەکەم یان زیارەتی گۆڕی دایك وباوك، یان گوایە من تەکفیری کەسێ ئەکەم کەسوێند بخوات بەغەیری اللە، یان من تەکفیری ابن فارض و ابن عەرەبی ئەکەم یان من کتێزی دلائل الخیرات و روض الریاحین دەسوتێنم و ناوی دەنێم روض الشیاطین. لەوەڵام بۆ هەموو ئەم پرسیارانە دەڵێم: سبحانك هذا بهتان عظیم پاك و بێگەردی بۆتۆ خوایە ئەم بوهتانێکی گەورەیە، پێشتریش بوهتانیان بۆ پێغەمبەری خواکردبوو گوایە جنێو ئەدا بەعیسای کوری مەریەم و جنێو دەدات بەپیاوچاکان دڵەکانیان وەکو یەکی لێهاتوە لەهەڵبەستانی درۆ، هەروەها بوهتانیان بۆ رسول اللە کرد کەگوایە دەڵێ فریشتەکان و عیسی و عوزیر لەئاگردان، هەروەها پرسیارانەی تر کە گوایە من دەڵێم کەس موسڵمان نابێ هەتا مانای لا اله الا اللە نەزانێ یاخود گوایە من تەکفیری کەسێ دەکەم کەنەزر دەکات بۆ غەیری اللە تا لەغەیری اللە نزیک ببێتەوە، یاخود من دەڵێم سەربڕین بۆ غەیری اللە کوفرە و سەربڕاوەکە حەرامە ئەم بابەتانە حەقن وە من وتومە بەڵگەشم لەسەریان هەیە لەکەلامی اللە و ڕەسولەکەی هەروەها لەوتەی زانایان و چوار پێشەواکەش پاشان بزانن و بیربکەنەوە لەم ئایەتەی اللە تعالی (يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن جَآءَكُمۡ فَاسِقُۢ بِنَبَإٖ فَتَبَيَّنُوٓاْ أَن تُصِيبُواْ قَوۡمَۢا بِجَهَٰلَةٖ فَتُصۡبِحُواْ عَلَىٰ مَا فَعَلۡتُمۡ نَٰدِمِينَ)[سورة الحجرات 6] " الدررالسنیه 29-35بەرگی یەک

لەنامەیەکی عبداللەی کوڕی محمد بن عبدالوهاب هاتووە"ئێمەی جەنگاوەرانی موەحیدان کاتێ اللە منەتی کردە سەرمان لەنیوەی ڕۆژ داخلی مەککە بوین لەڕۆژی شەمەی هەشتی مانگی موحەڕەم ساڵی 1218هیجری دوای ئەوەی گەورەکانی مەککە و زاناکانی و خەڵکەکەی داوای ئەمانیان کرد لەئەمیرەکەمان ئەمیر "سعود" کە پێشتر بەتەمابوون لەگەڵ دەسەڵاتدارانی حەجیج و ئەمیری مەککە هەوڵی قیتال کردنی ئەمیر سعود بدەن یان ڕێگای لێ بگرن لەوەی بێت بۆ کەعبە...پاشان ئەگەر کەسێ لەوانەی خەڵکی دوورئەخەنەوە لەحەق بڵێ: لەقسەکانی ئێوە ئەوە دەخوێنرێتەوە کە هەرکەسێ بڵێ یا رسول اللە، داوای شەفاعەتت لێ ئەکەم ئەوا موشریکە و خوێنی بەهەدەرە و کەواتە ئەبێ زۆربەی ئومەت تەکفیربکەین بەتایبەت زانایانی موتأخرین کەوتویانە ئەوشتانە مندوبن و هێرشیان کردۆتە سەر هەرکەسێ وتبێتی ئەوە جائیز نەبێ، عبداللەی کوڕی محمد بن عبدالوهاب لەوەڵامیاندا دەڵێ: لازم نیە و واناخوازێت قسەکەمان چونکە لازمی مەزهەب مەزهەب نیە، وێنەی ئەوە ئەگەر بڵێین بەجیهەتی علو نابین بەموجەسەمە هەروەك فەموودە هاتووە دەربارەی علوی اللە.

ئێمە دەڵێین دەربارەی ئەو خەڵکانەی پێش ئێمە مردون، ئاوانە ئومەتانێ بون ڕۆیشتن، وە تەکفیری هیچ کەسێ لەوان ناکەین تەنها ئەوانە نەبێ کە بانگەوازە حەقەکەی ئێمەی پێگەیشتبێت و بەڵگەی بۆ ڕونکرابێتەوە و

ئیقامەی حوجەی لەسەر کرابێ دوای ئەوە بەردەوام بێ و سووربێ لەسەری و عینادی بکا وەکو زۆربەی ئەوانەی کە ئەمڕۆ قیتالیان لەگەڵ دەکەین، سوورن لەسەر ئەو هاوبەشدانانە، و ڕێگری دەکەن لەسەر ئەنجامدانی واجیباتەکان و بەئاشکرا کاری گوناحە گەورەکان و قەدەغەکراوەکان دەردەخەن، ئەوانەشی کەمینەن کە دەیانکوژین ئەوانەش بەهۆی ئەوە دەیانکژین چونکە ئەوان سەردەخەن و ڕازی بەوان ژمارەی ئەو موشریکانە زۆر ئەکەن کە ئیقامە حوجەکراون و چونەتەپاڵیان لەم حاڵەدا ئەوانیش لەقیتالدا هاوبەشن لەگەڵ ئەو موشریکانەی کە ئیقامە حوجەکراون، عوذریش بۆ ئەوانەی ڕابردوو دێنینەوە بەوەی هەڵەبوونەو غەڵەتیان کردوە چونکە کەس دوورنیە لەهەڵە، والإجماع في ذلك ممنوع قطعاً، بۆیە هەرکەسێ هێرش بکاتە سەر ئەوانەی ڕابردوو بەوەی بڵێ کافربونە، ئەوا بێگومان غەڵەتی کردوە، چۆن غەڵەت ناکات لەکاتێکدا زۆرچاکتر لەئەو غەڵەتی کردوە وەك عومەری کوڕی خەتاب کاتێ ژنەکە ئاگاداری کردەوە دەربارەی مارەیی وگەڕایەوە لەقسەکەی غەیری ئەو ڕوداوەش، تەنانەت زۆرێك لە هاوەڵان هەڵەیان کردوە کە بە کۆمەڵ بون و پێغەمبەریش صلى الله عليه وسلم لەناویان بوو کەوتیان ئەی پێغەمبەری خوا ذات انواط مان بۆ دابنێ چۆن موشریکان ذات وانواط یان هەیە.

ئەگەر بڵێی ئەمە بۆکەسێکە کە نەزانێ و ئاگای لێ نەبێ و ئاگاداربکرێتەوە و

بەهۆش خۆی بێتەوە، ئەی چی دەڵێن دەربارەی کەسێ بەڵگە ریزبکات بۆ کوفرەکانی و وتەکانی پێشەوانی پێشەنگیشی بینی بێ و سووربێ لەسەر ئەو حاڵەی هەتا دەمرێ ؟ دەڵێم : هیچ مانعێ نیە عوذر بۆ ئەو کەسەش بهێنینەوە وناشڵێین کافرە، بەڵکو هەڵەیە ئەگەرچی بەردەوامیش بوبێ لەسەر هەڵەکەی چونکە کەس نەبوە لەکاتی ئەو لەوبابەتە تێکۆشان و موناضەلە بکات بەزمانی و شمشێرەکەی، هەربۆیە حوجەی لەسەر نەکراوە و بەڵگەشی بۆ ڕوونەکراوەتەوە هەربۆیە لەسەردەمی ئەو زانایانەی ئیسلام کە دیفاعیان کردوە لەشیرکی قبور خەڵکی بەعام وتەی پێشەوایانی سونەیان هەجرکردوە، هەرکەسێ بشیبینیایە پشتی لێ ئەکرد پێش ئەوەی لەدڵی جێگیربێ، وە بەردەوام زاناکان ڕێگریان ئەکرد لەخەڵکی لەسەیرکردنی ئەو کتێبانە وە دەسەڵاتدارانیش بەهێزی بازویان مەنعی هەموو ئەوکەسانەیان کردبوو کەشتێ لەوحەقانە چووبێ بەدڵیا، ئیلا ماشاء الله منهم.

لەمەشدا ئەوەتا موعاویە و هاوەڵەکانی وایان ئەبینی شەڕ بکرێ لەگەڵ عەلی کوڕی ئەبو تاڵب ئەمیری ئیمانداران لەمەشدا بەئیجماع هەڵەبوون و بەردەوامیش بوون لەسەر هەڵەکەیان لەگەڵ ئەوەشدا لەهیچ یەکێك لەسەلەفەوە نەهاتووە هیچ یەکێ لەجەماعەتی موعاویەیان تەکفیرکردبێ ئەمەش بەئیجماع تەنانەت بەفاسقیش ناوی نەبردون بەڵکو وتویانە ئەجری اجتیهادیان هەیە ئەگەرچی هەڵەش بوون ئەمەش مەشهورە لای ئەهلی سوونە.

ئێمەش بەهەمان شێوە بەوکەسانە ناڵێین کافرن کە دینەکەیان بەڕاستی چەسپابێ و صەلاح و چاکە و عیلم و وەرِع و زوهد سیرە و ئامۆژگاریان بەناوبانگ بوبێ و خاوەن تەدریس و زانست و کتێبێ سوودبەخش بوبن ئەگەرچی لەم مەسەلەیە هەڵەبوبن یان لەغەیری ئەم مەسەلەیە، ئەمەش وەك ابن حەجەری هەیتەمی ئێمە ئاگامان لەوتەکانێتی لە "درر المنظم " وە ئینکاریش ناکەین لەبەرزی عیلم و زانستی وە گرنگیش ئەدەین بە کتێبەکانی وەکو شەرحی الاربعین و الزواجر وە پشت بەنەقڵەکانیشی دەبەستین چونکە لەزانایانی موسڵمانانە"الدرر(1/222).

ئەوەتا عبدالله‌ی کوری شێخ محمد دەڵێ ئەوە عەقیدەی ئێمەیە نیە کە موسڵمانانی پێش دەعوەکەی ئێمە کە ئیقامە حوجەنەکراون تەکفیریان بکەین ئێمە ، تەنانەت زانایانی بانگخوازی گۆڕپەرستی تەکفیرناکات وەك ابن حەجەری هەیتەمی بە زانایەکی موسڵمانی دەزانێ کەواتە ئەم وتە ڕوون و ئاشکرایە لەکوێ و ئەو وتە تەحریف کراوە لەکوێ کە غولاتەکان نەقڵی ئەکەن لەکوێ؟!!!

هەروەها شێخ محمد بن عبدالوهاب دەڵێت" شەریف پرسیاری لێ کردوم ئێمە لەسەرچی قیتال دەکەین وە بەچی ئینسان کافر ئەکەین ؟ منیش بەڕاستی وەڵامم دایەوە و ئەو درۆیانەم بۆ ڕونکردەوە کە دوژمنان بۆم

هڵدەبەستن بۆیە داوای لێ کردم شتێکی بۆ بنوسم. بۆیە دەڵێم ئەو درۆ و بوهتانەی کە بۆیان کردوم گوایە من خەڵکی بەگشتی تەکفیر ئەکەم وە کەسێ دینەکەی ئیظهار کردبێ دەڵێم واجبە هیجرەت بکات بۆ لامان یاخود ئێمە خەڵکی تەکفیر بکەین لەسەر ئەوەی تەکفیر ناکەن و قیتال ناکەن ئەم قسانە و چەندین قسەی تری لەم شێوانە هەموو ئەمانە درۆ بوهتانە بۆ ئەوەی خەڵکی دوربخەوە لەدینی خوا و پێغەمبەرەکەی؛ ئێمە ئەگەر ئەو کەسە تەکفیر نەکەین کە ئەو بتە دەپەرستێ کە لەسەر گۆڕی عبدالقادرە یان کەلەسەر گۆڕی ئەحمەد بەدەوی و هاوشێوەکانێتی لەبەر ئەوەی کە نەزانن و کەس نەبوە ئاگاداریان بکاتەوە جا چۆن ئێمە کەسانێ تەکفیر ئەکەین کە هاوبەشیشی بۆ خوا ئەنجام نەدابێ مادام هیجرەتی نەکردبێ بۆ لای ئێمە و تەکفیرنەکات و قیتال نەکات سبحانك هذا بهتان عظیم"الدرر بەرگی یەکەم 104-102

جا ئەگەر ئەمە مەزهەبی شێخ نەبێ دەربارەی تەکفیری معین کەسێ پرسیاری لێ دەکات ئەگەر ئەمە قەولی محکم نەبێت کەخۆی دەڵێت وەڵامم دایەوە بەڕاستی و درۆکانم بۆ ڕونکردەوە توخوا ئەگەر ئەمە وازح و روون نەبێ کەبەچەندین شێوە جەختی لێ ئەکاتەوە ئیتر چی موحکەمە ؟؟!!! هەربۆیە ئەمە زۆرینەی وتەکانی شێخە و زۆرینەی ئەو وتانەیە کە لێی

دەگێڕنەوە بۆیە ئەمە موحکەمە و ڕوونە ئەوانەشی پێچەوانەی ئەم وتە ڕون و موحکەمانەیە بەمتشابە دادەنرێ دەبێ لەژێر ئەم ووتانە لێکبدرێتەوە.

ئەوەتا شێخ سلیمانی کوری عبدالله بن محمد بن عبدالوهاب -رحمه الله- دەڵێت: " وإن كان يقول : أقول غيرهم كفار ، فهذا حكم منهم بإسلامهم ، إذ لا واسطة بين الكفر والإسلام ، فإن لم يكونوا كفاراً فهم مسلمون " الدررالسنية (8/161).

واتە: ئەگەر بڵێت ئەڵێم غەیری ئەوان کافرە ئەمە حوکمدانە لەلایەن ئەوەوە بەموسڵمان بونیان، چونکە شتێك نیە لەنێوان موسڵمان بون و کافربون، چونکە ئەگەر کافرنەبن ئەوا دەبێ موسڵمان بن."

هەروەها دەڵێت :" والتعبير بأن ظاهره لا إسلام ولا كفر ، لا معنى له عندي، لأنه لابد أن يكون مسلماً جاهلاً، أو كافراً جاهلاً فمن كان ظاهره الكفر ، فهو كافر ومن كان ظاهره المعاصي ، فهو عاص ؛ ولا نكفر إلا من كفره الله ورسوله بعد قيام الحجة عليه, وأما الذي تباح ذبيحته منهم، فهو المسلم ، وأما الذي لا تباح ذبيحته ، فهو الكافر والمرتد ، وهو الذي يكفر بعد إسلامه ، بفعل ناقص من نواقض الإسلام، المخرجة من الملة وقد واضحنا حكم أعراب أهل النجد." (10/471).

واتە: ئەو دەربڕینەی دەڵێت ڕواڵەتی نە موسڵمان بونە و نەکافربوون ئەم دەربڕینە هیچ مانایەکی نیە لای من چونکە یان دەبێ موسڵمانێکی جاهیل بی

یان کافرێکی جاهیل ، جا هەرکەسێ ڕواڵەتی کوفربوو ئەوا کافرە و هەرکەسێکیش ڕواڵەتی سەرپێچی کردن بوو ئەوا سەرپێچیکارە وە وەکەسیش تەکفیرناکەین کەخوای گەورە و پێغەمبەرەکەی تەکفیری نەکردبن دوای ئیقامەی حوجە کردن لەسەری تەکفیری دەکەین، وە ئەوکەسەی سەربڕاوی دەستی حەڵاڵە لەوانە ئەوە موسڵمانە ئەوکەسەشی سەربڕاوی دەستی حەڵاڵ نیە کافر ومورتەدە ئەوکەسەیە کوفر دەکات دوای موسڵمان بون بەئەنجامدانی هەڵوەشێنەرەوەیەك لەهەڵوەشێنەرەوەکانی ئیسلام پێشتر حوکمی ئەعرابیەکانی نەجدمان ڕونکردەوە."

کەواتە زۆرێ لەزانایانی نەجدی ئینکاری ئەو دابەشکاریەیان کردوەو باوەڕیان پێی نەبووە .

دووەم / ئەگەر واشدابنەین شێخ محمدی کوری عبدالوهاب ئەو قسەیەی کردبێ باوەڕی وابوبێ دەڵێن خۆ شێخ مەعصوم نیە لەهەڵە هەموو زانایەك هەڵەی پەڵەی هەرئەبێ و اجتیهادی خۆیەتی و نەیانپێکاوە ئیدیعای پیرۆزی و عیصمەت بۆ صەحابە نەکراوە چ جای بۆکەسانی تر ، بۆیە ئەبێ وتەی زانایان لەژێر سایە و سێبەری قورئان و فەرموودە وەربگیرێت نەك بکرێت بەقورئان و فەرموودە و لێی لانەدرێت

پاشان کابرای گومـــــڕاکـــــــەر درۆی گەورە و بوهتان دەداتە پاڵ ئەم زانا بەڕێزانە کەگوایە نەصیان هەیە لەسەر جیاوازی کردن لەنێوان حوکمەکانی دنیا وئاخیرەت

لەکاتێکدا نەصەکانیان باس لەکافری ئەصلی ئەکات و بەهیچ شێوەیەك ابن تەیمیە و ابن القیم قسەی وایان نەکردوە دەربارەی کەسانی مونتسب بۆ ئیسلام چونکە ابن تەیمیە تەنانەت بەعەوامی ڕافیزەی موشریك و تەتارە تازە موسڵمان بوەکان کە بتیان هەبوە وتوێەتی ئەوانە موسڵمانن بەڵام نەزانن هەروەها البکری وئەخنائی قبوریەکانی تەکفیرنەکردوە بەنەص وتوێەتی موسڵمانان بەڵام نەزانن کەس پێی نەوتون وەك لەمەسەلەی قەلەندەریە دەڵێت **لە مجموع الفتاوی.**

پاشان ناوەکانی شیرك و کوفر لەدەقە شەرعیەکان و وتەی زانایان گومانی تیانیە کوفر و شیرك لەڕووی زمانەوانیەوە جیاوازی هەیە لەنێوانیان، شیرك واتە: هاوبەشی کردن لەنێوان دووشت یان زیاتر لە کارێکدا، بەڵام کوفر واتە: ستر کردن و شاردنەوە، قورئانی پیرۆز لەزۆربەی شوێنەکان بەم شێوەیە مانای کردوە.

بەڵام مانای کوفر و شیرك لە ڕووی زاراوەی شەرعدا زانایان جیاوازیان هەیە لە دیاری کردنی پەیوەندی نێوان کوفر و شیرک و دیاری کردنی هەریەکەیان.

هەندێ لەزانایان بۆچونی وایە هیچ جیاوازیەك نیە لەنێوان کوفر و شیرك و هەردوکیان یەك ناون بۆ یەك شتێك، ابن حزم ئەم بۆچونەی داوەتە پاڵ ئیمامی شافیعی و غەیری ئەو لەزانایان و هەڵبژاردەی خۆشیەتی،بڕوانە الفصل (265-3/264).

جا بەپێی ئەم قەولە سابت کردنی شیرك واتە سابتکردنی کوفر، وە نەفی کردنی شیرکیش واتە نەفی کردنی کوفر، بەهەمان شێوە بەپێچەوانەوە.

لەبەرامبەردا هەندێ لەزانایان جیاوازی دەکەن لەنێوان کوفر و شیرك و دەڵێن کوفر گشتی تر لە شیرك ، کوفر ئینکاری کردنی باوەڕە بە خوا و یان بەیەکێك لە پێغەمبەران، بەڵام شیرك بریتیە لە پەرستنی کەسێکی تر لەگەڵ اللە، واتە هەموو موشریکێ کافرە بەڵام هەموو کافرێ موشریك نیە، ئەمەش قەولی ابو حەنیفەیە کە ابن حزم دەیداتە پاڵی و هەروەها قەولی زۆربەی هاوچەرخەکانە.

بەپێی ئەم قەولەش ئیسپاتی کوفر ئیسپات کردنی شیرك ناخوازێت، بەڵام ئیسپات کردنی شیرك ئیسپاتکردنی کوفر و کافربون ئەخوازێت، وە نەفی کردنی کوفریش بەزەڕوڕەت نەفی کردنی شیرك دەخوازێت،بەڵام نەفی کردنی شیرك نەفی کردنی کوفر ناخوازێت.

بەپێی ئەم دوو قەولەش هەڵوەشانەوەی بانگەشەی ئەوانەمان بۆ دەرەکەوێ کە دەڵێن گوایە زانایان ناوی کوفر و کافر نانێن تەنها دوای ئیقامەی حوجە

نەبێت و وەکاتێ نەفی کوفر لەسەر یەکێ بکەن مانای ئەوە نیە نەفی شیرکیشی لەسەر بکەن، ئەمەش دەرکەوت هیچ بنەمایەکی نەبوو لە وتەی زانایان و لەدرۆیەك زیاتر شتێکی تر نەبوو.

هەربۆیە هیچ یەکێ لەزانایانی متقدمین نە ابن تەیمیە و نە غەیری ئەویش جیاوازیان نەکردوە لە وتنی ناوی کوفر و شیرك لەحوکمەکانی دونیا و قیامەت لەنەفی کردن و ئیسپات کردن دا، هەرکاتێ بڵێن فلان کەس کافرە یان موشریکە مەبەستیان ئەوەیە وەسفی ئیسلامیان لەسەر لابردوە و ئیسپاتی ئەحکامی کوفریان بۆ کردوە، وە ئەگەر بڵێن فلان کەس کافرنیە یان موشریك نیە ئەوا مەبەستیان ئەوەیە فلانەکەس لە وەسفی ئیسلام دەرنەچووە و حوکمەکانی کوفری لەسەر نەچەسپاوە، بەڵکو نەفی کردنی کوفر زۆر تووندترە وە نەفی کردنیش شیرکیش دەگرێتەوە بەزەڕوڕەت و ئەولاتر.

بەڵکو شێخی ئیسلام لەڕونکردنەوەی مەبەستی زانایان لەنەفی کردنی تەکفیر و ئیسپات کردنی تەکفیر کردنی کەسێك دەفەرمێت" نصوص الوعيد التي في الكتاب والسنة ونصوص الأئمة بالتكفير والتفسيق ونحو ذلك لايستلزم ثبوت موجبها في حق المعين إلا إذا وجدت الشروط وانتفت موانع، لافرق في ذلك في الأصول والفروع. هذا في عذاب الأخرة فإن المستحق للوعيد في عذاب الله ولعنته وغضبه في الدار الآخرة خالد في النار أو غير خالد وأسباب هذا الضرب من الكفر والفسق يدخل في هذا القاعدة سواء كان بسبب بدعة

إعتقادية أو عبادية أو بسبب فجور في الدنيا وهو الفسق بالأعمال فأما أحكام الدنيا فكذلك أيضاً، فإن جهاد الكفار يجب أن يكون مسبوقا بدعوتهم إذ لاعذاب إلا على من بلغته الرسالة وكذلك عقوبة الفساق لاتثبت إلا بعد قيام الحجة. "(10/372).

کەواتە ابن تەیمیە سەلماندی کە تەکفیر لای زانایان ئەحکامەکانی لەسەر دروست ئەبێت لەدونیا و قیامەت.

بەڵگەی زیاتریش لەسەر ئەمە زانایانی متقدمین سەلەف ناوی کوفریان لەسەر هەموو ئەوانە دەنا کە حوجەیان پێ نەگەیشتبوو هەروەک موفەسیرین و غەیری ئەوانیش لەزانایان ئەو گەلانەیان بەئەهلی کوفر بەالله تعالی ناوبردوە، ئیمامی شافیعی دەربارەی عەرەب دەڵێ: كانوا قبل إنقاذه إياهم بمحمد صلى الله عليه وسلم أهل كفر في تفرقهم وإجتماعهم يجمعهم أعظم الأمور: الكفر."الرسالة الشافعي ص ١١

دەڵێ: عەرەب پێش ئەوەی خوا بە موحەمەد ڕزگاریان بکات ئەهلی کوفر بوون لە پەرتەوازەبون وکۆبونەوەیان کوفر کۆی کردبونەوە.

هەروەها زانایانی سەلەف گەلان پێش ئەوەی دەعوەیان پێ گەیشتبێ بەکافر ناویان هێناون، وەك الحليمي دەربارەی ئەهلی فەترە دەڵێت: من كان منهم عاقلا مميزاً إذا رأى ونظر إلا إنه لا يعتقد ديناً فهو كافر. "شعب الإيمان(1/175).

هەروەها شێخی ئیسلام تەئکید ئەکاتەوە لەسەر ئەوەی عەرەب پێش هاتنی دەعوە ناوی کافریان لێ دەنرێ دەڵێ:" لايعذبون حتى يبعث إليهم رسول كما دل عليه الكتاب والسنة، لكن أفعالهم تكون مذمومة ممقوتة يذمها الله ويبغضها ويصفون بالكفر الذي يذمه الله ويبغضه وإن كان لايعذبهم حتى يبعث فيهم رسولا. "جواب الصحيح(3/315). ئیتر دوای ئەم بەڵگەیە چۆن ئەوترێ ابن تەیمیە ناوی کوفر نادات بەسەر کەسێکدا تەنها دوای ئیقامەی حوجە نەبێت ؟!!!

بەڵکو لەدەیان دەقی ئاشکرادا شێخی ئیسلام ئەم ڕاستیە جەخت لێ دەکاتەوە لەفەتوا و ووتەکانی و کتێبەکانی و ڕونکردنەوەکانی بڕوانە کتێبی إشكالية العذر بالجهل دکتۆر سلطان المطيري لاپەڕە 75 بۆ 76.

هەروەها قورئانی پیرۆزیش جیاوازی نەکردوە لەنێوان حوکمی کوفر و شیرکدا لەهەندێ شوێن ناوی کوفر بەسەر کاری شیرکدا دەدات وناوی شیرکیش بەسەر کاری کوفردا ئەدات و جیاوازی ناکات لەنێوانیان

دەفەرمێت(وَمَن يَدۡعُ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ لَا بُرۡهَٰنَ لَهُۥ بِهِۦ فَإِنَّمَا حِسَابُهُۥ عِندَ رَبِّهِۦٓۚ إِنَّهُۥ لَا يُفۡلِحُ ٱلۡكَٰفِرُونَ)

[سورة المؤمنون 117] هەروەها دەفەرمێت (إِنَّهُۥ مَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَقَدۡ حَرَّمَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِ ٱلۡجَنَّةَ وَمَأۡوَىٰهُ ٱلنَّارُۖ وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنۡ أَنصَارٖ)[سورة المائدة 72]

وه دەفەرمێت (ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمۡ لَهُ ٱلۡمُلۡكُۚ وَٱلَّذِينَ تَدۡعُونَ مِن دُونِهِۦ مَا يَمۡلِكُونَ مِن قِطۡمِيرٍ)[سورة فاطر 13] لێرەدا الله تعالى پاڕانەوەی موشریکانی بەشیرک ناو برد بەڵام لەسوڕەتی موئمنین بەکوفری ناوبرد.

هەروەها الله تعالى دەفەرمێت (يُرِيدُونَ أَن يُطۡفِـُٔواْ نُورَ ٱللَّهِ بِأَفۡوَٰهِهِمۡ وَيَأۡبَى ٱللَّهُ إِلَّآ أَن يُتِمَّ نُورَهُۥ وَلَوۡ كَرِهَ ٱلۡكَٰفِرُونَ)[32](هُوَ ٱلَّذِيٓ أَرۡسَلَ رَسُولَهُۥ بِٱلۡهُدَىٰ وَدِينِ ٱلۡحَقِّ لِيُظۡهِرَهُۥ عَلَى ٱلدِّينِ كُلِّهِۦ وَلَوۡ كَرِهَ ٱلۡمُشۡرِكُونَ)[سورة التوبة 33]

الله تعالى لەم دوو ئایەتەدا کافرەکانی بەکافر ناوبرد و هەروەها بە موشریکیش ناوی هێنان ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی بەموشریك ئەوترێ کافر و بەکافریش ئەوترێ موشریك و یەکسانن لەناو و حوکم، ئایەتەکان و فەرموودەکان لەم بارەیەوە زۆرن.

هەروەها پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ:"بين الرجل وبين الشرك والكفر ترك الصلاة" لەنێوان پیاو و لەنێوان و کوفر و شیرکدا تەرکی نوێژە. ببینە ناوی نوێژنەکەری بە موشریك هێنا لەگەڵ ئەوەی کە هیچ هاوبەشێکی بۆ الله تیانیە نوێژنەکردن.

هەروەها قورئان ناوی کافری بە موشریکانی قوڕەیش بردوە پێش هاتنی پێغەمبەر بۆیان وەك دەفەرمێت(وَلَمَّا جَآءَهُمۡ كِتَٰبٞ مِّنۡ عِندِ ٱللَّهِ مُصَدِّقٞ لِّمَا مَعَهُمۡ وَكَانُواْ مِن قَبۡلُ يَسۡتَفۡتِحُونَ عَلَى ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فَلَمَّا جَآءَهُم مَّا عَرَفُواْ كَفَرُواْ بِهِۦۚ فَلَعۡنَةُ ٱللَّهِ عَلَى ٱلۡكَٰفِرِينَ)[سورة البقرة 89]

هەروەها قومی بەلقیسی بەکافر ناوبردوە پێش هاتن و گەیشتنی حوجە پێیان (وَصَدَّهَا مَا كَانَت تَّعۡبُدُ مِن دُونِ ٱللَّهِۖ إِنَّهَا كَانَتۡ مِن قَوۡمٖ كَٰفِرِينَ)[سورة النمل 43].

بەڵکو قورئان ناوی شیرکی بەکارهێناویشە بۆ کەسانێ کە ئیقامە حوجەش کراون و پەیوەستی سزاشی بەناوی شیرکەوە گرێداوە، وەك دەفەرمێت (وَيَوۡمَ نَحۡشُرُهُمۡ جَمِيعٗا ثُمَّ نَقُولُ لِلَّذِينَ أَشۡرَكُواْ أَيۡنَ شُرَكَآؤُكُمُ ٱلَّذِينَ كُنتُمۡ تَزۡعُمُونَ 22 ثُمَّ لَمۡ تَكُن فِتۡنَتُهُمۡ إِلَّآ أَن قَالُواْ وَٱللَّهِ رَبِّنَا مَا كُنَّا مُشۡرِكِينَ 23 ٱنظُرۡ كَيۡفَ كَذَبُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡۚ وَضَلَّ عَنۡهُم مَّا كَانُواْ يَفۡتَرُونَ)[سورة الأنعام].

هەروەها دەفەرمێت (وَيُعَذِّبَ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ وَٱلۡمُنَٰفِقَٰتِ وَٱلۡمُشۡرِكِينَ وَٱلۡمُشۡرِكَٰتِ ٱلظَّآنِّينَ بِٱللَّهِ ظَنَّ ٱلسَّوۡءِۚ عَلَيۡهِمۡ دَآئِرَةُ ٱلسَّوۡءِۖ وَغَضِبَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِمۡ وَلَعَنَهُمۡ وَأَعَدَّ لَهُمۡ جَهَنَّمَۖ وَسَآءَتۡ مَصِيرٗا)[سورة الفتح 6].

خوای گەورە بەموشریکان ناو ئەبات لەسەر ئەو وەسفەیان هەڕەشەی سزایان لێ ئەکات، ئیتر چۆن درۆ دەکرێ بەناوی قورئانەوە کەناوی شیرك تەنها پێش ئیقامە حوجە بەکارهاتووە لەقورئاندا و کاتێك باسبکرێ سزا ناگرێتەوە ؟!!! شەرم ناکەن و لەخوا ناترسن

کەواتە بۆمان دەرکەوت ئەوەی ئەوانە ئەیڵێن و دەهۆڵیان بۆی ئەکوتا هیچ بنەمایەکی نەبوو وە لەدرۆیەکی شاخدار زیاتر نەبوو ، وە بۆمانیش دەرکەوت کاتێ زانایان نەفی کافربون لەکەسێک ئەکەن کە کەوتۆتە ناو شیرکی گەورەوە

بەنەزانی ئەوا هیچ جۆرە حوکمێکی کافری لەدونیا و قیامەت بۆ نابڕنەوە وە بەو نەفی کردنەی تەکفیرەیان وەسفی ئیسلامی بۆ جێگیرئەکەن لەبازنەی ئیسلام دەیهێڵنەوە.

[وتەیەکی یەکلاکەرەوەی زۆر ئاشکرای ابن تەیمیە بۆ ئەوانەی دەڵێن ناوی شیرك دەچەسپێت لەسەر موسڵمانێ شیرك ئەنجام بدات پێش ئیقامەی حوجە]

شێخی ئیسلام ابن تەیمیە-رحمه الله-دەڵێت:" وهذا الشرك إذا قامت على الإنسان الحجة فيه ، ولم ينته؛ وجب قتله كقتل أمثاله من المشركين ولم يدفن في مقابر المسلمين ولم يصلَّ عليه، وأما إذا كان جاهلاً لم يبلغه العلم ولم يعرف حقيقة الشرك الذي قاتل عليه النبي صلى الله عليه وسلم المشركين؛ فإنه لا يحكم بكفره ولا سيما وقد كثر هذا الشرك في المنتسبين إلى الإسلام ومن اعتقد مثل هذا قربة وطاعة ؛ فإنه ضال باتفاق المسلمين وهو بعد قيام الحجة كافر"جامع المسائل(3/151).

دەڵێ: ئەم شیرکە ئەگەر بەهۆیەوە ئیقامەی حوجەکرا لەسەر ئینسان بەڵام وازی نەهێنا ئەوکاتە واجبە بیکوژی وەك وێنەی کوشتنی موشریکەکان و لەگۆڕستانی موسڵمانانیش نانێژرێت و نوێژیشی لەسەر ناکرێت، بەڵام ئەگەر

جاهیل بوو و عیلمی پێ نەگەیشتبوو و حەقیقەتی شیرکی نەدەزانی و ئەو شیرکەی نەدەناسی کە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بەهۆیەوە قیتالی موشریکانی کرد، ئەوا حوکم نادرێ لەسەری بەکافربوون سەرەڕای ئەوەی ئەم شیرکە زۆربوە لەنێو ئەوانەی خۆیان بەموسڵمان دائەنێن، بەڵام ئەوانەیان کە ئەم شیرکە بەطاعەت و نزیک بونەوە لەخوا دائەنێن ئەوا ئەم کەسە گومڕایە بەکۆڕای موسڵمانان، وە دوای ئیقامەی حوجەش کافر ئەبێت." کۆتایی هات وتەکەی.

بڕوانن ئەم وتەیەی شێخ ئاشکراترین وتەیە کە هەرگیز باوەڕی وانەبووە ناوی شیرك بچەسپێت لەسەر موسڵمانێك کە توشی شیرك ببێت پێش هاتنی گەیشتنی ڕیسالە، چونکە دەڵێ ئەگەر حوجەی پێگەیشت ئەوجا لەقەبرسانی موسڵمانان نانێژرێ کەواتە پێش ئیقامە حوجە بەموسڵمان و وەك موسڵمان مامەڵەی لەگەڵ دەکات.

کوان ئەوانەی بێ شەرمانە درۆکانی خۆیان ئەدەنە پاڵ شێخی ئیسلام و زانایان

شێرکـــــــۆ دوو وتەی شێخی ئیسلام نەقڵ ئەکات و چەواشەکاریەکی تر ئەکات

دووتەی شێخی ئیسلامی هێناوەتەوە ئەوەنەی تر نەزانی خۆیمان دەردەخات↓↓↓↓

شێخی ئیسلام ابن تەیمیە ـ رحمه الله تعالى ـ ئەڵێت :

[هیچ خیلاف و جیاوازی نیە لە نێوان موسڵمانان کە جائیز نیە ئەمرکردن و ئیزندان بە دەربڕینی کەلیمەی کوفری بۆ هەر مەبەستێک بێت ، بەڵکو هەر کەسێک کەلیمەیەکی کوفری بڵێت ئەوە کافرە ئیلا ئەگەر کەسەکە لە ژێر ئکراە بێت واتە " زۆری لێ کرابێت " بە زمانی دەری ببڕێت و دڵی موطمەئین بێت بە ئیمان] .

سەرنج بەن ، شێخ ئەڵێت هەرکەسێک کەلیمەیەکی کوفری بڵێت پێی کافر ئەبێت ئیلا ئەگەر لە ژێر ئکراە بێت .

هەروەها شێرکۆ ئەم وتەیەش نەقڵ ئەکات

کەشێخی ئیسلام دەڵێت[هیچ کێشە و نیزاع لە نێوان موسڵمانان نیە کە ئەمرکردن بە ئەنجامدانی شیرک کوفر و ڕێدەیە ئەگەر لەلایەن موسڵمانەوە بێت ، وە بێ گومان هەر کەسێک مەدحی شیرک بکات و بەسەریدا هەڵبڵی و حەزی لە ئەنجامدانی بێت کوفر و ڕێدە و هەڵگەڕانەوەیە لە دین ئەگەر موسڵمان بێت ئەو کەسە]

وەڵامم / شێخی ئیسلام هەروەها زانایان کاتێ ئەم جۆرە إطلاقانە بەکاردێنن وەکو حوکمێکی شەرعی بەیانی ئەکەن نەك وەك تعين، هەروەك چۆن شێخی ئیسلام ابن تەیمیە دەڵێت[سەلەف کەدەفەرموون هەرکەرسێ بڵێ قورئان

مەخلوقە کافرە، مانای وانیە ڕاستەوخۆ بەدیارپکراوەیی کافر ببێت ، چونکە کافربوون لەحوکمەکانی وەعیدە دەبێت ڕەچاوی بوونی مەرجەکان و نەمانی ڕێگریەکانی بکرێت.]

شیـــــــرکۆ نازانێ چۆن چەواشەکاریەکانی و ئیفلاس بونەکانی بشارێتەوە ناچارە کە پەنا بەرێت بۆ هەموو تەحریف کردن و چەواشەکردن و خۆڵ کردنە چاوێك بێ ئەوەی هیچ شەرمێکی هەبێ لەخوا و لەزانایان و لە ئەمانەتی عیلمی .

وانـــــەی تۆ ٩ یەمی قاعیدە گومڕاکەرەکان

کابرا دەڵێت: ↓↓↓

هەرکەسێک لەسەر شیرک و کوفری گەورە بمرێت حوکمی لەسەر ئەدرێت بە چونە ناو ئاگر .

بۆ ئەم بنچینەیەش چەندین بەڵگەمان هەیە .

١ ـ اللە تعالى ئەفەرموویێت :

[مَا كَانَ لِلنَّبِيِّ وَالَّذِينَ آمَنُوا أَن يَسْتَغْفِرُوا لِلْمُشْرِكِينَ وَلَوْ كَانُوا أُولِي قُرْبَىٰ مِن بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُمْ أَصْحَابُ الْجَحِيمِ] التوبَة (١١٣)

نه به پێغەمبەر ـ صلى الله‌عليه وسلم ـ رێدراوە داوای لێبوردن و لێ خۆش بوون بۆ هاوبەش دانەران بکات، نە بە باوەڕدارانیش [وَلَوْ كَانُوا أُولِي قُرْبَىٰ] ئەگەر چی خزمی نزیکیشیان بن [مِن بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُمْ أَصْحَابُ الْجَحِيمِ] بەتایبەتی پاش ئەوە بۆیان دەرکەوتووە کە دۆزەخیین و لەسەر کوفر مردوون .

ئیمامی بوخاریی ـ رحمه الله تعالى ـ ئەڵێ:

ئەم ئایەتە سەبارەت بە (ئەبوو طالیب) هاتە خوارێ، ئەو دەمە کە لەگیانەڵادابوو و دەستەیەکیش لە سەرانی قوڕەیش لەوێ ئامادەبوون، پێغەمبەریش ـ صلى الله عليه وسلم ـ چوویە لای سەریی و فەرمووی: مامە! بڵێ: (لاإله إلا الله) ئەوسا منیش لای الله تعالى ئەیکەمە بەڵگە بۆت، (ئەبووجەهل) پڕیدایەو ووتی: ئەبوو تالیب! خەریکە واز لە ئایینی (عبدالمطلب) دێنی؟! پەیامبەر-صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: سوێند بە الله تعالى هەتا ڕێم لێ نەگیرێ، هەر داوای لێبوردنت بۆ ئەکەم. هەر لەو بارەوە بوو ئەم ئایەتەیش هات و فەرمووی: [إِنَّكَ لَا تَهْدِي مَنْ أَحْبَبْتَ وَلَٰكِنَّ اللَّهَ يَهْدِي مَن يَشَاءُ ۚ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ] القَصَص (٥٦)

بێگومان تۆ ناتوانی ئەی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کەسێ بخەیتە سەر ڕێی ڕاست و بڕوا هێنان کە بۆ خۆت خۆشت بوێ، هەر چەندە هەوڵ و تەقالای لەگەڵ بدەیت [وَلَٰكِنَّ اللَّهَ يَهْدِي مَن يَشَاءُ ۚ] بەڵام اللهتعالى ڕێنمایی

هەر کەسێ خۆی بیەوێ ئەکا [وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ] خۆیشی زاناتره بەوانە کە ڕێیازی هیدایەت ئەگرن، ئەو خۆی ئەزانێ کێ شایستەی هیدایەتەو ئامادەیی تێدایە.

ئەم ڕاستیە لە گەلێ ئایەتدا ڕوونکراوەتەوە، لەوانە: فەرمایشتی [إن تحرص على هداهم فإن الله لا يهدي من يضل..] وە فەرمایشتی: [ومن يرد الله فتنته فلن تملك له من الله شيئا أولئك الذين لم يرد الله أن يطهر قلوبهم..] ئیمامی (بوخاریی)و (موسلیم)یش ئەڵێن: ئەم ئایەتە سەبارەت بە (ئەبو تالیب) هاتووە، ئەوەبوو پەیامبەر -صلى الله عليه وسلم- زۆر داوای لێکرد بڕوا بێنێ و، هەوڵێکی زۆریشی لەگەڵدا، بەڵام بێ کەڵک بوو و هەر بڕوای نەهێنا! جا الله تعالى ـش ئەو ئایەتەی بەگوێی پەیامبەرا دا -صلى الله عليه وسلم-. ...[صحيح البخاري، كتاب المناقب، باب قصة أبي طالب، حديث: ٣٦٩٣، صحيح مسلم، كتاب الإيمان، باب أول الإيمان قول لا إله إلا الله، حديث: ٦٠]

↓

وەڵام/ الله تعالى دیاری کرد و دەفەرمێت (مِن بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُمْ أَصْحَابُ الْجَحِيمِ) دوای ئەوەی ئاشکرابوو کە ئەوانە هاوەڵ و ئەهلی دۆزخن کەواتە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم چونکە وەحی بۆ دەهات بە وەحی ئاگادارکرایەوە کە ئەبو تاڵیب لەئاگرە هەروەها هەموو ئەوانەی کە پێغەمبەر

صلى الله عليه وسلم شايەدى ئاگرى بۆ داون چونكە ئيقامە حوجەكراون و ئاخيرەتيان بەنەصێكى شەرعى ڕوونكراوەتەوە و هەواڵى پێدراوە، ئەمە مانای ئەوەنيە هەركافرێ مرد ڕاستەوخۆ بەديارى كراوەيى بڵێيت بۆ ئاگرە ، تعين ديارى كردن تەنها بەهەواڵى خوا و پێغەمبەر دەبێت هەروەك ئەهلى عيلم دەفەرمون

پاشان كابرای چەواشەكار ئەم فەرموودانە دێنێ ↓↓↓

٢ ـ ئيمامى موسلم لە ئەنەسەوە ڕيواتە ئەكات و ئەڵێت : [پياوێک ووتى : ئەى رسول الله : بابم لە كوێيە ؟ فەرمووى لە ناو ئاگردايە ، پاش ئەوەى پياوەكە ڕۆى ، پێغەمبەر ـ صلى الله عليه وسلم ـ بانگى كرد و پێى فەرموو " بە بێ گومان باوكى من و باوكى تۆش لەناو ئاگردان "]

جا ئيمامى نەوەوى ـ رحمه الله تعالى ـ بابێكى داناوە بەناوى [بابى بەيانى هەركەسێک بمرێت لە سەر كوفر لە ئاگردايە]

وە لەوبابە ئەڵێت : بەبێ گومان هەركەسێک لەسەر كوفر بمرێت لە ناوئاگردايە و هيچ سودى پێناگەێنێت نزيكى لە " المقربين " .

↓↓↓↓

وەڵامـ/ وەكو وتمان ئەو دەقانەى كە هاتوون پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم شايەدى ئاگرى بۆداون دەقى تايبەتين هەموو ئەهلى فەترە ناگرێتەوە كە ئيقامە حوجەيان پێ نەگەيشتبێ، زانايان وەك ئيمامى شەوكانى و ابن تەيميە و

ابن حجر دەفەرموون ئەوانە کەسانی تایبەت بوونە بەوەحی ئاشکرابوە حاڵیان کە عوذریان نەبوە لەقیامەت و لەتاقیکردنەوەکە دەرنەچوونە بۆیە حوکمی قیامەتیان ڕون کراوەتەوە چونکە ئەوانە بەدیارێکراوەیی حوجەیان پێگەیشتوە وەکو حەدیسەکەی ابوتالیب و حەدیسی باوکی من و باوکی تۆ لەئاگرە و حەدیسەکەی نوبەیری کوڕی موطعیم ، بەڵام ئەو حوکمە کافری دیارێکراو ناگرێتەوە کە اقامە حوجەنەکرابێ و ناتوانرێ شایەدی ئاگری بۆ بدرێت تەنها بەنەص نەبێت."

هەربۆیە جمهوری ئەهلی عیلم کۆکن لەسەر ئەوەی کە عەذابی خوا جێ بەجێ نابێت لەسەر هیچ کەسێك تەنها دوای ئیقامەی حوجە نەبێت، بۆیە لەبارەی ئەو دەقانەی کەهاتووە سەبارەت بەوکەسانێ کەئەهلی فەترە بونە و لەئاگردان، لەبارەی ئەوکەسانەوە دوو وتەیان هەیە:

وتەی یەکەم: دەڵێن ئەو کەسە دیاریکراوانە دەعوەی پێغەمبەرانیان پێگەیشتوە و ئیامە حوجەکراون ، هاوەڵانی ئەم وتەیە بەشێکن لەزانایان لەوانە ئیمامی نەوەوی، هەروەها ابن عطیة دەڵێ: "کافرەکانی قوڕەیش پێش هاتنی ئیسلام حوجەیان پێگەیشتبوو وە ئەهلی فەترە نەبونە، چونکە دەگەڕان بەزەویدا و بانگەوازی پێغەمبەرانیان دەبیست"

وتەی دووەم: کۆمەڵێکی تر لەزانایانن دەڵێن ئەو کەسە دیاریکراوانە وەحی هەواڵی داوە بەعاقیبەتی کۆتاییان لەڕۆژی قیامەت و کە لە تاقیکردنەوەکە

دەرناچن و ئەبنە هاوەڵی دۆزەخ و ئەم فەرموودانە هەواڵ پێدەری ئەوکاتەی ئەو کەسە دیاریکراوانەیە لەڕۆژی قیامەت، ئەمەش وتەی ابن كثير و زۆرێك لەزانایانە، بڕوانە کتێبی" إشكالية الإعذار بالجهل في البحث العقدي "لاپەڕە(255-258)

پاشان کابرای جاهیل بەڵگە بەم فەرمودەیە دێنێتەوە

↓↓↓↓

٣ ـ فەرموودەکەی وەفدی بەنی " المنتفق " [ما اتيت عليه من قبر قريش أو عامري مشرک فقل ارسلني اليک محمد فأبشر بما يسوؤک تجر على وجهک وبطنک في النار] ... عبداللەی کوڕی ئیمامی ئەحمد ڕیواتی کردووە ،

↓↓↓↓

وەڵام/ ئەم حەدیسەی کەهێناوێتی خۆی گێل کردوە لەوەی حوکمی حەدیسەکە باس بکات چونکە دەسەکەی کەشف ئەبێ،حەدیسەکە ئەڵێ "بەلای قەبری هەر قوڕەیشیەك یان یان عامیرێەك تێپەڕیت پێی بڵێ موحەمەد ناردومی موژدە بێ لێت بەوەی پێت ناخۆشە لەئاگر بەسەر ڕوخسار و سکت ڕادەکێشرێت"

ئەم حەدیسە بەکۆڕای زانایانی فەرموودە دەڵێن حەدیسێکی ضعیف ە و هیچ بنەمایەکی نیە بەڵام لای کابرا حەدیسی ضعیف و درۆکردن بەناوی پێغەمبەری خواوە دیارە کێشە نیە ؟!!!

پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ ((من كذب علي متعمداً فليتبوأ مقعده من النار))الله عليه وسلم يقول: ((من كذب علي متعمداً فليتبوأ مقعده من النار)) رواه البخاري (107) بدون لفظة: (متعمداً)، وأبو داود (3651). واته: هەركەسێك درۆیەك بەناوی منەوە بڵێت بەئەنقەست ئەوا با شوێنی خۆی دیاریبکات لەئاگر."

پاشان کابرا ئەم ڕیوایەتە دێنێ

↓↓↓↓↓

٥ ـ ئیمامی ئەحمەد و ابن ابي شيبة و البيهقى و جگە لەوانیش ڕیواتە ئەکەن لە قیصەی مورتەدەکان ، کاتێک هەنێکیان تەوبەیان کرد و داوای صولحیان لە خەلیفەی موسڵمانان ئیمامی ئەبوبکر کرد ـ رضي الله عنه ـ ئەویش مەرجی بۆ دانان و فەرمووی : [حتى تشهدوا ان قتلانا في الجنة وقتلاكم في النار] حەتا شایەدی ئەیەن کە کوژاوەکانی ئێمە لە بەهەشتە و کوژاوەکانی ئێوە لە ئاگردان ، ئەمەش لە سەردەمی صەحابە و بە ئامادەبوونی صەحابە بەڕێزەکان بوو ، وە هیچ کەسیش خیلافی ئەوەی نەووتووە ، بەمەش بووەتە ئیجماعی صەحابە ، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی جائیزە شایەدی بدەی لەسەر مورتەد بە چونە ناو ئاگر

↓

وەڵام / ئەم شایەدی دانەی ئەبو بەکر و عومەر گشتی بوو بۆ هەموو کوژراوەکانی هەردوو لایەنەکە دەستەیەك لەبەهەشتن و دەستەیەك لەدۆزەخ ، بڕوانە کتێبی سونەی خەلال(2/355).

بۆیە ئەم شایەدی دانە بەهیچ شێوەیەك دیاریکردنی ئەشخاصی تیانەبوە بەڵام ئەم چەواشەکارە هەر ئەبێ چەواشەبکات و بەڵام کەسێك کەچاوی نەبێ و هەستی لەدەست دابێ چۆن هەستی پێ ئەکات و ئەیبینێ بەداخەوە دەرونشایەتی خۆ نەزان کردن بگاتە ئەو ڕادەیە .

شێخ عبدالعزيز الراجحي لەشەرحی عەقیدەی الطحاوي دەڵێت: "

عەقیدەی ئەهلی سونەت و جەماعەت ئەوەیە کە شایەدی بۆ هیچ کەسێك نەبەچونە ئاگر و نەبەچونە دۆزەخ نادرێت بەشێوەی دیاریکراو، تەنها کەسێك نەبێت بەنەص شایەدی بۆ درابێت کە لەبەهەشتە وەکو پێغەمبەران و عەشرەی موبەشەرە کەشایەدی بەهەشتیان بۆدراوە هەروەها حەسەن و حوسێن کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمویەتی گەورەی گەنجانی بەهەشتن هەروەها بیلال و عوکاشەی کوڕی محصن کە شایەدی بەهەشتیان بۆدراوە، هەروەها ئەوانەشی کە بەنەص شایەدی ئاگریان بۆ دراوە وەکو ئەبو جەهل و ئەبو لەهەب و ئەبو طالب، غەیری ئەوانەی بەدەقێکی شەرعی دیاری کرابن شایەدی بەهەشت و دۆزەخ بۆ کەس نادەین، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی دەڵێین ئیماندارن لەبەهشتن و کافرانیش لەدۆزخن، دەڵێین

هەموو کافرێ لەئاگرە هەموو یەهودیەك لەئاگرە هەموو نەصرانیەك لەئاگرە هەموو بتپەرستێ لەئاگرە، بەڵام کەسێکی دیاریکراو وەك فلانی کوڕی فلان نائێین لەبەهەشتە تەنها ئەگەر نەصێك دیاری کردبێت، بەهەمان شێوە بە کافرێکی دیاری کراونائێین لە ئاگرە تەنها کاتێ نەبێت کە بزانین لەسەر کوفر مردوە و ئیقامەی حوجەکراوە، هەروەها یەهودیەك کە ئیقامە حوجەکرابێ و زانیبێتی کە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم هاتووە و ئیمانی پێ نەهێنابێ ئەوا دەڵێین بەدیاریکراوەیی ئەم یەهودیە لەئاگرە، بەڵام ئەگەر نەمانزانی ئەوە بەگشتی دەڵێین هەموو ئیمانداریێ لەبەهەشتە و هەموو کافرێکیش لە دۆزەخە، هەربۆیە ئەهلی سونەت و جەماعەت پێچەوانەی ئەهلی بیدەعن، ئەهلی بیدەع لەخەواریجەکان هەرکەسێ خاوەن گوناحی گەورەبێ شایەدی ئاگری بۆ ئەدەن بەهەمان شێوە موعتەزیلە ئەمانە پێچەوانەی ئەهلی سونەن.

بۆیە ئەهلی سونە دەربارەی کەسی دیاریکراو دەوەستن شایەدی بەهەشت و ئاگر بۆکەس نادەن بەبێ عیلم چونکە ئەوە شتێکی پەنهانە چونکە نازانرێ چۆن مردوە بەڵام ئۆمێدمان بۆچاکەکار هەیە و ترسیشمان لەخراپەکار هەیە.

یاسایەك: هەرکەسێك ببینین کاری چاکان دەکات و بینیمان لەسەر طاعەتی اللەیە ڕەجای خێری بۆ دەکەین بەبێ شایەدی بۆدان، هەرکەسێکیش ببینین کاری خراپە و تاوانە گەورەکان ئەکات لێی دەترسین لەچوونە ئاگر بەڵام شایەدی چوونە ئاگری بۆ نادەین، ئەمەیە عەقیدەی ئەهلی سونەت و

جەماعەت كە شایەدی بەهەشت و دۆزەخ بۆ كەس نادەین تەنها كەسێك نەبێت كە پێغەمبەر صلى الله عليەوسلم دیاری كردبێت و،شایەدی بۆ دابێت

ووتەكانی سەلەف دەربارەی شایەدی دان بەبەهەشت سێ ووتەن :-
وتەی یەكەم: شایەدی بۆ كەس نادرێت بەچونە بەهەشت تەنها پێغەمبەران نەبێت وە بڕوادارێش شایەدی بۆ نادرێ چونكە مەعصوم نیە و نازانرێ ئایا مۆرتەد دەبێتەوە یان نا چونكە شایەدی بۆ دانی بەستراوەتەوە بەوەی مۆرتەد نەبێتەوە ، ئەمەش وتەی ئەوزاعی و موحەمەدی كوری ئەبو حەنیفەیە.
وتەی دووەم: هەر بڕوادارێك نەصێك شایەدی بۆ دابێت بەبەهەشت، ئەواشایەدی بەهەشتی بۆ دەدرێ، چونكە ئەم شایەدیدانە لەمەعصومەوە دراوە جا ئەگەر ئەم شایەدیەش لە پێغەمبەرەوە نەبوو ئەوا جائیز نیە شایەدی بدرێ چونكە غەیبە، خوا نەبێ كەس لەغەیب نازانێ، ئەمەش ڕاستترینە و ووتەی زۆربەی زانایان و ئەهلی حەدیث ە.
هەروەها وتراویشە بەشایەدی بڕوادارنیش ئەشێت بەڵگە بێ ئەمەش بەپێی ئەو فەرموودەیەی كە صەحیحەین هاتووە:[جەنازەیەك بەلای موسڵمانان تێپەڕی و شایەدی خێریان بۆ دا پێغەمبەریش صلى الله عليه وسلم فەرموی : بەهەشتی بۆ واجب بوو، هەروەها جەنازەیەكی تر تێپەڕی موسڵمانان

شایەدی خراپەیان بۆ دا پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فرموی: دۆزەخی بۆ واجب بوو، پاشان پێغەمبەر صلی اللەعلیه وسلم فەرمووی ئێوە گەواهیدەری خوان لەسەر زەوی.]

بەڵام وتەی ڕاست و صەواب ئەوەیە ئەمە تایبەت بووە بە صەحابە چونکە صەحابە رسول الله تەزکیەی کردون و،هەڵبژارەی خوابوونە بۆ هاوەڵێتی ڕەسولەکەی پاشان ئەم بابەتە تەنها بەنەص ئەتوانرێت ئەوە بزانرێت نەك بەبۆچونی خەڵکی .

شێخ عبدالرحمن ناصر البراك دەڵێت: "

قاعیدەیەکمان هەیە کەدەڵێ شایەدی بۆکەسی دیاریکراو نادرێت بەئاگر و بەهەشت تەنها ئەگەر بەڵگەیەك هەبێت و بۆمان دیاریبکات بەڵکو ئەهلی عیلم لە پەرتوکەکانی عەقیدە فەرمویانە بەگشتی بوترێت کە بڕوادارانلەبەهەشتن و کافرانیش لەئاگرن، چونکە کافرێکی دیاریکراو نازانرێت لەسەرچی دەمرێت الله زاناترە بەکاری بەندەکانی هەروەها نازانرێ حاڵی ئەو کافرە چۆنە لەنێوان خۆی و بەندەکەی ئایا لەوکەسانەیە کە عوذری پێدابێ یان نا ؟

هەربۆیە دەڵێم ئەوەی واجبە ئەوەیە جەختبکرێتەوە بەشێوەیەکی گشتی کافران لەیەهود ونەصاری و موشریکان و هەموو ئومەتانی کوفر لەئاگرن هەروەك قورئان دەڵێت

{الَّذِينَ كَفَرُوا وَصَدُّوا عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ زِدْنَاهُمْ عَذَاباً فَوْقَ الْعَذَابِ بِمَا كَانُوا يُفْسِدُونَ} [النحل:88]، {لَنْ تُغْنِيَ عَنْهُمْ أَمْوَالُهُمْ وَلا أَوْلادُهُمْ مِنَ اللَّهِ شَيْئاً أُولَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ} [المجادلة:17]، پەنادەگرین بەالله لەکوفرکردن بەالله و داوای ثەباتی لێ دەکەین لەسەر ئیسلام بەمنەت وپەخشندەیی خۆی."

هەروەها پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ:" والذي نفس محمد بيده لا يسمع بي أحد من هذه الأمة يهودي ولا نصراني، ثم يموت ولم يؤمن بالذي أرسلت به إلا كان من أصحاب النار. رواه مسلم.

سوێند بەو خوایە گیانی محمدی بەدەستە هەرکەسێ لەم ئومەتە یەهودی بێ یان نەصرانی ناوی من ببیستێ پاشان بمرێت وباوەڕم پێ نەهێنێ ئیلا دەبێتە هاوەڵی ئاگر.

هەروەها رسول الله صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ : إنه لا يدخل الجنة إلا نفس مسلمة. رواه البخاري ومسلم.

واتە: ناچێتە بەهەشتەوە کەسێکی موسڵمان نەبێت"

ئیمامی النووي له شەرحی مسلم و شیکردنەوەی ئەم دوو فەرموودەیە دەڵێت: "هذا نص صريح في أن من مات على الكفر لا يدخل الجنة أصلا، وهذا النص على عمومه بإجماع المسلمين. اهـ.

دەڵێ: " ئەمە دەقێکی ئاشکرایە دەربارەی هەرکەسێ بمرێت لەسەرکوفر هەرگیز ناچێتە بەهەشتەوە، ئەم دەقەش بەشێوەیەکی گشتیە. " نەك دیاری کردن.

لەوەڵامی ئەمجارەشمان بوینەوە والحمدلله رب العالمین

وانـــــەی 10 دەیەمی قاعیدە گومـڕاکەرەکان

لەبابەتی وەڵامی ئەم جارەمان پەردە لەسەر ئەو شوبهانە لادەبەین کە دەڵێن هەرکەسێك جیاوازی بکات لەنێوان کوفری نەوع و کوفری عەین لەشیرکی گەورەدا ئەوە بیدعەی کردوە و لەمەنهەج لایداوە نازانم کام مەنهەج مەنهەجەکەی عبدالرحمن ی کۆڕی مەلجەم یان مەنهەجەکەی واصلی کۆڕی عەطاء یان مەنهەجەکەی عبدالله‌ی کۆڕی سبأ یان مەنهەجەکەی أبو عومەری حازمی یان مەنهەجەکەی طارق عبدالحلیمی قاعیدە، کەواتە لای ئەم نەزانە هەرکەسێك کوفرێك بکات ئەگەر لەوپەڕی دنیاش بێت قەت کەس پێی نەوتبێت ئەوە شیرکە، تەواو عوذری نیە وکافرە !!!!

کابرا بەڵگە دێنێتەوە بەحەدیثەکەی بەنی مونتفق کەفەرمودەیەکی ضعیف ە فەرموودە نیە و هیچ بنەمایەکی نیە لەوەڵامی قاعیدەی تۆیەمی دا وەڵامان دایەوە، پاشان بۆ پشتگیری قسەکانی ئەم فەرموودەیە دێنێ↓↓

هەروەها فەرموودەکەی " البراء " ئەڵێت : توشی مامم بوو ئاڵایەکی پێی بوو ، ووتم بۆ کوێی ئەچی ؟ ووتی رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ناردومی بۆ کوشتنی پیاوێک کە ژنی باوکی مارەکردووە " ان اضرب عنقه و خذ ماله " ئەم فەرموودەش ابو داود و النسائی و الدارمی و البیهقی و جگە لەوانیش ڕیوایەتیان کردووە .

لێرەش کابرا حەڕامێکی حەڵاڵ کرد کە مارەکردنی خێزانی باوکیەتی ، کە حەڵاڵ کردنی حەڕام شیرکی گەورەیە ، کاتێک هەواڵ ئەگاتە پێغەمبەر ـ صلى الله عليه وسلم ـ ڕاستەوخۆ هاوەڵێک ئەنێرێت بۆ کوشتنی و بردنی ماڵەکەی بە غەنیمەت ، جا پێغەمبەری بەڕێز ـ صلى الله عليه وسلم ـ نەیفەرموو با جیاوازی بکەین لە نێوان " النوع " و " العين " ، تەکفیر کردنی ئەم کابرایە تەکفیرێکی دیاری کراو و عینە ، هەروەها سودێکی تری ئەم فەرموودەش ئەوەیە : نەیفەرموو بزانین ئیقامە حوجە کراوە یان نا ، بزانن بۆی ڕوونکراوەتەوە یان نا ، بزانن جاهیلە یان زانایە ، بزانن بە عیلمەوە ئەو ئیشەی کردووە یان بە جەهلەوە ، نەخێر ڕاستەوخۆ فەرمانی کوشتنی دەرکرد و بردنی ماڵەکەشی بە غەنیمەت .

↓

لەوەڵامی ئەم شوبهە لاوازەدا ئەڵێین/ یەکەم: ئەو کابرایە لەداری ئیسلام و عیلم هەڵهاتبوو و چووبوو زڕدایکی خۆی مارە کردبوەوە ئەو کارەش مەعلومە

حەرام بونی بەزەڕوڕەت و ئاشکرا بوە لای هەموان زڕدایك حەڕامە، پاشان ئەم کابرایە حەڵاڵیشی کردوە بۆخۆی حەرامێکی حەڵاڵ کردوە کە زانراوێکی زەڕوڕەتی دینە لای هەموو موسڵمانێ بۆیە هیچ بیانوێەکی نەبوو .

هەروەك ئیمامی الشوكاني له نيل الأوطار دەڵێت : وللحديث أسانيد كثيرة، منها ما رجاله رجال الصحيح، والحديث فيه دليل على أنه يجوز للإمام أن يأمر بقتل من خالف قطعيات الشريعة كهذه المسألة، فإن الله تعالى يقول: وَلاَ تَنكِحُواْ مَا نَكَحَ آبَاؤُكُم مِّنَ النِّسَاء، ولكنه لا بد من حمل الحديث على أن ذلك الرجل الذي أمر صلى الله عليه وسلم بقتله، عالم بالتحريم، وفعله مستحلا، وذلك من موجبات الكفر.اهـ.

دەڵێ: ئەم فەرموودەیە سەنەدی زۆرە هەیە پیاوانی فەرموودەکەی پیاوانی صەحیحن، فەرموودەکە بەڵگەی ئەوەی تیایە کە بۆ ئیمام هەیە فەرمان بکات بەکوشتنی کەسێك کە پێچەوانەی قەطعیاتەکانی شەریعەتی کردبێت، وەك ئەم بابەتە، چونکە الله تعالى دەفەرمێت" نیکاحی ئەو ئافرەتانە مەکەن کە باوانتان نیکاحی لەگەڵ کردون" بەڵام پێویستە فەرموودەکە بەوشێوەیە لێکبدرێتەوە ئەو پیاوەی کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمانی کرد بەکوشتنی زانا بووە بەحەڕام بونی مارەکردنی زڕدایك بەڵام حەڵاڵی کردوە ، ئەمەش هۆکاری کافربونەکەیەتی."

پاشان شوبهەیەکی تر دێنێتەوە و دەڵێ ↓↓↓↓

هەروەها قیصەی مورِتەدەکان لەسەردەمی ئیمامی ئەبوبکری صدیق - رضي الله عنه - هاوەڵە بەڕێزەکان بە ئیجماع تەکفیریان کردن وە جیاوازیان نەکرد لە نێوان فعل و فاعیل و " النوع " و " العين " ، هاوەڵە بەڕێزەکان نەیان فەرموو هەرکەسێک زەکات نەیات و مەنعی زەکات بکات کافرە بەڵام تاک بە تاکی زەکات نەدەرەکان کافر نین !! بۆ ئەوانەی شەڕیان لەگەڵ کرا و ئەوانەی کوژران لە مورِتەدەکان مەگەر کەسانی دیاریکراو " العين " نەبوون !؟

وەڵام/ ئەوانەی ئیمامی ئەبو بەکری صدیق قیتالی لەدژ کردن سەرەتا هەمویان تائیفەی ریدە نەبوون هەبوو تایفەی ریدە بوون وەکو ئەوانەی باوەریان بەپێغەمبەرایەتی ئەسوەدی عەنەسی و موسەیلەمە هێنابوو دینێ تریان لەغەیری ئیسلام هەڵبژاردبوو هەبوون موسڵمان بوون و زەکات نەدەربوون وەکو تاقمێکی باغی بۆ ملکەچ کردنیان قیتالیان لەگەل کرا هەروەکو پێشتر وەلامی ئەو پرسیارەمان دایەوە بەوردی پاشان چونکە طائیفەی مورِتەدان و باغیەکان لەشوێنێ نەبوون جاهیل بن و نەزان بوبن لەداری ئیسلام بون و ئیسلامیان وەکو خۆی لە پێغەمبەری خواوە صلى الله عليه وسلم وەرگرتبوو پاشان ئەبو بەکری صدیق تێردراوی نارد بۆ کۆمەڵێ زەکات نەدەرەکان تا زەکاتی ماڵەکانیان دەربکەن دەریان نەکرد و ملیان نەدا هەڕەشەی کوشتن و شەڕی لێ کردن بیانوویان نەما بۆیە شەڕیان لەگەڵ کرا هەروەها طائیفەیەکی

ممتنیعەش بوون طائیفەی ممتنع بەهێز و قوەتێك خۆی دالّدە بدات بەئیجماع دەبێ قیتالیان لەدژ بکرێت هەتا ملکەچ دەکرێن بەهەموو یاساو ڕێساکانی ئیسلام، هەروەها ئەوانەشی شوێنی موسەیلەمەی کەزاب کەوتن هیچ عوذریان نەبوو چونکە ئیدیعا کردنی پێغەمبەرایەتی هەڵوەشێنەرەوەیەکی گشتی مجمل ی شایەتیدان بەمحمد رسول الله یە هەرکەسێ باوەڕ بەهەر پێغەمبەرێ بێنێ لەدوای محمدصلی الله علیه وسلم ئەوا ڕاستەوخۆ کافر ئەبێ هیچ بیانویەکی لێ قبوڵ ناکرێ بزانێ یان نەزانێ چونکە پێچەوانەی ڕوالّەتی شایەتمانەکەیەتی بۆیە ئەوانەش هیچ بیانوویان نەبوو وە لەشوێنی عیلم و زانایان بوون کەبونی صەحابەیە وە دەرنەچونی خەڵکە عەوامەکە لەناویان هیچ بیانویەکی نەبوو کەس نەبوو ئینکاری بکات هەموان پێکەوە دانیان نابوو بەو کوفرە ئاشکرایە وە هەروەها هەمویان طائیفەی ممتنع بوون طائیفەی ممتنع یش پێویستی بە إستتابە و ئیقامەی حوجە نیە بەموطّلەقی حوکمی کوفر دراوە بەسەریان.

پاشان دەڵێت ئەو زانایانەی دەڵێن تەکفیری دیاریکراو ناکرێت تەنها دوای ئیقامە حوجە نەبێت ئەوا لەبابەتە خەفیەکانە ئەم زانایانەی خوارەوەیە ↓↓↓

ئەو زانایانەی کە ئەم بنچینەیان تەخصیص کردووە بە بابەتە خەفیەکان ئەم زانا بەڕێزانەن :[شێخ محمد بن عبدالوهاب ، شێخ سلیمان بن سحمان ، شێخ

اسحاق بن عبدالرحمن ، شێخ عبدالله بن عبداللطيف ، شێخ ابراهيم بن عبداللطيف ، شێخ محمد حامد الفقي و جگه له وانيش ، وه ئەوەش مەذهەبی شێخی ئیسلام و ئیمامی ابن القیم ـه] .

↓↓↓

وەڵام / دەڵێم سوێند بەپەروەردگارەی ئاسمانەکانی ڕاگیرکردوە بەبێ پایە، درۆ دەکەیت ، چەواشەکاری دەکەیت ،هەرگیز واناڵێن، ئەتوانم سەدان قەولی شێخی ئیسلام و دەیان قەولی محمدی کوری عبدالوهاب بۆ بێنم کە دەڵێن تەکفیری دیاریکراو ناکەین ئیلا دوای ئیقامەی حوجە و تحققی شروط و انتفاء موانع نەبێت.

پاشان قەولێکی شێخ سلێمان بن سحمان دێنێتەوە کەباس لەو تەکفیری کەسانێ دەکات کە ئیقامە حوجەکراون و دەعوەکەیان پێگەیشتوە↓↓↓↓

شێخ سلێمان بن سحمان و هەردوو شێخ [عبدالله و ابراهيم]ی کوڕی عبداللطيف بن عبدالرحمن بن حسن ئەڵێن :

[بەڵام ئەو قەولەی کە ئەڵێن : بە تەئکید ئەو قەولە " قسەیە " کوفرە ، بەڵام حوکم نایەن بە کوفری قائیلەکەی " ئەوەی کوفرەکە ئەڵێ " بە موطلەق ، ئەوە جەهلێکی صرفە ، چونکە ئەو عیبارەتە جێبەجێ نابێت ئیلا لەسەر کەسی دیاری کراو نەبێت " العين " وە بابەتی تەکفیری کەسی دیاری کراو " المعين " بابەتێکی مەعروف و ناسراوە ، ئەگەر بڵێن قسەیەک لەوانەیە کوفر

بێت ، وە ئەڵێن : هەر کەسێک ئەو قسە کوفریە بڵێت کافرە بەڵام کەسی دیاریکراو ئەگەر ووتیشی حوکم نایەن بە کوفر بەسەریدا حەتا ئیقامە حوجە نەکرێت کە تەکفیری ئەوکەسە ئەکات کە تەرکی بکات ئەوە لە بابەتە شاراوەکانە " المسائل الخفية " کە دەلیل و بەڵگەکانی بزر و شاراوەکان لای هەنێک لە خەڵکی هەروەک لە بابەتەکانی قەدەر و ئیرجاء و هاوشێوەکانیان لەو قسەکانی ئەهلی هەواو ئارەزوو ئەیکەن ، چونکە هەنێک لە قسەکانیان هەنێک ئموری کوفری لە خۆ ئەگرێت کە ڕەدی بەڵگەکانی قورئان و سوننەتی متەواترە ، ئەشێ هەنێک لە قسەکانیان ڕەدی بەڵگەیەک بێت کە نەصی لەسەرە و ئەمەش کوفرە بەڵام حوکم نادرێت بە کوفر لەسەر ئەو کەسەی ئەو قسە کوفریە ئەکات ئیحتیمالە مانعێک هەبێت وەک جەهل ، یان نەبوونی عیلم بە خودی نەصەکە یان بە بەڵگەکانی سونەت]

وەڵام/ وەکو دەیان جار وتمان زانایانی دەعوەی نەجدی ئەوقسانەی کردویانە بەموطڵەق نەیانکردوە بەڵکو دەرحەق بەکەسان و کۆمەڵانێ کەس کردویانە کە دەعوەکەیان پێگەیشتوە و بابەتی شیرکی قبور و شیرکی گەورە لایان ئاشکرابووە وەکو واجب بونی نوێژوو ڕۆژوو بۆیە دەڵێن دەربارەی ئەوکەسانە ئیقامە حوجە و تەکفیرنەکردنی دیاریکراو بۆ کەسێکە کە بابەتەکەی خەفی بێت وئاشکرا نەبێت.

هەروەك عبدالله‌ی كورى محمد بن عبدالوهاب دەربارەی حاڵی دەعوەكه بڵاوبونەوەی دەعوەكەیان دەڵێت:" هذا الدين الذي ندعو إليه قد ظهر أمره وشاع وذاع وملأ الأسماع من مدة طويلة"الدرر(10/274).

دەڵێ: ئەم دینەی ئێمه بانگەوازی بۆ ئەكەین قوەت ودەسەڵاتی ئاشكرابوه و بڵاوبۆتەوه بەهەموو لایەكدا ماوەیەكی دوور درێژە گوێیەكان بیستویانه"

هەروەها شێخ عبداللطيف بن عبدالرحمن دەڵێ: وذكرنا أن عباد القبور قد قامت عليهم الحجة، أو على جمهورهم بالكتاب والسنة والإجماع "منهاج التأسيس ص 249.

دەڵێ: باسمانكرد گۆڕپەرستەكان ئیقامەی حوجەكراوه لەسەریان وه ئیقامەی حوجه لەسەر جەماوەری قەبرپەرستەكان كراوه بەقورئان و سونەت و ئیجماع"

پاشان چەواشەكاریەكی گەوره ئەكات و دەڵێ ↓↓↓

وه ئەو نەصانەی شێخی ئیسلام ابن تەیمیه باسی ئەكات كه ناوی كوفر بەسەر قەولێک دائەدا بەێ قائیلەكەی یان ناوی كوفر بەسەر فعلێک دائەدا بەێ فاعیلەكەی ، وه كەسی دیاریكراو تەكفیر ناكات بەو قسه و ئەقولانه ئەمه هەموو دەرباره ئەهلی بیدەعه ، باسی كەسێک نیه كه كەوتەوەته ناو شیركی زاهیر و ئاشكرا له قسه و له كردار ، بەوەنده درۆیەش ناوەستێ بەڵكو ئەو درۆ گەورانه ئەداته پاڵ گەوره زانایان و ئەڵێ ئا ئەوەش فەهمی

ئەهلی عیلمە لە قسەکانی جا بەڕێزان بۆ زانیاریتان ئائەم تەحریفانەی لەکتێبەکەی طارق عبدالحلیمی قاعیدەوە دزیوە کەیەکەم کەس بو وتەکانی ابن تەیمیە و دەعوەی نەجدی تەحریف کرد لە کتێبەکەی.

جا ئێستا بابزانین ئایا ڕاستە شێخی ئیسلام ابن تەیمیە کوفر بەسەر قەولێک دائەدا بەێ قائیلەکەی یان ناوی کوفر بەسەر فعلێک دائەدا بەێ فاعیلەکەی ، وە کەسی دیاریکراو تەکفیر ناکات بەو قسە و ئەقولانە ئەمە هەموو دەربارە ئەهلی بیدەعە ؟؟؟؟

ئەتوانم سەدان وتەی شێخی ئیسلامتان بۆ بێنم کەبەێ ئیقامە حوجە تەکفیری کەسی دیاریکراو ناکات

فەرموون بیخوێننەوە و بڕوانن ↓↓↓

قال أبو العبّاس بن تيميّة رحمه الله في "الفتاوى 3 - : 229 : " وكنت أبيِّن أن ما نُقل عن السلف والأئمَّة من إطلاق القول بتكفير من يقول كذا وكذا : فهو أيضاً حقٌّ ، لكن يجب التفريق بين الإطلاق والتعيين " .

دەڵێ: من هەمیشە ڕونکردۆتەوە و وتومە ئەوانەی نەقڵ کراون لەسەلەف و پێشەواکانەوە کاتێ بەموطڵەق دەڵێن هەرکەسێ ئاوا و ئاوا بڵێ کافرە، دەڵێم ئەمە حەقە ، بەڵام پێویستە جیاوازی بکرێت لەنێوان تەکفیری مطلق و کەسی دیاریکراو."

وه دەڵێت له " الفتاوى " 3 / 229 : " إني دائماً - ومن جالسني يعلم ذلك مني - من أعظم الناس نهياً عن أن يُنسب معيَّن إلى تكفير ، وتفسيق ، ومعصية إلا إذا علم أنه قد قامت عليه الحجة الرسالية التي من خالفها كان كافراً تارة ، وفاسقاً أخرى ، وعاصياً أخرى ، وإني أقرر أن الله تعالى قد غفر لهذه الأمة خطأها ، وذلك يعم الخطأ في المسائل الخبرية القولية ، والمسائل العملية ، وما زال السلف يتنازعون في كثير من المسائل ، ولم يشهد أحد منهم على أحد لا بكفر ، ولا بفسق ، ولا بمعصية "

دەڵێ: من بەردەوام لەهەمووکەس زیاتر ڕێگربومە لەوەی کەسی دیاریکراو تەکفیر بکرێت هەموو ئەوکەسانەشی لەگەڵم دانیشتوون ئەوە باش ئەزانن بۆیە من زۆر دژی ئەوەبوومە کەسی دیاریکراو تەکفیر وتەفسیق بکرێت تەنها کاتێ نەبێت کە ئیقامەی حوجەکرابێت لەو شتانەی کە ئەنجامی بدات کە کافربێت یان فاسق ببێت یان عاصی ببێت، هەمیشە وتومە اللە تعالى لەهەڵەی ئەم ئومەتە بوراوە یەکسانە هەڵە لەعەقیدە بێ یان لە کردەوە، چونکە سەلەف بەردەوام لەزۆر بابەت ناکۆک بوون کەسیشیان یەکتری تەکفیر و تەفسیق تاوانبارنەکردوە."

هەروەها دەڵێت لە 500/28 دەربارەی " ڕافیزەکان و هاوشێوەکانیان : أن هذه الأقوال التي يقولونها التي يُعلم أنها مخالفة لما جاء به الرسول كفر , وكذلك أفعالهم التي هي من جنس أفعال الكفار بالمسلمين هي كفر أيضا , وقد ذكرت

دلائل ذلك في غير هذا الموضع , لكن تكفير الواحد المعين منهم , والحكم بتخليده في النار , موقوف على ثبوت شروط التكفير وانتفاء موانعه , فإنا نطلق القول بنصوص الوعد والتكفير والتفسيق , ولا نحكم للمعين بدخوله في ذلك العام حتى يقوم فيه المقتضى الذي لا معارض له " .

دەڵێ: ئەو قسانەی ئەو ڕافیزانە دەیکەن کەزانراوە پێچەوانەی ئەو دینەیە کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم پێی هاتووە و کوفرە، هەروەها کارەکانیشیان لەڕەگەزی کاری کافرەکانە ئەویش بەهەمان شێوە کوفرە، بەڵگەکانیشم باس کردوە لەسەر کوفرەکانی ،بەڵام تەکفیرکردنی کەسی دیاری کراو لەوان، هەروەها حوکمدان بەهەتاهەتایی لەئاگریش وەستاوە لەسەر جێگیربونی مەرجەکان و نەمانی ڕێگریەکانی، ئێمە بەموطڵەقی دەقەکانی موژدەپێدان و تەکفیرکردن و تەفسیق کردن بەکاردێنین، بەڵام بڕیارنادەین لەسەر کەسی دیاریکراو لەو حوکمە گشتیە هەتاکو داخوازیەکانی نەمانی ڕێگریەکانی دەمێنێ."

هەروەها دەڵێت له 1 ـ 372 : " فإنا بعد معرفة ما جاء به الرسول نعلم بالضرورة أنه لم يشرع لأمته أن تدعو أحداً من الأموات لا الأنبياء ولا الصالحين ولا غيرهم لا بلفظ الاستغاثة ولا بغيرها، ولا بلفظ الاستعاذة ولا بغيرها، كما أنه لم يشرع لأمته السجود لميت ولا لغير ميت ونحو ذلك، بل نعلم أنه نهى عن كل هذه الأمور و إن ذلك من الشرك الذي حرمه الله تعالى ورسوله لكن لغلبة الجهل وقلة العلم بآثار الرسالة في كثير من المتأخرين لم يمكن

تكفيرهم بذلك حتى يتبين لهم ما جاء به الرسول - صلى الله عليه وسلم- مما يخالفه ".

دەڵێ:" ئێمە دوای ئەوەی ئەو دینەمان ناسی کە پێغەمبەر پێی هات بەزەڕوڕی زانیومانە کە ئەو پێغەمبەرە ڕێگەی نەداوە بە ئومەتەکەی کە هاواربکەنە هیچ یەکێ لەمردوەکان نە پێغەمبەران و نە پیاوچاکان نەغەیری ئەوانیش نە لەفظی فریاکەوتن نەبەهیچ لەفظێ وە نەبە لەفزی پەناگرتن وە نەبەهیچ لەفزێ، هەروەها ڕێگەی نەداوە بەئومەتەکەی سوجدە بەرن بۆ هیچ مردویەك، بەڵکو دەزانین هەموو ئەم شتانەی قەدەغەکردوە و هەموو ئەم شتانە شیرکە و خواوپێغەمبەر حەرامی کردوە، بەڵام بەهۆی زاڵ بونی نەزانی و نەبونی عیلم بەشوێنەواری ڕیساڵە لای زۆربەی پاشینەکان بۆیە ناتوانین تەکفیریان بکەین تاکو ئەو دینەی بۆ پێغەمبەر هاتوە بۆیان ڕون نەکەینەوە" هەروەها دەڵێ 14 ـ 48 : " وَمَنْ أَنْكَرَ شَيْئًا مِنْ الْقُرْآنِ بَعْدَ تَوَاتُرِهِ اُسْتُتِيبَ فَإِنْ تَابَ وَإِلَّا قُتِلَ وَأَمَّا قَبْلُ تَوَاتُرِهِ عِنْدَهُ فَلَا يُسْتَتَابُ؛ لَكِنْ يُبَيَّنُ لَهُ " .

دەڵێ: هەرکەسێ ئینکارێ هەرشتێ بکا لەقورئان دوای ئەوەی کە تەواتربووە ئەوا داوای تەوبەی لێ دەکرێ ئەگەر تەوبەی نەکرد ئەکوژرێ بەڵام پێش ئەوەی متواتربێت لەلای ئەوا داوای تەوبەی لێ ناکرێت بەڵکو بۆی ڕوون ئەکرێتەوە."

هەروەها لە "الرد على البكري" 1 /413 دەڵێت : " ومن أنكر ما ثبت بالتواتر والإجماع فهو كافر بعد قيام الحجة عليه ".

دەڵێ: هەکەسێ ئینکاری شتێك بکات کە جێگیربوبێت بە تەواتر و ئیجماع ئەوا دوای ئیقامەکردنی حوجە لەسەری کافر ئەبێت."
هەروەها پرسیار لەشێخی ئیسلام ابن تەیمیە دەکرێت دەربارەی کەسێك بڵێ تەکالیفە شەرعیەکان لەسەری نەماوە 11 /401 ـ 406 لەوەڵامدا دەڵێت : " لا ريب عند أهل العلم والإيمان أن هذا القول من أعظم الكفر وأغلظه . وهو شر من قول اليهود والنصارى ... لكن من الناس من يكون جاهلا ببعض هذه الأحكام جهلا يعذر به فلا يحكم بكفر أحد حتى تقوم عليه الحجة من جهة بلاغ الرسالة كما قال تعالى : (لئلا يكون للناس على الله حجة بعد الرسل) وقال تعالى : (وما كنا معذبين حتى نبعث رسولا) : (لئلا يكون للناس على الله حجة بعد الرسل) وقال تعالى : (وما كنا معذبين حتى نبعث رسولا) انتهى.
دەڵێ: گومانی تیانیە لای ئەهلی عیلم و ئیمان ئەم قسەیە زۆر گەورەتر وپیسترە لەکوفرەکانی یەهودو نەصاری، بەڵام هەندێ لەخەڵکی دەبینی نەزانن بەهەندێ لەم حوکمانە نەزانیەك کە عوذریان پێ ئەدرێت بۆیە بڕیاری کافربونی کەس نادرێت تاکو ئیقامەی حوجەی لەسەردەکرێ و لەڕووی

گەیشتنی ڕیساله پێی الله تعالی دەفەرمێت: : (لئلا یکون للناس علی الله حجة بعد الرسل) وەدەفەرمێت : (وما کنا معذبین حتی نبعث رسولا)

هەروەها لەمجموع7 / 610 - 617 دەڵێ: فإن كثيراً من الفقهاء يظن أن من قيل : (هو كافر) ، فإنه يجب أن تجري عليه أحكام المرتد ردة ظاهرة، فلا يرث ولا يورث ولا يناكح ؛ حتى أجروا هذه الأحكام على من كفروه بالتأويل من أهل البدع، وليس الأمر كذلك .

دەڵێ: زۆرێ لەفوقەهاکان واگومان دەبەن ئەگەر بوترێ فلاّن کافرە ئەوا واجبە ئەحکامە زاهیریەکانی مورتەدی لەسەر جێبەجێ بکرێت میراتی لێ نەگیرێ و ژن و ژنخوازی لەگەڵ نەکرێ تەنانەت ئەم حوکمانەیان لەسەر ئەهلی بیدەعیش جێ بەجێ کردوە کەبەهۆی تەئویلەوە کافریان کردون، بەڵام بابەتەکە ئاوانیە."

هەروەها ابن القيّم رحمه الله له "الطرق الحكمية"(174) دەڵێ: (... وأما أهل البدع الموافقون لأهل الإسلام، ولكنهم مخالفون في بعض الأصول كالرافضة والقدرية والجهمية وغلاة المرجئة ونحوهم ، فهؤلاء أقسام :

أحدهما : الجاهل المقلد الذي لا بصيرة له، فهذا لا يكفر ولا يفسق، ولا ترد شهادته إذا لم يكن قادراً على تعلم الهدى، وحكمه حكم المستضعفين (إِلاَّ الْمُسْتَضْعَفِينَ مِنَ الرِّجَالِ وَالنِّسَاء وَالْوِلْدَانِ لاَ يَسْتَطِيعُونَ حِيلَةً وَلاَ يَهْتَدُونَ سَبِيلاً فَأُوْلَـئِكَ عَسَى اللّهُ أَن يَعْفُوَ عَنْهُمْ وَكَانَ اللّهُ عَفُوًّا غَفُورًا) [النساء: 98-

99]

القسم الثاني : المتمكن من السؤال وطلب الهداية ومعرفة الحق، ولكن يترك ذلك اشتغالاً بدنياه ورئاسته ولذته ومعاشه وغير ذلك، فهذا مفرط مستحق للوعيد آثم بترك ما وجب عليه من تقوى الله بحسب استطاعته، فهذا حكمه حكم أمثاله من تاركي بعض الواجبات، فإن غلب ما فيه من البدعة والهوى على ما فيه من السنة والهدى ردت شهادته، وإن غلب ما فيه من السنة والهدى قبلت شهادته .

القسم الثالث : أن يسأل ويطلب ويتبين له الهدى، ويتركه تقليداً أو تعصباً، أو بغضاً ومعاداة لأصحابه، فهذا أقل درجاته أن يكون فاسقاً، وتكفيره محل اجتهاد وتفصيل ...) .

ئەما ئەهلی بیدەع ئەوانەی کە موافیقی ئەهلی ئیسلامن بەڵام لەچەند ئوصوڵێ پێچەوانەی ئیسلامن وەك ڕافیزە و قەدەریەکان و غولاتی مورجیئەکان و هاوشێوەکانیان ئەمانە چەند بەشێکن:

یەکەمیان: ئەوانەی نەزانن و هیچ عیلمێکیان نیە و موقەلیدن ئەم جۆرانەیان تەکفیر و تەفسیق ناکرێن و شایەدیشیان ڕەتناکرێتەوە مادام توانای فێربوونیان نەبوبێت، ئەمانە حوکمیان حوکمی مستضعف ەکانە

بەشی دووەمیان: ئەوانەیان کە توانای فێربوون و پرسیارکردنیان هەیە بەڵام بەهۆی دنیا و مەعیشەت وخۆشیەکانیان پشتگوێیان خستوە ئەمانە

شایستەی هەڕەشەن و گوناحبارن بەپێی ئەو واجیبات و تەقوایەی کەتەرکیان کردوە، ئەگەر هەوەس و ئارەزووەکانیان زیاتربوو لەسونەت ئەوا شەیەدیان ڕەت ئەکرێتەوە.

بەشی سێیەمیان: پرسیاردەکەن و داوای عیلم دەکەن بۆیان ڕونبۆتەوە بەڵام تەرکی ئەکەن بەهۆی تەقلید و دەمارگیری و ڕِقی ئەوانەی حەقەکەیان بۆ هێناون کەمترین حوکمی ئەم جۆرە کەسە فاسق بونە و تەکفیرکردنیشییان جێگای اجتیهادە."

شێخی ئیسلام ابن تەیمیە-رحمه الله-دەڵێت:" وهذا الشرك إذا قامت على الإنسان الحجة فيه ، ولم ينته؛ وجب قتله كقتل أمثاله من المشركين ولم يدفن في مقابر المسلمين ولم يصلَّ عليه، وأما إذا كان جاهلاً لم يبلغه العلم ولم يعرف حقيقة الشرك الذي قاتل عليه النبي صلى الله عليه وسلم المشركين؛ فإنه لا يحكم بكفره ولا سيما وقد كثر هذا الشرك في المنتسبين إلى الإسلام ومن اعتقد مثل هذا قربة وطاعة ؛ فإنه ضال باتفاق المسلمين وهو بعد قيام الحجة كافر"جامع المسائل(3/151).

دەڵێ: ئەم شیرکە ئەگەر بەهۆیەوە ئیقامەی حوجەکرا لەسەر ئینسان بەڵام وازی نەهێنا ئەوکاتە واجبە بیکوژی وەك وێنەی کوشتنی موشریکەکان و لەگۆڕستانی موسڵمانانیش نانێژرێت و نوێژیشی لەسەر ناکرێت، بەڵام ئەگەر جاهیل بوو و عیلمی پێ نەگەیشتبوو و حەقیقەتی شیرکی نەدەزانی و ئەو

شیرکەی نەدەناسی کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بەهۆیەوە قیتالی موشریکانی کرد، ئەوا حوکمی نادرێ لەسەری بەکافربوون سەرەڕای ئەوەی ئەم شیرکە زۆربوە لەنێو ئەوانەی خۆیان بەموسڵمان دائەنێن، بەڵام ئەوانەیان کە ئەم شیرکە بەطاعەت و نزیک بونەوە لەخوا دائەنێن ئەوا ئەم کەسە گومڕایە بەکۆڕای موسڵمانان، وە دوای ئیقامەی حوجەش کافر ئەبێت." کۆتایی هات وتەکەی.

هەروەها شێخی ئیسلام ئیبن وتەیمیە لەکتێبی - الرد على الأخنائی- دەڵێت:

من دعا غير الله وجح الى غير الله هو أيضاً مشرك ، والذي فعله كفر، لكن قد لايكون عالماً بأن هذا شرك محرم كما أن كثيراً من الناس دخلوا في الإسلام من التتار وعندهم أصنام لهم صغار من لبد وغيره وهم يتقربون إليها ويعظمونها ولايعلمون أن ذلك محرم في دين الإسلام ويتقربون الى النار أيضاً ولايعلمون أن ذلك محرم، فكثير من أنواع الشرك قد يخفى على بعض من دخل في الإسلام ولا يعلم أنه شرك، فهذا ضال وعمله الذي أشرك فيه باطل لكن لايستحق العقوبة حتى تقوم عليه الحجة...وكذلك كثير من الداخلين في الإسلام يعتقدون أن الحج إلى قبر بعض الأئمة والشيوخ أفضل من الحج أو مثله ، ولايعلمون أن ذلك محرم ولابلغهم أحد أن هذا شرك محرم لايجوز "ص205..207]

واته: هەرکەسێك هاواربکاتە غەیری اللە و حەج بکات بۆ غەیری ماڵی خوا ئەمەش موشریکە و کارەکەی کوفرە بەڵام ئەشێ زانا نەبێت بەوەی ئەم کارە شیرك بێت و حەرام بێت

هەروەك زۆرێك لەو خەڵکانەی داخلی ئیسلام بوون لەتەتارەکان و غەیری ئەوان کە چەندین بتی بچوکیان هەیە نزیك دەبنەوە لێیان تەعزیمی دەکەن و ناشزانن ئەم کارەیان حەرامە لەدینی ئیسلام، هەروەها نزیك دەبنەوە لە ئاگریش ناشزانن ئەم کارەیان حەرامە، هەربۆیە زۆرێك لەجۆرەکانی شیرك ئەشێت شاراوە بێت لای ئەوکەسانەی داخلی ئیسلام دەبن و نازانن شیرکە، ئەمە گومڕاییە ئەو کارەیان باتڵە بەڵام سزا نادرێن تاکو ئیقامە حوجەیان لەسەرنەکرێت.

بەهەمان شێوە زۆرێك لەوانەی داخلی ئیسلام بوونە باوەڕیان وایە حەج کردن بۆلای هەندێ لەپێشەوا و شێخەکان باشترە لەحەج یان وەکو حەجە نازانن ئەم کارەیان حەرامە و کەس پێی نەوتون ئەمە شیرکە و حەرامە و نابێت.]

هەروەکو شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب لەتعلیقی لەسەر ئەم بەسەرهاتە دەڵێ :ولكن هذا القصة تفيد أن المسلم بل العالم قد يقع في أنواع من الشرك لايدري عنها، فتفيد التعلم والتحرز ، ومعرفة أن قول الجاهل ان التوحيد فهمناه ان هذا من اكبر الجهل ومكائد الشيطان وتفيد أيضاً أن المسلم المجتهد إذا تكلم

بكلامٍ كفر وهو لايدري فنُبه على ذلك فتاب من سعاته أنه لايكفر كما فعل بنو إسرائيل والذين سألوا النبي صلى الله عليه سلم. ((العقيدة والآداب الإسلامية))ص174

واتە: بەڵام ئەم ڕوداوە ئەوەمان پێ دەڵێت کەوا موسڵمان هەروەها زاناش ئەشێت بکەوێتە جۆرەها شیرکەوە و نەزانێت، وە ئەوەشمان پێ دەڵێت کەخۆمان فێربکەین و خۆمان بپارێزین، وتەی ئەو کەسە جاهیلانەشمان بۆ دەرەکەوێ کەدەڵێن تەوحیدمان ناسیوە ئەمەش گەورەترین جەهل و فێڵی شەیتانە.

هەروەها ئەوەشمان پێ دەڵێت کە موسڵمانی موجتەهید ئەگەر قسەیەکی کوفری گووت نەیدەزانی کەوا کوفرە و ئاگادارکرایەوە لەسەری یەکسەر تەوبەی کرد ئەوا کافرنابێت هەروەك چۆن نەوەکانی ئیسرائیل ئەنجامیان دا یان ئەوانەی داوایان کرد لەپێغەمبەرصلى الله عليه وسلم."

.

ابنُ أبي العِزِّ -رحمه الله- دەڵێت: (اعلَمْ -رحمك اللهُ وإيَّانا- أنَّ بابَ التكفيرِ وعَدَمِ التكفيرِ: بابٌ عَظُمَت الفتنةُ والمحنةُ فيه، وكَثُر فيه الافتراقُ، وتشَتَّتَت فيه الأهواءُ والآراءُ، وتعارضت فيه دلائِلُهم؛ فالنَّاسُ فيه في جنسِ تكفيرِ أهلِ المقالاتِ والعقائِدِ الفاسِدةِ المخالِفةِ للحَقِّ الذي بعَث اللهُ به رسولَه في نفسِ الأمرِ، أو المخالِفةِ لذلك في اعتقادِهم؛ على طَرَفينِ ووَسَطٍ، مِن جِنسِ

الاختلافِ في تكفيرِ أهلِ الكبائِرِ العَمَليَّةِ... إذا كان القَولُ في نَفْسِه كُفرًا، قيل: إنَّه كُفرٌ، والقائِلُ له يَكفُرُ بشُروطٍ وانتفاءِ موانِعَ)((شرح الطحاوية)) (2/ 432-437).

بزانە اللە ڕەحم لەتۆ و لەئێمەش بکات بابەتی تەکفیرکردن و تەکفیرنەکردن بۆتە هۆکاری گەورەترین بەڵا و مەینەتی و بەهۆی چەندین تەفرەقە دروست بووە، چەندین جۆر هەواو بۆچوون هاتۆتە ئاراوە، بەڵگەکانیان هەموو دژ بەیەکن خەڵکی دەربارەی ئەوعەقیدە فاسیدانەی کەپێچەوانەی ئەو حەقەن کەپێغەمبەر صلى الله عليەوسلم پێی هاتووە کەوتونەتە دوو لاوە لەگەڵ لایەکی مامناوەند ، ئەگەر وتەیەك لەخودی خۆیدا کوفرێت، دەوترێ ئەوە کوفرە بەڵام قسەکەر دوای لەدوای مەرجەکان و نەمانی ڕێگریەکان تەکفیر دەکرێت. [کەواتە بۆمان دەرکەوت لەو وتانەی شێخی ئیسلام ابن تەیمیە کەوا کابرای ڕاستی نەکرد لەوەی دەڵێ شێخی ئیسلام ابن تەیمیە لەشیرکی گەورە تەکفیری دیاریکراوی کردوە]

پاشان کابرا دێتەوە ئەم وتەیە نەقڵ ئەکات ↓↓↓↓

[شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب ئەڵێت : وە قسەکانی شێخ ـ واتە شێخی ئیسلام ـ لە بابەتی شیرک و ڕیدە نیە بەڵکو لە بابەتەکانی جوزئیاتە جا یەکسانە لە بابتەکانی ئوصول بێت یان فروع ، وە مەعلوم و زانراوە و لە کتێبەکانی باسی کردووە لە بابەتەکانی صیفات و مەسئلەی قورئان و مەسئەلەی

ئیستیواء و جگە لەوانەیە ، مەذهەبی سەلەف باسی ئەکات کە اللە تعالی ئەمری پێکردووە وە ڕەسولەکەی و هاوەڵەکانی ، پاشان باسی مەذهەبی ئەشاعیرە و جگە لەوانیش ئەکات هێرش ئەکەن سەر موخالیفەکانیان و ڕەجمیان ئەکەن و جنێویان پێ ئەیەن ...هەتا ئەو شوێنەی ئەڵێ : قسەکانی شێخ لەو جۆرەیە : کە سەلەف تەکفیری نوعیان کردووە بەڵام بەدیاری کراوی ئەگەر حەقی ناسی و موخالەفەی کرد تەکفیر ئەکرێت بە دیاری کراوی ، ئەگەرنا تەکفیر ناکرێت] .

وەڵام/ شێخ موحممەدی کوڕی عبدالوهاب ئەم وتەیەی شێخی ئیسلام لەوڵامی ئەوکەسەدا دەڵێ کەگوایە شێخی ئیسلام کەسی دیاریکراو و مونتسب بۆ ئیسلام هەرگیز تەکفیرناکات کاتێك بکەوێتە کوفر وشیرکەوە لەهیچ کاتێك بۆیە شێخ محمد بن عبدالوهاب لەتەعلیقی لەسەر ئەو قسەیەی ابن تەیمیە کەدەڵێ [: من بەردەوام لەهەمووکەس زیاتر ڕێگربومە لەوەی کەسی دیاریکراو تەکفیر بکرێت هەموو ئەوکەسانەشی لەگەڵم دانیشتوون ئەوە باش ئەزانن بۆیە من زۆر دژی ئەوەبوومە کەسی دیاریکراو تەکفیر وتەفسیق بکرێت تەنها کاتێ نەبێت کە ئیقامەی حوجەکرابێت لەو شتانەی کە ئەنجامی بدات کە کافربێت یان فاسق ببێت یان عاصی ببێت] شێخ محمد دەڵێ: ئەمە سیفەتی قسەکانی ابن تەیمیە

لەهەر بابەتێ سەیری قسەکانیان کردبێ هەرکاتێ باسی تەکفیری دیاریکراو بکات دەیبەستێتەوە بەلابردنی ئیشکالەکان وەمەبەستیشی لەوەستان لەتەکفیر ئەوەیە ئێش ئەوەی ئیقامە حوجە بکرێ بەڵام کە حوجەکرا بەپێی ئەوە حوکمی لەسەر ئەدا هەروەها تەصریحی داوە کە قسەکانی پەیوەست نیە بەو بابەتانەی کە ئاشکران، هەربۆیە لەڕەدی متکلمین باسی کردوە هەندێ لەپێشەواکانیان هەڵگەڕانەوەیان تێدایە لەئیسلام"پاشان شێخ محمد قەولەکەی ابن تەیمیە نەقڵ دەکات کە حوکمی ڕیدەی تێدا ئەدات بەسەر ڕازی پاشان تەعلیقی لەسەر دەدات و دەڵێ" لێی وردبەوە وردبەوە لەو وردەکاریە شوبهانەی دوژمانانی اللە باسی ئەکەن بەڵام کەسێ اللە توشی فیتنەی بکات هیچت پێ ناکرێ بۆی، بۆیە ئەوەی باوەڕمان پێیەتی و بەدینی ئەزانین و داوا دەکەین اللە ثابتمان بکات لەسەری ئەوەیە ئەگەر ئەویش غەڵەت بکات یان گەورەتر لەئەو لەم بابەتە غەڵەت بکات بابەتی ئەوەی موسڵمانێ هاوبەش بۆ اللە بڕیاربدات دوای گەیشتنی حوجە یان موسڵمانێ باوی قبوریەکان بدات بەسەر موەحیدان واشبزانێ لەسەر حەقە لەغەیری ئەم کوفرە ئاشکرایانە کەخوا و پێغەمبەرەکەی و زانایانی ئومەت ڕونیان کردۆتەوە ئێمە ئیمانمان بەوە هەیە کەلەلایەن خوا وپێغەمبەرەکەی بۆمان هاتوە لەکافرکردنیان "

جائەگەر بێتو شێخ محمد بن عبدالوهاب لەبابەتە ئاشکراکان بەو شێوەیە تێگیشتبێ لە شێخی ئیسلام ابن تەیمیە کە بابەتە ئاشکراکان ئەو بابەتانە بن

كه بەڵگەكانيان ئاشكران لەكيتاب و سونەت تەنها ئەمەبێ مانای ئاشكرايی ئەوا وتەكانی دژ وپێچەوانەی يەكتر ئەبنەوە، بەڵام تۆ دەبێ لەناونيشانی ئەو بابەتە بڕوانی كە شێخ محمد موناقەشەی دوژمنەكانی لەسەرئەكات كەدەڵێ:"موسڵمانێ هاوبەش بريار بدات بۆ اللە ئەگەر حوجەی پێگەيشتبێ"بڕوانە بەستايەوە بەگەيشتنی حوجە، هەروەها بگەڕێوە بۆ وتەكانی پێشووی كەدەڵێ من جاهيلێ تەكفيرناكەم كە بكەوێتە ناو شيركەوە مادام كەس نەبوبێ ئاگاداری بكاتەوە"

هەروەها شێخ محمد بن عبدالوهاب وتەيەكی تری هەيە هەمان ئەو مانايە اقراردەكات و دەڵێ ابن تەيميە" عينادی بەمەرج دەگرێ بۆ تەكفيركردنی كەسی دياريكراو لەبابەتی صيفات نەك لەبابەتی شيرك لەبابەتی شيرك تەنها ڕونكردنەوە بەمەرج ئەگرێت، كەواتە شێخ محمد بن عبدلوەهاب كاتێ باسی مەزهەبی ابن تەيميە دەكات ، مەبەستی ئەوەيە كەسێ بكەوێتە شيركەوە ناوترێ كافرنابێ ئيلا كاتێ نەبێ كەحەق بناسێ بۆی ڕوون ببێتەوە پاشان پێچەوانەی بكات بەڵكو مادام ئەو بابەتە ئاشكرايە لەناوخەڵك ئاشكرابوو عيلميان پێی هەبوو لەگەڵ ئەوەشدا ديلالەتەكەشی ظاهر و ڕوون بوو لەدەقەكانی وەحی،واتە وەحيان پێ گەيشتبوو بەم شێوەيە، ئەوەشی كەنەيزانيوە توانای زانينی هەبوە بەڵام پشتی لەزانين كردوە هەربۆيە ئەم بابەتە بەمەرج نەگيراوە عينادی هەبێت لەتەكفيركردنی كەسی دياريكراو، بەپێچەوانەی بابەتە خەفی و شاراوەكان ،

کەواتە شێخ محمد بن عبدالوهاب و شێخی ئیسلام کۆکن لەم بابەتە کە تەکفیرنەکردنی کەسی دیارکراوە کە دەکەوێتە شیرکی گەورە پێش گەیشتنی حوجە. هەربۆیە شێخ ل محَمَّدُ بنُ عبدِ الوَهَّابِ دەڵێ: (مسألَةُ تكفيرِ المُعَيَّنِ مسألَةٌ معروفةٌ، إذا قال قولًا يكونُ القَوْلُ به كُفرًا، فيقال: من قال بهذا القَوْلِ، فهو كافِرٌ، لكِنَّ الشَّخصَ المُعَيَّنَ إذا قال ذلك، لا يُحكَمُ بكُفرِهِ حتى تقومَ عليه الحُجَّةُ التي يَكفُرُ تارِكُها"الدرر السنية (432/10).

دەڵێ" بابەتی تەکفیرکردنی کەسی دیاریکراو بابەتێکی ناسراوە، ئەگەر قسەیەکی کرد قسەکە کوفربوو، دەوترێ هەرکەسێ ئەم قسەیە بکات کافرە، بەڵام کەسی دیاریکراو کەقسەیەکی کوفری کرد بڕیاری کافربونی نادرێت تاکو ئیقامەی حوجەی نەکرێت"

بەڵام ئەوەش باس بکەین شێخی ئیسلام ابن تەیمیە کۆمەڵێ کەسی بەدیاریکراوەیی تەکفیرکردوە وەك ڕازی و فارابی و ابن سینا و ابن عەرەبی بۆچی ؟ چونکە کوفری ئەمانە لای هەموو خەڵکی و هەموو دینەکان ئاشکرابوون کوفرەکانیان ئیلحاد بوو وە پێچەوانەی ئاشکرای مجمل ی تەوحید بوو و بتپەرستیەکی ئاشکرایان هەبووە بەڵام دەبینی ڕافیزەکان تەکفیرناکات کە دەڵێ خاوەنی چەندین جۆری شیرکن هەروەها تەکفیری زانایانی قبوری ناکات لەوانە البكري و تقى الدين السبكي و ئەحنائی و ابن حجر الهيتمي هەروەها تەتارەکان کەتازە موسڵمان بووبون بتیان هەبوو هەروەها قەڵەندەریە

موشریەکەکان و شوێنکەوتەی باطنیەکان هەموو ئەم تاقمانە بەموسڵمان ناو دەبات لەریزی موسڵمانان ناویان دێنێ بەڵام عوذریان بەنەزانی وبەتەئویل بۆ دێتنێتەوە کەواتە بۆمان دەرکەوت کابرا لەکوێ کاوێژ ئەکات و چۆن ئەیەوێ خۆڵ بکاتە چاو ئەوانەی دەوروبەری کەهیچ ئاگایان لەدنیای عیلم و زانیاری نیە.

پاشان لەکۆتاییدا وتەیەکی جاحظ دێنێتەوە کەخۆشی سەری لێ دەرناکات کۆمەڵێ قسەی قۆڕ و بێ مانا و کۆمەڵێ تەحریف و بڕوبیانوو و پینەو پەڕۆی بێ بنەما دەکات بۆ وتەکانی ابن تەیمیە کە هیچ یەکێ لەزانایان قسەی وایان نەکردوە لەهیچ کتێبێ شتی وا نەهاتووە بەڵکو ئەوە قسەی حازمی بوو ئەو مامۆستاتان بوو یەکەم کەس بوو ئەو تەحریفەی کرد ئەیوت ابن تەیمیە ئەوانەی تەکفیری نەکردون کوفرە بالمآل لەمەدا عوذری داناوە بەجەهل و تەئویل و دەڵێن ئەوکەسانەی تەکفیری نەکردون مەبەستیان ئەوەنەبوە کافربن له مآل بەڵام له کوفری صریح وەك شیرك له عیبادەت ئەوا کافر ئەبن، ئەم بیردۆزەش واقعی قبوریەکان هەڵیدەوەشێنێتەوە، چونکە نەفی ئەوە دەکەن کە غەیری خوایان پەرستێ و غەیری اللّٰەیان بەخوای خۆیان دانابێ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە قبوریەکان مەبەستیان ئەو مانایە نەبوە کەبەهۆیەوە تەکفیرکراون بەدیاریکراوەیی کەواتە دەبێت بەپێی بیردۆزی مەئالیەکان بێت

قبوریەکان تەکفیر نەکەن چونکە کوفرەکەیان بەمآل ە" بڕوانە کتێبی(کشف الالتباس لاپەڕە 519-522 الملحق رقم 8)

والحمدلله رب العالمين.

وانەی یازدەهەمی قاعیدە گومڕاکەرەکان

لەبابەتی ئەمجارەمان وەڵامی ئەو بەناو بەڵگانە ئەدەینەوە کە دەڵێن بەپێی ئەم بەڵگانە کوفر و شیرکی گەورە بەدیاری کراوەیی بەسەر خاوەنەکەیدا دەدرێت :

ئەمەش بەناو بەڵگەی یەکەمیان ↓↓↓↓

١ ـ اللە تعالى لە سورەتى " الكهف " چیرۆکێکمان بۆ باس ئەکات پێم خۆشە بە دریژی بۆتان نەقڵ بکەم بۆ ئەوەی بەتەواوی ئاگاداری چیرۆکەکە بین لێی حاڵی بین لە بابەتەکە و ئەفەرموویت :

[وَاضْرِبْ لَهُم مَّثَلًا رَّجُلَيْنِ جَعَلْنَا لِأَحَدِهِمَا جَنَّتَيْنِ مِنْ أَعْنَابٍ وَحَفَفْنَاهُمَا بِنَخْلٍ وَجَعَلْنَا بَيْنَهُمَا زَرْعًا (٣٢) كِلْتَا الْجَنَّتَيْنِ آتَتْ أُكُلَهَا وَلَمْ تَظْلِم مِّنْهُ شَيْئًا ۚ وَفَجَّرْنَا خِلَالَهُمَا نَهَرًا) الكهف (٣٣)

وَكَانَ لَهُ ثَمَرٌ فَقَالَ لِصَاحِبِهِ وَهُوَ يُحَاوِرُهُ أَنَا أَكْثَرُ مِنكَ مَالًا وَأَعَزُّ نَفَرًا (٣٤)وَدَخَلَ جَنَّتَهُ وَهُوَ ظَالِمٌ لِّنَفْسِهِ قَالَ مَا أَظُنُّ أَن تَبِيدَ هَٰذِهِ أَبَدًا (٣٥)وَمَا أَظُنُّ السَّاعَةَ قَائِمَةً وَلَئِن رُّدِدتُّ إِلَىٰ رَبِّي لَأَجِدَنَّ خَيْرًا مِّنْهَا مُنقَلَبًا (٣٦)قَالَ لَهُ صَاحِبُهُ وَهُوَ يُحَاوِرُهُ أَكَفَرْتَ بِالَّذِي خَلَقَكَ مِن تُرَابٍ ثُمَّ مِن نُّطْفَةٍ ثُمَّ سَوَّاكَ رَجُلًا(٣٧)لَّٰكِنَّا هُوَ اللَّهُ رَبِّي وَلَا أُشْرِكُ بِرَبِّي أَحَدًا (٣٨)] الكهف .

تۆ نمونەو نەزیلەی دوو پیاو بۆ موشریکەکان بهێنەوە ئەی پێغەمبەر ـ صلى الله عليه وسلم ! کە دونیا لایان زۆر بەنرخەو بە پێغەمبەر ئەڵێن : ئەبێ موسڵمانە هەژارەکان دوورەوە خەیت [جَعَلْنَا لِأَحَدِهِمَا جَنَّتَيْنِ مِنْ أَعْنَابٍ] دوو باخە (رەزمان) بە یەکێکیان دابوو [وَحَفَفْنَاهُمَا بِنَخْلٍ وَجَعَلْنَا بَيْنَهُمَا زَرْعًا] و بە (دارخورما) دەورماندابوون و، لە نێوانیشیاندا مەزراو بێستانێکمان شین کردبوو، دیارە کە دیمەنی ئاوا دیمەنێکی زۆرجوان و دڵڕفێنە: ڕووبار و ئاوی ڕەوان هەڵقوڵێن، باخە ڕەزی تری و، باخە خورما دەورەی بدا، ئەوجا ڕەزو دانەوێڵە لەپاڵ یەکدا لەگەشەدابێ و هەردەم شنەیان بێت. [كِلْتَا الْجَنَّتَيْنِ آتَتْ أُكُلَهَا] ئەو دووباخە هەردوو بەتێرو تەسەلی میوەی چاکیان ئەدا [وَلَمْ تَظْلِم مِّنْهُ شَيْئًا ۚ] و هیچیان لێ خەسار نەدەبوو [وَفَجَّرْنَا خِلَالَهُمَا نَهَرًا] وە لەنێوان هەردوویاندا کانیی و ڕووبارێکی زۆرمان هەڵقوڵاند بۆ ئاودانیان و جوانیی و زینەتیان .

[وَكَانَ لَهُ ثَمَرٌ] هەمیشە لەکاتی خۆیدا بەروبووی دەدا [فَقَالَ لِصَاحِبِهِ وَهُوَ يُحَاوِرُهُ] ئەوجا خۆی لێگۆڕاو بە فشەیەکەوە بەهاوەڵە هەژارەکەی ووت: [أَنَا أَكْثَرُ مِنكَ مَالًا وَأَعَزُّ نَفَرًا] من ماڵ و سامانم لەتۆ زیاترە، وە بەدەست و [وَدَخَلَ جَنَّتَهُ وَهُوَ ظَالِمٌ لِّنَفْسِهِ] ڕۆژێک بەکەش و فشێکەوە دەستیی هاوڕێ موسڵمانەکەی گرتوو و ڕۆیشتە ناو باخەکەیەوەو، خۆی بەشتێکی سەیر هاتە پێش چاو [قَالَ مَا أَظُنُّ أَن تَبِيدَ هَـٰذِهِ أَبَدًا] بە لووتێکی بەرزەوە ووتی: هەرگیز باوەڕ ناکەم ئەم باخ و باخاتەم تیا بچێت. [وَمَا أَظُنُّ السَّاعَةَ قَائِمَةً] باوەڕناکەم قیامەتیش هەرگیز بەرپا ببێت [وَلَئِن رُّدِدتُّ إِلَىٰ رَبِّي لَأَجِدَنَّ خَيْرًا مِّنْهَا مُنقَلَبًا] خۆ ئەگەر هەر برایشمەوە بۆلای پەروەردگارم و قیامەتیش ڕاست بوو هات و دوای مردنیش زیندوو کرامەوە - وەکو تۆ ئەڵێیت - دڵنیام کە لەوێش جێگایەکی چاکترو باخ و باخاتێکی رازاوەترم دەست دەکەوێ، چونکە شان و شەوکەتی خۆم ئەوە هەڵدەگرێت. [قَالَ لَهُ صَاحِبُهُ وَهُوَ يُحَاوِرُهُ] هاوەڵە ئیماندارەکەیشی پێی ووت: [أَكَفَرْتَ بِالَّذِي خَلَقَكَ مِن تُرَابٍ] ئەرێ کافرو بێ باوەڕ بووی بەو خوایە کە لەبنەچە تۆی لە گڵ دروستکرد؟ [ثُمَّ مِن نُّطْفَةٍ] پاشان لەتنۆکە ئاوێکی قێزەون [ثُمَّ سَوَّاكَ رَجُلًا] ئەوجا قۆناغ بەقۆناغ کردیتی بە پیاوێکی تەواوو ئێستایش یاخی بوویت؟!

[لَّـٰكِنَّا هُوَ اللَّـهُ رَبِّي] بەڵام -چاک بزانە- کەمن پێ لێ دەنێم و دەڵێم: کە هەر

ئەو (الله)یە پەروەردگارو بەدیهێنەرم [وَلَا أُشْرِكُ بِرَبِّي أَحَدًا] و هیچ کەسیش ناکەمە هاوتاو هاوبەشی پەروەردگارم .

سەرنج لەم چیرۆک و بە سەرهاتەی قورئان بدەن ، کابرای دەوڵەمەند کوفر ئەکات ، کابرای هەژار ڕاستەوخۆ و بە دیاری کراوی تەکفیری ئەکات و پێی ئەڵێ تۆ کافر بووی بە الله تعالی ، ئەم تەکفیرە تەکفیری کەسی دیاریکراوە و جیاوازی نەکراوەتە نێوان " كفر النوع " و " كفر العين " وە جیاوازی نەکراوەتە نێوان " القول " و " القائل " ، ووشەی کوفری ووت و برادەرەکەی ڕاستەوخۆ تەکفیری کرد .

↓↓↓↓↓↓↓

جا لەوەڵامی ئەم شوبەهەیەدا دەڵێین/ بابزانین زانایانی موفەسیرینی قورئانی پیرۆز چی دەڵێن دەربارەی ئایەتی (أُكفرتَ بالذي خلقك) :-

ئیمامی قورطبي لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێت:" دَلَّ مَفْهُومُهُ عَلَى أَنَّ الْأَخَ الْآخَرَ كَانَ مُشْرِكًا بِاللَّهِ تَعَالَى يَعْبُدُ غَيْرَهُ."

دەڵێ : مەفهومی ئەو ئایەتە دەلالەت ئەکات لەسەر ئەوەی ئەو پیاوەی تریان هەر لەسەرەتاوە موشریك بوە بە الله تعالی و موسڵمان نەبووە و غەیری الله تعالی ی پەرستووە"

كەواتە سيحرەكەى كابراى چەواشەكار زۆر بەئاسانى هەڵوەشايەوە ئەصلەن ئەو كابرايە كە كوفرى كردوە بەقيامەت هەر موسڵمان نەبووە.

هەروەها ئيمامى بەغەوى لەتەفسيرەكەيدا دەڵێت:"

﴿قَالَ لَهُ صَاحِبُهُ﴾ الْمُسْلِمُ ﴿وَهُوَ يُحَاوِرُهُ أَكَفَرْتَ بِالَّذِي خَلَقَكَ مِنْ تُرَابٍ﴾ أَيْ خَلَقَ أَصْلَكَ مِنْ تُرَابٍ ﴿ثُمَّ﴾ خَلَقَكَ ﴿مِنْ نُطْفَةٍ ثُمَّ سَوَّاكَ رَجُلًا﴾ أَيْ: عدلك بشرا ٢١٩/أسَوِيًّا ذَكَرًا.

دەڵێ: هاوەڵە موسڵمانەكەى كەوتوێژى لەگەڵ دەكرد پێى فەرموو ئايا كوفر دەكەى بەو خوايە كە دروستى كردوى لەخۆڵ واتە لەبنچينەتى لەخۆڵ دروست كردوە پاشان لەنوتفەيەك خەلقى كردوى واتە كردوتى بەبەشەرێكى رِێك و رِاست و نێرينە."

[ئەم ئيمامە بەرِێزەش دەڵێ كابراى يەكەم موسڵمان بووە كەواتە ئەوەى تريان موسڵمان نەبوە]

هەروەها خاوەنى تەفسيرى الوسيط دەڵێت: " ولا يستلزم قول صاحب الجنتين قبل ذلك : (وَلَئِن رُّدِدتُّ إلى رَبِّي لأَجِدَنَّ خَيْراً مِّنْهَا مُنْقَلَباً) أنه كان مؤمنا ، لأنه قال ذلك على سبيل الفرض والتقدير ، لا على سبيل الاعتقاد واليقين ، بدليل تردده فى إمكان قيام الساعة ، ولأن اعترافه بوجود الله - تعالى - لا يستلزم الإيمان الحق ، فالكفار كانوا يعترفون بأن الله - تعالى - هو الخالق للسموات والأرض ، ومع هذا يشركون معه فى العبادة آلهة أخرى .

دەڵێ: خاوەن دووباخەکە کە ووتی [خۆ ئەگەر هەر برایشمەوە بۆلای پەروەردگارم و قیامەتیش ڕاست بوو هات و دوای مردنیش زیندوو کرامەوە - وەکو تۆ ئەڵێیت - دڵنیام کە لەوێش جێگایەکی چاکترو باخ و باخاتێکی رازاوەترم دەست دەکەوێ، چونکە شان و شەوکەتی خۆم ئەوە هەڵدەگرێت.] ئەمە مانای ئەوە نیە ئەو کابرایە ئیماندار بووبێت سەرەتا چونکە ئەو قسەیەی لەسەر ئەگەر و مەزەندە کردوە نەك لەسەر باوەڕ و دڵنیایی بەبەڵگەی دوودڵ بونی لەهاتنی قیامەت، هەروەها إعتیرِاف کردنیشی بەبونی اللە بونی ئیمانی حەق ناخوازێت، چونکە کافرەکان اعتیرِافیان دەکرد اللە خالقی ئاسمانەکان و زەویە لەگەڵ ئەوەشدا هاوبەشیان بۆ بڕیاردەدا لەپەرستندا."

وەڵامی دووەم: ئەگەر واشدابنێین کابرا موسڵمان بوە و موسڵمانەکەی تر تەکفیری کردوە دەڵێین تەکفیرکردنی ڕاستەخۆ لەم جۆرە کوفرەدا چاوەڕێی هیچ وەستانێکی لێ ناکرێ چونکە ئیمان هەبون بەقیامەت مەرجی سەرەتای موسڵمان بوون و هاتنە نێو دینی خوایە لای هەموو دینەکان عیلمێکی زانراوە و هیچ کەسێك نیە ئینکاری بکات تەنها کەسێك نەبێت کە مولحیدبێت و کافری موطڵەق بێت و شتێ نیە نەزانی و گومان ڕووی تێ بکات چونکە هەموو دینەکان دانیان بەبونی ناوە ، پاشان کە پێغەمبەران بانگەوازی قەومەکافرەکانیان دەکرد لەگەڵ تەوحید بانگیان دەکردن بۆ بڕواهێنان بەقیامەت

قیامەت باوەڕێکی زەق و دیاری بنچینەییە بۆ هەرکەسێ کەدێتە ناو ئیسلامەوە بەڵام جۆزئیاتی عیبادەتەکان هەرکەسێ دێتە ناو ئیسلامەوە هەمووی ناناسێ و نازانێ چەن جۆر عیبادەت هەیە کە دەبێ بەس بۆ اللە ئەنجام بدرێت بۆیە ئاساییە جەهل لەمەدا ڕوبدات بەڵام لەبابەتی قیامەت ڕونادات چونکە باوەڕبون بەقیامەت هەر لەگەڵ شایەتمانەکەوە باس ئەکرێت. وەك پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم کاتێ بانگەوازی کافرەکانی قوڕەیشی دەکرد دیفەرموو:" أنا رسول الله أرسلني بالتوحيد ونبذ الشرك ومن أطاعني دخل الجنة يوم القيامة ومن عصاني دخل النار "

واتە: من پێغەمبەری خوام ناردومی بەتەوحید و فڕێدانی شیرك هەرکەسێك بەگوێم بکات دەچێتە بەهەشتەوە لەڕۆژی دوایی هەرکەسێك سەرپێچیم بکات دەچێتە ئاگرەوە."

هەروەها ئەم ئایەتانەی تریش کەدەیسەلمێنن بانگەوازی سەرەتایی پێغەمبەران بریتی بووە لەباوەڕهێنان بەخوا و بەفریشتەکانی و بەکتێبەکانی و بەپێغەمبەران و بەڕۆژی دوایی اللە تعالى دەفەرمێت(قُلۡ إِنَّمَآ أَنَا۠ بَشَر مِّثۡلُكُمۡ يُوحَىٰٓ إِلَيَّ أَنَّمَآ إِلَٰهُكُمۡ إِلَٰه وَ ٰحِد فَٱسۡتَقِيمُوٓاْ إِلَيۡهِ وَٱسۡتَغۡفِرُوهُۗ وَوَيۡل لِّلۡمُشۡرِكِينَ)[سورة فصلت 6] وە دەفەرمێت(لَقَدۡ أَرۡسَلۡنَا نُوحًا إِلَىٰ قَوۡمِهِۦ فَقَالَ يَٰقَوۡمِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنۡ إِلَٰهٍ غَيۡرُهُۥٓ إِنِّيٓ أَخَافُ عَلَيۡكُمۡ عَذَابَ يَوۡمٍ عَظِيم)[سورة الأعراف 59]

وه دەفەرمێت(۞ قُلۡ إِنَّمَآ أَعِظُكُم بِوَٰحِدَةٍۖ أَن تَقُومُواْ لِلَّهِ مَثۡنَىٰ وَفُرَٰدَىٰ ثُمَّ تَتَفَكَّرُواْ مَا بِصَاحِبِكُم مِّن جِنَّةٍۚ إِنۡ هُوَ إِلَّا نَذِيرٞ لَّكُم بَيۡنَ يَدَيۡ عَذَابٖ شَدِيدٖ)[سورة سبأ 46].

هەربۆیە نەزانین و ئینکاری کردن لەقیامەت هیچ بیانوویەك نایگرێتەوە چونکە لەسەرەتاکانی هاتنە نێو موسڵمان بونە، هەر وەك جنێو دانیش بەخوا و بەپێغەمبەر و دین و گاڵتەکردن پێیان لەسەرەتاکانی زانینە کە حەرامە و خوا و پێغەمبەر هی بەگەورەدان و تعظیم کردنن نەك گاڵتەپێکردن ئەم ڕاستیەش لەفیترەت و لەزانینی سەرەتایی هەموو دینەکان و هەموو کەسێکە هیچ کەسێ نیە هەست بەمە نەکات هەربۆیە نەزانی تیایدا قبوڵ ناکرێت و ڕاستەوخۆ کافر دەبێت خاوەنەکەی، بەڵام هەموو جۆرەکانی پەرستن ئایا پێش پێ وتن و ڕوونکردنەوە هەموو کەس دەیزانێ ؟ نەخێر هەرگیز ، ئایا زانینی ئەوەی کە اللە شایستەی ڕێزگرتن و بەگەورە دانانە یەکسانە بەزانینی هەموو جۆرەکانی پەرستن و شیرك؟ نەخێر هەرگیز. بۆیە بابەس بێت چەواشەکردن و تێکەڵکردنی ڕاستیەکان لەخەڵکی بەمەبەست.

نمونەیەکی تر :

الله تعالى له سورەتى التوبه ئايەتى ٧٤ ئەفەرموويێت :
[يَحْلِفُونَ بِاللَّهِ مَا قَالُوا وَلَقَدْ قَالُوا كَلِمَةَ الْكُفْرِ وَكَفَرُوا بَعْدَ إِسْلَامِهِمْ ...]
سوێند بە الله ئەخۆن كە كەلیمە و ووشەی كوفریان نەوتووە ، بە تەئكید كەلیمە و ووشەی كوفریان وتوو پێشی كافربوون پاش ئەوەی موسڵمان ببون .

الله تعالى به یەک كەلیمە و ووشەی كوفر كە دەریان بڕی بوو تەكفیری كردن ڕاستەوخۆ [وَكَفَرُوا] ئەو واوە بۆ مباشر و ڕاستەوخۆیە ، چونكە نەیفەرموو [ثم كفروا] یان [سوف كفروا] كە ئەمانە بۆ ئایندە و داهاتوون ، واتە نەیفەرموو لە داهاتوو كافربوون یان پاشان كافر بوون ، بەڵكو ڕاستەوخۆ كافربوون پاش دەربڕینی ووشە كوفریەكە ، لێرەش نەیفەرموو لەوانەیە لەدڵەوە كافرنەبوون تەنها بەزمان كوفریان كردووە لەوانەیە ئیعتیقادیان لە دڵدا وا نەبێت ، یان لەوانە جاهیل بن و عوذریان هەبێت ، نەخێر هەتا فەرمووی هیچ عوذریش مەهێنەوە بۆ ئەو كوفرەتان چونكە عوذر لە شیرک و كوفری گەورەدا مەقبول نیە .

↓↓↓

لەوەڵامی ئەم شوبهە و چەواشەكاریەی ئەڵێیم /

سەرەتا کابرا نەچووە هەموو ئایەتە بهێنێت بەڵکو بەشێکی ئایەتەکەی هێناوە و باقیەکەی بڕیوە چونکە ئەزانێت کەشف ئەبێت، با ئێمە سەرەتا هەموو ئایەتەکە بهێنێن و بزانین چی دەفەرمێت

(يَحۡلِفُونَ بِٱللَّهِ مَا قَالُواْ وَلَقَدۡ قَالُواْ كَلِمَةَ ٱلۡكُفۡرِ وَكَفَرُواْ بَعۡدَ إِسۡلَٰمِهِمۡ وَهَمُّواْ بِمَا لَمۡ يَنَالُواْ وَمَا نَقَمُوٓاْ إِلَّآ أَنۡ أَغۡنَىٰهُمُ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ مِن فَضۡلِهِۦۚ فَإِن يَتُوبُواْ يَكُ خَيۡرٗا لَّهُمۡۖ وَإِن يَتَوَلَّوۡاْ يُعَذِّبۡهُمُ ٱللَّهُ عَذَابًا أَلِيمٗا فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِۚ وَمَا لَهُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ مِن وَلِيّٖ وَلَا نَصِيرٖ)[سورة التوبة 74].

واتە: (دوو ڕووەکان) سوێند دەخۆن بەخوا (ئەو ووتانەی دراوەتە پاڵیان) نەیانتووە سوێند بەخوا بێگومان ووتەی بێ باوەڕییان ووتووە وە بێ بڕوا بوونەتەوە لەپاش موسوڵمان بوونیان و نیازی شتێکیان بوو بەڵام بۆیان نەکرا (کوشتنی پێغەمبەر ﷺ کاتی گەڕانەوەی لەتەبووک) وە هیچ ڕەخنەو ڕقێکیان نەبوو تەنها لەبەر ئەوە نەبێت کە خواو پێغەمبەرەکەی و (بڕوادارانیان) دەوڵەمەند کردوە لە فەزڵ و بەهرەی خۆی ئەمجا ئەگەر ئەوان بگەڕێنەوە وپەشیمان ببنەوە ئەوە چاکترە بۆیان وە ئەگەر ڕوو وەرگێڕن و (نەگەڕێنەوە) ئەوە خوا سزایان دەدات بەسزایەکی سەخت لە دونیا و پاشەڕۆژدا وە لەزەویدا نیە بۆ ئەوان هیچ دۆست و یارمەتیدەرێک

ئەم ئایەتە دەربارەی ئوبەی کوڕی سەلول سەرۆکی مونافیقەکان وەهەروەها جەلاسی مونافق دابەزی کە هەڕەشە و جنێویان بەپێغەمبەردا کاتێك گەڕایەوە لەجەنگی تەبووك، وە جەلاس ووتی ئەگەر ئەوەی موحەمەد ئەیڵێیت ڕاست بێت ئەوا ئێمە لە گوێدرێژ خراپترین ، مەعلومیشە ئەو کابرایە موناققێکی گەورە بوو مونافقیش کەسێکە کە لەدڵەوە کافرە و ڕقی لە ئیسلام و موسڵمانان ئەبێتەوە بەڵام بەڕوکەش وا دەرناخات، جا ئەم کابرایە کوفرەکەی ئاشکراکرد دواتر شکاتیان لێ کرد لای پێغەمبەری خوا کە قسەی کوفری ئاوای کردوە، هێنایان سوێندی خوارد قسەی ئاوای نەکردوە، خوای گەورەش ئەم ئایەتەی دابەزاند.

پاشان ئەو کەسەی ئەو کوفرەی کرد بەدەمی خۆ نەزان و جاهیل نەبوو ئەصلەن هەر لەسەرەتاوە دوژمنی ئیسلام بوو و لەترسا و لە بەر پاراستنی خوێن و ماڵی داخلی ئیسلام بووبوو، چاك دەیزانی وبەئاگایی خۆیەوە دژی ئیسلام و پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بوو وە لەدڵیشەوە ڕقی لە ئیسلام بوو وە لەداری ئیسلام و عیلم بوو ، بۆیە ئەم ئایەتە بەهیچ شێوەیەك ناکرێت بەبەڵگە بۆ نەبونی عوذر بەجەهل بۆ موسڵمانێك کاتێك توشی کوفر وشیرکێك دەبێت بەنەزانی لەکاتێکدا خوا و پێغەمبەری خۆشەوێ و بەدڵ و بەگیان ئیسلامی قبوڵە. ئەمەش ووتەی هەموو موفەسیرینی قورئانە بەبێ خیلاف.

پاشان ئەم حەدیسە نەقڵ ئەکات ژەهرەکەی ئەڕێژێ بەسەریا ↓↓↓

٤ ـ قەولی پێغەمبەر ـ صلى الله عليه وسلم ـ لەسەر خەواریج کە ئاوان عابیدترینی ئەو ئومەتە بوون و وە جوهد و ماندووبونی زۆریان لە عیبادەت صەرف ئەکرد [لئن ادركتهم لأقتلنهم قتل عاد ، أينما لقيتموهم فاقتلهم ، فان في قتلهم اجرا لمن قتلهم الىٰ اليوم القيامة]

وەک ئەبینین ئەم ووتانەی لەسەر خەواریج هاتوون هەمووی لەسەر کەسی دیاریکراوە ، ئەگەر دیاریکراو نەبێت کێ ئەکوژی ؟! ئەو کەسەی ئەیکوژی کەسێکی دیاریکراوە .

↓↓↓↓

وەڵام / ئەم حەدیسانە حوکمێکی موطڵەقە باسی کوشتنیان ئەکات نەك کافرکردنیان بەدیاری کراوەیی، وەکو زانایان دەفەرمون بابی قیتال زۆر فراوانترە لەبابی تەکفیر، مەرج نیە هەرکەسێ شایستەی کوشتن بێ کافربێت، پاشان خەلیفەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب کە لەسەردەمی ئەو خەواریجەکان سەریان هەڵدا و صەحابەش هەمویان مەوجود بون بۆچی کوشتاری عامی خەوایجیان نەکرد بەڵکو ئیمامی عەلی [ئەوانە برامانن لەدەستمان دەرچوون] هەروەها چەن مەرجێکی بۆ دانان پێی فەرموون : [إلا أن لكم عندي ثلاث خلال ما كنتم معنا : لن نمنعكم مساجد

الله، ولا نمنعكم فيئا ما كانت أيديكم مع أيدينا، ولا نقاتلكم حتى تقاتلونا]رواه البيهقي وابن أبي شيبة .

فەرموی پێیان:[ئێوە لای من سێ مافتان هەیە مادام لەگەڵمان بن، ڕێگریتان ناکەین لەماڵەکانی خوا، مادام لەگەڵ ئێمە بجەنگن بێ بەشتان ناکەین لەفەیئ، شەڕو جەنگیشتان لەگەڵ ناکەین تا شەڕمان لەگەڵ نەکەن] کەواتە بەقسەی تێگەیشتنی ئێوە بێ ئیمام عەلی و صەحابە سەرپێچی فەرمانی پێغەمبەریان کردوە و کە هەر لەسەرەتاوە قیتالی خەواریجیان نەکردوە هێشتویانەتەوە بژین بەئازادی وسەلامەتی؟!!! پاشان دواتر کە خەواریج هێرشیان کردە سەر موسڵمانان ئەوانیش وەڵامیان دانەوە وەکو بوغات مامەڵەی جەنگیان لەگەڵ کردن نەك وەک کافران وە تەنها ئەوانەشیان قیتال کران کە قیتالیان دەکرد وەک ڕەتدانەوەی شەڕیان وبەرگری کردنێ لەخۆیان. بۆیە ئەو سیحرەشتان بەتاڵ بۆیەوە.

پاشان کابرای چاوەشەکار دەڵێ↓↓↓↓↓

٥ ـ کوشتاری مانعی زەکات لەلایەن خەلیفەی موسڵمانان ئەبوبکری صدیق و هاوەڵاکانی ، ئەوانەی کوژران هەمووی کەسی دیاریکراوبوون ، وە ئەوانەی حوکمی ڕیدەیان بەسەر دا درا هەموو کەسی دیارکراوبوون .

وەڵام / وەك لەنوسراوی ڕابردوومان وەڵامی ئەم شوبهەیەمان دایەوە و وتمان ئەوانە بەشێوەیەکی عام حوکمی ڕیدەیان بەسەردراوە و قیتال کراون چونکە

طائیفەی ممتنع بوونە، طائیفەی ممتنعیش إستتابە لەحەقیان نیە، هەروەها ئەوانە عوذریان نەبووە چونکە ئیقامە حوجەکرابون لەلایەن خەلیفەوە و لەداری ئیسلام بوونە.

پاشان دکتۆر سلطان العميري لەوەڵامی ئەم شوبهەیە لەکیتابی" إشكالية الإعذار بالجهل في البحث العقدي "دەڵێت :

ئەوەی کەدەڵێت صەحابە ئیجماعیان هەبووە لەسەر تەکفیرکردنی هەموو ئەهلی ڕێدە ڕاست نیە

چونکە صەحابە هەموو ئەوانەی ناوی ڕێدە شمولی کردبوون و داخلی دیاردەی ڕێدە ببون تەکفیریان نەکردبوون، بەڵام صەحابە ئەهلی ڕێدەیان بۆ دوو بەش دابەشکردبوو: بەشێکیان کافر بوون و دەرچووبوون لەئیسلام، بەشێکی تریان مابوونەوە لەسەر ئیسلام بەڵام باغی و دەستدرێژیکاربون بەهۆی تەرك کردنی هەندێ لە شەرِائیعە گەورەکانی ئیسلام. شایەنی باسە ژمارەیەکی زۆر لە گەورە زانایانی ئیسلام دانیان ناوە بەم دابەشکردنە یەکەمیان و زاناترینیان: ئیمامی شافیعیە، دەڵێت ئەوانەی لەعەرِەب مورِتەدبونەوە دوو بەش بوون، نیسبەتی ئەم دابەشکردنەش دەداتە پاڵ صەحابە، دەڵێت: " ئەهلی ڕێدە لەدوای وەفاتی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دوو بەش بوون، کۆمەڵێکیان ئەوانە بوون کە کافربونەوەی دوای ئیسلام، وێنەی طولەیحە و موسەیلەمە و عەنەسی و هاوەڵەکانیان، کۆمەڵێکی

تریان دەستگرتوو بوون بەئیسلامەوە بەڵام مەنعی زەکاتیان کرد . " الأم ، الشافعی (9/204).

هەروەها ئیمامی خەطابیش ئەم قەولەی سەلماندوە کە دەڵێت:" ئەوانەی ناوی ڕیدە شوملی کردن دوو جۆر بوون: جۆرێکیان هەڵگەڕانەوە لەدین و دژایەتی ئیسلامیان کرد وگەڕانەوە بۆ ناو کوفر، ئەمانە ئەوانە کە ئەبو هوڕیرە لەبارەیانەوە فەرمووی (وكفر من كفر من العرب) ئەمانە هاوەڵانی موسەیلەمە و ئەوانە بوون هەمان ڕێچکەی ئەویان گرتبوو لە ئینکاری پێغەمبەرایەتی موحەمەد صلى الله عليه وسلم، جۆرەکەی تریان: ئەوانە بوون کە نوێژ و زەکاتیان جیاکردەوە، ئەمانە لەڕاستیدا ئەهلی بەغی بوون" أعلام السنن، الخطابي (1/741).

زۆرێك لەگەورە زانایان ئەوانەی شارەزای شوێنەکانی ئیجماعن وشارەزای ووتە جیاوازەکانن، تەئکید لەسەر ئەم قەولە ئەکەنەوە لەوانە: ابن حزم وابن عبدالبر وابن المنذر و ماوردی و قاضي عياض و ابن العربي و بەغەوی و نەوەوی و ابن الحجر و زۆرێکی تر جگە لەوان" بڕوانە " الإستذكار، ابن عبدالبر (٩/٢٦٦) والمحلى، ان حزم(١١/١٩٣) والإشراف على مذاهب أهل السنة، ابن المنذر(٣/٢٥٤) ، وشرح السنة البغوي (٥/٤٨٩)، وإكمال المعلم بفوائد مسلم، قاضي عياض(١/٢٤٣) وعارضة الأحوذي، ابن العربي(١٠/٧٣)، وشرح صحيح مسلم، النووي(

٢/٢٠٢)، وفتح الباري، ابن حجر(١٢/٢٧٦)، وإكمال المعلم، الآبي(١/١٧٣) زۆرێکی تر..
کەدەڵێن هەرکەسێ داخلی دیاردەی مورتەدبونەوە بوبێت مانای ئەوە نیە دەرچووبێت لە بازنەی ئیسلام بەپێی ئەم بەڵگانە لەوانە :

بەڵگەی یەکەم : ئەو مونازەرەیەی ڕویدا لەنێوان ئیمامی ئەبو بەکر و عومەر ڕەزای خوایان لێ بێت سروشتی مونازەرەکە و بەڵگە هێنانەوەکەیان جەخت ئەکاتەوە لەوەی بابەتەکە پەیوەندی نەبوو بەوەی ئایا ئەوانە دەرچوونە لە ئیسلام یان نا ، بەڵکو مونازەرەکە دەربارەی حوکمی قیتال کردنی ئەو کەسانە بوو کە وەسفی ئیسلامیان لەسەر سابت بووبوو، ئیمامی شافیعی ئاماژەی کردوە بەگرنگی ئەم حیوارە و بەڵگە بونەی کە دەڵێت" وتەکەی عومەر بە ئەبو بەکر ئایا پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم نەیفەرمووە: (فەرمانم پێکراوە قیتالی خەڵکی بکەم تاکو دەڵێن لا اله الا الله، جا کە وتیان ئەوا خوێن و ماڵیان لەمن پارێزراو دەبێت تەنها بەحەقی ئەوە نەبێت و حیسابیشیان لەسەر خوایە) وە لەوتەکەی ئەبو بەکر کە دەڵێت : ئەمەش لەحەقی لا اله الا اللهیە، وەڵاهی ئەگەر مەنعی بزنە کارێکم لێ بکەن پێشتر دابێتیان بە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم ئەوا لەسەر مەنع کردنی شەرِیان لەگەڵ ئەکەم" هەردولایان ئەبوبەکر و عومەر دەیانزانی ئەوانەی شەرِیان لەگەڵ دەکەن

دەستگرتوون بەئیمان، چونکە ئەگەر وانەبوایە عومەر گومانی نەدەبوو لە قیتال کردنیان، و ئەوکاتە ئەبو بەکر دەیوت ئەوانە وازیان هێناوە لە لا اله الا الله و بوونە بە موشریك" الأم ، الشافعی (9/206) وە بڕوانە : المحلی، ابن حزم (11/193).

بەڵگەی دووەم: هەندێکیان گفتگۆیان دەکرد لەگەڵ ئەبو بەکر دەیانوت وازمان لە ئیسلام نەهێناوە و صەحابەش ئیقڕارِیان کرد لەسەر ئەو قسەیەیان، شافیعی و ابن حزم پشتیان بەم بەڵگەیە بەستووە، هەروەك ئیمامی شافیعی لەسیاقی بەڵگە هێنانەوە بەم ئەڵێت: " ئەمەش ڕوون دەبێتەوە لە قسەکردنیان لەگەڵ ئەبو بەکر هەروەها لەو شیعرانەی دەیانوت، هەروەها لەو قسانەی کە دوای بەدیل گیرانیان دەیانکرد وتیان بەئەبو بەکر: ئێمە لەدوای ئیمان هێنان کافرنەبوینەتەوە، بەڵکو لەماڵ و سامانمان ڕەزیلمیان کرد " الأم الشافعي (9/206).

بەڵگەیەکی تر پەیوەندیدار لەسەر ئەم بەڵگەیە، بەسەرهاتی مالیکی کوڕی نوەیرە و قەومەکەیەتی، لەو کەسانە بوون کە زەکاتیان نەئەدا بەئەبو بەکری صدیق ڕەزای خوای گەورەی لێ بێت، لەو هۆزانە بوون کە ئەبو بەکر خالیدی نارد بۆ قیتال کردن لەدژیان، کاتێ خالید گەیشتە سەریان وتیان ئەی خالید ئێمە هەر لەسەر ئیسلام ماوین، پاشان خالید مالیکی کوڕی نوەیرە دەکوژێت و ئەبو بەکر دەیبیستێتەوە زۆر خەفەتی بۆ دەخوات و خوێنەکەی

دەدات و ماڵ و سامان و سەبایا کانیان بۆ دەگەڕێنێتەوە، ابن عمر دەڵێت" ابو قەتادە هاتە لای ئەبو بەکری هەواڵی کۆژرانی مالیکی کوڕی نوەیرە و هاوەڵەکانی پێڕاگەیاند، ئەبو بەکر زۆر بەوە تووڕە بوو، پاشان ووتی خالید تەئویلی هەڵەی کردوە و فەرمانی کرد دۆستایەتی مالیکی کوڕی نوەیرە بپارێزرێ و ماڵ و منااڵەکانیشیان بگەڕێنرێتەوە "

بڕوانە تاریخ خلفية بن خياط (١٥٠) وكتاب الردة، ابن واقد(١٠٦)، والبداية والنهاية، ابن كثير (٦/٣٥٤).

ئەم جۆرە مامەڵەکردنەی ئەبو بەکر بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هەندێك لەوانەی ناوی ڕێدەیان بەسەردا درا کافرنەبوون بەو مانای دەرچووبن لەبازنەی ئیسلام جا کە ئەی بۆ ناوی ڕێدەیان لێ نراوە ؟ زانایان وەاڵمی ئەم پرسیارەیان داوەتەوە و فەرموویانە ئەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار :

هۆکاری یەکەم : ئەم ناوی لێنانە لەڕووی زمانەوانیەوە دروستە، چونکە مانای ڕێدە لە زمانی عەرەبدا واتە گەڕانەوە، کەسێك دانبنێت بەنوێژ و ئینکاری زەکات بکات دوای ئەوەی باوەڕی پێی هەبووە ئەوا پێی دەوترێ گەڕاوەتەوە لەهەندێ لەدینەکەی، بەاڵم بۆ ئێمە نیە ئەو دەستەواژانەی زانایانی متقدمین بەکاریان هێناوە لەسەر هەمان ناوی ڕێدە مانای بکەین کە جێگیرکراوە لەالیەن زانایانی متأخرین، هەروەك ئیمامی شافیعی ئاگاداری

كردوينەتەوە لەسەر ئەم شێوازە كە لەزمانی عەرەبیدا هاتووە و دەڵێت: ئەمە زمانی عەرەبیە ، ڕێدە دێت بەمانای گەڕانەوە بۆ ئەو كوفرەی پێشتر لەسەری بوون، هەروەها ڕێدە بەمانای مەنع كردنی حەق، هەركەسێك پاشگەزبێتەوە لەشتێك دروستە پێی بوترێت "إرتد عن كذا" پاشگەزبۆتەوە لەفلانە شت " الأم، الشافعي (9/206).

هۆكاری دووەم: ئەوانە دروستبوون لەكات و ساتی بڵاوبونەوەی ئەهلی ڕێدە، ئەو ناوە بەشێوەیەكی گشتی درایە پاڵ ڕێدە، ئەگەر یەێكیان گەورەتر و مەترسیدارتربێت ئەوا بچوكەكەیان ئەدرێتە پاڵ گەورەكەیان هەروەك خەطابی ئاماژەی بۆ كردوە"

بڕوانە : أعلام السنن، الخطابي (1/742).

لەمەشدا بۆمان دەرەكەوێت ئەوانەی ناوی ڕێدە شوملی كردبون لەسەردەمی صەحابە دوو جۆر كۆمەڵ بوون :

كۆمەڵێ یەكەمیان: هەڵنەگەڕابونەوە لەدین و صەحابە تەكفیریان نەكردبوون، حوكمی كوفریان نەدابوو بەسەریان، هەربۆیە ڕاست نیە هەڵوێستی صەحابە یەكسان بكرێت لەگەڵ هەمویان.

كۆمەڵی دووەم: ئەوانە بوون كە هەڵگەڕانەوەیان لە ئیسلام گەڕانەوەیان بۆ دینی نەفامی پێشوو ڕاگەیاند، ئەم كۆمەڵە صەحابە تەكفیریان كردن وە تەكفیری ژن و منااڵەكانیان كردن، چونكە ئەصڵ ئەوەیە ئەوان شوێنكەوتە

گەورەکان و پیاوەکانیان بوون لەوازهێنان لەدین، وە دروستیش نیە بۆ تەکفیرکردنیان بەڵگەی نەبوونی عوذر بەجەهلیان بدرێتە پاڵ لەبابەتەکانی شیرک، چونکە حاڵی ئەوانە جیاوازە لەحاڵی موسڵمانێکی جاهیل، چونکە ئەم کۆمەڵەیە ئیعلانی دەرچوونی خۆیان لە ئیسلام کردبوو و ڕازی بونیان بەئیسلام هەڵوەشاندەوە، ئیعلانی تەرك کردنی ئەصڵی ئیمانەکەیان کرد، ئەمەش عوذر بەجەهل و تەئویل تیایدا نایخوات، ئەمەش پێچەوانەی ئەو موسڵمانەیە کە جاهیلە شتی وا لەو موسڵمانە جاهیلە ڕوی نەداوە، کە بەردەوامە لەسەر ئیقرارکردن بەئیسلام و بەردەوامە لەسەر موسڵمان بوون و باوەڕبوون بە ئیسلام و بەتەوحید، بێ باوەڕە بەشیرك و بەتاغووت، بەڵام جەهلی بەچەن ئەفرادێك هەیە کە داخلی ئەم ئەصڵانەی ئیسلام دەبن، جا بۆیە یەکسانی کردن لەنێوان ئەم دوو حاڵەتە حاڵەتی ئیعلان کردنی کافربوونەوە وهەڵگەڕانەوە و وازهێنان لە ئیسلام لەگەڵ حاڵەتی ئەم موسڵمانە نەزانەی جەهلی هەیە بەهەندێ لە تاکەکانی شیرک و تەوحید بۆیە ئەم جیاوازی نەکردنە قبوڵ کراو نیە نە لەشەرع و نە لەعەقڵ.

پاشان ئەم بەسەرهاتە نەقڵ ئەکات کە درۆیە و هیچ بنەمایەکی نیە :

٦ ـ ئیجماعی صەحابە لەسەر کوشتنی خەڵکی ناو مزگەوتی کوفە و حوکم دان لەسەریان بە کوفر و بەڕیدە ، کاتێک ووشەیەکیان ووت کە دانان بوو بە پێغەمبەرایەتی موسەیلەمەی کەذاب ، کە هەمووشیان نەیان ووتبوو بەڵام لە

مزگەوتەکە دانیشتبوون و ئینکاریان لێ نەکرد حوکمی کوفر درا بەسەریان لە لایەن هاوەڵانەوە ، بەڵام هاوەڵان خیلافیان هەبوو ئایا تەوبەیان لێ قەبوڵ بکەن یان نا وەک لە صەحیحی بوخاری هاتووە .

↓↓↓↓

وەڵامم/ بەڵێ کافربوون و هیچ بیانوپەکیان نەبووە چونکە پێشتر ئیقامە حوجەیان پێکرابوو و تەوبەیان کردبوو دوبارە گەڕابونەوە سەر هەمان کوفر، هەروەها قسەکەیان کەکردیان إعتیڕاف کردن بوو بەپێغەمبەرایەتی موسەیلەمە ئەوەش کوفرێکی ئاشکرایە لای هەموو موسڵمانێ کە پێی کافرئەبێ و نەزانین ڕووی تێ ناکات چونکە هەموو موسڵمانێ دەزانێ لەدوای پێغەمبەر موحەمەد صلى الله عليه وسلم هیچ پێغەمبەری تر نایات و دواپێغەمبەرە هەربۆیە ئەوانەی لەو مزگەوتە دانیشتون هیچ مانعێکی معتبریان نەبوە لەکافرنەبون، پاشان مێژوونوسانی ئیسلام دەڵێن ئەوانەی لەو مزگەوتەبوونە قورئانەکەی موسەیلەمەیان خوێندوە هەروەك لەم ڕیوایەتە هاتووە

وقال الشاشي في مسنده 683 - حدثنا عيسى بن أحمد ، أنا يزيد بن هارون ، نا إسماعيل بن أبي خالد ، عن قيس بن أبي حازم ، أتى ابن مسعود رجل فقال : إني مررت بمسجد من مساجد بني حنيفة ، فسمعت يقرأ فيها بقراءة ما أنزلها الله على محمد عليه السلام قال : ما يقولون ؟ قال : يقولون : والطاحنات طحنا ، والعاجنات عجنا ، والخابزات خبزا ، والثاردات ثردا ، واللاقمات لقما ،

فأرسل إليهم عبد الله ، فأتى بسبعين منهم ، وأميرهم عبد الله بن النواحة ، فقال له عبد الله : « ألم تكن تخبرنا أنك على ديننا ؟ » قال : بلى ، ولكن كنت أسر هذا قال : فأمر به عبد الله فضربت عنقه ، ثم نظر إليهم فقال : « ما نحن بمحدري هؤلاء الشياطين ، أجلوهم إلى الشام ، فإما أن يفنيهم الله تعالى بالطاعون ، وإما أن يتوب على من يشاء أن يتوب عليهم »

پاشان شێرکۆ دەڵێ↓↓↓

٧- ئیجماعی صەحابە لەسەر کوفری ئەو کەسانەی لایان وابوو ئیمامی عەلی بەشێکی لە خوایەتی و ئولوهیەت تێدایە ، ئیمامی عەلی بە زیندووی بە ئاگر سوتاندیانی کاتێک غلویان لە ئیمامی عەلی کرد ، هەرچەند ابن عباس خیلافی ئەو بوو لە سوتان بە ئاگر ، ئەمانەش هەموو کەسی دیارکراو بوون ، تەکفیر کران و کوژران .

↓↓↓

وەڵامم/ ئەوانەی ئیمام عەلی سوتاندنی هەرچەن لەڕووی تاریخیەوە نەسەلمێنراوە و بەڵگەی صەحیحی لەسەر نیە و قسەی زۆر هەڵدەگرێ بەڵام ابن حەجەر ریوایەتێ باس ئەکات کە حەسەنە و دەڵێ خەڵکانێ هەبون عەلی یان بەخوا ئەزانی ئەویش بانگی کردن پێیانی وت ئەی قورەیسەرانە ئەوە چی بەمن دەڵێن وتیان تۆ خالق و ڕازقی ئێمەی ، عەلی وتی ، من خوا نیم منیش وەک ئێوە خواردن و خواردنەوە دەخۆم و ئەگەر بەقسەی اللەبکەم پاداشتم

ئەداتەوە و ئەگەریش سەرپێچی بکەم سزام ئەدات، هەروازیان نەهێنا ئەڵێ بۆ ڕۆژی دواتر هێنایانەوە عەلی پێی وتن: کورە وازبێنن ئەگەر وازنەهێنن بەخراپترین شێوە ئەتانکوژم ، پاشان هەروازیان نەهێنا ئەوجا چاڵی بۆ هەڵکەندن و سوتاندنی.

جاء بإسنادٍ حسَّنه الحافظ ابن حجر رحمه الله ، وقد قال : " وزعم أبو المظفر الإسفراييني في " الملل والنِّحَل " أنَّ الذين أحرقهم علي طائفةٌ من الروافض ادَّعوا فيه الإلهية ، وهم السبائية ، وكان كبيرُهم " عبد الله بن سبأ " يهوديًّا ثم أظهر الإسلام وابتدع هذه المقالة ، وهذا يمكن أن يكون أصله ما رويناه في الجزء الثالث من حديث أبي طاهر المخلص من طريق عبد الله بن شريك العامري عن أبيه قال : قيل لعلي : إنَّ هنا قوماً على باب المسجد يدَّعون أنَّك ربُّهم ! فدعاهم فقال لهم : ويلكم ما تقولون ؟! قالوا : أنت ربُّنا وخالقُنا ورازقنا ! فقال : ويلكم ! إنَّما أنا عبدٌ مثلُكم آكلُ الطعامَ كما تأكلون وأشرب كما تشربون إن أطعتُ اللهَ أثابَني إن شاء ، وإن عصيتُه خشيتُ أن يُعذِّبَني فاتَّقوا الله وارجعوا ، فأبَوا ، فلمَّا كان الغد غدوا عليه ، فجاء قنبر فقال : قد - والله - رجعوا يقولون ذلك الكلام ، فقال : أدخِلهم ، فقالوا كذلك ، فلمَّا كان الثالث قال : لئن قلتُم ذلك لأقتلنَّكم بأخبث قتلة ، فأبوا إلاَّ ذلك ، فقال : يا قنبر ! ائتني بفعلة معهم مرورهم ، فخدَّ لهم أخدوداً بين باب المسجد والقصر ، وقال : احفروا فأبعدوا في الأرض ، وجاء بالحطب فطرحه بالنار في الأخدود ، وقال

: إنِّي طارحُكم فيها أو ترجعوا ، فأبوا أن يرجعوا ، فقذف بهم فيها حتى إذا احترقوا قال :إنِّي إذا رأيت أمراً منكرا *** أوقدتُ ناري ودعوتُ قنبرا وهذا سند حسن " انتهى من " فتح الباري " (12 / 270) .

[کەواتە دوای ئیقامەی حوجە و بۆ ڕوونکردنەوە حوکمی بەسەردان و کوشتنی، پاشان ئەوانە ئەصلەن هیچ عوذریان نیە چونکە کەسێکی تریان کردوە بەخوا لەغەیری اللە کە عەلی یە شتی ئاوا کێ باسی عوذری بۆ کردوە ئەگەر چەواشەکار نەبێت].

پاشان دەڵێ↓↓↓↓↓

٨ ـ ئیجماعی زانایان لە کوفری بەنی عبیدالقداح ـ کە پادشای مصر بوون ـ بانگەشەی ئەوەیان ئەکرد لە ئەهلی بەیتن و نوێژی جومعە و جەماعەتیان ئەکرد ، مەحکمە و قازی و موفتیشیان دانابوو ، لەگەڵ ئەوەش زانایان ئیجماعیان هەبوو لەسەر کوفر و ڕێدەیان .

هەموو ئەوانە تەکفیرکران بە دیارکراوی ئایا هاوەڵە بەڕێزەکان و پاش ئەوانیش کەسیان ووتیان تەکفیر ئەکرێن بە موطلەقی و بەلام بەدیاریکراوی و تاک بە تاکیان کافر نین ؟!

↓↓↓

وەڵامم/ بەڵێ ئەوانە ئیسماعیلی بوون فرقەیەکی غولاتی ڕافیزەی فاطمیەکان بوون کاتێك حاکەمەکەیان کەناوی حاکم العبیدی بوو ئیدیعای خوایەتی و ئولوهیەتی کرد بۆخۆی هەروەك لەعەقیدەی باطنی و ئیسماعیلیەکان هەیە زانایان ئیجماعیان هەبوو لەسەر تەکفیرکردنیان چونکە ئیدیعای خوایەتیان ئەکرد ئەوەش شتێکە کەهەموان لەزانینی هاوبەشن کە کوفرە و مەجالی نەزانینی نیە، پاشان هەر لەسەردەمی خۆیان زانایان ئینکاریان لێ ئەکردن کەواتە حەقیان بیستبوو و لەهیچ ڕوویەکەوە بیانوویان نەبووە هەروەك ابن الجوزي کتێبێکی لەسەریان نوسی و بڵاوکرایەوە لەناو موسڵمانان بەناوی(النَّصْرُ عَلَى مِصْرَ).

پاشان شێرکۆ دەڵێ :

٩ ـ ئیجماعی ئەهلی عیلم لە سەر کوشتنی " الجعد بن درهم " و هاوشێوەکانی وەڵامم / چونکە ئیقامە حوجەکرابوو پاشان کوفرەکانی جەعدی کوڕی درهەم کوفرەکانی هەمووی دژی باوەڕبون بەخوا و بەقورئان و ڕەتدانەوەی دەیان ئایەتی ڕوون و ئاشکرای قورئان بوو هەروەها جەعدی کوڕی درهەم لەناو موسڵمانان و ئەهلی سونە و عیلم دەژیا و هیچ عوذرێکی نەبووە پاشان بەسەرهاتی کوشتنەکەشی تەنها کتب ەکانی عەقیدە وتراجم بەسەر زارەکی بەبێ تحقیق هێناویانە ئەصلەن ئیمامی زەهەبی ئەڵێت زەعیفە و هیچ ئەصلێکی نیە چونکە خالد گێڕاوێتیەوە و کەسێکی مەجهولە و نازانرێ کێیە؟ پاشان کوان

ئەو شایەدانەی لەو مزگەوتە بوون کە جەعد کرا بەقوربانی بۆ ئەو زانا و کەسانەی لەوێ ئامادەبون کەس نەیگێڕایەوە

بۆ زانیاری زیاتری ڕاستی ڕوداوەکە سەردانی ئەم لینکە بکەن

http://www.saaid.net/Doat/ehsan/90.htm

هەروەها دەربارەی ئیجماعی سەلەف لەسەر تەکفیرکردنی غولاتی قەدەریە، شێخی ئیسلام ابن تەیمیە دەڵێت[حوکمێکی عام ه نەك على التعين و بەدیاریکراوەیی لەسەر ئەشخاصەکان هەروەك حوکمی سەلەف دەربارەی جەهمیەکان]

هەروەها هەموو ئەوکەسانەی کەسەلەف بەدیاری کراوەیی تەکفیریان کردوە یان زانایان بەدیاریکراوەیی تەکفیریان کردون ئەوانە کەسانێ بوونە کە ئیقامە حوجە کراون و بۆیان ڕونکراوەتەوە، مەرجەکان لەسەریان جێ بجێ بوە و ڕێگریەکان لەسەریان نەماوە ئەمەش مەرجە بەئیجماعی زانایانی سەلەف بۆ تەکفیرکردن، هەروەك شێخی ئیسلام ابن تەیمیە دەربارەی ئەوەی کە ئیمام ئەحمەد دوو قەولی هەیە سەبارەت بەتەکفیری جەهمیەکان دەڵێت: "أن يذكر عنه في المسألة روايات ففيه نظر، أو يحمل الأمر على التفصيل. فيقال: من كفره بعينه؛ فلقيام الدليل على أنه وجدت فيه شروط التكفير وانتفت موانعه ومن لم يكفره بعينه؛ فلانتفاء ذلك في حقه هذا مع إطلاق قوله بالتكفير على

سبيل العموم. والدليل على هذا الأصل: الكتاب والسنة والإجماع والإعتبار (12/489)".

دەڵێ: ئەوەی دەگێڕدرێتەوە لە ئیمام ئەحمەدەوە دەربارەی تەکفیرکردن و نەکردنی جەهمیەکان دوو گێڕانەوەیە ئەمە جێگای تێڕوانینە، بەڵکو کارەکە تەفصیلی تیایە، و دەوترێ: هەرکەسێ کە بەدیاریکراوەیی تەکفیری کردبێت چونکە بەڵگە هەبووە ئەو کەسە دیاریکراوە مەرجەکانی کافربون و ڕێگریەکانی لەسەر نەماوە بۆیە بەدیاریکراوەیی تەکفیری کردوە هەروەها ئەوەشی بەدیاریکراوەیی تەکفیری نەکردوە لەبەرئەوەبووە مەرجەکانی تیانەبووە و ڕێگریەکانی لەسەرلانەچووە، بەڵام بەگشتی وتویەتی کافرە بەڵگەش لەسەر ئەمە کیتاب وسونەت و ئیجماعە."

* پاشان خاڵێکی گرنگی تر لێرە باس بکەین هەموو ئەوانەی کەسەلەف حوکمی کوشتنیان بەسەرداون لەئەهلی بیدەع مانای ئەوەنیە کافربوبن، حوکمی کوفریان لەسەر دابن بەڵکو زانایانی سەلەف دەفەرموون ئەگەر کەسی بیدعەچی زەرەر وزیانی زۆربوو و زیانی دەدا لەدینی خەڵکی و مەترسی هەبوو لەسەری ئەوا ئەکرێت وەکو تەعزیر بکوژرێت شەڕی لەموسڵمانان دووربخرێتەوە، هەروەك کاتێ غەیلانی دیمەشقی یان کوشت کە لەغولاتی قەدریەکان بوو دەربارەی قەدر قسەی دەکرد هەروەها کاتێ جەعدی کوڕی

درهەمیان کوشت کاتێ نەفی صیفاتەکانی الله تعالی دەکرد، هەربۆیە زانایان وەکو شێخی ئیسلام ابن تەیمیە دەڵێت" کەسێ بانگەوازبکات بۆ بیدعەکەی حوکمی کوشتن نادرێت بەسەری تەنها کاتێ نەبێت فەساد و خراپیەکانی تەنها بەکوشتن بنبڕبکرێت، جا هەرکاتێ بەبێ کوشتن شەڕی لەکۆڵ بکرێتەوە ئەوا نابێت بیکوژیت، هەروەها واجبیشە نەکوژرێ هەتا حەق بۆ ڕون نەکرێتەوە، هەروەها ئەگەر بەکوشتنی خراپەیەکی گەورەتر ئەکەوتەوە نابێت بیکوژیت"مجموع الفتاوی (28/108-109)هەروەها بڕوانە کتێبی حقیقة البدعة و احکامها(2/329-330).

شێخی ئیسلام ابن تەیمیە دەڵێت" ئەگەڕ حەق دیارو وئاشکرابو و موسڵمانان دەیانناسی، بەڵام هەندێ لە بیدعەچیەکان ئەیانویست بانگەواز بکەن بۆ بیدعەکەیان، ئەوا واجبە ڕێگریان لێ بکرێت، یان هەجر بکرێن و تەمبێ بکرێن هەروەك ئەمیری باوەڕداران عومەری کوڕی خەتاب کردی بە صوبیغی کوڕی عەسەلی تەمیمی وە موسڵمانانیش ئەنجامیان ئەدا، یان بیانکوژی وەك چۆن موسڵمانان جەعدی کوری درهەم و غەیلانی قەدەریان کوشت چونکە بەرژەوەندی موسڵمانان لەوەدابوو، بەپێچەوانەی ئەوەی وازی لێ بهێنرێ و حەق قبوڵ نەکات بەهۆی هەواو ئارەزوی یان خراپ تێگەیستنی چونکە لەقسەکردن لەگەڵی تەنها خراپە و زیان ئەکەوێتەوە

لەسەری و لەسەر موسڵمانان."بڕوانە (درء التعارض العقل والنقل 7/172-173).

پاشان ئەم قەولەی شێخ محمد بن عبدالوهاب نەقڵ ئەکات ↓↓↓↓

شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب ئەڵێت : سوێند بە اللە کە جگە لەو هیچ خوایەکی تر بوونی نیە بەحەق ئەگەر خەڵکی ئاگاداربوونایەوە ئەو ئەمرەیان بزانی بووایە فەتوام ئەدا بە حەڵاڵی خوێنی ابن سحیم و هاوشێوەکانی ، وە واجب بوونی کوشتنیان هەروەک چۆن ئەهلی عیلم هەموویان ئیجماعیان هەیە لەسەر ئەوە ، وە هیچ حەرەج نابینم لە نەفسمدا لەمەدا ، بەڵام ئەگەر اللە تعالی ویستی لەسەر بێت ئەو ئەمرە تەواو ئەکات و ڕوونی ئەکاتەوە .

↓↓↓↓

وەڵام/ سەرەتا کتێبی "مفید المستفید" کەشێخ محمد بن عبدالوهاب نوسیوێتی مەبەست لەنوسینی ئەوە نەبوە ئایا نەزانی ڕێگرە لەتەکفیری موسڵمانێ بکەوێتە ناو شیرکەوە پێش ئیقامەی حوجە یان نا، بەڵکو مەبەست لەنوسینی ئەوەیە کە شێخ محمد بن إبراهیم آل شیخ لەفەتاوی کەیدا لەبەشی عەقیدە لەژێر مسألة تکفیر المعین دەڵێ: " پێشەوای دەعوە ئەم کیتابەی داناوە و ڕونی کردۆتەوە ڕزگاربوون نیە لەتەکفیرکردنی کەسی دیاری کراو بەمەرجە شەرعیەکانی" واتە مەبەست لەوە نوسراوە کەڕونی ئەکاتەوە کە تەکفیری کەسی معین پێویستی شروط و موانع هەیە.

هەروەها هۆکاری دانانی ئەو کیتابەشی هاتووە لە" مجموع مؤلفات الشیخ محمد بن عبدالوهاب "ص 281"تیایدا هاتووە دوای ئەوەی شێخ محمد چەندین ساڵ دەعوەی کرد لەناو خەڵکی حورەیملاء لەوشوێنەوە بوو شێخ دەعوەکەی دەست پێکرد هەر؟لەوێ کیتابی تەوحیدی نوسی پاشان هەڵگەڕانەوە و بوونە دوژمنی بۆیە شێخ ئەو کتێبەی دەربارەی ئەوان نوسی" بڕوانە مجموعة الرسائل والمسائل النجدية (3/340) هەروەها بڕوانە تاریخی ابن غنام (2/695)کەواتە ئەم سیحرەشیان هەڵوەشایەوە

والحمدلله رب العالمين

وانـەی 12 یەمـــی قاعیـدە گومـــڕاکـەرەکان

بسم الله والحمدلله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه من والاه:-

بەردەوامین بەفەزڵی الله تعالى لەسەر وەڵامدانەوەی گومان و شوبهە وچەواشەکاریەکان، گەیشتینە وەڵامی دوانزەیەمی قاعیدە گومڕاکەرەکان، **کەدەڵێ حوکمدان بەکوفر لەسەر بنچینەی ڕوکەش و زاهیر دەبێت بەبێ سەیرکردنی مەقاصید و نیەتەکان،**

وەڵام/ سۆنگەی یەکەمی باسەکەمان:- بەڵێ بەشێوەیەکی گشتی ئاوایە چونکە ئەمە هەڵقوڵاوە لەحەقیقەتی ئیمان و کوفر و لای ئەهلی سونەت و جەماعەت ، گومانی تێدانیە ئیمان لای ئەهلی سونەت پێکهاتوە لەقەول و لە عەمەل و لە ئیعتیقاد هەرسێکیان پێکەوە گێدراون و هیچیان بەبێ ئەوی تریان بونی نابێ، بەهەمان شێوە کوفریش پێکهاتوە لەکوفری اعتیقاد و قەول و عەمەل ، هەرکەسێ کوفرێکی عەقیدەیی هەبێت کافر ئەبێت بەبێ ڕەچاوکردنی قەول و عەمەل، هەروەها هەرکەسێ قەولێکی کوفری بڵێ کافر ئەبێ بەخودی قەولەکە بەبێ ئەوەی سەیری عەقیدەی ناو دڵی بکرێت ئایا بەحەڵاڵی دەزانێ ئایا ئینکاری لێ دەکات یان نا ؟ ئایا بەباوەڕەوە ئەو قسەیەی کردوە یان نا ؟ سەیری هیچ لەوانە ناکرێت لای ئەهڵی سونە بەڵام لای غولاتی مورجیئە و جەهمیەکان کە ئیمان تەنها ناسین ناو دڵە کوفریش تەنها ئینکاری کردن بێ باوەڕبوونی ناو دڵ و بەحەڵاڵ دانانە کەواتە لای ئەوان هیچ قەول و فیعلێ کوفر نیە ، بەڵام لای مورجیئەی فوقەها دەڵێن ئیمان تەنها باوەڕی دڵ و وتەی زمانە کوفریش لەدەقە شەرعیەکان هاتووە لەسەر کۆمەڵێ کاروکردەوەی دیاریکراو خودی قەول و فیعلەکە کوفر نیە بەڵکو ئەو قەول و فیعلە کوفریە بەڵگەیە لەسەر نەمانی ئیمانی ناو دڵ ، بەڵام ئەهڵی سوونە بەخودی ئەو

وتەیە کە لەدەمی دەرەچێ حوکمی کوفری لەسەر ئەدەن یان بەخودی ئەو کردەوە کە ئەنجامی ئەدات کافر ئەبێت.

سۆنگەی دووەمی باسەکەمان:- بەڵێ حوکمدانیش لەسەر ڕوکەش دەدرێت لەسەر قەول و عەمەلی ئینسان، بەتایبەتی حوکمی موسڵمان بوون چونکە شارعی حەکیم بەچەندین دەق موسڵمان بونی کەسەکانی بەستۆتەوە بەچەن نیشانەیەکی قەولی و فیعلی هەروەك لەفەرموودەکان هاتووە ، فەرمانم پێکراوە قیتالی خەڵکی بکەم تاکو شایەتمان دێنن و نوێژو زەکات و ڕۆژوو حەجی ماڵی خوا ئەنجام ئەدەن"

هەروەها بەشێوەیەکی گشتییش حوکمی کافربونی داوە بەسەر هەموو ئەو گەل و نەتەوانەی ئیسلام نین و داخلی ئیسلام نەبوونە، چونکە موسڵمان نین، ئەوەیە هۆکارەکە، بەڵام مەسەلەی حوکمدان بەسەر موسڵمانێك بەکافربوون کە بەیەقین هاتبێتە ناو ئیسلامەوە دەبێت بەهەمان شێوە بەیەقین بێت ئەو حوکمدانە ، ئەمە وەکو قاعیدەیەکی شەرعی. بەڵام ئەگەر موسڵمانێك بکەوێتە ناو شیرکێك یان کوفرێکی گەورە ڕاستەوخۆ تەکفیر نەکراوە بەدیاریکراوەیی بەڵکو ڕەچاوی جێگیربونی مەرجەکان و لابردنی ڕێگریەکان دەکرێت لەسەری ئەمەش بەئیجماعی زانایان و سەلەف هەروەك شێخی ئیسلام ابن تەیمیە دەڵێت وەك لەوەڵامەکانی ڕابردوومان ئاماژەمان پێدا ، بەڵێ هەرموسڵمانێ کوفرێك یان شیرکێ ئەنجام بدات چ بەقەول یان بەفیعل کە حوکمەکەی

لەسەر زاهیر و ڕوکەشە بەڵام دابەزاندنی ئەم حوکمە دوای "تحقق الشروط و إنتفاء الموانع" دەبێت هەربۆیە دوای ڕەچاوکردن و تبیین کردن لەهاتنەدی مەرج و نەبونی ڕێگریەکان حوکم دەدرێت بەکافربونی و هیچ حیسابێ بۆ نیەت و قەصدی ناکرێت، بەهیچ شێوەیەك لەکار و کردەوەیەکی کوفری حاشاهەڵنەگر نااێین بزانین کابرا لەو قسە کوفریەدا یان لەو کردەوە کوفریەدا نیەتی کافربونی هەیە یان نا مەبەستی کافربونی هەیە یان نا؟ بۆچی وا ناکەین ؟ چونکە ووتمان عەقیدەی ئەهلی سونە ئیمان قەول و عەمەلە و کوفریش قەول و عەمەلە سەیری عەقیدەی دڵ ناکرێت، هەرکەسێ ڕەچاوی کافربون بەعەقیدەی دڵ بکات لە جحود و إستحلال ئەوا توشی پەڵەی ئیرجاء و جەهەمی بووە، چونکە وەکو وتمان لای ئەهلی سوونە حوکمی لەسەر ڕوکەش و زاهیرە ئێ عەقیدەی ناو دڵیش پەنهانە و نازانین کابرا بۆچی ئەوکارە کوفریەی کردوە ئاگامان لەناو دڵی نیە شاراوەیە پاشان ئەگەر بەوە کار بکەین ئەوا دەبێ حەدی ڕیدە هەڵبوەشێنینەوە چونکە ئەوکاتە هەموو مورتەدێ کوفر و ڕیدەی ئەنجام ئەدا دواییش ئەیوت مەبەستم کافربوون نیە و بۆی دەرچوو ، کەواتە سەیری مەبەست و نیەتەکان ناکرێت بۆ حوکمدان بەکافربونی کەسێك کەوا کوفرێکی حاشاهەڵنەگر ئەنجام ئەدات جا وتمان ئەگەر ئەو کوفرە حاشاهەڵنەگرە گوفرێکی زەق و ئاشکرا ودیار بوو لەناو موسڵمانان و خەڵکی وەکو چۆن نوێژ وڕۆژوو ئاشکرا و دیارە ئەوا خاوەنەکەی بیانووی نەزانی

نیە و پێی کافر ئەبێت ڕاستەوخۆ وەکو جنێودان بەخوا و بەپێغەمبەر یان گاڵتەکردن بەدینی خوا یان دژایەتی کردنی ئیسلام سوجدە بردن بۆبت و فرێدانی قورئان بۆ ناو خۆڵ و خاشاك ، هەموو ئەمانە و هاوشێوەکانی لای هەموو خەڵکی و خاوەن دینەکانی تریش ناسراوە و زانراوە کەوا قەدەغەیە بۆیە کەس عوذر بەجەهلی تێدا قبوڵ ناکرێت، ئەمەش مانای وتەی ئەو زانایانەیە کەدەفەرموون ڕاستەوخۆ کافرئەبێت و ڕەچاوی هیچ شتێ ناکرێت لەحەقیدا هەروەك شێخی ئیسلام لە کتێبی "صارم المسلول علی شاتم الرسول "تایبەتە بەحوکمی ئەوانەی جنێو دەدەن بەپێغەمبەر بۆیە دەفەرمێ ڕەچاوی بەحەڵاڵ دانان و بەحەرام زانین و نیەت و مەبەستەکەی ناکرێت "چونکە زۆر ڕوون ئاشکرایە، بەڵام ئەو بابەتانەی کەشیرکی گەورەن بەڵام لەناو خەڵکیدا شاراوەن زانیاری دەربارەی ئەو شیرکە بڵاونیە و هەموان نایزانن یان پێشهاتێکە خەڵکی حەقیقەتی ئەو پێشهاتە نازانێ کە شیرکی تیایە بۆخەڵکی ڕوون نەبۆتەوە یان زانایان لەوشوێنەدا نیە تاکو خەڵکی فێربکەن یان خەڵکی تازە موسڵمان بوون یان شوێنەکە شوێنی دوور لەعیلم ە یان بانگەوازی تەوحید نەکراوە لەو شوێنە بەگوێی خەڵکیدا نەدراوە لەم حاڵەتانەدا موسڵمانێك توشی شیرکێ ببێت یان کوفرێك ببێت مادام عیلمێ نەبێت بەوەی کەشیرکە و کوفرە کافر ناکرێت و عوذری هەیە بەنەزانین، بۆیە هەرکاتێ عیلمی هەبوو بەوەی فلاّنە کارە کوفرە یان پێی وترابوو یان بۆی ڕونکرابوەوە یان لەو

شوێنه عیلم و زانیاری بڵاوبوو کەوته ناو کوفرێکەوه ڕاستەوخۆ کافر ئەبێت لەم حاڵەته . بەڵام کابرای چەواشەکارچونکه باوەڕی بەعذر بەجهل نیه چووه ئەو ئایەت و حەدیس و وتانەی زانایانی هێناوه بۆ مەبەستەکەی خۆی بەکاری هێناوه که هەرکەسێ کوفرێ بکات لەموسڵمانان کافرئەبێت بەبێ ئەوەی ڕەچاوی هیچ تفصیل و ڕونکردنەوەیەك بکات بەبیانووی ئەوەی زانایان دەڵێن لەکافربون نیەت و مەبەستی کافربون ڕەچاو ناکرێت ناچێت بەڵام خۆی دەشارێتەوه لەو هەموو ئایەت و حەدیس و ووتەی زانایانه که دەڵێن بەڵام ئەگەر نەزان بوو یان ئیقامه حوجه نەکرابوو یان حوجەی پێ نەگەیشتبوو کافر ناکرێت، پاشان ژەهرێکی تر ئەڕێژێ ئەڵێ ئەوانه ئەو ئایەتانەی دابەزیون دەربارەی کافره ئەصلیەکان تایبەتیان کردوه بەوانەوه ئەوه هەڵەیه چونکه العبرة بعموم اللفظ لا بخصوص السبب " ، نەخێر کەس شتی وای نەوتوه ، ئێمەش دەڵێین العبرة بعموم اللفظ لا بخصوص السبب " عیبرەت لەئایەتەکان بەگشتاندنی لەفزەکانه نەك تایبەت کردنی بەو کەسانەی بەسەریان دابەزیوه ، واته بۆنموونه ئەو ئایەتانەی باسی کافری ئەصلی دەکات حوکمەکەی لەسەر مناطی ئەوه ئەدات کەوا کافری بنەڕەتین هەموو ئەو کەس و کافرانه ئەگرێتەوه کەوەکو ئەوان کافری بنەڕەتی بن بەبێ ئەوەی تایبەتمان کردبێ تەنها بەوانەی لەسەریان دابەزیبێ، بۆیه بچۆ ئەصوڵی تەفسیر بخوێنەوه ئەوجا باسی ئەو بابەتانه بکه زۆر نەزانی بەعیلمی تەفسیر بۆیه توشی

چەواشەکاری ئاوابویتە، چونکە زانایانی ئصولی تەفسیر دەفەرمون یەکێك لەو بنچینانەی کەدەتوانی بەهۆیەوە لەئایەتەکان تێبگەی ئەوەیە بزانی ئەو ئایەتانە دەربارەی کێ دابەزیوە و بەهۆی چ کارێکەوە دابەزیوە و یان حەرام کراوە یان بەهۆی چ وەسفێکەوە، تاکو ئەگەر تۆش هەمان وەسف و هۆکارت بینی بتوانی حوکمی ئەو ئایەتانەی لەسەر جێبەجێ بکەی، هەربۆیە بەهیچ شێوەیەك زانایانی سەلەف نەچوونە ئەو ئایەتانەی دەربارەی کافرانی ئەصلی دابەزیوە جێ بەجێیان کردبێ لەسەر موسڵمانان چونکە حوکمی موسڵمان تەنانەت ئەگەر مورتەدیش ببێت زۆر جیاوازە لەگەڵ کافرانی بنەڕەتی لەدونیا لەزۆر حوکم و بڕیاردا، هەروەها چونکە عیلەت و مناطی ئەو ئایەتانە جیاوازە لەگەڵ مامەڵەکردن لەگەڵ موسڵمان لەدونیا کاتێ توشی کوفرێ ئەبێت.

پاشان کابرا دەڵێت:

٦ ـ لە هەردوو صەحیحەکە هاتووە لە فەرموودەی ابی هورەیرە ـ رضي الله عنه ـ ئەڵێت : پێغەمبەر ـ صلى الله عليه وسلم ـ ئەفەرموێت : [بە تەئکید عەبد و بەندە قسە ئەکات بە ووشەیەک کە لێی ڕوون نیە بەهۆیەوە فڕێ ئەدرێتە ئاگرەوە هەندەی دووری ڕۆژهەڵات] ئەوە لەفزی بوخاریە ، لە لەفزی موسلیم ئەڵێت : [فڕێ ئەدرێتە ناو ئاگرەوە ئەوەندەی دووری نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا] .

وە بوخاری ڕێوایەت ئەکات لە فەرموودەی ابو هورەیرە ـ رضي الله عنه ـ

ئەڵێت : [پێغەمبەر ـ صلى الله عليه وسلم ـ ئەفەرموویێت : بە تەئکید بەندە قسە ئەکات بە ووشیەک لە تورِەبوونی الله تعالی وە ئاگادار نیە و نازانێ چی ووتووە و گوێی پێنادات بەم هۆیەوە فرِێ ئەدرێتە جەهەنەمەوە]

↓↓↓↓

وەڵامم/ ئەم فەرموودانەی هێناوە گوایە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئینسان قسەیە ئەکات و لێی تێناگا بۆیە عوذری نیە وئەچێتە جەهەنمەوە هیچ بیانوویەك نیە بەنیەت و مەبەستەکەی !!!

لەوەڵامدا ئەڵێم ئەم فەرموودانە دەربارەی موسڵمانێ هاتووە کە دەفەرمێت لەحەقیان هەروەك لەلەفزی فەرموودەکە هاتووە[مایتبین لها] وتی قسەیەك دەکات لێی ورد نابێتەوە نایکوڵێنێ بیری لێ ناکاتەوە بەئیهمالی ئەیڵێت بۆیە ئاوا سزا ئەدرێت و عوذری نیە، پاشان ئەو فەرموودانە باسی کافربونی خاوەنەکەی ناکات، بەڵکو ئەو سزایە ئەصلەن بەهۆی پشتکردن و ئیهمالی کردن و گوێ پێنەدانیان بوە بەوقسە ناشەرعیانە بۆیە ئەوە سزاکەیانەهەروەك شوراحی فەرموودەکان دەفەرموون. کەواتە "قیاسُ مع الفارق" کەواتە ئەوەی تۆ قۆڵی بۆ هەڵدەکەی خواردن نیە تاکو بتوانی بیخۆی.

لێرەدا کۆتایی دێنین بەوەڵامی ئەمجارەمان

والحمدلله رب العالمين.

وانـــەی 13یەمـــــی قاعیدە گومـڕاکەرەکان

کابرای گومڕا وەکو توتی بەردەوام شتەکان دوبارە ئەکاتەوە و نایاتەوە هۆش خۆی ئەم وتەیەی خوارەوەی شێخی ئیسلام هێناوەتەوە دەڵێ:

١ ـ شێخی ئیسلام ابن تەیمیە ـ رحمە اللە تعالی ـ ئەڵێت : [زۆرێک لە خەڵکی لە جێگایەک ژیاون و گەورەبوون لە شوێن و کاتێک کە زۆرێک لە عیلم و زانستی پێغەمبەرایەتی لەناویان نەبووە حەتا وای لێهاتووە هیچ کەس نەماوە پێیان بگەێنێت ئەوەی کە اللە تعالی پێغەمبەرەکەی پێ ڕەوانە کردووە ، وە کەسیش نەبووە پێیان بگەێنێت ، نمونەی ئەوە تەکفیر ناکرێت لەبەر ئەوە ئەئیمە ئیتیفاقیان هەیە لەسەر ئەوەی هەر کەسێک لە بادیە و شوێنێکی دوور لە ئەهلی عیلم و ئیمان بژی ، جا شتێک لەو حوکمە زاهیرە متەواتیرانە ڕەتبکاتەوە ئەوە حوکم نادرێت بەکوفر بەسەری حەتا شارەزا نەبێت لەوەی پێغەمبەری پێهاتووە]

ئەم قسەیەی شێخی ئیسلام زۆرێک بەهەڵە تێگەیشتوون و جەماعەتی عوذر بەجەهل بەهێزترین بەڵگەیان ئەم قەولەی شێخی ئیسلامە بۆ هەبوونی عوذر بەجەهل لە ئەصڵی دیندا ، بەڵام قسەکانی شێخ زۆر ڕوون و وازحە و

بەهیچ جۆرێک باسی عوذر بە جەهلی تێدا نیە لە ئەصلی دیندا ، بەڵکو باسی کەسانێکە کە قورئان و سوننەت و دەعوەیان پێنەگەیشتووە و لەشوێنی دوور ژیاون ، جا حوکمی پێنەگەیشتن ڕوونە ، پاشان شێخ باسی ئەحکام و فەڕائیزەکان ئەکات نەک هەڵوەشاندەوەی تەوحید و ئەصلی دین.

↓

وەڵامی/ نازانم ئەم کابرایە خەڵەفاوە یان خەڵك بەبێ عەقڵ و کۆێر و نەزان ئەزانێ، یەکەم شت چووە وتەکەی شێخی ئیسلامی بڕیوە و سەرەتاکەی نەهێناوە کە باسی لەشیرکی گەورە و هاناو هاوارکردن لەمردوان دەکات لەلایەن هەندێ موسڵمانی جاهیلەوە کەنەزانن و بەموسڵمانیان ئەزانێ چونکە نەزان بوونە ، پاشان ئەم چەواشەکارە نەچووە باسی سەرچاوەی وتەکەبکات و ژمارە و لاپەڕەکەی بخاتە ڕوو چونکە ئەزانێ ئەگەر ئاشکرا بێ ڕیسوا ئەبێت و نازانێت ئێمە و دەیانی وەکو ئێمە لەبۆسەین بۆی، بۆیە با ئێمە بێین وتەکەی شێخی ئیسلامتان بۆ نەقڵ بکەین وەکو خۆی ئەوجا ئێوە بڕیار بدەن ↓↓

پێشەوا ابن تەیمیە دەڵێت:": (إنَّا بعد مَعرفةِ ما جاء به الرَّسولُ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم، نَعلَمُ بالضَّرورةِ أنَّه لم يَشرَعْ لأمَّتِه أن تَدعُوَ أحدًا من الأمواتِ، لا الأنبياءَ ولا الصَّالحينَ ولا غَيرَهم، لا بلَفظِ الاستغاثةِ ولا بغَيرِها، ولا بلَفظِ الاستِعاذةِ ولا بغَيرِها، كما أنَّه لم يَشرَعْ لأمَّتِه السُّجودَ لميِّتٍ ولا لغَيرِ مَيِّتٍ، ونحو ذلك،

بل نَعلَمُ أنَّه نهى عن كُلِّ هذه الأمورِ، وأنَّ ذلك مِن الشِّركِ الذي حَرَّمه اللهُ ورَسولُه، لكِنْ لغَلَبةِ الجَهْلِ، وقلَّةِ العِلمِ بآثارِ الرِّسالةِ في كثيرٍ مِن المتأخِّرينَ، لم يمكِنْ تكفيرُهم بذلك، حتى يتبيَّنَ لهم ما جاء به الرَّسولُ صلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ مِمَّا يخالِفُه)الرد على البكرى (2/731).

دەڵێ: ئێمە دوای ئەوەی ئەودینەمان زانی کەپێغەمبەر صلى الله عليەوسلم پێی ڕەوانەکراوە بەزەڕوڕیە کەبزانین کە پێغەمبەر ڕێگەی نەداوە بەئومەتەکەی هاوار بکەنە هیچ مردویەك نەپێغەمبەران و نەپیاوچاکان و نەغیری ئەوان نە لەفزی فریاکەوتن نەك بەغەیری ئەو لەفزە وە نەبەلەفزی پەناگرتن ونە بەغەیری ئەو لەفزە هەروەها ڕێگەی نەداوە بە ئومەتەکەی سوجدە بەرن بۆ مردوو یان بۆ غەیری مردوو و هاوشێوەکانی و دەزانین نەهی لەهەموو ئەمانە کردوە و ئەمە ئەو شیرکەیە کە خوا و پێغەمبەرەکەی حەرامیان کردوە، بەڵام بەهۆی بڵاوبونەوەی جەهل و نەزانی و کەمی عیلم بەشوێنەوارەکانی دینی ئیسلام لەلایەن زۆرێك لەپاشینەکانەوە ، لەبەرئەوە ناکرێت تەکفیر بکرێن بەوکارانەیان هەتاکو شەرعی خوایان بۆ ڕوون ئەکرێتەوە و دەزانن پێچەوانەی کارەکەی ئاوانە."

هەروەها بۆ زانیاریتان شێخی ئیسلام ابن تیمیه جیاوازی ناکات لەنێوان مەسائیلی ظاهیره و مەسائیلی معلوم بالدین بالضرورة]

پاشان شێخی ئیسلام دەربارەی ئەو کەسانەی دەربارەی هەندێ جۆر لەشیرك جەهلیان و وادەزانن جائیزە دەڵێ کافر نابن مادام جاهیل بن دەڵێت : ومنهم من يطلب من الميت ما يطلب من الله ، فيقول : اغفر لي ، وارزقني ، وانصرني ، ، ونحو ذلك كما يقول المصلي في صلاته لله تعالى ، إلى أمثال هذه الأمور التي لا يشك من عرف دين الإسلام أنها مخالفة لدين المرسلين أجمعين ، فإنها من الشرك الذي حرمه الله ورسوله ، بل من الشرك الذي قاتل عليه الرسول المشركين ، وأن أصحابها إن كانوا معذورين بالجهل ، وأن الحجة لم تقم عليهم ، كما يعذر من لم يبعث إليه رسول ، كما قال تعالى : ﴿وما كنا معذبين حتى نبعث رسولا﴾ , وإلا كانوا مستحقين من عقوبة الدنيا والآخرة ما يستحقه أمثالهم من المشركين"قاعدة عظيمة , ابن تيمية (70) , والفتاوى , ابن تيمية (23/20) .

هەیە لەو خەڵکە دەپارێتەوە لەمردویەك هەروەک چۆن دەپارێتەوە لە اللە و دەڵێ: لێم خۆشبە ڕزقم بدە سەرمبخە، هەروەک چۆن نوێژخوێن لەنوێژەکانی دەپارێتەوە لەخوا، وە ئەم کارانە هیچ کەس گومانی نیە کە شارەزای دینی ئیسلام بێت دەزانێ پێچەوانەی دینی هەموو پێغەمبەرانە و هەروەها لەوشیرکانەیە کەخواو پێغەمبەر حەرامیان کردوە بەڵکو لەو شیرکانەیە کە پێغەمبەر قیتالی بەهۆیەوە لەگەڵ موشریکان کردوە، ئەگەرچی خاوەنەکانیان عوزریان هەبێ بەنەزانی و ئیقامە حوجەیان لەسەر نەکرابێ هەروەك عوزری

ئەوانەش دەدرێ کە پێغەمبەریان بۆنەچوبێ هەروەك الله تعالى دەفەرمێت﴿وما كنا معذبين حتى نبعث رسولا﴾ئەگەر نا ئەوا وەکو موشریکان شایستەی سزا دەبون لەدونیا و قیامەت.

تەنانەت ابن تەیمیە چەندین تاقمی دیاریکراو کە شیرکیان تیایە حوکمی نەداوە بەسەریان بەشیرك وەکو ڕافیزە و تەتارەکان تەنانەت ئەو زانایانەی بانگخوازی شیرك بوون وەکو "تقى الدين السبكي"

تەنانەت ابن تەیمیە حوکمی کوفری نەداوە بەسەر ڕافیزەی دوانزە ئیمامەیە بەدیاری کراوەیی مادام ئیقامە حوجە نەکرابن" والإمامية الاثنا عشرية خير منهم بكثير فإن الإمامية مع فرط جهلهم وضلالهم فيهم خلق مسلمون باطنا وظاهرا ليسوا زنادقة منافقين لكنهم جهلوا وضلوا واتبعوا أهواءهم"انظر : منهاج السنة النبوية

دەڵێ: دوانزە ئیمامیە لەکافرەکان باشترن چونکە ڕافیزەی ئیمامیە لەگەڵ ئەوپەڕی نەزانیان خەڵکێ موسڵمانیان تیایە بەڕوکەش و پەنهان موسڵمانن و زەندیق و مونافق نین بەڵام جاهیل و گومڕان و شوێنی هەوایان کەوتون"

هەروەها شێخی ئیسلام لەوەسفی ڕافیزەی ئیمامیە دەڵێ "

" ويرون الدعاء والعبادة للموتى واتخاذ المساجد على القبور ويجعلون السفر إليها حجا له مناسك ويقولون مناسك حج المشاهد وحدثني الثقات أن فيهم من

يرون الحج إليها أعظم من الحج إلى البيت العتيق فيرون الإشراك بالله أعظم من عبادة الله"منهاج السنة النبوية (451/6) .

دەڵێ" ڕافیزە پارانەوە و پەرستنی مردوان بەڕەوا دەزانن و مزگەوت لەسەر گۆڕەکان بنیات ئەنێن و زیارەتی بۆ لادەکەن ئەڵێن ئەمە ڕێوڕەسمی حەجی مەشهەدەکانمانە تەنانەت کەسانی باوەڕپێکراوبۆیان باسکردوم ئەڵێن حەج کردن بۆلای مەشهەدەکانمان زۆر گەورەترە لەحەج کردن بۆلای کەعبە وە باوەڕیان وایە هاوبەشدانان بۆ خوا چاکترە لەعیبادەتی خوا"

ئیتر هەی کەذاب ئەو هەموو درۆیە چی دەیکەی بەدەم زانایان و پێشەوایانی ئیسلام بۆ لەخوا ناترسی بۆ شەرم ناکەی ؟!! ئاخر تەنها ئەو قەولەیە ئێمە ئەیکەین بەبەڵگە دەیان ئایەت و فەرموودە و ئیجماعی زانایان و وتەی تێکڕای ئەهلی عیلمە ....ئەگەر خوێنەواریت هەیە و بەدوای حەق ئەگەڕێیت دوبارە بەسەدان بەڵگە بۆت دەسەلمێنم کە پێشەوا ابن تەیمیە عوذری بەجەهلی داناوە پێش ئیقامەی حوجە لەشیرکی گەورە

[دەقەکانی پێشەوا ابن تەیمیە و نوسراوەکانی کە عوذر بەجەهل ی تێدا جێگیر دەکات]

دکتۆر سولطان العميري دەڵێت : لایەنە ناکۆکەکان دەبینی بەردەوام لەململانێ دان دەربارەی پرسی بیانوو بەنەزانی لای شێخی ئیسلام وە لێکۆڵینەوە لەبارەیەوە هەر تاقمە دەڵێ بەوتەکەی من دەڵێ، جا بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم

کێشە و ناکۆکیە پێویستە لەسەرمان تیشك بخەینە سەر ڕاستی ووتەکاتی چونکە شێخی ئیسلام خاوەن پێگەیەکی مەزنە لە زانستە ئیسلامیەکان و دەستێکی باڵاشی بووە لە گرنگی دان بەم باسە گرنگە و لەبەهێزترینی ئەوکەسانەیە کە تەئصیلی بابەتەکەی کردوە و بەڵگەکانی بۆ هێناوەتەوە زۆر گرنگ بووە لای ڕونکردنەوەی ئەم باسە هەربۆیە دەبینی لەم هەموو بابەت و پرسەکانیدا بنەما و ڕێساکانی ئەخاتە ڕوو ئەوکەسەی کەلێکۆڵینەوە و دیراسەتی کردبێت لەووتەکانی پێشەوا ابن تەیمیە و لە تەقریراتەکانی وە لەو بنچینانەی وتەکانی لەسەر بنیات ناوە هەروەها لەجۆری مامەڵەکردنی لەگەڵ موخالیفەکانی لە ئصولی دین و فروعی دین هیچ گومانی نامێنێ لێی ڕوون ئەبێت عوذر بەجەهل دادەنێت لەبابەتەکانی شیرك و ئەو موسڵمانەی کە دەکەوێتە شیرکێکەوە ناوی موسڵمانی لەسەر لاناچێت و ئەحکامەکانی کوفری لەسەر جێگیر نابێت تاکو ئیقامەی حوجەی نەکرێت و جیاوازیش ناکات دەربارەی ئەم موسڵمانە لەشوێنێکی دووەوە عیلم بێت یان لە وڵاتی موسڵمانان بێت کە جەهل و زانایانی خراپ بەسەریدا زاڵ بن

جا بیانووی بەهەند وەرگیراو لای شێخی ئیسلام ئەوەیە کە ئەو موسڵمانە دیاریکراوە وەسفی جەهلی موعتبەر لەحەقیدا جێگیربووبێ، هەرموسڵمانێ وەسفی جەهلی موعتەبەر لەحەقیدا جێگیربوبێت ئەگەر بەهۆی کەمتەرخەمی و هەواو ئارەزوو نەبوبێت لەهەر بابەتێ بێك یەکسانە بابەتی شیرك بێت یان

هەربابەتێ ئەوا کافر ناکرێت و لەبازنەی ئیسلام دەرناهێنرێت و بڕیاری کافربونی نادرێت تاکو ئیقامەی حوجەی لەسەر نەکرێت، وە ئەم باسەش دەیان بەڵگەی لەسەرە لەووتەکانی شێخ وبەڕێگای جیاواز ، لەو ڕێگا جیاوازانە :

ڕێگای یەکەم: تەنصیص کردنی و دیاریکردنی کە جەهل عوذرە لەهەموو مەسائیلەکانی دین جا لەمەسائیلەکانی عەقیدە بێت یان کردەوە جا یەکسانە لەمەسائیلەکانی ئصولی دین بێت یان فروعی دین، جا لەوتەکانیشی کە بەم مانایە دەری ببڕێ ئەم وتەیەیە

: قوله :" هذا مع أني دائمًا ومن جالسني يعلم ذلك مني : أني من أعظم الناس نهيا عن أن ينسب معين إلى تكفير وتفسيق ومعصية ، إلا إذا عُلم أنه قد قامت عليه الحجة الرسالية التي من خالفها كان كافرا تارة وفاسقا أخرى وعاصيا أخرى , وإني أقرر أن الله قد غفر لهذه الأمة خطأها : وذلك يعم الخطأ في المسائل الخبرية القولية والمسائل العملية .."([1]) .

دەڵێ: هەموو ئەوانەی لەگەڵم دانیشتوون دەزانن من بەردەوام لەهەموو کەس زیاتر ڕێگری دەکەم لەوەی کەسێکی دیاریکراو تەکفیربکرێ یان تەفسیق بکرێ تەنها کاتێك نەبێت کە بزانرێت ئیقامەی حوجەی لەسەر کراوە کە هەرکەسێك پچەوانەی بکات کافربێت یان فاسق ببێت یان سەرپێچیکار، وەمن جێگیری دەکەم کەاللە لەهەڵەی ئەم ئومەتە خۆشبوە جا ئەم هەڵەیەش

هەڵەکردن بێت لەبواری بابەتە هەواڵدانە وتەییەکان یان بابەتە کردەییەکان"
[خطأ پێچەوانەی عەمدە شتێکیش بەعەمدی و ئەنقەست ئەنجام بدرێت
ئەوەیە کە بەعیلم و ئیرادەوە ئەنجام بدرێت هەربۆیە هەرکەسێك بکەوێتە ناو
کارێکی کوفرەوە بەبێ ئەوەی ویستی ئەو کارەی هەبێ و بزانێ ئەو کارە
کوفرە ئەوا عوذری پێ ئەدزێت بەهەڵە و خطأ لەقەڵەم دەدرێت، چونکە
عیلمی نەبوە کە موخالەفەی حوجەی کردوە ئەوا عوذر دەدرێ بەنەزانیەکەی
و بەخطأیش هەژماردەکرێت چونکە عەمدی نەبوە لەکارەکەیدا بەهۆی ئەوەی
نەزان بوە]

پاشان شێخی ئیسلام دوای ئەوەی قاعیدەی عوذر بەجەهلی بڕیاردا دەڵێت
:" وهكذا الأقوال التي يكفر قائلها قد يكون الرجل لم تبلغه النصوص الموجبة لمعرفة الحق , وقد تكون عنده ولم تثبت عنده أو لم يتمكن من فهمها , وقد يكون قد عرضت له شبهات يعذره الله بها , فمن كان من المؤمنين مجتهدا في طلب الحق وأخطأ فإن الله يغفر له خطأه كائنا ما كان , سواء كان في المسائل النظرية أو العملية" , وذكر أن هذا التأصيل هو" الذي عليه أصحاب النبي e وجماهير أئمة الإسلام "([2]) .

بەهەمان شێوەیە ئەو وتە کوفریانەی خاوەنەکەی پێ کافر ئەبێت، بەڵام ئەشێت ئەو کەسە دەقە شەرعیەکانی پێنەگەیشتبێ کەحەقی پێ دەناسێنن، یان ئەشێت دەقەکانی لابێ بەڵام ثابت نەبوبێت لەلای یان نەیتوانی بێت لێی

تێبگات، یان ئەشێت توشی چەن شوبهەیەك بوبێت الله عوذری پێ بدات، بۆیە هەرکەسێك لەبڕوادارانتێبکۆشێت بۆ داواکردنی حەق و هەڵەبکات ئەوا خوا هەڵەکەی لێ خۆش ئەبێ هەرکەسێ بێ لەبابەتی عەقیدە بێ یان کردەوە وەدەڵێت ئەم تەئصیل و بنچینەیەیە کە هاوەڵانی پێغەمبەری ﷺ و جەماوەری پێشەوایانی ئیسلامی لەسەرە."

هەربۆیە شێخی ئیسلام ابن تەیمیە لەم دەقانە دەیسەلمێنێ کە جەهل عوذرە لەهەموو بابەتەکان یەکسانە لەبابەتی عەقیدە بێت یان کردەوە، جا ئەگەر باوەڕی وابوایە بابەتەکانی شیرك یان بابەتە ئاشکراکان داخلی عوذر پێدان بەجەهل ناکرێت ئەوا ئاماژەی پێ ئەدا و ڕوونی ئەکردەوە چونکە شوێنەکەی ئەوە دەخوازێت، چونکە ئەم قسەیەی کرد لەکاتی بەیان کردنی مەوقیفی خۆی دەربارەی کەسە موخالیفەکانی وە هات بنچینەکانی خۆی ڕوونکردەوە لە چۆنێتی بڕیاردانی لەسەریان وە بەشێوازێك ووتی کە دەلالەت ئەکات لە "عموم" گشتی بوون وە ئەم شوێنەش ئەوە دەخوازێ بەتەفصیل باسی بکردایە بەڵام هیچ یەکێك لەوانەی نەکرد، هەربۆیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی بابەتە ئاشکراکان و بابەتی شیرك دەرناچێت لەم حوکمە کە سەلماندوویەتی.

ڕێگای دووەم: شێخی ئیسلام ابن تەیمیە قاعیدەی تەکفیر و قاعیدەی وەعیدی یەکسان کردوە بەیەکتر، ڕونیکردۆتەوە کە لەهەمان ڕەگەزی یەکترن و هەمان مەرجی یەکتریان هەیە، چەندین جار دوبارەی دەکاتەوە کە

تەکفیری ڕەهاکان وەکو هەڕەشەی ڕەهاکانە حوکمەکانیان بەسەر کەسی دیاریکراو جێبەجێ نابێت تەنها بەبوونی مەرجەکان و لابردنی ڕێگریەکان نەبێت، وتەکانیشی دەربارەی ئەم مانایەئەوەیە کاتێ هەڵوێستی پێشەوایان و وتەکانیان باس ئەکات دەربارەی جەهمیەکان دەڵێت:" فإن التكفير المطلق مثل الوعيد المطلق لا يستلزم تكفير الشخص المعين حتى تقوم عليه الحجة التي تكفر تاركها"([3])

دەڵێ: بەڕاستی تەکفیرکردنی ڕەها وەك هەڕەشە ڕەهاکان وایە و تەکفیرکردنی کەسی دیاریکراو ناوخوازێت تاکو ئیقامەی حوجەی لەسەردەکەیت کە ئەو کەسەی وازی لێهێناوە کافر ببێت."

هەروەها لەدوای باسکردنی وتەکانیان دەڵێت:" فهذه المقالات هي كفر , لكن ثبوت التكفير في حق الشخص المعين موقوف على قيام الحجة التي يكفر تاركها , وإن أطلق القول بتكفير من يقول ذلك فهو مثل إطلاق القول بنصوص الوعيد مع أن ثبوت حكم الوعيد في حق الشخص المعين موقوف على ثبوت شروطه وانتفاء موانعه , ولهذا أطلق الأئمة القول بالتكفير مع أنهم لم يحكموا في عين كل قائل بحكم الكفار"([4]).

دەڵێ: ئەم وتانەیان کوفرە، بەڵام جێگیربونی بونی تەکفیرکردنی کەسی دیاریکراو وەستاوە لەسەر ئیقامەی حوجە، ئەگەریش وتەیەک بەڕەهایی بوترێ دەربارەی کافربونی کەسێ کە وابڵێ ئەمە هەروەك ئەو دەقانەیە کە بەڕەهایی

هەڕەشە دەکەن لەگەڵ ئەوەشدا ثابت بونی حوکمی ئەو هەڕەشانە لەسەر کەسی دیاریکراو پەیوەستە و وەستاوە لەسەر جێگیربونی مەرجەکانی و لابردنی ڕێگریەکانی، هەربۆیە پێشەوایان کە بەڕەهایی تەکفیریان کردوە نەچوونە حوکم بدەن بەسەر هەموو کەسێکی دیاریکراو کە ئەو قسە کفریانە ئەڵێت بەحوکمی کافربوون."

ڕێگای سێیەم: جەختکردنەوەی شێخی ئیسلام لەسەر ئەوەی قاعیدەی عوذر بەجەهل هەموو ئەوانە دەگرێتەوە جەهل ی معتبریان هەبێت، هەربۆیە دەڵێت هەرکەسێك کارێك ئەنجام بدات کە کوفر بێت یان شیرك بێت حوکمی کوفر بەسەر خاوەنەکەی نادرێت کە نەزان بێت، بەڵگەش لەسەر ئەم وتانەی کاتێ قاعیدەی تەکفیری گشتی و عام باس ئەکات و باسی هەندێ لە ئەحکامەکانی سزادان ئەکات لەشەریعەت.

دەڵێت :" وإذا عرف هذا فتكفير المعين من هؤلاء الجهال وأمثالهم - بحيث يحكم عليه بأنه من الكفار - لا يجوز الإقدام عليه إلا بعد أن تقوم على أحدهم الحجة الرسالية التي يتبين بها أنهم مخالفون للرسل وإن كانت هذه المقالة لا ريب أنها كفر , وهكذا الكلام في تكفير جميع المعينين , مع أن بعض هذه البدعة أشد من بعض , وبعض المبتدعة يكون فيه من الإيمان ما ليس في بعض , فليس لأحد أن يكفر أحدا من المسلمين وإن أخطأ وغلط حتى تقام

عليه الحجة وتبين له المحجة , ومن ثبت إيمانه بيقين لم يزل ذلك عنه بالشك ؛ بل لا يزول إلا بعد إقامة الحجة وإزالة الشبهة "([5]) .

دەڵێ: ئەگەر ئەمە زانرا، ئەوا تەکفیرکردنی کەسی دیاریکراوم لەو کەسە جاهیلانە و هاوشێوەکانیان کە حوکم بدەیت بەسەریان بەوەی کافرن جائیز نیە دەسپێشخەری بۆ بکەی تەنها کاتێ نەبێت ئیقامەی حوجەت کردبێ لەسەریان و بۆیان ڕوون ئەبێتەوە کە پێچەوانەی پێغەمبەرانیان کردوە ئەگەرچی قسەکانیان گومانی تیانیەکە کوفرە، ئەم قسەیەشمان دەربارەی هەموو کەسە دیاری کراوەکانە، ئەگەرچی هەندێ بیدعە خراپترن لەهەندێکی تریان، هەندێ لەموبتەدیعەکان هەیە ئیمانیان زیاترە لەهەندێکی تریان بۆیە بۆهیچ یەکێك نیە هیچ یەکێ لەموسڵمانان تەکفیرکات ئەگەرچی هەڵەبکات و غەڵەت بکات تاکو ئیقامە حوجەی لەسەر نەکرێت و بەڵگەی بۆ ڕوون نەکرێتەوە، هەرکەسێك ئیمانی بەدڵنیاییەوە جێگیربوبێ لەسەری لاناچێت بەگومان، بەڵکو کاتێ لادەچێ کە ئیقامەی حوجەی بکرێت و شوبهەکانی بڕەوێتەوە."

هەروەها لێرە بەنەص و دیاریکردن دەڵێت لەهەموو بابەتەکانی دین حوکمەکانی کافربون جێگیرنابێت لەسەر کەسی جاهیل تاکو ئیقامە حوجەی لەسەرنەکرێت، هەروەك لەتەعلیقێکی لەسەر وتەکەی ابن قودامە دەڵێت :" فمن جحد وجوبها – أي الصلاة - بجهله عرف ذلك , وإن جحدها عنادا كفر " , قال : " هذا أصل مطرد في مباني الإسلام الخمسة , وفي الأحكام

الظاهرة المجمع عليها إن كان الجاحد لذلك معذورا مثل أن يكون حديث عهد بالإسلام أو قد نشأ ببادية هي مظنة الجهل بذلك , لم يكفر حتى يعرف أن هذا دين الإسلام ؛ لأن أحكام الكفر والتأديب لا تثبت إلا بعد بلوغ الرسالة , لا سيما فيما لا يعلم بمجرد العقل"([6]).

دەڵێ: هەرکەسێ ئینکاری واجب بونی نوێژبکات بەهۆی نەزانی خۆی بۆی ڕون ئەکرێتەوە دوای ئەوە ئەگەر ئینکاری لێ کرد کافرئەبێت، وە دەڵێ: ئەمە بنچینەیەکی گشتیە بۆ هەر پێنج پایەکەی ئیسلام وە هەروەها بۆ هەموو ئەو حوکمە ئاشکرایانەی کە ئیجماعی لەسەرە هەروەها کەسی نکۆڵیکار عوذری هەیە بەوەش هەیە کە تازە موسڵمان بووبێ یان لەشوێنێ گەورە بوبێشوێنی نەزانی بێ وعیلمی لێ نەبێ، بۆیە ئەم کەسە تەکفیرناکرێت تاکو پێی دەوترێ ئەمەیە دینی ئیسلام چونکە حوکمەکانی کوفر و تەمبێ کردن ناجەسپێت تەنها دوای گەیشتنی ڕیسالەنەبێت بەتایبەت ئەوشتانەشی کە تەنها بەعەقڵ نازانرێت"

ڕێگای چوارەم: شێخی ئیسلام بەدیاریکردن دیاری بکات هەرکەسێ کارێکی شیرکی ئەنجام بدات نەزانێ کە ئەو کارە شیرکە ئەوا کافرنابێت و وەسفی موسڵمان بونی لەسەر لاناچێت ، ئەم مانایەش لەزۆرێك لەوتەکانی شێخی ئیسلام هاتووە وە لەچەندین بارودۆخی جۆراوجۆر جارێك لەکاتی

تەئصیلکردنی بۆبابەتەکانی بیانووپێدان وە جارێك لەکاتی وەڵامدانەوەی بۆ پرسیارێکی تایبەتی ئەو شوێنانەشی ئەم مانایەی تێدا جێگیرکردوە ئەمانەن :

شوێنی یەکەم : پرسیاری لێ دەکرێ دەربارەی کەسێ هانا وهاواربەرێ بۆ قەبرێك ، بڕیاردەدات ئەگەر ئەو کەسە نەزان بێت کافر نابێت ، پرسیارکەرێ لێ دەپرسێت و دەڵێ

پێشەوایانی عیلم ودین خوا لێیان ڕازی بێ چی دەڵێن دەربارەی خەڵکانێ تعظیمی شێخەکان دەکەن لەکاتی ناخۆشیدا هانا وهاوار وداوای فریاکەوتنیان لێ دەکەن لەوان دەڕێنەوە و دەکروزێنەوە و زیارەتی قەبرەکانیان دەکەن و ماچی دەکەن و تەبەروك و بەخۆڵەکەی دەکەن بەدرێژایی شەو چرای لەسەر دادەنێن مەوسیمی زیارەت کردنی بۆ دادەنێن و لەشوێنە دورەکانەوە سەردانی دەکەن و شەوەکانی زیندوو دەکەنەوە وەکو جەژنی لێ دەکەن ونەزری بۆ دەکەن و نوێژی لەلا دەکەن ئایا ئەم کارانە حەڵاڵە بۆ ئەو خەڵکە یان حەرامە یان باش نیە ؟ ئایا جائیزە ئەو شێخانە دان بنێن بەمانە کەبۆیان دەکرێ یان دەبێ ڕێگریان لێ بکەن ؟ چی واجبە لەسەر شێخەکان کە فێری موریدەکانیان بکەن وەسێتیان بکەن ؟ ئایا جائیزە بۆیان ڕێگە بدەن ئاگر و مار بەکارببێنن ؟ وەچی پێویستە لەسەر مەلای ئەو مزگەوتانەی ئەچنە ئەو شوێنانە و موافەقەیان ئەکەن لەسەر ئەو کارانەیان ؟ وە لەسەر

کاربەدەستانیش چی پێویستە دەرحەق بەوانە بیکات وەڵامان بدەنەوە خوا پاداشتتان بداتەوە؟؟؟

[ئەمە پرسیارێکی گرنگە لەبابەتی عوذر بەجەهل لەمەسەلەی شیرك چونکە پرسیار دەکات لەهەمان ئەو کارانەی قەبرپەرستەکان ئەیکەن لەم سەردەمەی خۆمان وەکو هانا و هاوارکردن بۆ قەبرەکان لەکاتی ناحۆشی]

شێخی ئیسلام ابن تەیمیە وەڵامی دانەوە بەوەڵامێکیدورودرێژ و ووتی :" الحمد لله رب العالمين , من استغاث بميت أو غائب من البشر بحيث يدعوه في الشدائد والكربات , ويطلب منه قضاء الحوائج , فيقول : يا سيدي الشيخ فلان أنا في حسبك وجوارك , أو يقول عند هجوم العدو : يا سيدي فلان يستوحيه ويستغيث به , أو يقول ذلك عند مرضه وفقره وغير ذلك من حاجاته : فإن هذا ضال جاهل مشرك عاص لله تعالى باتفاق المسلمين , فإنهم متفقون على أن الميت لا يدعى ولا يطلب منه شيء , سواء كان نبيا أو شيخا أو غير ذلك" .

ووتی: الحمدلله رب العالمین، هەرکەسێ داوای فریاکەوتن بکات لەمردوویەك یان لە غائیبێك لەبەشەر بەجۆرێ هاناو هاواری بۆ بکات لەکاتی ناخۆشیەکان، داوای لێ بکات پێویستیەکانی بۆ جێبەجێبکات و بڵێ: ئەی سەیدی و ئەی گەورەم فلاّنەشێخ من لەپەنای تۆم یان کاتێ دوژمن هێرش بێنێ ، ئەی سەیدەکەم فلاّن کەس داوای لێ بکات فریای بکەوێت یان

لەکاتی نەۆش کەوتنی یان لەکاتی فەقیرییدا داوای پێویستیەکانی لێ بکات ئەوا گومڕایە وموشریکە سەرپێچی خوای کردوە بە ئیتیفاقی موسڵمانان ، موسڵمانان کۆکن لەسەرئەوەی هاوار ناکرێت بۆ مردوو و دوای هیچیشی لێ ناکرێت یەکسانە پێغەمبەر بێت یان شێخێ بێ یان هەرکەسێ"

[لێرەدا حوکمی داوای فریاکەوتنی ڕونکردەوە لەقەبرەکان وڕونی کردەوە کەشیرکی گەورەیە پاشان باسی ئەو حاڵەتانەی کرد کە جائیزە داوا بکەی لەمەخلوق و ئەو حاڵەتانەشی جائیز نیە پاشان ئەحکامەکانی زیارەتی گۆڕستانی ڕونکردەوە هەروەها ئەو بیدعانەش کە لای گۆڕەکان دەکرێ، ڕەنگە لای هەندێ کەس ئیشکال لەم وتەیەی ابن تەیمیە دروست بێ کە دەڵێ فإن هذا ضال جاهل مشرك عاص لله تعالى باتفاق المسلمين" ئەوکەسە گومڕا و موشریکە بەئیتیفاقی موسڵمانان ،یان وتەیەکی تری هەیە دواتر؟باسی ئەکەین کەدەڵێ:"من دعا غير الله وجح إلى غير الله فهو أيضا مشرك" هەرکەسێ هاواربکاتە غەیری اللە بەهەمان شێوە موشریکە، هەندێ کەس وادەزانن ئەم وتانەی مەبەستی پێی کەسی دیاریکراوە بەڵام لەڕاستیدا وانیە چونکە ئەم شێوازە دەربڕینەی دەریدەبڕێ لەتەکفیرکردنی موطلەق شێوازی پێشەوایانی دەربڕینە بەناوی بکەر "إسم الفاعل" بەڵگەش لەسەر ئەمە سیاقی ووتەکانی ابن تەیمیە و تێگەیشتنیەتی لەدەقەکانی پێشەوایان و ئیطلاقاتەکانیان]

پاشان حەقیقەتی ئەو شیرکە ڕون ئەکاتەوە کە موشریکانی عەرەب ئەنجامیان ئەدا لای گۆڕەکان ئەوەش بریتی بووە لەوەی داوای فریاکەوتنیان دەکرد لەخاوەن گۆڕەکان دوای ئەوەی ئەوەی سەلماند دەڵێ :" وهذا الشرك إذا قامت على الإنسان الحجة فيه ولم ينته , وجب قتله كقتل أمثاله من المشركين , ولم يدفن في مقابر المسلمين , ولم يصل عليه , وأما إذا كان جاهلا لم يبلغه العلم , ولم يعرف حقيقة الشرك الذي قاتل عليه النبي صلى الله عليه وسلم المشركين , فإنه لا يحكم بكفره , ولا سيما وقد كثر هذا الشرك في المنتسبين إلى الإسلام , ومن اعتقد مثل هذا قربة وطاعة فإنه ضال باتفاق المسلمين , وهو بعد قيام الحجة كافر "([7]).

دەڵێ" ئائەم شیرکە ئەگەر لەسەر خاوەنەکەی ئیقامەی حوجەکرا و وازی نەهێنا پێویستە بیکوژی وەک کوشتنی موشریکەکان و نەدەفنیش نەکرێ لەگۆڕستانی موسڵمانان و نوێژی لەسەر نەکرێ، بەڵام ئەگەر نەزان بوو و عیلمی پێ نەگەیشتبوو و حەقیقەتی شیرکی نەدەزانی کە پێغەمبەر قیتالی لەسەرکرد، لەم کاتەدا حوکم نادرێ بەکافربونی ، سەرەڕای ئەوەی ئەم جۆرە شیرکە زۆربوە لەناو ئەوانەی خۆیان ئەدەنە پاڵ ئیسلام ، وەهەرکەسێ بەم شیرکە بڵێ لەخوا نزیکبونەوە ئەواگومڕایە بە ئیتیفاقی موسڵمانان و دوای ئیقامە حوجەش کافر ئەبێ"

ئەم فەتوایەش گرنگە لەڕونکردنەوەی ڕاستی بۆچونی ابن تەیمیە دەربارەی حوکمی کەسێ شیرک ئەنجام بدات بەنەزانی لەبەر چەن هۆیەك : -

1- ئەم پرسیارێکی تایبەتە لەخودی ئەو بابەتە دیاریکراوە لێیکراوە، چونکە ئەم وەڵامە نەهاتووە بەشێوەی وتەیەکی گشتی خۆی ، بەڵکو لەوەڵامی پرسیارێکدا هاتووە کەخاوەن پرسیار دەیەوێ ڕاستی حوکمەکە بزانێ دەربارەی ئەوانەی داوای فریاکەوتن ئەکات لەمردووان. فەتواش بەم شێوەیەبێ ڕوونترین ڕێگایە تاکو ڕاستی وتەی موفتیەکەت بۆ دەربخات وە ئەمەش لەهەموان بەهێزترە تاکو پشتی پێببەستریت لە دەرهێنان و یەکلاکردنەوەی وتەی زانایەك و بۆچونی ئەو زانایە.

2- ئەمەفەتوایەکی تەفصیلیە دەربارەی حوکمی ئەوانەی داوای فریاکەوتن ئەکەن لەغەیری اللە، وەجیاوازی کردنی ئاشکرای تێدایە لەنێوان حاڵی کەسێکی نەزان و کەسێکی زانا.

3- پرسیارەکە دەربارەی حاڵی کەسانێکە لەموسڵمانان کە هانا و هاوار دەبەن بۆ ئەو شەخصە مردوانە و لەوڵاتێك دەژین کە زانا و مەلاکان فەتوایان بۆ ئەدەن لەشوێنێ نین تازە موسڵمان بووبن یان دووربن لەموسڵمانان، بەڵکو عامە بۆ هەموو ئەوحاڵەتانەی جەهلی تێدا ڕوئەدات ئەگەر چی لە وڵاتێکیش بێ زانایانی تێدابێ ، ئەم تحریرەش زۆرگرنگی هەیە بۆ زانینی بۆچونی ابن تەیمیە.

4- بەڵگەی ئاشکرای ئەوەی تیایە ئەوکەسەی دەکەوێتە ناو شیرکەوە بەنەزانی وەسفی موسڵمانێتێ لەسەر لاناچێت و حوکمەکانی کافربونیشی لەسەر جێبەجێ نابێ چونکە ڕونی کردەوە ئەوکەسەی حەق بۆ ڕونکرایەوە و وازی نەهێنا ئەوا واجبە بکوژرێ و لەگۆڕستانی موسڵمانانیش نەنێژرێ و نوێژیشی لەسەر نەکرێ، کەواتە هەرکەسێ حەق بۆ ڕون نەکرابوەوە ئەوا حوکمەکانی کافری لەسەر جێگیرنابێ و ناکوژرێ و لەگۆڕستانی موسڵمانانیش دەنێژرێ.

شوێنی دووەم: کە شێخی ئیسلام بەدیاری کردن فەرمویەتی دەربارەی عوذر بەجەهل لەبابەتی "إستغاثة" داواکردنی فریاکەوتن لەمردووان کاتێ وەڵامی البكري دەداتەوە و دەڵێ :" فإنه بعد معرفة ما جاء به الرسول نعلم بالضرورة أنه لم يشرع لأمته أن تدعو أحدا من الأموات لا الأنبياء ولا الصالحين ولا غيرهم , لا بلفظ الاستغاثة ولا بغيرها , ولا بلفظ الاستعاذة ولا بغيرها , كما أنه لم يشرع لأمته السجود لميت ولا لغير ميت , ونحو ذلك , بل نعلم أنه نهى عن كل هذه الأمور , وأن ذلك من الشرك الذي حرمه الله تعالى ورسوله , لكن لغلبة الجهل وقلة العلم بآثار الرسالة في كثير من المتأخرين لم يمكن تكفيرهم بذلك حتى يتبين لهم ما جاء به الرسول e مما يخالفه"([8]) .

دەڵێ: ئێمە دوای ئەوەی ئەودینەمان زانی کەپێغەمبەر صلى الله عليه وسلم پێی ڕەوانەکراوە بەزەڕوڕیە کەبزانین کە پێغەمبەر ڕێگەی نەداوە بەئومەتەکەی

هاوار بکەنە هیچ مردوێك نەپێغەمبەران و نەپیاوچاکان و نەغیری ئەوان نە لەفزی فریاکەوتن نەك بەغەیری ئەو لەفزە وە نەبەلەفزی پەناگرتن ونە بەغەیری ئەو لەفزە هەروەها ڕێگەی نەداوە بە ئومەتەکەی سوجدە بەرن بۆ مردوو یان بۆ غەیری مردوو و هاوشێوەکانی و دەزانین نەهی لەهەموو ئەمانە کردوە و ئەمە ئەو شیرکەیە کە خوا و پێغەمبەرەکەی حەرامیان کردوە، بەڵام بەهۆی بڵاوبونەوەی جەهل و نەزانی و کەمی عیلم بەشوێنەوارەکانی دینی ئیسلام لەلایەن زۆرێك لەپاشینەکانەوە ، لەبەرئەوە ناکرێت تەکفیر بکرێن بەوکارانەیان هەتاکو شەرعی خوایان بۆ ڕوون ئەکرێتەوە و دەزانن پێچەوانەی کارەکەی ئاوانە."

ئەمە وتەی ابن تەیمیەیە کە دەربارەی داواکردنی فریاکەوتن لەمردوان کەشیرکی گەورەیە بەڵام حوکم نادات بەسەر کەسەکان بەکافربونی تاکو ئیقامەی حوجەیان لەسەر نەکرێت و دەیسەلمێنێ ئەم عوذرپێدانە هەموو ئەوانە ئەگرێتەوە کە عیلمیان پێ نەگەیشتبێ ئەگەر چی تازە موسڵمانیش نەبوبن.

شوێنی سێیەم: کاتێك پرسیار لەشێخی ئیسلام دەکرێت دەربارەی حوکمی داواکردنی فریاکەوتن لەپێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەڵێت هەرکەسێك داوای فریاکەوتنی لێ بکات لەشتێکدا کەتەنها لەدەسەڵاتی خوادا بێت ئەوا کافرنابێت تاکو ئیقامەی حوجەی لەسەر نەکرێت، پرسیارکەرێ لێ دەپرسێ

:" ما تقول السادة العلماء أئمة الدين وفقهم الله لطاعته فيمن يقول : لا يستغاث برسول الله صلى الله عليه وسلم هل يحرم عليه هذا القول وهل هو كفر أم لا ؟ , وإن استدل بآيات من كتاب الله وأحاديث رسوله صلى الله عليه وسلم هل ينفعه دليله أم لا ؟ , وإذا قام الدليل من الكتاب والسنة فما يجب على من يخالف ذلك ؟ , أفتونا مأجورين ".

پێشەوایانی دین و عیلم چی دەڵێن دەربارەی ئەوانەی دەڵێن داوای فریاکەوتن ناکرێت لە پێغەمبەری خوا ئایا ئەم قسەیە کوفرە یان نا ؟ ئایا ئەگەر بەڵگە بەقورئان و سونەت بێنێتەوە سودی بۆی ئەبێ یان نا ؟ جا ئەگەر بەڵگە هەبوو لەسەر کەسی موخالیف چی هەیە ؟ وەڵامان بدەنەوە خوا پاداشتتان بداتەوە ؟؟؟

وەڵامی دایەوە بەوەڵامێکی دوورودرێژ لەسەرەتادا ڕوونی کردەوە کەوا ثابت بوە شەفاعەت کردنی پێغەمبەر لەڕۆژی قیامەت بەوردی باسی کرد، پاشان چەن جۆرێك لە داواکردنی فریاکەوتنی جائیزی باسکرد پاشان ووتی: :" والاستغاثة بمعنى أن يُطلب من الرسول صلى الله عليه وسلم ما هو اللائق بمنصبه لا ينازع فيها مسلم , ومن نازع في هذا المعنى فهو إما كافر إن أنكر ما يكفر به , وإما مخطئ ضال . وأما بالمعنى الذي نفاه رسول الله e فهو أيضا مما يجب نفيها , ومن أثبت لغير الله ما لا يكون إلا لله فهو أيضا كافر إذا قامت عليه الحجة التي يكفر تاركها"([9]) .

ووتی: داواکردنی ئیستیغاثە و فریاکەوتنێك کە شایەن بێ بە پلەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم هیچ موسڵمانێ لەمەدا ناکۆکی نیە، هەرکەسێ لەم مانایە ناکۆکی بکات یان کافرە ئەگەر ئەوەی ئینکاری لێ کرد پێی کافربێ ، یان هەڵەکار و گومڕایە. بەڵام ئەو داواکردنە فریاکەوتنەی کەپێغەمبەر نەفی کردوە ئێمەش پێویستی نەفی بکەین، هەرکەسێك شتێ جێگیربکات بۆ جگە لە الله کە تەنها مافی اللهبێ بەهەمان شێوە ئەمەش کافرە ئەگەر ئیقامەی حوجەکرا" ئەمانە هەمووی وتەی ئاشکرا و صەرِیحە لەووتەکانی شێخی ئیسلام کەوا جەهل عوذر ە لەبابەتەکانی داواکردنی فریاکەوتن لە قەبرەکان ، صەرِیحە و ئاشکرایە لەوەی هەرکەسێك ئەوکارە بکات نەزان بێت بەحوکمی کارەکەی جا بەهۆی شوبهە بێ یان بەهۆی پێنەگەیشتنی عیلمی صەحیح بێت ئەوا کافر نابێت وە جیاوازیش ناکرێت لەرِووی تەئصیلی شەرعیەوە بەوەی تازە موسڵمان بوو بێ یان لەوڵاتێکی کوفر و دوور لەعیلم بێ یان لەوڵاتی موسڵمانان بێ ئەصل لەهەموو ئەمانە ئەوەیە هەرکەسێ داوای فریاکەوتن بکات لەمردووان نەزان بێت بەنەزانیەکی معتبر ئەوا حوکمی کوفری لەسەر نادرێت تاکو ئیقامەی حوجەی لەسەر نەکرێت، پاشان دێتە سەر ئەوەی چ کاتێ جەهل قبوڵ ئەکرێ و چ کاتێ قبوڵ ناکرێ لەلایەن ئەوکەسانەی بانگەشەی نەزانی بکەن دواتر بەوردی باسی ئەکەین.

شوێنی چوارەم : بەدیاری کردن دەیڵێ هەرکەسێ هەڵەبکات لەئەنجامدانی جۆرێك لەجۆرەکانی شیرك وا گومان ببات جائزە بەهۆی نەزانیان ئەوا کافرنابن هەروەك لەم بارەیەوە دەڵێ:" ومنهم من يطلب من الميت ما يطلب من الله ، فيقول : اغفر لي ، وارزقني ، وانصرني ، ، ونحو ذلك كما يقول المصلي في صلاته لله تعالى ، إلى أمثال هذه الأمور التي لا يشك من عرف دين الإسلام أنها مخالفة لدين المرسلين أجمعين ، فإنها من الشرك الذي حرمه الله ورسوله ، بل من الشرك الذي قاتل عليه الرسول e المشركين ، وأن أصحابها إن كانوا معذورين بالجهل ! ، وأن الحجة لم تقم عليهم ، كما يعذر من لم يبعث إليه رسول ، كما قال تعالى : ﴿وما كنا معذبين حتى نبعث رسولا﴾ , وإلا كانوا مستحقين من عقوبة الدنيا والآخرة ما يستحقه أمثالهم من المشركين"([10]) .

دەڵێ: هەیە لەو خەڵکە دەپارێتەوە لەمردویەك هەروەک چۆن دەپارێتەوە لە اللە و دەڵێ: لێم خۆشبە ڕزقم بدە سەرمبخە، هەروەک چۆن نوێژخوێن لەنوێژەکانی دەپارێتەوە لەخوا، وە ئەم کارانە هیچ کەس گومانی نیە کە شارەزای دینی ئیسلام بێت دەزانێ پێچەوانەی دینی هەموو پێغەمبەرانە و هەروەها لەوشیرکانەیە کەخواو پێغەمبەر حەرامیان کردوە بەڵکو لەو شیرکانەیە کە پێغەمبەر قیتالی بەهۆیەوە لەگەڵ موشریکان کردوە، ئەگەرچی خاوەنەکانیان عوزریان هەبێ بەنەزانی و ئیقامە حوجەیان لەسەر نەکرابێ

هەروەك عوزری ئەوانەش دەدرێ کە پێغەمبەریان بۆنەچوبێ هەروەك اللە تعالی دەفەرمێت﴿وما كنا معذبين حتى نبعث رسولا﴾ئەگەر نا ئەوا وەکو موشریکان شایستەی سزا دەبون لەدونیا و قیامەت."

شوێنی پێنجەم: شێخی ئیسلام ابن تەیمیە ئەو تاقمە دیاریکراوانەی تەکفیرنەکردوە کا هاناو وهاواریان بردوە بۆ قەبرەکان و قەبرپەرست بوونە، وەکو ڕافیزە و تەتارەکان، هەروەها ئەو زانایانەشی تەکفیر نەکردوە کە هاناو هاوارکردنیان لەمردوان بەشیرکی گەورە نەزانیوە وێنەی البكري و تقی الدینی السبكي و غەیری ئەوان، ئەگەر بابەتی هاناو هاواربردن بۆمردوان لەوبابەتانە بوایە کە عوذر تیایدا قبوڵ نیە بەجەهل و تەئویل لەلای ابن تەیمیە ئەوا ابن تەیمیە ئەو خەڵکانەی بەدیاریکراوەیی تەکفیرئەکرد بەڵام نەیکرد ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی عوذر بەجەهل و تەئویل دادەنێ لەم بابەتانە

بەڵکو ابن تەیمیە حوکمی لەسەر ڕافیزە نەداوە بەکوفر بەشێوەی دیاریکراو و تعین تەنها کەسێکیان نەبێت کە ئیقامەی حوجەی کرابێت، بەڵکو دەڵێت هەیە لەناو ڕافیزە بەدڵ و بەگیان ئیماندارە و دەڵێ:" والإمامية الاثنا عشرية خير منهم بكثير فإن الإمامية مع فرط جهلهم وضلالهم فيهم خلق مسلمون باطنا وظاهرا ليسوا زنادقة منافقين لكنهم جهلوا وضلوا واتبعوا أهواءهم"([11]) دەڵێ: دوانزە ئیمامیە زۆر باشترن لەوان ئیمامیەی ڕافیزە سەرەڕای ئەوپەڕی

نەزانی و گومڕاییان خەڵکێ زۆریان تێدایە موسڵمانن بەدڵ و بەگیان و مونافق و زەندیق نین بەڵام جاهیل و گومڕان وشوێن هەوایان کەوتون."

لەگەڵ ئەوشدا ابن تەیمیە قەبرپەرستی ئەداتە پاڵ ڕافیزە وە دەڵێ ئەو ڕافیزانە یەکەم کەس بوونە ئەو مەزارگانەیان داهێنا کەهاوبەشی تێدا ئەنجام ئەدرێت بۆ خوای گەورە ومەزن ، دەڵێ:" وأول من وضع هذه الأحاديث في السفر لزيارة المشاهد التي على القبور أهل البدع من الروافض ونحوهم الذين يعطلون المساجد , ويعظمون المشاهد التي يشرك فيها ويكذب فيها ويبتدع فيها دين لم ينزل الله به سلطانا "([13]) ,دەڵێ: ئەو مەزارگانەی لەسەر گۆڕی ئەهلی بیدەع دان لەڕافیزە و هاوشێوەکانیان کە مزگەوتەکانیان پەکخستوە و مەزارەکان بەگەورە دادەنێن کەشیرك و درۆ و دینی تێدا دادەهێنن ئەنجامی ئەدەن تیای کە خوا هیچ بەڵگەیەکی لەسەر دانەبەزاندوە."

هەروەها شێخ لەوەسفی ئەو ڕافضانە دەڵێ:" ويرون الدعاء والعبادة للموتى واتخاذ المساجد على القبور ويجعلون السفر إليها حجا له مناسك ويقولون مناسك حج المشاهد وحدثني الثقات أن فيهم من يرون الحج إليها أعظم من الحج إلى البيت العتيق فيرون الإشراك بالله أعظم من عبادة الله"([17])

دەڵێ: ئەو ڕافیضانە هاوار و پارانەوە و پرستن بۆ مردوو بەجائیز ئەزانن و هەروەها دروست کردنی مزگەوت لەسەر قەبرسان وە سەفەرکردن بۆلای قەبرەکانیان وناوی ئەنێن بەڕێوڕەسمەکانی حەج وە کەسانی باوەڕپێکراو پێی

وتوم كەدەڵێن حەج كردن بۆلای ئەو قەبرانە زۆر گەورەترە لەحەج كردن بۆ لای كەعبە وە هاوبەشدان بۆ خوا بەگەورەتر ئەزانن لەپەرستنی خوا."

[ابن تەیمیە باس لەو ڕافیضانە ئەكات كەكەوتونەتە ناو شیركەوە هەروەك زۆر ڕوونە لە ووتەكانی]

بەهەمان شێوە شێخی ئیسلام حوكمی نەدا بەسەر تەتارەكان بەكافربون لەگەڵ ئەوەدا كەوتبونە ناو شیركی ئاشكرا و ڕوونەوە بەڵام نەیان ئەزانی ئەوە شیركە وپێچەوانەی ئیسلامە بۆیە سەلماندی عوذریان هەیە وەك فەرمووی :"من دعا غير الله وجح إلى غير الله هو أيضا مشرك والذي فعله كفر , لكن قد لا يكون عالما بأن هذا شرك محرم , كما أن كثيرا من الناس دخلوا في الإسلام من التتار وغيرهم وعندهم أصنام لهم صغار من لبد وغيره , وهم يتقربون إليها ويعظمونها ولا يعلمون أن ذلك محرم في دين الإسلام , ويتقربون إلى النار أيضا ولا يعلمون أن ذلك محرم , فكثير من أنواع الشرك قد يخفى على بعض من دخل في الإسلام ولا يعلم أنه شرك , فهذا ضال وعمله الذي أشرك فيه باطل , لكن لا يستحق العقوبة حتى تقوم عليه الحجة ... وكذلك كثير من الداخلين في الإسلام يعتقدون أن الحج إلى قبر بعض الأئمة والشيوخ أفضل من الحج أو مثله ولا يعلمون أن ذلك محرم ولا بلغهم أحد أن هذا شرك محرم لا يجوز"([18]) .

واته: هەرکەسێك هاواربکاتە غەیری اللە و حەج بکات بۆ غەیری ماڵی خوا ئەمەش موشریکە و کارەکەی کوفرە بەڵام ئەشێ زانا نەبێت بەوەی ئەم کارە شیرك بێت و حەرام بێت.

هەروەك زۆرێك لەو خەڵکانەی داخلی ئیسلام بوون لەتەتارەکان و غەیری ئەوان کە چەندین بتی بچوکیان هەیە نزیك دەبنەوە لێیان تەعزیمی دەکەن و ناشزانن ئەم کارەیان حەرامە لەدینی ئیسلام، هەروەها نزیك دەبنەوە لە ئاگریش ناشزانن ئەم کارەیان حەرامە، هەربۆیە زۆرێك لەجۆرەکانی شیرك ئەشێت شاراوە بێت لای ئەوکەسانەی داخلی ئیسلام دەبن و نازانن شیرکە، ئەمە گومڕاییە ئەو کارەیان باتڵە بەڵام سزا نادرێن تاکو ئیقامە حوجەیان لەسەرنەکرێت.

بەهەمان شێوە زۆرێك لەوانەی داخلی ئیسلام بوونە باوەڕیان وایە حەج کردن بۆلای هەندێ لەپێشەوا و شێخەکان باشترە لەحەج یان وەکو حەجە نازانن ئەم کارەیان حەرامە و کەس پێی نەوتون ئەمە شیرکە و حەرامە و نابێت.]

هەروەها شێخی ئیسلام ابن تەیمیە ئەو زانایانەی بەدیاریکراوەیی تەکفیرنەکرد کە خەڵکیان هان دەدا بۆ قەبر پەرستی و بەڵگەی شەرعی بونی قەبرپەرستیان بۆ خەڵکی دەهێنایەوە، دیارترین نموونە لەسەر ئەمە مامەڵەکردنی شێخی ئیسلام لەگەڵ بەکري کەیەکێکە لەماموّستایانی غولات لەشیرکی قبور

وه زۆر موناقەشەشی دەکرد لەگەڵ ابن تەیمیە و تەکفیری ابن تەیمیەشی کرد بەڵام ابن تەیمیە تەکفیری نەکرد بەڵکو ووتی :" لم نقابل جهله – البكري – وافتراءه بالتكفير بمثله , كما لو شهد شخص بالزور على شخص آخر أو قذفه بالفاحشة كذبا عليه , لم يكن له أن يشهد عليه بالزور ولا أن يقذفه بالفاحشة ([19])"

دەڵێ: ئێمە لەبەرامبەر نەزانی و درۆکانی وەك ئەومان نەکرد تەکفیری بکەین هەروەک چۆن کەسێ شایەدی درۆت لەسەربدات یان تۆمەتی فاحیشەت لەسەر بدات بۆتۆ نیە درۆی بەناووەە بکەی یان تۆمەتی فاحیشەی بدەیتە پاڵ وە ابن تەیمیە بەڵگە بەم هەڵوێستەی بەهەمان ئەو بەڵگانە دێنێتەوە کە لەسەر قاعیدەی عوذر بەجەهل سەلماندویەتی لەهەر شوێنێ کەباسی لە عوذر بەجەهلی کردبێ جا ئەگەر شێخی ئیسلام عوذری بەجەهل دانەنایە ئەوا تەکفیری بەکری ئەکرد چونکە پێچەوانەی شتێکی کردوە کەبابەتێکی ئاشکرایە لەبابەتەکانی شیرك. بەڵکو شێخی ئیسلام دان دەنێ لەسەر ئەوانەی کە بانگەوازی قەبر پەرستن بەوەی خاوەنی دین و چاکەن وەك دەڵێ:" وهذا – أي : الاستغاثة بالنبي e بعد موته - ما علمته ينقل عن أحد من العلماء , لكنه موجود في كلام بعض الناس , مثل الشيخ يحيى الصرصري , ففي شعره قطعة منه , والشيخ محمد بن النعمان كان له كتاب المستغيثين بالنبي e

في اليقظة والمنام , وهذا الرجل – البكري - قد نقل منه فيما يغلب على ظني , وهؤلاء لهم صلاح ودين , لكنهم ليسوا من أهل العلم العالمين بمدارك الأحكام الذين يؤخذ بقولهم في شرائع الإسلام ومعرفة الحلال والحرام , وليس معهم دليل شرعي ولا نقل عن عالم مرضي , بل عادة جروا عليها كما جرت عادة كثير من الناس بأنه يستغيث بشيخه في الشدائد و يدعوه.وكان بعض الشيوخ الذين أعرفهم وله فضل وعلم وزهد إذا نزل به أمر خطا إلى جهة الشيخ عبد القادر خطوات معدودة واستغاث به , وهذا يفعله كثير من الناس وأكبر منه ومنهم من يأتي إلى قبر الشيخ يدعوه ويدعو به ويدعو عنده .وهؤلاء ليس لهم مستند شرعي من كتاب أو سنة أو قول عن الصحابة و الأئمة"([20]).

دەڵێ : داواکردنی فریاکەوتن لەپێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لەدوای مردنی نەمزانیوە نەقڵ کرابێ لەلای هیچ یەکێ لەزانایان، بەڵکو لەوتەی هەندێ لەخەڵکی هاتوە وەك شێخ یەحیا سەرسەری وەك لەپارچە شعرێکیدا هەروەها وەك شێخ محمدی کوری نەعمان کتێبێکی هەیە بەناوی ئەوانەی داوای لەپێغەمبەرکرد فریایان بکەوێ لەکاتی خەو و لەکاتی ئاگایی، وا گومانیش ئەکەم بەکری ش هەر لەوەوە ئەوشتانەی؟وەرگرتوە ئەم پیاوانە خاوەنی دین و چاکەن بەڵام لەو ئەهلی عیلمە زانایانە نین کە خاوەن درك بن بەحوکەکان وقسەیان وەربگیرێ لە حوکمەکانی ئیسلام و ناسینی حەڵاڵ و حەرام، ئەمانە

بەڵگەی شەرعی و نەقڵی وایان نیە لەزانایەکی جێگای ڕەزامەندی، بەڵکو عادەتێکە لەسەری ڕۆیشتوون وەك زۆربەی خەڵکی کە باوڕیان وایە داوای فریاکەوتن بکەن لەشێخەکەیان و لێی بپارێنەوە لەکاتی ناخۆشی، هەندێ لەماموّستایان کە دەیناسم کەخاوەنی فەزڵ و عیلم و زوهدن کاتێ ناخۆشیەکیان توش دەهات ڕویان ئەکردە ئاراستەی شێخ عبدالقادر بەچەن هەنگاوێك و داوای فریاکەوتنیان لێ ئەکرد ئەمە زۆربەی خەڵکی دەیکات زۆر لەوەش گەورەتر کەدێن بۆ لای قەبری شێخ داوای لێ دەکەن و بەهۆیەوە داوا ئەکەن و لەلای داوا ئەئەکەن ئەمانە هیچ بەڵگەیەکی شەرعیان نیە لەکیتاب و،سونەت و وتەی صەحابە و پێشەوایان"

ئەوەی زیاتر جەخت لەمە دەکاتەوە هەڵوێستی ابن تەیمیەیە دەربارەی ئەوانەی کاریگەربون بەجەهمیەکان دەربارەی ئەوانە ئەڵێ وتەکانیان گەورەترین وتەی کوفریە کە دەرهێنەرە لەدین وە لەدیارترین ئەو شوێنانەی کە ابن تەیمیەئەم قسانەی تیاکردوە هەمان ئەوشوێنانەیە کە ئەوکەسانەی دەڵێن عوذر بەجەهل نیە لای ابن تەیمیە لەبابەتی إستغاثە بەقبور

جیهەتی یەکەم: ئەو دەقانەی پێچەوانەی وتەکانیانە لەقورئان و سونەت و ئیجماع بەناوبانگ و زۆرن بەهەمان شێوەیە بابەتی داواکردنی فریاکەوتن لەمردووان " الإستغاثة" .

جیهەتی دووەم: حەقیقەتی وتەی جەهەمیەکان پەکخستنی خالقە بەهەمان شێوە بابەتی داوای فریاکەوتن لەمردووان پەکخستنی خوایە لەدیارترینی سیفەتەکانی کە سیفاتی پەرستراوێتیە.

جیهەتی سێیەم: جەهەمیەکان موخالەفەی هەموو ئەوشتانە دەکەن کەهەموو دینەکان و هەموو فیترەتەکان کۆکن لەسەری بەهەمان شێوە ئەوانەی داوای فریاکەوتن لەمردوان ئەکەن پێچەوانەی هەموو دینە و ڕێیازە ڕاستەکان دەکەن لەسەر هەموو ئەمانەوە شێخی ئیسلام دەربارەی ئەوانەی کاریگەربونە بەجەهمیەکان دەڵێت :" ولكن مع هذا قد يخفى كثير من مقالاتهم على كثير من أهل الإيمان حتى يظن أن الحق معهم لما يوردونه من الشبهات . ويكون أولئك المؤمنون مؤمنين بالله ورسوله باطنا وظاهرا ؛ وإنما التبس عليهم واشتبه هذا كما التبس على غيرهم من أصناف المبتدعة , فهؤلاء ليسوا كفارا قطعا بل قد يكون منهم الفاسق والعاصي ؛ وقد يكون منهم المخطئ المغفور له ؛ وقد يكون معه من الإيمان والتقوى ما يكون معه به من ولاية الله بقدر إيمانه وتقواه"([21]).

لەگەڵ ئەوەشدا زۆرێك لەوتەکانیان شاراوەیە لای زۆرێ لە ئەهلی ئیمان تا بەجۆرێك وا گومانیان پێ ئەبرێت حەق بەوان بێت، بەهۆی ئەو هەموو شوبهانەی دەیهێننەوە بۆیە ئەو باوەڕدارانەی کاریگەربونە بەجەهمیەکان باوەڕدارن بەخوا و پێغەمبەرەکەی پەنهانیان و ئاشکرایان بەڵام شتەکانیان لێ

تێکەڵبوە هەروەك چۆن لەتاقمەکانی تری ئەهلی بیدەع تێکەڵ بوە، ئەوانە بەهیچ شێوەیەك کافر نین بەڵکو ئەشێ کەسانی فاسق و سەرپێچیکاریان تێدابێ، تیایان هەبێ هەڵەبن و لێیانببورێ ، ئەشێ ئەوەنە ئیمان و تەقوایان هەبێ بەئەندازەی ئەوە ویلایەت و دۆستایەتی خوایان بۆهەبێ" ئەم تەئصیل کردنە لە ابن تەیمیە وزۆر گرنگە لەچەندین بواردا زۆر بەڕوونی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەو موسڵمانەی دەکەوێتەشیرکەوە بەنەزانی کافرنابێ و ناوی موسڵمانی لەسەر لاناچێ، بەڵکو دەشێ ئیمان و تەقوای هەبێ وە زۆر ئاشکراشە هەڵەی ئەوانەی دەڵێن ابن تەیمیە عوذر بەجەهل دانانێ لەبابەتە ئاشکراکان چونکە ئەوەتا لێرەدا شێخی ئیسلام دەڵێت ئاشکرایە پوچەڵی ووتەکانی جەهمیە لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێ عوذریان هەیە و ناوی موسڵمانیان لەسەر لاناچێ.

ئەم سەلماندنانە لەوتەکانی ابن تەیمیە دەلالەت ئەکەن بەڕوونی لەسەر ئەوەی جەهل بەڕێگر ئەزانێ لەسەر ئەوەی حوکم بدات بەکوفر و شیرك لەسەر موسڵمانێ کە دەکەوێتە شیرکی گەورەوە و بەمە لەبازنەی ئیسلام دەرناچێ، ئەوەی مەبەست لێرەدا توانیمان بەرچاو ڕونی بۆ هەموو لایەك بکەین و ئەوچەواشەکاریانە و تەحریفانە بڕەوێنینەوە کە دەکرێ بۆ وتەکانی ابن تەیمیە .)

1-الفتاوی ابن تیمیه (229/3)

([2])الفتاوى , ابن تيمية (346/23) .

([3])الاستقامة , ابن تيمية (164/1) , وانظر : منهاج السنة , ابن تيمية (240/5)

([4])بغية المرتاد , ابن تيمية (353) , وانظر : الفتاوى (372/10) .

([5])الفتاوى , ابن تيمية (500/12) .

([6]) شرح عمدة الفقه (كتاب الصلاة) , ابن تيمية (51) .

([7])جامع المسائل , لابن تيمية , جمع عزير شمس (145/3 – 151) .

([8]) الاستغاثة في الرد على البكري , ابن يتمية (731) .

([9])الفتاوى (108/1 – 112) .

([10]) قاعدة عظيمة , ابن تيمية (70) , والفتاوى , ابن تيمية (23/20) .

([11]) انظر : منهاج السنة النبوية , ابن تيمية (452/2) , وانظر أيضا : المرجع نفسه (302/6) .

([12]) انظر : " تحرير مذهب ابن تيمية في حكم الرافضة" , للكاتب , ملتقى أهل الحديث .

([13])الفتاوى , ابن تيمية (224/27) وانظر : المرجع السابق (167/27) , وقاعدة عظيمة , ابن تيمية (68) .

([14]) الفتاوى , ابن تيمية (498/17) .

([15]) هو أحد تلاميذ ابن تيمية , وممن كان يقوم بخدمته . انظر : الجامع

لسيرة ابن تيمية (145 , 150) .

([16])الجامع لسيرة شيخ الإسلام , عزير شمس وعلي العمران (136) .

([17]) منهاج السنة النبوية (451/6) .

([18])الرد على الإخنائي , ابن تيمية (206) .

([19]) الاستغاثة في الرد على البكري , ابن تيمية (385/2)

([20]) الاستغاثة في الرد على البكري , ابن تيمية (367-368) , وانظر : الفتاوى , ابن تيمية (364/1) .

([21]) الفتاوى , ابن تيمية (355/3) ,وانظر : المرجع نفسه (485/12-489)

پاشان کابرای چەواشەکار دوبارە دەڵێ↓↓↓

جا لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێین کە هەموو زانایان ئیتیفاقیان هەیە لەسەر ئەوەی ئەو کەسانەی لە شوێنێکی دوور لە عیلم و زانست و خاک و داری ئیسلام و موسڵمانان ئەژین یان کەسانێک کەتازە موسڵمان بوون ئەوە لەو دوو حالەتە عوذریان هەیە لە بابەتەکانی حوکمە شەرعیەکان ئەویش بەهۆی ئەوەی پێیان نەگەیشتووە ، وەک باسمان کرد ئەوە بابەتەکانی بنچینەی دین وەک شیرکی گەورە ناگرێتەوە هەرکەسێک لەمانەش کە ناومان هێنان ئەگەر بنچینەی دینەکەی هەڵبوەشێنێتەوە و شیرکی گەورە ئەنجام بات کافر ئەبێت ، ئەم عوذرە بەهۆی پێنەگیشتنی حوکمە شەرعیەکانە و عوذریان هەیە لە بابەتەکانی فەرائیز و واجبەکان نەک لە ئەصڵ و بنچینەی دین .

↓

وەڵاممم / درۆت کرد بەناوی هەموو زاناکانەوە بەهیچ شێوەیەك زانایانی سەلەف و خەلەف ئەو دابەشکاری وجیاوازیەیان نەکردوە بڵێن عوذر لەفەڕائیزکان هەیە بەڵام لە بنچینەی دین نیە تەنها ئەو زانایانە نەبێت کە ئەشاعیرە و موعتەزیلەن لەعەقیدە و بیروباوەڕیان جا تۆ کێشە نیە لات بۆ سەلماندن وسەرخستنی بیروباوەڕە پوچەکەت پەنا بۆ هەموو بەتاڵ و بیدعەیەك ببەی

ئەمەش ئەقوالی سەلەف و زانایانی سەلەفە لەسەر بونی عذر بەجەهل بۆ ئەوانەی توانای فێربونیان نەبووە و کەسی پێی نەوتون کەتوشی شیرکی گەورە بونە

الإمام ابن أبي عاصم- رحمه الله- دەڵێ لە کۆتایی کتابەکەی السنة ص631 لە ڕونکردنەوەی بۆ اصول اعتقاد أهل السنة:

"ومما اتفق أهل العلم على أن نسبوه إلى السنة:..."، ومما ذكره قوله: "والقرآن كلام الله تبارك وتعالى، وتكلم الله به ليس بمخلوق، ومن قال: مخلوق ممن قامت عليه الحجة فكافر بالله العظيم".

دەڵێ: ئەوەی ئەهلی عیلم کۆکن لەسەری و دەیدەنە پاڵ ئەهلی سوونە قورئان کەلامی الله یە وە الله قسەی پێکردوەو مەخلوق نیە ، هەرکەسێ بڵێ مەخلوقە ئیقامەی حوجەی لەسەر کرابێ کافرە بەخوای مەزن"

ئەمەش ئیجماعی باس کرد لەسەر تەکفیرکردنی کەسی دیاریکراو بەستراوەتەوە بەئیقامەی حوجە و ئیجماعیش یەکێکە لەبەڵگەکان

الإمام الشافعي رحمه الله (ت: 204 هـ) دەڵێ: "لله تعالى أسماء وصفات جاء بها كتابه وأخبر بها نبيه أمته لا يسع أحدا من خلق الله قامت عليه الحجة ردها، لأن القرآن نزل بها وصح عن رسول الله صلى الله عليه وآله وسلم القول بها فيما روى عنه العدول، فإن خالف ذلك بعد ثبوت الحجة عليه فهو كافر، أما قبل ثبوت الحجة عليه فمعذور بالجهل لأن علم ذلك لا يدرك بالعقل ولا بالروية والقلب، ولا نكفر بالجهل بها أحدا إلا بعد انتهاء الخبر إليه بها..." نقله ابن القيم في الجيوش الإسلامية لابن القيم ص82 من رواية ابن أبي حاتم

دەڵێ: الله خاوەنی ناو وسیفاته لەقورئانداهاتووە و،پێغەمبەریش هەواڵی پێداوە بۆهیچ کەسێ نیە ڕەتی بکاتەوە ئەگەر ئیقامەی حوجەی لەسەر کرابێ هەرکەسێ موخالەفەی بکات دوای ثابت بونی حوجە لەسەری کافرئەبێت"

وترا به ئيمام أبي عبيد القاسم بن سلام رحمه الله (ت: 224 هـ): يا أبا عبيد ما تقول فيمن قال القرآن مخلوق؟ فقال: "هذا رجل يُعلّم ويُقال له إن هذا كفر، فإن رجع وإلا ضربت عنقه" رواه اللالكائي في شرح أصول اعتقاد أهل السنة 351/2،

وترا پێی : ئەی باوکی عوبێد چی دەڵێی دەربارەی کەسێ بڵێ قورئان

مەخلوقە ؟ فەرمووی: ئەو پیاوە فێردەکرێ و پێی دەوترێ ئەو قسەیە کوفرە ئەگەر گەڕایەوە باشە ئەگەر نا لەملی ئەدرێت.

له الطرق الحكمية ى ابن القيم هاتووه : "وقال الميموني: سمعت أبا عبد الله يقول: من أخاف عليه الكفر - مثل الروافض والجهمية - لا تقبل شهادتهم ولا كرامة لهم، أنا أستتيبهم" 463/1، فلو كان الإمام أحمد بن حنبل (ت: 241 هـ) يرى كفر جميعهم على التعيين فلِمَ يخاف عليهم ذلك؟!!

مەیمونی دەڵێ: بیستم باوکی عبدالله دەیوت ئەوانەی لەکافربونیان دەترسم نمونەی ڕافیزە و جەهمیەکان گەواهیدانیان وەرناگیرێ و ڕێزیان نیە داوای استتابەیان لێ دەکەم" جا ئەگەر ئیمام ئەحمەد بەکافریان بزانێ هەمویان بەدیاریکراوەیی ئەی بۆچی دەترسێ لێیان لەکافربون ؟!!!

وتەی ئیمام ابن العربي المالكي رحمه الله في مسألة العذر بالجهل كه قاسمى له محاسن التأويل لێوەی نەقڵی دەکات (5/ 219 - 220) دەڵێ: [الجاهل والمخطئ من هذه الأمة، ولو عمل من الكفر والشرك ما يكون صاحبه مشركاً أو كافراً، فإنّه يعذر بالجهل والخطأ حتى تتبيّن له الحجة التي يكفر تاركها بياناً واضحاً ما يلتبس على مثله، وينكر ما هو معلوم بالضرورة من دين الإسلام، مما أجمعوا عليه إجماعاً قطعيّاً يعرفه كلّ المسلمين من غير نظرٍ وتأمّلٍ .. ولم يخالف في ذلك إلا أهل البدع] انتهى .

دەڵێ: کەسی جاهیل و هەڵەکار لەم ئومەتە ئەگەر هەرکارێك بکات لەکوفر و لەشیرك کە بەهۆیەوە خاوەنەکەی کافر و موشریك ببێت ، ئەوا عوذری پێ دەدرێت بەجەهل و خطأ تاکو بەڵگەی بۆ ڕوون ئەکرێتەوە زۆر بەڕوونی، یان ئینکاری بکات لەشتێ کەبەزەڕوڕەتی دینی ئیسلام زانراوە کە ئیجماعیان لەسەری هەیە ئیجماعێکی یەکلاکەرەوە هەموو موسڵمانان دەیزانن بەبێ تێڕوانین، وەهیچ کەسێ موخالەفەی نەبونی عوذر بەجەهلی نەکردوە تەنها ئەهلی بیدەع نەبێت."

هەروەها ئیمامی ذەهەبی هەروەکو مامۆستاکەی ابن تەیمیە دەڵێ هەر وەك لەکتێبی "الکبائر"ەکەیبدا لەلاپەڕە 53 بۆ 54 دوای ئەوەی تاوانەگەورەکان دەژمێرێ باسی هاوبەشدانان بۆ خوا و کوشتن و وسیحرکردن دەکات دەڵێت:" واعلم أن كثيراً من هذه الكبائر بل عامتها إلا الأقل، يجهل خلق كثير من الأمة تحريمه، وما بلغه الزجر فيه، ولا الوعيد، فهذا الضرب فيهم التفصيل؛ فينبغي للعالم ألا يستعجل على الجاهل بل يرفق به ويعلمه مما علمه الله، ولاسيما إذا كان حديث عهد بالجاهلية قد نشأ في بلاد الكفر البعيدة وأسر وجلب إلى أرض الإسلام وهو تركي كافر أو كرجي مشرك ولايعرف النطق بالعربي فاشتراه أمير تركي لاعلم عنده ولافهم؛ فبالجهد تلفظ بالشهادتين، فإن فهم بالعربي حتى يفقه معنى الشهادتين بعد أيام وليال فبها ونعمت، ثم قد يصلي وقد لايصلي، وقد يلقن الفاتحة مع الطول إن كان أستاذه

فيه دين ما، فإن كان أستاذه شبيها به فمن أين لهذا المسكين أن يعرف شرائع الإسلام والكبائر واجتنابها ، والواجبات وإتيانها فإن عرف هذا موبقات الكبائر وحذر منها وأركان الفرائض واعتقدها فهو سعيد وذلك نادر، فينبغي للعبد أن يحمد الله تعالى على العافية. فإن قيل هو فرط لكونه ماسأل عما يجب عليه. قيل: هذا ما دار في رأسه ولا استشعر أن سؤال من يعلمه يجب عليه (وَمَن لَّمۡ يَجۡعَلِ ٱللَّهُ لَهُۥ نُورا فَمَا لَهُۥ مِن نُّورٍ)[سورة النور 40] فلا يأثم أحد إلا بعد علم، وبعد قيام الحجة عليه ، الله لطيف بعباده رؤوف بهم قال الله تعالى: (وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّىٰ نَبۡعَثَ رَسُولا)[سورة الإسراء 15].وقد كان سادة الصحابة بالحبشة وينزل الواجب والتحريم على النبي صلى الله عليه وسلم فلا يبلغهم تحريمه إلا بعد أشهر فهم في تلك الأشهر معذورون بالجهل حتى يبلغهم النص فكذا يعذر بالجهل كل من لم يعلم حتى يسمع النص والله أعلم "

دەڵێ: بزانە زۆربەی ئەم تاوانە گەورانەی بەڵکو بەگشتی کەمێك نەبێت نایزانن زۆرێك لەئومەت نەزانن بەحەرام بونیان و هەڕەشەیان دەربارەی ئەو گوناحانە پێنەگەیشتوە ئەم جۆرە کەسانە تەفصیلیان تیایە، پێویستە کەسی زانا پەلەنەکات لەسەر کەسی جاهیل بەڵکو نەرم بێت لەگەڵی و فێری بکات لەوەی خوا فێری کردوە بەتایبەت ئەو جاهیلە ئەگەر تازە لەکوفر ڕزگاری بوبێ یان لەناو وڵاتی دووری کافران گەورە بوبێ هێنرابێ بەئەسیری بۆ وڵاتی

ئیسلام که پێشتر تورکیەکی کافربوبێ یان کەرەجیەکی موشریك بوبێ و نەزانێ نوتق بکات بەعەرەبی و ئەمیرێکی تورکی موسڵمان کڕیبێتی عیلم وفەهمی نەبێت، بەزۆر توانای وتنی شایەدمانی هەبێت، جائەگەر دوای چەن شەو و ڕۆژێ عەرەبی حاڵی بوو و زانای مانای شایەتمان ئەوە زۆرباشە، جا ئەم کەسە ڕەنگەنوێژ بکا و نەیکا یان ڕەنگە دوای ماوەیە زۆر بتوانێ سوڕەتی فاتیحە بخوێنێ بەڕەوانی ئەوەش ئەگەر خاوەنەکەی دینی تیابێ جا ئەگەر خاوەن و مامۆستاکەشی هەروەك خۆی بوو، ئەم فەقیرە لەکوێ شەریعەتەکانی ئیسلام فێربێ و گوناحە گەورەکان بناسێ و خۆی لێ بەدووربگرێ و واجیباتەکان ئەنجام بدا، جا ئەگەر گوناحە گەورەکانی فێرکرا و ئاگادارکرایەوە وە ئەرکانەکانی ئیسلامی فێرکرا وباوەڕی پێهێنا ئەوا بەختەوەرە، ئەمەش کەمن، بۆیە پێویستە بەندە سوپاسی اللە بکات لەسەر ئەوەی پاراستویەتی، ئەگەریش بوترێ ئاخر ئەم کەسە خەتای خۆیەتی خۆی کەمتەرخەمە و پرسیارناکات لەسەر ئەوشتانەی واجبە لەسەری، لەوەڵامدا دەڵێین ئاخر ئەم کەسە بەمێشکی نەهاتوە و هەرهەستیشی نەکردوە واجبە لەسەری پرسیاربکات لەکەسێ فێری بکات (وَمَن لَّمۡ يَجۡعَلِ ٱللَّهُ لَهُۥ نُورا فَمَا لَهُۥ مِن نُّورٍ) بۆیە کەس گوناحی ناگات تەنها دوای زانین و ئیقامەی حوجە نەبێت لەسەری چونکە خوا بەلوتف و میهرەبانە بۆ بەندەکانی خۆی دەفەرمێت: (وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّىٰ نَبۡعَثَ رَسُولا)کاتی خۆی گەورەکانی صەحابە لەحەبەشە بوون

واجب و حەرامەکان دادەبەزین بۆ سەر پێغەمبەرصلى الله عليه وسلم حەرام بونی شتەکانیان پێ نەدەگەیی دوایی چەن مانگێ نەبێ، ئەوان لەو چەن مانگەی قەدەغەبونەکەیان پێ نەگەیشتوە عوذریان هەبوە بەنەزانی تاکو دەق یان پێدەگات؛ هەربەو شێوەیە عوذر بەنەزانی دەدرێ بەهەرکەسێ کەنەزانێ تاکو دەقەکە دەبیستێ، والله اعلم."

وانەی 14دەهەمی قاعیدە گومڕاکەرەکان

بسم الله والحمدلله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن والاه أما بعد :-

کابرای موفلیس و چەواشەکار هیچی بەدەستەوە نەماوە ناچار تەنها بابەتەکان دوبارە ئەکاتەوە و بەبێ ئەوەی بۆ جارێك بەخۆیدا بچێتەوە و هەوڵ بدات ڕاستیەکانی بەرامبەریش بزانێت بۆیە دوبارە دەڵێت↓↓↓↓↓↓↓↓

ئیقامە حوجە لە بابەتە خەفی و شاراوەکان ئەبێت .

شێخ اسحاق بن عبدالرحمن بن حسن - رحمه الله تعالى - ئەڵێت : [ئیقامە حوجە لە بابەتەکانی ئوصڵ باس نەکراوە ، بەڵکو ئیقامە حوجە لە بابەتە خەفی و شاراوەکان باسکراوە کە بەڵگەکانی لای هەنێک لە موسڵمانان

بزره ، وەک بابەتەکانی کێشە و نیزاع لەسەر هەنێک لە ئەهلی بیدەع وەک مورجیئە ، یان بابەتە خەفیەکانی وەک صەرف و عەطف] .

↓

وەلّاممم/ سەرەتا ئەو وەلّامەی شێخ اسحاق دەربارەی کەسانێکە کەپرسیاری لێ دەکەن ئایا ئیقامەی حوجەیان بکەین یان نا؟ حوکمێکی عام باس ناکات، هەروەك پێشتر وتمان وتەکانی زانایانی دەعوەی نەجدی یان فەتوا و وەلّامی پرسیارێک بووە بۆ کەسانێکی دیاریکراو وتویانە یان لە ڕەدی لایەنە ناکۆکەکانیان خستویانەتە ڕوو جا لێرەش کە شێخ اسحاق کە دەفەرمێت " [ئیقامەی حوجە لەبابەتەکانی ئوصوڵ باس نەکراوە بەڵکو لەبابەتە خەفی و شاراوەکان باس کراوە کە بەڵگەکانی لای هەنێك موسڵمان بزرە...] کەواتە مەفهومی وتەکەی شێخ ئەوەیە بابەتەکانی ئوصولی دین لەسەردەمی ئەو لای ئەو خەڵکە ئاشکرا بووە بەڵگەکانی ، چونکە گومانی تیانیە ئەم وتانەی شێخ إسحاق دوای دەیان ساڵە لەدەعوەی تەوحید لەوڵاتی نەجد کەخەڵکەکە زۆر زۆر باش دەعوەی تەوحیدی پێ گەیشتبوو و لێی حاڵی بوو هیچ بیانوویەکی نەمابوو.

پاشان درۆ و بوهتانێکی گەورە ئەکات بۆ زانایانی دەعوەی نەجدی و ابن تەیمیە و ابن القیم ودەڵێ ↓

بەبێ گومان ئەوە ئیجماعی ئەئیمەی دەعوەی نەجدی لەسەرە ، هەروەها هەڵبژاردنی شێخی ئیسلام ابن تەیمیە و ابن القیم و جگە لەوانیشە .

↓↓↓

وەڵامم/ سوێند بەخوایەی موحەمەدی ناردوە بەپێغەمبەرایەتی درۆ ئەکەیت و درۆت کرد هەرگیز پێشەوایانی دەعوەی نەجدی ئیجماعیان نیە لەسەر ئەو قسەیەی تۆ ئەیکەی بەڵکو لەبابەتی عوذر بەجەهل و چۆنێتی ئیقامەی حوجە و فەهمی حوجە و مەسائیلی زاهیر و خەفی گەورەترین خیلافیان و جیاوازیان هەیە کەدواتر لەبابەتێکی سەربەخۆ بەبەڵگەوە ئەیخەینەڕوو کە زیاتر لە 22 خیلافە لەنێوانیان. هەروەها ابن تەیمیە و ابن القیم یش بەهیچ شێوەیەك نەك ئیجماعیان نیە کە ئیقامە حوجە نەبێت لەبابەتی زاهیر وەکو شیرکی گەورە بەڵکو هەر لەبنچینەدا هیچ وتەیەکیان نیە لەوبارەیەوە بەتەحەداوە ئەیڵێم هەتا قیامەت بڕۆ یەك وتەی ابن تەیمیە بێنە بەڕاشکاوی بڵێ هەرموسڵمانێ بکەوێتە شیرکی گەورە کافرە بەدیاریکراوەیی و ئیقامە حوجە نایگرێتەوە چونکە زاهیرە بابەتەکەی، بەڵام من لەبەرامبەردا دەیان وتەی شێخی ئیسلامت بۆ دێنم کە پێچەوانەی هەموو درۆکانتە، هەروەك وەڵامی وانەی سیانزهەمی قاعیدە گومڕاکەرەکانت باسمکرد.

پاشان دەڵێ↓↓↓

وە بە ئیجماع ئیقامە حوجە لە سێ حالەت ئەبێت لە بابەتەکانی تەکفیر پێش تەکفیر کردنیان ، ئەوانیش ئەمانەن :

١ ـ کەسێک تازە موسڵمان بوبێت و نزیک بێت لە سەردەمی جاهیلی .

٢ ـ کەسێک لە بادیە و شوێنکی دوور ژیابێت .

٣ ـ کەسێک لە دار و خاکی کافران لە دایک بووبێت و لەوێش ژیا بێت و گەورە بوبێت .

↓↓↓

وەڵامی/ وەڵامی ئەم درۆ بوهتانەم لە بەشەکانی پێشوو داوەتەوە چەندین جار پێویست بەدوبارەکردنەوە ناکات، بەڵام ئەم کابرایە هیچ شەرم ناکات زۆر ئاسانە درۆکردن لەلای هەردەمی ئەکاتەوە ئەڵێ ئیجماع و ئیجماع کورە هەی گومـڕا لە اللە بترسە لە بابەتی پێشوومان باسمان کرد و سەلماندمان لەوتەکانی شێخی ئیسلام ابن تەیمیە ئەصلەن باسی ئەو سێ حاڵەتەش ناکات کەدەفرمێت پێویستە ئیقامەی حوجەیان بکرێت وەك ئەوەی پرسیاری

خەڵکانێکی لێ دەکرێ کە قبورین و لەناو وڵاتی موسڵمانان دەژین دەڵێت" پێویستە ئیقامە حوجەبکرێن ئەوجا تەکفیر دەکرێن"

هەروەها شێخی ئیسلام لەمەسەلەی قەلەندەریە بەهەمان شێوە پرسیاری لێ دەکەن دەربارەی کەسانێ کە غولاتی قبوریەن و لەوڵاتی موسڵمانان دەژین تەکفیریان ناکات مادام حوجەیان بۆ ڕوون نەکراوەتەوە .

هەروەك شێخی ئیسلام لەمجموع الفتاوى 163/35دەڵێت:

بل كل من كان من المتنسكة والمتفقهة والمتعبدة والمتفقرة والمتزهدة والمتكلمة والمتفلسفة ومن وافقهم من الملوك والأغنياء ; والكتاب ; والحساب ; والأطباء ; وأهل الديوان والعامة : خارجا عن الهدى ودين الحق الذي بعث الله به رسوله لا يقر بجميع ما أخبر الله به على لسان رسوله ; ولا يحرم ما حرمه الله ورسوله ; أو يدين بدين يخالف الدين الذي بعث الله به رسوله باطنا وظاهرا : مثل من يعتقد أن شيخه يرزقه ; أو ينصره أو يهديه ; أو يغيثه ; أو يعينه ; أو كان يعبد شيخه أو يدعوه ويسجد له ; أو كان يفضله على النبي صلى الله عليه وسلم تفضيلا مطلقا ; أو مقيدا في شيء من الفضل الذي يقرب إلى الله تعالى ; أو كان يرى أنه هو أو شيخه مستغن عن متابعة الرسول صلى الله عليه وسلم فكل هؤلاء كفار إن أظهروا ذلك ; ومنافقون إن لم يظهروه .

[ص: 165] وهؤلاء الأجناس وإن كانوا قد كثروا في هذا الزمان فلقلة دعاة العلم والإيمان وفتور آثار الرسالة في أكثر البلدان وأكثر هؤلاء ليس عندهم من آثار الرسالة وميراث النبوة ما يعرفون به الهدى وكثير منهم لم يبلغهم ذلك .

وفي أوقات الفترات وأمكنة الفترات : يثاب الرجل على ما معه من الإيمان القليل ويغفر الله فيه لمن لم تقم الحجة عليه ما لا يغفر به لمن قامت الحجة عليه كما في الحديث المعروف : " { يأتي على الناس زمان لا يعرفون فيه صلاة ولا صياما ولا حجا ولا عمرة إلا الشيخ الكبير ; والعجوز الكبيرة .

ويقولون : أدركنا آباءنا وهم يقولون لا إله إلا الله فقيل لحذيفة بن اليمان : ما تغني عنهم لا إله إلا الله ؟ فقال : تنجيهم من النار } .

وأصل ذلك أن المقالة التي هي كفر بالكتاب والسنة والإجماع يقال هي كفر قولا يطلق كما دل على ذلك الدلائل الشرعية ; فإن " الإيمان " من الأحكام المتلقاة عن الله ورسوله ; ليس ذلك مما يحكم فيه الناس بظنونهم وأهوائهم .

ولا يجب أن يحكم في كل شخص قال ذلك بأنه كافر حتى يثبت في حقه شروط التكفير وتنتفي موانعه مثل من قال : إن الخمر أو الربا حلال ; لقرب عهده بالإسلام ; أو لنشوئه في بادية بعيدة أو سمع كلاما أنكره ولم يعتقد أنه من القرآن ولا أنه من أحاديث رسول الله صلى الله عليه وسلم كما كان بعض السلف ينكر أشياء حتى يثبت عنده أن النبي صلى الله عليه وسلم قالها وكما كان الصحابة يشكون في أشياء مثل رؤية الله وغير ذلك [ص: 166] حتى

يسألوا عن ذلك رسول الله صلى الله عليه وسلم ومثل الذي قال : إذا أنا مت فاسحقوني وذروني في اليم ; لعلي أضل عن الله ونحو ذلك ; فإن هؤلاء لا يكفرون حتى تقوم عليهم الحجة بالرسالة كما قال الله تعالى : {لئلا يكون للناس على الله حجة بعد الرسل } وقد عفا الله لهذه الأمة عن الخطأ والنسيان وقد أشبعنا الكلام في القواعد التي في هذا الجواب في أماكنها والفتوى لا تحتمل البسط أكثر من هذا . والله أعلم .]

بەڵگە لەسەر ئەوەی شێخی ئیسلام ابن تەیمیە و شێخی ئیسلام محمد بن عبدالوهاب عوذریان بەشیرك داوە کەموسڵمانێ ئەنجامی بدات پێش ئەوەی حوجەی پێبگات کە لەبادیەی بەعیدە بێت یان تازە موسڵمان بوبێ یان لەداری کوفربێت جیاوازی نیە بابەتەکە لەبابەتە ئاشکراکانی تەوحید وشیرك بێت یان لەفەرائیزەکان:

شێخ عبدالطیف بن عبدالرحمن آل الشیخ وتەیەکی شێخی ئیسلام ابن تیمیة نەقڵ دەکات کە دەڵێ:" ونحن نعلم بالضرورة أن رسول الله صلى الله عليه وسلم لم يشرع لأمته أن يدعوا أحداً من الأموات ولا الأنبياء ولا الصالحين ولا غيرهم لا بلفظ الاستغاثة ولا بغيرها كما أنه لم يشرع لأمته السجود لميت ولا لغير ميت ونحو ذلك، بل نعلم أنه نهى عن كل هذه الأمور وأن ذلك من الشرك الذي حرمه الله تعالى ورسوله لكن لغلبة الجهل وقلة العلم بآثار الرسالة

في كثير من المتأخرين لم يمكن تكفيرهم بذلك حتى يبين لهم ما جاء به الرسول صلى الله عليه وسلم "مجموع الفتاوى (20/32-33)

ئێمه بەزەڕوڕەتی زانینمان دەزانین کەوا پێغەمبەری خوا صلى الله عليه سلم بەجائیزی دانەناوە بۆ ئومەتەکەی کە هاواربکەنە هیچ یەکێ لەمردوان و لەپێغەمبەران و پیاوچاکان نە بە دەربڕینی فریاکەوتن نەبەهیچ شێوازێ، هەروەها بەهیچ شێوەیەك بەجائیزی دانەناوە بۆ هیچ یەکێ لە ئومەتەکەی کە سوجدە بەرن بۆ مردوو یان غەیری مردوو، بەڵکو دەزانین ڕێگری کردوە لەهەموو ئەمانە و ئەمانە شیرکن وخوا و پێغەمبەرەکەی قەدەغەیان کردوە بەڵام بەهۆی زاڵبونی نەزانی و کەمی عیلم بەشوێنەواری پەیامی خوا لەلای زۆرێ لە پاشینەکان بەو هۆیەوە ناتوانرێ تەکفیربکرێن تاکو دینیان بۆ ڕوون نەکرێتەوە."

پاشان شێخ عبداللطیف دەربارەی ئەم وتەیەی ابن تەیمیە دەڵێ:

" ومراد الشيخ الإسلام ابن التيمية بهذا الإستدراك أن الحجة إنما تقوم على المكلفين ويترتب حكمها بعد بلوغ ما جاءت به الرسل من الهدى ودين الحق ، وزبدة الرسالة ومقصودها الذي هو توحيد الله، وإسلام الوجوه له. وإنابة القلوب إليه. قال الله تعالى: (وماكنا معذبين حتى نبعث رسولا) وقد مثل العلماء هذا الصنف بمن نشأ ببادية بعيدة أو ولد في بلاد الكفار ولم تبلغه الحجة الرسالية، ولذلك قال شيخ: لغلبة الجهل وقلة العلم بآثار الرسالة في كثير من

المتأخرين. وقد صنف رسالة مستقلة في أن الشرائع لا تلزم قبل بلوغها وأكثر العلماء يسلمون هذا في الجملة ويرتبون عليه أحكاماً كثيرة في العبادات والمعاملات وغيرها، فمن بلغته دعوة الرسل إلى توحيد الله ووجوب الإسلام له وفقه أن الرسل جاءت بهذا، لم يكن له إذن في مخالفتهم وترك عبادة الله، وهذا هو الذي يجزم بتكفيره إذا عبد غيره وجعل معه الأنداد والألهة. والشيخ وغيره من المسلمين لا يتوقفون في هذا، وشيخنا رحمه الله-قد قرر هذا بينه وفاقاً لعلماء الأمة وإقتداءً بهم، ولم يكفر إلا بعد قيام الحجة وظهور الدليل، حتى إنه - رحمه الله- توقف في تكفير الجاهل من عباد القبور إذا لم يتيسر له من ينبهه "مصباح الظلام ص٣٢٤-٣٢٥

مەبەستی شێخی ئیسلام لەم وتەیە ئەوەیە حوجە و حکمی حوجە لەسەر خەڵکی بەوە بەرپا ئەبێت کەئەو دینە حەقەی بۆ پێغەمبەر ڕەوانەکراوە پێت بگات، کرۆکی ئەو دین و پەیامەش بریتیە لەبەتەنها دانانی اللە، ملکەچ بونی ڕوەکان و دڵەکان بۆ خوا، اللە تعالی دەفەرمێت(ئێمە سزادەرنابین تاکو پێغەمبەر نەنێرین)بۆ ئەم جۆرەش لەخەڵکی زانایان نمونەیان بەو خەڵکانە هێناوەتەوە کەدووره دەستن یان لەناو ولاتی کافران لەدایك بوون و حوجەی ریسالەیان پێنەگەیشتوە هەربۆیە شێخ ابن تەیمیە دەڵێ:

بەڵام بەهۆی زاڵبونی نەزانی و کەمی عیلم بەشوێنەواری پەیامی خوا لەلای زۆرێ لە پاشینەکان"هەروەها نامیلکەیەکی سەربەخۆی داناوە دەربارەی

ئەوەی حوکمە شەرعیەکان ناکەونە ئەستۆ پێش گەیشتنیان و زۆربەی زانایانیش بەشێوەیە؟گشتی هاوڕان لەسەری وچەندین حوکم لەعیبادەتەکان و مامەڵەکان لەسەری دەچەسپێنن، هەرکەسێ بانگەوازی پێغەمبەرانی بۆ تەوحید و بەتەنها دانانی اللە و ملکەچی بۆ اللە پێگیشتبێ ، تێگتیشتبێ کە پێغەمبەران بۆ ئەمە نێردراون، ئەوکاتە مولّەتی ئەوەی نیە سەرپێچی ئەوە بکا و تەرکی عیبادەتی اللەبکا، ئائەم جۆرە کەسەیە کە جەخت ئەکرێتەوە لەتەکفیرکردنی کاتێ غەیری اللەی پەرست وهاوتا و هاوبەشی بۆبڕیاردا، شێخ محمد و غەیری ئەویش لەموسڵمانان لە تەکفیرکردنی ئەم جۆرە کەسە ناوەستن، شێخی مامۆستامان ئەمەی سەلماندوە و ڕونیکردۆتەوە هەر وەك کۆك بونی لەگەڵ زانایانی ئومەت و ئیقتیداکردنی بەوان، تەکفیری نەکردوە تەنها دوای ئیقامەی حوجە و ئاشکرابونی بەڵگەکان نەبێت، تەنانەت ڕەحمەتی خوای لێ بێ ، لەتەکفیرکردنی قەبرپەرستە نەزانەکان وەستابوو کەوا کەس نەبووە ئاگاداریان بکاتەوە"

پاشان دەڵێ ↓↓↓

شێخی ئیسلام ئەڵێت :

[ئیمامەکان ئیتیفاقیان هەیە لەسەر ئەوەی هەرکەسێک لە شوێنکی دوور لە ئەهلی عیلم و ئیمان ژیابێت ، یان تازە موسڵمان بووبێت ، ئەگەر ئینکاری شتێکی کرد لەو حوکمە زاهیرە موتەواترانە ئەوە حوکم نادرێت لەسەری بە کوفر حەتا نەزانێت و شارەزا نەبێت بەوەی کە پێغەمبەری پێ ڕەوانەکراوە]

ئەم قسەیەش لەسەر بابەتەکانی شەرائیع و فەرائیز و بابەتە ئاشکراکانە نەک لەسەر شیرکی گەورە بێت ئاگاداربە !!

↓

وەڵامم / لەخوا بترسە بەچ بەڵگەیەك ئەو درۆیەت بەناوی شێخەوە کرد کەی شێخی ئیسلامی ئەو تایبەت کردنەی کردوە، ئەصلەن شێخی ئیسلام لە بابەتی مسائل الظاهرە و بابەتی مسائل معلوم بالدین بالضرورة هیچ جیاوازی ناکات و پێکەوە باسیان ئەکات و مناطی دیاربونیان "الظهور" دەبەستێتەوە بەئاشکرابونیان لەناو خەڵکی واتە هەموو خەڵکی هاوبەش بن لەزانینی وە دەفەرمێت: "مەسەلەی زاهیر و خەفی بابەتێکی ئیزافیە لەکەسێك بۆ کەسێکی تر لەشوێنێ بۆ شوێنێکی تر دەگۆڕێت و جێگیر نیە، بەڵکو بەپێی ئاشکرا بونیەتی لەناو خەڵکی و عیلم بونیان پێی".

پەرستنی الله بەتاك و تەنها كه له ئەصلی دینه شێخی ئیسلام ابن تەیمیه نەیكردۆتەوه مانعێ كه عوذر بەجەهل تیایدا قبوڵ نەكرێت پێش گەیشتنی حوجه:

دەڵێ:" ولهذا ما بينت هذه المسألة قط لمن يعرف أصل الإسلام إلا تفطن وقال: هذا أصل دين الإسلام. وكان بعض الأكابر من الشيوخ والعارفين من أصحابنا يقول: هذا أعظم مابينته لنا لعلمه بأن هذا أصل الدين "الرد على البكري ص ٤١١

وه دەڵێ :" فينبغي أن يعرف أن استحقاق العباد للعذاب بالشرك فما دونه مشروط ببلاغ الرسالة في أصل الدين وفروعه "جامع الرسائل(2/293).

بەڵگەی ئەوەی شێخی ئیسلام پەرستنی الله بەتاك و تەنها لەبابەتی معلوم من الدين بالضرورة هەژمار دەكات كەواته مادام لەوشتانه بێت كه زانینی لەزەڕوڕەتەكانی دینه هەربۆیه نەیكردۆته ڕێگر لەنەبونی عوذر بەجەهل تیایدا پێش ئیقامەی حوجه دەڵێت: فإنا بعد معرفة ما جاء به الرسول نعلم بالضرورة أنه لم يشرع لأمته أن تدعو أحدا من الأموات لا الأنبياء ولا الصالحين ولا غيرهم لا بلفظ الاستغاثة ولا بغَيرِها ولا بلفظ الاستعاذة ولا بغيرها "الرد على البكري ص ٤١١-٤١٢

دەڵێ: ئێمە دوای ئەوەی ئەو دینەی پێغەمبەر هێنای ناسیمان دەزانین بەزەڕوڕەت کەوا ڕێگەی نەداوە هاواربکەنە هیچ یەکێ لە مردوان یان پێغەمبەران یان پیاوچاکان نە لەفری فریاکەوتن و نەبەلەفزی پەنا بۆ بردن"

[کەواتە لێرەدا بۆمان دەرکەوت شێخی ئیسلام هیچ جیاوازی ناکات لەنێوان شەرائیع و شرکیات هەردوکیان بەمعلوم بالدین بالضرورة حیساب ئەکات.]

هەروەها بەڵگەیەتر لەسەر ئەوەی شێخی ئیسلام ابن تەیمیە سەبارەت بەبابەتە ئاشکرا ودیارەکان ڕەچاوی ئاشکرایی ناکات لەخودی بەڵگەکان بەڵکو ڕەچاوی ئاشکرا ودیاربونی دەکات لەلای خەڵکی

دەڵێت: "وقد يكون العلم والإيمان ظاهرا لقوم دون آخرين وفي بعض الأمكنة والأزمنة دون بعض بحسب ظهور دين المرسلين " (نقض أساس التقديس ص٥)

دەڵێ: ئەشێت عیلم و ئیمان ئاشکراو دیاربێت لای کەسانێ بەڵام لای خەڵکانێ تر ئاشکرا و دیار نەبێت لەهەندێ و شوێن و کات بەپێی دیاری و ئاشکرایی و زاڵ بونی دینی پێغەمبەران"

هەروەها دەڵێت" وقد طال الزمان خفي على كثير من الناس ما كان ظاهرا لهم، ودق على كثير من الناس ما كان جليا لهم، فكثير من المتأخرين مخالفة الكتاب والسنة ما لم يكن مثل هذا في السلف. "مجموع الفتاوى 13/55
دەڵێ: كاتى زۆر بەسەرخەڵكى تێپەڕبوە زۆرێك لەوبابەتانەى ئاشكرابوون لايان ئێستا شاراوە بوە لايان...."

هەروەها دەڵێت " ولفظ الظاهر يراد به ما قد يظهر للإنسان وقد يراد به ما يدل عليه اللفظ فالأول يكون بحسب فهوم الناس "مجموع(20/166).
دەڵێ: لەفزى زاهير و ئاشكرا مەبەست لێى ئەوەيە كە بۆ خەڵكى ئاشكراو دیارە وە هەندێ كاتیش مەبەست دیاربونى دلالەتى لەفزەكەیەتى.

هەروەها وتەى زانایانیش بەهەمان شێوەیە هیچ جیاوازى ناكەن لەنێوان ئەوەى بابەتە لەشیرك بێت یان لە واجیبات بێت بەڵكو هەرشوێنێ شوێنى جەهل ونەزانین و شاراوەبونى حوكمەكانى شەرع بوو ئەوا وتەكانیان دەیگرێتەوە نموونەشیان بەبادیەى بەعیدە و و تازە موسڵمان بوو هێناوەتەوە ئەمەش نەك وەك حصركردن بەڵكو وەكو نموونە، بۆ تێگەیشتى باسەكە.

وەڵامی وانەی 15 هەمی قاعیدە گومڕاکەرەکان

بسم الله والحمدلله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن والاه-أما بعد :-

بابەتەکەی ئەمجارەی ڕووبیزەکەی ئاخیری زەمان پەیوەندی بەبابەتەکەی ئێمەوە نیە بەڵام وەك پیشەی هەموو جارێکی هەرشتێك نەقڵ بکات لەم لاو ئەولا بەدر نابێ لەژەهراوی کردنی ئەو باسانە، هەردەبێ ڤایرۆس و ژەهرەکەی تێدا بڵاوبکاتەوە زۆر یان کەم

جا لەم جارەیدا ئەم وتەیەی ئیمام ابن القیم نەقڵ دەکات و دواتر دەڵێ

↓↓↓↓

ئیمامی ابن القیم له " احکام اهل الذمة " پاش باسکردنی ڕێگاکانی فەرموودەکە ئەڵێت : هەڵێکیان هەڵێکی تریان بەهێز و توند و تۆڵ ئەکەن ، ئیمامی البیهقی یش به صەحیحی داناوە وە عبدالحق الاشبیلی و ابن کثیر و جگە لەوانیش به صەحیحیان داناوە ، لەگەڵ ئەوەش ئەهلی عیلم جیاوازیان هەیە له صحەتی فەرموودەی تاقیکردنەوەی ئەهلی فەترە ، هەیانە زەعیفی ئەکات و هەشیانە بەهێزی ئەکات ئەوەش نزیکترە .

چونکە ئەگەر بێت و ئەو چوارکەسە موسڵمان بن ئەچنە بەهەشتەوە بەبێ تاقیکردنەوە ، جا ناوەکەیان لەسەر ئەچەسپێ بەڵام حوکمەکە نا بەڵکو له

قیامەت تاقیئەکرێنەوە ، جا تاقیکردنەوەی موشریکەکانی ئەهلی فەترەکان و ئەوانەی دەعوەی پێغەمبەرانیان پێنەگیشتووە لە ڕۆژی قیامت پێش دیاریکردنی مەصیر و چارەنوسیان بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوەیە کە ئەوانە موسڵمان نین ، ئەگەر موسڵمان بونایە ئەچونە بەهەشتەوە بە بێ تاقیکردنەوەی پێش وەخت ، وە ئەگەر کافری سزادراو بونایە ، ئەچونە ناو ئاگرەوە بەبێ ئەوەی تاقیبکرێنەوە پێش وەخت .

ئەمەش بۆخۆی وەڵام و بەڵگەیەکی بەهێزە بۆ ئەو کەسانەی ئەڵێن : کافری موعەذب و کافری غیر معذب بوونی نیە شتێکی بیدعەیە .

↓↓↓↓

وەڵامم/ سەرەتا لەوەڵامدانەوەی ئەم شوبهەو تەحریف کردنەی ئەم جاهیلە با ئەوەی لە کتێبی ئەحکام اهل الذمة هاتووە وەکو خۆی نەقڵ بکەین ئەوکات ئەزانن شێرکۆ بیارە چ جاهیل و چەواشەکارێکە و چۆن دەستکاری وتەی زانایان ئەکات و ماناکانی ئەگۆڕێ، سەرەتا فەرمودەکە وەکو خۆی دەگێڕینەوە ئەبو هورەیرە دەڵێ پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمویەتی :" أربعة كلهم يوم القيامة يدلي على الله بحجة وعذر :رجل هلك في الفترة، ورجل أدرك الإسلام هرما، ورجل أصم أبكم، ورجل معتوه، فيبعث الله إليهم رسولا فيقول :أطيعوه فيأتيهم الرسول، فيؤجج لهم النار فيقول:إقتحموها فمن اقتحمها كانت عليه برداً وسلاماً، ومن لا حقت عليه كلمة العذاب "

واته: پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ: چوارجۆرە کەس لەڕۆژی قیامەت بیانوویان دەبێت لای خوا: پیاوێك لەکاتی فەترە مردبێت، وە پیاوێك گەیشتبێ بەهاتنی ئیسلام بەڵام پیرۆپەکەوتەبێت، وە پیاوێك کەڕو ڵاڵ بێت، وە پیاوێك خەڵەفاوبێت، جا خوای گەورە نێراوێکیان بۆ دەنێرێ لەڕۆژی قیامەت و پێیان دەڵێ بەقسەی خوا بکەن لەوەی پێ تان دەڵێ ، ئاگری دۆزەخیان بۆ هەڵدەگیرسێنرێ و پێیان ئەوترێ بچنە ناو ئەو ئاگرەکەوە، جا هەرکەسێ لەوانە بەقسەی خوابکات و بچێتە ناو ئاگرەکەوە ئەوە ئەو ئاگرە سارد و سەلامەت ئەبێت بۆی ئەوەشی نەچێتە ناوی ئەوا سزای خوای لەسەر دەچەسپێت."کۆتایی

[جا بەڕێزان زۆر ئاشکرا و ڕوونە کە ئەم فەرمودەیە دەربارەی کەسانێکە کەوا هەر لەبنچینەوە داخلی ئیسلام نەبوونە پیاوێکیان پێش هاتنی ئیسلامە و پیاوێکی تریان دوای هاتنی ئیسلامە بەڵام موسڵمان نەبوە تەنها ئەوەنەی تیایە ئیسلام هاتووە بەڵام ئەو موسڵمان نەبوە چونکە ڕێگرێکی لەبەردەم بووە کە کەڕی و لاڵیە یان خەڵەفان و نەبونی عەقڵە، پیرۆپەکەوتە بووە وە بەهیچ شێوەیەك نەلەدوور و نەلەنزیك حەدیسەکە ئاماژە بەوە ناکات کە موسڵمان بوبن ، کەواتە ئەوانە موشریکی ئەصلی بونە و داخلی ئیسلام نەبونە، عیلەتی نەگەیشتنی پەیامی ڕیسالەیان تێدایە چ بەهۆی عیلەتی زەمەنیان، وە چ بەهۆی عیلەتی زاتیان کە مناطی تەکلیفیان لەسەر نەبوە کە عەقڵ ە.]

پاشان ئیمام ابن عبد البر لەکتێبی "الإستذكار" کەرِەتی ئەکاتەوە ئەم حەدیسە بچەسپێت بەبیانوی ئەوەی نابێت لە قیامەت ببێت بەداری جزاء و عمل و چونکە ئەوەی مردبێت لە ئەهلی فەترە یان کافرە و یان کافر نیە ، جا ئەگەر کافر بن ئەوا خوا بەهەشتی حەرام کردوە لەسەر کافران ، وە ئەگەر عوذریشیان هەبێ کە پێغەمبەریان بۆ نەهاتووە چۆن ئەبێ لەقیامەت تەکلیفیان لێ بکرێ بە چوونە ناو ئاگر ؟

جا ئیمام ابن القیم لە کیتابی "أحكام أهل الذمة" لاپەرِە 1156دەڵێت:

أن يقال هؤلاء لايحكم لهم بحكم بكفر ولا إيمان، فإن الكفر هو جحود ما جاء به الرسول، فشرط تحققه بلوغ الرسالة، والإيمان هو تصديق الرسول فيما أخبر، وطاعته فيما أمر،وهذا أيضاً مشروط ببلوغ الرسالة، ولايلزم من إنتفاء أحدهما وجود الأخر إلا بعد قيام سببه فلما لم يكن هؤلاء في الدنيا كفاراً ولا مؤمنين كان لهم في الآخرة حكم آخر غير حكم الفريقين.

فإن قيل:فأنتم تحكمون لهم بأحكام الكفار في الدنيا من التوارث والولاية والمناكحة، قيل إنما نحكم لهم بذلك في أحكام الدنيا لا في الثواب والعقاب كما تقدم بيانه.

الوجه الثاني: سلمنا أنهم كفار، لكن انتفاء العذاب عنهم لإنتفاء شرطه وهو قيام الحجة عليهم فإن الله تعالى لايعذب إلا من قامت عليه حجته.

دەوترێ: ئەوانە حوکم نادرێ بەسەریان نە بەکوفر و نە بەئیمان، چونکە کوفر بریتیە لەئینکاری کردن لەو دینەی کە پێغەمبەر پێی هاتووە، مەرجی کافربوون ئەوەیە پەیامەکەی پێ بگات،ئیمان یش بریتیە لەباوەڕهێنان بەپێغەمبەر بەو هەواڵانەی فەرمویەتی وە بە طاعەت کردنیەتی لەو فەرمایشتانەی فەمانی پێکردوە، بۆ ئەمەش گەیشتنی ریسالە بەمەرج گیراوە، ئەوە ناخوازرێت ئەگەر کەسێك کافر نەبێت ئەوا ئیماداربێت، تەنها کاتێ نەبێت هۆکارەکانی ئیماداربون و کافربون بێنەدی، جا کاتێك ئەوانە لەدونیا کافر نەبوبن و ئیماداریش نەبوبن ئەوا لەڕۆژی قیامەت حوکمێ تریان هەیە جگە لەحوکمی کافران و ئیمانداران.

ئەگەر بوترێ: ئێوە حوکم دەدەن بەسەریان بەحوکمی کافران لەدونیا وەکو حوکمی میرات لێ نەگرتن و ویلایەت ژن و ژنخوازی، دەڵێین لەحوکم دەدەین بەسەریان بەم حوکمانە لەحوکمەکانی دونیا نەك لەحوکمی پاداشت و سزا، هەروەکو پێشتر ڕونمانکردەوە.

ڕووی دووەم: وادابنێین ئەوانە کافرن، بەڵام سزایان لەسەر لاچوە بەهۆی سزادان بەهۆی نەبونی مەرجەکەی کەبریتیە لە ئیقامەی حوجەلەسەریان، چونکە اللە سزای کەسێ نادات ئەگەر ئیقامەی حوجەی لەسەر نەکرابێت.]کۆتایی هات وتەکەی

هەڵوەستە کردن لەسەر ئەم وتەیەی ابن القیم ↓

ابن القيم رحمه الله لێرەدا بەهیچ شێوەیەك نەیوتوە ئەوانە كە ئیماندار نین و كافر نین كەواتە موسڵمانن، بەڵكو ئەوانە موشریكی ئەصلین، چونكە ابن القیم كسێ بەكافر ئەزانێ كە دینی پێگەیشتبێ پاشان نكۆڵی لێ بكات بەڵام ئەمانە ئیسلامیان پێنەگەیشتوە بۆیە كافرنین، بەڵام موسڵمانیش نین بەڵكو موشریكی ئەصلین مادام ریسالەیان پێنەگەیشتوە سزا نادرێن لەقیامەت، كەواتە ئەصلەن هەر ناوی كافریان لێ نانێت چ جای ئەوەی بەكافری غیر معذبیان بزانێ، بەڵكو بەموشریكیان ئەزانێ چونكە ئەوانە موشریكی ئەصلین و داخلی ئیسلام نەبونە و حوكمیان لەسەر زاهیر ئەدرێ كە موشریكن، نەك موسڵمان بن.ئەمە باس لەموسڵمانێ ناكات كافربێ معذب بێ یان معذب نەبێ تابڵێین بیدعەیە چونكە لبنچینەدا بابەتەكە بابەتی ئەهلی فەترە و موشریكی ئەصلیە و لەحەقی كافری ئەصلی قەت نەمان وتوە بیدعەیە ئەمەش بوهتان و درۆیەكی تر كەبەناوی ئێمەوە ئەیكات ،كەواتە بۆتان دەركەوت شێركۆی چەواشەكار چ فێڵ و تەحریفێك دەكات و چۆن شتانێ ئەڵێ كە هیچ بنەمایەكی نیە لەڕاستیدا.

پاشان كابرا وتەیەكی ئیمام ئەحمەد نەقڵ ئەكات و ئەڵێ↓↓

ئیمامی الترمذي له بابی " الدعوة قبل قتال " دەعوە پێش كوشتار ئەڵێت : ئیمامی ئەحمەدی كوڕی حەنبەل ئەڵێت : نازانم كەسێك مابێت لەم ڕۆژەدا دەعوەی لەگەڵ بكرێت و بانگ بكرێت .

وه ابن قدامەش له " المغني " له ئیمام احمد نەقڵ ئەکات به زیادەوه و ئەڵێت : دەعوه گەیشتووه به هەموو کەسێک .

ئەمه له زەمانی ئیمامی ئەحمەد ئاوا بووه ئەدی زەمانی ئێمه ئەبێت چۆن بێت !؟

↓

وەڵامم / ئیمامی ئەحمەد لەو وتەیەی باسی حوکمی قیتالی کافرانی ئەصلی دەکات که بانگەوازی ئیسلام و هاتنی ئیسلامیان پێگەیشتوه و بۆیه واجب نیه پێش قیتال کردنیان دەعوەیان بکرێتەوه، کەواته ئەم حوکمه دەربارەی قیتال بوو وه هیچ پەیوەندی لەدوور لەنزیك نیه بەموسڵمانانەوه چ جای ئەحکامەکانی تەکفیرکردنی موسڵمانانی مونتسب بۆ ئیسلام، بەڵام ئەم کابرایه شەرم ناکات لەتەحریف کردن و خۆڵ کردنه چاو کەسانی بێ عیلم و بێ ئاگا بەڵام ئێمه لەبۆسەین بۆی لەهەموو کاتێکی و ناهێڵێن چەواشەکردنی بەسەرەوه تێپەڕبێت.

والحمدلله رب العالمين

وەڵامی وانەی 16یەمی قاعیدە گومڕاکەرەکان

بسم الله والحمدلله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه من والاه أما بعد :-

لەوەڵامدانەوەی ئەمجارەمان وەڵامی ئەو شوبهە و چەواشەکاریە ئەدەینەوە **کە دەڵێ**

حیساب نەکردن و ئیعتیبار نەکردن بۆ عوذری جەهل بە شوبهە و تەئویل و خطأ لە بابەتەکانی شیرکی گەورە .

شوبهە و گومان و تەئویل و خطأ عوذر نین لە بابەتەکانی شیرکی گەورەدا ئەمەش بەڵگەی ئاشرا و دەلیلی ڕوونی لەسەرە ، وە زانایان و ئەئیمەی دەعوە باسیان کردووە لەوانە [شێخ ابو بطین و عبدالرحمن بن حسن و عبداللطیف بن عبدالرحمن] وە ڕەدی ئەوانەیان یاوەتەوە کە عوذر بە شوبهە و تەئویل و خطأ لە شیرکی گەورەدا ئەدەنە پاڵ شێخی ئیسلام .

↓↓↓

وەڵام : ڕاست نیە بەهیچ شێوەیەك بەڵکو شێخ عبدالرحمن و أبوبطین و شێخ عبداللطیف ڕەدی ئەوانەیان نەداوەتەوە کەعوذر بەشوبهە و تەئویل دەدەنە پاڵ شێخی ئیسلام بەڵکو وەڵامی ابن جەریس ئەدەنەوە کەدەڵێ گوایە شێخی ئیسلام ابن تەیمیە و ابن القیم هیچ کەسێ تەکفیرناکەن ئەگەر بکەوێتە

کوفر و شیرکەوە ئەگەر حوجەشی پێگەیشتبێ ئەگەرچی جاهیل بێت و تەئویلی هەبێت، تەنها کەسی معاند نەبێت، فەرموو بڕوانە کتێبی منهاج التأسیس ی شێخ عبداللطیف بن عبدالرحمن ، هەروەها بەبەڵگەوە ئەم شوبهەیە بێ بنەمایەمان وەڵامداوەتەوە لەوەڵامەکانی پێشومان تەنها ئەوەنە بەس بێ کەبەڵگەیە کە شێخ عبداللطیف بن عبدالرحمن عوذر بەتەئویل و شوبهە بەهەند وەردەگرێت دەربارەی موسڵمانێ بکەوێتە شیرکی گەورە پێش ئیقامەی حوجە.

شێخ عبدالطیف بن عبدالرحمن آل الشیخ وتەیەکی شێخی ئیسلام ابن تیمیة نەقڵ دەکات کە دەڵێ:" ونحن نعلم بالضرورة أن رسول الله صلى الله عليه وسلم لم يشرع لأمته أن يدعوا أحداً من الأموات ولا الأنبياء ولا الصالحين ولا غيرهم لا بلفظ الاستغاثة ولا بغيرها كما أنه لم يشرع لأمته السجود لميت ولا لغير ميت ونحو ذلك، بل نعلم أنه نهى عن كل هذه الأمور وأن ذلك من الشرك الذي حرمه الله تعالى ورسوله لكن لغلبة الجهل وقلة العلم بآثار الرسالة في كثير من المتأخرين لم يمكن تكفيرهم بذلك حتى يبين لهم ما جاء به الرسول صلى الله عليه وسلم "مجموع الفتاوى (20/32-33)

ئێمە بەزەڕوڕەتی زانینمان دەزانین کەوا پێغەمبەری خوا صلى الله عليه سلم بەجائیزی دانەناوە بۆ ئومەتەکەی کە هاواربکەنە هیچ یەکێ لەمردوان و لەپێغەمبەران و پیاوچاکان نە بە دەربڕینی فریاکەوتن نەبەهیچ شێوازێ،

هەروەها بەهیچ شێوەیەك بەجائیزی دانەناوە بۆ هیچ یەکێ لە ئومەتەکەی کە سوجدە بەرن بۆ مردوو یان غەیری مردوو، بەڵکو دەزانین ڕێگری کردوە لەهەموو ئەمانە و ئەمانە شیرکن وخوا و پێغەمبەرەکەی قەدەغەیان کردوە بەڵام بەهۆی زاڵبونی نەزانی و کەمی عیلم بەشوێنەواری پەیامی خوا لەلای زۆرێ لە پاشینەکان بەو هۆیەوە ناتوانرێ تەکفیربکرێن تاکو دینیان بۆ ڕوون نەکرێتەوە."

پاشان شێخ عبداللطیف دەربارەی ئەم وتەیەی ابن تەیمیە دەڵێ:

" ومراد الشيخ الإسلام ابن التيمية بهذا الإستدراك أن الحجة إنما تقوم على المكلفين ويترتب حكمها بعد بلوغ ما جاءت به الرسل من الهدى ودين الحق ، وزبدة الرسالة ومقصودها الذي هو توحيد الله، وإسلام الوجوه له. وإنابة القلوب إليه. قال الله تعالى: (وماكنا معذبين حتى نبعث رسولا) وقد مثل العلماء هذا الصنف بمن نشأ ببادية بعيدة أو ولد في بلاد الكفار ولم تبلغه الحجة الرسالية، ولذلك قال شيخ: لغلبة الجهل وقلة العلم بآثار الرسالة في كثير من المتأخرين. وقد صنف رسالة مستقلة في أن الشرائع لا تلزم قبل بلوغها وأكثر العلماء يسلمون هذا في الجملة ويرتبون عليه أحكاماً كثيرة في العبادات والمعاملات وغيرها، فمن بلغته دعوة الرسل إلى توحيد الله ووجوب الإسلام له وفقه أن الرسل جاءت بهذا، لم يكن له إذن في مخالفتهم وترك عبادة الله، وهذا هو الذي يجزم بتكفيره إذا عبد غيره وجعل معه الأنداد والألهة. والشيخ

وغيره من المسلمين لا يتوقفون في هذا، وشيخنا رحمه الله-قد قرر هذا بينه وفاقاً لعلماء الأمة وإقتداءً بهم، ولم يكفر إلا بعد قيام الحجة وظهور الدليل، حتى إنه - رحمه الله- توقف في تكفير الجاهل من عباد القبور إذا لم يتيسر له من ينبهه "مصباح الظلام ص٣٢٤-٣٢٥

مەبەستی شێخی ئیسلام لەم وتەیە ئەوەیە حوجە و حکمی حوجە لەسەر خەڵکی بەوە بەرپا ئەبێت کەئەو دینە حەقەی بۆ پێغەمبەر ڕەوانەکراوە پێت بگات، کرۆکی ئەو دین و پەیامەش بریتیە لەبەتەنها دانانی اللە، ملکەچ بونی ڕوەکان و دڵەکان بۆ خوا، اللە تعالی دەفەرمێت(ئێمە سزادەرنابین تاکو پێغەمبەر نەنێرین)بۆ ئەم جۆرەش لەخەڵکی زانایان نمونەیان بەو خەڵکانە هێناوەتەوە کەدووڕە دەستن یان لەناو وڵاتی کافران لەدایك بوون و حوجەی ریسالەیان پێنەگەیشتوە هەربۆیە شێخ ابن تەیمیە دەڵێ: بەڵام بەهۆی زاڵبونی نەزانی و کەمی عیلم بەشوێنەواری پەیامی خوا لەلای زۆرێ لە پاشینەکان"هەروەها نامیلکەیەکی سەربەخۆی داناوە دەربارەی ئەوەی حوکمە شەرعیەکان ناکەونە ئەستۆ پێش گەیشتنیان و زۆربەی زانایانیش بەشێوەیە؟گشتی هاوڕان لەسەری وچەندین حوکم لەعیبادەتەکان و مامەڵەکان لەسەری دەچەسپێنن، هەرکەسێ بانگەوازی پێغەمبەرانی بۆ تەوحید و بەتەنها دانانی اللە و ملکەچی بۆ اللە پێگیشتبێ ، تێگتیشتبێ کە پێغەمبەران بۆ ئەمە نێردراون، ئەوکاتە مولّەتی ئەوەی نیە سەرپێچی ئەوە بکا و

تەرکی عیبادەتی اللەبکا، ئائەم جۆرە کەسەیە کە جەخت ئەکرێتەوە لەتەکفیرکردنی کاتێ غەیری اللەی پەرست وهاوتا و هاوبەشی بۆبڕیاردا، شێخ محمد و غەیری ئەویش لەموسڵمانان لە تەکفیرکردنی ئەم جۆرە کەسە ناوەستن، شێخی مامۆستامان ئەمەی سەلماندوە و ڕونیکردۆتەوە هەر وەك کۆك بونی لەگەڵ زانایانی ئومەت و ئیقتیداکردنی بەوان، تەکفیری نەکردوە تەنها دوای ئیقامەی حوجە و ئاشکرابونی بەڵگەکان نەبێت، تەنانەت ڕەحمەتی خوای لێ بێ ، لەتەکفیرکردنی قەبرپەرستە نەزانەکان وەستابوو کەوا کەس نەبووە ئاگاداریان بکاتەوە"

شێخ عبدالرحمن بن حسن آل شيخ دەڵێت : " وقال شيخنا شيخ الإسلام محمد بن عبدالوهاب: سألني الشريف عما نقاتل عليه ونكفر به ؟ فقال في الجواب : إنا لانقاتل إلا ما أجمع عليه العلماء كلهم، وهو شهادتان بعد التعريف إذا عرف ثم أنكر" المورد عذب الزلال ص١٨٦

دەڵێ: مامۆستامان دەڵێ واتە شێخ محمد بن عبدالوهاب: شەریف ئەمیری مەککە پرسیاری لێ کردم ئایا ئیمە لەسەر چ بنەمایەك دەجەنگین و تەکفیرکردن کردن ئەنجام ئەدەین ؟ لەوەڵامدا ووتی: ئیمە ناجەنگین تەنها لەسەر شتێك نەبێت کە هەموو زانایان کۆدەنگن لەسەری، ئەویش بڕیتیە لەهەردووشایەتمانەکە دوای ئیقامەی حوجە کە زانی و ئینکاری کرد"

[کەواتە ئەو شێخە بەڕێزانە متفق بوونە لەسەر ئەوەی شێخ محمد بن عبدالوهاب ئیقامەی حوجەی بەمەرج زانیوە پێش تەکفیرکردن هەربۆیە دەبینی خۆیان بەڵگە بە وتەکانی دێننەوە لەسیاقی ئیقرارەوە باسی دەکەن, پاشان کەدەڵێن " هەموو کافرێک بەبێ گومان خطأ یان کردووە و موشریکەکانیش بەبێ گومان تەئویلاتیان زۆرە ، باوەڕیان وایە شیرکیان بە صاڵیحین و پیاو چاکان تەعەزیم کردنیان سودیان پێ ئەگێنێت و دیفاعیان لێ ئەکەن و زەرەر و زیانیان لێ دوورئەخەنەوە ، جا عوذریان نەبووە بەوە نە بە خطأ و نە بە تەئویل ، اللە تعالی ئەفەرموویێت :

[وَالَّذِينَ اتَّخَذُوا مِن دُونِهِ أَوْلِيَاءَ مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَا إِلَى اللَّهِ زُلْفَىٰ] الزُّمَر (٣)ئەوانەی کە لە جیاتی اللە تعالی چەند دۆست و بت وصەنەمێکیان بۆ خۆیان گرتووە، وە بەبێ هیچ بەڵگەیەکیش ئەڵێن: [مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَا إِلَى اللَّهِ زُلْفَىٰ] ئێمە هەر بۆ ئەوە ئەو بتانە ئەپەرستین، کە لە اللە تعالی نمان نزیک بکەنەوە و، تکامان بۆ بکەن لای، کەچی ئەگەر پێیان بوترایە: ئەی کێ ئێوەی دروستکردووە؟ ئەی کێ ئاسمانەکان و زەوی وەدی هێناوە؟ لە وەڵامدا ئەڵێن: هەر (اللە)یە، ئیتر پێیان ئەوترا: ئەی بۆچی اللە تعالی بە تاک و تەنیا ناپەرستن؟ وشەی [ما نعبدهم..] وەڵامیان بوو !! واتە تەئویلیان ئەکرد " [بێگومان هەرکەسێك حاڵی وەکو کافرەکانی قوڕەیش بێت کە ئەیانزانی عیبادەتی غەیری اللە دەکەن و دانیان پێدا ئەنا و لە دروشمی حەجیاندا

بەدەنگی بەرز هاواریان دەکرد کە خوا شەریکی هەیە ئەو کارە شیرکیانە و عیبادەتانەیان بۆ غەیری اللە کە دەکرد بەبیانوی ئەوەی لای خوا شەفاعەتیان بۆ بکەن بۆیە لەحاڵەتێکی ئاوا هەرکەسێ بەم شێوەیە بکات عذری نیە نە بەخطأ و نە بەتەئویل و نەبەجەهل، بەڵام ئایا ئەو موسڵمانەی دووڕە لە داری ئیسلام و لەناو وڵاتی کافرانە یان دووڕە لەئەهلی عیلم یان ئەهلی بیدەع و خورافات چەواشەیان کردوە کە باوەڕی وایە تەنها اللە شایستەی پەرستنە بەبێ هاوبەش بۆدانان و نازانێ توشی شیرك بوە هەموو جۆرەکانی عیبادەت و شیرکیات نازانێ وپێی نەوتراوە ئایا کە بکەوێتە ناو جۆرێ لەشیرك بەهۆی زانایانی خراپەوە کەپشتیان بستووە بەهەندێ فەرموودەی باتڵ و ناڕەوا و ناڕاست یان هەندێ دەقی متشابە ئایا ئەم موسڵمانە حاڵی وەکو کافرە موشریکەکانی قوڕەیشە کەهیچ تەئویل و عوذرێکی نەبێ ؟؟ بێگومان نەخێر هیچ کەسێ یەکسانیان ناکات ئیلا کەسێکی جاهیل و زیادەڕەو نەبێت ، چونکە زانایانی ئومەت وەکو شێخی ئیسلام ابن تەیمیە و ابن القیم و ئیمامی زەهەبی و قازی ابوبەکری ابن العربی و ابن الحزم و شێخ محمد بن عبدالوهاب و کوڕەکانی تەکفیری تقی الدینی السبکی و البکري و ئەحنائی و ابن حجری هەیتەمیان نەکردوە یان زانایانی دەعوەی نەجدی بەهیچ شێوەیەك هیچ لار و ڕەخنەیەکیان لەشێخی ئیسلام نەگرت بەهەڵەیان نازانی کاتێ بەهۆی بونی تەئویل زانایان و بانگخوازانی گۆڕپەرستەکانی تەکفیرنەکردبوو

وەکو البكري و ئەخنائی و السبکی و سیوطی و هەیتەمی ، بەڵام ئەوانەی کەتەکفیری کردون عوذری بەنەزانی و تەئویل لێ قبوڵ نەکردون وەکو تلمسانی و ابن الفارض و ابن العربی و ڕازی و ابن سینا و فارابی بۆ ؟ چونکە ئەوانە زەندیق بوونە و پێچەوانەی ئاشکراترینی زانراوەکانی دینیان کردوە و بانگەشەی زەدەقە و بت پەرستی و ئیلحادیان کردوە لەهیچ ڕوویەکەوە بیانویان نەماوە .]

شێخی ئیسلام ابن تەیمیە دەڵێت: "كل عبادة غير معمول بها فلا بد أن ينهى عنها ثم إن علم أنها منهي عنها وفعلها، إستحق العقاب. فإن لم يعلم ، لم يستحق العقاب. وإن اعتقد أنها مأمور بها وكانت من جنس المشروع، فإنه يثاب عليها. وإن كانت من جنس الشرك، فهذا الجنس ليس فيه شيء مأمور به، وهذا لايكون مجتهداً؛ لأن المجتهد لابد أن يتبع دليلاً شرعياً، وهذه لايكون عليها دليل شرعي ، لكن قد يفعلها باجتهاد مثله، وهو تقليد لمن فعل ذلك من العلماء. والذين فعلوا ذلك قد فعلوه؛ لأنهم رأوه ينفع أو لحديث كذب يمنعوه، فهؤلاء إذا لم تقم عليهم الحجة بالنهي، لايعذبون. وأما الثواب، فإنه قد يكون ثوابهم أنهم أرجح من أهل الجنسهم. وأما الثواب بالتقرب إلى الله، فلا يكون بمثل هذه الأعمال "مجموع الفتاوى(20/32-33)

دەڵێ: هەموو عیبادەتێکی کرێنەکراو بێگومان نەهی لێ دەکرێ پاشان ئەگەر زانی ئەو عیبادەتە نەهی لێکراوە و کردی ئەوا شایستەی سزادانە، ئەگەر

نەیزانی شایستەی سزا نیە. بەڵام ئەگەر وای زانی ئەو عیبادەتە فەرمانی پێکراوە وە لەڕەگەزی عیبادەتێکی شەرعیش بوو ئەوا پاداشت دەدرێتەوە لەسەری، بەڵام ئەگەر عیبادەتەکەی لەڕەگەزی عیبادەتی شیرکی بوو، ئەوا ئەم ڕەگەزە هیچ جۆرێکی تێدا نیە فەرمانی پێکرابێ، وە لەعیبادەتی شیرکیدا اجتیهاد نیە، چونکە کەسی موجتەهید شوێنکەوتەی بەڵگەی شەرعیە، عیبادەتی شیرکیش بەڵگەی لەسەر نیە، بەڵام ئەشێ کەسێ عیبادەتێ شیرکی ئەنجام بدات بەهۆی لاسایی کردنەوە و تەقلیدی زانایان یان بەهۆی ئەوەی بینیویانە سودی هەیە یان بەهۆی فەرمودەیەکی درۆ وە، ئەم کەسانە ئەگەر ئیقامە حوجە نەکرێن سزا نادرێن، بەڵام پاداشتدانەوەیان ڕەنگە پاداشتیان أرجح تریان بێ لەئەهلی جنسی خۆیان، بەڵام ئەگەر بڵێی پاداشتیان هەبێ بەوەی بەو کارە شیرکیانەیان لەخوا نزیك ببنەوە ئەوا نزیك بونەوە لەخوا بەو کارانە نابێت."

[ئەمەش بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرایە لەوتەکەی شێخی ئیسلام کە تەئویل لەشیرکی گەورە شیرکی قبور قبوڵ دەکرێت پێش ئیقامەی حوجە]

هەروەها شێخی ئیسلام ابن تەیمیە دەربارەی ئەوانەی بەخطأ و تەئویل و اجتهاد توشی کوفر وشیرکی گەورە بون، دەڵێت:" القول المعروف عن الصحابة والتابعين لهم بإحسان وأئمة الدين أنهم لايكفرون ولايفسقون ولايؤثمون أحداً من المجتهدين المخطئين لا في مسألة عملية ولا

علمية، قالوا: والفرق بين مسائل الفروع والأصول إنما هو من أقوال أهل البدع "منهاج السنة (5/87)

دەڵێ: قسەی زانراو دەربارەی صەحابە و تابیعین و شوێنکەوتە چاکەکانیان و پێشەوایانی دین ئەوەیە کە هیچ کەسێك تەکفیر و تەفسیق و تاوانبار ناکەن مادام کەسەکە ئیجتیهادی کردبێت یان هەڵەی کردبێت نە لەبابەتە عەمەلیەکان وە نە لەبابەتە عەقیدەییەکان، وە جیاوازی کردنیش لەمە لەبابەتەکانی ئوصول و فروع لە ئەقوالەکانی ئەهلی بیدەعە."

[کەواتە شێرکۆ فەنی تۆ و هاو ئاوازەکانت زاناترن لەابن تەیمیە لە وتەکانی سەلەف و صەحابە وتابیعین و ئەئیمە یان ابن تەیمیە زاناتر و شارەزاترە ؟! ئەقڵ بۆ بەشەر باشە !!! بەڵام کە نیتانە چی بکەین.]

پاشان الله تعالى خۆی عوذری بەخطأ پێمان داوە کەدەفەرمێت (رَبَّنَا لَا تُؤَاخِذۡنَآ إِن نَّسِينَآ أَوۡ أَخۡطَأۡنَاۚ رَبَّنَا وَلَا تَحۡمِلۡ عَلَيۡنَآ إِصۡرٗا كَمَا حَمَلۡتَهُۥ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِنَاۚ رَبَّنَا وَلَا تُحَمِّلۡنَا مَا لَا طَاقَةَ لَنَا بِهِۦۖ)[سورة البقرة 286]

ئیمامی ابن جەریری تەبەری لەمانای ئایەتەکەدا دەڵێت" قال أبو جعفر: وهذا تعليم من الله عز وجل عباده المؤمنين دعاءه كيف يدعونه، وما يقولونه في دعائهم إياه. ومعناه: قولوا:"ربنا لا تؤاخذنا إن نسينا" شيئا فرضت علينا عمله

فلم نعمله،"أو أخطأنا" في فعل شيء نهيتنا عن فعله ففعلناه، على غير قصد منا إلى معصيتك، ولكن على جهالة منا به وخطأ،"

دەڵێ: ئەبو جەعفەر دەڵێت، ئەمە فێرکردنی اللە عزوجل ە بۆ بەندە بڕوادارەکانی کە چۆن لێی بپارێنەوە و چی بڵێن لەدوعاکانیان، ماناکەی ئەوەیە، بڵێن پەروەردگارا لێمان مەگرە ئەگەر شتێك فەرِزت کردبولەسەرمان بیرمان چوو و کارمان پێنەکرد، یان هەڵەمان کرد لەئەنجامدانی کارێك کە رِێگریت کردبوو لێمان لەکردنی و ئەنجاماندا بەبێ ئەوەی مەبەستی سەرپێچی کردنی تۆمان هەبوبێت، بەڵام بەنەزانیمان بەو گوناحە و بەهۆی هەڵەی خۆمان."

ئیمام ابن کثیر دەڵێ دەربارەی أخطأنا" واتە: ﴿أَوْ أَخْطَأْنَا﴾ أَيِ: الصوابَ فِي الْعَمَلِ، جَهْلًا مِنَّا بِوَجْهِهِ الشَّرْعِيِّ."

واتە: "هەڵەمان کرد" یەعنی ئەگەر هەڵەمان کرد لەکردنی کارێك و نەمانپێکا بەهۆی نەزانیمان بەرِوەشەرعیەکەی"

[کەواتە بڕوانن بەهیچ شێوەیەك موفەسیرینی قورئانی پیرۆز بەشێوەیە گشتی باسی هەڵەیان کردوە و هەڵەیان دابەش نەکردوە بۆ ئوصول و فروع وەکو ئەهلی بیدەع، بەڵکو هەڵە هەر هەڵەیە بەشێوەیە گشتی و رِەها هاتووە لەئایەتەکان و هیچ تایبەت کردنێکی تیا نیە کەواتە هەڵە لەتەفسیری زانایان بریتیە لەتەئویل و جەهل و نەپێکان کاتێ کارێ ئەنجام ئەدەی وا ئەزانی

شەرعیە مەبەستت چاکە و خوایە بەڵام نازانی و مەبەستت نیە سەرپێچی و شیرك ئەنجام بدەی.]

هەروەها ئیمامی قورطوبی لەتەفسیری ئەو ئایەتەدا دەڵێت:

التاسعة- قوله تعالى: (رَبَّنا لَا تُؤاخِذْنا إِنْ نَسِينا أَوْ أَخْطَأْنا) الْمَعْنَى: اعْفُ عَنْ إِثْمِ مَا يَقَعُ مِنَّا عَلَى هَذَيْنَ الْوَجْهَيْنِ أَوْ أَحَدِهِمَا، كَقَوْلِهِ عَلَيْهِ السلام: "رفع عن أمتي الخطأ والنسيان وَمَا اسْتُكْرِهُوا عَلَيْهِ" أَيْ إِثْمُ ذَلِكَ. وَهَذَا لَمْ يُخْتَلَفْ فِيهِ أَنَّ الْإِثْمَ مَرْفُوعٌ، وَإِنَّمَا اخْتُلِفَ فِيمَا يَتَعَلَّقُ عَلَى ذَلِكَ مِنَ الْأَحْكَامِ، هل ذلك مرفوع لا يلزم منه شي أَوْ يَلْزَمُ أَحْكَامُ ذَلِكَ كُلِّهِ؟ اخْتُلِفَ فِيهِ. وَالصَّحِيحُ أَنَّ ذَلِكَ يَخْتَلِفُ بِحَسَبِ الْوَقَائِعِ، فَقِسْمٌ لَا يَسْقُطُ بِاتِّفَاقٍ كَالْغَرَامَاتِ وَالدِّيَاتِ وَالصَّلَوَاتِ الْمَفْرُوضَاتِ. وَقِسْمٌ يَسْقُطُ بِاتِّفَاقٍ كَالْقِصَاصِ وَالنُّطْقِ بِكَلِمَةِ الْكُفْرِ.

دەڵێ: حوکمی نوێیەم کە لەئایەتەکە وەردەگیرێ، حوکمی گونجاربون کاتێ بەهۆی لەبیرچوون و هەڵەوە توشمان ببێت، هەروەك فەرمودەکەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمویەتی[لەسەر ئومەتەکەم هەڵگیراوە تاوانباربون بەهۆی هەڵە و لەبیرچوون و زۆرلێکردن] ئەمە خیلافی تیانیە ئەم دوو حاڵەتە تاوان و گوناحی تیانیە بەڵام خیلاف لەو ئەحکامانە هەیە کەبەهۆی لەبیرچون و هەڵەوە دێتەکایەوە، ئایا ئەو ئەحکامانەش لێی بوراوین و هیچی ناکەوێتە سەرمان یان هەموو حوکمەکان دەکەوێتە ئەستۆمان؟ خیلاف هەیە تیایدا. بەڵام صەحیح ئەوەیە حوکمەکان بەپێی ڕوداوەکان ئەگۆڕێ، بەشێکیان

لەسەرمان لاناچێت بەئیتیفاقی زانایان وەکو پێبژاردەکان و خوێنەکان و نوێژە فەرزەکان، بەڵام بەشێکی تریان بەهۆی لەبیرچوون و هەڵەوە لەسەرمان ناکەوێ بەئیتیفاقی زانایان وەکو تۆڵەکردنەوە و نوطق کردن بە کەلیمەی کوفر."

هەروەها ئیمامی بەغەوی لەتەفسیرەکەیدا دەڵێت " ﴿أَوْ أَخْطَأْنَا﴾ قِيلَ مَعْنَاهُ الْقَصْدُ وَالْعَمْدُ يُقَالُ: أَخْطَأَ فُلَانٌ إِذَا تَعَمَّدَ، قَالَ اللَّهُ تَعَالَى: ﴿إِنَّ قَتْلَهُمْ كَانَ خطأ كَبِيرًا﴾ (٣١-الْإِسْرَاءِ) قَالَ عَطَاءٌ: إِنْ نَسِينَا أَوْ أَخْطَأْنَا يَعْنِي: إِنْ جَهِلْنَا أَوْ تَعَمَّدْنَا، وَجَعَلَهُ الْأَكْثَرُونَ مِنَ الْخَطَإِ الَّذِي هُوَ الْجَهْلُ وَالسَّهْوُ، "

دەڵێ: دەوترێ خطأ، مانای ئەوەیە شتێ بەمەبەست و ئەنقەست بکەی، عطاء دەڵێ: إِنْ نَسِينَا أَوْ أَخْطَأْنَا" واتە ئەگەر نەمانزانی و بەئەنقەست کردمان، زۆرینە دەڵێن خطأ بریتیە لە جەهل و نەزانی و سەهو کردن"

هەروەها اللە تعالى دەفەرمێت (وَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاح فِيمَآ أَخْطَأْتُم بِهِۦ وَلَٰكِن مَّا تَعَمَّدَتْ قُلُوبُكُمْۚ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورا رَّحِيمًا)[سورة الأحزاب 5].

ئیمامی ابن جەریر لەتەفسیری ئەم ئایەتەش دەڵێت:

يقول: ولا حرج عليكم ولا وزر في خطأ يكون منكم في نسبة بعض من تنسبونه إلى أبيه، وأنتم ترونه ابن من ينسبونه إليه، وهو ابن لغيره ﴿وَلَكِنْ ما تَعَمَّدَتْ قُلُوبُكُمْ﴾ يقول: ولكن الإثم والحرج عليكم في نسبتكموه إلى غير أبيه، وأنتم تعلمونه ابن غير من تنسبونه إليه.

وبنحو الذي قلنا في ذلك قال أهل التأويل.

دەڵێ: هیچ حەرەج و گوناحێکتان لەسەر نیە لەهەڵەیەکدا کەئەنجامی بدەن لەوەی نیسبەتی کەسێك بدەنە پاڵ باوکی ، ئێوە وابزانن ئەو کەسە باوکێتی بەڵام لەڕاستیدا ئەو کوری کەسێکی تربێت، ﴿وَلَكِنْ ما تَعَمَّدَتْ قُلُوبُكُمْ﴾بەڵام لەکاتێك گونجبار ئەبن و لێتان ئەگیرێ کە کەسێك بدەنە پاڵ غەیری باوکی و بزانن و عیلمتان هەبێ، ئەمەش وتەی هەموو ئەهلی تەفسیرە کە هەروەک ئێمە دەڵێن."

[کەواتە بەڕێزان خطأ بریتیە لەئەنجامدانی کارێك یان وتنی گوفتارێك جا هەر کار و گوفتارێك بێت بەنەزانی و جەهل ئەمەش خوای گەورە زۆر بەڕوونی ڕونیکردۆتەوە کەوا خاوەنەکەی مادام نەزانە گوناحی ناگات و لێی ناگیرێ و ئەمەش بەڵگەیە بۆبونی عوذر بەجهل، کەواتە ئەوانە کێن ئەم ئایەتە ڕون و ئاشکرایانەی قورئانی پیرۆز ڕەت ئەکەنەوە بە قیل و قالی زانایان و ئەم و ئەو و وتەی زانایان ئەکەن بەحاکم بەسەر کیتابی خوا و کیتابی خوای پێ ڕەت ئەکەنەوە ؟!]

وەلامی وانەی 17 یەمی قاعیدە گومڕاکەرەکان

بسم الله والحمدلله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن والاه أما بعد :-

لەبابەتی ئەمڕۆمان وەڵامی ئەو شوبهانە ئەدەینەوە

↓↓↓↓↓

کەدەڵێن ئەو کەسەی لێی شێوێنراوە لە شیرکی گەورەدا نابێتە عوذر بۆی چونکە

ـ اللە تعالى ئەفەرموویێت :

[وَكَذَٰلِكَ زَيَّنَ لِكَثِيرٍ مِّنَ الْمُشْرِكِينَ قَتْلَ أَوْلَادِهِمْ شُرَكَاؤُهُمْ لِيُرْدُوهُمْ وَلِيَلْبِسُوا عَلَيْهِمْ دِينَهُمْ ۖ وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ مَا فَعَلُوهُ ۖ فَذَرْهُمْ وَمَا يَفْتَرُونَ] الأنعام (١٣٧)

شەیاطینەکان هەروەک ئەو کارەیان بۆ ئەو موشریکانە ڕازاندەوە، هەروا (بتەوانە) موشریکەکانیش وایانکرد کە زۆرێ لە هاوبیرەکانیان کوشتنی منداڵەکانیان لا جوان و پەسەند بێت ! بۆیە ئەیانتوانی کچەکانیان زیندە بەچاڵبکەن [لِيُرْدُوهُمْ] بۆ ئەوە لەناویان بەرن [وَلِيَلْبِسُوا عَلَيْهِمْ دِينَهُمْ ۖ] و بۆ ئەوە ئایینەکەیانیان لێ بشێوێنن [وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ مَا فَعَلُوهُ ۖ] دڵنیابن ئەگەر اللە تعالى ویستبای ئەوکارە نەکەن، نەیاندەکرد، ئەیتوانی بەزۆریش بێت لەو هەڵەیە بیانگێڕێتەوە [فَذَرْهُمْ وَمَا يَفْتَرُونَ] دەسا تۆش لە خۆیان و لە درۆو

دەلەسەکەیان کە ئەیانووت اللە تعالی شەریک و هاوبەشی هەیە واز بهێنە، اللە تعالی خۆی بەدەردیانەوە یەت .

شاهێدی بەڵگەش لەم ئایەتە ئەوەیە : موشریکەکان ئەوەی ئەیان کرد لە کوشتنی منالّەکانیان طاعەت بوو بۆ شەیطانەکان و بت پەرستە گەورەکانیان ، پاشان اللە تعالی هەواڵمان پێ ئەیا لە پشتی ئەم کرداره شرکیانە شەیطانەکان کارەکانیان بۆ ئەڕازاندنەوە و بۆیان جوان ئەکردن و چەواشەیان ئەکردن بەم کاره باطڵە ، لەگەڵ ئەو ڕازاندنەوە و جوانکردن و چەواشەکردن و داپۆشینی حەق بە باطڵە لەلایەن شەیطانەکان و بت پەرستە گەورەکانیان بۆ شوێنکەوتوانیان اللە تعالی عوذری پێ نەیاون بۆ ئەو کەسانەی شوێنیان کەوتوون و ئیطاعەیان کردوون ، شوێنیان کەوتوون بە هۆی جەهلی خۆیان و نەزانین بە حەقیقەتی ئەو ڕازاندنەوە و جوانکردن و تەلیبس و چەواشەکاریە ، بەڵکو ناوی شونکەوتەوەکانیانی ناوە موشریک ، بەمەش ئەزانین هەنێک لە خەڵکانی ئەم سەردەمە هەڵەیان کردووە لەوەی کە ئەڵێن : ئەوانەی شیرک ئەنجام ئەیەن لە زەمانی ئێمەدا لێیان شێوێنراوە و چەواشەکراون لە لایەن زانا خەراپەکانەوە بۆیە حەق و با طڵیان تێکەڵ کردووە ، ئێمەش بەوانە ئەڵێین : ئایا اللە تعالی ئەو تەلبیس و چەواشەکاریەی کردووە بە عوذر بۆ موشریکەکانی قەدیم حەتا ببێتە عوذر بۆ موشریکەکانی زەمانی ئێمە ؟!

↓

وەڵام/ ئەوکەسانەی کەچەواشەکرابون و ئیطاعەی شەیطانەکانیان کردبوو جا شەیطانی ئینسان بوبن یان جن، ئەوانە لەبنەڕەتەوە هەر موشریك بونە و خاوەنی هیچ دینێك نەبوونە و موشرکی ئەصلی بوون و هیچ پەیوەندی نیە بەکەسێکەوە کە بەیەقینەوە داخلی ئیسلام بووبێت پاشان چەواشەکرابێت و بەنەزانی کۆمەڵێ کاری بێ شەرعی ئەنجام دابێت، ئەم کەسە موسڵمانە عوذری هەیە بەنەزانین مادام دین و حەقی پێنەگەیشتبێ و بەڵگەکانی هەبونی عوذر بەجەهل و تەئویل دەیگرێتەوە وەکو پێشتر باسمان کرد، بەڵام کێشەکەی ئێوە ئەوەیە هیچ کات جیاوازی ناکەن لەنێوان موسڵمانێکی ئەصلی و موشریکێکی ئەصلی کەلەبنەڕەتەوە موشریکە و ئیقامە حوجەکراوە یان شیرکەکەی بەجۆرێکە هیچ بیانوو و عوذرێك هەڵناگرێ وەکو کوشتنی منافڵ کە لەئایەتەکەدا هاتووە چونکە ئەو کارە هەموو دینەکان و هەموو عەقڵ فیترەتێ ڕەتی ئەکاتەوە بەهیچ شێوەیەك قبوڵی نەکردوە و ئاشکرایە دزێوی کارەکە لای هەموان بۆیە عوذر لەکاری لەو جۆرە بۆ هیچ کەسێك نیە،هەروەها ئەو ئایەتە باس لەوەسف دزێوی کارە ناشرینە شیرکیە جاهیلیەکانی قورەیش دەکات پێش هاتنی ئیسلام باسی تەکفیرکردنیان و عوذر نەبونیان ناکات.

پاشان شوبهەیەکی تر نەقڵ دەکات و دەڵێ

↓

- وە لە چیرۆک و قیصەی پێغەمبەر موسا - علیه السلام - لەگەڵ قەومەکەی بەنی ئیسرائیل کە اللە تعالی هەواڵمان پێ ئەیا لە قورئانە شیرینەکەی کاتێک سامری قەومەکەی گومڕا کرد و عیبادەتی گوێرەکەی بۆ ڕازاندنەوە ، لە پاش خۆی هارونی برای جێهێشتبوو کاتێک خۆی ڕۆی بۆ موناجات لەگەڵ اللەتعالی بەڵام هارون ئینکاری پەرستنی گوێرەکەی لێ نەکردن ، اللە تعالی دەربارەیان ئەفەرموویێت :

[قَالُوا لَن نَّبْرَحَ عَلَيْهِ عَاكِفِينَ حَتَّىٰ يَرْجِعَ إِلَيْنَا مُوسَىٰ] طه (٩١)

کەچی دوای ئەم هەموو قسەو ئاموژگاریە وتیان: هەرگیزا و هەرگیز ئێمە لەو گوێلکە دەست هەڵناگرین و، هەر بەردەوام لەلای دەمێنینەوەو ئەیپەرستین [حَتَّىٰ يَرْجِعَ إِلَيْنَا مُوسَىٰ] تا موسا دەگەڕێتەوە لامان با بزانین ئەوچی ئەڵێت؟. قەومەکەی وەڵامی بانگەوازی شیریکیان دایەوە و پشتیان هەڵکرد لەوەی وەڵامی بانگەوازی تەوحید بدەنەوە ، اللە تعالی عوذری پێ نەیان لەوەی کە وەڵامی بانگەوازی شیریکیان دایەوە و لێشیان شێوێنرا بوو وە تەلبیس و چەواشەکاری زۆریان لێ کرابوو لەلایەن سامریەوە ، بەڵام ئەم تەلبیس و چەواشەکاری و لێشێواندنە نەبووە عوذربۆیان لە کاتێکدا زۆریش نەبوو وەڵامی بانگەوازی پێغەمبەر موسایان دابویەوە و موسڵمان ببون !

↓

وەڵامم / یەکەم : ئەو قەومەی بەنی ئیسرائیل چەندین پێغەمبەر موسا لەناویان

بوو وه قەومێکی موسڵمان بوون پێشتر لەنەوە وبراکانی پێغەمبەر یوسف بوون نەك تازە موسڵمان بوبن و تازە بوبێ لەلایەن بانگەوازی تەوحید و پێغەمبەرانی خوا علیهم الصلاة والسلام، بەڵکو ئەو قەومە یەکجاریان کە لەمیسر دەرئەچن و لەدەریا دەپەڕنەوە لەگەڵ موسا بەلای خەڵکانێکی بتپەرست تێدەپەڕن سەیردەکەن ئەو خەڵکە بتێك بەگەورە ئەزانن و لەڕێگای ئەو بتەوە ئەیانەوێ لەخوا نزیك ببنەوە بۆیە نازانن ئەوەش عیبادەتە نابێ بۆ غەیری الله ئەنجام بدرێت بۆیە داوا دەکەن لەموسا کە گوێرەکەیەکیان بۆ دابنات وەکو ئەوەی ئەوان کە بیکەن بەخوا ئەوە بوو پێغەمبەر موسا پێی فەرموون بەڕاستی ئێوە گەلێکی نەفام و نەزانن چۆن شتی وا دەڵێن و داوای وا دەکەن بۆیە چونکە نەزان بوون بۆیانی ڕونکردەوە و تەکفیری نەکردن بەڵام جاری دووەم کە پێغەمبەر موسا دەچێ بۆ کێوی تورِ و دێتەوە دەبینی گەلەکەی دەستیان داوەتە گوێرەکە پەرستی ئەمجارەیان زۆر تورِە ئەبێت و هیچ مولْەت و بیانویەکیان پێ نادات و حوکمی کافربون و کوشتنیان دادەبەزێت چونکە پێشتر ئیقامە حوجە کرابوون.

ئەمەش ئایەتەکانی قورئانی بەرز و پیرۆزە لەوبارەیەوە الله تعالی دەفەرمێت (وَجَٰوَزۡنَا بِبَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ ٱلۡبَحۡرَ فَأَتَوۡاْ عَلَىٰ قَوۡم يَعۡكُفُونَ عَلَىٰٓ أَصۡنَام لَّهُمۡۚ قَالُواْ يَٰمُوسَى ٱجۡعَل لَّنَآ إِلَٰها كَمَا لَهُمۡ ءَالِهَة قَالَ إِنَّكُمۡ قَوۡم تَجۡهَلُونَ) [سورة الأعراف 138]

واته: ئەمجا نەوەی ئیسرائیلمان لەو دەریا پەڕاندەوە (فیرعەون و گەلەکەیمان تێدا خنکاند) ئەمجا تووشی خەڵکانێک بوون بەردەوام خەریکی پەرستنی بتەکانیان بوون (جولەکەکانیش) ووتیان: ئەی موسا هەروەک ئەو پەرستراوانەی ئەوان تۆیش پەرستراوێکمان بۆ دابنێ موسا فەرمووی: بەڕاستی ئێوە هۆزێکی نەفام و نەزانن.

پاشان دوای ئەوەی موسا زۆر ئامۆژگاریان ئەکات و ماوەیەك لەگەڵیان ئەبێت ئینجا دەچێت بۆ کێوی تورِ ئەوجا سامیری قەومەکەی موسا هەڵدەگەڕێنێتەوە و دەیانکات بەگوێرەکە پەرست وەك الله تعالى دەفەرمێت دەربارەیان(فَأَخۡرَجَ لَهُمۡ عِجۡلا جَسَدا لَّهُۥ خُوَار فَقَالُواْ هَٰذَآ إِلَٰهُكُمۡ وَإِلَٰهُ مُوسَىٰ فَنَسِيَ 88 أَفَلَا يَرَوۡنَ أَلَّا يَرۡجِعُ إِلَيۡهِمۡ قَوۡلا وَلَا يَمۡلِكُ لَهُمۡ ضَرا وَلَا نَفۡعا 89 وَلَقَدۡ قَالَ لَهُمۡ هَٰرُونُ مِن قَبۡلُ يَٰقَوۡمِ إِنَّمَا فُتِنتُم بِهِۦۖ وَإِنَّ رَبَّكُمُ ٱلرَّحۡمَٰنُ فَٱتَّبِعُونِي وَأَطِيعُوٓاْ أَمۡرِي 90 قَالُواْ لَن نَّبۡرَحَ عَلَيۡهِ عَٰكِفِينَ حَتَّىٰ يَرۡجِعَ إِلَيۡنَا مُوسَىٰ 91) [سورة طه]

پاشان الله تعالى حوکمی کوشتنیانی دابەزاند(وَإِذۡ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوۡمِهِۦ يَٰقَوۡمِ إِنَّكُمۡ ظَلَمۡتُمۡ أَنفُسَكُم بِٱتِّخَاذِكُمُ ٱلۡعِجۡلَ فَتُوبُوٓاْ إِلَىٰ بَارِئِكُمۡ فَٱقۡتُلُوٓاْ أَنفُسَكُمۡ ذَٰلِكُمۡ خَيۡر لَّكُمۡ عِندَ بَارِئِكُمۡ فَتَابَ عَلَيۡكُمۡۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ)[سورة البقرة 54]

ئیتر (سامیری لەو خشڵە تواوانە) پەیکەری گوێرەکەیەکی بۆ دروستکردن بۆڕەیەکی هەبوو (وەک بۆڕەی گوێرەکە) ئەمجا ووتیان ئەمە خوای ئێوە و

خوای موساشه ئەوە (موسا) لەبیری چووە (دەگەڕێت بەشوێن خوادا).کە ئەمەی پێوتن ئەوانیش باوەڕیان پێکرد و گوێرەکە پەیکەرەکەیان کرد بەخوا خۆیان هەرچەن هارۆنی برای موسا ئاگاداری کردنەوە و پێی وتن وئامۆژگاری ئەکردن هەر وازیان نەئەهێنا ئەوجا هەڕەشەی خوایی دابەزی بۆیان، ئایا کارێکی لەم جۆرە بەهیچ شێوەیەك لەهیچ حاڵەتێك نەزانی و جەهل تیای وەرئەگیرێ ؟ نەخێر هەرگیز ، تۆ بەپەیکەرێ بلێی خوا و بڵێی ئەوە خوای منە و رازی بی بەوە بکرێت بەخوا بۆت لەهیچ کاتێك باوەڕی لەم شێوەیە عوذر بەنەزانی تیایدا قبوڵ نیە چونکە باوەڕبون بەوەی گوێرەکەیەك پەیکەرێکی بێ گیان خوات بێت پێچەوانەی هەموو دین و عەقڵ و فیترەتێکە بۆیە نەزانی وچەواشەکاری و تلبیستات تیایدا بۆ هیچ کەسێك قبوڵ نیە، ئەم حاڵەش زۆرجیاوازە لەگەڵ ئەو موسڵمانانەی ئەم سەردەمە کاتێ توشی شیرکێ دەبن و نازانن شیرکە و باوەڕیان وایە تەنها اللە شایستەی پەرستنە و بەهیچ شێوەیەك نەیانوتوە اللە شەریکی هەیە بەڵکو زۆر دژی هەرکەسێك ئەوەستنەوە کە شتی وابڵێ، بەڵام جەهلیان لە جۆرێك لەجۆرەکانی عیبادەت هەیە و نازانن تەنها ئەبێ بۆ اللە ئەنجام بدرێ و مافی اللەیە وکەس پێی نەوتون و بانگەوازی تەوحیدیان پێنەگەیشتوە، بۆیە چەواشەکاری و ناحەقیەکی گەورەیە شیرکی ئەو موسڵمانانە بچوێنرێ بەو بەو جولەکانەی کە بەئاشکرا و بەبێ پەردە وتیان ئەو پەیکەرە خوای ئێمەیە و

موسا لێی تێکچووە و خوایەکەی لەبیرکردوە ؟ ئایا وەکو یەکن ؟ لەخوا بترسن بیربکەنەوە ، تاکەی چەواشەکردن .

پاشان چیرۆکێ تر بەنەزانی و چەواشەکاری نەقڵ ئەکا دەڵێ ↓↓↓↓

- هەروەها لە چیرۆک و قیصەی نێوان شەیطان و ئەهلی ئاگر ، کە بەرائەتیان لێ ئەکات و وتارێک پێشکەش ئەکات و پۆزش ئەهێنێتەوە بۆ پەیرەوانی:

و اللە تعالی بۆمان باس ئەکات و ئەفەرموویێت :

[وَقَالَ الشَّيْطَانُ لَمَّا قُضِيَ الْأَمْرُ إِنَّ اللَّهَ وَعَدَكُمْ وَعْدَ الْحَقِّ وَوَعَدتُّكُمْ فَأَخْلَفْتُكُمْ ۖ وَمَا كَانَ لِيَ عَلَيْكُم مِّن سُلْطَانٍ إِلَّا أَن دَعَوْتُكُمْ فَاسْتَجَبْتُمْ لِي ۖ فَلَا تَلُومُونِي وَلُومُوا أَنفُسَكُم ۖ مَّا أَنَا بِمُصْرِخِكُمْ وَمَا أَنتُم بِمُصْرِخِيَّ ۖ إِنِّي كَفَرْتُ بِمَا أَشْرَكْتُمُونِ مِن قَبْلُ ۗ إِنَّ الظَّالِمِينَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ] إبراهِيم (٢٢)

جا کە کار لەکار ترازاو هەموو شتێک بڕایەوە، واتە: بەهەشتیی بۆ بەهەشت نێردراو، دۆزەخیش بۆ دۆزەخ، ئیتر دۆستە مەزن و گەورەکەیان (شەیطان) سەرزەنشتیان ئەکاو ئەڵێت: [إِنَّ اللَّـهَ وَعَدَكُمْ وَعْدَ الْحَقِّ] بێگومان اللە تعالی لەدونیادا لەسەر زمانی پێغەمبەران بەڵێنێکی راست و دروستی پێدان بەزیندوو بوونەوەو جەزاو پاداشت، وا هێنایە دی [وَوَعَدتُّكُمْ] و منیش بەڵێنی ناراست و درۆو دەلەسەم پێدان [فَأَخْلَفْتُكُمْ ۖ] بەڵام من بەڵێنەکەی خۆم

نەبردە سەرو بەپێچەوانەوە فریوم دان و لێم شێواندن و ناتوانم یارمەتیتان بدەم [وَمَا كَانَ لِيَ عَلَيْكُم مِّن سُلْطَانٍ] خۆ لەوکاتەیشدا هیچ هێزو دەسەڵات و بەڵگەو نیشانەیەکم بەدەستەوە نەبوو، هەتا بەزۆر گۆڕایەڵتان بکەم [إِلَّا أَن دَعَوْتُكُمْ] ئەمە نەبێت کەگومان و دوو دڵیم بۆ پەیداکردن و، بانگم کردن بۆ گومڕایی و تەلیبس و چەواشەم کردن [فَاسْتَجَبْتُمْ لِيۖ] خێرا ئێوەیش وەڵامتان دامەوە و بەگوێتان کردم و بەدەنگمەوە هاتن [فَلَا تَلُومُونِي] جا کەوابوو ئەمڕۆ کەئێوە دووچاربوون، سەرکۆنەو سەرزەنشتی من مەکەن [وَلُومُوا أَنفُسَكُمۖ] بەڵکو لۆمەو سەرزەنشتی خۆتان بکەن [مَّا أَنَا بِمُصْرِخِكُمْ] و من ناتوانم فریاتان کەوم، هەتا لەسزا رزگارتان کەم [وَمَا أَنتُم بِمُصْرِخِيَّۖ] و ئێوەیش ناتوانن فریای من بکەون، هەتا لەسزا رزگارم بکەن [إِنِّي كَفَرْتُ بِمَا أَشْرَكْتُمُونِ مِن قَبْلُۗ] دڵیناشبن کە من بێزارم لەوە کە لەبەرا (واتە: لە دنیادا) منتان کردە شەریک و هاوەڵی اللە تعالی بەگوێتان کردم [إِنَّ الظَّالِمِينَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ] ئەوجا اللە تعالی ئەفەرموێ: بەراستیی ستەمکاران، ئەوانەی پشتیان لەحەق کرد، سزای ئێش پێگەیەنەر و نارەحەتکەریان بۆهەیە.

جا ئەوانە هیچ عوذریان نەبوو لە بەرِاست دانان و باوەڕکردن بە وەعد و بەڵێنی شەیطان لەگەڵ ئەو هەموو تەلبیس و سەر لێشێواندن و ڕازاندنەوەی شیرکە لە لایەن شەیطانەوە ، شوێنی شەیطان کەوتن و کەوتنە ناو شیرکەوە لەگەڵ ئەوەی اللە تعالی وەعدی حەقی پێیان دابوو بە پاداشت و ئەجری

زۆر بۆ ئەو کەسەی باوەڕ بە بەڵێنەکانی ئەکات سبحانه وتعالی و وەڵامی شەریعەتەکەی ئەیاتەوە و ڕێگە ڕاست و موستەقیمەکە ئەگرێت .

↓

وەڵام/ ئەوانەی چونەتە دۆزەخەوە کە شوێنی شەیطانەکان کەوتوونە لەدونیا بێگومان ئەوانە کەسانێ نەبونە نەزان بوبن و بانگەوازی و پەیامی خواییان پێ نەگەیشتبێت، چونکە اللە تعالی دەفەرمێت (وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّىٰ نَبْعَثَ رَسُولا)[سورة الإسراء 15].

ئێمە هەرگیز سزای (بەندەکان) نادەین هەتا پێغەمبەر نەنێرین (بۆیان). کەواتە ئەوانەی چونەتە دۆزەخەوە و سزادراون و شەیطان فریوی داون هەمویان ئیقامە حوجەکراون و ڕیسالەیان بۆ ڕۆیشتوە ، چونکە کاتێ بەڕوونی ئایەتەکانی خوات پێگەیشت و باوەڕت نەهێنا ئیتر هیچ عوذر و بیانویەك بۆ هیچ شتێك نامێنێ.

وە سەرەتای ئایەتەکە شوبهەکەیان هەڵدەوەشێنێتەوە کە شەیطان بەداروەستەکانی دەڵێت [إِنَّ اللَّهَ وَعَدَكُمْ وَعْدَ الْحَقِّ] بەڕاستی اللە وەعد و بەڵێنی حەقی پێدان لەدونیا، کەواتە ئەو دۆزەخیانە تێکڕا هەر لەدونیا حەقیان پگەیشتوە و بیانوو بڕکاون، هیچ بیانوو عوذرێکیان نەماوە و نەبووە، جا سبحان اللە هەروەك زانایان دەفەرمون ئەهلی بیدەع هەرچی بهێننەوە بۆ بەڵگە بۆخۆیان لەڕاستیدا ئەبێتە بەڵگە لەسەریان.

الله تعالى دەفەرمێت (وَلَا يَأْتُونَكَ بِمَثَلٍ إِلَّا جِئْنَاكَ بِالْحَقِّ وَأَحْسَنَ تَفْسِيرًا)[سورة الفرقان 33].

پاشان فەرمودەیەکی تر دێنێتەوە و دەڵێ ↓

- وە پێغەمبەری بەڕێز - صلى الله عليه وسلم - لە فەرموودەکەی ابو هريره - رضي الله عنه - ئەفەرموێت :

[سوێند بەو زاتەی نەفسی محمدی بەدەستە هەر کەسێک گوێی لەناوی من بێت لە ئومەتی یەهودی و نەصرانی پاشان بمرێت و ئیمان نەهێنێت بەوەی من پێی ڕەوانە کراوم ئیلا ئەوە هاوەڵی ئاگرە] ...رواه مسلم .

زانایان ئەفەرموون ئەو فەرموودەیە عامە و گشتیە هەر کەسێک لە ولاتێک بژیت و گوێی لەناوی پێغەمبەر و ئیسلام و دەعوەی ئیسلامی بێت ، پاشان ئیمان نەهێنێت و وەداوای حەق نەکات لە ئەهلی حەق و بەشوێن حەقدا نەگەڕێت ئەوە حوکمی وەک ئەو کەسە وایە کە دەعوەی ئیسلامی پێگەیشتووە و ئیقامە حوجە کراوە و جا تەلبیس و چەواشەکاری و سەر لێشێواندن نابێتە عوذر بۆی .

↓

وەڵامم / بەڵێ هەرکەسێ لەگەل و نەتەوە و ئومەتان ناوی پێغەمبەر موحەمەد ببیستێت صلى الله عليه وسلم و بزانێت خوا ناردویەتی و بەپێغەمبەرایەتی و ئیمانی پێ نەهێنێ لە ڕۆژی قیامەت ئەچێتە ئاگرەوە . ئەمە باسی ئەو موسڵمانە

ناکات که بکەوێتە شیرکەوە بەنەزانی ڕاستەوخۆ کافربێ بەبێ ڕەچاو کردنی هیچ شەرت شرۆتێ و بەهەڕەمەکی، بەڵام ئەمانە چونکە شەرم ناکەن چەواشەکردن و تەحریف کردنی قورئان و فەرموودە بۆتە پیشەیان ئامادەن هەموو تەحریف و تلبیسێ بکەن بەس بۆ ئەوەی لایەنگر و دەروێشەکانیان دەستەمۆ و کڕ بکەن ، بەڵام هەیهاتە هەیهات وأنى لهم ذلك.

والحمدلله رب العالمين.

وەڵامی وانەی 18 یەمی قاعیدە گومڕاکەرەکان

بسم الله والحمدلله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن والاه أما بعد :-

لەوەڵامی ئەمڕۆماندا دەست دەکەین بەوەڵامدانەوەی ئەو شوبهاتەنەی کە کابرای ڕوییزە لەکیتابی [الباعث على اتمام الناقض الثالث] نەقڵی دەکات کە خۆشی چاك دەزانێ ئەوکتێبە فەرمی نیە بەڵام بۆ سەلماندنی مەزهەبە باتڵەکەی بەزۆر بەرگێکی فەرمی لەبەردەکات هەر بەوەندەش ناوەستێ بەڵکو ژەهری خۆشی تێدا ئەڕێژێت،

ئاگادارین وەڵام و تەعلیقەکانی من لەنێوان ئەم دوو سەهمەدا ⟵ ⟶ دای ئەنێم.

دەڵێ ↓

حوکمی ئەو کەسەی کە ئەوەستێت لە تەکفیرکردنی ئەو کەسانەی کە مونتەسەبن بۆ ئیسلام و توشی شیرک و کوفر بوون و تەکفیریان ناکات .

ئەم بنچینە و بابەتە تەفصیلی تێدایە .

لە کتابی [الباعث علی اتمام الناقض الثالث] کە کتێبێکی فەرمی دەوڵەتی موسڵمانانە ، باسی حوکمی کەسی وەستاو ئەکات لە تەکفیرکردنی موشریکەکان و کردوویەتی بەچەند پلە و مەرتەبەیەک لە لاپەڕەی [٦٠] ی کتێبەکەوە دەست پێ ئەکات ، ئەوەی جێگای باسی ئێمەیە و پەیوەندی بە بنچینەکەی ئێمەوە هەیە پلەی سێیەمە کە باسی کەسی وەستاو ئەکات لە تەکفیرکردنی ئەو کەسانەی کە مونتەسەبن بۆ ئیسلام و ئەکەونە ناو شیرک و کوفرەوە کە ئیجماعی لەسەرە .

پلەی یەکەم و دووەم باسی ئەو کەسانەیە کە ئەوەستن لە تەکفیری کافری ئەصڵی ڕاستەوخۆ تەکفیر ئەکرێن ئەوە پەیوەندی بەباسەکەی ئێمە نیە .

- حوکمی ئەو کەسەی ئەوەستێت لە تەکفیرکردنی کەسانی مونتەسەب بۆ ئیسلام کە توشی شیرک یان کوفر بوون کە ئیجماع لە سەر ئەو شیرک و کوفرە هەیە هەرکەسێک بکەوێتە ناوی کافر ئەبێت ، ئەمەش دابەش ئەبێت بۆ چەند پلەیەک .

- پلەی یەکەم :

ئەو کەسەی تەئویلی نیە بۆ وەستانەکەی ، ئەمیش ئەبێتە چەند حالەتێک .

(1) - ئاشکرابوون و دەرکەوتنی حاڵ لەگەڵ ئاشکرابوون و دەرکەوتنی حوکم ، لەم حالەتە کەسی وەستاو لە تەکفیرکردنیان سەرەتا تەکفیر ئەکرێت .

شێخی ئیسلام ابن تەیمیە - رحمه الله تعالى - سەبارەت بە " الدروز " ئەڵێت :[کوفری ئەوانە موسڵمانان خیلافیان نیە لەسەری ، بەڵکو هەرکەسێک شەک و گومانی لە کوفری ئەوان هەبێت ئەویش کافرە وەک ئەوان] ... مجموع الفتوى (٣٥ / ١٦٢) .

⟵ بەڵێ چونکە دروزەکان وەکو باطنیەکانن و زەنادیقەن و باوەڕیان بەزیندووبونەوە و پێغەمبەران و حەڵاڵ و حەرامەکانی شەریعەتی ئیسلام نیە بۆیە کەسان و کۆمەڵی ئاوا هیچ بیانوو و عوذرێکیان نیە نە بەتەئویل و نەبەنەزانی⟶

(2) - بزربوون و شاراوەی حاڵ لەگەڵ ئاشکرابوونی حوکم ، لەم حاڵەتە کەسی وەستاو تەکفیر ناکرێت ئیلا پاش بەیانکردن و ئاشکراکردنی حاڵی ئەو طائیفە و کۆمەڵ و کەسانە نەبێت کە توشی کوفر و شیرکەکە بوون .

شێخی ئیسلام ابن تەیمیە - رحمه الله تعالى - سەبارەت بە طائیفەیەک لە باطینیەکان ئەڵێت :

[هەرکەسێک گومانی باشیان پێ ببات و وە بانگەشەی ئەوە بکات ئاگاداری حاڵیان نیە و حاڵیان نازانێت ، ئەوە حاڵیانی بۆ ڕوونئەکرێتەوە

شارەزی حاڵیان ئەکرێت ، ئەگەر حاڵیانی ڕوونەکردەوە و ئینکاری کرد ئەوە ئەویش ئەچێتە ڕێزی ئەوانەوە و لەوان حیسابە] ... مجموع الفتوى (٢ / ١٣٢)

← ئەمانیش هەروەکو دروزەکان باوەڕیان بەزیندووبونەوەی لاشەکان نیە و باوەڕیان بەبونی بەهەشت و دۆزەخ نیە و باوەڕیان بەدەقە شەرعیەکانی قورئان و فەرموودە نیە و دەڵێن ڕواڵەتەکەی حیساب نیە بەڵکو ناواخن و پەنهانەکەی مەبەستە کە ئێمە دیزاینین بۆیە هەموو تەکالیفە شەرعیەکانیان لەسەرخۆیان لابردوە وە باوەڕیان بەدوو خودا هەیە وە دەڵێن قورئان کەلامی خوا نیە بەڵکو محمد تەعبیری کردوە لەخواوە، وە باوەڕیان وایە پێغەمبەرایەتی محمد صلى الله عليه وسلم کاتەکەی نەسخ بۆتەوە بەهاتنی ئیمامی حەوتەمیان جعفر بن محمد، هەروەها باوەڕیان بە ئیباحیەتی موطلەق هەیە و وە ئیمامی عەلی بەخوا دەزانن، جا هەرکەسێ خاوەنی یەك کوفرێ بێ لەم کوفرە گەورە و ئاشکرایانە هیچ عوذری نیە نەبەتەئویل ونەبە نەزانی بۆیە کافربونی باطنیەکان بەزەڕوڕەتی دین زانراوە لای هەموو دینەکان و موسڵمانانیش →

③ - ئاشکرابوونی حاڵ و شاراوەیی حوکم ، لەو حالەتەش کەسی وەستاو تەکفیر ناکرێت ئیلا پاش بەیانکردنی حوکمی شەرعی ئەو طائیفە و کۆمەڵ و کەسانە نەبێت ،

- ئیمام ابو حاتم الرازی - رحمه الله‌تعالی - سەبارەت بەو کەسانەی ئەیانووت قورئان مەخلوقە ئەڵێت :

[هەرکەسێک شەک و گومانی لە کوفری ئەوانە هەبێت و تێبگات و جاهیل نەبێت ئەوە کافرە ، وە ئەگەر جاهیل بوو ئەوە فێرئەکرێت ، وە ئەگەر تەکفیری نەکردن بە حەق ئەوە تەکفیرکردنی پێوست ئەبێت] ... طبقات النابلة (١ / ٢٨٦).

← بەهیچ شێوەیەك سەلەف و زانایانی ئیسلام ئەوانەیان تەکفیرنەکردوە کەوتویانە قورئان مەخلوقە بەشێوەی تەعین و دیاری کردن چونکە تەئویل و جەهل یان هەبووە بەڵام دوای ئیقامە حوجە کردن لەسەریان و ڕەواننەوەی شوبهە و تەئویلەکانیان ئەگەر هەر بەردەوام بوون لەسەر ئەوەی کە بڵێن قورئان مەخلوقە ئەوجا تەکفیر دەکرێن، چ جای کەسێك کە ئەوان تەکفیر نەکات پێویستی بە ئیقامەی حوجە بێت هەروەکو شێرکۆی چەواشەکار ئاوا تەحریفی دەقەکان دەکات، بەڵکو ئەو زانایانە وەکو ئەبو حاتەمی ڕازی باس لەکەسانێ دەکەن کە ئیقامە حوجەکراون پاشان دەڵێن هەرکەسێ تەکفیریان نەکات دوای ئیقامە حوجە کافر دەبێت، چونکە پێشتر وەکو وتەی شێخی ئیسلامان نەقڵ کرد کەفەرمووی کاتێ سەلەف دەڵێن هەرکەسێ بڵێ قورئان مەخلوقە ئەوا کافرە ئەمە حوکمێکی موطلەقەو لەسەر تەعین نیە هەروەها شێخی ئیسلام ل ابن تیمیة له مجموع الفتاوی 12/487-488: دەڵێت "وَحَقِيقَةُ

الْأَمْرِ أَنَّهُمْ أَصَابَهُمْ فِي أَلْفَاظِ الْعُمُومِ فِي كَلَامِ الْأَئِمَّةِ مَا أَصَابَ الْأَوَّلِينَ فِي أَلْفَاظِ الْعُمُومِ فِي نُصُوصِ الشَّارِعِ كُلَّمَا رَأَوْهُمْ قَالُوا: مَنْ قَالَ كَذَا فَهُوَ كَافِرٌ، اعْتَقَدَ الْمُسْتَمِعُ أَنَّ هَذَا اللَّفْظَ شَامِلٌ لِكُلِّ مَنْ قَالَهُ وَلَمْ يَتَدَبَّرُوا أَنَّ التَّكْفِيرَ لَهُ شُرُوطٌ وَمَوَانِعُ قَدْ تَنْتَفِي فِي حَقِّ الْمُعَيَّنِ وَأَنَّ تَكْفِيرَ الْمُطْلَقِ لَا يَسْتَلْزِمُ تَكْفِيرَ الْمُعَيَّنِ إِلَّا إِذَا وُجِدَتْ الشُّرُوطُ وَانْتَفَتْ الْمَوَانِعُ "

دەڵێ: حەقیقەتی بابەتەکە ئەوەیە ئەوانە لە ئەلفازە گشتیەکانی پێشەوایان لێیان تێکچووە هەروەك فیرقەکانی سەرەتا ئەلفازە گشتیەکانی خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی لێیان تێکچووبوو، هەرکاتێ بیانیبینیایە دەقێکی شەرعی بڵێ هەرکەسێ ئاوا بڵێ ئەوە کافرە وایان ئەزانی ئەم کافر بونە هەموو ئەوکەسانە ئەگرێتەوە کە وایان وتوە و بیریان نەکردۆتەوە لەوەی تەکفیر مەرج و ڕێگری هەیە ئەشێ لەکەسێکی دیاریکراو ڕێگریەکە نەبێت، وە تەکفیری ڕەهاش تەکفیری دیاریکراو ناخوازێت تەنها کاتێ نەبێت کە مەرجەکان هەبن و ڕێگریەکان نەمابن"

الإمام ابن أبي عاصم- رحمه الله- دەڵێ لە کۆتایی کتابەکەی السنة ص631 لە ڕونکردنەوەی بۆ اصول اعتقاد أهل السنة:

"ومما اتفق أهل العلم على أن نسبوه إلى السنة:..."، ومما ذكره قوله: "والقرآن كلام الله تبارك وتعالى، وتكلم الله به ليس بمخلوق، ومن قال: مخلوق ممن قامت عليه الحجة فكافر بالله العظيم".

دەڵێ: ئەوەی ئەهلی عیلم کۆکن لەسەری و دەیدەنە پاڵ ئەهلی سوونە قورئان کەلامی اللە یە وە اللە قسەی پێکردوەو مەخلوق نیە ، هەرکەسێ بڵێ مەخلوقە ئیقامەی حوجەی لەسەر کرابێ کافرە بەخوای مەزن"

ئەمەش ئیجماعی باس کرد لەسەر تەکفیرکردنی کەسی دیاریکراو بەستراوەتەوە بەئیقامەی حوجە و ئیجماعیش یەکێکە لەبەڵگەکان

الإمام الشافعي رحمه الله (ت: 204 هـ) دەڵێ: "لله تعالى أسماء وصفات جاء بها كتابه وأخبر بها نبيه أمته لا يسع أحدا من خلق الله قامت عليه الحجة ردها، لأن القرآن نزل بها وصح عن رسول الله صلى الله عليه وآله وسلم القول بها فيما روى عنه العدول، فإن خالف ذلك بعد ثبوت الحجة عليه فهو كافر، أما قبل ثبوت الحجة عليه فمعذور بالجهل لأن علم ذلك لا يدرك بالعقل ولا بالروية والقلب، ولا نكفر بالجهل بها أحدا إلا بعد انتهاء الخبر إليه بها..." نقله ابن القيم في الجيوش الإسلامية لابن القيم ص82 من رواية ابن أبي حاتم

دەڵێ: اللە خاوەنی ناو وسیفاتە لەقورئانداهاتووە و،پێغەمبەریش هەواڵی پێداوە بۆهیچ کەسێ نیە ڕەتی بکاتەوە ئەگەر ئیقامەی حوجەی لەسەر کرابێ هەرکەسێ موخالەفەی بکات دوای ثابت بونی حوجە لەسەری کافرئەبێت"

وترا به ئیمام أبي عبيد القاسم بن سلام رحمه الله (ت: 224 هـ): يا أبا عبيد ما تقول فيمن قال القرآن مخلوق؟ فقال: "هذا رجل يُعلّم ويُقال له إن هذا كفر، فإن رجع وإلا ضربت عنقه" رواه اللالكائي في شرح أصول اعتقاد أهل السنة

351/2،

وترا پێی : ئەی باوکی عوبێد چی دەڵێی دەربارەی کەسێ بڵێ قورئان مەخلوقە ؟ فەرمووی: ئەو پیاوە فێردەکرێ و پێی دەوترێ ئەو قسەیە کوفرە ئەگەر گەڕایەوە باشە ئەگەر نا لەملی ئەدرێت. ⟵

ـ شێخ سلیمان بن عبدالله ـ رحمها الله تعالى ـ سەبارەت بە هەندێک مورتەدی زەمانی خۆیی ئەڵێت :

[ئەگەر گومانیان لە کوفری ئەوانە هەیە یان جاهیلن بە کوفری ئەوانە ئەوە بۆیان ڕوون ئەکرێتەوە بەڵگە لە قورئان و سوننەت لەسەر کوفری ئەوانە ، جا ئەگەر گومانیان هەبوو یان دوو دڵ بوون پاش ئەمە ئەوە کافرن بە ئیجماعی زانایان کە بێ گومان هەر کەسێک شەک و گومانی لە کوفری کافر هەبێت کافرە] ... الدرر السنية (٨ / ١٦٠) .

⟵ ئەم وتەیەی شێخ سلێمان بن عبدالله وەك لەوەڵامەکانی پێشوو ڕونمانکردەوە دەربارەی کەسانێکە کە ئیقامە حوجەکراون و دینیان پێگەیشتوە جا کەسێ ئەوە بزانێ و تەکفیریان نەکات دوای ئیقامەحوجەکردن لەسەری تەکفیر دەکرێت ⟶

④ - شاراوەیی حاڵ و شاراوەیی حوکم ، لەم حاڵەتەش کەسی وەستاو تەکفیر ناکرێت ئیلا پاش بەیانکردن و ڕوونکردنەوەی حاڵی ئەو طائیفە و کۆمەڵ و کەسانە نەبێت وە ڕوونکردنەوەی حوکمی شەرع لەسەریان .

شێخی ئیسلام ابن تەیمیە - رحمە اللە تعالی - سەبارەت بە حلولیەکان ئەڵێت : [هەر کەسێک گومانی لە کوفری ئەوانە هەبێت پاش زانینی قسەکانیان و ناسینی دینی ئیسلام ئەوە کافرە ، وەک ئەو کەسەی کە گومانی لە کوفری یەهود و نەصارا و موشریکەکان هەیە] ...مجموع الفتوی (٢ / ٣٦٨)

⟵ بەڵێ ئەمەش چونکە کوفرەکەیان زۆر ڕوون و ئاشکرایە لای زانا و نەزان چونکە حلولیەکان دەڵێن خوا داخلی ئێمە بوە و تێکەڵە لەگەڵ هەندێ مەخلوقات، وەك چۆن نەصارا دەڵێن اللە تێکەڵ بوە لەگەڵ عیسا بەهەمان شێوە غولاتی صۆفیەکان دەڵێن خوا تێکەڵی حەلاج بووە و ئەو کەسانەهەموو ئەرکە شەرعیەکانیان لەسەر نامێنێ و حەڵاڵە بۆیان هەموو حەرام کراوەکان وە ابن عەرەبی ئەیوت بتپەرستەکان هەر خوا دەپەرستن چونکە شتێ نیە لەبوندا لەغەیری اللە، ئەمەش گومانی تیانیە هەرکەسێ بیڵێ کافر ئەبێ و هیچ بیانویەك نیە بۆی نە بەنەزانی و نەبەتەئویل ⟶

◈ - پلەی دووەم :

ئەو کەسەی ئوصڵ و بنچیەیەکی فاسیدی هەیە و تەئویل ئەکات .

کەسی وەستاو حوکم لەسەری زۆر تونده له کاتی ئاشکرابوونی کوفری کەسی دیاریکرا و یان طائیفه و کۆمەڵێک وه لەگەڵ ئاشکرابوونی حاڵیان و کوفرەکەیان ، ئەوه کەسی وەستاو کافرێکی موعانیده ، وه حالەتەکانی تری جگه لەمه حوکمەکەی له نێوان تەفیسق و تەکفیر دایه .

لێره هیچ عیتیبار بۆ تەئویلی کەسی وەستاو دانانرێت و کافر ئەبێت .

⟵ طبعەن ئەمه بۆ کەسانێکه که زەندیقن وەکو باطنیەکان و قەرامیتەکان و دروزەکان و حلولیەکان هەرکەسێ تەئویل بۆ کافرنەبونیان بکات که کوفرەکانیشیان بزانێ ئەوا کافر دەبێت چونکه پێشتر ابن تەیمیه باسی کرد نەك موسڵمانێ که توشی شێرکێ دەبێ نازانێ شیرکه و دەعوەی تەوحید و حەق پێنەگەیشتوه ئەوا بیانووی هەیه بەنەزانی ⟶

- پلەی سێیەم :

ئەو کەسەی ئوصڵێکی صەحیحی هەیه و تەئویل ئەکات .

لەم حالەته سەرەتا کەسی وەستا تەکفیر و تەبدیع ناکرێت بەڵکو حوکمی خطأ ی بەسەر دائەدرێت چونکه تەکفیر حوکمێکی شەرعیه ، ئیلا پاش ڕوونکردنەوه و نەهێشتنی شوبهه و گومان و تەئویل ئەگەر هەروەستا و ئینکاری کرد تەکفیر ئەکرێت .

- پلەی چوارەم :

ئەو کەسەی ئەوەستێک لە تەکفیرکردنی ئەو کەسانەی ئەکەونە ناو شیرک و کوفرێک خیلافی لەسەرە ئایا ئەیکاتە دەرەوەی بازنەی ئیسلامەتی یان نا ، ئەویش دوو حالەتە .

(1) - لەوانەیە کەسی وەستاو بنچینە و ئوصوڵێکی فاسیدی هەبێت ، ئەوە حوکم لەسەری ئەدرێت بە موبتەدیع و کەسێکی مورجیئە و تەکفیر ناکرێت .

← حوکمدان بەسەری بە مورجیئەو بیدعەچی ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر کابرا بڵێ تەکفیری ناکەم هەتا بەحەڵاڵی نەزانێ، یان ئینکاری بکات و بەدرۆی دابنات ئەوکاتە پێی دەوترێ مورجیئە، نەك بەوەی بیانووی نەزانیان بۆ دابنێ →

(2) - لەوانەیە کەسی وەستاو بنچینە و ئوصڵێکی صەحیح و ڕاستی هەبێت ، ئەوە حوکم ئەدرێت لەسەری بە خطأ ، واتە کەسێکە هەڵەی کردووە و تەکفیر و تەبدیع ناکرێت .

◆ - پلەی پێنجەم :

ئەو کەسەی ئەوەستێت لە تەکفیری ئەو کەسانەی مونتەسەبن بۆ زانسی شەرعی بە مەبەستی دوورخستنەوەی تەکفیر لە زانیانی موسڵمان .

حوکمی کەسی وەستاو لەم پلەیە ئەوە موجتەهیدێکی مەئجورە باذن اللە تعالی ، ئەگەر پێکای ئەوە دوو ئەجری هەیە ، ئەگەریش نەپێکا و هەڵەی کرد ئەوە ئەجرێکی بۆ ئەنوسرێت.

پاشان دەڵێ :-↓↓↓

کورتکراوەی ئەم بنچینەیە ئەوەیە کە ئیمە باسی کەسێکی موەحید و موسڵمان ئەکەین کە تەکفیری کەسانێک ناکات کە مونتەسەبن بۆ ئیسلام و کەوتونەتە ناو شیرکی گەورەی ئیجماع لەسەر ئیلا پاش ئیقامە حوجە نەبێت ، ئەگەر حاڵ و حوکی ئەو کەسانەی زانی و تەکفیریشی نەکردن ئەوە خۆی کافر ئەبێت چونکە ئیسلام و کوفری کردووە بەیەک ، کوفر لای ئەو ئیسلامە و جیاوازی ناکات لە نێوان کوفر و ئیمان ، بەڵام ئەگەر حاڵ یان حوکمی نەئەزانین ئەوە تەکفیر ناکرێت ئیلا پاش ڕوونکردنەوەی حاڵ و حوکمی ئەو کەسانە نەبێت بۆی .

↓↓↓

وەڵام / کاتێ کافر ئەبێ کە ئیقامە حوجەکرابن و دەعوەی تەوحیدیان پێگەیشتبێ و تەکفیریان نەکات دوای ئیقامە حوجە کافر ئەبێت بەڵگەشمان ئایەتی قورئانی پاك و بێگەردە کە دەفەرموێ کاتێ بەنی ئیسرائیل لەدەریا پەڕینەوە و لەفیرعەون ڕزگاریان بوو دایان بەلای قەومێکدا کە بتیان

ئەپەرست وەك لەسورەتی ئەلئەعراف الله تعالى باسیان ئەکات (وَجَٰوَزۡنَا بِبَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ ٱلۡبَحۡرَ فَأَتَوۡاْ عَلَىٰ قَوۡمٖ يَعۡكُفُونَ عَلَىٰٓ أَصۡنَامٖ لَّهُمۡۚ قَالُواْ يَٰمُوسَى ٱجۡعَل لَّنَآ إِلَٰهٗا كَمَا لَهُمۡ ءَالِهَةٞۚ قَالَ إِنَّكُمۡ قَوۡمٞ تَجۡهَلُونَ) [سورة الأعراف 138]

دەڵێین:

1-ئەم ئایەتانەی سورەتی ئەعراف ڕوونترین نموونەیە لەکیتابی خوا کەباس لەگەلێ دەکات موسڵمان بونیان چەسپاوە بەدڵنیایی پاشان شیرکیان ئەنجامدا بەوەی داوای وێنەیەکیان لەوێنەکانی شیرکی گەورەکرد بەنەزانیان بەوەی کەئەم وێنەیە شیرك بێت.

2-بەنی ئیسرائیل پێش ئەم ڕوداوە موسڵمان بون موسڵمان بونێکی ڕاست هەرکەسێکی موخاڵەفەی ئەمە بکات کافر ئەبێت.

3-بەنی ئیسرائیل وێنەیەک لەوێنەکانی شیرکی ئەکبەریان نەزانی وایان ئەزانی ئەم وێنەشیرکە لەخوانزیکیان ئەکاتەوە بۆیە داوایان کرد بەهۆی نەزانیان هەروەك ئەهلی تەفسیر فەرموویانە.

4-بەنی ئیسرائیل اعتیقادیان وابوو ئەم کارە جائیزە بەچاکیان زانی داوایان کرد

لەپێغەمبەری خوا موسا بۆیان بکات- واعتیقادی جائیزبونی کارێك حوکمی ڕاستەوخۆ ئەنجامدانی هەیە وەك ئەوەی مەعلومە بەیەقین.
5-بەنی ئیسرائیل تەکفیری ئەو قەومە بتپەرستەیان نەکرد کە بتەکەیان دەپەرست، چۆن تەکفیری بکەن لەکاتێکدا خۆیان داوای ئەنجام دانی ئەکەن.
6- پێغەمبەر موسا بەگەلەکەی ووت ئێوە جاهیلن و ئەو قەومە گومڕان ئەوکارەی دەیکەن بەتاڵە- پاشان پێغەمبەر موسا داوای تەوبەی لەقەومەکەی نەکرد وتەکفیری نەکردن بەڵکو تەنها ئامۆژگاری کردن و بۆی ڕوون کردنەوە.
چەن ئیلزاماتێ:-

1- ئەوکەسەی دەڵێ هەموو وردەکاری و وێنەکانی شیرك داخلی ئەصلی دینە، واتە ئەوکەسە موسڵمان نیە وێنەیەک لەوێنەکانی شیرك نەزانێ- جا ئەم قسەیە ئەوە دەخوازێ کە بەنی ئیسرائیل موشریك بوبن موسڵمان نەبوبن ئەم داخوازیەش دژە دەقی قورئانە هەرکەسێ بیخوازێ کافردەبێت دوای ئیقامەی حوجە.
2- ئەوکەسەی دەڵێ هەرکەسێ شیرك ئەنجام بدات بەنەزانی ئەوا ئەبێت بە موشریکی ئەصلی هەر لەبنچینەوە ئیسلامەتی بۆ نەچەسپاوە و ئەصلی دینی نەبوە،ئەمەش ئەوە دەخوازێ بەنی ئیسرائیل موشریك بوبن ئیسلامەتیان سابت نەبوبێ ئەمەش پێچەوانەی دەقی قورئانە و کوفرە.

3-ئەو کەسەی دەڵێ تەکفیری موشریکین ئەصلی دینە بەو مانایەی دروست نابێ موسڵمانێتی بۆکەسێ تەکفیری موشریکان نەکات و بڵێ بیانوو نیە بەنەزانی لەم کارەدا- جاکەسێ قسەی وابکات داخوازی ئەوە دەکات بەنی ئیسرائیل موسڵمان بونیان دروست نەبوبێت ئەم داخوازیەش پێچەوانەی دەقی قورئانە و کوفرە هەرکەسێ بیخوازێ دوای ئیقامە حوجە کافردەبێت، چونکە بەنی ئیسرائیل قەومە بت پەرستەکەیان تەکفیرنەکرد ئەمەش لەلایەن بەنی ئیسرائیلەوە نەزانینیان بوو بەوەی کە نابێ عیبادەت بۆ غەیری اللە ئەنجام بدرێت و هەرکەسێ عیبادەت بکات بۆ غەیری اللە موشریکە ئەوان ئەمەیان نەئەزانی.

4-ئەوکەسەی دەڵێ ئەگەر کەسێکی مونتسب بۆ ئیسلام واتەموسڵمانێك وێنەیەك لەوێنەکانی شیرك ئەنجام بدات و نەزانێ ئەوە شیرکە و خواو پێغەمبەرحەرامیان کردوە ئەوکەسەی بڵێ ئەم موسڵمانە موشریك ئەبێ بە ئەنجام دانی شیرکێکی گەورە و بەهیچ شێوەیەک بیانووی نیە بەنەزانی چونکە ئەوکەسەی شیرکی کردوە تەوحیدی نەناسیوە و تەوحیدو شیرک لێکناکاتەوە هەربۆیە موسڵمان نیە، کەواتە ئەم قسەیە ئەوە دەخوازێ کەبەنی ئیسرائیل

موسڵمان نەبوبن ئەم داخوازیەش پێچەوانەی دەقی قورئانە کوفرە هەرکەسێ ئیتیزامی پێبکات دوای ئیقامە حوجە کافر ئەبێت.

5- ئەوکەسەی مەسئەلەی عوزر بەجەهل لەئەصلی دین دا ئەنات واتە موسڵمان نیت ئەگەر عوزر بۆ موشریکان بێنیتەوە چونکە کوفرت نەکردوە بەتاغووت، ئەم کەسە داخوازی قسەکەی ئەوەیە کە بەنی ئیسرائیل موسڵمان نەبوبن ئەم داخوازیەش پێچەوانەی دەقە کوفر هەرکەسێ ئاوا بزانێ دوای ئیقامەی حوجە کافر ئەبێت.

6-ئەوکەسەی عەقیدەی وابێ عیلم بەمانای لا الە الا اللە بریتیە لەو عیلمەی زانستت هەبێت بەهەموو وردەکاریەکانی شیرکی گەورە وعیبادەت و هەرکەسێ هەموو شیرکەکانی ئلوهیەت نەزانێ ئەوا تەحقیقی عیلم بونی نەکردە بە لا الە الا اللە هەربۆیە موسڵمان نیە و پێشتریش موسڵمان نەبوە، وە ئەم قسەیەشی ئەوە ئەخوازێت بەنی ئیسرائیل ئیسلامیان بۆ سابت نەبوبێ ئەم داخوازیەش پێچەوانەی دەقی قورئانە و کوفرە بۆ هەرکەسێ ئاوا بیربکاتەوە،دوای ئیقامە حوجەش کافر ئەبێت.

® ئەم داخوازیانەی پێشوو هەمویان سابتن بەدەقی ئایەتەکە و ماناکەی

ڕوونە.

8- ئەوکەسەی دەڵێ بەڕەهایی عوزر بەجەهل بونی نیە لەشیرکی گەورە- ئەمەش ئیجماعی هەموو ئەهلی سونەیە بەگشتی- ئەوە پێویستە بڵێ بەنی ئیسرائیل هەمویان مورتەدبونەوە بەهۆی ئەم ڕوداوە بەئیجماع، دەی فەرموو با ئیجماعەکە نەقڵ بکەن. چاوەڕێم کە هەرگیز بونی نیە. وە باکەسیش نەڵێت ئەوان تەنها داوایان کرد بەڵام ئەنجامیان نەدا ئەگەر ئەنجامیان بدایە کافر ئەبون-

لە وەڵامی ئەم قسەیە ئەڵێم:-ئەوان کەداوای ئەو کارەیان کرد کاتێ داوایانکرد کە باوەڕیان ڕاستێتی کارەکەهەبوو و بەچاکیان زانی گومانیان هەبوو کە دروستە- هەرکەسێکیش باوەڕی دروستێتێ شتێکی هەبێ یان جائیز بونی شتێ حوکمی وەك ئەوکەسەیە کە ئەنجامی دابێ بەڵکو هەرکەسێ اعتیقادی وابێ کارێکی حەرام جائیزە ئەوا زۆر خراپترە لەوکەسەی تەنها ئەنجامی ئەدا.

هەربۆیە بەنی ئیسرائیل زۆربەی ڕاڤەکارانی قورئان بیانوی نەزانیان پێداون بۆیە کافرنەبونە هەروەها لەزانایانیش وەك ابن الوزیر و معلمی الیمانی و شیخ الاسلام ابن تیمیە وشێخی ئیسلام محمدی کوڕی عبدالوهاب و عەبدوڵای کوڕی جەمالەدینی قاسمی و قاضي ابو بکری بن العربی المالکی تەنانەت ابی بطین و حازمیش کەچەنە حازمی گومڕایە زیادەڕویشە لەوباسانە پاشان ئیتر کوا ئیجماع لەسەر ئەوەی کەعوزر بەجەهل نیە لەشیرکی گەورە.؟!!!

پاشان كه شێركۆ دەڵێ↓↓↓

ئیمە باسی كەسێكی موەحید و موسڵمان ئەكەین كە تەكفیری كەسانێك ناكات كە مونتەسەبن بۆ ئیسلام و كەوتونەتە ناو شیركی گەورەی ئیجماع لەسەر ئیلا پاش ئیقامە حوجە نەبێت ، ئەگەر حاڵ و حوكی ئەو كەسانەی زانی و تەكفیریشی نەكردن ئەوە خۆی كافر ئەبێت چونكە ئیسلام و كوفری كردووە بەیەك↓

وەڵام/ ئەگەر تۆ ئیمە تەكفیر بكەی چونكە بەبەڵگەی قورئان و سونەت و وتەی زانایانی ئومەت دەڵێین عوذر بەنەزانی هەیە بۆ موسڵمانێ كە توشی شیركێكی گەورە بوە كاتێ دەعوەی تەوحید و حەقی پێنەگەیشتوە، بەڵام تۆ لەسەر ئەوە تەكفیرمان بكەی، ئەوا پێویستە شێخ محمدی كوری عبدالوهاب و زۆرێك لەزانایانی دەعوەی نەجدی تەكفیر بكەی كە دەڵێن عوذر بەجەهل هەیە پێش ئیقامەی حوجە و گەیشتنی دین، هەروەها دەبێ تەكفیری ابن حزم و قازی ابن العربی مالیكی و ئیمامی ذەهەبی و ئیمامی ابن كەثیر و شێخی ئیسلام ابن تەیمیە و زۆربەی زانایانی ئیسلام بكەی چونكە هەروەك سەلماندمان هەموو ئەو زانابەڕێزانە دەیان زانای و پێشەوای تری ئەهلی سوونە دەڵێن بیانوو بەنەزانین هەیە، كەواتە پیاوبن و غیرەتی ئەوەتان هەبێ سەرەتا زانایان و پێشەوایانی ئومەت تەكفیر بكەن بەڵام توقیە دەكەن و

دەزانن خەواریج بونتان بەئاشکرا دەچەسپێت ڕووی ڕاستەقینەتان بۆ دەرووێشەکانتان ئاشکرا ئەبێت، کە بەمەش ئێوە لەڕاستیدا هیچ جیاوازیەکتان نەماوە لەگەڵ أحمد حازمي و خەواریجە عومیەکان چونکە ئەوەی ئێوە بەکاری دێنن لەهەمان سەرچاوەوە هەڵدەقوڵێت.

پاشان ئەو کەسەی کە عوذر بەجەهل دا ئەنێت بەهیچ شێوەیەك نەصێکی بەدرۆ دانەناوە یان ڕەتی نەصێکی شەرعی نەکردۆتەوە یان نەیوتوە بەهۆی ئەو شیرکەی کە ئەو موسڵمانە مونتەسیبە ئەنجامی داوە موسڵمانە، بەڵکو لەسەر بنەمای ئەوەی شایەتمانی هێناوە و دروشمەکانی ئیسلامی تێدایە لەسەر ئەو بنەمایە حوکمی موسڵمان بونی داوە بەسەریدا بەڵام خیلافەکەی لەوەدایە لە تحقیقی مناطەکەدایە کەبەهۆیەوە کافر ئەبێ کە دەڵێ نەبونی عیلم هۆکارێکە بۆ کارنەکردنی مەناطی تەکلیف لەسەر ئەو مونتەسیبە بۆ ئیسلام هەروەك چۆن مناطی تەکفیر نەکردنی زۆر لێکراو نەبونی مەبەست و ئیرادەیە ئەو زانایانەی دەڵێن عوذر بەجەهل هەیە لەشیرکی گەورە دەڵێن مەناطی تەکفیرنەکردنی ئەو موسڵمانە نەبونی عیلمە، چونکە عیلم مەناطی تەکلیفە ، اللە تعالی دەفەرمێت (وماکنا معذبین حتی نبعث رسولا)کەواتە خیلافەکە لەبابەتی جۆری مناط و هۆکارەکەیە ئەوەش بابەتێکی فیقهی و فروعیە نەك ئوصولی، بۆیە بەهیچ شێوەیەك زانایان کەسی عاذریان تەکفیر نەکردوە کاتێ موانعی جهل و تەئویل ی کردبێتە ڕێگر لەتەکفیرنەکردنی مونتسیبێ بۆ ئیسلام چونکە ئەو موانیعانە

هەن و معتبرن و دەیان دەقی شەرعیان لەسەرە بۆ لەهیچ حاڵەتێ نابینی زانایانی ئیسلام و پێشەوایان زانایەك ئیقامە حوجە بکەن چونکە وتوێەتی عوذر بەجەهل هەیە پێش ئیقامەی حوجە بۆ موسڵمانێ بکەوێتە ناو شیرکەوە، چ جای تەکفیری بکەن، تەنها هەندێ دەقی زانایانی نەجدی نەبێت کە وتەی متشابهە ، ئەمان کردویانە بەقورئان و فەرزیان کردوە بەسەر موسڵمانان و قورئان و سونەتدا بەهۆیەوە خوێنی ملیۆنان موسڵمانان و سەدان زانا حەڵاڵ دەکەن، بۆیە کەسی عاذر بەهیچ شێوەیەك تەکفیر ناکرێ تەنانەت زانایانی نەجدی کە ڕەدی داود بن جرجیس یان داوەتەوە کە دەیوت هیچ کەسێ تەکفیر ناکرێ ئیلا معاند نەبێ زۆر جار معاندیشی تەکفیرنەکردوە کەچی بۆ زانایانی نەجدی نەچوون داود بن حرجیس تەکفیربکەن یان شێخ محمدی کوری عبدالوهاب بۆ تەکفیری نەکرد ؟ کەواتە بابەتەکە بەو شێوەیە نیە کە ئەو غولات و جاهیل و چەواشەکارانە بۆی چوون.

تائێرە و لێرەدا کۆتایی دێنین بەوەڵامی ئەمڕۆمان وبارك الله فیکم.

وەڵامی وانەی 19 یەمی قاعیدە گومڕاکەرەکان

بسم الله والحمدلله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن والاه أما بعد :

لەوەڵامی ئەمجارەمان وەڵامی ئەو شوبهەیە دەدەینەوە کە دەڵێت ↓↓↓↓

" شوبهەی عوذر بە جەهل " بوونی نەبووە و ئاشکرا نەبووە پێش سەردەمی شێخی ئیسلام ابن تەیمیە - رحمه الله تعالى - :

چونکە هەموو ئەوانەی ئیدعا و بانگەشەی عوذر بەجەهل ئەکەن ئەوە بەبێ گومان کۆن ترین قەول کە ئیستیدلالی پێوەبکەن هەنێک قەولی شێخی ئیسلامە کە گوایە عوذر هەیە و شێخ عوذری بەجەهلی یاوە ، واتە پێش سەردەمی شێخی ئیسلام ئەم گومانە نەبووە و باس نەکراوە ، بەڵام لەم عەصر و سەردەمە تازەیەی ئێمە وا دیار ئەکەوێت کە بابەتی عوذر بەجەهل خیلافی تێدایە ، پاشان باسی خیلافەکە ئەکەن و دابەشی ئەکەن بەسەر دوو قەول لەگەڵ ئەوەی کە باسی خیلاف ئەکەن ، خیلافەکە نادەنە پاڵ کەس بەڵکو بە موطڵەقی ئەڵێن خیلاف هەیە ، ئەم فەهم و تێگەیشتنەش لەوە سەرچاوەی گرتووە و وا گومان ئەبەن کە شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب - رحمه الله تعالى - دوو قەولی هەیە لەسەر ئەم بابەتە ، کاتێک سەیری هەنێک نصوصی شێخ ئەکەن وای لێتەئەگەن کە عوذر بە جەهل هەیە ، ئەمەش دامەزراوە لەسەر فەهم و تێگەیشتنێکی هەڵە - هەروەک باسی ئەکەن ان شاءالله تعالى -

خولاصه و کۆتکراوەی باسکردنی خیلاف له بابەتی عوذر به جەهل شتێکی نوێیه و پێشینەی نیه و ئەم باسه نەبووه ئیلا لەم عەصرە نەبێت ، ئەمەش وەک بابەتی ئەوەیه که ئەڵێن : بەبێ گوومان تەکفیری جەهیمیەکان خیلافی لەسەرە و خیلافەکەش دابەش ئەکەن بەسەر دوو قەول ، پاشان باسی خیلافەکە ئەکەن بەڵام خیلافەکە نادەنە پاڵ کەس ،واتە سەرچاوەی خیلافەکە دیار نیە ، بەڵام لە ڕاستدا بەڵکو گومانێکی هەڵەیە و تێگەیشتنی هەڵەیە لە هەنێک قسە و ئەقوالی شێخی ئیسلام .

↓

لەوەڵامدا ئەڵێم : خوا ڕووت ڕەشکات لەو هەموو درۆیەی دەیکەی و دەیدەیتە پاڵ زانایان هەی دەجاڵی کذاب، ئیمام ابن حەزم و ئیمام قاضي ابن العربي المالكي زۆر زۆر پێش شێخی ئیسلام ابن تەیمیه ئەصلەن ئیجماعیان نەقڵ کردوە لەسەر بونی عوذر بەجەهل لەهەموو بوارەکانی دین چ عەقیدە و ئوصول و چ فروعی دین ئەوەتا ئیمام ابن حەزم دەڵێت: لەهەموو بوارەکانی دین چ ئەصلی دین بێت وەك عقائد و عیبادات یان یان خوارتر لەئەصلی دین اجتهادبکات و هەڵە بکات تیایدا لەهەر بواریّك ئەوا عوذری هەیە بەنەزانین و ئەمەش قەولی ابن ابی لەیلی و شافیعی و ئەبو حەنیفە و سوفیانی ثەوری و داودی کوری عەلی ڕەزای خوای لێ بێت، هەروەها قەولی هەموو

صەحابەیە کە وتەیان لەم بابەتە هەبوبێت، ئەصلەن هیچ خیلافیان لەمە نەبووە تەنها خیلافیان لەتارکی ئەرکانەکانی ئیسلام هەبوە."

ئەمەش دەقی وتەکانێتی

ابن حزم له "الفِصل في الملل والأهواء والنحل" دەربارەی ئەوانەی کافر دەبن و ئەوانەی کافر نابن دەڵێ 3/291-302 دەڵێ لەلاپەڕە 291-292: اختلف الناس في هذا الباب فذهبت طائفة إلى أن منخالفهم في شيء من مسائل الاعتقاد أو في شيء من مسائل الفتيا فهو كافر وذهبت طائفة إلى أنه كافر في بعض ذلك فاسق غير كافر في بعضه على حسب ما أدتهم إليه عقولهم وظنونهم وذهبت طائفة إلى أن من خالفهم في مسائل الاعتقاد فهو كافر وأن من خالفهم فيمسائل الأحكام والعبادات فليس كافراً ولا فاسقاً ولكنه مجتهد معذور إن أخطأ مأجوربنيته، وقالت طائفة بمثل هذا فيمن خالفهم في مسائل العبادات وقالوا فيمن خالفهم في مسائل الاعتقادات إن كان الخلاف في صفات الله عز وجل فهو كافر وإن كان فيما دون ذلك فهو فاسق وذهبت طائفة إلى أنه لا يكفر ولا يفسق مسلم بقول قاله في اعتقاد أو فتيا وأن كل من اجتهد في شيء من ذلك فدان بما رأى أنه الحق فإنه مأجور على كل حال إن أصاب الحق فأجران وإن أخطأ فأجر واحد وهذا قول ابن أبي ليلي وأبي حنيفة والشافعي وسفيان الثوري وداود بن علي رضي الله عن جميعهم وهو قول كل من عرفنا له قولاً في هذه المسألة من الصحابة رضي الله عنهم ما نعلم منهم في ذلك

خلافاً أصلاً..."، واستثنى من ذلك اختلافهم في تكفير تارك أركان الإسلام العملية..

پاشان دەڵێ 292-293: والحق هو أن كل من ثبت له عقد الإسلام فإنه لا يزول عنه إلا بنص أو إجماع وأما بالدعوة والافتراء فلا. فوجب أن لا يكفر أحد بقول قاله إلا بأن يخالف ما قد صح عنده أن الله تعالى قاله أو أن رسول الله صلى الله عليه وسلم قاله فيستجيز خلاف الله تعالى وخلاف رسوله عليه الصلاة والسلام وسواء كان ذلك في عقد دين أو في نحلة أو في فتيا وسواء كان ما صح من ذلك عن رسول الله صلى الله عليه وسلم منقولاً نقل إجماع تواتر أو نقل آحاد إلا أن من خالف الإجماع المتيقن المقطوع على صحته فهو أظهر في قطع حجته ووجوب تكفيره لاتفاق الجميع على معرفة الإجماع وعلى تكفير مخالفته برهان صحة قولنا قول الله تعالى: (ومن يشاقق الرسول من بعد ما تبين له الهدى ويتبع غير سبيل المؤمنين نوله ما تولى ونصله جهنم ساءت مصيرا)"..

پاشان دەڵێ لەلاپەڕە 293: وكذلك من قال أن ربه جسم من الأجسام [2] فإنه إن كان جاهلاً أو متأولاً فهو معذور لا شيء عليه ويجب تعليمه فإذا قامت الحجة عليه من القرآن والسنن فخالف ما فيهما عناداً فهو كافر يحكم عليه بحكم المرتد، وأن من قال أن الله عز وجل هو فلان لإنسان بعينه أو أن الله تعالى يحل في جسم من أجسام خلقه أو أن بعد محمد صلى الله عليه وسلم نبياً غير

عيسى بن مريم فإنه لا يختلف اثنان في تكفيره لصحة قيام الحجة بكل هذا على كل أحد ولو أمكن أن يوجد أحد يدين بهذا لم يبلغه قط خلافه لما وجب تكفيره حتى تقوم عليه الحجة ..“[3]

پاشان دەڵێ296: “فمن عَنَد حينئذ بعد بيان الحق فهو كافر لأنه لم يحكّم رسولا لله صلى الله عليه وسلم ولا سلم لما قضى به وقد صح عن رسول الله صلى الله عليه وسلم أن رجلاً لم يعمل خيراً قط فلما حضره الموت قال لأهله إذا مت فأحرقوني ثم ذروا رمادي في يوم راح نصفه في البحر ونصفه في البر فوالله لئن قدر الله تعالى عليّ ليعذبني عذاباً لم يعذبه أحد من خلقه، وإن الله عز وجل جمع رماده فأحياه وسأله ماحملك على ذلك قال خوفك يا رب وأن الله تعالى غفر له لهذا القول. قال أبو محمد: فهذا إنسان جهل إلى أن مات أن الله عز وجل يقدر علىجمع رماده وإحيائه وقد غفر له لإقراره وخوفه وجهله، وقد قال بعض من حرّف الكلم عن مواضعه إن معنى لئن قدر الله علي إنما هو لئن ضيق الله علي كما قال تعالى: (وأما إذا ما ابتلاه فقدر عليه رزقه). قال أبو محمد: وهذا تأويل باطل لا يمكن لأنه كان يكون معناه حينئذ لئن ضيق الله علي ليضيقن علي وأيضاً فلو كان هذا لما كان لأمره بأن يحرق ويذر رماده معنى ولا شك في أنه إنما أمر بذلك ليفلت من عذاب الله.“..

پاشان دەڵێ 298: “وقال قائلهم أيضاً فإذا عذرتم المجتهدين إذا أخطأوا فاعذروا اليهود والنصارى والمجوس وسائر الملل فإنهم أيضاً مجتهدون قاصدون الخير

فجوابنا وبالله تعالى التوفيق: أننا لم نعذر من عذرنا بآرائنا ولا كفرنا من كفرنا بظننا وهوانا وهذه خطة لم يؤتها الله عز وجل أحداً دونه ولا يدخل الجنة والنار أحد بل الله تعالى يدخلها من شاء فنحن لا نسمي بالإيمان إلا من سماه الله تعالى به كل ذلك على لسان رسول الله صلى الله عليه وسلم ولا يختلف اثنان من أهل الأرض لا نقول من المسلمين بل من كل ملة في أن رسولا لله صلى الله عليه وسلم قطع بالكفر على أهل كل ملة غير الإسلام الذين تبرأ أهله منكل ملة حاشى التي أتاهم بها عليه السلام فقط، فوقفنا عند ذلك ولا يختلف أيضاً اثنان في أنه عليه السلام قطع باسم الإيمان على كل من اتبعه وصدق بكل ما جاء به وتبرأ منكل دين سوى ذلك، فوقفنا أيضاً عند ذلك ولا مزيد، فمن جاء نص في إخراجه عن الإسلام بعد حصول اسم الإسلام له أخرجناه منه سواء أجمع على خروجه منه أو لم يجمع، وكذلك من أجمع من أهل الإسلام على خروجه عن الإسلام فوجب اتباع الإجماع في ذلك، وأما من لا نص فيخروجه عن الإسلام بعد حصول الإسلام ولا إجماع في خروجه أيضاً عنه فلا يجوز إخراجه عما قد صح يقيناً حصوله فيه"..

پاشان دەڵێ لەلاپەڕە 301-302: "قال أبو محمد رضي الله عنه: فصح بما قلنا أن كل من كان على غير الإسلام وقد بلغه أمر الإسلام فهو كافر ومن تأول من أهل الإسلام فأخطأ فإن كان لم تقم عليه الحجة ولا تبين له الحق فهو معذور مأجور أجراً واحداً لطلبه الحق وقصدهإليه مغفور له خطؤه إذ لم

يتعمده لقول الله تعالى: (وليس عليكم جُناح فيما أخطأتم به ولكن ما تعمدت قلوبكم)، وإن كان مصيباً فله أجران أجر لإصابته وأجر آخر لطلبه إياه وإنكان قد قامت الحجة عليه وتبين له الحق فعَنَد عن الحق غير معارض له تعالى ولا لرسوله صلى الله عليه وسلم فهو فاسق لجرأته على الله تعالى بإصراره على الأمر الحرام فإن عَنَد عن الحق معارضاً لله تعالى ولرسوله صلى الله عليه وسلم فهو كافر مرتد حلال الدم والمال لا فرق في هذه الأحكام بين الخطأ في الاعتقاد في أي شيء كان من الشريعة وبين الخطأ في الفتيا في أي شيء كان على ما بينا قبل. قال أبو محمد رضي الله عنه: ونحن نختصر هاهنا إن شاء الله تعالى ونوضح كل ماأطلنا فيه قال تعالى: (وما كنا معذبين حتى نبعث رسولا)، وقال تعالى: (لأنذركم به ومن بلغ)، وقال تعالى: (فلا وربك لا يؤمنون حتى يحكموك فيما شجر بينهم ثم لا يجدوا في أنفسهم رجا مما قضيت ويسلموا تسليما)، فهذه الآيات فيها بيان جميع هذا الباب فصح أنه لا يكفر أحد حتى يبلغه أمر النبي صلى الله عليه وسلم فمن بلغه فلم يؤمن به فهو كافر"

هەروەها دەڵێ ابن حزم له كتابى الإحكام في أصول الأحكام لاپەڕە 72-73 [ط. دار الكتب العلمية]:"فإن كان يعتقد أن لأحد بعد موت النبي صلى الله عليه وسلم أن يحرم شيئا كان حلالا إلى حين موته عليه السلام، أو يحل شيئا كان حراما إلى حين موته عليه السلام، أو يوجب حدا لم يكن واجبا إلى حين موته عليه السلام. أو يشرع شريعة لم تكن في حياته عليه السلام فهو كافر

مشرك حلال الدم والمال حكمه حكم المرتد ولا فرق. وقد ظن قوم مثل هذا في المنع من بيع أمهات الأولاد، وفي حل الخمر، وفي إسقاط ست قراءات كانت على عهد النبي صلى الله عليه وسلم مباحة، فمن لم تقم عليه الحجة في بطلان هذا المعتقد فهو معذور بالجهل، وأما من قامت عليه وتمادى على مذهبه في ذلك فهو كافر مشرك مرتد حلال الدم والمال كما ذكرنا"، إلى قوله: "قال علي وكل ما قلنا فيه إنه يفسق فاعله أو يكفر بعد قيام الحجة :[4] عليه، فهو ما لم تقم عليه الحجة معذور مأجور وإن كان مخطئا، وصفة قيام الحجة عليه هو أن تبلغه فلا يكون عنده شئ يقاومها، وبالله تعالى التوفيق" اهـ.

ئەمەش وتەكەی ئیمام قاضي ابن العربي: كه القاسمي لەتفسیرەكەیدا نەقڵی كردوه" محاسن التأويل 1307/5-1308 لهتەفسیری سورة النساء ئایەتی 48 دەیگێڕێتەوە و دەڵێ: عن القاضي أبي بكر بن العربي المالكي قوله في شرحه على صحيح البخاري، وأقره على ذلك:"فالجاهل والمخطئ من هذه الأمة، ولو عمل من الكفر والشرك ما يكون مشركاً أو كافراً، فإنه يعذر بالجهل والخطأ، حتى تتبين له الحجة، الذي يكفر تاركها، بياناً واضحاً ما يلتبس على مثله، وينكر ما هو معلوم بالضرورة من دين الإسلام مما أجمعوا عليه إجماعاً جلياً قطعياً، يعرفه كل من المسلمين من غير نظر وتأمل، كما يأتي بيانه إن شاء الله تعالى، ولم يخالف في ذلك إلا أهل البدع .اهـ "[5]

دەڵێ: قازی ئەبی بەکر بن العربی دەڵێ: نەزان و کەسی خاوەن هەڵە لەم ئومەتە ئەگەر کاری کوفری و شیرکی ئەنجام بدات پێی نابێت بەکافر یان موشریك چونکە بیانووی هەیە بەنەزانی و هەڵە، تاکو بۆی ڕوون ئەکرێتەوە بەشێوەیەکی وا کەهیچ گومانی نەمێنێ... کەسیش لەمە گومانی نیە ئیلا ئەهلی بیدەع نەبێت. کەواتە ئەم ئیجماعی ئەهلی سونەی لەسەرە.

کەواتە پێدانی عوذر بەجەهل بەشێوەیەکی گشتی کە بابەتە ئاشکراکانی شیرك و غەیری شیرکیش بگرێتەوە مەزهەبی ابن حزم و ابن العربی مالیکی و ابن تەیمیە و ابن القیم و ذەهەبی و زۆربەی زانایانی کۆن و نوێیە بەڵکو شێخی ئیسلام ابن تەیمیە دەفەرمێت" عوذر بەجەهل قەولی صەحابە و زۆربەی زانایانی ئومەتە"بڕوانە مجموع الفتاوی(23/346)

بەڵام چونکە لای متقدمین و لەو سەردەمە شیرکی گەورە و قبوریەت بڵاونەبوە و موسڵمانان زیاتر ڕوو لەتوحیدبوونە بۆیەدەبینی کەمتر ئەو بابەتانەیان ڕوبەڕوو بۆتەوە و پرسیاردەربارەی کراوە بەڵکو زیاتر بابەتی گۆڕپەرستی و انتشارکردنی لەنزیك سەردەمی ابن تەیمیە و سەری هەڵداوە بۆیە شێخی ئیسلام زیاتر قسەی لەسەر کردوە.

هەروەها لەلایەن زانایانی پێشین و پێشەوایانی ئەهلی سونە باسی عوذر بەجەهل کراوە ، هەروەك دەگێردرێتەوە لە ئیمامی مالیك دەربارەی پیاوێك کە بانگی پیاوێ دەکات بەناوی خۆیەوە ئەویش لەوەڵامیدا دەڵێ: لبیك اللهم

لبيك، پرسيار له ئيمام دەكەن ئايا ئەم پياوە هيچى لەسەرە ؟ دەڵێ : ئەگەر نەزان بوبێ ئەوا هيچى لەسەر نيە، جا ابن رشد لە ڕونكردنەوەى ئەم وتەيەى ئيمام مالك دەڵێ: ڕونى كردەوە كەوا كەسى نەزان هيچى لەسەر نيە چونكە نازانێ ئەو قسەيە واتاى چيە .

بڕوانە "البيان والتحصل "ابن رشد(16/370)

كەواتە درۆزنى و چەواشەكارى و نەزانى شێركۆ بيارەمان سەلماند كە چۆن درۆى كرد وتى عوذر بەجەهل پێش ئيبن تەيميە باس نەكراوە ئەڵێن ئيجماع هەيە لەسەر ئەوەى عوزر نيە بەنەزانى نيە لە ئەصلى دين تەحەداتان ئەكەين بتوانن ئەو ئيجماعە نەقڵ بكەن پشتاوپشت لەلايەن يەك زاناوە كە باسى كردبێ لەو سەردەمە بوبێ ئيجماعەكەى تێدا ڕووى داوە ، بەڵام ئێمە ئەتوانين دەيان قەولتان بۆ نەقڵ بكەين كە ئەصلەن ئيجماعى لەسەر نيە ئەوەى باسى ئەكەن ئەوەتا شێخى نوێكەرەوە موحممەدى كوڕى عبدالوهاب دەڵێت ئيجماع تەنها لەواى ڕوون كردنەوە و ئيقامە حوجەكردن هەيە لەسەركافربوون نەك پێش ڕوون كردنەوە و ئيقامەى حوجە، فەرموون ئەمە دەقى وتەكەيەتى

↓↓↓

له ڕيسالەى أصل دين الإسلام وقاعدته دەڵێت: " ومنهم من عاداهم ولم يكفرهم، فهذا النوع أيضاً لم يأت بما دلت عليه لا اله الا الله من نفي الشرك، وما تقتضيه من تكفير من فعله بعد البيان إجماعا" الدرر السنية(2/207)

دەڵێ: هەیە دژایەتیان ئەکات بەس تەکفیریان ناکات، ئەم جۆرەکەسەش ئەوەی لا الە الا اللە دەیخوازێت لەنەفی کردنی شیرك پێی نەهاتوە، هەروەها ئەوەشی کە دەیخوازێت لەوەی تەکفیرکردنی ئەوکەسەی کەشیرکی ئەنجام داوە دوای ڕوون کردنەوە بەئیجماع"

هەروەها شێخ محمد بن عبدالوهاب لەنامەی 10یەمی رسائل الشخصية باسی مەبەستی خۆیمان بۆ دەکات لە"بیان" مەبەستی چیە لە ڕوونکردنەوە ، لەلاپەڕە 60" وإنما نكفر من أشرك بالله في إلآهيته بعد ما تبين له الحجة على بطلان الشرك "

واتە: ئێمە کەسێك تەکفیر ئەکەین هاوبەشی بۆ اللە بڕیاردابێت لە پەرستنی دوای ئەوەی بەبەڵگە بۆی ڕوون ئەکەینەوە لەسەر بەتاڵی شیرك."

هەروەها عبداللەی کوڕی شێخ محمد بن عبدالوهاب شێخی أبا بطين دەڵێ: أما الجواب عت سؤال الثالث : عن حال من صدر منه كفر من غير قصد منه بل هو جاهل ، هل يعذر أم لا ؟ سواء كان ذاك شيء قولاً أو فعلاً أو إعتقاداً أو توسلاً فنقول: إذا فعل الإنسان الذي يؤمن بالله ورسوله ما يكون فعله كفرا أو قوله كفرا أو إعتقاده كفراً جهلاً منه بما بعث الله به رسوله صلى الله عليه وسلم فهذا لايكون كافرا ولا نحكم عليه بالكفر حتى تقوم الحجة الرسالية التي يكفر من خالفها، فإذا قامت عليه الحجة وبين له ما جاء به الرسول صلى الله عليه وسلم وأصر على فعل ذلك بعد قيام الحجة فهذا هو

الذي يكفر، وذلك لأن الكفر يكون بمخالفة كتاب الله وسنة رسوله وهذا مجمع عليه بين العلماء في الجملة. "مجموع الرسائل والمسائل النجدية (1/248).

دەڵێ: ئەما وەڵامی پرسیاری سێیەم دەربارەی کەسێك کوفرێکی لێ دەرکەوتبێ بەبێ مەبەست بەڵکو بەنەزانی و نەزان بێ ئایا عوزری هەیە یان نا ؟ جا یەکسانە ئەو کوفرە ووتە بێ یان کردار یان لەبیروباوەڕ یان تەوسول ؟

دەڵێین : ئەگەر ئینسانێ کە باوەڕی بەخوا و بەپێغەمبەرە کارێ بکات کە کوفربێ یان وتەیە بڵێ کوفر بێ یان بیروباوەڕێکی هەبێ کوفربێ و جاهیل بێ بەو دینەی اللە ناردویەتی ئائەم کەسە لای ئێمە کافر نابێ حوکمی کوفری بەسەر نادەین هەتا ئیقامە حوجەی نەکەین لەسەر ئەوشتەی بەکردنی کافر ئەبێ، جا کاتێ ئیقامە حوجە کرا و ئەو دینەی بۆ ڕوون کرایەوە کە پێغەمبەری خوا پێی ڕەوانە کراوە، دوای ئیقامە حوجەش هەر بەردەوام بوو ئائەم کەسەیە کەوا کافر ئەبێت ئەمەش ئیجماعی لەسەرە لەنێوان زانایان بەگشتی."

بەکـــــورتی وبەکوردی مەسەلەی عوذر بەجەهل

ئیمام ابن حەزم و قاضي ابن العربی المالکی ئیجماعی سەلەف نەقڵ ئەکەن لەسەر ئەوەی عوذر هەیە بەنەزانی پێش ئیقامەی حوجە لەشیرکی گەورە بەڵام قەڕافی کە زۆر زۆر لەدوای ئەوان دێت ئیجماعێکمان بۆ نەقڵ ئەکات کەگوایە عوذر بەجەهل نیە لەشیرکی گەورە پێش ئیقامەی حوجە، ئەم

ئیجماعەش گومانی تیانیە لای متکلمین و زانایانی ئەهلی کەلام اجماعە چونکە ئەوان پێیان وایە عیلمی استدلال و نظر پیش ئیمان هێنانی شەرعیە و هەمووکەسێ بەعەقڵی ئوصولی دین دەزانێ، هەربۆیە ئەو ئیجماعەی قەرافی بەهەند وەرناگیرێ چونکە ئیجماعی ئەهلی سونە نیە و پێچەوانەی ئیجماعێکە کە ابن حەزم پێش زۆر لە پێش ئەو موخالەفەی ئەوەی نەقڵ کردوە کەواتە ئیجماع نیە لەمەسەلەکە هەروەها ئەو ئیجماعەش کە لە ابابطین ەوەی نەقڵ ئەکەن مەبەست لێی بەمەرج نەگیرانی عینادیە لەتەکفیرکردنی معین لەشیرکی عیبادەت.

بۆیە ئیتر بەسە عینادی و تەحریف کردنی دەقەکان و دریژەدان بەگومڕاکردنی خۆت و خەڵکی بێ تاوان لەخوا بترسە و وازبهێنە لە تەکەبورکردن و تەسلیم نەبون بۆ حەق و ڕاستی ، ئەوەی مسقاڵە زەرەیەك کیبری تیابێت بۆنی بەهەشت ناکات کیبر و خۆبەگەورەزانین بریتیە لەوەی حەقت بۆهات ڕەتی بکەیتەوە ، بۆیە بیربکەرەوە وبگەڕێوە بۆ لای الله تعالی.

والحمدلله.

وەڵامی وانەی 20 یەمی قاعیدە گومڕاکەرەکان

بسم الله والحمدلله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن والاه أما بعد :

لەوەڵامی ئەمجارەمان دەست دەکەین بەوەڵامدانەوەی چەن شوبهەیەکی ژەهراوی نەزانی کابرا کە لەم کتێب بۆ ئەو کتێبی گومڕاکان ئەگرێت و سوآڵ دەکات بەس بۆ ئەوەی شوبهەیەکی زیاتر کۆبکاتەوە و زیاتر بارەکەی خۆی پێ قورس بکات و زیاتر دەرویشەکانی پێ سەرخۆش بکات لەم **بڵاوکراوەی ئەمجارەیدا دەڵێ ↓↓↓↓**

چەند لەوازم و داخوازیەکی باطڵ کە قەولی " عوذر بە جەهل " لازم و پەیوەست ئەکات .

داخوازی و لازمە باطڵەکانی قەولی عوذر بە جەهل و نەزانین لە شیرکی گەورەدا لەوانە :

١ ـ پەیوەست ئەکات و وا ئەخوازێت کە عوذر بە جەهل بۆ یەهود و نەصارا و عەوامەکانیان هەبێت ، ئەمەش خیلافی ئیجماعە .

٢ ـ پەیوەست ئەکات و وائەخوازێت کە ئەهلی فەترەکان یان هەنێکیان عوذری بەجەهل یان هەبێت ، ئەوەش خیلافی ئیجماعە .

لەوەڵامدا : دەڵێین ئەو عیلەتەی قیاسەکەیتان کرددوە بۆمان پەیوەندی نیە بەئێمەوە چونکە ئێمە لەسەر جەهل حوکمی کافربونی کافری ئەصلیمان نەداوە، بەڵکو ئێمە تەکفیری هەموو میلەتانی غەیری ئیسلام دەکەین وەك یەهود و نەصاری و ئەهلی فەترە، لەبەرئەوەی موسڵمان نین و داخلی ئیسلام نەبوونە بەبێ ڕەچاوکردنی بارودۆخیان وەکو بونی جەهل یان بون و نەبونی ئیقامە حوجە چونکە خوای گەورە پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم بۆ هەمووان ناردوە مەجالی هیچ کەسێکی نەداوە شوێنی نەکەوێ و هەرکەسێ داخلی ئیسلام نەبێ لەحوکمی دونیا حوکمی کافری بەسەر ئەدرێت. وەك دەفەرمێت (وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ ٱلْإِسْلَٰمِ دِينا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِى ٱلْءَاخِرَةِ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ) [سورة آل عمران 85] هەروەها الله تعالى خۆی تەکفیری یەهود و نەصارای و ئەهلی فەترەی کردوە لەچەندین ئایەت و نەفی ئیسلامی لێ کردون بەناوی کوفر و شیرك ناوی بردون، بابەتی کوفر و شیرك بابەتێ نیە پەیوەندی بەعەقڵ و ئیلزاماتەوە هەبێت بەڵکو بابەتێکی تەوقیفیە و شەرعیە و مافی تایبەتی خوایە، پاشان قیاس کردنی موسڵمان لەسەر کافرێکی ئەصلی لە ئەحکامەکان و جیاوازی نەکردن لەنێوانیان ئەوە ئەوپەڕی نەزانی و جەهلە بەکیتابی الله، چونکە الله تعالى گەورەترین منەت و فەزڵی لەگەڵ کردوین کەجیاوازی کردوین لەگەڵ میللەتانی تر چەندین کۆتی بەندی لەسەر ئایینەکانی پێشوو داناوە بەڵام لەسەر ئومەتی ئێمەی لابردوە بۆیە نەزانیەکی گەورەیە

ئەحکامەکانی ئومەتی ئیسلام یەکسان بکرێ بەئەحکامەکانی ئومەتانی تر، وەك اللە تعالی دەفەرمێت (رَبَّنَا لَا تُؤَاخِذۡنَآ إِن نَّسِينَآ أَوۡ أَخۡطَأۡنَاۚ رَبَّنَا وَلَا تَحۡمِلۡ عَلَيۡنَآ إِصۡرٗا كَمَا حَمَلۡتَهُۥ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِنَاۚ رَبَّنَا وَلَا تُحَمِّلۡنَا مَا لَا طَاقَةَ لَنَا بِهِۦۖ وَٱعۡفُ عَنَّا وَٱغۡفِرۡ لَنَا وَٱرۡحَمۡنَآ أَنتَ مَوۡلَىٰنَا فَٱنصُرۡنَا عَلَى ٱلۡقَوۡمِ ٱلۡكَٰفِرِينَ) [سورة البقرة 286]

پاشان دەڵێ ↓

٣ ـ پەیوەست ئەکات و وا ئەخوازێت کە هەر کەسێک ئینکاری ڕبوبیەتی اللە تعالی بکات عوذری هەیە بە جەهل ، ئەوەش پێچەوانەی ئیجماعی سەلەفە .

↓

لەوەڵامدا ئەڵێم : نەخێر واپێویست ناکات لەهیچ ڕوویەکەوە ، چونکە وەك لە سەلماندنەکانی پێشوو باسمکرد تەوحیدی ربوبیەت نەزانی تێدا قبوڵ ناکرێت بۆ هیچ موسڵمانێك، پاشان هیچ موسڵمانێك نەبوە قەت ئینکاری کردبێت لە تەوحیدی ڕبوبیەت ، تەنانەت یەهود و نەصارا و کافرەکانی قوڕەیشی کۆدەنگن لەسەر ئەوەی هەرکەسێك ئینکاری پەروەردگاریێتی اللە عزوجل بکات کافرە، چونکە ناسێنی پەروەردگاریێتی اللە زانراوە بە عەقڵ و فیترەت، بەڵام ئەفرادەکانی عیبادەت و شیرکی عیبادەت نەزانراوە بە فیترەت و عەقڵ هەربۆیە اللە تعالی پێغەمبەرانی نارد وکتێبەکانی دابەزاند، کەواتە ئێمە

کێشەکەمان لەگەڵ تەوحیدی عیبادەتە باسی ئەمە ئەکەین و ئەمەیە ناکۆکیەکەمان لەگەڵتان.

پاشان دەڵێ ↓

٤ ـ پەیوەست ئەکات و وا ئەخوازێت کە هەر کەسێک ئینکاری عیلمی اللە تعالی بکات عوذری هەبێت بە جەهل ، ئەوەش پێچەوانەی ئیجماعە .

↓

لەوەڵامدا ئەڵێم : ئەوکەسەی جاهیل بێت کەنازانێت ئەصلەن پێی ناوترێت ئینکاری کردوە، پاشان پێشتر وتەی شێخی ئیسلام ابن تەیمیەمان نەقڵ کرد کە دەڵێت: سەلەف لەبارەی ئیجماعەکانیان جیاوازیان کردوە لەنێوان تەکفیری عام و معین" هەروەها شێخی ئیسلام نەقڵی وتەی ئیمام ئەحمەدیش ئەکات کاتێ دوو قەولی هەبووە دەربارەی جەهمیەکان دەڵێ ئەوکەسانەی تەکفیری کردون بەمعینی چونکە ئیقامە حوجەکراون و مەرجەکانیان تێدابوە و ڕێگریەکانیان لەسەر لابراوە، نەك هەر شێخی ئیسلام ابن تەیمیە ئەو تێگەیشتنە سەقەتەی تۆ هەڵدەوشێنێتەوە بەڵکو ابن المفلح و ئیمام احمد و زۆربەی زانایانی حەنابیلە ئەوە هەڵدەوەشێننەوە، جا ئەم قسەیەش دووشتی لێ ئەخوێنرێتەوە :-

یان ئەو ئیجماعەی کە باسی دەکەی بونی نەبێ، ئەمەش پێچەوانەی صەوابە، چونکە ئیجماعەکە هەیە،

یانیش ئەوەتا ئیجماع هەیە بەڵام بەشێوەیەکی عامە و دەبێ ڕەچاوی کەسی دیاریکراو بکرێت بەوەی عوذری بۆ هەیە بەنەزانی و تەئویل و تقلید هەروەك شێخی ئیسلام دەفەرمێت و دەیداتە پاڵ جەماوەری سەلەف وە هەروەك قەولی ئیمام احمد و غەیری ئەویش لەسەری دێنێ، ئائەمەش صەوابە و بریتیە لەمەنهەجی ئەهلی سوونە بەپێچەوانەی ئەهلی بیدەع.

پاشان دەڵێ ↓↓↓

٥ ـ پەیوەست ئەکات و وا ئەخوازێت و ئەبێت بەدوای خەڵکیدا بگەڕێی و تاک بە تاکی خەڵکی ئیقامە حوجە بکەیت ، ئەمەش پێشەی پێغەمبەرانیش نەبووە کە بە دوای خەڵکیدا بگەڕێن و تاک بە تاک ئیقامە حوجەیان بکەن بەڵکو پێشەی پێغەمبەران تەنها گەیاندن بووە .

اللە تعالی ئەفەرموویێت :

[وَمَا عَلَى الرَّسُولِ إِلَّا الْبَلَاغُ الْمُبِينُ] النُّور (٥٤)

دڵنیاشبن کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- تەنها ڕاگەیاندنی ئاشکرا و ڕوونی لەسەر شانە، ئیتر ئەگەر ئێوە سەرپێچی لەو بکەن، ئەوا ئەو هەرکاری خۆی ئەکات .

ئیمام ابن جریری طەبەری ئەڵێت :

[يقول: وغير واجب على من أرسله الله إلى قوم برسالة إلا أن يبلغهم رسالته بلاغا يبين لهم ذلك البلاغ عما أراد الله به]

واجب نیە لەسەر ئەو کەسەی اللە تعالی ئەینێرێت بۆ قەومێک بە ڕیسالە و پەیامێکەوە جگە لە گەیاندنی ڕیسالەکە نەبێت بەگەیاندنێکی ڕوون و ئاشکرا وەک بەو شێوەیەی اللەتعالی ئەیەوێت .

وە ئەفەرموویێت سبحانە و تعالی :

[فَإِنَّمَا عَلَيْكَ الْبَلَاغُ وَعَلَيْنَا الْحِسَابُ] الرَّعْد (٤٠)

بەڕاستی تۆ تەنها گەیاندنی بەرنامەو بڕیارەکانی اللە تعالی ت لەسەرە [وَعَلَيْنَا الْحِسَابُ] ئیتر حیساب و پاداش و تۆڵەیان لەسەر ئێمەیە، کەوابوو تۆ دریژە بەکاری خۆت بدەو مەوەستە .

قورطبی ئەڵێت :

[فإنما عليك البلاغ فليس عليك إلا البلاغ ; أي التبليغ]

بە تەئکید ئەوەی لەسەر تۆیە گەیاندنە هیچت لەسەر نیە تەنها گەیاندن نەبێت

↓.

لە وەڵامدا ئەڵێم : نەخێر هیچ کات نەمان وتوە وا دەخوازێت یان واجبە پێغەمبەران یەك یەك بەدوای خەڵکیدا بگەڕێن و ئیقامە حوجەیان بکەن تەنانەت زانایانیش ئەوەیان لەسەر نیە، بەڵکو ئەوەندە کافیە کە بزانرێ پێغەمبەرێ هاتووە و دینی خوای ڕون کردۆتەوە و خەڵك بتوانێ پێی بگات و لەو دینە ڕونکراوەیە تێبگات ، هەروەها مادام لەشوێنێ زانایان هەبن و بانگەوازی حەق بکەن ئیتر تەواو ئەو خەڵکە عوذریان نیە بەنەزانی لەشوێنە

چونکه ئەو شوێن و ولّاتە بوە بەشوێنی عیلم و زانست و ئیقامەی حوجە واجبە لەسەریان خۆیان فێربکەن و بەدوای بگەڕێن. بەپێچەوانەی ئەم حاڵەتە عوذر هەیە بەنەزانی وەك ئەوەی بانگەوازی تەوحید و حەق و لە ولّات وشارە نەبێ و خەڵکی نەیان بیستبێت.

پاشان دەڵێ ↓↓↓↓

٦ ـ پەیوەست ئەکات و وا ئەخوازێت کە کەس ئیقامە حوجە نەکراوە لەو ئومەتە نە بە هاتنی ڕەسول و نە بەدابەزینی قورئان !!

↓

وەڵامم: ئەم قسەیە ئەوە دەخوازێت عوذر بەجەهل بەموتڵەق نەفی بکەیت کە دەڵێی لەبابەتە شاراوە وخەفیەکان عوذر بەجەهل هەیە کەواتە دەبێ بڵێی ئیقامە حوجە نەکراوە لەو بابەتە خەفیانە بەقورئان و بەپێغەمبەر و پێویست ئەکات ئێمە ئەو دینە تەواو بکەین خوا تەواوی نەکردوە و هەموی بەیان نەکردوە ؟

یانیش دەبێ بڵێن بەڵێ ئەو خوایەی کە فێری دینەکەی کردوین و ئەو پێغەمبەرەی بۆ ناردوین خۆی پێی فەرموینە کە عوذر بەجەهل هەیە و عوذریان بەنەزان داوە وەکو ڕەحمەتێکی خوایی و لێبوردنێکی دینەکەی.

وەڵامی دووەمان: دەڵێین بەڵێ ئیقامە حوجە دەکرێت لەسەر ئومەت بە قورئان و بە ئێغەمبەر بەڵام ئەو قورئانە بەزمانی عەرەبیە و پێغەمبەر صلی

الله علیەوسلم 23 ساڵ بانگەوازی قەومەکەی کرد وبۆیانی ڕوون ئەکردەوە (بِٱلْبَيِّنَٰتِ وَٱلزُّبُرِ ۗ وَأَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ٱلذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ) [سورة النحل 44] کە بەزمانی ئەوانیش بوو قورئان و لێشی حاڵی ئەبوون بەڵام اللە تعالی فەرمان ئەکات بە پێغەمبەرەکەی کەبۆیان ڕون بکاتەوە ئەوەی لە قورئانەی دابەزێنراوە، پاشان اللە تعالی لەدوای پێغەمبەر فەرمان ئەکات بەزانایان ئەو ئەرکە ئەنجام بدەن ئەرکی نەك تەنها گەیاندن بەڵکو ئەرکی ڕوونکردنەوە وەك دەفەرمێت (لَتُبَيِّنُنَّهُۥ لِلنَّاسِ وَلَا تَكْتُمُونَهُۥ)[سورة آل عمران 187]. هەربۆیە اللە تعالی گەیاندن و نەص و فەهمی نەصی پێکەوەکردوە بەمەرج بۆ بەرپابونی حوجە ئەو ئەرکەشی لەسەر پێغەمبەران و زانایان داناوە، ئەگەر وانەبوایە هیچ پێغەمبەرێکی نەئەنارد .

لێرەدا پرسیارێ ئەکەین و دەڵێین ئایا بە عەقڵی پوچی ئێوە ئەشێ خوای گەورە ئاوا فەرمان بکات ڕون بکرێتەوە قورئان بۆ قەومێ کە بەزمانی خۆیان دابەزیوە ، بەڵام فەرمان ناکات قورئان ڕوون بکرێتەوە بۆ قەومێ کە بەزمانی ئەوان دانەبەزیوە و هیچی لێ تێناگەن ؟

ئەمە ئەوپەڕی کوفر و تانەدان و نەقص دانە پاڵ خوایە ئەمە دژایەتی کردنی خوایە، ئەم فهمە دژی حیکمەت و ڕەحمەت و عەدلی خوایە، ئەم فەهمەتان بەڵگەی خوا نەناسی و قەدرنەگرتنتانە بۆ اللە سوێند بە اللە.

وەڵامی وانەی 21 ی قاعیدە گومڕاکەرەکان

بسم الله والحمدلله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن والاه أما بعد :

کابرای گومڕاکەر دەڵێ

↓↓↓↓

لێرەدا جیاوازی نیە لە نێوان کەسی مونتەسەب بۆ ئیسلام و کافری ئەصلی کاتێک ئەکەونە ناو شیرکی گەورە .

الله تعالى ئەفەرموویێت :

[قُلْ أَفَغَيْرَ اللَّهِ تَأْمُرُونِّي أَعْبُدُ أَيُّهَا الْجَاهِلُونَ (٦٤) وَلَقَدْ أُوحِيَ إِلَيْكَ وَإِلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِكَ لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ (٦٥) بَلِ اللَّهَ فَاعْبُدْ وَكُن مِّنَ الشَّاكِرِينَ (٦٦)] الزُّمَر .

[قُلْ أَفَغَيْرَ اللَّهِ تَأْمُرُونِّي أَعْبُدُ أَيُّهَا الْجَاهِلُونَ] موشریکەکان داوایان ئەکرد کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بەیناو بەین خواکانی ئەوانیش بپەرستێ، جا ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە و فەرمووی: ئەی موحەمەد -صلى الله عليه وسلم- بڵێ: ئەی جا ئێوە فەرمان بە من ئەدەن کە لە باتی الله تعالى بپەرستم ئەی جاهیل و نەزانەکان ؟!

[وَلَقَدْ أُوحِيَ إِلَيْكَ وَإِلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِكَ] سوێند ئەخۆم كە بێگومان وەحی كراوە بۆ تۆو بۆ ئەو پێغەمبەرانەی بەر لە تۆ بوون : [لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ] كە ئەگەر گریمان بە هاوبەش قایل ببێت بۆ اللە تعالی و هاوبەشی بۆ دابنێیت ئەوە بێگومان هەموو كردەوەكانت پووچەڵ ئەبێ [وَلَتَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ] و لە زیانمەندانیش ئەبیت .

[بَلِ اللَّهَ فَاعْبُدْ] نەخێر، هەرگیز بە گوێیان نەكەیت، بەڵكو تەنها هەر اللە تعالی بپەرستە [وَكُن مِّنَ الشَّاكِرِينَ] و لە شوكرانە بژێرانبە.

جا ئەم ئایتە پیرۆزانە چەند بابەتێكی گرنگ ڕوون ئەكەنەوە .

- ئەم ئەیەتە لە بەڵگە بەهێزەكانە كە جەهل عوذر نیە بۆ كەس .

- لەگەڵ ئەوەی جاهیل و بوون ، اللە تعالی ـش بە جاهیل ناویان ئەهێنێت بەڵام ئەم جەهل و نەزانینە نەبووە عوذر بۆیان .

- ئەوانە بە جەهل و نەزانینی خۆیان داوای پەرستنی بتەكانیان لە پێغەمبەر - صلی اللە علیه وسلم - ئەكرد ، بەڵام ئەو جەهلە نەبووە عوذر بۆیان .

- اللە تعالی سوێند ئەخوات ئەگەر پێغەمبەر و پێغەمبەرانی پێش ئەویش - علیهم السلام - شەریک و هاوەڵی بۆ دابنێن ئەوە ئەبنە موشریک و هەموو كردەوەكانیان هەڵئەوەشێنێتەوە .

- ئەم ئایتە باسی پێغەمبەر - صلی اللە علیه وسلم - و پێغەمبەرانی پێش ئەویش و تەواوی موسڵمانان و كەسانی مونتەسەب بۆ ئیسلامە ئەگەر یەک شیرک

ئەنجام بەن ئەوە لە ئیسلامەتی ئەچنە دەرەوە و ئەبن بە موشریک و کار و کردەوەکانیان پوچەڵ ئەبێتەوە .

↓

لەوەڵامدا ئەڵێین/ یەکەم: ئەو ئایەتە وەسفی ئەو کەسانە ئەگرێتەوە و باس ئەکات کەوا پەیامیان بۆ هاتووە و دین و بانگەواز و هەڕەشەی خواییان پێگەیشتوە دەربارەی مەترسیداری شیرك، ئەو کافرانەی قوڕەیش دینی الله تعالی یان پێگەیشتبوو و پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەناویان بوو بۆیە هیچ جەهلێ دوای هاتنی رسول بۆیان بەهەندوەرناگیرێ جەهلەکەی ئەوان کە الله تعالی وەسفیان دەکات جەهلی مەئاله واتە نەزانن بەسەرەنجامی خەتەرناکی شیرکەکانیان نەك نەزان بوبن بەخطابی قورئان، بۆیە هەرکەسێك لەهەر شوێن و کاتێك وەکو ئەوان بێت و پەیامی خوای پێگەیشتبێت هیچ عوذرێکی نیە چ کافری ئەصلی بێ چ مونتسیب بێت بۆ ئیسلام.

دووەم : شێخی ئیسلام ابن تەیمیە -رحمه الله- دەڵێت :

أن دلالة العام لا تستلزم العموم في الأحوال خلافاً لجمهور متكلمة الأصوليين، وأنه ينسب ذلك للسلف وينفي وجود خلافه في لسان العرب.

دەڵێ: بەڵگە گشتیەکان گشتی بوونی تاك بەتاکی کەسەکان ناگرێتەوە و نایخوازێت، ئەمەش وتەی سەلەفە و موافقی زمانی عەرەبە، بەپێچەوانەی جەماوەری موتەکلیمین ی ئوصولیەکان کە دەڵێن بەڵگە و دیلالەتە گشتییەکان

گشتی بونی هەموو کەسەکان دەگرێتەوە واتە تاك بەتاکی کەسانی دیاریکراو"

کەواتە لەم ڕوەوەیە کە دەقە گشتیەکانی تەکفیر لەنصوصە شەرعیەکان هاتوون، دەیلکێنن بەسەر ئەنجامدەرانی کوفر بەشێوەی دیاریکراو، و قاعیدەی ئەم دابەزاندن و لکاندنە دەگەڕێتەوە جمهوری متکلمینی ئوصولیەکان کەپێچەوانەی بنچینەی سەلەف و پێشەوایانی ئومەتە لەزمانی عەڕەب بەم شێوەیە بەکارنەهاتووە، هەروەك شێخی ئیسلام رووبی دەکاتەوە هەروەك شێخ لە "گەیلانیە" دەڵێت"دەقەکانی هەڕەشە و تەکفیرکردن لەقورئان و سونەت هەروەها لەدەقەکانی هەڕەشە و تەکفیرکردن لەوتەی سەلەفی ئومەت پێویستە بەشێوەیە گشتیەکەی موطلەق بونەکەی جێ بەجێ بکرێ، هەروەك اللە تعالی دەفەرمێت و هەڕەشە دەکات لەبارەی ئەوانەی ((مالّی هەتیوان دەخۆن بەناحەق لەڕاستیدا ئاگر دەخۆن و دەخرێنە ئاگرەوە))ئەم دەقانە لەسەر اطلاق و عمومەکەیەتی و گشتیە، هەروەها ئەوانەی بەهەڵەداچوون لەگێڕانەوەی مەزهەب و وتەی پێشەوایان: لەوتە گشتیەکانیان بەهەڵەداچوونە، وەکو چۆن فیرقە گومڕاکانی سەرەتای ئیسلام لەوتە گشتیەکانی قورئان و سونەت بەهەڵەداچوون، هەروەها شێخی ئیسلام دەربارەی ئەو کەسانەی ئیمام ئەحمەد بەدیاری کراوەیی تەکفیریانی نەکردوە دەڵێت، بەهۆی ئەوەیە کە ئەو کەسانە مەرجەکانیان لەسەر جێبەجێ نەبوە و

ڕێگریەکانیان لەسەر لانەچووە، لەگەڵ ئەوەشدا تەکفیرکردنیان بەشێوەی گشتی فەرمووە و بەکارهێناوە، وەکو حوکمێکی ڕەها، پاشان دەڵێت" تەکفیری عام و گشتی وەکو هەڕەشە گشتیەکان وایە پێویستە بەڕەهایی و بەگشتێتی بەکاربهێنرێ

هەروەك شێخی ئیسلام له منهاج السنة 154/5 دەڵێت:

"وثبت عنه في الصحيح أن رجلا كان يشرب الخمر وكان النبي صلى الله عليه وسلم كلما أتي به إليه جلده الحد فأتي به إليه مرة فلعنه رجل وقال: ما أكثر ما يؤتى به، النبيَّ صلى الله عليه وسلم فقال : "لا تلعنه فإنه يحب الله ورسوله"، فنهى عن لعن هذا المعين المدمن الذي يشرب الخمر وشهد له بأنه يحب الله ورسوله مع لعنة شارب الخمر عموما، فعلم الفرق بين العام المطلق والخاص المعين .

دەڵێ: پیاوێك عارەقی دەخوارد هەرکاتێ بهێنرایە بۆ لای پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم جەلدی لێ ئەدرا جارێکیان هێنایان، پیاوێك لەعنەتی لێکرد وتی ئەمە چیە ئەوەنە ئەیهێنن، پێغەمبەریش فەرموی: لەعنەتی لێ مەکە چونکە خوا و پێغەمبەری خۆش ئەوێ، نەهی لێکرد ئەم کەسە دیاریکراوە کە عارەقی خواردوە لەعنەتی لێ بکرێ و لەبەرامبەردا شایەدی بۆ دا کە خوا و پێغەمبەری خۆش ئەوێ لەگەڵ ئەوەشی لەعنەت کراوە لەعارەق خۆر

بەشێوەیە گشتی، بەوەدا زانیمان جیاوازی کردن لەنێوان "عامی موطلق"و "خاصی معین" گشتی ڕەها و کەسی دیاریکراوی تایبەت."

هەروەها دەڵێت منهاج السنة 179/4: "وقد بسط الكلام على ذلك في مواضع، وبين أن ما دل عليه ظاهر القرآن حق وأنه ليس بعام مخصوص، فإنه ليس هناك عموم لفظي وإنما هو مطلق كقوله تعالى (فاقتلوا المشركين) فإنه عام في الأعيان مطلق في الأحوال، وقوله (يوصيكم الله في أولادكم) عام في الأولاد مطلق في الأحوال، ولفظ الظاهر يراد به ما قد يظهر للإنسان، وقد يراد به ما يدل عليه اللفظ، فالأول يكون بحسب فهوم الناس، وفي القرآن مما يخالف الفهم الفاسد شيء كثير، وأما الثاني فالكلام فيه" اهـ كلامه، ويوجد أيضا في مجموع الفتاوى 165/20-166.

دەڵێ: دەربارەی ئەم باسە بەدرێژی باسکراوە لەچەندین، کە ئەوەی ڕوانّەتی قورئان دەیخوازێت حەقە، بەڵام عامی مخصوص نیە بەدیاریکراوەیی نیە، چونکە لەقورئاندا عمومی لەفزی نیە، بەڵکو موطلق و ڕەهایە دەربارەی کەسەکان، الله تعالى دەفەرمێت(يوصيكم الله في أولادكم) ئەمە بۆ منالّانە بەگشتی موطلق و ڕەهایە دەربارەی کەسەکان واتە بەدیاریکراوەیی نیە، لەفزی زاهیر مەبەست لێی ئەوەیە کە دەردەکەوێت بۆ ئینسان، هەندێ جاریش مەبەست لێی ئەوەیە کە لەفزەکە دەیخوازێت، یەکەمیان بەپێی

تێگەیشتنەکانی خەڵکیە خەڵك وەکو یەك نین لەتێگەیشتنی، لەقورئاندا ئەوەی پێچەوانەی تێگیشتنی فاسید هاتووە زۆرن..."

هەروەها دەڵێت المنهاج 4/218-220: "الوجه الثامن أن يقال هب أن لفظ الآية عام فإنه خص منها الولد الكافر والعبد والقاتل بأدلة هي أضعف من الدليل الذي دل على خروج النبي صلى الله عليه وسلم منها فإن الصحابة الذين نقلوا عنه أنه لا يورث أكثر وأجل من الذين نقلوا عنه أن المسلم لا يرث الكافر وأنه ليس لقاتل ميراث وأن من باع عبدا وله مال فماله للبائع إلا أن يشترطه المبتاع..."،

دەڵێ: ڕوی هەشتەم وادابنێ لەفزی ئایەتەکە عام بێت، بەڵام ئەوەتا تایبەت کراوە بەمنالی کافر و کۆیلە و قاتیل....."

هەروەها دەڵێت : "وَحَقِيقَةُ الْأَمْرِ أَنَّهُمْ أَصَابَهُمْ فِي أَلْفَاظِ الْعُمُومِ فِي كَلَامِ الْأَئِمَّةِ مَا أَصَابَ الْأَوَّلِينَ فِي أَلْفَاظِ الْعُمُومِ فِي نُصُوصِ الشَّارِعِ كُلَّمَا رَأَوْهُمْ قَالُوا: مَنْ قَالَ كَذَا فَهُوَ كَافِرٌ، اعْتَقَدَ الْمُسْتَمِعُ أَنَّ هَذَا اللَّفْظَ شَامِلٌ لِكُلِّ مَنْ قَالَهُ وَلَمْ يَتَدَبَّرُوا أَنَّ التَّكْفِيرَ لَهُ شُرُوطٌ وَمَوَانِعُ قَدْ تَنْتَفِي فِي حَقِّ الْمُعَيَّنِ وَأَنَّ تَكْفِيرَ الْمُطْلَقِ لَا يَسْتَلْزِمُ تَكْفِيرَ الْمُعَيَّنِ إلَّا إذَا وُجِدَتْ الشُّرُوطُ وَانْتَفَتْ الْمَوَانِعُ" الفتاوى 12/487-488.

دەڵێ: ئەهلی بیدەع لەڕاستیدا سەیری ئەلفازە گشتیەکانی وتەکانی پێشەوایان دەکەن، هەروەك چۆن بیدعەچیەکانی سەرەتای ئومەت سەیری ئەڵفازە

گشتیەکانی قورئان و سونەتیان ئەکرد هەرکاتێ نەصێکیان ببینیایە بڵێ هەرکەسێ ئاوا بڵێ ئەوا کافرە وا حاڵی دەبوون ئەم لەفزە هەموو کەسێ ئەو قسەیە بکات ئەیگرێتەوە، بیریان لەوە نەکردۆتەوە کە تەکفیرکردنی موسڵمانی مونتسیب دەبێت لەحەقیدا مەرجەکان بێتەدی و ڕێگریەکان لابچێت، وە تەکفیری موطلەق لە کیتاب و سونەت واتای تەکفیری دیاریکراو ناگەیەنێ تەنها کاتێ نەبێت مەرجەکانی تێدا هاتبێتەدی و ڕێگریەکانی نەمابێت."

کەواتە ئەم شێرکۆ بێ مێشکەش هەمان ڕێچکەی خەواریجەکان و ئەهلی کەلامی گرتۆتە بەر ئەوەنە جاهیلە وا ئەزانێ هەر دەقێ لەقورئان وتی هەرموسڵمانێ شیرکێکی ئەنجام دا ئەوا ئەبێ بە موشریك و هەموو کردەوەکانی پوچەڵ ئەبێتەوە و بەڵام ئەو هەموو دەقانەی تر کە عوذری بەجەهل و خطأ و تەئویل و ئکراە داناوە بۆ کەسی مونتەسیب بۆ ئیسلام هیچی کۆناکاتەوە و باسیان ناکات و کاریان پێ ناکات و وەك ئەوەی هەرنەبن و باوەڕی پێیان نەبێت، ئەچێ وەك خوارێج دەقەکانی وەعید و هەڕەشە ڕاستەوخۆ ئەیچەسپێنێ بەسەر موسڵمانانداو و موسڵمانانی پێ تەکفیر ئەکات.

سێیەم: ئەم ئایەتە کە اللە تعالی بە پێغەمبەرەکەی دەفەرمێت[لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ] ئەگەر هاوبەش بڕیاربدەیت هەموو کردەوەکانت پوچەڵ ئەبێتەوە، ئایا پێغەمبەر صلی اللە علیه وسلم نەزان بووە و جەهلی هەبووە بە ناسینی شیرك لەبەرامبەریشدا عوذری نەبێت و کردەوەکانی پوچەڵ ببێتەوە ؟

یان زانا بوە ، هەروەها ئەم ئایەتەی تر کە دەفەرمێت ئەگەر سەرجەم پێغەمبەرانیش شیرك ئەنجام بدەن ئەوا کردەوەکانیان بەتاڵ ئەبێتەوە (ذَٰلِكَ هُدَى ٱللَّهِ يَهۡدِى بِهِۦ مَن يَشَآءُ مِنۡ عِبَادِهِۦۚ وَلَوۡ أَشۡرَكُواْ لَحَبِطَ عَنۡهُم مَّا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ)[سورة الأنعام 88] ئایا پێغەمبەران نەزان و جاهیل بونە بەشیرك تاکو تۆ بێی ئەم ئایەتانە بکەی بەبەڵگەی نەبونی عوذر بەنەزانی ؟ نەخێر بێگومان پێغەمبەران هەمویان زانا بوون بۆیە تحقیقی مناطەکە لێرە بونی عیلمە کە عیلمیان هەیە بۆیە کردەوەکانیان پوچەڵ ئەبێتەوە و هەرکەسێکیش عیلمی هەبێ ئەوا ئەو حوکمە ئەیگرێتەوە، وە هیچ یەکێ لە موفسیرین بەهیچ شێوەیەك لەتەفسیری ئەو ئایەتانەدا نەیان فەرموە ئەم ئایەتانە هەر کەسێ ئەگرێتەوە کە شیرك ئەنجام بدات و پێی موشریك ئەبێ ئەگەرچی نەزانیش بێت، بەڵکو ئەو تەحریفە تەنها لەگیرفانی بەتاڵی شیرکۆ دەجاڵ دایە.

بەڵکو اللە تعالی لەسورەتی موحەمەد هەڵوەشاندنەوەی کردەوەکانی پیوەست کردوە بەزانین و بۆ ڕون بونەوەی حەق وەك دەفەرمێت (إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَصَدُّواْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ وَشَآقُّواْ ٱلرَّسُولَ مِنۢ بَعۡدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمُ ٱلۡهُدَىٰ لَن يَضُرُّواْ ٱللَّهَ شَيۡـٔٗا وَسَيُحۡبِطُ أَعۡمَٰلَهُمۡ)[سورة محمد 32].

واتە: بەڕاستی ئەوانەی کەکافرن و ڕێگە لەبڵاوکردنەوەی پەیامی خوا دەگرن دژایەتی ڕێبازی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەکەن، دوای ئەوەی

ڕێبازی هیدایەت و ڕاستیان بۆ ڕوون بۆتەوە، ئا ئەوانەهەرگیز ناتوانن زیان بەخواو ئاینی خوا بگەیەنن.... خوای گەورەش لەئایندەیەکی نزیکدا هەموو کاروکردەوەیان پووچەڵ دەکاتەوە.

پاشان ئەم ئایەتەی خوارەوە نەقڵ ئەکات ↓↓↓↓

وە ئەفەرموویّت سبحانە وتعالی :

[وَإِنَّ الشَّيَاطِينَ لَيُوحُونَ إِلَىٰ أَوْلِيَائِهِمْ لِيُجَادِلُوكُمْ ۖ وَإِنْ أَطَعْتُمُوهُمْ إِنَّكُمْ لَمُشْرِكُونَ] الأنعَام (١٢١)

[وَإِنَّ الشَّيَاطِينَ لَيُوحُونَ إِلَىٰ أَوْلِيَائِهِمْ] و بشزانن کە شەیاطینەکان هەمیشە شتی پڕوو پووچ ئەخەنە دڵی دۆستەکانیانەوە و، دنەیان ئەدەن [لِيُجَادِلُوكُمْ] بۆ ئەوە موجادەلە و دەمە قاڵّیتان لەگەڵ بکەن و، کێشەوگرفتان بۆ بنێنەوە [وَإِنْ أَطَعْتُمُوهُمْ إِنَّكُمْ لَمُشْرِكُونَ] خۆ ئەگەر بە گوێتان کردن لە گوتە و کار و بۆ چوونەکانیاندا، دڵنیابن ئێوەیش موشریک و هاوبەشدانەرن، چونکە پەیڕەوی کردنی غەیری بەرنامەی اللە تعال ، کوفر و هاوەڵدانانە بۆ اللە تعالی .

لێرەش باسی کەسانی موسڵمانە ئەگەر شوێنی شەیطان کەوتن و بەگوێی شەیطانەکان بکەن لە قسە و کار و کردەوە و بیر و بۆ چونیان ئەوە ئەو موسڵمانانەش ئەبنە موشریک و هاوبەش پەیداکەر .

جا لەم ئایتە پیرۆزانە و ئەوانی تری هاوشێوەش ئەوەمان بۆ ڕوون ئەبێتەوە کە جیاوازی نیە لە نێوان کەسێک کە ئەکوێتە ناو شیرکەوە جا ئەو کەسە مونتەسەب بێت بۆ ئیسلام یان کافری ئەصڵی بێت ، ئەصڵن ئەم ئایەتانە باسی کەسی مونتەسەبە بۆ ئیسلام ، وە هیچ بەڵگەیەک نیە ئەوە تەخصیص بکات و جیاکاری بکات لە نێوان ئەو کەسانەی شیرک ئەنجام ئەیەن بڵێت : کافرە ئەصڵیەکە شیرکەکەی لەسەر ئەکەوێت و بەڵام موسڵمانەکە کە نەفسی شیرکی ئەنجام یاوە عەفوە و لەسەری ناکەوێت !

↓

وەڵامی/ ئەم ئایەتە پیرۆزە دەفەرمێت ئەگەر بەگوێیان بکەن لەمەبەدوا ئەوا دەبن بەهاوبەشدانەر پێش ئەم خطابە تەکفیری نەکردن و نەی فەرموو ئێوە موشریك بوون، بەڵکو سەرەتا بۆیانی ڕوون کردوەوە و خطابەکەی تێگەیاندن و ئیقامەی حوجەی لەسەرکردن، ئەمەش هیچ پەیوەندی نیە بەنەبوونی عوذر بەجەهل بەڵکو ئەمە بەڵگەیە لەسەرتان.

والحمدلله رب العالمين.

وەڵامی وانەی 22 ی قاعیدە گومڕاکەرەکان

بسم الله والحمدلله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن والاه أما بعد :

ئەڵێن ئایەتەکانی میساق و فیترە و ئایەتە کەونی عەقڵیەکان بەڵگە و حوجەیەکی سەربەخۆیە لەشیرکدا پاشان لەخوا ناترسێت ئەو درۆ گەورەیە ئەداتە پاڵ زانایان و موفسیرینی قورئان کە گوایە دەڵێن بەڵگەی میثاق حوجەیە لەسەر ئەوەی بیانوو بەنەزانین نیە لەشیرکی گەورە !!! وەك ئەوەی ناردنی پێغەمبەران و دابەزاندنی کتێبەکان لەزیادەن و هاتنی ئەو هەموو پێغەمبەرە کەبانگەوازیان دەکرد بۆ تەوحید لەزیادە بوە بێ سوود خۆیان هیلاك کردوە چونکە ئەو قەومانە تەوحیدو شیرکیان زانیوە، باشە ئەگەر تەوحیدی ئولوهیەت بەفیترەت زانراوە بۆچی دەیان هەزار پێغەمبەر ڕەوانە ئەکرێن بۆ بانگەکردنی بەتەنها دانانی الله لەپەرستن ؟! بۆچی بانگەوازەکەیان بۆشتی تر نەبوو ؟ بۆچی ئەوهەموو گەل ونەتەوانە بەچینی دەسەڵاتدار و عەوام دژایەتیان ئەکرد و ئینکاریان لێ ئەکرد و پێیان سەیر بوو (أَجَعَلَ ٱلۡـَٔالِهَةَ إِلَٰهٗا وَٰحِدًاۖ إِنَّ هَٰذَا لَشَيۡءٌ عُجَابٞ)[سورة ص 5] ؟ ئایا هەموو ئەو هەموو گەل و نەتەوە کافرانەی بەرهەڵستی پێغەمبەرەکانیان ئەکرد هەموویان کوفرەکەیان کوفری جحود و عیناد بوو؟!!!!!! کەواتە کافر و بتپەرستەکان

بەقسەی ئێوە بێ بەهۆی جەهل یان کافرنەبوونە و کوفری جەهل بونی نیە لای کافرانی ئەصلی ؟!!! هەروەها هەموو ئەوانەشی هیچ بانگەوازێکی پێغەمبەرانیان پێ نەگەیشتوە و ئەهلی فەترەن هەموویان کافرن و لەڕۆژی دوایی بۆ دۆزەخن ئەمەش پێچەوانەی عەدل و رەحمەت و حیکمەتی خواییە و پێچەوانەی چەندین ئایەت و فەرموودەی صەحیحە.

جا ئێستا با بزانین ئەو ئایەت وفەرمودانەی ئاوانە باسی ئەکەن و ئەیهێننەوە مانای ئاوا دەگەینەنن ؟!!

اللە تعالی دەفەرمێت (أَيُشْرِكُونَ مَا لَا يَخْلُقُ شَيْـًا وَهُمْ يُخْلَقُونَ)[سورة الأعراف 191].

ابن جرير لەتەفسیری ئەم ئایەتە دەڵێت:

"يقول تعالى ذكره: أيشركون في عبادة الله، فيعبدون معه "ما لا يخلق شيئًا"، والله يخلقها وينشئها؟ وإنما العبادة الخالصة للخالق لا للمخلوق".

واتە: ئایا هاوبەش لەپەرستنی اللە دادەنێن، کەسانێ دەپەرستن لەگەڵی، کەئەوانە خالق نین، لەکاتێکدا اللە دروستکار و بەدیهێنەریانە، ؟ وە چونکە پەرستنی تاك و تەنها بۆ خالقە نەك مەخلوق."

ئەم ئایەتە هیچ پەیوەندی نیە بەنەبونی بیانووی نەزانی بەڵکو ئەم ئایەتە بەڵگەی عەقڵیە عەقڵی کافران ئەجوڵێنێ کەچۆن دەبێ بتێ بپەرستن کەهیچی بەدەست نیە کە خۆی مەخلوقە ئەم ئایەتە عەقڵیان دێنێتەوە فیترەتیان زیندوو

ئەکاتەوە ژیریان ئەخاتەوە کار بەو پەیام و دواندنە خواییە نەك مانای ئەوە بێ خودی ژیریەکە بۆ خۆی بەڵگە بێ بەڵکو ئەم ئایەتە پێمان دەڵێ کەژیری و فیترەت تێکدەچێ وەک ئەو کافرانە کە فیترەتیان تێکچووە و بۆیان چاك ئەکاتەوە.

هەروەها ئەم ئایەتە باس لەوە دەکات کە ئەوانە تەوحیدی "ربوبیەت" یشیان لەکەی تێکەوتوە چونکە ئایەتەکە تەوحیدی ڕبوبیەتیان بەبیردێنێتەوە کە مەسەلەی نەناسینی پەروەردگارێتی خوا نەزانین تیای قبوڵ کراونیە چونکە پێچەوانەی ژیری وفیترەتە بەڵام دەبینی ئەوانە لەوەشدا کێشەیان بۆ دروستبوە بۆیە لەوەوە چاکیان ئەکاتەوەو ڕایان ئەکێشێ بۆ تەوحیدی پەرستراوێتی.

هەروەها ئەم ئایەتانەش هەمان ماناو هەمان مەبەست ئیقرار دەکەن و زیدوو دەکەنەوە لەناخی بتپەرستەکان

(يُولِجُ ٱلَّيۡلَ فِي ٱلنَّهَارِ وَيُولِجُ ٱلنَّهَارَ فِي ٱلَّيۡلِ وَسَخَّرَ ٱلشَّمۡسَ وَٱلۡقَمَرَۖ كُلّٞ يَجۡرِي لِأَجَلٖ مُّسَمّٗىۚ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمۡ لَهُ ٱلۡمُلۡكُۚ وَٱلَّذِينَ تَدۡعُونَ مِن دُونِهِۦ مَا يَمۡلِكُونَ مِن قِطۡمِيرٍ)[سورة فاطر 13]

(ضَرَبَ لَكُم مَّثَلٗا مِّنۡ أَنفُسِكُمۖ هَل لَّكُم مِّن مَّا مَلَكَتۡ أَيۡمَٰنُكُم مِّن شُرَكَآءَ فِي مَا رَزَقۡنَٰكُمۡ فَأَنتُمۡ فِيهِ سَوَآءٞ تَخَافُونَهُمۡ كَخِيفَتِكُمۡ أَنفُسَكُمۡۚ كَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلۡأٓيَٰتِ لِقَوۡمٖ يَعۡقِلُونَ)[سورة الروم 28].

ئەم ئایەتەش بەهەمان شێوە بەڵگەی ژیری ئەخاتەڕووی کافرە بتپەرستەکان و کاتێ ئەو ئەو ژیریە لایان کەوتەوە کار وبیریان کردەوە ئەوکات ئەیانهێنێ بەرەو تەوحیدی ئولوهیەت قەناعەتیان پێ ئەکات کە مادام اللە تاك وتەنها پەروەردگارێتی وخەلق و مولك و تەدبیر کەواتە ئەبێت هەر ئەویش بەتاك و تەنها بپەرسترێت، کەواتە ئەو کافرانە بەجۆرێ فیترەتیان تێکچووبوو کە ئاگایان لەتەوحیدی ربوبیەتیش نەمابوو وەکو پێویست بۆیە سەرەتا لەوەوە بانگیان ئەکات تاکو تێیان بگەیەنێ لە تەوحیدی ئولوهیەت لەوەی کەدەبێ تەنها اللە بەپەرسترێ. هەربۆیە ئەوانە نەك هەر ئەقڵیان بەپەرستنی خوا نەشکاوە بەتاک وتەنها بەڵکو ئەقڵیان بەتاك و تەنهایی خواش نەشکاوە وەکو پێویست لەخەڵق و مولک و تەدبیردا هەندێ جار ئەگەر دانیشیان پێدانابێ بەڵام بیریان لێ نەکردۆتەوە وایان لێ بکات کەهەر ئەو شایستەی پەرستنە کەواتە فیترەت تێك دەچێت هەموو کات بەسەلیمی نامێنێتەوە بۆئەوەی خوا بناسێ چ جای هەموو وێنەکانی عیبادەت بناسێ و بەتاک و تەنها ئەنجامی بدات بۆی، بۆیە اللە تعالی پێغەمبەرانی ناردوە بەو پەیام و،ڕونکردنەوە عەقڵی و کەونی ونەفسی و شەرعیانە دەیانهێنێتەوە سەر ڕێگا و فیترەت. هەموو ڕاڤەکارانی قورئان هەروا دەڵێن وڕوونە مانا و مەبەستەکانیان ئەوەتا ابن جریری الطبری دەڵێت:"

وقوله: ﴿كَذَلكَ نُفَصّلُ الآياتِ لِقَوْمٍ يَعْقِلُونَ﴾

يقول تعالى ذكره: كما بيَّنا لكم أيها القوم حججنا في هذه الآيات من هذه السورة على قدرتنا على ما نشاء من إنشاء ما نشاء، وإفناء ما نحبّ، وإعادة ما نريد إعادته بعد فنائه، ودللنا على أنه لا تصلح العبادة إلا للواحد القهار، الذي بيده ملكوت كلّ شيء كذلك نبين حججنا في كل حقّ لقوم يعقلون، فيتدبرونها إذا سمعوها، ويعتبرون فيتعظون بها."

واته: هەروەك چۆن بەڵگەکانمان بۆ روونکردنەوە بەڵگەمان هێنایەوە لەم ئایەتانە لەسەر تواناو دەسەڵاتمان لەسەر ئەوەی بمانەوێ دروستی بکەین ئەوەشی بمانەوێ لەناوی ببەین ئەوەشی بمانەوێ بیگێڕینەوە وە بەڵگەمان هێنایەوە کە عیبادەت ناشێت بۆ خوای تاکو تەنهای زاڵ کەجڵەوی هەمووشتێکی بەدەستە بەو شێوەیە بەڵگەکانمان ڕوون ئەکەینەوە دەربارەی هەموو ڕاستیەك بۆ گەلێك تێبگەن وبیری لێ بکەنەوە کاتێ بیستیان و پەندی لێ وەرگرن."

هەروەها امام ابن كثير يش دەڵێت:"

هَذَا مَثَلٌ ضَرَبَهُ اللَّهُ تَعَالَى لِلْمُشْرِكِينَ بِهِ، الْعَابِدِينَ مَعَهُ غَيْرَهُ، الْجَاعِلِينَ لَهُ شُرَكَاءَ وَهُمْ مَعَ ذَلِكَ مُعْتَرِفُونَ أَنَّ شُرَكَاءَهُ مِنَ الْأَصْنَامِ وَالْأَنْدَادَ عُبَيْدٌ لَهُ، مِلْكٌ لَهُ، كَمَا كَانُوا فِي تَلْبِيَتِهِمْ يَقُولُونَ: لَبَّيْكَ لَا شَرِيكَ لَكَ، إِلَّا شَرِيكًا هُوَ لَكَ، تَمْلِكُهُ وَمَا مَلَكَ."

ئەمە نمونەیەکە اللە تعالى دەیهێنێتەوە بۆ ئەوانەی هاوبەشی بۆ دادەنێن کەسانی

تر دەپەرستن لەگەڵی لەگەڵ ئەوەشدا اعتیراف دەکەن ئەو داروبەردو بت و هاوبەشانە بەندەی خوان، مولکی خوان هەروەك لەکاتی تەلەبیەکردنیان دەیانوت."

کەواتە تەنها ربوبیەت لەفیترەت چەسپاوە نەك ئولوهیەت هەر بۆیە پێغەمبەران هاتوون وئایەتەکان دابەزیون تاکو لەڕێگای تەوحیدی ڕبوبیەتەوە بیانبەن بەرەو تەوحیدی ئولوهیەت.

اللە تعالی دەفەرمێت(وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّىٰ نَبۡعَثَ رَسُولا)[سورة الإسراء 15].

شێخی شەنقیطی لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێ:" فإنه قال فيها : حتى نبعث رسولا، ولم يقل حتى نخلق عقولاً، وننصب أدلة ، ونركز فطرة" واتە: خوای گەورە فەرموی تاکو پێغەمبەری نەنێرین نەیفەرموو تاکو عەقڵێ دروست بکەین و بەڵگەی کەونی دابنەین لەفیترەت جێگیری بکەین."

پاشان دەربارەی میثاق اللە تعالی دەفەرمێت:"

(وَإِذۡ أَخَذَ رَبُّكَ مِنۢ بَنِيٓ ءَادَمَ مِن ظُهُورِهِمۡ ذُرِّيَّتَهُمۡ وَأَشۡهَدَهُمۡ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡ أَلَسۡتُ بِرَبِّكُمۡۖ قَالُواْ بَلَىٰ شَهِدۡنَآ أَن تَقُولُواْ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ إِنَّا كُنَّا عَنۡ هَٰذَا غَٰفِلِينَ) [سورة الأعراف 172].

سەرەتا بابراینین چۆن ئەو میثاق و بەڵێن وپەیمانە ئەنجام درا ؟ ئەهلی عیلم دەربارەی ئەوە دوو وتەیان هەیە:-

وتەی یەکەم:- ئەڵێ اللە تعالی لەجیهانی غەیب هەموو نەوەکانی ئادەمی لەپشتی ئادەم دەرهێنا شایەدی لێ وەرگرتن کە تەنها اللە پەروەردگار و دروستکاریانە ئەمەش وتەی جەماوەری ڕاڤەکارانە.

ئیمامی بەغەوی رحمه الله دەڵێت : " فَإِنْ قِيلَ: كَيْفَ تَلْزَمُ الْحُجَّةُ عَلَى أَحَدٍ لَا يَذْكُرُ الْمِيثَاقَ؟ قِيلَ: قَدْ أَوْضَحَ اللَّهُ الدَّلَائِلَ عَلَى وَحْدَانِيَّتِهِ وَصِدْقِ رُسُلِهِ فِيمَا أَخْبَرُوا، فَمَنْ أَنْكَرَهُ كَانَ مُعَانِدًا نَاقِضًا لِلْعَهْدِ وَلَزِمَتْهُ الْحُجَّةُ، وَبِنِسْيَانِهِمْ وَعَدَمِ حِفْظِهِمْ لَا يَسْقُطُ الِاحْتِجَاجُ بَعْدَ إِخْبَارِ الْمُخْبِرِ الصَّادِقِ صَاحِبِ الْمُعْجِزَةِ."

واتە: ئەگەر بوترێت چۆن ئەم میثاق و پەیمانە ئەبێت بەحوجە بەڵگە لەسەر کەس لەکاتێکدا هیچ کەسێك ئەو پەیمانەی بەبیرنایات ؟ دەوترێت اللە بەڵگەکان لەسەر یەکانەیی خۆی و ڕاستی پەیامبەرەکانی ڕوون کردۆتەوە، هەرکەسێك نکۆڵی لێ بکات ئەوە بە سەرکەش وعیناد و هەڵوەشێنەرەوەی پەیمانەکە دادەنرێت و حوجە لەسەری جێ بەجێ دەبێت، وەکاتێك پێغەمبەری ڕاستگۆی خاوەن موعجیزە هەواڵیان پێ بدات ئیتر بیانوو هێنانەوە بەلەبیرنەمان هیچ ئەرزش و حوجەیەکی نامێنێت."

[کەواتە خودی پەیمانەکە نابێت بەبەڵگەو حوجە هەتا پێغەمبەر نەیخاتەوە یادت و بۆت ڕوون نەکاتەوە.]

وتەی دووەم : دەڵێت مەبەست لە پەیمان و میثاقەکە ئەوەیە کە اللە تعالی لەسەر ئیسلام و پاکی و ناسینی یەکانەیی خوا دروستی کردون ئەم وتەیەش

ئیمامی ئیبن وکەسیر دەڵێ ئەمە وتەی تاقمێکە لەسەلەف و خەلەف وە ئەم میثاقە خودی فیترەتە هەروەها نەفی ڕودانی شایەدیدان دەکات بەڕێگای یەکەم دەڵێت:"

قَالُوا: وَمِمَّا يَدُلُّ عَلَى أَنَّ الْمُرَادَ بِهَذَا هَذَا، أَنْ جَعَلَ هَذَا الْإِشْهَادَ حُجَّةً عَلَيْهِمْ فِي الْإِشْرَاكِ، فَلَوْ كَانَ قَدْ وَقَعَ هَذَا كَمَا قَالَهُ مَنْ قَالَ لَكَانَ كُلُّ أَحَدٍ يَذْكُرُهُ، لِيَكُونَ حُجَّةً عَلَيْهِ. فَإِنْ قِيلَ: إِخْبَارُ الرَّسُولِ بِهِ كَافٍ فِي وُجُودِهِ، فَالْجَوَابُ: أَنَّ الْمُكَذِّبِينَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ يُكَذِّبُونَ بِجَمِيعِ مَا جَاءَتْهُمْ بِهِ الرُّسُلُ مِنْ هَذَا وَغَيْرِهِ. وَهَذَا جَعَلَ حُجَّةً مُسْتَقِلَّةً عَلَيْهِمْ، فَدَلَّ عَلَى أَنَّهُ الْفِطْرَةُ الَّتِي فُطِروا عَلَيْهَا مِنَ الْإِقْرَارِ بِالتَّوْحِيدِ؛ وَلِهَذَا قَالَ: ﴿أَنْ يَقُولُوا﴾ أَيْ: لِئَلَّا يَقُولُوا يَوْمَ الْقِيَامَةِ: ﴿إِنَّا كُنَّا عَنْ هَذَا﴾ أَيْ: [عَنِ] التَّوْحِيدِ ﴿غَافِلِينَ أَوْ تَقُولُوا إِنَّمَا أَشْرَكَ آبَاؤُنَا﴾ الْآيَةَ.

واتە: دەڵێن بەڵگەش لەسەر ئەوەی کەئەمەیە ماناکەی، ئەوەیە کە ئەم شایەدی لەسەر گرتنە بۆ ئەوەیە کە هاوبەشی بۆ دانەنێن ئەگەر بێتو ئەمە لەڕاستیدا ڕوی بدایە وەك ئەوانەی دەڵێن ئەوا هەموو کەس لەیادی ئەبوو و ئەبوو بەحوجە لەسەری ، ئەگەر بوترێت هەواڵ پێدانی پێغەمبەر کافیە بۆ بوونی، لەوەڵامدا ئەڵێین: ئەوانەی پێغەمبەران بەدرۆ دادەنێن لەموشریکان هەرچی پێغەمبەران هێناویانە لەم هەواڵەو لەغەیری ئەم هەواڵە بێ باوەڕن پێی و بەدرۆی ئەزانن، ئایەتەکەش بەحوجەیەکی سەربەخۆی دائەنات

لەسەریان کەواتە مەبەست پێی فیترەتە ئەو فیترەتەی لەسەری دروست کراون لەدان پێدانان بەیەکانەیی خوا هەربۆیە فەرموی بۆ ئەوەی لە قیامەت نەڵێن ئێمە لەم یەکانەیەی خوا بێ ئاگابووین."

کەواتە قەولی دووەم کە قەولی کۆمەڵێ لەسەلەف و خەلەف و ابن کثیرە دەڵێن میثاق بریتیە لەو فیترەتەی کە خوا مەخلوقاتی لەسەر دروست کردوە کە لەناخی هەمویان هەیە کە لەبووندا تەنها خوایەك هەیە.

هەروەها شێخی ئیسلام ئیبن و تەیمیە دەربارەی ئایەتی پەیمان و میثاق دەڵێت: فإن هذه الأية بينه في إقرارهم وشهادتهم على أنفسهم بالمعرفة التي فطروا عليها أن الله ربهم وقال صلى الله عليه وسلم كل مولود يولد على الفطرة"جامع رسائل 1/11

واتە: ئەم ئایەتە دانپێدانیان و شایەدیدانیان ڕوون ئەکاتەوە لەسەر خۆیان بەو ناسینەی کە لەسەری بەدیهێنراون کە تەنها اللە پەروەردگاریانە هەروەك پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەفەرمێت هەموو لەدایك بویەک کە لەدایك ئەبێت لەسەر فیترەت لەدایك ئەبێت"

[کەواتە ئەو ناسینە تەوحیدی ڕبوبیەتە و پەروەردگاریێتی و ناسینی خوا و بونی خوایە, نەك ناسینی هەموو کوفر و شیرکێ]

هەروەها شێخی ئیسلام دەفەرمێت:" (كل مولود يولد على الفطرة فأبواه يهودانه أو ينصرانه أو يمجسانه) فالصواب أنها فطرة الله التي فطر الناس عليها

وهي فطرة الإسلام وهي الفطرة التي فطرهم عليها يوم قال:(ألست بربكم قالوا بلى).وهي السلامة من الإعتقادات الباطلة والقبول للعقائد الصحيحة "مجموع الفتاوى 2/245

واتە: فەرمودەی (هەموو لەدایك بویەك كەلەدایك دەبێت لەسەر فیترەت لەدایك ئەبێت پاشان باوانی دەیكەن بەجولەكە یان گاور یان مەجوسی) وتەی ڕاستوپەسەند دەربارەی فیترەت بریتیە بریتیە لەفیترەتی ئیسلام كەخوای گەورە ئەو منالانەی لەسەر دروست كردوە ئەمە فیترەتەش هەر ئەمەیە كە ڕۆژەكە فەرمووی پێیان(ئایا من پەروەردگاری ئێوە نیم وتیان بەڵێ) ئەم فیترەتەش بریتیە لەسەلامەتی و دووری لەبیروباوەڕە پوچەڵەكان و پەسەندكردن بۆ بیروباوەڕە ڕاست و دروستەكان."

هەروەها دەفەرمێت:"فإشهادهم على أنفسهم جعلهم شاهدين على أنفسهم ، أي مقرين له بربوبيته، كما قال في تمام الكلام (ألست بربكم قالوا بلى) فقولهم : بلى شهدنا هو إقرارهم بربوبيته، وهو شهادتهم على أنفسهم بأنه ربهم وهم مخلوقون به، فشهدوا على أنفسهم بأنهم عبيده."درء التعارض 8/488.

واتە: شایەدیان لەسەرخۆیان واتە دانیان نا بەربوبیەت و پەروەردگاریەتی هەروەک فەرموی (ألست بربكم قالوا بلى) واتە شایەدیمان دا ، ئیقرارکردنیانە بەربوبیەتی خوا كەئەو پەروەردگاریانە و مەخلوقی ئەون و بەندەی ئەون."

هەروەها لەوتەیەکی زێڕینی تریدا شێخی ئیسلام ئیبن و تەیمیە دەفەرمێت :" وإذا قيل : إنه ولد على الفطرة الإسلام ، أو خلق حنيفاً ونحو ذلك .

فليس المراد به أنه حين خرج من بطن أمه يعلم هذا الدين ويريده . فإن الله تعالى يقول :(وَٱللَّهُ أَخۡرَجَكُم مِّنۢ بُطُونِ أُمَّهَٰتِكُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ شَيۡـٔٗا) ولكن فطرته مقتضية موجبة لدين الإسلام ، بمعرفته ومحبته. فنفس الفطرة تستلزم الإقرار بخالقه و محبته وإخلاص الدين له ، وموجبات الفطرة ومقضيها تحصل شيئاً بعد شيء، بحسب كمال الفطرة ، إذا سلمت من المعارض ، وليس المراد مجرد قبول الفطرة لذلك أكثر من غيره ، كما أن كل مولود يولد فإنه يولد على المحبة ما يلائم بدنه من الأغذية والأشربة ، فيشتهي اللبن الذي يناسبه ، فهو سبحانه خلق الحيوان مهتدياً إلى طلب ما ينفعه ، ودفع ما يضره ثم هذا الحب والبغض يحصل فيه شيئا فيها بحسب حاجته، ثم قد يعرض لكثير من الأبدان ما يفسد ما ولد عليه من الطبيعة السليمة والعادة الصحيحة."درء التعارض(8/386).

واتە: ئەگەر وترا ئاخر ئەو لەدایك بووە لەسەر فیترەتی ئیسلام یان دروستکراوە لەسەر حەنیفیەت وتەوحید ئەمشتانە. دەڵێین مەبەست لەم قسەیە ئەوە نیە ئەم کەسە کەلەدایك بووە ئەم دینەی زانیوە و ئەم دینەی ویستوە چونکە خوای گەورە دەفەرمێت(الله لەسکی دایکانتان دەریهێناون

هیچتان نازانی) بەڵام فیترەتی ئینسان داخوازی دینی ئیسلام ئەکات داخوازە بۆ ناسینی و خۆشویستنی، خودی فیترەت پێویست دەکات دان بنەی بەخالقەکەت و خۆشویستنی وبەتەنها پەرستنی وە داخوازیەکانی فیترەت پلە بەپلەیە دێتەدی بەپێی تەواوێتی فیترەت کە ئەو فیترەتە پارێزراو بوو لەبەربەستەکان، مانای ئەوە نیە کەفیترەت هەر ئەوە قبوڵ بکات زیاتر لەشتی تر هەروەك چۆن هەموو منااڵێ کەلەدایک ئەبێ لەسەر ئەوشتانە لەدایك ئەبێ کە گونجاوە لەگەڵ لاشەی لەخواردن و خواردنەوە کە حەزی لەشیرە زیاتر لەشتی تر چونکە گونجاوە بۆی. خوای گەورە گیاندارانی دروست کردوە ڕێنمایی کردوە بەرەو ئەوشتانەی سوودی پێدەگەیەنێ و وەدوورکەوتنەوەی لەوشتانەی کەزیانی لێ دەدات جا بەپێی پێوستی ئەو گیاندارە خۆشەویستی و ڕق بونەوە لەو شتە پلە بە پلە دروست ئەبێ، پاشان زۆرێ لە لاشەکان توشی شتانێك ئەبێت کەلەسەر ئەو فیترەتە سەلیمە ڕاستەی دروست بوە نامێنێ."

هەروەها شێخ دەفەرمێت:" وهذا أصح الأقوال وعليه يدل الكتاب والسنة ، فإن الله أخبر عن أعمال الكفار بما يقتضي أنها سيئة قبيحة مذمومة، قبل مجيء الرسول إليهم ، وأخبر أنه لايعذبهم إلا بعد إرسال رسول إليهم وقوله تعالى: (وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّىٰ نَبْعَثَ رَسُولا) حجة على الطائفتين، وإن كان نفاة التحسين والتسبيح العقلي يحتجون بهذه الأية على منازعيهم، فهي حجة عليهم

أيضاً فإنهم يجوزون على الله أن يعذب من لاذنب له ومن لم يأته رسول ، ويجوزون تعذيب الأطفال والمجنون الذين لم يأتهم رسول ، بل يقولون : إن عذابهم واقع وهذه الأية حجة عليهم كما أنها حجة على من جعلهم معذبين بمجرد العقول من غير إرسال رسول، والقرآن دل على ثبوت حسن و قبح قد يعلم بالعقول ، ويعلم أن هذا الفعل محمود ومذموم، ودل على أنه لايعذب أحداً الا بعد إرسال رسول والله سبحانه أعلم "درء تعارض (8/488).

دەڵێ : ئەمە ڕاستترینی وتەکانە کەبەڵگەی قورئان و سونەتی لەسەرە، چونکە خوای گەورە هەواڵی پێداوی لەسەر زەم و ناشرینی کردەوەی کافران پێش ئەوەی پێغەمبەریان بۆ بنێرێ هەروەها هەواڵیشی پێداوین کەسزایان نادات تاکو پێغەمبەریان بۆ نەنێرێت ، ئەم ئایەتەش بەڵگەیە لەسەر هەردوو تاقمەکە (وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّىٰ نَبْعَثَ رَسُولا) ئەگەر چی ئەوانەی ئەڵێن ناپەسەندی و پەسەندی نیە لەعەقڵ دا بەڵگە دێننەوە بەم ئایەتە لەسەر بەرامبەرەکانیان بەهەمان شێوە ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر خۆشیان چونکە ئەڵێن جائیزە خوا سزای کەسانێ بدات ئەگەر پێغەمبەریشی بۆنەناردبن وە ئەڵێن جائیزە سزای منادڵ و شێتەکانیش بدات کە پێغەمبەریان بۆنەچوە ئەمە ئایەتە بەڵگەیە لەسەریان هەروەها بەڵگەیە لەسەر ئەوانەشی کەدەڵێن تەنها بەوەنەی عەقڵ ناشرینی کردەوەکان بزانێ کافیە بەبێ ئەوەی پێویست بەناردنی پێغەمبەر بکات ، قورئان بەڵگەی هێناوەتەوە لەسەر جێگیربونی شتانێ کە ئەشێ ناشرینی و

چاکیان بەعەقڵ بزانرێ بەهەمان شێوەیەش بەڵگەی هێناوەتەوەش لەسەر ئەوەشی کە سزای هیچ کەسێ نادات بەبێ ناردنی پێغەمبەر، اللە سبحانە وتعالی زاناترە."

هەروەها ئیمامی ابن القیم دەڵێت:" فالميثاق الذي أخذه سبحانه عليهم ، والإشهاد الذي أشهدهم على أنفسهم، والإقرار الذي أقروا به هو الفطرة التي فطروا عليها ؛ لأنه سبحانه احتج عليهم بذلك وهو لايحتج عليهم بما لا يعرفه أحد منهم ولا يذكره، بل بما يشتركون في معرفته ، والإقرار به."أحكام أهل الذمة2/942

واتە: ئەو پەیمانەی اللە تعالی لێی وەرگرتون ، وە ئەشایەدیەی اللە تعالی کردونی بەشایەد لەسەرخۆیان، هەروەها ئەو دانپێداهێنانەی کەدانیان پێدانا بریتیە لەو فیترەتەی کەلەسەری بەدیهێناون چونکە اللە تعالی کە ئەوەی کردوە بەبەڵگە لەسەریان شتێ ناکات بەبەڵگە لەسەریان کەنەیناسن و لەبیریان نەبێت بەڵکو ئەو بەڵگەیە شتێکە هەمویان هاوبەشن لەناسینی ودانپێدانانی."

[کەواتە پەیمانەکە بریتیە لەو فیترەتەی کەخوا بەندەکانی لەسەر بەدیهێناوە لەدانپێداهێنانیان بە ربوبیەت و یەکانەیی خالقی خوا سبحانە وتعالی، ئەمە ئەو ئەندازەیەیە کە ئینسان بەفیترەتی سەلیمی هەستی پێدەکات جا کاتێك پێغەمبەران هاتن خاوەنانی ئەم فترەتە پاکە نابنە بەربەست، هەربۆیە پەیام وبانگەوازی پێغەمبەران موافقی ئەو فیترەتەیە کەخوای گەورە خەڵکی لەسەر

دروستکردوه هەربۆیە دوای ئەوەی پێغەمبەران بانگەوازیان کرد و ڕاستێتی پەیامەکەیان ڕاگەیاند ئەوکاتە بۆ هیچ کەسێ لە ئینسان و جن نیە ڕەتی بکاتەوەو باوەڕی پێ نەهێنێ.

هەروەها لەوتەیەکی تریدا ابن القیم دەڵێ :" إن الله سبحانه لكمال رحمته وإحسانه لايعذب أحداً إلا بعد إرسال الرسول إليه ، وإن كان فاعلا لما يستحق به الذم والعقاب ،فالله على عبده حجتان قد أحدهما عليه لا يعذبه إلا بعد قيامها :

إحداهما : مت فطره عليه ، وخلقه عليه من الإقرار بأنه ربه ، ومليكه وفاطره، وحقه عليه لازم .

والثانية : إرسال رسله إليه بتفصيل ذلك ، وتقريره وتكميله، فيقوم عليه شاهد الفطرة ، والشرعة ، ويقر على نفسه بأنه كان كافراً كما قال تعالى (وَشَهِدُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡ أَنَّهُمۡ كَانُواْ كَٰفِرِينَ)[سورة الأنعام 130].

فلم ينفذ فيهم الحكم إلا بعد إقرار وشاهدين وهذا غاية العدل"

دەڵێ: الله تعالى لەتەواوێتی بەزەیی چاکەی خۆیدایە کە سزای هیچ کەس نادات تاکو پێغەمبەری بۆ نەنێرێت ئەگەر چی شتانێکی ئەنجام دابێت شایستەی زەم سزابێت، بۆیە خوا خوا دوو حوجەوبەڵگەی لەسەر بەندەکانی داناوە تاکو جێ بەجێ نەبێت هەردوکیان لەسەری سزای نادات.

یەکەمیان: ئەو حوجەیەیە کەلەسەری بەدیهێناوە لە دان نان بەوەی کەاللە پەروەردگارێتی و خاوەنێتی و بەدیهێنەرێتی و مافی لەسەرێتی.
دووەمیان: ناردنی پێغەمبەرەکانی بۆی تاکو وردەکاری ئەو مافەی پێ بڵێن تاکو ببێتە إقرار لەسەری و تەواوکاری فیترەتەکەی ئەوکاتە شایەدی فیترە و شایەدی شەرعی لەسەر جێ بەجێ دەبێت کەوا کافربوە، کەواتە سزاکەیان لەسەر جێبەجێ ناکات ئیلا دوای إقراربەوشەرعە و پێغەمبەرە و هەردوو شایەتەکە کەفیترەت وشەرعە ئەمەش ئەوپەری دادپەروەری خوایە."
* اللە تعالی دەفەرمێت (وَٱللَّهُ أَخۡرَجَكُم مِّنۢ بُطُونِ أُمَّهَٰتِكُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ شَيۡـٔٗا وَجَعَلَ لَكُمُ ٱلسَّمۡعَ وَٱلۡأَبۡصَٰرَ وَٱلۡأَفۡـِٔدَةَ لَعَلَّكُمۡ تَشۡكُرُونَ)[سورة النحل 78].
هەموو خەڵکی کە لەسکی دایکی دەرچووە هیچی نەزانیوە لەعیلم ئیلا ئەوە نەبێت کە اللە لەسەری دروستی کردون کەپاکیە.
هەروەك دەفەرمێت (فَأَقِمۡ وَجۡهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفٗاۚ فِطۡرَتَ ٱللَّهِ ٱلَّتِي فَطَرَ ٱلنَّاسَ عَلَيۡهَاۚ لَا تَبۡدِيلَ لِخَلۡقِ ٱللَّهِۚ ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلۡقَيِّمُ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ) [سورة الروم 30]
*هەروەها دەفەرمێت (يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ إِمَّا يَأۡتِيَنَّكُمۡ رُسُلٞ مِّنكُمۡ يَقُصُّونَ عَلَيۡكُمۡ ءَايَٰتِي فَمَنِ ٱتَّقَىٰ وَأَصۡلَحَ فَلَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ)[سورة الأعراف 35] واتە: "ئەی نەوەی ئادەم ئەگەر بۆتان هات پێغەمبەرانێک لەخۆتان ئایەتەکانی منیان بۆ دەخوێندنەوە جا هەر کەس خۆی پاراست (لە نا فەرمانی خوا) و

كردەوەی چاکی کرد ئەوە مەترسیان لەسەر نیە وخەم و خەفەتیش ناخۆن."
ئەمە دواندنێکە لەلایەن پەروەردگاری جیهانیانەوە بۆسەرجەمی نەوەکانی ئادەم
چ پێوویستی دەکرد ئەم خطابە ئەگەر حوجە بەرپا بێ بەپەیمانی میثاق و
ئەوکاتە هیچ پێویستی بەناردنی پێغەمبەران و دابەزاندنی کتێبەکان نەدەکرد
کەواتە حوجە تەنها کیتابەکەی خوایە کاتێك پێت بگات و بزانی چی
دەفەرمێت.

هەروەها خوای گەورە زۆر بەڕوونی هەواڵ بەنەوەکانی ئادەم ئەدا دەربارەی
ڕوداوێ کەهێشتا ڕوی نەداوە کەبریتیە لەناردنی پەیامبەران بۆیان پاشان
دەفەرمێت کەهاتن ئەو پێغەمبەرانە و شوێنیان کەوتن لە ڕزگاربوانن ئەگەریش
ڕەتتانکردنەوە و پشتتان لێ کردن لە تیاچوانن.

* کەواتە پەیمان و میثاق حوجەیەکی سەربەخۆ نیە لەسەر بەندەکان بۆ ناسینی
وردەکاری بابەتەکانی تەوحید و عیبادەت و شیرك .

هەروەها بەڵگەیەکی تری قورئانی دەربارەی ئەوەی شیرك و ناشرینی شیرك
هەمووکاتێ بەفیترەت نازانرێ بەڵکو ئەو فیترەتە توشی گۆڕان و تێکچوون
دەبێت وەك اللە تعالی لەوەسفی موشریکانی قوڕەیش دەفەرمێت (ضَرَبَ ٱللَّهُ
مَثَلا رَّجُلا فِيهِ شُرَكَآءُ مُتَشَٰكِسُونَ وَرَجُلا سَلَما لِّرَجُلٍ هَلۡ يَسۡتَوِيَانِ مَثَلًۚ
ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِۚ بَلۡ أَكۡثَرُهُمۡ لَا يَعۡلَمُونَ)[سورة الزمر 29].

واته: خوا نموونەی هێناوەتەوە بە پیاوێکی (بەندە) هی چەند کەسێکە ئاژاوەیانە لەسەر ئەو (بەندە) وە پیاوێکیش کە تەنهابەندەی پیاوێکە ئایا ئەم دوو کەسە وەک یەکنهەموو سوپاس تەنها بۆ خوایە بەڵام زۆربەیان نازانن.

ئیمامی ابن کثیر لەتەفسیری (بَلۡ أَكۡثَرُهُمۡ لَا يَعۡلَمُونَ)دەڵێت:

أَيْ: فَلِهَذَا يُشْرِكُونَ بِاللَّهِ. واتە ئەو کافرانەی قورەیش چونکە نازانن ئەو تەوحید و تەسلیم بونە بۆ یەك خوایە باشترە بۆیە هاوبەش بۆ اللە بڕیار ئەدەن.

بەڵگەیەکی تر لەقورئانی پیرۆز سەبارەت بەوەی تەوحید و ناسینی خوا و سیفەتەکانی خوا بەوەحی و هاتنی شەرع دەزانرێ نەك بەعەقڵ و فیترەت

اللە تعالی دەفەرمێت (فَٱعۡلَمۡ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ)

[سورة محمد 19]، دەفەرمێت: بزانە و خۆت فێربکە کەوا اللە خوایەکە بەتاك و تەنها شایستەی پەرستنە و هیچ هاوبەشێکی نیە.

کەواتە ناسینی اللە بەوەی تاك و تەنهایە بەعیلم و فێربون ئەبێت، پێش هاتنی شەرعیش عیلم و فێربوون نیە.

هەروەها دەفەرمێت : (ٱتَّبِعۡ مَآ أُوحِيَ إِلَيۡكَ مِن رَّبِّكَۖ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ وَأَعۡرِضۡ عَنِ ٱلۡمُشۡرِكِينَ)[سورة الأنعام 106].

واته: شوێنی ئەوە بکەوە کە لەلایەن پەروەردگارتەوە وەحیت بۆ کراوە هیچ شتێک شایستەی پەرستن نیە جگە لەو (لە خوا) وە ڕوو وەرگێڕە لە هاوبەش بڕیاردەران.

کەواتە وەحی دەیسلمێنێ و دەیچسپێنێ کە اللە تاك و تەنهایە و هیچ هاوبەشێکی نیە چونکە ئەوەتا خۆی هەواڵمان پێ ئەدات ، چونکەئەگەر بابەتێکی ئاشکراو دیاربوایە لەفیترەت وعەقڵی هەموان ئەوا پێویستی بەهەواڵدان و ئەوەندە جەختکردنەوە نە ئەکرد.

هەروەها دەفەرمێت : (وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِيٓ إِلَيۡهِ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱعۡبُدُونِ)[سورة الأنبياء 25].

ئیمامی اللالكائي -رحمه الله- لەمانای ئەم ئایەتەدا دەڵێت:

أخبر الله نبيه في هذه الآية أنه بالسمع والوحي عرف الأنبياء

قبله التوحيد"شرح إعتقاد أهل السنة(1/195).

واتە: اللە هەواڵی داوە بەپێغەمبەرەکەی لەم ئایەتەدا کەوا بەبیستن و وەحی تەوحیدی ناساندوە بەپێغەمبەرەکانی پێش خۆی"

لەکۆتایی ئەم باسەمان دەڵێین: هەرکەسێك پێی وایە میثاق و پەیمان حوجەیەکی کافیە بۆ سابت بونی هەموو جۆرەکانی شیرك و کوفری گەورە و هەموو وێنەکانی عیبادەت ئەوا هەموو ئەو دەقانەی کەباسمان کرد با بیداتە لاوە با بێت بەعەقڵ و فیترەتی لەبابەتەکە بیربکاتەوە وەڵامان بداتەوە :-

وەرە بۆمان سابت بكە مانای میثاق چیە بەڵگەیە لەسەرچی و لەچی پێكهاتووە بەبێ گەڕانەوە بۆ دەقەكان؟

پاشان با بێ هەموو وردەكاریەكانی عیبادەت و شیرک و كوفری گەورەمان بۆ دیاری بكات كە ئیسلامەتی بەبێ بونیان نایاتەدی و بابێ هەڵوەشێنەرەوەكانی ئیسلامان بۆ باسبكات تەنها لەسەر بنچینەی ئەو میثاقەی كەپێی دراوە. ؟؟

پاشان با بێ یەك كەلیمەی ئەو میثاقەی بخاتە ڕوو كەخوای گەورە تیایدا فەرمووی (لەڕۆژی قیامەت نەڵێن بێ ئاگابوین لەمە) وەرە باسی ڕۆژی قیامەتمان بۆ بكە ڕۆژی قیامەت چیە ؟ بەپێی ئەو عیلمەی وەدەستت خستوە لەمیثاق بە لەو پەیمانەوە بەڵگەكانی زیندوو بونەوە و لێپرسینەوەمان پێشكەش بكا چونكە ئینسان ئەگەر ئەمە نەزانێ چی وای لێدەكا كاربكات و ئیلتیزام بكات بەتەوحید و دوربكەوێتەوە لەشیرك ئەگەر بەیەقینی نەزانێ زیندوو ئەبێتەوە و هەستانەوە هەیە لەدوای مردن ؟

جا ئەگەر توانی هەموو ئەمانە بسەلمێنێ بەمیثاق ئەوا ڕاستی مەزهەبەكەی سەلماندوە واجبە لەسەر ئێمەش شوێنی مەزهەبەكەی ئەو بكەوین كە میثاق حوجەیەكی كافیە لەسەر خەڵكی بۆ ناسینی تەوحیدی عیبادە و تەركی شیرك. جا ئەگەر نەتتوانی ئەم داوایە ئەنجام بدەی كەتۆ كەسێكی لێكۆڵەر و زاناو

بیرتیژ و ئەقڵداری ئەیکەواتە چۆن داوا دەکەی لەعەوامی ڕەشوڕوتی خەڵکی ئەمە بزانن ؟؟؟

پاشان شێخی دکتۆر سلطان العميري لە کتێبە بەپێزەکەیدا کتێبی "إشكالية الإعذار بالجهل" لەلاپەڕە 234 بۆ 252 دەڵێ: ئەو زانایانەی کە باوەڕیان بەنەبونی عوذر بەجەهل هەبووە تەنانەت زانایانی دەعوەی نەجدی ئەوانەی دەڵێن عوذر بەجەهل نیە تەنانەت ئەوانەش هیچ کات نەچوونە بۆ نەبونی عوذز بەجهل پشت بە ئایەتی میثاق ببەستن چونکە فەرمویانە کەسی تازە موسڵمان بوو یان دوورەدەست عوذری هەیە کە بکەوێتە ناو شیرکەوە جا ئەگەر میثاق بەڵگە بوایە بۆ نەبونی عوذر بەجەهل ئەوا عوذریان بەکەس نەئەدا.

پاشان ئایەتی میثاق خیلافێکی زۆر گەورەی لەسەرە هەروەك ئیمامی قورطبی و السمعانی بە ئایەتە مشکلەکانی ناو دەبات واتە لێکچووەکان و دەڵێن ئاڵۆزترینی ئایەتەکانە و زۆر خیلاف هەیە لەسەر ئەوەی ئایا میثاق بریتیە لە فیترەت یان شتێکی ترە ؟ وە ئایا میثاق بەڵگەیەکی سەربەخۆیە یان دوای هاتنی پێغەمبەران دەبێتە حوجە ؟

بابەتی دووەم: گومانی تیانیە میثاق بەڵگەیە لەسەر ناشرینی و قەباحەتی شیرك و جوانی تەوحید ، بەڵام ئایا دەبێتە بەڵگە بەبێ هاتنی پێغەمبەران سزا لەسەر بنچینەی پەیمان و میثاق بدرێت یان یان نا ؟لەمەدا زانایان دوو قەولیان

هەیە:

قەولی یەکەم: دەڵێن میثاق حوجەیەکی سەربەخۆیە بەبێ بونی پێغەمبەر و هاتنی دین حوجەیە و ئینسانی لەسەر سزا ئەدرێت، ئەمەش قەولی طەرطوشیە کە ابن عطیە لێی دەگێڕێتەوە.

هەروەها قەولی موعتەزیلەشە دەڵێن خوای گەورە بەڵگەی عەقڵی و کەونی داناوە بۆیە بەندەکان بەهۆی میثاقەوە سزا ئەدرێن و پێویست بە دین و پێغەمبەران ناکات و بەڵگە کەونی و عەقڵیانە کافیە.

هەروەها ئەم قسەیە قسەی هەموو ئەوانەیە کە دەڵێن عوذر بەجەهل نیە وە نەقڵی وتەی ژمارەیەك لەزانایان دەکەن دەربارەی کە بەهەڵە لێی حاڵی بوون و دەیکەن بەبەڵگە.

قەولی دووەم: دەڵێن میثاق حوجەیە لە ڕونکردنەوەی بەتاڵی و ناشرینی شیرك، بەڵام نابێتە هۆکاری سزادانی بەندەکان تەنها دوای هاتنی دین و پێغەمبەران و ڕونکردنەوە و عیلم نەبێت، و ئەحکامە شەرعیەکانی دونیا و قیامەت ناچەسپێت لەسەر بنەمای میثاق تەنهای دوای هاتنی حوجە و ڕیسالە نەبێت، چونکە هیچ ڕێگایەك نیە بۆ تەکلیفی بەندەکان و سزادانیان تەنها وەحی نەبێت، ئەمە هەڵبژاردەی زۆربەی زۆری زانایانە لەموفەسیرین و غەیری ئەوانیش ، بڕوانە البسیط للواحدی(3/914). وە تەفسیر السمعانی

2/321 وه بڕوانه تەفسیری خازن 2/310 وه بڕوانه رموز الكنوز الرسعني الحنبلي 2/301 وه بڕوانه تەفسیری ابو سعود 3/291 وه بڕوانه شرح فقه الأكبر ملا علي قاري لاپەرە 76 وه بڕوانه الدين خالص القنوجى 1/409 وەبڕوانه ميثاق الإيمان عيسى سعدي لاپەرە 15بۆ 38.

هەر لەسەر ئەم مانایە ئیمامی بەغەوی دەڵێت: چۆن بەڵگە لەسەر هیچ کەس دەچەسپێت كه هیچ کەس ئەم میثاقەی بەبیرنایات ؟ دەوترێ الله بەڵگەکانی ڕوون کردۆتەوه لەسەر یەکانەیی خۆی و پێغەمبەرەکانی کاتێ هەواڵیان پێداوین، جا هەرکەسێك دوای ئەوه ئینکاری بکات ئەوا موعانیده و پەیمانەکەی هەڵوەشادۆتەوه و حوجەی لەسەر پێویست ئەبێت، جا دوای هەواڵپێدانی پێغەمبەری ڕاستگۆپێیان هیچ بیانوویان نامێنێ له لەبیرنەمانی پەیمانەکه." بڕوانه تەفسیری بەغەوی (2/169) هەروەها ابن الجوزي دەڵێت: موفەسیرین دەڵێن ئەم ئاگادارکردنەوەی الله تعالى یه بەو میثاقەی وەریگرتوه لەسەر هەموو خەڵکی و بیانووه لەسەریان و تاکو کافرەکان نەڵێن ئێمه بێ ئاگا بوین لەم پەیمانه و لەبیرمان نەبوو دوای ئەوەی الله هەواڵی پێدان لەسەر زمانی پێغەمبەرەکەی، جا کاتێ لەسەر زمانی پێغەمبەر چەسپا ئەوا هاتنەوه یاد له کەسەکان دێتەوه یاد و وحوجه بەمیثاق بەرپا ئەبێت."زاد المسير ابن الجوزي 3/285

جا هەرکەسێك وردبێتەوە لەو دەقانەی هاتووە دەربارەی میثاق و لەو قەڕائینانەی لکاوە پێیانەوە هەروەها بڕوانێ لەو بنەمایانەی کە تەکلیفی لەسەر بنیاتنراوە لەشەریعەتی ئیسلامی بۆی دەرئەکەوێت کە قەولی دووەم قەولی صەحیحە ئەمەش بەدوو جۆر لەبەڵگە ڕون ئەبێتەوە:

جۆری یەکەم: ئەو دەقانەی بەڵگەن لەسەر ئەوەی بەندەکان هیچیان لەسەر پێویست نابێت بەوەحی نەبێت، نە فیترەت ونەعەقڵ و نەهەست و نەخەون و نە ذەوق نە میثاق هیچیان تەکلیفیان پێ ناچەسپێت و ئەحکامە شەرعیەکان دیاری ناکەن لەدونیا و سزا و پاداشتەکانیش لە قیامەت، هەموو ئەم شتانەش سەرچاوەکەیان ئەگەڕێتەوە بۆ وەحی، ابن القیم دەڵێت: الله سبحانه وتعالى به پێغەمبەرەکانی ئیقامەی حوجەی کرد، وەك دەفەرمێت ﴿رُّسُلٗا مُّبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى ٱللَّهِ حُجَّةُۢ بَعۡدَ ٱلرُّسُلِۚ﴾ ئەم ئایەتێکی ڕاشکاو و صەڕیحە کە دەفەرمێت ئیقامە حوجە بەپێغەمبەران ئەکرێت، دوای هاتنیان هیچ بەڵگەیەکیان لەسەر خوا نامێنێت، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی سزایان نادات لەپێش ناردنی پێغەمبەران بۆیان چونکە پێش ئەوە ئیقامە حوجەلەسەریان بەرپا نەبوە." مفتاح دارالسعادة (2/401).

هەروەها ئیمام ابن القیم لەوتەیەکی تریدا باس لەمەبەستی ئیقامە حوجە دەکات کاتێ باسی کردوە دەڵێت: بەرپابونی ئیقامە حوجە بۆ چەسپاندنی ئەحکامە شەرعیەکان و واجیباتەکان و قەدەغەکراوەکانە نەك تەنها لەبواری سزادان."بڕوانە هەمان سەرچاوە.

جۆرێ دووەم: ئەو قەرینانەی لکاوە بەئایەتی میثاقەوە بەڵگەن لەسەر ئەوەی ئایەتی میثاق هۆکاری سزادان نیە، تەنها دوای ئاگادارکەرەوەی پەیامبەران نەبێت. لەو قەرائینانەش :-

قەرینەی یەکەم: الله تعالی ئەمر ئەکات بەپێغەمبەرەکەی خەڵکی ئاگاداربکاتەوە دەربارەی ئەو میثاقەی لێیان وەرگیراوە، جا ئەگەر میثاق سەربەخۆ حوجە بوایە خوا ئەمری ناکرد بیخاتەوە یادیان، بەڵکو ڕاستەوخۆ ئەیکردە بەڵگە لەسەریان، بۆیە شێوازی قورئان لە فەرمان کردنی بەشتێك بریتیە نیە لەوەی بەوەبیرهێنانەوە فەرمانی پێ بکات بەڵکو ڕاستەوخۆ فەرمانی پێ ئەکات و سزای لەسەر سەرپێچی کردنی بڕیارئەدات، کەواتە مانای ئەم ئایەتە کە دەفەرمێت [أن تقولوا یوم القیامة إنا کنا عن هذا غافلین] پەیوەستە بە وەبیرهێنانەوەکەوە نەك بەخودی پەیامانەکە، واتە ئەی پێغەمبەر ئەو پەیمانەیان بەبیر بێنەوە بەڵکو لە ڕۆژی قیامەت نەڵێن ئێمە بێ ئاگابوین لەمە.

هەروەها ابو سعود لەتەفسیرەکەیدا دەڵێ:" ئەی کافرەکان تاکو ڕۆژی قیامەت نەڵێن ئێمە بێ ئاگابوین لەو پەیمانە و ئاگادارنەکراینەوە لەسەری لەدونیا

تاکوکارمان بکردایە بەداخوازیەکانی،ئەمەش خوێندنەوەی جەماوەرە، بەڵام بەخوێندنەوە بە" یاء" واتەکەی ئەوەیە ئەو پەیمانەی کە لێیان وەرگیراوە ئەی موحەمەد بیهێنەوە یادیان بۆ ئەوەی لەڕۆژی قیامەت نەڵێن بێ ئاگابوین یان لاسایی باب وباپیرانمان کردەوە، ئەمەش لەسەر تقدیری ئەوەی "شهدنا" وتەی وەچەکان بێت ، ئەم مانایەش زاهیرە."3/291

هەروەها لەجەختکردنەوەی ئەم مانایە شێخ هەراس دەڵێت" حوجە لەخودی شایەدیەکەدا نیە بەڵکو بە وەبیرهێنانەوەیانە لەسەر زمانی پێغەمبەران، مانای ئایەتەکە ئەوەیە ئەو میثاقەمان هێنایە بیریان لەکیتابەکەمان و لەسەر زمانی پێغەمبەرەکەمان، تاکو لە ڕۆژی قیامەت بیانوو نەهێنەوە بڵێن بێ ئاگابوینە و لەبیرمان نەماوە بۆیە شوێنی باوباپیرە موشریك و گومڕاکانمان کەوتوین." قەرینەی دووەم: ئەو کۆمەڵە ئاثارانەی کە لەصەحابەوە هاتوون و حوکمی ڕەفعیان هەیە و دەیسەلمێنن میثاق بەتەنها سەربەخۆ نیە بۆ حوکم دان بەسەریان بەڵکو میثاق دوای بەبیرهێنانەوەی پێغەمبەران دەبێت بەبەڵگە لەسەریان، هەروەك ئوبەی کوری کەعب دەڵێ: خوای گەورە نەوەکانی ئادەمی کۆکردەوە و ڕوحی کردەبەریان لە وێنەکانیان پاشان هاوردیانیە قسە و قسەیان کرد، پاشان بەڵێن و پەیمانی وەرگرتن لێیان کردیانی بەشایەد لەسەرخۆیان، ئایا من پەروەردگاری ئێوە نیم ؟ وتیان بەڵێ، خواش فەرمووی دە من حەوت ئاسمانەکان باوکتان ئادەم ئەکەم بەشایەد لەسەرتان و لەڕۆژی

قیامەت نەڵێن ئێمە ئەمەمان نەئەزانی، بۆیە هیچ خوایەك نیە جگە لەمن و هیچ پەروەردگارێ نیە جگە لەمن ؟ هیچ هاوبەشێکم بۆ دامەنێن، وەمن پێغەمبەرانم ئەنێرم بۆتان و ئەم بەڵێن و پەیمانەتان بەبیرێنێتەوە وە کتێبەکانم دائەبەزێنم بۆتان، وتیان شایەدین کەتۆ پەروەردگار و خوای ئێمەی بەتەنها و دانیان پێنا."اخرجه الحاكم في المستدرك 2/232 وصحح إسناده و ووافقه الذهبي.

قەرینەی سێیەم: حاڵ و واقیعی خەڵکی ئەوەیە هیچ کەسێ ئەو بەڵێن و پەیمانەی لەبیرنایات و هیچ کەسێك لە پێش هەواڵی پێغەمبەران هیچ زانیاریەکی لەسەر نازانێت، هەرکەسێکیش شتێ نەزانێ مولزەم ناکرێت بەو حوکمانەی ئەو شتە ئەیخوازێت کەوابێ چۆن الله تعالى خەڵکی دەگرێ بەشتێ کە لەبیریان نەبێ ونەیزانن، هەربەهۆی ئەم هۆکارەیە کە وای کردوە ئیمام ابن القيم و ابن كثير بڵێن میثاق بریتیە لە فیترە. جا کەواتە میثاق حوجە نەبێت لەخودی خۆیدا، بەڵکو حوجەیە دوای ئاگادارکردنەوەی پێغەمبەر دەربارەی، کەواتە ناشێت بکرێتە بەڵگەیەکی سەربەخۆ لەسەرخەڵکی و سزادانیان لەسەری.بۆیە ئەوپەری ئەوەی میثاق ئەیخوازێت ئەوەیە کە ناشرینی شیرکی پێ ئەزانی و چاکی تەوحیدی پێ هەست پێ دەکەیت، ئەمەش ئەوە ناخوازێ هەموو ئەو عیبادەتانە بزانی کە الله تعالى ئەمری پێکردوی و هەموو ئەو شیرکە گەورانە بناسی کە الله تعالى

قەدەغەی لێکردوی چونکە عیلمی ئەو شتانە بەوەحی نەبێت نازانرێ و نابێ بەحوجە، چونکە دەقەکانی میثاق وردەکاریەکانی پەرستن و شیرکی تیانیە، ئەو موسڵمانەشی کە دەکەوێتە ناو شیرکەوە لاری نیە لەگەڵ ئەو میثاق و فیترەتەوە کە دەیزانێ کە تەنها اللە شایستەی پەرستنە و پەرستراوی حەقە و هیچ هاوبەشێکی نیە، بەڵکو نەزانی ڕوی تێکردوە لەزانینی هەندێ لەوشتانەی کە عیبادەتە یان شیرکە، هەربۆیە ئەو زانایانەی موسڵمانان کە فەرمویانە جائیزە داوای فریاکەوتن بکرێ لە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم وەکو البکری و السبكي و السيوطي ئەوانە هەرهەمویان وتویانە تەنها عیبادەت شایستەی اللەیە واجبە هەرئەو بپەرسترێ و قەدەغەیە شیرك و هاوبەش بۆ دانان و وتویانە هەرکەسێ شەریکی بۆ دابنات کافرە، بەڵام نەیان ئەزانی و تەئویلیان هەبوو لە بابەتی فریاکەوتن الاستغاثه نەیان ئەزانی داخلی مەفهومی ئەو عیبادەتانە ئەبێ کە تەنها دەبێ بۆ اللە ئەنجام بدرێت، بۆیە ئیشکالەکەیان لە ئەصلی تەسلیم بون نەبوو بەتەنها بۆ اللە بەعیبادەت، بەڵکو کێشەکەیان لە مەفهومی عیبادەت و لەو شتانە بوو کە داخلی عیبادەت دەبێ و داخلی نابێ، ئەم ڕادەیەش لەم کێشەیە هیچ پەیوەندیەکی نیە بەمیثاقەوە. جا ئەوانەی میثاق ئەکەنە بەڵگە بۆ نەبونی عوذر بەجەهل کاتێ موسڵمانێ ئەکەوێتە ناوشیرکەوە لەدونیا کە عوذری نیە بەنەزانی، بەڵام دەڵێن لە قیامەت عوذری هەیە و تاقی ئەکرێتەوە، ئەمە پێچەوانەی ڕواڵەتی ئایەتەکەی میثاقە

بۆیە لەگەڵ ڕواڵەتی ئایەتەکەی میثاق تەنها دوو قەول هەیە: یان ئەوەتا بوترێت ئەو موسڵمانەی دەکەوێتە شیرکەوە بەنەزانی عوذری هەیە لەدونیا و قیامەت ئەمەش قەولی صەوابە، یان ئەوەتا ئەو موسڵمانەی کەوتۆتە شیرکەوە عوذری نیە نە لەدونیا و نە لەقیامەت، ئەمەش پێچەوانەی دەقە ئاشکرا بەهێزەکانە و پچەوانەی وتەی زانایانە، بەڵام قەولی ئەوەی بوترێت ئەوکەسەی دەکەوێتە شیرکەوە عوذری نیە لەدونیا بەپێی ئایەتەکانی میثاق بەڵام لەقیامەت عوذری هەیە ئەمە قەولێکە هیچ یەکێ لەمتقدمین شتی وای نەوتوە و پێچەوانەی دەقەکانی ئایەتی میثاق و دەیان ئایەتی صەرِیحی قورئانە.

هەروەها بەڵگە بەئایەتی فیترِە دێننەوە کە دەفەرمێت

[فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفًا ۚ فِطْرَتَ اللَّهِ الَّتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا ۚ لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ اللَّهِ ۚ ذَٰلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ] الرُّوم (٣٠). دەڵێن نەزانی لەگەڵ فیترِەتدا مومکین نیە هەربۆیە هەرکەسێ بکەوێتە ناو شیرکی گەورەوە پێچەوانەی فیترِەتی کردوە و عوذری نیە، ئەم بەڵگە هێنانەوەیەشیان وەکو بابەتی میثاقەکە وایە زۆر پێچ و پەنا و پینەوپەرِۆ کردنیان بۆ کردوە تا گونجاندویانە لەگەڵ بیردۆزەکەیان لەکاتێکدا ئەوانەی باوەرِیان بەعوذر بەجەهل یش نەبووە نەچوون فیترِەت بکەن بەدلیلێکی سەربەخۆ بۆ نەبونی عوذر بەجەهل، ئەوەی ئەمانە ئەیکەن لەمەذهەبێکی شەیطانی زیاترنیە و

هیچ سەلەفێکیان نیە لەسەری تەنها ئیبلیس نەبێت، جا بەتاڵی ئەم بیرۆزە لەم خاڵانەی خوارەوە دەرەکەوێ:-

یەکەم: فیترِە لەخودی خۆیدا دەلالەت ناکات لە زانینی علیمی تەفصیلی بەوەی چی عیبادەتە وچی عیبادەت نیە و چی دەکەوێتە سنوری شیرکی گەورەوە و چی ناکەوێتە ئەو سنورەوە، وە ئاشکرایە زانایان خیلافێ زۆریان هەیە دەربارەی حەقیقەتی فیترِەت وتەکانیان جیاوازە لەبارەیەوە لەبەرامبەریشدا بەڵگە هێنانەوەیان بەفیترِەت یش جیاوازە.

قەولی صەحیح و رِاست و دروست کە موافقی قورئان وسونەت بێت لەپێناسەی فیترِەت ئەوەیە کە فیترِەت بریتیە لە ئیسلام ئەمەش وتەی ژمارەیەك لە موحەقیقینە وەك شێخی ئیسلام ابن تەیمیە و ابن القیم و ابن ابي العز و غەیری ئەوان، بڕوانە درء التعارض (8/383) وە شرحی طەحاویە (1/33).

رِاستی ئەم تێگەیشتنەش ئەوە ئەخوازێ کە ئینسان وادروست کراوە کەوا دەخوازێت خوا بناسێت و بەتەنهای دابنات و خۆشی بوێت ئەگەر رِێگر و موانیعەکانی بەردەمی بونی نەبێت، ئەوا ئینسان بە فیترِەتی خوا ئەناسێ و پێویستی بە نظر واستدلال نیە لەسەر دۆزینەوەی خوا، وە هەموو ئینسانێ ئەگەر فیترِەتی تێکنەچوبێت ئەوا دان دەنێت بە پەروەردگارێتی و بەندایەتی کردن بۆ اللە، وەك زانینی ئەوەی واجبێتی عیبادەت کردن بۆ اللە و ناشرین و

زەمکراوی شیرك، ئەمەش ئاستەش لەزانین ئەوە ناخوازێت هەرچی لەتەوحیدی الله تعالی یە لە عیبادەتەکان بیناسی و هەرچی شیرکی گەورە و بیزانی و درکی پێ بکەی، لەخودی فیترەت نازانرێ داواکردنی فریاکەوتن لە الله تعالی واجبە و ئەنجامدانی بۆ غەیری الله شیرکە هەروەها استعانە و قوربانی و نەذر کردن و تەواف و تحاکم و هەروەها فیترەت بەخودی خۆی دەلالەت ناکات لە ئەحکامە تەکلیفیەکان دەربارەی ئەو کەسەی دەکەوێتە ناو شیرکەوە هەروەها لەسەر ئەو سزایانەی بەهۆی شیرکەوە لەدونیا و قیامەت دێتەکایەوە، بۆیە ئەمشتانە فیترەت نایزانێ بەڵکو ئەوەی فیترەت ئەیزانێ هەر ئەوەنەیە کە دەزانێ الله شایستەی پەرستن وبەندایەتی و ملکەچی و خۆشویستنە، هەروەك شێخی ئیسلام ابن تەیمیە دەفەرمێت:" ئیسلام واتای فیترەتە مەعنای ئەوە نیە ئیسلام بناسرێ بە کردەوەو بەهەموو وردەکاریەکانی، بەڵکو مانای دانپێداهێنان بە الله تعالی و پەرستنی دەخوازێت" مجموع الفتاوی(4/347).

جا کەوابوو ڕاست نیە بەم شێوەیە پشت بە فیترەت ببەستڕێت و بکرێتە بەڵگە بۆ ئەوەی موسڵمانێ کەوتە شیرکەوە عوذری نەبێ بەنەزانی، چونکە ئەو موسڵمانە ناکۆك نەبوە لەگەڵ فیترەتەکەی بەڵکو جەهلی بە هەندێ لە ئەفرادەکانی عیبادەت بووە و وای زانیوە داخلی ئەو عیبادەتە نیە کە تەنها دەبێ بۆ الله تعالی ئەنجام بدرێت، ئەگەر بیزانیبایە عیبادەتە تەنها مافی اللهیە

هەرگیز ئەنجامی نادا بۆ غەیری خوا، هەروەك ئەو زانایانەی داواکردنی فریاکەوتنیان بەجائیز داناوە لەپێغەمبەر صلی الله علیه سلم لەوە ڕوەوە جائیزیان نەکردوە کە زانیبێتیان ئەوە عیبادەتە و مافی خوایە، بەڵکو لەو ڕوەوە جائیزیان کردوە کە نەیانزانیوە داخلی مەفهومی عیبادەت ئەبێت ئەو کار و داوایە، بۆیە ئەصلی ئیشکالەکە لایان ئەگەڕێتەوە بۆ نەزانیان بە تەفاصیلی عیبادەت نەك ئەصلی جائیز بونی عیبادەت بۆ غەیری الله، ئەو دووشتەش جیاوازی زۆرە.

بۆ زیاتر ڕوونبونەوە ئەڵێین ئەهلی سوونە عوذریان بەنەزانی و تەئویل داوە بە هەموو ئەوانەی ناو و سیفەتەکانی خوایان تعطیل کردبوو لە موعتەزیلە و ئەشاعیرە و غەیری ئەوانیش لە فیرەقەکان تەکفیریان نەکردون لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی تێیکەوتون پێچەوانەی فیترەتیش بووە، چونکە سابت کردنی سیفاتی ناو و کەمال بۆ الله لەعەقڵ و فیترەتدایە. لەگەڵ ئەوەشدا عوذریان پێداون بەنەزانی وتەئویل و تەکفیریان نەکردون و بەهیچ شێوەیەك استدلالیان نەکردوە بۆ تەکفیرکردنیان بە ئایەتەکانی فیترە وەکو خەواریجەکانی سەردەم دەیکات.

هۆکاری ئەو عوذر پێدانەیان بەهۆی ئەوەیە چونکە ئەو فیرەقانە کە تعطیلی ناو سیفەتەکانی خوایان کردوە کێشەیان نەبوە لە جێگیرکردنی کەمالی فیترەت بۆ الله تعالی بەشێوەی فیترەت هەموو ئومەت کۆڕایە لەسەر ئەوەی خوا

خاوەنی سیفەتی کەماڵە لەهەموو ڕوویەکەوە وە دوور لە سیفەتی نەقص لەهەموو ڕوویەك و هیچ موسڵمانێ لەمە ناکۆک نیە بەڵام خیلافەکەیان لەوەدا هەیە چی دەچێتە سنوری سیفەتەکانی کەمال کە بۆ اللە جێگیر بکرێت و چیش لەسیفەتەکانی نەقص و کەمیە تاکو لەخوا نەفی بکرێت، لەبەر ئەمە زانایانی ئەهلی سوونە نەیان وتوە تاقمەکانی معطیلە و موئەویلە عوذریان نیە بەنەزانی و تەئویل چونکە پێچەوانەی فیرەتیان کردوە.

بەهەمان شێوەش ئەو موسڵمانەی کەوتونەتە ناو هاوبەشدانان بۆ اللە لەتەوحیدی عیبادەت، ئەو موسڵمانانە خیلافیان نیە لەوەی کە اللە بەتاك و تەنها شایستەی پەرستنە وە خیلافیشیان نیە لەسەر ئەوەی شیرك کوفرە و ناشرینە و قەدەغەکراوە، بەڵام کێشەکەیان لە دیاری کردنی ئەو عیبادەتانەیە کە دەبێ بەتەنها بۆ اللە بکرێ وە ئەو شتانەیە کە شیرکە و شیرك نیە.

کەواتە بۆمان دەرکەوت هیچ جیاوازیەك نیە لەنێوان بابی ئەسماء و صیفات و پەرستنەکان لە جێگیربونی هەردوکیان لە فیترەتدا. هەروەها جیاوازیش نیە لە چۆنێتی موخالەفەکردنی موسڵمانان لەهەردوو بابەکەدا، سەرەنجام ئەوەیە یان دەبێ عوذر بەجەهل و تەئویل قبوڵ بکرێت لەهەردوو بابەتەکە تەوحیدی ئەسماء و صیفات و ئولوهیەت کە ئەمە مەزهەبی ئەهلی سونەت و جەماعەت و ئاشکرای دەقە شەرعیەکانی کیتاب و سونەتە، یان ئەوەتا جیاوازی بکرێت لەنێوانیان عوذر بەجەهل و تەئویل لە تەوحیدی ئەسماء و صیفات قبوڵ

بکرێت بەڵام لە تەوحیدی ئولوهیەت قبوڵ نەکرێت ئەمەش وتەیەکی هەڵەوەشاوە و دژە و پێچەوانەی مەزهەبی ئەهلی سونەیە.

ڕووی دووەم: وتنی نەبونی عوذر بەجەهل لەشیرکدا بەهۆی فیترەتەوە ئەوا دەبێ بوترێ بەنەبونی عوذر بەجەهل و تەئویل بۆ هەموو شتێکی تر کە زانینی لەفیترەت بێت و لەسنوری بازنەی شیرک نەبێت ئەمەش ئەوە ئەخوازێت لەهەموو شەریعەت و ئەحکامە شەرعیەکان عوذر بەنەزانی نەبێت چونکە زۆربەی ئەحکامە شەرعیە قەدەغەکراوەکان ناشرینی و پیسیان بەفیترەت زانراوە.

ڕووی سێیەم: زۆرێك لەدەقە شەرعیەکان ئاماژە بە گۆڕانی فیترەت ئەکەن بەهۆی چەن هۆکارێ کە لەدەسەڵاتی خودی ئینسان خۆی نیە بەهۆی دایك و باوك وەک پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەفەرمێت دەربارەی منالاّن کە دایك و باوکیان فیترەتیان لەئیسلامەوە ئەگۆڕن بۆ جولەکە و گاور و مەجوسی، هەروەها گۆڕانی فیترەت بەهۆی ژینگەی خراپ و شەیتانەکان، کەواتە چۆن تەصور دەکرێت ئینسان سزا بدرێت لەسەر شتێ کە لەدەسەڵاتی خۆی نیە؟ چۆن لەگەڵ بنەماکانی تەکلیف دەگونجێ لە ئیسلامدا کەواکەسێکی دیاریکراو فیترەتی تێکبچێ و حوکمەکانی لەسەر جێبەجێ بکرێ کابرا خۆشی ئاگای لێ نەبێ و هەستی بەڕاستی نەکردبێت.

هەروەها فەرموودەکەی "عمر و بن عبسة " لە صەحیحی موسلم هاتووە و ئەڵێت :

[من لەسەر دەمی جاهیلیدا گومانم ئەبرد خەڵکی لەسەر گومڕاین و لەسەر هیچ شتێک نین ، عیبادەتیان بۆ بتەکان ئەنجام ئەیا و بتەکانیان ئەپەرست] . ئەم فەمودەیەش تەنها دەلیلە لەسەر زانینی ناشرینی و قەباحەتی شیرك لەلایەن ئەو کەسانەی کە فیترەتیان تێکنەچوە ، نەك بەڵگەیەکی سەربەخۆبێ لەسەر نەبونی عوذر بەجەهل ئەگەروابوایە ئەوە هاتنی ڕسول و ڕیسالە لە زیادە ئەبوو.

- وە فەرموودەکەی ابن عمر - رضي الله عنهما - کە لە صەحیحی ئیمامی بوخاری هاتووە ئەڵێت :

[پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم - گەیشت بت " زید بن عمرو بن نفیل " لە خواری ناوچەی " بَلْدَحَ " پێش دابەزینی وەحی بۆسەر پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم - سفرەیەکی خواردنیان پێشکەش بە پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم - کرد ، ڕەتی کردەوە بیخوات ، پاشان زەید ووتی : من ئەو گۆشتە ناخۆم کە بۆ بتەکانتان سەربڕیوە ، گۆشتێک ناخۆم ئیلا ئەوە نەبێت کە ناوی اللّٰه تعالى ی لەسەر هێنرابێت ، بێگومان زید بن عمرو تانەی لە سەربڕاوەکانی قوڕەیش ئەدا ، ئەیووت : مەڕێک کە اللّٰه تعالى دروستی کردووە ، لە ئاسمانەوە ئاوی بۆ ئەباریێنێت ، وە لە زەوی گیایی بۆ ئەڕوێنێت

، پاشان ئێوه سەری ئەبڕن لەسەر ناوی جگە لە اللە تعالی ، ئینکاری لێیان ئەکرد] .

خەطابی دەڵێت" پێغەمبەر صلی اللە علیه وسلم گۆشتێکی ناخوارد کە بۆ بتەکان سەربڕابێ بەڵام ئەگەر بۆ بتەکان سەر نەبڕابێ ناوی خواشی لەسەر نەهێنرابێ ئەیخوارد، چونکە هێشتا شەرع دانەبەزیبوو، بەڵکو حەرام بونی گۆشتێك کەناوی خوای لەسەر نەهێنرابێ ماوەیە زۆر دوای پێغەمبەرایەتی دابەزی. بەڵکو حەدیسەکە ئەڵێ پێغەمبەر خۆی نەیخوارد دای بە زەید بیخوات ئەگەر بەحەرامی بزانیایە نەی ئەدا بەزەید بیخوات، پاشان زەید خۆی وتی نایخۆم.

تەنانەت زەیدی کوری حاریس هەروەك ابی یعلی و بەزار ریوایەتی دەکەن دەڵێ ڕۆژێ لەگەڵ پێغەمبەر لەمەککە مەڕێکمان پێ بوو ویستمان سەری ببڕین لای بتەکان وە بەزەیدمان ووت لەو گۆشتە بخۆ وتی من گۆشتێ ناخۆم ناوی غەیری خوای لەسەر هێنرابێ، داودی دەڵێت: پێغەمبەر صلی اللە علیه وسلم خۆی بەدوورئەگرت لەعاداتی موشریەکەکان، بەڵام عیلمی نەبوو دەربارەی سەربڕاوەکان، بەڵام زەیدی کوڕی نوفەیل حەرامی ئەو گۆشتانەی لە ئەهلی کیتابەوە زانی بوو.

سوهەیلی دەڵێت: زەید ئەو کارەی کرد بەبۆچونی خۆی نەك بەشەرعێ پێی گەیشتبێ، چونکە کافرەکانی قوڕەیش پاشماوەی دینی ئیبراهیمیان تیامابوو،

لەشەرعی ئیبراهیم حەرام بوو گۆشتی مردارەوەبوو نەك گۆشتی ناوی خوای لەسەر نەهێنرابێ، وەئەصحح ئەوەیە شتەکان پێش هاتنی دین وەسف ناکرێن بەحەرامی و حەڵاڵی.(بڕوانه فتح الباري)

کەواتە بابەتەکە هیچ نەلەدوور و نەلە نزیك پەیوەندی نەبوو بەفیترەت و نەبونی نەزانی لەشیرکی گەورە، چونکە وەك زانیمان لەشوڕاحی ئەو فەرمودەیەوە کە زەیدی کوری نوفەیل لەلایەن ئەهلی کیتابەوە ئەوەی زانیوە یان پاشماوەی دینی ئیبراهیم بوە یان بۆچونی خۆی بووە کەواتە کەسیان باسیان لەفیترەت نەکرد. بەهیچ شێوەیەك هیچ یەکێ لەزانایان دەربارەی ئەم باسە نەیان وتوە ئەمە بەڵگەی نەبونی عوذر بەجەهلە یان واتای بون و نەبونی ئیقامە حوجەی تیایە هیچی پەیوەندی بەو باسانەوەنیە ئەصلەن تەنها باس لەخواردن و نەخواردنی گۆشت ئەکات بەهۆی پاشماوەی دینەکانی تر کە حەرام بووە بۆت بتەکان یان بۆچونی خۆیان بووە پێیان باش نەبووە بابەتی فیترە بێ]

هەروەها کابرای دەجاڵ و درۆزن و ساختەچی دەڵێ کافرەکانی قورەیش ئیقامە حوجەش کراون و هیچ عوذریان نەبوە بەبێ هاتنی ریساڵە و رسول چونکە اللە تعالی دەفەرمێت [لِتُنذِرَ قَوْمًا مَّا أُنذِرَ آبَاؤُهُمْ فَهُمْ غَافِلُونَ] یس (٦).

وەك ئەوەی دەیانی ئایەتی تر پشتگوێ بخات و بیدات بەدیواردا کە

دەفەرمێت (وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّىٰ نَبۡعَثَ رَسُولا)[سورة الإسراء 15]. ئێمە سزای هیچ گەل و ئومەتێ نادەین تاکو پەیام و پێغەمبەری بۆ نەنێرین. ئەو کابرایە درۆزنە هیچ نرخێ بۆ ئەم ئایەتانە دانانات لەپێناو ئەوەی بەس بتوانێ بیسلمێنێ حوجە بەرپایە بەخودی میثاق.

جا با ئێمە بێین بزانین زانایان و موفەسیرینی قورئان چۆن مانای ئەم ئایەتەیان لێکداوەتەوە کە دەفەرمێت[لِتُنذِرَ قَوْمًا مَّا أُنذِرَ آبَاؤُهُمْ فَهُمْ غَافِلُونَ]

ئیمامی ئەلوسی لەتەفسیری ئەم ئایەتە دەفەرمێت: خوای گەورە فەرمویەتی (إِنَّآ أَرۡسَلۡنَٰكَ بِٱلۡحَقِّ بَشِيرا وَنَذِيراۚ وَإِن مِّنۡ أُمَّةٍ إِلَّا خَلَا فِيهَا نَذِير)[سورة فاطر 24] هەموو ئومەتێ پێغەمبەری بۆچووە بەڵام هەموو قەومێ پێغەمبەری بۆ نەچووە ، ئومەت زۆر گەورەترە لە قەوم، بۆنموونە عەرەب ئومەتێکە بەنی ئیسرائیل ئومەتێکە بەڵام لەناو عەرەب و بەنی ئیسرائیل قەومانی زۆر هەن، بۆیە قورئان جێگیری هاتنی پێغەمبەری کردوە بۆ هەموو ئومەتێ نەك بۆ هەموو قەومێ، لەم ئایەتەشدا نەفی پێغەمبەر دەکات بۆ قەومی قوڕەیش نەك ئومەتی عەرەب.]

کەواتە ئەو ئایەتانە باس لەحاڵی کافرەکانی قوڕەیش ئەکات نەك باس لەنەبونی عوذ بەجەهل و بەپێویست؟نەگیرانی ئیقامەی حوجە لەسەر خەڵکی چونکە میثاق و فیترەتیان هەیە. هیچ کەسێ قسەی وای نەکردوە تەنها شەیطان و دەجاڵ نەبێت.

هەروەهائەو دەقانەی کە هاتووە باس لەوە دەکات کە زەیدی کوڕی نوفەیل یان موەحیدەکانی مەککە بتەپەرستانیان بەگومڕا و بەبەتاڵ داناوە دەڵێین زانینی ناشرینی شیرك لەفیترەت جێگیرە ئەگەر ئەو فیترەتە تێکچونی بەسەرنەهاتبێ بۆیە ئەو کەسە موەحیدانە کە ئەو بابەتانەیان زانیوە، وە هۆکارێکی تری ئەوەیە کە قوڕەیش و ئەهلی مەککە خەریکی گەڕان و بازرگانی بوون لە وڵاتانی ناوچەکە شارەزای زۆرێك لەدینەکانی تربوون و عیلمیان هەبوو بەئەهلی کیتاب و زاناکانی ئەوانیان دەبینی و مەککەش بۆخۆی شوێنێکی گەشتیاری و ڕێوڕەسمێکی ئایینی هەموو ئایین و ئایینزاکانی ناوچەکە و دەرەوە بوە بۆیە کۆمەڵگای قوڕەیش کۆمەڵگایەکی کراوە بووە.

پاشان ناشرینی شیرك بەبێ هاتنی ریسالە وپێغەمبەر هیچ حوکمێکی لەسەر ناچەسپێت نە لەدونیا و نەلەقیامەت هەموو ئەو دەقانەی هاتوون لەو بارەیەوە تەنها باس لەناشرینی شیرك ئەکات لەفیترەت کەبەڵکو ئەو خەڵکە بیرێك بکەنەوە و ئیمان بهێنن بەدینی ئیسلام و پەیامبەر، نەك مانای ئەوجێگربونی حوکمەکەی بکات پێش هاتنی ریسالە و ڕەسول وەکو سەلماندمان.

کەواتە بونی تەکلیف و حوکمە شەرعیەکان تەنها و تەنها پەیوەستە بە هاتنی ریسالە و پێغەمبەرەوە لەغەیری ئەوە بەهیچ شتێکی تر ناچەسپێت لەهەموو کات و شوێنێ .

وه هیچ یەکێ لەزانایان نەیان وتوە کافرەکانی قورەیش پێش هاتنی ئیسلام بەپێی ئایەتی میثاق و فیترەت عوذریان نەبووە و لەدونیا و قیامەت کافرن و بۆ ئاگرن.

وە ئەوکەسانەشی پێش ئیسلام نەص هاتووە لەسەر ئەوەی کە لەئاگردان وەك دایک و باوکی پێغەمبەرصلی الله علیه وسلم یان ابن جودعان ئەوکەسانە زانایانی محەقیقین لەوانە ئیمامی نەوەوی لەشەرحی فەرموودەکان دەڵێت " ئەوانە کەسانێکن ئیقامە حوجەکراون و حوجەیان پێگەیشتووە." هەروەها ئیمامی ابن کثیریش دەڵێ:" ئەو کەسانەی بەدیاریکراوەیی لە ئەهلی فەترە حوکمی ئاگریان بۆ دراوە ئەوا ئەو حوکمە هەواڵ پێدانە دەربارەی نەتیجەی ئیمتیحان کردنەکەیان لەڕۆژی قیامەت، خوای گەورە ئەو عیلمەی خۆی ئاشکرا کردوە دەربارەی ئەو کەسە دیاریکراوانە بۆ پێغەمبەرەکەی."تفسیر ابن کثیر 5/57

والحمدلله رب العالمین.

وەڵامی وانەی 23 ی قاعیدە گومڕاکەرەکان

بسم الله والحمدلله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن والاه أما بعد :

کابرای جاهیل و ڕوەییضه دەڵێت

ئەنجامدانی کردەوەی خەراپ بە جاهیلی پێویستی بەتەوبەیە و جەهل نەکراوە بە عوذر ، شیرک ئەولاتر و لە پێشترە .

الله تعالى ئەفەرموویێت :

[إِنَّمَا التَّوْبَةُ عَلَى اللَّهِ لِلَّذِينَ يَعْمَلُونَ السُّوءَ بِجَهَالَةٍ ثُمَّ يَتُوبُونَ مِن قَرِيبٍ فَأُولَـٰئِكَ يَتُوبُ اللَّهُ عَلَيْهِمْ ۗ وَكَانَ اللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا] النِّسَاء (١٧)

بەڕاستی الله تعالى تەوبە تەنها لەو کەسانە وەرئەگرێ کە بەنەفامیی و نەزانیی و جاهیلی خراپە ئەکەن [ثُمَّ يَتُوبُونَ مِن قَرِيبٍ] پاشان لەماوەیەکی نزیکدا پەشیمان ئەبنەوەو تەوبە ئەکەن [فَأُولَـٰئِكَ يَتُوبُ اللَّـهُ عَلَيْهِمْ ۗ] ئا ئەوانە الله تعالى تەوبەیان لێوەرئەگرێ، [وَكَانَ اللَّـهُ عَلِيمًا حَكِيمًا] و الله تعالى ـش هەمیشە زاناو کارجوانە، ئەزانێ بڕیار چۆن بدا .

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەفەرموێ :

(إن الله يَقْبَلُ توبةَ العَبْدِ مَا لَمْ يُغَرْغِرْ) ... سنن الترمذي .

الله تعالى تەوبەی بەندەی وەرئەگرێ، مادام گیان نەگاتە گەرو و غەرغەرە کردن.

شاهێدی بەڵگە لێرەدایە :

ئەگەر بۆ ئەنجامدانی تاوانێکی وەک زینا "چونکە ئایەتەکانی پێشی باسی زینا و فاحیشەیە " بە جاهیلی و نەزانی عوذر قەبوڵ نەکرێت و پێویستی بە تەوبە بێت لە زووترین کات ئەوە لە شیرک و ئەصل و بنچینەی دیندا ئەولا و تر و لە پێشترە کە عوذر بە نەزانی و جاهیلی قەبوڵ ناکرێت .

↓

لەوەڵامدا ئەڵێم / ئەمە بەڵگە هێنانەوەیەکی باتڵە و فاسیدە و بەهیچ شێوەیەك باسی ئەو جەهلە ناکات کە کابرا باسی ئەکات، پاشان کێ لەپێش تۆ ئاوا بەنەزانی ئەم ئایەتەی لێکداوەتەوە کردویەتی بەبەڵگە بۆ نەبونی عوذر بەجەهل ؟!!!

ئەصلەن ئایەتەکە باس لەنەبوونی عوذر بەنەزانی هەر ناکات و هیچ پەیوەندی دوور و نزیك بەو بابەتەوە نیە، بەڵکو باس لەکەسانێ دەکات کە عیلمیان هەیە بەخودی تاوانەکان و خەریکی تاوان و گوناح کردنن، بەڵام جەهلیان بەچاودێری و مورِاقەبەی خوا نیەو بێ ئاگان لە خوا و نەزانن بەوەی سەرپێچی چ خوایەکی گەورەیان کردوە و نەزانن بەسەرەنجامی ئەو تاوانە کە

فاحیشەیە یان هەر تاوانێ ئەگەر بیانزانیبایە سەرەنجامی چۆنە و سزاکەی چەندە سەختە ئەوا ئەو تاوانەیان ناکرد، ئەوە مانای جەهلە کە لەئایەتەکەدا هاتووە، هەروەك زانایانی سەلەف دەفەرموون، لەوانە عەبدوڵای کوڕی عەباس ڕەزای خوای لێبێت، بۆیە ئەوەیە نەزانی و جەهلەکەیان، نەك جاهیل بوو بن بەوەی زینا حەرامە و تاوانە، خواش داوایان لێ بکات تەوبە بکەن ، ئاخر تەوبە لەچی بکەن کە هێشتا پێیان نەگەیشتوە کە زینا تاوانە و حەرام کراوە ؟ چونکە بەئیجماعی ئەهلی عیلم هەرکەسێك تازە موسڵمان بوبێت یان لەشوێنێ بێت عیلمی لێ نەبێت نەزانێ زینا حەرامکراوە یان عارەق حەرامە یان ڕیبا حەرامە یان فلاّنە کارە کوفرە و شیرکە یان هەرشتێکی دینی پێ نەگەیشتبێت ئەوا عوذری هەیە بەنەزانین و تەکلیفی لەسەر نیە لەوشتەی کە پێی نەگەیشتوە، هەروەك لەنوسراوەکانی پێشوومان ڕوونمانکردەوە بەبەڵگەوە، ئەمەش هیچ خیلافێکی تیانیە لەنێوان زانایان. کەواتە ئەو ئایەتە باس کەسانێ دەکات کە لەداری ئیسلام و لەسەردەمی وەحی و عیلمن چونکە ئەم ئایەتە لەمەدینە دابەزیوە کەداری ئیسلام بووە و خەڵکی هەموو هەر لەسەرەتاوە دەیانزانی زینا حەرامە، بۆیە "یعملون السوء بجهالة" هەموو موسڵمانێ ئەگرێتەوە کە تاوان ومعصیەت ئەنجام ئەدات، وە هەموو کەسێك کەتاوان و مەعصیەت ئەکات جاهیل بێت یان عالم بێت هەر بەجاهیل حیسابە کاتێ تاوان ئەکات، چونکە هیچ کەسێ نیە بوێرێ سەرپێچی اللّٰه

بکات، تەنها کەسێ نەبێت لەکاتێك لەکاتەکان توشی غافڵ بون بوبێ لە اللە، یان کەسێکە کە نازانێ سزای ئەو تاوانە چەنە سەختە بۆیە ئەنجامی ئەدات، کەواتە هەموو تاوانباران بەم شێوەیە توشی سەرپێچی کردنی خوا ئەبن، بەڵام هەرکەسێ بزانێ بەوەی تاوانی کردوە واجبە لەسەری تەوبە بکات لێی، ئەمەش وتەی هەموو موفەسیرینی قورئانە لەصەحابە و تابیعین و متأخرین، پاشان ئایەتەکە باسی تاوانی زینایە، کە هەرکەسێ ئەگەر بەبێ تەوبە کردنیش لەسەری بمرێ ئەوا کافر نابێ ، چۆن ئەکرێ ئەم ئایەتە قیاس بکرێ بەشیرك کە خاوەنەکەی کافرە و بەهەتا هەتایی دەهێڵێتەوە لە دۆزەخ ؟ ئەمەش بەڵگەیەکی تری بەتاڵی إستدلالەکەی بوو، کە هەربەڵگەیە دێنێتەوە ئەبێتە بەڵگە لەسەرخۆی و شایەد لەسەر نەزانیەکانی.

والحمدلله رب العالمين

وەڵامی وانەی 24 می قاعیدە گومڕاکەرەکان

بسم الله والحمدلله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن والاه أما بعد :

کابرای جاهیل و چەواشەکار دەڵێت:-

بە گەیشتنی ڕیسالە و حوجە بە سەرۆک و بەرپرسی وڵاتێک دانیشتوانەکەی هەموو ئیقامە حوجە ئەکرێن .

بەڵگەشمان فەرموودەی رسول الله یە ـ صلى الله عليه وسلم ـ کاتێک ڕیسالە و پەیام بۆ هەرقلی مەلیک و پادشای ڕۆمەکان ئەنێرێت ، لە نامەکەدا هاتووە : [بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ مِنْ مُحَمَّدٍ عَبْدِ اللَّهِ وَرَسُولِهِ إِلَى هِرَقْلَ عَظِيمِ الرُّومِ، سَلَامٌ عَلَى مَنْ اتَّبَعَ الْهُدَى، أَمَّا بَعْدُ: فَإِنِّي أَدْعُوكَ بِدِعَايَةِ الْإِسْلَامِ، أَسْلِمْ تَسْلَمْ، يُؤْتِكَ اللَّهُ أَجْرَكَ مَرَّتَيْنِ، فَإِنْ تَوَلَّيْتَ فَإِنَّ عَلَيْكَ إِثْمَ الْأَرِيسِيِّينَ، وَ(يَا أَهْلَ الْكِتَابِ تَعَالَوْا إِلَى كَلِمَةٍ سَوَاءٍ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَنْ لَا نَعْبُدَ إِلَّا اللَّهَ وَلَا نُشْرِكَ بِهِ شَيْئًا وَلَا يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضًا أَرْبَابًا مِنْ دُونِ اللَّهِ فَإِنْ تَوَلَّوْا فَقُولُوا اشْهَدُوا بِأَنَّا مُسْلِمُونَ] .... (متفق عليه) ، ئیمامی بوخاری لە صەحیحەکەی هێناوەتی لە کتابی دەست پێکردنی وەحی ، بابی چۆنیەتی دابەزینی وەحی بۆ سەر رسول الله بە ژمارەی(٧) ، وە ئیمامی موسلیم لە صەحیحەکەیدا هێناویەتی لە

كتابى الجهاد والسير ، بابى نوسراوى پێغەمبەر ـ صلى الله عليه وسلم ـ بۆ هيرەقل بانگكردنى بۆ ئيسلام بە ژمارەى (٤٧٠٧)

دەقى نامەكە بە كوردى :

[بەناوى الله ى بەخشندە و ميهرەبان لە محمدى بەندە و نێردراوى الله تعالى بۆ هيرەقلى گەورەى ڕۆم ، سەلامى الله تعالى لەسەر ئەو كەسەى بە شوێن هيدايەت ئەگەڕێت ، لە پاشاندا ، من بانگت ئەكەم بۆ ئيسلام ، تەسليم ببە سەلامەت ئەبيت ، الله تعالى دوو جار پاداشتت ئەياتەوە ، خۆ ئەگەر پشت هەڵبكەى لەم بانگەوازە و وەڵام نەيەيتەوە ئەوا تاوانى شوێنكەوتوانيشت لە ئەستۆى تۆيە ، ئەى ئەهلى كيتاب و خاوەن نامەكان وەرن با ئێمەو ئێوە لەسەر وشەو بەرنامەيەک سووربين كە بۆ هەردوولامان چوونيەكە و يەكسانە و، پەيامبەرانيش هەموو هاودەنگ بوون لەسەرى و، واز لەو تەفرەقەيە بێنن [أَلَّا نَعْبُدَ إِلَّا اللَّهَ وَلَا نُشْرِكَ بِهِ شَيْئًا] وەرن باجگە لە الله تعالى كەسێكى تر نەپەرستين و، هيچ شتێكيش نەكەينە شەريک و هاوبەشى [وَلَا يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضًا أَرْبَابًا مِّن دُونِ اللَّهِ ۚ] هەندێكيشمان لە باتى الله تعالى نەكەينە خواو بپەرستێن، واتە: لە نافەرمانى الله تعالى گوێ بيستى يەكدى نەبين، جوولەكە عوزەيريان بەخوا دا ئەناو، گاورەكانيش عيسا! [فَإِن تَوَلَّوْا فَقُولُوا اشْهَدُوا بِأَنَّا مُسْلِمُونَ] ئينجا ئەگەر هەر ڕوويان لەو قسە ڕاستەيە وەرگێڕاو بۆ يەكخواپەرستيى نەهاتن بەدەمتانەوە،

بەراشکاوی پێیان بڵێن: دەسا ئێوە بەشایەت بن و بزانن کە بەڕاستیی ئێمە موسڵمان و ملکەچی بڕیارەکانی اللە تعالی ـین و، سووریشین لەسەر دینی خۆمان و، اللە تعالی ـش تاک و تەنیایەو، ئیتر نە عوزەیر خوایە و، نە عیسایش]

ئەوەی جێگای باسەکەی ئێمە لەم ڕیسالەی پێغەمبەر ـ صلی اللە علیه وسلم ـ بۆ هیرەقل ئەم بەشەیە کە ئەفەرموویێت :

[فَإِنْ تَوَلَّيْتَ فَإِنَّ عَلَيْكَ إِثْمَ الْأَرِيسِيِّينَ] ئەگەر پشت هەڵبکەی و وەڵامی پەیامەکە نەیەیتەوە ئەوە تاوانی شوێنکەوتوانیشت لە ئەستۆی تۆیە ، ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ڕۆم ئیقامە حوجە کران بە ناردنی پەیام و ڕیسالە بۆ مەلیک و پادشایەکەیان ، چونکە پێغەمبەر ـ صلی اللە علیه وسلم ـ فەرمووی : [انهم اثمون] ئەوان واتە ڕۆمەکان تاوانبار و گوناهبارن ، جا اثم و تاوان و گوناە بوونی نابێت ئیلا پاش گەیشتنی حوجە و ئیقامە حوجە نەبێت .

فەرمووی ئەگەر تۆ وەڵامی پەیامەکە نەدەیتەوە شوێنکەوتوانت تاوانبار ئەبن و تاوانی ئەوانیش لە ئەستۆی تۆیە ، چۆن ئەکرێت شوێنکەوتوانی تاوانبار بن بەبێ ئەوەی ئیقامە حوجە کرابن ؟!

کەواتە ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئیقامە حوجەکردنیان بە ناردنی ریسالە و پەیام بۆ پادشاکەیان .

↓

ئێمەش لەوەڵامدا ئەڵێین/ ئەم تێگیشتنە سەقەتە و چەواشەکارانەیە بەهیچ شێوەیەك ئەو زانایانەی باوەڕیان بەعوذر بەجەهل نەبوە نەیانکردۆتە بەڵگە، تۆ یەکەم کەسی حەماقەتی لەم جۆرە بکەیت و شتێك بکەیت بەبەڵگە کەهیچ پەیوەندی نیە بەو بابەتەی تۆ باسی ئەکەیت.

بەڵکو ئەم حەدیسە و حوکمی ئەم حەدیس و جۆرە ڕوداوانە هەروەکو زانایان دەفەرموون تایبەتە بە ولاتانی کافری ئەصڵیەوە ، کە دەسەڵات و قوەتێکیان هەیە ئەو حوکم و سیستەمەی ڕاگرتوە و ممتنعن، بۆیە لەحاڵەتی ممتنع، بۆ ڕاگەیاندنی جەنگ و دەستپێکردنی شەڕکردن لەگەڵیان ئەوەنە بەسە کە سەرکردەو ئەمیرەکانیان بانگ بکرێن سەرەتا بۆ ئیسلام پاشان ئەگەر ڕازی نەبوون ببن بەموسڵمان داوایان لێ بکرێ جیزیە بدەن ئەگەر بەوەش ڕازی نەبوون ئەوا شەڕ و جەنگیان لەگەڵ دەکرێت، هەر وەك پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ئەمیرەکانی دەنارد بۆ غەزای کافرانی ئەصلی بەم شێوەیە ڕێنمایی ئەکردن، کەواتە حەدیسەکە باس لە حوکمی قیتالی تاقمی ڕێگریکار "ممتنع" دەکات کە لەحاڵەتی ئاوادا تەنها سەرکردەکانیان ئاگادار ئەکرێتەوە ئەگەر تەسلیم نەبوون ئەوا جەنگ و کوشتار ئەکرێت لەگەڵ جەنگاوەرەکانیان دەسەڵاتەکەیان لەناو ئەبرێت، هیچ ڕێگریەك نامێنێ لە شەڕ نەکردن لەگەڵیان و هیچ عوذرێك نیە بۆ جەنگ نەکردن لەگەڵیان،چونکە هەر تائیفە کۆمەڵێك

بەهێز وقوتێکەوە ڕێگری بکەن لە تەسلیم بوون بۆ دەوڵەتی ئیسلام ، ئەوا کۆشتاریان لەگەڵ ئەکرێ دوای ئەوەی گەورەکەیان ئاگادارئەکرێتەوە ئەوەنەش کافیە چونکە لەتوانادا نیە و ناکرێ دانە دانەی ئەو تاقم و کۆمەڵ و سەربازانە ئاگاداربکرێتەوە، ئەمە بە ئیتیفاقی ئەهلی عیلم حوکمێکی جێگیرە بۆ هەموو ئەو تاقمانەی ممتعن، کەواتە ئەم حوکمە باسی تەکفیر کردن و عوذر نەبوون نیە بەجەهل بەڵکو باس لەوە دەکرێت کە ئەگەر سەرکردە تەسلیم نەبوو ئەوا تاوانی سەربازەکانی دەکەوێتە ئەستۆ کە دەکوژرێن، بۆیە مەرج نیە ئەو پەیام و ئاگادارکردنەوەیە کە بۆ سەرۆکەکەیان نێردراوە بەهەموو سەربازەکان بگەیەنرێت، هەروەکو شێخی ئیسلام ابن تەیمیە دەفەرمێت کە کابرا بەنەزانی وتەکەی نەقڵ کردوە بەبێ ئەوەی هەموو وتەکەی نەقڵ بکات کە مەبەستی قسەکەی ڕوون ئەکاتەوە.

بەڵام بابەتی بوون و نەبونی عوذر بەجەهل ئەوا لەدەقە شەرعیەکانی تر جێگیربووە کە پەیوەستە بە گەیشتنی حوجە و عیلم و ڕونکردنەوە هەروەك سەلماندمان لەوەڵامەکانی ڕابردوومان، بەڵام ئەم کابرایە چونکە دەروێشە بۆ ئەو مەزهەبە بەتاڵە مێشکی لەکارخستوە، وەکو ئامێرو توتی ئەوان چی بڵێن ئەویش ئەیڵێتەوە بەبێ ئەوەی بیری لێ بکاتەوە گوێی پێ بدا ئایا ڕاستە یان هەڵەیە، لێرەدا بەکورتی و بەپوختی کۆتاییمان هێنا بەوەڵامی ئەمجارەمان والحمدلله رب العالمين.

وەڵامی وانەی 25ی قاعیدە گومڕاکەرەکان

بسم الله والحمدلله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن والاه أما بعد :

کابرای جاهیل و چەواشەکار دەڵێت:-↓↓↓

حەتا " ئیبلیس "یش تەکفیری ئەو کەسە ئەکات کە جاهیلە بە پەروەردگاری یان گومانی لێی هەیە پێش ئیقامە حوجە .

ئیبلیسیش ئەزانێت هەرکەسێک بە جەهلەوە شیرک و کوفر ئەنجام بات کافرە و تەکفیری ئەو کەسە ئەکات کە جاهیلە بە پەروەردگاری یان شەک و گومانی هەیە پێش ئیقامە حوجە .

ئەثەرێکمان هەیە لە هاوەڵی بەڕێزەوە ابن عباس - رضي الله عنهما - ڕیوات کراوە لە چەندین سەرچاوە لە وانە : - خەطیبی بەغدادی بە سەندی خۆی لە کتابی [الفقيه والمتفقه] موجەلەدی یەک لاپەڕە - ١٢٥ - . . - ابن عبدالبر لە کتابی [جامع بيان العلم و فضله]موجەلەدی 1 لاپەڕە - ١٢٧ - . . - ابن قيم الجوزية لە کتابی [مفتاح دار السعادة] لاپەڕەی - ٩٩ - .

وه له چەندان سەرچاوەی تر هاتووه .

خەطیبی بەغدادی ئەڵێت :

[أنا أَبُو الْحَسَنِ مُحَمَّدُ بْنُ أَحْمَدَ بْنِ عُمَرَ الصَّابُونِيُّ ، أنا أَبُو سُلَيْمَانَ مُحَمَّدُ بْنُ الْحُسَيْنِ بْنِ عَلِيِّ بْنِ إِبْرَاهِيمَ الْحَرَّانِيُّ ، أَخْبَرَنَا أَبُو عَلِيٍّ أَحْمَدُ بْنُ عَلِيِّ بْنِ الْحَسَنِ بْنِ شُعَيْبٍ الْمَدَائِنِيُّ ، بِمِصْرَ ، قَالَ : قَالَ الْمُزَنِيُّ يَعْنِي أَبَا إِبْرَاهِيمَ إِسْمَاعِيلَ بْنَ يَحْيَى ، رُوِيَ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ ، أَنَّهُ قَالَ : " إِنَّ الشَّيَاطِينَ قَالُوا لإِبْلِيسَ : يَا سَيِّدَنَا مَا لَنَا نَرَاكَ تَفْرَحُ بِمَوْتِ الْعَالِمِ ، مَا لا تَفْرَحُ بِمَوْتِ الْعَابِدِ ، وَالْعَالِمُ لا تُصِيبُ مِنْهُ ، وَالْعَابِدُ تُصِيبُ مِنْهُ ؟ قَالَ : انْطَلِقُوا ، فَانْطَلَقُوا إِلَى عَابِدٍ فَأَتَوْهُ فِي عِبَادَتِهِ ، فَقَالُوا : إِنَّا نُرِيدُ أَنْ نَسْأَلَكَ فَانْصَرَفَ ، فَقَالَ لَهُ إِبْلِيسُ : هَلْ يَقْدِرُ رَبُّكَ أَنْ يَجْعَلَ الدُّنْيَا فِي جَوْفِ بَيْضَةٍ ، فَقَالَ : لا أَدْرِي ، فَقَالَ : أَتَرَوْنَهُ كَفَرَ فِي سَاعَةٍ ، ثُمَّ جَاءُوا إِلَى عَالِمٍ فِي حَلْقَتِهِ يُضَاحِكُ أَصْحَابَهُ وَيُحَدِّثُهُمْ ، فَقَالَ : إِنَّا نُرِيدُ أَنَّ نَسْأَلَكَ ، فَقَالَ : سَلْ ، فَقَالَ : هَلْ يَقْدِرُ رَبُّكَ أَنْ يَجْعَلَ الدُّنْيَا فِي جَوْفِ بَيْضَةٍ ؟ قَالَ : نَعَمْ ، قَالَ : وَكَيْفَ ؟ قَالَ : يَقُولُ : كُنْ فَيَكُونُ ، فَقَالَ : أَتَرَوْنَ ذَلِكَ لا يَعْدُو نَفْسَهُ ، وَهَذَا يُفْسِدُ عَلَيَّ عَالَمًا كَثِيرًا] ... هەمان سەرچاوەی سەرەوە ژمارە (١) .

پاش ئەوەی سەنەدەکە ئەگاتە ئیمامی المزني ئەڵێت ڕیوایەتکراوە لە هاوەڵی بەڕێز ابن عباس و ووتی : [شەیطانەکان بە ئیبلیسیان ووت : ئەی

گەورەمان بۆچی نات بینین ئەوەنەی دڵ خۆشی بە مردنی عالمێک ئەوەنە دڵ خۆش نیت بە مردنی عابیدێک ؟ لەکاتێکدا عالم ئەو عیبادەتەی عابیدی نیە و عابید و خەریکی عیبادەتە ، ووتی : با دەرچین و بڕۆین ، ڕۆیشتن بۆلای عابیدێک کە خەریکی عیبادەت و پەرستش بوو ، پێیان ووت : ئێمە ئەمانەوێت پرسیارێکت لێ بکەین ، ئیبلیس پێی ووتی : ئایا خواکەی تۆ ئەتوانێت هەموو دنیا کۆبکاتەوە لەناو قەپێلغی هێلکەیەکدا ؟ عابیدەکە ووتی : نازانم ، ئیبلیس ووتی : ئایا بینیتان کافر بوو لە چرکەیەکدا ، پاشان ڕۆیشتن بۆ لای زانایەک کە لە مەجلیس و حەلەقەی علیم بوون و لەگەڵ هاوەڵەکانی پێئەکەنین و قسەی لەگەڵ ئەکردن ، ئیبلیس ووتی : ئێمە ئەمانەوێت پرسیارێکت لێ بکەین ، زاناکە ووتی : بپرسە ، ئیبلیس ووتی : ئایا خواکەت توانی ئەوەی هەیە و ئەتوانێت دنیا لەناو بەرگی هیلکەیەک کۆبکاتەوە " واتە دنیا بخاتە ناو هێلکەیەک " ؟ زاناکەت ووتی : بەڵێ ، ئیبلیس ووتی : چۆن ؟

زاناکە ووتی : پێی ئەڵێت : " كُنْ فَيَكُونُ " واتە ببە ئەبێت ، ئیبلیس ووتی ئایا بینیتان ئەو عابدە توانای نیە نەفسی خۆی ڕزگار بکات بەڵام ئەو زانایە خەڵکێکی زۆری لێم فاسید و خەراپ کردووە واتە " فێری عیلمیان ئەکات و لە جەهل و نەزانین ڕزگاریان ئەکات "]

شاهێدی بەڵگەش ئەوەیە ، ئەو عابیدە کافر بوو تەنها بە ئەوەندەی ووتی : (لا أدري) نازانم و دڵنیا نەبوو لە قودرەت و هێز و قوەتی اللە تعالی و ئیبلیس ڕاستەوخۆ تەکفیری کرد پێش ئیقامە حوجە جا بزانن جەهل بە اللە تعالی و تەوحیدەکەی کوفرە نەک عوذر .

↓

لەوەڵامدا ئەڵێین: کابرای جاهیل بەڵگەی نەماوە بیکات بەبەڵگە بۆ مەزهەبە باتڵەکەی ناچار دەچێت قسەی شەیطان و بەنی ئیسرائیل دێنێ ئەیکات بەبەڵگە!!!

بۆیە دەڵێین :-

یەکەم: ئەو ئەثەرەی باسی دەکەن عەبدوڵای کوڕی عەباس ڕەزای خوای گەورەی لێبێت، لە بەنی ئیسرائیلەوە وەری گرتوە، پێغەمبەریش صلی اللە علیە وسلم دەربارەی بەسەرهات و چیرۆکەکانی بەنی ئیسرائیل دەفەرمێت[نەبەڕاستیان بزانن و نەبەدرۆیان بخەنەوە] کەواتە ئەو ئەثەرە نابێتە بەڵگە بۆ هیچ شتێك و هیچ حوکمێکی لەسەر بینا نابێت بکرێت.

دووەم: ئەم ئەثەرە پێچەوانەی دەیان ئایەت و فەرموودەیە کە عوذر بەجەهل یان جێگیرکردوە، هەروەها پێچەوانەی ئەو فەرموودە ئاشکرایەی پێغەمەری خوایە صلی اللە علیەوسلم کە خۆی بەسەرهاتی ئەو پیاوەمان بۆ باس دەکات کە وەسێت دەکات کاتێ" کەمرد بیسوتێنن و خۆڵەمێشەکەی بدەن بەدەم تاکو

خوا زیندووی نەکاتەوە چونکە ئەگەر زیندووی بکاتەوە ئەوا سزایەکی ئەدا سزای هیچ کەسی ئاوا نەدابێت." پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم تەکفیری ئەو پیاوەی نەکرد چونکە نەزان بوو بەدەسەڵاتی خوا و عوذری بەجەهلی پێدا، بەڵام ئەم چەواشەکارە ڕازی نابێ بەقەولی پێغەمبەر دەچێ قەولی شەیطان و بەنی ئیسرائیل دێنێ بەرپەرچی حەدیسی پێغەمبەر و دەیان ئایەتی قورئانی پێ ئەداتەوە تاکو بۆچونە بەتاڵەکەی خۆی پێ سەربخات.

سێیەم: ئەم فەهەمە چەواشەکارانەیە پێچەوانەی قاعیدەکەی خۆتانە کە دەڵێن عوذر بەجەهل هەیە لە بابەتەکانی ئەسماء و صیفات و بابەتە شاراوەکان و ڕاستەوخۆ کەسی نەزان تیایدا تەکفیرناکەین..!!! ئەی خێرە لێرەدا پێچەوانەی خۆتان ئەکەن و جێ بەجێی ناکەن؟! بۆیە ئەم فەهەمەی ئەمجارەتان سەلمانتان کە ئێوە باوەڕتان بەهیچ شێوەیەك بەبونی عوذر بەجەهل نیە نە لە بابەتە ئاشکراکان و نە لەبابەتە شاراوەکان، هەرکەسێ بەهەرشێوەیەك لەشێوەکان توشی نەزانی ببێت تیایان لای ئێوە کافرە، ئەمەش پێچەوانەی قەولی هەموو زانایانی ئیسلامە و زیادەڕەویتان دوپات دەکاتەوە، زیاتر دەرکەوێ شوێنی هەوەس و ئارەزووتان کەوتون.

پاشان دەڵێ ↓↓↓

لە کۆتایی ئەم بنچینەیەش بە هاوەڵانی بیردۆزی عوذر بەجەهل و موحامی و پارێزەرانی موشریکەکان ئەڵێین : اللە تعالی ئەفەرموویێت :

[هَا أَنتُمْ هَـٰؤُلَاءِ جَادَلْتُمْ عَنْهُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا فَمَن يُجَادِلُ اللَّهَ عَنْهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَم مَّن يَكُونُ عَلَيْهِمْ وَكِيلًا] النِّسَاء (١٠٩)

وا ئێوە گرێمان هەتا لەسەر دنیا بن (ئەی هۆزی توعمە!) توانیتان لەو دزو خائینانە وەک (توعمەی ئوبەیریق) پشتیوانی بکەن [فَمَن يُجَادِلُ اللَّهَ عَنْهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ] باشە! ئەی لە دوارۆژدا کێ ئەتوانێ لەبەرامبەر اللە تعالی راوەستێ و، لەسەریان بکاتەوە [أَم مَّن يَكُونُ عَلَيْهِمْ وَكِيلًا] یان کێ هەیە لەو رۆژەدا پارێزگار و پشتیوانیان بێت و کارەکەیان لەئەستۆ بگرێ؟ دیارە هیچ کەس نییە، جاکەوایە هەرگیز دیفاع لەناحەقیی مەکەن .

↓

لەوەڵامدا ئەڵێم/ سەرەتا بابزانین ئیمامی ابن کثیر چۆن تەفسیری ئەم ئایەتەمان بۆ ئەکات و دەڵێت"

عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ قَالَ: إِنَّ نَفَرًا مِنَ الْأَنْصَارِ غَزَوْا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ فِي بَعْضِ غَزَوَاتِهِ، فَسُرِقَتْ دِرْعٌ لِأَحَدِهِمْ، فَأُظِنَّ بِهَا رَجُلٌ مِنَ الْأَنْصَارِ، فَأَتَى صَاحِبُ الدِّرْعِ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ فَقَالَ: إِنْ طُعْمَةَ بْنَ أُبَيْرق سَرَقَ دِرْعِي، فَلَمَّا رَأَى السَّارِقُ ذَلِكَ عَمَدَ إِلَيْهَا فَأَلْقَاهَا فِي بَيْتِ رَجُلٍ بَرِيءٍ، وَقَالَ لِنَفَرٍ مِنْ عَشِيرَتِهِ:

إِنِّي غَيَّبْتُ الدِّرْعَ وَأَلْقَيْتُهَا فِي بَيْتِ فُلَانٍ، وَسَتُوجَدُ عِنْدَهُ. فَانْطَلِقُوا إِلَى نَبِيِّ اللَّهِ ﷺ لَيْلًا فَقَالُوا: يَا نَبِيَّ اللَّهِ، إِنَّ صَاحِبَنَا بَرِيءٌ. وَإِنَّ صَاحِبَ الدِّرْعِ فُلَانٌ، وَقَدْ أحطنا بذلك علما، فاعذُرْ صاحبنا على رءوس النَّاسِ وَجَادِلْ عَنْهُ. فَإِنَّهُ إِلَّا يَعْصِمْهُ اللَّهُ بِكَ يَهْلِكْ، فَقَامَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ فبرأه وعذرَه على رءوس النَّاسِ، فَأَنْزَلَ اللَّهُ: ﴿إِنَّا أَنزلْنَا إِلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ لِتَحْكُمَ بَيْنَ النَّاسِ بِمَا أَرَاكَ اللَّهُ وَلا تَكُنْ لِلْخَائِنِينَ خَصِيمًا ﴾ [يَقُولُ: احْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ إِلَيْكَ فِي الْكِتَابِ] ﴿وَاسْتَغْفِرِ اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ غَفُورًا رَحِيمًا. وَلا تُجَادِلْ عَنِ الَّذِينَ يَخْتَانُونَ أَنْفُسَهُمْ [إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ مَنْ كَانَ خَوَّانًا أَثِيمًا] ﴾

دەڵێ ابن عباس دەڵێ: چەن کەسێ لە ئەنصاریەکان دەرچوبون بۆ غەزا لەگەڵ پێغەمبەر صلى الله عليەوسلم و درعی یەکێکیان دزرا و هاتنە لای پێغەمبەری خوا و وتیان توعمەی کوڕی ئوبەیریق درعەکەمی دزیوە، جا کاتێ دزەکە بەمەی زانی چووە لای هۆزکەی وتی من دزیەکەم کردوە لای مالّی فلّان کەسی بێ تاوانی دا ئەنێم ئێوەش بچن بیدۆزنەوە و بڵێن ئەی پێغەمبەری خوا ئەوەتا درعەکە لێرەیە و فلّان کەس دزیوێتی، هاوەڵەکەی ئێمە تاوانی نیە و تۆش بەبێ تاوانی بناسێنە لای بەردەم خەڵکی ، پێغەمبەریش صلى الله عليه وسلم وای کرد، خوای گەورەش ئەم ئایەتانەی دابەزاند ﴿إِنَّا أَنزلْنَا إِلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ لِتَحْكُمَ بَيْنَ النَّاسِ بِمَا أَرَاكَ اللَّهُ وَلا تَكُنْ لِلْخَائِنِينَ خَصِيمًا ﴾ [يَقُولُ: احْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ إِلَيْكَ فِي الْكِتَابِ] ﴿وَاسْتَغْفِرِ اللَّهَ إِنَّ

اللَّهَ كَانَ غَفُورًا رَحِيمًا. وَلا تُجَادِلْ عَنِ الَّذِينَ يَخْتَانُونَ أَنْفُسَهُمْ [إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ مَنْ كَانَ خَوَّانًا أَثِيمًا] ﴾

پاشان ئیمامی ابن کثیر دەفەرمێت "

: هَبْ أَنَّ هَؤُلَاءِ انْتَصَرُوا فِي الدُّنْيَا بِمَا أَبْدَوْهُ أَوْ أبدى لهم عند الحكام الذين يَحْكُمُونَ بِالظَّاهِرِ -وَهُمْ مُتعَبدون بِذَلِكَ -فَمَاذَا يَكُونُ صَنِيعُهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ بَيْنَ يَدَيِ اللَّهِ، عَزَّ وَجَلَّ، الَّذِي يَعْلَمُ السِّرَّ وَأَخْفَى؟ وَمَنْ ذَا الَّذِي يَتَوَكَّلُ لَهُمْ يَوْمَئِذٍ فِي تَرْوِيجِ دَعْوَاهُمْ؟ أَيْ: لَا أَحَدَ يَكُونُ يَوْمَئِذٍ لَهُمْ وَكِيلًا وَلِهَذَا قَالَ: ﴿أَمْ مَنْ يَكُونُ عَلَيْهِمْ وَكِيلا﴾

دەڵێ: وادابنێ ئەو کابرای دزە و هۆزکەی لەدونیا سەرکەوتبن لەو قەزیەیە بەهۆی ئەو کارەی بەڕواڵەت ئەنجامیاندا بۆ حوکام [کە دەیانزانی و فێڵیان کرد] بەڵام ئاخۆ چۆن دەتوانن لەڕۆژی قیامەت ئاوا دیفاع بکەن لەو پیاوەیان کە دزی کردوە."

کەواتە ئەم ئایەتە بۆ کەسانێ دابەزیوە کە عیلمیان هەبووە و شاردویانەتەوە و دیفاعیان لە تاوانبارەکەیان کردوە کە دز بووە و کابراش دزی کردوە و زانیوێتی دزی حەرامە و تاوانە و ئەگەر کەشف ببێت لەناو ئەچێت هەروەك لەوتەکانیان دیارە[فَإِنَّهُ إِلَّا يَعْصِمْهُ اللَّهُ بِكَ يَهْلِكْ] بۆیە شاردنەوەی تاوانێکی لەو جۆرە و دانە پاڵ کەسێکی بێ تاوان بەئەنقەست وعیلمەوە بریتیە لە دیفاع کردن و پارێزگاری کردن لەناپاکان، وە قەزیەکەش تاوانێکی گەورەیە کە

مەعلومە و لەداری ئیسلام بوە هیچ پەیوندیەکی بەنەبونی عوذر بەجەهل و ئەو بابەتەی ئیمە نیە کە دەڵێن ئەوانەی بانگەوازی تەوحیدیان پێنەگەیشتوە بەتەواوی عوذریان هەیە.

پاشان ئەوەتا ئایەتەکە ئاراستەی پێغەمبەر دەفەرمێت [ولاتكن للخائنين خصيما] اللە تعالی دەفەرمێت دیفاع مەکە لە ناپاکان، کەواتە ئیوە ڕەخنە لە پێغەمبەر دەگرن و قسە و تانە لەو دەدەن ؟!!!

پاشان کابرای موقلید و جاهیل دەڵێ↓

ئیمەش بە ئیوە ئەڵێین : گریمان وا لەم دنیاش دیفاع و بەرگری لە شیرک و کوفری موشریکەکان ئەکەن ..)

↓

وەڵام/ باشە تۆ شەرم ناکەیت لەخوا ناترسیت، بێزارنەبویت لەچەواشەکردن، ئایا قەت بووە ئیمە بەرگری بکەین لە کوفر و شیرکی کافران ؟! ئاخر هیچ کەسێ هەیە موسڵمان بێ و بەرگری بکات لەکوفر و شیرکی موشریکان، واتە ئیمە کافرین چونکە بێگومان هەرکەسێ بەرگری بکات لەکوفری هەرکەسێ ئەوا بێگومان کافر ئەبێت، کەواتە بۆم دەرکەوت ئەخلاقی بڵاوکردنەوەی تۆمەتی ناڕەوای تەکفیرکردن و بوهتانکردن ئەخلاقی تۆیە بۆ دەرویشە جاهیلەکانت ماوەتەوە، ئاخر هەی چەواشەکار کەی و لەچ شوێنێ لەهەموو ژیانمان بۆ چرکەیەك ئیمە دیفاعمان لەکوفری کافران کردوە، هەرکەسێ کاری

وابکات لای ئیمه کافره، ئاخر کەسێك بەشەرعی خوا و بەبەڵگەی دەیان ئایەت و فەرموودە و ووتەی زانایان لای جێگیربوبێ ئەگەر موسڵمانێ بکەوێتە شیرکی گەورەوە بەڵام پێی نەوترابێ و حەقی پێ نەگەیشتبێت عوذری هەیە بەنەزانی، ئیمە بەحوکمی بەڵگە شەرعیەکان پەلەنەکەین لەتەکفیرکردن طاعةً لله ولرسوله صلى الله عليه وسلم ، ئایا ئەمە مەعنای ئەوەیە کە پارێزگاری ودیفاع دەکەین لەشیرك وکوفر و شیرك و کوفرمان خۆشەوێ ؟!!! له الله بترسه.

لێرەدا بەکورتی کۆتایی دێنین بەوەڵامی ئەمڕۆمان

والحمدلله.

وەڵامی وانەی 26 ی قاعیدە گومڕاکەرەکان

بسم الله والحمدلله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن والاه أما بعد :

کابرای جاهیل و چەواشەکار دەڵێت:-↓↓↓

زانایان وەك ابن تەیمیه و ئەئیمەی دەعوەی نەجدی کاتێك دەڵێن تەکفیری کەسی دیاری کراو " المعين " ناکەین کاتێک ئەکەونه ناو ئەنجام دانی عیبادەت بۆ غەیری الله تعالى حەتا ئیقامه حوجه نەکرێن ، ئەوه بەتەئکید و

دڵنیایەوە مەبەستیان ئەو کوفر و تەکفیرەیە کە عوقوبە و سزا پێویست ئەکات لە دنیا و لە ئاخیرەتیش بە هەمیشەیی لە ناو ئاگردا ئەمێنێتەوە ، هەروەک بە هەمان شێوە ئەو زانا بەڕێزانەی ناومان بردن کە ئەڵێن تەکفیری کەسی دیاری کراو ناکەین کاتێک ئەکەوێتە ناو ئەنجامدانی عیبادەت بۆ جگە لە اللە تعالی تاکو ئیقامە حوجە نەکرێت ، ئەوە حوکمیش نایەن بە ئیسلام بەسەریاندا و حوکمی شیرک و وەصفی شیریکیان بۆ ئەچەسپێنن ، ئەگەر چی حوجەشیان پێ نەگەیشتبێت ، ئا ئەو موشریکە جاهلانە مامەڵەیان لەگەڵ ئەکرێت وەک مامەڵەی ئەهلی فەترەکان یەکسانن لەگەڵ ئەوان لە دنیا و ئاخیرەت ، ئا بەو تەفصیل و ووردە کاریە ئیشکال و کێشە نامێنێت و کۆتایی یەت .

شێخی ئیسلام ابن تەیمیە ـ رحمه اللە تعالی ـ ئەڵێت : [الكفر المعذب عليه لايكون الا بعد الرسالة] ئەو کوفرەی سزا ئەدرێت لەسەری نابێت ئیلا پاش گەیشتنی ڕیسالە نەبێت ، واتە شێخ کوفری کرد بە دوو بەشەوە :

ـ کوفرێک کە تەعذیب و سزا ئەدرێت لە سەری لە دنیا و قیامەت ئەوەیان ئیقامە حوجە کراوە و ڕیسالە و پەیامی پێگەیشتووە .

ـ کوفرێک کە تەعذیب و سزا نادرێت لەسەری نە لە دنیا و نە لە قیامەت ئەمەیان ئیقامە حوجە نەکراوە و ڕیسالە و پەیامی پێنەگەیشتووە .

↓

جا لەوەڵامی ئەم چەواشەکارییەدا ئەڵێین/ ئەم شێرکۆیە نەك هەر چەواشەکارە بەڵکو درۆزنیشە چونکە بەچەندین دەقی ڕوون و ئاشکرا خستمانە ڕوو کە شێخی ئیسلام ناوی شیرك بۆ موسڵمانێك جێگیرناکات کاتێ بکەوێتە شیرکەوە پێش ئیقامەی حوجە، بەڵام هەندێ لەزانایانی دەعوەی نەجدی وا دەڵێن وەك لەقەولێکی شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب هاتووە کە شێخ عبداللطیف آل الشێخ بەمانای خۆی ئەیداتە پاڵی نەك بەلەفزی شێخ بیگێڕێتەوە وەك له درر السنية.پاشان عبدالله‌ی کوڕی شێخ محمد کاتێ لەسەر ابن حەجەری هەیتەمی قسەدەکات و باس لە شیرکەکانی دەکات کە بانگەوازی بۆ کردوە نەك هەرتەکفیری ناکات بەڵکو عوذری بەتەئویل پێ ئەدات و بەیەکێ لەزانایانی موسڵمانان ناوی دێنێ، بڕوانە (الدررالسنية 1/222) هەروەها شێخ سلێمان بن عبدالله‌ی کوری شێخ محمد ئەم مەرتەبەیە ڕەت ئەکاتەوە کەسێ هەبێ موسڵمان نەبێ و کافرێش نەبێ و لەحوکمی دونیا پێی بوترێ موشریك ئەمەش وەك لە "أوثق عرى الإيمان" هاتووە ، هەروەها شێخ سلێمان بن سحمان یش ڕەتی ئەکاتەوە لە "منهاج أهل الحق"(لاپەرە 80) وە لە "الدرر" (10/471) ئەم دوو شێخە بەڕێزە ڕەتی ئەکەنەوە مەرتەبەیەك هەبێت نەموسڵمان بێت و نەکافر. کەواتە ئەمە بابەتێ نیە ئیتیفاقی لەسەر بوبێ لەنێوان زانایان دەعوەی نەجدی بەڵکو ئەم دابەشکارییە

داهێنانی خۆیانە بەهیچ شێوەیەك زانایانی پێش دەعوەی نەجدی قسەی وایان نەکردوە.

وە ئەم قسەیەی شێخی ئیسلام ابن تەیمیە ـ رحمە اللە تعالی ـ کە ئەڵێت : [الكفر المعذب عليه لايكون الا بعد الرسالة] ئەو کوفرەی سزا ئەدرێت لەسەری نابێت ئیلا پاش گەیشتنی ڕیسالە نەبێت.

ئەم کابرایە چووە سەرەتاکەی ئەم قسەیەی شێخی ئیسلامی قرتاندوە کە باس لەوتەی زانایان دەکات دەربارەی کافرانی ئەهلی فەترە شێخی ئیسلامیش لەتەعلیقی لەسەر ئەو ووتانە دەڵێت:" ومنهم من يقول بل لايعذبون حتى يبعث إليهم رسول كما دل عليه الكتاب والسنة ، لكن أفعالهم تكون مذمومة ممقوتة يذمها الله ويبغضها الله ويصفون بالكفر الذي يذمه الله ويبغضه وإن كان لايعذبهم حتى يبعث إليهم رسولا."مجموع الفتاوى (11/677).

دەڵێت:هەیە دەڵێت ئەو کافرانەی ئەهلی فەترە سزا نادرێن تاکو پێغەمبەریان بۆ دەنێردرێت هەروەك بەڵگەی قورئان و سونەتی لەسەرهاتووە، بەڵام کردەوەکانیان زەمکراو و بوغزێنراوە لای خوا و وەسف دەکرێن بەو کوفرەی کە خوا زەمی کردوە وڕقی لێیەتی، ئەگەرچی سزاشیان نادات هەتا پێغەمەریان بۆ نەنێرێت."

بڕوانە تەرجیحی ئەم وتەیە ئەدات و بەڕاشکاوی ناوی کوفریان بۆ دەچەسپێنێ پێش ڕیسالە، پاشان دەڵێت [والكفر المعذب عليه لايكون الا بعد الرسالة] ئەو کوفرەی سزا ئەدرێت لەسەری نابێت ئیلا پاش گەیشتنی ڕیسالە نەبێت، کەواتە کافرن بەڵام کافربونەکەیان ئەوە نیە سزا بدرێن لەسەری پێش هاتنی ڕیسالە، کەواتە بۆمان دەرکەوت شێخی ئیسلام باسی کافری ئەصلی ئەکات و بەهیچ شێوەیەك ئەمە باس لە موسڵمانێ نیە کە داخلی ئیسلام بوبێ توشی شیرک بوبێ پێش ئیقامەی حوجە ناوی شیرکی لەسەر بچەسپێت،

هەروەها بەڵگەیە تر لەسەر ئەوەی شێخی ئیسلام ناوی شیرك جێگیرناکات پێش هاتنی ڕیسالە بۆ موسڵمانی مونتەسیب کاتێ توشی شیرك ئەبێت، شێخ لەچەندین شوێنی کتێبەکانی تەکفیرنەکردنی لەگەڵ جێگیربونی لێخۆشبون بۆ کەسەکە کۆکردۆتەوە وێنەی ئەو پیاوەی وتی ئەگەر مردم بمسوتێنن شێخ دەڵێ "لكن كان جاهلا لا يعلم ذلك وكان مؤمناً يخاف الله أن يعاقبه فغفر له بذلك."الفتاوى 3/231

دەڵێت: ئەو پیاوە جاهیل بوو نەیدەزانی خوا بەدەسەڵاتە لەسەر ئەوەی توانای هەیە ئەگەر بکرێت بەخۆڵەمێش زیندووی ئەکاتەوە، بەڵام ئەو پیاوە ئیماندار بوو لەسزای خوا ئەترسا بۆیە خوا لێی خۆشبوو." ئەمە بەڵگەیەکی ئاشکرایە لەسەر ئەوەی تەکفیرنەکردن تەنها بەمانای نەفی کردن سزادان نایات

بەڵکو بەمانای لانەبردنی وەسفی ئیسلام دێت لەسەر ئەو کەسە دیاریکراوە، چونکە ئەگەر ئەو پیاوەی بەموسڵمان دانەنایە ئەوا نەی ئەوت خوا لێی خۆش بوو، چونکە کافر و موشریك لێ خۆشبونیان بۆنیە.

هەروەها لەشوێنێکی تریش شێخی ئیسلام بەڕاشکاوی دەڵێت هەر موسڵمان بکەوێتە ناو شیرکەوە بەنەزانی ئەوا ئیمانی دەمێنێ و وەسفی ئیسلامی لەسەر لاناچێت

"وكثير من الناس يكون معه من الإيمان بالله وتوحيده ما ينجيه من عذاب الله، وهو يقع في كثير من هذه الأنواع ولا يعلم أنها شيرك، بل لا يعلم أن الله حرمها ولم تبلغه في ذلك الرسالة بقلة القائمين بحجة الله فهؤلاء قد يكون معهم من الإيمان ما يرحمون به"جامع الرسائل 2/293

دەڵێت: زۆرێك لەوخەڵکە ئەوەنە ئیمان و تەوحیدەیان دەمێنێ کەڕزگاریان بکات لە سزای خوا لەکاتێکدا دەکەونە ناو چەندین جۆر لەشیرك و نازانن شیرکە و بەڵکو ناشزانن اللە قەدەغەی کردوە، وە ریسالەیان لەو بارەیەوە پێ نەگەیشتوە بەهۆی کەمی زانایان، بۆیە ئەو جۆرە خەڵکانە بەوەندە ئیمانەی هەیە ئەشێت خوا ڕەحمیان لێ بکات."

هەروەها شێخی ئیسلام لە وەسفی کەسانێ موسڵمان کە قەبر دەپەرستن و تۆشی جۆرەها شیرك بوون وەسفی ئیسلام و ئیمانیان لەسەر نەفی ناکات هەروەك دەڵێت :" ولا يستطيع أحد أن ينقل عن أحد من الصحابة ولا من

السلف أنهم بعد موته طلبوا منه إغاثة ولا نصرا ولا إعانة ولا استسقوا بقبره ولا إستنصروا به كما كانوا يفعلون ذلك في حياته ولا فعل ذلك أحد من أهل العلم والإيمان إنما يحكى مثل ذلك عن أقوام جهال أتوا قبره فسألوه بعض الأطعمة أو استنصروه على بعض الظلمة فحصل بعض ذلك لكرامته على ربه ولحفظ إيمان أولئك الجهال فقضى الله حاجتهم لئلا يضعف إيمانهم به وبما جاءهم به؛ لئلا يرتدوا عن الإيمان فإنهم كانوا قريبي عهد من الإيمان "الرد على البكري(1/201)

هیچ کەسێ ناتوانێ هیچ نەقڵێ بێنێ لەیەکێ صەحابەوە یان لەسەلەفەوە کەدوای وەفات کردنی پێغەمبەر داوای فریاکەوتن و یارمەتی دان و سەرکەوەتنیان لێ کردبێت، داوای بارانیان بەقبرەکەی کردبێت یان داوای سەرکەوتنیان پێی کردبێت هەروەك لەژیانیدا دەیانکرد، وەهیچ یەکێ لەئەهلی عیلم و ئیمانیش کاری وای نەکردوە، بەڵام ئەمە تەنها لەکەسانێ جاهیلەوە گێڕدراوەتەوە کەهاتونەتە لای قەبرەکەی داوای خواردن و سەرخستنیان لێکردوە بەسەر ستەمکاران خوای گەورەش بەهۆی ڕێزو پایەی پێغەمبەر داواکەیانی جێبەجێکردوە بۆ ئەوەی ئیمانی ئەو جاهیلانەش لاواز نەبێت بەخوا و بەدینەکەی، وە بۆ ئەوەی هەڵنەگەڕێنەوە لە ئیمان وە تازە موسڵمان بووبون."

هەروەها شێخی ئیسلام لەچەندین شوێنی کتێبەکانی ڕافیزەی قەبر پەرست بەموسڵمان ناودێنێ و دەڵێ"وقد ذهب كثير من مبتدعة المسلمين: من الرافضة والجهمية وغيرهم إلى بلاد الكفار فأسلم على يديه خلق كثير واتفعوا وصاروا مسلمين مبتدعين وهو خير من أن يكونوا كفاراً" فتاوى (13/96).

دەڵێ: زۆرێ لە موسڵمانە بیدعەچیەکانی ڕافیزە و جەهمیەکان چوونە بۆ وڵاتانی کافران و لەسەر دەستی ئەوان خەڵکانێ زۆریان لێ موسڵمان بووە و سوودمەندبوونە و بوون بەموسڵمانی بیدعەچی ئەمە باشترە بۆیان لەوەی کافربن"

تەنانەت ابن تەیمیە حوکمی کوفری نەداوە بەسەر ڕافیزەی دوانزە ئیمامەیە بەدیاری کراوەیی مادام ئیقامە حوجە نەکرابن" والإمامية الاثنا عشرية خير منهم بكثير فإن الإمامية مع فرط جهلهم وضلالهم فيهم خلق مسلمون باطنا وظاهرا ليسوا زنادقة منافقين لكنهم جهلوا وضلوا واتبعوا أهواءهم"انظر : منهاج السنة النبوية

دەڵێ: دوانزە ئیمامیە لەکافرەکان باشترن چونکە ڕافیزەی ئیمامیە لەگەڵ ئەوپەڕی نەزانیان خەڵکێ موسڵمانیان تیایە بەڕوکەش و پەنهان موسڵمانن و زەندیق و مونافق نین بەڵام جاهیل و گومڕان و شوێنی هەوایان کەوتون"

هەروەها شێخی ئیسلام لەوەسفی ڕافیزەی ئیمامیە دەڵێ "

" ويرون الدعاء والعبادة للموتى واتخاذ المساجد على القبور ويجعلون السفر إليها حجا له مناسك ويقولون مناسك حج المشاهد وحدثني الثقات أن فيهم من يرون الحج إليها أعظم من الحج إلى البيت العتيق فيرون الإشراك بالله أعظم من عبادة الله"منهاج السنة النبوية (451/6) .

دەڵێ" ڕافیزە پارانەوە و پەرستنی مردوان بەڕەوا دەزانن و مزگەوت لەسەر گۆڕەکان بنیات ئەنێن و زیارەتی بۆ لادەکەن ئەڵێن ئەمە ڕێوڕەسمی حەجی مەشهەدەکانمانە تەنانەت کەسانی باوەڕپێکراوبۆیان باسکردوم ئەڵێن حەج کردن بۆلای مەشهەدەکانمان زۆر گەورەترە لەحەج کردن بۆلای کەعبە وە باوەڕیان وایە هاوبەشدانان بۆ خوا چاکترە لەعیبادەتی خوا"

هەروەها وتەیەکی تری ئاشکرای ابن تەیمیە بۆ ئەوانەی دەڵێن ناوی شیرك دەچەسپێت لەسەر موسڵمانێ شیرك ئەنجام بدات پێش ئیقامەی حوجە:-

شێخی ئیسلام ابن تەیمیە-رحمه الله-دەڵێت:" وهذا الشرك إذا قامت على الإنسان الحجة فيه ، ولم ينته؛ وجب قتله كقتل أمثاله من المشركين ولم يدفن في مقابر المسلمين ولم يصلَّ عليه، وأما إذا كان جاهلاً لم يبلغه العلم ولم يعرف حقيقة الشرك الذي قاتل عليه النبي صلى الله عليه وسلم المشركين؛ فإنه لا يحكم بكفره ولا سيما وقد كثر هذا الشرك في المنتسبين إلى الإسلام ومن اعتقد مثل هذا قربة وطاعة ؛ فإنه ضال باتفاق المسلمين وهو بعد قيام الحجة كافر"جامع المسائل(3/151).

دەڵێ: ئەم شیرکە ئەگەر بەهۆیەوە ئیقامەی حوجەکرا لەسەر ئینسان بەڵام وازی نەهێنا ئەوکاتە واجبە بیکوژی وەك وێنەی کوشتنی موشریکەکان و لەگۆڕستانی موسڵمانانیش نانێژرێت و نوێژیشی لەسەر ناکرێت، بەڵام ئەگەر جاهیل بوو و عیلمی پێ نەگەیشتبوو و حەقیقەتی شیرکی نەدەزانی و ئەو شیرکەی نەدەناسی کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بەهۆیەوە قیتالی موشریکانی کرد، ئەوا حوکم نادرێ لەسەری بەکافربوون سەرەڕای ئەوەی ئەم شیرکە زۆربوە لەنێو ئەوانەی خۆیان بەموسڵمان دائەنێن، بەڵام ئەوانەیان کە ئەم شیرکە بەطاعەت و نزیک بونەوە لەخوا دائەنێن ئەوا ئەم کەسە گومڕایە بەکۆڕای موسڵمانان، وە دوای ئیقامەی حوجەش کافر ئەبێت." کۆتایی هات وتەکەی.

بڕوانن ئەم وتەیەی شێخ ئاشکراترین وتەیە کە هەرگیز باوەڕی وانەبووە ناوی شیرك بچەسپێت لەسەر موسڵمانێك کە توشی شیرك ببێت پێش هاتنی گەیشتنی ڕیسالە، چونکە دەڵێ ئەگەر حوجەی پێگەیشت ئەوجا لەقەبرسانی موسڵمانان نانێژرێ کەواتە پێش ئیقامە حوجە بەموسڵمان و وەك موسڵمان مامەڵەی لەگەڵ دەکات.

کوان ئەوانەی بێ شەرمانە درۆکانی خۆیان ئەدەنە پاڵ شێخی ئیسلام و زانایان و ئەم هەموو وتەیەی شێخ ڕەت ئەکەنەوە و لەبەر هەوەس و ئارەزوەکانیان دەڵێن موتەشابیە و وەریناگرین.!!!!

پاشان ناوەکانی شیرك و کوفر لەدەقە شەرعیەکان و وتەی زانایان گومانی تیانیە کوفر و شیرك لەڕووی زمانەوانیەوە جیاوازی هەیە لەنێوانیان، شیرك واتە: هاوبەشی کردن لەنێوان دووشت یان زیاتر لە کارێکدا، بەڵام کوفر واتە: ستر کردن و شاردنەوە، قورئانی پیرۆز لەزۆربەی شوێنەکان بەم شێوەیە مانای کردوە.

بەڵام مانای کوفر و شیرك لە ڕووی زاراوەی شەرعدا زانایان جیاوازیان هەیە لە دیاری کردنی پەیوەندی نێوان کوفر و شیرک و دیاری کردنی هەریەکەیان.

هەندێ لەزانایان بۆچونی وایە هیچ جیاوازیەك نیە لەنێوان کوفر و شیرك و هەردوکیان یەك ناون بۆ یەك شتێك، ابن حزم ئەم بۆچونەی داوەتە پاڵ ئیمامی شافیعی و غەیری ئەو لەزانایان و هەڵبژاردەی خۆشیەتی،بڕوانە الفصل (265-3/264).

جا بەپێی ئەم قەولە سابت کردنی شیرك واتە سابتکردنی کوفر، وە نەفی کردنی شیرکیش واتە نەفی کردنی کوفر، بەهەمان شێوە بەپێچەوانەوە.

لەبەرامبەردا هەندێ لەزانایان جیاوازی دەکەن لەنێوان کوفر و شیرك و دەڵێن کوفر گشتی تر لە شیرك ، کوفر ئینکاری کردنی باوەڕە بە خوا و یان بەیەکێك لە پێغەمبەران، بەڵام شیرك بریتیە لە پەرستنی کەسێکی تر لەگەڵ اللە، واتە هەموو موشریکێ کافرە بەڵام هەموو کافرێ موشریك نیە،

ئەمەش قەولی ابو حەنیفەیە کە ابن حزم دەیداتە پاڵی و هەروەها قەولی زۆربەی هاوچەرخەکانە.

بەپێی ئەم قەولەش ئیسپاتی کوفر ئیسپات کردنی شیرك ناخوازێت، بەڵام ئیسپات کردنی شیرك ئیسپاتکردنی کوفر و کافربون ئەخوازێت، وە نەفی کردنی کوفریش بەزەڕوڕەت نەفی کردنی شیرك دەخوازێت،بەڵام نەفی کردنی شیرك نەفی کردنی کوفر ناخوازێت.

بەپێی ئەم دوو قەولەش هەڵوەشانەوەی بانگەشەی ئەوانەمان بۆ دەرەکەوێ کە دەڵێن گوایە زانایان ناوی کوفر و کافر نانێن تەنها دوای ئیقامەی حوجە نەبێت و وە کاتێ نەفی کوفر لەسەر یەکێ بکەن مانای ئەوە نیە نەفی شیرکیشی لەسەر بکەن، ئەمەش دەرکەوت هیچ بنەمایەکی نەبوو لە وتەی زانایان و لەدرۆیەك زیاتر شتێکی تر نەبوو.

هەربۆیە هیچ یەکێ لەزانایانی متقدمین نە ابن تەیمیە و نە غەیری ئەویش جیاوازیان نەکردوە لە وتنی ناوی کوفر و شیرك لەحوکمەکانی دونیا و قیامەت لەنەفی کردن و ئیسپات کردن دا، هەرکاتێ بڵێن فلان کەس کافرە یان موشریکە مەبەستیان ئەوەیە وەسفی ئیسلامیان لەسەر لابردوە و ئیسپاتی ئەحکامی کوفریان بۆ کردوە، وە ئەگەر بڵێن فلان کەس کافرنیە یان موشریك نیە ئەوا مەبەستیان ئەوەیە فلانەکەس لە وەسفی ئیسلام دەرنەچووە و

حوکمەکانی کوفری لەسەر نەچەسپاوە، بەڵکو نەفی کردنی کوفر زۆر تووندترە وە نەفی کردنیش شیرکیش دەگرێتەوە بەزەڕوڕەت و ئەولاتر.

بەڵکو شێخی ئیسلام لەڕونکردنەوەی مەبەستی زانایان لەنەفی کردنی تەکفیر و ئیسپات کردنی تەکفیر کردنی کەسێك دەفەرمێت" نصوص الوعيد التي في الكتاب والسنة ونصوص الأئمة بالتكفير والتفسيق ونحو ذلك لايستلزم ثبوت موجبها في حق المعين إلا إذا وجدت الشروط وانتفت موانع، لافرق في ذلك في الأصول والفروع. هذا في عذاب الأخرة فإن المستحق للوعيد في عذاب الله ولعنته وغضبه في الدار الآخرة خالد في النار أو غير خالد وأسباب هذا الضرب من الكفر والفسق يدخل في هذا القاعدة سواء كان بسبب بدعة إعتقادية أو عبادية أو بسبب فجور في الدنيا وهو الفسق بالأعمال فأما أحكام الدنيا فكذلك أيضاً، فإن جهاد الكفار يجب أن يكون مسبوقا بدعوتهم إذ لاعذاب إلا على من بلغته الرسالة وكذلك عقوبة الفساق لاتثبت إلا بعد قيام الحجة. "(10/372).

کەواتە ابن تەیمیە سەلماندی کە تەکفیر لای زانایان ئەحکامەکانی لەسەر دروست ئەبێت لەدونیا و قیامەت.

بەڵگەی زیاتریش لەسەر ئەمە زانایانی متقدمین سەلەف ناوی کوفریان لەسەر هەموو ئەوانە دەنا کە حوجەیان پێ نەگەیشتبوو هەروەک موفەسیرین و غەیری ئەوانیش لەزانایان ئەو گەلانەیان بەئەهلی کوفر بەاللە تعالی ناوبردوە،

ئیمامی شافیعی دەربارەی عەرەب دەڵێ: كانوا قبل إنقاذه إياهم بمحمد صلى الله عليه وسلم أهل كفر في تفرقهم وإجتماعهم يجمعهم أعظم الأمور: الكفر."الرسالة الشافعي ص ١١

دەڵێ: عەرەب پێش ئەوەی خوا بە موحەمەد ڕزگاریان بكات ئەهلی كوفر بوون لە پەرتەوازەبون وكۆبونەوەیان كوفر كۆی كردبونەوە.

هەروەها زانایانی سەلەف گەلان پێش ئەوەی دەعوەیان پێ گەیشتبێ بەكافر ناویان هێناون، وەك الحليمي دەربارەی ئەهلی فەترە دەڵێت: من كان منهم عاقلا مميزاً إذا رأى ونظر إلا إنه لا يعتقد ديناً فهو كافر. "شعب الإيمان(1/175).

هەروەها شێخی ئیسلام تەئكید ئەكاتەوە لەسەر ئەوەی عەرەب پێش هاتنی دەعوە ناوی كافریان لێ دەنرێ دەڵێ:" لايعذبون حتى يبعث إليهم رسول كما دل عليه الكتاب والسنة، لكن أفعالهم تكون مذمومة ممقوتة يذمها الله ويبغضها ويصفون بالكفر الذي يذمه الله ويبغضه وإن كان لايعذبهم حتى يبعث فيهم رسولا. "جواب الصحيح(3/315). ئیتر دوای ئەم بەڵگەیە چۆن ئەوترێ ابن تەیمیە ناوی كوفر نادات بەسەر كەسێكدا تەنها دوای ئیقامەی حوجە نەبێت ؟!!!

بەڵکو لەدەیان دەقی ئاشکرادا شێخی ئیسلام ئەم ڕاستیە جەخت لێ دەکاتەوە لەفەتوا و ووتەکانی و کتێبەکانی و ڕونکردنەوەکانی بڕوانە کتێبی إشكالية العذر بالجهل دکتۆر سلطان المطيري لاپەڕە 75 بۆ 76.

پاشان وتەیەکی تری شێخی ئیسلام تەحریف دەکەن بەشێکی نەقڵ دەکەن کەدەڵێت"وقد فرق الله بين ما قبل الرسالة وما بعدها في أسماء و أحكام" خوای گەورە جیاوازی کردوە لەنێوان پێش هاتنی ڕیسالە و دوای هاتنی ڕیسالە لە کۆمەڵێ لەناو و لەحوکم" بەڵام هەموو وتەکە نەقڵ ناکەن کە ئاشکرای ئەکات باس لەکافری ئەصلی دەکات و وەڵامی ئەشاعیرە ئەداتەوە کە دەڵێن شیرك و تەوحید هیچ ناشرین و چاکیەکیان نیە لەخودی خۆیان کە بەعەقڵ و فیطرەت بزانرێ بۆیە شێخ دێت بەبەڵگەی ئایەت بۆیان ئەسلمێنێ. با بێین هەموو وتەکەی شێخی ئیسلام ابن تەیمیە وەکو خۆی نەقڵ بکەین دەڵێت :" وَقَدْ فَرَّقَ اللَّهُ بَيْنَ مَا قَبْلَ الرِّسَالَةِ وَمَا بَعْدَهَا فِي أَسْمَاءِ وَأَحْكَامٍ وَجَمَعَ بَيْنَهُمَا فِي أَسْمَاءِ وَأَحْكَامٍ وَذَلِكَ حُجَّةٌ عَلَى الطَّائِفَتَيْنِ: عَلَى مَنْ قَالَ: إنَّ الْأَفْعَالَ لَيْسَ فِيهَا حَسَنٌ وَقَبِيحٌ. وَمَنْ قَالَ: إنَّهُمْ يَسْتَحِقُّونَ الْعَذَابَ عَلَى الْقَوْلَيْنِ. أَمَّا الْأَوَّلُ فَإِنَّهُ سَمَّاهُمْ ظَالِمِينَ وَطَاغِينَ وَمُفْسِدِينَ؛ لِقَوْلِهِ: {اذْهَبْ إلَى فِرْعَوْنَ إنَّهُ طَغَى} وَقَوْلِهِ: {وَإِذْ نَادَى رَبُّكَ مُوسَى أَنِ ائْتِ الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ} {قَوْمَ فِرْعَوْنَ أَلَا يَتَّقُونَ} وَقَوْلِهِ: {إنَّ فِرْعَوْنَ عَلَا فِي الْأَرْضِ وَجَعَلَ أَهْلَهَا شِيَعًا يَسْتَضْعِفُ طَائِفَةً مِنْهُمْ يُذَبِّحُ أَبْنَاءَهُمْ وَيَسْتَحْيِي نِسَاءَهُمْ إنَّهُ كَانَ مِنَ الْمُفْسِدِينَ}

فَأَخْبَرَ أَنَّهُ ظَالِمٌ وَطَاغٍ وَمُفْسِدٌ هُوَ وَقَوْمُهُ وَهَذِهِ أَسْمَاءُ ذَمِّ الْأَفْعَالِ؛ وَالذَّمُّ إنَّمَا. يَكُونُ فِي الْأَفْعَالِ السَّيِّئَةِ الْقَبِيحَةِ فَدَلَّ ذَلِكَ عَلَى أَنَّ الْأَفْعَالَ تَكُونُ قَبِيحَةً مَذْمُومَةً قَبْلَ مَجِيءِ الرَّسُولِ إلَيْهِمْ لَا يَسْتَحِقُّونَ الْعَذَابَ إلَّا بَعْدَ إتْيَانِ الرَّسُولِ إلَيْهِمْ؛ لِقَوْلِهِ: {وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّى نَبْعَثَ رَسُولًا} . وَكَذَلِكَ أَخْبَرَ عَنْ هُودَ أَنَّهُ قَالَ لِقَوْمِهِ: {اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُمْ مِنْ إلَهٍ غَيْرُهُ إنْ أَنْتُمْ إلَّا مُفْتَرُونَ} فَجَعَلَهُمْ مُفْتَرِينَ قَبْلَ أَنْ يَحْكُمَ بِحُكْمِ يُخَالِفُونَهُ؛ لِكَوْنِهِمْ جَعَلُوا مَعَ اللَّهِ إلَهًا آخَرَ فَاسْمُ الْمُشْرِكِ ثَبَتَ قَبْلَ الرِّسَالَةِ؛ فَإِنَّهُ يُشْرِكُ بِرَبِّهِ وَيَعْدِلُ بِهِ وَيَجْعَلُ مَعَهُ آلِهَةً أُخْرَى وَيَجْعَلُ لَهُ أَنْدَادًا قَبْلَ الرَّسُولِ وَيُثْبِتُ أَنَّ هَذِهِ الْأَسْمَاءَ مُقَدَّمٌ عَلَيْهَا وَكَذَلِكَ اسْمُ الْجَهْلِ وَالْجَاهِلِيَّةِ يُقَالُ: جَاهِلِيَّةً وَجَاهِلًا قَبْلَ مَجِيءِ الرَّسُولِ وَأَمَّا التَّعْذِيبُ فَلَا. وَالتَّوَلِّي عَنْ الطَّاعَةِ كَقَوْلِهِ: {فَلَا صَدَّقَ وَلَا صَلَّى} {وَلَكِنْ كَذَّبَ وَتَوَلَّى} فَهَذَا لَا يَكُونُ إلَّا بَعْدَ الرَّسُولِ مِثْلَ قَوْلِهِ عَنْ فِرْعَوْنَ. {فَكَذَّبَ وَعَصَى} كَانَ هَذَا بَعْدَ مَجِيءِ الرَّسُولِ إلَيْهِ كَمَا قَالَ تَعَالَى. {فَأَرَاهُ الْآيَةَ الْكُبْرَى} {فَكَذَّبَ وَعَصَى} وَقَالَ: {فَعَصَى فِرْعَوْنُ الرَّسُولَ} ."مجموع الفتاوى(20/38)

دەڵێت: بەڕاستی خوا لەناوەکان و حوکمەکان جیاوازی کردوە لەپێش هاتنی ریسالە و لەدوای هاتنی ریسالە ئەم جیاوازی کردنەش بەڵگەیە لەسەر هەردوو تاقمی ئەشاعیرە و موعتەزیلە کەدەڵێن کردەوەکان لەخودی خۆیان هیچ ناشرینی و جوانیەکیان نیە، یان ئەوانەی ئەڵێن بەموجەردی ئەوەی عەقڵ ناشرینی شتەکان بزانێ شایستەی سزا ئەبن، بەڵگە لەسەر ئەشاعیرەکان کە دەڵێن

کردەوەکان ناشرینیان نیە پێش هاتنی ڕیسالە ئەوەیە کە خوای گەورە کافرانی ناوبردوە بە ستەمکار و لەسنوور دەرچوو و خراپەکار وەك دەفەرمێت {اذْهَبْ إِلَى فِرْعَوْنَ إِنَّهُ طَغَى} وَقَوْلِهِ: {وَإِذْ نَادَى رَبُّكَ مُوسَى أَنِ ائْتِ الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ} {قَوْمَ فِرْعَوْنَ أَلَا يَتَّقُونَ} وَقَوْلِهِ: {إِنَّ فِرْعَوْنَ عَلَا فِي الْأَرْضِ وَجَعَلَ أَهْلَهَا شِيَعًا يَسْتَضْعِفُ طَائِفَةً مِنْهُمْ يُذَبِّحُ أَبْنَاءَهُمْ وَيَسْتَحْيِي نِسَاءَهُمْ إِنَّهُ كَانَ مِنَ الْمُفْسِدِينَ} هەواڵ دەدات بەوەی فیرعەون خۆی و گەلەکەی ستەمکار و خراپەکار و لەسنوور دەرچوون. ئەم ناوانە ناوی زەم کردنی کردەوەکانە ، زەمکردنیش بۆ کردەوە خراپە ناشرینەکان دەبێت، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کردەوەکان ناشرینی و زەمکراون لەپێش هاتنی پێغەمبەر بۆیان، بەڵام شایستەی سزا نابن پێش هاتنی پێغەمبەر وەک اللە تعالى دەفەرمێت {وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّى نَبْعَثَ رَسُولًا} هەروەها اللە تعالى هەواڵمان پێ ئەدات دەربارەی هود کە بە گەلەکەی دەڵێت {اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُمْ مِنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ إِنْ أَنْتُمْ إِلَّا مُفْتَرُونَ} بەهەڵبەستەری درۆ داینان پێش ئەوەی بڕیارێ بدات و پێچەوانەی بکەن چونکە لەگەڵ خوادا خوایەکی تریان بڕیاردابوو، بۆیە ناوی شیرك پێش هاتنی ریسالە جێگیردەبێت چونکە هاوبەش بڕیارئەدات بۆ پەروەردگاری و هاوتای بۆ دادەنێت پێش پێغەمەر جێگیرە کەوا ئەم ناوانە پێش حوکمدانە بەهەمان شێوە ناوی نەفامی پێش هاتنی پێغەمەر دەچەسپێ بەڵام سزادان نەخێر، بەڵام پشت هەڵکردن و

طاعەت ناچەسپێ لەپێش هاتنی ڕەسول چونکە اللە تعالی دەفەرمێت{فَلَا صَدَّقَ وَلَا صَلَّى} {وَلَكِنْ كَذَّبَ وَتَوَلَّى} وە دەفەرمێت فَأَرَاهُ الْآيَةَ الْكُبْرَى} {فَكَذَّبَ وَعَصَى} وَقَالَ: {فَعَصَى فِرْعَوْنُ الرَّسُولَ} ."

بۆیە هەرکەسێك ناوی شیرك بچەسپێنێ پێش هاتنی ریسالە بۆ موسڵمانێ کەتوشی شیرك بوە بەنەزانی ئەوا نەپێکاوە درۆی کردوە بەدەم شێخی ئیسلامەوە چونکە ابن تەیمیە لە تەئصیل کردنی بۆ بابەتی تەکفیر شتی وای نەوتوە، بەڵکو لێرەدا کەوتەکەیمان باسکرد باسی لەبابەتی تحسین و تقبیحی عەقلی کردوە وە باسی لەکافرانی ئەصلی کردوە و فەرمویەتی ناوی موشریك جێگیرە پێش هاتنی ڕیسالە بەێ ئەوەی حوکمی چونە ئاگری هەێ وەك ئەهلی فەترە. وە ئەوانە بێ ئاگان لەوەی شێخی ئیسلام غەیری ئەو لەزانایان دەڵێن ئەهلی فەترە کافرن هەرچەن ئەگەر ریسالەشیان پێنەگەیشتبێت، جا ئەم جاهیلانەی خۆشمان توشی تێکگیران بوون نە ئەوەتا ئەوەیە بڵێن قبوریەکان پێش هاتنی حوجە کافرن وەك بە ئەهلی فەترە دەڵێن وە نە ئەوەتا بە ئەهلی فەترە دەڵێن موشریك لەحوکمەکانی دونیا و حوکمی کوفریان لەسەر نەدەن بۆیە لە بنەماکەی خۆشیان سەردەرناکەن و نازانن چۆن پینەی بکەن.

تەنانەت ئیمام ابن القیم لەوتەیەکیدا باس لەمەبەستی ئیقامە حوجە دەکات کاتێ باسی کردوە دەڵێت: بەرپابونی ئیقامە حوجە بۆ چەسپاندنی ئەحکامە

شەرعیەکان و واجیباتەکان و قەدەغەکراوەکانە نەك تەتها لەبواری سزادان."بڕوانە مفتاح دار السعاده 2/401

کەواتە نابێ بەموسڵمانێ بڵێی موشریك کاتێ توشی شیرك ئەبێ بەنەزانی پێش ئیقامەی حوجە و ئەحکامەکانی موشریکانی لەسەر جێبەجێ بکەیت.

هەروەها ابن القیم ناوی ئیسلام بۆ ڕافیزە قبوریەکان جێگیردەکات

هەروەها ابن القیّم رحمه الله له "الطرق الحکمیة"(174) دەڵێ: (... وأما أهل البدع الموافقون لأهل الإسلام، ولكنهم مخالفون في بعض الأصول كالرافضة والقدرية والجهمية وغلاة المرجئة ونحوهم ، فهؤلاء أقسام : أحدهما : الجاهل المقلد الذي لا بصيرة له، فهذا لا يكفر ولا يفسق، ولا ترد شهادته إذا لم يكن قادراً على تعلم الهدى، وحكمه حكم المستضعفين (إِلاَّ الْمُسْتَضْعَفِينَ مِنَ الرِّجَالِ وَالنِّسَاء وَالْوِلْدَانِ لاَ يَسْتَطِيعُونَ حِيلَةً وَلاَ يَهْتَدُونَ سَبِيلاً فَأُوْلَـئِكَ عَسَى اللّهُ أَن يَعْفُوَ عَنْهُمْ وَكَانَ اللّهُ عَفُوًّا غَفُورًا) [النساء: 98-99]

.

القسم الثاني : المتمكن من السؤال وطلب الهداية ومعرفة الحق، ولكن يترك ذلك اشتغالاً بدنياه ورئاسته ولذته ومعاشه وغير ذلك، فهذا مفرط مستحق للوعيد آثم بترك ما وجب عليه من تقوى الله بحسب استطاعته، فهذا حكمه حكم أمثاله من تاركي بعض الواجبات، فإن غلب ما فيه من البدعة والهوى

على ما فيه من السنة والهدى ردت شهادته، وإن غلب ما فيه من السنة والهدى قبلت شهادته .

القسم الثالث : أن يسأل ويطلب ويتبين له الهدى، ويتركه تقليداً أو تعصباً، أو بغضاً ومعاداة لأصحابه، فهذا أقل درجاته أن يكون فاسقاً، وتكفيره محل اجتهاد وتفصيل ...) .

ئەما ئەهلی بیدەع ئەوانەی کە موافیقی ئەهلی ئیسلامن بەڵام لەچەند ئوصوڵێ پێچەوانەی ئیسلامن وەك ڕافیزە و قەدەریەکان و غولاتی مورجیئەکان و هاوشێوەکانیان ئەمانە چەند بەشێکن:

یەکەمیان: ئەوانەی نەزانن و هیچ عیلمێکیان نیە و موقەلیدن ئەم جۆرانەیان تەکفیر و تەفسیق ناکرێن و شایەدیشیان ڕەتناکرێتەوە مادام توانای فێربوونیان نەبوبێت، ئەمانە حوکمیان حوکمی مستضعف ەکانە

بەشی دووەمیان: ئەوانەیان کە توانای فێربوون و پرسیارکردنیان هەیە بەڵام بەهۆی دنیا و مەعیشەت وخۆشیەکانیان پشتگوێیان خستوە ئەمانە شایستەی هەڕەشەن و گوناحبارن بەپێی ئەو واجیبات و تەقوایەی کەتەرکیان کردوە، ئەگەر هەوەس و ئارەزووەکانیان زیاتربوو لەسونەت ئەوا شەیەدیان ڕەت ئەکرێتەوە.

بەشی سێیەمیان: پرسیاردەکەن و داوای عیلم دەکەن بۆیان ڕونبۆتەوە بەڵام تەرکی ئەکەن بەهۆی تەقلید و دەمارگیری و ڕِقی ئەوانەی حەقەکەیان بۆ هێناون کەمترین حوکمی ئەم جۆرە کەسە فاسق بونە و تەکفیرکردنیشییان جێگای اجتیهادە."

وە ابن القيم -رحمه الله- له الطرق الحكمية دەڵێت : "وقال الميموني: سمعت أبا عبد الله يقول: من أخاف عليه الكفر - مثل الروافض والجهمية - لا تقبل شهادتهم ولا كرامة لهم، أنا أستتيبهم" 463/1، فلو كان الإمام أحمد بن حنبل (ت: 241 هـ) يرى كفر جميعهم على التعيين فلِمَ يخاف عليهم ذلك؟!!."

مەیمونی دەڵێ: بیستم باوکی عبدالله دەیوت ئەوانەی لەکافربونیان دەترسم نمونەی ڕافیزە و جەهمیەکان گەواهیدانیان وەرناگیرێ و ڕِێزیان نیە داوای استتابەیان لێ دەکەم" جا ئەگەر ئیمام ئەحمەد بەکافریان بزانێ هەمویان بەدیاریکراوەیی ئەی بۆچی دەترسێ لێیان لەکافربون ؟!!!.

پاشان شێرکۆ دەڵێت ↓↓↓

سێیەم :

وەڵامدانەوەی نەصەکان و ڕەسائیلەکانی شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب که پشتی پێ ئەبەستن و لێی تێناگەن پێویستە وە ئەبێت تێبینی ئەمانە بکرێت :

١ـ ئەو پرسیارانەی ئاڕاستەی شێخ کراون دەربارەی تەکفیر و جەنگ و قیتالە .

↓

وەڵام/ درۆت کرد ، بەڵکو شێخ محمد و کوڕەکانی زۆربەی ئەو قسانەی کەکردویانە هاوشێوی یەکترن بەهیچ شێوەیەك هیچیان باسی قیتالیان نەکردوە هەروەکو دەیان قەولی شێخ محمد بن عبدالوهاب مان باسکرد لە وەڵامەکانی پێشوو، ئەم ئیدیعا کردنەتان هیچ بنەمایەکی زانستی نیە و تەنها خۆ تەنگاوکردنتانە بۆ ئەوەی بتوانن هەرچۆنێ بێ بیانوو بۆ مەزهەبە باتڵەکەتان بدۆزنەوە ئەگینا ئەوەتا عبدالله‌ی کوڕی شێخ محمد بن عبدالوهاب خۆی وتەکانی باوکی شەرح دەکات دەربارەی تەکفیر، پرسیاری لێ دەکەن دەربارەی کەسێ کوفرێکی لێ بەدیارکەوتبێ بەبێ مەبەستی کافربوون بەڵکو نەزان بوبێت ئایا عوذری هەیە ئەگەر ووتەبێ یان کردەوە یان تەوسول لەوەلامدا دەڵێ : "إذا فعل الإنسان الذي يؤمن بالله ورسوله ما يكون فعله

كفرًا أو اعتقاده كفرًا جهلًا منه بما بعث الله به رسوله صلى الله عليه وسلم، فهذا لا يكون عندنا كافرًا، ولا نحكم عليه بالكفر حتى تقوم عليه الحجة الرسالية التي يكفر من خالفها، فإذا قامت عليه الحجة، وبيّن له ما جاء به الرسول صلى الله عليه وسلم، وأصرَّ على فعل ذلك بعد قيام الحجة عليه، فهذا هو الذي يكفر".

الدرر السنية في الأجوبة النجدية (10/ 239).

دەڵێ: ئینسانێ ئەگەر ئیمانی بەخوا و بەپێغەمبەرەکەی بێ کارێ بکات یان باوەرێکی هەبێ کوفربێ نەزان بێ بەو دینەی خوا، ئەم کەسە لای ئێمە کافر ناکرێ، حوکمی کوفریشی بەسەرنادەین تاکو حوجەی ریسالەی لەسەر بەرپانەکەین جا ئەگەر ئیقامەی حوجەی لەسەرکرا وە دینی پێغەمبەری بۆ روون کرایەوە و هەر سووربوو لەسەر شیرکەکەی دوای کردنی ئیقامە حوجە لەسەری ئائەم کەسەیە کە کەوا کافرئەکرێت."

[بڕوانە ئەڵێ ئەگەر کەسێ قسەیەکی کوفری و شیرکی کرد بەنەزانی بەڵام ئیمانی هەبوو بەخوا و بەپێغەمبەرەکەی ئەها جوان سەیرکەن ناوی ئیمانی بۆ جێگیرکرد واتە بە موشریکی نەزانی، پاشان دەڵێ کە نەزان بوو و ئیقامە حوجەی لەسەر نەکرابوو ئەوا لای ئێمە واتە لای خۆی و باوکی کافر نیە و موسڵمانە.]

پاشان دەڵێ↓

◆ چوارەم :

وەڵامی ئەوانەی کە پشت ئەبەستن بە قەولی شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب لەوەی کە تەکفیری ئەو کەسەی نەکردووە کە عیبادەت بۆ قوبەی الکواز یان صەنەم لەسەر موقامی قەبری شێخ عبدالقادری گەیلانی ئەنجام ئەیەن لە سێ ڕووە وە ئەبێت :

- ڕووی یەکەم :

بەبێ گومان ئەصڵ و بنچینە ئەوەیە ئەگەر کەسێک لە ئەهلی عیلم نەص و قەولی وازح و ئاشکرای هەبوو لە سەر بابەتێک پاشان نەصێکی موتەشابەهو وێکچوی هەبوو لەسەر هەمان بابەت کە پێچەوانەی ووتە ئاشکراکانی خۆی بوو ، ئەوە ئەصڵ وایە ئیستیدلال بە نەصە ئاشکرا و ڕوون و صەریحەکانی بکرێت .

وەڵامی/ بەڵێ ئەمە نەصی صەریحی شێخ محمدە چونکە هەر ئەو نەصەی نیە چەندین نەصی هاوشێوەی هەیە کە پرسیاری لێ دەکرێ ئایا ڕاستە شێخ تەکفیری عامی موسڵمانان دەکات کەتوشی شیرک بون لەوەڵامدا سوێند ئەخوات و خوا دەکات بەشایەد کە بوهتانە بۆی ئەکەن و ئەو شتی وای نەوتوە کاتێ موفتی عێراق و شەریف ئەمیری مەککە پرسیاری لێ دەکەن

یاخود کاتێ سەرۆك هۆزەکانی نەجد نامەی بۆ دەنێرن و داوای ڕونکردنەوەی ئەو ئیدیعایانە دەکەن کەگوایە شێخ تەکفیریان دەکات لەوەڵامی هەر هەمویان حاشای لێ دەکات ئەو تەکفیری ئەو خەڵکانەی کردبێ کە قەبر دەپەرستن ئایا وەڵامی لەو جۆرە لەکوێی ئەوە جێی ئەبێتەوە بڵێ من نالێم موسڵمانن بەڵام موشریکن و کافرنین شەڕ و قیتالیان لەگەڵ بکەم ئەمە چەواشەکردن و فێڵ کردن نیە لەکەسی بەرامبەر ؟ ئەمە وەڵامە یان خۆدزینەوەیە لەوەڵام ؟ بەڕاستی ئەم جۆرە لێکدانەوەیان بۆ شێخ خۆی لەخۆیدا تۆمەتبارکردنی شێخە بەساختەکاری و چەواشەکردنی برامبەرەکانی،بەڵگەشمان لەسەر قسەکەمان ئەوەیە شێخ محمد لە وەڵامی نامەیەکی سوێدی بەغدادی کە پرسیاری لێ دەکات ئایا ڕاستە شێخ تەکفیری خەڵکی دەکات، شێخ محمد لەوەڵامدا ئەڵێت:" فأنا أكفر من عرف دين الرسول ثم بعد ما عرفه سبه ونهى الناس عنه وعادى من فعله، فهذا هو الذي أكفر، وأكثر الأمة ولله الحمد ليسوا كذلك" الرسائل الشخصية ص٣٨و ١٥٨ و الدررالسنية ١/٧٣ شێخ دەڵێت: من کەسێ تەکفیر دەکەم دینی نسیبێ پاشان کە ئەو دینەی ناسی جنێوی پێبدات و ڕێگری لێ بکات لەخەڵکی و دوژمنایەتی هەرکەسێ بکات کار بکات بەو دینە، ئا ئەم جۆرە کەسەیە من تەکفیری ئەکەم وە زۆربەی ئومەتیش الحمدلله وانەبوونە"

ئەگەر تەکفیر بەمانای قیتال بێت لای شێخ محمد مانای ئەوە چیە کە دەڵێ زۆربەی ئومەت کافر نەبوونە واتە من جەنگ و قیتالم نەکردوە لەگەڵ زۆربەی ئومەت ؟!!!

کەسێك هەیە عەقڵی هەبێت و قسەی ئاوابکات چ جای زانایان !!!

هەروەها شێخ محمد بن عبدالوهاب دەڵێت" شەریف پرسیاری لێ کردوم ئێمە لەسەرچی قیتال دەکەین وە بەچی ئینسان کافر ئەکەین ؟ منیش بەڕاستی وەڵامم دایەوە و ئەو درۆیانەم بۆ ڕونکردەوە کە دوژمنان بۆم هەڵدەبەستن بۆیە داوای لێ کردم شتێکی بۆ بنوسم. بۆیە دەڵێم ئەو درۆ و بوهتانەی کە بۆیان کردوم گوایە من خەڵکی بەگشتی تەکفیر ئەکەم وە کەسێ دینەکەی ئیظهار کردبێ دەڵێم واجبە هیجرەت بکات بۆ لامان یاخود ئێمە خەڵکی تەکفیر بکەین لەسەر ئەوەی تەکفیر ناکەن و قیتال ناکەن ئەم قسانە و چەندین قسەی تری لەم شێوانە هەموو ئەمانە درۆ بوهتانە بۆ ئەوەی خەڵکی دوربخەوە لەدینی خوا و پێغەمبەرەکەی؛ ئێمە ئەگەر ئەو کەسە تەکفیر نەکەین کە ئەو بتە دەپەرستێ کە لەسەر گۆڕی عبدالقادرە یان کەلەسەر گۆڕی ئەحمەد بەدەوی و هاوشێوەکانێتی لەبەر ئەوەی کە نەزانن و کەس نەبوە ئاگاداریان بکاتەوە جا چۆن ئێمە کەسانێ تەکفیر ئەکەین کە هاوبەشیشی بۆ خوا ئەنجام نەدابێ مادام هیجرەتی نەکردبێ بۆ لای ئێمە و

تەکفیرنەکات و قیتال نەکات سبحانك هذا بهتان عظیم"الدرر بەرگی یەکەم 102-104

[بڕوانە شێخ بەجیا پرسیاری لێ دەکەن لەسەر قیتال و تەکفیر شێخیش بەجیا وەڵامی ئەداتەوە ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی شێخ محمد جیاوازی دەکات لەنێوان قیتال و تەکفیر وە تەکفیر کردن بەمانای سزادان و جێ بەجێ کردنی عقوبە نایات]

ئەگەر ئەمە قەولی محکم نەبێت کەخۆی دەڵێت وەڵامم دایەوە بەڕاستی و درۆکانم بۆ ڕونکردەوە, توخوا ئەگەر ئەمە وازح و روون نەبێ کەبەچەندین شێوە جەختی لێ ئەکاتەوە ئیتر چی موحکەمە ؟؟!!!

هەربۆیە ئەمە زۆرینەی وتەکانی شێخە و زۆرینەی ئەو وتانەیە کە لێی دەگێڕنەوە بۆیە ئەمە موحکەمە و ڕوونە ئەوانەشی پێچەوانەی ئەم وتە ڕون و موحکەمانەیە بەمتشابە دادەنرێ دەبێ لەژێر ئەم ووتانە لێکبدرێتەوە.

ئەوەتا شێخ سلیمانی کوری عبدالله بن محمد بن عبدالوهاب -رحمه الله- دەڵێت: " وإن كان يقول : أقول غيرهم كفار ، فهذا حكم منهم بإسلامهم ، إذ لا واسطة بين الكفر والإسلام ، فإن لم يكونوا كفاراً فهم مسلمون " الدررالسنية (8/161).

واتە: ئەگەر بڵێت ئەڵێم غەیری ئەوان کافرە ئەمە حوکمدانە لەلایەن ئەوەوە

بەموسڵمان بونیان، چونکە شتێك نیە لەنێوان موسڵمان بون و کافربون، چونکە ئەگەر کافرنەبن ئەوا دەبێ موسڵمان بن."

هەروەها دەڵێت :" والتعبير بأن ظاهره لا إسلام ولا كفر ، لا معنى له عندي، لأنه لابد أن يكون مسلماً جاهلاً، أو كافراً جاهلاً فمن كان ظاهره الكفر ، فهو كافر ومن كان ظاهره المعاصي ، فهو عاص ؛ ولا نكفر إلا من كفره الله ورسوله بعد قيام الحجة عليه, وأما الذي تباح ذبيحته منهم، فهو المسلم ، وأما الذي لا تباح ذبيحته ، فهو الكافر والمرتد ، وهو الذي يكفر بعد إسلامه ، بفعل ناقص من نواقض الإسلام، المخرجة من الملة وقد واضحنا حكم أعراب أهل النجد." (10/471).

واتە: ئەو دەربڕینەی دەڵێت ڕواڵەتی نە موسڵمان بونە و نەکافربوون ئەم دەربڕینە هیچ مانایەکی نیە لای من چونکە یان دەبێ موسڵمانێکی جاهیل بی یان کافرێکی جاهیل ، جا هەرکەسێ ڕواڵەتی کوفربوو ئەوا کافرە و هەرکەسێکیش ڕواڵەتی سەرپێچی کردن بوو ئەوا سەرپێچیکارە وە وەکەسیش تەکفیرناکەین کەخوای گەورە و پێغەمبەرەکەی تەکفیری نەکردبن دوای ئیقامەی حوجە کردن لەسەری تەکفیری دەکەین، وە ئەوکەسەی سەربڕاوی دەستی حەڵاڵە لەوانە ئەوە موسڵمانە ئەوکەسەشی سەربڕاوی دەستی حەڵاڵ نیە کافر ومورتەدە ئەوکەسەیە کوفر دەکات دوای موسڵمان

بون بەئەنجامدانی هەڵوەشێنەرەوەیەك لەهەڵوەشێنەرەوەكانی ئیسلام پێشتر حوكمی ئەعرابیەكانی نەجدمان ڕونكردەوە."

كەواتە زۆرێ لەزانایانی نەجدی ئینكاری ئەو دابەشكاریەیان كردوەو باوەڕیان پێی نەبووە .

دووەم / ئەگەر واشدابنەین شێخ محمدی كوری عبدالوهاب ئەو قسەیەی كردبێ باوەڕی وابوبێ دەڵێین خۆ شێخ مەعصوم نیە لەهەڵە هەموو زانایەك هەڵەی پەڵەی هەرئەبێ و اجتیهادی خۆیەتی و نەیانپێكاوە ئیدیعای پیرۆزی و عیصمەت بۆ صەحابە نەكراوە چ جای بۆكەسانی تر ، بۆیە ئەبێ وتەی زانایان لەژێر سایە و سێبەری قورئان و فەرموودە وەربگیرێت نەك بكرێت بەقورئان و فەرموودە و لێی لانەدرێت، ئەوەش بەڵگەیە قورئانی پیرۆزیش جیاوازی نەكردوە لەنێوان حوكمی كوفر و شیركدا لەهەندێ شوێن ناوی كوفر بەسەر كاری شیركدا دەدات وناوی شیركیش بەسەر كاری كوفردا ئەدات و جیاوازی ناكات لەنێوانیان دەفەرمێت(وَمَن يَدۡعُ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ لَا بُرۡهَٰنَ لَهُۥ بِهِۦ فَإِنَّمَا حِسَابُهُۥ عِندَ رَبِّهِۦٓ إِنَّهُۥ لَا يُفۡلِحُ ٱلۡكَٰفِرُونَ)[سورة المؤمنون 117] هەروەها دەفەرمێت (إِنَّهُۥ مَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَقَدۡ حَرَّمَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِ ٱلۡجَنَّةَ وَمَأۡوَىٰهُ ٱلنَّارُۖ وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنۡ أَنصَارٖ)[سورة المائدة 72]

وه دەفەرمێت (ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمۡ لَهُ ٱلۡمُلۡكُۚ وَٱلَّذِينَ تَدۡعُونَ مِن دُونِهِۦ مَا يَمۡلِكُونَ مِن قِطۡمِيرٍ)[سورة فاطر 13] لێرەدا الله تعالى پاڕانەوەی موشریکانی بەشیرک ناو برد بەڵام لەسوڕەتی موئمنین بەکوفری ناوبرد.

هەروەها الله تعالى دەفەرمێت (يُرِيدُونَ أَن يُطۡفِـُٔواْ نُورَ ٱللَّهِ بِأَفۡوَٰهِهِمۡ وَيَأۡبَى ٱللَّهُ إِلَّآ أَن يُتِمَّ نُورَهُۥ وَلَوۡ كَرِهَ ٱلۡكَٰفِرُونَ)[32](هُوَ ٱلَّذِيٓ أَرۡسَلَ رَسُولَهُۥ بِٱلۡهُدَىٰ وَدِينِ ٱلۡحَقِّ لِيُظۡهِرَهُۥ عَلَى ٱلدِّينِ كُلِّهِۦ وَلَوۡ كَرِهَ ٱلۡمُشۡرِكُونَ)[سورة التوبة 33]

الله تعالى لەم دوو ئایەتەدا کافرەکانی بەکافر ناوبرد و هەروەها بە موشریکیش ناوی هێنان ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی بەموشریك ئەوترێ کافر و بەکافریش ئەوترێ موشریك و یەکسانن لەناو و حوکم، ئایەتەکان و فەرموودەکان لەم بارەیەوە زۆرن.

هەروەها پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ:"بين الرجل وبين الشرك والكفر ترك الصلاة" لەنێوان پیاو و لەنێوان و کوفر و شیرکدا تەرکی نوێژە. ببینە ناوی نوێژنەکەری بە موشریك هێنا لەگەڵ ئەوەی کە هیچ هاوبەشێکی بۆ الله تیانیە نوێژنەکردن.

هەروەها قورئان ناوی کافری بە موشریکانی قورەیش بردوە پێش هاتنی پێغەمبەر بۆیان وەك دەفەرمێت

(وَلَمَّا جَآءَهُمۡ كِتَٰبٞ مِّنۡ عِندِ ٱللَّهِ مُصَدِّقٞ لِّمَا مَعَهُمۡ وَكَانُواْ مِن قَبۡلُ يَسۡتَفۡتِحُونَ عَلَى ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فَلَمَّا جَآءَهُم مَّا عَرَفُواْ كَفَرُواْ بِهِۦۚ فَلَعۡنَةُ ٱللَّهِ عَلَى ٱلۡكَٰفِرِينَ)[سورة البقرة 89]

هەروەها قومی بەلقیسی بەکافر ناوبردوە پێش هاتن و گەیشتنی حوجە پێیان (وَصَدَّهَا مَا كَانَت تَّعۡبُدُ مِن دُونِ ٱللَّهِۖ إِنَّهَا كَانَتۡ مِن قَوۡمٖ كَٰفِرِينَ)[سورة النمل 43].

بەڵکو قورئان ناوی شیرکی بەکارهێناویشە بۆ کەسانێ کە ئیقامە حوجەش کراون و پەیوەستی سزاشی بەناوی شیرکەوە گرێداوە، وەك دەفەرمێت (وَيَوۡمَ نَحۡشُرُهُمۡ جَمِيعٗا ثُمَّ نَقُولُ لِلَّذِينَ أَشۡرَكُوٓاْ أَيۡنَ شُرَكَآؤُكُمُ ٱلَّذِينَ كُنتُمۡ تَزۡعُمُونَ 22 ثُمَّ لَمۡ تَكُن فِتۡنَتُهُمۡ إِلَّآ أَن قَالُواْ وَٱللَّهِ رَبِّنَا مَا كُنَّا مُشۡرِكِينَ 23 ٱنظُرۡ كَيۡفَ كَذَبُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡۚ وَضَلَّ عَنۡهُم مَّا كَانُواْ يَفۡتَرُونَ)[سورة الأنعام].

هەروەها دەفەرمێت (وَيُعَذِّبَ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ وَٱلۡمُنَٰفِقَٰتِ وَٱلۡمُشۡرِكِينَ وَٱلۡمُشۡرِكَٰتِ ٱلظَّآنِّينَ بِٱللَّهِ ظَنَّ ٱلسَّوۡءِۚ عَلَيۡهِمۡ دَآئِرَةُ ٱلسَّوۡءِۖ وَغَضِبَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِمۡ وَلَعَنَهُمۡ وَأَعَدَّ لَهُمۡ جَهَنَّمَۖ وَسَآءَتۡ مَصِيرٗا)[سورة الفتح 6].

خوای گەورە بەموشریکان ناو ئەبات لەسەر ئەو وەسفەیان هەڕەشەی سزایان لێ ئەکات، ئیتر چۆن درۆ دەکرێ بەناوی قورئانەوە کەناوی شیرك تەنها پێش ئیقامە حوجە بەکارهاتووە لەقورئاندا و کاتێك باسبکرێ سزا ناگرێتەوە ؟!!! شەرم ناکەن و لەخوا ناترسن

کەواتە بۆمان دەرکەوت ئەوەی ئەوانە ئەیڵێن و دەهۆڵیان بۆی ئەکوتا هیچ بنەمایەکی نەبوو وە لەدرۆیەکی شاخدار زیاتر نەبوو ، وە بۆمانیش دەرکەوت کاتێ زانایان نەفی کافربون لەکەسێک ئەکەن کە کەوتۆتە ناو شیرکی گەورەوە بەنەزانی ئەوا هیچ جۆرە حوکمێکی کافری لەدونیا و قیامەت بۆ نابڕنەوە وە بەو نەفی کردنەی تەکفیرەیان وەسفی ئیسلامی بۆ جێگیرئەکەن لەبازنەی ئیسلام دەیهێڵنەوە.

↓

پاشان شێرکۆ چەواشەکار دەڵێت:

وە کەسێک عیبادەت بۆ غەیری اللە تعالی ئەنجام بات پێی ناوترێت موسڵمان هەرگیز لەبەر ئەوەی ئیسلام و شیرک دژی یەکن و هەرگیز بەیەکەوە لە کەسێکدا کۆنابنەوە

↓

وەڵام/ ئەو موسڵمانەی جۆرێ لەجۆرەکانی عیبادەتی ئەنجام داوە بۆ غەیری اللە بەنەزانی و پێش گەیشتنی حوجە پێی، بەدەقی قورئان و سونەت نەبووە بەموشریك و مانع هەیە لە دابەزاندنی ئەو حوکمە لەسەری هەر موسڵمانە ، ئیتر چۆن ئەوترێت ئیمە موشریك و موەحیدمان یەکسان کردوە بەیەك یان شیرك و تەوحیدمان کۆکردۆتەوە لەگەڵ یەك ، ئاخر ئەو کەسە نەبۆتە موشریك ، بەڵام ئەگەر حوکمی شیرکی لەسەر چەسپا ئەوکات ڕاستە

بوتریّت ناوی ئیسلام و شیرك لەسەر کەسێکدا کۆنابێتەوە کە بوبێت بەموشریك، بەڵام ئەو کەسە مانع هەیە لەحەقیدا و نەبوە بەموشریك هەربۆیە یەکسانمان نەکردوە.

پاشان شێرکۆ دەڵێت ↓

لە هەنێک لە ڕەسائیلەکانی شێخ هاتووە کە ئەڵێت :

[ئێمە قیتال و کوشتاری ئەو کەسانە ناکەین کە عیبادەت بۆ قوبەی الکواز ئەجام ئەیەن حەتا دەعوەیان لەگەڵ نەکەین و بانگیا نەکەین بۆ دینی الله تعالی به خالصی] ئەم نەصەش شێخ عبداللطیف بن عبدالرحمن هێناوەتی لە فتاوی الائمة النجدیة .

واتە ئەوانە لای شێخ موشریک بوون بەڵام ئەڵێت تەکفیریان ناکەین واتە کوشتار و قیتالیان لەگەڵ ناکەین تاکو ئیقامە حوجەیان ئەکەین .↓↓↓↓

وەڵام/ ئەم لەفزە زیادکراوە مەدحت الفراج فتاوی أئمّة النجدیة تەحریفی کردوە زانایان محققین دەفەرموون شێخ عبداللطیف بن عبدالرحمن تەنها دوو کتێبی هەیە یەکەم کتێب کە نوسی "منهاج التأسیس" بوو دووەم کتێبی "مصباح الظلام" بوو لەهەردوو ئەو کتێبەیدا ئەو لەفزە نەهاتووە بەڵکو لەهەردوو کتێبەکەیدا بەم شێوەیە هێناویّتی کەدەڵێت [ئێمە ئەگەر ئەو کەسە تەکفیر نەکەین کە ئەو بتە دەپەرستێ کە لەسەر گۆڕی عبدالقادرە یان کەلەسەر گۆڕی ئەحمەد بەدەوی و هاوشێوەکانێتی لەبەر ئەوەی کە نەزانن و

کەس نەبوە ئاگاداریان بکاتەوە] مەعلومیشە کتێبی مصباح الظلام دوایەمینیانە شتی وای تیانیە و نەسخی هەموو ئەو وتانەی تری ئەکاتەوە ئەگەر هەیێت لەشوێنەکانی تر، هەروەها ابن سحمان یش هەر هەمان شت نەقڵ ئەکات "منهاج أهل الحق" کەواتە ئەم قسەیە تەواو و مشهورە. هەروەك ابن غنام لەتاریخەکەیدا ئەویش بەهەمان شێوە دەیهێنێ کە مێژوو نوسی دەعوەی نەجدیە قوتابی شێخ محمدە ئەولاترە بەتێگەیشتن لە ووتەکانی لەغەیری ئەو.

پاشان شێرکۆ ئەڵێ:

- پێنجەم :

نەقڵکردنی هەنێک لە قەول و قسەی هەنێک لە ئەهلی عیلم لەوەی باسمانکرد لە تێگەیشتنی صەحیح و دروست لە قسەکانی شێخی ئیسلام ابن تەیمیە و ئیمام ابن القیم .

١ ـ شێخی ئیسلام لە مجموع الفتوی موجەلەدی ٢ لاپەڕەی (٧٨ ـ ٧٩)ئەڵێت :

[ئەگەر حاڵی کافرەکە نەئەزانرا ئایا ڕیسالەی پێگەیشتووە یان نا ... هەتا ئەو جێگایەی ئەڵێ : بەڵام سزا و عقوبەی ئەوە وەستاوە لەسەر تەبلیغ کردنی ئەو ڕەسولەی بۆی نێردراوە]

↓↓

وەڵامم/ شێخی ئیسلام لێرەدا دەڵێت(ئەگەر حاڵی کافرەکە نەئەزانرا) واتە باس لەکافری ئەصلی ئەکات ئەڵێ کافرە بەڵام کوفرەکەی بەو جۆرە نیە سزای قیامەت و دۆزەخی بیگرێتەوە مادام تەبلیغی رەسولی پێنەگەیشتبێت، کەواتە ئەمە هیچ پەیوەندی بەو چەواشەکردنەوە نیە شێرکۆ باسی ئەکات و سینگی خۆی بۆ ئەدڕێنێ.

پاشان کابرای جاهیل لەنەقڵێکی تریدا ئەڵێت ↓

٢ ـ هەروەها شێخ هەمدیس لە مجوع الفتاوی لە موجەلەدی ١٧ لاپەڕەی (٣٠٧) ئەڵێت :

{{ ئەهلی هیدایەت و سەرفرازی ئەوانەن کە شوێن پێغەمبەران ئەکەون ئەوانە موسڵمان و ئیماندارن لە هەموو کات و شوێنێک ، وە ئەهلی گومڕایی سزا و عەذاب ئەوانەن پێغەمبەران بە درۆ ئەخەنەوە ، ئەهلی جاهیلی ئەمێنێتەوە ئەوانەی پێیان نەگەیشتووە ئەوەی پێغەمبەرانی پێهاتووە ئا ئەوانە لەناو گومڕایی و جەهل و نەزانین و شیرک و شەڕ و خەراپەدان بەڵام اللە تعالی ئەفەرموویێت :

[وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّىٰ نَبْعَثَ رَسُولًا]الإِسْرَاء (١٥) ئێمە تۆڵەو سزای هیچ خەڵکێکمان نەداوە، هەتا پەیامبەرێکیان بۆ نەناردبن ڕێیان بۆ ڕۆشن بکاتەوە .

وه ئەفەرموویێت :[رُّسُلًا مُّبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى اللَّهِ حُجَّةٌ بَعْدَ الرُّسُلِ ۚ] النِّسَاء (١٦٥) گشتیان پێغەمبەری مژدەدەر و ترسێنەر بوون، تا دوای ئەو پێغەمبەرانە هیچ بەڵگە و بیانوویێک بۆ ئەوخەڵکەیە نەمێنێ لەلای اللە تعالی .وەئەفەرموویێت :[وَمَا كَانَ رَبُّكَ مُهْلِكَ الْقُرَىٰ حَتَّىٰ يَبْعَثَ فِي أُمِّهَا رَسُولًا يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِنَا ۚ وَمَا كُنَّا مُهْلِكِي الْقُرَىٰ إِلَّا وَأَهْلُهَا ظَالِمُونَ] القَصَص (٥٩) پەروەردگاری تۆ بە ناحەق شار و گوندەکانی وێران نەکردوون [حَتَّىٰ يَبْعَثَ فِي أُمِّهَا رَسُولًا يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِنَا ۚ] هەتا لە گەورە دێیەکەیاندا پەیامبەرێکی ئەنارد، ئایەتەکانی ئێمەیان بەسەرا بخوێنێتەوە [وَمَا كُنَّا مُهْلِكِي الْقُرَىٰ إِلَّا وَأَهْلُهَا ظَالِمُونَ] هەرگیز ئێمە بە ناحەق ئاواییەکانمان کاول نەکردوون، مەگەر خەڵکەکەی دەستیان دابێتە ستەمکاریی، واتە: مەگەر کاتێ پەیامبەرانمان بۆناردبن و بەگوێیان نەکردبن. ئا ئەوانە اللە تعالی بە هیلاکیان نادات بە سزا و تەعذیب حەتا پێغەمبەریان بۆ نەنێرێت، ڕیوایەتی زۆر نەقڵ کراوە لەسەر ئەو کەسانەی ڕیسالەیان پێنەگیشتووە لە دنیا ئەوە لە ڕۆژی قیامەت ڕەسولیان بۆ ئەچێت لە گۆڕەپانی قیامەت }} ووتەکانی شێخی ئیسلام کۆتایی هات .

↓

وەڵام / لێرەداشدا شێخی ئیسلام باس لە کافرانی ئەصلی دەکات و بەهیچ شێوەیەك نە لەدوور نەلەنزیك ئاماژە ناکات بۆ موسڵمانێك بکەوێتە شیرکەوە بەنەزانی و بەموشریك ناوی بات، هەروەك پێشتر لەوتەکانی سەلماندمان کەزۆر بەپێچەوانەوەیە، بەڵام کەسێك اللە تعالی بەعەدلی خۆی بیەوێ گومڕای بکات ئەوا وەکو شێرکۆی لێ دێت.

پاشان کابرای ڕوبیضە ئەم قەولەی تر نەقڵ ئەکا ↓

٣ ـ هەمدیس شێخی ئیسلام لە مجموع الفتوی موجەلەدی ١٤ لاپەڕەی(٤٧٦) ئەڵێت :

[وە هیچ مەجالی تێدا نیە ئەبێت عیبادەت تەنها و تەنها بۆ اللە تعالی ئەنجام بدرێت ، ئەوەش واجبە لەسەر هەموو تاکێک ، هیچ کەسێک ئیستیثناء ناکرێت هەرگیز، ئەوە ئەو ئیسلامە گشتی و عامەیە کە اللە تعالی دینێکی جگە لەوە قەبوڵ ناکات ، بەڵام اللە تعالی سزای کەس نایات حەتا ڕەسول و نێردراوی بۆ نەنێرێت ، هەروەک چۆن سزای نایات وە ناچێتە بەهەشتەوە ئیلا نەفسێکی موسڵمانی ئیماندار نەبێت ، بەهیچ جۆرێک ناچێتە ناو بەهەشتەوە موشریک و ئەو کەسەی لە ئاستی عیبادەتی اللەتعالی خۆی بەگەورە ئەزانێت ، هەرکەسێک لە دنیا دەعوەی پێنەگیشتبێت لە ئاخیرەت تاقیئەکرێتەوە ، وە ناچێتە ئاگرەوە ئیلا شوێنکەوتوانی شەیطان نەبێت ، هەر کەسێک تاوانی نەبێت ناچێتە ناو ئاگرەوە ، وە اللە تعالی سزای هیچ

کەسێک نایات بە ئاگر ئیلا پاش ناردنی ڕەسول نەبێت بۆلای هەرکەسێک دەوعوەی پێغەمبەرانی پێنەگەیشتبێت وە منالّ و شێت و ئەو کەسەی مردبێت لە زەمەنی فەترە ئەوە لە ڕۆژی قیامەت تاقیئەکرێنەوە وەکو لە ئاثار هاتووە]

↓

وەلّامم / شێخی ئیسلام لێرەدا بەشێوەیەکی گشتی پێناسەی ئیسلام ئەکات و دەلّێت دەبێت عیبادەت تەنها وتەنها بۆ اللە ئەنجام بدرێت،وە باس لە لەوانەش دەکات لەسەر غەیری ئیسلامن کە ناچنە بەهەشتەوە هەتا نەبنە موسلّمان بەلّام ئەگەر لەدونیا ئیسلامیان پێنەگەیشتبێ ئەوا لەقیامەت اللە سزایان نادات بەلّکو تاقیان ئەکاتەوە، کەواتە باسەکەی هیچ پەیوەندی بەو موسلّمانانەوە نیە کە توشی جوزئیاتی شیرکی گەورە ئەبن بەنەزانی و بەموشریکیان بزانێ، بەلّکو بەپێچەوانەوە لەدەیان شوێنی نوسراوەکانی بەموسلّمانیان لەقەلّەم ئەدات، هەروەك پێشتر خستمانە ڕوو.]

پاشان کابرای نەزان و نەفام ئەم قەولە نەقڵ ئەکات کەهیچ لێی حاڵی نەبوە یان خەلّکی نەزان چەواشە ئەکات ↓↓↓↓

٤ ـ ئیمام ابن القیم لە کتابی " طریق الهجرتین " طەبەقەی چواردە ئەلّێت :

[قەومێک طاعەتیان نیە وە مەعصیەتیشیان نیە ، نەکوفریان هەیە نە ئیمان ، ئەوانە پۆل پۆلن : هەیانە دەعوەیان پێنەگەیشتووە لە هیچ حاڵێک و گوێیان

له خەبەر و هەواڵ نەبووە ، وە هەیانە شێتە و عەقڵی نیە و هیچ لێک ناکاتەوە ، وە هەیانە کەڕە کە گوێی لە هیچ نابێت هەرگیز ، وە هەیانە منداڵی موشریکەکانە کە مردوون پێش ئەوە هیچ شتێک لە یەکتر جیابکەنەوە ... وتەکەی کۆتایی هات]

[پاشان لە طەبەقەی حەڤدە ئەڵێت : منداڵی کافران و نەوەکانیان کافرن لە حوکمەکانی دنیا حوکمی وەلی ئەمەرەکانیان هەیە ... ووتەکەی کۆتایی هات]

↓

لەوەڵامدا ئەڵێین : سەرەتا ئیمامی ابن القیم ئەم باسەی باسی کافرانی ئەصلیە و بەهیچ شێوەیەك باس لەموسڵمانێ ناکات کە توشی کوفرێ یان شیرکێ بوبێ پێش ئیقامە حوجەی ناوی کوفر و شیرکی بەسەردا بدرێت و ئەو حوکمە زاهیرە بیگرێتەوە تەحەدا ئەکەین بەهیچ شێوەیەك شتی وای وتبێت، پاشان کە حوکم ئەدات لەسەر تەبەقەی حەڤدە بەوەی کافرن چونکە حوجەیان پێگەیشتوە ئەم ڕوونە هیچ کێشەی تیانیە بەڵام تەبەقەی چواردەیەم نەفی کوفر ناکات لێیان بەڵکو باسی ئەکام سزا و پاداشتی قیامەت دەکات و دەڵێت جا ئیمام ابن القیم لە کیتابی "أحكام أهل الذمة" لاپەڕە 1156دەڵێت:

أن يقال هؤلاء لايحكم لهم بحكم بكفر ولا إيمان، فإن الكفر هو جحود ما جاء به الرسول، فشرط تحققه بلوغ الرسالة، والإيمان هو تصديق الرسول فيما أخبر، وطاعته فيما أمر،وهذا أيضاً مشروط ببلوغ الرسالة، ولايلزم من إنتفاء

أحدهما وجود الأخر إلا بعد قيام سببه فلما لم يكن هؤلاء في الدنيا كفاراً ولا مؤمنين كان لهم في الآخرة حكم آخر غير حكم الفريقين.

فإن قيل:فأنتم تحكمون لهم بأحكام الكفار في الدنيا من التوارث والولاية والمناكحة، قيل إنما نحكم لهم بذلك في أحكام الدنيا لا في الثواب والعقاب كما تقدم بيانه.

الوجه الثاني: سلمنا أنهم كفار، لكن انتفاء العذاب عنهم لإنتفاء شرطه وهو قيام الحجة عليهم فإن الله تعالى لايعذب إلا من قامت عليه حجته.

دەوترێ: ئەوانە حوکم نادرێ بەسەریان نە بەکوفر و نە بەئیمان، چونکە کوفر بریتیە لەئینکاری کردن لەو دینەی کە پێغەمبەر پێی هاتووە، مەرجی کافربوون ئەوەیە پەیامەکەی پێ بگات،ئیمان یش بریتیە لەباوەڕهێنان بەپێغەمبەر بەو هەواڵانەی فەرمویەتی وە بە طاعەت کردنیەتی لەو فەرمایشتانەی فەمانی پێکردوە، بۆ ئەمەش گەیشتنی ریسالە بەمەرج گیراوە، ئەوە ناخوازرێت ئەگەر کەسێك کافر نەبێت ئەوا ئیماداربێت، تەنها کاتێ نەبێت هۆکارەکانی ئیماداربون و کافربون بێنەدی، جا کاتێك ئەوانە لەدونیا کافر نەبوبن و ئیماداریش نەبوبن ئەوا لەڕۆژی قیامەت حوکمێ تریان هەیە جگە لەحوکمی کافران و ئیمانداران.

ئەگەر بوترێ: ئێوە حوکم دەدەن بەسەریان بەحوکمی کافران لەدونیا وەکو حوکمی میرات لێ نەگرتن و ویلایەت ژن و ژنخوازی، دەڵێین لەحوکم دەدەین

بەسەریان بەم حوکمانە لەحوکمەکانی دونیا نەك لەحوکمی پاداشت و سزا، هەروەکو پێشتر ڕونمانکردەوە.

ڕووی دووەم: وادابنێین ئەوانە کافرن، بەڵام سزایان لەسەر لاچوە بەهۆی سزادان بەهۆی نەبونی مەرجەکەی کەبریتیە لە ئیقامەی حوجەلەسەریان، چونکە اللە سزای کەسێ نادات ئەگەر ئیقامەی حوجەی لەسەر نەکرابێت.]کۆتایی هات وتەکەی

لە ناونیشانی بابەتەکەی ابن القیم لەتەبەقەی چواردەیەم دەڵێت[مراتب المكلفين فى دار الأخرة وطبقاتهم] دەڵێت:پلەکانی داوالێکراوان لە جیهانی ڕۆژی دوایی، کەواتە لەقیامەت حوکمی کوفر و ئیمانیان نیە و تاقی ئەکرێنەوە ئەو چینە بەڵام لەدونیا حوکمیان بەپێی ڕواڵەتەکەیانە کەکافرن، کەواتە پەیوەندی نیە بەجیاوازی کردن لەنێوان ناوەکانیان لەدونیا بەهۆی گەیشتنی حوجە و نەگەیشتنی حوجە.

پاشان شێرکۆ دەڵێت ↓↓↓↓

٦ ـ شێخ سلێمان بن سحمان لە ڕەدی داود بن سلێمان جرجیس بەغدادی کەیەکێک لەو کەسانەی دژایەتی دەعوەکەی شێخ محمدی کوڕی عبدالوهابی ئەکرد سەبارەت بە قەولێکی شێخی ئیسلام کە ئەڵێت : [هەروەها ئەو قسانەی کە خاوەنەکەی پێی کافر ئەبێت ، لەوانەیە ئەو کەسە ئەو نەصانەی پێ نەگەیشتبێت کە واجبی مەعریفەی حەق ئەکەن ، وە لەوانەیە پێی

گەیشتبێت بەڵام ثابت نەبووبێت لای ، یان تێیناگات ، وە لەوانەیە شوبهەی هەبێت اللە تعالی عوذری ئەداتێ لەوە] ، هەنێک لە معاصیرین تەعلیقیان لەو قەولەی شێخ داوە هەروەک ابن جرجیسی عێراقی تەعلیقی لێیاوە ،وە شێخ سلێمان بن سحمان هەر زوو وەڵامی جرجیسی داوەتەوە لە کتابی " الضیاء الشارق في الرد علی المارق " ئەوانەی دەست بەو شوبهەیەوە ئەگرن بڵکو سود لە وەڵامەکەی وەربگرن ، هەروەها شێخ ئەڵێت : ئەو قسەیەی شێخی ئیسلام لەو بابەتانەیە لە کە بەڵگە و دەلیلەکانیان شاراوەیە و لە زەڕوڕیاتی دین نین ، وە لە بابەتە ئاشکرا کان نین .

هەرەوەها ئەڵێت : وە بەوە ئەزانین کە نیزاع و کێشەکە و وەکەلامی شێخی ئیسلام و هاوشێوەکانی گۆڕپەرستەکان و موشریکەکان ناگرێتەوە ، بەڵکو مەبەستی لەو کەسانەیە کە ئەهلی دینن بەڵام موخالفی ئەهلیسوننەت و جەماعەتن ، وە ئەوە زانراوە لە قسەکانی شێخ ، جا ئەگەر زانیت کە ووتەکانی شێخ دەربارەی ئەهلی هەواو ئارەزووە وەک قەدەریەکان و حەواریج و مورجیئە و هاوشێوەکانیان جگە لە غولاتەکانیان ، ئەوە بۆت ڕوون ئەبێتەوە کە قەبر پەرستەکان و جەهمیەکان لە دەرەوەی ئەو چینەن کەشێخ باسی کردووە ، وە بەڵام ووتەی شێخ لەسەر تەکفیرنەکردنی کەسی دیاریکراو المعین ئەوە مەبەستی ئەوە بابەتە تایبەتیانەیە کە بەڵگە و دەلیلەکانیان شاراوەن لای هەنێک لە خەڵکی ، هەروەک لە بابەتەکانی قەدەر و ئیرجاء وە

جگه لەوانەش لە کەلامی ئەهلی هەواو ئارەزوو .... ووتەکانی شێخ کۆتایی هات .

↓

وەڵام/ هەرکەسێك بەتەواوی شارەزای وتەکانی شێخی ئیسلام بێت کە وتوپەتی لەمەسائیلی قەلەندەرەیە قبوریەکان و ڕافیزە و تەتارە تازە موسڵمان بوەکان و تقی الدینی السبکی قبوری و ئەخنائی قبوری و هاوشێوەکانیان کە دەیان مەسەلەی ڕوون ئاشکران کەشێخ تەکفیریانی نەکردوە بەموسڵمانی زانیون ناوی ئیسلامی بۆ جێگیرکردون وەکو هەموو وتەکانمان پێشتر باسکرد کەدەیان وتەیە نەك یەک و دوان، ئەو قسەی شێخ سلێمان بن سحان هەڵەیە و نەپێکاوە ئەشێت ئیتڵاعی نەبوبێت بەهەموو وتەکانی چونکە تەنانەت شێخ أبابطین و شێخ محمدی کوری عبدالوهاب یش دانایان ناوە بەوەی شێخی ئیسلام عوذری بەجەهل داناوە بۆ قبوریەکان دەڵێت :" فيُكفِّر بالأمور الظاهر حكمها مطلقاً، وبما يصدر من مسلم جهلاً ، كاستحلال محرم أو فعل أو قول شركي بعد التعريف " الدرر (2/373).

دەڵێت:ابن تەیمیە کەسێك تەکفیر ئەکات لەبابەتە زاهیر و ئاشکراکان یان یان حەڵاڵ کردنی حەرامێك یان ووتە و کردەوەیەکی شیرکی دوای تەریف و تێگەیاندن تەکفیریان ئەکات."ئەمەش شایەدیەکی ئینصافە لەلایەن کەسێك وەک أبابطین کە لە سولێمان بن سحان لەپێشترە.

شێخ محمد بن عبدالوهاب لەتەعلیقی لەسەر ئەو قسەیەی ابن تەیمیە کەدەڵێ [: من بەردەوام لەهەمووکەس زیاتر ڕێگربومە لەوەی کەسی دیاریکراو تەکفیر بکرێت هەموو ئەوکەسانەشی لەگەڵم دانیشتوون ئەوە باش ئەزانن بۆیە من زۆر دژی ئەوەبوومە کەسی دیاریکراو تەکفیر وتەفسیق بکرێت تەنها کاتێ نەبێت کە ئیقامەی حوجەکرابێت لەو شتانەی کە ئەنجامی بدات کە کافربێت یان فاسق ببێت یان عاصی ببێت] شێخ محمد دەڵێ: ئەمە سیفەتی قسەکانی ابن تەیمیە لەهەر بابەتێ سەیری قسەکانیمان کردبێ هەرکاتێ باسی تەکفیری دیاریکراو بکات دەیبەستێتەوە بەلابردنی ئیشکالەکان وەمەبەستیشی لەوەستان لەتەکفیر ئەوەیە ئێش ئەوەی ئیقامە حوجە بکرێ بەڵام کە حوجەکرا بەپێی ئەوە حوکمی لەسەر ئەدا هەروەها تەصریحی داوە کە قسەکانی پەیوەست نیە بەو بابەتانەی کە ئاشکران، هەربۆیە لەڕەدی متکلمین باسی کردوە هەندێ لەپێشەواکانیان هەڵگەڕانەوەیان تێدایە لەئیسلام"پاشان شێخ محمد قەولەکەی ابن تەیمیە نەقڵ دەکات کە حوکمی ڕیدەی تێدا ئەدات بەسەر ڕازی پاشان تەعلیقی لەسەر دەدات و دەڵێ" لێی وردبەوە وردبەوە لەو وردەکاریە شوبهانەی دوژمانانی الله باسی ئەکەن بەڵام کەسێ الله توشی فیتنەی بکات هیچت پێ ناکرێ بۆی، بۆیە ئەوەی باوەڕمان پێیەتی و بەدینی ئەزانین و داوا دەکەین الله ثابتمان بکات لەسەری ئەوەیە ئەگەر ئەویش غەڵەت بکات یان گەورەتر لەئەو لەم بابەتە غەڵەت بکات بابەتی ئەوەی

موسڵمانێ هاوبەش بۆ اللە بڕیاربدات دوای گەیشتنی حوجە یان موسڵمانێ باوی قبوریەکان بدات بەسەر موەحیدان واشبزانێ لەسەر حەقە لەغەیری ئەم کوفرە ئاشکرایانە کەخوا و پێغەمبەرەکەی و زانایانی ئومەت ڕونیان کردۆتەوە ئێمە ئیمانمان بەوە هەیە کەلەلایەن خوا وپێغەمبەرەکەی بۆمان هاتوە لەکافرکردنیان "

جا ئەگەر بێتو شێخ محمد بن عبدالوهاب لەبابەتە ئاشکراکان بەو شێوەیە تێگیشتبێ لە شێخی ئیسلام ابن تەیمیە کە بابەتە ئاشکراکان ئەو بابەتانە بن کە بەڵگەکانیان ئاشکران لەکیتاب و سونەت تەنها ئەمەبێ مانای ئاشکرایی ئەوا وتەکانی دژ وپێچەوانەی یەکتر ئەبنەوە، بەڵام تۆ دەبێ لەناونیشانی ئەو بابەتە بڕوانی کە شێخ محمد موناقەشەی دوژمنەکانی لەسەرئەکات کەدەڵێ:"موسڵمانێ هاوبەش بریاربدات بۆ اللە ئەگەر حوجەی پێگەیشتبێ"بڕوانە بەستایەوە بەگەیشتنی حوجە، هەروەها بگەڕێوە بۆ وتەکانی پێشووی کەدەڵێ من جاهیلێ تەکفیرناکەم کە بکەوێتە ناو شیرکەوە مادام کەس نەبوبێ ئاگاداری بکاتەوە"

هەروەها شێخ محمد بن عبدالوهاب وتەیەکی تری هەیە هەمان ئەو مانایە اقراردەکات و دەڵێ ابن تەیمیە" عینادی بەمەرج دەگرێ بۆ تەکفیرکردنی کەسی دیاریکراو لەبابەتی صیفات نەك لەبابەتی شیرك لەبابەتی شیرك تەنها ڕونکردنەوە بەمەرج ئەگرێت، کەواتە شێخ محمد بن عبدلوەهاب کاتێ باسی مەزهەبی ابن

تەیمیە دەکات ، مەبەستی ئەوەیە کەسێ بکەوێتە شیرکەوە ناوترێ کافرنابێ ئیلا کاتێ نەبێ کەحەق بناسێ بۆی ڕوون ببێتەوە پاشان پێچەوانەی بکات بەڵکو مادام ئەو بابەتە ئاشکرایە لەناوخەڵك ئاشکرابوو عیلمیان پێی هەبوو لەگەڵ ئەوەشدا دیلالەتەکەشی ظاهر و ڕوون بوو لەدەقەکانی وەحی،واتە وەحیان پێ گەیشتبوو بەم شێوەیە، ئەوەشی کەنەیزانیوە توانای زانینی هەبوە بەڵام پشتی لەزانین کردوە هەربۆیە ئەم بابەتە بەمەرج نەگیراوە عینادی هەبێت لەتەکفیرکردنی کەسی دیاریکراو، بەپێچەوانەی بابەتە خەفی و شاراوەکان ، کەواتە شێخ محمد بن عبدالوهاب و شێخی ئیسلام کۆکن لەم بابەتە کە تەکفیرنەکردنی کەسی دیارکراوە کە دەکەوێتە شیرکی گەورە پێش گەیشتنی حوجە. هەربۆیە شێخ مُحَمَّدُ بنُ عبدِ الوَهَّابِ دەڵێ: (مسألةُ تكفيرِ المُعَيَّنِ مسألةٌ معروفةٌ، إذا قال قولًا يكونُ القَوْلُ به كُفرًا، فيقال: من قال بهذا القَوْلِ، فهو كافِرٌ، لكِنَّ الشَّخصَ المُعَيَّنَ إذا قال ذلك، لا يُحكَمُ بكُفرِه حتى تقومَ عليه الحُجَّةُ التي يَكفُرُ تارِكُها"الدرر السنية (432/10).

دەڵێ" بابەتی تەکفیرکردنی کەسی دیاریکراو بابەتێکی ناسراوە، ئەگەر قسەیەکی کرد قسەکە کوفربوو، دەوترێ هەرکەسێ ئەم قسەیە بکات کافرە، بەڵام کەسی دیاریکراو کەقسەیەکی کوفری کرد بڕیاری کافربونی نادرێت تاکو ئیقامەی حوجەی نەکرێت"

بەڵام ئەوەش باس بکەین شێخی ئیسلام ابن تەیمیە کۆمەڵێ کەسی بەدیاریکراوەیی تەکفیرکردوە وەك ڕازی و فارابی و ابن سینا و ابن عەرەبی بۆچی ؟ چونکە کوفری ئەمانە لای هەموو خەڵکی و هەموو دینەکان ئاشکرابوون کوفرەکانیان ئیلحاد بوو وە پێچەوانەی ئاشکرای مجمل ی تەوحید بوو و بتپەرستیەکی ئاشکرایان هەبووە بەڵام دەبینی ڕافیزەکان تەکفیرناکات کە دەڵێ خاوەنی چەندین جۆری شیرکن هەروەها تەکفیری زانایانی قبوری ناکات لەوانە البكري و تقی الدین السبكي و ئەحنائی و ابن حجر الهيتمي هەروەها تەتارەکان کەتازە موسڵمان بووبون بتیان هەبوو هەروەها قەڵەندەریە موشریەکەکان و شوێنکەوتەی باطنیەکان هەموو ئەم تاقمانە بەموسڵمان ناو دەبات لەریزی موسڵمانان ناویان دێنێ بەڵام عوذریان بەنەزانی وبەتەئویل بۆ دێتنێتەوە کەواتە بۆمان دەرکەوت کابرا لەکوێ کاوێژ ئەکات و چۆن ئەیەوێ خۆڵ بکاتە چاو ئەوانەی دەوروبەری کەهیچ ئاگایان لەدنیای عیلم و زانیاری نیە.

و صلى الله وسلم على سيدنا محمد وعلى آله وسلم

وەڵامی وانەی 27 می قاعیدە گومڕاکەرەکان

بسم الله والحمدلله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن والاه أما بعد :

کابرای چەواشەکار دەڵێت:-↓↓↓

٢ ـ موقەلیدێک کە توانای فێربوون و ناسینی حەق پرسیارکردنی نەبێت لە ئەهلی عیلم ، ئەوەش لە دوو جۆر کەس بە دەر نیە .

أ ـ یان ئەوەتا کەسێکە هیدایەتی ئەوێت و بە دوای هیدایەت ئەگەڕێت و خۆشی ئەوێت و پێی کاریگەرە ، بەڵام ناتوانێت فێری ببێت و وە ناتوانێت داوای فێربوونی بکات ، لە بەر ئەوەی لە جێگا و شوێنێکە کەس نیە پێی بڵێت و ڕێنمونی بکات ئەوە حوکمی وەک حوکمی ئەهلی فەترەکان وایە کە دەعوەیان پێنەگەیشتووە .

↓

لەوەڵامدا ئەڵێین/ ئەم حوکمە بەئیجماعی ئەهلی عیلم بۆ کەسێکە داخلی ئیسلام نەبوبێت و مونتسیب نەبێت بۆ ئیسلام، ئەگینا کەسێك مونتسیب بێت بۆ ئیسلام عەقدی ئیسلامی لەسەر جێگیربوبێت ئەگەر بەنەزانی توشی کوفر و شیرك ببێت و حوجەی ڕیسالەی پێ نەگەیشتبێت لە ئیسلام

دەرناچێت حوکمی موسڵمان بونی هەر دەمێنێت هەروەك لە وانەکانی پێشوو سەلماندمان.

پاشان کابرای کاوێژکار دەڵێت :

↓↓↓

ئەم بنچینەیە بە کورتی و پوختی و گوشراوی هێنامان و سودمان لە ووتەکانی ئیمامی ابن القیم - رحمه الله تعالى - وەرگرت لە کتابی " طريق الهجرتين " لاپەڕەی (٧٢٤)وە ووتەکانی زانای پەیە بەرز شێخ عبدالله ابو بطين - رحمه الله تعالى - بڕوانن لە بنچینەی (١٧) هێناومانە .

↓

وەڵام/ درۆت کرد هەرگیز ئیمام ابن القیم واناڵێت وای نەوتوە هەروەك لە وەڵامەکانی پێشوو خستمانەڕوو، بەڵکو وتەکانی ابن القیم لەکتێبی " طريق الهجرتين "باس لە کافرانی بنەڕەتی ئەصلی دەکات.

لێرەدا کۆتاییمان هێنا بەوەڵامی ئەمجارەمان بە الله تعالى تان ئەسپێرم والحمدلله رب العالمين.

وەڵامی وانەی 28 می قاعیدە گومڕاکەرەکان

بسم الله والحمدلله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن والاه أما بعد :

الله تعالى باسى حەواريەكانى عيسامان بۆدەكات و دەفەرميّت(إِذْ قَالَ الْحَوَارِيُّونَ يَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ هَلْ يَسْتَطِيعُ رَبُّكَ أَنْ يُنَزِّلَ عَلَيْنَا مَائِدَةً مِنَ السَّمَاءِ قَالَ اتَّقُوا اللَّهَ إِنْ كُنْتُمْ مؤمنين 112 قَالُواْ نُرِيدُ أَن نَّأْكُلَ مِنْهَا وَتَطْمَئِنَّ قُلُوبُنَا وَنَعْلَمَ أَن قَدْ صَدَقْتَنَا وَنَكُونَ عَلَيْهَا مِنَ ٱلشَّـٰهِدِينَ)[سورة المائدة 113]) واتە: كاتێک حەواريەكان ووتيان: ئەى عيسای كوڕی مەريەم ئايا پەروەردگاری تۆ دەتوانێت لەئاسمانەوە خوانێكمان بۆ بنێرێتە خوارەوە (عيسا) ووتی لەخوا بترسن ئەگەر ئێوە باوەڕدارن،پاشان(حەواريەكان) ووتيان دەمانەوێت لێی بخۆين ودڵمان ئارام بێ و دڵنيابين (كەپێغەمبەريت) وەبزانين كە بێگومان ڕاستت لەگەڵ كردوين (لەوەی كەپێت ڕاگەياندين) ئێمەش ببين بەشايەت لەسەری (بۆئەوانەی ئاماده نين).

فەرموون بەچەن هەڵوەستەيەك بكەين لەسەر ئايەتەكە:-

يەكەم شت پێويستە بزانين حەواريەكان توشی كوفری گەورەهاتن چونكە نەزان بوون بەتوانای پەروەردگار لەوەی بتوانێت خوانێك لەئاسمانەوە دابەزێنێت ئايا پەروەردگاری تۆ دەتوانێت بەڵگەش لەسەر ئەمە خودی سياق و چەن دەربڕينێكی ئايەتەكەيە كەيەكلای دەكاتەوە و هيچ گومانێك

ناهێڵێت کەنەزان بون بەتوای خوا لە دابەزاندنی خوانێك بەم بەڵگانەی خوارەوە:-

1-پێغەمبەر عیسا پێیان دەفەرمێت (فاتقوا الله إن كنتم مؤمنين) لەخوا بترسن ئەگەر ئێوە بڕواتان بەخوا هەیە و خوا ئەناسن چۆن قسەی وائەکەن. کەواتە ئەگەر بڕگەی (هل يستطيع ربك) بەمانای ئەوە (هل تستطيع) بوایە واتە دەتوانیت داوامان بۆ بکەی لەپەروەردگارت یان مانای ئەوە بوایە ئایا پەروەردگارت وەڵامان دەداتەوە ئەتوانی داوامان بۆ بکەی لەپەروەردگارت و خوانێکمان بۆ بنێرێت ؟ ئەگەر ئەم مانایەی هەبێت چ پێویست دەکات عیسا پێیان بڵێت لەخوا بترسن ئەگەر باوەڕتان هەیە کەواتە دیارە قسەیەکی زۆر نابەجێیان کردوە چونکە دەڵێت لەخوا بترسن ئەگەر ئیماندارن واتە ئەگەر قسەی وابکەنەوە دوای ئەوەی ئاگادارتانم کردوە ئەوا بڕوادار نین و ئیمانتان نامێنێ چونکە"إن كنتم مؤمنين "ئامرازی مەرجیە. پاشان زیاتر قسە کوفریەکانیان ڕون ئەبێتەوە هیچ پاساو تەحریف و تەئویلێ ناهێڵێتەوە و زیاتر قسەی نابەجێی تر ئەکەن وئەڵێن بۆ ئەوەی دڵنیابین و کەپێغەمبەریت و ڕاستت کردوە لەو دینەی پێت ڕاگەیاندوین.

کەواتە گومانیان تەنها لە توانای خوا نەبوە بەڵکو گومانیان لەڕاستێتێ پێغەمبەر عیسا و پەیامەکەشی بووە " ونعلم أن قد صدقتنا" بزانین تۆ ڕاستەکەی کە

پێغەمبەری و پەیامەکەت ڕاستە ؟ کەواتە نەیانزانیوە پێغەمبەرە و پەیامەکەی ڕاستە ئەمەش زیاتر بابەتەکەی ڕوون کردوەوە.

بەڵام ئەوانەی دەمارگیریان هەیە بۆ مەزهەبی نەبونی بیانو بەنەزانی لەشیرك و کوفری گەورە دەڵێن نا ئەم ئایەتە وەکو ئەم ئایەتەیە (وَإِذۡ قَالَ إِبۡرَٰهِـۧمُ رَبِّ أَرِنِي كَيۡفَ تُحۡيِ ٱلۡمَوۡتَىٰۖ قَالَ أَوَلَمۡ تُؤۡمِنۖ قَالَ بَلَىٰ وَلَٰكِن لِّيَطۡمَئِنَّ قَلۡبِيۖ)[سورة البقرة 260].کەخوای گەورە باسی پێغەمبەر ابراهیم دەکات کە دەفەرمێت: (ئەی موحەمەد بەیادیان بهێنە) کاتێک کە ئیبراهیم ووتی: ئەی پەروەردگارم نیشانم بدە چۆن مردوو زیندوو دەکەیتەوە؟ (خوا) فەرمووی: بڕوات پێ ی نەهێناوە؟ ووتی: بەڵێ بڕوام پێیەتی بەڵام (ئەمەوێ ببینم) ئەمەوێ ئیمانەکەم لەحەق الیقین هوە بەرزببێتەوە بۆ عین الیقین و بەچاوی سەرم ببینم. ئەڵێن داواکاریەکەی حەواریەکانی عیسا وەکو داواکاریەکەی پێغەمبەر ابراهیمە لەخوا هەردولایان بۆ زیادبونی ئیمان وایان ووتوە؟!!! پەنا بەالله نەزانی چی دەکات بەخاوەنەکانی ! چۆنی ئیمامی حنفاء و خلیل الله ئەهێنرێتە ئاستی حەواریەکان، پاشان لەئایەتی حەواریەکان ئەوەی تیانیە کە بڵێن "لنطمئن قلوبنا" تاکو دڵمان ئارام ببێت و ئیمانمان زیادببێت یان ئەوەی تیانیە کە بڵێن "بلى ءامننا" هەروەك ئیبڕاهیم فەرموی هەروەها لە لەوتوێژەکەی ئیبراهیم ئەوەی تیانیە کە بڵێت پەروەردگارا ئایا دەتوانی "هل تسطيع أن تحيي الموتى" ئایا دەتوانی مردوو زیندوو بکەیتەوە، بەڵکو ئیبراهیم فەرمووی: (رَبِّ أَرِنِي

كَيْفَ تُحْيِ ٱلْمَوْتَىٰ)پەروەردگارا نیشانم بدە چۆن مردوو زیندوو دەکەیەوە ، کەواتە ئەو قیاس کردنە باتڵەی ئێوە ئاسمانی ڕێسمانی بەینە...

ئینجا بێینە سەر تەفسیری ڕاڤەکارانی قورئان بزانین ئەوان چی دەفەرموون

أبو محمد بن حزم رحمه الله دەڵێت : (فهؤلاء الحواريون الذين أثنى الله عز وجل عليهم قد قالوا بالجهل لعيسى عليه السلام هل يستطيع ربك أن ينزل علينا مائدة من السماء ؟ و لم يبطل بذلك إيمانهم ، و هذا ما لا مخلص منه ، و إنما كانوا يكفرون لو قالوا ذلك بعد قيام الحجة و تبيينهم لها) [الفصل في الملل والأهواء والنحل : 3 / 142].

واتە: ئەو حەواریانەی کە اللە عزوجل ستایشیانی کرد بەنەزانیان قسەیەکیان بەعیسا ووت ئایا پەروەردگارت دەتوانێت لەئاسمانەوە سفرە و خوانێکمان بۆ دابەزێنێت؟ بەم داوایەیان ئیمانەکەیان هەڵنەوەشایەوە بەڵکو کاتێك کافر دەبوون ئەگەر ئەم قسەیەیان دوای ئیقامەی حوجە و ڕوونکردنەوە بکردایە."

هەروەها ئیمام ابن جریری تەبەڕی لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێت: " وأولى القراءتين عندي بالصواب، قراءة من قرأ ذلك: ﴿هَلْ يَسْتَطِيعُ﴾ بالياء ﴿رَبُّكَ﴾ برفع"الربّ"، بمعنى: هل يستجيب لك إن سألته ذلك ويطيعك فيه؟

وإنما قلنا ذلك أولى القراءتين بالصواب، لما بيّنّا قبلُ من أن قوله:"إذ قال الحواريون"، من صلة:"إذ أوحيت"، وأنَّ معنى الكلام: وإذ أوحيت إلى الحواريون أن آمنوا بي وبرسولي، إذ قال الحواريون يا عيسى ابن مريم هل يستطيع ربَّك؟ فبيِّنٌ إذ كان ذلك كذلك، أن الله تعالى ذكره قد كرِه منهم ما قالوا من ذلك واستعظمه، وأمرهم بالتوبة ومراجعة الإيمان من قِيلهم ذلك، والإقرارِ لله بالقدرة على كل شيء، وتصديقِ رسوله فيما أخبرهم عن ربِّهم من الأخبار. وقد قال عيسى لهم، عند قيلهم ذلك له، استعظامًا منه لما قالوا:"اتقوا الله إن كنتم مؤمنين". ففي استتابة الله إيّاهم، ودعائه لهم إلى الإيمان به وبرسوله ﷺ عند قيلهم ما قالوا من ذلك، واستعظام نبيّ الله ﷺ كلمتهم = الدلالةُ الكافيةُ من غيرها على صحة القراءة في ذلك بالياء ورفع"الرب"، إذ كان لا معنى في قولهم لعيسى، لو كانوا قالوا له:"هل تستطيع أن تسأل ربَّك أن ينزل علينا مائدة من السماء"؟ أن يُستكبر هذا الاستكبار. فإن ظنّ ظانّ أنّ قولهم ذلك له إنما استُعظِمَ منهم، لأنّ ذلك منهم كان مسألة آيةٍ، [فقد ظنّ خطأ] . فإن الآيةَ، إنّما يسألها الأنبياء مَنْ كان بها مكذّبًا ليتقرَّر عنده حقيقةُ ثبوتها وصحَّة أمرها، كما كانت مسألة قريش نبيَّنا محمدًا ﷺ أن يحوِّل لهم الصَّفَا ذهبًا، ويفجر فَجَاج مكة أنهارًا، مَنْ سأله من مشركي قومه = وكما كانت مسألة صالح الناقةَ من مكذّبي قومه = ومسألة شُعَيْب أن يسقط كِسْفًا من السماءِ، من كفّار من أرسل إليه.

فإنْ وكان الذين سألوا عيسى أن يسأل ربه أن ينزل عليهم مائدة من السماء، على هذا الوجه كانت مسألتهم، فقد أحلّهم الذين قرءوا ذلك ب"التاء" ونصب"الرب" محلا أعظم من المحلِّ الذي ظنوا أنَّهم يحيدون بهم عنه أو يكونوا سألوا ذلك عيسى وهم موقنون بأنه لله نبي مبعوث ورسول مرسلٌ، وأن الله تعالى ذكره على ما سألوا من ذلك قادر.

فإن كانوا سألوا ذلك وهم كذلك، وإنما كانت مسألتهم إيَّاه ذلك على نحو ما يسأل أحدُهم نبيَّه، إذا كان فقيرًا، أن يسأل له ربه أن يُغْنيه وإن عرضتْ له حاجة، أن يسأل له ربه أن يقضيَها، فليسَ ذلك من مسألةَ الآية في شيء، بل ذلك سؤال ذي حاجة عرضت له إلى ربه، فسأل نبيَّه مسألةَ ربه أن يقضيها له.

وخبر الله تعالى ذكره عن القوم، ينبئ بخلاف ذلك. وذلك أنهم قالوا لعيسى، إذ قال لهم:"اتقوا الله إن كنتم مؤمنين" ="نُريد أن نأكل منها وتطمئنَّ قلوبنا ونعلم أنْ قد صدقتنا". فقد أنبأ هذا من قِيلهم، أنهم لم يكونوا يعلمون أن عيسى قد صدَقهم، ولا اطمأنت قلوبهم إلى حقيقة نبوّته. فلا بيان أبين من هذا الكلام، في أن القوم كانوا قد خالط قلوبَهم مرضٌ وشك فى دينهم وتصديق رسولهم، وأنهم سَألوا ما سألوا من ذلك اختبارًا."

وأما قوله:"قال اتقوا الله إن كنتم مؤمنين"، فإنه يعني: قال عيسى للحواريّين القائلين له:"هل يستطيع ربك أن ينزل علينا مائدة من السماء" راقبوا الله، أيها

القوم، وخافوه أن يَنزل بكم من الله عقوبة على قولكم هذا، فإن الله لا يعجزه شيء أراده، وفي شكّكم في قدرة الله على إنزال مائدة من السماء، كفرٌ به، فاتقوا الله أن يُنزل بكم نقمته ="إن كنتم مؤمنين"، يقول: إن كنتم مصدقيَّ على ما أتوعدكم به من عقوبة الله إياكم على قولكم:"هل يستطيع ربك أن ينزل علينا مائدة من السماء"؟]

دەڵێت:" لەپێشترینی خوێندنەوەکان خوێندنەوەی ئایەتەکەیە بە یاء واتە بە(هل يستطيع) چونکە ئەمە ڕوونە کە حەواریەکان وتویانە ئایا پەروەردگارت دەتوانێت خواش پێ ناخۆش بوونی خۆی دەربیوە لەقسەکەیان قسەکەیانی بەگەورەی داناوە و ئەمری پێکردون بەتەوبەکردن گەڕانەوە بۆ ئیمان و ئیقرارکردنی توانا و دەسەڵاتی ڕەها بۆخوا لەهەموو شتێکدا و بەڕاست پێغەمبەرەکەی ئەوەتا عیسا ئەو قسەیەیان بەگەورە دائەنا ووتی پێیان (لەخوا بترسن ئەگەر ئیماندارن) ئەمەش داواکردنی خوایە لێیان تەوبەبکەن بانگیان دەکات ئیمان بێننەوە بەخوا و بەپێغەمبەرەکەی، هەروەها کەعیسا ئەو قسەیەیانی بەگەورە نابەجێ دانا بەڵگەیە کافیە لەسەر دروستی قیرائەی خوێندنەوە بە یاء (هل يستطيع) نەك قیرائەکانی تر چونکە ئەگەر بەمانای هل "تسطيع" ئایا دەتوانی داوامان بۆ بکەی لەپەروەردگارت سفرەیەکمان لەئاسمانەوە بۆ دابگرێت چ پێویستی دەکرد عیسا ئاوا داواکەیان بەگەورە دابنا، هەروەها ئەگەر کەسێ تر بڵێ نا داواکەیان وەکو داوای موعجیزە بوە

ئەوە هەڵەیە دەڵێین کەسێ داوای موعجیزە ئەکات کافرێ بێباوەڕ بوبێ بەوپێغەمبەرە و حەقیقەتی ئەو پێغەمبەرەی بۆ ڕوون ببێتەوە هەروەك چۆن قوڕەیش داوایان دەکرد لەپێغەمبەر صلى الله عليه وسلم کێوی صەفایان بۆ بکات بەزێڕ ئاوو ڕوبار هەڵبقوڵێنێ بۆیان لەمەککە هەروەها هەروەك چۆن قەومی درۆزنی صاڵح داوایان کرد وشترێکیان بۆ بێنێ هەروەها قەومی شوعەیب داوایان کرد پارچەیەک لە ئاسمان بێنێتە خوارەوە جا ئەو کەسانەی دەڵێن مانای ئایەتەکە خوێندنەوەکەی بەتاء واتە ئەی عیسا دەتوانی داوابکەی لە پەروەردگارت سفرەیەکمان لەئاسمانەوە بۆ بنێرێت مانای ئەوەیە کەوا حەواریەکانی عیسا کافربوبن هەروەك کافرەکان داوای موعجیزەیان کردبێ ئەمەش زۆر لەوە خەتەر تڕە کەلێی هەڵهاتوون، هەروەها کەسانێ تر ئەڵێن حەواریەکان دڵنیابوون لەوەی عیسا پێغەمبەری خوایە و خواش بەتوانایە بەڵکو ئەو داوایە وەک ئەو داوایە بوە کە هەرکەسێکی ئاسایی کاتێ داوا دەکا لە پێغەمبەرەکەی دوعایەکی بۆبکات وەک ئەوەی هەژارە تا دەوڵەمەن بێ یان پێویستیەکی بۆ جێبەجێ بێ داوای بۆ بکا خوا بۆی بکا، ئەمەش بەهیچ شێوەیەك پەیوەندی نیە بەئایەتەکەوە و دووڕە لێوەی، بەڵکو ئەو هەواڵەی خوا پێی داوین لەسەر حەواریەکان پێچەوانەی هەموو ئەو مانایانەیە چونکە ئەوان بە عیسایان ووت کاتێ عیسا ووتی (لەخوابترسن ئەگەر باوەردارن) وتیان دەمانەوێ لێی بخۆین و دڵنیابین کەڕاستت کردوە

لەگەڵمان بۆیە ئەمەبووە ڕاستیەکەیان لەمەش ڕوونتر نیە کە حەواریەکان دڵەکانیان توشی نەخۆشی گومان ببون لەدینەکەیان و ڕاستی پێغەمبەرەکەیان هەر ئەهلی تەفسیریش هەروەك ئێمەیان ووتوە،

هەروەها کەدەڵێت (لەخوا بترسن ئەگەر ئیماندارن) ئەمە وتەی عیسایە بەوانە دەڵێ (ئایا پەروەردگارت دەتوانێ ..) واتە (اتقوا الله انكنتم مؤمنين) یەعنی شەرم بکەن لەخوا ئەی قەوم ، لەخوا بترسن بترسن لەوەی خوا سزایەك بنێرێتە سەرتان لەسەر ئەو قسەیە چونکە خوا هەرشتێك بیەوێ دەستەوەستانی ناکات وە بەڕاستی لەگومانتان لەتوانای خوا کەخوانێ دابەزێنێ لە ئاسمانەوە ئەمە کوفرە بەخوا بۆیە لەخوا بترسن بترسن لەوە غەزەبی خۆی برژێتە سەرتان ئەگەر ئیوە بڕوادارن یەعنی ئەگەر ئێوە باوەڕتان هەیە بەوەی هەڕەشەتان لێ ئەکەم پێی لەسزای الله لەسەر ئەو قسەیەتان (هل يستطيع ربك أن ينزل علينا مائدة من السماء) بڕوانە تەفسیری الطبري (11/220).

* پاشان ئیمامی تەبەڕی کەدەڵێت الله إستيتابەی کردن و بانگی کردنەوە بۆ ئیمان هێنان بەخۆی و پێغەمبەرەکەی، ئەم قسەیە مانای کافربونیان نیە بەڵکو مانای ئەوەیە تەوبە بکەن وازبهێنن لەو قسەیە ئەمەش نەزانی و چەواشەکاری شێرکۆ بیارەمان بۆ دەرەخات بەزمانی عەرەبی و بەنەزانی تەرجەمەکردنی دەقەکان، چونکە لەکۆتایی تەفسیرەکەیدا ئیمامی تەبەڕی زیاتر مانای ئایەتە

ڕوون ئەکاتەوە و دەڵێت " (اتقوا الله انكنتم مؤمنين) یەعنی شەرم بکەن لەخوا ئەی قەوم ، لەخوا بترسن بترسن لەوەی خوا سزایەك بنێرێتە سەرتان لەسەر ئەو قسەیە چونکە خوا هەرشتێك بیەوێ دەستەوەستانی ناکات وە بەڕاستی لەگومانتان لەتوانای خوا کەخوانێ دابەزێنێ لە ئاسمانەوە ئەمە کوفرە بەخوا بۆیە لەخوا بترسن بترسن لەوە غەزەبی خۆی برژێتە سەرتان ئەگەر ئیوە بڕوادارن یەعنی ئەگەر ئێوە باوەڕتان هەیە بەوەی هەڕەشەتان لێ ئەکەم پێی لەسزای الله لەسەر ئەو قسەیەتان (هل يستطيع ربك أن ينزل علينا مائدة من السماء) " بڕوانە ناڵێت پێغەمبەر عیسا تەکفیری هاوەڵەکانی کرد، بەڵکو ئامۆژگاریانی کرد بەلەخوا ترسان و وازهێنان، نەك گەڕانەوە بۆ ئیسلام و ئیمان هێنانەوە بەهیچ شێوەیەك هیچ یەکێ لەزانایان قسەی وای نەکردوە، تەنانەت ابن جەریری تەبەڕی دەڵێت: ئەمە وتەی هەموو موەفەسیرینی قورئانە ، ئایا ابن جەریر عالمێ گەورەی ئاوا بەتەفسیر شارەزا نیە بەتەفسیری صەحابە و تابیعین و دوای ئەوان کە دەڵێ ئەمە تەفسیری هەموانە، ئایا ئەو شارەزاتربووە یان شێرکۆ بیارە کەوا کۆمەڵێ درۆ کەلەچەن کتێبێکی خەواریجەکانەوە نەقڵی کردوە و تەحریفە و زیادکراوە بەناوی زانایانەوە لەوانەوە وەری گرتوە ئایا پشت بەو قسە بێ سەروبەر وسەرچاوانەی ئەو ببەستین یان پشت بەسەرچاوە سەرەکیەکە ببەستین کە ڕوون و ئاشکرایە.

*پاشان كه ئێمه وتەكەی ئیمامی ابن جەریرمان نەقڵ كردوه لێرە وەنەبێت بێ ئاگابوبین لەعەقیدە مەنهەجی ئەو ئیمامە بەڕێزە كە هەڵەی هەیە و موافقی متكلمین و ئەهلی كەلامی هەیە لە استدلال كردن و تەكفیركردنی جاهل بە ئەسماء و صیفات، بەڵكو بۆیە وتەكەیمان هێناوەتەوە چونكە حەقە و لێرە پێكاوێتی و نەقڵی پێش خۆی كردوه لە ڕاڤەكاران.

* خاڵێكی تر ئیمامی طەبەڕی تەنها لەبابەتی ئەسماء و صیفات عوذر بەنەزانی قبوڵ ناكات چونكە لە مەنهەجی ئەهلی كەلام لە ئەسماء و صیفاتی الله تعالی بەعەقڵ و إستیدلال دەزانرێت و جەهل تیایدا قبوڵ ناكرێت، جا ئەم بۆچون مەزهەبە قۆناغی سەرەتای ئیمامی تەبەڕی بوو كە كاریگەر بوو بەفیكر و بۆچونەكانی ئەوان بەڵام دواتر لەكۆتاییەكانی ژیانی دەگەڕێتەوە لەو بیروباوەڕەی و لەسەر ئەوە جێگیر ئەبێت كە عوذ بەجهل هەیە و دەیچەسپێنێت ، وەك ئیمام ابن جەریر دوای باسكردنی چەن ناو و سیفەتێكی واجبی الله تعالی دەڵێت " فإن هذه المعاني التي وضعت و نظائرها ما وصف الله به نفسه ورسوله مما لايثبت بالفكر والروية حقيقة علمه؛ لا يكفر بالجهل بها أحد إلا بعد إنتهائها إليه" ئەم وتەیەش ئیمامی ئەبو یەعلا لە كیتابی "إبطال التأويل" لە ئیمامی تەبەڕیەوە ڕیوایەتی كردوه.

دەڵێت" ئەم مانایانە و هاوشێوەکانی کە اللە تعالی و پێغەمبەرەکەی وەسفی پێکردوە، ڕاستی ئەم وەسفانە بە فکر و بیرکردنەوە ناچەسپێت، بۆیە هەرکەسێك جەهل هەبوو بەو سیفەتانە کافر ناکرێت هەتا پێی عیلمی ئەو سیفەتانەی پێ دەگەیەنرێت."

ئەمەش ئەوەمان پێ دەڵێت:-

١- ناو سیفەتەکانی اللە نازانرێ بەعەقڵ

٢-جاهیل بەناو سیفەتەکانی اللە کافر نابێت

٣-حوکم دان بەسەر کەسی موکەلەف دوای گەیشتنی عیلم دەبێت پێی.

* هەروەها ئەم خوێندنەوەیە بەیاء (هل یستطیع ربك أن ینزل علینا مائدة من السماء) خوێندنەوەی جەماوەری قورائەکانە مەشهور بەناوبانگە و موافقی ئایەتەکە و مانا و سیاقی ئایەتەکەیە.هەروەها ابن کثیر یش دەڵێت ئەم خوێندنەوەیە خوێندنەوەی زۆرینەیە و هەمان وتەکەی ابن جریر نەقڵ دەکات.

كەواتە ئەم قسەیەك نیە ئێمە وەكو شێركۆ بیارەی مەجهول لەخۆمانەوە بیكەین و خەڵكی پێ چەواشەبكەین، ئەوە ئیمامی ابن جەریر و ابن كثیر دەفەرموون ئەمە خوێندنەوەی جەماوەری قورائەكان و ڕەسمی فەرمی قورئانی عوسمانە، بەڵام دیارە شێركۆی نانەجیب باوەڕی بەو ڕەسمە قورئانیە نیە كە هەیە و ئینكاری لێ دەكات و ڕەخنەی لێ دەگرێت ؟!!!!!

پاشان شێركۆ بیارەی جاهیل دەڵێت ئەم ئایەتە تاكە بەڵگەیە پشتی پێ ئەبەستن ؟!!!

وەڵام/ ئاخر هەی نەزان ئێمە دەیان ئایەت و فەرموودەی صەحیحی ترمان هەیە پشتمان پێ بەستوە نەك هەر ئەم ئایەتە پیرۆزە بەڵكو ئەمە لە بەڵگەكانی كۆتایی باسمان كردوە.

[ئەو زانایانەی موفەسیرینی قورئان كە ئایەتەكەیان بە هل یستطیع خوێندۆتەوە باوەڕیان وابووە حەواریەكان گومانیان هەبووە لەدەسەڵاتی خوا]

١- ابن جرير الطبري

٢- ابن كثير

٣- كۆی هاوەڵان جگە لە عائیشە وعلي ابن عباس و مجاهد بەبەڵگەی

ئەوەی وتەی چەن هاوەڵێك بەو مانایە نەقڵ كراوە نەك هەمویان، كەواتە ئیجماع نیە لەو جۆرە تەفسیركردنە و ڕای جیاوازیش هەیە.

٤- جـمهوری قورائەكان.

٥- ابن حەزم

٦- سید قطب

٧- الزمخشري

٨- دكتۆر عبدالعزیز اسماعیل خاوەنی تەفسیری المیسر

هەروەها عەبدوڵای كوڕی عومەر دەڵێت: تۆندرینی ئەو كەسانەی سزا ئەدرێن لە ڕۆژی قیامەت سێ جۆرە كەسن، مونافیقەكان و ئەو كەسانەی كوفربكەن دوای ئەوەی سفرەكەیان بۆ هاتە خوارەوە، وە بنەماڵە و دەست وپێوەندەكانی فیرعەون، ابن جریر ریوایەتی كردوە.

كەواتە: لەمەدا بۆمان دەرەكەوێ ئەوانەی داوای سفرە و خوانیان كرد لە عیسای كوڕی مەریەم لێ دڵنەخۆشی و ئیمان لاوازیانەوە بوو داواكەیان زۆر نابەجێ بوو بۆیە ئاوا هەڕەشەیان لەسەركراوە.

خولاصەی کەلام/ بەشێك لە زانایانی تەفسیر لەکۆن ونوێدا بەم شێوەیەی باسمان کرد تەفسیری ئایەتەکەیان کردوە بینا لەسەر ڕوالّەتی ئایەتەکە، بەڵام زانایانی تر وەکو ئیمامی قورتوبی و ابن عاشوور و سەعدی و هەندێ زانای تر بەو مانایان کردوە ئایا تۆ دەتوانی داوامان بۆبکەی لەپەروەردگارت سفرەیەکمان بۆ دابەزێنێت لە ئاسمانەوە، یان ئایا پەروەردگارت وەڵامت ئەداتەوە و داواکەمان جێ بەجێ دەکات ئەگەر داوای لێ بکەی سفرەیەکمان بۆ دابەزێنێ لەئاسمانەوە، جا ئەوانەی کۆمەڵی یەکەم کە بەو شێوەیە تەفسیریان کردوە لەسەر تەفسیری ئەوان ئێمە دەڵێن ئەم ئایەتەش زیادە بەڵگەیەکە لەسەر بونی عوذر بەجەهل، چونکە ئەم تەفسیرەش واریدە، بۆیە بابەتەکە زۆر فراوانی تێدایە و بەهیچ شێوەیەك زانایان لەسەر ئەو تەفسیرەی ئێمە باسمان کردوە هیچ لایەکیان ڕەخنە و تانەیان نەگرتوە لەوی تریان بەڵکو بەسینگێکی فراوانەوە لەبابەتەکەیان ڕوانیوە، بابەتێکە لەتەفسیری تنوع ە نەك تضاد و دژ بەیەك بوون چونکە ڕوالّەتی ئایەتەکە بۆچوونی یەکەم ئەخوازێت، بۆیە پێویست بەو هەموو تەشەنوج و خۆگفکردنەوانە ناکات، ئەو بەناو وەڵامە چەواشەکاریانەی تۆ ئەینوسیت ئێمە لەوسەری دێننەوە چاك ئەزانین چی ئەنوسیت و لەکوێ ئەیهێنیت و بەتەمای چیت، وانەزانی ئێمە لەو شوبــهە منالّانەیەت بێ ئاگابوبین ئەگەر هەزاران شوبــهە و گومانی تر

دروست بکەیت ئێمە لەبۆسەداین بۆ ئاشکراکردنی هەموویان بەحەول و قوەتی اللە تعالی چونکە ئەزانین ئەوەی تۆ ئەیکەیت تەنها ڕق و حقدێکە لەدڵتا کۆتکردۆتەوە بەرامبەرمان و دەمارگیری کردنێکی کوێرانە و جاهیلانەیە بۆ ئەو مەزهەبە باطڵەی ئامادەی هەموو تەحریف و هەموو چەواشەکاریەکی لەپێناو بکەیت، داواش دەکەم لە اللە تعالی هیدایەتت بدات بگەڕێیتەوە، چونکە تۆ تاوانی خۆت و گەنجەکانیشت کردۆتە ئەستۆت، ئێمەش هیچ کێشە و ڕق کینەیەکی شەصیمان نیە بەرامبەر تۆ و هیچ موسڵمانێك هەرچی چاکە و خێرە ئەوەمان ویستوە بۆتان، ئەوەشی کردومانە تەنها لەپێناو اللە تعالی و پاراستنی دینەکەیەتی و هەر ئەوەندە.

وصلى الله وسلم على سيدنا محمد وعلى آله وسلم

وەڵامی وانەی 29 یەکی قاعیدە گومڕاکەرەکان

بسم الله والحمدلله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن والاه أما بعد :

لەبابەتی ئەم جارەمان وەڵامی چەن پرس و گومانێك ئەدەینەوە بە ئیزنی الله تعالى :-

شێـــرکـــۆ بیارە دەڵێت ↓↓↓ شوبهەی دووەم :

شوبهە و گومانێکی تری کە یەکێکە لە شوبهە سەرەکیەکانیان و ئەیکەنە بەڵگەی بوونی عوذر بەجەهل لە شیرکی گەورەدا ئەم ئایەتەیە الله تعالى ئەفەرموویێت :

[وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيُضِلَّ قَوْمًا بَعْدَ إِذْ هَدَاهُمْ حَتَّىٰ يُبَيِّنَ لَهُم مَّا يَتَّقُونَ ۚ إِنَّ اللَّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ] التوبَة (١١٥)

تەرجەمە و تەفسیری ئایەتەکە .

خۆ پاش ئەوەش اللەتعالى خەڵکێکی خستبێتە سەر ڕاستەڕێ، ئیتر نەبووە جارێکی تر گومڕایان بکات.

ئەم ئایەتەش سەبارەت بە هەندێ لەو موسڵمانانە هاتە خوارێ کە داوای لێبوردنیان کردبوو بۆ موشریکەکان، لە پاشان ترسان کە الله تعالى قاریان لێ بگرێ، ئینجا هات بۆ دڵدانەوەیان [حَتَّىٰ يُبَيِّنَ لَهُم مَّا يَتَّقُونَ ۚ] تا ئەو

شتانەیان بۆ ڕوون بکاتەوە کە دەبێ خۆیانی لێ پارێزن [إِنَّ اللَّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ] بێگومانە اللەتعالی بەهەموو شتێک زانا و بەئاگایە .

ـ هاوەڵانی عوذر بەجەهل ئەڵێن :

گومڕایی و ضەلال نابێت ئیلا پاش ڕوونکردنەوە و بەیان نەبێت ، ئەو نەصەش عامە و شیرک و جگە لە شیرکیش ئەگرێتەوە وە لەفزی " الضلال " نایەتە دی ئیلا پاش " البیان " نەبێت .

● وەڵامی ئەو گومانە لە دوو ڕووە ئەبێت :

◈ - ڕووی یەکەم :

ئەبێت جەمعی ئەدیلە و بەڵگە و نصوصەکان بکرێت.

↓↓↓↓

وەڵامـی ئەم قسـەیە/ جەمعی ئەدیلە و بەڵگە و نصوصەکان کاتێك دەکرێت کەوا ئەو ئەدیلە و بەڵگانە لەو بابەتانە بێت کەوا متشابە و لێکچوون ئەمەش هەروەکو زانایان دەفەرموون تەنها لەبابەتەکانی ئەسماء و صیفات دا هەیە، نەك ئەو بابەتانەی پەیوەستن بە ئەحکام و بابەتەکانی تەوحید، ئایا ئەکرێت بابەتی ئەحکام و تەکفیر و تەکفیر نەکردن شتانێك بن کە ڕوون نەبێت و لێکدانەوەی جیاواز لەخۆ بگرێت؟ نەخێر هەرگیز چونکە ئەو بابەتانە حوکمی یەکلاکەرەو بڕیار لەسەردانە ناکرێت اللە تعالی لەکاتێکدا شتێکت لەسەر حەرام بکات بەڵام لەهەمان کات مانای حەڵاڵ بونیش ببەخشێت، دژبەیەك

بوون لەم بابەتانە هەرگیز ڕوونادات، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە کتێبی "الإعتصام"ی شاطبي

پاشان دەڵێت ↓↓↓ - ڕووی دووەم :

مەبەستی " الضلال " لە ئایەتەکەدا هەموو گومڕایەکە جگە لە شیرک ، چونکە قورئان " الضلال " ی جێگیر کردووە پێش " البيان " .

↓

وەڵامم / بەڵێ قورئان و سونەت گومڕایي و "ضلال"ی جێگیر کردوە بۆ کارو کردەوەی کافرانی ئەصلی پێش هاتنی ڕیسالە، چونکە ناشرینی کوفر و شیرك و تاوان لە زۆربەی فیترەتەکان هەست پێکراوە و زانراوە ، بەڵام ئەو ناشرینی و گومڕاییە کە بەفیترەت دەزانرێت نابێتە هۆی جێگیربوون و تەعذیب و سزا دانیان لەدونیا و قیامەت هەتا پێغەمبەر و ڕیسالەیان بۆ ڕەوانە ئەکرێت و بۆیان ڕون ئەکرێتەوە چونکە "مەناطی" تەکلیف، بوونی عیلم و ئاگاداردنەوەیە، هەروەها ئەو ئایەتانەی دەیهێنێتەوە دەربارەی جێگیربونی گومڕایي، ئەو ئایەتانە سەرجەمیان باس لەکافرانی ئەصلی ئەکات کەهیچ دینێکیان نەبووە و بەهیچ شێوەیەك داخلی ئیسلام نەبوونە، وە کافربونیان و گومڕاییان جێگیربووە چونکە موسڵمان نین داخلی ئیسلام نەبوونە هەروەها بەهۆی ئەوەی زۆرێك لەوانە حوجەی دینەکانی تریان پێگەیشتوە و پشتیان کردوە لەحوجە، ئەوەش بزانن حوکمی کافرێکی ئەصلی جیاوازە لەو

موسڵمانەی داخلی ئیسلام بووە پاشان توشی شیرک و کوفر دەبێت بەهۆی نەزانی و پێنگەیشتنی دین لەو بوارە، بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم باسە ئەم نوسراوەمان بخوێنەوە لەم لینکەدا

https://justpaste.it/2b4pn

پاشان ئەو قسەیەی کەدەڵێت ئەم ئایەتە [وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيُضِلَّ قَوْمًا بَعْدَ إِذْ هَدَاهُمْ حَتَّىٰ يُبَيِّنَ لَهُم مَّا يَتَّقُونَ ۚ إِنَّ اللَّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ] دابەزیوە دەربارەی ئەو کەسانەی داوای لێخۆشبونیان کردوە بۆ کەسوکارە موشریکەکانیان پێش ئەوەی لێیان قەدەغەبکرێت بۆیە عوذریان هەبووە و دوعا کردنەکەشیان کوفر و شیرك نەبووە بۆیە عوذریان پێ دراوە !!

لەوەڵامـدا ئەڵێم: هیچ بەڵگـەیەك نیە لەسەر ئەم تخصیص کردنە و ئایەتەکە گشتیە ڕواڵەتەکەی و بەهیچ شێوەیەك تایبەتی نەکردوە و هیچ قەرینەیەك نیە نە لە قورئان و نەلە سونەت کە ئەو ئایەتە شیرك و کوفری گەورە دەربهێنێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەیان ئایەت و فەرموودە هەیە عوذر بەجەهلی جێگیرکردوە بۆ ئەو کەسە موسڵمانەی شیرکی ئەنجام داوە بەنەزانی هەروەك لە نوسراوەکەماندا باسمان کردوە فەرموون لەم لینکە

بیخوێننەوە https://justpaste.it/736ej

- پاشان بەڵگە دێنێتەوە بەم ئایەتە لەسەر نەبوونی عوذربەجەهل، اللە تعالی دەفەرمێت : [فَرِيقًا هَدَىٰ وَفَرِيقًا حَقَّ عَلَيْهِمُ الضَّلَالَةُ ۗ إِنَّهُمُ اتَّخَذُوا الشَّيَاطِينَ أَوْلِيَاءَ مِن دُونِ اللَّهِ وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُم مُّهْتَدُونَ] الأعرَاف (٣٠)

دەستەیەکیانی ڕێنماییکرد بۆ ڕێگای راست و دروست و بەرێی چاکدا چوون [وَفَرِيقًا حَقَّ عَلَيْهِمُ الضَّلَالَةُ ۗ] و دەستەیەکیشیان – بەهۆی کاروکرداری خۆیانەوە- گومڕابوونیان لەسەر چەسپا [إِنَّهُمُ اتَّخَذُوا الشَّيَاطِينَ أَوْلِيَاءَ مِن دُونِ اللَّهِ] چونکە ئەوان لە باتی اللە تعالی شەیطانیان کردە یاریدەر و دۆستی خۆیان [وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُم مُّهْتَدُونَ] و وایشیان ئەزانی لەسەر ڕێی حەقن و ڕێنمان. ↓↓

وەڵام /

ئەڵێن ئەوەتا لەم ئایەتە اللە تعالی دەفەرمێت ئەوانە نەزان بوونە و وایان زانیوە لەسەرحەقن کەچی بەگومڕاش لەقەڵەمی داون.

جا با ئێمە بێینە سەر مانای ئایەتەکە بزانین داخۆ بەو گشتیە ئاوایە ماناکەی یان وردەکاری تیایە و بزانین ڕاڤەکارانی قورئانی پیرۆز چی دەفەرموون

شێخ سەعدی لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێت :

﴿فَرِيقًا﴾ منكم ﴿هَدَى﴾ اللّه، أي: وفقهم للهداية، ويسر لهم أسبابها، وصرف عنهم موانعها. ﴿وَفَرِيقًا حَقَّ عَلَيْهِمُ الضَّلَالَةُ﴾ أي: وجبت عليهم الضلالة بما تسببوا لأنفسهم وعملوا بأسباب الغواية. فـ ﴿إِنَّهُمُ اتَّخَذُوا الشَّيَاطِينَ أَوْلِيَاءَ مِنْ دُونِ اللّهِ﴾ ﴿وَمَنْ يَتَّخِذِ الشَّيْطَانَ وَلِيّاً مِنْ دُونِ اللّهِ فَقَدْ خَسِرَ خُسْرَاناً مُبِيناً﴾ فحين انسلخوا من ولاية الرحمن، واستحبوا ولاية الشيطان، حصل لهم النصيب الوافر من الخذلان، ووكلوا إلى أنفسهم فخسروا أشد الخسران. ﴿وَهم يَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ مُهْتَدُونَ﴾ لأنهم انقلبت عليهم الحقائق، فظنوا الباطل حقا والحق باطلا، وفي هذه الآيات دليل على أن الأوامر والنواهي تابعة للحكمة والمصلحة، حيث ذكر تعالى أنه لا يتصور أن يأمر بما تستفحشه وتنكره العقول، وأنه لا يأمر إلا بالعدل والإخلاص، وفيه دليل على أن الهداية بفضل اللّه ومَنِّه، وأن الضلالة بخذلانه للعبد، إذا تولى - بجهله وظلمه - الشيطانَ، وتسبب لنفسه بالضلال، وأن من حسب أنه مهتدٍ وهو ضالٌّ، أنه لا عذر له، لأنه متمكن من الهدى، وإنما أتاه حسبانه من ظلمه بترك الطريق الموصل إلى الهدى.

واتە: دەستەیەك لە ئیوە اللّه تەعالی تەوفیقی داوە بۆ هیدایەت و هۆکارەکانی هیدایەتی بۆ ئاسان کردون هەروەها ڕێگریەکانی هیدایەتیشی لەسەر لابردوون، وەکۆمەڵێکی تریشی گومڕاکردوە بەهۆی ئەوەی کە خۆیان بونەتە

هۆکاری گومڕابونیان و کاریان بەهۆکارەکانی گومڕابوون کردوە هەربۆیە ئەوانە شەیطانەکانیان داناوە بە پەرستراوی خۆیان جگە لە اللە جا کاتێك لەپەرستن و ویلایەتی خوا خۆیان داڕنی ئەوکاتە ویلایەت و پەرستنی شەیتانیان هەڵبژارد وهەربۆیە بەشێکی زۆریش لەپشتکردنی خواش بۆ ئەوان هاتەدی و تەوکیلی نەفسیان کران بەخەسارەتمەند چون ئەوپەڕی خەسارەت مەندچوون﴿وَهم يَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ مُهْتَدُونَ﴾ واشدەزانن هیدایەت دراون چونکە ڕاستیەکان لایان سەراوژێربوە حەق بەباتڵ دەبینن وباتڵیش بەحەق دەبینن لەم ئایەتانە بەڵگەی ئەوە هەیە فەرمایشت و قەدەغەکراوەکان شوێنی بەرژەوەندی و حیکمەت کەوتوە چونکە اللە تعالی فەرمویەتی کەوا تەصەورناکرێت خوا فەرمان بکات بەشتێ کە دزێو بێ و ژیری ئینکاری لێ بکات بەڵکو تەنها فەرمان بەدادو چاکە و ئیخلاص دەکات، ئەم ئایەتە بەڵگەی ئەوەی تێدایە کەوا هیدایەت بەفەزڵ و منەتی اللەیە و گومڕاکردنیشی بۆ بەندەکانی بەهۆی پەرستنیانە بۆ شەیتان بەنەزانی و زوڵم بەوە دەبنە هۆکاری گومڕاکردنی خۆیان، [هەرکەسێك وابزانێت هیدایەت دراوە لەکاتێکدا گومڕابێت هیچ عوزری نیە چونکە توانای هەیە بۆ وەرگرتنی هیدایەت ئەو بەهیدایەت دانانەی خۆی بەهۆی ستەم کردنی خۆی لەخۆی هاتۆتەکایەوە چونکە ڕێگای هیدایەتی تەرك کردوە.]

کەواتە هەر لەخۆڕا نیە کەگومڕابوبێت بەڵکو توانای فێربونی هەبووە بەڵام پشتی کردوە، ئێمەش هەروادەڵێین کەسێك توانای فێربون هەبێت بیانووی نامێنێ لەگومڕابونی.

هەروەها ابن عاشوور لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفەرمێت :

ومَعْنى: ﴿حَقَّ عَلَيْهِمُ الضَّلالَةُ﴾ ثَبَتَتْ لَهُمُ الضَّلالَةُ ولَزِمُوها. ولَمْ يُقْلِعُوا عَنْها، وذَلِكَ أنَّ المُخاطَبِينَ كانُوا مُشْرِكِينَ كُلَّهم، فَلَمّا أُمِرُوا بِأنْ يَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ افْتَرَقُوا فَرِيقَيْنِ: فَرِيقًا هَداهُ اللَّهُ إلى التَّوْحِيدِ، وفَرِيقًا لازَمَ الشِّرْكَ والضَّلالَةَ، فَلَمْ يَطْرَأْ عَلَيْهِمْ حالٌ جَدِيدٌ. وبِذَلِكَ يَظْهَرُ حُسْنُ مَوْقِعِ لَفْظِ "حَقَّ" هُنا دُونَ أنْ يُقالَ أضَلَّهُ اللَّهُ، لِأنَّ ضَلالَهم قَدِيمٌ مُسْتَمِرٌّ اكْتَسَبُوهُ لِأنْفُسِهِمْ، كَما قالَ تَعالى في نَظِيرِهِ: ﴿فَمِنهم مَن هَدى اللَّهُ ومِنهم مَن حَقَّتْ عَلَيْهِ الضَّلالَةُ﴾ [النحل: ٣٦] ثُمَّ قالَ ﴿إنْ تَحْرِصْ عَلى هُداهم فَإنَّ اللَّهَ لا يَهْدِي مَن يُضِلُّ﴾ [النحل: ٣٧]فَلَيْسَ تَغْيِيرُ الأُسْلُوبِ بَيْنَ: ﴿فَرِيقًا هَدى﴾ وبَيْنَ: ﴿وفَرِيقًا حَقَّ عَلَيْهِمُ الضَّلالَةُ﴾ تَحاشِيًا عَنْ إسْنادِ الإضْلالِ إلى اللَّهِ، كَما تَوَهَّمَهُ صاحِبُ الكَشّافِ، لِأنَّهُ قَدْ أسْنَدَ الإضْلالَ إلى اللَّهِ في نَظِيرِ هَذِهِ الآيَةِ كَما عُلِمَتْ وفي آياتٍ كَثِيرَةٍ، ولَكِنَّ اخْتِلافَ الأُسْلُوبِ لِاخْتِلافِ الأحْوالِ وجُرِّدَ فِعْلُ "حَقَّ" عَنْ عَلامَةِ التَّأْنِيثِ لِأنَّ فاعِلَهُ غَيْرُ حَقِيقِيِّ التَّأْنِيثِ، وقَدْ أُظْهِرَتْ عَلامَةُ التَّأْنِيثِ في نَظِيرِهِ في قَوْلِهِ تَعالى: ﴿ومِنهم مَن حَقَّتْ عَلَيْهِ الضَّلالَةُ﴾ [النحل: ٣٦] . وقَوْلُهُ: ﴿إنَّهُمُ اتَّخَذُوا الشَّياطِينَ أوْلِياءَ مِن دُونِ اللَّهِ﴾ اسْتِئْنافٌ مُرادٌ بِهِ

التَّعْلِيلُ لِجُمْلَةِ ﴿حَقَّتْ عَلَيْهِ الضَّلالَةُ﴾ [النحل: ٣٦]، وهَذا شَأْنُ إنَّ إذا وقَعَتْ في صَدْرِ جُمْلَةٍ عَقِبَ جُمْلَةٍ أُخْرى أنْ تَكُونَ لِلرَّبْطِ والتَّعْلِيلِ وتُغْنِي غَناءَ الفاءِ، كَما تَقَدَّمَ غَيْرَ مَرَّةٍ.

والمَعْنى أنَّ هَذا الفَرِيقَ، الَّذِي حَقَّتْ عَلَيْهِمُ الضَّلالَةُ، لَمّا سَمِعُوا الدَّعْوَةَ إلى التَّوْحِيدِ والإسْلامِ، لَمْ يَطْلُبُوا النَّجاةَ ولَمْ يَتَفَكَّرُوا في ضَلالِ الشِّرْكِ البَيِّنِ، ولَكِنَّهُمُ اسْتَوْحَوْا شَياطِينَهم، وطابَتْ نُفُوسُهم بِوَسْوَسَتِهِمْ، وائْتَمَرُوا بِأمْرِهِمْ، واتَّخَذُوهم أوْلِياءَ، فَلا جَرَمَ أنْ يَدُومُوا عَلى ضَلالِهِمْ لِأجْلِ اتِّخاذِهِمُ الشَّياطِينَ أوْلِياءَ مِن دُونِ اللَّهِ.

واتەی : (حق عليهم الضلالة)یەعنی گومڕابووون سابت بوو بۆیان و دەستیان پێوەگرت و وازیان لێ نەهێنا، ئەوانەی ئەم ئایەتانە دەیاندوێنێ هەموویان موشریك بوون جا کاتێك فەرمانیان پێکرا خوا بەتاك و تەنها بپەرستن بوون بەدوو دەستە، دەستەیەک خوا هیدایەتی دا بۆ تەوحید و دەستەیەکیش چوو بەرەو شیرك و گومڕایی، پاشان ئەم دەستەیە کاتێك گومڕابون کە بانگەوازی تەوحید و ئیسلامیان بیستبوو بەڵام داوای ڕزگاربونیان نەکرد و بیریان نەکردەوە لەگومڕایی شیرك کە ڕوون بوو بۆیان، بەڵام لەبەری ئەوە بەدوای وەحی شەیتانەکان کەوتن و دڵیان بەوان خۆشبوو و فەرمانداری ئەوبوون و کردنیان بەدۆست وپەرستراو بێگومانیش کەئەو حاڵیان بێت بەردەوام ئەبن لەسەر گومڕاییەکەیان.

*كەواتە لەم تەفسیرەش بۆمان دەرکەوت کە ئەو دەستەیە لەسەر عیلم و زانستەوە گومڕابوونە نەك لەسەر نەزانین و نەبونی عیلم.

هەروەها بەغەوەی لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێت:

قَوْلُهُ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿فَرِيقًا هَدَى﴾ أَيْ هَدَاهُمُ اللَّهُ، ﴿وَفَرِيقًا حَقَّ﴾ وَجَبَ ﴿عَلَيْهِمُ الضَّلَالَةُ﴾ أَيْ: بِالْإِرَادَةِ السَّابِقَةِ، ﴿إِنَّهُمُ اتَّخَذُوا الشَّيَاطِينَ أَوْلِيَاءَ مِنْ دُونِ اللَّهِ وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ مُهْتَدُونَ﴾ فِيهِ دَلِيلٌ عَلَى أَنَّ الْكَافِرَ الَّذِي يَظُنُّ أَنَّهُ فِي دِينِهِ عَلَى الْحَقِّ وَالْجَاحِدَ وَالْمُعَانِدَ سَوَاءٌ.

واتە: ئەم ئایەتە بەڵگەی ئەوەی تێدایە کەوا ئەو کافرەی وا گومان دەبات ئەو کەلەسەر ئەو دینەیە لەسەر حەقە هەرروەها لەگەڵ ئەوکەسەی کەوا ئینکاری و عینادی دەکات یەکسانە.]

ئەمەش بەڵگەیە کەوا باس لەکافری ئەصلی دەکات چونکە کافری ئەصلی دینێکی تری هەیە نەك کەسی مونتسب بۆ ئیسلام، کەواتە ئەم ئایەتە باس لەو کافرە ئەصلیانە دەکات کە دینەکەی خۆیان پێ حەقە کەعوزریان نیە نەك کەسی موسڵمان کەتوشی کوفرێك ببێت و کەسێك نەبێت پێی بڵێت ونەزان بێت.

هەروەها محمد رشيد رضا لەتەفسیرەکەیدا دەڵێت لەمانای ئەم ئایەتە:

[فريقاً هداهم فى الدنيا فاهتدوا بإيمانهم به وإقامة وجوههم له وحده فى العبادة ودعائه مخلصين له الدين ، وفريق حق عليهم الضلالة لاتباعهم إغواء الشيطان ، ودعائه مخلصين له الدين ، وفريق حق عليهم الضلالة لاتباعهم إغواء الشيطان ، وإعراضهم عن طاعة الرحمان].

واتە: دەستەیەك خوا لەدونیا هیدایەتی داون جا ڕێگای هیدایەتان بەو ئیمانە گرتەبەر و بەتاك تەنها ڕویان کردە خوا و خویان پەرست، بەڵام دەستەکەی تر گومڕابونیان لەسەر چەسپا چونکە شوێنی گومڕاکردنی شەیتان کەوتن و پشتیان کرد لەطاعەتی ڕەحمان.]

کەواتە ئەمانەبەبێ هۆ وبەنەزانی گومڕانەبوونە بەڵکو هۆکار خۆیان بوونە وپشتکردوو بوونە.

پاشان دەڵێین ئەم ئایەتە (فَرِيقًا هَدَىٰ وَفَرِيقًا حَقَّ عَلَيۡهِمُ ٱلضَّلَٰلَةُۚ إِنَّهُمُ ٱتَّخَذُواْ ٱلشَّيَٰطِينَ أَوۡلِيَآءَ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَيَحۡسَبُونَ أَنَّهُم مُّهۡتَدُونَ) موجمەلە و ئەم دوو ئایەتە ڕوونی دەکاتەوە موفسەری دەکات ئایەتی یەکەم کەدەفەرمێت (وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُضِلَّ قَوۡمَۢا بَعۡدَ إِذۡ هَدَىٰهُمۡ حَتَّىٰ يُبَيِّنَ لَهُم مَّا يَتَّقُونَۚ إِنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٌ)[سورة التوبة 115].

ابن كثير دەڵێت لەمانای ئایەتەکەدا

[يَقُولُ تَعَالَى مُخْبِرًا عَنْ نَفْسِهِ الْكَرِيمَةِ وَحُكْمِهِ الْعَادِلِ: إِنَّهُ لَا يُضِلُّ قَوْمًا بَعْدَ بَلَاغِ الرِّسَالَةِ إِلَيْهِمْ، حَتَّى يَكُونُوا قَدْ قَامَتْ عَلَيْهِمُ الْحُجَّةُ].

واتە: اللە تعالى هەواڵمان پێ دەدات لەزاتی موبارەکی خۆیەوە و لەبڕیاری دادی خۆیەوە: کەوا هیچ قەومێك گومڕا ناکات دوای ئەوەی پەیامی خۆی بۆ ناردبن هەتاکو ئیقامە حوجەیان لەسەر نەکات.

هەروەك أبو القاسم الأصبهانى لەژێر مانای ئەم ئایەتە دەفەرمێت (فكل من هداه الله عزوجل ودخل في عقد الإسلام فإنه لايخرج الى الكفر إلا بعد البيان)الحجة في بيان المحجة.

واتە: هەرکەسێك اللە عزوجل هیدایەتی بدات و داخلی گرێبەندی ئیسلام ببێت ئەوا لەئیسلام دەرناچێت ئیلا دوای ڕوونکردنەوە نەبێت.)

پاشان ئایەتەکە بەم ئایەتەش تایبەت کراوە کە دەفەرمێت :

(فَإِمَّا يَأْتِيَنَّكُم مِّنِّى هُدى فَمَنِ ٱتَّبَعَ هُدَاىَ فَلَا يَضِلُّ وَلَا يَشْقَىٰ 123 وَمَنْ أَعْرَضَ عَن ذِكْرِى فَإِنَّ لَهُۥ مَعِيشَة ضَنكا وَنَحْشُرُهُۥ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ أَعْمَىٰ)[سورة طه 124].

واتە : هەرکاتێك لەلایەن منەوە هیدایەتتان بۆهات جاهەرکەسێك شوێنی

هیدایەتەکەم بکەوێت نەگومڕا؟دەبێت نە سەرگەردان١٢٣ بەڵام هەرکەسێك پشت بکات لەهیدایەتەکەم ئەوا ژیانێکی تەنگ و تاڵی دەبێت و لەپاشەڕۆژیش بەکوێری زیندووی دەکەینەوە.

کەواتە لێرەدا اللە تعالی گومڕایی قەرارئەدات بۆ کەسێك کە پشتی کردبێت لە دین و پەیامەکەی نەك هەروا بەهەڕەمەکی .

ئەما بەڵگە هێنانەوە بەتەفسیرەکەی ابن جریر الطبری دەڵێین سەرەتا دەبوو شارەزابن لەمەنهەجی زانایان و مەنهەجی استدلالیان. ئەوجا ئەتنزانی داخۆ ابن جریر سەرچاوەی ئەو وتەیەی لەکوێ هێناوە

سەرەتا پێویستە بزانین ابن جریر هەروەك زانایان ئەفەرموون شوعبەیە لەمەزهەبی موعتەزیلەی تێدایە لەبابەتی عەقیدە و تەوحید و عوزر بەجەهل بە گشتی هەربۆیە لەقەدیمەوە ڕەخنەیان لەو وتانەی گرتوە لەوانە ابن حزم لە وەڵامێکی دا بۆ ابن جریر دەڵێت: هل یکون مؤمناً من اعتقد الإسلام دون إستدلال ، أم لایکون مؤمناً مسلماً إلا من استدل : قال ابو محمد ذهب محمد بن جریر الطبري والأشعریة کلها حاشا السمناني إلى أنه لایکون مسلماً الا من استدل وإلا فلیس مسلماً ، وقال الطبري: من بلغ الاحتلام أو الإشعار من الرجال والنساء أو بلغ المحیض من النساء ولم یعرف اللہ عزوجل بجمیع أسمائه وصفاته من طریق الاستدلال فهو کافر حلال الدم والمال.[الملل والنحل 4/29]بڕوانە أصول الدین عند الإمام الطبری لطه محمد نجا رمضان.

واته: ئایا کەسێك بەبێ زانینی بەڵگەی عەقڵی لەسەر بونی خوا دەبێ بەموسڵمان یان تاکو بەپێی مەنهەجی بەڵگە هێنانەوەی عەقڵی بەڵگە بێنێتەوە ئەوجا دەبێت بەموسڵمان؟ ابن حزم دەڵێت: ابن جەریر و ئەشعەریەکان تێکڕا دەڵێن هیچ کەسێك نابێت بەموسڵمان هەتا بەڵگەهێنانەوەی عەقڵی نەهێنێتەوە ، هەروەها ابن جەریری تەبەڕی دەڵێت: هەرکەسێك بگاتە باڵغ بون و موو لێهاتن لەژنان و پیاوان یان بگاتە سوڕی مانگانە لەژنان خوا نەناسێ بەهەموو ناو و سیفەتەکانی بەڕێگەی بەڵگە هێنانەوەی استدلالی ئەشعەری و موعتزیلە ئەوا کافرە و خوێن وماڵی حەڵاڵە.]

بڕوانن تەکفیر کردن و عوزرنەهێناوەی لەکێ وەرگرتوە و بەپێی بەڵگە و مەنهەجی کێ قسەدەکات!!!!!!

هەروەها دکتۆر سلطان العميري دەڵێت "

"هذه النصوص لا يصح الاستدلال بها على المنع من الإعذار بالجهل، في باب الشرك ولا غيره.

ويتبين هذا بالأمور التالية:

الأمر الأول: أن تلك النصوص جاءت في حال الكفار الأصليين، كما يدل سياقها على ذلك، لا في حال المسلمين الجهال أو المتأولين ؛ فإن الأدلة دالة على إعذارهم .

وقد نبه ابن حزم على الخطأ في الاستدلال بهذه النصوص على حال المسلم المتأول في أصول الدين، فقال: "وآخر هذه الآية مبطل لتأويلهم؛ لأن الله عز وجل وصل قوله: (يُحْسِنُونَ صُنْعًا) بقوله: (أُولَئِكَ الَّذِينَ كَفَرُوا بِآيَاتِ رَبِّهِمْ وَلِقَائِهِ فَحَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ فَلَا نُقِيمُ لَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَزْنًا * ذَلِكَ جَزَاؤُهُمْ جَهَنَّمُ بِمَا كَفَرُوا وَاتَّخَذُوا آيَاتِي وَرُسُلِي هُزُوًا) . فهذا يبين أن هذا في الكفار المخالفين لديانة الإسلام جملة" .

الأمر الثاني: أن تلك الآيات تتحدث عن الكفار والمنافقين، الذين أعرضوا عن الحجج والأدلة الدالة على قبح ما هم عليه من الشرك والكفر، اعتمادا على ما ظنوه حقا وصوابا. فالله تعالى يخبر عنهم أنهم اعتدُّوا بأنفسهم، وحسبوا أنهم على خير وهدى، لما أعرضوا عن النصوص.

وهذا المعنى أخبر الله عنه في القرآن في عدة مواطن. ومنها قوله تعالى (وَمَنْ يَعْشُ عَنْ ذِكْرِ الرَّحْمَنِ نُقَيِّضْ لَهُ شَيْطَانًا فَهُوَ لَهُ قَرِينٌ (36) وَإِنَّهُمْ لَيَصُدُّونَهُمْ عَنِ السَّبِيلِ وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ مُهْتَدُونَ) الزخرف/36-37.

يقول ابن القيم، معلقا على هذه الآية: " أخْبر سُبْحَانَهُ أن من ابتلاه بقرينه من الشَّيَاطِين، وضلاله بِهِ، إِنَّمَا كَانَ بِسَبَب إعراضه وعَشْوه عَن ذكره الَّذِي انزله على رَسُوله ؛ فَكَانَ عُقُوبَة هَذَا الإعراض أن قيض لَهُ شَيْطَانا يقارنه ، فيصده عَن سَبِيل ربه ، وَطَرِيق فلاحه ، وَهُوَ يحْسب أنه مهتد" .

وقال الشنقيطي، لما سرد الآيات التي أخبر الله فيها عن الكفار، بأنهم يحسبون أنهم على هدى: "هذه النصوص القرآنية تدل على أن الكافر لا ينفعه ظنه أنه على هدى ، لأن الأدلة التي جاءت بها الرسل لم تترك في الحق لبسا ولا شبهة، ولكن الكافر لشدة تعصبه للكفر، لا يكاد يفكر في الأدلة التي هي كالشمس في رابعة النهار، لجاجا في الباطل، وعنادا؛ فلذلك كان غير معذور".

فدل كلامه على أن ذلك النوع من النصوص محمول على حالة الإعراض، والتعصب لما هو عليه من كفر وشرك.

وهذا المعنى هو الذي ذكره الله تعالى عن المنافقين؛ فإنهم أعرضوا عن الحق، وحسبوا أنهم على صلاح وخير، فقد أخبر الله عنهم فقال: (مَثَلُهُمْ كَمَثَلِ الَّذِي اسْتَوْقَدَ نَارًا فَلَمَّا أَضَاءَتْ مَا حَوْلَهُ ذَهَبَ اللَّهُ بِنُورِهِمْ وَتَرَكَهُمْ فِي ظُلُمَاتٍ لَا يُبْصِرُونَ) البقرة/17.

يقول عبد الرحمن بن زيد بن أسلم في تفسير هذه الآية: هذه صفة المنافقين؛ كانوا قد آمنوا، حتى أضاء الإيمان في قلوبهم، كما أضاءت النار لهؤلاء الذين استوقدوا، ثم كفروا ، فذهب الله بنورهم، فانتزعه، كما ذهب بضوء هذه النار، فتركهم في ظلمات لا يبصرون.

ونحن إذا رجعنا إلى سياقات تلك النصوص، وإلى مجموع دلالات القرآن، نجدها تؤكد الكلام السابق. فسياقاتها تدل على أنها متعلقة بحق من قامت

عليه الحجة، فلم يُذعن لها، وليس لها تعلق بالجاهل التي لم تقم عليه الحجة الشرعية.

فقوله تعالى: (قُلْ هَلْ نُنَبِّئُكُمْ بِالْأَخْسَرِينَ أَعْمَالًا * الَّذِينَ ضَلَّ سَعْيُهُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَهُمْ يَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ يُحْسِنُونَ صُنْعًا) الكهف/103-104، متعلق بمن أعرض عن الحجة، ويحسب أنه الأفضل، وليست متعلقة بالجاهل، فإنها جاءت في سياق حال المعرض عن الحجة، فقد قال الله قبلها: (وَعَرَضْنَا جَهَنَّمَ يَوْمَئِذٍ لِلْكَافِرِينَ عَرْضًا * الَّذِينَ كَانَتْ أَعْيُنُهُمْ فِي غِطَاءٍ عَنْ ذِكْرِي وَكَانُوا لَا يَسْتَطِيعُونَ سَمْعًا) الكهف/100-101 .

وقد بين ابن كثير المراد منها فقال: " أي: تعاموا وتغافلوا، وتصامُّوا، عن قبول الهدى، واتباع الحق، كما قال تعالى: (ومن يعش ـ قرين). وقال ههنا : (وكانوا لا يستطيعون سمعا)، أي: لا يعقلون عن الله أمره ونهيه.

وأما قوله تعالى: (فَرِيقًا هَدَى وَفَرِيقًا حَقَّ عَلَيْهِمُ الضَّلَالَةُ إِنَّهُمُ اتَّخَذُوا الشَّيَاطِينَ أَوْلِيَاءَ مِنْ دُونِ اللَّهِ وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ مُهْتَدُونَ) الأعراف/30، فهو محمول على من قامت عليه الحجة، وبلغته الرسالة، وليست في الجاهل.

وذلك لأن القرآن بين أن الضلالة لا تحق على العبد، إلا بعد بلوغ الحجة إليه، كما قال تعالى: وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيُضِلَّ قَوْمًا بَعْدَ إِذْ هَدَاهُمْ حَتَّى يُبَيِّنَ لَهُمْ مَا يَتَّقُونَ التوبة/115 .

يقول ابن كثير في بيان المراد منه: " إِنَّهُ لَا يُضِلُّ قَوْمًا بَعْدَ بَلَاغِ الرِّسَالَةِ إِلَيْهِمْ، حَتَّى يَكُونُوا قَدْ قَامَتْ عَلَيْهِمُ الْحُجَّةُ" .

ويعلق ابن القيم على هذه الآية فيقول: " فهداهم هدى البيان والدلالة، فلم يهتدوا ، فأضلهم عقوبة لهم على ترك الاهتداء أولا ، بعد أن عرفوا الهدى فأعرضوا عنه ، فأعماهم عنه بعد أن أراهُموه".

ويقول في موطن آخر، مؤكدا المعنى السابق: " فَإِن قيل: فَهَل لهَذَا عذر فِي ضَلَالِهِ، إِذا كَانَ يحْسب انه على هدى ، كَمَا قَالَ تَعَالَى : (وَيَحْسبُونَ انهم مهتدون) ؟

قيل : لَا عذر لهَذَا وامثاله من الضُلاّل ، الَّذين منشأ ضلالهم : الإعراض عَن الْوَحْي الَّذِي جَاءَ بِهِ الرَّسُول ، وَلَو ظن أنه مهتد ، فَإِنَّهُ مفرط بإعراضه عَن اتِّبَاع دَاعِي الْهدى ، فَإِذا ضل ، فَإِنَّمَا أُتِيَ من تفريطه وإعراضه .

وَهَذَا بِخِلَاف من كَانَ ضلاله لعدم بُلُوغ الرسَالَة ، وعجزه عَن الْوُصُول إِلَيها ؛ فَذَاك لَهُ حكم آخر.

والوعيد فِي الْقُرْآن: إِنَّمَا يتَنَاوَل الأول ، وأما الثَّانِي : فَإِن الله لَا يعذب أحدا إِلَّا بعد إِقَامَة الْحجَّة عَلَيْهِ".

وهذا المعنى أشار الله إليه في قوله تعالى: (وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَسُولًا أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ فَمِنْهُمْ مَنْ هَدَى اللَّهُ وَمِنْهُمْ مَنْ حَقَّتْ عَلَيْهِ الضَّلَالَةُ فَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَانْظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُكَذِّبِينَ) النحل/36.

فقد دلت هذه الآية، على أن حصول الهداية لبعض المكلفين، وتحقق الضلالة لبعضهم، يكون بعد إرسال الله تعالى للرسل.

ولأجل هذا حمل السعدي آية الأعراف على العبد الذي قامت عليه الحجة، حيث يقول في تفسيرها: " أي: وجبت عليه الضلالة، بما تسببوا لأنفسهم، وعملوا بأسباب الغواية".

فهذه الآية، إذًا: ليست فيمن كان جاهلا، لم تبلغه الحجة، وإنما فيمن أعرض عنها، وتولى الشيطان، وحسب أنه من المهتدين." .

فهذه الآية، إذًا: ليست فيمن كان جاهلا، لم تبلغه الحجة، وإنما فيمن أعرض عنها، وتولى الشيطان، وحسب أنه من المهتدين." .

" وأما الاستنباط الذي استنبطه منها ابن جرير؛ من أنها دالة على المساواة بين الجاهل والمعاند في عدم الإعذار بالجهل، فهو غير صحيح، لوجوه:

الوجه الأول: أن هذا الفهم مخالف لمقتضى النصوص الشرعية الدالة على أن الضلالة لا تحق إلا على من قامت عليه الحجة.

الوجه الثاني: أن استنباطه مشكل غاية الإشكال، لأنه عام يشمل المساواة بين الجاهل والمعاند، في كل المخالفات الشرعية، وهذا مخالف للنصوص الشرعية القطيعة، التي جاء فيها الإعذار بالجهل، في كثير من مسائل الدين؛ فالتعميم الذي فهمه ابن جرير: غير صحيح.

بل إن الذين اعتمدوا على استنباطه في المنع من الإعذار في مسائل الشرك، لا يوافقونه على ذلك التعميم، لأنهم يقرون بأن الجهل عذر في المسائل الخفية، فكيف يعتمدون فهم ابن جرير؛ مع أنهم لا يأخذون به كما هو ؟!

الوجه الثالث: أن عموم استنباط الطبري يقتضي عدم إعذار حديث العهد بالكفر، أو من يعيش في بادية بعيدة ، لأنه أطلق القول بالمساواة، وذكر أن هذا هو مقتضى دلالة الآية.

وهذا مخالف لإجماع العلماء الذين قرروا إعذار حديث العهد، ومن يعيش في البادية البعيدة...".

" الأمر الرابع: أن الاعتماد على هذا النوع من النصوص في عدم العذر بالجهل، يستلزم بالضرورة: المنع من الإعذار بالتأول في كل مسائل الدين، لأن كل متأول يحسب أنه على هدى؛ حتى في المسائل الفرعية.

وقد نبه ابن حزم على حقيقة هذا المعنى، فقال: " لو نزلت هذه الآية في المتأولين من جملة أهل الإسلام، كما تزعمون، لدخل في جملتها: كل متأول مخطئ في تأويل في فتيا..".

انتهى من "إشكالية العذر بالجهل في البحث العقدي"، د. سلطان العميري (204-208) مختصرا.

دەڵێت : دروست نیە ئەم ئایەتانە بکرێت بەبەڵگە لەسەر نەبونی عوذر بەجەهل نە لەبابەتی شیرك وە نە لەغەیری بابەتی شیرك چونکە :-

یەکەم شت: ئەم ئایەتانە دەربارەی حاڵی کافرانی ئەصڵی هاتووە هەروەك لەسیاقی ئایەتە دیارە، نەك دەربارەی موسڵمانانی جاهیل و خاوەن تەئویل کە بەڵگەی ڕوون و ئاشکرا هاتووە لەسەر عوذر پێدانی. هەروەها ابن حەزم هۆشداری داوە لەسەر هەڵەی ئەو کەسانەی ئەم ئایەتانە ئەکەن بەبەڵگەی نەبونی عوذر بەجەهل و تەئویل کاتێ موسڵمانێ ئەکەوێتە شیرکەوە بەهۆی نەزانی و تەئویل, دەڵێت: کۆتایی ئایەتەکە لێکدانەوەکەیان هەڵدەوەشێنێتەوە چونکە خوای گەورە ئایەتی (وا دەزانن کاری چاکە دەکەن- یحسنون صنعا) پەیوەستی کردوە و بەستاوێتی بەوەی کە دەفەرمێت (ئەوانە کوفریان کردوە بە پەروەردگاریان بە لیقای دواڕۆژ هەربۆیە کردەوەکانیان پوچەڵ بۆتەوە هەربۆیە لەڕۆژی دوایی هیچ نرخێکیان بۆ دانانێین* پاداشتی ئەوەیان دۆزەخە چونکە کافربون و گاڵتەیان دەهات بە ئایەتەکانمان و بەپێغەمبەرەکانمان) ئەمەش سەلماندی بەشێوەیەکی گشتی ئەم ئایەتە دەربارەی ئەو کافرانەیە غەیری ئیسلامن و پێچەوانەی گشتی ئیسلامن."

دووەم شت: ئەم ئایەتانە باس لەکافران و مونافیقان ئەکات کە پشتیان کردوە لەو بەڵگە و حوجانەی باس لەکوفر و شیرکەکانیان دەکات، ئیعتیمادیان کردۆتە سەر ئەوەی بەگومانی خۆیان لەسەر حەق و چاکەن، اللە تعالاش هەواڵیان پێ ئەدات ئەوە هەر گومانی خۆیانە کە وادەزانن لەسەر خێر و چاکەن

لەکاتێکدا پشتیان کردوە لە دەقەکان و بەڵگەکان. ئەم مانایانەش اللە تعالی لەچەندین شوێنی قورئاندا جەختی لێکردۆتەوە وەك دەفەرمێت (وَمَنْ يَعْشُ عَنْ ذِكْرِ الرَّحْمَنِ نُقَيِّضْ لَهُ شَيْطَانًا فَهُوَ لَهُ قَرِينٌ (36) وَإِنَّهُمْ لَيَصُدُّونَهُمْ عَنِ السَّبِيلِ وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُم مُّهْتَدُونَ)(37) سورة الزخرف

ابن القيم لە وتەیەکدا دەربارەی ئەم ئایەتە دەڵێت" خوای گەورە لە قورئاندا هەواڵی پێمان داوە لەبارەی ئەو کەسەی کە موبتەلای کردوە بەهاوەڵە شەیطانەکەی و بەهۆیەوە گومڕابووە ، خوای گەورە هەواڵی پێمان داوە بەهۆی پشتکردنی لەو دینەبووە کە دایەزاندوە بەسەر پێغەمبەرەکەی، بۆیە عقوبەی ئەو پشتکردنەی بەوە داوە کە شەیتانی کردوە بەهاوەڵی و گومڕای بکات لەسەر ڕێگای پەروەردگاری و واشبزانێت لەسەر حەق و هیدایەتە.

وە ئیمامی شەنقیطی لەدوای هێنانی ئەم ئایەتانە کە خوای گەورە لەباسی کافراندا فەرمویەتی" (وادەزانن لەسەر هیدایەت و حەقن) دەڵێت ئەم ئایەتانە دەلالەت دەکەن لەسەر ئەوەی گومانی باش بردنی کافر بەخۆی هیچ سودێکی پێ ناگەیەنێ، چونکە ئەو بەڵگانەی پێغەمبەران هێناویانە هیچ گومان و شوبەهەیەکی نەهێشتۆتەوە چونکە کافر بەهۆی زۆری دەمارگیری کردنی لەسەر کوفر بیرناکاتەوە لەبەڵگەکان کە وەك ڕۆژی ڕوناك دیارن هەربۆیە عوذریان نیە"

ئەم قسەیەشی دەلالەت ئەکات لەسەر ئەوەی ئەم دەقانە تایبەتە بەحاڵەتی پشتکردن و دەمارگیری کردن لەسەر کوفر و شیرك، هەر لەم ڕوەوە خوای گەورە باسی مونافیقەکانی کردوە کە پشتیان کردوە لەحەق و واشیانزانیوە لەسەر چاکە و خێرن، بەڵام خوای گەورە دەربارەیان فەرمووی: (مَثَلُهُمْ كَمَثَلِ الَّذِي اسْتَوْقَدَ نَارًا فَلَمَّا أَضَاءَتْ مَا حَوْلَهُ ذَهَبَ اللَّهُ بِنُورِهِمْ وَتَرَكَهُمْ فِي ظُلُمَاتٍ لَا يُبْصِرُونَ) البقرة/17.

عبدالرحمن ی کوڕی زەید لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێت: " ئەمە سیفەتی مونافیقەکانە چونکە ئیمانیان هێنابوو بەجۆرێك ئەو ئیمانە دڵەکانیانی ڕوناک کردبوەوە، هەروەك چۆن ئاگرەکە بەرپێی ئەو کەسانەی ئاگرەکەیان کردۆتەوە ڕوناك کردەوە، پاشان کافربونەوە، خواش ڕوناکی ئیمانەکەی لێ کوژاندنەوە وەك چۆن ئاگرەکەی کوژاندەوە ئەو کەسانەش لەتاریکی ڕێگەیان دەرناکرد، جا ئێمە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سیاقی دەقەکان و کۆی دەلالەتی ئایەتەکانی قورئان دەبینین هەمان قسەی پێشوومان دوپات دەکاتەوە، چونکە سیاقی دەقەکان دەیسەلمێنێ کە دەربارەی کەسانێکە کە ئیقامەی حوجەکراون و ملکەچ نەبونە بۆی، وە دەیسلمێنێ هیچ پەیوەندیەکی نیە بەکەسی جاهیلەوە کە ئیقامەی حوجەی شەرعی لەسەر نەکراوە.

هەروەها ئەم ئایەتەی اللە تعالاش کەدەفەرمێت (قُلْ هَلْ نُنَبِّئُكُمْ بِالْأَخْسَرِينَ أَعْمَالًا * الَّذِينَ ضَلَّ سَعْيُهُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَهُمْ يَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ يُحْسِنُونَ صُنْعًا) الكهف/103-104، پەیوەستە بەو کەسەی کە پشتی کردبێت لە حوجە چونکە اللە تعالی لەپێش ئەو ئایەتە ئەفەرمێت (وَعَرَضْنَا جَهَنَّمَ يَوْمَئِذٍ لِلْكَافِرِينَ عَرْضًا * الَّذِينَ كَانَتْ أَعْيُنُهُمْ فِي غِطَاءٍ عَنْ ذِكْرِي وَكَانُوا لَا يَسْتَطِيعُونَ سَمْعًا) الكهف/100-101 .

ابن کەثیر یش لەمانای ئەم ئایەتەدا دەڵێت" ئەوانەی خۆیان کوێر و گێل و کەڕ کردبوو لە ئاست دینی خوا و شوێنکەوتنی دینی خوا هەروەك فەرموی (ومن يعش - قرين). لێرەش فەرمووی : (وكانوا لا يستطيعون سمعا)، بیرناکەنەوە لە فەرمایشت و قەدەغەکراوەکانی اللە.

بەڵام ئەم ئایەتەی خوای گەورە کە دەفەرمێت (فَرِيقًا هَدَى وَفَرِيقًا حَقَّ عَلَيْهِمُ الضَّلَالَةُ إِنَّهُمُ اتَّخَذُوا الشَّيَاطِينَ أَوْلِيَاءَ مِنْ دُونِ اللَّهِ وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ مُهْتَدُونَ) الأعراف/30، باس لەو کەسانە دەکات کە ئیقامەی حوجەیان لەسەر کراوە و ڕیسالەیان پێگەیشتوە نەوەك کەسانی جاهیل بوبن، چونکە قورئان ڕونی کردۆتەوە گومڕایی ناچەسپێت لەسەر هیچ کەسێك هەتا حوجەی پێدەگات هەروەك اللە تعالی دەفەرمێت (وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيُضِلَّ قَوْمًا بَعْدَ إِذْ هَدَاهُمْ حَتَّى يُبَيِّنَ لَهُمْ مَا يَتَّقُونَ) التوبة/115 .

ابن کەثیر لەمانای ئەم ئایەتەدا دەڵێت: " خوای گەورە هیچ گەلێك گومڕا ناکات تەنها کاتێك نەبێت کە ڕێسالەیان پێ بگات و ئیقامەی حوجەیان لەسەر بکرێت."

هەروەها ابن القیم لەتەعلیقی دا لەسەر ئەم ئایەتە دەڵێت :" هیدایەتی دان هیدایەتی ڕوونکردنەوە و ڕێنمایی کردن، بەڵام هیدایەتیان وەرنەگرت، خواش گومڕای کردن وەکو سزایەك بۆیان چونکە یەکجار هیدایەتیان بۆهات و وەریان نەگرت و زانیان هیدایەتە پشتیان لێکرد ئەویش کوێری کردن لەئاستی دوای ئەوەی نیشانی دان."

لەشوێنێکی تریش هەمان مانا دوپات ئەکاتەوە و دەڵێت : دەوترێت ئایا ئەم کەسە هیچ عوذرێکی هەیە لەگومڕا بوونی لەکاتێکدا وا دەزانێت لەسەر هیدایەتە ؟

دەوترێت: هیچ عوذری نیە کەسانی گومڕای ئاوا و هاوشێوەکانی چونکە گومڕاییەکەیان سەرچاوەکەی پشتکردنیانە لەوەحی و لەودینەی خوا، ئەگەرچی واشبزانێ هیدایەت دراوە، چونکە کەمتەرخەمە بەهۆی پشتکردنی لەبانگەوازی خوا، ئەمەش بەپێچەوانەی ئەو کەسەی گومڕابوبێت بەهۆی ئەوەی دینی خوای پێ نەگەیشتبێ و توانای نەبوبێ بگات بەدینی خوا، ئەم جۆرە کەسە حوکمێکی تری هەیە."

خوای گەورەش ئاماژەی کردوە بەم مانایە وەك دەفەرمێت (وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَسُولًا أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ فَمِنْهُمْ مَنْ هَدَى اللَّهُ وَمِنْهُمْ مَنْ حَقَّتْ عَلَيْهِ الضَّلَالَةُ فَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَانْظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُكَذِّبِينَ) النحل/36.

ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هیدایەت وەرگرتنی هەندێك لەخەڵکی و گومڕابونی هەندێکی تریان لەدوای ئەوەی خوا پێغەمبەران دەنێرێت ڕوئەدات.

هەر بەم شێوەیەش ئیمام عبدالرحمن بن ناصر السعدی تەفسیری ئایەتەکەی سورەتی ئەعرافی کردە کە دەڵێت دەربارەی کەسێکە کە ئیقامەی حوجەی لەسەرکرابێت

وەك دەڵێت " گومڕابونیان لەسەر جێگیربوو بەهۆی ئەوەی خۆیان هۆکاربوون و کاریانکرد بەهۆکارەکانی گومڕابوون."

کەواتە ئەم ئایەتە بۆ کەسێ نیە نەزان بێت و حوجەی پێ نەگەیشتبێت، بەڵکو بۆ کەسێکە پشتی کردێ لەحوجە و ڕووی کردبێتە شەیتان و واشیزانییێ لەسەر لە هیدایەت دراوانە."

بەڵام ئەو تەفسیرکردنەی کەوا ابن جریر کردویەتی کەدەڵێ : ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر یەکسان بونی کەسی جاهیل و موعانید لە عوذر پێنەدانی بەنەزانی، ئەم قسەیەکی ڕاست نیە لەچەن ڕوویەکەوە :

ڕوی یەکەم : ئەم تێگەیشتنە پێچەوانەی داخوازی دەقە شەرعیەکانە کە بەڵگەن لەسەر ئەوەی گومڕایی جێگرنابێت تەنها لەسەر کەسێك نەبێت کە ئیقامە حوجەی لەسەر کرابێت.

ڕوی دووەم : ئەم یەکسان کردنەی ئەبێتە هۆی گەورەترین ئیشکال، چونکە دەبێتە هۆی یەکسانی کردن لەنێوان جاهیل و موعانید لەهەموو موخالەفە شەرعیەکان، ئەمەش پێچەوانەی ئەو دەقە شەرعیانەیە کە بڕاوە و حاشا هەڵنەگرن لەجێگیرکردنی عوذر بەجەهل لە زۆربەی بابەتەکانی دین، بۆیە ئەو گشتاندنەی ابن جەریر ئەنجامی داوە ڕاست نیە.

بەڵکو ئەو کەسانەی پشتیان بەم قسەی ابن جەریر بەستاوە دەربارەی ئەوەی کە عوذر نیە لەبابەتەکانی شیرك، خۆیان موافقی ئەم گشتاندنەی ابن جەریر ناکەن، چونکە ئەو کەسانە دەڵێن عوذر جێگیر ئەکەین لەبابەتە شاراوەکان، بۆیە ناکرێت پشت بەقسەیەی ببەستن لەکاتێکدا خۆیان ئامادە نین وەکو خۆی قسەکەی ابن جەریر وەربگرن و جێ بەجێی بکەن ؟!

ڕوی سێیەم: ئەو گشتاندنەی ابن جەریر ئەوەش دەخوازێ ئەو کەسانەی تازە موسڵمان بوونە یان ئەو کەسانەی دوورن لە وڵاتی عیلم و ئیسلام ئەم کەسانەش عوذریان نەبێت چونکە هەمویانی یەکسان کردوە، دەڵێت ئەم داخوازی ئایەتەکەیە.

ئەمەش پێچەوانەی ئیجماعی زانایانە کە عوذر بەنەزانی جێگیر دەکەن بۆ کەسانی تازە موسڵمان بوو و دووڕە دەست و دوور لەعیلم.."

چوارەم شت: پشت بەستن بەم جۆرە دەقانە لەسەر نەبونی عوذر بەجەهل ئەوە دەخوازێت بەزەڕوڕەت : کە عوذریش نەبێت بەتەئویل لەهەموو بابەتەکانی دین،تەنانەت لەبابەتەکانی فروع چونکە هەموو ئەوانەی تەئویل دەکەن وا دەزانن حەقن و هیدایەتە تەئویلەکەیان .

ابن حەزم لەم ڕاستیە ئاگاداری کردوینەتەوە و دەڵێت:" ئەگەر ئەم ئایەتە دەربارەی موسڵمانانی خاوەن تەئویل دابەزیبایە هەروەك گومان دەبەن، ئەوا هەموو ئەوانەی دەگرتەوە کە تەئویل دەکەن و هەڵەیان کردوە لە تەئویلەکەیان و لەفەتواکەیان."

کۆتایی هات لەکتێبی "إشكالية العذر بالجهل في البحث العقدي"، د. سلطان العميري (204-208)

ـ البغوي ئەڵێت : فِيهِ دَلِيلٌ عَلَى أَنَّ الْكَافِرَ الَّذِي يَظُنُّ أَنَّهُ فِي دِينِهِ عَلَى الْحَقِّ وَالْجَاحِدَ وَالْمُعَانِدَ سَوَاءٌ."دەڵێت: ئەم ئایەتە بەڵگەی ئەوەی تێدایە کەسی کافر کەوا گومان دەبات لەسەر دینەکەی کەلەسەرێتی حەقە و ئەوکەسەی نکۆڵیکارە و موعانیدە یەکسانن."

بڕوانن ئەم وتەیەی ئەم ئیمامە بەڕێزە باس لەئەهلی کوفر دەکات کە لەسەر غەیری دینی ئیسلامن نەك موسڵمان هەروەك تەحریفی مانای ووتەکانی زانایان ئەکات بەهەوەسی خۆی یان بەنەزانی .

ـ شێخی ئیسلام ابن تەیمیە ئەڵێت :

[و لفظ " الضلال " اذا اطلق تناول من ضل عن الهدى ، سواء كان عمداً او جهلاً ...] مجموع الفتوى (٧ / ١٦٦)

بەڵام ئەم چەواشەکارە نەچووە هەموو وتەکەی بێنێ کە شێخی ئیسلام باس لەزاراوە شەرعیەکان و تەنها پێناسەیەکی گشتیان ئەکات دەڵێت:" و لفظ " الضلال " اذا اطلق تناول من ضل عن الهدى ، سواء كان عمداً او جهلاً ولزم أن يكون معذباً كقوله تعالى (إِنَّهُمۡ أَلۡفَوۡاْ ءَابَآءَهُمۡ ضَآلِّينَ) وقوله (وَقَالُواْ رَبَّنَآ إِنَّآ أَطَعۡنَا سَادَتَنَا وَكُبَرَآءَنَا فَأَضَلُّونَا ٱلسَّبِيلَا۠) وقوله (فَمَنِ ٱتَّبَعَ هُدَايَ فَلَا يَضِلُّ وَلَا يَشۡقَىٰ).

دەڵێت: لەفزی گومڕایی هەرکاتێ بەڕەهایی هات ئەوا هەموو گومڕاییەك ئەگرێتەوە بەعەمدی بێت یان بەنەزانی و وە ئەوەش ئەخوازێت سزاشی لەسەر بدرێت هەروەك ئەم ئایەتانەی خوای گەورە کە دەفەرمێت [ئەوان لەدۆزەخ گەیشتنەوە بە باوباپیرانی گومڕایان] وە ئایەتی [وتیان دۆزەخیەکان خوایە ئێمە بەگوێی گەورەکان و سەرۆکەکانمان کرد ڕێگای حەقیان لێ وون کردین] وە ئایەتی[هەرکەسێك شوێنی هیدایەتی من بکەوێ گومڕا و بەدبەخت نابێت].

کەواتە شێخی ئیسلام وەکو نموونەیەک و حوکمێکی ڕەها باسی کرد نەك وەکو تەعین پاشان لە سیاقی ئەو ئایەتانە إستدلالی پێکرد کە باس لەکافرانی ئەصلی دەکات نەك موسڵمانێ بەنەزانی بکەوێتە شیرکەوە عوذری نەبێت چونکە شێخی ئیسلام لەهەموو کەسێ زیاتر جەخت لەسەر بونی عوذر بەجەهل دەکاتەوە بۆ موسڵمان کاتێ بکەوێتە شیرك و کوفرەوە بەهۆی تەئویل و جەهل هەروەك لە ڕونکردنەوەو باسەکانی پێشوو خستمانە ڕوو.

پاشان شێرکۆ بیارە دەڵێت ↓↓↓

ـ هەروەها اللە تعالى ئەفەرموویێت :

[فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرَىٰ عَلَى اللَّهِ كَذِبًا لِّيُضِلَّ النَّاسَ بِغَيْرِ عِلْمٍ ۗ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ] الأنعَام (١٤٤)

جا ئەبێ چ کەسێ لەوکەسە ستەمکارتر و سەرکێش تربێت ، کە درۆ و دەلەسە لە سەر اللە تعالى هەڵبەسێت؟ [لِّيُضِلَّ النَّاسَ بِغَيْرِ عِلْمٍ ۗ] و بێ ئەوە هیچ جۆرە زانیارییەکی لەو بارەوە هەبێ و خەڵکیش گومڕاو سەرلێشێواو بکات [إِنَّ اللَّـهَ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ] بەڕاستیی اللە تعالى گەلی ستەمکار ئاشنا و شارەزای رێگەی راست ناکات. کەواتە ئەمە بەڵگەیە لەسەر نەبونی عوذر بەجەهل. ↓↓↓↓

لەوەڵامدا ئەڵێم / ئەم ئایەتە باس لەکافرەکانی قوڕەیش دەکات و دەفەرمێت (وَمِنَ ٱلْإِبِلِ ٱثْنَيْنِ وَمِنَ ٱلْبَقَرِ ٱثْنَيْنِ ۗ قُلْ ءَآلذَّكَرَيْنِ حَرَّمَ أَمِ ٱلْأُنثَيَيْنِ أَمَّا ٱشْتَمَلَتْ عَلَيْهِ أَرْحَامُ ٱلْأُنثَيَيْنِ ۖ أَمْ كُنتُمْ شُهَدَآءَ إِذْ وَصَّىٰكُمُ ٱللَّهُ بِهَٰذَا ۚ فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ ٱفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبا لِّيُضِلَّ ٱلنَّاسَ بِغَيْرِ عِلْمٍ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ)[سورة الأنعام 144].

واتە: وە لەحوشتر دووان و لەڕەشەوڵاخ دووان (نێرو مێیەک) (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ ئایا خوا ئەو دوو نێرەی حەرام کردووە یان ئەو دوو مێیە؟ یا ئەو بێچوانەی کە لەسکی ئەو دوو (جۆرە ووڵاخە) مێینەدایە یان

ئێوە ئامادە و شایەت بوون ئەو کاتە کەخوا فەرمانی پێکردن (بەم قەدەغەکردنە) کەواتە کێ لەو کەسە ستەمکارترە کەدرۆ بەناو خواوە هەڵدەبەستێت بۆ ئەوەی خەڵکی گومڕا بکات بەبێ هیچ زانیاریەک بەڕاستی خوا ڕێنمونی کۆمەڵی ستەمکاران ناکات.

کەواتە ئەم ئایەتە باسی موسڵمان ناکات و باسی کافرانە، وە ئەوانیش عیلمیان هەبوو کەدرۆیان ئەکرد چونکە کەس نیە درۆ بکات و نەزانێ درۆ ئەکات بۆچی ؟ چونکە ئەوان هیچ زانیاریەکیان بەدەستەوە نەبوو کە خوا بڕیاری ئاوای دابێت کەواتە بەئەنقەست وایان کردبوو، عیلمیش لەئایەتەکە کە نەفی دەکات مەبەست پێی زانیاریە واتە زانیاری و بەڵگەیان نەبووە لەسەر ئەو کارە ناشەرعیانە بۆ بەرژەوەندی خۆیان کردویانە، کەواتە پەیوەندی نیە بەمەسەلەی جەهل و نەزانی ئەو دوو بابەتە زۆر لێکجودان، هەروەها ئەم ئایەتە باس لەحوکمدان لەسەر ئەو خەڵکەش ناکات کە ئەوان هەوڵی گومڕاکردنیان داون بەڵکو تەنها باسی حوکمی کەسی یەکەم ئەکات.

پاشان ئەم ئایەتەی تر دێنێتەوە لەسەر نەبونی عوذر بەجەهل ↓↓↓

ـ هەروەها ئەفەرموویت جل جلاله :

[قَدْ خَسِرَ الَّذِينَ قَتَلُوا أَوْلَادَهُمْ سَفَهًا بِغَيْرِ عِلْمٍ وَحَرَّمُوا مَا رَزَقَهُمُ اللَّهُ افْتِرَاءً عَلَى اللَّهِ ۚ قَدْ ضَلُّوا وَمَا كَانُوا مُهْتَدِينَ) الأنعَام] (١٤٠)

بەڕاستیي ئەوانەی- بەگەوجیي و نەزانیي- منالەکانی خۆیانیان کوشت، لەبەر

هەژاریی، یان لەبەر دەمارگیریی ! دیارە کە لەدنیاو لەقیامەتدا زیانیانکرد [وَحَرَّمُوا مَا رَزَقَهُمُ اللَّـهُ] وە بەدەر لەوەش رزقی اللە تعالی یان لێ حەرامکردبوون [افْتِرَاءً عَلَى اللَّـهِ ۚ] بەدرۆ و دەلەسە لەسەر اللە تعالی ، گوایا بەفەرمانی اللە تعالی بووە! [قَدْ ضَلُّوا وَمَا كَانُوا مُهْتَدِينَ] بێگومان گومڕابوون و ڕێی ڕاستیان نەدۆزییەوە و، هەموو شتێکیشیان لە دەستدا.

ابن عباس ئەفەرموویێت : ئەگەر ئەتەوێت جاهیلی عەرەب بزانی چەنە جاهیل بوون لە ئایەتی (١٤٠) الانعام بخوێنەوە

[قَدْ خَسِرَ الَّذِينَ قَتَلُوا أَوْلَادَهُمْ سَفَهًا بِغَيْرِ عِلْمٍ وَحَرَّمُوا مَا رَزَقَهُمُ اللَّهُ افْتِرَاءً عَلَى اللَّهِ ۚ قَدْ ضَلُّوا وَمَا كَانُوا مُهْتَدِينَ] .. ئیمامی بوخاری ڕیوایەتی کردووە .

جا ئەم ئایەتانە باسی جەهل و نەزانی قوڕەیش ئەکات کە چەنە جاهیل و نەزان بوون و درۆ و ئیفترایان بۆ اللە تعالی ـش هەڵئەبەست پێش ناردنی پێغەمبەر ـ صلی اللە علیه وسلم ـ واتە پێش ڕوونکردنەوە " البیان " لەگەڵ ئەوەش موشریک بوون و " الضلال " لەسەریان چەسپا بوو . ↓

وەڵامم / ئەم ئایەتانە وەك وتمان باس لەکافرانی ئەصلی دەکات ئەحکامی ئەوان بە ئیتیفاقی زانایان جیاوازە لەگەڵ موسڵمانان، پاشان ئەو ئایەتانە باس لەو کارە دزێوانەیان دەکات کە هەڵیان بەستاوە بەناوی خواوە و زانراوە ئەوە دینی خوا نیە و هیچ بنەمایەکی شەرعی نەبووە و وازح بووە کە پێچەوانەی دینەکانی خوایە بۆیە هیچ عوذریان نەبووە وە زۆرێك لەزانایان دەفەرمون

قوڕەیش ئیقامە حوجەکراون چونکە ئەو کارانەی قوڕەیش دەیکرد پێچەوانەی هەموو دینەکان بوو ، چونکە ئەوان بازرگانیان دەکرد و بەردەوام دەگەڕان لە ولّاتان دینەکانی تریان بیستبوو لەسەر ئەوەشەوە بتیان ئەپەرست و دەیان جۆر پەرستنیان بۆ ئەو بتانە ئەنجام ئەدا و باوەڕیان وابوو اللە هاوبەشی هەیە و تاك و تەنها نیە و وەکو پاشاکان پێویستی بەواسیتەیەو باوەڕیان بەزیندوو بونەوە هەرنەبووە شیرکیان لەربوبیەت و ئولوهیەت ئەنجام داوە ئەگەرچی لەهەندێ بەشی ربوبیەت چەن تاقمێ لەقوڕەیش باوەڕیان بەهەندێ جوزئیاتی ربوبیەتی خوا بوبێت. هەروەها قوڕەیش لەسەر هیچ بنەمایەکی دینەکانی خوا نەمابوون چونکە بتیان ئەپەرست بەئاشکرا لەدروشمەکانی حەج ئەیانوت خوایە تۆ شەریکت هەیە و هاواریان ئەکرد و باوەڕیان بەزیندووبونەوە نەبوو، کەواتە زۆر قیاسێکی فاسیدە کەقیاسیان بکەی لەگەڵ موسڵمان کاتێ بەنەزانی توشی شیرك دەبێت.

پاشان شێرکۆ دەڵێ :

ـ هەروەها اللە تعالى ئەفەرموویێت :

[لِيَحْمِلُوا أَوْزَارَهُمْ كَامِلَةً يَوْمَ الْقِيَامَةِ ۙ وَمِنْ أَوْزَارِ الَّذِينَ يُضِلُّونَهُم بِغَيْرِ عِلْمٍ ۗ أَلَا سَاءَ مَا يَزِرُونَ] النَّحْل (٢٥)

ئەو قسەیە ئەکەن هەتا رۆژی قیامەت باری گوناهەکانی خۆیان بە تەواوی هەڵگرن [وَمِنْ أَوْزَارِ الَّذِينَ يُضِلُّونَهُم بِغَيْرِ عِلْمٍ ۗ] وە لە گوناهی ئەو کەسانەش

هەڵگرن كه به نەزانیی و گێلانەو بێ بەڵگه، ئەوان گومڕایان ئەكەن، چونكه ئەوان سەرۆک و فەرماندەن و، ئەمانیش شوێنكەوتوو خەڵەتاو [أَلَا سَاءَ مَا يَزِرُونَ] هۆشیاربن! چ باربێكی نالەبار و خراپ هەڵئەگرن؟. ئەڵێت ئەم ئایەته بەڵگەیە لەسەر بوونی عوذر بەجەهل !!!

وەڵام/ ئیمامی ابن جەریری تەبەڕی لەتەفسیری ئەم ئایەته پیرۆزدا دەڵێت :" القول في تأويل قوله تعالى: ﴿لِيَحْمِلُوا أَوْزَارَهُمْ كَامِلَةً يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَمِنْ أَوْزَارِ الَّذِينَ يُضِلُّونَهُمْ بِغَيْرِ عِلْمٍ أَلا سَاءَ مَا يَزِرُونَ (٢٥) ﴾

يقول تعالى ذكره: يقول هؤلاء المشركون لمن سألهم، ماذا أنزل ربكم الذي أنزل ربنا فيما يزعم محمد عليه: أساطير الأوّلين، لتكون لهم ذنوبهم التي هم عليها مقيمون من تكذيبهم الله، وكفرهم بما أنزل على رسوله ﷺ، ومن ذنوب الذين يصدّونهم عن الإيمان بالله يضلون يفتنون منهم بغير علم، وقوله ﴿أَلا سَاءَ مَا يَزِرُونَ﴾ يقول: ألا ساء الإثم الذي يأثمون، والثقل الذي يتحملون. وبنحو الذي قلنا في ذلك، قال أهل التأويل.

دەڵێ: كافرەكانی قوڕەیش بەخەڵكه عەوامەكەی خۆیان كەشوێنیان كەوتون بەخەڵكه عەوامەكه دەڵێن ئەو دینەی موحەمەد باسی دەكات گوایه لەلایەن پەروەردگارتانەوە بۆی ڕەوانەكراوە ئەوە درۆ دەكات بەڵكو ئەوا تەنها نوسراو و قسەی پێشینانه، خواش دەفەرمێت بەو كارەیان كافرەكانی قوڕەیش

گوناحی خۆیان و شوێنکەوتەکانیان هەڵدەگرن کەبونەتەبەربەست لەئیمان هێنانیان بەالله، بەبێ ئەوەی کەوا بەڵگەیەکیان هەبێت لەسەر ئەو ئیدیعایەی کەدەیکەن، ئەهلی تەفسیریش هەروەك ئێمە دەڵێن."

[کەواتە ئەم ئایەتە باس لەکافرەکانی قورەیش و خەڵکە عەوامەکەی دەکات کەچۆن گەورەکان خەڵکەکەیان چەواشەدەکەن بەبەتاڵ هیچیشیان عوزریان نیە چونکە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لەناویان بوو و بانگەوازێکی روون و ئاشکرای کردبوون بەڵام خەڵکەکە بەگوێی گەورەکانیان کرد و گوێیان لەوان گرت و پشتیان کرد لەبانگەوازی خوایی بۆیە هیچ عوذرێکیان نەبووە هەرکەسێکیش ئەوە حاڵی بێ ئەوە حوکمێتی تاقیامەت].

پاشان ئەم فەرموودەیە دێنێتەوە لەسەر نەبوونی عوذر بەجەهل ↓

پێغەمبەر ـ صلى الله عليه وسلم ئەفەرموێت :

[إن الله لا ينزع العلم بعد ان اعطاكموه انتزاعا ولكن ينتزعه منهم مع قبض العلماء بعلمهم . فيبقى الناس جهال يستفتون فيفتون برايهم فيضلون ويضلون]

لە ڕیوایەتەکەی حرملة ئەفەرموێت: [يفتونهم بغير علم فيضلون ويضلون]

↓

وەڵامم / لە عەبدوڵای کوڕی عەمڕی کوڕی عاص هوە دەڵێت بیستم پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەیفەرموو : " بەڕاستی الله زانست

لەناو سینگی بەندەکان دەرناهێنێ بەدەرهێنان، بەڵکو زانست دەگرێتەوە بە مردنی زاناکان، جا کاتێك هیچ زانایەك نەما ئەوکاتە خەڵکی کەسانێکی نەزان دەکەنە سەرۆك و ئیمام بۆخۆیان کە پرسیاریان لێ دەکەن فەتوایان بۆ دەدەن بەبێ عیلم خۆیان گومڕان خەڵکیش گومڕا دەکەن."

جا ئەوانەی دەڵێن بەهانەی نەزانین بوونی نیە ئەڵێن ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەنەزانین بیانوو نیە ئەوەتا ئەو کەسانە نەزان بوونە کەچی رسول الله حوکمی گومڕایی لەسەر داناون.!!!

لەوەڵامی ئەم شوبهەیەدا دەڵێین : ئەصلەن ئەم فەرمودەیە باسی بابەتی نەبونی بیانوو بەنەزانی هەرناکات وەکو ئێوە لێی تێگەیشتون، بەڵکو ئەم فەموودەیە باس لەنەمانی زانایان ئەکات نەك نەمانی دین و قورئان و سونەت نەتوانینی فێربوون، هەروەها ئەم فەرموودەیە باس لەو دەکات کە ئەو خەڵکە پێشتر پشتکردوو بوونە لەعیلم وزانیاری و پشتیان بەستاوە بەزانایان و پشتیان کردوە لەفێربوون بۆیە گومڕابونە، بۆیە ئەم فەرموودەیە بەهیچ شێوەیەك ئەوە باس ناکات کە قورئان و سونەت و دین لەناو خەڵکی هەڵگیرابێ چونکە ئەگەر وابێ ئەوا دژی ئەو فەرموودەیەیە کە لە نیشانەکانی قیامەت هاتوە کە ئیسلام نامێنێ تەنها شەیەتمان دەمێنێ و سودیان پێ دەگەیەنێ بەڵام ئەم

حەدیسە و باسی قۆناغێ دەکات زانایان نامێنن نەك عیلم نەمێنێ بەقورئان و سونەت کەس نەبێ لەقورئان و سونەت تێبگات.

پاشان کە دەڵێ گومڕان وخەڵکیش گومڕا دەکەن گومڕایی مانای ئەوە نیە کافر بوبن چونکە ئەگەر بێت و خۆیان سەبەب بوبن شایستەی گومڕایی دەبن بەئەندازەی ئەوە گونجبار ئەبن.

چونکە ابن حجری عەسقەلانی لەفەتح الباری لەکیتابی الاعتصام ئەم ڕیوایەتەی لەسەر ئەم حەدیسە هێناوە کەدەڵێ: فَسَأَلَهُ أَعْرَابِيٌّ فَقَالَ : يَا نَبِيَّ اللَّهِ ، كَيْفَ يُرْفَعُ الْعِلْمُ مِنَّا وَبَيْنَ أَظْهُرِنَا الْمَصَاحِفُ ، وَقَدْ تَعَلَّمْنَا مَا فِيهَا وَعَلَّمْنَاهَا أَبْنَاءَنَا وَنِسَاءَنَا وَخَدَمَنَا ، فَرَفَعَ إِلَيْهِ رَأْسَهُ - ص 300 - وَهُوَ مُغْضَبٌ فَقَالَ : وَهَذِهِ الْيَهُودُ وَالنَّصَارَى بَيْنَ أَظْهُرِهِمُ الْمَصَاحِفُ ، لَمْ يَتَعَلَّقُوا مِنْهَا بِحَرْفٍ فِيمَا جَاءَهُمْ بِهِ أَنْبِيَاؤُهُمْ "

واتە: دەشتەکیەك پرسی ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا، چۆن عیلم هەڵدەگیرێ لەناومان لەکاتێکدا موصحەفەکان لەناومانە، و فێربوینە ئەوەی تیایەتی وە ماڵ و منالّیشمان فێری کردوە، پێغەمبەریش صلی الله علیه وسلم سەربەرزەوە کرد بەتورەییەوە و فەرمووی : ئەوەنیە یەهود و نەصاراش موصحەفەکان لەبەردەستیانە کەچی شوێنی یەك حەرفی ناکەون."

کەواتە بۆمان ڕوون بۆیەوە ئەو خەڵکەی کەگومڕابوونە هۆکارخۆیانن کە پشتیان لەفێربوون کردوە.

* پاشان زانایان شوڕاح لەشەرحی ئەم حەدیسە پیرۆزە دەفەرموون :" لكن قد ورد في بعض الآثار أن كلام الله عز وجل في آخر الزمان يرفع من صدور الرجال ومن المصاحف حتى يصبح الناس وليس لديهم مصاحف مكتوب فيها كلام الله، ويصبح الناس وليس في صدورهم شيء محفوظ من كتاب الله، وذلك ـ والله اعلم- فيما إذا غفل الناس عن كتاب الله ولم يعملوا به وذهبوا به وأعرضوا عنه فإنه أعز من أن يبقى بين قوم لا يلتفتون إليه، ونظير هذا: الكعبة المشرفة فإن الله تعالى حبس عن مكة الفيل، لكن في آخر الزمان يسلط عليها رجلا من الحبشة أفحج قصير ينقضها حجرا حجرا، ويتناولها أصحابه من مكة إلى البحر، كل واحد يمد إلى الثاني حجرا منها حتى يلقوها في البحر، ولا يحميها الله عزوجل، لا عجزا؛ لأنه حماها من قبل، لكن لحكمة، وهذا نفسره - والله أعلم - بما إذا امتهن أهل مكة هذه الكعبة المشرفة، وصاروا يبارزون الله تعالى بالعصيان في هذا المكان العظيم، الذي قال الله في : (ومن يرد فيه بإلحاد بظلم نذقه من عذاب أليم)[الحج: ٢٥]فإذا امتهن الناس هذا البيت الحرام سلط عليه من ينقضه حجرا حجرا، أما

في قصة الفيل فإن الله تعالى قد علم أن هذا البيت سوف يعظم برسالة محمد صلى الله عليه وسلم."شرح البخاري 100/ص211

واتە: بۆیە ئەو خەڵکە گومڕابوون چونکە پێشتر بێ ئاگابون لەکیتابی خوا کاریان پێی نەدەکرد پشتیان لێ کردبوو کیتابی خواش و عیلمیش زۆر لەوە گەورەترە لەناو خەڵکانێ بمێنێ کە ڕێز و قەدری نەزانن هاوشێوەی ئەمەش کەعبەی ماڵی خوایە کاتێ ئەبرەهە بەفیلەکانیەوە هێرشیان هێنا بۆ کەعبە و داگیرکردنی خوای گەورە باڵندەی ئەبابیلی بۆ ناردن و لەناوی بردن بەڵام دەبینی لەئاخیر زەمان خوای گەورە پیاوێکی ڕەشپێستی حەبەشەی قاچ باریک زاڵ دەکات بەسەریا بەرد لەدوای بەرد ئەیڕوخێنێ یەك یەک بەردەکانی ئەبەن و فڕێی ئەدەنە دەریاوە خواش کەعبە ناپارێزێ نەك لەبەر بێ توانایی چونکە پێشتر پاراستویەتی بەڵام لەبەر حیکمەتێ ئەویش ئەوەیە کاتێ لەئاخیری زەمان ئەهلی مەککە بێ ڕێزی دەکەن لەناو کەعبە و پێشبڕکێی تاوانکاری تێدا ئەکەن لەو شوێنە مەزنە خواش کەسێ ئاوا زاڵ دەکات بەسەریا بەردی لەسەر بەردی نەهێڵێ چونکە کەس نەمێنێ ڕێزی بگرێ بەڵام کاتێ لە فیلەکان پاراستی چونکە دەیزانی ماڵەکەی لەئایندە ڕێزی لێ دەگیرێ بەهۆی پەیامەکەی محمد صلى الله عليه وسلم.

ـ جا زاناکانمان ئەفەرموون ئەمە عامە بۆ هەموو ئەوامر و نەواهیەکان جگە لە شیرک و بیدعەکان .

ئابەو شێوەیە جەمعی نوصوص وبەڵگەکان ئەکرێت .

پاشان شێـــرکۆ بیارە دەڵێت دەربارەی ئەم ئایەتەی خوارەوە↓↓↓

(وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُضِلَّ قَوۡمَۢا بَعۡدَ إِذۡ هَدَىٰهُمۡ حَتَّىٰ يُبَيِّنَ لَهُم مَّا يَتَّقُونَۚ إِنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٌ)[سورة التوبة 115]

ـ زاناکانمان ئەفەرموون ئەمە عامە بۆ هەموو ئەوامر و نەواهیەکان جگە لە شیرک و بیدعەکان .

↓↓↓

وەڵامم / وەڵاهی وانیە کەس وای نەوتوە جگە لەهەندێ لە زانایانی دەعوەی نەجدی کە وتەکانیان هەڵەیە و پێچەوانەی کیتاب و سوونە و ووتەی سەلەف و ئیجماعە و نەیان پێکاوە هەروەها کۆمەڵێك لە بەناو زانای زیادەڕەو و خەواریج لەم سەردەمە وادەڵێن تەحریفی وتەی زانایان و مانای دەقەکانی قورئان و سونەت دەکەن وەك احمد حازمی و مەدحەت فەراج و طارق عبدالحلیم و راشد العلا و خالد الغامدی..هداهم الله.

پاشان دەڵێت ↓↓↓

ئابەو شێوەیە جەمعی نوصوص وبەڵگەکان ئەکرێت .

وەڵام / بەڵێ بەو شێوەیە بەهەوەس و ئارەزووی خۆت جەمعی نصوص ئەکەیت و ملی دەقەکان ئەسوڕێنی تاکو موافقی مەزهەبە باتڵەکەتی بکەی و بەنەزانی خۆت خەڵکی تریش گومڕا بکەیت.

پاشان دەڵێت ↓↓↓

جا ئەو " الضلال " ـەی کە لەو ئایەتە باسکراوە ئەو " الضلال" ـەیە کە عقوبە سزا واجب ناکات هەروەک ئیمامی " الضحاک " فەرمووی : سزا و عوقبە هەڵئەگیرێت لە ئوصول و فروع و کولیات و جوزئیات حەتا شەرع یەت لەبارەیەوە لەبەر ئەو قەولەی اللە تعالی : [وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّىٰ نَبْعَثَ رَسُولًا] الاسراء (١٥) ئێمە سزای کەس نایەین حەتا نێردراوێکی بۆ نەنێرین ، هیچ ئاگادارکردنەوە و ئەمر و فەرمان و نەهیەک نیە ئیلا بە شەرع نەبێت ، وە بەندەکان پابەندی تەکلیف ناکرێن ئیلا بە گەیشتنی شەرع نەبێت ، ئا ئەوە ئەو " الضلال " یە کە سزا نادرێت لەسەری لە هەردوو دنیا .

↓

وەڵام / بەڵێ گومڕایی واجب ناکات بەو مانایەی کە سزا بدرێن لەدونیا وقیامەت کاتێ پێغەمبەریان بۆنەچووبێ و حوجەیان پێ نەگەیشتبێت، پاشان ئەو گومڕابوونەی بۆ کافرەکانی قوڕەیش چەسپابوو پێش هاتنی ئیسلام زانایان دەفەرموون چونکە ئیقامەی حوجەکرابوون و خاوەنی هیچ دینێ نەبوون و پێچەوانەی هەموو دینەکان و فیترەتەکانیان ئەکرد، بەڵام بۆ موسڵمان ئەو حوکمە ناگرێتەوە کاتێ داخلی ئیسلام ببێت و کوفر و شیرکێ ئەنجام بدات بەنەزانی یان بەتەئویل پێش ڕونکردنەوە. یان کوفر و شیرکەکەی بەجۆرێ نەبێت زەق بێت و زۆر ئاشکرا و دیاربێت و پێچەوانەی مجمل و ڕواڵەتی شەهادەی تەوحید بێت، ئەم حوکمەش هەر شەرعی خوا بڕیاری لەسەرداوە و لەقورئان وسونەت و ئیجماعی سەلەف جێگیرکراوە. هەروەها ئایەتی [وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّىٰ نَبْعَثَ رَسُولًا] الاسراء (١٥) ئەم ئایەتەش ڕاستە نەفی تەعذیب دەکات لەدونیا و قیامەت لە هەموو کەسانەی ریسالەیان پێنەگیشتوە، بەڵام مانای وانیە ئەگەر موسڵمان بن توشی شیرك بن بەنەزانی ناوی شیرك و کافر لەسەریان بەچەسپێت، چونکە ناوی کوفر حوکمێکی شەرعیە و کۆمەڵێ ئەحکامی دونیایی و قیامەتی پێوە پەیوەستە و تەنها کەلیمەیەکی ڕووت نیە بیڵێیت و تەواو، بەڵکو کە وتت تەعذیبی لەسەر نیە موسڵمانێ کەتوشی شیرك بووە بەنەزانی پێش گەیشتنی حوجە کەواتە نابێ پێشی بڵێی کافر و موشریك چونکە کەوتت کافر و موشریك واتە ئەبێت

خوێنی حەڵاڵ بکەیت و ژنەکەی لێ بسەنیتەوە چەندین حوکمی توندی لەسەر جێ بەجێ بکەی، ناشکرێ بڵێیت ئاخر موشریك کافر نیە و جیاوازە بەس لەهەندێ حوکم حوکمی موشریکان وەرئەگرێ نەك کوشتن، دەڵێین ئەم دابەشکاریەکی بێ بەڵگەیە و لەکیتاب و سونەت نەهاتووە و هیچ یەکێ لەزانایان و پێشەوایانی ئومەتی ئیسلام ئەم جیاوازی کردنەیان نەکردوە ، تەنانەت زانایان ئەفەرموون هەموو موشریکێ کافرە و هەموو کافرێ موشریکە و هیچ جیاوازی نیە لەنێوان ناوی کافر و موشریك، پاشان زۆربەی زانایانی ئیسلام کاتێ عوذر بەجەهل جێگیر ئەکەن بۆ ئەو موسڵمانانەی کەوتونەتە ناو شیرکی گەورەوە بەنەزانی پێش ئیقامەی حوجە، هەمویان إستدلال بەم ئایەتە ئەکەن لەسەر ئەوەی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی عوذری هەیە بەنەزانی دیارترینی ئەو زانایانەی ئەم کارەیان کردوە ابن حزم و ابن العربی مالیکی و ئیمامی سیوطی و ئیمامی شافیعی و ئیمای ئەحمەد و ئالوسی و شەوکانی و ذەهەبی و ابن کثیر و شێخی ئیسلام ابن تەیمیە بڕوانە مجموع الفتاوی (3/113) هەروەها محمد بن عبدالوهاب و کوڕەکانی و شێخ سلێمان بن سحمان و شێخ عبداللطیف ال شیخ و شێخ عبدالرحمن معلمي اليماني دەیان زانای تر...هتد

لێرەدا بەکورتی کۆتاییمان هێنا بەوەڵامی ئەمجارەمان

وصلى الله وسلم على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم

وەڵامی وانەی 30 یەمی قاعیدە گومڕاکەرەکان

بسم الله والحمدلله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن والاه أما بعد :

شێركۆ دەڵێ لە بابەتی ئەمجارەمان إن شاء الله وەڵامی چەن شوبهەیەکی تر ئەدەینەوە، کە دەڵێن: ↓↓↓↓↓

هاوەڵانی بیردۆزی عوذر بەجەهل ئەم دوو ئایەتە ئەکەن بە بەڵگەی بوونی عوذر بەجەهل لە شیرک و بنچینەی دین .

الله تعالى ئەفەرموویێت :

[وَمَن يُشَاقِقِ الرَّسُولَ مِن بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ الْهُدَىٰ وَيَتَّبِعْ غَيْرَ سَبِيلِ الْمُؤْمِنِينَ نُوَلِّهِ مَا تَوَلَّىٰ وَنُصْلِهِ جَهَنَّمَ ۖ وَسَاءَتْ مَصِيرًا] النِّسَاء (١١٥) .

هەرکەسێک پاش ئەوەی ڕێگەی حەق و ڕاستیی بۆ دەرکەوت و شارەزای دینی الله تعالى بوو (وەکو ئوبەیرق)، دژایەتی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بکا [وَيَتَّبِعْ غَيْرَ سَبِيلِ الْمُؤْمِنِينَ] و ڕێگاو ڕێبازێ بگرێتە بەر، کە ڕێگای ڕاستی باوەڕداران نەبێت [نُوَلِّهِ مَا تَوَلَّىٰ وَنُصْلِهِ جَهَنَّمَ ۖ] ئێمەیش ڕووی ئەکەینە ئەو بەرنامە و ڕێگایە بەئارەزوی خۆی لەدنیادا هەڵبژاردووە، ئیتر ئێمە وازی لێدێنین و، حەقمان نییە بەسەریەوە و، لەقیامەتیشدا ئەیخەینە ناو ئاگری

تاودراوی دۆزەخەوە [وَسَاءَتْ مَصِيرًا] ئای کە دۆزەخ جێ و ڕێیەکی زۆر سامناک و خراپە و، بۆیان ئامادەکراوە.

وە ئەفەرموویێت تبارک وتعالی :

[إِنَّ الَّذِينَ ارْتَدُّوا عَلَىٰ أَدْبَارِهِم مِّن بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمُ الْهُدَى ۙ الشَّيْطَانُ سَوَّلَ لَهُمْ وَأَمْلَىٰ لَهُمْ] مُحَمّد (٢٥)

بێگومان ئەوانەی کە لە ئیسلام هەڵگەڕانەوە، پاش ئەوەی کە ڕێی ئیمان و ڕووناکیان بۆ دەرکەوت [الشَّيْطَانُ سَوَّلَ لَهُمْ وَأَمْلَىٰ لَهُمْ] شەیتان کارە خراپەکانی بۆ ڕازاندبوونەوە و، هیواکانی بۆ درێژ کردبوونەوە .

هاوەڵانی عوذر بە جەهل ئەڵێن : الله تعالی شەرط و مەرجی بۆیان داناوە کە کوفر و سزا و عەزاب ئەو کاتە ئەچەسپێت لەسەریان لەو کارە شیرک و کوفریانەی ئەنجامی ئەیەن [مِن بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ الْهُدَىٰ] پاش ئەوەی هیدایەتیان بۆ ڕوون ئەبێتەوە .

واتە پێش ئەوەی هیدایەت ڕوون بێت لایان نە ناوی کوفر و شیرک و نەسزا و عەزاب ناچەسپێت لە سەریان .

وەڵام بۆ ئەو گومان و شوبهەیە .

لەگەڵ ئەوەی ئەو ئایەتە محەل و شوێنی نیزاعی بابەتەکە نیە لە بنچینەوە ، وە بەڵگە نیە بۆ هەبوونی عوذر بە جەهل و نەزانین .

وه ئەم ئایەتە بەهیچ جۆر و شێوازێک ڕاست نیە و نابێتە حوجە و بەڵگە بۆ بانگەشەکەیان هەرگیز چونکە بەپێی ئەمە هیچ کەسێک سزا نادرێت جگە لە صیفەتی" المرتد "کەسی هەڵگەڕاوە لە دین ، [وَمَن يُشَاقِقِ الرَّسُولَ مِن بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ الْهُدَىٰ] ئەو کەسەی دژایەتی پێغەمبەر ـ صلى الله عليه وسلم ـ بکات پاش هیدایەت و ئەوەش بزانێت واتە شارەزا بێت بەمە ، ئەو کاتە پێی ئەوترێت کافر و شایستەی عەذابە !

بەڵام لە ڕاستیدا هەردوو ئایەتەکە باسی یەک حاڵەت و یەک صیفەتی دیاریکراو ئەکەن لە حالەتەکانی کەسانی سزادراو و ئەهلی ئاگر ، بەڵام هەردوو ئایەتەکە نەفی وجودی غەیری خۆیان ناکەن لە بنچینەوە .

ووتەکامان لەم بارەیەوە ڕوونە ، بەپێی ووتەی هاوەڵانی عوذر بەجەهل و پشت بەستن و ئیستیدلالیان بەم دوو ئایەتە تەنها کەسی مورتەد واتە هەڵگەڕاوە لە دین سزا ئەدرێت ما باقی نە ناوی کوفری لەسەر ئەچەسپێت نە سزاش ئەدرێت .

↓

لەوەڵامدا ئەڵێم / بەڵێ هیچ کەسێك سزا نادرێت تاکو دینی خوای پێ نەگات و بۆی ڕوون نەکرێتەوە، ئەوە هیچ خیلافێکی تێدانیە و لەهەموو شتێك ڕوونترە لە کیتابی خوا و بابەتێکی بڕاوەیە، ئایەتی [وَمَن يُشَاقِقِ الرَّسُولَ مِن بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ الْهُدَىٰ] ووشەی " یشاقق" تەنها

بڕیتی نیە لەدژایەتی کردنی ڕەسول بەڵکو هەموو سەرپێچیەکی ڕەسول ئەگرێتەوە وەك ئیمان نەهێنان بە پێغەمبەر و دینەکەی خوا هەموو جۆرە دژایەتی کردنێکی بەقەول و بەعەمەل و ئیعتیقاد دەگرێتەوە دوای بوونی عیلم و زانیاری بەپەیام و دینی ڕەسول، بۆیە ئەم ئایەتە بەهیچ شێوەیەك تایبەت نیە بەکەسی مورتەد بەڵکو هەموو کافران ئەگرێتەوە کەوا سزا نادرێن هەتا ڕیسالەیان پێ دەگات و بۆیان ڕوون ئەکرێتەوە چونکە "مەناطی" تەکلیف تەنها عیلمە، وە بەنیسبەت جێگیربونی ناوی کوفر ئەم بابەتەشمان چەندین جار باسکردوە، وتومانە ناوی کوفر بۆ هەموو میللەتانی غەیری ئیسلام کە لەبنەڕەتەوە کافرن ناوی کوفریان لەسەر جێگیرە، لەپێش ڕیسالە و دوای ڕیسالەش، بەڵام بۆ کەسێکی موسڵمان کە دەکەوێتە شیرکەوە بەنەزانی و حوجەی پێ نەگەیشتوە ئەو ناوە کوفرە لەسەری ناچەسپێت بەدەقی قورئان و فەرموودە و ئیجماع. بۆیە دەبێ جیاوازی بکرێت لەنێوان کەسێك لەبنەڕەتەوە کافربووە لەگەڵ کەسێك هاتۆتە ناو دینی خواوە و موسڵمان بووە.

وە بەنیسبەت سزاشەوە بەهیچ شێوەیەك کەس سزا نادرێت لەشەرعی لەسەر هیچ شتێك پێش هاتنی ریسالە و پێغەمبەر و ڕوون کردنەوە، جا کەسەکان کافری بنەڕەتی بن یان موسڵمانی منتسب بن بۆ ئیسلام. ئەمەش ڕوونترین حوکمە لە کیتابی خوا و سونەتی پاك و بێگەردی پێغەمبەری پێشەوا

صلى الله عليه وسلم، هەروەك پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم كاتێك سيريه و موجاهيدەكانى ئەنارد بۆ غەزا پێى ئەفەرموون: پێش ئەوەى هێرش بكەن و جەنگ دەست پێبكەن لەگەڵيان سەرەتا بانگيان بكەن بۆ سێ داواكارى: سەرەتا بانگيان بكەن بۆ ئيسلام و بانگەوازى ئيسلامەتيان پێ بگەيەنن ئەگەر موسڵمان بوون باشە، ئەگەر موسڵمان نەبوون ئەوا بانگيان بكەن بێنە ژێر سايەى ئيسلامەوە و سەرانە بدەن، ئەگەر قبوڵيان كرد باشە ئەگەر قبوڵيان نەكرد ئەوا پشت بەالله ببەستە و دەست بكە بەقيتال كردنيان."

كەواتە لەدونيادا جائيز نيە لەحوكمى خوا سزادان و كوشتنى كافران بەهيچ شێوەيەك پێش بانگ كردنيان بۆ ئيسلام و پێش ئەوەى دينى خوايان وەكو خۆى پێگەيەنرابێت، وە هەروەها الله تعالى دەفەرمێت (وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّىٰ نَبْعَثَ رَسُولا)[سورة الإسراء 15].

واتە: ئێمە هەرگيز سزاى بەندەكان نادەين هەتا پێغەمبەر نەنێرين بۆيان.

ئەمەش موافقى عەدل و حيكمەت و ڕەحمەتى خواييە لەدونيا و قيامەت، هەركەسێك پێچەوانەى ئەمە بڵێت نەقص و ستەمى داوەتە پاڵ الله تعالى ، پەنا دەگرين بەخوا.

شێخی ئیسلام ابن تەیمیە پرسیاری لێ دەکرێت دەربارەی کەسێك کە دەڵێت ئیدیعای ئەوە دەکات تەکلیفە شەرعیەکانی لەسەر نەماوە، دەڵێت" لاریب عند أهل العلم والإيمان أن هذا القول من أعظم الكفر وأغلظه، وهو شر من قول اليهود والنصارى، لكن من الناس من يكون جاهلا ببعض هذه الأحكام جهلاً يعذر به، فلا يحكم بكفر أحد حتى تقوم عليه الحجة من جهة بلاغ الرسالة، كما قال تعالى: (لئلا يكون للناس على الله حجة بعد الرسل) وقال تعالى: (وما كنا معذبين حتى نبعث رسولا)مجموع الفتاوى (١١/٤٠٦:٤٠١)

دەڵێت: " گومانی تیانیە لەلای ئەهلی عیلم و ئیمان کە ئەم قسەیە گەورەترین کوفرە و پیسترین کوفرە و خراپترە لە کوفرەکانی یەهود و نەصاری ، بەڵام هەیە لەخەڵکی توشی ئەم یروباوەڕە بووە نەزانە بەهەندێ لەم حوکمانە کە حەڵاڵیان کردوە، نەزانن و عوذریان هەیە بەنەزانی، بۆیە حوکم نادرێت بەکافربونی هیچ کەسێك تاکو ئیقامە حوجەی لەسەر دەکرێت و ڕیسالەی پێ دەگەیەنرێت، هەروەك اللە تعالی دەفەرمێت(بۆ ئەوەی هیچ بیانویەك بەدەست خەڵکیەوە نەمێنێت دوای هاتنی پێغەمبەران) وە هەروەها اللە تعالی دەفەرمێت: (ئێمە هەرگیز سزای بەندەکان نادەین هەتا پێغەمبەر نەنێرین بۆیان)."

کەواتە شێخ ئایەتی (وما کنا معذبین حتی نبعث رسولا) تایبەتی نەکرد بە نەفی کردنی سزادان بەڵکو ئەو ئایەتە و هاوشێوەکانی کرد بەڵگەیە لەسەر نەفی کردنی تەکفیر و سزادان نەك تەنها سزا.

پاشان دەڵێت ↓↓↓

لێرەدا ئێمە پشتیوان بە اللە تعالی ئەیسەلمێنین کە کەسانێک بەبێ ئەوەی عیلم و زانستیان لابێت لەکافرەکان سزا ئەدرێن و ئەو شەرط و مەرجەی کە باسی ئەکەن [مِن بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ الْهُدَىٰ] لەواندا بوونی نیە و عەزابیش ئەدرێن . سەبارەت بە ئایەتەکەی سورەتی " النساء " باسی ئەو کەسانە ئەکات کە دژایەتی پێغەمبەر ـ صلی اللە علیه وسلم ـ ئەکەن پاش عیلم و زانین و ڕوون بوونەوەی حەق واتە موڕتەد ئەبنەوە و لە دین هەڵئەگەڕێنەو ، وە ئێمە ئەزانین بە عیلمی یەقین کە لە ناو کافرەکان کەسانێک سزا ئەدرێن بە هۆی بوونی گومانیان لە زیندوو و بوونەوە و ڕیسالە و ناردنی پێغەمبەران و بابەتەکانی تری ئیمان ، کە لەسەری مردوون ، بەبێ ئەوەی حەقیان بۆ ڕوون بوبێتەوە و عیلم و زانستیان پێی هەبوو بێت بەو بابەتانە بە نەصی قەولی اللە تعالی کە ئەفەرموویت : ـ [وَمَا كَانَ لَهُ عَلَيْهِم مِّن سُلْطَانٍ إِلَّا لِنَعْلَمَ مَن يُؤْمِنُ بِالْآخِرَةِ مِمَّنْ هُوَ مِنْهَا فِي شَكٍّ ۗ وَرَبُّكَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ حَفِيظٌ] سَبَأ (٢١) وە شەیطان هیچ دەسەڵاتێکی بەسەریاندا نەبوو [إِلَّا لِنَعْلَمَ مَن يُؤْمِنُ بِالْآخِرَةِ مِمَّنْ هُوَ مِنْهَا فِي شَكٍّ ۗ] بەڵام تاقییان ئەکەینەوە بەشەیطان، بۆ ئەوە کە بزانین

و دەرکەوێ چ کەسێ بڕوای بە رۆژی دوایی هەیە؟و چ کەسێکیش لێی دوو دڵەو لە گومانداید [وَرَبُّكَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ حَفِيظٌ] و پەروەردگاری تۆ لەسەر هەموو شتێک پارێزەر و چاودێرەو، بە نیازو نیەتیان ئەزانێ . سەرنج لە ئایەتەکە بگرین کەسانێک کافرن و شایستەی عەذابن بەهۆی ئەوەی گومانیان لە زیندوو بوونەوە و ئاخیرەت هەبووە . ↓↓↓

وەڵامـــــم / ئەو کەسانەی کەوا گومانیان بۆ دروست بووە دەربارەی زیندووبونەوە و ڕۆژی دوایی ئەوانە پێغەمبەریان بۆچووە و هەواڵی زیندووبونەوە و ڕۆژی دواییان پێدراوە بەڵام ئەوان هەر باوەڕیان نەکردوە هەر بەگومان بوونە، ئەوە ئەوپەڕی نەزانیە بەتەفسیری ئایەتەکان و کەس تەفسیری ئاوای نەکردوە و کەس بەم شێوە تەحریف کردنە ئەم جۆرە لێکدانەوەیەی نەکردوە، چونکە اللە تعالی خۆی هەواڵمان پێ ئەدات دەربارەی دۆزەخیەکان کە دەخرێنە دۆزەخەوە پاسەوانەکانی دۆزەخ پێیان دەڵێن ئایا لەدونیا پێغەمبەرتان بۆ نەهات دەڵێن بەڵێ بۆمان هات، دەفەرمێت (تَكَادُ تَمَيَّزُ مِنَ ٱلْغَيْظِ ۖ كُلَّمَآ أُلْقِىَ فِيهَا فَوْجٌ سَأَلَهُمْ خَزَنَتُهَآ أَلَمْ يَأْتِكُمْ نَذِيرٌ (٨) (قَالُوا۟ بَلَىٰ قَدْ جَآءَنَا نَذِيرٌ فَكَذَّبْنَا وَقُلْنَا مَا نَزَّلَ ٱللَّهُ مِن شَىْءٍ إِنْ أَنتُمْ إِلَّا فِى ضَلَٰلٍ كَبِيرٍ) [الملك: 9]

واتە: نزیکە (دۆزەخ) لەڕقانا پارە پارە ببێت، هەر کاتێك دەستەیەك فڕێ بدرێنە ناویەوە دەرگاوانەکانی دۆزەخ پرسیاریان لێ دەکەن، ئایا پێغەمبەرێکی

ترسێنەرتان بۆ نەهاتووە (لە دونیادا)، دەڵێن بەڵێ بۆمان هاتووە بەڵام بەدرۆمان دەزانی وەمان ووت (پێی) خوا هیچی نە ناردۆتە خوارەوە ئێوە بەس لە گومڕاییەکی گەورەدان. هەروەها اللە تعالی دەفەرمێت :

(يَٰمَعۡشَرَ ٱلۡجِنِّ وَٱلۡإِنسِ أَلَمۡ يَأۡتِكُمۡ رُسُلٞ مِّنكُمۡ يَقُصُّونَ عَلَيۡكُمۡ ءَايَٰتِي وَيُنذِرُونَكُمۡ لِقَآءَ يَوۡمِكُمۡ هَٰذَاۚ قَالُواْ شَهِدۡنَا عَلَىٰٓ أَنفُسِنَاۖ وَغَرَّتۡهُمُ ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَا وَشَهِدُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡ أَنَّهُمۡ كَانُواْ كَٰفِرِينَ)[سورة الأنعام 130]

واتە: ئەی دەستە و کۆمەڵی جنۆکە و ئادەمی ئایا پێغەمبەرانتان لەخۆتان بۆ نەهات کەئایەتەکانی منتان بۆ بخوێننەوە, وە لەگەیشتن و دووچار بوونی ئەم ڕۆژەیان نەترساندن دەڵێن (ڕاستە و) شایەتی لەسەر خۆمان دەدەین بەڵام ژیانی دونیا خەڵەتاندینی و شایەتیان لەسەر خۆیاندا کەبێگومان ئەوان بێ بڕوا بوون."

هەروەك شێخی ئیسلام ابن تەیمیەش دەڵێت:" هو أدنى هذا أن يكون شاكاً في المعاد وذلك كفر إذا قامت حجة النبوة على منكره حكم بكفره - هو بين في عدم إيمانه بالله تعالى." مجموع الفتاوى(/٤٠٩)

کەمترین ئەمە کەسێکە بەگومان بێت لەڕۆژی دوایی و زیندوبونەوە ئەمەش کوفرە ئەگەر بەڵگەی شەرعی بەرپاکرا لەسەر کافربونی خاوەنەکەی کە

ئینکاری لێ بکات، دوای ئیقامە حوجە حوکم ئەدرێت بەکافربونی و دەسەلمێت کە ئیمانی نیە بە اللە تعالی. ".

ئەمەش بەڵگەیەکی ڕوونە کە شێخی ئیسلام جێگیری کردوە کە ئینکاری کردنی ڕۆژی دوایی پێش ئیقامە حوجە و هاتنی پێغەمبەر خاوەنەکەی پێی کافر نابێت .

هەروەها فەرموودەی ئەو پیاوەی گومانی هەبوو لەدەسەڵاتی خوا لەزیندووکردنەوەی خواش لێی خۆشبوو.

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ، أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ : " قَالَ رَجُلٌ لَمْ يَعْمَلْ خَيْرًا قَطُّ : فَإِذَا مَاتَ فَحَرِّقُوهُ، وَاذْرُوا نِصْفَهُ فِي الْبَرِّ، وَنِصْفَهُ فِي الْبَحْرِ، فَوَاللَّهِ لَئِنْ قَدَرَ اللَّهُ عَلَيْهِ لَيُعَذِّبَنَّهُ عَذَابًا لَا يُعَذِّبُهُ أَحَدًا مِنَ الْعَالَمِينَ. فَأَمَرَ اللَّهُ الْبَحْرَ، فَجَمَعَ مَا فِيهِ، وَأَمَرَ الْبَرَّ فَجَمَعَ مَا فِيهِ، ثُمَّ قَالَ : لِمَ فَعَلْتَ ؟ قَالَ : مِنْ خَشْيَتِكَ، وَأَنْتَ أَعْلَمُ. فَغَفَرَ لَهُ ". متفق عليه

لەئەبو هوڕیرەوە، پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمویەتی : پیاوێك كەهیچ كردەوەیەكی چاكی نەكردبوو بەكەسوكارەكەی ووت ئەگەر مردم بمسوتێنن، پاشان خۆڵەمێشەكەم نیوەی لەوشكانیدا بڵاوبكەنەوە و نیوەكەی تریشی لە بیدەنە دەم بەحرا، چونكە وەڵاهی ئەگەر خوا زیندووم بكاتەوە سزایەك سزام ئەدات كەسی ئاوا سزا نەدابێت، جا كاتێك پیاوەكە مرد وەسێتەكەیان جێبەجێكرد، خواش ئەمری كرد بەووشكانی هەرچی خۆڵەمێشەكەیەتی

کۆبکرێتەوە هەروەها فەرمانیشی کرد بەدەریا هەرچی خۆڵەمێشەکەیەتی کۆبکرێتەوە پاشان زیندووی کردەوە و لێی پرسی بۆچی ئەم کارەت کرد ؟ پیاوەکە ووتی : لەترسی تۆ ئەی پەروەردگارم خۆتیش زاناتری، خواش لێی خۆشبوو.

زۆر بەڕوونی لەم حەدیسە دیارە ئەم پیاوە هیچ کردەوەیەکی چاکەی نەبووە و باوڕیشی وابوە ئەگەر بکرێت بەخۆڵەمێش خوا ناتوانێ زیندووی بکاتەوە کەئەمەش کوفرە نەزانینە بەتواناو دەسەڵاتی خوا بەڵام خوا بەهۆی نەزانیەکەی لێی نەگرت و لێی خۆشبوو هەر ئەوەنەی خوا ناسیوە کە ئەگەر زیندووی بکاتەوە زۆر سزایەکی بەئێشی ئەدات و زۆر ترساوە لەگوناحەکانی بەڵام لەزانا نەبووە لەتوانا و دەسەڵاتی خوا بۆیە باکەس نەیات بڵێ ئەم پیاوە زانابوە پێویست بەتەحریف و خۆ تەنگاوکردن ناکات شتەکە وازحە لەچ شتێ زانا بووە لەعەزابی خوا زانابووە. پاشان بابزانین ئیمامی نەوەوی دوای ئەوەی کۆمەڵێ لێکدانەوە دێنێ لەتەئویل کردنی ئەم حەدیسە چی دەڵێ دەڵێت:" ويجوز أن يكون على ظاهره كما ذكر هذا القائل، لكن يكون قوله هنا معناه إن الله قادر أن يعذبني إن دفنتموني بهيئتي فأما إن سحقتموني وذريتموني في البر والبحر فلا يقدر علي "شرح صحيح مسلم(17/74)

واتە: ئەشێت ئەم فەرموودەیە لەسەر ڕواڵەتەکەی بێت بەڵام ماناکەی ئەوەیە کەدەڵێ خوا بەتوانایە زیندووم بکاتەوە ئەگەر لەسەر شێوەی خۆم بمێژن

بەڵام ئەگەر ووردم بکەن و بمکەن بەخۆڵەمێش بمدەن بەدەم بایا لەوشکانی و لەدەریا ئەوکاتە خوا ناتوانێ زیندووم بکاتەوە. "

شێخی ئیسلام ئیبن و تەیمیە - رحمه الله- دەڵێت:" والحديث صريح في في أن الرجل طمع أن لايعيده إذا فعل ذلك وأدنى هذا أن يكون شاكا في المعاد- وذلك كفر إذا قامت الحجة النبوة على منكره حكم بكفره-هو بين في عدم إيمانه بالله تعالى، ومن تقول قوله: لئن قدر الله علي بمعنى قضى أو بمعنى ضيق فقد أبعد النجعة وحرف الكلم عن مواضعه ، فإنه إنما أمر بحريقه وتفريقه لئلا يجمع أو يعاد، وقال: إذا أنا مت فأحرقوني ثم اسحقوني ثم ذروني في الريح في البحر فوالله لئن قدر علي ربي ليعذبني عذاباً ما عذبه أحداً. فذكر هذه الجملة الثانية بحرف الفاء عقيب الأولى يدل على أنه سبب لها وأنه فعل ذلك لئلا يقدر الله عليه فعل ذلك فلو كان مقراً بقدرة الله عليه إذا فعل ذلك كقدرته عليه إذا لم يفعل لم يكن في ذلك فائدة له؛ ولأن التقدير والتضيق موافقان في للتعذيب وهو قد جعل تفريقه مغايراً لأن يقدر الرب . قال: فوالله لئن قدر الله علي ليعذبني عذاباً ما عذبه أحداً من العالمين. فلا يكون الشرط هو الجزاء ولأنه لو كان مراده ذلك لقال: فوالله لئن جازاني ربي أو لئن عاقبني ربي ليعذبني عذاباً كما هو الخطاب المعروف في مثل ذلك ودلائل فساد هذا التحريف كثيرة ليس هذا الموضع بسطها فغاية مافي هذا أنه كان رجلاً لم يكن عالماً بجميع مايستحقه

الله من الصفات وبتفصيل أنه قادر وكثير من المؤمنين قد يجهل مثل ذلك يكون كافراً."مجموع الفتاوى(309-11_411)

واتە: حەدیسە ئاشکرایە کە ئەم پیاوە بەو کارەی بەتەمابوو کە زیندووی نەکاتەوە، وە کەمترین شت ئەوەیە گومانی هەبوو لەزیندووکردنەوەی- ئەمەش کوفرە ئەگەر ئیقامە حوجەی لەسەربکرێ کافرئەبێ- ئەم ڕوونە کە ئیمانی نەبوە بەزیندووبونەوەی بەوشێوەیە، وەهەرکەسێ تەئویلی بکات بەوەی کە ئەڵێ ئەگەر خوا بڕیار بدات یان لێم تەنگ بکاتەوە ئەوا بابەتەکەی زۆر دوورخستۆتەوە و تەحریفی واتاکەی کردوە چونکە ئەم پیاوە فەرمانی کرد بەسوتاندنی و بڵاوکردنەوەی بۆ ئەوەی زیندوو نەبێتەوە ووتی ئەگەر مردم بمسوتێنن و بمکەنە خۆڵەمێش وبمدەن بەدەم بایا لەدەریا چونکە وەڵاهی ئەگەر خوا زیندووم بکاتەوە سزایەك سزام ئەدات سزای کەسی وەها نەدابێت، ئەم ڕستەیەی دووەمی بەپێتی فاء دوای ڕستەی یەکەم باسکردوە ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەیە هۆکارەکەیەتی کە ئەو ئەو کارەی کردوە بۆ ئەوەی خوا نەتوانێ زیندووی بکاتەوە، جا ئەگەر باوەڕی هەبوایە بەدەسەڵاتی خوا ئەگەر کرابەخۆڵەمێش زیندووی بکاتەوە وەك ئەوەی کە ئەگەر نەیکەن بەخۆڵەمێش زیندووی ئەکاتەوە ئەوا ئەم کارەی هیچ سوودێکی نابوو چونکە بڕیاردان و لێ تەنگ کردنەوە موافقی سزادانن بەڵام کە بەجیای کردەوە ئەو دەسەڵاتەی خوا و ووتی: سوێند بەخوا ئەگەر خوا زیندووم بکاتەوە سزایەک سزام

ئەدات کەسی ئاوا سزا نەدابێ. ئەوکاتە مەرج نابێت بە پاداشت چونکە ئەگەر مەبەستی ئاوابوایە دەیوت: وەڵاهی ئەگەر پەروەردگارم پاداشتم بداتەوە یان پەروەردگارم سزام بدات هەروەك زانراوە لەقسەکردندا، بۆیە بەڵگەکانی فەسادی ئەم تەحریف و گۆڕینە زۆرە لێرە شوێنی باسکردنی نیە، ئەوەی مەبەستە بیڵێین ئەوەیە ئەم پیاوە زانانەبوو بەهەموو ئەو شتانەی شایەنی خوایە لەسیفات و لەوەی بەتوانایە وە زۆرێکیش لە بڕوادارانن هەن ئەم شتانە نازانن بۆیە کافرنابن ."

هەروەها دەڵێ : فهذا الرجل شك في قدرة الله وفي إعادته إذا ذري، بل اعتقد أنه لايعاد، وهذا كفر باتفاق المسلمين، لكن كان جاهلاً لايعلم ذلك وكان مؤمناً يخاف الله أن يعاقبه فغفر له بذلك . والمتأول من أهل الاجتهاد الحريص على متابعة الرسول أولى بالمغفرة من مثل هذا."

مجموع الفتاوى(3/231)

واتە: ئەم پیاوە گومانی هەبوو لەتوانای خوا لەزیندوو کردنەوەی ئەگەر بکرێت بەخۆڵەمێش بدرێ بەدەم بایا، بەڵکو باوەڕی وابوو زیندوو نابێتەوە، ئەمەش کوفرە بەکۆڕای موسڵمانان، بەڵام ئەمە جاهیل بوو نەیدەزانی و بڕوادار بوو دەترسا لەخوا خواش بەهۆی ئەو ترسانەی لێی خۆشبوو، کەسی خاوەن تەئویل و اجتهاد کەسوورە لەسەر شوێنکەوتنی پێغەمبەر لەپێشترە بەلێخۆشبوون وەک لەم پیاوە ".

پاشان دەڵێت ↓↓↓

- [أَفَمَن يَعْلَمُ أَنَّمَا أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ الْحَقُّ كَمَنْ هُوَ أَعْمَىٰ ۚ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُولُو الْأَلْبَابِ] الرَّعْد (١٩).

ئاخۆ کەسێک بڕوای وابێ کە ئەو قورئانە لەلایەن پەروەردگارتەوە بۆت دابەزێنراوەو، هەموویشی بە حەق و ڕاست ئەزانێت [كَمَنْ هُوَ أَعْمَىٰ ۚ] وەکو ئەوکەسە وایە کە لەبارەی قورئانەوە کوت و کوێر و نابینایە و ڕاستییەکان نابینێ و باوەڕیان پێناکات؟ [إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُولُو الْأَلْبَابِ] بێگومان تەنها خاوەن بیر و ژیرەکانن تێئەگەن و ئەزانن کە ئەو قورئانە ڕاستەو لەلایەن اللە تعالى ـەوە هاتۆتە خوارەوە، ئەگینە لار و لاسارەکان گوێیان لێی نیە و باوەڕیشی پێناکەن. کەسانێک هەن لە ئاست قورئان کەڕ و لاڵ و کوێرن ئەمە توشی کوفری کردوون . ↓↓↓

وەڵامـــــم / ئەو کەسانە کە لەئاست قورئان کەڕ و کوێرن چونکە قورئان و حوجەیان بۆهاتووە بەڵام پشتیان لێ کردوە وجوابیان نەداوەتەوە و ئیهمالیان کرد و خۆیان کوێر و کەڕ کرد لەئاست فێربووون و تێگەیشتنی و بەدواکەوتنی، نەك لەڕاستیدا کەڕ و کوێربن چونکە هەمومان دەزانین کەسانی کەڕ و کوێر ئەصلەن هەر موکەلەف نین، چ جای ئەوەی نەزان بوبن.

ئیمامی قورطبي لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێت"

" قَوْلُهُ تَعَالَى: ﴿أَفَمَنْ يَعْلَمُ أَنَّمَا أُنْزِلَ إِلَيْكَ مِنْ رَبِّكَ الْحَقُّ كَمَنْ هُوَ أَعْمى﴾ هَذَا مَثَلٌ ضَرَبَهُ اللَّهُ لِلْمُؤْمِنِ وَالْكَافِرِ، وَرُوِيَ أَنَّهَا نَزَلَتْ فِي حَمْزَةُ بْنُ عَبْدِ الْمُطَّلِبِ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، وَأَبِي جَهْلٍ لَعَنَهُ اللَّهُ. وَالْمُرَادُ بِالْعَمَى عَمَى الْقَلْبِ، وَالْجَاهِلُ بِالدِّينِ أَعْمَى الْقَلْبِ.(إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُولُوا الْأَلْبابِ). "

واتە: [ئایا کەسێك دەزانێ ئەو دینەی بۆسەرتۆ دابەزێنراوە لەلایەن پەروەردگارتەوە حەقە ئایا وەک ئەو کەسە وایە کە کوێرە] ئەمە نمونەیەکە خوای گەورە هێناوێتیەوە بۆ ئیماندار و کافر، وە ڕیوایەت کراوە ئەم ئایەتە دابەزیوە دەربارەی حەمزەی کوری عەبدالموتەلێب ڕەزای خوای لێ بێ وە دەربارەی ئەبو جەهل لەعنەتی خوای لێ بێ، مەبەست بەکوێری کوێرایی دڵە، کەسی نەزان بەدین دڵەکەی کوێرە."

دەڵێن ئایا ئەبو جەهل جاهیل بوو بەدین ؟ ئایا ئەبو جەهل دەعوە و ڕیسالەی ئیسلامی پێ نەگەیشتبوو ؟ بەڵێ بێگوومان زانابوو بەدین و پێی گەیشتبوو و دەیزانی چی لێ داوا دەکات بەڵام قەناعەتی پێی نەبوو. بۆیە تەنها ئەوەنە بەسە بۆ ئیقامەحوجە، کەواتە ئایەتەکە هیچ پەیوەندیەکی نەبوو بەوەی نەزانی عوذر نەبێت.

پاشان ئەم ئایەتە دێنێتەوە و دەڵێت ↓↓↓

- [الْأَعْرَابُ أَشَدُّ كُفْرًا وَنِفَاقًا وَأَجْدَرُ أَلَّا يَعْلَمُوا حُدُودَ مَا أَنزَلَ اللَّهُ عَلَىٰ رَسُولِهِ ۗ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ] التوبَة (٩٧)

عەرەبە دەشتەکییەکانی دەرەوەی مەدینە، لەمەڕ بێ باوەڕیی و دوو ڕوویییەوە لەخەڵکانی تر سەر سەختترن [وَأَجْدَرُ أَلَّا يَعْلَمُوا حُدُودَ مَا أَنزَلَ اللَّهُ عَلَىٰ رَسُولِهِۦ] شایستە و لە بارتریشن بە نەزانینی سنووری ئەو یاسایانەی اللە تعالی ناردوونی بۆ پەیامبەرەکەی [وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ] وە اللە تعالی بەهەموو ئیش و کارێ زانایە، لە کارزان و کار دروستە.

ئەگەر سەرنج بەیەن لەم ئایتە زۆر ڕوون و ئاشکرا باسی کەسانێکە کە دەشتەکین و نەزان و جاهیلن بەوەی بۆ سەر پێغەمبەر ـ صلى الله عليه وسلم ـ دابەزیووە و سنور و حدودەکانی نازانن لەگەڵ ئەوەشدا بە [أَشَدُّ كُفْرًا وَنِفَاقًا] وەسف کراون ، مەبەستەکەی ئێمە ئەوەیە ئەوانە جاهیلن و حەق و سنورەکانی شەرع لایان ڕوون نیە .

↓↓↓↓

وەڵامـــــم / ئەم ئایەتە بەشێوەیەکی گشتی باس لەوەسفی شارنشینەکان و گوندنشینەکان ئەکات دەفەرمێت بەشێوەیەکی عام سیفاتی شارنشینە نزیکترە لەئیمان هێنان و باوەڕ و تێگەیشتوویی و کراوەیی و خێرکردن و قەناعەت کردن، وەك لەکەسانی دەوارنشین و گوندنشین کە سروشتیان وایە ڕەق و دوور پەرێز و سەرکەش و ڕەزیل و زیاتر سوورن لەسەر دونیا و پشت کردن لەقیامەت، بۆیە ئەم ئایەتە تەنها وەسفیان ئەکات نەك حوکم بدات بەسەریان بەکوفر، بەڵکو هۆکاری کافربوون و نەزانیان بەشەرع دەگەڕێنێتەوە

بۆ پشت كردنيان لەدين و بانگەوازى خوايى بەهۆى ئەو سيفەتە ئەعرابيەى كە هەيانە نەك بەهۆى جەهليان. هەروەك ڕاڤەكارانى قورئان دەفەرموون.

شێخ عبدالرحمن السعدي دەڵێت " يقول تعالى: ﴿الْأَعْرَابِ﴾ وهم سكان البادية والبراري ﴿أَشَدُّ كُفْرًا وَنِفَاقًا﴾ من الحاضرة الذين فيهم كفر ونفاق، وذلك لأسباب كثيرة: منها: أنهم بعيدون عن معرفة الشرائع الدينية والأعمال والأحكام، فهم أحرى ﴿وَأَجْدَرُ أَلَّا يَعْلَمُوا حُدُودَ مَا أَنْزَلَ اللَّهُ عَلَى رَسُولِهِ﴾ من أصول الإيمان وأحكام الأوامر والنواهي، بخلاف الحاضرة، فإنهم أقرب لأن يعلموا حدود ما أنزل الله على رسوله، فيحدث لهم - بسبب هذا العلم - تصورات حسنة، وإرادات للخير، الذي يعلمون، ما لا يكون في البادية. وفيهم من لطافة الطبع والانقياد للداعي ما ليس في البادية، ويجالسون أهل الإيمان، ويخالطونهم أكثر من أهل البادية، فلذلك كانوا أحرى للخير من أهل البادية، وإن كان في البادية والحاضرة، كفار ومنافقون، ففي البادية أشد وأغلظ مما في الحاضرة. ومن ذلك أن الأعراب أحرص على الأموال، وأشح فيها.

دەڵێت:" [.... ئەعربيەكان زياتر سوورن لەسەر كۆكردنەوەى پارە و سامان و ڕەزيلن تياى..] واتە هەندێك سيفەتيان تێدايە كە ڕوونەكەنە دين و پشتى لێ بكەن .

هەروەها ابن جەریر دەڵێت لە تفسیرەکەیدا :"
قال أبو جعفر: يقول تعالى ذكره: الأعراب أشدُّ جحودًا لتوحيد الله، وأشدّ نفاقًا، من أهل الحضر في القرى والأمصار. وإنما وصفهم جل ثناؤه بذلك، لجفائهم، وقسوة قلوبهم، وقلة مشاهدتهم لأهل الخير، فهم لذلك أقسى قلوبًا، وأقلُّ علمًا بحقوق الله."
دەڵێت: ئەعرابیەکان کافرترن لەئینکاری کردنی تەوحیدی اللە ، مونافیقترن لەخەڵکانی شار نشین، خوای گەورەش بەم شێوەیە وەسفی کردون لەبەرئەوەی کەسانی تەبیعەت ووشک و دڵڕەقن و ئەهلی خێر و چاکە کەم دەبینن بەهۆی ئەم سیفەتانەیان لەهەموو کەس زیاتر دڵ ڕەقتر و کەم عیلمترن بە مافەکانی اللە."
کەواتە ئەوانە خۆیان بەویستی خۆیان ، خویان بردوە بەرەو کوفر و بێ دینی چونکە تێکەڵاوی ئەهلی خێر و چاکە نابن و هەوڵی بۆ فێربونی حەق و ناسینی نادەن، هۆکارەکەش خۆیانن نەك عیلم بوونی نەبێت و ڕیسالە نەهاتبێت و قورس بێت فێربوون، چونکە لە ئایەتی دواتردا اللە تعالى دەفەرمێت لەناو ئەعرابیەکان هەیە ئیمانیان هەیە بەخوا و بەڕۆژی دوایی و دەبەخشن لەپێناو خوا و دێنە لای پێغەمبەر، وەك دەفەرمێت

(وَمِنَ ٱلۡأَعۡرَابِ مَن يُؤۡمِنُ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ وَيَتَّخِذُ مَا يُنفِقُ قُرُبَٰتٍ عِندَ ٱللَّهِ وَصَلَوَٰتِ ٱلرَّسُولِۚ أَلَآ إِنَّهَا قُرۡبَةٞ لَّهُمۡۚ سَيُدۡخِلُهُمُ ٱللَّهُ فِي رَحۡمَتِهِۦٓۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ)[سورة التوبة 99]

واتە: " وە هەندێکی تر لەو عەرەبە دەشتەکیانە هەیە کە باوەڕیان بەخوا و بەڕۆژی دوایی هەیە وە وای دادەنێت ئەوەی دەی بەخشێت هۆی نزیک بوونەوەیە لە خوا وە دوعا کردنی پێغەمبەر ﷺ بێداربن بێگومان ئەوە هۆی نزیک بوونەوەیانە لەخواوە لە ئایندەدا خوا دەیانخاتە ناو میهرەبانی و ڕەحمەتی خۆیەوە بێگومان خوا لێبوردە و میهرەبانە.

کەواتە ئەوە نەزانەکانی دەستەی یەکەم لە ئەعرابیەکان کەخوای گەورە باسی کردن و بەکوفر وەسفی کردن بەهۆی کەم تەرخەمی خۆیان و پشت کردنیان بووە، نەك دین نەبوێت و عیلم بونی نەبێت و ریسالەیان پێ نەگەیشتبێت، چونکە کۆمەڵێکی تر لە ئەعرابیەکان ئیمانیان هێناوە بەخوا و بەڕۆژی دوایی و هاتوونەتە خزمەت پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم.

پاشان ئەم ئایەتە دێنێ و بەهەڵە ئیستیدلالی پێ دەکات بۆ نەبونی عوذر بەنەزانی و دەڵێت :

↓

- [أَمِ اتَّخَذُوا مِن دُونِهِ آلِهَةً ۖ قُلْ هَاتُوا بُرْهَانَكُمْ ۖ هَٰذَا ذِكْرُ مَن مَّعِيَ وَذِكْرُ مَن قَبْلِي ۗ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ الْحَقَّ ۖ فَهُم مُّعْرِضُونَ] الأنبيَاء (٢٤) .

ئاخۆ ئەوان بێجگە لە اللە تعالى چەند خوایەکیان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە؟ [قُلْ هَاتُوا بُرْهَانَكُمْ ۖ] پێیان بڵێ: ئەی موحەممەد! -صلى الله عليه وسلم- بەڵگەی خۆتان بێنن بۆ راستیی ئەوەی ئەیڵێن [هَـٰذَا ذِكْرُ مَن مَّعِيَ وَذِكْرُ مَن قَبْلِي] ئەمەی لەم قورئانەدایە پەندو یاد خەڕەوەیە بۆ خۆم و بۆ ئەوانەی هاوەڵی منن و لەگەڵمدان، وە بەسەرهاتی پێغەمبەران و گەلانی پێش منیش باس ئەکات، دە ئایا لە کتێبی هیچ کامێکیاندا هاوەڵ و هاوبەش بۆ اللە تعالى ڕەوا بووە، ئەی ئێوە ئەوەتان لەکوێ هێنا؟ [بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ الْحَقَّ ۖ] بەڵکو ئەوان زۆربەی زۆریان هاوەڵ بۆ اللە تعالى دائەنێن و حەق و ڕاستیی نازانن [فَهُم مُّعْرِضُونَ] بێ لەوەش ڕوو وەردەگێڕن لە یەکخواپەرستیی و شوێنکەوتنی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- . ↓↓↓↓

وەڵامـــــم / ئەم ئایەتە دەربارەی کافرەکانی قورەیش دابەزیوە و هەر لەخوودی ئایەتەکە وەڵامەکەت هەیە، کە دەفەرمێت[بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ الْحَقَّ ۖ فَهُم مُّعْرِضُونَ] زوربەی ئەوانە کە حەق ناناسن چونکە پشتیان کردوە لەو حەقە. کەواتە نەزانیەکەیان لەبەرنەبونی دین و عیلم و تێگەیشتن نیە بەڵکو خۆیان نایانەوێ پشتیان لێ کردوە.

پاشان ئەم ئایەتە دێنێتەوە بەبەڵگەی ئەوەی ئەو کافرانە داوای هاتنی قیامەتیان کردوە و باوەڕیان پێی نەبوە و کەس پێی نەوتون قیامەت هەیە خواش سزای داون و نەزانیان لێ قبوڵ نەکراوە !!!

↓↓↓↓

- [يَسْتَعْجِلُ بِهَا الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِهَا ۖ وَالَّذِينَ آمَنُوا مُشْفِقُونَ مِنْهَا وَيَعْلَمُونَ أَنَّهَا الْحَقُّ ۗ أَلَا إِنَّ الَّذِينَ يُمَارُونَ فِي السَّاعَةِ لَفِي ضَلَالٍ بَعِيدٍ] الشُّورَى (١٨)

ئەوانەی بە قیامەت بڕوایان نیە بەگاڵتەوە پەلە لە هاتنی ئەکەن! [وَالَّذِينَ آمَنُوا مُشْفِقُونَ مِنْهَا] ئەوانەی بڕوایان هێناوە بەردەوام لە هاتنی قیامەت ئەترسن [وَيَعْلَمُونَ أَنَّهَا الْحَقُّ ۗ] ئەشزانن کە بێگومان ئەو سات و رۆژە راست و حەقەو هەر پێش یەت ،[أَلَا إِنَّ الَّذِينَ يُمَارُونَ فِي السَّاعَةِ لَفِي ضَلَالٍ بَعِيدٍ] هۆشیار بن! بەڕاستیی ئەوانەی وا لە بارەی رۆژی دوایی شەڕە قسەو دەمەدەمێ ئەکەن، لە بزر بوون و گومڕاییەکی زۆر سەخت و دوور لە حەقدان، واتە: زۆر سەر لێشێواو و سەرگەردانن . ↓↓↓

وەڵامـــــم / ئەو برا بەڕێزە دوبارە بەهەڵە ئایەتەکە تەفسیر ئەکات و لێی حاڵی نابێت، خوای گەورە دەفەرمێت ئەوانەی بەقیامەت باوەڕیان نیە پەلە لەهاتنی دەکەن، ئەم کەسە کافرانە کاتێ داوای هاتنی قیامەت ئەکەن دوای چی ئەم قسەیە ئەکەن ؟ دوای ئەوە ئەم قسەیە ئەکەن کە پێغەمبەرەکانیان باسی زیندوبونەوە و ڕۆژی قیامەتیان بۆ ئەکەن و بەو ڕۆژە ترسناکە

ئەیانترسێنن بەڵام ئەوان ناچێتە مێشکیانەوە و قەناعەت ناکەن، هەرچەن پێغەمبەرەکانیان بەچەندین بەڵگەی عەقڵی و نەقڵی بۆیان دەسەلێنن هەر جیدال دەکەن و قەناعەت ناکەن وەک خوای گەورە ئەو موناقەشانەی بۆمان نەقڵ کردوە لەقورئان، کەواتە ئەوانە ئیقامە حوجە کراون بەڵام بەهۆی پیسی و خراپی و تەکەبور و قەناعەتیان نەکردوە قەناعەت نەکردنیش دوای هەواڵ پێدان و ڕونکردنەوە بەهیچ شێوەیەك بەمەرج نەگیراوە بۆ ئیقامەی حوجە.
کەواتە زۆر بەڕوونی هەڵەکانی ئەو برا بەڕێزەمان دەرخست و سەلماندمان ئەوەی ئەو ئەیڵێت هیچ پەیوهندی نیە بەو بابەتەوە.

پاشان دەڵێت ↓↓↓

وە ئایەتەکەی سورەتی " محمد " یش ، بە هەمان شێوە باسی حالەتێک لە حالەتەکانی کافران ، وە جۆرێک لە جۆرەکانیان ئەکات ، ئەویش ئەو موسڵمانەیە مورتەد ئەبێتەوە پاش ئیمان هێنان ، واتە کافرێکە پێشتر موسڵمان بووە و مورتەد بووەتەوە پاش ئیمان هێنان ، بەڵام خۆ هەموو کافرێک مورتەدنەبووەتەوە پاش ئیمان هێنان ، هەر کەسێک بانگەشەی ئەوە بکات ئەوە کەسێکی موتەکەبیر و باغی و زیادەڕەوە ، ئەوەی بڕاوەتەوە و هیچ قسەی لەسەر نیە لە ناو کافرە سزادراوەکان کەسانێک هەن هەرگیز داخیلی ئیسلام نەبووە ، بەڵکو زۆرینەیان لەم جۆرەن .

↓↓↓

وەڵامـــــم / ئەو ئایەتە پیرۆزەی سورەتی موحەممەد باسی کەسانێك ئەکات کە موسڵمان بوونە سەرەتا و داخلی ئیسلام بونە پاشان هەموو شتێکی ئەو دینەیان بۆ ڕوون بۆتەوە وەك اللە تعالی دەفەرمێت (إِنَّ ٱلَّذِينَ ٱرۡتَدُّواْ عَلَىٰٓ أَدۡبَٰرِهِم مِّنۢ بَعۡدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمُ ٱلۡهُدَى ٱلشَّيۡطَٰنُ سَوَّلَ لَهُمۡ وَأَمۡلَىٰ لَهُمۡ)[سورة محمد 25] دەفەرمێت [مِّنۢ بَعۡدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمُ ٱلۡهُدَى] دفەرمێت: دوای ئەوەی دینی خوایان بۆ ڕوون بۆیەوە، ئەوجا مورتەد بونەوە، ئەم ڕون بونەوەیەشی کردە مەناطی ئەوەی کوفرەکەیان بۆتە هۆکاری مورتەدبوون و جێگیربوونی فریودانی شەیطان بۆیان، پاشان کافرانی بنەڕەتی کە کافرن خۆ نەمان ووتوە لەبەرئەوە کافرن کە مورتەد بوبێتنەوە بەڵکو لەبەر ئەوەی کافرن چونکە داخلی ئیسلام نەبوونە ، هیچ دینێ نەماوە و نیە لەسەر زەوی بەدین دابنرێ لای اللە و قبوڵ کراوبێ لەغەیری ئیسلام بۆیە هەموو ئەوانەی کە لەغەیری ئیسلامن کافرن نەك لەبەر ئەوەی مورتەدبن بەڵکو لەبەر ئەوەی داخلی ئیسلام نین، ئەمەش هۆکاری نەزانیەکەی ئەو برا بەڕێزەیە کە نازانێت مەناطی کافربونی کافرانی بنەڕەتی ئەصلی چیە .

لێرەدا کۆتایی دێنین بەوەڵامی ئەمجارەمان، بەاللە تعالاتان ئەسپێرین.

وەڵامی وانەی 31 قاعیدە گومڕاکەرەکان

بسم الله والحمدلله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن والاه أما بعد :

شێرکۆ دەڵێ لە بابەتی ئەمجارەمان إن شاء الله وەڵامی چەن شوبهەیەکی تر ئەدەینەوە، کە دەڵێن:

↓↓

ئەو ڕوخستەی کە لەو ئایەت و فەرموودانەدا هاتوون سەبارەت بە عوذر بەخطأ و هەڵە گشتی و عامن و تەخصیصی عمومی ئایەتەکانی شیرک ئەکەن کە الله تعالی بەڵێن و پەیمانی یاوە کە لەو کەسە خۆش نابێت کە شەریکی بۆ دائەنێت .

وە دەڵێت: جەهل و خطأ دوو شتی لێک جیاوازن و یەک شت نین بەڵام ئەگەر تەنازول لەوە بکەین

ئەو ڕوخستە لە سەر گشتی و عمومی نیە بە پێی بەڵگەکانی قورئان و سوننەت و ئیجماعی ئومەت و تێگەیشتنی و فەهمی هاوەڵان و ئەئیمە بەڕێزەکان و ئەوانی پاش ئەوانیش .

↓↓

منیش لەوەڵامدا ئەڵێم / هیچ بەڵگەیەك نیە كە ئەو ئایەت و فەرموودانەی بەگشتی هاتوون بۆ عوذر بە خطأ كەوا گشتین و تخصیصی عمومی ئایەتەكانی شیرك بكەن، ئەوە دەیڵێیت تەنها و درۆیەكی خۆتە كە تەحریف و ووتەكانی زانایانی پێ ئەكەی و مانای ئایەت و حەدیسەكانی پێ ئەگۆڕی هەروەك جولەكە و گاور كاتێ هەستان بەتەحریف كردنی دینەكەیان الله تعالى لەبارەیانەوە فەرمووی " یحرفون الكلم عن مواضعه "

پاشان دەڵێیت جەهل و خطأ دوو شتی جیاوازە !!

بەڵێ لای كەسێكی نەخوێندەوارو نەشارەزا و نەزان بەزمانی عەرەبی جیاوازە، بەڵام ئەوەتا شێخی ئیسلام ابن تەیمیە تەئصیل بەئایەتەكان و فەرموودەكانی عوذر بەخطأ دەكات لەسەر جێگیركردنی عوذر بەجەهل و دەڵێت خطأ و جهل یەك شتن چونكە كەسی بەهەڵەداچوو نەیزانیوە و هەڵەی كردوە و مەبەستی هەڵەكردنی نەبووە ، بەهەمان شێوە كەسێكیش جاهیل وبە نەزانی توشی شیرك بووە نەیزانیوە شیركی ئەنجام داوە و مەبەستی ئەنجام دانی كوفر نەبووە، چونكە خطأ بریتیە لە "نەفی قصد" "جهل" یش بریتیە: لە نەفی عیلم ، وە هیچ تەكنیفێكیش نیە بەبێ عیلم.

تێكڕای زانایان و زۆربەی محققین لەوانە ابن عطیة و ابن تیمیة و ابن كثیر دەڵێن خطأ مانای شتێكە كە بەئەنقەست نەبێت، وە مانای ئایەتی "(رَبَّنَا لَا

تُؤَاخِذۡنَآ إِن نَّسِينَآ أَوۡ أَخۡطَأۡنَاۚ رَبَّنَا)ويكون معنى الدعاء: ربنا لاتؤخذنا إن ذهلنا عن ما كلفتنا به أو جهلناه"

واته: ئەم ئایەتە بەمانای دوعایە و خوای گەورە فێرمان دوعا بکەین و بڵێین پەروەردگارا لێمان مەگرە ئەگەر ئەوەی تەکلیفت لێ کردوین لەبیرمان چوو یان نەمانزانی."بڕوانە المحرر الوجيز ابن عطية (2/454) ومجموع الفتاوى (12/490).تفسير ابن كثير (1/741)

زانایان دەڵێن دیلالەتی ئەم دەقانە عامن و یەکسانە هەڵەکردن لە ئوصول بێت یان لە فروع، لەجەختکردنەوەی ئەم گشتیە ئیمام ابن حەزم دەڵێت: صح بالنص أن الخطأ مرفوع عنا، فمن حكم بقول ولم يعرف أنه خطأ، وهو عند الله خطأ، فقد أخطأ ولم يتعمد الحكم بما يدري أنه خطأ، فهذا لاجناح عليه في ذلك عند الله تعالى، وهذه الآية يعني قوله تعالى(وليس عليكم جناح فيما أخطأتم به) عموم دخل فيه المفتون والحكام والعاملون والمعتقدون، فارتفع الجناح عن هؤلاء بنص القرآن فيما قالوه أو عملوا به مما هم مخطئون فيه "الإحكام في أصول الأحكام (٨/٦٣٣).

دەڵێت: بەنەص چەسپاوە هەڵەکردن گوناحی لەسەرنیە، هەرکەسێ بڕیاربدات بە ووتەیەك و نەزانێت کە هەڵەیە ، بەڵام لای خوا هەڵەبێت، ئەوا هەڵەی کردوە بەئەنقەست ئەو هەڵەیەی ئەنجام نەداوە چونکە نەیزانیوە، هەربۆیە ئەم کەسە لای خوا گوناحی ناگات هەروەك خوای گەورە دەفەرمێت (وليس

عليكم جناح فيما أخطأتم به) ئەم ئایەتە گشتیە هەمووان ئەگرێتەوە لە موفتیەکان و لە دەسەڵاتداران و لەوکەسانەی کار دەکەن بەهەڵە و بیروباوەڕی هەڵەیان هەیە، هەموو ئەم کەسانە گوناحیان لەسەر هەڵگیراوە بەدەقی قورئان."

هەروەها شێخی ئیسلام ابن تەیمیە دەربارەی ئەوانەی بەخطأ و تەئویل و اجتهاد توشی کوفر وشیرکی گەورە بون، دەڵێت:" القول المعروف عن الصحابة والتابعين لهم بإحسان وأئمة الدين أنهم لايكفرون ولايفسقون ولايؤثمون أحداً من المجتهدين المخطئين لا في مسألة عملية ولا علمية، قالوا: والفرق بين مسائل الفروع والأصول إنما هو من أقوال أهل البدع "منهاج السنة (5/87)

دەڵێ: قسەی زانراو دەربارەی صەحابە و تابیعین و شوێنکەوتە چاکەکانیان و پێشەوایانی دین ئەوەیە کە هیچ کەسێك تەکفیر و تەفسیق و تاوانبار ناکەن مادام کەسەکە ئیجتیهادی کردبێت یان هەڵەی کردبێت نە لەبابەتە عەمەلیەکان وە نە لەبابەتە عەقیدەییەکان، وە جیاوازی کردنیش لەمە لەبابەتەکانی ئوصول و فروع لە ئەقوالەکانی ئەهلی بیدەعە."

[کەواتە شێرکۆ فەنی تۆ و هاو ئاوازەکانت زاناترن لەابن تەیمیە لە وتەکانی سەلەف و صەحابە وتابیعین و ئەئیمە یان ابن تەیمیە زاناتر و شارەزاترە ؟! ئەقڵ بۆ بەشەر باشە !!! بەڵام کە نیتانە چی بکەین.]

پاشان الله تعالى خۆى عوذرى بەخطأ پێمان داوە كەدەفەرمێت (رَبَّنَا لَا تُؤَاخِذۡنَآ إِن نَّسِينَآ أَوۡ أَخۡطَأۡنَاۚ رَبَّنَا وَلَا تَحۡمِلۡ عَلَيۡنَآ إِصۡرٗا كَمَا حَمَلۡتَهُۥ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِنَاۚ رَبَّنَا وَلَا تُحَمِّلۡنَا مَا لَا طَاقَةَ لَنَا بِهِۦۖ)[سورة البقرة 286]

ئیمامی ابن جەریری تەبەرِی لەمانای ئایەتەکەدا دەڵێت" قال أبو جعفر: وهذا تعليم من الله عز وجل عباده المؤمنين دعاءه كيف يدعونه، وما يقولونه في دعائهم إياه. ومعناه: قولوا:"ربنا لا تؤاخذنا إن نسينا" شيئا فرضت علينا عمله فلم نعمله،"أو أخطأنا" في فعل شيء نهيتنا عن فعله ففعلناه، على غير قصد منا إلى معصيتك، ولكن على جهالة منا به وخطأ،"

دەڵێ: ئەبو جەعفەر دەڵێت، ئەمە فێرکردنی الله عزوجل ە بۆ بەندە بڕوادارەکانی کە چۆن لێی بپارِێنەوە و چی بڵێن لەدوعاکانیان، ماناکەی ئەوەیە، بڵێن پەروەردگارا لێمان مەگرە ئەگەر شتێك فەرِزت کردبولەسەرمان بیرمان چوو و کارمان پێنەکرد، یان هەڵەمان کرد لەئەنجامدانی کارِێك کە رِێگریت کردبوو لێمان لەکردنی و ئەنجاماندا بەبێ ئەوەی مەبەستی سەرپێچی کردنی تۆمان هەبوبێت، بەڵام بەنەزانیمان بەو گوناحە و بەهۆی هەڵەی خۆمان."

ئیمام ابن کثیر دەڵێ دەربارەی أخطأنا" واتە: ﴿أَوْ أَخْطَأْنَا﴾ أَيِ: الصوابَ فِي الْعَمَلِ، جَهْلًا مِنَّا بِوَجْهِهِ الشَّرْعِيِّ."

واتە: "هەڵەمان کرد" یەعنی ئەگەر هەڵەمان کرد لەکردنی کارێك و نەمانێکا بەهۆی نەزانیمان بەڕوەشەرعیەکەی"

[کەواتە بڕوانن موفەسیرینی قورئانی پیرۆز بەشێوەیە گشتی باسی هەڵەیان کردوە و هەڵەیان دابەش نەکردوە بۆ ئوصول و فروع وەکو ئەهلی بیدەع، بەڵکو هەڵە هەر هەڵەیە بەشێوەیە گشتی و ڕەها هاتووە لەئایەتەکان و هیچ تایبەت کردنێکی تیا نیە کەواتە هەڵە لەتەفسیری زانایان بریتیە لەتەئویل و جەهل و نەپێکان کاتێ کارێ ئەنجام ئەدەی وا ئەزانی شەرعیە مەبەستت چاکە و خوایە بەڵام نازانی و مەبەستت نیە سەرپێچی و شیرك ئەنجام بدەی.]

هەروەها ئیمامی قورطوبی لەتەفسیری ئەو ئایەتەدا دەڵێت: التاسعة- قوله تعالى: (رَبَّنا لَا تُؤاخِذْنا إِنْ نَسِينا أَوْ أَخْطَأْنا) الْمَعْنَى: اعْفُ عَنْ إِثْمِ مَا يَقَعُ مِنَّا عَلَى هَذَيْنَ الْوَجْهَيْنِ أَوْ أَحَدِهِمَا، كَقَوْلِهِ عَلَيْهِ السلام: "رفع عن أمتي الخطأ والنسيان وَمَا اسْتُكْرِهُوا عَلَيْهِ" أَيْ إِثْمُ ذَلِكَ. وَهَذَا لَمْ يُخْتَلَفْ فِيهِ أَنَّ الْإِثْمَ مَرْفُوعٌ، وَإِنَّمَا اخْتُلِفَ فِيمَا يَتَعَلَّقُ عَلَى ذَلِكَ مِنَ الْأَحْكَامِ، هل ذلك مرفوع لا يلزم منه شي أَوْ يَلْزَمُ أَحْكَامُ ذَلِكَ كُلِّهِ؟ اخْتُلِفَ فِيهِ. وَالصَّحِيحُ أَنَّ ذَلِكَ يَخْتَلِفُ

بِحَسَبِ الْوَقَائِعِ، فَقِسْمٌ لَا يَسْقُطُ بِاتِّفَاقٍ كَالْغَرَامَاتِ وَالدِّيَاتِ وَالصَّلَوَاتِ الْمَفْرُوضَاتِ. وَقِسْمٌ يَسْقُطُ بِاتِّفَاقٍ كَالْقِصَاصِ وَالنُّطْقِ بِكَلِمَةِ الْكُفْرِ.

دەڵێ: حوکمی نوێیەم کە لەئایەتەکە وەردەگیرێ، حوکمی گونجاربون کاتێ بەهۆی لەبیرچوون و هەڵەوە توشمان ببێت، هەروەك فەرمودەکەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمویەتی[لەسەر ئومەتەکەم هەڵگیراوە تاوانباربون بەهۆی هەڵە و لەبیرچوون و زۆرلێکردن] ئەمە خیلافی تیانیە ئەم دوو حاڵەتە تاوان و گوناحی تیانیە بەڵام خیلاف لەو ئەحکامانە هەیە کەبەهۆی لەبیرچون و هەڵەوە دێتەکایەوە، ئایا ئەو ئەحکامانەش لێی بوراوین و هیچی ناکەوێتە سەرمان یان هەموو حوکمەکان دەکەوێتە ئەستۆمان؟ خیلاف هەیە تیایدا. بەڵام صەحیح ئەوەیە حوکمەکان بەپێی ڕوداوەکان ئەگۆڕێ، بەشێکیان لەسەرمان لاناچێت بەئیتیفاقی زانایان وەکو پێبژاردەکان و خوێنەکان و نوێژە فەرزەکان، بەڵام بەشێکی تریان بەهۆی لەبیرچوون و هەڵەوە لەسەرمان ناکەوێ بەئیتیفاقی زانایان وەکو تۆڵەکردنەوە و نوطق کردن بە کەلیمەی کوفر."

شێخ عبد الرحمن السعدي دەڵێت : " وهذا عام في كل ما أخطأ فيه المؤمنون من الأمور العملية والأمور الخبرية " انتهى من "الإرشاد إلى معرفة الاحكام" ص 208.

دەڵێ: ئەم حەدیسە گشتیە بۆ هەموو ئەو هەڵانەی ئیمانداران هەڵەی تێدا ئەکەن لەبابەتەکانی فیقە و عەقیدە."

هەروەها ئیمامی بەغەوی لەتەفسیرەکەیدا دەڵێت " ﴿أَوْ أَخْطَأْنَا﴾ قِيلَ مَعْنَاهُ الْقَصْدُ وَالْعَمْدُ يُقَالُ: أَخْطَأَ فُلَانٌ إِذَا تَعَمَّدَ، قَالَ اللَّهُ تَعَالَى: ﴿إِنَّ قَتْلَهُمْ كَانَ خطأ كَبِيرًا﴾ (٣١-الْإِسْرَاءِ) قَالَ عَطَاءٌ: إِنْ نَسِينَا أَوْ أَخْطَأْنَا يَعْنِي: إِنْ جَهِلْنَا أَوْ تَعَمَّدْنَا، وَجَعَلَهُ الْأَكْثَرُونَ مِنَ الْخَطَإِ الَّذِي هُوَ الْجَهْلُ وَالسَّهْوُ، "

دەڵێ: دەوترێ خطأ، مانای ئەوەیە شتێ بەمەبەست و ئەنقەست بکەی، عطاء دەڵێ: إِنْ نَسِينَا أَوْ أَخْطَأْنَا" واتە ئەگەر نەمانزانی و بەئەنقەست کردمان، زۆرینە دەڵێن خطأ بریتیە لە جەهل و نەزانی و سەهو کردن"

هەروەها اللە تعالى دەفەرمێت (وَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاح فِيمَآ أَخْطَأْتُم بِهِۦ وَلَٰكِن مَّا تَعَمَّدَتْ قُلُوبُكُمْ ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورا رَّحِيمًا)[سورة الأحزاب 5].

ئیمامی ابن جەریر لەتەفسیری ئەم ئایەتەش دەڵێت:

يقول: ولا حرج عليكم ولا وزر في خطأ يكون منكم في نسبة بعض من تنسبونه إلى أبيه، وأنتم ترونه ابن من ينسبونه إليه، وهو ابن لغيره ﴿وَلَكِنْ ما تَعَمَّدَتْ قُلُوبُكُمْ﴾ يقول: ولكن الإثم والحرج عليكم في نسبتكموه إلى غير أبيه، وأنتم تعلمونه ابن غير من تنسبونه إليه.وبنحو الذي قلنا في ذلك قال أهل التأويل.

دەڵێ: هیچ حەرەج و گوناحێکتان لەسەر نیە لەهەڵەیەکدا کەئەنجامی بدەن لەوەی نیسبەتی کەسێك بدەنە پاڵ باوکی ، ئێوە وابزانن ئەو کەسە باوکێتی بەڵام لەڕاستیدا ئەو کوری کەسێکی تربێت، ﴿وَلَكِنْ ما تَعَمَّدَتْ قُلُوبُكُمْ﴾بەڵام لەکاتێك گونجبار ئەبن و لێتان ئەگیرێ کە کەسێك بدەنە پاڵ غەیری باوکی و بزانن و عیلمتان هەبێ، ئەمەش وتەی هەموو ئەهلی تەفسیرە کە هەروەک ئێمە دەڵێن."

[کەواتە بەڕێزان خطأ بریتیە لەئەنجامدانی کارێك یان وتنی گوفتارێك جا هەر کار و گوفتارێك بێت بەنەزانی و جەهل ئەمەش خوای گەورە زۆر بەڕوونی ڕونیکردۆتەوە کەوا خاوەنەکەی مادام نەزانە گوناحی ناگات و لێی ناگیرێ و ئەمەش بەڵگەیە بۆبونی عوذر بەجهل]

وه شێخی ئیسلام دەفەرمێت : وهكذا الأقوال التي يكفر قائلها قد يكون الرجل لم تبلغه النصوص الموجبة لمعرفة الحق، وقد تكون عنده ولم تثبت عنده، أو لم يتمكن من فهمها، وقد يكون قد عرضت له شبهات يعذره الله بها، فمن كان من المؤمنين مجتهدا في طلب الحق وأخطأ فإن الله يغفر له خطأه كائنا ما كان في المسائل النظرية أو العملية هذا الذي عليه أصحاب النبي صلى الله عليه وسلم وجماهير أئمة الإسلام " مجموع الفتاوى[23/346] .

دەڵێت: ئەو ئەقوالانەی خاوەنەکەی تەکفیرئەکرێت بەهۆیەوە جا ئەشێت خاوەن ئەو قەولانە ئەو دەقانەی پێ نەگەیشتبێت کە ئەو حەقەی پێ ڕابەگەیەنێت کە کوفرە، یان دەشێت پێی گەیشتبێت بەڵام لای ئەو جێگیر نەبوبێت، یان لێی حاڵی نەبوبێت، یان شوبهەی توش بوبێت و خوا عوذری پێ بدا، بۆیە هەرکەسێك لەبڕوادارن هەوڵ بدات لەداواکردنی حەق بەڵام بەهەڵەدا بچێت ئەوا خوا لە هەڵەکەی خۆش ئەبێت، ئەگەر هەڵەکەی لەهەرشتێکدا بێت لە عەقیدە بێت یان لە فیقە و کردوەکان ئەمەش مەنهەجی ئەصحابی پێغەمبەرە صلى الله عليه وسلم هەروەها مەنهەجی جەماوەری زانایانە.

هەروەها دەڵێت :" وبيننا أن المؤمن الذي لا ريب في إيمانه قد يخطئ في بعض الأمور العلمية الاعتقادية فيغفر له، كما يغفر له ما يخطئ فيه من الأمور العملية." بغية المرتاد(1/311).

دەڵێت:" ڕونمان کردەوە کەسی بڕودار کەگومان نیە لە ئیمانەکەی، ئەشێت بەهەڵەدا بچێت لەهەندێك بابەتی عیلمی عەقیدەیی خواش لێی خۆش ببێت، هەروەك چۆن خوا لێی خۆشبونی بۆ هەیە ئەگەر بەهەڵەدابچێت لەبابەتە کردەوەییەکان."

هەروەها دەڵێت : وليس لأحد أن يكفر أحدا من المسلمين وإن أخطأ وغلط حتى تقام عليه الحجة وتبين له المحجة، ومن ثبت إسلامه بيقين لم يزل ذلك عنه بالشك، بل لايزول إلا بعد إقامة الحجة وإزالة الشبهة. "مجموع الفتاوى (١٢/٤٦٦).

دەڵێت: بۆ هیچ کەسێك نیە کەسێ لەموسڵمانان تەکفیربکات کاتێ هەڵەدەکات و غەلەت دەکات تاکو ئیقامەی حوجەی لەسەر نەکرێت و بەڵگەی بۆ ڕوون نەکرێتەوە، چونکە هەرکەسێك موسڵمانێتی جێگیربوو بەدڵنیایی ئەوا کافر نابێتەوە بە گومان، بەڵکو دوای ئیقامەی حوجە و ڕەواندنەوەی شوبهە کافر دەبێت."

ئيمام قاضي ابن العربي: كه القاسمي لەتفسيرەكەيدا نەقڵی كردوه" محاسن التأويل 1308-1307/5

له تەفسیری سورة النساء ئایەتی 48 دەیگێڕێتەوە و دەڵێ: عن القاضي أبي بكر بن العربي المالكي قوله في شرحه على صحيح البخاري، وأقره على ذلك: "فالجاهل والمخطئ من هذه الأمة، ولو عمل من الكفر والشرك ما يكون مشركاً أو كافراً، فإنه يعذر بالجهل والخطأ، حتى تتبين له الحجة، الذي يكفر تاركها، بياناً واضحاً ما يلتبس على مثله، وينكر ما هو معلوم بالضرورة من دين الإسلام مما أجمعوا عليه إجماعاً جلياً قطعياً، يعرفه كل من المسلمين من غير

نظر وتأمل، كما يأتي بيانه إن شاء الله تعالى، ولم يخالف في ذلك إلا أهل البدع .اهـ "[5]

دەڵێ: قازی ئەبی بەکر بن العربی دەڵێ: نەزان و کەسی خاوەن هەڵە لەم ئومەتە ئەگەر کاری کوفری و شیرکی ئەنجام بدات پێی نابێت بەکافر یان موشریك چونکە بیانووی هەیە بەنەزانی و هەڵە، تاکو بۆی ڕوون ئەکرێتەوە بەشێوەیەکی وا کەهیچ گومانی نەمێنێ، یاخود ئینکاری بکات لە شتێ کە زانینی بەزەرورەتی دین زانراوە و ئیجماعی قەطعی لەسەرە هەموو موسڵمانان دەیزانن بەبێ تێروانین و بیرکردنەوە ئەمەش دەبێ ئیقامە حوجە بکرێ کە ئینکاری لێ بکات کەس نیە لەمانە خیلافی هەبێ ئیلا ئەهلی بیدەع نەبێت. کەواتە ئەم ئیجماعی ئەهلی سونەی لەسەرە.

ئیمام ابن حەزم و ئیمام قاضي ابن العربي المالكي زۆر زۆر پێش شێخی ئیسلام ابن تەیمیە ئەصلەن ئیجماعیان نەقڵ کردوە لەسەر بونی عوذر بەجەهل و خطأ و تەئویل لەهەموو بوارەکانی دین چ عەقیدە و ئوصول و چ فروعی دین ئەوەتا ئیمام ابن حەزم دەڵێت: لەهەموو بوارەکانی دین چ ئەصلی دین بێت وەك عقائد و عیبادات یان یان خوارتر لەئەصلی دین اجتهادبکات و هەڵە بکات تیایدا لەهەر بواڕێك ئەوا عوذری هەیە بەنەزانین و ئەمەش قەولی ابن ابی لەیلی و شافیعی و ئەبو حەنیفە و سوفیانی ثەوری و داودی کوری عەلی ڕەزای خوای لێ بێت، هەروەها قەولی هەموو صەحابەیە کە وتەیان

لەم بابەتە هەبوبێت، ئەصلەن هیچ خیلافیان لەمە نەبووە تەنها خیلافیان لەتارکی ئەرکانەکانی ئیسلام هەبوە."

ئەمەش دەقی وتەکانێتی

ابن حزم له "الفِصل في الملل والأهواء والنحل" دەربارەی ئەوانەی کافر دەبن و ئەوانەی کافر نابن دەڵێ 3/291-302 دەڵێ لەلاپەڕە 291-292: اختلف الناس في هذا الباب فذهبت طائفة إلى أن مخالفهم في شيء من مسائل الاعتقاد أو في شيء من مسائل الفتيا فهو كافر وذهبت طائفة إلى أنه كافر في بعض ذلك فاسق غير كافر في بعضه على حسب ما أدتهم إليه عقولهم وظنونهم وذهبت طائفة إلى أن من خالفهم في مسائل الاعتقاد فهو كافر وأن من خالفهم فيمسائل الأحكام والعبادات فليس كافراً ولا فاسقاً ولكنه مجتهد معذور إن أخطأ مأجوربنيته، وقالت طائفة بمثل هذا فيمن خالفهم في مسائل العبادات وقالوا فيمن خالفهم في مسائل الاعتقادات إن كان الخلاف في صفات الله عز وجل فهو كافر وإن كان فيما دون ذلك فهو فاسق وذهبت طائفة إلى أنه لا يكفر ولا يفسق مسلم بقول قاله في اعتقاد أو فتيا وأن كل من اجتهد في شيء من ذلك فدان بما رأى أنه الحق فإنه مأجور على كل حال إن أصاب الحق فأجران وإن أخطأ فأجر واحد وهذا قول ابن أبي ليلي وأبي حنيفة والشافعي وسفيان الثوري وداود بن علي رضي الله عن جميعهم وهو قول كل من عرفنا له قولاً في هذه المسألة من الصحابة رضي الله عنهم ما نعلم منهم في ذلك

خلافاً أصلاً..."، واستثنى من ذلك اختلافهم في تكفير تارك أركان الإسلام العملية..

دەڵێت: خەڵکی خیلافیان هەیە لەم بابەتە، تاقمێ بۆ چۆنیان وایە هەرکەسێ پێچەوانەیان بکات لەبابەتەکانی عەقیدە یان لەبابەتەکانی فەتوا ئەوا کافرە، بەلام تاقمێ تر دەڵێن لەهەندێ لەوانە فاسقە بەلام لەهەندێ تری کافرە بەپێی عەقڵ و گومانەکانیان، تاقمێ تر دەڵێن هەرکەسێ پێچەوانەیان بکات لەبابەتەکانی عەقیدە ئەوا کافرە بەلام لەبابەتەکانی عیبادات و ئەحکام نەکافرە و نەفاسقە، بەلکو موجتەهیدە و عوذری هەیە ئەگەر بەهەڵەشدا چوبێت ئەوا پاداشتی هەیە بەپێی نیەتەکەی، تاقمێ تر بەهەمان شێوەی ئەم قسەیەیان وتوە ئەوەی پێچەوانەیان بکات لە عیبادات بەلام ئەگەر مخالەفەیان بکات لەبابەتەکانی سیفاتی اللە عزوجل ئەوا کافرە ئەگەر لەخوار ئەوەش بێ ئەوا فاسقە، بەڵام تاقمێکی تر، دەڵێن ئەگەر موسڵمان هەرشتێ بڵێ لە فەتوایەك بدات یان هەرکەسێ هەوڵ بدات لەزانینی شتێ ئەوەندەی بۆ دەرکەوت کە پێی وابوو کەحەقە ئەوا بەهەموو شێوەکان پاداشتی هەیە ئەگەر حەقی پێکا ئەوا دوو پاداشتی هەیە ئەگەر نەپێکا ئەوا یەك پاداشت ئەمەش وتەی ابن ابی لەیلی و ابی حەنیفە و شافیعی و سوفیانی سەوری و داودی کوری عەلی رەزای خوا لەهەمویان بێت هەروەها قەولی هەموو صەحابەیە کە قەولیان هەبوبێ لەم

بابەتە وە ئەصلەن هیچ خیلافێك نابینین هەیان بێت لەم بابەتە. جگە لەو خیلافەیان هەیان بوە لە تاریکی ئەرکانە کردەوەییەکانی ئیسلام.
لێرەشدا بۆمان دەرکەوت شێرکۆ بیارە درۆزنە و درۆ بەناوی دین و صەحابە و ئیجماعی ئومەت و پێشەواکانی ئیسلام ئەکات.

پاشان ئەم ئایەتانە تەحریف ئەکات و ئەیکات بەبەڵگە بۆ جێگیرکردنی گومڕاییەکانی و دەڵێت ئەم ئایەتانە بەڵگەن بۆ ئەوەی هەرکەسێ کوفر و شیرك ئەنجام بدات ڕاستەوخۆ و کافر ئەبێت و هیچ حیسابێ بۆ خطأ و تەئویل و جەهل ناکات.

دەڵێ ↓↓↓↓↓
- بەڵگەکان لە قورئاندا .

١ ـ اللە تعالى ئەفەرموویێت :
[أَن تَحْبَطَ أَعْمَالُكُمْ وَأَنتُمْ لَا تَشْعُرُونَ] الحُجُرات (٢)
نەوەک بەو هۆیەوە کردەوەکانتان بەتاڵ و پووچەڵ ببنەوە [وَأَنتُمْ لَا تَشْعُرُونَ] و بەخۆیشتان نەزانن.
شاهێدی بەڵگە ئەوەیە کار و کردەوە و عەمەل پوچەڵ ئەبنەوە بەبێ ئامادەیی هەست و شعور ، واتە کردەوەکانی پوچەڵ ئەبنەوە و خۆشی هەستی پێناکات و ئاگاداری نیە و ویست و نیەت و مەبەستی نیە .

ئیمامی بوخاری ـ رحمه الله تعالی ـ له کتابی " التفسیر " ئەڵێت : [وَأَنتُمْ لَا تَشْعُرُونَ] واته [وانتم لا تعلمون] واته ئێوه نایزانن که کردەوەکانتان پوچەڵ ئەبێتەوە .

↓↓↓↓

وەڵام / ئەم جۆرە دەقانە کە تیایدا دەفەرمێت "لا یشعرون " لایعلمون " لایفقهون " زانایان دەڵێن ئەم دەقانە ئەصلەن پەیوەندی نیە بەبابەتی بوون و نەبوونی عوذر بەجەهل لەمەقامی بەیان کردنی کاری موکەلەفەکان نیە لە ڕووی زانین و نەزانینیان، بەڵکو ئەم دەقانە دەدوێت دەربارەی شوێنەواری پشت کردنی خەڵکی و گوێ نەدانیان بە ئەوامیرە شەرعیەکانەوە باس دەکات کاتێ کەسێکی موکەلەف کارێکی نارەوا دەکات وگوێ بەو کارە نارەوایە و شوێنەوارەکانی نادات.

بۆیە ئەم ئایەتە (يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَرۡفَعُوٓاْ أَصۡوَٰتَكُمۡ فَوۡقَ صَوۡتِ ٱلنَّبِيِّ وَلَا تَجۡهَرُواْ لَهُۥ بِٱلۡقَوۡلِ كَجَهۡرِ بَعۡضِكُمۡ لِبَعۡضٍ أَن تَحۡبَطَ أَعۡمَٰلُكُمۡ وَأَنتُمۡ لَا تَشۡعُرُونَ) [سورة الحجرات 2]

ئەم ئایەتە ئەوە ناگەیەنێ موسڵمان کارێك بکات بەنەزانی کافری بکات و کردەوەکانی هەڵبوەشێنێتەوە بەڵکو ئەم ئایەتە مانای ئاگادارکردنەوەی موسڵمانە لەوەی کارێك نەکات سەربکێشێت بۆ هەڵوەشانەوەی کردەوەکەی و پێی نەزانێت، کەواتە نەزانین لێرەدا پەیوەستە بەنەزانی هەڵوەشانەوەی کردەوەکەی

نەك نەزانى بەحەقیقەتی ئەو کارە هەروەك ئیمامی قورطوبی لەم بارەیەوە دەڵێت : وَلَيْسَ قَوْلُهُ: "أَنْ تَحْبَطَ أَعْمالُكُمْ وَأَنْتُمْ لَا تَشْعُرُونَ" بِمُوجِبٍ أَنْ يَكْفُرَ الْإِنْسَانُ وَهُوَ لَا يَعْلَمُ، فَكَمَا لَا يَكُونُ الْكَافِرُ مُؤْمِنًا إِلَّا بِاخْتِيَارِهِ الْإِيمَانَ عَلَى الْكُفْرِ، كَذَلِكَ لَا يَكُونُ الْمُؤْمِنُ كَافِرًا مِنْ حَيْثُ لَا يَقْصِدُ إِلَى الْكُفْرِ وَلَا يَخْتَارُهُ بِإِجْمَاعٍ. كَذَلِكَ لَا يَكُونُ الْكَافِرُ كَافِرًا مِنْ حَيْثُ لا يعلم."

دەڵێت:" ئایەتی "أَنْ تَحْبَطَ أَعْمالُكُمْ وَأَنْتُمْ لَا تَشْعُرُونَ" مانای ئەوە نیە ئینسان کافر ببێت و بەخۆی نەزانێت، جا هەروەك چۆن کافر نابێت بە ئیماندار تاکو بەهەڵبژاردنی ئیمان نەبێت لەسەر کوفر، بەهەمان شێوەش ئیماندار نابێت بەکافر بە ئیجماع مادام مەبەستی کوفر نەبوبێت و کوفری هەڵنەبژاردبێت، هەروەها کافریش نابێت بەکافر ئەگەر نەزانێت."

کەواتە مانای ئایەتەکە ئەوەیە: ئەی ئیمانداران بەرزکردنەوەی دەنگ بەسەر دەنگی پێغەمبەردا صلى الله عليه وسلم حەرامە لەسەرتان بەهۆی ترسی ئەوەی ئەو دەنگ بەرزکردنەوەیە سەربکێشێت بۆ کردەوەیەك کردەوەکانتان هەڵوەشێنێتەوە و هەستی پێ نەکەن.

زۆرێك لەزانایانی تەفسیر ئەم مانایە دوپات دەکەنەوە :

ابن عاشوور لەتەفسیرەکەیدا دەڵێت:"

فَمَعْنى الآيَةِ: أنَّ عَدَمَ الِاحْتِرازِ مِن سُوءِ الأدَبِ مَعَ النَّبِيءِ ﷺ بَعْدَ هَذا النَّهْيِ قَدْ يُفْضِي بِفاعِلِهِ إلى إثْمٍ عَظِيمٍ يَأْتِي عَلى عَظِيمٍ مِن صالِحاتِهِ أوْ يُفْضِي بِهِ إلى الكُفْرِ. قالَ ابْنُ عَطِيَّةَ: أيْ يَكُونُ ذَلِكَ سَبَبًا إلى الوَحْشَةِ في نُفُوسِكم فَلا تَزالُ مُعْتَقَداتُكم تَتَدَرَّجُ القَهْقَرى حَتّى يَئُولَ ذَلِكَ إلى الكُفْرِ فَحَبْطِ الأعْمالِ. وأقُولُ: لِأنَّ عَدَمَ الِانْتِهاءِ عَنْ سُوءِ الأدَبِ مَعَ الرَّسُولِ ﷺ يُعَوِّدُ النَّفْسَ بِالِاسْتِرْسالِ فِيهِ فَلا تَزالُ تَزْدادُ مِنهُ ويَنْقُصُ تَوْقِيرُ الرَّسُولِ ﷺ مِنَ النَّفْسِ وتَتَوَلّى مِن سَيِّئٍ إلى أشَدَّ مِنهُ حَتّى يَئُولَ إلى عَدَمِ الِاكْتِراثِ بِالتَّأدُّبِ مَعَهُ وذَلِكَ كُفْرٌ. وهَذا مَعْنى ﴿وأنْتُمْ لا تَشْعُرُونَ﴾ (p-٢٢٢)لِأنَّ المُنْتَقِلَ مِن سَيِّئٍ إلى أسْوَأ لا يَشْعُرُ بِأنَّهُ آخِذٌ في التَّمَلِّي مِنَ السُّوءِ بِحُكْمِ التَّعَوُّدِ بِالشَّيْءِ قَلِيلًا قَلِيلًا حَتّى تَغْمُرَهُ المَعاصِي ورُبَّما كانَ آخِرُها الكُفْرَ حِينَ تَضْرى النَّفْسُ بِالإقْدامِ عَلى ذَلِكَ.

دەڵێت: خۆنەپاراستن لە ڕەوشت نزمی بەرامبەر پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم سەردەکێشێت بۆ گوناحێکی گەورە بەسەر خاوەنەکەی و بەسەر کردەوەکانی وە ئەیبات بەرەو کوفر....."

هەروەها ابن تەیمیە لە مانای ئایەتەکەدا دەڵێت:" أي خشية أن تحبط أعمالكم فدلت على أن العمل لم يحبط بما تقدم من سوء الأدب، ولكن يخاف إذا رفعوا أصواتهم أن يجرهم ذلك إلى الكفر يحبط العمل وهم لا يشعرون، فالمحبط ما يخاف حصوله لا ما وقع منهم وهذا كما يقال المعاصي بريد الكفر، فإن رفع

الصوت عليه والجهر له كجهر بعضكم لبعض قد يفضي إلى الإستعلاء عليه ونحو ذلك مما هو كفر."الاستغاثة في الرد على البكري(٢/٥٧٣).

دەڵێت:" لەترسی ئەوەی کردەوەکانتان پوچەڵ ببێتەوە، ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەو مامەڵە ناشرینەیان کردەوەکانیانی پوچەڵ نەکردبوەوە، بەڵام مەترسی هەیە ئەگەر دەنگیان بەرزەوە بکەن بیانبات بەرەو کوفر و کردەوەیان پوچەڵ ببێەوە و هەستی پێ نەکەن، هەڵوەشانەوەکەیە مەترسی لێ دەکرێت نەك ئەو بێ ئەدەبیەی ڕویدا لێیان ئەمەش هەروەك ئەو قسەیە کە دەوترێ گوناح و تاوان پۆستەی کوفرە، چونکە دەنگ بەرزکردنەوە بەسەری و بانگ کردنی وەك ئەوەی خۆتان بانگی یەکتر ئەکەن سەردەکێشێ بۆ خۆبەرزکردنەوە بەسەر پێغەمبەردا کە کوفرە."

بەڵگەش لەسەر ئەمە مامەڵەی پێغەمبەربوو لەگەڵ ثابتی کوڕی قەیس چونکە کاتێ ئەم ئایەتە دابەزی ترسا و لەماڵەوە نەهاتەدەرەوە، پێغەبەریش صلى الله عليه وسلم هەواڵی پرسی و موسڵمانێ چوو هەواڵی بزانێ بینی لەماڵەوە دانیشتوە بەکزوڵی و دەگری و سەری لەکۆشی داناوە، پێی وت ئەوە چیتە ؟ وتی خراپم و دەنگ بەسەر دەنگی پێغەمبەر بەرزکردۆتەوە و کردەوەکانم پۆچەڵ بۆتەوەو بومە بەئەهلی ئاگر، ئەوانیش هاتنە لای پێغەمبەر و هەواڵیان پێدا، کەواتە ئەگەر بەو کارەیان کافربوبن ئەوا سابتی کوری قەیس و ئەبو

بەکری صدیق و عومەری کوری خەتاب کافردەبوون چونکە ئەوانیشی گرتەوە، بەڵام هیچیان کافرنەبوون. بڕوانە صحيح البخاري 4565

↓

پاشان بەڵگە بەم ئایەتەش دێنێتەوە

٢ ـ وە ئەفەرموویّت الله تبارک وتعالى :

[وَلَئِن سَأَلْتَهُمْ لَيَقُولُنَّ إِنَّمَا كُنَّا نَخُوضُ وَنَلْعَبُ ۚ قُلْ أَبِاللَّهِ وَآيَاتِهِ وَرَسُولِهِ كُنتُمْ كُنتُمْ تَسْتَهْزِئُونَلَا تَعْتَذِرُوا قَدْ كَفَرْتُم بَعْدَ إِيمَانِكُمْ ۚ إِن نَّعْفُ عَن طَائِفَةٍ مِّنكُمْ نُعَذِّبْ طَائِفَةً بِأَنَّهُمْ كَانُوا مُجْرِمِين] التوبَة (٦٥ ـ ٦٦)

ئەگەر لێیان بپرسیت: سەبارەت بە گاڵتەکردن بە الله تعالى و ئایەتەکانی و پێغەمبەر ـ صلى الله عليه وسلم ـ [لَيَقُولُنَّ إِنَّمَا كُنَّا نَخُوضُ وَنَلْعَبُ ۚ] ئەڵێن: بەڕاستمان نەبووە و، بەڵکو تەنها گاڵتەو گەپمان ئەکرد.

(قەتادە) ئەڵێت: لەو دەمەدا کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سەرقاڵی خەزای (تەبووک) بوو، چەند سواریّک لە دووڕووەکان بە بەردەمیا تێپەڕین و ووتیان: زۆر سەیرە! ئەم پیاوە پێی وایە کە کۆشک و قەڵای رۆمەکان ئەگرێ؟! های های لەوە! پاشان ئەم قسەیە بە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- گەیشتەوە، ئەویش بانگی کردن و ووتیان: ئەمە سوێندی بێ بەگاڵتەوە ووتومانە، ئەوسا ئەم ئایەتە هاتە خوارەوەو فەرمووی: [قُلْ أَبِاللَّهِ وَآيَاتِهِ وَرَسُولِهِ كُنتُمْ تَسْتَهْزِئُونَ] پێیان بڵێ: ئایا گاڵتەتان بە الله تعالى ئایەتەکانی و،

بەپێغەمبەرەکەی کردبوو؟ واتە: هەر وتەیکی کوفر و ناشیرین و ناقۆڵا لەدەم دەرچێت، بێگومانە مرۆڤی پێ کافر ئەبێت ، [لَا تَعْتَذِرُوا قَدْ كَفَرْتُم بَعْدَ إِيمَانِكُمْ ۚ] بڵێ: بڕوبیانووی بێجێ مەهێنەوە، چونکە پاش ئەوە باوەڕتان هێنا، کافربوونەوە .

جا ئەوانەی ئەو قسە نا قوڵا و نابەجێیەیان کرد بەبێ گومان ئەیانزانی کە ئەم کارە حەڕامە بەڵام مەبەستیان کوفر نەبوو نەیان ئەزانی ئەم ووتان پێی کافر ئەبن ، وە وا گومانیان ئەبرد گەمە و گاڵتە کە کوفر لە سەر خاوەنەکەی لا ئەبات وەک اکراە و زۆر لێکردن ، وە وا گومانیان ئەبرد کوفر ڕوونایات ئیلا بە عەمدی و ئینکاری کردن نەبێت لەگەڵ ئەوەشدا شاریع تەکفیری کردن و عوذری پێیان نەیا و عوذرەکەشی لێ قەبوڵ نەکردن ، جا ئەوانە لەگەڵ جەهلیان بە کوفرەکەیان عوذریان نەبوو بە عمومی ڕووخسەتی " خطأ " ، ئەم نەصەش بەهەمان شێوەیە بەڵگەیە لەسەر ئیستیثناء کردنی کوفر لە عمومی ڕوخسەتی خطأ .

↓↓↓↓

وەڵام / زۆر ساویلکە و نەزانی ئەگەروابزانی ئێمە بێ ئاگابوبین لەم ئایەتە وە زۆر ساویلکەی ئەگەر وابزانی ئێمە نازانین ئەم ئایەتە بۆ سەر موسڵمان دابەزیوە و ڕاستەوخۆ تەکفیری کردون ؟ وە زۆر ساویلکە و نەزانی ئێمە ئاوا

بناسی که وابزانین ئەم ئایەتەش وەک ئایەتەکانی تر بڵێین بۆ کافرانی ئەصلی دابەزیوە !!!

بەڵکو زۆر بەباشی ئەزانین بەڵێ ئەم ئایەتانە بۆ ئیمان لاوازانە دابەزی لەجەنگی تەبووک کە گاڵتەیان کرد بە هاوەڵان و پێغەمبەر صلی الله علیەوسلم نەشیان ئەزانی ئەو گاڵتەکردنەیان کوفرە وپێ کافر ئەبن، بەڵام هیچ عوذریان نەبوو ئەزانن بۆ ؟؟؟؟

چونکە گاڵتەکردن بەدینی خوا و بە پێغەمبەر صلی الله علیە سلم بەهەڵگرانی ئەو دینە کوفری زۆر گەورە و ئاشکرایە لای هەموو خاوەن دینەکان نەك هەر لای موسڵمانان ، جائیز نەبونی گاڵتەکردن بەدین و بەخوا و بەپێغەمبەر لای لای زانا و نەزان یەکسانە هەموو خەڵکی ئەزانن کەخوا و پێغەمبەر و دینی خوا هی ئەوە نیە گاڵتەی پێ بکەی جنێوی پێ بدەی دژایەتی بکەی بەڵکو دین و خوا و،پێغەمبەر لای هەموو خەڵکی پیرۆز و موقەدەسن و هێڵی سوورن کەس نیە نەزان بێت لەمە و هەموان لەم زانینە هاوبەشن هەربۆیە کەس عوذری نەزانینی نیە لێی ، بۆیە هەرشیرك و کوفرێ لەهەر شوێن و جێگایە گاڵتەکردن و جنێودانیش نەبوو بەدین وخوا و پێغەمبەر مادام لای هەموو خەڵکی ئاشکرا و دیاربوو کە ئەوشتە کوفرە ئەوا بیانووی نەزانی نیە تیایدا.

شێخی ئیسلام ابن تەیمیە دەڵێت " إن سب الله أو سب رسوله كفر ظاهراً وباطناً سواء كان الساب يعتقد أن ذلك محرم أو كان مستحيلاً أو كان ذاهلاً عن إعتقاده هذا مذهب الفقهاء وسائر أهل السنة القائلين بأن الإيمان قول وعمل"صارم المسلول ص512

دەڵێ: بەڕاستی جنێودان بەخوا و بەپێغەمبەرەکەی کافربوونە بەڕووکەش و بەناوەوە ، یەکسانە بەحەرامی بزانی یان بەحەڵاڵ یان لەباوەڕت پێی نەبێت، ئەمەش مەزهەبی هەموو شەرعزانان و ئەهلی سونەیە کە دەڵێن ئیمان قەول و عەمەلە."

هەروەها دەڵێت: هەرشتێ لەکردەوەکانی ڕواڵەت کوفربێت وەکو سوجدە بردن بۆ بت یان جنێو دان بەپێغەمبەر ئەمانە ئەوە دەخوازن لەدڵیشەوە کوفر هەبێت جا وێنەی ئەم کارە وەکو گاڵتەکردن بەئایەتەکانی خوا لەڕوکەشدا کوفرە لەدڵیشەوە تەنها احتیمالی کوفری لێ ئەکرێ خاوەنەکەی هیچ عوذرێکی نیە کە بڵێ مەبەستم کوفر نەبووە چونکە چ پێویستیەکی هەیە لەجنێودان بەخوا و بەپێغەمبەرەکەی تەنها کاتێ نەبێ باوەڕی نەمابێ بەپەرستنی و باوەڕی نەمابێ بە پێغەمبەربونی."صارم ص 512 بۆ 517 هەروەها کتێبی شیفا 1015 بۆ 1022 بەرگی دووەم.

کەواتە لێرەوەش چەواشەکاری و بوهتانەکانی کابرا سوودی نەبوو بۆی.

پاشان بەڵگە بەم ئایەتانە دێنێتەوە

↓↓↓

٣ ـ اللە تعالى ئەفەرموویێت :

[أَلَا إِنَّهُمْ هُمُ الْمُفْسِدُونَ وَلَٰكِن لَّا يَشْعُرُونَ] البَقَرَة (١٢)

وشیاربن! کە بەراستی هەر ئەوانن موفسیدو خراپەکارو گێرەشێوێن [وَلَٰكِن لَّا يَشْعُرُونَ] بەڵام بەهۆی لووت بەرزییانەوە بەخۆیان نازانن و هەستیش ناکەن کە ئەنجامی ئەو درۆیانە هەر دەرئەکەوێ !

ـ وە ئەفەرموویێت : [أَلَا إِنَّهُمْ هُمُ السُّفَهَاءُ وَلَٰكِن لَّا يَعْلَمُونَ] البَقَرَة (١٣)

خەڵکینە چاک بزانن! کە ئەوانن گێل و نەفامی راستەقینە، بەڵام بەخۆیان نازانن.

ـ وە ئەفەرموویێت :[وَمَا يَخْدَعُونَ إِلَّا أَنفُسَهُمْ وَمَا يَشْعُرُونَ] البَقَرَة (٩)

بەڵام لەڕاستییدا تەنها لەگەڵ خۆیان فێڵ و فەرەج ئەکەن و زیانەکەشی هەر بۆ خۆیان ئەگەڕێتەوەو تەنها خۆیان ئەخەڵەتێنن [وَمَا يَشْعُرُونَ] لە حاڵێکدا هەستیش بەو راستییە ناکەن !

↓↓↓

لەوەڵامـدا ئەڵێـم / نەبوونی شعور یان عیلمی مونافیقەکان لەم ئایەتانە مانای ئەوە نیە نەزان بن بەحوکمی کارە کوفرەکانیان بەڵکو نەبوونی شعور و عیلمیانە بەوەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم حاڵیان بزانێ و شعوریان هەبێ بەوەی ئاشکرابن، یاخود شعوریان نیە بەوەی بەڕاستی کارەکانیان فەسادی ڕاستەقینەیە، ئەمەش وتەی ئیمامی قورطوبیە لەتەفسیرەکەیدا، بڕوانە تەفسیر القرطبي(1/310).

پاشان إستیدلال کردن بەم جۆرە دەقانە بۆ نەبوونی عوذر بەجەهل تەنها لەبابەتەکانی شیرك گەورەترین کێشە دروست ئەکات، چونکە ئەم دەقانە بەشێوەیەکی گشتی و عامن، ئەوە دەخوازێت هەرکەسێك بکەوێتە نێو هەر جۆرە حەرام و تاوانێکیش هیچ عوذرێکی نەبێت، یەکسانە هەرکەسێ بکەوێتە ناو بابەتێکی شیرکی یان غەیری شیرکی ئاشکرابێ یان خەفی ئەوا کافربێ و کردەوەکانی هەڵبوەشێتەوە پێی ئەمەش قەولی خەواریجە و ئەبێ ئینصافیان هەبێ و بێن بەئاشکرا ئەمەش بڵێن چونکە دەقەکە گشتیە و هیچ تایبەت نەکردوە.!!!

پاشان بەڵگە بەم ئایەتە دێنێتەوە

↓↓↓

هەر لەبەر ئەوە اللە تعالى ئەفەرموویێت :

[يَوْمَ يَبْعَثُهُمُ اللَّهُ جَمِيعًا فَيَحْلِفُونَ لَهُ كَمَا يَحْلِفُونَ لَكُمْ ۖ وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ عَلَىٰ شَيْءٍ ۚ أَلَا إِنَّهُمْ هُمُ الْكَاذِبُونَ] المُجادَلة (١٨) .

رۆژێک اللە تعالى هەموویان زیندوو ئەکاتەوە [فَيَحْلِفُونَ لَهُ كَمَا يَحْلِفُونَ لَكُمْ ۖ] ئەوسا سوێن ئەخۆن بۆ اللە تعالى کە ئەهلى ئیمان بوون، وەک ئێستا سوێند بۆ ئێوە ئەخۆن [وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ عَلَىٰ شَيْءٍ ۚ] واش ئەزانن شتێک لە باریاندایە بەو سوێندە [أَلَا إِنَّهُمْ هُمُ الْكَاذِبُونَ] هۆشیار بن! کە بەراستیی ئەوانن درۆزنەکان.

↓↓

لەوەڵامدا ئەڵێم / ئەم ئایەتەش باس لە مونافیقەکان ئەکات کاتێ لەدونیا فێڵیان ئەکرد لە موسڵمانان و سوێندی درۆیان بۆ ئەخواردن کە ئەوانیش لەگەڵیانن خۆیان بەوە دەرباز ئەکرد بەهەمان شێوە لە قیامەتیش سوێند بۆ خوا ئەخۆن بۆ ئەوەی فێڵی لێ بکەن و خۆیان لەسزای خوا قوتار بکەن، بەڵام ناتوانن و ئاشکرا ئەکرێن .

هەروەك شێخ عبدالرحمن بن ناصر السعدي لەتەفسیرەکەیدا دەڵێت " فكما أن المنافقين في الدنيا يموهون على المؤمنين، ويحلفون لهم أنهم مؤمنون، فإذا كان يوم القيامة وبعثهم الله جميعا، حلفوا لله كما حلفوا للمؤمنين، ويحسبون في حلفهم هذا أنهم على شيء، لأن كفرهم ونفاقهم وعقائدهم الباطلة، لم تزل ترسخ في أذهانهم شيئا فشيئا، حتى غرتهم وظنوا أنهم على شيء يعتد به، ويعلق عليه الثواب، وهم كاذبون في ذلك، ومن المعلوم أن الكذب لا يروج على عالم الغيب والشهادة."

هەروەها امام ابن كثيريش هەروا دەڵێت:" أَيْ: يَحْلِفُونَ بِاللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ، أَنَّهُمْ كَانُوا عَلَى الْهُدَى وَالِاسْتِقَامَةِ، كَمَا كَانُوا يَحْلِفُونَ لِلنَّاسِ فِي الدُّنْيَا؛ لِأَنَّ مَنْ عَاشَ عَلَى شَيْءٍ مَاتَ عَلَيْهِ وَبُعِثَ عَلَيْهِ، وَيَعْتَقِدُونَ أَنَّ ذَلِكَ يَنْفَعُهُمْ عِنْدَ اللَّهِ كَمَا كَانَ يَنْفَعُهُمْ عِنْدَ النَّاسِ، فَيُجْرُونَ عَلَيْهِمُ الْأَحْكَامَ الظَّاهِرَةَ؛ وَلِهَذَا قَالَ: ﴿وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ عَلَى شَيْءٍ﴾ أَيْ: حَلِفُهُمْ ذَلِكَ لِرَبِّهِمْ، عَزَّ وَجَلَّ.ثُمَّ قَالَ مُنْكِرًا عَلَيْهِمْ حُسْبَانَهُمْ ﴿أَلا إِنَّهُمْ هُمُ الْكَاذِبُونَ﴾ فَأَكَّدَ الْخَبَرَ عَنْهُمْ بِالْكَذِبِ.

پاشان دەڵێت ↓↓↓↓

ـ سەبارەت بە پشت بە ستن بەو دووئایەتە :

ـ الله تعالى ئەفەرموویێت :[رَبَّنَا لَا تُؤَاخِذْنَا إِن نَّسِينَا أَوْ أَخْطَأْنَا ۚ] البَقَرَة (٢٨٦)ئەی پەروەردگاری ئێمە ! ئەگەر فەرمانێکی تۆمان لە بیرچوو، یان تێیدا بەهەڵەچووین، لێمان مەگرە .

- وە ئەفەرموویێت تبارک وتعالی :

[وَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ فِيمَا أَخْطَأْتُم بِهِ وَلَٰكِن مَّا تَعَمَّدَتْ قُلُوبُكُمْ] الأحزَاب (٥). ئەڵێن : ئەم ڕووخستی هەڵەیە کە لە ئایەتەکان باسکراوە بۆ ئەهلی قیبلەیە بەڵام ئایا ئەهلی قیبلە کێن ؟ مەعلوم و زانراوە کە وەصفی ئەهلی قیبلە نایەتە جێ ئیلا عەبدێکی موەحیدی یەکخواپەرست نەبێت کە کوفری کردبێت بە هەموو ئەوانەی ئەپەرستڕێن جگە لە اللە تعالی و تەرکی شیرکی کردبێت بە عیلم و زانست و قەصد و نیەتەوە ، وە اللە تعالی ی بەتەنها دانابێت و هیچ شەریک و هاوەڵی بۆ بڕیار نەیابێت ، ئا ئەو جۆرە کەسە ڕووخسەتی هەیە بە ڕووخسەتی هەڵەی ئەهلی قیبلە ، بەڵام موشریک و کافر لە ئەهلی قیبلە نین ، وە بەڵگەش لەسەر ئەوەی کە ڕووخستەی هەڵە تەنها بۆ ئەهلی قیبلەیە ، ڕوخستەکە لە پاش ئەوە هاتووە کە تەحقیقی ئیمان ئەکات اللە تعالی ئەفەرموویێت :

[آمَنَ الرَّسُولُ بِمَا أُنزِلَ إِلَيْهِ مِن رَّبِّهِ وَالْمُؤْمِنُونَ ۚ كُلٌّ آمَنَ بِاللَّهِ وَمَلَائِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّن رُّسُلِهِ ۚ وَقَالُوا سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا ۖ غُفْرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيْكَ الْمَصِيرُ ۞ لَا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا ۚ لَهَا مَا كَسَبَتْ وَعَلَيْهَا مَا اكْتَسَبَتْ ۗ رَبَّنَا لَا تُؤَاخِذْنَا إِن نَّسِينَا أَوْ أَخْطَأْنَا ۚ] البَقَرَة (٢٨٥ - ٢٨٦)

ئەم پەیامبەرەو، ئەو ئیماندارانەی لەگەڵیا باوەڕیان هێناوەو لێیان روونە کە ئەو بەرنامەیە لە لای پەروەردگاریانەوە هاتۆتە خوارێ راستەو دروست [كُلٌّ آمَنَ بِاللَّـهِ وَمَلَائِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ] و هەمووشیان بڕوایان هێناوە بە تاک وتەنیایی اللە تعالی ، فریشتەکانی، کتێبەکانیی، پەیامبەرەکانی [لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّن رُّسُلِهِ ۚ] ئەشڵێن: ئێمە هیچ فەرق و جیاوازیەک لەنێوان پێغەمبەرانی اللە تعالی دا ناکەین، بڕوامان هەیە کە هەموو اللەتعالی ناردوونی، وە هەر یەکەشیان بە بەرنامەی خۆیەوە هاتووە، واتە: ئێمە وەک جوولەکەو گاورەکان ناکەین، بڕوامان بە هەندێکیان ببێ و، بە هەندێکیان باوەڕ نەکەین [وَقَالُوا سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا ۖ] و ئەڵێن: وتەی اللە تعالی ـمان بیست و گوێرایەڵی فەرموودەکانی اللە تعالی ـین، ساتۆش ئەی پەروەردگارمان! «هەرچی بفەرمووی ئامادەین» [غُفْرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيْكَ الْمَصِيرُ] داوای لێ بوردنت لێ ئەکەین، دەسا تۆیش لێمان خۆش ببە ئەی پەروەردگارمان! چاکیش ئەزانین کە سەرەنجام گەڕانەوەشمان تەنها بۆ لای تۆیە. بەڵێ.. بەو شێوەیە موسڵمانی کاملْ: گوێ بیستە، گوێرایەڵە، ددان بە ناتەواویی و هەڵەکانی خۆیدا ئەنێ، بۆیە لە اللە تعالی داوای لێبوردن ئەکات و، لە پاشە رۆژ ئەترسێت. [لَا يُكَلِّفُ اللَّـهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا ۚ] «هەرچەندە اللە تعالی لە خەیاڵ و خەتەرەی دڵ و دەروون ئەپرسێتەوە، بیشارێتەوە یان دەریخاو بیخاتەڕوو» - بەدەر لەتوانا- اللەتعالی تەکلیف و ئەرکێ ناخاتە سەرشانی هیچ کەسێک [لَهَا

مَا كَسَبَتْ] هەرکەسێک کارێکی چاکی ئەنجامدا، پاداش و خێرەکەی بۆ خۆی ئەبێت [وَعَلَيْهَا مَا اكْتَسَبَتْ ۗ] وە هەر خراپەیەکیشی کرد، بەزیانی خۆیەتیی و، یەخەی خۆی ئەگرێ. ئینجا لە کۆتایی سوورەتەکەدا شێوەی موناجات و پاڕانەوەمان فێر ئەکات ئەفەرموێ: [رَبَّنَا لَا تُؤَاخِذْنَا إِن نَّسِينَا أَوْ أَخْطَأْنَا ۚ] ئەی پەروەردگاری ئێمە ! ئەگەر فەرمانێکی تۆمان لە بیرچوو، یان تێیدا بەهەڵەچووین، لێمان مەگرە [رَبَّنَا وَلَا تَحْمِلْ عَلَيْنَا إِصْرًا كَمَا حَمَلْتَهُ عَلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِنَا ۚ] ئەی پەروەردگارمان..! هیچ تەکلیف و ئەرکێکی ئەوەند قورس و گران مەخە سەرشانمان- ئەگەرچی بشتوانین جێبەجێی بکەین- وەک ئەو ئەرکانەی لەسەر شانی ئەوانەی بەر لەئێمەت نا

[رَبَّنَا وَلَا تُحَمِّلْنَا مَا لَا طَاقَةَ لَنَا بِهِ ۖ] ئەی پەروەردگاری ئێمە! ئەرکێکی وا بەسەرماندا مەدە، بۆمان هەڵنەگیرێ و لە تواناو وزەماندا نەبێت [وَاعْفُ عَنَّا] چاوپۆشیمان لێ بکە [وَاغْفِرْ لَنَا] هەڵەو تاوانمان بپۆشە [وَارْحَمْنَا ۚ] و ڕەحمان پێ بکە [أَنتَ مَوْلَانَا] هەر ئەتۆش سەرپەرستیارو پشت و پەنامانی [فَانصُرْنَا عَلَى الْقَوْمِ الْكَافِرِينَ] دەسا بەسەر هۆزو بەرەی بێ باوەڕان و خوانەناساندا سەرمان بخە، واتە: بەڵگەو نیشانەمان فێر بکە، با لە کاتی موجادەلەو دەمەقاڵێدا، وە لەکاتی رووبەڕوو بوونەوەو جەنگیشیاندا زاڵبین. (موعاز) هەر کە لە خوێندنی ئەم سوورەتە دەبووەوە ئەیوت: (آمین فاللهم آمین).

لەم نەصەوە بۆمان ڕوون ئەبێتەوە و ئەزانین ڕووخسەتی هەڵە بۆ ئیماندارێکە کە بەتەواوی تەسلیم و بووە و ئەو صیفاتانەی سەرەوەی تێدایە ، ئەم ڕوخستەش تەوحید و ئەصلی دینە و شیرک ناگرێتەوە ، هەروەک فەرموودەکەی ئیمامی بوخاری - رحمه الله تعالى - ڕیوایەتی ئەکات لە صەحیحەکەیدا :[أنَّ رسولَ اللهِ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم قال – وحولَهُ عِصَابَةٌ من أصْحَابِهِ -: بايعُونِي علَى أن لا تُشْرِكُوا باللهِ شيئًا ، ولا تَسْرِقُوا ، ولا تَزْنُوا ، ولا تقتُلُوا أولادَكُم ، ولا تأتوا ببهتانٍ تفتَرُونَهُ بينَ أيدِيكُم وأرجلِكُم ، ولا تعْصُوا فِي معروفٍ ، فَمَنْ وَفَّى منكُم فأَجْرُهُ على اللهِ ، ومَنْ أَصَابَ مِن ذلِكَ شيئًا فعُوقِبَ بهِ في الدُّنْيَا فهو كَفَّارَةٌ ، ومن أصابَ مِن ذلكَ شيئًا ثم سترَهُ اللهُ فهو إلى اللهِ ، إن شاءَ عفا عنهُ ، وإن شاءَ عاقَبَهُ ، فبايعنَاهُ على ذلكَ] .

حافظ ابن حجر ئەڵێت : [نەوەوەی ئەڵێت : عمومی ئە فەرموودەیە تایبەتە بەو قەولەی اللە تعالى { إِنَّ اللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِ } النساء (٤٨) بەبێ گومان اللە تعالى لەو کەسە خۆش نابێت کە شەریکی بۆ دائەنێت ، مورتەد ئەگەر بکوژرێت لە سەر ڕیدەکەی کوشتنەکەی بۆی نابێتە کەفارەت .

ووتم واتە " ابن حجر " : ئەوەش لەسەر ئەوە قەولە بیناکراوە " مِن ذلِكَ شيئًا " هەموو ئەوانەی باسکران ئاشکرا و زاهیرن] ... (فتح الباری موجەلەدی ١ لاپەڕەی ٨١ -٨٣)

پاشان ابن حجر تەئویلاتی زانایان بۆ فەرموودەکە باس ئەکات و ڕەئیەکەی ئیمام نەوەوی تەرجیح ئەکات ، چونکە عموماتی تەحریمی شیرک و لێخۆش نەبوونی عموماتی مەکین و پارێزراون ، وە تەخصیصی هەموو ڕووخستەکانی هەڵە تایبەت ئەکات بە ئەهلی قیبلە چونکە هیچ کەسێک شیاوی ئەو وەصفە نیە ئیلا ئەوە نەبێت تەحقیقی تەوحید بکات و خۆی دابماڵێت لە شیرک و هەموو ئەوانەی ئەپەرستڕێن جگە لە اللە تعالی .

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە تەفسیری ئیمام ابن جریر بۆ ئایەتەکە.

[رَبَّنَا لَا تُؤَاخِذْنَا إِن نَّسِينَا أَوْ أَخْطَأْنَا ۚ] البَقَرَة (٢٨٦) .

بۆ ئەوەی زۆر دریژ نەبێتەوە ئێمە تەواوی ووتەکانی ئیمامان نەقڵ نەکرد ، بەڵام تەئویلات و تەفسیری ئیمام بۆ ئایەتەکە ئەوەمان پێ ئەڵێت : کە ئیمام ووتەکەی نەصە لەسەر ئەوەی کە ڕووخسەتی " الخطأ " و " النسیان " کوفر ناگرێتەوە لەبەر ئەوە اللە تعالی هەوالّی پێ یاوین کە اللە تعالی لەو کەسە خۆش نابێت کە شەریکی بۆ دائەنێت { إِنَّ اللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِ } النساء (٤٨) ، وە لەبەر ئەوەی ئەهلی قیبلە ئەوانەن کە تەوبە لە شیرک ئەکەن و ئیلتیزامی شەرائیعن وەک ئەفەرموویێت :

[فَإِن تَابُوا وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ فَخَلُّوا سَبِيلَهُمْ ۚ]التوبَة (٥)

ئینجا ئەگر پەشیمان بوونەوە لە هاوبەشدانان بۆ اللە تعالى [وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ] و بەرێک و پێکی نوێژیان ئەنجامدا [وَآتَوُا الزَّكَاةَ] و زەکاتیان جێبەجێکرد [فَخَلُّوا سَبِيلَهُمْ ۚ] ئێوەیش رێگەیان بۆ چۆڵ بکەن .

وە ئەفەرموویێت :[فَإِن تَابُوا وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ فَإِخْوَانُكُمْ فِي الدِّينِ ۗ] التوبَة (١١)ئینجا ئەگەر لەشیرک و بتپەرستی پەشیمان بوونەوە و ملکەچی شەریعەتی اللە تعالى بوون و، بە ڕێکوپێکی نوێژیان کردو زەکاتیاندا [فَإِخْوَانُكُمْ فِي الدِّينِ ۗ] دەبنە برای دینیتان .

حیبری ئومەت هاوەڵی بەڕێز ابن عباس ـ رضي الله عنه ـ ئەڵێت : [ئەم ئایەتە خوێنی ئەهلی قیبلەی حەڕام کرد] ..بڕوانە " احكام القران " هی ئیمامی قورطوبی . ئائەوەیە وەصفی ئەهلی قیبلە : کە خۆیان دا ئەڕنن لە شیرک و تەوبە ئەکەن و واز لە شیرک ئەهێنن و پەیوەستی شەرائع ئەبن ، ئەوانە شمولی ڕوخستەی هەڵە ئەکەن کە بۆ ئەهلی قیبلە دانراوە ، بەڵام موشریک وەصفی ئەهلی قیبلە نایگرێتەوە و ڕوخستەی بۆ نیە .

↓↓↓↓

لەوەڵامدا ئەڵێم : سەرەتا پێویستە ئەوە بزانین زانایانێکی پایەبەرز وەکو ئیمامی نەوەوی و ئیمامی ابن حەجەر هەرچەن دواتر ئیمام ابن حەجەر ئیمانی مقلیدی جێگیرکردوە و گەڕاوەتەوە بۆ موافقی سەلەف، وە قاضي أبي يعلى و هاوشێوەکانیان کاتێك دەڵێن تەقلید لەعەقیدە و ئوصوڵی دین نایخوات ئەم

قسەیەیان ئەگەڕێتەوە بۆ عەقیدەی متکلمین و ئەشاعیرە چونکە مەعلومی هەموانە ئەو زانا بەڕێزانە رحمهم الله لەبابەتی ئیمان موافقی متکلمین و ئەهلی کەلامیان کردوە کە ئەشاعیرەن، ئەو ووتانەیان ووتەی ئەهلی سوونە و جەماعە نیە، بۆیە نەزانینی مەنهەج و ئوصولی زانایان هۆکاری سەرەکی گومڕابونەکان و تێکەڵ کردن و جیاوازی نەکردنە لەنێوان مەنهەجی حەق و باطل، پاشان دەڵێین بەڵێ ئەهلی قیبلە ئەوکەسانەن شایەدی بەتەنها پەرستن بۆ الله دەدەن و هیچ کەسێك ناکەنە هاوبەشی و کەس بەشەریکی خوا نازانن لەهیچ شتێك ، ئەمەش موجمەلی تەوحیدە کە دەبێت ئەهلی قیبلە دانی پێدا بنێن هەروەك لە ئایەت و حەدیسەکان ئەو ووتانەی سەرەوەدا هاتووە کە شێرکۆ بیارە هێنای بەڵام چەواشەکاریەکەی لەوەدایە دێت مجملی تەوحید و تەفاصیلی تەوحید و شیرك و عیبادەت تێکەڵ ئەکات و جیای ناکاتەوە.

ئەڵێن ئەصلی دین بریتیە لەناسینی الله و پەرستنی بەتاك وتەنها بابێ هیچ هاوبەش بۆدانانێ، عذر بەجەهل لەمەدا قبوڵ ناکرێ جا لەشوێنێ عیلم و ئیسلام بێ یان لەشوێنی دورە دەست و جهل و کافران بێت ، ئیقامە حوجەکرابێ یان نەکرابێ واجبە هەرکەسێ لەموسڵمانان کەوتە ناوشیرکەوە بەڕواڵەت تەکفیربکرێ ، ئایا ڕونکردنەوەتان چیە لەسەر ئەم وتەیە ؟

وەڵام : شێخ دکتۆر عبدالرزاق معاش دەڵێ " ئەگەر مەبەستیان لە ئەصلی دین دان پێداهێنانی گشتی بێ بەتەوحید و ئیلتیزام کردنی گشتی و مجمل بێ بەپەرستنی اللە بەتاك و تەنها ئەوا هیچ یەکێ لەئەهلی سوونە خیلافی لەمەدا نیە کە عوذری نەزانی تێدا قبوڵ ناکرێ واتە کەسێ شایەدمان دێنێ بە لا الە الە اللە و دەڵێ بەڵێ شایەدی ئەدەم کەتەنها پەرستن ئەبێ بۆ اللە بکرێ و کەس لەغەیری اللە شایستەی پەرستن نیە، پاشان بڵێ غەیری اللە جائیزە بپەرسترێ یان پەرستنی بۆ بکرێ یان بڵێ خوا شەریکی هەیە ئەوا مجمل و گشتی شایەتمانەکەی هەڵوەشاندۆتەوە هیچ عوزرێکی نیە بەنەزانی چونکە پێچەوانەی ڕواڵەتی شایەدمانەکەی کردوە، کافربووە.بەڵام کێشەکە ئەوەیە ئەوان دەڵێن مەبەست لە ئەصلی دین ئەوەیە ئیلتیزامی گشتی و تەفصیلیت هەبێ بەتەوحید، هەرکەسێ جۆرێ لەجۆرەکانی عیبادەت ئەگەرچی نەشزانێ ئەو کارە عیبادەتە ئەنجامی بدات بۆ غەیری خوا ئەوا کافر ئەبێ جا یەکسانە ئیقامە حوجە کرابێ یان نەکرابێ، ئەمەش پێچەوانەی مەنهەجی صەحیحە و هیچ یەکێ لەئەهلی سوونە شتی وای نەوتوە، نەوتراوە هەرکەسێ گرێیەندی موسڵمان بونی بۆ جێگیربوو ناتوانرێ لەکاتێکی کەمدا هەموو جوزئیاتەکانی عیبادەتەکان و ئەحکامە شەرعیەکان شارەزابێ، کەواتە کافرەکانی قوڕەیش دانیاندەنا بەوەی غەیری خوا دەپەرستن و خوا هاوبەشی هەیە و غەیری خوا شایەنی پەرستنە بەڵام موسڵمانێ کەتوشی شیرک بووە قەت نالّی غەیری خوا

شایەنی پەرستنە و من غەیری خواش ئەپەرستم وفلّانە قبر و پیاوچاکە جائیزە بپەرسترێ بەڵکو تەنها ئەوەنەیە کە ئەم موسڵمانەی کەتوشی شیرك بوە شارەزایی نیە بەهەموو جۆرەکانی عیبادەت و نەیزانیوە ئەو کارەی ئەنجامی داوە عیبادەتە بۆ غەیری اللّە جا بەهۆی دووڕە دەستی بێ لەئاوەدانی یان بەهۆی ئەوەبێ لەداری کافران گەورەبوبێ نیشتەجێ بێ، یان لەوڵاتێ بێ ئەهلی بیدەع و خورافات زاڵ بن بەسەری و شوبهەی تێدا بڵاوبێ و بۆیان شەرعاندبێ لەم حاڵەتانە عوزری هەیە و مادام کەس بۆی ڕون نەکردبێتەوە و ئەم موسڵمانە زۆر جیاوازە حاڵی لەکافرەکانی قوڕەیش و هیچ کات باوەڕی وانیە کەغەیری اللّە جائیزبێ بەپەرستنی بۆ بکرێ ونەیزانیوە کە پەرستنی بۆ غەیری اللّە کردوە. بۆیە ئاگاداری ئەم خاڵە بن گرنگە بۆ حوکمدان و جیاوازی کردن و لێ تێکەڵ نەبون و چەواشەنەکردن.

پاشان شێرکۆ بیارە ئەم قەولەی شێخی ئیسلام ئەهێنێتەوە ↓↓↓

شێخی ئیسلام ابن تەیمیە ـ رحمە اللّە تعالی ـ سەبارەت بەو فەرموودەی پێغەمبەر ـ صلی اللّە علیە وسلم ـ [ان اللّە تجاوز لامتي عما حدث بها انفسها ما لم تكن به او تعمل به] ئەڵێت :

[ئەو عەفوە باسی حەدیثی نەفسە بۆ ئومەتی محمد ـ صلی اللّە علیە وسلم ـ کە ئیمانیان بە اللّە تعالی و مەلائیکە و کتێبەکان و پێغەمبەرەکان و ڕۆژی دوای هێناوە ، وەبزانە ئەم عەفوە بۆ ئەو ئومور و بابەتانەیە کە ئیمان هەڵناوەشێنێتەوە

، بەڵام ئەو شتانەی نەفی ئیمان ئەکەن ئەو فەرموودەیە نایانگرێتەوە ، لەبەر ئەوەی ئەگەر نەفی ئیمانی کرد ئەوە خاوەنەکەی لە ئومەتی محمد ـ صلى الله عليه وسلم ـ حیساب نیە لە ڕاستیدا بەڵکو ئەچێتە مەنزیلەی مونافیقەکانەوە ..... هەتا دوای ووتەکانی] ... مجموع الفتوى موجەلدی ١٠ لاپەڕەی ٧٦٠ .

↓↓↓↓

وەڵام / کابرای چەواشەکار و فێلباز نەچووە هەموو ووتەکەی ابن تەیمیە نەقڵ بکات بەشێکی نەقڵ کردوە چونکە شێخی ئیسلام ابن تەیمیە لێرەدا باسی ئەو مونافیقانە ئەکات بەدڵ و بەگیان کوفر بەدڵیان دێت و ڕەتی ناکەنەوە و کاری پێ ئەکەن ئەمانە ئەو عەفوە نایانگرێتەوە، بەڵام ئەوانەی لەئومەتی موحەمەدن شتێ دێت بەدەرونیان و حەزی پێ ناکەن یان هەڵەیەك دەکەن یان شتێکیان لەبیردەچێت ئەوا خوا لێیان خۆش ئەبێت هەروەك بەڵگەی کیتاب و سونەتیان لەسەرە، پاشان شێخی ئیسلام دەڵێت:

" فمن صح إيمانه عفي له عن الخطأ والنسيان وحديث النفس، كما يخرجون من النار بخلاف من ليس معه إيمان فإن هذا لم تدل النصوص على ترك مؤاخذته بما في نفسه وخطئه ونسيان."

دەڵێت:" هەرکەسێك ئەهلی قیبلە بوو و ئیمانی هەبوو لەهەڵە و لەبیرچونەوە و ووتەکانی دەرونی دەبوردرێ و لەئاگریش دەردەچن، بەپێچەوانەی ئەوکەسانەی هیچ ئیمانێکیان نیە، ئەم جۆرە کەسانە دەقەکە باسی نەکردوە

لەسەر سزا نەدانیان دەربارەی ئەوشتانەی بەنەفسیان دێت و ئەو هەڵانەی دەیکەن و ئەوشتانەی لەبیریان دەچێتەوە."

کەواتە قسەکانی ابن تەیمیە دەربارەی کەسێکی موسڵمانە لەگەڵ کەسێکی مونافق وکافر کە لەناخەوە کافرە و دژی ئیسلامە و مونافقە ئەم کەسە خطأ شمولی ناکات چونکە لەبنچینەدا هەر موسڵمان نەبوونە.

ئەوە نەصێکی صەریح و ئاشکرای شێخی ئیسلامە لە سەر ئەوەی ئەو بەندەیەی شمولی ڕوخسەتی خطأ و هەڵەی ئەهلی قیبلە ئەکات ئەبێت بەندەیەک بێت ئیمانەکەی صەحیح و دروست بێت وە ئەو عەفو و ڕوخسەتەش لەو بابەتانە نیە کە نەفی ئیمان بکات و ئیمان هەڵبوەشێنێتەوە ، بەڵام کافر و موشریک ئەوانەی ئیمانەکەیان فاسیدە لە ئەهلی قیبلە ئائەوانە لەفزی حەدیثەکە نایان گرێتەوە و شمولی عەفو ناکەن ، بەوەش کۆتایی ئەهێنین بە بەڵگەکان لە قورئاندا .

پاشان بەردەوام دەبێت لەسەر نوسینی گومڕاییەکانی و بەڵگە دێنێتەوە بەچەن فەرموودەیەک و دەڵێ

↓↓↓↓

❖ بەڵگەکان لە سوننەتدا :

١ ـ [عن ابي سلمة عطاء بن يسار أنَّهُما أتيَا أبا سَعِيدٍ الخُدْرِيَّ، فَسَأَلاهُ عَنِ الحَرُورِيَّةِ: أسَمِعْتَ النَّبيَّ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ؟ قالَ: لا أدْرِي ما الحَرُورِيَّةُ؟ سَمِعْتُ النَّبيَّ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ يقولُ: (يَخْرُجُ في هذِه الأُمَّةِ) - ""ولَمْ يَقُلْ: مِنْها " - قَوْمٌ تَحْقِرُونَ صَلاتَكُمْ مع صَلاتِهِمْ، يَقْرَؤُونَ القُرْآنَ لا يُجاوِزُ حُلُوقَهُمْ - أوْ: حَناجِرَهُمْ- يَمْرُقُونَ مِنَ الدِّينِ مُرُوقَ السَّهْمِ مِنَ الرَّمِيَّةِ، فَيَنْظُرُ الرَّامِي إلى سَهْمِهِ، إلى نَصْلِهِ، إلى رِصافِهِ، فَيَتَمارَى في الفُوقَةِ؛ هلْ عَلِقَ بها مِنَ الدَّمِ شَيءٌ؟] ... رواه مسلم .

لە ڕیوایەتێکی تردا ئەفەرموویێت :

[يخرج قوم من أمتي يقرءون القرآن ليس قراءتكم إلى قراءتهم بشيء ولا صلاتكم إلى صلاتهم بشيء ولا صيامكم إلى صيامهم بشيء يقرءون القرآن يحسبون أنه لهم وهو عليهم لا تجاوز صلاتهم تراقيهم يمرقون من الإسلام كما يمرق السهم من الرمية] وە لە ڕیوایەتیکی تر ئەفەرموویێت :

[يَمْرُقونَ منَ الإسلامِ كما يَمْرُقُ السَّهْمُ منَ الرَّمِيَّةِ] له ڕیوایەتێکی تر [هُمْ شَرُّ الخَلْقِ وَالْخَليقةِ] وه له ڕیوایەتێکی تر [يَقْرَءُونَ الْقُرْآنَ لاَ يُجَاوِزُ حَنَاجِرَهُمْ يَمْرُقُونَ مِنْهُ كَمَا يَمْرُقُ السَّهْمُ مِنَ الرَّمِيَّةِ] ... متفق عليه .

ئیمامی نەوەوی ئەڵێت : [قاضي ئەڵێت : دوو تەئویلی هەیە یەکێکیان مانای وایە : دڵیان فەهم و تێگەیشتنی نیە و سوودی لێ نابینن لە خوێندنەوەی وە هیچ بەشێکیان نیە لە فەهم و تێگەیشتن جگە لە خوێندنەوەی دەم و حەنجەرە و قوڕگ کە حەرفەکانی پێ دەرئەبڕن ، مانای دووەم : ئەوەیە کە نەکردەوەکانیان بەرز ئەبێتەوە نە خوێندنەوە و تیلاوە و هیچیان لێ قەبوڵ ناکرێت] ...شرح النووی موجەلەدی ٧ لاپەڕەی ١٥٩ .

ئەو فەرموودانە باسی خەوارێج ئەکەن کە بەهۆی جەهل و تەئویلی فاسد ئیعتیقاد و باوەڕێکیان داهێناوە کە وا گومان ئەبەن ئەوان باشترین دروستکراوی اللە تعالی ـن و هەڵبژێردراوی اللە تعالی ـن و قەبوڵ کراو و خۆشەویستن لای اللە تعالی بەهۆی ئەو هەموو عیبادەتە گەورە و عەزیمە ئەنجامی ئەیەن ، لەگەڵ ئەوەش ئیتیفاق هەیە لە سەر زەمکردن و گومراییان ، لەگەڵ تەئویل و جەهلیان ئومەت ئیتیفاقی هەیە لەسەر تاوانباربوون و سزادرانیان وە عوذریان نیە بە ڕوخسەتی خطأ و هەڵە .

ئیمامی موفەسیرین ابن جریر ئەڵێت :

[ئەوە زانراوە کە ئەوان خوێن و ماڵی موسڵمانانیان حەڵاڵ نەکرد ئیلا بەهۆی " خطأ " هەڵەی خۆیانەوە نەبێت کە ئایەتی قورئانیان تەئویل ئەکرد لەسەر شێوەی پێچەوانەی مەبەستی ئایەتەکە] ...(فتح الباری) .

↓↓↓↓

لەوەڵامـدا ئەڵێم: خەوارج ئەصلەن تەکفیرنەکرابوون ئیمامی عەلی دەیفەموو" إخواننا بغوا علینا " برای ئێمەن لێمان عاصی بوون، وە چەندین جار عەبدوڵای کوری عەباسی نارد بۆ لایان تاکو تەئویلە باطلەکەیان بۆ پوچەڵ بکاتەوە و شوبهەکانیان بڕەوێنێتەوە و چەندین جار ئیقامەی حوجە کران زۆرێکیشیان گەڕانەوە و هیچ بیانوەیەکیان نەمابوو تەنها عینادی و سەرکەشی نەبێت، بۆیە دوای ئەوەی دەست پێشخەریان کرد لەکوشتن و پەلاماردانی موسڵمانان ئەوجا موسڵمانان جەنگان لەدژیان وەکو قیتالی باغی مامەڵەیان کرد لەگەڵیان، کەواتە خەوارج ئیقامە حوجەی تەواو کرابوون هیچ عوذر و شوبهە و تەئویلێکیان نەمابوو، تەنها عینادی نەبێت، بۆیە پێی چەواشەکردن و نەزانیە بوترێت ئەوانە ئەهلی خطأ و تەئویل بوونە ئەو هەموو حوکمە دراوە بەسەریان بەبێ ئەوەی هیچیان بۆ ڕون کرابێتەوە و ئیقامە حوجە کرابن، ئەم جۆرە قسەیە لەچەواشەکردن و بەلارێ بردن زیاتر شتێکی تر نیە.

پاشان دەڵێت ↓↓

٢ ـ ئیمامی بوخاری له صەحیحەکەیدا فەرموودەیەک ئەهێنێت و ئەڵێت : [... وأَمَّا المُنَافِقُ والكَافِرُ فيُقَالُ له: ما كُنْتَ تَقُولُ في هذا الرَّجُلِ؟ فيَقولُ: لا أدْرِي كُنْتُ أقُولُ ما يقولُ النَّاسُ، فيُقَالُ: لا دَرَيْتَ ولَا تَلَيْتَ، ويُضْرَبُ بمَطَارِقَ مِن حَدِيدٍ ضَرْبَةً، فَيَصِيحُ صَيْحَةً يَسْمَعُهَا مَن يَلِيهِ غيرَ الثَّقَلَيْنِ.] .

حافظ ابن حجر ئەڵێت : [زەمی تەقلید و چاولێکەری تێدایە لە ئیعتیقادات و بیر و باوەڕ و وە سزاش شایستەی ئەبێت بۆ ئەو کەسەی ئەڵێت : گوێم لە خەڵکی بوو شتێکیان ئەووت منیش وتمەوە] ... فتح الباری موجەلدی ٣ لاپەڕەی ٢٨٤ .

↓↓↓

وەڵامم / ئەو کافر و مونافیقەی دەڵێت چیت دەوت بەپێغەمبەر محمد و باوەڕت چۆن بوو دەربارەی ؟ ئەویش دەڵێ نازانم ، فریشتەکانیش پێیان دەڵێن تۆ لەدونیا حەقت نەناسی و بەدوای نەکەوتی ، کەواتە ئەوانە لە بنچینەدا عوذریان نەبووە و کافربوونە و پشت کردوو بوونە چونکە مەعلومە کەسانی مونافیق حوجەی پێگەیشتوە بەڵام نەیویستوە و گوێی پێ نەداوە.

پاشان ئەم حەدیسە دێنێتەوە

↓↓↓

٣ ـ ئیمامی بوخاری له صەحیحەکەیدا فەرموودەیەک ڕیوایە ئەکات [... وَإِنَّ الْعَبْدَ لَيَتَكَلَّمُ بِالْكَلِمَةِ مِنْ سَخَطِ اللَّهِ لَا يُلْقِي لَهَا بَالًا يَهْوِي بِهَا فِي جَهَنَّمَ] وە لە ڕیوایەتێکی تر کە لە هەردوو صەحیەکەدا هاتووە ئەفەرموویّت[ما يتبين ما فيها] .

وە ئیمامی ترمذي ئەو فەرموودەی ڕیوایەت کردووە لە ڕێگای محمد بن اسحاق ... بەلەفزی (لا يرى بها باسا يهوى بها في نار سبعين خريفا) ... فتح الباری موجەلدی ١١ لاپەڕەی ٣١٤ ـ ٣١٨ .

مانا هەموو ڕیوایەتەکان ئەوەیە بەندەیەکی موسڵمان قسەیەک ئەکات بەبێ ئەوەی ئاگای لێ بێت و گوێی پێ بدات ئەو قسەیە اللە تعالی تووڕە ئەکات و سزای ئەیات و فڕێی ئەیاتە جەهەنەمەوە .

جا ئەم فەرموودەیە باسی کەسێک ئەکات قسەیەک ئەکات لە تووڕەیی اللە تعالی وە ئاگادار نیە و بۆی ڕوون نەبووەتەوە [ما يتبين ما فيها] کە ئەوە مەعصیەت و تەعەدایە ، لەگەڵ ئەوەشدا فڕێ ئەدرێتە جەهەنەمەوە ٧٠ پایز هیچ عوذریشی نیە بە جەهل و بە خطأ .

جا ئەمە بۆ مەعصیەت و تاوانێک وا بێت کە خاوەنەکەی تەنها ووشەیەکی ووتوەو لە بێ ئاگایی و نەزانی خۆیی و بۆیی ڕوون نەبوەتەوە ئایا ئەم ووشەیە چاکە یان خەراپە و ووتویەتی هیچ عوذری لێ قەبوڵ نەکراوە نە جەهل و نە

خطأ و نەبێ ئاگایی ئەی بۆ تەحوید و ئەصڵی دین چۆن قەبوڵ ئەکرێت چۆن لە شیرکدا قەبوڵ ئەکرێت ؟!

↓↓↓

لەوەڵامـــدا ئەڵێم : ئەم فەرموودەیە ئەوەی تێدانیە موسڵمان کافر ببێت بەقسەیەك کە بیکات و نەزان بێت بەحوکمی ئەو قسەیە، بەڵکو ئەوەی تێدایە کە ئینسان جاری وا هەیە قسەیەك ئەکات بیری لێ ناکاتەوە دەبێتە هۆی ئەوەی شوێنەواری خراپی زۆر گەورە بەدوایدا دروست ببێت و ببێتە هۆی سزایەکی گەورە بۆی، وە عوذریشی نیە لەو سزایە چونکە خۆی پشتی کردوە بیری لێ نەکردۆتەوە و بەکەیفی خۆی دەمی کردۆتەوە کەواتە ئەم فەرموودەیە ووەسفی حاڵی کەسێ ئەکات کە ئیهمال و گوێ نەدەرە و خۆی بەدەستی خۆی خۆی توشی تاوان کردوە.

ئەم فەرموودەیەش هاتووە تاکو بۆ موسڵمان ڕونی بکاتەوە چۆن قسە بکەن و ئاگاداری زمانیان و شوێنەواری قسەکانیان بن، هەربویە زانایانی فەرموودە بایێکیان داناوە لەسەر ئەم فەرموودەیە کە پەیوەستە بە پاشەڕۆژ و سەرەنجامی قسەکان نەك بەبابەتی عوذر بەجەهل.

هەربۆیە ابن عبد البر لەمانای ئەم فەرموودەیە دەڵێت:"

هیچ خیلاف نیە لەسەر ئەم گوفتارەی پێغەمبەرصلى الله عليه وسلم [... وَإِنَّ الْعَبْدَ لَيَتَكَلَّمُ بِالْكَلِمَةِ مِنْ سَخَطِ اللَّهِ لَا يُلْقِي لَهَا بَالًا يَهْوِي بِهَا فِي جَهَنَّمَ]

ئەوەیە کە قسەیەك بکات لای دەسەڵاتدارێکی ستەمکار کەخوا تورِە بکات بۆ ئەوەی دەسەڵاتدارە ڕِازی بکا و باطڵ و خراپەکانی بۆ برِازێنێتەوە وەك ڕِژاندنی خوێن موسڵمان یان ستەم کردنی لەموسڵمانێ، ئەم کەسە بەم قسەیەی لەخوا دوور ئەکەوێتەوە و تورِەبونی خوا ئەیگرێتەوە، بەهەمان شێوە کەسێکیش لای دەسەڵاتدارێکی ستەمکار قسەیەک بکات بیگێڕِێتەوە لە ستەم کردن و بەرەو چاکەی ببات ئەمەش لەڕِازی کردنی خوایە و نازانێ چەنە خوا بەهۆی ئەو قسەیەوە لێی ڕِازی ئەبێت، بەم شێوەیە ابن عویەینە و غەیری ئەویش فەرمویانە." التمهيد (13/51).

هەروەها ابن بطال هەمان مانا دوپات ئەکاتەوە و دەڵێت:" ئەو کەلیمەیە ئەوەیە کە قسەیەک ئەکا لای دەسەڵاتدارێ بە دەستدرێژی کردن بۆ سەر موسڵمانێ کە ڕِەنگە ببێتە هۆکاری لەناوچوونی، ئەو کەسە باغیە نەیویستوە خۆی لەناوبدات بەڵام بۆتە هۆی لەناوچونی گوناحی ئەوەی لەسەر ئەنوسرێ، وە ئەو کەسەشی کەلیمەیەک ئەڵێ لەڕِازی بونی خوا لەنێوان ئەهلی باطل یان کەلیمەیە ئەڵێ بۆ دیفاع کردن لەبرایەکی موسڵمانی کە ستەمی لێ ئەکرێ و ناخۆشیەکی دونیای لەسەر لائەبات لەبەر ئەو قسەیە خوا ناخۆشی قیامەتی لەسەر لا ئەبات و چەندین پلە بەرزی ئەکاتەوە." شرح صحيح البخاري ابن بطال (10/186).

کەواتە بۆمان دەرکەوت گوێ نەدان و هەست نەکردن کەلەحەدیسەکەدا هاتووە پەیوەندی نیە بەنەزانینی حوکمی ئەو قسەیە، بەڵکو پەیوەستە بەنەزانینی بەشوێنەواری ئەو قسەیە.

بەڵکو لەحەدیسەکەدا هاتووە ئەو کەسە دەزانێ حوکمی قسەکەی چیە وەك دەڵێ " ما كان يظن أن تبلغ ما بلغت " گومانی نەکرد ئەو قسەیە بیگەیەنێ بەوە و ئاوای بەسەربێنێ. وە زانیوێتی ئەو قسەیە لەڕازی بونی خوایە بەڵام نەیزانیوە ئەوەنە پلەی بەرزئەکاتەوە، کەواتە زانیمان ئەم حەدیسە پەیوەندی نیە بەبابی عوذر بەجەهل.

وەڵامی وانەی 32 یەمی قاعیدە گومڕاکەرەکان

بسم الله والحمدلله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن والاه أما بعد :

شێرکۆ دەڵێ لە بابەتی ئەمجارەمان إن شاء الله وەڵامی چەن شوبهەیەکی تر ئەدەینەوە، کە دەڵێن:

↓↓↓↓↓

ڕەد و وەڵامی گرنگترین شوبهە و گومانەکان کە دەستی پێوە ئەگرن و ئیستیدلالی پێوە ئەکەن بۆ بوونی عوذر بەجەهل .

شوبهەی پێنجەم :

فەرموودەی ئەو پیاوەی ووتی بمسوتێنن و خۆلەمێشەکەم پەرت و بڵاوبکەنەوە .

لە گرنگترین شوبهە و گومانەکانی هاوەڵانی عوذر بەجەهل ئەو فەرموودەیەیە بەردەوام وەک بەڵگە ئەیهێننەوە بۆ بوونی عوذر بەجەهل لە شیرکی گەورەدا .

وەڵامی ئەو شوبهەیە لە چەند ڕوویکەوە ئەبێت .

- ڕووی یەکەم :

ئەو ڕیوایەتانەی ئەم فەرموودەیە ئەهێنن لە کتابەکانی سوننەت دابەش ئەبن بۆ سێ بەش .

١ ـ بەشی یەکەم :

لە ڕیوایەت هاتووە کە بەدڵنیایەوە ئەو فەرمانی بە ئەهەلەکەی کرد بیسوتێنن لە ترس و خەوف و خەشیەیەی لە اللە تعالی ، باسی نەفی قودرەت نەکراوە ، هەروەک ئیمامی بوخاری هێناویەتی لە فەرموودەی حذیفە ـ رضي‌الله عنه ـ بە مەرفوعی .

↓↓↓

لەوەڵامی ئەم قسەیەدا دەڵێین/ سەرەتا بۆ تێگەیشتن لەفەرموودەیەك كە بەچەند شێواز و دەربڕینێك هاتبێت پێویستە هەموو ڕیوایەتەكان جەمع بكەیت و لەیەكیان بدەیت نەك تەنها یەك ڕیوایەت باس بكەیت بۆ چەواشەكردن، پاشان ئەوەی لەفەرموودەكەی بوخاری هاتووە بەبێ ڕیوایەتەكانی تر هیچ مانایەك نادات بەدەستەوە چونكە چۆن ئەبێت كەسێك لەخوا بترسێت بەبێ هۆ وەسێت بكات لاشەكەی بسوتێنرێت بكرێت بەخۆڵە مێش و بدرێت بەدەم بایە ؟! بێگومان كاری ئاوا كەسی موكەلەف و خاوەن عەقڵ نایكات ئەگەر ڕاكردن نەبێت لە قودرەتی خوا و لە زیندووبونەوە، هەروەك زانایان دەفەرموون.

پاشان دەڵێت ↓↓↓

٣ ـ بەشی سێیەم :

سوودی ئەوەی تێدایە كە ئەو پیاوە ئینكاری قودرەتی الله تعالى ی نەكردووە بە هیچ جۆرێک ، لەوانەش ئیمامی موسلم ڕیوایەتی كردووە لە فەرموودەی أبي سعيد ـ رضي الله عنه ـ تێیدا هاتووە و ئەفەرموێت : [وإنَّ الله يقدر عليّ أن يعذبني] ، ئیمامی نەوەوی ئەڵێت : ئەو قەولەی [وإنَّ الله يقدر عليّ

أن يعذبني] ، هكذا هو في المعظم النسخ في بلادنا ، ونقل اتفاق الرواه والنسخ عليه هكذا بتكريره " إن "كۆتايي هات ووتەكەی .

↓↓↓↓

وەڵام / 1- ئەم كابرا گومڕاكەرە ووتەكەی ئیمامی نەوەوی بڕیوە و هەمووی نەهێناوە بەشێكی هێناوە كەباس لەو إختیلافانە دەكات كە ڕاڤەكارانی فەرموودە كردویانە، پاشان ئیمامی نەوەوی خۆی لەكۆتاییدا دەڵێت:" ویجوز أن یكون على ظاهره كما ذكر هذا القائل ، لكن یكون قوله هنا معناه : إن الله قادر على أن یعذبني إن دفنتموني بهیئتي ، فأما إن سحقتموني وذریتموني في البر والبحر فلا یقدر علي ، ویكون جوابه كما سبق ، وبهذا تجتمع الروایات ، والله أعلم .

دەڵێت: جائیزە ئەم فەرموودەیە لەسەر زاهیرەكەی بێت، هەروەك ئەم قسەكەرە باسی كرد، لێرەشدا مانای فەرموودەكە لێرەدا ئەوەیە : خوا توانای هەیە لەسەر ئەوەی سزام بدات ئەگەر بەم شێوەیەی ئێستای خۆم بمێژن، بەڵام ئەگەر بمكەن بە خۆڵە مێش و بدەن بەدەم بایا لەووشكانی و لەدەریا، ئەوكاتە خوا ناتوانێت زیندووم بكاتەوە، ئا بەم شێوەیە ئەبێ جەمع بكرێت لەنێوان ڕیوایەتەكان."

2- ڕیوایەتەكانی ئەم فەرموودەیە بەپێكەوەیی دەلالەت ئەكەن لەسەر ئەوەی ئەو پیاوە ئینكاری قودرەتی خوای تەعالای كردوە، یەك لەو ڕیوایەتانەی كە

بەصەحیحی هاتووە ئەوەیە کە دەڵێت (ثم ذروني في البحر في يوم ريح لعلي أضل الله) أخرجه أحمد وصححه الألباني في صحيح الجامع.
دەڵێت: "پاشان خۆڵەمێشەکەم فڕێدەن لەدەریادا لەڕۆژێکی باوبۆراندا بەڵکو لەخوا وون بم."

پاشان دەڵێت : ↓↓↓

🔷 - ڕووی دووەم :

بەبێ شەک و گومان ئەو دیعایە و بانگەشەیەی کە ئەڵێن : زانایان ئیتیفاقیان هەیە لەسەر ئەوەی ئەو پیاوە جاهیل بووە بە سیفەتی " القدرة " و عوذری هەیە بەجەهل باطیل و پووچە ، ئەگەر ئاوا بووایە بەو ئاسانیە کە وەک هاوەڵانی عوذر بەجەهل ئەیڵێن چی وای لە زانیان کردووە ئەو هەموو شەرح و تەفسیرە بۆ ئەو فەرموودەیە بکەن و ئەو هەموو وەڵامەیان هەبێت بۆ پرسیارەکان سەبارەت بەو فەرموودەیە .

↓↓↓

لەوەڵامدا ئەڵێم / هەموو ئەوانەی فەرموودەی ئەم پیاوەیان تەحریف کردوە کە گومانی هەبووە لەتوانای خوا لەزیندوو کردنەوەی هەموو ئەوانە کەسانێك بوونە کاریگەڕبوون بەفیکری إعتیزال و ئەشاعیرە چونکە لای ئەشعەرەیەکان ئصوڵی دین ئەوەیە باوەڕت بەحەوت صیفات هەبێت یەك لەو سیفەتانە سیفەتی توانایە "القدرة" جا ئەم سیفەتانەش لای ئەشاعیرە بەفیتڕەت و

بەنەص نازانرێ چونکە نەص لای ئەوان ئیفادەی یەقین ناکات بەڵکو ئیفادەی ظن و گومان دەکات بۆیە بەڵگە عەقڵیە کەلامیەکانیان بەڵگەی حاشاهەڵنەگرن بۆ ئصولی دین، بۆیە ئەڵێن یەکەم واجب لەسەر عەبد ئەوەیە بڕوانێتە بەڵگە ژیریەکان لەوێوە ئیمان بێنێ و خوا بناسێ ، هەربۆیە جمهوری متأخرینی ئەشاعیرە ئیمانی کەسانی موقلید حیساب ناکەن باوەڕیان بەتەقلید نیە لەئیمان هەربۆیە لای هەندێکیان زۆربەی ئومەت تەکفیردەکرێت، هەربۆیە هەموو ئەو زانایانەی لەسەر بنچینەی ئەشاعیرەن لەمەسەلەی ئیمان دەبینی هەموو پینە و پەڕۆیەکیان کردوە بۆ تەحریف کردنی فەرمودەی ئەو پیاوەی گومانی هەبوە لەتوانای خوا چونکە ئەگەر تەحریفی نەکەن هیچ مەجالی تیانامێنێ لای ئەوان کەوا ئەو پیاوە کافربوە بەڵام حەدیسەکە ڕزگاری کردوە و ئیمانی بۆ جێگیرکردوە ئەمەش ناگونجێ لەگەڵ بنەماکانیان بۆیە ناچار تەحریفی القدرة کرد چونکە ئیشکالەکە لای متکلمین لەمەیە نەك لەسەر مەسەلەی زیندوو بونەوە چونکە لای ئەشاعیرە بابەتی قیامەت و زیندوو بونەوە لە سمعیات ە واتە لەوشتانەیە بەبەڵگەی شەرعی دەچەسپێ نەك بەڵگەی عەقڵی بەو مانایەی هیچ بەڵگەیەکی عەقڵی نیە لەسەر بونی زیندووبونەوە، ئەمەش زۆر ڕوونە لە تەئویلەی قاضي عياض لەشیفا نەقڵی دەکات دەڵێ"قد أجاب الآخر عن هذا الحديث بوجوه: منها أن قدرَ بمعنى قدَّر ، ولايكون شكه في القدرة على إحيائه بل في نفس البعث الذي لايعلم إلا بالشرع"

واتە: کەسانی تر وەڵامیان داوەتەوە دەربارەی ئەم فەرمودەیە بەچەن ڕوێك : لەوانە قدرە بەمانای دیاریکردنە وە گومانی نەبوە لەتوانای خوا بۆ زیندووکردنەوەی بەڵکو گومانی بوە لەخودی زیندبوونەوەی کە زیندووبونەوەش تەنها بەشەرع دەزانرێ"

ئەمەش پێچەوانەی دەیان ئایەتی قورئانی پیرۆزە و بەتاڵی دەکاتەوە بڕوانە کتێبی "الأدلة العقلية والنقلية على أصول الإعتقاد"لسعود العريفي (ص 558-586).

پاشان شێرکۆ جاهیل و چەواشەکار کە نەقڵی قسە بەتاڵەکانی لەکتێبی "العذر بالجهل تحت المجهر" دەکات کەوا کابرایەکی خەواریجی حازمیە و دەوڵەتەکەی کە شێرکۆ خۆی ئەداتە پاڵی بەکافر ئەزانێت ئەوەنە خەبیث و زیادەڕۆیە جا شێرکۆش چونکە مێشك بەتاڵ و هیچ لەبەردا نەبووە پەنا بۆ هەموو گومڕایەك ئەبات بەس بۆ ئەوەی مەزهەبە بۆگەنەکەی سەربخات و واپیشانی نەزانەکانی دەوروبەری بدات کەئەویش شت ئەزانێ و بەڵگەی هەیە !!!

دەڵێت ↓↓↓

ئەگەر ئاوا ئاسان بوایە زانایان ئەیان توانی بە ئاسانی بڵێن : ئەو پیاوە جەحد و ئینکاری قودرەتی اللە تعالی ی کردووە و جاهیل بووە و عوذری هەیە بەجەهل ، هیچ پێویستی بەو تەفصیلات و شروحات و ڕوونکردنەوە نەئەکرد ، بەڵام زانایان ئەزانن کە ئەم فەرموودەیە لەسەر زاهیرەکەی نیە و

پێویستی به ڕوونکردنەوە و شەرح کردن هەیە ، تەئویل کردن و صەرف کردنی مانای فەرموودەکە لەسەر زاهیرەکەی باشترین بەیان و بەڵگەیە کە زاهیری ئەو فەرموودەیە مەبەست و مانای حەقیقی فەرموودەکە نیە و پێچەوانەی تەواوی بنچینە و ئوصولی زانایانە .

↓↓↓

لەوەڵامی ئەم قسە پوپوچەدا ئەڵێم /

ئەو زانایانە کێن کە تەئویلی ئەم فەرموودەیەیان کردوە ؟ ئایا هەر ئەو زانایانە نین کە تۆ دەڵێیت تەئویلیان کردوە هەر ئەوان نین کە تەئویلی هەموو صیفاتی اللە تعالی دەکەن چونکە گوایە پێچەوانەی بەڵگەی عەقڵی قەتعیە لایان کە هەموو ئەو زانایانەی تۆ باسی ئەکەی ئەو تەئویلانەیان کردووە چونکە لەبواری ئەسماء وصیفات و ئیمان لەسەر مەنهەجی ئەشاعیرە و موعتەزیلە بونە. پاشان ئایا ئەو زانایانە ئیجماعیان هەیە لەسەر تەئویل و بەتاڵکردنەوەی زاهیر ؟ مادام ئیجماعیان نەبێت ئەصلەن هیچ حوجەیەك نیە لەقسەکانیان.

پاشان خۆی و شێخە خەواریجەکەی درۆیە گەورە دەکەن ودەڵێن ئەم زانایانە هەر هەمویان ئیتیفاقیان لەسەر تەئویلی فەرموودەکە !!! ↓↓

١ـ ابن عبدالبر ، ٢ ـ القرطبي ، ٣ ـ النووي ، ٤ ـ ابن الملقن شێخی حافظ ابن حجر ، ٥ ـ الخطابي ، ٦ ـ ابن حجر ، ٧ ـ ابن الجوزی ، ٨ ـ ابن جریر

الطبري ، ٩ ـ الطحاوي ، ١٠ ـ اسحاق بن عبدالرحمن و جگه لەوانیش له زانایان .

↓↓↓

لەوەڵامدا ئەڵێم / درۆت کرد ئێستا ئەقوالی زۆربەی ئەو زانایانە وەکو خۆی دا ئەنێم و ئەیسلمێنم کەوانیە و درۆئەکەیت.

1- ابن عبد البر دەڵێت : (وأما جهل هذا الرجل في هذا الحديث بصفة من صفات الله في علمه وقدرته، فليس ذلك بمخرجه من الإيمان) ثم استدل على ذلك بسؤال الصحابة رضي الله عنهم عن القدر ثم قال: (ومعلوم أنهم سألوه عن ذلك وهم جاهلون به، وغير جائز عند أحد من المسلمين أن يكونوا بسؤالهم عن ذلك كافرين، ولم يضرهم جهلهم به قبل أن يعلموه) التمهيد(١٨/ ٤٧-٤٦)

دەڵێت:" نەزانی ئەم پیاوە لەم فەرموودەیەدا بەسیفەتێ لەسیفەتەکانی خوا لە عیلم و قودرەتی خوا، بەمە لە ئیمان دەری نەکرد" پاشان بەڵگە لەسەر ئەمە بە پرسیاری صەحابە دێنێتەوە کاتێ پرسیاریان دەکرد لەبارەی قەدەر و دەڵێت (مەعلومە ئەو هاوەڵانە کاتێ پرسیاری ئەو جۆرەیان کردوە لە پێغەمبەر نەزان بوونە، نەبووە لای هیچ یەکێك لەموسڵمانان بەو بەو پرسیارکردنەیان کافربوبن، نەزانین بەوە هیچ زیانێکی لێ پێ نەگەیاندون پێش زانینی.)

پاشان ئیمام ابن عبدالبر ئەگەر وێنەی چەن تەئویلێکی بە مستساغ دانابێت، مانای ئەوە نیە وتەی هەڵبژادەی خۆی بێت، بەڵکو ابن عبدالبر یەکێکە لەو کەسانەی کە فەرموودەکەی لەسەر زاهیرەکەی لێکداوەتەوە، جا شێرکۆ بیارە چونکە کوێرانە بۆ سەرخستنی مەزهەبە باتاڵەکەی هەموو تەحریفاتێك قبوڵ ئەکات و وەرئەگرێت کە لەراشد العلا ی وەرگرتوە ئەو کابرا گومڕایەش چونکە إعتیمادی نەکردۆتە سەر کتێبی "التمهید" بەڵکو چووە پشتی بەستووە بەنەقڵێکی زۆر مختصری سیوطی لە "تنویر الحوالك"(1/186 رقم: 570)

2- ئیمامی نەوەوی دوای ئەوەی کۆمەڵێ لێکدانەوە دێنێ لەتەئویل کردنی ئەم حەدیسە پاشان دەڵێت:" ویجوز أن یکون علی ظاهره کما ذکر هذا القائل، لکن یکون قوله هنا معناه إن الله قادر أن یعذبني إن دفنتموني بهیئتي فأما إن سحقتموني وذریتموني في البر والبحر فلا یقدر علي "شرح صحیح مسلم(17/74)

واتە: ئەشێت ئەم فەرموودەیە لەسەر ڕواڵەتەکەی بێت بەڵام ماناکەی ئەوەیە کەدەڵێ خوا بەتوانایە زیندووم بکاتەوە ئەگەر لەسەر شێوەی خۆم بمێژن بەڵام ئەگەر ووردم بکەن و بمکەن بەخۆڵەمێش بمدەن بەدەم بایا لەوشکانی و لەدەریا ئەوکاتە خوا ناتوانێ زیندووم بکاتەوە"

3- ئیمامی الخطابي -رحمه الله- دەڵێت:" وقد يستشكل هذا فيقال: كيف يغفر له وهو منكر للبعث والقدرة على إحياء الموتى؟ والجواب: أنه لم ينكر البعث، وإنما جهل فظن أنه إذا فعل به ذلك لايعاد فلا يعذب، وقد ظهر إيمانه باعترافه بأنه إنما فعل ذلك من خشية الله " فتح الباري(٦/٥٢٣).
دەڵێت: ئەشێت ئیشکال دروست ببێت بوترێت: چۆن لێی خۆش دەبێت لەکاتێکدا ئینکاری زیندووبونەوە و قودرەتی خوای کردوە لەسەر زیندوکردنەوەی مردوان ؟ لەوەلامدا: ئەو پیاوە ئینکاری زیندووبونەوەی نەکردوە، بەڵکو جاهیل بوە وا گومانی بردوە ئەگەر وای لێ بکرێت زیندوو ناکرێتەوە هەربۆیەشە سزانادرێت، ئیمانیشی هەبوە چونکە ئیعتیرافی کردوە کە ئەو کارەی لەترسی خوا کردوە."

هەروەها ئەم ئیمامە بەڕێزەش کە دەڵێت ئەم حەدیسە ڕەنگە ببێتە ئیشکال... مانای ئەوە نیە خۆی یەکێ لەو تەئویلانەی هەڵبژاردبێ یان خۆی وابڵێ، بەڵکو ئیمامی خەطابی بۆخۆی کەسێکە بووە لەوانەی حەدیسەکەی لەسەر زاهیرەکەی لێکداوەتەوە، هەروەها وەڵامی ئەو ئیشکالەشی داوەتەوە کە ئەشێت دروست ببێت، سەرەڕای ئەوەی جەزمی نەکردوە بەبونی ئیشکال بەڵکو فەرمویەتی ڕەنگە ڕوبدات، وەک باسمانکرد. ئەو ئیشکالەشی لەلایەن

ڕاڤەکارانی فەرموودەوە دروست بووە لەئەشاعیرە و ماتوریدیەکان ئیشکالەکە لای ئەوان بەهۆی ئەوەیە کەحەدیسەکە پێچەوانەی زاهیری ئوصولە کەلامیەکانیانە بۆیە تەئویلیان کردوە، ئەمەش ڕاستی بابەتەکەیە کە شێرکۆ بەئەنقەست خۆی لێ گێل کردوە.

4- هەروەها ئیمامی طەحاوی یش وەکو ابن عبدالبر حەدیسەکەی لەسەر زاهیرەکەی لێکداوەتەوە و دەڵێت:

((غير أن قوما أخرجوا لحديث معاوية بن حيدة معنىً، وهو أنهم جعلوا قوله:((لعلي أضل الله)) جهلاً منه بلطيف قدرة الله مع إيمانه به جل وعز فجعلوه بخشيته عقبوته مؤمنا، وبطمعه أن يضله جاهلا، فكان الغفران من الله تعالى له بإيمانه، ولم يؤاخذه بجهله الذي لم يخرجه من الإيمان به إلى الكفر به تعالى" شرح مشكل الاثار(2/36).

دەڵێت: خەڵکانێك مانای حەدیسەکەی موعاویەی کوڕی حیدەیان کردوە کە ئەو پیاوە وتویەتی بەڵکو لەخوا "وون بم" بەجەهل و نەزانیی بەقودرەتی الله وای وتوە لەگەڵ ئەوەی ئیمانی هەبووە بەخوا و ترساوە لەسزای خوا وە ئومێدی بەوە هەبوە ئەگەر ئەو کارە بکات لەخوا وون ئەبێت، خواش بەهۆی ئەو ئیمانەی خۆا لێی خۆش بووە وە بەنەزانیەکەشی نەیگرتوە و ئەو نەزانی لەئیمان دەرنەهێناوە بۆ کوفر."

5- ئیمامی زوهری و ابن قوتەیبە فەرموویانە ئەو حەدیسە لەسەر زاهیرەکەیەتی کە ئیمامی زوهری و ابن قوتەیبە زۆر لە تەحاوی و ابن عبدالبر شارەزا تربوە لە بەزمانی عەرەب و مانای فەموودەکان، چ جای موعاویەی کوری حیدە کە صەحابەیە زاناترە لە مەبەستی پێغەمبەری خوا صلی الله علیەوسلم لەو کەسانەی لەدوای صەحابە هاتوون.

6- ابن جەریری تەبەری ، لە تەفسیری ئەم حەدیسە تەنها باس لە پێنج تەئویل دەکات کە بۆی کراوە کە دەیداتە پاڵ ئەوانەی تەکفیری جاهیلی صیفات دەکەن، بەبێ ئەوەی بیداتە پاڵ کەسێکی دیاریکراویان کە ڕاستی قسەکانیان تەحریفە وە ئەو پێنج تەئویلەی کە هێناوێتی مانای ئەوەی تیانیە کە خۆی تەبەنای هیچیانی کردبێت، چونکە ئەشێت ئیحتیمالی لێکدانەوەی فەرموودەکە لەسەر زاهیرەکەی ڕووی ڕاستی بێت بۆیە هیچ یەکێ لەو تەئویلانە تەرجیح ناکات. [بڕوانە : أصول الدين عند الإمام الطبري لطه محمد نجا رمضان لاپەڕە 72 - 94 - 135-144] جا قسەی هەر زانایەکی تر کە مەنهەجی إستیدلالی لەسەر؟مەنهەجی ئەشاعیرە و ئەهلی کەلام دامەزرابێت ئەوە مەردودە و موعتەبەرنیە. نابێتە ماڵ بەسەر عەقیدەی ئەهلی سوونەت.

زانایانی پێشوو وه هەموو ئەو زانایانەی شوێنی متقدمین کەوتون له ئەهلی سوونه لەکۆن و نوێ ئیتیفاقیان هەیه لەسەر ئەوەی تەفسیری فەرموودە ئەکەن لەسەر زاهیرەکەی که شەکی بووه لەقودرەتی خوا و لەزیندوو بوونەوە بڕوانه "التمهید" (18/42)لەو زانایانەش وەك نموونه:

1- ابن تەیمیه لەچەندین شوێنی کتێبەکانی جەختیکردۆتەوە لەسەری.

بڕوانه مجموع الفتاوی(11/409) وه له شوێنێکی تر مجموع(3/231) وه له الکیلانیة(1/92) وه له مجموع(1/491).

شێخی ئیسلام ئیبن و تەیمیه - رحمه الله- دەڵێت:" والحديث صريح في في أن الرجل طمع أن لايعيده إذا فعل ذلك وأدنى هذا أن يكون شاكا في المعاد- وذلك كفر إذا قامت الحجة النبوة على منكره حكم بكفره-هو بين في عدم إيمانه بالله تعالى، ومن تقول قوله: لئن قدر الله علي بمعنى قضى أو بمعنى ضيق فقد أبعد النجعة وحرف الكلم عن مواضعه ، فإنه إنما أمر بحريقه وتفريقه لئلا يجمع أو يعاد، وقال: إذا أنا مت فأحرقوني ثم اسحقوني ثم ذروني في الريح في البحر فوالله لئن قدر علي ربي ليعذبني عذاباً ما عذبه أحداً. فذكر هذه الجملة الثانية بحرف الفاء عقيب الأولى يدل على أنه سبب لها وأنه فعل ذلك لئلا يقدر الله عليه فعل ذلك فلو كان مقراً بقدرة الله عليه إذا فعل ذلك كقدرته عليه إذا لم

يفعل لم يكن في ذلك فائدة له؛ ولأن التقدير والتضيق موافقان في للتعذيب وهو قد جعل تفريقه مغايراً لأن يقدر الرب . قال: فوالله لئن قدر الله علي ليعذبني عذاباً ما عذبه أحداً من العالمين. فلا يكون الشرط هو الجزاء ولأنه لو كان مراده ذلك لقال: فوالله لئن جازاني ربي أو لئن عاقبني ربي ليعذبني عذاباً كما هو الخطاب المعروف في مثل ذلك ودلائل فساد هذا التحريف كثيرة ليس هذا الموضع بسطها فغاية مافي هذا أنه كان رجلاً لم يكن عالماً بجميع مايستحقه الله من الصفات وبتفصيل أنه قادر وكثير من المؤمنين قد يجهل مثل ذلك يكون كافراً."مجموع الفتاوى(309-411/11).

واته: حەديسە ئاشكرايە كە ئەم پياوە بەو كارەی بەتەمابوو كە زيندووی نەكاتەوە، وە كەمترين شت ئەوەيە گومانی هەبوو لەزيندووكردنەوەی- ئەمەش كوفرە ئەگەر ئيقامە حوجەی لەسەربكرێ كافرئەبێ- ئەم ڕوونە كە ئيمانی نەبوە بەزيندووبونەوەی بەوشێوەيە، وەهەركەسێ تەئويلی بكات بەوەی كە ئەڵێ ئەگەر خوا بڕيار بدات يان لێم تەنگ بكاتەوە ئەوا بابەتەكەی زۆر دوورخستۆتەوە و تەحريفی واتاكەی كردوە چونكە ئەم پياوە فەرمانی كرد بەسوتاندنی و بڵاوكردنەوەی بۆ ئەوەی زيندوو نەبێتەوە ووتی ئەگەر مردم بمسوتێنن و بمكەنە خۆڵەمێش وبمەن بەدەم بايا لەدەريا چونكە وەڵاهی ئەگەر خوا زيندووم بكاتەوە سزايەك سزام ئەدات سزای كەسی وەها نەدابێت، ئەم ڕستەيەی دووەمی بەپێتی فاء دوای ڕستەی يەكەم باسكردوە ئەمەش

بەڵگەیە لەسەر ئەوەیە هۆکارەکەیەتی کە ئەو ئەو کارەی کردوە بۆ ئەوەی خوا نەتوانێ زیندووی بکاتەوە، جا ئەگەر باوەڕی هەبوایە بەدەسەڵاتی خوا ئەگەر کرابەخۆڵەمێش زیندووی بکاتەوە وەك ئەوەی کە ئەگەر نەیکەن بەخۆڵەمێش زیندووی ئەکاتەوە ئەوا ئەم کارەی هیچ سوودێکی نابوو چونکە بڕیاردان و لێ تەنگ کردنەوە موافقی سزادانن بەڵام کە بەجیای کردەوە ئەو دەسەڵاتەی خوا و ووتی: سوێند بەخوا ئەگەر خوا زیندووم بکاتەوە سزایەک سزام ئەدات کەسی ئاوا سزا نەدابێ. ئەوکاتە مەرج نابێت بە پاداشت چونکە ئەگەر مەبەستی ئاوابوایە دەیوت: وەڵاهی ئەگەر پەروەردگارم پاداشتم بداتەوە یان پەروەردگارم سزام بدات هەروەك زانراوە لەقسەکردندا، بۆیە بەڵگەکانی فەسادی ئەم تەحریف و گۆڕینە زۆرە لێرە شوێنی باسکردنی نیە، ئەوەی مەبەستە بیڵێین ئەوەیە ئەم پیاوە زانانەبوو بەهەموو ئەو شتانەی شایەنی خوایە لەسیفات و لەوەی بەتوانایە وە زۆرێکیش لە بڕواداران هەن ئەم شتانە نازانن بۆیە کافرنابن".

هەروەها دەڵێ : فهذا الرجل شك في قدرة الله وفي إعادته إذا ذري، بل اعتقد أنه لايعاد، وهذا كفر باتفاق المسلمين، لكن كان جاهلاً لايعلم ذلك وكان مؤمناً يخاف الله أن يعاقبه فغفر له بذلك . والمتأول من أهل الاجتهاد الحريص على متابعة الرسول أولى بالمغفرة من مثل هذا."مجموع الفتاوى(3/231)

واته: ئەم پیاوە گومانی هەبوو لەتوانای خوا لەزیندوو کردنەوەی ئەگەر بکرێت بەخۆڵەمێش بدرێ بەدەم بایا، بەڵکو باوەڕی وابوو زیندوو نابێتەوە، ئەمەش کوفرە بەکۆڕای موسڵمانان، بەڵام ئەمە جاهیل بوو نەیدەزانی و بڕواداربوو دەترسا لەخوا خواش بەهۆی ئەو ترسانەی لێی خۆشبوو، کەسی خاوەن تەئویل و اجتهاد کەسوورە لەسەر شوێنکەوتنی پێغەمبەر لەپێشترە بەلێخۆشبوون وەک لەم پیاوە."

2- ابن القيم

ئیمام ابن القيم دەڵێ :" وأما جحد ذلك جهلاً ، أو تأويلاً يعذر فيه صاحبه فلا يكفر صاحبه به ، كحديث الذي جحد قدرة الله عليه وأمر أهله أن يحرقوه ويذروه في الريح ، ومع هذا فقد غفر الله له، ورحمه لجهله، إذ كان ذلك الذي فعله مبلغ علمه ، ولم يجحد قدرة الله على إعادته عناداً أو تكذيباً." مدارج السالكين(1/348)

واته: بەڵام کەسێك نکۆلی ئەوە بکات بەنەزانی یان بەتەئویل ئەوا خاوەنەکەی عوزری بەوە هەیە، وەك فەرمودەی ئەو پیاوەی ئینکاری توانای خوای کرد لەسەری ئەگەر بیسوتێنن وبیدەن بەدەم بایا، لەگەڵ ئەوەشدا خوا لێی خۆشبوو و بەزەیی پێدا هاتەوە بەهۆی نەزانیەکەی، مادام ئەوە ئەوپەری

زانیاری ئەو بوێ هەر ئەوەنەی زانیێ وە ئینکاری زیندوبونەوەی نەکردێ بەهۆی کەلەڕەقی و بەدرۆدانان."

3- ئیمامی نەوەوی

ئیمامی نەوەوی دوای ئەوەی کۆمەڵێ لێکدانەوە دێنێ لەتەئویل کردنی ئەم حەدیسە چی دەڵێ دەڵێت:" ويجوز أن يكون على ظاهره كما ذكر هذا القائل، لكن يكون قوله هنا معناه إن الله قادر أن يعذبني إن دفنتموني بهيئتي فأما إن سحقتموني وذريتموني في البر والبحر فلا يقدر علي "شرح صحيح مسلم((17/74

واتە: ئەشێت ئەم فەرموودەیە لەسەر ڕواڵەتەکەی بێت بەڵام ماناکەی ئەوەیە کەدەڵێ خوا بەتوانایە زیندووم بکاتەوە ئەگەر لەسەر شێوەی خۆم بمنێژن بەڵام ئەگەر ووردم بکەن و بمکەن بەخۆڵەمێش بمدەن بەدەم بایا لەوشکانی و لەدەریا ئەوکاتە خوا ناتوانێ زیندووم بکاتەوە"

4- ئیمامی ذەهەبی

5- ئیمامی زوهری

6- ابن قوتەیبە

7- ئیمامی تەحاوی

8- ئیمامی ابن کەثیر

9- ئیمامی ابن العربی المالكي

10- ئیمام محمد بن عبدالوهاب

11- عبدالله ی کوری محمد بن عبدالوهاب

هەروەها الإمام عبد الله بن محمد بن عبد الوهاب :

دەربارەی ئەم مەسەلەیە هەروا دەڵێت له الدرر السنية (10/ 239-240) هاتووه و دەڵێت:"إذا فعل الإنسان الذي يؤمن بالله ورسوله، ما يكون فعله كفرا، أو اعتقاده كفرا، جهلا منه بما بعث الله به رسوله صلى الله عليه وسلم، فهذا لا يكون عندنا كافرا، ولا نحكم عليه بالكفر حتى تقوم عليه الحجة الرسالية، التي يكفر من خالفها، فإذا قامت عليه الحجة، وبين له ما جاء به الرسول صلى الله عليه وسلم، وأصر على فعل ذلك بعد قيام الحجة عليه، فهذا هو الذي يكفر، وذلك لأن الكفر: إما يكون بمخالفة كتاب الله وسنة رسوله صلى الله عليه وسلم وهذا مجمع عليه بين العلماء في الجملة، واستدلوا بقوله تعالى: (وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّى نَبْعَثَ رَسُولاً)، وبقوله: (وَسِيقَ الَّذِينَ كَفَرُوا إِلَى جَهَنَّمَ زُمَراً) إلى قوله: (بَلَى وَلَكِنْ حَقَّتْ كَلِمَةُ الْعَذَابِ عَلَى الْكَافِرِينَ).

واستدلوا أيضا: بما ثبت في الصحيحين والسنن،

واته : ئینسان ئەگەر ئیمانی بەخواو پێغەمبەرێت و کارێك بکات کوفر بێت یان بیروباوەڕێکی کوفری هەبێت بەڵام نەزان بێت بەدین نەزانێ کە ئەوە کوفرە لەئیسلامدا ئەم کەسە لای ئێمە کافر نابێت، و حوکمی کوفری لەسەر نادەین تاکو ئیقامەی حوجەی لەسەر نەکرێت، بەڵام ئەگەر دوای ئیقامە حوجە هەر سووربوو لەسەر کوفرەکەی ئەوکاتە کافر ئەبێت، ئەمەش بەشێوەیەکی گشتی ئیجماعی لەسەرە لەنێوان زانایان بەڵگەشیان بەم ئایەتانە هێناوەتەوە (وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّى نَبْعَثَ رَسُولاً)، وبقوله: (وَسِيقَ الَّذِينَ كَفَرُوا إِلَى جَهَنَّمَ زُمَراً) إلى قوله: (بَلَى وَلَكِنْ حَقَّتْ كَلِمَةُ الْعَذَابِ عَلَى الْكَافِرِينَ). هەروەها بەڵگەشیان بەفەرموودەی ئەو پیاوەش هێناوەتەوە کەوەسێتی کرد بیسوتێنن کاتێ کەمرد. "

12- هەروەها ئیمام ابن حزم دەڵێت:- " فهذا إنسان جهل إلى أن مات أن الله عز وجل يقدر على جمع رماده وإحيائه، وقد غفر له لإقراره وخوفه وجهله وقد قال بعض من يحرف الكلم عن مواضعه أن معنى لئن قدر الله عليّ إنما هو لئن ضيق الله علي كما قال تعالى: { و أما إذا ما ابتلاه فقدر عليه رزقه}(سورة الفجر، آية : 16.)وهذا تأويل باطل لا يمكن لأنه كان يكون معناه حينئذ لئن ضيق الله علي ليضيق علي، و أيضاً فلو كان هذا لما كان لأمره بأن يحرق

ويذر رماده معنى ولا شك في أنه إنما أمر بذلك ليفلت من عذاب الله) (الفصل 252/3.)

واته: ئەم ئینسانە نەزان بوو هەتا مرد بەڵام خوا لێی خۆشبوو بەهۆی ترسانی و نەزانیەکەی بەڵام ئەوانەی تەحریفی دەقەکان دەکەن و ماناکان ئەگۆڕن ئەڵێن مانای لئن قدر الله علي واتای لئن ضيق الله علي ه وەک ئەم ئایەتە { و أما إذا ما ابتلاه فقدر عليه رزقه} ئەمەش تەئویلێکی باطڵە نابێت لەبەرئەوەی مانای ئەبێت بە ئەگەر خوا لەسەرم تەنگ بکاتەوە ئەوا لێم تەنگ ئەبێتەوە ،هەروەها ئەگەر ئەوە ماناکەی بوایە ئەوا سوتاندنی هیچ مانایەکی نەدەما گومانیشی تێدانیە ئەم فەرمانەی کرد تاکو لەسزای خوا قوتاری بێت.

13- ابن الوزير ، بڕوانە (إيثار الحق على الخلق 436)

14- ئیمامی خەطابی ، بڕوانە فەتح الباري (6/523)

15- ابن عقيل

پاشان دەڵێت ↓↓↓

2 ـ مەذهەبی دووەم :

ئەوان تەفسیری لەفزی " قدر " بە دوو تەفسیر ئەکەن .

١ ـ تەفسیری " قدر " ئەڵێن واتای " قضی " ئەکەن مانایەکەی ئاوای لێ یەت [لئن قضى علي العذاب ليعذبني] .

٢ ـ تەفسیری " قدر " ئەڵێن واتای " ضیق " ماناکەی ئاوای لێ یەت [لئن ضيق الله علي فاعادني وهو قادر عليّ ان يعيدني ليعذبني] ، وە بۆ ئەمەش پشت بەو ڕیوایەتانە ئەبەستن کە بەڵگەن لەسەر ئەوەی ئەو پیاوە شەک و گومانی نەبووە لە قودرەتی الله تعالى هەروەک زاهیری فەرموودەکە وایە لە لەفزی موسلم ، ئەو زانایانەی ئەو دوو تەفسیرەیان باسکردووە بۆ فەرموودەکە ، ابن عبدالبر و ابن الجوزی و جگە لەوانیش.

↓↓↓

لەوەڵامدا / وتمان ئیمام ابن عبدالبر ئەگەر وێنەی چەن تەئویلێکی بە مستساغ دانابێت، مانای ئەوە نیە وتەی هەڵبژادەی خۆی بێت، بەڵکو ابن عبدالبر یەکێکە لەو کەسانەی کە فەرموودەکەی لەسەر زاهیرەکەی لێکداوەتەوە، جا شێرکۆ بیارە چونکە کوێرانە بۆ سەرخستنی مەزهەبە باتاڵەکەی هەموو تەحریفاتێك قبوڵ ئەکات و وەرئەگرێت کە لەراشد العلا ی وەرگرتوە ئەو کابرا گومڕایەش چونکە إعتیمادی نەکردۆتە سەر کتێبی "التمهيد" بەڵکو چووە پشتی بەستووە بەنەقڵێکی زۆر مختصری سیوطی لە "تنوير الحوالك"(1/186 رقم: 570)، پاشان ابن الجوزي لە جەماعەتی ئەشاعیرەیە

له ئەسماء و صیفات ڕەخنه و تانەی زۆری لەسەرە بۆیە لەم بابەتانە هیچ قسەیەکی لێ وەرناگیرێت لای ئەهلی سوونە، بەڵام ڕاشد العلا کە لەکتێبەکەی بەڵگە دێنێتەوە بەوتەی ئەم جۆرە کەسانە چونکە هەگبەکەیان بەتاڵە و قەولی ئەهلی سوونەیان پێ نیە ناچار ئەبێت پەنا بۆ ئەهلی باطڵ ببەن وەکو شێرکۆی قوتابی خۆی.

3 ـ مەذهەبی سێیەم :

ئەڵێن بەبێ گومان ئەو پیاوە لە زەمەنی فەترە بووە هەروەک ئەبینین کەتەنها کەلیمەی تەوحید سودی پێگەیاندووە ،

وەڵامی ئەم مەزهەبەش ئەوەیە/ گومانی تێدانیەئەم پیاوە موسڵمان بووە لەسەر دینەکانی پێشوو بووە ئەم قەولەش بەڵگەیە لەسەر بوونی عوذر بەجەهل لە شیرک و کوفری گەورە کاتێ خاوەنەکەی نەزان بێ کەواتە بەپێی ئەم قەولە جەهل بە وجۆزئیاتی تەوحید یان جەهل بەچەند شیرکێك و کوفرێك لەسەردەمێك کە عیلم نەبێت یان کەسەکە عیلمی پێ نەگەیشتبێت کافر نابێت و ناوی کوفر و شیرکی لەسەر جێگیرنابێت.

ـ ئیامی نەوەوی ئەڵێت ، طائیفە و کۆمەڵێک لە زانایان ئەڵێن : ئەو پیاوە لە زەمەن و سەردەمی فەترە بووە بەبەڵگەی ئەوەی مجرد تەوحید سوودی پێگەیاندووە و تەکلیفی لەسەر نەبووە ، وە تەکلیفیش بوونی نیە پێش

گەیشتنی شەرع لەسەر مەذهەبی صەحیح لەبەر ئەو قەولەی الله تعالى : [وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّىٰ نَبْعَثَ رَسُولًا] الاسراء(١٥) .

ـ القاضي عياض ئەڵێت : شەک و گومانی لە قودرەتی الله تعالى نەبووە کە زیندووی ئەکاتەوە ، " بل في نفس البعث " ئەوەش نازانرێت ئیلا بە شەرع نەبێت ، جا لەوانەیە شەرعی پێنەگەیشتبێت و تاک و بیانوی نەهێڵێت ، خۆ ئەگەر شەرعی پێگەیشتبێت ، شەک و گومانی هەبێت ئەو کاتە کافر ئەبێت ، بەڵام ئەگەر شەرعی پێنەگیشتبێت ئەوە لە " مجوزات " ی عەقڵە ، ... وە ئەڵێن : ئەوە لە زەمانی فەترە ژیاوە و تەنها تەوحید سودی پێگەیاندووە .

ـ القرطبي ئەڵێت : لە هەنێک ڕێگاوە فەرموودەکە بەو شێوە هاتووە " لم یعمل خیرا الا التوحید " ، وە کاتێک الله تعالى پێی ئەفەرموێت : بۆچی ئەم کارەت کرد ؟ ئەڵێت : من خشیتک یارب ، جا خەشیە و ترس ڕوونادات ئیلا لە کەسێکی ئیمانداری ڕاستگۆ نەبێت هەروەک الله تعالى ئەفەرموێت : [إِنَّمَا يَخْشَى اللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ الْعُلَمَاءُ ۗ] فَاطِر (٢٨) بەراستی لە بەندەکانی الله تعالى ، هەر زاناکانن لە الله تعالى ئەترسن و سەری نەوازشی بۆ دائەنوێنن، چونکە هەر ئەوان ئەزانن ئەو زاتەیە چ خاوەن دەسەڵاتێکە .

ئیبن عەباس ـ رضي الله عنهما ـ ئەڵێ: زانای خواناس: ئەو کەسەیە کە هیچ شتێ نەکا بە هاوبەش بۆ الله تعالى ، حەڵاڵی ئەو بە حەڵاڵ بزانێ و،

حەرامیشی بەحەرام دانێ، وەسیەت و سپاردەکانیشی بپارێزێ و چاوەڕوانی هاتنی رۆژی دوایی و دیداری ئەو بێ و خۆی بۆ ئامادە بکات.

سەعیدی کوڕی جوبەیریش ـ رضي الله عنه ـ ئەڵێت:

زانا هەر ئەو کەسەیە کە بە نهێنی لە اللە تعالی بترسێ و، ڕوو لە هەر شتێ وەرگێڕێ، کە اللە تعالی ڕووی لێ وەرگێڕاوە.

ئیبن مەسعودیش ـ رضي الله عنه ـ ئەڵێت :

زۆریی زانست بە قسەی زۆرو بۆر نییە، بەڵکو زانست: هەر لە اللە ترساندنە بە زۆریی.

(مالیک) ئەڵێ: زانیاریی بە (ڕیوایەتی) زۆر نییە، بەڵکو نوور و ڕووناکییەکە، اللە تعالی خۆی ئەیخاتە دڵەوە .

ـ ابن عبدالبر ئەڵێت : ڕیوایەت کراوە لە فەرموودەی أبي رافع لە ابو هریرەوە لەو فەرموودەیە کە ئەفەرموویێت : " لم یعمل خیراً الا التوحید " ئەگەر ئەم لەفزە صەحیح بێت هیچ ئیشکال و کێشە ناهێڵێت لەسەر ئیمانی ئەو پیاوە ، ئەگەر صەحیح نەبێت لە ڕووی نەقلەوە ئەوە صەحیحە لە ڕووی ماناوە ، چونکە ئەگەر وا نەبێت ئەوە پێچەوانەی هەموو ئوصوڵ و بنچینەکانە ، چونکە مەحاڵە و جائیز نیە و اللە تعالی لەو کەسانە خۆش نابێت کە مردوون بە کافری .

ـ شێخ عبداللطيف بن عبدالرحمن ئەڵێت : ثابت بووه له ڕێگای ابي كامل ئەویش له حماد بن ثابت ئەویش له ابي رافع ئەویش له ابو هریره كه ئەڵێت : " لم يعمل خيراً الا التوحيد " ئەو پیاوه موەحید بووه و له ئەهلی شیرک نەبووه بەمەش بابەتی نیزاع و ناكۆكی به طاڵ ئەبێتەوه لەسەر ئەم پیاوه .

لەوەڵامی ئەم تەئویلەش ئەڵێین/ بەڵێ ئەم پیاوه شیرك و كوفری گەورەی لەسەر نەچەسپاوه ، چونكه مەعلومه خوای گەوره لەشیرك و كوفر خۆش نابێت، وهیچ كەسێك ناچێته بەهەشتەوه ئەگەر موسڵمان نەبێت، وه الله تعالى لەم پیاوه موسڵمانه خۆشبوو بەهۆی نەزانیەكەی و ترسانەكەی، بۆیه بەڵگه ناهێنرێتەوه بەم حەدیسه بەوەی ئەم پیاوه ئایا موشریك بووه یان نا ؟ بەڵكو بەڵگه بەم حەدیسه دەهێنرێتەوه بەوەی ئەم پیاوه ئینكاری شتێكی زاهیری كردوه بەجەهل، ئەمەش بەڵگەیه لەسەر ئەوەی هەر موسڵمانێك بكەوێته ناو شتێكی زاهیر، جا شیرك بێت یان كوفر مادام بەنەزانی بووه، ئەوا كافر نابێت، والله اعلم.

پاشان دەڵێت: ↓↓

4 ـ مەذهەبی چوارەم :

ئەڵێن ئەو پیاوە کە ئەو کارەی کردووە لەحالەتی بێ هۆشی و ترسێکی زۆربووە ئاگای لە خۆی نەبووە ، ئەوەی باسی ئەو مەذهەبەی کردووە ئیمامی نەوەویە کە ئەیگێڕێتەوە لە طائیفە و کۆمەڵێک لە زانایان ، ئەڵێت : کۆمەڵێک لە زانایان ئەڵێن : لە فزی فەرموودەکە لە سەر زاهیرەکەیەتی بەڵام ئەو پیاوە لە حالەتی طەبیعی نەبووە و قسەکانی زەبت و ڕەبتی نەبووە ، وە مەبەست و قەصدی ئەو کارە نەبووە و وە ئیعتیقاد و بیر و باوەڕیشی پێی نەبووە بەو کارە ، بەڵکو لە حالەتێک بووە کە ترس و تۆقینێکی زۆر بەسەریدا زاڵ بووە بەهۆیەوەشەوە هۆش و زەینی لای خۆی نەبووە و ڕۆیشتووە و وە نەیزانیوە چی ووتوە ، بەمەش وەک کەسێکی غافل و کەسی شت لەبیرچووەوەی لێهاتووە ، ئەو حالەتەش لێی ناگیرێت ، ئەمە نمونەی وەک ئەو کەسە وایە کە خۆشی و شادی زۆر بەسەریدا زاڵ بوو کاتێک ئاژەڵە بارهەڵگرەکەی دۆزیەوە ووتی : " انت عبدي وانا ربک " تۆ عەبدی منی و منیش خوای تۆم بەمە تەکفیر نەکرا چونکە فەرەح و خۆشی زۆر بەسەریدا زاڵ بوو هەڵەی کرد لە دەربڕینەکەی .

ـ شێخ عبدالله‌ی کوڕی شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب پشتی به‌م مه‌ذهه‌به به‌ستووه و به ڕاجحی زانیووه ، ئه‌ڵێت شێخی ئیسلام ابن ته‌یمیه‌ش بۆ ئه‌م قه‌ول و مه‌ذهه‌به چووه ، کاتێک ئه‌ڵێت : [ئه‌و پیاوه ئیمانداربووه و ئیمانی به الله تعالى هێناوه له جومله‌یه‌کدا ، وه ئیمانیشی به ڕۆژی دوای هه‌بووه له جومله‌یه‌کی تردا ، که الله تعالى ڕایئه‌گرێت و سزای ئه‌یات پاش مردنی ، ئائه‌وه کرده‌وه و عه‌مه‌لی صالحه ، وه ترسی له‌وه هه‌بووه الله تعالى سزای ئه‌یات له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی که کرده‌وه‌ی چاکی نه‌بووه ، الله تعالى لێی خۆش بوو به‌وه‌ی که ئیمانی به الله تعالى ڕۆژی دوای هه‌بوو ، به‌ڵام " أخطأ من شدة خوفه " هه‌ڵه‌ی کرد له توندی و به‌هێزی ئه‌و ترسه‌ی به‌سه‌ریدا زاڵ بوو هه‌روه‌ک ئه‌و پیاوه‌ی بارهه‌ڵگره‌که‌ی به باره‌وه دۆزیه‌وه پاش ئه‌وه‌ی لێی بێ ئومێد بوو ئه‌ویش ووتی :" انت عبدي وانا ربک " له‌جیاتی بڵێ : " انت ربي وانا عبدک " هه‌ڵه‌ی کرد " اخطأ من شدة فرحه " هه‌ڵه‌ی کرد له توندی و به‌هێزی دڵ خۆشیه‌که‌ی]

ئه‌و مه‌ذهه‌به راجحتر و نزیکترین مه‌ذهه‌به له ته‌وجیهی فه‌رموده‌که . حافظ ابن حجر ئه‌ڵێت : له هه‌ره ووته ئاشکرا و ڕوونه‌کان ئه‌وه‌یه که ئه‌و پیاوه له حاله‌تی بێ هۆشی و بێ ئاگایی و زاڵ بوونی ترس و تۆقین بووه حه‌تا عه‌قڵی له ده‌ست یاوه ، کاتێک ئه‌ڵێن : ئه‌و پیاوه قه‌صد و مه‌به‌ستی حه‌قیقه‌ت و مانای ئه‌و کاره نه‌بووه به‌ڵکو له حاله‌تی غه‌فڵه‌ت و له

بیرچوونەوەدا بووە ، لەو حالەتەش لێی ناگیرێت لەو شتانەی لێوەی دەرئەچن .

↓↓↓

وەڵامی ئەم تەئویلەش ئەوەیە ئەڵێین / ئەم تەئویلە هیچ سەندێکی نیە، وە هیچ قەرینەیەکیش نیە لە مەتنی حەدیسەکە پاڵپشتی بکات بەڵکو لەمەتنی حەدیسەکە بەڵگەی ڕەتکردنەوەی ئەم تەئویلەی تیایە کە دەڵێت " فغفرالله له" خوا لێی خۆشبوو, لێ خۆشبونی خواش بۆ کەسێکە کە عاقڵ بێت خاوەن مەبەست بێت و بەهەڵبژاردنی خۆی کارەکەی کردبێت نەوەك کەسێك کە تەکلیفی لەسەر هەڵگیرابێت، پاشان کابرا کە وەڵامی خوای گەورە ئەداتەوە و بیانوو دێنێتەوە دەڵێت "خشيتك " لەبەر ترسانم لەتۆ ئاوام کرد، نااڵێت " ذهلت ولم أدري ما أقول" نااڵێت نەمزانی و ئاگام لەخۆم نەبوو کە ئاوام کرد، بۆیە ئەگەر کابرا ئاگای لەخۆی نەبوایە یان لەحاڵی بێ هۆشی بوایە، ئەوا منااڵەکانی دەیانزانی نەدەچوون وەسێتەکەی جێ بەجێ بکەن.

پاشان راشد عولا بەمەبەست قەولێکی عبدالله‌ی کوری محمد بن عبدالوهاب دێنێ کە بەو شێوەیە نیە و خەڵکی چەواشەدەکات چونکە شێخ عبدالله تەئویلی زانایانی باسکردوە نەک قسەی خۆی ، پاشان دوای شەش لاپەڕە لەهەمان سەرچاوە دێت بەوازحی قەولی خۆی باس دەکات دەڵێت له الدرر

السنية (10/ 239-240) :"إذا فعل الإنسان الذي يؤمن بالله ورسوله، ما يكون فعله كفرا، أو اعتقاده كفرا، جهلا منه بما بعث الله به رسوله صلى الله عليه وسلم، فهذا لا يكون عندنا كافرا، ولا نحكم عليه بالكفر حتى تقوم عليه الحجة الرسالية، التي يكفر من خالفها، فإذا قامت عليه الحجة، وبين له ما جاء به الرسول صلى الله عليه وسلم، وأصر على فعل ذلك بعد قيام الحجة عليه، فهذا هو الذي يكفر، وذلك لأن الكفر: إما يكون بمخالفة كتاب الله وسنة رسوله صلى الله عليه وسلم وهذا مجمع عليه بين العلماء في الجملة، واستدلوا بقوله تعالى: (وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّى نَبْعَثَ رَسُولاً)، وبقوله: (وَسِيقَ الَّذِينَ كَفَرُوا إِلَى جَهَنَّمَ زُمَراً) إلى قوله: (بَلَى وَلَكِنْ حَقَّتْ كَلِمَةُ الْعَذَابِ عَلَى الْكَافِرِينَ).

واستدلوا أيضا: بما ثبت في الصحيحين والسنن،

واتە : ئینسان ئەگەر ئیمانی بەخواو پێغەمبەربێت و کارێك بکات کوفر بێت یان بیروباوەڕێکی کوفری هەبێت بەڵام نەزان بێت بەدین نەزانێ کە ئەوە کوفرە لەئیسلامدا ئەم کەسە لای ئێمە کافر نابێت، و حوکمی کوفری لەسەر نادەین تاکو ئیقامەی حوجەی لەسەر نەکرێت، بەڵام ئەگەر دوای ئیقامە حوجە هەر سووربوو لەسەر کوفرەکەی ئەوکاتە کافر ئەبێت، ئەمەش بەشێوەیەکی گشتی ئیجماعی لەسەرە لەنێوان زانایان بەڵگەشیان بەم ئایەتانە هێناوەتەوە (وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّى نَبْعَثَ رَسُولاً)، وبقوله: (وَسِيقَ الَّذِينَ كَفَرُوا

إِلَى جَهَنَّمَ زُمَراً) إلى قوله: (بَلَى وَلَكِنْ حَقَّتْ كَلِمَةُ الْعَذَابِ عَلَى الْكَافِرِينَ). هەروەها بەڵگەشیان بەفەرموودەی ئەو پیاوەش هێناوەتەوە کەوەسێتی کرد بیسوتێنن کاتێ کەمرد. "

پاشان ئەبو عولا کەشێرکۆ لەوەوە نەقڵی دەکات دەڵێ ابن تەیمیە قەولێ تری هەیە کەلەڕاستیدا وانیە ئەو قەولە دراوەتە پاڵی لە کتێبی مجموع الرسائل والمسائل (ج1/الجزء 3 ص 2-3) ئەم قەولە هی ابن تەیمیە نیە بەڵکو أبي الحسن بن عوڕوە وەرگرتوە بەکورتکراوەیی لە مەسائیلی گەیلانیەوە کورتی کردۆتەوە ، زیادکردنی کردوە لە ئەلفازەکانی و باسی خطأی هیناوە کە ئەو قسانە هیچیان نیە لە مسائیلی "الکیلانیة" بروانە : (الکیلانیة له مجموع الفتاوی 12/491) پاشان هەر لەسەرەتاوە سەلماندمان و خستمانە ڕوو کە ابن تەیمیە چەندین قەولی هەیە و لەچەندین شوێن جێگیری کردوە کە ئەو پیاوە شەکی هەبووە لەقودرەتی خوا نەك هەر ئەوەنە بەڵکو ڕەدی هەموو تەئویلەکانیانی داوەتەوە.

بۆ زانیاری وردتر لەم بارەیەوە بڕوانە کتێبی کشف الالتباس عن مسألـة العذر بالجهل في الشرك لاپەڕە (485 -488) هەروەها کتێبی إشکالیة الإعذار بالجهل في البحث العقدي لاپەڕە 89 تا 96.

پاشان دەڵێت : ↓↓

5 ـ مەذهەبی پێنجەم :

ئەڵێن ئەو پیاوە قودرەتی بۆ اللە تعالی ثابت کردووە بەڵام وای بینیوەکە ئەمە تایبەتە بە " الموجودات " بۆیە فەرمان ئەکات بیسوتێنن و خۆڵەمێشەکەی بەهەوادا بڵاوبکەنەوە تاکو ببێتە شتێکی نەبوو ، ئەوە شەکە لە جوزئێک لە جوزئیاتی قودرەت ، ئەوەش بابەتێکی خەفی و شاراوەیە و ئینکاری عمومی قودرەتی نەکردووە ، ئەو پیاوە یەقینی هەبووە کە اللە تعالی قودرەتی تەواوی هەیە بەڵام ئەوە لە " الممکنات" بووە نەک لە " الممتنعات " ، چونکە " الممتنعات " لە خاریج و دەرەوەی نیطاقی قودرەتە ، ئەوەش نازانرێت ئیلا بە هۆی شەرعەوە نەبێت ، ابن الوزیر ئەڵێت :

ئەو جەهەلەی ئێرە لە ئەصل و بنچینەی قودرەت نیە بەڵکو " للمحال " ـە کە ئەو پیاوە گومان و ضەنی وابووە ، ئەم ووتەش لە ووتە زۆر بە هێزەکانە لە تەفسیری فەرموودەکە .

وەڵامی ئەم تەئویلەش ئەدەینەوە و دەڵێین/ زاهیری حەدیسەکە ئەوەیە کە ئینکاری قودرەتی خوای کردوە ئەمەش یەکێکە لەوشتانەی زۆرجار فیترەت و عەقڵ پەی پێ دەبات چونکە کە بوونی خوا لەفیترەت و عەقڵ جێگیربێت ئەی چۆن قودرەتی خوا جێگیرنابێت چۆن باوەڕ ئەکرێت بەبونی خوایەک

که توانای نەبێت، کەواتە باوەڕبوون بەتوانای خوا لە دیارترینی بابەتەکانە هیچ شاراوەییەکی تێدا دروست نابێت، پاشان سیفەتی توانای خوا لەهەموو دینەکان چەسپاوە و مەعلومیشە ئەو پیاوە موسڵمان بوە و خاوەن دین بووە، ئیتر چۆن ڕێی تێ ئەچێت بوترێت خەفیە ئەم تەئویلە زۆر باتڵە.

هەربۆیە فەرموودەکە عامە و هیچ تەخصیص کردنێکی تێدانیە، خوای پەروەردگار لێی خۆشبوو چونکە جاهیل بووە بەڵام ترسێکی زۆری هەبوو لەخوا .

لێرەشدا بەکورتی کۆتاییمان هێنا بەوەڵامدانەوەی هەموو چەواشەکاری و نەزانیەکانی شێرکۆ بیارە و ئیفلاسبوونی خۆی لەهەموو ڕوەکانەوە دەرخست و ئاشکرابوو چۆن کەوتۆتە گەڕان و سوڕان بەدوای کتێب و ووتەکانی غولاتەکان و ئەهلی بیدەع فی سبیل ئەوەی مەزهەبە بۆگەنە خاریجیەکەی سەربخات ئەگەر بێت لەحیسابی هەزار دینی خوا بێت گرنگ ئەوەیە دەربیخات عیلمی هەیە و شتێکی پێیە ئەتوانێ شت بنوسێت ئیتر چی دەبێت و چی نابێت کێشەی ئەو نیە.

وصلى الله وسلم على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم

لەکۆتاییدا

خولّاصەی تویّژینەوەکەمان لەم کتێبە سەبارەت بەعوذر بەجەهل:

1-عوذر بەجەهل لەهەموو بابەتەکانی دین ڕێی تێدەچێت لەهەر شتێك کە نەزانی ڕووی تێ بکات.

2-جیاوازی نیە لەنێوان بابەتەکانی ئوسوڵ و فروع و لەنێوان ئاشکرا و شاراوە بۆ وەرگیرانی عوذر بەجەهل، ئەو جیاوازی کردنە لە ئوسوڵی مەنهەجی موعتەزیلەوە سەرچاوەی لّداوە و دزەی کردۆتەوە ناو کتێبەکانی ئەهلی سوونە، بۆیە جیاوازی کردن لەنێوان ئوسوڵ و فروعی دین بۆ بیناکردنی ئەحکامەکان جیاوازیەکی بیدعیە لەسێ سەدە زێڕینەکە و دوای ئەوانیش نەبووە.

3-بابەتە ئاشکرا و شاراوەکان بەپێی ڕووی بەڵگەکان نیە بەتەنها بەڵکو بەپێی ئاشکرا و دیاربونیانە لەناو خەڵکی و لەکات و لەشوێنەکان، هەر بابەتێ لەشوێنێ ئاشکرا و دیاربێت حکوکمەکەی ئەگەرچی لەبەڵگەکەی شاراوە و خەفی بێت ئەوا ئاشکرا و ظاهیر لەقەڵەم ئەدرێت.

4-تەکفیری موتڵەق لەقورئان و سونەت و ئیجماع و وتەی سەلەف و وتەی زانایان مانای تەکفیری موعەین ناگەیەنێت تەنها کاتێك نەبێت ئەو موعەینە مەرجەکانی تەکفیرکردنی لەسەر جێ بەجێ بوبێت و ڕێگریەکانیشی

لەسەر نەمابێت. چونکە تەکفیر لە خانەی وعید و هەڕەشەکان هەژمار ئەکرێت.

5-زانایانی پێشوو المتقدمین خیلافیان نەبووە لەسەر بوونی عوذر بەجەهل بەڵکو خیلاف لەسەر بوونی عوذر بەجەهل لە زانایانی پاشین المتأخرین سەریهەڵداوە بەهۆی کاریگەربونیان بەمەنهەجی ئیعتیزال و متکلمین.

6-عوذر بەجەهل و تەئویل و هەڵە و ئیکراە لە ڕەحمەتی خوای گەورە و میهرەبانە بۆ ئەم ئومەتە و لە فراوانی لێبوردەیی و سەماحەتی ئیسلام و پێغەمبەرە صلی الله علیه وسلم بۆ خەڵکی، وە لەسروشتی دینی خوایە و داخوازی سیفەتی عەدل و ڕەحمەت و حیکمەتی خوای گەورەیە.

7-عوذر بەجەهل بۆ کەسێك نیە لە دونیا کە داخلی ئیسلام نەبوبێت ئەگەرچی بانگەوازی ئیسلامیشی پێ نەگەیشتبێت ئەوا وەکو کافر مامەڵەی لەگەڵ ئەکرێت و ئەحکامی کافران لەسەری پەیڕەو ئەکرێت ناوی کوفری لەسەر دەچەسێت بەڵام پێش دەعوە حوکمی سزا و کوشتنی لەسەر ناچەسپێت لەدونیا.

8-عوذر بەجەهل و تەئویل و هەڵە بۆ هیچ کەسێکی موسڵمان نیە شوێن غەیری ئیسلام بکەوێت لە سیاسەت و حوکمڕانی و مەنهەجی ژیان وەکو

شوێنکەوتنی عەلمانیەت و دیموکراسی و قانون و یاسا و دەستووری غەیری ئیسلام،چونکە ئەم جۆرە کارانە نەزانی تیایدا رونادات.

9-عوذر بەجەهل و تەئویل و هەڵە بۆ هیچ کەسێکی موسڵمان نیە ڕەخنە بگرێت لە ئیسلام و سوکایەتی پێ بکات و دژایەتی ئیسلام بکات بە قەول یان بەعەمەل چونکە لەم جۆرە کارو گوفتارانە نەزانین رونادات.

10- عوذر بەجەهل و تەئویل نیە بۆ هیچ کەسێك جنێو بدات بەخوا و پێغەمبەر و ئیسلام چونکە نەزانین لەمەدا رونادات.

11- عوذر بەجەهل پەیوەست نیە بەکەسێك کە لەداری کوفربێت یان تازە موسڵمان بوبێت ئەم جۆرە پەیوەست کردنە لەسەر قەولی صەحیح هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نیە و تەنها بۆچوونی زانایانە، بەبەڵگەی ئەوەی قودامەی کوڕی مضعون و هاوەڵەکانی لەداری ئیسلام بون خواردنەوەی عارەقیان حەڵاڵ کردبوو کەچی عوذریشیان پێدرا یان هەموو ئەو روداوانەی لەسەردەمی پێغەمبەرصلی الله علیه وسلم رویاندابوو کەوا پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بیانووی نەزان بون و تەئویلی پێ ئەدان لەهیچ کاتێکدا ئەو جۆرە تەفصیل و دابەشکردنەی نەفەرمووە کە داخوازی وتنی هەبووە لەو کاتانە، یان کەسێك لەشوێنێ بێت کە ئەهلی عیلم و زانایانی لێ بێت بەڵام پرسیاری نەکردبێت توشی کوفرو شیرك ببێت بوترێت عوذری نیە ئەم پەیوەست کردنەش هیچ بەڵگەیەکی

صەحیح و صەڕیحی لەسەر نیە ئەگەرچی کەسەکە تاوانبارە بەڵام بۆ تەکفیرکردنی جێگای سەرنجە و لەتەقوای خوادا نیە تەکفیربکرێت.

12- کە ئەوترێت عوذر بەجەهل هەیە مانای ئەوە نیە خەڵکی پاڵی لێ بدەنەوە بۆخۆیان عوزریان هەیە نەخێر ئەوەی پاڵی لێ بداتەوە و خۆی فێر نەکات کە عیلم هەبێت عوذری نیە، بەڵکو کەسێ عوذری هەیە کە هەوڵ ئەدات بەڵام هەر ئەوەنە فێربووە، یان هەوڵی داوە زانایانی گومڕاکەر سەریان لێ شێواندوە، ئێمە باسی ئەم جۆرە کەسە موسڵمانانە ئەکەین کە عوذریان هەیە.

13- سەرجەم زانایانی ئەهلی سوونە لەسەلەف و لەتابیعین جیاوازیان کردوە لەنێوان ئەو حوکمانەی سەبارەت بەکافرانی ئەصڵی دابەزیوە لەگەڵ ئەو حوکمانەی تایبەتن بەموسڵمانان هەروەکو سەرزەنشتی خەواریجیان ئەکرد و ئەیانوت خەوارج چوون ئەو ئایەتانەی بۆ کافران دابەزیوو بەسەر موسڵمانانیان دەسەپاند،

"وَكَانَ ابْنُ عُمَرَ يَرَاهُمْ شِرَارَ خَلْقِ اللَّهِ ، وَقَالَ : إِنَّهُمُ انْطَلَقُوا إِلَى آيَاتٍ نَزَلَتْ فِي الْكُفَّارِ ، فَجَعَلُوهَا عَلَى الْمُؤْمِنِينَ " انتهى من " فتح الباري (12 / 282) "

عەبدوڵای کوڕی عومەر خەوارجی بەخراپترینی خەڵکی خوا دەزانی، دەیفەرموو : خەواریجەکان ئەو ئایەتانەی دابەزیوو سەبارەت بەکافران ئەوان دایان ئەبەزاندە سەر بڕوادارانِ. ئەمەش مانای ئەوە نیە دەقەکانی قورئان

گشتی نەبن و تایبەت بن بەکافرانی پێشوو بەڵکو مانای وایە ئەو دەقانەی سەبارەت بەکافرانی ئەصڵی دابەزیوە هەموو کافرانی ئەصڵی ئەگرێتەوە تا ڕۆژی قیامەت وە موسڵمانیش ئەگرێتەوە کاتێك کوفر و شیرکێك ئەنجام ئەدات بەو مەرجەی مەرجەکانی کافربوونی لەسەر بەجێ هاتبێت و ڕێگریەکانی کافربونیشی لەسەر نەمابێت ئەوکاتە ئەمیش ئەگرێتەوە .

لەکۆتاییدا ئەڵێم ئەوەی نوسیومە و صەوابە و حەقە ئەوە لەلایەن خوا و پێغەمبەرەکەیەوەیە، ئەوەشی نەمپێکاوە و هەڵەم کردوە ئەوە لەلایەن خودی خۆمەوەیە و لەشەیتانەوەیە، خوا و پێغەمبەر و دینەکەی لێی بەریە، خوای گەورە و میهرەبان ڕێنمایی هەمومان بکات بۆحەق ئامین.

آخر دعوانا أن الحمدلله رب العالمين

باسی سێیەم

دانانی سەرچاوە و وانە و کتێبەکان سەبارەت بەعوذر بەجەهل

[العذر بالجهل للشيخ الصادق بن عبدالله الهاشمي]

" زنجيرە وانەيەکی شەرعی سەبارەت بەعوذر بەجەهل "

لەلايەن شێخی فەرموودەوان الشيخ صادق الهاشمي

الدرس الأول : العذر بالجهل في ميزان السلف



الدرس الثاني : العذر بالجهل في ميزان السلف

https://youtu.be/eqkL4jqw668

الدرس الثالث : العذر بالجهل في ميزان السلف




الكشف والقول الفصل في دحض شبهات عدم العذر بالجهل



هەر هەموو وانەکان لەم لینکەی خوارەوە گوێ بیست بن





چەندین کتێب و سەرچاوەی گرنگ سەبارەت بەجێگیربوونی عوذر بەجەهل لەم لینکەی خوارەوە لەپێو فایلی zip دانراوە دایبەزێنن

↓↓↓↓↓

https://top4top.io/downloadf-2687zir781-zip.html

یان لەم لینکەی تر

https://www.raed.net/file?id=215098


یان لەم لینکەی تر

https://www.up-00.com/wxxgk8zaqa20

یان لەم لینکەی تر

https://www.babup.com/do.php?id=16756

خاوەنی ئەم کتێبەی خوارەوە زیاتر لە 10ساڵ خەریکی لێکۆڵینەوە بوە دەربارەی مەسەلەی عذر بالجهل ئەوجا توانیوێتی ئەم کتێبە بنوسێت بە لێکۆڵینەوەیەکی وردی زانستیانەو بەڵگەدار بیسەلمێنێ و یەکلای بکاتەوە بتگەیەنێت بەیەقین دەربارەی ئایا عوزر هەیە بەنەزانی لەشیرکی گەورە پێش ئیقامەی حوجە هەروەها مەزهەبی شێخی ئیسلام ابن تەیمیە و شێخ محمد بن عبدالوهاب دەخاتەڕوو و تەحقیقی وتەکانیان ئەکات لەگەڵ ووتەی زانایانی دەعوەی نەجدی وە هەرکەسێك کتێبەکەی ویست ئەوا لە کتێبخانەی صلاح الدین دەست ئەکەوێت لەهەولێر، هەروەها ئەتوانن لەم لینکەی خوارەوە بەشێوەی pdf دایبگرن


الوجيز المؤثر
الإبداع العلمي
رياض الفضلاء
كشف الالتباس
عن مسألة العذر بالجهل في الشرك
ولد الحاج محمد الإفريقي

هەروەها بابەتێکی زۆر بسوود لەم لینکەی خوارەوە بۆم داناون بەناونیشانی شبهات الغلاة في التكفير حول العذر بالجهل، هی شێخ محمد بن عیسی الجزائري ه

ئەمەش کتێبێکی گرنگی ئەم بوارەیە کەدەیسەلمێنێ عوذر بەجەهل هەیە لەدنیا وقیامەت لەبابەتی ئوصول و فروعی دین

سَعة رحمة رب العالميــن

للجهال المخالفين للشريعة من المسلمين

وبيان عموم العذر في الدارين لأصول وفروع الدين

مع ذكر الأدلة واتفاق جمهور الأئمة من الأولين والمتأخرين والرد على شبهات الخالف المخالف

مع بيان جهله وتلبيسه

كتبها


السيد بن سعد الدين الغباشي

أقره وأذن بطبعه


سماحة الشيخ عبد العزيز بن باز

مفتي الديار السعودية

کتێبێکی تر بۆ هەڵەوەشانەوەی تەواوی درۆ دزیەکانی کتێبی عارض الجهل


نقد كتاب
ضوابط تكفير المعين
عند شيخي الإسلام: ابن تيمية ومحمد بن عبد الوهاب
وعلماء الدعوة الإصلاحية
لمؤلفه:
أبي العلا راشد أبو العلا الراشد
تأليف
أبي بكر رعد عبد العزيز النعيمي البغدادي


هەروەها زانایەکی تری پێشەوایانی عیلم و جیهاد کۆڵەکەی شۆڕش و جیهاد لەسەدەی هاوچەرخ شێخی دکتۆر عەبدوڵا عەزام بوو کەئەویش وەك زۆرینەی زۆری زانایان باوەری بەجەهل هەبوو لەشیرکی ئەکبەر پێش ئوقامە حوججە




ئەمەش نامیلەکەیە زۆر نایاب و بەهێزە بۆ ڕەدانەوەی حازمیەکان کەدەڵێن ناوی شیرك دەچەسپێت پێش هاتنی ریسالە بۆ موسڵمانێك کاتێ بکەوێتە شیرکەوە لەو لینکەی خوارەوە داییەزێنن↓↓↓↓

وهذا رابط كتاب مفيد في الباب لعبد الله التواتي رد فيه على الحازمي هداه الله بعنوان:


نقلة في الاشتقاق:




ئەم کتێبەش کتێبێکی زۆر بەقوەت یەکلاکەرەوەیە کە دەیسەلمێنێ بەسەدان بەڵگەوە کە عوذر بەجەهل هەیە لەشیرکی گەورە پێش ئیقامەی حوجە لەم لینکەی خوارەوە داییەزێنن


TAKWEEN
للدراسات والأبحاث
إشكالية الإعذار بالجهل
في البحث العقدي
الاتجاهات، البنية الاستدلالية، الأصول المنهجية
د. سلطان بن عبدالرحمن العميري

یەکێ تر لەو کتێبە گرنگانەی ئەم بابەتە


العذر بالجهل
أصوله و مسائله
تأليف
أبي البشر توفيق بن زين الدين التركماني
عفا الله عنه وعن والديه
تقريظ
الشيخ أبي محمد الحسن بن علي الكتاني
الشيخ أبي الفضل عمر بن مسعود الوزاني
ومعه إذن
الشيخ أبي أويس محمد الأمين بوخبزة
مؤسسة الرسالة ناشرون

وه ئەمەش کتێبێکی زۆر گرنگە لەبواری بونی عوذر بەجهل لەبابەتی عەقیدە و بیروباوەڕ لەم لینکەی خوارەوە دابیگرن



ئەمە کتێبەی وێنەکەیم بۆ داناون یەکێکە لەکتێبەگرنگەکانی شێخ ئەبو موسلیمی میسرِی کە ئەندامی لیژنەی بحوث والدراسات بوو، وە یەکێك بوو لەقاضی و زاناکانی موسڵمانان کە لەم کتێبەیدا ڕەدێکی توندی ریسالەی متممەی عەلی خضیر ئەداتەوە لەسەر مەسەلەی عوذر بەجەهل و بەتەحەداوە ئەیسلمێنێ کە عوذر بەجەهل لەشیرکی گەورە هەیە

فەرموو لەم لینکەی خوارەوە بیخوێنەوە

الرد على الرسالة المتممة وقضية العذر بالجهل

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على النبي العربي المبين – وبعد :–

* هذا بحث بعنوان الرد على (الرسالة المتممة لكلام أئمة الدعوة في مسألة الجهل في الشرك الأكبر – للشيخ علي الخضير)

مقدمة ضرورية – يجب قراءتها جيدا :–

* صراحة لا أدري من أين أبدأ الرد – فالكتاب يحتوي على أمور تستحق الرد والمناقشة – ويحتوي على أمور لا أدري كيف لطالب علم أن يستدل بها وهي ليست في محل النزاع أصلا – وكذا هناك بعض التخبطات في فهم الشيخ الخضير وتخبطات في بعض كلام من نقل عنهم الشيخ

* وهذه التخبطات لا يقال أنها من باب عدم فهم كلام هؤلاء الشيوخ – بل هم فعلا متخبطون فيها وجانبوا فيها الصواب – وبعضها لا تخرج من عامي جاهل فضلا عن أن يحتج بها طالب علم أو أحد المحسوبين على العلماء

* قبل البدأ في استعراض الكتاب ينبغي أن أمشي وفق ما قرره أهل العلم – وإن كنت أعلم بيقين أني لست منهم – لكن بهم نقتدي ومنهم نتعلم

* فأول ما يجب قوله قبل الكلام – هو تحرير محل النزاع بيني وبين ما في المتممة – فأنا لا أرد لمجرد المخالفة – ولست مخالفا للشيخ في كل كلامه ولا موافقا له في كل كلامه

* مسألتنا هي (هل إذا ارتكب أحد من المسلمين صورة من صور الشرك جهلا منه بأن هذه الصورة من الشرك الذي حرمه الله ورسوله – لا أنه يجهل حرمة الشرك بالله عز وجل – هل هذا يكون معذورا بجهله أم لا؟ – (معنى كلمة ارتكب – أي قال أو فعل)

– وتحت هذا العنوان أمور وملاحظات :–

* هذه المسألة هي نفس المسألة التي كتب الشيخ الخضير رسالته فيها – فقال في أول كتابه ما نصه (فهذه متممة لما كتبه أئمة الدعوة السلفية النجدية في مسألة عدم العذر بالجهل في الشرك الأكبر – إلى أن قال – لخصت فيها هذه الكتب الثلاثة ، وأضفت ما قاله أهل العلم في هذه المسألة في أول الرسالة) راجع كلامه في صدر كتابه

* هذه المسألة ليست من مسائل أصول الدين ولا من عماده – وهي مسألة فرعية فقهية مبناها


#بەکتێب_لەسەر_شێوازیPDF

[مناقشةٌ وبيانٌ للاعتراضات الواردة على ورقَتَي: «العذر بالجهل» و «قيام الحجة»]

بەناونیشانی [مشتومڕکردنی و ڕونکردنەوەی ئەو ڕەخنانەی دەگیرێت دەربارەی عوذر بەجەهل و بەرپاکردنی حوجە]

لەنوسینی :ابراهيم بن محمد صديق ، توێژەر لەسەنتەری سەلەف بۆ توێژینەوە و دیراسات.

لەم لینکەی خوارەوە داییەزێنن گرتە لەسەر بازنە سوورەکە بکەن



أوراق علمية
(190)
مركز سلف للبحوث والدراسات
www.salafcenter.com
مناقشةٌ وبيانٌ للاعتراضات الواردة على ورقتي:
«العذر بالجهل» و «قيام الحجة»
إعداد
إبراهيم بن مُحَمَّد صِدِّيق
باحث بمركز سلف للبحوث والدراسات
مراجعة
د. محمد بن إبراهيم السعيدي
009665 565 412 942 جوال سلف
SALAFCENTER
salafcenter3@gmail.com
SALAFCENTER

#کتێب_لەسەر_شێوازی_PDF

بەناونیشانی [قضية العذر بالجهل الأسس والمفاهيم]

کتێبێکی تابڵێی گرنگ و بەسوود و بەهێزە لەبوارەکە وەڵامێکی دەمکوت مەهانە بڕە بۆ ئەوانەی بیانووی نەبونی عوذر بەجەهل لێرە و لەوێ گڕ ئەدەن

لەم لینکەی خوارەوە دایبگرن



قضية
العذر بالجهل
الأسس والمفاهيم
تأليف
بدران رياض السيد أحمد
العلياء

#کتێب_لەسەر_شێوازی_PDF

بەناونیشانی [العذر بالجهل والرد على بدعة التكفير]

لەنوسینی : زانای پایەبەرز ئەحمەد فەرید

لەم لینکەی خوارەوە دایبگرن




یەکێکی تر لەو زاناپایەبەرزانەی کۆنی جیهاد کە عومدە و

بنچینه بوو کتێبەکانی بۆ سەرکردەکانی جیهاد و ڕوحی عیلمی موجاهیدان کتێبەکانی سەید ئیمام شێخ عبدالقادر عبدالعزیز بەتاییەت کتێبی الجامع که لەم کتێبەدا لەباب ی شەشەم شێخ عبدالقادر باس لەبابەتی عذر بەجەهل ئەکات و باوەڕی وایە عوزر بەجەهل پێش ئیقامە حوجە لە شیرکی ئەکبەر هەیە لەم لینکەی خوارەوە ئەتوانن داونلۆدی بکەن

[قيام الحجة الرسالية وموانعها وضوابط العذر بالجهل البداية والنهاية]

نوسینی : شێخی دکتۆر أبي عبدالرحمن الكيال

لەم لینکەی خوارەوە داییەزێنن


تصحيح المعتقد ٢٨
قيام الحجة الرسالية وموانعها
وضوابط العذر بالجهل
البداية والنهاية
قيام الحجة الرسالية وموانعها وضوابط العذر بالجهل (البداية والنهاية)
مصنفه
فضيلة الشيخ الدكتور
أبو عبد الرحمن عيد بن أبي السعود الكمال
كلية الشريعة - جامعة الأزهر
الكمال للدراسات والبحوث الشرعية


#كتيّب_PDF

[العـــــذر بالجـــهل عنـــد الأكـــابر]

لەنـوسـینـــی: کـــریـم إمـــام

یەکێك لەباشترین و بەهێزترینی کتێبەکان کە عوذر بەجەهل جێگیر دەکات لەشیرکی گەورە پێش ئیقامەی حوجە لە ووتەکانی شێخی ئیسلام ابن تەیمیە و ابن القیم و زانایانی دەعوەی نەجدی هەموو گەورە زانایانی ئەهلی ئیسلام وەڵامی هەموو شوبهە و گومانەکانی ئەوانە ئەداتەوە کە پێچەوانەی ئەم ڕاستیەن، فەرموو ئەمەی خوارەوە لینکی

دابەزاندنی کتێبەکەیە بەشێوەی وێنەیی


العذر بالجهل
عند الأكابر
بقلم
كريم إمام
دار اللؤلؤة

[البرهان المحبوك في نقض اصول الأغلاط الواردة في الجواب المسبوك]
له نوسینی دکتۆری بەڕێز شێخ [سلطان بن عبد الرحمن العميري] كه تێیدا وەڵامی كۆمەڵێ ڕەخنەی كەسێک ئەداتەوە بەناوی [ابو سلمان الصومالی] لەسەر كتێبی (اشكالية العذر بالجهل في البحث العقدي) .
كتێبەكە (وەكو تەواوی كتێبەكانی تری شێخی عومەیری) یەكجار زۆر نایابو و ناوازەیە وە كۆمەڵێ یەكجار زۆر لە تەئصیلات و وردەكاری زانستی لەخۆ گرتوە سەبارەت بە باسی عوزر بەجەهل كە لەشوێنی ترا دەست ناكەوێت .
كە پێم وایە ئەگەر كەسی فێرخواز و تاڵبی عیلم ئەم دوو كتێبەی شێخی عومەیری بخوێنێتەوە ، ئەوە پێویستییکی وای نامێنێتەوە بە كتێبەكانی تر لەم بابەتە .
لەم لینكەی خوارەوە داییەزێنن

البرهان المحبوك

في نقض أصول الأغلاط الواردة في الجواب المسبوك


د. سلطان عبد الرحمن العميري

كتێب PDF #العذر_بالجهل

بەناونیشانی [الأصول التي ترجع إليها مسالة العذر بالجهل]

لەنوسینی : دکتۆر احمد نجار

لەم لینکەی خوارەوە دابەزێنن



الأصول التي يرجع إليها
مسألة العذر بالجهل
تأليف
د. أحمد بن محمد بن الصادق النجار
الناشر المتميز
للطباعة والنشر والتوزيع
المدينة المنورة

#كتاب PDF

(الأجوبة الوفية عن الأسئلة الزكية في إقرار العذر بالجهل والرد على أرباب التكفير)

تأليف : العلامة المصلح الشريف أبي محند الحسن بن علي الكتاني

لەم لینکەی خوارەوە خوێنەری کتێبـــەکە بن




کـتێبێکی زۆر گـرنگـه

بـەناونیـشانـی [قواعـد في بيان حقيقـــة الإيمان
[عـند أهل السـنة والجماعة]

که باس له موانیعی تەکفیر و بابەتەکانی کوفر و ڕێدە
و ئیمان دەکات زۆر بەجوانی لەگەڵ خستنەڕووی چەندین باس و خواسی هاوچەرخ.
لەنوسینی : دکتـۆر عـادل شێخانی

لەم لینکـــــەی خـــوارەوە دایـــبـەزێـنن


قواعد في بيان
حقيقة الإيمان
عند أهل السنة والجماعة
تأليف
عادل بن محمد بن علي الشيخاني
أضواء السلف

#کتێب

بەجاونیشـانی [المباحث في العذر بالجهل وإقامة الحجة]
لەنوسینی / ابی محمد الحسن بن علي الكتاني الحسني
لەم لینکەی خوارەوە داییەزێنن

#کتێب

بەجاونیشـانی [العذر بالجهل وقیام الحجة]

دانانی : عبدالمنعم مصطفى الحليمة




کتێبی جامع لەنوسینی زانای پایەرز شێخ عبدالقادر عبدالعزیز ، ئەم کتێبە کۆڵەکەی کتێبە عەقیدەیی و مەنهەجیەکانی سەدەی هاوچەرخە لەبواری عیلم و زانیاری و کوفڕ بەطاغوت و وەلاء و بەڕاء و ڕێنمایی مەنهەجی و پەروەردەبوون لەسەر عیلم و دینداری ڕاست و دروست وە مەنهەجێکی

بەردەوامی قیادیەکان و کۆمەڵە ئیسلامیەکان بووە، وە لەبابی شەشەمی ئەم کتێبە باس لە بوونی عوذر بەجەهل دەکات لەهەموو بابەتەکانی دین و پۆلێن و شیرکردنەوەیەکی جوانی بۆ دەکات دەتوانن لەم لینکەی خوارەوە کتێبەکە داببەزێنن

کتێبێکی زۆر بەهێز و ناوازە بۆ وەڵامدانەوەی هەموو چەواشەکارپەکانی خاوەنی کتێبی" عارض الجهل "

کتاب: وقفات مع عارض الجهل للشيخ الشبلي الصومالي




#كتاب" تحذير المؤمنين من تكفير المسلمين المتأولين "

"ئاگادارکردنەوەی بڕوادارانلەتەکفیرکردنی موسڵمانە خاوەن تەئویلەکان "

لەنوسینی : دکتۆر محمود محمد الشبلي

لەم لینکەی خوارەوە داییەزێنن



تحذير المؤمنين
من تكفير المسلمين المتأولين
تأليف
أبي عبد الباري الصومالي
محمود محمد الشبلي

كتێبێكى گرنگ دەربارەى مەنهەجى شێخ محمدى كورى عبدالوهاب سەبارەت بەبابەتى تەكفير


((منهج الإمام محمد بن عبد الوهاب في مسألة التكفير))

تحميل مباشر

رابط


سلسلة الرسائل الجامعية (٤٢)
منهج
الإمام محمد بن عبد الوهاب
في
مسألة التكفير
إشراف وتقديم
أ. د. ناصر بن عبد الكريم العقل
أستاذ التفسير بجامعة الإمام محمد بن سعود الإسلامية
إعداد
أحمد بن جزاع بن محمد الرضيمان
المشرف التربوي لمعاهد العلوم الشرعية بحائل
دار الفضيلة
الرياض - السعودية

" چەندین کتێبی و نوسراوی عەقیدەیی زۆر گرنگ بۆ ڕەتدانەوەی خەوارج و غولاتەکانی سەردەم "



کتێبی یەکەم [إجتثات جذور التكفير بامآل]

کتێبی دووەم [مقدمتان هامتان في العذر بالجهل]

كتێبی سێیەم [هل ابن القيم ينقل الاجماع على عدم العذر بالجهل]

كتێبی چوارەم [فلسفة العذر بالجهل عند أهل السنه والجماعه]

كتێبی پێنجەم [ظاهرة التوسع في التفسيق والتضليل]

كتيبي شه شه م [علماء الاسلام ومهلكة التكفير]

كتێبی حەوتەم [نقد نسبة تفريق بين المسائل الظاهره و الخفية الى ابن تيمية]

كتێبی هەشتەم [تحرير موقف ابن تيميه فى حكم الرافضه]

كتێبی نۆیەم [تحرير مذهب ابن عثيمين فى حكم المسغيثين بالقبور]

كتێبی دەیەم [تحرير مذهب ابن تيميه فى حكم المستغيثين بالقبور]

كتێبی یانزەیەم [رسالة إلى الذين ينسبون إلى ابن تيمية عدم العذر بالجهل والتأويل في المسائل الظاهرة

كتێبی دوانزەیەم [أهل القبله والمتأولون]

كتێبی سیانزەیەم [جؤنة المطيبين]

كتێبی چواردەیەم [سل السنان على الصومالى أبي السنان]

كتێبی پانزەیەم [العذر بالجهل لایساوی القول بمشروعیه الجهل]

كتێبی شانزەیەم [فرق بین القول الذي یعذر بالجهل وقول المرجئه]

كتێبی حەڤدەیەم [الرد علی من یقول الاصل فی المجتمعات الاسلامیه الكفر
]

كتێبی هەژدەیەم [الرد علی من یری كفر الشعوب المسلمة]

كتێبی نۆزدەیەم [الموقف البین من الجماعه التوقف والتبین]

كتێبی بیستەم [التوقف والتبين]

كتێبی بیست و یەكەم [تبصير الحائر ببطلان تكفير العاذر وحقيقة أصل